هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان - عێراق

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 40

سالی/ 2007 – بەرگی چل

چاپی یەکەم/ سالی 2007

له بڵاوکراوەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

ناوی کتێب: پرۆتۆکۆڵەکانی ساڵی(2007)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق
بەرگی: 40
چاپی یەکەم: 2007
تیراژ: 250
ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان:

# پێرست


پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (10) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/4/17 ل5

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (11) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/4/18 ل77

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (12) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/4/24 ل127

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (13) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/4/25 ل181

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (14) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/5/7 ل241

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (15) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/5/9 ل319

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (16) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/5/14 ل361

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (17) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/5/15 ل405

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (18) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2007/5/27 ل457

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (19) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/5/28 ل519

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (20) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/5/29 ل585



# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (10)**

**سێ شەممە رێکەوتی 17\4\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (10)

## سێ شەممە ڕێکەوتی 2007/4/17

کاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2007/4/17 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (10)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (10)ی خولی گرێدانی یەکەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق, بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1- میوانداری کردنی بەڕێزان وەزیری ( کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، وەزیری کارەبا).

2- خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پڕۆژەی یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای پارێزەرایەتی ژمارە(17)ی ساڵی 1999.

3- خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای دووەم هەموارکردنی یاسای سندوقی خانەنشینی پارێزەران ژمارە (18)ی ساڵی 1999.

4- خستنەڕوو گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای دەزگای گشتی بۆ کاروباری مین لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (10)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2007/4/17دا بەم شێوەیە بێت:

1- میوانداری کردنی بەڕێزان وەزیری ( کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، وەزیری کارەبا).

2- خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پڕۆژەی یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای پارێزەرایەتی ژمارە(17)ی ساڵی 1999.

3- خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای دووەم هەموارکردنی یاسای سندوقی خانەنشینی پارێزەران ژمارە (18)ی ساڵی 1999.

4- **خستنەڕوو گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای دەزگای گشتی بۆ کاروباری مین لە هەرێمی کوردستان.**

**سەرەتا بەخێرهاتنی گەرمی بەڕێزان ( خاتوو چنار) وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان، کاک وشیار سیوەیلی وەزیری کارەبا، کاک سەعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەین، زۆر بەخێر بێن سەرچاو، داوا لەهەردوو بەڕێز خاتوو چنار و کاک وشیار دەکەین یەکە یەکە، سەرەتا خاتوو چنار، بەپێی ئەوەی لەجەدوەلەکەمان نووسراوە بابێت بۆ پێشکەش کردنی بابەتەکەی.**

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/ وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**سەرەتا زۆر سوپاسی، بەڕێزان سەرۆکایەتی پەرلەمان و هەموو ئەندامان دەکەین، بۆ ئەو دەرفەتەی کە بۆ وەزارەتەکەی ئێمەیان رەخساند، بۆ ئەوەی بێین لەگەڵ ئێوە باس لەو چالاکیانە بکەین، کەلەماوەی کورتی وەزارەتەکەمان ئەنجاممان داوە، ئەمە زیاتر لەپێناوی ئەوەیە کە خەڵکی خۆمان ئاگاداربکەینەوە، تا چەند ئێمە چالاکیمان کردووەو، چەندیش بەرنامەمان لەبەردەستدایە، ئەوەی ئەمڕۆ من دەمەوێت لەبەردەم بەڕێزتان باسی بکەم، هەوڵ بدەم بەکورتی باسی بکەم، یەکێکیان ڕاپۆرتی چالاکییەکانی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانە، لە** 2006/5/7 **تاکو** 12/31 **هی دووەمیان پلانی ساڵی** 2007**ی وەزارەتەکەمانە کەلە** 2007/1/1 **داڕێژراوە، واتە بۆ ساڵی** 2007 **لەناو پلانەکەدا زۆر وردەکاری تێدایە، هەر بەرێزێك ویستی بۆ ئەوەی ئیتلاع بکات لەوردەکارییەکان، داوا لە ئێمە بکات چ وەك وزارەت، یان لەسەرۆکایەتی پەرلەمان، ئێمە نوسخەمان هێناوە، دەتان دەینێ بۆ گەڕانەوە بۆ وردەکارییەکان، سەرەتا بە ڕاپۆرتی چالاکییەکانی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە سەرەتای دامەزراندنی تا کۆتایی ساڵی** 2006 **ئێمە کارەکانمان بۆ ئەوەی زیاتر وازح ترو رونتر بێت، دابەشمان کردووە بەسەر ئەو بەش وبەڕێوەبەرایەتیانەی کە لە هەیکەلی وەزارەتەکەمان پێکهاتووە:**

1-**لەبواری یاسایی.**

**ئەو کارانەی کەلەو ماوەیەدا ئەنجاممان داوە:**

**أ- داڕشتنەوەی یاسای وەزارەت.**

**ب- دانانی هەیکەلی ئیداری وەزارەت.**

**ج- یەکخستنی رێنمایی وبنەماکانی( یاسای ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان) ئەمەش دوای سازدانی کۆنفرانسێك و وۆرك شۆپێك لەسەر ئەم بابەتە. ئەمە لەسەر ئەو پرۆژە یاساییەی کەلەسەر کەسوکاری شەهیدان وئەنفالکراوەکان دامەزراوە، ئێستا لەپەرلەمانی کوردستانە، چەند بڕگەیەکی موناقەشەکرا، بەڵام کەمێکی ماوە، هەر ئەوەش بووە سەبەب لەبەردەم ئەوەی ئێمە هەنگاو بهاوین، لەبەر ئەوە بەداخەوە تاکو ئێستا، یاساو بنەمایەکی دروست نەبووە، بۆ ئەوەی پێناسەی شەهید بکات، تەصنیفی**

**بكات، هەروەها مقیاس ومەعایرێك دابنێت، بۆ دیاری كردنی كەسەكان، وارس و ئەو ئیمتیازاتانە، بۆیە ئەو پرۆژەیە، چارەسەری ئەو كێشەیە دەكات، پێداچوونەوەش بەمووچەكانی ئەوان، لەو پرۆژەیەدا دەكرێت.**

**د- داڕشتنی یاسای سندوقی هاریكاری ویارمەتی خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالكراوەكان، ئەمەش بەمەبەستی ئەوەی كە خەڵك تەشجیع بكەین، ئەو زەختە تەنها لەسەر حكومەتی هەرێمی كوردستان نەبێت، لەرووی مالی ئێمە دەبێ هانی دەوڵەمەندی كوردستان بدەین، هانی هەموو خەڵكی كوردستان بدەین، كەدەبێ بەشداربن، جا بەرێژەیەكی كەم یان زۆر بەشداربن لە ئاوەدانكردنەوەی كوردستان، بەتایبەتی بەشداربن لە یارمەتی كەسوكاری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان و ئامادەكردنی یاسای پرۆژەكە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەمەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی و برِیاردان، هیواداریین بێتە ئێرە بۆ ئەوەی سندوقێك دابنێین، سندوقێكی خەیری ئەو كاتەی ئەوەی بتوانێت، لە ئیمكانیەتیدا بێت، هاوكاری بكات لەوبوارەدا.**

**هـ- ئامادەكردنی پرۆژەی یاسای قەرەبووكردنەوە. ئەو رۆژانە زۆر دەبیستین لەسەر ئەو مەسەلەیە، پرۆژە یاسایەكەمان ئامادەیە، سوپاس بۆكاك كەریم بحری لە لیژنەی یاسایی، لە پەرلەمان، كە هەوڵی داوە مولاحەزاتی خۆی بدات، وە برادەرانی دی لە لیژنەی یاسایی، ئەم پرۆژەمان ئامادەیە لە ئایندەیەكی نزیك هەوڵدەدەین سەفەری بەغدا بكەین، بۆ ئەوەی زامنی قەرەبووكردنەوەكە بكەین لە بەغدا دوای دەرچوونی قەراری مەحكەمە، لەسەر مەسەلەی تاوانی ئەنفال، ئەمە سەبارەت بەو بوارە یاساییانە، خاڵێكی تر، ئەمەویێت ئیزافە بكەم كە ئەورۆژە لە موقتەرەحاتی هەندێك لەو لیژنانە، راپۆرتیان ئامادەكردبوو، تێیدا هاتبوو، مەسەلەی یاسایی كێشەی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان لە گەرمیان لەبادینان، كە ئەوانە رۆژانە موراجەعەی ئێمە دەكەن، ئێمە لەگەڵ لیژنەی یاسایی برادەران كاك شێروان و كاك كەریم وهەموو برادەرانی تر لەلیژنەی یاسایی، دانیشتین نوێنەری كەسوكاری گەرمیان هاتنە لامان پێمان گوتن هەر تەكلیفی خودی ئەوانمان كرد، چونكە ئەوان لەناو واقیعەكەن، دەزانن كێشەكان چین، وتمان پرۆژە یاسایەك ئامادە بكەن، بیدەنە پەرلەمانی كوردستان، ئێمە دیراسەی دەكەین، دەریدەچوێنین بۆ ئەوەی كێشە یاساییەكانی ئەوان چارەسەر بكەین، بۆیە ئەو رۆژە بەبرادەرانم ڕاگەیاند كەزۆر لەو كارانە، لەو موقتەرەحاتانە ئێمە كارمان لەسەری كردووە، ئەمە لە بواری یاسایی ئەم كارانەمان كردووە، لەبواری بەڕێوەبردن.**

**2- بواری بەڕێوەبردن:**

**أ-گۆڕینی سیستەمی بەڕێوەبردن، لە سەر بنەمای دەزگا لە هەردوو دەزگای شەهیدان لە ئیدارەی هەولێرو سلێمانی بۆ سەر بنەمای وەزارەت.ئەو كارە هەوڵمانداوە بەڵام بەردەوامین لەسەری.**

**ب-بەدواداچوونەوەی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی كار لەبەڕێوەبەرایەتیەكان و بەشەكان لەوەزارەت بەمەبەستی چارەسەركردنی گرفتەكان وەئاسانكاری بەڕێوەبردنی كارەكان بەشێوەیەكی پێشكەوتوو و هاوچەرخانە.**

ج- دەستپێکردن بە هەڵسەنگاندنی توانستی کارمەندانی وەزارەت و چۆنیەتی پەرەپێدانی تواناکانیان بەپێی پێویست لە بوارەکانی کارکردن.

د- پلاندانانی بۆ دروستکردنی (داتا بێست) لە بەڕێوەبەرایەتیەکان و بەشەکانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکان لە داهاتوویەکی نزیك، بە مەبەستی گەشەپێکردنی وەزارەت بەرەو سیستمێکی ئەلکترۆنی بۆ ئاسانکاری بەڕێوەبردنی کارەکان.

ه- پلاندانان بۆ کردنەوەی خولی تایبەت لە بوارەکانی ( کۆمپیوتەر، کارگێڕی، ژمێریاری، زمانی ئینگلیزی... هتد) کۆمەڵێك دەوراتمان ئەنجام داوە، بەڵام لە پلانی 2007 بەردەوام ئەبین، لەسەر بینای قابیلیاتی فەرمانبەران کە وەزارەتی کاروبای شەهیدان و ئەنفالکراوەکان کاردەکەن. سێیەم بڕگە کە دێمەسەری ئەوەی کە کارمان تێدا کردووە:

3- بواری خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی:

ئێمە بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتیمان هەیە بۆ ئەو مەبەستە، دابەش دەبێت بۆسەر سێ بڕگە:

أ- بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی: لە لایەنی تەندروستی ئێمە ئەم کارانەمان کردووە:

1-گفتوگۆکردن لەگەڵ وەزیری تەندروستی لەسەر باشکردنی، رەوشی تەندروستی ودانیشتن لەگەڵ سەندیکای پزیشکانی دهۆك و دەستخۆشی کردنیان، جگە لەسەندیکای هەولێرو ئەوەی کە ئێستاکە قەرارە بەیەکگرتوویی، دەستخۆشی لێکردنیان لەو ماوەیە بەتایبەتی لە شاری دهۆك کە هەندێك لەپزیشکان بەشێوەیەکی خۆبەخش، موعالەجەی نەخۆشەکانی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانیان کردووە، بۆیە دەستخۆشیمان لێکردن بۆئەوەی ببێتە هاندەرێك بۆ ئەوەی زۆربەی پزیشکانی کوردستان پەیڕەوی ئەو عورفە بکەن.

2- گفتوگۆکردن لەگەڵ نەخۆشخانە تایبەتەکان لە هەولێر بۆ داشکاندن لەنرخی چارەسەری نەخۆشی لە نەخۆشخانەکانیان بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان. ئەوانەی کە نەخۆشخانەی تایبەتن، ئێمە لە هەولێر دەستمان پێکرد، بە تەئکید ئەو پلانە بەردەوام ئەبێت، لە سلێمانی و دهۆکیش کاری لەسەر دەکەین، بۆ ئەوەی لە موعالەجە کردنی نەخۆشەکانمان، داشکاندن بکەن لە نرخەکانیان، ئەوانیش ئامادەیی خۆیانیان نیشاندا، زۆر سوپاسیان ئەکەین.

3- بانگهێشت کردنی شاندی کۆمەڵەی پزیشکانی کورد لە بەریتانیا. ئێمە بە رەسمی دەعوەتنامەمان بۆ ناردن، لەبەر ئەوەی گەورەترین کێشەی ئێمە، موراجەعەکردنی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانە، کێشەی نەخۆشی و لایەنی تەندروستیان هەیە، رۆژانە داوا دەکەن کە بۆ وڵاتانی دەرەوە ڕەوانە بکرێن، رەنگە ئەوە لە ئیمکانیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبێت، ئەو هەموو خەڵکە بنێرێتە دەرەوە، ئێمە بیرمان لەوە کردەوە کە تیمێکی گەڕۆك لەو پزیشکە پسپۆڕانەی کە لە دەرەوەن، بهێنینە ناوەوە، کە بە هەزاران خەڵك ببینن و چارەسەریان بۆ بکەن، سوپاسیان دەکەین شاندی پزیشکانی کۆمەڵەی پزیشکانی

**کورد لە بەریتانیا، ڕەزامەندیان داوەو، ئێستا لە پەیوەندیداندان لەگەڵ کۆمەڵەی پزیشکانی کورد لە سوید، هەوڵ دەدەین ئەوە لە ئەوروپا فراوان بکەین، داوایان لێدەکەین بێن لێرە لەو بوارەدا کار بکەن.**

**4- ئامادەکردنی پرۆژەی بنیاتنانی نەخۆشخانەیەکی تایبەت و مۆدێرن بۆ شەهیدان. لە سەردانمدا بۆ بەغدا، لەگەڵ جەنابی مام جەلال سەرۆك کۆمار، دانیشتین ئەو مەسەلەیەمان تەرح کرد، ئەگەر جەنابی یاخود خودی سەرۆکی هەرێم، ئەو دەست پێشخەرییە بکەن، ئەو دیاریە بدەن بە کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، خەستەخانەیەکی مۆدێرن و تایبەت بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، دابمەزرێنین و لەوێ، لە جیاتی ئەوەی ئەو خەڵکە بنێرینە دەرەوە، ستافێکی کارامە لەوێ پێکبهێنین و لەوێ چارەسەر بکەن، مام جەلال بە سوپاسەوە ڕەزامەندی خۆی نیشاندا، بەڵام گوتی ئەمە با لەسەر دەستی جەنابی سەرۆکی هەرێم بێت، منیش ئامادەم کە بە لایەنە ماددییەکەی هاوکاربم، لەو مەسەلەیەو سوپاسیان دەکەین، جەنابی سەرۆکی هەرێمیش پشتگیری تەواوی خۆی نیشانداوە، ئێستا لە قۆناغی وەرگرتنی زەوی داین.**

**5- بانگهێشت کردنی شاندی تەندروستی پزیشکانی جوانکاری لە ئێرانەوە. تەبعەن کۆمەڵێك کێشەمان هەیە، لە شارەکانی کیمیابارانی هەڵەبجە و شێخ وەسان و بالیسان و ئەوانەی بەر چەکی کیمیاوی کەوتوون، زۆربەیان تەشویه بووینە، جا دوو پزیشکی کورد لە ئێران ئامادەیی خۆیان نیشانداوە، کە بێن بۆ ئەو مەسەلەیە هاوکاریمان بکەن، ئێمەش بانگمان کردن، خەڵکانێکی زۆریان دیت، چاوەڕوانین پلانێك دابنێین بۆ چارەسەرکردنی ئەو خەڵکانە، ڕۆژانە کۆمەڵێك ئافرەت سەردانی ئێمە دەکەن، کێشەیان هەیە، دێینە سەر خاڵی دیکە کە بواری پەروەردەییە، هەر دەچێتە نیتاقی بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی.**

**ب- بواری پەروەردەیی: لەم بوارەدا ئێمە کۆمەڵێك کارمان کردووە:**

**1- گفتوگۆکردن لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ وەرگرتنی چەند قوتابییەکی بەتوانا لە منداڵی شەهیدان لەقوتابخانەکانی نموونەیی وەدیراسەت کردنی داواکاریەکانی قوتابیانی دەرچووی شەشەمی ئامادەیی لەمنداڵانی شەهید بۆ خوێندی باڵا و جێبەجێکردنیان بەپێی تواناو ڕێنماییەکان. ئێمە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە، دانیشتنی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا، پێمان وتن ئەبێ ئەو مافە بە منداڵەکانی شەهیدان وئەنفالکراوەکان بدەن، لە پێدانی زەمالە، لە پێدانی مەقاعیدی دیراسی تایبەت، لە دەرەوە، لە ناوەوە، ئەبێ ئەو دەرفەتە بەوان بدەن، لە خوێندنی باڵاو لە هەموو مستەوایاتی خوێندن، بۆ ئەوەی ئێمە ئاستی زانستی ئەوان بەرز بکەینەوە، ئەوانیش بە خۆشحاڵیەوە ڕەزامەندی خۆیان نیشاندا، هەوڵ دەدەین ئێمە لەسەر ئەوکارە بەردەوام بین.**

**2- دابین کردنی (15) کورسی بۆ منداڵانی شەهید لە پەیمانگاکانی کۆمپیوتەر لە وەزارەتی پەروەردە بۆ هەر پارێزگایەك (5) کورسیمان دەست نیشانکرد، پەیمانگای کومپیوتەر کراوەتەوە، وەزارەتی پەروەردە سەرپەرشتی دەکات، پێمان وتن کە (15) کورسی تایبەت بێت بۆ وەزارەتی شەهیدان، ئێمە بانگەوازمان کرد**

له کەناڵەکانی راگەیاندن، هەر (5)کورسی بۆ پارێزگایەك دامانناوە، وتمان لە ئاینده ئەوە زیاتر دەکەین، ئێستا (15) لە قوتابیانی ئێمە بەردەوامی بەخوێندن دەدەن.

3- سەرپەرشتی کردنی قوتابیانی قوتابخانەی شوێفات. ئێمە لە کاتی کردنەوەی قوتابخانەی شوێفات، سەرۆکی حکومەت لەوێدا ئاماژەی بەوەکرد، کە بۆ منداڵی شەهیدان و منداڵی هەژار، ئێمە وەکو حکومەتی هەرێم، تەکلیفە مادديیەکە بەنیسبەیەك لە ئەستۆی خۆمان دەگرین، ئێمەش ئەو هەلەمان قۆزتەوە، پاش تەشکیلەی وەزارەتەکە، لە دەرگای ئەنجومەنمان داو وتمان، ئەو کورسییەی کە بڕیارتان داوە جەنابتان، لە ئیفتیتاحیەکەی باسی کرد، ئێستا ئەگەر بمان دەنێ کەسوکاری شەهیدان داوا دەکەن، لەوێشدا ژمارەیەك لەو مەقاعیدە دیراسیانە، لە شوێفات ئێمە وەرمانگرت، بەڵام بە تاقیکردنەوە بوو، کۆمەڵێکی زۆر تەقدیمیان کرد، بەڵام ئەوانەی کە توانایيان هەبوو، بەڕاستی بەپێی مەقایسەکانی قوتابخانەی شوێفات وەرگیران لەوێ، ئێستاکە بەردەوامی بەخوێندنیان دەدەن، یەکێك لەوانە ناوی (ڕۆمان)ە کوڕی شەهیدەکانە، زۆر لە زیرەکەکانی قوتابخانەی شوێفات دەرچووە.

4- سازدانی خولێکی هونەری هاوینە لە قوتابخانەی سەروەران بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی ئەستێرەی منداڵان. ئەمەش لەوەرزی هاوین، بەهەڵمان زانی ئەگەرچی فورسەتەکە کەمبوو، بەڵام خولێکی هاوینەمان کردەوە، لە بواری مۆسیقاو هونەر، لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیریش ئەو تەنسیقەمان کردووە، کەلەسەرتاسەری کوردستان، ئەمە بکەینە عورف وبەردەوامبین پلانی بۆ دابنێین، ئەوانیش ئامادەیی خۆیان نیشاندایە.

5- ئەنجام دانی ئاماری قوتابیان لەکچ و کوڕو هاوسەری شەهید وئەنفالکراوەکان بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا لەهەرێمی کوردستان. ئێمە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا دانیشتین، بەڕاستی یەکێك لەوکێشانەی کە ڕۆژانە موراجەعەمان دەکەن، منداڵانی شەهید و ئەنفالکراوەکان، داوای ئیمتیازات دەکەن لەنمرە، یان داوای یارمەتی دەکەن وەکو یارمەتی هاتوچۆ، وەکو یارمەتی بەجۆرەکانی تریەوە، یان بۆ زەمالەی خوێندن، یان داوای کۆرسی تەقوییە دەکەن، ئێمە نەمان دەتوانی ئەو یارمەتییە بدەین، لەبەر ئەوەی ژمارەمان لەبەردەستدا نەبوو، زۆر سوپاسی وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا دەکەین، هاوکارییان کردین لەوەی فۆڕمێکی ڕاپرسیمان ئامادەکرد، دامان بەهەردوو وەزارەت، وتمان لەهەموو ئاستەکانی خوێندن تەوزیعی بکەن، ئێمە دەمانەوێت، بزانین چەند قوتابی، خوێندکاری کوڕو کچی شەهید و خێزانی شەهیدیش ئیزافەمان کرد، ئەوانەی لەقۆناغەکانی خوێندن هەن، بۆ ئەوەی ژمارەیەکمان لەبەردەستدا بێت، بۆ ئەوەی هەر ئیمتیازاتێك هەبوو شمولی هەموویان بکات، تا ژمارەمان نەبێت ئێمە ناتوانین قسە لەسەر ئەو مەسەلەیە بکەین، ئەوەی لەبواری پەروەردەدا تاڕادەیەك کۆتایی پێهاتووە، لەدەرفەتێکی تر من ئامادەم بەژمارە پێتان بڵێم، ئێمە چەند کوڕو کچی شەهیدمان هەیە، لە قۆناغەکانی خوێندن هەر لەباخچەی ساوایان تا دەگاتە شەشەمی ئامادەیی، بۆ ئەوەی لەوێدا پلانیان بۆ دابنێین، لە ساڵانی ئاینده چۆن خزمەتیان بکەین، ئاستی زانستیان بەرزبکەینەوە، هی زانکۆو پەیمانگاکانیش ئێستا بەردەوامین. دێینە سەرخاڵی دی.

ج- بواری نیشتەجێکردن:

ئەنجامدانی باسێك بۆ وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە کێشەی نیشتەجێ بوون بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لەسەرتاسەری کوردستان. بەڕاستی گرفتی ئێمە نەبوونی داتایە، ئێمە نازانین ئێستا لە هەموو کەسوکاری ئەنفالکراوەکان چەندیان زەوییان هەیە، چەندیان وەریان گرتووە، چەندیان وەریان نەگرتووە، چەندیان خانوویان هەیە، چەندیان کرێچین، چەندیان باری دەرامەتیان لەچ ئاستێکە؟ بۆ ئەوەی پلان دابنێین، پلانێکی کورت و مامناوەندو درێژخایەن، بتوانین چارەسەری کێشەکانی ئەوان بکەین، بۆ ئەم مەبەستە ئێمە وەکو هەنگاوی سەرەتایی، دەستمان کرد بەئامارێکی بچووك نزیکەی پێنج فۆڕمی راپرسیمان ئامادەکردو دابەشمانکرد لەناوچەکانی گەرمیان، بۆ دیاریکردنی کێشەی نیشتەجێبوون، ئێمە وتمان لە خراپترین وەزع دەست پێدەکەین، چونکە ڕەنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەتوانێت لەو مەرحەلەیە، لە ماوەی ساڵێك، یان دووساڵ هەموو کێشەی نیشتەجێبوونی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان چارەسەربکات، بەڵام خراپ وخراپتر هەیە، ئێمە لە خراپترین دەست پێدەکەین، ئینجا خراپ، ئینجا مامناوەند، لە ئایندە هەوڵ دەدەین ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین، ئەمە مەسەلەی نیشتەجێبوون، دوایی دێینە سەر خاڵێکی تر. بواری پەیوەندییەکان:

ئێمە بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیمان هەیە، پەیوەندییەکانی ناوخۆ و پەیوەندیەکانی دەرەکی، بەڕاستی سوپاسی ئەو ستافە دەکەم لەو بەڕێوەبەرایەتیە کار دەکەن، چونکە زۆر نەشیتن، کۆمەڵێك پەیوەندیمان دروست کردووە، کۆمەڵێك ڕێکخراوی ناوخۆو بیانیمان بانگهێشتکردووە، بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدەن، لە چارەسەرکردنی کێشەی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفاکراوەکان، محاوەلە دەکەم زۆر بەکورتی وەختەکە زیاتر نەگرین.

1- دروستکردنی پەیوەندیەکی بەهێز لەگەڵ ئاژانس(UNAMI) کە ڕێکخەری چالاکیەکانی ئاژانسەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانە لە عێراق بەدوو شێواز:

أ- ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری وهەماهەنگی بۆ دروستکردنی پەیوەندی و بەشداریکردن لەچالاکیەکان.

ب- ڕێکخستنی کۆبوونەوەی هاوبەش لە نێوان وەزارەت و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان. کۆبوونەوەیەکمان کرد لە بارەگای (UNAMI)ی بووین هەموو ئەو ڕێکخراوانەیان بۆ ئێمە کۆکردەوە کە دەتوانن خزمەتگوزاری پێشکەش بەئێمە بکەن، ڕێکخراوی WFP, FAO, UNICEF, WHO, (HABITAT) لە گەڵیان کۆبووینەوە هەریەك لە بوارێك کە چۆن دەتوانن هاوکاریمان بکەن، بەزەرەیەکیش بتوانن هاوکاریمان بکەن، ئێمە پێمان وتن مەمنوونتان دەبین، ئێستا کۆمەڵێك پرۆژەمان داوە بەئەوان، ئەوانیش قەرارە فەندمان بۆ پەیدا بکەن، بۆ ئەوەی ئەو زەختە لەسەر حکومەتی هەرێم کەم بێتەوە، ڕێکخراوەکانیش لەو بوارەدا هاوکاربن.

2- پاڵپشتی پرۆژەکانی وەزارەت کە تائێستا لە قۆناغە سەرەتاییەکانیەتی لەگەڵ ئۆفیسی مافی مرۆڤ لە (UNAMI).

3- پرۆژەی یەکەم ئەنجامدانی سەرژمێری کەسوکاری ئەنفالکراوەکان. سەبارەت بە مەسەلەی سەر ژمێری، تەبعەن سەر ژمێری بودجەیەکی زۆری دەوێت، پارەیەکی زۆری دەوێت، بۆ ئەوەی بتوانین سەر ژمێری لە بواری ئەنفال بکەین، لەسەرتاسەری کوردستان، ئێمە لەبەراییدا ویستمان ئەو زەختە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان کەم بکەینەوە لە دەرگای (UN)نماندا، پێمان وتن وەرن ئێوە فەندەکەمان بدەنێ، ئەوان لەسەرەتادا رازی بوون، لێرە لەگەڵ (نور الهدی) کە بەرپرسی ئەوانەلە عەینکاوە لێرە کۆبووینەوە، ئەو موافەقەی مەبدەئی خۆی نیشاندا، دوایی کەچووە عەمان لەوێ گەڕاوە، رەفزیان کردەوە وتیان ئەوە پارەیەکی زۆرە، ئێمە ناتوانین رەزامەندی بدەین، بەڵام بەخۆشحاڵیەوە ئێستا سەرۆکی حکومەت موافەقەی کردووە بەرەسمی، بەڵام تەئمینە مالییەکەی هێشتاکە ماوە، بۆیە ئەوەش دەبێ هەوڵی بۆ بدەین، لە ئایندەیەکی نزیك لایەنە ماددیەکەشی دابین بکەین و دەست بەوهەنگاوە بکەین، بۆ ئەنجامدانی سەر ژمێری بۆ ئەنفال لەسەرتاسەری کوردستان، ئینجا دێینە سەر قۆناغی دووەم، ئەنجامدانی سەر ژمێری بۆ شەهیدان، چونکە ژمارەی شەهیدانمان لەبەر دەستە، بەڵام وەکو لە پێشتر کۆمەڵێك گلەیی هەیە، دەبێ تەصفیە بکرێت، کۆمەڵێك پەیوەندیمان لەگەڵ کۆمەڵێ رێکخراو بەستوە کۆمەڵەی (UNAMI)، بەڕاستی لە پەیوەندین لەگەڵ ئەوان، هەر رێکخراوێك کە دێتە کوردستان ئێمە، لەهەر بوارێك کار بکات، چونکە وەزارەتەکەی ئێمە ئەوەندە فراوانە، هەمەلایەنەیە، رەبتی بەژیانی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانەوە هەیە، ژیانی ئەوانیش هەموو بوارێك ئەگرێتەوە، بۆیە هەمیشە ڕایان دەکێشینە ناو مەسەلەکان بەهەر شێوەیەك بێت، زانیاریان دەدەینێ، بۆ ئەوەی بێن یارمەتیمان بدەن، لەگەڵ رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانیش بەهەمان شێوە، لە پەیوەندی بوینە بە بەردەوامی، رێکخراوەکانی وەکو (ICSP) رێکخراوەکانی (ESCWA) رێکخراوەکانی ( human right watch) رێکخراوەکانی ( women for women) رێکخراوەکانی ( us) رێکخراوی (IME) کۆمەڵێ رێکخراوی تریش ئەگەر دوایی ویستتان بچنە ناو جزئیات نوسخەی راپۆرتەکەتان پێدەدەین، لەگەڵ رێکخراوە ناوخۆییەکانیش ئێمە پەیوەندیەکی زۆر باشمان هەیە،

4- هەماهەنگی لەگەڵ سەنتەری ئەنفال، کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە، ناوەندی چاك، کۆمەڵێك لەوانەی کە لە بواری ئەنفال وشەهیدان کاریان کردووە، دائیمەن بانگمان کردوون زانیاریمان لێ وەرگرتوون، لە ڤستیڤالەکان بەشداریان پێ دەکەین، لە ئەنجامدانی ئاماریش داوامان لێکردوون ئەوانیش یارمەتیمان بدەن، لەبەر ئەوەی ئەوان پێشتر باگراوندێکی باشیان هەیە لەبواری کارکردن لەو مەسەلەیە.

لەگەڵ دامودەزگا حکومییەکان:

هەوڵێکی زۆرمان داوە، پەیوەندیەکی زۆر ببەستین، بەڕاستی سەردانی زۆربەی ئەو وەزارەتانەمان کردووە، کە دەزانین کێشەی وەزارەت، کێشەی حکومەتێکە نەك وەزارەتێك، بۆیە پەیوەندیەکی پتەومان هەیە لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەزارەتی پەروەردە، لەگەڵ وەزارەتی کارەبا کە جەنابی کاك وشیار لێرە ئامادەیە، سەردانمان کردووە کۆمەڵێك مەشاکیلی کارەبامان کە هی هەموو کوردستانە، بەڵام ئەنفالکراوەکان

له دەڤەری بارزان و گەرمیان، پێشکەشی وەزارەتی کارەبامان کردووە، هەروەها لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان دانیشتووین، هەوڵمانداوە لەمەسەلەی پلاندانان دەورێکی ئەساسی بدەنە ئەنفالکراوان و شەهیدان، لە ئەنجامدانی ئامار لەسەرتاسەری کوردستان، ئێمە لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان، چونکە ستافێ پرۆفیشنەڵیان هەیە، پەیوەندیمان هەیەو پێکەوە کارئەکەین، هەروەها لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی زۆر پەیوەندیمان هەیە زۆر سوپاسی دکتۆرزریان دەکەین، زۆر هاوکارمانە، ئامادەیی خۆی نیشانداوە هەموو نەخۆشخانەکانی کوردستان لەخزمەتی کەسوکاری شەهیدان وئەنفالکراوەکان بێت، بەهەمان شێوە لەگەڵ هەموو وەزارەتەکانی تر، ڕەنگە لێرە مەجال نەبێت هەموویان باس بکەم، بەلام سەردانی هەموو لایەکمان کردووە، تەنانەت وەزارەتی ژینگەش، سوپاسیان ئەکەین پێمان گوتن، لەمەسەلەی دیراسەتکردنی ژینگەی کوردستان، بەتایبەتی هەڵەبجەو ئەو شوێنانەی کە بەرچەکی کیماوی کەوتوون هاوکاری ئیمە بکەین، ئەوە ڕاپۆرتی ئەو ماوەیە بوو کە کارمان تێداکردووە سەبارەت بەو چالاکیانەی کە ئەنجاممان داوە، ئەگەر ئێستا جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، رەزامەندی بفەرمووێ، زۆر بەکورتی پلانی وەزارەتتان بۆ بخوێنمەوە، کە ئێمە دەمانەوێت لە ساڵی 2007 چی بکەین، بەلام ئەمەوێت پێشی ئەوەی دەست پێبکەم، ئاماژە بەوە بکەم کە ئەمە، بۆ ساڵی 2007 ، رەنگە چالاکیەکان سنووردار بن، بەس ئێمە دەمانەوێت بەقەدەر ئەوەی پێمان دەکرێت، بیکەین، لەبەر ئەوەی تەوەقوعاتی خەڵکی خۆمان ئەوەندە گەورە نەکەین، کە ئێمە دەتوانین هەموو شت بکەین، دوایش نەتوانین و گلەیی خەڵکمان بێتە سەر، جالەبەر ئەوە ئەوەی دەمانەوێت بیکەین، لێرە لە 2007 رەنگیشە نەتوانین، هەمووی تەواو بکەین، بەردەوامی پێبدەین لەسالانی دادێ، بەلام ئەوە پلانی ئێمەیە بۆ ساڵی 2007، لە مەسەلەی بەجیهانی کردنی کێشەی ئەنفال و جینۆسایدکردنی خەڵکی کوردستان، ئێمە کۆمەڵێك پرۆژەمان هەیە:

1-پەیوەندیکردن بەو وڵاتانەی کە جینۆساید کراون، هەروەها کێشەی شەڕو ماڵوێرانیان تێدا رووی داوە، بۆئەوەی سوود لە ئەزموونی ئەوان وەربگرین، بۆ ئەمەش تەبعەن جوزئیاتی تێدایە، پلانی وەزارەت (5) گەشت پێویستە لە هەر گەشتێك (6)کەس بەشداربێت، جوزئیاتەکەی تکا ئەکەم دوایی خۆتان بۆی بگەڕێنەوە، ئێمە هەوڵ دەدەین پەیوەندی بەو وڵاتانەوە بکەین کە جینۆسایدی تێدا روویداوە، بۆ ئەوەی ئێمەش بزانین چۆن سوود لە ئەزموونی ئەوان وەربگرین، بۆ باشکردنی ژیان وگوزەرانی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان.

2-وەزارەت سەرقاڵی خۆئامادەکردنە بۆ بەستنی کۆنفرانسێك لە لەندەن لەسەر بابەتی شەهیدان وئەنفالکراوەکان بەتایبەتی جینۆساید لەساڵی 2007. واتە لەکۆتایی 2007 رەنگە بیخەینە 2008 لەبەر ئەوەی یادی 20ساڵەی کیمیاباران کردنی شاری هەڵەبجەو جینۆسایدە لە کوردستان، بۆیە رەنگە کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی ببەستین لەوێدا، زۆرینەی خەڵك بەتایبەتی بیانی بێنینە ناو مەسەلەکەوە، بەلام ئەوەی کە عەرز دەکرێت لەکۆنفرانسەکە، لەبەرنامەماندایە کەبەرنامەی زانستی یاسایی زۆر دەقیق بێت نەك خیتاباتی سیاسی، چونکە زۆر لەسەر ئەو مەسەلەیە قسەکراوە.

3-پەیوەندی کردن بەوەزارەتە پەیوەندیدارەکان. ئێمە لەسەر ئەوە بەبەردەوامین، پەیوەندیکردن بەکۆمپانیا بازرگانیەکان، بۆ مەسەلەی دەستەی وەبەرهێنان، پەیوەندی لەگەڵ جیهاتی دەرەوە، ,UNAMI ,FAOتەبعەن کۆمەڵێ پرۆژەمان هەیە، لەگەڵیان بەتایبەتی لەگەڵ FAO ,بەدواداچوونی پێشنیارەکانی پرۆژەی داهاتی بچووك وجێبەجێکردنی، لەو ناوچانەی کە کەسوکاری شەهیدان وئەنفالکراوەکانی لێیە، ئێمە بەدواداچوون دەکەین، لە 2006 ئەو کارە کرایە، بەڵام بەدواداچوون دەکەین تابزانین، چون بیخەینە مەیدانی عەمەلی.

4-هێنانی پسپۆڕی شارەزا بۆ وەزارەت، بۆ پرۆگرامی (IRI)

5-(unhcr) دیاریکردنی ژمارەی ئەنفالە بێسەروشوێنکراوەکان بەتایبەت لە شاری کەرکوك، وەعدیان پێداوین، کە ئەوەمان لەگەڵ بکەن بەڵام، وەکو وتم رەنگە خۆیانی لێ بەدوور بگرن، لەبەر ئەوەی دەڵێن تەکلیفی ماددی زۆرە.

6-(undp) بە دواداچوونی پێشنیارەکانی پرۆژەی ئامار، پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و بنیادنانەوەی توانای وەزارەت.

7-کارکردن لەسەرنزیك کردنەوەی گەنجان و لاوان لە سنوورە ئازادکراوەکان.

8-بەشداریکردن لەگەڵ لایەنەپەیوەندیدارەکان لەکوردستان سەبارەت بە کارکردن لەسەر BEIJING PLATFORM. ئەمە پرۆژەیەکە دیارە لەگەڵ ئێمە دەیانەوێت ئەنجامی بدەن، لە ناوچەکانی ئەنفالکراوەکان.

9-دوو خولی ڕاهێنان لەسەر توندو تیژی دژی ئافرەت، ئەمە لەگەڵ UNAMI دەکرێت، پێشکەشکردنی پێشنیار بۆ:

أ-ئامار لەسەر ئەنفال وکیمیاباران.

ب-پرۆژەی بەشداری کەسوکاری ئەنفالکراو و شەهیدان لەکۆمەڵگای مەدەنی. بەداخەوە ئێمە لەو ماوەیەی کەلەدەرەوە بووین، لەگەڵ هەندێك ڕێکخراو دانیشتین، زۆربەیان داوای ئەوەمان لێ دەکەن کەئایا کۆمەڵە یان ڕێکخراوتان هەیە، مەسەلەن بۆ نموونە لەوێ UDO ڕێکخراوێکی تایبەتی هەیە، بێوەژن کەئێمە نیمانە، بۆیە کە گەڕاینەوە وتمان وەعدبێ ئێمە ئەو کۆمەڵەیە، ئەو ڕێکخراوانە دروست بکەین، چونکە ئەوان ئامادەیی خۆیان نیشاندا کەکاربکەن، هەروەها بۆ ژنانی ئەنفالکراو، ئێمە ڕێکخراوێکمان نیە بۆ ئەو مەسەلەیە، بۆ منداڵانی کیمیاباران کراو، یەعنی تائێستا ڕێکخراوێك کەزەرورە، دەتوانین ڕێکخراوی NGOی بیانی بانگ بکەین، دروست نەکراوە، بەڵام ئێستا خەریکین، پرۆژەیەکیشم ئێستا لەوەزارەت لەبەردەستدایە، کە هاتمەوە بینیم، ژنانی ئەنفالکراوانی بارزان دەیانەوێت ڕێکخراوێك بۆ ئەم مەسەلەیە دابمەزرێنن، ئەمە دەستپێکێکی زۆر باشە، لەمەسەلەی هێنانەوەی تەرمی قوربانیانی ئەنفالکراو، ئێمە بەڕێوەبەرایەتیەکمان هەیە بەناوی گۆڕی بەکۆمەڵ، ئەو بەڕێوەبەرایەتیە کۆمەڵێك پرۆژەی هەیە، ئەو

پرۆژانەی کە بڕیار وایە ئەو بەڕێوەبەرایەتیە ئەنجامیان بدات ئەمساڵ و لەئاینده، لەبەر ئەوەی ئەوە دەوستێتە سەر تەکلیفەی ماددی، لەهەمان کات وەزعی ئەمنی لە جنوبی عێراق.

1-پرۆژەی هێنانەوەی گۆڕی بەکۆمەڵی نێوان ڕێگای توز و تکریت، نزیك بەنداوی( سد موصل) تەکلیفەکەشمان دیاری کردووە دوایی دەتوانن بۆخۆتان تەماشای بکەن.

2-پرۆژەی هێنانەوەی گۆڕی بەکۆمەڵی کەربەلاو نەجەف.

3-پرۆژەی هێنانەوەی گۆڕی بەکۆمەڵی حەزەر.

4-پرۆژەی دروستکردنی گۆڕستانی نیشتمانی. بۆ شەهیدانی ئەنفالکراو، ئەمە جارێ نیقاشی لەسەرە، بەڵام ئێمە وەکو وەزارەت پرۆژەیەکمان پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیران کردبوو، بۆ دروستکردنی گۆڕستانێکی هاوبەش، بۆ ئەوەی تەرمی ئەنفالکراوەکان هەموویان بێنینەوەو لەوێ بنێژرێن، قودسیەتی پێبدرێ، زۆر گەورە بکرێت وەکو هۆلۆکۆست، لەسەرتاسەری کوردستان ئەمە پەرت نەکرێت لەکوردستان، گەورەیی ئەو مەسەلەیە بچووك نەکرێتەوە، لەیەك شوێن بنێژرێن، بەڵام ئەمە دەبێ وەعی خەڵکەکە لەو مەسەلەیە وشیاریان بکەینەوە، چونکە کەسوکاریان بەپلەی یەکەم بەرپرسن لەو مەسەلەیەو بڕیاردەرن، دەبێ رەزامەندی ئەوان وەربگرین، بەڵام پێمان وایە لەرووی سیاسی، لەرووی قانونی، لە رووی ئابووی، ئەگەر ئەو پرۆژەیە سەربگرێت، زۆر کارێکی باشە، لە ئاینده خزمەتی دۆزی کورد دەکات، دەتوانین ئێمە سوودی لێ وەربگرین وەکو وەرەقەیەکی زەخت، ئەمە پرۆژەیەکە تەقدیم کرایە، بەرێوەبەرایەتیەکمان هەیە بەناوی پلاندانان.

بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان:

ئەم بەڕێوەبەرایەتیە کۆمەڵێك پلانی لەبەردەستە، یەکێك لەو پلانانەی کە بڕیارە ئەنجامی بدات، باشکردنی تواناو قابیلیەتی کارمەندانە، هەروەها کردنەوەی چەندین خولە بۆ کارمەندان، لەبوارەکانی کارگێڕی، ئینگلیزی، وەکو ئەوەی لە پێشتر ئەنجاممانداوە کۆمەڵێك، بەڵام هەربەردەوام دەبین، ئەمە زۆر بەکورتی، بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەو ئامارمان هەیە.

بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەو ئامار:

لەم بەرێوەبەرایەتیە کۆمەڵێك پرۆژەمان لەبەردەستە:

1-جێبەجێ کردنی رووپێوێکی گشتی بۆ کەسوکارو قوربانیانی ( شەهیدان وئەنفال و کیمیاباران) لە رێگای فۆرم.

2-رووپێوکردنی نەخۆشیە درێژخایەنەکانی کەسوکاری (شەهیدان وئەنفال و کیمیاباران).

3-رووپێوکردنی خێزانە کەم دەرامەتەکان و ئەوانەی کێشەی نیشتەجێبوونیان هەیە.

4-بلاوکردنەوەو چاپکردنی کتێب و توێژینەوە لەسەر شەهیدان و ئەنفال و کیمیاباران لەلایەن وەزارەت.

5-کردنەوەی پەرتوکخانەیەك بۆ وەزارەت( گۆڤارو رۆژنامەو سیدی و کتێب) بواری ئەنفال و کیمیاباران و شەهیدان لەخۆ بگرێت.

**6-پەیوەندیکردن لەگەڵ زانکۆکانی کوردستان و کۆلێژەکان بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەو ئامار. لەسەر ئەوە با زانیارییەك بەجەنابتان بگەیەنم، کە ئێمە بەرلەچالاکیەکانی خۆمان، لە سەرەتای دەستپێکردنمان، لەبەر ئەوەی دەزانین ئەساسی دانانی هەر پلانێك، دەبێ زانیاری هەبێت، داتا هەبێت، پەیوەندیمان لەگەڵ زانکۆکانی سلێمانی، هەولێر، دهۆك کرد، هەروەها پەیوەندیەکی پتەومان پەیداکردووە، بەنووسراوی رەسمی داوامان لێکردن بەتایبەتی لەبەشی کۆمەڵناسی، لە بەشی ئیدارەو ئیقتیصاد، لەبەشی پەروەردەو دەروونناسی، داوامان لێکردن کۆمەڵێك بابەتمان دانێ وتمان، بابەتەکانی بەکالۆریۆس، تەخەروجی بەکالۆریۆس، هەروەها خوێندنی باڵا ماجستێر، دکتۆرا، داوا دەکەین رەچاوی ئەو بابەتانە بکەن، توێژینەوەمان لەبۆ بکەن، ئێستا چەند بابەتێك خەریکە دیراسەی لەسەر دەکرێت، بەڵام لەئاییندە ئێمە بەردەوام دەبین لەسەر ئەو پرۆژەیە.**

**7-کردنەوەی بەشی توێژینەوەو ئامار لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی شارەکان.**

**8-ئەنجامدانی کۆنفرانس لەسەر شەهیدان وئەنفال و کیمیاباران.**

**9-مافی چاپکردنی چوار کتاب ساڵانە لەسەر شەهیدان و ئەنفال و جینۆساید. ئێمە هەوڵدەدەین ئەوانە پلانی ساڵی 2007 کاری لەسەر بکەین، بەپێی توانا جێبەجێی بکەین، بەڵام لەبیر نەکەین تەکلیفەی ماددیەکە رەنگە زۆرجار ئیشکالمان بۆ دروست بکات، بەشی یاسای.**

**بەشی یاسا:**

**لەم بەشەدا کۆمەڵە پرۆژەیەکمان پێشتر ئەنجامداوە، ئێستاکەش لەبەردەستەو کاریشی لەسەر دەکەین.**

**1- پرۆژەی یاسای ماف وئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان کەئێستا لەبەردەستدایە و تەواوی ئەکەین.**

**2- پرۆژەی ئامادەکاری بۆ کەیسی لەناوبردنی ڕاپەرین (قمع الانتفاضة) لەدوای تەواوبوونی کەیسی ئەنفال، (قمع الانتفاضة) واتە لەناو بردنی ڕاپەرین، کە روویدا، لەسەرتاسەری عێراق، شیعە بە جیاکاری لەسەر کەیسی خۆی کردیە، ئێمەش بەجیا، ئێستا خەریکین کاری لەسەر دەکەین، لەوەی کە لە کۆچرەو رووی داوە، و ئەوەی لەشارەکانی کوردستان لەڕاپەڕین روویداوە.**

**3- پرۆژەی ئامادەکاری بۆ کەیسی قوربانیانی ئەنفالی بارزانیەکان، ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر ئامادەکراوە، بەڵام کۆمەڵێك کەموکورتی هەیە، دەبێ تەواوبکرێت.**

**4- پرۆژەی ئامادەکاری بۆ کەیسی قوربانیانی( بۆردومانی شاری هەڵەبجە بەچکی کیمیاوی) ئەمەش دەبێ کاری لەسەر بکەین، هەروەها قەڵادزەو زۆربەی ئەو تاوانانەی دی بەکۆمەڵ و فەردیەکانیش.**

**دامەزراندنی بەشی ئەرشیف و دۆکیومێنت:**

**ئەمە زۆر لامان گرنگە، ئەو بەشە بکەینەوە، چ لەوەزارەت تا ئەوکاتەی کە مۆزەخانە دادەمەزرێنین و کۆکردنەوەی هەموو ئەو بەڵگەنامە وموستەمسەکانەی کە ئێستا لەبەردەستدان، یانیش لەلای خەڵکانێك**

هەنە، بۆ ئەوەی وەکو ئەمانەت بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی توراسی یەك میللەتە، ئەمە پلانی ئێمەیە، بەشی ڕاگەیاندن.

بەشی ڕاگەیاندن: ئەم بەشەمان هەیە، کە ئەویش زۆر فراوانە، پرۆژەکانی بەم شێوەیە دەبێت لە ساڵی 2007دا:

1- دروست کردنی سایتێکی ئەنتەرنێت بۆ وەزارەت بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی.

2- دەرکردنی گۆڤارێکی مانگانە(80)لاپەڕە، بەزمان کوردی. تەبعەن لەبیر نەکەین هەمووی لەبوارەکانی ئەنفال و جینۆسایدو شەهیدان و کیمیاباران دەبێت.

3- گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمی ساڵانە 200 لاپەڕە بەزمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی.

4- فۆڵدەری وەزارەت بەزمانی کوردی و عەرەبی وئینگلیزی.

5- دەرکردنی پۆستەر بۆ وەزارەت لە بۆنەو یادەکان. بێجگە لەوەش بەرنامەی رادیۆیی و تەلەفزیۆنیشمان دەبێت.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی:

تەبعەن لەبەڕێوەبەرایەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، ئێمە رۆژانە کۆمەڵێك کێشەی کۆمەڵایەتیمان یەتە پێش، یەکێك لەو کێشانەی کەئێمە رووبەرووی دەبینەوە، پلانمان بۆدانایە تاچارەسەری بکەین:

1- کێشەی مامەڵەکردنی خراپ لەگەڵ ئافرەتان لەکاتی کارکردن، ئەوە بەشێوەیەکی گشتی بەڵام ئێمە شەهیدان و ئەنفالکراوان و کیمیاباران کاری لەسەر دەکەین.

2- کۆچکردنی کەسوکاری شەهیدان بەتایبەتی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان لەلادێ بۆ شار بەهۆی سووتان و تێکدانی گوندەکان و ئەنفالکردنی بەخێوکەری خانەوادەی ئەنفالکراوەکان لەلایەن رژێمی بەعسەوە.

3- زاڵبوونی کوڕ لەخێزاندا. لەبەر ئەوەی تائێستا مەسەلەی باوك سالارییەکە، ئەو وەزن و قورساییەی خۆی لەدەست نەداوە، هەرماوە، بۆیە کاتێك باوك شەهید دەبێت، براگەورە جێگای دەگرێتەوەو زۆرجار زۆر توندوتیژە لەگەڵ ئەندامانی خێزان و دایك، کێشەی وامان هەیە، موراجەعەمان هەیە، دایکی شەهیدە، گەشتۆتە ئەو حەدەی کە کوڕەکەی لێی دەدات، ئەمە کێشەیەکی کۆمەڵایەتیە کە هەمانە.

4- دارمانی باری دەروونی بەهۆی ترس و بێبەش بوون، هەست بەکەم بوون، نیگەرانی، خۆسووتاندن، نەبوونی تفریغ نفسی، پشتگوێ خستن. ئەمە هەموو ئەوکێشانەیە کەرۆژانە رووبەرومان دەبێتەوە.

5- نەبوونی بەخێوکەر بۆ پەککەوتەو کەم ئەندام و بەساڵاچووانی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان. بەتایبەتی لەناوچەکانی گەرمیان و ئەو شوێنانەی کەئەنفالی تێداکراوە، زۆر لەکەسوکاری ئەنفالکراوەکان، بەتایبەتی ئەوانەی کە پیرو پەککەوتەن، ئێستا بەخێوکەریان نیە، زۆر لە حاڵێکی شپرزەدا دەژین، ئێمە لەپرۆژەی داهاتوومان تێیدایە، دروستکردنی کۆمەڵێك پرۆژەی خزمەتگوزارییە بۆ چارەسەرکردنی ئەو مەسەلەیە. پرۆژەکانمان چین بۆ چارەسەری ئەو مەسەلەیە.

1- پرۆژەی کۆمەڵگەی رۆشنبیری:

بۆ تەوعیە لەو بوارانەی توندوتیژی کەباسمان کرد.

2- ئامادەکردنی کارمەندی هاوکار لەشوێنی نیشتەجێی خانەوادەی شەهید و ئەنفال ودانانی نوێنەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی. بۆ ئەم مەبەستە.

3- چارەسەرکردنی کێشەی کۆمەڵایەتی خێزانی شەهیدان.

4- دروستکردنی خەڵوەتگەی پیری. چەند پرۆژەیەکمان تەقدیم کردووە، داوا دەکەین، ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم، لە پلانی ساڵی 2007 وبودجەی وەزارەت کە دەستنیشانمان کردیە، بودجەکە زۆرە بەڵام تەمەنا دەکەین رەزامەندی بفەرموون، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو پرۆژانە جێبەجێبکەین.

5- زیادکردن و بەردەوام بوون لە بەخشینی هاوکاری هاوسەرێتی کچ و کوڕی شەهیدی سەنگەرو ئەنفالکراوەکان. یەعنی ئەو پارەیەی کە وەکو هاوکاری زەواج دەردرێت بەکەسوکاری شەهیدان وئەنفالکراوەکان.

6- چارەسەرکردنی کێشەو گرفتی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان لەڕێگەی توێژەری کۆمەڵایەتیەوە.

7- بەشداری پێکردنی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە خولەکانی بەهێزکردن لەناوەوەو لەدەرەوەی وڵات.

بەڕێوەبەرایەتی نیشتەجێکردن:

من دەمەوێت زۆر بەکورتی بێمە سەر ئەوە کەچیمان، وەکو پرۆژە من تەئکیدم زۆر لەبرادەران کردەوە، ئەوە لەبیریانە کە موشکیلەی نیشتەجێکردنیان هەیە، کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و شەهیدان، ئێمە بۆ ساڵی 2007 پرۆژەمان تەقدیمی ئەنجومەنی وەزیران کردووە، بۆ خانوو، تەبعەن ئەوە باسی پارێزگا دەکەم، پارێزگای هەولێر داوای (500) خانوومان کردووە، (500) شوقە، تەعمیرکردنەوەی (900) خانوو. ئەمە ئەو کۆمەڵە خانووانەیە کەداوام کردووە، تەعمیر، شوقە، خانوو، بۆ پارێزگای هەولێر، تەبعەن لەپارێزگای هەولێر ئێمە جەخت دەکەینە سەر ئەوناوچانەی کە کەسافەی سوکانی کەسوکاری شەهیدان وئەنفالکراوانی لێیە، پارێزگای سلێمانیش بەهەمان شێوە داوای (500) خانوومان کردووە، داوای (450) شوقە، داوای (500) خانووش بۆ تەعمیر، کە دەڵێین پارێزگای سلێمانی ناوچەکانی گەرمیان مەشمولە بە پارێزگای سلێمانی، بەپێی نیسبەی دانیشتوانی پارێزگای هەولێر و سلێمانی ژمارەکانمان دابەشکردووە، دەشکرێت گۆڕانکاری لەژمارەکانیش بکەین، دەهۆك (300) خانوو، (400)شوقە، (200) خانووش بۆ تەعمیر، رەنگە ئەو بڕە لەتوانای حکومەت نەبێت لەم قۆناغەدا بیکات، بەڵام ئەوەی ئێمە داوامانکردووە لە پێویستیەکانە، بۆ ئەو کەسانەن کەزۆر پێویستیان پێیەتی لەم قۆناغەدا، دەکرێ دواتر لەساڵانی دادێ، پلانەکانمان بەشێوازێك بێت شمولی کەسانی تریش بکات، کەئاستی بژێوییان مامناوەندە، ئەمە سەبارەت بەنیشتەجێکردن.

راهێنان و پەروەردە:

دوادەکەم لێم ببورن ئەگەر وەختەکەم درێژەدایتێ، لەمەسەلەی راهێنان و پەروەردە، ئێمە کۆمەڵێك پرۆژەمان لەبەردەستدایە، بۆ ساڵی 2007.

1- دامەزراندنی سەنتەرێك بۆ ڕاهێنان و مەشقی پیشەیی.

2- پاڵپشتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بۆ دۆزینەوەی کار.

3- کردنەوەی خولی کۆمپیوتەرو زمانی ئینگلیزی بۆ دەرچوانی کۆلێژ و پەیمانگاکان.

4- کردنەوەی خولی نەهێشتنی نەخوێندەواری بەتایبەتی لە گوندەکان.

5- دابین کردنی کرێی ساڵانەی خوێندن بۆ ساڵی 2006 – 2007 بۆ کوڕ وکچ و هاوسەری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لەزانکۆ حکومیەکانی کوردستان لەئێواران.

6- دابینکردنی دەرماڵەی مانگانەی قوتابیانی زانکۆو خوێندنی باڵا بۆ کوڕو کچ و هاوسەری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان.

7- کردنەوەی خولی بەهێزکردن بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندی و شەشەمی ئامادەیی بەهەردوو بەشیەوە بۆ پێنج وانە.

8- کردنەوەی خولی هاوینە( هونەری و ڕۆشنبیری گشتی) بۆ قوتابیانی سەرەتایی ودابینکردنی پێداویستییەکانی ئەم خولانە.

9- بایەخدان بە کوڕ وکچی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان کەبەهرەیەکی تایبەتیان هەیە.

10- بایەخدان بە قوتابخانەی ئەو ناوچانەی کە شەهید وئەنفالی زۆرە، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی قوتابیان.

11- دابینکردنی پێداویستیەکانی قوتابخانە لە( جل وبەرگ وجانتاو..... هتد) کە پێویستە بۆیان.

بواری تەندروستی:

تەبعەن یەکێك لەکێشە هەرە گەورەکانی وەزارەتی شەهیدان وئەنفالکراوەکان، کێشەی تەندروستیە، ڕۆژانە وەکو باسمکرد، موراجەعەمان دەکەن، داوای چارەسەری کێشە تەندروستیەکانیان دەکەن، بۆ ئەم مەبەستە ئێمە پرۆژەمان ئامادەکردووە بۆ ساڵی 2007، بۆ ئەوەی بتوانین کەمێك لەئازارەکانیان یان کێشە تەندروستیەکانیان چارەسەر بکەین، کێشەکان ئەمانەن:

1- بوونی نەخۆشی.

2- بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری تەندروستی خانەوادەی پلە یەکی شەهیدان وئەنفالکراوەکان.

3- بەهێزکردنی توانای خانەوادەی شەهیدان وئەنفالکراوەکان لەبواری تەندروستی.

دێین بۆ ئەو پرۆژانەی کە ئامادەمان کردووە:

1- کردنەوەی نەخۆشخانەیەکی گشتی، کە بڕیارمانداوە لەشاری هەولێر بیکەینەوە. کەسەنتەرە بۆ شاری بادینان، گەرمیان و بۆ هەمووی ئاسانتر دەتوانرێت لەشاری هەولێر.

2- کردنەوەی بنکەی تەندروستی تایبەت بەخانەوادەی شەهیدان وئەنفالکراوەکان لە هەڵەبجە، گەرمیان، بارزان، ناحیەی رزگاری و ناوچەکانی دی.

3- پێکهێنانی تیمی پزیشکی گەڕۆك. دیاری کردنی ئەو ناوچانەی کە نەخۆشخانەیان تێدانیە بەتایبەتی گوندەکان.

4- دارشتنەوەی میکانزمێك بۆ ڕەوانەکردنی نەخۆش بۆ دەرەوە لەرێگای لیژنەی پزیشکی.

5- ناردنی نەخۆش بۆ دەرەوەی وڵات.

6- هێنانی پزیشکی پسپۆڕ بۆ کوردستان، چ ئەوانەی کەکوردستانین چ ئەوانەی کە بیانین و دۆستی ئێمەن.

7- دروستکردنی کلێشە بۆ لیژنەی پزیشکی.

8- دابینکردنی عارەبانە و عەکازە بۆ پەککەوتەکانی خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان. ئەمەش لەگەڵ رێکخراوەکان ئێمە ئەم کارە دەکەین.

بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری تەندروستی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان. ئەویش بە دروستکردنی تیمی گەڕۆك و سازدانی ووٚرك شۆپ وکۆمەڵێ شتی تری لەم چەشنە.

بەرزکردنەوەی توانای تەندروستی بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان. ئەویش بە:

1- کردنەوەی خولی فریاکەوتنی سەرەتایی بۆ ئەو گوندانەی هیچ سەرچاوەی تەندروستی نیە.

2- کردنەوەی خولی مامانی. تەبعەن ئەمە تەدەخولە لەکاری وەزارەتی تەندروستی، بەڵام بێگومان بەهاوکاری و ئاگاداری ئەوان ئێمە ئەم کارەدەکەین.

دەستەی وەبەرهێنانیش.

ئێمە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانمان هەیە، بۆ ئەوەی بتوانین ئیعتیماد لەسەر خۆمان بکەین، بۆ دابین کردنی زۆر لەو پرۆژانەی کە باسمانکرد، لە وەبەرهێنان هەوڵدەدەین پەیوەندی بکەین، ئێستا پەیوەندیمان کردووە لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری، هەموو ئەو کارخانانەی رستن وچنین، کەلە هەریر هەیە لەرواندز، هی مافور، زۆربەی تا ئێستا لەسەر میلاکی وەزارەتی رۆشنبیری بووە، وابزانم بەداخەوە ئیشیش ناکات، زۆربەی راوەستایە، ئێمە لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری قسەمانکرد، کە ئەوانە تەحویل بکرێنە سەر میلاکی وەزارەتی شەهیدان وئەنفالکراوەکان، بەڵکو بەئیشیان بخەینەوە، هەم ببێتە بەشێك لە ئیستیسماراتی وەزارەت، هەم کەسوکاری شەهیدان و خێزانی ئەنفالکراوەکان لەو شوێنانە بەکار بخەین، وەکو دەرامەت بۆخۆیان وراهێنانیان بۆئەوەی لەئاییندەش خزمەتی بنیادی ئیقتیصادی کوردستان بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ خاتوو چنار.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/ وەزیری شەهیدان وئەنفالکراوەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەك شت با لە بیر نەکەین، سوپاسی ئەو پارێزەرانە دەکەین کەدەچن بۆ بەغدا، بەڕاستی ئەوان خۆبەخشانە ئەو کارانە دەکەن، ژیانی خۆشیان خستۆتە خەتەرەوە، ئەگەر چی کارەکانیان بێ ئەزموونی و

كاڵوكورتی تێدابێت، بەڵام زۆر سوپاسیان دەكەین چونكە ئیشێكی پیرۆزە دەیكەن، هەروەها زۆر سوپاس بۆ تیپی زەیتون، كۆرییەكان كەلێرەن، ئێمە پەیوەندیەكی زۆرباشمان هەیە، لەماوەیەكی كورت، لەگەڵ كۆیكا سمیك بەشی كاروباری مەدەنییە، ئەوان ئێستاكە ئامادەیی خۆیان نیشاندایە، بۆ وەرگرتنی ژمارەیەك، تەبعەن خەستەخانەی كۆرییەكان لێرۆكانە، ئێمە پسولەمان دەدەنێ، پێشتر قەرار بوو (50) دانەمان بدەنێ، هەفتانە نەخۆشەكانی خۆمان بنێرینە ئەوێ موعالەجەیان بكەن، لە خەستەخانەی كۆرییەكان، بەڵام ئێستا ژمارەكەیان كەمكردۆتەوە، بەڵام هەر سوپاسیان دەكەین، لەهەمان كاتدا كۆمەڵێك هاوكاری وپێداویستیان ئێستا داوینەتێ، لە كەلوپەل و كەرەستەی ناوماڵ، ئەوانەی كەرۆژانە بەكاری دەینین، لە رۆژی 4/14 داوایان كرد كە بیدەینە، كەسوكاری ئەنفالكراوەكان، ئەوان بەس لەسنووری هەولێر، ئیشدەكەن لە پارێزگای هەولێر ئیش دەكەن، بۆیە دەیدەنە ئەوكەسانە كە لەو سنوورەن و كەسوكاری ئەنفالكراوەكانن، هەروەها ئامادەیی خۆیان نیشاندایە، بۆ كردنەوەو دامەزراندنی سەنتەرێكی هەمە لایەن بۆ كاری جۆراوجۆر، دروستكردنی بنكەی تەندروستی و لە شاری هەولێر، قەزای بنەصلاوە، ناحیەی هەریر كە ئێستا موافەقەی مەبدەئیمان وەرگرتیە، سوپاسیان ئەكەین.

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆخاتوو چنار بۆ ئەو روونكردنەوەیەو ئەو هەمموو پرۆژەیە. فەرموو بزانم نوقتەی نیزامە.

**بەرێز د.شكریە رسول ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەستخۆشی لە وەزیری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان دەكەین، پڕ بە دڵ وەكو لیژنەی مافی مرۆڤ، داوا لەبەرێزیان دەكەین ئەوەی خاڵی یەكەم كە خوێندییەوە، دەربارەی ئەو كارانە ئەگەر نوسخەیەك پێشكەش بە لیژنەكەمان بكەن، زۆر سوپاسی ئەكەین.

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە نوقتەی نیزام نیە دكتۆرە خوا عەفوت بكات، ئەوەلەن سوپاسی خاتوو چنار ئەكەین، دوو مولاحەزە هەیە، یەكەم ئەو وەزارەتە تازەیە، هێشتا یاساكەشیان دەرنەچووە، ئەو ماوەیە كەئیش دەكەن ماوەیەكی كورت بووە، بەڵام من ئەو پرۆژەیە بۆ ساڵی 2007 بە پرۆژەیەكی زۆر باشی ئەزانم، وەعدێكی یەكجار زۆری تێدایە، داوا لە لیژنەكانی پەیوەندیدار دەكەم، لیژنەی تەندروستی و كۆمەڵایەتی، لیژنەی مافی مرۆڤ، لیژنەی پەروەردە، لیژنەی ئاوەدانكردنەوە، بەدوای ئەو ڕاپۆرتەدا بچنەوە، بزانن لەو مانگانەدا چی جێبەجێ دەكرێت، بۆ ئەوەی لەكۆتایی ساڵ دانیشتنێكی تر بكەین، ئەو لیژنانە ڕاپۆرتی خۆیان بنووسن، ئەو وەعدانەی كەدراوە، چی جێبەجێكراوەو چی جێبەجێ نەكراوە، وە هۆی جێبەجێ نەكردنەكەشی چیە، ئومێد دەكەم كەهەمووی جێبەجێ بكرێت، بەڵام ئەگەر جێبەجێ نەكرێ ئەوە ئیلتیزامێكە، وەزارەت بەرامبەر بە ئێوە دەیداتن، بەرامبەر بە كەسوكاری شەهیدان دەیداتن، ئێوەش بەدوایدا بچنەوە، هاوكاریان بكەن، بۆ ئەوەی ئەو پرۆژانە جێبەجێ بكرێن، چونكوم پرۆژەی خۆمانن هی خەڵكە، ئەو وەزارەتە

وەزارەتی هەموو کەسێکە، مادام وەزارەتی شەهیدان وئەنفالکراوەکانە، وەزارەتی ڕای گشتیە، ئەگەر چی داوامان لێکرد موختەسەر بێتن، بەڵام بۆیە ڕێگامان دایەن چونکوم ئەم وەزارەتە تایبەتمەندی خۆی هەیە، زۆر سوپاسی ئەکەم، لەمەودوا فێربووین ئەو وەزیرە بەڕێزانەی کە بانگ دەکەین، وەخت تەحدید دەکەین، نیو سەعات بۆ خۆیان، 20 دەقەش بۆ موناقەشە، ئەگەر وانەبێتن ناتوانین، بۆ ماوەی چارەکە سەعاتێك ئەوەی پرسیارو پێشنیاری هەیە، ئەگەر وابێت تەواو نابێتن بە سێ سەعاتیش یان دەبێت ئیجازە بدەم بە سەرۆك لیژنەکان ئەوان تەنها قسە بکەن، بەڵام پێم باشە وا دەست پێبکەین، ئەگینا وەخت زۆر کەمەو بەش ناکات، سەرۆك لیژنەکان کێ دەیەوێ قسە بکات، دەباشە دەیدەینە سەرۆك فراکسیۆنەکان ئەگەر دوایی کات هەبوو دەیدەینە سەرۆك لیژنەکانیش، سێ کەس پێکەوە نوقتەی نیزامیان هەیە هەرسێك پێکەوە قسەی بکەن کاك تارق فەرموو بابزانین. ئەوەی نوقتەی نیزام نەبێ پێی ئەبڕم داوای لێبوردن ئەکەم.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم باشە سەرۆکایەتی دەستەڵاتی هەیە ئەوەی قسەی بکاتن لەدوو دەقیقە زیاتر نەبێتن، بۆ ئەوەی بوار هەبێت ئەوانی دیش قسە بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزام نەما، دوو دەقیقە ماوە هەیە بۆ قسەکردن، دەیبڕم پاش دوو دەقیقەکە، کاك عوسمان فەرموو،

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەست خۆشی لەچنار خان دەکەین، بەڕاستی بابەتی زۆر باشی وروژاند، بەڵام یەکجار شتی زۆری باسکرد، لە توانانی جێبەجێکردنی وەزارەتێکدا نیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم، چەند خاڵێك بکاتە ئەولەویاتی کارەکانی بۆ ئەوەی لەکۆبوونەوەی داهاتوو لێرە شتێك هەبێت باسی بکەین، یان موژدەیەك هەبێت بیدەین بە کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، خاڵی یەکەم بیخاتە ئەولەوییاتی خۆی مەسەلەی ئامارێکی حەقیقی بۆ بارزانیەکان و ئەنفالکراوەکان بەگشتی، تا شتێکمان لەبەردەست بێ بەڕاستی بزانین کەچەند کەسمان بەحەقیقی ئەنفالکراوە، ئەوە بیخاتە ئەولەوییاتی کارەکەی باشترە، چونکە تا ئەو ئامارە نەبێ ناتوانین بڕیار لەسەر هیچ مەسەلەیەك بدەین لە هەموو مەسەلەکاندا، خاڵێکی تر ئەگەر بکرێت فیعلەن چاوخشاندنەوە، بە موچەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان، ئەگەر بیخاتە ئەولەوییات، بۆ ئەوەی تۆزێك بژێوی ژیانیان و تۆزێك ئەو هەموو ناڕەزاییە کەمێك کپ بکرێتەوە، خاڵێکی تر مەسەلەی نیشتەجێکردن، بەڕاستی باسی ژمارەیەکی کرد لەبەرنامەکەی خۆی، نازانم لەسەر چ ئەساسێك لە پارێزگاکان نیسبەی ژمارەی خانووەکانی دانایە، لەسەر ئەساسی شارە یان، لەسەر ئەساسی ژمارەیە ئەنفال و خەسارەتەکانە،

ئەوە وەكو پرسیار؟ خاڵێكی تر مەسەلەی شەهیدان تەنسیق بكرێت بەڕاستی ئەوە زەرورەتێكە، یەعنی یەكلایی بكرێتەوە، ریزبەندی شەهیدان بكرێت، باسی ئەوەی كرد گۆڕستانێكی نیشتمانی گشتی دروست بكرێت، بەڕاستی كارێكی باشە، بەڵام ئەگەر بەرنامەی واتان هەبوو، دەبوایە بارزانیەكانیش لەو گۆڕستانە بوونایە، ئەوان ئێستا لەدەست چووینە، هیوادارم شتێكی وا بكەن هەمووی بگرێتەوەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەرخی.

**بەڕێز كرخی نجم الدين نورالدين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەگەر جەنابتان قبوڵی بكەن لەبەر ئەوەی، ئێمە زۆر مەعلوماتمان لەسەر مەسەلەی ئەنفال و ئەوانەوە نیە، بەڵام لەمافی مرۆڤ گوڵاڵە خان خۆی، مەلەفێكی گرتووە، من قسەكەی خۆم ئەدەم بەو.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك بەڵێن.

**بەڕێزحمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە پێشنیارەكەی كاك عوسمان ئەكەم، بەڕاستی لە ئەولەوییاتی وەزارەتی شەهیدان وئەنفالكراوەكان، مەفروزە مەسەلەی ئیحصا كردن، سەرژمێری پەلەی لێ بكرێت، چونكە خاتوو چنار بەڕاستی گوناحەكەش بەتەنها هی ئەو نیە، تەئكید لەرۆژی یادكردنەوەی ئەنفال وتی هیچ ئامارێكمان نیە، پەلە بكرێت لەوە، مەسەلەی موچە معالەجە بكرێت، یەك مولاحەزەی ترم هەیە لەسەر مەسەلەی لایەنی یاسایی، ئایا وەزارەتی شەهیدو ئەنفال، بۆ مەسەلەی بەیاساییكردن وناساندنی جینۆسایدی میللەتی كورد چ ئالیەتێكی داناوە، بۆ پەیوەندی كردن بەكۆڕو كۆمەڵە نێودەوڵەتیەكان، ئەگەر نەكرایە، ئایا لەبەرنامەتاندا هەیە، یان نا، بەتایبەتیش ئێستا، مەحكەمەكردنی تاوانباران لەسەر مەسەلەی ئەنفال ئەگەر ئیعدامی ئەوانە بكات، یان هەر سزایەكیان سەبارەت بەوانە بسەپێنێ، لەسەر جینۆساید تەئكید بكاتەوە، وەرەقەیەكی بەقوەتە، بەنیسبەت ئێمە، كە لەكۆڕوو كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەكو مەسەلەی هۆلیكۆستی یەهودیەكانە، مەسەلەی ئەرمەنەكانە، ئیشی لەسەر بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك رۆمیۆ.

**بەڕێز رۆمیۆ حزيران نيسان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی دەستخۆشی لەبەڕێز جەنابی وەزیری شەهیدان وئەنفالكراوان دەكەین، بۆ ئەم ڕاپۆرتە بەپێزەی، كە ئەتوانم بڵێم شتێكی زۆر شامل بوو، دەستخۆشی لێدەكەین، بەخێرهاتنی برا وەزیرەكانی تریش

ئەكەین، من پێم وایە هەرچەند بۆ شەهیدان بكرێت هێشتا هەر كەمە، ئەو بەرنامەیەی كەجەنابی وەزیر باسی كرد، ئەو شتانەی كە ئێمە مانان و خەڵكی كوردستانیش داوای دەكەین وباسی دەكەین بۆ ئەوەی بۆ كەسوكاری شەهیدان وئەنفالكراوەكان بكرێت، بەڵام وەكو ئەوەی كەمن پێم باشە، ئەولەوییات بدرێتە ئەو شتە زەرورانەو ئەو شتە هەنووكەییانە، كە خۆیان بۆ نموونە لەخانوو، یان شوقە بۆكەسوكارییان یاخو زیادكردنی مەسەلەی مووچە بەڕاستی ئەو مووچەی كەئێستا دەدرێت بەكەسوكاری شەهیدان ئەبێ یەكلایی بكرێتەوە، هەمووی سەرتاسەری بێت، یەك مووچە بێت نەك لەشوێنێك لە شوێنێكی تر زیاتر بێت، یاخو كەمتر بێت، هەروەها بایەخێكی زۆریش بدرێت بە كەسوكاریان بەتایبەتی، منداڵانیان ئەوانەی كە لەقوتابخانەكاندان، بەتایبەتی لەقوتابخانە سەرەتاییەكان، خاڵی دووەم شتێكی گشتی بكرێت، جەنابی وەزیریش ئیشارەتی پێدان وەكو گۆڕستانی گشتی یان سەرتاسەری بكرێت، چونكە ئەمە ئیستیفادەیەكی زۆری هەیە، هەم لەناوەوەو هەم لەدەرەوەی كوردستان، بۆ نموونە ئەو گەشتیارانە یان خەڵكی بیانی كەدێنە ناو كوردستان، دەتوانین لەرێگەی ئەم گۆڕستانە، دەتوانن زانیاری تەواو بۆ حەجم وگەورەیی ئەم كارەساتانەیان دەست بكەوێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محمد حكیم.

**بەڕێز محمد حكیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەرەتا سوپاسی جەنابی وەزیر دەكەم، بۆ ئەوكارانەی كەئەنجامی داوە، من بەكورتی چوار خاڵم هەیە، یەكەم/ چنار خان لە سیاسەتی وەزارەتەكەی هەوڵیداوە و تاڕادەیەك سەركەوتوو بووە، لەوەی كە جیاوازی لە نێوان كەسوكاری شەهیدان نەكرێت، ئەوە یەكێكە لەموعاناتی ئێمە وەكو ئەوەی كەنوێنەری چەند سەد شەهیدێك ئەكەین، دووەم/ لەپرۆژەكانی كەباسیكرد، بەرنامەكانی من گوێبیست نەبووم، كە باسی ئەوە بكات ئەو وەزارەتە پرۆژەی چیە، بۆ هاندانی پێكەوە نانی خێزان، سێیەم/ بەكارنەهێنانی سیاسەت لەیادكردنەوەی ئەنفال وشەهیدان و كارەساتەكان كەتوشی گەلەكەمان بووە، من شایەتی بۆخۆیشی ئەدەم، ئاگادارم هەڵوێستی چاكە، لەو مەسەلەدا، بەڵام لەهەندێ جێگا، هەندێ جار یادەكان تەخصیص ئەكرێن، وەكو مینبەرێكی حزبی بەكاردێن، ئەگەر هەوڵبدات ئەوەش بنبڕ بكات، شتێكی زۆر چاكە، سوپاسی ئەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك غفور.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دەمەوێت دەستخۆشی لە چنار خان بكەم، بۆ ئەو بەرنامە تێروتەسەلەی دایناوە، بەڵام بەنیسبەت پارێزگای هەولێرەوە، لێرە لەپرۆژەكە لە هێلكارییەكە، بەڕێوەبەرایەتی مەخموریش هەیە، بەداخەوە تاكو

ئێستاكە لەمەخمور هیچ زەوییەك بۆ بنەماڵەی شەهیدان دابەش نەكراوە، لەو خانوانەی كەدروست دەكرێت یاخود شوقە، هەوڵبدرێتن لە مەخموریش ژمارەیەك دروستبكرێتن، لەبەر ئەوە مەخمور بەهەر سێ ناحیەشیەوە، گوێڕو كەندیناوەو قەراج، بەداخەوە تاكو ئێستاكە بۆ بنەماڵەی شەهیدان، هیچ نەكراوە، ئەوە ژمارەیەكی زۆیش خەڵك خۆتان دەزانن، خەڵكی ئەو ناوچەیە كە پێشمەرگە بوونە شەهید كراون، ئەوە خاڵێك، خاڵێكی تریش مەسەلەی بەجینۆساید كردنی ئەنفال، وەكو بەجینۆساید ناساندن، حەقە ئێمە لەپەرلەمانی كوردستان، لێرە ئەو بڕیارە وەربگرین، ئەگەر ئێمە خۆمان ئەو بڕیارە وەرنەگرین، ناتوانین داوا لەخەڵكی تریش بكەین، كە ئەنفال وەكو جینۆساید بناسێنن، بۆیە دەبێ ئێمە هەوڵبدەین، وەزارەتی كاروباری شەهیدان وئەنفالكراوەكانیش لەبەرنامەی ساڵی نوێیدا ئەوە دەرس بكاتن، لەگەڵ پەرلەمان هەماهەنگبن بۆ ئەوەی ئەو بڕیارە وەربگیرێ بەرەسمی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك خۆرشید شێرە لەجیاتی فراكسیۆنی پارتی.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش وەكو خوشك وبرایان دەستخۆشی لە چنار خان دەكەم، بەرنامەیەكی زۆر موفەسەلیدا، بەڵام من هەندێك ئیقتراحم هەیە، یەكەم/ ئێمە لەو تەجروبەی ناحییەی قانونی و حوكمەتایەتی تەجروبەیەكی نوێیە بەنیسبەت شەهیدان و خانەوادەی شەهیدان، پێشنیاز دەكەم، بەزوویی كە خۆشی شارەزایە، ژیاوە لەگەڵی، وەفدێكی كارەمەی چەند كەسی بنێرێتە ئێران بۆ ئەوەی موئەسەسەی شەهیدی ئێران ببینن، چۆن قانونیەن موعامەلە  لەگەڵ خانەوادەی شەهیدان و هاوڵاتیانی خۆیان دەكەن،  عەیب نیە ئیستیفادەیەكی زۆر زۆری لێدەكرێت لەو مەوزوعە، ئەوە زۆر موهیمە ئەوە بكرێت، بەرنامەكەی زۆر شامیلە، مومكینە وەكو خۆشی نیشانی دا بەساڵێك ودوان وسیان، جێبەجێ نەكرێت هەمووی، بەڵام من سێ نوقتە پێشنیار دەكەم، بۆ ئەمساڵ بیخاتە بەرنامەی كاری، هەمووی دوو دەقیقەكەیە زیاترم ناوێت یەكەمیان، تەئمین كردنی بژێوی ژیانی خانەوادەی شەهیدان وەكو خوشك وبرایان باسیان لێوەكرد، ئیهتیمامێكی باشیان پێبدرێت و رانەوەستێنرێت لەسەر ئەوەی كە تا سەرژمێری تەواو دەبێت، ئەوەندەی لەبەردەستدایە، سەرژمێری، جەنابی سەرۆكی پەرلەمان حكومەت مەسئولە لێی لە 1992وەوە ئیمە مەجالمان هەیە، سەر ژمێری شەهیدان و ئەنفالكراوەكانی خۆمان بكەین، شەرت نیە بەساڵێك و دوو سێ بكرێت، 15 ساڵە نەمانتوانیەوە تەواوی بكەین، گوناحێكی گەورەیە لەسەرحكومەتی دوو پارچەیەكەمان و ئێستاشمان، دەتوانین ئەوە بەرنامەی بۆ دابنێین، بەڵام لەوە موهیم تر ئەوەیە، وەزارەتی شەهیدان وئەنفالكراوەكان، بیتاقەی تەئمین، بیمە بۆ خێزانی شەهیدان بۆ نەخۆشی دروستبكەن، بەخۆڕایی نەك هاوكاری بكرێن، نەك كەم بكرێتەوە، هەموو منداڵانی شەهید، خانەوادەی شەهید، هەرچی پێویستی نەخۆشی هەبێت، بیمەی بۆبكرێت وەرەقەی هەبێت، بیتاقەی بۆ بكرێت بەخۆڕایی چارەسەر بكرێت، ئەوە گوناحە پارە

لەخانەوادەی شەهید بسەنرێت، زۆر گوناحە، بیمەی بۆ بکرێت، وەزارەتی شەهیدان وئەنفالکراوەکان ئەو بیمەیەی بۆ بکات، منداڵی شەهیدیش بۆ خوێندن مەفروزە لەهەموو قۆناغەکانی خوێندن، بەبەلاش بخوێنێت، تەئمینی سەیارەی بۆ بکرێت، حیسابێکی تایبەتی بۆبکرێت، من لەگەڵ ئەوە نیمە قوتابخانەی تایبەت بۆمنداڵی شەهید بکرێتەوە، لە هەمان قوتابخانە بخوێنێت. بەڵام ئیمتیازاتی هەبێ من حەزدەکەم، سوود لە موئەسەسەی شەهیدانی ئێران وەربگیرێت، کە زۆر موهیمە، رجاشی لێ ئەکەم وەفدێك بەزوویی بنێرێت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك باپیر کامەلا.**

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش وەکو برادەرەکانم دەستخۆشی لەبەڕێز جەنابی وەزیری شەهیدان وئەنفالکراوەکان دەکەم، دەربارەی راپۆرتەکەی راستە، ئەوەی چالاکیەکانی ساڵی ڕابردووی، من سەنرجێکم هەیە، ئەوەیە کە زۆر چڕ بووەتەوە لە هەولێر ودەوروبەری دەبوایە، پانتایی زیاتر بگرتبایە، من نازانم هۆکارەکەی چی بووە، باسی جموجۆڵ وچالاکیەکان کرا، کەواتە ئەو شەهیدانەی کەلەناو سنووری هەولێر وتوویەتی سنووری هەولێریش هەر ناو شاری هەولێر دەگرێتەوە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پێشینەی بزووتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کوردستان، چ ئەو شەهیدانەی کەبوون، چ ئەنفالکراوەکان، زۆربەی گوند نشین بوون، لە سەدا حەفتای دەتوانم بڵێم زیاتر، ئەوەی کە بەر تۆپباران کەوتووە، ئەوەی ئێستاش بەر ئەڵغام دەکەوێت، بەر ئاسەواری دوای رژێمیش دەکەوێت، رۆژ بەرۆژ هەر ئەو شوێنانەن، دوور لەشارەکانن زیاتر، بۆیە من پێشنیار دەکەم، بۆ بەرنامەی ئەمساڵ کە بەرنامەیەکی ڕاستە زۆر چڕو پڕ بوو، زۆر هەمەلایەنە بوو، بەڵام ئەوە بودجەیەکی زۆری دەوێت، من تەسەور ئەکەم حکومەتی هەرێم نەتوانێت ئەو بودجەیە دابین بکات، ئەولەوییات وەکو ئەو برادەرانە باسیان کرد، لەوییا پێم باشە، چڕ بکرێتەوە لە چەند خاڵێکدا، یەکەم/ ئامارەکە زۆر گرنگە بکرێت، دووەم/ نیشتەجێکردنیان، سێیەم/ مووچەیان، چوارەم/ کۆکردنەوەو هێنانەوەی تەرمی شەهیدەکان ئەوە بکرێتەوە یەك، ئەو چوار خاڵە ببنە ئەوەلییات، بەڵام لەنیشتەجێکردندا، من پێشنیار دەکەم، نەك لەشارەکاندا ئەوە بکرێت، دوو ئامانج دەپێکین، خانوو بۆ بنەماڵەی شەهیدان وئەنفالکراوەکان، دابین دەکەین، لەلایەکی تریش گوندەکان ئاوەدان دەکەینەوە، ئەوانەی خەڵکی گوند نشینن، لە گوندەکانی خۆیان ئەو خزمەتگوزاریی وخانووانەیان بۆ بکرێت، یان ئەوانە بەپێی شوێنی دانیشتنیان بکرێت، ئەولەوییاتیش بدرێتە ئەوەی رێژەی شەهیدان لەکوێ زۆرە، لەوێ ژمارەکە ئەوە بکرێت، نەك ئەوەی کە بەپێی شار بێت، بەپێی شوێنەکان بێت، بەپێی رێژەی شەهیدان لەکوێ زۆرە، ئەنفالکراوەکان لەکوێ زۆرە، زیاتریش ئاوەدانکردنەوە دوو ئامانج دەپێکین، ئامانجێکیان دیهات ئاوەدان دەکەینەوە، ئامانجێکیشیان ئەوەیە بنەماڵەی شەهیدان شوێنی حەوانەوەیان بۆ دەکەین.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن دوا کەس کاك دیلمان.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان ئامیدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەستخۆشی لە پلانی وەزارەت دەکەم، تەمەنا دەکەم بتوانێتن (70٪) جێبەجێ بکاتن، پێویستە ئەولەوییات لە و کێشانە بێت کە رۆژانە تووشی ئەنفالکراوەکان دەبت، بەتایبەتی لەبەردەمی دادگا ودایەرەی نفوس زۆر زەحمەتیان و بەئەزیەتیان دەبەن، ئەو پرۆژە تەواوبێت، پرۆژەی یاسای وەزارەتەکە، من دەربارەی مەقبەرەی نیشتمانی لەگەڵ ئەوەمەو شتێکی شارستانیەو ڕەمزێکە، مەرجیش نیە هەموو ئەنفالکراوەکان لەوێ بن، مومکینە وەکو رەمز لەهەر ناوچەیەك هەندەکی لێ هەبت، سەکەن تەمەنا دەکەم بەپێی لائیحەیەك بتن، دەوری حزبایەتی ئەوانە کە پێشتر بەکاردەهاتن، پرسیارێکم هەیە لەجەنابی وەزیر، زۆر ئیستیخبارات هەنە، بەتایبەتی لە دهۆك هەنە من دەزانم، بەناوی شەهیدانن، نازانم ئەوانە سەربەوەزارەتن، وەزارەت ئاگای لێیە، چی لە ئەنجام و پارەو، پرۆژەیەك هەیە بەناوی پرۆژەی شەهیدان، ئیتر تابعی وەزارەتن، وەزارەت ئاگای لێی هەیە، چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو پرۆژانە دەکەن ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاستان دەکەم ئەزانن چۆنە، ئاماری گشتی هەموو کوردستانت لایە، فەرموو بەڵام وانەبێ موفاتەعەت دەکەم.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەزانین کەلە ئیدارەی سلێمانی ئامارێك کراوەو مووچە وەردەگرن، بەپێی ئەو ئامارە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موقاتەعەت دەکەم فەرموو دانیشە، ئێمە ئەوە دەزانین تۆ باسی ئاماری ئیدارەی سلێمانی دەکەی، ئێمە باسی هەموو کوردستان دەکەین، نیمانە تۆ باسی ئەنفال دەکەی، ئەنفال هەیە لە هەولێر، لە بادینان، لە شێخ وەسانان، لە بارزان، داخیل نەکراوە، ئێمە ئیتیفاقمان کرد، ناکرێت دەرگا بکەینەوە سێ سەعات هەموومان دەمانەوێت قسە بکەین، هەریەك لە ئێوە دەزانم ئەو مەسەلەیە بەمەسەلەی خۆی دەزانێت، دەیەوێت قسەی خۆی بکات، بەڵام ئەوە بە چوارسەعاتیش تەواو نابێت، خۆتان ئیختیارتان کرد سەرۆك فراکسیۆنەکان، تەعبیر لەهەمووتان دەکات، لیژنەکان رێك نەکەوتین، سەرۆك فراکسیۆنەکان قسەیان کرد تەواو، حەقیان ناخورێتن، ئەنفال ئەوەی ئاماری هەیە، مووچەی هەیە وەریدەگرێتن، ئێمە لێرە دەڵێین ئامار دەکرێتن، خۆ ڕاناوەستین تا ئامار دەکرێتن، مووچەکان ڕابگیرێتن، کێ ئەو قسەیەی کردووە، ئەو مافانەی کەهەیانە هەمووی بەردەوامە هیچی ناگۆڕێت، ئامار بۆ ئەوەیە بەرچاومان روونبێتن، پلانێکمان هەبێتن، داوای زیادی مووچەمان کردووە، پێرێ لەگەڵ حکومەت دانیشتین لێرە، بەڵێنیشی داوە دیراسەت بکرێتن، بەڵام ئەوان

ناتوانن بێ ئەوەی تەختیتێکی عام هەبیتن، میزانیەکە چەن زیاد دەبیتن، لەبەر رۆشنایی ئامارێکی گشتی دەبێ هەبێتن، باسکردنی ئامار لەبەر ئەوە نیە ڕاگرتنی مافەکانی شەهیدان وئەنفالکراوەکان بکرێت هەتا ئامارەکە تەواو دەبیتن، بەناوی نوقتەی نیزام قسە دەکەن ئەگەر وانەبێ دەیبڕم، فەرموو کاك هیوا.

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا سەرەتا حەز ئەکەم بەوە دەستپێبکەم، ئێمە جاری پێشووش پێشێلی مافتان کردین وەك لیژنەی مافی مرۆڤ، لە دانیشتنی رۆژی $4/14$ کە هیچ مەجالتان نەداینێ، ئەبوو ئەو لیژنەیەش کەجەنابتان ڕاتان سپاردبوو بچێت سەردانی ئەو شوێنانە بکات، مەلەفی کیمیاباران و ئەنفال بڕۆیشتایە، لە ناو لیژنەی مافی مرۆڤدا کە ئێمە کەسمان ئاگادار نەبووین بەڕاستی، دەبێ سەرۆکایەتی شتێك لەو بابەتەوە بڵێ ئەوە پێشێلی مافی ئێمەتان کرد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەلەن ئەوە نوقتەی نیزام نیە، مولاحەزەیەکە لەوەختی خۆی بتدایە، ئەوە لە دانیشتنێکی تر ئەبێت جەنابت ئەندامی لەو لیژنەیەدا، بۆ لێپرسینەوە، دەتوانن بچن سەردانی وەزارەت بکەن کەموکورتیەکان ببینن، ڕاپۆرتی خۆتان پێشکەش بکەن، پرسیارەکان ئێمە دەینێرین، بۆ حکومەت بانگهێشتی وەزیر دەکەین لێرە ئەو وەختە حەقی خۆتە، ئەو دوو مولاحەزەیەی کەدات، ئەوە لەبەر رۆشنایی وەزعێك بووە، خەڵکی چەمچەماڵ بەتایبەتی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان، لەداواکایاندا داوای سەردانی سەرۆکایەتی پەرلەمانییان کردووە، یەعنی بۆلای ئێمە بێن، ئێمە وتمان ئێمە وەفدێك دەنێرین بۆلای ئێوە، ئێوە عەزییەت مەکێشن، وەفدەکە من خۆم تەشکیلم کردووە لەبەر رۆشنایی ئەو داواکارییە، پەیوەندیش نەبووە کە مافی مرۆڤە یان شەهیدانە، کاك ئارێز و ژمارەیەکەم تەکلیف کردووە، چونەتە ئەوێندەر دیویانن، بۆئەوەی داواکارییەکانی ئەوان بگەیەنن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕاپۆرتە کەڕاپۆرتی پەرلەمان بووە، چونکە لەسەر تەکلیفی من بووە، ڕاپۆرتی پەیوەندیەکان نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگە درا ڕاپۆرتی مافی مرۆڤ خوێندرایەوە، تەعبیر لەهەمووتان دەکاتن، لەبەر رۆشنایی تێگەیشتنی لیژنەی مافی مرۆڤ بۆ ئەو مەسەلەیە، جا خۆ ناکرێتن بۆچونێکی تۆ فەرز بکرێت لەسەرمان، کاك هیوا فەرموو،

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئێمە ماوەیەکی زۆرە چاوەڕێ ئەکەین، وەزارەتێك بێتە سەر ئەم مەنەسەیەو قسەی لەگەڵ بکەین، بۆیەکەم جارە ئەتوانم بڵێم پەرلەمانی کوردستان ئەم کارە ئەکات، ئێستا نازانم جەنابت بەچ دەستەڵاتێك تەحدیدی ئەوە دەکەیت کە ئەندام لە چەند دەقیقەیەك زیاتر قسە نەکات، وەکێ ئێستا ئەو دەستەڵاتەی دا بەجەنابت، کە بپرسی تەنها کوتلەکان قسە بکەن، بۆیە داوام وایە مەجال بکەیتەوە بۆ قسەکردن، وەزارەتی کارەبا بمێنێتەوە بۆ کاتێکی تر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك هیوا ئەوەش نوقتەی نیزام نەبوو، ئەندامی پەرلەمان ئەبێ نیزامی داخلی باش خوێندبێتەوە، هەندێك مولاحەزە ئەدەن کە ئەنەهوو، تازە هاتوون ویەکەم جلسەیە دانیشتوون، نە نیزامی داخلیتان خوێندۆتەوە نەهیچ، هەموو ئەندامی پەرلەمان قسە بکاتن، نە جلسە بەڕێوە ئەچێتن نە هیچ، ئەی ئێمە لێرە سەرۆکایەت چین، ئێمە تەقدیری دەکەین بۆ ئەوەی کێ قسە بکاتن، زۆر مەسائیل هەیە 80 کەس دەیانەوێت قسە بکەن، دەتوانم رێگا بدەمە 80کەس؟ مانای وایە دانیشتنەکانمان قەت تەواو نابێتن، بۆیە ئێمە لێرەین تەقدیر ئەکەین، مەسئولیەتی ئەو تەقدیرەش هەڵدەگرین کێ قسەی بکاتن، یان دەبێ تەقدیری ئەوە بکەین قسەکان دووبارە نەبێتەوە، یان سەرۆك فراکسیۆنەکانن قسە ئەکەن، ئوسوڵی دونیا وایە، یان لیژنەکان قسە ئەکەن، ئەگەر زۆر بڵێتن، ئەگەریش کەم بڵێتن، یان مەسەلەیەکی زۆر گرنگ بڵێتن، حەقی ئەوەی هەیە چوار دانیشتنی لەسەر بکەین، تا تەواوی بکەین، قانونی وەبەرهێنان چونکە قانونێکی گرنگ بوو بەچوار رۆژ تەواومان کرد، قانونی دژە تیرۆر کە زۆر گرنگ بوو هەمووتان قسەتان تێداکرد، بەڵام ئەمە دانیشتنێکی گفتوگۆیە، خۆمان وتمان هاتووە بەرنامەی خۆی شەرح دەکاتن، بۆ 2007 مولاحەزات 10 کەس سەرۆك فراکسیۆنەکان تەعبیر لەهەمووتان ناکەن؟ هەرکەسەو مەفروزە کوتلەکەی خۆی تەعبیری لێ بکاتن، خۆ دادەنیشن کۆبوونەوەی دەکەن، سیاسەتی خۆتان باس دەکەن، سەرۆکی فراکسیۆنەکەت کەقسەی کرد، مانای وایە تەعبیر لە هەموو ئەندامانی فراکسیۆنەکەی دەکات، کاك محمد حکیم قسەی کرد تەعبیر لە6 ئەندامی کۆمەڵ دەکاتن، کاك خۆرشید قسەی کرد تەعبیرلە ئەندامانی پارتی دەکات، کاك عوسمان قسەی کرد تەعبیر لەئەندامانی یەکێتی دەکات، ئیلا ئەگەر شتێکی زۆر هین هەبێت بەنوقتەی نیزام پێمان بڵێن بەسەرچاو، بەڵام ناکرێتن لەهەموو دانیشتنێکدا، لە هەموو پرسیارێکدا، لەهەموو نوقتەیەکدا، هەموومان قسە بکەین، خۆ من ئەزانم هەمووتان ئەتانەوێت قسە بکەن، بەسەرچاو فەرموو تۆش حەقی خۆتە بەڵام دەستت بڵند نەکرد.

**بەڕێز نسرین محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێر هاتنی چنار خان ئەکەین، دوو پرسیارمان هەیە، جوابم بداتەوە داوای لێ ئەکەم، یەکەمیان لەسەر مووچەیە، هەندێك کەس هەیە لەسلێمانی کە مەعاشەکەی وەرئەگرێت، ئەڵێن هی شەهیدانەکەی ئەبڕێت، لەبەر ئەوەی مووچەیەکی تری هەیە، ئەمە خاڵێکم خاڵێکی تریشم لەسەر ئەو زەوییانەیە کە ئێستا تەوزیع کراون، ئێمە لەساڵی 94 – 95 لە سلێمانی زەوی دابەش کراوە بەسەر ماڵە شەهید دا، بەڵام تا ئێستا وەکو خۆی ماوەتەوە، نە ئەتوانێت بیکات بەخانوو نە مونەزەماتیش یارمەتی ئەیات چونکە لە ناوەوەی شارە، ئەگەر لەدەرەوەی شار بێت مونەزەمات هەندێ خانووی بۆ ماڵە شەهید کردۆتەوە، بەس ئایا ئەمەش لەبەرنامەی کارتانایە کە ئیشێك بۆ ئەوانیش بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەگەڵ ئەو هەموو قسانەش كەكردمان هەر ئەندامێكی پەرلەمان، بۆی هەیە بەڕاپۆرت مولاحەزاتی خۆی بنووسێت بۆ وەزارەت، تەعلیق بداتن لەسەر ئەو بەرنامەیە، لەسەر ئەو قسەیە، نیشانی بیروبۆچوونی خۆی بكات، موقتەرەحاتی خۆی تەقدیم بكاتن، بۆ دەوڵەمەند كردنی ڕاپۆرتی وەزارەتی مافی مرۆڤ، تەواو نابین ئەگەر وابێت، ئەوە شەهیدانە، مافی مرۆڤە، هەڵەبجەیە، بارزانە، شێخ وەسانانە، بادینانە، یەعنی ناكرێت نا، ئەو ڕاپۆرتە داومانەتە چوار لیژنە، بۆ دیراسەتكردنی، دەتوانن ئەو لیژنانە ڕاپۆرتی خۆیان، بەتێرو تەسەلی بنووسن، بۆ سەرۆكایەتی، ئەگەر ئیجابی كرد جارێكی تر ئەو وەزیرە بانگ ئەكەینەوە ئێرە، یاخود بەنامەیەكی رەسمی ئاراستەی دەكەین دەڵێین، رەچاوی راپۆرتەكە بكە، بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە، جگە لەو قسانەی كەكرا، ئەو لیژنانەی كەپەیوەندیدارن، ئاماژەم پێكرد، دیراسەتی بكەن، كە هەر لیژنەیەك هەشت، نۆ، دە، دوانزە ئەندامی تێدایە، رەئی خۆیان بدەن ڕاپۆرتەكەیان حازر بكەن، بیدەنە ئیمە، ئێمە ئەگەر لێرە ئیجابی كرد، موناقەشەی ئەكەین یان ڕاپۆرتەكەی بۆی دەنێرین، ئێستا ریگە دەدەمە خاتوو چنار بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پێشنیارانە بداتەوە لەگەڵ رەچاوی یەك شت بكە خاتوو چنار، هەندێك مولاحەزەی ئەو برادەرانەی كە قسەیان كرد، ئەویش دانانی نەخشەیەك بۆ زیادكردنی مووچەی كەسوكاری ئەنفالكراو، ئەوە هەم پەرلەمان داوای كرد، هەم حكومەت وەعدی داوە، دەبێ لەبەرنامەكەشدا، ئیشارەتی پێبدەی كە لە 2007دا هەوڵی ئەوە دەدەین بۆ ئەوە، ئینجا ئەتوانین باسی ئامار بكەین، بۆ ئەوەی لەگەڵ قسەكانی سەرۆكی حكومەت و داواكارییەكانی پەرلەمان بگونجێت، فەرموو.

**بەڕێزچنار سعد عبدالله/ وەزیری شەهیدان وئەنفالكراوەكان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ ئەو هەموو حەماسەتەی كە ئەندامانی پەرلەمان هەیانە،دەیانەوێت بەشداربن، تەئكیدم ئەوە دڵسۆزی ئەوان دەگەیەنێ بۆ قەزییەكە، هەموویان دەیانەوێت قسەبكەن، بەڵام داوایان لێ ئەكەم هەر پێشنیارێكیان هەیە، یان هەر مولاحەزەو تێبینییان هەیە لەسەر بابەتەكان، دەرگای وەزارەت كراوەیە، ئەگەر سەردانمان بكەن وبماندەنێ لێرۆكانێ، یان لەدەرەوە، ئێمە حەتمەن لەبەرچاوی دەگرین وكاری لەسەر دەكەین، با لەحەماسەتەكەی گوڵاڵە خان دەست پێبكەم كەدەڵێت ژمارەمان هەیە، تەبعەن باش كردنی یان ئامار یان ژمارەی مووچە، ئەوە برادەران دووبارە بوو ئێمە باسمان كردیە، ئێمە پرۆژە یاسامان لەبەر دەستەو لە پەرلەمانی كوردستانە، كە ئەو یاسایە دەرچوو، لەوێدا دەقێك هەیە كەپێداچوونەوەیە بە مووچەی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان بەتایبەتی، هی شەهیدانیش حەتمەن گۆڕانكاری تێدا دەكرێت، ئەو پرۆژە یاسایە كە دەرچوو، ئەو مەسەلەیە حەسم دەبێت، خودی سەرۆكی حكومەتیش لێرەدا ئەو بڕیارەی داوە، بەڵام لەمەسەلەی ئامار، بەڵێ من موتەئەكیدم كە ئامار هەیە، لە گەرمیان، لەو شوێنانەی كەپێشتر لەئیدارەی سلێمانی هەبوو، بەڵام ئەو ئامارە چەندە، ژمارە كافی نیە، ئێمە دەمانەوێت لەو ژنە ئەنفالانەی

كە لەوێن چەندیان نەخۆشن، چەندیان کار دەکەن، چەندیان خوێندەوارن، چەندیان خانوویان هەیە، چەندیان زەوییان وەرگرتووە؟ ئەو جوزئیاتە نیە، هەبوونی ژمارە کافی نیە، موتەئەکیدم ئەو وردەکارییانە نیە، جگە لەوە ئێمە باسی 182 هەزار دەکەین، گوڵاڵە خان دەزانێ ئێمە چەند مەعاش خۆرمان هەیە، لە هەموو کوردستان 13 هەزار لە خانەوادەی ئەنفالکراوەکان مەعاش وەرئەگرن، لە 182 هەزار، ئایا پێت وایە ئەو ئامارە دروستە، خەڵکێك هەیە دێتە لای ئێمە گلەیی دەکەن، هەندێك هەن لەدەرەوەی کوردستانن، ئێستا خەڵك هەیە لە ئەمریکا هاتووە ئەڵێت من کوڕە ئەنفالم ناوم لەو قایمەیەدا نیە، لەبەر ئەوە پێویستە، ئێمە ئیعتیماد لەسەر ئەو ئەرقامانە دەکەین کە بەدەستەوە هەیە، ئەوە خزمەتمان دەکات، بناغەیە، بەڵام ئەبێ ئامارێکی شمولی وردو دەقیق و زانستی بکرێت لەسەرتاسەری کوردستان، زەرەری نیە ئەگەر بیکەین، ئەوە قەت رێگریش نیە لەبەردەم ئەوەی ئێمە مەعاشی ئەوان چاك بکەین، یان ئێستا خزمەتی ئەوان بکەین، بووەستین تا ئامار ئەکەین، هەندێك ئەساسیات هەیە مەسەلەی قانونە، مەسەلەی مەعاییرە، ئێمە دایدەڕێژین، ئینجا ئەو ئامارەش حەتمەن ئەنجامی دەدەین، لە ئایندەیەکی نزیك، دێمە سەر مەسەلەیەکی تر کاك عوسمان بانی مارانی باسیکرد، کارەکان زۆرن، بەڵێ کارەکان زۆرن ئەگەر کەمبا هەر خودی بەڕێزتان وخەڵکێك لەدەرەوە دەیگوت کەمن، لەبەر ئەوەی تۆ باسی ژیان ئەکەیت، ژیانی کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر مەحروم و رەشو رووت، کە ئێستا چاوەڕوانی هاوکارییە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، بۆیە ئێمە ئەڵێین زۆرن و سەختە جێبەجێکردنیان، بەڵام هەوڵی بۆ ئەدەین، شەرتیش نیە هەمووی جێبەجێ بکەین، لەئایندەیەکی نزیك جێبەجێ ناکرێت، ئەوە هیچ شتێك موستەحیلات نیە، یان موتڵەق نیە ئەگەر هەموومان هاوکار بین بەتەئکید جێبەجێ ئەکرێن، ئەوە ئامار بەتەئکید جێبەجێی ئەکەین، ژمارەی خانووەکان مولاحەزەکانتان بەجێیە، پێداچوونەوە ئەکەین، قبوڵمانە، لەسەر مەسەلەی گۆڕستانی هاوبەش و باسی بارزانیەکان کرا، بەڵێ بارزانییەکان هەموویان نەهاتوونەتەوە، 8000 هەزار بارزانی بوون، تەنها 500 تەرم هاتووەتەوە، ئێستا، ئەوانی تر جارێ چارەنووسیان دیارنیە، بۆیە دەکرێ وەکو کاك دیلمان ئیشارەتی پێکرد، وتی مەرج نیە هەمووشیان ئەسڵەن مەرج نیە هەموویان بدۆزرێنەوە، لەو مەرحەلەیە هەندێك لەگۆڕەکان دۆزراونەتەوە، رەنگە هەمووی تێدا نەبێ، چونکە باس لە 182 هەزار دەکەین، هەندێکیان مەسیریان بەنادیاری دەمێنێتەوە، بەڵام ئەوەی کە دەدۆزرێتەوە هەوڵدەدین بیانگەڕێنینەوە، ئەوەش لەبیر نەکەن ئەوەش پابەندە بە رەوشی ئەمنی لە عێراق، چونکە کەس ناوێرێت بچێتە بیابانەکانی جنوب، ستافێك ئیش بکات لەسەر ئەوە، چونکە موتەئەکید بن لەوێ تیرۆریستان، تیرۆریان دەکەن، بۆیە دەبێ چاوەڕوان بین، تا رەوشی ئەمنی لەوێ چاك بێت، ئەوە قۆناغێکە، تەئریخێکە، رەنگە ئێمە دەڕۆین و نەوەیەکیش دەڕوات، ئەوە بەبناغەی کار کردن دادەنێین و کاری لەسەر دەکەین، بۆ ئەوەی نەوەکانی دی بەردەوام بن لەسەری، کاك بەڵێن باسی سەرژمێری کرد کاك بەڵێن، هەر مەسەلە تەئکید کردنەوە بوو لەسەر سەرژمێری، مەسەلەی جینۆساید کردن من نامەوێت قسە لەسەر قانون بکەم، چونکە ئەو رێگەیە بەخۆم نادەم من پرۆفیشناڵ نیم لە مەجالی قانونی، لە حزوری برادەرانی یاسایی،

بەڵام بەجینۆساید کردن، ئێمە لەزانیارییەك بێ ئاگاین، من لەگەڵ ئەو برادەرە پارێزەرانەی کەدەچنە مەحکەمە دانیشتم، باسی بەجینۆساید کردنم کرد، ئەمە بەجینۆساید ناسراوە، لەبەر ئەوەی تۆمەتەکە کە تەقدیمی مەحکەمە کرایە، وەکو جینۆساید تەقدیم کرایە، مەحکەمەش قبوڵی کردیە، لەبەر ئەوە، ئەوە مەسەلەیەکی مونتەهییە، جینۆسایدە، مەحکەمە قبوڵی کردیە، بەڵام ماوە حدوودەکان بشکێنین، بیبەینە دەرێ، لەسەر مستەوای نێودەوڵەتی قسەی لەسەر بکەین، ئەوە بەرنامەی ئێمەیە، کە باسمان کرد کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی دەبەستین، ئەوە هەنگاوەکە بۆ ئەومەبەستەیە، ئەوەش بەشێکە لەخەباتی تۆ درێژە دەکێشێت و بەردەوامە، کاك رۆمیۆ تەئکید بوو لەسەر ئەو قسانە، کاك محمد تەئسیس نەکردنی، یادەوەرییەکان، کاك محمد حەتا ئەو دەمەی یادەوەرییەکان لەژێر سەرپەرشتی  وەزارەت وحکومەت بێت دڵنیابە لەوەی نایەڵین لە مەسەلەی کوردستانیەکە زیاتر بڕوات بەرەو لایەکی کە، بەڵام کەکەوتە دەست هەر حزبێك، هەستا بەیادەوەرییەکان، ئێمە ناتوانین تەدەخول لە کارەکانیان بکەین، بە تەئکید حزبێك ئەیکات، بۆیە بەلای حزبەکەدا دەشکێتەوە، بەڵام ئەوەی کەلەسنوری ئێمەیە، ئێمە کوردستانیانە ئیش دەکەین، نەك مەسەلە حزبایەتیە تەسکەکە، دیسان کاك غفورمەخموری باسی جینۆسایدی کرد، هەر عەینی وەڵام کاك خورشید شێرە هەموو مولاحەزەکانت بەجێیە، ئێمە ئەو هەنگاوە لەبەرنامەماندایە، بژێوی ژیانیان، بیتاقەی بیمە، هەموو ئەوانە ئیعتیماد دەکاتە برادەران لەبیرمە بەرێزان خوشکان، کە مەسەلەی ماددی زۆر موهیمە بۆ ئێمە، تا بتوانین ئەو پرۆژەیە جێبەجێ بکەین، بەس بودجەی کە تەقدیممان کردیە، رەفەمێکتان بدەمێ 772ملیارو شەش سەدو نازانم چەند ملیارە ئەوە بەس بۆ ئەو پلانەی 2007 بۆ ئەو پرۆژانە تەقدیممان کردیە، لەگەڵ مەعاشات بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، جا ئایا پێتان وایە ئەو بودجەییە، تەئمین دەکرێ یان نا، مەسەلە مالییەکە زۆر گرنگە، کاك باپیر زۆر لەهەولێر چڕبوویتەوە، وەڵڵا نازانم داوای لێبووردن ئەکەم، ئەوەلەن هەوڵمان دایە، شمولی بێت هەموو سەرتاسەری کوردستان بگرێتەوە، چونکە ئەو وەزارەتە تەنها هی هەولێر نیە، وەزارەتی هەموو کوردستانە، دووەمین رەنگە سەبەبێك هەبێت لەوەی کە جەنابت ئەو مولاحەزەیەت کردبێ، لەبەر ئەوەی کە وەزارەت تەشکیل بوو، سەرەتا دیوان تەشکیل بوو، موەزەفینی دیوان تارادەیەك تەواو بوون، بەڵام ئێمە هەتا ئێستا، بەئاگاداری جەنابتان مودیر عامی دهۆکمان دیار نیە، مودیر عامی هەولێرمان نیە، بەڕەسمی هەتا ئێستا، موەزەفمان نیە لەزۆر لە بەڕێوەبەرایەتیەکان، هەتا ئێستا لەبۆمان دیاری نەکرایە، یەعنی زۆر لەبەڕێوەبەرایەتیەکانمان تاکو ئێستاکە نەیانتوانیوە چالاکیەکانیش یادی بارزانیەکان کراوە، لە بارزان هەوڵماندا یادەوەرییەکان زۆری لەسەرتاسەری کوردستان بێ شەرت نیە، خۆمان راستەوخۆ لەوێ بووبین، لەگەڵ گەرمیان ئیتصاڵمان هەیە، پێمان گوتوون لە کەلار لەوێ لە 4/14 بەرنامە بکەن، ئێمە هاوکاریتان دەکەین، هەڵبجە پێمان گوتوون بەرنامە بکەن ئێمە هاوکاریتان ئەکەین، دەعمی ماددی ، مەعنەوی، یەعنی بەو شێوەیە ئێمە هەوڵمان دایە، کارەکانمان زۆر فراوان بی، تیمی نەقال، گروپی نەقالمان دروست کردیە، سەردانی ناوچەکانی تری کوردستانی کردیە، لەوەی موتەئەکید بە و لەبەرنامەشماندا هەیە، یەك

**نوقتە ئێمە لە کوردستان فەرامۆش نەکەین، کاك دیلمان بەداخەوە خۆزگە ئەو ئیستسماراتەی کەباسی دەکەی، لە هەردوو ئیدارە ئەوەی بەناوی شەهیدان کرایە، هەردوولا پێشکەشی ئێمەی بکەن، ئەوە خزمەتێکی زۆر گەورەیە، بەڵام زۆربەیان حزبین، وەزارەتی شەهیدان وئەنفالکراوەکان هیچ پرۆژەیەکی ئیستیسماری نیە، ئێستاکە، ئامار، دیسان ئامار بەتەئکید ئەوە جێبەجێ ئەکەین، نەسرین خان باسی باشکردنی مووچەی کرد، ئەوە باش دەکرێت، یاساکە چارەسەری دەکات، زەوییەکان بکرێنە خانوو، ئەوە پرۆژەی ئێمەیە، تەئکیدیشی لەسەر ئەکەین ئێوەی ئەندام پەرلەمانیش هاوکارمان بن، بۆ ئەوەی ئەو پرۆژەیە سەربکەوێت، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

**زۆر سوپاس بۆ روونکردنەوەکەت، قسەکانی چنار خان و ئەوراپۆرتە بۆ ئەم لیژنانەی خوارەوە دەنێردرێن، مافی مرۆڤ، تەندروستی و کۆمەڵایەتی، پەروەردە، ژنان، ئاوەدانکردنەوە، هەر لیژنەیەکی تریش کە بۆخۆی کۆدەبێتەوە، پێی وابێ کە دیراسەتی بکاتن، بۆی هەیە، دیراسەتی بکاتن و ڕاپۆرتی خۆی بنووسێ، بەڵام ئەم لیژنانە بە تەکلیف داواکراون کە ڕاپۆرتیان بنووسن، ئێمە سوپاسیان ئەکەین،سوپاسی خاتوو چناریش ئەکەین، بەڵێ کاك عوسمان بانی مارانی  نوقتەی نیزام بزانین چیە.**

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**دیارە من باسی ئەوەم نەکرد کە زۆرە ئەو پرۆژە ، وتم ناتوانێت جێبەجێی بکات، بەڵکو هەندێ شتی ئەوەلی جێبەجێ بکاتن، نەك زۆرە، دە ئەوەندەش بکات بۆ شەهیدان هێشتا هەر کەمە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس، دوێنێ نوقتەیەکی نیزامی تاریخیت وت، مانای وانیە هەموو رۆژێ هەر تأریخی بڵێیت، بەڵێ جوابی مەخموریشت نەداوەتەوە دەبێ مەخموریش داخڵ بکەی.**

**بەڕێزچنار سعد عبدالله/ وەزیری شەهیدان وئەنفالکراوەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**تکا دەکەم بەبەردەوامی وەرەو بەبیرمان بخەرەوە تا ئیش بۆ ئەوێش بکەین.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەگەر نوقتەی نیزام نەبێت ئەیبڕم.**

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**نوقتەی نیزامە، ئەویش ئەوەیە بۆ ئایندە ئەگەر هەر وەزیرێك هات، یان سەرۆکی فراکسیۆنەکان ڕاپۆرتێکیان هەبێت، دوای موناقەشەی فراکیسۆن لێرە تەرحی بکات.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئیقتراحە نوقتەی نیزام نیە، بەخوا ئەبێ دانیشتنێك بکەین شەرحی نوقتەی نیزام بکەین، پێم وایە بۆ ئەوەی ئیستیغلالی نەکەن، هەمووتان ئیستیغلالی ئەکەن بۆ وتی ڕەئی، سوپاسی خاتوو چنار ئەکەین و سوپاسی ئێوە دەکەین و فەرموو بۆ جێگای خۆت، داوا لەکاك وشیار ئەکەین وەزیری کارەبا بێت بۆ پێشکەش کردنی بابەتەکەی خۆی.

**بەڕێز هۆشیار عبدالرحمن سیوەیلی/ وەزیری کارەبا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، خۆشحاڵم کە بۆ جاری دووەم لێرە کۆئەبمەوە، لەگەڵ ئێوەی بەڕێز، وەباسی کێشەو گرفتەکانی کارەبا ئەکەین، هیوادارم تەحدیدی وەقت کەجەنابی سەرۆکی پەرلەمان باسی کرد، لەکۆبوونەوەی داهاتوو دەستی پێ بکات، ماوەمان بدات کە ئەمڕۆ بەتێروتەسەلی باسی کێشەی کارەباو پلان و بەرنامەکانی وەزارەت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە لەداهاتوودا، من لەڕاپۆرتەکەی خۆما باسی چالاکیەکانی کارەبا ناکەم، چونکە بەڕاستی وەختێکی یەکجار زۆری ئەوێت، رەنگە تەنها ئاماژە بەو پرۆژە گرنگانە بدەم کە وەزارەت ئێستا جێبەجێی ئەکات یاخود لەداهاتوویەکی نزیکدا بەتەمایە جێبەجێیان بکات، باسەکەی ئەمرۆی من لەدەخاڵ پێك هاتووە، حەزەکەم بۆتانی بخوێنمەوە.

1- من باسی بارودۆخی ئێستای کارەبا ئەکەم.

2- باسی بەرهەمهێنانی کارەبا، زائیدەن ئاستی ئاوی بەنداوەکان کە پەیوەندیەکی راستەوخۆی هەیە بەبڕی ئەوە کارەبای کە لە هاویندا بەتایبەتی بەرهەمی دەهێنین.

3- باسی کارەبای تۆڕی عێراق ئەکەم.

4- کارەبای تورکیا.

5- کارەبای ئێران.

6- سیاسەت و ستراتیژیەتی وەزارەتی کارەبا لە داهاتوودا.

7- پلان و بەرنامەکانی وەزارەتی کارەبا.

8- ئەو پرۆژە گرنگانەی لە ژێر جێبەجێکردندان.

9- نرخی کارەبا.

10- بنەمای جێبەجێکردنی بەرنامەکانمان.

یەکەم:- بارودۆخی ئێستای کارەبای کوردستان، شتێکی ئاشکرایە کەبارودۆخی کارەبا، ئێستا خراپە، ژێرخانی کارەبا لەهەرسێ بوارەکەی بەرهەمهێنان، گواستنەوە، دابەشکردن، لاوازو شپرزەیە، هۆکاری ئەم بارودۆخەش زۆرن، بەڵام من چەند خاڵێك لێرەدا ئەخەمە ڕوو، هەموومان ئەزانین کەرژێمەکانی پێشووی عێراق، بەدەستی ئەنقەست کوردستانیان پشتگوێ خستووە، ئەوەی ژێرخانی گرنگی کوردستان بێت، هەر پرۆژەیەك کەپەیوەندی بەژێرخانەوە بێت، بەتایبەتی پرۆژە ستراتیژی و گرنگەکان لەلایەن حکومەتی عێراقی پێشووەوە جێبەجێ نەکراوە لەکوردستان، من تەنها نموونەیەك ئەخەمە روو، ئەوەی کەپەیوەندی

به بەرهەمهێنانی کارەباوە هەیە، لە سێ پارێزگای سەرووی عێراق، کە موصل تکریت، کەرکوکە، 15 وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا هەیە، ئەم 15 وێستگەیە لەتوانایاندا هەیە (4)هەزار مێگاوات کارەبا بەرهەمبهێنن، بەڵام لەسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان، تەنها دوو وێستگە هەیە، کە ئەوانیش وێستگەی دووکان ودەربەندیخانن، کە توانای بەرهەمهێنانیان بەموعەدەل 260 مێگاوات کارەبایە، هەمووشمان دەزانین دروستکردنی ئەم دوو وێستگەیەش ئەم دوو سەدەش لەبەرخاتری کوردو کوردستان نەکراوە، لەبەر مەبەست و مەرامی سیاسی لەساڵانی 50 کان و وێستگە کارەباییەکان وئەوانەی کەپەیوەندی بەکارەباوە هەیە، لە 80 کان و 70کان دروست کراوە، بەڵام خودی سەدەکان لەبەر کۆنترۆڵی لافاو و لەبەر خزمەتی ناوچەکانی تری عێراق دروستکراوە، واتە بۆ هەرێمی کوردستان دروست نەکراوە، لەبواری گواستنەوە وەزعمان لەبواری بەرهەمهێنان خراپترە، ئێمە پێویستیمان بەچەندین وێستگەی ناوەندی هەیە بۆگۆڕینی ڤۆڵتیە و دابەشکردنی کارەبا، لە هەولێر پێویستیمان بەزیاترلە 10 وێستگەی دابەشکردن و گۆڕینی ڤۆڵتیە هەیە، لە پارێزگای هەولێر 3 وێستگەی گەورەمان هەیە، سێ وێستگەی( 132 - 33- 11 )مان هەیە، کە یەکێکیان وێستگەی ئازادی پێ ئەڵێن، ئەوی تر وێستگەی سەرووی هەولێر، ئەوی تر وێستگەیەکە لە صلاح الدینە، بێگومان یەکەم سەر بەرنامەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، ئەوانەی لە بەڕێزتان کەلە هەولێر ئەژین ئەزانن، ئێمە گلەییەکی زۆرمان هاتە سەر، کە نەمانتوانی لەمانگەکانی ڕابردوودا لەکاتی خۆی کارەبا دابەش بکەین، پرسیارێکی زۆر لەو بارەیەوە کراوە، ڕاستە چونکە سیستەمی دابەشکردنی کارەبای ئێمە، نەبوونی وێستگە ناوەندیەکان لەبەر هیلاکی وپەرێشانی تۆڕەکانی دابەشکردن، لەبەر ئەو گوشارە زۆرەو لەبەر ئەو قورساییە زۆرەی کەخرابوویە سەر سیستەمی کارەبا، لە مانگەکانی زستاندا، ئێمە نەمانتوانی تاکاتی پێویست کە 12ی شەو ئەکات، کارەبای سەرەکی ئەو چەند سەعاتە کەمەی کە هەیە، دابەش بکەین، چونکە هەموو محاویلەکانمان ئۆڤەرلۆ دەبوو، کەمحاویلە ئۆڤەرلۆ بوو بێگومان فیدەرکان ئۆڤەرلۆ دەبن، کە فیدەر ئۆڤەرلۆ بوو دەکوژێتەوە،یەعنی ئەمە مەسەلەیەکی تەکنیکیە، تەنها بەزیاد کردنی ژمارەی وێستگە ناوەندیەکان چارەسەر دەکرێت، بەڕاکێشانی فیدەری زیاتر چ 33 بێت چ 11 کەیڤی بێت، لەوێستگە ناوەندیەکان چارەسەر دەکرێت، بەس کاتێك وێستگەی ناوەندیت نەبێت، ژێرخانی کارەبا کە وێستگە ناوەندی بەشێکە لەو ژێرخانە، لاوازو شپرزە بێت، مەحدودیەت وسنووردارێەتی وەزارەتی کارەباش ئەبێ دیار بێت، تەنها نموونەیەك لە مانگەکانی زستاندا لە دهۆك کارەباش هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی سیستەمی دابەشکردن لاوازە، زیاد لە 350محاویلە سوتاون لەوێ، یەعنی هەر فریای ئەوە ئەکەوتین کە محاویلە چاك بکەینەوە، یاخود محاویلەی نوێ بکڕین، بۆ ئەوەی کە بتوانین ئەو کارەبایەی کەهەیە دابەشی بکەین، لەماوەی حوکمڕانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە لە ساڵی 1992 دەستپێدەکات بەتایبەتی تا سەرەتای ساڵی 2004، دیسانەوە باری ئابووری کوردستان ئێمە هەموومان لەبەرچاومانە بەتایبەتی ئەوانەی کە لە کوردستان ژیاون، کە میزانیەی ئێمە سنوردار بووە، ئەوە نەبووە کە بتوانین وەبەرهێنانێکی باش لە ژێرخانی ئابووری کارەبا و ژێرخانی ئابووری کوردستان بەگشتی

بکەین، دیسانەوە نەبوونی سووتەمەنی تا ئەم کاتەش کەمن قسە ئەکەم، گرفتێکە لەگرفتەکان، نەبوونی سووتەمەنی، دابینکردنی سووتەمەنی بۆ وێستگەکانی کارەبا، گرفتێك بووە لەو گرفتانەی کەلەساڵانی ڕابردوو بووەتە هۆی ئەوەی کە نەتوانرێت چارەسەری گرفتی کارەبا بکرێت، هۆکارێکی تر کە ئێمەو ئەم بارودۆخە کە وای کردووە کارەبا وەکو پێویست نەبێ و دابەش نەکرێت، حەزەکەم ئاماژەی پێ بکەم، هەرزانی نرخی کارەبایە، کارەبا بەڕادەیەك هەرزانە، کە هیچ کەسێك دەست بە بەکارهێنانی کارەباوە ناگرێت، کارەبا بەخۆڕاییە، ئێمە نرخێکی ڕەمزیمان لەسەر فرۆشتنی کارەبا داناوە، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ئەو نرخە نابێتە هۆی ئەوەی هاووڵاتیان ئیقتیصاد بکەن لەبەکار هێنانی کارەبا، خاڵێکی تر ئەوەیە کە داخوازییەکان یەکجار زیاد بوون، بەتایبەتی لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوو، لەبەر بووژانەوەی ئابووری کوردستان، لەبەر بەرزبوونەوەی باری ئابووری خەڵکی کوردستان، خەڵك پێویستی زیاتری بەکارەبا هەیە، ئامێرەکانی کارەبا گەلێك زۆر بوون، بەتایبەتی ئەو ئامێرانەی کە کارەبا زۆر بەکار ئەهێنن، ئەوانەی کەپێیان ئەوترێت سپلیت، ئەوانەی کەپێیان ئەوترێت ئامێری تر، بەڕادەیەکی بەرچاو ژمارەیان زیادی کردووە، کەئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی کارەبا زیاد سەرف بکرێت، یان زیاد پێویست بێت لەکاتێکدا سەرچاوەکەت مەحدودەو دیارە، هیچ زیادییەك لەبەرهەمهێنانی کارەبا نەکراوە، دیسانەوە نەبوونی سووتەمەنی بەتایبەتی گازوایل، لە ساڵی ڕابردوو بووەتە هۆی ئەوەی کە ئێمە 200مێگاوات مەحەتاتی گازوایلمان هەیە، لە سلێمانی و لە هەولێر ولە دهۆك، نەمانتوانیوە وەکو پێویست ئیستیفادەیان لێ بکەین، چونکە گازوایل دەست ناکەوێت وئەوەشی هەیە کەگرانە، بەکەڵکی ئەوە نایەت کەلە بەرهەمهێنانی کارەبا کەڵکی لێ وەربگیرێت، حەز ئەکەم هەندێك زانیاری لەبارەی ئەو بڕە کارەباییەی کەلەمانگەکانی ڕابردوو بەتایبەتی ئەمساڵ، لە سێ مانگی ڕابردوو لەمانگی یەك ودوو و سێ، لە وێستگەکانی دووکان و دەربەندیخان، بەرهەمهێنراوە، بیخەمە بەردەم جەنابتان، لەمانگی یەك ئێمە 75 مێگاوات کارەبا لە مانگی دوو 68 مێگاوات کارەبا لە مانگی سێ 39 مێگاوات کارەبا بەرهەمهێنراوە، ئەگەر مولاحەزە بکەن 39 مێگاوات کارەبا لەمانگی سێ زۆر کەمترە لەمانگەکانی پێشووتر، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە کەمترین یەکەی بەرهەمهێنان لەو دوو وێستگەیە ئیش پێ ئەکەین بۆ ئەوەی بتوانین ئاو خەزن بکەین بۆ وەرزی هاوین، ئێستا حالیەن دوو یەکە ئیش ئەکات یەکێ لەدووکان، یەکێ بە دەربەندیخان، لە سەعات 7/30 ئێوارە بۆ 1/30 شەو، دیسانەوە مەبەستەکەمان ئەوەیە کە ئاو خەزن بکەین بۆ سێ مانگی هاوین، کە بەبەراورد لەگەڵ پار ئاستی ئاو، بڕی ئاو لەو دوو بەنداوەدا کەمە، بۆ نموونە ئەمڕۆ 17ی مانگ، ئاستی ئاوی دووکان 493 مەتر و 3 سانتی مەتر بوو، سەعات 8ی ئەم بەیانیە، ئەوەی دەربەندیخان 474 مەترو 46 سانتی مەتر بووە، ئێمە بۆ دووکان لەگەڵ پار ئەمکاتە، 5 مەتر و 20 سانتی مەتر جیاوازی هەیە، واتە ئەمساڵ 5 مەتر و20 سانتی مەتر کەمترە لە پار، لە دەربەندیخان 4 مەتر و 7 سانتی مەتر کەمترە، واتە بڕی ئاو، ئاستی ئاو وەکو ئاماژەم پێدا لە پار کەمترە، بەڵام ئێمە گەشبینین بەوەی کە سوپاس بۆ خوا، بڕێکی باش باران باریوە، لەمانگی چوار بەتایبەتی ئاستی ئاو بەرز ئەبێتەوە، تەنانەت لەدوێنێوە، تا ئەمڕۆ لە دووکان

53سانتی مەتر ئاو زیادی کردووە، لە دەربەندیخان 65 سانتی مەتر، بەتەمایین، چاوەڕێ دەکەین کەئاستی ئاو لەرۆژانی داهاتوودا بەرزتر بێتەوە، ئەوەنەی لێ بێت کەوەکو پار بتوانین بۆ مانگەکانی هاوین کەڵکی لێ وەربگرین، حەزەکەم چەند تێبینیەکە بەکورتی دەربارەی کارەبای تۆڕی عێراق باس بکەم، ئێمە لەسەرەتای ئەمسالەوە بەتێکڕا مەعەدەل 205 مێگاوات کارەبامان لەشەبەکەی وەتەنی یاخود تۆڕی کارەبای نیشتمانی وەرگرتووە، بەتایبەتی بۆ هەولێر وسلێمانی، دهۆك لە تورکیاوە کارەبا وەردەگرێت، تێکەڵاوی ئەو حیسابە نیە، بەپێی ئەو ڕێکەوتننامەیەی کەلەگەڵ وەزارەتی کارەبای حکومەتی عێراق هەمانە، پێویستە پارێزگای هەولێر وسلێمانی 3٪58 کارەبا لە وێستگەکانی سەرووی عێراق بەرهەم دەهێنرێ و ئێستاش باسم کرد کە ئەوانە 15 وێستگەن، بدرێ بەهەردوو پارێزگا، بەڵام بەداخەوە هەمیشە لەوە کەمتر بووە لەو بڕەی کەدیاری کراوە، دراوە بەهەولێر وسلێمانی، بۆ نموونە لەمانگەکانی ڕابردوو، مانگی ڕابردوو ئێمە 192 مێگاوات کەمتر لە حسەی خۆمان لە تۆڕی کارەبای عێراق وەرگرتووە، کە ئەمەش دیسانەوە خۆی لەخۆیدا گرفتێکی بۆ دروست کردووین، بێگومان لەچەند مانگەکانی ڕابردوودا پەیوەندیمان لەگەڵ وەزارەتی کارەبای عێراق بەردەوام بووە، تا ئەتوانم بڵێم فشارمان لەسەر وەزارەتی کارەبای عێراق بەردەوام بووە، بۆ ئەوەی بڕی ئەوکارەبایەی کە دیاری کراوە بۆ هەولێرو سلێمانی بماندەنێ، بەڵام لەبەر زۆر هۆکار کەئەوان بەئەمنی لێك ئەدەنەوە، بگرە تاڕادەیەکیش هۆکاری سیاسیشی تێکەڵاو بووە، ئەو بڕە کارەبایەی کەحەقی خۆمانە وەکو هەولێر وسلێمانی لەلایەن تۆڕی کارەبای نیشتمانی نەیانداوە بە ئێمە، کارەبای تورکیا حەزەکەم دیسان ئاماژەیەکی پێبدەم، ئێمە بڕی 130 مێگاوات کارەبا لە تورکیا وەرئەگرین بۆ دهۆك، 60 مێگاواتیش دیسانەوە لەتورکیاوە دێت بۆ موصڵ، یەعنی دهۆك ئێستا بڕی 130 مێگاوات وەرئەگرێت، کە بێگومان بەشی پێویستیەکانی خۆی ناکات، بەڵام دەتوانرێت چەند سەعاتێکی باش کارەبا بۆ دهۆك دابین بکات، ئاکرێ حاڵەتێکی تایبەتیە، چونکە کارەبا لەدهۆك وەرناگرێت، چونکە هیچ پەیوەندیەك نیە، یاخود کارەبای دهۆك و ئاکرێ بەیەکەوە نەبەستراونەتەوە، ئەوەش یەکێکە لەو پرۆژانەی کە ئێمە لەبەردەستماندایە جێبەجێی بکەین، ئاکرێ لەموصڵ کارەبا وەرئەگرێت، ئێستا حالیەن بڕی 15 مێگاوات کارەبا لە پارێزگای موصڵ وەرئەگرێت، کارەبای ئێران کە دیسانەوە خاڵێکە، باسی لەسەر دەکرێت، پێویستی بەروون کردنەوە هەیە، ئێمە پار مانگی 7 چووینە ئێران، لە تاران لەگەڵ نوێنەرانی وزەی ئێرانی کۆبوونەوەمان کرد، لەئەنجامدا دوو گرێبەستمان ئیمزا کرد، گرێبەستێکیان بۆ هێنانی کارەبا بۆ پارێزگای سلێمانی، ئەوی تریان بۆ هێنانی کارەبا بۆ پارێزگای هەولێر، ئێمە لەمانگی 7ی پارەوە لەگەڵ وەزارەتی کارەبای عێراق لەگفتوگۆدایین بۆ ئەوەی ئەوان ئەو گرێبەستانەی ئێمە پەسەند بکەن، بەڵام بەداخەوە تا چەند ڕۆژێك لەمەوبەر ڕازی نەبوون بەوەی کە ئێمە گرێبەست لەگەڵ لایەنی ئێرانی ئیمزا بکەین، یاخود تەنانەت کارەباش لە ئێرانەوە ڕابکێشین، چەند ڕۆژێك لەمەوبەر نووسراوێکمان لەوەزارەتی کارەبای عێراقەوە بەدەست گەشتووە، کە ئەوان ڕازین، کە ئێمە گرێبەست لەگەڵ لایەنی ئێرانی ئیمزا بکەین، بەڵام بەمەرجێك کولفەی ڕاکێشانی

ئەو خەتە، ئەو هێڵانە تەنانەت کرِینی کارەباکەش لەچوارچێوەی میزانیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت، کە ئەمەش خاڵێکە بەتایبەتی ڕاکێشانی هێڵەکان لە سنوورەوە بۆ سۆران، لەسنوورەوە بۆ سیدصادق لەپارێزگای سلێمانی هەردوو پرۆژەکە نزیکەی برِی 75 ملیۆن دۆلاری تێئەچێت، مەزەندە دەکرێت، بەڵام راکێشانی کارەبا لە ناوچەی هەورامانەوە بۆ سنوور بێگومان لایەنی ئێرانی خۆی جێبەجێی ئەکات، لەمەهابادیشەوە بۆ سنوور دیسانەوە ئێران خۆی جێبەجێی ئەکات، ئەمە یەکێکە لەو پرۆژانەی کەخستومانەتە پرۆژەی بودجەی ئەمساڵەوە، کە بەڕاستی ئەوە ئەچێتەوە سەر ئەو برە پارەیەی کە دیاری دەکرێت بۆ وەزارەتی کارەبا، ئێستا کەمن قسە ئەکەم نوێنەری وەزارەتی کارەبا لەگەڵ نوێنەری وەزارەتی دارایی لە گفتوگۆدان بۆ باسکردنی میزانیەی ئەمساڵ، تا بزانین تا چ ڕادەیەك ئێمە پارەمان بۆ تەرخان ئەکرێت، بەس وەکو زانیاریتان ئێمە بایی زیاد لەملیاردێك دۆلار پرۆژەمان پێشکەش بەوەزارەتی دارایی کردووە، زۆربەی هەرە زۆریان یان ئەتوانم بڵێم ئەو پرۆژانەی کە پێشکەشمان کردوون، پرۆژەی گرنگن، پرۆژەی پێویستن، بۆ ئەوەی لەساڵ 2007 دەست بەجێبەجێکردنیان بکرێت، بەڵام ئایا وەزارەتی دارایی یاخود حکومەتی هەرێمی کوردستان توانای دارایی ئەوەندە ئەبێت، کە ملیاردێك دۆلار یاخود زیاد لە ملیاردێك دۆلار بۆ وەزارەتی کارەبا یاخود بۆ کەرتی کارەبا تەرخان بکات، ئەی کەرتەکانی تر، ئەی وەزارەتەکانی تر، بێگومان ئێمە هەوڵ ئەدەین کە بەشێکی زۆر لەو میزانییەی کەداوامان کردووە، تەرخان بکرێت، ئەوەندەی کەپەیوەندی بەکارەبای ئێرانەوە هەیە، حەزەکەم، خاڵێکی تر باس بکەم ئەویش پرۆژەی کارەبای پێنجوێنە، کە ئێمە پرۆژەیەکمان هەیە بۆڕاکێشانی کارەبا لە مەریوانەوە بۆ پێنجوێن، ئەڵبەتە بەبرِێکی کەم، هێڵی ئەم دیو و دیوی سنوور هەردووکیان تەواو بووە، لە مەریوانەوە بۆ سنوور، هێڵەکە ئامادەیە، لەسنووریشەوە بۆ پێنجوێن ئامادەیە، گرفتی نەبوونی محاویلەیەکی 63، 33 کەیڤی پرۆژەکەی دواخست، کەبریار بوو لەسەر میزانیەی حکومەتی عێراقی بکرێت، بەداخەوە ئەوەیان جێبەجێ نەکرد، حکومەتی هەرێم ناچار بوو کەلەسەر میزانیەی خۆی ئەو محاویلەیە بکرێت کەبایی 800000 هەزار دۆلارە، ئەم مانگە مانگی چوار محاویلەکە تەواو ئەبێت، ئەگاتە شوێنی پرۆژەکە، ئەوکاتە ئەتوانین کارەبا لەئێرانەوە بۆ پێنجوێن بەبرِێکی سنووردار ڕابکێشین، دیسانەوە کارەبای حاجی ئۆمەران، زۆرجار ئەویش باس ئەکرێت، کە کارەبا لە ئێرانەوە گەیەنراوەتە حاجی ئۆمەران، لەڕاستیدا من لەمانگی سێدا سەردانێکی ئەم ناوچەیەم کرد، لەنزیکەوە ئاگاداری ئەم پرۆژەیە بووم، پرۆژەیەکی بچووکە، بێگومان کارەبا تەنها بۆ کۆمەڵگای حاجی ئۆمەران ڕاکێشراوە، بەدەستەوەیە کەکارەبا لە هەمان سەرچاوەوە بۆ چۆمان بەتایبەتی ڕابکێشرێت، کە مەسافەکەی دوور نیە، بەڵام ئەستووری ئەو کەیبڵەی کە کارەباکەی پێڕاکێشراوە، تەنها ئەتوانێ کارەبا بدات بەحاجی ئۆمەران، بەرگەی ئەوەناگرێت، کە کارەبا بگوازێتەوە بۆ چۆمان، لەبەر ئەوە ئەگەر پرۆژەی چۆمان جێبەجێ بکەین ناچارین، ئەو وایەرەی یاخود ئەو کەیبڵەی کە کارەباکەی پێڕاکێشراوە بۆ حاجی ئۆمەران بگۆرین، بەڵام زۆرجار باسی ڕاکێشانی کارەبا لە ڕێگەی هەمان پرۆژەوە بۆ سۆران ئەکرێت، کارێکی زەحمەتە چونکە، ماوەی نێوان حاجی ئۆمەران یاخود سنوور و سۆران

زۆرە، بەهێڵێکی پاڵە پەستۆ زۆری وەکو 132 یاخود زیاتر نەبێت زۆر زەحمەتە کە کارەبا بگوازرێتەوە بۆ سۆران، کە ئەویش ئەو پرۆژەیە کەباسم کرد، هێنانی کارەبایە لە مەهابادەوە بۆ سۆران، لە چوارچێوەی ئەو بەرنامانەیە کە پێشکەش بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کراوە، ئێمە هەموو وەزارەتێك هەموو کەرتێك پێویستە لەبەر رۆشنایی ستراتیژیەتێکی روون، بەرنامەکانی دابڕێژێت، سیاسەت وستراتیژیەتی ئێمە وەکو وەزارەتی کارەبا بۆ پەرەپێدانی کەرتی کارەبا، بریتیە لەوە یەك/ هەموو هەوڵێك ئەدەین وزەی کارەبا وزەیەکی کوردستانی بێت، واتە ئێمە بەهیچ شێوەیەك پشت نەبەستین بە کارەبای تۆڕی فیدراڵ نەکارەبای تورکیا نە کارەبای ئێران، هەموو ئیعتیمادێکی سەرەکیمان بکەوێتە سەر ئەو کارەبایە کەلەکوردستان بەرهەم دەهێنرێت، لەسەر ئەو وێستگانە بێت کە لەناو خاکی کوردستان بەرهەم دەهێنرێن، خاڵی دووەم/ کوردستانی بوونی سووتەمەنی، ئێمە پێویستە و هەموو هەوڵێکیش دراوەو بەردەوامیشە کە پشت بەو سووتەمەنیە ببەستین کە لەناو خاکی خۆماندا دەردەهێنرێت، جا چ نەوتی خاو بێت چ گازوایل بێت، یاخود غازی سروشتی بێت، پێویستە لە بندەست خۆماندا بێت، ئەگینا ئەوەی کە پێی ئەوترێت ئەمنی تاقە یاخود ئاسایشی وزە، ناتوانین دابینی بکەین کە لە خاڵی یەك ئاماژەم پێدا، ئێمە هەوڵ ئەدەین، کەرتی کارەبا بکەینە کەرتێکی خۆژێن، وەکو ئاماژەم پێدا گرفتی زۆر گەورەمان هەیە بەتایبەتی لەرووی دابین کردنی بودجە، میزانیە، ئێمە ئەزانین کەرتی کارەبا کەرتێکی وایە کە پارەیەکی ئیجگار زۆری ئەوێت، چونکە لەوەو پێش پارەی تێدا خەرج نەکراوە، چونکە پەرەپێدان وبووژانەوە بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو لەساڵانی ڕابردوو، إنشاءالله لە ساڵانی داهاتووشدا، ئەنجام ئەدرێت لەهەرێمی کوردستان، پێویستە شانبەشانی ئەوە ئێمە پەرە بە کارەبا بدەین، پەرە بەکەرتی کارەبا بدەین، لە هەرسێ بواری بەرهەمهێنان و گواستنەوەو دابەشکردن، ئەمەش بێگومان پێویستی بە پارە هەیە، پێویستی بەئیمکانیەتی ماددی هەیە، ئێمە ناتوانین تاماوەیەکی دوورودرێژ ئیعتیمادی سەرەکیمان لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت، وەکو وتم بودجەکە چەند زۆریش بێت، کە مەحدودە بودجەی حکومەتی هەرێم، بەڵام هێشتا بەشی پێویستیەکانی وەزارەتەکانی تر ناکات، بەشی پێویستیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناکات، لەبەر ئەوە ئەبێ ئێمە هەوڵ بدەین، کەرتی کارەبا تا ڕادەیەك بکەینە کەرتێکی خۆژێن، لەڕێگەی ئەوەوە کە پارەی کارەبا زیاد بکەین، ئەمەش بەدەستمانەوەیە لە داهاتوودا، ئەم کارە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بەیکجار ئەنجام بدەین، پێویست ئەکات ئەمەش بەشێوەی قۆناغ بێت، بەڵام یەکێکە لەو بەرنامانەی کە ئیشی لەسەر ئەکەین و جێبەجێشی ئەکەین، زۆر گرنگە لەکەرتی کارەبا کە هەموو وڵاتێك لەسەری ئەڕوات ولەبەرچاوی گرتووە، فرە سەرچاوەیی بەرهەمهێنان، ئێمە ناتوانین تەنها ئیعتیمادمان لەسەر ئاو بێت، بۆ نموونە ناتوانین ئیعتیمادمان لەسەر وێستگەکانی دوکان ودەربەندیخان بێت، حەتا ئەگەر چەندین وێستگەی تری بەرهەمهێنانی هایدرۆپاوەر بکەینەوە، دەبێت سەرچاوەی بەرهەمهێنان، چەند شێوەو چەند جۆرێك بێت، دەبێ ئێمە پشت بەهایدرۆپاوەر ببەستین، دەبێ محەتەمان هەبێت بەگازی سروشتی ئیش بکات، دەبێ ئێمە مەحەتەمان هەبێت بە نەوتی ڕەش ئیش بکات، مەحەتەمان هەبێت بەنەوتی خاو ئیش

بكات، لەهەمانكاتدا لەداهاتوويەكى نزيكدا، دەبێ سوود لەوزەى رۆژ و وەوزەى با وەربگرين، بێگومان كەلەهەندێ وڵاتى جيهان كەڵكى لێ وەرگيراوە بۆ ئەوەى بتوانين كە سەرچاوەكانى بەرهەمهێنانمان زۆرو جياواز بن، بۆ ئەوەى ئەگەر لەسەرچاوەيەك نەمانتوانى، بۆ نموونە ئەگەر چەند ساڵێك تووشى وشكە ساڵى بووين، ئێمە سەرچاوەى ترمان هەبێت، كارەباى لێ بەرهەمبهێنين، بێگومان گرنگە ئێمە چەندين وێستگە دابمەزرێنين، چەندين پرۆژەى گرنگ ئەنجام بدەين، پێويستە ئەم پرۆژانە بەردەواميیەتيان هەبێت، بەردەوام بن ئەويش لەرووى ئەوەى كە كاديرى بەتوانا پەروەردە بكەين، لەرووى ئەوەى كە هەوڵ بدەين تەكنەلۆژياى نوێ و پێشكەوتوو، بهێنينە هەرێمى كوردستان، ئەمەش بەشێكە لە سياسەت و ستراتيژيەتى وەزارەتمان، من بەخۆشحاڵيەوە ئەڵێم ڕەنگە يەكێك بين لەو وەزارەتانەى كەپلانى درێژخايەنمان هەيە، وەزارەتى كارەبا پلانى $10$ ساڵى هەيە، پلانێكى زۆر ئاشكراو روون و شەفاف هەيە، هەموو هەوڵێكيش ئەدەين بۆ جێبەجێ كردنى ئەو پلانە، پلانى ئێمە بەسەر سێ قۆناغدا دابەش ئەبێت، قۆناغى هەنووكەيى كە ساڵى $2007$، قۆناغى مامناوەندى، لەگەڵ قۆناغى درێژخايەن، قۆناغى مامناوەند لە ساڵى $2008$ تا ساڵى $2010$ دەست پێئەكات، قۆناغى درێژخايەن لەساڵى $2011$ تا ساڵى $2016$ دەست پێئەكات، لەقۆناغى مامناوەندى كە ساڵى $2007$ـە بەتايبەتى هاوينى ئەمساڵ، ئێمە چەندين سەرچاوەمان هەيە كەهەوڵ ئەدەين، كەڵكيان لێ وەربگرين تا بڕێكى باش كارەبا لە سێ مانگى هاوين دابين بكەين، بەتايبەتى هەمووشمان ئەزانين رەمەزانى ئەمساڵيش ئەكەوێتە وەختێكەوە كە رەنگە ماوەى گەرما هەر مابێت، فەرترەيەكى گەرم بێت، لەبەر ئەوە ئێمە هەر لەئێستاوە لەبيرى ئەوەداين كە چۆن بتوانين بڕێكى باش كارەبا بۆ مانگى رەمەزانى پيرۆز دابين بكەين، ئەو سەرچاوانەى كەبۆ هاوين بەتايبەتى سوودى لێ وەرئەگرين، بێگومان دوكان و دەربەنديخانن، لەگەڵ بەرزبوونەوەى ئاستى ئاو، كە وەكو باسم كرد، ئێمە ئەتوانين لەهاويندا بەلانى كەم چوار وەحدەى دوكان ودەربەنديخان ئيش پێ بكەين، بەبڕى نزيكەى زياتر لە $250$ مێگاوات كارەبا، ئێمە وێستگەيەكمان هەيە لەهەولێر، وێستگەى كارەباى هەولێر كە لەوەو پێشيش باسكراوە، زۆرجاريش لەميدياكان ئاماژەى پێكراوە، ئەم وێستگەيە $7/15$ نيوەى تەواو ئەبێت، ماناى وايە تواناى وێستگەكە $500$ مێگاواتە، $250$ مێگاواتى $7/15$ تەواو ئەبێت وكارەبا بەرهەم ئەهێنێت، دوومانگ دواتر $9/15$ $250$ مێگاواتەكەى ترى تەواو ئەبێت، تەبعەن ئەم وێستگەيە بەغاز ئيش ئەكات، غازەكەش ئامادە نيە، وەختى خۆى ئەم وێستگەيە كەگرێبەستى بۆ ئيمزا كراوە، واچاوەڕێ ئەكرا كەلەو ناوچەيە غازو شتى لێ هەبێت، بەڵام دواتر دەركەوت كەغازى لێ نيە، ئێستا ئێمە پرۆژەيەكمان بەدەستەوەيە بۆ هێنانى غاز لە ناوچەى قادركەرەم بۆ مەحەتەى هەولێر، لەبەر ئەوە ناچارين هاوين بەگازوايل ئيشى پێ بكەين، بێگومان بڕێكى زۆريشى ئەوێت، كەگرانيشە، بەڵام لە ئێستەوە خەريكى پاشەكەوت كردنى گازوايلين، خەريكين خەزنى ئەكەين بۆ مانگەكانى هاوين، تا ئێستا بڕێكى باش گازوايل خەزن كراوە بۆ ئەو وێستگەيە، سەرچاوەيەكى ترمان بريتيە لە كارەباى عێراق، كارەباى تۆڕى فيدرالى، كە ئەويش وەكو ئاماژەم پێدا حسەيەك ديارى كراوە $3,58\%$ كارەباى محەتاتى شمالى عێراق يان سەرووى عێراق پێويستە

بدرێت بەهەولێر وسلێمانی، چاوەڕێ ئەکەین و هەوڵیش ئەدەین، بڕێکی باش لەتۆڕی کارەبای عێراق بدرێت بەو دووپارێزگایە، بێگومان ئێمە زیاد لە 200 مێگاوات وێستگەی گازوایلمان هەیە لەهەر سێ پاریزگاکە، لە ئێستەوە هەوڵ ئەدەین کە گازوایل دابین بکەین، پاشەکەوت بکەین بۆ ئەوەی هاوین کەڵك لەو وێستگە گازوایلانە وەربگرین، بەرنامەیەکی ترمان هەیە بۆ گۆڕینی محەتاتی 29 مێگاواتی، بۆ نەوتی ڕەش، هێشتا لەسەرەتادایە هێشتا نەمانداوە بەهیچ کەسێك یاخود هیچ بەڵێندەرێك، بەڵام وەکو بەرنامە، لەبەرنامەماندایە کە ئەگەر بتوانین فریای هاوینی بخەین ئەو سێ 29 مێگاواتەی کەلە هەرسێ پارێزی سلێمانی و هەولێر و دهۆك هەیە، لەجیاتی ئەوەی گازوایل بەکار بهێنن، کە دەست ناکەوێت وگران و زەحمەتە، بیانگۆڕین بۆ نەوتی ڕەش کە دەست کەوتنی ئاسانتر و ئیقتیصادی تریشە، وەکو ئاماژەم پێدا پرۆژەی پێنجوێن لەهاویندا تەواو دەبێت کەئەویش بڕێکی کەم کارەبا لەو سەرچاوەوە وەرئەگرین، ئێمە لەقۆناغی مامناوەندی کەلەساڵی 2008 دەست پێدەکات، چەندین وێستگەمان هەیەو گرێبەستمان بۆ ئیمزا کردووە، بەتەماین ئەو وێستگانە لە سەرەتای ساڵی 2008 و بەدواوە بکەونە ئیش، بێجگە لە وێستگەی هەولێر کەباسم کرد، کە تاکۆتایی ئەمساڵ 500 مێگاوات ئامادە ئەبێت، وێستگەیەکمان هەیە لەچەمچەماڵ، کە لەگەڵ هەمان کۆمپانیای کە وێستگەی هەولێر دائەمەزرێنێ، گرێبەستمان مۆرکردووە بۆ دانانی وێستگەیەکی غازی 750 مێگاواتی، ئەم وێستگەیە لەسەرەتای ساڵی داهاتوو 250 مێگاواتی تەواو ئەبێت، لەمانگەکانی سێ و چواری ساڵی داهاتوو 250مێگاواتی  تریشی تەواو ئەبێت، بەڵام 250 مێگاواتەکەی تری فەترەیەکی تری پێئەچێت چونکە، سیستەمێکی ترە، دانانی ئەو جۆرە سیستەمە، کاتێکی زیاتری ئەوێت، بێجگە لەوێستگەی چەمچەماڵ ئێمە وێستگەیەکی ترمان هەیە لە تەقتەق، کە لەسەرەتادایە و زۆرباش دەستی پێکرد، بەڵام ماوەیەکە ئیش لەو وێستگەیە وەستاوە، لەبەر ئەوەی هەندێك مەشاکیلی دارایی کە جێبەجێ نەکراوە، کە بڕیار بوو وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی هەندێك پارە تەرخان بکات، بەڵام دواتر نەکرا، ئێستا چاوەڕێ ئەکەین کە وەزارەتی دارایی بڵێین لەهەولێر ئەو ئیلتیزامە جێبەجێ بکات، بۆ ئەوەی وێستگەکە دەست بەکارەکانی بکاتەوە، ئێمە گرێبەستێکمان هەیە بۆ دانانی وێستگەیەك لەدهۆك، بەبڕی 200 مێگاوات، ئەویش هێشتا دەستی پێنەکردووە لەسەر مەوقیع، بەڵام بەتەماین لەماوەیەکی زۆرنزیکدا دەست بەئیش پێکردنی بکرێت، گرێبەستێکی ترمان هەیە بۆ دانانی وێستگەیەکی 51 مێگاواتی ئەمە لەسەر کلفەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، واتە لەڕێگەی وەبەرهێنانەوە نیە، لە تاسلوجە، کە ئەویش هێشتا لەسەرەتادایە، بەتەماین لە نیهایەتی ئەمساڵدا ئەویش بکەوێتە کار، واتە ئێمە بەپێی ئەو بەرنامانەی کەدامان ناوە بەپێی ئەو گرێبەستانەی کە ئێمزامان کردووە، لە سەرەتای ساڵی داهاتوو یاخود بەتایبەتی لەناوەڕاستی ساڵی داهاتوو، ئەوەندە کارەبا بەرهەمبهێنین بتوانین بەشی هەر سێ پارێزگای هەولێر وسلێمانی و دهۆك بکات، ئەتوانم بڵێم لەهاوینی ساڵی داهاتوو ئێمە کێشەی کارەبامان تا ڕادەیەکی زۆر نامێنێت، ئێمە ئەتوانم بڵێم لەهاوینی ساڵی داهاتوو لە هەر سێ پارێزگا زیاتر لە بیست سەعات کارەبا دەدرێت بەهاووڵاتیان، وەکو ئاماژە پێدانێك وەکو وتم

ناتوانم بچمە ناو وردەکاری و تەفاسیلەوە دەربارەی پرۆژەکانی وەزارەت، دەربارەی چالاکیەکانی وەزارەت، بەڵام تەنها ئاماژە پێدانێك دەربارەی ئەو پرۆژانەی کەئێستا حالیەن لەژێر جێبەجێ کردندان، یاخود لەماوەیەکی کەمدا دەست بەجێبەجێ کردنیان دەکرێت، وێستگەی هەولێر ئاماژەم پێدا کە 500 مێگاواتە، وێستگەی چەمچەماڵ کە 750 مێگاواتە، وێستگەی تەقتەق کە 260 مێگاواتە، وێستگەی دهۆك کە 200 مێگاواتە، نۆژەنکردنەوەی هەردوو وێستگەی دوکان و دەربەندیخان بەبڕی 40 ملیۆن دۆلار، یەکێکە لەو پرۆژانەی کەلە ژێر جێبەجێکردندایە، کە ئەویش پرۆژەیەکی گرنگە لەلایەن بانقی نێودەوڵەتیەوە جێبەجێ ئەکرێت، باسی وێستگەی تاسلۆجەم کرد بەبڕی 51 مێگاوات، ڕاکێشانی کارەبا یەکێکە لەو پرۆژە گرنگانە کە ئەمساڵ هەوڵ ئەدەین، ئەگەر میزانیەی تەواو تەرخان کرا بۆ وەزارەتی کارەبا ئەو پرۆژەیە جێبەجێ بکەین، گۆڕینی وێستگەکانی 29 مێگاواتی لە گازوایلەوە بۆ نەوتی ڕەش، پرۆژەیەکە لەبەردەستماندایە، پرۆژەیەکی بچووکی ترمان هەیە، دانانی وێستگەیەکی هایدرۆپاوەری بچووك لە بێخاڵ، کە ئەویش دیسان لەسەر مینحەی کۆرییەکان جێبەجێ ئەکرێت، دیسانەوە لەو پرۆژە گرنگانەی کەلەبەردەستماندایە لێکۆڵینەوەیە لەسەر پرۆژەکانی هایدرۆپاوەر، ئێمە ئەزانین کە هەرێمی کوردستان سامانێکی زۆری ئاوی هەیە، کەتا ئێستا ئەو سامانە وەکو پێویست کەڵکی لێ وەرنەگیراوە، جگە لەهەردوو بەنداوی دەربەندیخان و دوکان، جگە لەهەردوو پرۆژەی هایدرۆپاوەری دوکان و دەربەندیخان، هیچ پرۆژەیەکی تری هایدرۆپاوەر نیە، لەکاتێکدا کوردستان وڵاتێکی لەبارە لەرووی زۆری ئاوەوە، کە ئێمە کەڵکێکی زۆر لەسەرچاوەکانی ئاو وەربگرین، بەڵام دیراساتی وردمان نیە، لێکۆڵینەوەی وردمان نیە تا ئێستا، لەبەر ئەوەی یەکێك لەو پرۆژانەی کە لەلایەن حکومەتی یابانەوە، تەمویل ئەکرێت، بریتیە لەئەنجامدانی چەند دیراسەیەك بۆ چەند شوێنێك کەلەبارن بۆ دانانی وێستگەی هایدرۆپاوەر، ئەمانە تەبعەن لەرووی بەرهەمهێنان، بەڵام ئەوەندەی کەپەیوەندی بەگواستنەوەو دابەشکردن هەبێت، ئەتوانم بڵێم ڕاکێشانی سەدان کیلۆمەتر، لە هێڵەکانی 132، 33، 11، ئێستا حالیەن لەژێر جێبەجێکردندان، لە داهاتوویەکی نزیکدا کەمیزانیەکەمان پەسەند کرا لەلایەن وەزارەتی داراییەوە، دەست بەجێبەجێ کردنیان دەکەین، دانانی نزیکەی 30 وێستگەی ناوەندی، باسی ئەوەم کرد کەیەکێك لەگرفتەکانمان نەبوونی وێستگەی ناوەندیە، ئێستا ئێمە دوو پرۆژەی گرنگمان لەبەر دەستدایە، کەپێی ئەوترێت قۆناغی سێی وێستگە ناوەندیەکان بەبڕی نزیکەی 110 ملیۆن دۆلار، بۆ دانانی نزیکەی 28 وێستگەی ناوەندی قەبارە گەورە واتە 132،11،33 وەماموناوەندی وبچووك، لە هەر سێ پارێزگای هەولێر وسلێمانی ودهۆك، بەتەواو بوونی ئەم وێستگانە ئەتوانم بڵێم لە 85٪ کێشەی گواستنەوەو دابەشکردنی کارەبامان چارەسەر دەکرێت، بەستنەوەی کارەبای ئاکرێ و دهۆك ئەتوانم بڵێم یەکێکە لەوانەی کەلەلایەن ئەمریکیەکانەوە جێبەجێ ئەکرێت بەبڕی نزیکەی 35 ملیۆن دۆلار، کە ئێستا حالیەن لەژێر جێبەجێ کردندایە، قۆناغی دوای ئەوە ئەمێنێتەوە، ئێمە ئاکرێ بەهەولێرەوە ببەستینەوە، کەئەویش پرۆژەیەکی ترە، بەتەماین جێبەجێی بکەین، بێگومان هەموو ئەو وێستگانەی کە ئاماژەمان پێدا، پێویستە بەتۆڕی کارەبای هەرێمی

کوردستانەوە ببەسترێنەوە، بەهێڵی 132، چونکە کارەباکان زۆرە لەو وێستگانە کە ئەنجام ئەدرێن، ئەمانەش کۆمەڵێ پرۆژەن کە ئەمساڵ پێویستە جێبەجێیان بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین کاتێك ئەو محەتانە کەوتنە ئیش کارەباکەیان بگوازینەوە بۆ ئەو شوێنانەی کەپێویستە، یەکێك لەپرۆژەکان لەبواری دابەشکردن، دانانی پێوەری مۆدێرن کە پێی دەوترێت پێوەری دیجیتاڵ، بەداخەوە ئەو پێوەرانەی کە تائێستا لەکوردستان بەکاردێن، پێوەری کۆن وتەقلیدین، کەئەمەش هاوکاریمان ناکات بۆ ئەوەی بتوانین کۆنترۆڵی کارەبا بکەین، نەبڕی ئەوکارەبایەی کەهاووڵاتیان سەرفی دەکەن، پارەکەی وەکو پێویست کۆبکرێتەوە، پرۆژەیەکمان پێشکەش بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کردووە، بۆ گۆڕینی هەموو پێوەرەکان لەماوەی دووساڵدا، وتمان لەماوەی ساڵێکدا ئەنجامدانی کارێکی ئاسان نیە، بەڵام بتوانین وەکو بەرنامەیەك لەماوەی دووساڵدا، پێوەرەکانی هەموو شوێنەکانی هەرێم لەهەر سێ پارێزگادا، چ ماڵان بێ چ بازرگانی بێت چ پیشەسازی بێت، پۆلەکانی تری شوێنان، ئێمە لەم رووەوە ئەگەر سەرکەوتین لەو پرۆژەیە یاخود پارەی پێویستی بۆ دابین کرا، ئەتوانین دوو خاڵی گرنگ جێبەجێ بکەین، یەك/ کۆنترۆڵی بڕی کارەبا بکەین، ئێستا لەسلێمانی رەنگە لەڕێگەی سرکێت وفیوزو شتەوە هەوڵ بدرێت جێبەجێ بکرێت، یاخود لەهەولێر لەرێگەی فیوزو سرکێت پێکەرەوە بڕی 4 ئەمپێر بۆ هەر شوێنێك دیاریکراوە، بەڵام ئەو جۆرە پێوەرانە دەتوانن بەشێوەیەکی پرۆگرامی کۆمپیوتەری بڕەکەی بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دیاری بکەن وەکاتێ کە ئینتاجی کارەبا یاخود بڕی کارەبا زیاد بوو، وەزعمان باشتر بوو، دەتوانین بڕی ئەمپێرەکان یاخود ژمارەی ئەمپێرەکان زیاتر بکەین، دوو/ ئەو پێوەرانە کەئەمانەوێت جێبەجێی بکەین و بیهێنینە دی، بریتیە لە کۆکردنەوەی پارە، رەنگە ئێمە ئیقتراحی سیستەمێك بکەین کە پێی ئەوترێت سیستەمی پریپەیمەن یاخود پێش ئەوەی کەکارەباکە بەکاربهێنرێت، هاووڵاتی پێویستە پارەی تێبکات یاخود کارتی تێبکات یاخود شتێك لەو بابەتە، واتە کۆکردنەوەی پارە بەنیسبەت ئێمەوە شتێکی ئاسانتر ئەبێت، هەتا رادەیەکیش بەنیسبەت هاووڵاتیەوە شتێکی زەحمەت نابێ، ئێمە تاکو ئێستا لەکوردستان سەنتەری کۆنترۆڵمان نیە، تا ئێستا سەنتەری کۆنترۆڵی ئێمە لە تازەیە لەکەرکوك، ئێمە بەتەماین لەداهاتوویەکی نزیکدا، سەنتەری کۆنترۆڵ و گەیاندن کە موراقەبەو ئیشراف شێوازی دابەشکردنی کارەبا ئەکات لەهەر سێ پارێزگا دابنێین، لەهەمان کاتدا لەهەریەکە لەپارێزگاکان، سەنتەری کۆنترۆڵ بۆ دابەشکردنی کارەبا دابنێین، بێگومان گەیاندنی کارەبا بۆ گەڕەکە نوێیەکان، بۆ گوندەکان، کە ژمارەیەکی زۆر گوندو شوێن هەیە کەتائێستا کارەبایان نەگەیشتۆتێ، بەشێکن لەپلانی ئەمساڵی وەزارەت، خاڵی نۆیەم نرخی کارەبایە بەس بەحەقیقەت، تاڕادەیەکی زۆر ئاماژەم پێدا، کەنامەوێت جارێکی تر بچمەوە سەری، خاڵی دەیەم/ هەموو ئەو پلانانەی کەهەمانە، پێویستیان بەسێ عنصر یاخود سێ روکنی سەرەکی هەیە، یەکەمیان بریتیە لە بودجە، ئێمە چەند پلانی رێکوپێك دابنێین، چەند بەرنامەی رێکوپێکمان هەبێت، ئەگەر پارە نەبێت، ئیمکانیاتی ماددی نەبێت جێبەجێیان بکەین، تەنها مرەکەبێکەو لەسەر کاغەز ئەمێنێتەوە، لەبەر ئەوە جێبەجێکردنی کارەکانمان پەیوەندییەکی زۆر توندوتۆڵی بە ئیمکانیەتی ماددی

وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، ئێمە بۆ جێبەجێ کردنی یاخود دابین کردنی بودجە، کەڵك لە چوار سەرچاوەوە وەرئەگرین، یەك/ میزانیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە هەوڵ ئەدەین بەشێکی زۆری بۆ کارەبا تەرخان بکرێت، چەند جارێکیش لەکۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران ئەمە دووبارە کراوەتەوە، بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش خۆی چەند جارێك تەئکیدی کردۆتەوە، کە کارەبا ئەولەوییاتی یەکەم، بەنیسبەت میزانیەی ئەمساڵەوە بەتایبەت، لەبەر ئەوە هەوڵمان داوە ئەو ئەولەوییاتە یاخود ئەو گرنگیە لە میزانیەشدا ڕەنگ بداتەوە، واتە پێویستە بڕێکی باش لەمیزانیەی حکومەت بۆ کارەبا دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانین پرۆژە گرنگەکانی کارەبا ئەمساڵ جێبەجێ بکەین، یاخود دەست بەجێبەجێکردنیان بکەین، سەرچاوەی دووەممان بێگومان کەرتی تایبەتە، ئێمە بەتایبەتی لەبواری بەرهەمهێنان، دەستمان بەوە کردووەو ئەو وێستگانەی کەئاماژەمان پێکردو باسم کرد هەموویان لەڕێگەی کەرتی تایبەتەوە جێبەجێ ئەکرێت، بڕی ئەو پارەیەی کەئێستا کەرتی تایبەت لە دانانی محەتاتی تەولید، ئیستیسماری ئەکات، زیاد لەمیلیارێك دۆلارە، یەعنی محەتەی کارەبای هەولێر، محەتەی چەمچەماڵ، محەتەی تەقتەق، زایدەن ئەو محەتەی کەلە دهۆك دائەنرێت، بەهەر چواریان زیاد لە میلیاردێك دۆلاریان تێئەچێت، ئەمە ئەگەر کەرتی تایبەت نەبێ ڕەنگە، بەنیسبەت حکومەتەوە کارێکی زەحمەت بێ، نەتوانێ ئەو میزانیە دابەش بکات، بەردەوامیش ئەبین بۆ ئەوەی کەرتی تایبەت وەکو سەرچاوەیەکی ماددی بەکاری بهێنین، کە هاوکاریمان بکات بۆ جێبەجێکردنی هەندێك لەو پرۆژانەی کە لەبەرنامەی ئەمساڵدایە، سەرچاوەی سێیەممان بریتیە لەمینحە لەگەڵ قەرزی نێودەوڵەتی، تاڕادەیەك توانیومانە لەماوەی ساڵی ڕابردوو، لەگەڵ کۆمەڵێك لەوڵاتان کە مینحەو قەرز ئەدەن بەعێراق گفتوگۆ بکەین، هەندێك پرۆژەی گرنگیش لەڕێگەی ئەوانەوە جێبەجێ بکەین، لەهەموویان گرنگتر مینحەی ئەمریکیە، کە هەمووومان ئەزانین چەند ساڵێك لەمەوبەر بۆ عێراق دیاری کرا بەس بەداخەوە، لەساڵانی ڕابردوو بڕێکی کەم لەو منحەیە دراوە بەهەرێمی کوردستان، وابزانم چەند جارێکیش باسی ئەو خاڵەم کردووە، کە زیاد لە $4$ ملیار دۆلار بەس بۆ کەرتی کارەبا سەرف کراوە لە عێراق، زیاد لە $4$ ملیار دۆلار لەلایەن ئەمریکەیەکانەوە بۆ کەرتی کارەبا سەرف کراوە، کەمتر لە $200$ ملیۆن دۆلار بەر هەرێمی کوردستان کەوتووە، کە ئەمە زۆر بەڕاشکاوی بەئەمریکیەکان لە دوو ئاستی جیاوازدا پێیان وتراوە وپێیان ڕاگەیەنراوە، ئێمە پەیوەندیمان زۆر بەهێزە لەگەڵ یابانیەکان، لەگەڵ حکومەتی یابان، بەتایبەتی یابان بەتەمایە قەرزێکی $3$ ملیارو نیوی بدات بە عێراق، ئێمەش لەگەڵ وەزارەتی پلاندانانی عێراق، لەگەڵ وەزارەتی داراییش گەیشتووینەتە ئەو ڕێکەوتنەی کە پێویستە لە $17\%$ بێگومان ئەو قەرزە بۆ هەرێمی کوردستان بێ و بەشی هەرە زۆری بۆ کەرتی کارەبا لەو لە$17\%$ یە سەرف بکرێت، ئێستا چەندین پرۆژەی گرنگمان هەیە کە لەڕێگەی مینحە یاخود قەرزی یابانیەوە جێبەجێ ئەکرێت، باسی کۆریەکانم کرد کەپەیوەندیمان لەگەڵیانا بەهێزە وبەردەوامە، بەتایبەتی خەریکی جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی بچووکین، کە مومکینە یەك مێگاوات یان زیاتر بێت لە بێخاڵ جێبەجێی ئەکەین، لەگەڵ سوید پەیوەندیمان

بەردەوامە، لەگەڵ سعودیە کەبەتەمایە قەرزێك بدات بەعێراق، لەگەڵ کوێت کەبەتەمایە قەرزێك بدات بەعێراق، لەگەڵ ئەم هەموو لایەنانە ئێمە پەیوەندیمان پتەوەو بەردەوامە بۆ ئەوەی بتوانین بەشێك لەومیزانیەی کەپێویستمانە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکان، لەو رێگەیەوە دەستمان بکەوێت، خاڵی چوارەم ئاماژەم پێدا بریتیە لەهاوولاتیان، بریتیە لە خەڵك، لەرێگەی کۆکردنەوەی پارە، لەرێگەی دانی ئەوپارەیەی کە بۆ بەکارهێنانی کارەبا سەرف ئەکرێت، ئیمە بەبێ ئەوە ناتوانین سەرچاوەی پێویست یاخود میزانیەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکان دابین بکەین، ئەو برە پارەیەیش کەئێستا باسم کرد، لە هاوولاتیان دەسەنرێت بەپۆلە جیاوازەکانەوە، برێکی زۆر کەم و رەمزیە، لەبەر ئەوە پێویستە ئەو برە پارەیە لەداهاتوودا، بەشێوەی قۆناغ زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی وەکو سەرچاوەیەکی گرنگی پەیداکردنی داهات بۆ وەزارەتی کارەبا بۆ پرۆژەکانی وەزارەتی کارەبا بەکاری بهێنین، نەتیجە ئەو پارەیەی کەلە هاوولاتیان وەر ئەگیرێت، بۆ هاوولاتیان خەرج ئەکرێتەوە، ئەو پارەیە لەپرۆژە گرنگەکاندا، لە پرۆژەی ژێرخان لەپرۆژەکانی تری بەرهەمهێنان ودابەشکردن وگواستنەوە خەرج ئەکرێت، لەبەر ئەوە زۆر گرنگە کەلەمەو دوا بەتایبەتی بایەخ بدرێت، بەولایەنە ولەبەرنامەی وەزارەتیشدایە بەتایبەتی بایەخ بەشێوازی کۆکردنەوەو شێوازی پارەی کارەبا بدرێت، ئەوە بەکورتی راپۆرتەکەم بوو، بێگومان ئامادەشین بۆ پێشکەش کردنی هەر روونکردنەوەیەك ووەلامدانەوەی هەرپرسیارێك، بێگومانم کە پرسیار زۆرەو روونکردنەوەش زۆرە، رەنگە یەکێك لەو گلەییانەی کەلێمان کرابێ، ئێمە ئێستا باسمان کرد، چالاکیەکانمان لەراگەیاندن وەکو پێویست رەنگ ناداتەوە، ئەمە دوو هۆکاری هەیە هۆکاری یەکەم، من خۆم بەراستی وەکو وەزیری کارەبا، حەز ناکەم هەر چالاکیەك بکەم، بیدەم بەراگەیاندن، چونکە بەشێکە لە واجبی خۆم، من حەز ناکەم کۆمپانیایەك یان رێکخراوێك، یان شتێك دێتەلام، بیدەم بەراگەیاندن چونکە، بەشێکە لەواجبی سروشتی خۆم، کە پێویست ناکات راگەیاندن لێی ئاگادار بێت، تەنها ئەو پرۆژانەی کەخەڵك حەز ئەکات بیزانێ، ئەو پرۆژانەی کەزۆر گرنگن، ئەو چالاکیانەی کەزۆر گرنگن، من هەوڵ ئەدەم بیدەم بەراگەیاندن، ئەگینا ئەگەر چالاکی و ئیشەکانی وەزارەتی کارەبا، تەنانەت ئێمە کەلە دیوانی وەزارەتین، باسی پارێزگاکان ناکەم، کە چەندین بەرێوەبەرایەتیمان هەیە، کە چەندین کاری گرنگی تیا ئەنجام ئەدرێت، خاڵی دووەمیش ئەوەیە کەراگەیاندنیش وەکو پێویست هاوکاری ئێمە نەکات، کە هەندێ جار ماددەی وشیارکردنەوەمان هەیە، بابەتی وشیارکردنەوەمان هەیە، کە ئەینێرین بۆ راگەیاندنەکان بەداخەوە وەکو پێویست بلاوناکرێنەوە، خاڵی دووەم حەزەکەم ئەمە وەکو گلەییەکە لە ئێوەی بەرێز رەنگە وەکو رەخنەیەکیش بێت، من ئەزانم ئێوە هەمووتان موهتەمن بەکێشەی کارەبا، چونکە ئێوە نوێنەری ئەو خەڵکەن، ئەو خەڵکەش کێشەی کارەبای هەیە، بەڵام تائێستا ئەندامێکی پەرلەمانم نەدیووە بێتە وەزارەتی کارەبا، بزانێ ئێمە چی ئەکەین، تا ئێستا ئەندامێکی پەرلەمانی بەرێزم نەدیووە بلێ فلان پرۆژە گەیشتۆتە کوێ، چی بەسەرهات بۆ جێبەجێ نەکراوە؟ تا ئێستا ئەندامێکی پەرلەمانی بەرێزم نەدیووە نووسراوێك بۆ ئێمە

بنووسێ، داوای روونکردنەوەیەك  بکات، لەبەر ئەوە زۆر بەداخەوە زۆربەی ئەو شتانەی کە تەنانەت ئێوەی بەڕێزیش ئەیبیستن، رەنگە لەدەرەوە بیبیستن، فەرموون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بوەستەن ئێوە ئەوەندە پەلەتانە نایەڵن، مەجالی ئەوەش نادەن سوپاسێکی بکەم، زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاك وشیار وەزیری کارەبا، بۆ ئەو روونکردنەوانەی کەدای، هەمووتان دەزانن هەموو میللەتی ئێمەش پەرۆشن بۆ ئەوەی بزانن بەرنامەی وەزارەتی کارەبا چیە بۆ چارەسەری کێشەی کارەبا، زۆرە هەریەکە بەتەئکید پرسیاری هەیە، بەلاَم لەهەمووش موهیم تر ئەوەیە میللەتی ئێمە بزانێت، بۆیە ئێمە لێرە حەزمانکرد، بەخێرهاتنی وەزیر بکەین، بۆ ئەوەی بەرنامەکەی باس بکاتن بەتێروتەسەلی،خەڵك بزانێتن قودرەتی کارەبامان چەندە، پرۆژەکان چین، چی کراوە و چی دەکرێ، سەرەڕای ئەوەش ئەوەی کەهەیە، دابەشکردنەکەی کەهەیە، ئەو بڕەی کەهەیەو دابەش دەکرێتن، عەدالەتی دابەشکردنەکەی چەندە، چی دەکرێتن لەوەی کەهەیە، بەرنامەیەك بۆ ئەوەی باشتر تەوزیع بکرێتن، ئەوانە هەمووی خۆی ئاماژەی پێکرد، ئێوەش لەبەر رۆشنایی ئەوە یەك رجام هەیە پێش ئەوەی ناو بنووسم، ئەوەی کە قسەکەی دەکرێتن بەپەلە بڵێ قسەکەم کرا، بەڵێ کاك رەفعەت نوقتەی نیزام.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار ئەکەم، لیژنەی پیشەسازی راپۆرتەکەی خۆی و پێشنیارەکانی بخوێنێتەوە، رەنگە زۆربەی زۆری ئەو بەڕێزانە قسەکانیان لەو ڕاپۆرتەدا هاتبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارە نیو نوقتەی نیزامە، لەبەر ئەوەی لە ساڵحمانە، فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسی تەلعەتت کرد نازانم منم یاخود سەید تەلعەتە،  چونکە من پرسیارەکەم، بەنامە تەوجیهی بەڕێز وەزیری کارەبا کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارە زۆر باشە پێشتر ڕێگە ئەدەین، بە لیژنەی پێشەسازی و وزە، فەرموو کاك ئەندریۆس، حەزەکەی وەرە ئێرە، لێرە قسەی بکە، دەی فەرموو ئیومێد ئەکەین، موداخەلەی تۆ وا بکات 10 -15 کەس ناوی خۆی بسڕێتەوە.

**بەڕێز اندراوس یوخنا گورگیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەكی زۆر سوپاسی بەڕێز جەنابی وەزیری كارەبا ئەكەین، بەڕاستی ئێمە لیژنەی پیشەسازی و وزە، چەند كۆبوونەوەیەكمان كردووە، سەبارە بەكێشەی كارەبا، ئەمڕۆش كۆبوونەوەیەكمان كرد چەند پرسیارێكمان هەیە، لە جەنابی وەزیری كارەبا، ئیتیفاقیشمان كردووە كە بەڕێز كاك بارزان پێشكەشی بكات، بەڵام جەنابی وەزیر رەخنەی لە ئێمە گرت، بەڕاستی ئێمە دانووساندنمان لەگەڵ دائیرەی كارەبا هەیە، راپۆرتی هەموو دەوائیر لەلای ئێمە هەیە، لەدوای یەكبوونی هەردوو ئیدارە ئێمە محاوەلەیەكمان كرد، جەنابت ببینین، بەڕێز جەنابی وەزیر بەڕێگای بەدالەی پەرلەمان ئیتصاڵمان بەوەزیری پێشەسازی كرد، دوای 10 دەقیقە ئێمە داوای جەنابتمان كرد، عەینەن وەزیری پێشەسازی تەلەفۆنی هەڵگرت و وتی جەنابی وەزیر لێرە نیە، تەنها بۆ تەعارف بوو، بەڵام ئێمە دانووستانمان لەگەڵ هەموو دەوائیر هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەیە، راپۆرتیشمان هەیە، یەعنی ئێمە لەپەیوەندین لەگەڵ دائیرەی كارەبا، بابەتێكی تر هەیە كەلەراپۆرتی پیشەسازی، ئێمە باسمان نەكرد، چونكە لەم راپۆرتەدا مەسەلەی نرخی كارەبا هەیە، ئێمە پێشنیارێكمان هەیە ئێستا نرخی كارەبا زۆر كەمە، دەتوانین بڵێین خوڕاییە، بەڵام پێشنیار ئەكەین ئەو بابەتە دوا بخرێت، تاكو وەزارەتی كارەبا، كارەبای وەتەنی دابین بكرێت بۆ هاووڵاتیان، چونكە بەرامبەر بەكارەبای وەتەنی كارەبای مۆلیدە هەیە، نرخی كارەبای مۆلیدەش زۆر گرانە، یەك ئەمپێر بە 10 هەزارە، من داوا لە سەرۆكی ئەنجومەن ئەكەم مەجال بداتە كاك بارزان پرسیاری لیژنەی پیشەسازی پێشكەش بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك بارزان.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەرەتا بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری كارەبا ئەكەین، سوپاسی ئەكەین بۆ ئەو روونكردنەوانە ئێمە وەكو كاك ئەندریۆس ئیشارەتی پێدا، چەند كۆبوونەوەیەكمان كرد ئەم بەیانیە، كۆبوونەوەیەكمان كرد كۆمەڵێ پرسیارو تێبینی وسەرنج و رای هەندێ پسپۆڕو شارەزایانی بواری كارەبامان لایە، وەكو راپۆرت لامانە، ئاراستەی جەنابی وەزیری ئەكەین، بە ئومێدی ئەوەی وەڵاممان بداتەوە، سەرەتا لە كێشە ئیدارییەكانەوە دەست پێ ئەكەین، هەموو ئەزانین كەئەزمەیەكی ئیداری زۆر گەورە هەیە، بەتایبەتی لە پارێزگای سلێمانی و دهۆك دروست بووە، بەتایبەت لەسلێمانی بەهۆی نەبوونی كەوادیری پسپۆڕی بواری كارەبا ودانەبەزاندنی سەلاحیەتەكانی وەزارەت بۆ خوارەوە، بۆ ئاستی مودیریەتە عامەكان، كە بەڕاستی كێشەو گرفتێكی زۆری لە مودیریەتە عامەكاندا دروست كردووە بۆ ڕاپەڕاندنی كارەكانیان، بۆ ئەو مەبەستە پێشنیار ئەكەین كە مەركەزێكی تەئهیل یاخود ناوەندێكی پێگەیاندن وراهێنان لەهەر سێ پارێزگاكە بكرێتەوە، بۆ پێگەیاندنی كەوادیری پسپۆڕ وشارەزا لەبواری كارەبا، دووەم تۆڕی دابەشكردنی كارەبا لە هەرێمی كوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەكانی 50 كان و 60تەكان زۆری، بەڕاستی كێشەیەكی زۆر گەورەی

دروستکردووه، کەلەوانەیە لەم قۆناغەدا سیانەکردن وچاکردنی ئەو تۆڕانە لەتوانای پسپۆڕان وشارەزایانی بواری ناوخۆدا نەبێت، پێشنیار ئەکەین کەوا شارەزایانی بیانی لەو بوارەدا بهێنرێنە کوردستان بۆ چاککردنی ئەو کێشەیە، دووەم خاڵ لەزۆربەی شارە پێشکەوتووەکانی دونیادا، تەنانەت لەدەوڵەتانی دەرو دراوسێش، سیستەمێك بۆ ئەندەرگراون، ژێر زەمین کردنی کێبلاَتی ژێر زەوی بەتایبەتی لەمەرکەزی هەر سێ شارە سەرەکیەکەدا، کە هەم بۆ جوانی کەبەڕاستی دیمەنێکی زۆر ناشیرینی هەیە، هەم بۆ سەلامەتیش، بزانین جەنابی وەزیری کارەبا چ پێشنیارێکیان لە ئایندەدا هەیە بۆ ئەو مەبەستە، شبكات نقل، تۆڕی گواستنەوەی کارەبا لەنێوان شارەکانی کوردستاندا، کە بەڕاستی ئەو تۆڕانە زۆر پێویستیان بەچاکردن وسیانەکردن هەیە، بەتایبەت لەنێوان هەرێمی کوردستان و ناوەڕاستی عێراق، کە هەمموو ئەزانین ئەو بڕەکارەباییەی کە لە بەغداوە وەرئەگیرێت، پشتی هەرێمی کوردستانە، لە قۆناغی ئێستادا ڕاستە 255 مێگاوات تێپەڕ ناکات، بەلاَم وەك جەنابی وەزیر ئیشارەتی پێدا، لە هەر سێ پارێزگاکەی شیمالی کە ئیشارەتی پێدا، کە توانای بەرهەمهێنانی 4هەزار مێگاواتیان هەیە، دەکرێ لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا، ئەگەر وەزعی ئەمنی باش بێت لەوانەیە، حصەی هەرێمی کوردستان لە 1000مێگاوات زیاتر تێپەڕ بکات، ئێمە لەکاتێکدا توانای گواستنەوەی تەنها 400 مێگاواتمان هەیە بۆ 380 مێگاواتیش بۆ پارێزگایەك ئایا توانای جەنابی وەزیر بۆ فراوانکردنی ئەو تۆڕانەی نقلْ لەبەینی هەرێم وناوەڕاستی عێراقدا چیە؟ وەزارەتی کارەبای عێراق گرێبەستێکی مۆرکردووە بەبڕی 750 مێگاوات، لە شارۆچکەی چەمچەماڵ، لەگەڵ کۆمپانیای ماز ئوردندا هەروەها لەگەڵ 200 مێگاوات لەتەقتەق، ئایا ئەو پرۆژانە هەرچەندە جەنابی تاڕادەیەك لەروونکردنەوەکەیدا باسی کرد، بەلاَم تەفاصیلی زیاتر بۆ ئەوەی بەرچاو روون بین تا بزانین هۆکاری دواخستنی ئەو پرۆژانە چیە؟ یەکێك لەکێشەکانی تر دیراسەی خوتەی سەنەوی دائیرەکانی کارەبا لەپارێزگاکاندا بۆ وەزارەت رەفع بکرێت، کەئەمە لەپارێزگای سلێمانی و دهۆك یەکێك لەکێشەکانیان بوو، بۆ نموونە لەپارێزگای دهۆك، ئەڵێن ئێمە سێ ساڵ بەردەوام خوتەی سەنەوی خۆمان ناردووە، وەزارەت نەك موافەقەتی لەسەر نەکردووە، دیراسەتی نەکردووە، تەنانەت لەسەر جزئیاتیش موافەقەتیان نەکردووە، هۆکاری ئەمە با جەنابی وەزیر روونی بکاتەوە، پێشنیاری بەرێوەبەرایەیتیە گشتیەکانی کارەبا بەتایبەتی لەسلێمانی ودهۆك ئەوەیە کە محەتاتی تەحویل هی 400 تەحویل بۆ 132 لەشارەکاندا، لەناوەندی هەر سێ پارێزگاکەدا دابنرێت، بەتایبەتی لەنزیك وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا، کەئەمە بۆ زیاتر چاککردنە وەکو جەنابی وەزیر ئیشارەی پێدا، بۆ چاکردن و کۆنترۆڵ کردنی کارەبا، با بزانین پرۆژەی جەنابی وەزیر بۆدانانی ئەو پرۆژە 400 ـەدیە تەحویلانە چیە؟. بڕیار بوو هێڵێکی ئۆڤەر هێ 230 وەکو جەنابی وەزیر ئیشارەی پێدا لە ئێرانەوە رابکێشرێت بۆ سەیدصادق، بەڕاستی ئەوە زۆر زەرورە بۆ دەڤەرەکەو ناوچەکە، کە بەبڕی 150 تا 180 مێگاوات کارەبا دابین ئەکات، ئەوەندەی کەئێمە شارەزا بین و ئاگادار کرابین کەوەزارەتی کارەبای عێراق گرفت بووە، لەبەردەم ئەوەدا ئایا رەزامەندی وەزارەتی کارەبای عێراق وەرگیراوە، بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە، موزەکەرەیەکی تەفاهوم ئیمزا کراوە،

لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرێکی تایبەتەوە، کە رەبتی بەدائیرەی کارەباوە نیە، لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئەڵمانی بۆ دانانی وێستگەیەکی 300 مێگاواتی، ئایا جەنابی وەزیر ئاگاداری ئەو موزەکەرەیە کە ئیمزا کراوە، هۆکارەکەشی چیە؟. جەنابی وەزیر باسی لەدانانی مەحەتاتی بەرهەمهێنان کرد لە کوردستان، بەڕاستی زۆربەی ئەو مەحەتانەی کەجەنابی ئیشارەی پێدان، بە دیزڵ کار ئەکەن، بەرنامەی وەزارەت چیە بۆ دانانی مەحەتاتی حەراری یاخود بوخاری، لە هەرێمی کوردستاندا کە هەم لەرووی سیانەوە هەم لەرووی دابین کردنی گازو وقودەوە، هەم لەرووی پاراستنی ژینگەشەوە سەلامەت ترن، بۆ بەرنامەی درێژخایەنی وەزارەت، کە پسپۆڕانی بواری کارەبا باس ئەکەن بۆ هەر مێگایەك 1 ملیۆن دۆلاری ئەوێت من پێم وایە ئەگەر لە خوتەی ساڵانەی وەزارەتدا، ئەوە پەیڕەو بکرێت کلفەیەکی زۆر نیە. جەنابی وەزیر باسی لەوە کرد کە مەحەتاتی تەولید ئێمە هەوڵ بدەین لەهەر سێ پارێزگاکەی کوردستاندا بێت، زیاتر ئیعتیماد نەکرێتە سەر بەغدا یان وڵاتانی دەرو دراوسێ، ئێمە حەقیقەتیك هەیە ئەبێ بیزانین کە کارەبا لەزمنی ئیختیصاصاتی موشتەرەکە لەبەینی ئەقالیم و مەرکەزدا، زۆربەی ئەو کێشەو گیروگرفتانەی بۆ دانانی پرۆژەکان، پرۆژەکانی کارەبا کەکراون، هەندێکیان ئەگێڕنەوە بۆ نەبوونی تەنسیق یان نەبوونی هاوکاری وەزارەتی کارەبای عێراق، لەگەڵ کارەبای هەرێمدا، بەڕاستی ماستەر پلانی وەزارەتی کارەبای عێراق بۆلە 2005 وە تا 2010 دەرچووە، ئەم ماستەر پلانە تەنانەت لەسەری نووسراوە، (محدودة التداول) نازانم بەگوێرەی قسەی شارەزایانی بواری کارەبا ئەڵێن کەمتەرخەمییەکی زۆر بەحەقی هەرێمی کوردستان کراوە، ئایا ئەم کەمتەرخەمییە ئەگەڕێتەوە بۆکێ؟ ئەی لەکاتێکدا ئێمە کەوەکیل وەزیری کارەبای عێراقی فیدرال کوردەو لەتەحالفی کوردستانییە بۆچی تا ئێستا کەمتەرخەمییەکە ئەوە، یان حکومەتی هەرێمی کوردستانە، یان ئەگەڕێتەوە بۆ کوێ؟ داوای روونکردنەوەی زیاتری لێ ئەکەین، ئەمە تەقریبەن کورتەیەك بوو لەپێشنیارەکان، زۆر سوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئومێد ئەکەم وەڵامی زۆر لەپرسیارەکانتان، بدرێتەوە، ناوی دکتۆرە شوکریە شەتب ئەکەم، ناوی کاك کەریم شەتب ئەکەم، کێ ئەیەوێ ناوی شەتب بکەم لەبەر رۆشنایی ئەو راپۆرتە کاك رەشاد ناوی شەتب ئەکەم، کاك دلێر هەروەها خاتوو ڤیان، کاك دیلمان، کاك کریم فەرموو، دەقەو نیوێك لەبەر ئەوەی یەکی دەقەو نیوێك قسە بکەن، پێویستیمان بە40 دەقەیە، یەك دەقە ئەڵێن، باشە یەك دەقە موافقن، یەکی یەك دەقە تەواو، تکایە بێ موقەدیمە یان بڵێ تەئیدی قسەکان ئەکەم یان بڵێ نوقتەکەم ئەوەیە، ئەگینا قسەکان پاش دەقەکە ئەبڕم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر ئەکەین، بەڕاستی لەدانیشتنی پێشوو موژدەیەکی دا بەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، کە لەهاوینی داهاتوودا هیچ کێشەیەك نامێنێت، بەداخەوە ئێستاکە وا پێ ئەچێتن، کە هەمووی

ئەگەرەو هەمووی هەوڵدانە و بیرلێ کردنەوەیە، ئیعتیمادەکەش زیاتر لەسەر بارینی باران بارین ئەوەستێت، ئەوە 16 ساڵە حکومەتی هەرێم هەر چاوەڕێی باران بارین ئەکات، پێم وایە ئەمەش لەبێ بەرنامەیدایە، بەرنامەیەکی تۆکمە تا ئێستا دانەڕێژرایە، بۆ ئەوەی ئەو مەسەلانە چارەسەر بکرێت، من پرسیارێکم هەیە لە جەنابی وەزیر، هەتا ئێستا بۆ مەسەلەی دزینی کارەبا لە هێڵە گشتیەکان و لە بیرەکان هەتا ئێستا وەزارەت چی کردووە؟. پێمان باشە لێرەدا بۆمان روون بکاتەوە، ئیتر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك احسان فەرموو.

**بەرێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من ویستم باسی بکەم، هاتە کرنێ، دووسێ پرسیار هەنە، ژ جەنابێ وەزیری، یەکەم شومێش بەحسێ رەشەبا دێتە کرن، دووەم/ کەمێکی مەزنا کارەبا دێتە پارێزگاها دهۆکێ، هەروەکی سەدێکی سەر خاپورێ، هەروا سەدا بێخما، ئەڤە سێ پرۆژەی گەلەك گرنگن، کو کارەبا تەولید بکەن، نوقتا دیکە هەرە گرنگ، حەز دکەین نیزامە وەرگرتنی پارە بەرامبەر کارەبای نیشتمانی دەدرێتە خەڵکێك نیزامەکا تەصاعودی بێت، کو پتر کارەبا سەرف بکاتن پتر پارەی لێ وەربگیرێتن، یان مقیاسێك هەبێتن خەڵکێك کەم سەرف دەکاتن، خەڵکێکیش پتر سەرف دەکاتن، ئیتر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەرێز ارام رسول مامند:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشێك لەقسەکانی من باسی لێوە کرا، بەس من تەنها ئەوەندە داوا لەجەنابی وەزیر ئەکەم لەبەر رۆشنایی، ئەم پرۆژانەی کەباسی کرد بەتایبەتی لە ئایندەیەکی نزیکدا، نسبەتێك لەبەرهەمی کارەبا زیاد دەکات لەوێستگەکان، داوا ئەکەین کە ئەمرۆ جەنابی وەزیر بتوانێ لێرەوە موژدەیەك بدات، بە هاووڵاتیانی خەڵکی کوردستان، بەتایبەتی هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی، بۆ ئەوەی بتوانن لە چەند مانگی داهاتوودا، تا چ رادەیەك کارەبا زیاد دەکات لەهەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئاگاداری لەکۆتایی جەلسەدا غیاب دەخوێنمەوە لەبەر ئەوەی ئیجازە وەر ئەگرن بەموەقەتی کەچی ناگەڕێنەوە، بەغیابی ئەدەین، کاك ئارێز فەرموو.

**بەرێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەمەویت لەدوو تەوەر قسە بکەم، یەکیان ئەوەی کە پەیوەندی بەهێنانی کارەبا هەیە لە ئێرانەوە، من ئەوەندەی کە هەست ئەکەم ئێران هیچ مەبەستێکی نیە لەوەی کە هاوکاری ئێمە بکات، بەڵکو تەنها داچۆڕین و دادۆشینی ئابووری کوردستانە، یەکێك لەقسەکانی جەنابی وەزیر کەباس دەکاتن، ئەڵێت لەمەهاباد 100 کیلۆمەتر لە پیران شەهر دوورە، لەوێوە رای ئەکێشین کەواتە پیران شەهر کەقەزایەکی سەرسنووریە، بەشی خۆی کارەبای نیە لەوێوە رای دەکێشن، نازانم راکێشانەکەی لە مەهابادەوە تا کوردستان لەسەر ئێمەیە و لەسەر سنوور لێی وەرئەگرین، پێویستی بەهەندێك روونکردنەوە هەیە، ئەوە یەك، دوو خۆی باس ئەکاتن ئێمە هێشتا کارەبامان وەرنەگرتووە، سیمەکە بەشی ئەوەناکات کارەباکەی پێ نقلّ بکرێت، سێ، جانبی سیاسی و جانبی ئابووری وسەختی ئەوانە پێویستە لەبەرچاوبن، جانبێکی تری هەیە، زۆر بەپەلە قسە ئەکەم داوای لێبووردنم هەیە، لەبەر ئەوەی کاتەکە بەش ناکات، ئێمە ئەزانین بەشێکی ئۆبالّی نەبوونی کارەبا لە ئەستۆی حکومەت نیە، زرووفە عامەکە وایە، بەشەکەی کەلەئەستۆیەتی ئەوەیە کەبەرنامەی رێك وپێکی نیە، بەڵام هەلومەرجە بابەتیەکە نیە، بەڵام هەندێکی تر برێك کارەبا لەکوردستان هەیە جەنابی وەزیر دیقەت بدەیتە ئەو قسەیە، کارەبا لەکوردستان هەیە، ئەو برەی کەهەیە بۆچی بەداد پەروەرانە دابەش ناکرێت، من ئێستا لەهەولێر ئەژیم، لە گەڕەکەکەی خۆمان 50 ماڵتان بۆ دێنم کە 24 سەعات کارەبایان هەیە، ئەوەندەش بەشی یەك گەڕەکی وەکو باداوە و کوران دەکات، لە مەسئولین بگرە لەبارەگای حزبەکان بگرە، لە ئەندامانی پەرلەمان هەمووی تێدایە، حەز ئەکەم ئەو حەقیقەتە بزانن لەبەر ئەوەی ئەوە ئەرکی حکومەتە، ئەو مەسەلەیە جێبەجێ بکات، ئەو کارەبایە ببڕێتن، ئەوە یەك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ ئەندامانی پەرلەمان هەیە ئەگەر یەکێك لەدەقیقەیەك زیاتر قسەی کرد، قسەم پێ نەبڕی نوقتەی نیزام بکات، کاك بارزان.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من 40 سانیەم ئەوێت 20 کەی بدە بەیەکێکی تر، بەڕێز جەنابی وەزیر لە سەفەرەکەیان بۆ ئێران، ئیتفاقیان کردووە، کە برِی کرِینی کارەبا 7 سەنت بێت بۆ کیلۆیەك لەعێراق 4 سەنتە، ئەم جیاوازییە بۆ وایە، ئیعلام وا ئەڵێت کە ئێوە بە 7 سەنت کڕیووتانە، عێراق بە 4 سەنت کڕیوویەتی ئەم فەرقە بۆ وایە، باسی ئیعلام ئەکەم، دوو ئێوە هیچ سەرفێك نەکەن بۆ دروستکردن وراکێشانی هێڵی کارەبا، سەرسنووریەکان هەتا کارەبا دێت، کە دەستەڵاتی هێنانی کارەبا لەدەرەوە، لە دەستی حکومەتی مەرکەزی بێت، ئێوە بۆ مەسرەف ئەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تاڤگە خان.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی من سەبارەت بەو مۆلیدە ئەهلیانەی شاری هەولێرە، کەلە سلێمانی مۆلیدەی ئەهلی دانراوە کە کاتمن، زۆر باشن، بەڵام لەهەولێر هەمووی تەرهیمن و مانگانە جاری وا هەیە، بە هەفتە کارەبا لە گەڕەکەکان دەبڕن، لەبەر ئەوەی تەرهیمن وبە ئەصڵ مۆلیدە نین، ئایا وەزارەتی کارەبا، لە پلانیدا هەیە، لە هەولێریش هەمان مۆلیدە دابین بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك کەریم.

**بەڕێز کریم مجید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی وەزیر تا چەند خەڵك دڵنیا ئەکات، لەساڵی ئایندەدا کارەبا ئەبێت وەکو خۆی باسی کرد، چونکە لە بوارەکانی ڕاگەیاندندا زۆر ئاماژە بەوە درا، لەکۆتایی ئەمساڵدا کارەبا لە کوردستاندا دابین دەکرێت، ئەوە یەك، دووەم، گرفتی کارەبا یەکێکە لەگرفتە گەورەکان، بۆ وەزیر گومانی هەیە لەوەی کە پارەی پێویستی بۆ دابین ناکەن، کارەبا لە پێنجوێن تا چەند دڵنیا بین، لەوەی ئەو کارەبای پێنجوێنە بەردەوام ئەبێت، نابڕێت وکێشەو مەشاکیلی بۆ دروست نابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، دکتۆر رەمەزان.

**بەڕێز رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆربەی پرسیارەکانم وەڵام درانەوە، بەڵام ئەوەی من پشتگیری لێ ئەکەم، هی کاك ئارێزە، دەربارەی داد پەروەری لە دابین کردنی کارەبا، بۆ کەرتە تایبەتیەکان دابین دەکرێ، بزانە مریشکی دەواجنێك لەمنداڵی فەقیرێك گرنگترە کە چەند سەعاتێکی بۆ ئەو دابین کراوە، بەڵام بۆ خەڵك، هاووڵاتی 3 سەعات دابین کراوە، کەرتی تایبەت ئەتوانێت دابینی کارەبای خۆی بکات، ئەگەر گرێبەستیش هەبێت، ئێمە گرێبەستمان لەگەڵ هاووڵاتی پێ زیاترە، حکومەت بەرامبەر بە هاووڵاتی بەرپرسیار ترە، لەوەی بەرامبەر بە پرۆژەی کەرتی تایبەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، دکتۆر دلێر شاوەیس.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من حەسادەت بەجەنابی وەزیر نابەم، چونکە دەزگایەکی وێرانی لەبەردەستدایە، ناتوانێت ئەو کێشانە چارەسەر بکات، وەکو خۆشی ئاماژەی پێدا، کێشەکان پێشینەیەکی مێژوویی کۆنی هەیە، بەڵام لەڕاستیدا کارەبا ئەمڕۆ بووەتە پێداویستیەکی ڕۆژانەی خەڵکی، نەك تەنها لەژیانی ڕۆژانەی خەڵکی، بەڵکو ئەگەر ئێمە بمانەوێت گەشەکردنێکی ئابووری وکۆمەڵایەتی بەخۆمانەوە ئەبینین، بۆیە ئەبێ کارەبایەکی زۆر دابین بکەین، بۆ دابین کردنی ئەم کارەبایەش لەراستیدا نابێ پشت بە هێزە دەرەکیەکان و سەرچاوە دەرەکیەکان ببەستین، وەکو خۆی ئاماژەی پێکرد، جگە لەوەش سەرچاوەی کارەبای یاخود هێزی دیزڵ بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا سەرچاوەیەکی مسۆگەر نیە، سەبارەت بەهەرێمی کوردستان، لە ئایندەیەکی نەك ئێستا بەڵکو لەئایندەیەکی چاوەڕوانکراویشدا، ئەوەی ئەمێنێتەوە سەرچاوەی ئاوە، سەرچاوە ئاوییەکانیش بەڕاستی پرۆژەی سەدی بێخمە یەکێکە لەو کلیلانەی کە ئەو کێشانە چارەسەر ئەکات، کە ئاخۆ وەزارەتی کارەبا، چی کردووە لەو ڕووەوە، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خەمان خان.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز وەزیری کارەبا پرسیارەکەی من ئەوە بوو، لەو کارەبایانەی کە ڕای ئەکێشن، لە ئێرانەوە من بەس پرسیارەکەم لەجەنابی وەزیر ئەوەبوو، لە ٪ چەندی لەو کارەبایە خەسار ئەبێت، ئەوەی لە ئێرانەوە دێت، چونکە لەگەڵ ئیراندا ناوی هەندێ وڵاتی هێنا، گرنگ نیە لەگەڵ هەر وڵاتێك ئێمە هەماهەنگی بکەین، یان هاوکاری بکەین، گرنگ ئەوەیە ئەو وڵاتانە کامەیان لەو بوارانە پێشکەوتوون، بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەکو کەنەدا، لە 4٪ی ئەو کارەبایە خەسار ئەبێت، لە کبێکەوە کە ئەڕوات بۆ نیۆیۆرك، تەنها لە 4٪ خەسار ئەبێ، لەبەر ئەوە تەنها گرنگ نیە، چ وڵاتێك هاوکاریمان ئەکات، گرنگ ئەوەیە ئەو وڵاتە توانایەکی وای هەبێت، کە خەسارەت کەم بێت، بۆ ئەوەی ئێمە لەبواری ئابووریەوە ئیستیفادە بکەین، خاڵی دووەمیش پشتیوانی ئەو هەموو ئەندام پەرلەمان و هاوکارانەی خۆم ئەکەم، کە تەئکیدیان کردەوە لەسەر نا دادوەری دابەشکردنی کارەبا، کە بەڕاستی وەزارەتی کارەبا ئەمە مەسئولیاتیەتی، کەنابی خۆی لێ بدزێتەوە، ئەبێ بەرنامەیەکی باشتری هەبێت بۆ دابەشکردنی کارەبا، شەرمەزاریشە بۆ ئێمە کە ماڵێك کارەبای هەبێت و ماڵێك نەیبێت، یان کەرتێك کارەبای هەبێت و کەرتێك نەیبێت، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارەکەم تەنها ئەوە بوو، کەکاك دلێر باسی کرد، ئەوەی سەدی بێخمە، کە پرۆژەیەکی ستراتیژیە، لەحکومەتی ناوەندی تا ئێستا چی کرایە، بەڕاستی گرفتێکی گەورە لەکوردستان تائێستا کەهەیە، نەبوونی وشیاریەتیە لە بەکارهێنانی کارەبا، دیارە جەنابی وەزیر، مەسەلەی نرخی باسکرد بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئەو مەسەلەیە، پێم وایە، سیستەمی تریش هەیە، ئەگەر بیری لێ بکرێتەوە، ئەوی ترشی پشیتوانی لەبرادەرانی پێشووم ئەکەم لەمەسەلەی نادادپەروەری لەدابەشکردنی کارەبا، بەڕاستی ئەبێ ئەو مەسەلەیە کۆنترۆڵ بکرێتن، مەسەلەی شەفافیەت لەئینتاج و هەم لە تەوزیعی کارەبا، ئەبێ لەڕاگەیاندن کەجەنابت باس ئەکەیت، بەڕاستی خەڵك زۆر پێویستە وشیار بکرێتەوە بەشەفافیەت وشیار بکرێتەوە، کە چەندمان کارەبا هەیە، چەند دەتوانین تەوزیع بکەین، زۆر گرنگە بۆ ئەوەی چیتر خەڵك گلەیی نەکاتن، چیتر بزانێت تاقەی ئینتاجیمان چەندەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. کاك تەلعەت.

**بەڕێز طلعت محمد صالح توفيق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێرهاتنی وەزیری کارەبا ئەکەم، دەستخۆشی لە وەزارەتی کارەبا ئەکەم، رۆژانە کارەبا ئەبەنە گوندەکان، شاروشارۆچکەکانی کوردستان روناك بێت، بۆیە حەز ئەکەم بەسیستەمی ئەمپێر بێت، تاکو زیاتر سوودی لێ وەربگرین، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی جەنابی وەزیر ئیشارەتی پێدا سەبارەت بە کەمتەرخەمی ئەندامانی پەرلەمان کە تاکو ئێستا هیچ ئەندامێکی پەرلەمان نەچوویتە وەزارەت، بەڕاستی ئەوە کەمتەرخەمییە لەلایەن ئێمەوە، ئەمە یەك، دوو، ئەو ناعەدالەتیەی کە هەیە، بەڕاست ئەوەندە میللەتەکە نیگەرانە لەکێشەی کارەبا، دوو ئەوەندە نیگەرانن لەناعەدالەتیەکە، مەسئولە 24 سەعات کارەبای هەیە، بۆ کارەبای هەبێتن، یاخود کارەبای فولیان داوەتێ، ئەمە دوو، نوقتەی سێ/حەزەکەم جەنابی وەزیر تەوزیحێکمان بداتێ بەنیسبەت سەدی بێخمە، تەوزیحێکیشمان بداتێ دەربارەی دابەشکردنی کارەبا، چونکە لە دانیشتنی پێشوو ئیشارەی پێدا، ئەگەر ئیمکان هەبێت ئەیکەینە ئەمپێر، ئایا ئیمکان هەیە ببێتە ئەمپێر، یان بەکارت سەرفی کارەبا بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاملا فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە برادەرەکانم زۆربەری زۆری پرسیارەکانم و سەرنجەکانیان وت، تەنها سەرنجێك کەهەمە زێی بچووك کە سەرچاوەی دابینکردنی ئاوی بەنداوی دوکانە، ئێستا لەودیو بەنداوێکی تری لەسەر دروستکراوە، سەدی گرژاڵی لێ دروست دەکرێت، لەدیوی ئێرانەوە، سەدێکی تریش هەر لەسەر سیروان دروست ئەکرێت، ئایا ئەو سەرچاوە ئاوییانە کە کەم بوون، بە جێگرەوەی ئەو بەنداوانە چ پلانێکی هەیە وەزارەت بۆ داهاتوو، لەدوو ساڵی داهاتوودا، چاوەڕێ ئەکرێت سەدی گرژاڵ تەواو بکرێت، وەکو باس ئەکرێت نەك دوو ساڵ، ساڵ و نیوێکی پێ ئەچێت، ئەوە چ پلانێك هەیە بۆ ئەوەی جێگرەوەی هەبێت، ئەوکارەبایەی کە ئێستا سەرچاوەی هەموو کارەبای کوردستانە، ئەو دوو بەنداوەیە، ڕێژەکەی کەم دەبێت و بەرەو نەمانیش ئەچێت، چ بەدیلێك هەیە بۆ ئەوە لەکاتێکی نامناوەندیدا، ئەوی تریش پشتگیری لەبرادەران دەکەم بۆ دابەشکردنی کارەبا، بەشێوەیەکی داد پەروەرانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو شیرین فەرموو.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەتی کارەبا، هەمی ئاریشەمان هەیە، کێشەیەکی گرنگە لەهەمی کوردستان، هەروەسا ئەز دەبینم لەدەڤەرا زاخۆ، پرۆژەیەك ئیشارە پێدا جەنابی وەزیر گۆتی 200 مێگاوات بۆ محافزە دهۆکییە، لەگەڵ هەندەش نایەتە دابەشکرن، بەرەنگەکی باش نەبەنیسبەت دهۆکی دەوروبەرێش محافەزەیە دهۆکیش وەکی قەزایا زاخۆ هەمی دزانن، قەزایەکی بەرفەرە هەم وەکی پترژ 20 کەسا، ئەم دگەل هەندەش دەبینین ئاریشەیا وی زیاترەو گەلەکە، خەڵکا گازندە دکەت، ئەو ژی هەر زڤەراتە هەتا هەنوکە، دائیرەك نینە، ژ زاخۆ مجرد وەکی بەشێکە یان قسمەکە، جیایە بەس پارە وەرگرێتن، نەفریا وی کەوی ژ پارێزگارا دهۆکی، 150 ملیۆن وەرگرت، بەس ملیۆن و نیوێك بۆ زاخۆ، دەستەلات نینە، بچن ئاریشە خۆ، حل بکەن، گەل هەندەش جەنابی تە ئیشارە پێدا، تەقریبەن زستانی چووی، 300 محاویلە هاتینە، سوتیێ مە پێزانین 700 محاویلە هاتینە سوتیێ، 300 دی واش هی زاخۆنە، ژ بلی ئاریشە جۆراوجۆر لە زاخۆ هاتنە کرن، هیڤیدارین ئەڤ دەنگە خۆ بگەینن، ئەڤ بەشە نەمینیت ژ زاخۆ، وەکی ڕێڤەبەریەکا، وەکی دائرەك، ئەوژی دابەشی سەلاحیە هەبن، بچن پتر خزمەتی بکرێتن. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخ اللە.

**بەڕێز شێخ اللە ابراهیم شێخ اللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من پشگیری لە رای برادەران دەکەم، دەربارەی چۆنیەتی دابەشکردنی کارەبا، بەڵام مولاحەزەیەکم هەیە دەربارەی مۆلیدە ئەهلیەکان، باوەڕ بکەن زۆربەی زۆری ئەو مۆلیدانە ڤۆڵتێیان تەواو نیە، بەشەوان هەر هەڵپەڕو داپەڕیەتی کارەباییەکە، بەوانەشە زۆر کەرەستەی کارەبایی وەکو سەلاجە موجەمیدە، تەلەفزیۆن دەسووتێ، لەنەتیجەی ئەو چاودێری نەکردنەی، کە دەبێ چاودێری بکرێت، کە ڤۆڵتێکانیان تەواو بێتن، لەگەڵ ئەوەش کەڤیمەتی ئەمپێرەکەشیان گران کرد، سەعاتێکیشی کەم کردۆتەوە، دەبوو سەعاتێك زیاد بکات، نەك کەمی بکاتەوە، زۆر ئەزیەتی پێوە ئەبینین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شوکری فەرموو.

**بەڕێز شوکری صالح تمر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاسی جەنابی وەزیر ئەکەین، بۆ روونکردنەوەکانی، هەمووومان ئەزانین کەگومانی تێدا نیە، کەکارەبا گرنگیەکی خۆی هەیە لەسەر ژیانی هاووڵاتیان، لەهەموو روویەکەوە، بەڵام بەداخەوە وەکو پێویست لەلایەن ئەوانەی کەبەرپرسن، لە پەیداکردن و دابین کردنی کارەبا، بۆ هەرێمی کوردستان لەو فەترەی کە قەیرانی کارەبا هەبووە، وەکو پێویست هەوڵیان نەداوە، بۆ دابینکردنی کارەبا، بە تەسەوری من ئەمەش دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی کە ئەوانەی بەرپرسن لەوە منەتیان بەکارەبا نیە، لە دەردی خەڵکی تر نازانن، چونکە نموونەشمان زۆرە، لە جەرائیدو شتیشمان خوێندووە، کە بۆ وەزیرێك مۆلیدەیەك کڕاوە بە 17 ملیۆن دینار، تەبعەن ئەم وەزیرە، منەتی پێی نیە، دەورووبەری کارەبایان هەبێ یان نا، دابینکردنی کارەباش منەتی پێی نیە، ئەمە شتێکی ناڕەوایە ناعەدالەتیە، حەقە ئەمە چارەسەر بکرێت، باش دەزانین کەکوردستان دەوڵەمەندە، بە ئاوو رووبار هەتا ئێستا هیچ هەوڵنەدراوە، کەبەنداوێکی تر دروست بکرێت وێستگەیەکی تر دروست بکەن، لەگەڵ ئەو دوو وێستگەیەی کە لە کوردستان هەیە، بۆ دابین کردنی کارەبا، دائیمەن هەموو وەختەك ئیعتمادیان کردووەتە سەر ئەو دوو وێستگەیەی کەلەکوردستان هەیە، لەگەڵ دەورووبەری کوردستان دەوڵەتانی تر کە کارەبا بەبێ زەحمەت و بەبێ هەموو شتێك کارەبا لە دەوڵەتەکانی تر بێنن، ئەمەش موفەتەو بە تەسەوری من ناجیح نیە، دایمەن ئەم قەیرانە هەر دەمێنێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەخت تەواو بوو، پێیکە مادام وایە، کاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من کران زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش سوپاس، کاك ڕۆمیۆ.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەندێك لەقسەکانم کرا، بەڵام تەئکید دەکەمە سەر ناعەدالەتی دابەشکردنی کارەبا، کاك شوکری باسی وەزیرەکانی کرد، من باسی مودیر عامەکان و باسی لەخوارتری ئەوانیش ئەکەم، هەروەها بەناڕێکی دابەشکردنی بیرە ئاوەکان، بەڕاستی ئەمەش بووەتە گرفتێکی زۆر گەورە، من یەك دوو پرسیاری تریشم هەیە، زۆربەپەلە من وام زانی دوو دەقەو نیوم پێدراوە، بەڵام دیارە وانییە، من تەئکید ئەکەمە سەر ئینتاجی مەحەلی، جەنابی وەزیر ئیشارەتی بۆکرد، بەڕاستی ئەمە شتێکی باشە، چونکە ئەو بڕە کەمە کارەبایەی کەلە ئێران و تورکیاو شوێنەکانی تر دەدرێ، بەشێوەیەکی میزاجی بەئێمە ئەدرێت، بەشێوەیەکی سیاسیانە تەعامولمان لەگەڵ ئەکەن، خاڵێکی تر من لەجەنابی وەزیر ئەپرسیم ئایا هەندێ گەڕەك هەیە سێ هەفتە، چوار هەفتە، یاخود بۆ مانگ و نیوێك ئەڕوات، بڕە کارەباکەیان سەعات 2 ی شەو یاخود 3 شەو، یان 4ی بەیانی پێیان دەدرێ، گەڕەکەکانی تر لەهەمان کاتدا بەڕۆژ پێیان دەدرێت، ئەگەر کارەبا شەو و ڕۆژ هەبێت، ئەم پرسیارەی دەکەم، جەنابی وەزیر باسی هەندێ مەحەتاتی کارەبای کرد، خەڵك باس ئەکات کە پاش 2ساڵ، 3ساڵ، پارساڵ باسی دامەزراندنی وێستگەیەکی کارەبای گەورە کرا، لەدەووروبەری شاری هەولێر، ئایا ئەمە بۆ دەست پێنەکرا، دەبوایە تەواو بووبا، جەنابتان باسی ڕێگە چارەی وا دەکەن کەدەبێ، وابێ وابێ، بۆچی ئەم ڕێگە چارەیە ناگرنە بەروو دەستی پێبکەن، ئێوە باسی قۆناغێکی تری ڕێگەچارەتان کرد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارام نوقتەی نیزامی هەیە، کاك ئارام و کاك شێخ الله ئەڵێن وختت تەواو بوو، زۆر سوپاس، کاك زانا.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من باس لە مۆلیدە ئەهلیەکان دەکەم، لەگەڵ پێزانینمان بەوەی کە کەرتی تایبەت کەلێنێکی باشی پڕکردۆتەوە، لە دابین کردنی کارەبا، بەڵام لە چۆنیەتی دانانی نرخەکەی تێبینیەکم هەیە، یەك دوو مانگ پێش ئێستا نرخی مۆلیدە ئەهلیەکان لەهەولێر، شەش هەزارو پێنج سەد دینار بوو، لە ناکاو ڕاگەیاندنێك بڵاوکرایەوە، کە مۆلیدە ئەهلیەکان نابێ لە هەشت هەزار زیاتر وەربگرن لەهاووڵاتیان، بۆ شەوی داهاتوو یەکسەر نرخەکەی بەرزبوویەوە بۆ هەشت هەزار، ئەو جۆرە نرخ زیادکردنە، دیارە داهێنانێکە لە ئیدارەی خۆمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ڤیان خان.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ ئامادە بوونی جەنابی وەزیر، من یەك روونكردنەوەو پرسیارێكم هەیە، كاتێك كەجەنابی وەزیر ئەڵێت ئێمە توانای داراییمان كەمە، ئەمانەوێت بەكار هێنانی ناوخۆییش بەكار بهێنین، جا لێرە من ئەو روونكردنەوەم هەیە، توێژینەوەیەك لە زانكۆی صلاح الدین كراوە، لەسەر خێرایی هەوا، لە دەورووبەری هەولێر، زۆر لەبارە بۆ دابین كردنی كەمێك كارەبا بۆ هەولێر، ئەویش خۆی دەزانێت كەئەوە شتێكە تەكلیفی زۆركەمە، زۆركەمی تێدەچێت لەرووی زانستیەوە، كەمی تێچوون ناسراوە لۆ تەكنۆلۆجی، لە عەینی وەختیش تەنها تۆربینێكی هەوای پێویستە، لەرووی تەندروستی و پاراستنی ژینگەش زۆر لەبارە ئەو دابینكردنە، خاڵێكی تریشم هەیە، پشت ببەستین بەو سەرچاوانەی كەلەناوخۆ هەیتمان، ئەمن دەپرسم كەلە توركیا، كارەبای دهۆك پشت بەتوركیا دەبەستێت، توركیا لەو وڵاتانەیە كە 77ملیۆنە دانیشتوانەكەی، بڕێكی زۆر كارەبا دابین دەكات، دەیدات بەئێمەش لە 37٪ لە ماددەیەكی لین دروست دەكات كەماددەیەكی تەنەكەیە، لە 40٪یشی لە سەرچاوە ئاوییەكانە، یەك خاڵی دیكەم مایە ئایا بەرنامەی بەكار هێنانی سەدی بێخمە كە یەك و دوو برادەری تریش باسی كرد، باسی نەكردو ئاماژەی پێنەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دكتۆر فوئاد.

**بەڕێز فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سوپاسی جەنابی وەزیر ئەكەم، بەراستی زۆر لە قسەكانم كران، بەس دوو خاڵ ماوە كەباسی بكەم، یەكەمیان ئەوەی كەجەنابی باسی كرد، كێشەی هێڵەكانی گواستنەوە لەكوردستاندا كێشەیەكی گەورەیە، تەكالیفی چاكردنیشیان زۆر زۆرە، من پێشنیار ئەكەم لەسەر ئەو قسەی جەنابی كە سەرچاوەی بەرهەمهێنان زیاد بكرێت، من وا پێشنیار ئەكەم كەوا لەشارەكاندا مەحەتاتی تەولید، سەرچاوەكانی بەرهەمهێنان لەخودی شارەكاندا بن، پشت بەوە نەبسترێت كەوا كارەبا بگوازرێتەوە لەشارێكەوە بۆ شارێكی تر، بەپێی ئەو سەرچاوەی وزانەی كەلەناوچەیەكدا هەیە، حەتا بۆ قەزاكان بۆ ناحیەكان وانەبێ، كارەبا لەدووكانەوە بەریت بۆ هەولێرو لەدەربەندیخانەوە بیبەی بۆ ناوچەیەكی دوور كە تەكالیفی گواستنەوەی زۆر بێت، خاڵێكی تریش ئەوەیە كەباسی سەدی بێخمەیە، حەز ئەكەم روونكردنەوەیەكمان بۆ بدات، هەرچەند كێشەكانی گەورەیە  پێئەچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا فتاح.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من زۆر سوپاسی جەنابی وەزیر ئەکەم، بۆ ئەو روونکردنەوەی کە هەموو نوقاتەکانی بەتەفصیلی روونکردەوە، چۆنی ئێمەی تێگەیاند کەوەزعی کارەبا چۆنە لەکوردستاندا، کەزۆریشمان ئەزانین، لە کۆتایی روونکردنەوەی بەڕێزیان وادەرئەکەوێت، نیهایەتی ساڵی دادێ یان لەدوای شەش مانگ، ئەبین بەخاوەنی کارەبا، لە حەقیقەتدا من کەم تەرخەمییەکی زۆر لە حکومەت ئەبینم بە گشتی بەرامبەر بە کارەبا، هیچ کەم تەرخەمی جەنابی وەزیر نیە، چونکە وەزیر تازەیەو ساڵێکە هاتووە، بۆ ئەو وەزارەتە، کەم تەرخەمییەکە لە حکومەتە بەگشتی، حەزەکەم حکومەت گوێی لە قسەکەی من بێت، بیری لێ بکاتەوە بۆ ئەوەی بەشکو چارەیەك لەو وەزعە بکرێت، ئێمە 15 ساڵە حکومەتین، حکومەتێکی دوای 15 ساڵ کارەبای نەبێت، من نازانم تەعبیری چیە بۆ حکومەتێك 12 ساڵ، 15 ساڵ حکومەت بێت و کارەباشی نەبێت، ئەو ژوورە ئەگەر هەمووی بکرێت بەزێڕ کارەبای لێ بکوژێنیەوە، تاریکاییەکەو دێینە ناوی دائەنیشین، مەعەل ئەسەف حکومەتی ئێمە بیر لەوە ناکاتەوە رێگای کارەبا چۆنە، رێگای کارەبا هەزاران مۆلیدە، لەو کوردستانەی هەیە، هەر یەکی هەزار کەیفیە، حەزەکەم گوێم لێ بگرن رجاتان لێ ئەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەزانم مامۆستا قسەکانت جوانە، بەس ئەوە نوقتەی نیزامە، قسەکانت رێکن بەس کرا، دەی فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەزاران مۆلیدەی هەزار کەیفی هەیە بەس ئێمە دەچین لە مۆلیدەی ئەهلی کارەبا ئەکڕین بە 10 هەزار دینار، مەعەل ئەسەف، یاخود من لەگەڕەکێك دانیشتووم ناویان ناوە دۆلار ئاوا، دۆلار ئاوایەو کارەبای تیا نیە، مەعنای وایە فلوس ئاوایە، مەنتیقەیەك بێت بەدۆلار دروستی بکەی وناوی دۆلار بێت، بەڵام کارەبا نەبێت، جیرانی منە من تابەیانی لەبەر رۆناکایی گڵۆپی دەرەوەی ماڵی ئەوان ئەچمە دەرەوەو ژوورەوە، خوا شاهیدە، من کارەبام نیە ئەوەیش کارەبای لە ئاسمان، راکێشاوە، میوانیشە خوا موەفەقی نەکات، میوانیشە ئینجا خەڵکی ئێمەش تف ونەعلەت لەمن ئەکەن، کە ئەندامی پەرلەمانم داخەوە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، کاك وشیار سوپاسی تۆ ئەکەم، جەنابت هیچ گوناهت نیە ئەشهەدو، گوناح لەحکومەتەکەمانە بەگشتی، چونکە حیساب بۆ ئەو مەسەلەیە ناکرێت، رجاتان لێ ئەکەم چارەیەك لەو مەوزوعەی بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەسە مامۆستا، چوارکەس نوقتەی نیزامی هەیە، کاك غفور.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی بەشێك لە قسەکانی من کرا، بەڵام من تەئکید ئەکەمەوە، بۆ ئەو مەسەلەیە جگە لەماڵە بەرپرسەکان، کە کارەبای بەردەوامیان هەیە، کۆمەڵێك پرۆژەی ئەهلیش مەسەلەن فندقە، بازاڕێکە، کارەبای بەردەوامی هەیە، بەڕاستی جەنابی وەزیر ئەبێت بەرنامەیەکی هەبێت بۆ بڕینی ئەو کارەبایەش،

لەبەر ئەوەی ئەگەر ماڵە بەرپرسەکان من حەز ئەکەم بەوردی گوێ بدەنە ئەو قسانەم جەنابی وەزیر، ئەگەر کارەباکانیان بەبێ پرسی وەزارەت بردیە، ئەوە جۆرێکە لەگەندەڵی و دزیە لەموڵکی گشتی، ئەوە خاڵێك، ئەگەر بەموافەقەی وەزارەتیش بردیتی، ئەوە ناعەدالەتیەك لەکارەکانی وەزارەت هەیە، بۆیە دەبێ جەنابی وەزیر بە وردی لەو کێشەیە بکۆڵێتەوەو نابێ لێی بوەستێ، بۆ نموونە ئوتێل هەیە 24 سەعات کارەبای هەیە، ئەو ئوتێلە دەتوانێ بۆخۆی مۆلیدەیەك دابنێ، ئەگەر روخسەتم بدەی، بازاڕ هەیە 24 سەعات کارەباتان دایتێ، ئەکرێ ئەو بازاڕە، کە دوکان بەکرێ ئەداو، ئیستیسمار ئەکات مۆلیدە دابنێتن، بۆ لەموڵکی گشتی بباتن بەڕاستی، ئەو ناعەدالەتیەی کەئێستا هەیە، ئێمە دەڵێین گەندەڵی لەکوێ هەیە، ئەوە جۆرێکە لەگەندەڵی، ئەو بەرپرسانەی کە هەیتیان، گەندەڵن کەکارەبا ئەبەن، ئەمە خاڵێك، خاڵێکی تر، مەسەلەن مەعقول نیە بەرپرس بیت ونوێنەرایەتی خەڵك بکەی، ئەو جیرانەت کارەبای نەبێت، ئەو جیرانیشت نەیبێ تۆ لەناوەڕاست کارەبات هەبێت، باشە چۆن زەمیری ئاسوودە دەبێت، ئەوەیە کە دەڵێن دیواری ئەستوور لەنێوان خەڵك و دەستەڵاتدایە، بەڕاستی دەستەڵات هەمووی بەرپرسە، لەم گەندەڵیە دەبێ، هەموو لایەکمان هەوڵ بدەین، چارەسەری بکەین، پشتگیری رای برادەران ئەکەم لەو خاڵەی، دواتر مەسەلەی تاقەی هەوایی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەك دەقەکەت تەواو بوو، زۆر سوپاس، فەرموو دانیشە، کاك عوسمان بانی مارانی.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەست خۆشی لەپرۆژەی جەنابی وەزیر دەکەم، ئەوەندە پرۆژانەی کەباسی کرد، لە 50٪ی جێبەجێ بکرێت، لە ساڵی داهاتوو کێشەی کارەبامان چارەسەر دەکرێت، دیارە زۆربەی قسەکان وەکو یەکن، گلەیی نیە لەکەمی بەرهەمهێنان، لەسەر ئاستی کوردستان، گلەیی هەیە لەچۆنیەتی دابەشکردن، من هیوادارم کە جەنابی وەزیر بەوردی، بەدووی ئەو دوو ناعەدالەتیەدا بچن، کە ئەو بڕە کارەبا کەمەی کە بەرهەم دێت لەکوردستان و هەیە، بەو سیستەمەی کەدابەشکرایە بکرێتە ئەمپێرات، چەندی بەشیکرد و چەندی بەشی نەکرد، خەڵك هیچ گلەیی نابێت، بەڵام گلەیی هەیە لەسەرجیرانەکەی کە کارەبای هەیە، ئەو نیەتی، خاڵێکی تر من پێم وایە وڵاتانی دەوروبەر ئیعتیمادی کولیان لەسەر ناکرێت، بۆ چاکسازی وەزعی ئێمە، کارەباشیان لێ وەربگرین لەداهاتوو تەنها مەسرەفەکانمان بەبەلاش ئەڕوات، ئەو خەتەی کەڕای ئەکێشن هیچ نەتیجەیەکی نابێت، هیوادارم هەموو پلانەکانی خۆتان لەسەر ڕاکێشانی کارەبای دەرورووبەر مەبەستن، بەڵکو لە ئینتاجاتی مەحەلی بکەن، خاڵێکی تر مەسەلەی مۆلیدە ئەهلیەکانە، دیارە مۆلیداتی حکومەت زۆر کڕایە لەساڵانی رابردوو، بەڕاستی بەرهەمی باشیان نەبووە، زۆریش تیا سەرف کراوە، ئەو مۆلیدە ئەهلیانە، دەعم بکەن، گازیان بدەنێ سیعرەکانی مەعقول بکەن، بەڵام جۆرەکانیان تۆزێك تازە بن، بۆ ئەوەی فیعلەن سەلاجەو شتی خەڵکی نەسووتێنن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس كاتت تەواو، باسكرا كاك عوسمان زۆر سوپاس، كاك عوسمانی تر وابزانم تەنازولی كرد.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە سێ خاڵدا قسەكانم كورت ئەكەمەوە، بەڕێز وەزیری كارەبا، لە گوندەكانی كوردستان كەخاوەنی ئاوێكی زۆرن، زۆریان بۆ خۆیان شەلالەیان هەیە هی ئاو، ئەمن لە هەندێك لەگوندەكان بەچاوی خۆم بینیومە، هەروا شتێكی زۆر سادەیان دروستكردووە، كارەبای گوندەكەی تەواو دروست كردووە، ئایا لەبەرنامەی وەزارەتی كارەبا شتێكی وا هەیە، ئەو شوێنانەی كەئیمكانیەتیان هەیە بۆ خۆیان كارەبا دابین بكەن، دووەم مۆلیدە ئەهلیەكان لەناو شاردا، ئەو وایەرەی كەپێی ئەگوازنەوە بۆماڵەكان، جاری وا هەیە ئەوەندە نزمە سەیارە وایەرەكەی ئەپچڕێ، جاری وا هەیە كارەبای هەر لەسەرە، منداڵ وشتی وا تووشی زەحمەت ئەبن، ئەوە كێ مەسئولە لە پاراستنی ئەو خەڵك وگەڕەك و ئەو شتانە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكام وایە تكرار نەبێ قسەكانتان، لەبەر ئەوەی زۆر تكرارە، ئێستا دیارە ناعەدالەتیەكەیە، سەدی بێخمەیە، ئیرانە، زۆر شتی تریش هەیە تكرارە، تكام وایە ئەوەی شتێكی تازەی هەیە، با بیڵێت، كاك تەلعەت قسەت كرد، دكتۆرە هالە.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەئكید لەسەر كەرتی تایبەت ئەكەم، بەتایبەتی سۆپەرماركێت ومۆلەكان، ژمارەیان یەكجار زۆرە، رۆژ بەرۆژ ژمارەیان زیاد دەبێ، مۆل هەیە بەقەد گەڕەكێك كارەبا سەرف ئەكات، پێویست ناكرێت كارەبای ئەوان لەسەر حیسابی هاووڵاتیان بێت، دەتوانن مۆلیداتی تایبەت بۆ خۆیان، دابین بكەن لەبەشی هاووڵاتی نەبەن، زۆر سوپەرماركێتمان دیتیە، شەو تابەیانی هەموو گلۆپەكانی پێیە، مەعەل عیلم هەموو گەڕەكەكە تاریكە، لەوەش ناعەدالەتی هەیە، بەڕاستی سەنتەرێكی بازرگانیە، دەتوانێت تەئمینی كارەبای خۆی بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عادل.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگیری ئەو برادەرانە ئەكەم لەناعەدالەتی ولە كەمتەرخەمی و ناعەدالەتی حكومەت لە 92وەوە تاوەكو ئێستا، نەك لەسەردەمی تر، من پرسیارێكم هەیە لەجەنابی وەزیر كاتی خۆی 81 مۆلیدە كرا، هەر مۆلیدەیەك ئینتاجی 1 مێگا كارەبا بوو لە شارەكانی كفری، چەمچەماڵ، كۆیە، چەند شارێكی تر، ئێستا

هاووڵاتی هاتووە، ئەتوانێ مۆلیدەی خۆی بخاتە ئیشەوەو کارەبا بداتە خەڵکی، ئایا حکومەت بۆ خۆی ناتوانێت ئەو مۆلیدانە بخاتە ئیشەوەو ئەو پارەی کە ئەهلی کۆی دەکاتەوە باحکومەت وەری بگرێت، مونەزەم ترەو ئەوەش وا ناکات ئێمە چاوەڕوانی ئاسمان و ئیرادەی خوا بین کە هەردوو سەدەکە پڕ ئەبێت یاخود نا، بەڕاستی ئەوە حەقە حکومەت خۆی مۆلیدەکانی خۆی بخاتە گەڕ 81 مۆلیدەمان هەیە، 50 ملیۆن دۆلاری کاتی خۆی بۆ سەرف کراوە، ئەوە پرسیاری یەکەم، پرسیاری دووەم، کاتی خۆی پرۆژەیەکی راکێشانی هێڵی کارەبا هەبوو، خانەقین، جەلەولا، بۆ کەلار، یەعنی بۆ مەنتقەی گەرمیان، کەشفەکەی وابوو 28 تاوەر هەیە، کەتەکلیفەکەی زۆر کەم بوو، 600 هەزار دۆلار بوو، ئایا حکومەت تا ئێستا بۆ بەدواداچوونی بۆ ئەو پرۆژە نەکردووەو نەتیجەکانی چیە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم بۆ پلانی سەریع و نزیك لەساڵی 2007 کە لیژنەیەکی تایبەت هەبێت، کە موتابەعەی بکات لەبەر ئەوەی کەئاماژەکان ئەوەن کە ئەمساڵ گەرمەو ئەگەر موتابەعەش نەکرێت ئەزمە دروست ئەبێت، دووەم، مۆلیدە ئەهلیەکان وەعدێك هەیە لەگەڵ حکومەت، کەنیوەی گازەکەیان بدەنێ، یان سوتەمەنیان بدەنێ، ئەگەر ئەوەش جێبەجێ نەکرێت کە جێگای کارەبای رەئیسی گرتۆتەوە مۆلیدەی ئەهلی، ئەوەش هەر ئەزمە دروست ئەکات، پێشنیاری سێیەمم، لەباتی پلانی درێژخایەن، لەباتی تاقەی گاز ئیعتیماد بکاتە سەر وزەی خۆر، لەبەر ئەوەی کێشەی سیاسیشی کەمە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەیدا عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمن بەنیسبەت قسەکانی کەئەمەوێت بیکەم، برادەران باسیان کرد، تەنها یەك مەوزوع هەیە مەوزوعی کارەبای ئاکرێ، تەبعەن ئاکرێ زۆر مەغدوورە، تەئمینی کارەبای ئاکرێ، هەروەکو جەنابی وەزیر باسیکرد، لە موصڵەوە تەئمین ئەکرێت، خۆی موصڵ لەئەساسدا دوژمنی کوردە، چۆن شتێکی وا باش دەکات کە کورد ئیستیفادەی لێ بکات، لەبەر ئەوە دوو ، سێ رۆژ جارێك ئەبینین، یەك سەعات کارەبای هەیە، کارەبای تورکیا دێتن تا دهۆك ولەێ را دەوەستێت، هی هەولێر دێت تاسەر زێی گەورەو لەوێ رائەوەستێت، ئاکرێ لەو بەینە ئاوها مایتەوە، داوا لەجەنابی وەزیر ئەکەم بزانم چ پرۆژەیەك هەیە، چ پلانی هەیە، بۆ ئەوەی ئەو موشکیلە حەل ببێت، خەڵك رۆژانە داوا لەئێمە دەکاتن، ئێمە شەرمەزارین بەرامبەر بەخەڵك، لەبەر ئەوە داواکارم بزانم چی دەکرێتن، بەماوەیەکی زوو بۆ ئەو مەنتقەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خاتوو نەسرین.

**بەڕێز نسرین محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پرسیارەكەم كرا لەپێشەوە، بەس من حەزەكەم زیاتر تەوزیحی بدەمێ، لەبارەی مۆلیدە ئەهلیەكانەوە، ئێستا لە سلێمانی مۆلیدەی ئەهلی هەیە، سیعرەكەی زۆر زۆر گرانە، چەندەها ماڵ قسەم لەگەڵ كردوون، كە ئەم ڕاسپاردەیە بگەیەنمە جەنابی وەزیر كەنرخەكانیان بۆكەم بكرێتەوە، چونكە كرێچین وباری بازاڕیش زۆر گرانە، ناتوانن ئەو خەتانە رابكێشن بۆ ماڵەكانیان، مەحرومن لەو كارەبایە، ئەگەر كارئاسانیەك بۆ مۆلیدەكان بكرێت، لە نرخەكەی بێتە خوارەوە ئەوە زۆر سوودی لێ ئەبینن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاك جمال.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە بەحەقیقەت لەسلێمانی سوپاس بۆخوا وەزعی كارەباكەمان باش بووە، رۆژی 8 سەعاتمان هەیە بەبۆنەی ئەم مۆلیدە ئەهلیانەوە، بەڵام لەوەو پێش تەبیعی نەكارەبامان هەبووە، ئەگەر بووبێتیش بەراستی ناعەدالەتیەكی زۆر زۆرو ئاشكرای پێوە دیار بووە، یەك شتی تریش زۆر گرنگە، تەبیعی خەڵكی كەباوەڕی تاحەدێك بەحكومەت نەماوە، لە رۆژی موناسەباتی حزبەكاندا، بەتایبەتی لەسلێمانی كارەبا ئەبێت بە 24 سەعات، یەعنی 24 سەعات كارەبا هەیە، تەبیعی ئەمە شتێكی ناڕەوایە، داوام لەجەنابی وەزیر هەیە، كە رێگە بگرێت بەو شێوەیە ئیستغلال بكرێت بۆ حزبەكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دوا كەس كاك محمد حكیم، ئەگەر تەنازولیش بكەی مەمنوونین.

**بەڕێز محمد حكیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سوپاسی جەنابی وەزیر ئەكەم، من بەخێرایی هەندێك پێشنیار ئەكەم، یەكەم، لەبەر ئەوەی ئەو پرۆژانە زۆربەیان پشت بەدیزڵ ئەبەستن، دیزڵیش نیەو گرانەو كێشەی سیاسی لەسەرەو زۆریشی ئەوێت، بۆیە ئەو پرۆژانەی خوار 50 مێگاوات ڕابگرێت، دووەم ئەو پرۆژەی ئەزمەڕ كە پشت بەبا ئەبەستێت و جەنابی مام جەلالیش وەعدی داوە بەشاری سلێمانی، چی لێهاتووە، نەهێشتنی سپلیت لە دەوائیرەكان، لەیەك واجیبەی دائیرەیەك من 18 سپلیتم ژمارد، بڕینی كارەبا لەمەعمەل وپرۆژە ئەهلیەكان، ئەو مەعمەلانەی كەئەكرێنەوە، تەنفیز كردنی 10ئەمپێری بەسەر هەموو خەڵكدا، ئەوەی لە سلێمانی دەستیا پێكردووە شتێكی چاكە، بەڵام لەگەورەكانەوە دەست پێبكەن، رێگە نەدان بەدەست تێوەردانی حزبی، كۆمپانیایەكی

حزبی چۆن ڕێی پێ ئەدرێت، مۆلیدە كۆنەكانی خۆی بفرۆشێت بەنرخی مۆلیدەی تازە، ئەویش بۆ ئەو گەڕەكانە دابینی بكات، كە كارەبایان نیە، ئەو مۆلیدانەی كەئێستا لەسلێمانی دائەنرێن بۆ ئەدرێتە مەسئولەكان، بۆ كوڕی مەسئول و مەسئولەكان دوایی كێشەیەك هەبێت، خەلەلێك هەبێت ئەو هاووڵاتیە فەقیرە چی بەرامبەر بڵێت، یەك گلەییشم لە ئیعلام هەیە، ئیعلام دائیمەن لەسەر وەزیرو وەزارەت و پەرلەمان ئەنووسن، كە گرنگی بەكێشەی هاووڵاتیان نادەن، بەڵام من ئەمڕۆ ئیعلام نابینم، هەر لەئیعلامەكەی خۆشمانەوە یەعنی كەناڵەكەی خۆمان ئەویش نابینم، ئەبوو ئەمڕۆ ئێرە پڕبێت، جگە لە ئیعلامی یەك دوو كەناڵ نەبێت، ئەگەر نا لەدەرەوەش نین، بەتایبەتی رۆژنامە ئازادەكان كەهانی خەڵك ئەدەن، كەپەرلەمان گوێ بەكێشەی خەڵك نادەن، وەزیر بانگ ناكات، وەزیر نایەتە پەرلەمان، ئەوە ئەمڕۆ هاتووە كەسی لێ نیە، سوپاس. یەك گلەیی تریشم لەمەسئولێك هەیە، جەنابی وەزیر سوپاسی خوا ئەكات باران ئەبارێنێت، بەڵام مەسئولێك لەو گەورە تر لەكردنەوەی پرۆژەیەكدا، وتوویەتی لەمەودوا پێویستیمان بەباران نابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، وەڵڵا كاك وشیار جەنابی وەزیری كارەبا، حاڵم بەحاڵت نەبێ، پێش ئەوەی ئیجازەت بدەم مولاحەزەیەك ئەدەم، ناوم نەنووسیووی كاك جعفر، حەقت نیە، ئەو مولاحەزەییەی كاك محمد حكیم، كە وتی مۆلیدەی كۆن فرۆشراوە بە حكومەت، نوقتەیەكی گرنگە، بەڵام ئەو جەلسەیە جێی ئەو نیە، ئەو جلسەیە جێی ئەو پرسیارەیە كە پێی ئەڵێن موسائەلە، لەبەر ئەوە من ئەو پێشنیارەی جەنابت، ئەخەمە بەرەورووی لیژنە، ئەبێ بەراپۆرتی تەواوو بەتەفسیلاتی تەواو بێ، بەرەقەم، بەتەفسیلات كام كۆمپانیایە، بەچەندی فرۆشتووە، وەكو پرسیار بنێرێت بۆ حكومەت، ئەو وەختی وەزیر لێرە بانگهێشت ئەكەین، ڕووبەڕووی خوانەخواستە ئەو جۆرە سلبیاتە یاخود گەندەڵێ ئەگەر هەبیتن، ئەویش پێش ئەوەی كەبێت خۆی حاز ئەكات، كاك عادل چیە نوقتەی نیزامت هەیە بابزانین.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئاراستەكردنی پرسیار ئەكرێ ڕاستەوخۆ و بەزارەكی بێت و یەكسەر جوابی ئێمەش بدرێتەوە لەلایەن وەزیرەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزام نەبوو حەقیشت نەبوو موقاتەعەم بكەی، لەبەر ئەوەی من شەرح ئەكەم، ئەڵێم، جەلسەی موسائەلە چۆن ئەبێتن، تكام وایە بەناوی نوقتەی نیزامی موقاتەعەی شتی وا گرنگ مەكەن، ئەو دانیشتنە دانیشتنی گفتوگۆیە، لەسەر داوای خۆمان وەزیر دێت بەرنامەی خۆی شەرح دەكاتن، جوابیشی ئەدەینەوە، بەڵام ئەو پرسیارە پرسیارێكی گرنگ بوو، كەكاك محمد حكیم كردی، بۆیە ئیشی لیژنەكان ئەوەی بچێتە ناو تەفاسیل، گەندەڵی لەكوێ هەیە گەندەڵیەكە، بە تەفسیلاتەوە بیكاتە ڕاپۆرت بۆ ئێمە، ئێمەش وەكو

پرسیار بینێرین بۆ حکومەت تاکو بێت لێرە موناقەشەی بکەین، دوو، پرسیارێك چاوەڕوانم ئەکرد کەهەمووتان دەست نیشانی کەموو کوڕیەکانتان کرد، خاڵێك هەیە کە زۆر گرنگە، باستان نەکرد، ئەویش ئەوەیە وەکو هاووڵاتی تاچەند تەحەمولی ئەم مەسئولیەتە ئەکات، چەند کەس هەیە لەم شارانە، بەدزی کارەبای دزیووە، عامیلێکی کارەبا دێنێتن بەشەو کارەباکە دەدزێتن، دەیباتە ماڵی خۆی، ئەمەش خۆ هەر بەتەنها حکومەت مەسئول نیە، هاووڵاتی مەسئولیەتی ئەمە پێشنیارێکە بۆ حکومەت، کە ئەو جانیبەش موعالەجە بکاتن، بەوەی غەرامەی زیاد بکات، یەکێك کە کارەبای دزیووە، نەك مەسەلەن بەگرتنی و ئەوانە، ڕەنگە، زۆر کەس کەسایەتی بێتن شتێکی تەبیعی نەبێتن، لەوڵاتی ئێمەدا، بەڵام غەرامە زیاد بکرێتن لەسەر یەکێك کارەبای دزیووە، پارەیەکی باش دابنێت، دووەم جاری دووقاتی بکاتن، سێیەم جار پێنج قاتی بکات، بەو شێوەیە هاووڵاتیش بەشدار دەکاتن لە چاککردنی وەزعی کارەبا، لە دابەشکردنی عەدالەت، 10 دەقە دەدەمە جەنابی وەزیر چونکوم هەمووتان هیلاکن و خۆشی هیلاکە، بۆ ئەوەی یەکە یەکە نا، بەڵام ئەو تەوەرانەی کە چوار پێنج تەوەرە، جوابتان بداتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هۆشیار عبدالرحمن سیوەیلی/ وەزیری کارەبا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، من نازانم دایمەن فراکسیۆنەکان وا یەکگرتوون، یان هەر بەرامبەر بەکارەبا وا یەکگرتوون، هەموو گلەیتان لەکارەبا هەیە، تەبعەن لەگەڵ ڕێزم بۆ هەمووتان، هەست و شعوری هەمووشتان تێئەگەم، چونکە نەك وەکو شخص خۆتان لە موعاناتان، ئەوانەی دەنگیان بۆداون لە موعاناتان، ئێوە زۆربەتان ئەزانم تەعبیر لەویژدان وتەعبیر لە داخوازی ئەو خەڵکە ئەکەن، لەبەر ئەوە من ڕێزێکی زۆرم هەیە بۆ ئەو خاڵانەی کەباسکرا، بەس ئەگەر بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئیجازەم بدات لە10 دەقیقەدا ناتوانم بەڕاستی ئەوەی کە ئەمەوێت، دەربارەی ڕوونکردنەوە بۆ ئەو پرسیارانەو ئەو خاڵانە بیخەمە ڕوو، من پێویستیم بەکاتێکی زۆرتر هەیە، بەڕاستی زۆر خاڵ هەیە زۆر شت باسکرا، زۆر کێشە هەیە، کە ڕەنگە هۆکارەکەی تێنەگەیشتن بێت، یەعنی لەوانەی لەبەرنامەکانی وەزارەتی کارەبا وەکو پێویست تێنەگەشتبێتن، ڕەنگە کەمی پەیوەندی و کەمی هاتووچۆ، کەمی یەکتربینینی، وەزارەتی کارەبا، یاخود وەزیری کارەبا یان ئەوانەی لەگەڵ وەزارەتی کارەبا کاربەدەستن لەگەڵ ئێوەی بەڕێز،بەڕاستی دوورەپەرێزی ئێوەی بەڕێزیش لەگەڵ وەزارەتی کارەبا، ڕەنگە یەکێك بێت لەو هۆکارانەی کە ئەم کۆمەڵە پرسیارانە ئەورووژێنرێت، کەلەکاتێکدا زۆربەی هەرە زۆری بەلای منەوە ڕوون وئاشکرایە، وەڵامی هەیە، بەرنامە هەیە، من وەکو وتم ڕەنگە یەکێك بین لەو وەزارەتانەی کە بەرنامەی درێژخایەنمان هەیە، وە ئیمان وقەناعەتیشمان بەخۆمان هەیە، کە ئەتوانین ئەو بەرنامەیە جێبەجێ بکەین، تەبعەن یەکەم پرسیار کاك تەلعەت بوو، وابزانم دەربارەی مەوزوعی کەڵك وەرگرتن، چونکە بە نووسین ناردبووی کە هەڵساش پرسیارەکەی نەکرد، وتی بەنووسین ناردوومە، مەوزوعی کەڵك وەرگرتن لەوزەی با، زۆر تەرح ئەکرێت زۆر باس ئەکرێت، زۆر ڕاستیشە لەهەندێك وڵاتدا کەڵکی لێ وەرگیراوە، ئێمەش وەکو وەزارەتی کارەبا دیراسەی ئەو مەوزوعەمان کردووە، بەس ڕەنگە وەکو پێویست تاکو ئێستا دیراسەی ئەو مەوزوعەمان نەکردبێ،

بەڵام لەدهۆك پرۆژەیەك بۆ ماوەی ساڵێك لێکۆڵینەوەی لەسەر کرا، لەسەر شێوازی کەڵك وەرگرتن لە وزەی با، بۆچی تا ئێستا هیچ پرۆژەیەك لەو رووەوە ئەنجام نەدراوە، یەکەم کلفەی پرۆژەی کەڵك وەرگرتن لە با کلفەیەکی زۆرە، یەعنی ساڵێك لەمەو پێش تەقریبەن بۆ هەر مێگاواتێك کارەبا 2 ملیۆن دۆلاری ویستووە، ئێستا حالیەن لە ملیۆن ونیوێك کەمترە، رەنگە نازانم هەندێ شوێن هەیە، لەوانەی ملیۆنێك، بەڵام موعەدەل یەك مێگاوات کارەبا، بە وزەی با، ملیۆن ونیوێك دۆلاری ئەوێت، ئێمە وەکو وەزارەتی کارەبا وەکو حکومەتی هەرێم میزانیەمان مەحدوودە، من ئەگەر 100 ملیۆن دۆلارم بخرێتە بەردەم، بەرێزان ئەمە زۆر گرنگە یەعنی میزانیەکە مەفتوح نیە، ئیمکانیەتەکەت رەها نیە، تا بتوانی ئەوەی تۆ ئەتەوێت، ئەوەی تۆ ئەتەوێ وخەڵك پێویستیەتی لەماوەی ساڵێکدا، دووساڵدا جێبەجێی بکەی، دائیمەن لەهەموو وڵاتێکدا بەتایبەتی وڵاتی ئێمە لەکوردستان، ئیمکانیەتی دارایی دائیمەن هۆکارێك بووە، فاکتەرێك بووە، وتوومە ئەگەر سەرۆکایەتی ئەنجومەن، وەزارەتی دارایی، 100 ملیۆن دۆلار بخاتە بەردەمی من، ئەمڕۆ بۆ مەشروعێکی بەرهەمهێنانی کارەبا، کارەبای پێ دروست بکەم، من ئەچم 30 مێگاوات یان 40 مێگاوات کارەبای پێ ئینتاج ئەکەم لەرێگەی باوە، یان ئەچم 250 مێگاواتی پێ ئینتاج ئەکەم لەرێگەی وقودی ترەوە، من لەرێگەی وقودی ترەوە 250 مێگاوات کارەبا ئینتاج ئەکەم، چونکە ئێستا پێویستیم بە250 مێگاوات نیە، پێویستیم بە 1000 مێگاوات هەیە، پێویستیم بە1200 مێگاواتە، لەبەر ئەوە مەسەلەی میزانیە یەکێکە لەوانەی کە پرۆژەی لەو بابەتە، تا ئێستاجێبەجێ نەکراوە، خاڵی دووەم هەموو شتێك تەبعەن پێویستی خۆی هەیە، دانانی پرۆژەیەك کەبە وزەی با ئیش بکات، بەلایەنی کەمەوە پێویستە ساڵێك دیراسەی هەبێت، یەعنی داخوازی و پێویستیەکانی نێودەوڵەتی بەلایەنی کەمەوە هیچ مەشروعێك نابێت، تەنفیز بکرێت کەکەڵك لە وزەی باوەربگرێت ئەگەر ساڵێك لێکۆڵینەوەی بۆ نەکرابێت، ئاسانە چونەکە سورعەتی با ئەمڕۆ لێرە نەوعێکە، یان ئەم سەعاتە نەوعێکە سەعاتێکی تر نەوعێکی ترە، مەرج نیە بەو شێوەیە بێت، ئەم مانگە بەجۆرێکە، مانگێکی تر بەو جۆرە نابێت، لەبەر ئەوە موعەدەلی خێرایی با لە رۆژێکدا، لەمانگێکدا، لەساڵێکدا، کە وەر ئەگیرێت، باشتریش وایە تۆ پێنج ساڵ لێکۆڵینەوەت هەبێت لەسەر ئەو شوێنەی کەبەتەمای پرۆژەیەکی لێ دابنێیت، کە بە وزەی با کاردەکات، من ئێستا خەمی هاوینمە، من خەمی ساڵی داهاتوومە، ماوەو کاتی ئەوەم نیە، ئێستا چاوەڕێی ئەوە بکەم پرۆژەیەکی با سێ ساڵ یان چوار ساڵ یان تەنانەت ساڵێکیش دیراساتی بۆ بکەم، دوایی بزانم ئیحتیماله شوێنەکە مولائیم بێت، ئیحتیماله مولائیم نەبێت، رەنگە سەرکەوتوو بێت، رەنگە سەرکەوتوونەبێت، بارودۆخی ئێمە ئەوە نیە کەئێستا حالیەن دەست بکەین بەو جۆرە پرۆژانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەوەزارەتی کارەبا، ئێمە بەتەماین وەکو پرۆژەیەکی نموونەیی، مومکینە 10 مێگاوات، 20 مێگاوات، ئەگەر ئیمکانیەتی دارایی هەبوو، میزانیەمان هەبوو، پرۆژەیەکی وا دەست پێبکەین لە شوێنێکی گونجاو لە هەرێمی کوردستان، زۆرجار باسی پرۆژەی بلێین بای سلێمانی ئەکەین، بەرێزێك باسی پرۆژەی بای گۆیژەی کرد، یەعنی مەدایەکی مەحدوودو دیاریکراو هەیە، بۆ خێرایی ئەو بایەی کە پەروانەکان ئەسورێنێ، لە 3 مەتر تا 7 مەتر، نابێ لە 3 مەتر کەمتر بێت وەنابێ لە 7 مەتر زیاتر بێت، رەشەبای سلێمانی بەقەناعەتی من زۆر زیاترە، لەو مەدایەی کەدانراوە، بۆ سوڕانەوەی ئەو پەروانانە، لەبەر ئەوە رەنگە گونجاو نەبێت، بەڵام بەلانی

کەمەوە ئەبێ تۆ دیراسەی بکەیت، لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەیت، ئامادە نیت تۆ پارەیەکی زۆر سەرف بکەی بۆ پرۆژەیەکی وا گرنگ، بەبێ ئەوەی کەوا لێکۆڵینەوەی پێویست، لێکۆڵینەوەی عیلمی لەسەر ئەو پرۆژەیە ئەنجام درابێ، کاك ئەندریۆس باسی ئەوەکرا، وابزانم وەڵامەکە ئەوە بوو زیاتر کەمن گلەییم لەبەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کرد، باسی ئەوەی کرد کە محاوەلەکراوە پەیوەندی بکەن، ئەو پەیوەندی لەگەڵ وەزیری کارەبا نەکردووە، پەیوەندی لەگەڵ وەزیری صناعە کردووە، وەزیری صناعە ئێستا جیاوازە، وەزارەتی صناعە بەوەکالەتەن لەجێگەی من بووە، بۆماوەیەك کەرۆشتووم، ئاگای لەوەزعی کارەبا نیە تەبعەن، ناتوانێت بەهیچ شێوەیەك وەڵامی تۆ بداتەوە، دەربارەی کێشەی کارەبا، لەبەر ئەوەی ئەگەر جەنابت پەیوەندی بەمنەوە بکەی، رۆژێك لە رۆژان ئەندامێکی پەرلەمان، پەیوەندی بەمنەوە کردبێ، بەمەکتەبی منەوە کردبێ، ویستبێتی بێت سەردانی وەزارەت بکات، خوانەخواستە بەرنامەی بۆ دانرابێ و رێگەی نەدرابێ، من لەو بڕوایەدا نیم، مەگەر لەوێ نەبووبم، باسی مەسەلەی راپۆرتەکە بەڕاستی، راستە لەگەڵ هەندێك دەوائیر پرسیار کراوە، بەس باشتر وابوو، تەبعەن، بێنە دیوانی وەزارەتی کارەبا، چونکە دەوائیری وەزارەتی کارەبا بەشێکن لە وەزارەتی کارەبا، بەڵام دیوانی وەزارەتی کارەباش گرنگ بوو، کە ئەو لیژنەیە، سەردانی بکردایە، مەسەلەی نرخی کارەبا بەڕاستی باسی لەسەرکرا، نامەوێت باسی بکەمەوە، کاك بەرزان تەبعەن کۆمەڵێك خاڵی گرنگی وروووژاندوە بەڕاستی، ئەگەر ماوە هەبێت من خاڵ بەخاڵ وەڵامی ئەدەمەوە، ئێمە هەیکەلی وەزارەتی کارەبامان داناوە، تەبعەن یاسای وەزارەت یەکەم یاسا بووە، کەلە پەرلەمانی کوردستان وابزانم رەزامەندی لەسەر دراوە، دوابەدوای ئەوە ئێمە هەیکەلی وەزارەتمان بەشێوەیەکی زۆر رێکوپێك داناوە، تەنانەت بەڕێوەبەرەگشتیەکانی پارێزگاکان، کە یەکێك لەوانە پارێزگای سلێمانیە، هێشتا هەیکەلەکە بێگومان تەسدیق نەکراوە، لەسەر مەسەلەی هەندێك دەسەڵات، دەسەڵاتمان داوە بە بەڕێوەبەرە گشتیەکان، هیچ بەڕێوەبەرێکی گشتی نیە ئێستا لەلایەن منەوە بەشێك لەدەسەڵاتی خۆم بۆ دیاری نەکردبێ، بەڵام ئەوەی موشکیلەیە بەنیسبەت بەڕێوەبەری گشتی سلێمانیەوە، لەبەر ئەوەی لەوەو پێش دەسەڵاتێکی باشی بابلێین داراییان هەبووە، چونکە دەزگایەکی تاڕادەیەك سەربەخۆ بووە، سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانی ئیدارەی سلێمانی بوون، ئێستا من نازانم خۆم سەلاحیاتی داراییم چەندە، وەکو وەزیر تائێستا بۆ میزانیەی ساڵی 2007 سەلاحیاتی ئێمە روون نەکراوەتەوە، لە رووی داراییەوە سەلاحیەتمان چەندە، ئەگەر من سەلاحیەتی خۆم روون نەکرابێتەوە، من ناتوانم بەشێك لەسەلاحیاتی خۆم بدەم بە بەڕێوەبەرە گشتیەکە، لەبەر ئەوە پێویستە دەسەڵاتی من پێشتر روون بێت، ئینجا من بەشێك لەو دەستەڵاتە بدەم بەبەڕێوەبەرە گشتیەکان، بەتایبەتی لەرووی داراییەوە، تا چەند ئەتوانێ سەرف بکات، سەلاحیەتی چەندە لەو رووانەوە، بەڵام ئێمە هەیکەلی وەزارەتمان حازرە، بەزووترین کاتیش ئەگەر بەڕێزتان بتانەوێ ئەیخەینە بەردەمتان، تۆڕی دابەشکردن کۆنە من خۆم ئیشارەتم بەوەدا، ژێرخانی کارەبا لەبەرهەمهێنانەوە تا گواستنەوە تا دابەشکردن، کۆنە، ئەو پرۆژانەی کەباسم کرد، بەردەوامین بۆ چاکردنی ئەو بارودۆخە، بۆ نوێکردنەوەی ئەو تۆڕە کارەبایە کە بەتۆڕی دابەشکردنی کۆن ناوی ئەبەین، ژێر زەمین کردنی کێبلات بەراستی یەکێکە لەپرۆژە گرنگەکان، بێگومان ئەویش لەبەرنامەی ئێمەدایە، یەکێکە لەو پرۆژانەی کەدامان ناوە لە ساڵی 2007 دەستی پێ بکەین، دیسانەوە وەکو وتم رەنگە زیاد لە حەدیش باسی مەسەلەی ئیمکانیاتم کردووە، من ئەگەر

داوای یەك ملیار دۆلارم کردبێ، کە یەکێك لەو پرۆژانە خستنە ژێر زەمینی ئەو کێبلآنەیە و بەتایبەتی لە شوێنەگرنگەکان کەلەناو شارەکاندا هەیە، بەس ئەگەر من 300 ملیۆن دۆلارم بۆ تەرخان بکرێ، بێگومان ناتوانم ئەو پرۆژەیە بەئەنجام بگەیەنم، بێگومان پرۆژەیەکی لەو گرنگتر هەیە، دانانی وێستگەیەکی ناوەندی بۆ دابەشکردنی کارەبا، ئێمە کیلۆ مەترێك لە خستنە ژێر زەوی کەیبلێ، لەگەڵ کەیبلی هەوایی، زیاد لە سێ ئەوەندە فەرقی هەیە، یەعنی گران ترە، لەبەر ئەوە پێویستی بەمیزانیە هەیە، زۆرجار عاملی ئیقتصادی و عاملی دارایی، بووەتە هۆی ئەوەی کە ئێمە کەیبلی هەوایی بەکار بهێنین، کە نەچین بۆ کەیبلی ژێر زەوی، باسی 750 مێگاواتەکەی چەمچەماڵم کرد، وتم لەسەرەتای ساڵی داهاتوو، ئەو 750 مێگاواتە تەواو ئەبێت، دوای ئەوە 250ی تری تەواو ئەبێت، 250 کەی تری لەبەر ئەوە ئەم سیستەمەی مەحەتەی چەمچەماڵ، یەعنی سیستەمێك کە 250 مێگاوات، بڵێین شەش وەحدەیە، 4 وەحدەی یەکەمی دانانی وەختێکی زۆری ناوێ یەعنی نزیکەی ساڵێك و چوار مانگی دەوێ، بەس دوو وەحدەی تری ماوەیەکی زیاتری ئەوێت، لەبەر ئەوە تەنها 500 مێگاواتی حازر ئەبێت، باقیەکەی ئەکەوێتە ساڵی 2009، باسی تەفتەفیشم کرد، لە زمنی ئەو پرۆژانەی کە باسم کرد، مەحەتەی 400 کەیفی، منیش ئەزانم گرنگی هەیە، یەعنی دانراوە باسکراوە، حەتا لەگەڵ وەزارەتی کارەبای عێراقیش باسم کردووە، لەو خاڵآنەی کە باسمان کردووە، بڕیار بوو ئەوان لەپێشدا جێبەجێی بکەن، پرۆژەی 400 کەیفی و هێڵی 400 کەیفی، بەڵآم زۆربەی دیسانەوە لە سنووری دارایی ئیمکانیەتی ئەوێ، بەڵآم قەت نکوڵی لەوە ناکەم کە گرنگە، لە عێراقدا تەنها سێ پارێزگای کوردستان، وێستگەی 400 کەیفی و خەتی 400 کەیفی نیە، زۆربەی پارێزگاکان لەرێگەی وێستگەی ناوەندی 400 کەیفی و هێڵی 400 کەیفی بەیەکەوە بەستراونەتەوە، تەنانەت لەم رووەشەوە کە باسم کرد، کوردستان پشتگوێ خراوە، پرۆژەی ئێران بۆ سەیدصادق باسم کرد وابزانم، بەدوورو درێژی وابزانم پێویست ناکات باسی بکەمەوە، دانانی وێستگەی 300 مێگاوات لەلایەن بەرپرسێکەوە، ئەوە راستە، لە سلێمانی بەرێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە، نەك بەڕاستی گرێبەست، بەس یاداشتێکی لێك تێگەیشتن، موزەکەرەیەکی تەفهومی ئیمزا کردووە، بۆ دانانی وێستگەیەکی 300 مێگاواتی کەئەویش من لەو بڕوایەدام زیاتر لە حرس ولەهەوڵدانی بووە، بۆ هاوکاری کردنمان بۆ چارەسەری کێشەی کارەبا، بەڵآم ئەمەشی بەئاشکرا پێ وتراوە، کە ئەمە ئیشی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە نیە، گرێبەست بۆ وەزارەتی کارەبا مۆر بکات، بەهەمان شێوە ئیشی وەزارەتی کارەبا نیە، گرێبەست بۆ کردنەوەی رێگایەك یاخود بۆ دروست کردنی پردێك بکات، وێستگەی حەراری تەبعەن، زۆر گرنگە، ئەتوانم بڵێم هیچ وڵآتێك نیە، مەحەتەیەکی تەولیدی حەراری نەبێ، یاخود بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە تەولیدی حەراری نەبەستێت، چونکە بێجگە لەبوارەکانی تر، لەبواری ئابووریەوە هەرزانە، یەعنی وقودەکەی هەرزانە زۆر، چونکە بەهەڵم ئیش ئەکات، رەنگە بڕێکی زۆر کارەبا ئینتاج بکات، بەبڕێکی کەم سووتەمەنی، وەکو باسم کرد ئێمە لەرێگەی قەرزو منحەوە هەوڵ ئەدەین هەندێك لەپرۆژەکانمان جێبەجێ بکەین، موافەقەتی وەزارەتی کارەبای عێراقیمان وەرگرتووە، بۆ ئەوەی لەچوارچێوەی قەرزی یابانی پرۆژەیەکی حەراری 500 مێگاواتیمان لە کوردستان بۆ جێبەجێ بکەن، بەڵآم ئەوە هێشتا لەسەرەتادایە بێگومان، مەبدەئیەن حکومەتی یابانی موافەقەتی کردووە، کەوەکو پرۆژە جێبەجێی بکات، بەڵآم بەرەسمی هێشتا هیچ رەزامەندیەك نیە، کاری زیاتر ئەوێت پێویستە ئێمە

دراسەیەکی جەدوا بکەین، بۆ مەشروعێکی وا، بیدەینە یابانیەکان بۆ ئەوەی بزانم شوێنێکی کوردستان گونجاوە بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەیەکی وا، ماستەرپلانی عێراق راستە زۆر بەکەمی باسی بارووددۆخی کارەباو پێویستیەکانی کارەبای هەرێمی کوردستان دەکات، من لەنیهایەتی مانگی 8ی ساڵی 2006 سەردانی بەغدامان کرد، لەوێ زانیمان بەغدا ماستەرپلانی داناوە بۆ کارەبا، تەبعەن گلەییەکی زۆرمان لێ کردن، رەخنەیەکی زۆرمان لێ گرتن، دوای ئەوە ئەوەبوو ئێمە ماستەرپلانی خۆمان بۆناردن، هەندێك لەوانەی کەئێمە داوامان کردبوو، خراوەتە ناو شێوازی تازەی ماستەرپلانەکەوە، بەس هێشتا دوورە لەو شتەی کەئێمە ئەمانەوێت، بەهیچ شێوەیەك رەنگدانەوە نیە، لە پێویستیەکانی ئێمە، من بەهیچ شێوەیەکیش ئیعتیماد لەسەر ماستەرپلانی عێراق ناکەم، ئێمە وەکو وەزارەتی کارەبا ماستەرپلانی خۆمان هەیە، وەکو وەزارەتی کارەبا خۆمان هەوڵ ئەدەین، ماستەرپلانی کارەبای کوردستان جێبەجێ بکەین، تاکو بتوانین وەکو وتم کەمترین ئیعتیماد لەسەر وەزارەتی کارەبای عێراق بکەین، کاك کەریم من قەت نەم وتووە، لەهاوینی داهاتوو کێشەی کارەبا نامێنێ، لەوەو پێش وتبێتم ئەم هاوینە کێشەی کارەبا نامێنێت، تەنانەت یەك رۆژنامە یەك قسەی من بۆم بێنن کەمن قسەی وام کردبێ، من ساڵی 2006 زانیوومە بەرنامەمان چیە، ساڵی 2006 زانیوومە هاوینی ئەمساڵ تاڕادەیەك چەند کارەبا بەرهەم ئەهێنین، کام وێستگانە حازر ئەبن، لەبەر ئەوە قەت نەم ووتووە، هاوینی 2007 کێشەی کارەبا چارەسەر ئەکرێت، ئێستاش نەم وتووە سەرەتای ساڵی 2008 کێشەی کارەبا چارەسەر ئەکرێت، ووتوومە بەشێکی زۆر لەو کێشانە چارەسەر ئەکرێت، هاوینی ساڵی 2008 وتم ئەتوانین بەلانی کەمەوە 20 سەعات کارەبا بدەین، من قسەکانم زۆر چاك لەبیرە کەچیم وتووە، نەم وتووە هاوینی ساڵی 2007 لە هیچ موراسەلە یەکیش ئەو قسەیەم نەکردووە، چونکە ئەزانم وەزعی کارەبا چۆنە، یەکێك لەسیاسەتەکانی وەزارەتی کارەبا، کە رەنگە زۆرجار لە هەڤاڵان وبرادەران، ئێوەی بەڕێزیش تووشی یەئس بن شەفافیەتە، راستگۆییە، ئێمە نامانەوێت قسەیەك بکەین کەنەتوانین جێبەجێی بکەین، ئەمانەوێت مسداقیەت بۆ وەزارەتی کارەبا دروست بکەین، ئەوەی کەوتمان هیچ نەبێ، لە 80٪ لە 85٪ کە ئاواتی من ئەوەیە، لە 100٪ی جێبەجێ بکەین، بەڵام هیچ نەبێ لە 85٪ی جێبەجێ بکەین، لەبەر ئەوە دائیمەن لەقسەکانا، لە کۆبوونەوەکانا، بەڵێنی زل نادەین کە بزانین ئەو بەڵێنانە قابیلی جێبەجێکردن نین، خاڵێکی زۆر گرنگ باسی زیادە ڕەوی کرد، یان ناعەدالەتی، نایەکسانی لەدابەشکردنی کارەبا، ئەمە خاڵێکی گرنگە، ئەتوانم بەدوو شێوە باسی بکەم، شێوەیەکیان ئەوەیە کە زۆربەی ئەو کارەبایەی کە ئەیبینی، خەڵك کارەبای هەیە و تۆ نیتە، ئەم دراوسێ ماڵە هەیەتی دراوسێکەی تری نیەتی، زۆربەی هەرە زۆری لە 99٪ی قاچاغە، یەعنی کارەبا بەشێوەیەکی نایەکسانی ڕاکێشراوە، بەواتایەکی تر ئەوکابرایە، ئەو شەخصە، یان ئەو ماڵە دزی لەوەزارەتی کارەبا کردووە، تیمەکانی نەهێشتنی سەرپێچی وەزارەتی کارەبا لە هەر سێ پارێزگاکە، بەتایبەتی لەهەولێریش بەردەوامن لەبڕینی کارەبا، بەردەوامن لەئیجرائات وەرگرتن بەرامبەر بەو کەسانە، لەسەرەتای ئەمساڵەوە، لە هەولێر قائیمە بەناو لامانە 196 شوێن دراوە بەدادگا، 196 شوێن کەکارەبای بڕاوەو کێشەکەی دراوە بەدادگاو خراوەتە بەردەم دادگا، تەبعەن خەڵکێکی تری زۆر هەیە- کەکارەباکەی بڕاوە، رەنگە کێشەکەی نەدرابێت بەدادگا، کە رەنگە زۆر گرنگ نەبووبێ، بەس ئەوانەی کەلەجارێك، دووجار زیاتر، ئەوانەی بەشێوەیەکی

زۆر روون و ئاشکرا، کارەبایان راکێشاوەو دزییان کردووە، کێشەکەیان دراوەتە دادگا، ناوەکان مەوجودن، ناتوانین ناوەکان بڵاوبکەینەوە لەبەر هەندێ مەسائیلی یاسایی، بەڵام کەدادگا ئیجرائات نەکات، یان وەکو پێویست ئیجرائات نەکات، بەڕاستی ئەوە کێشەی ئێمە نیە، ئێمە مەسئولیەتمان ئەوەنەیە کارەباکە ئەبڕین، کەیبڵەکە ئەهێنینەوە بۆ وەزارەت، پۆلیسی کارەبا دەعوای لەسەر تەسجیل ئەکات، تەسلیم بەدادگای ئەکات، زۆربەی هەرە زۆریشیان سزا دراون، بەتایبەت بەپارە، کێشەی کەرتی تایبەت، کێشەیەکی ئاڵۆزە، من ئەگەڕێمەوە بۆ ئەو خاڵەی کەهەرجەنابتان، بەڕێزتان لەم ماوەی پێشوودا یاسای ئیستسمارتان ئیمزا کرد، یەعنی خۆتان بڕیارتان لەسەر یاسایەك داوە، بەپێی ئەو یاسایە ئیلتیزامێکتان بۆ من دروستکردووە، کە هەموو ئەو مەشروعانەی، ئەو پرۆژانەی کەکەرتی تایبەت ئەیکات، ئەبێ من کارەبای بۆ دابین بکەم، باسی ئەولەویەتم نەکردووە، ئەوە لەوێ شتێکی ترە، بەس بەپێی ئەو یاسایە، ئێمە وەکو وەزارەتی کارەبا، وەزارەتی شارەوانی، ئاو، وەزارەتەکانی تر هەرکەسەو بەپێی بوارو پسپۆڕی خۆی، موستەلزەماتی پێویستی ئەو پرۆژانە ئەبێ دابین بکات، ئەمە لەلایەك لەلایەکی تر، بووژانەوەی کەرتی تایبەت بەشێکە لەبووژانەوەی وڵاتەکەت، گرنگی دان بەکەرتی تایبەت گرنگی دانە بەبەشێك لەژێرخانی ئابووری وڵاتەکەت، ئەگەرمن هەوڵ نەدەم کارەبا بۆ پرۆژەیەکی کەرتی تایبەت راکێشم، رەنگە هیچ وەبەرهێنەرێك تەشجیع نەبێ بێت لەکوردستان وەبەرهێنان بکات، شەو رۆژیش ئێمە ئەڵێین کوردستان کراوەیە، بۆ وەبەرهێنان، بۆ ئەوەی سەرمایەگوزاری بیانی بێتە کوردستان، لێرە پارەکەی خۆی بخاتە گەڕ، باشە ئەگەر ئێمە کارەبای نەدەینێ وئێمە هاوکاری نەکەین، نەك سەرمایەداری دەرەوە یاخود وەبەرهێنەری دەرەوە، وەبەرهێنەری خۆماڵیش تەشجیع نابێ، ئامادە نیە پارەکەی خۆی بخاتە پرۆژەیەکەوە، لەبەر ئەوە تۆ تەنها لەو روانگەوە سەیری مەکە، کە سوپەرمارکێتێك یاخود پرۆژەیەك کارەبای هەیە، بەڕاستی ئەمە بەشێکە لە گەشەپێدان وپەرەپێدانی ئابووری وڵاتەکەت، تەشجیعێکە بۆ خەڵکی تر بۆ ئەوەی بێت لێرە پرۆژە بکاتەوە، کە پرۆژەی کردەوە خەڵك ئیشی دەست ئەکەوێت، کە خەڵك ئیشی دەست کەوت، خەڵك بەرەو پێش ئەچێت و وڵاتەکەمان ئەبووژێتەوە، زۆر گلەییمان هاتووەتە سەر بەڕاستی ئێمە بڕیارمان نەداوە، کە کارەبای ئەو شوێنانە ببڕین، چونکە شوێنەکانی کەرتی تایبەت لە سوپەرمارکێتەوە، لەکارگەوە، لە بازاڕەوە، لەشوێنی ترەوە، بەڵام هیچ ماڵێك، هیچ کەسێك، ئەگەر وەزیری کارەبا کارەبای دابێتێ، ئەتوانن سبەینێ یان لەکۆبوونەوەیەکی تر، بەنووسراو بۆم بنێرن، بڵێن ئەم کارەبایە لەسەر ئەمری وەزیری کارەبا دراوە بەم ماڵە، تەنانەت ئەگەر وەزیریش بێت، ئەوە سیاسەتی وەزارەتی کارەبا نیە، سیاسەتی وەزارەتی کارەبا ئەوەیە هەموو کەسێك، هەموو ماڵێك، هەرکەسێك لەهەر ئاستێکی بەرپرسیارێتی بێت، ئەبێت وەکو یەك بەیەکسان سەیری بکرێت، بەڵام ئەگەر بەرپرسێك خوانەخواستە یان ئەگەر هاووڵاتیەك، ئەگەر خوانەخواستە ئەندامێکی پەرلەمان، بەشێوەیەکی نایاسایی کارەبای ڕاکێشا، من نەمداوەتێ خۆی ڕایکێشاوە، بەڵام بەپێی یاسا وەکو وتمان لیژنەکان ئیجرائاتی لەگەڵ ئەکەن، کارەباکەی ئەبڕن و ناوەکەی ئەدەنە دادگا، دادگا ئەبێ ئیجرائاتی یاسایی و ئوسوڵی خۆی بەرامبەر بەو شەخصە بکات، حەز ئەکەم ئەگەر مەجال هەبێت گوێم لێ بگرن، سەدی بێخمە کەلەخاڵەکانی تردا باسکراوە، سەدی بێخمە پرۆژەیەکی گرنگ و ستراتیژیە بۆ هەرێمی کوردستان، سەدی بێخمە بەپێی ئەو تەسمیمانەی کراوە، ئەو لێکۆڵینەوانەی کە

کراوە، نزیکی 1500 مێگاوات کارەبا دابین ئەکات، ئەمە بێجگە لەسوودی سەدەکە، یان ئەو پرۆژەیە بۆ ئاودێری، بۆ ئاوخواردنەوە، بۆ مەسەلەی گەشتوگوزار، بۆ زۆر مەسەلەی وەکو سامانی ماسی و شتی تر، بەڵام سەدی بێخمە پێویستی بەبڕیارێکی سیاسی هەیە، هیچ پرۆژەیەك نیە، بەتایبەتی سدود، لەبەر ئەوەی کاریگەریەتی بۆ سەر ژینگە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بەگواستنەوەو نەهێشتنی دیهاتەکانەوە هەبێت، پێویستە بڕیارێکی سیاسی لەبەرزترین ئاستەوە بدرێت، باسی خاڵێکی تر کرا، مەسەلەی هایدرۆپاوەر وابزانم هەڤاڵێك باسی کرد، وەکو سیاسەت وەکو بەرنامە، دامان ناوە بەتایبەتی لەقۆناغی جێبەجێ کردنی پلانەکان، بەلانی کەمەوە 200مێگاوات لە هایدرۆپاوەر ئینتاج بکەین، ئێستا دەستمان کردووە بەلێکۆڵینەوە وەکو وتمان، لەڕێگەی حکومەتی یابانەوە منحەیەکمان وەرگرتووە، تا لەو شوێنانەی کەبەکەڵکی ئەوە دێن، سەدی لێ بکرێتەوە، وێستگەی هایدرۆپاوەری لێ دابنرێت، بەڵام دیسانەوە وێستگەی هایدرۆپاوەر، لەرووی کلفەوە پارەیەکی یەکجار زۆری ئەوێت، لەرووی وەختەوە، وەختێکی یەکجار زۆری ئەوێت، لەرووی دابین کردنی کارەباشەوە، ئەو بڕە کارەبایە بۆ تۆ دابین ناکات، کە چارەسەری کێشەی ئێستات بکات، بۆ نموونە دوکان ودەربەندیخان، بڵێین تاقەیان 700 مێگاواتە، 600 و قسورە 650 مێگاواتە، بەڵام من وەکو موعەدەل، کەبتوانم کارەبا لەو دوو پرۆژەیەو لەو دوو وێستگەیە وەربگرم، بریتیە لە 250 – 260 مێگاوات، 700 و 650 مێگاوات ئەمە لەحاڵەتێکدایە، ئاستی ئاو لەبەرزترین ئاستا بێت، بڵێین بوحەیرەکەی یان دەریاچەکەی، زۆرترین بڕی ئاوی تێدا بێت، بەس تۆ تا تۆڕباینەکان بکەیتەوە ئاستی ئاوەکە دائەبەزێت، بڕی ئاوەکە کەم ئەبێتەوە، هەتا ئاو بکەیتەوە بڕی ئاوەکە دائەبەزێت، ئەبێ بڕی ئاوەکە زیاد بێت، تۆ تا تۆڕباینەکان بکەیتەوە، بری ئاوەکە دائەبەزێت بری ئاوەکە کەم ئەبێتەوە، بۆیە تۆ ناتوانیت هەموو کات بڕی ئەو ئاوە ئینتاج بکەی، لەبەر ئەوە دوکان ودەربەندیخان، بە موعەدەل ئەگەر 24 سەعات بکرێنەوە ساڵی 12 مانگ، مانگی 30 رۆژ ئێمە ئەتوانین، 250 مێگاوات موعەدەل لەو مەحەتەیە وەربگرین، بەس لەکاتێکدا مەحەتەیەکی کارەبای وەکو ئەوەی هەولێر کەباسم کرد، هاوین نیوەی تەواو ئەبێت و 2 مانگی دواتر ئەوەکەی تری تەواو ئەبێت، موعەدەل من ئەتوانم 400 مێگاواتی لێ ئینتاج بکەم، بەس چەندم پارە ئەوێت بۆ دروست کردنی دوو سەدی وەکو دوکان ودەربەندیخان، بۆ دروست کردنی دوو وێستگەی بەرهەمهێنانی هایدرۆپاوەری وەکو دوکان و دەربەندیخان، زیاد لەملیاردێك دۆلار، من نازانم تەبعەن وەکو رەقەمێکی خۆم، زیاد لەملیاردێك دۆلارم ئەوێت، بۆ ئینتاجی 260 مێگاوات، لەکاتێکدا مەحەتەی هەولێر لەلایەن کۆمپانیای ماس ئەردەنەوە دانراوە ئەو 310 ملیارد دۆلاری تیا سەرف کراوە، لەبەر ئەوەی ئەمانە هەمووی حساباتن، کە ئێمە دائەنیشین پلان دائەنێین، ئیمکانیەتی داراییمان چەندە، بەرامبەر بەو پارەیەی کەهەمان ئەتوانین چەند کارەبا ئینتاج بکەین، تەوقیتەکەش بەڵام وەکو ستراتیژی ئەبێ ئێمە ئەوپەڕی کەڵك لەسەرچاوە ئاویەکان وەربگرین، ئەبێ ئەوپەڕی گرنگی بە هایدرۆپاوەر بدەین، ئەویش یەکێکە لەو خاڵانەی کە بۆ یەکەمجار لەوەزارەتی کارەبا، بەڕێوەبەرایەتیەکی تازە دروستکراوە، بەناوی بەڕێوەبەرایەتی وزە نوێ بووەکان، واتە هایدرۆپاوەر، رۆژ، وزەی با، کەدیراسات ئەکەین، لەداهاتوودا هەوڵ ئەدەین پرۆژەی پێویست لەو بارەیەوە ئەنجام بدەین، کارەبای ئێران باسکرا، حەتا موقارەنەی لەگەڵ کەنەدا کرا، مەسەلەی ئێمە ئەوە نیە کەچەند ون ئەبێت لەو مەرحەلەیە لەو

پرۆسەیە، واتە کارەباکە لەمەهابادەوە بگوازیتەوە بۆ سۆران، چەند کارەبا وون ئەبێت، بڕێکی زۆر کەم، بەس بۆ زانیاری ئێوە بڕێکی زۆر کەم کارەبا وون ئەبێت، چونکە ئەو هێڵەی کەکارەبای پێ ئەهێنی دیارە لەمەهابادەوە بۆ سۆران، لە مەنتیقەی هەورامانەوە بۆ سەیدصادق، هێڵێکی 230 کەیڤییە، ئەوە سیستەمی ئێرانە، تا ناو مەحەتەی ناوەند لە سۆران، مەحەتەی ناوەندی لەسەیدصادق، بە 230 کەیڤی دێت، لەبەر ئەوە بڕێکی کەمی کارەبا ون ئەبێت، بەڵام موشکیلەکەمان لەگەڵ وولاتانی دراوسێ، ئەوەیە کە رەنگە فاکتەری سیاسی زۆرجار، هەڵوێستی سیاسی دەوری خۆیان ببینن، لەهۆی ئەوەی کەئەو سەرچاوەیە بەبەردەوامی کارەبا نەدات بەکوردستان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا ئێمە وەکو بەدیلێك لەکاتی پێویست هەوڵ ئەدەین ئەو پرۆژانە جێبەجێ بکەین، ئەگەر میزانیەی پێویستمان بۆ تەرخانکرا، وابزانم بەڕێزێك بوو وتی وابزانم کاك ئارێز بوو وتی، لە ئاسۆ هینێکم بڵاوکردۆتەوە، ئێستا وابزانم ئەوەم بینیووە، بەس قەت تەسەورم نەئەکرد ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان ئەوە بنووسێت، بەڕاستی کاك ئارێز ئەندامی پەرلەمانە لەجیاتی ئەوەی پێش ئەوە ئەوشتە لەسەر ئێمە بنووسێت بێتە وەزارەتی کارەبا، لەنزیکەوە گوێمان لێ بگرێ، گوێی لێ بگرین، بزانین رەخنەکانی چیە، پێشنیارەکانی چیە، ئەگەر قەناعەتی نەکرد ئەو وەختە ئەتوانێت، تەبعەن لەسەر رۆژنامەش بنووسێت، وڵاتێکی دیموکرات و ئازادە، هەرکەسێك چی ئەوێت بینووسێ، بەڵام من وەکو رەئێکی شەخصی خۆم، بەتایبەتی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، ئەگەر روونکردنەوەیەکیان ئەوێت لەوەزارەتی کارەبا، ئەگەر دیعایەیەك هەیە لەبازاڕ، زۆرجار شت ئەبیستین هەمووومان لەبازاڕ، تەلەفۆنێك هەڵبگرێت بۆ وەزیری کارەبا، با داوای روونکردنەوە بکات، بۆ ئەوەی ئەویش لەزۆر حاڵەتدا نەکەوێتە هەڵەوە، مۆلیدەی هەولێر چاکترە، هەولێر خراپەو خودی سلێمانی تا دوومانگ لەمەو پێش ئاواتی بەهەولێر ئەخواست، کە مۆلیدەی ئەهلیان هەیە، سلێمانی مۆلیدەی ئەهلی نیە، ئێستا خۆشبەختانە تەبعەن ئەم 6-5 مانگەی پێشوو هەوڵمانداوە، کارێکی ئاسانیش نەبوو، چونکە لەسلێمانی لەوەو پێش مۆلیدەی ئەهلی دانرابوو، شارەوانی سلێمانی بەزۆر مۆلیدەکانی پێ لابردوون، لەبەر ئەوە کەم کەس ئامادەیی هەبوو، جارێکی تر مۆلیدە دابنێتەوە، ئەمە یەك، دوو پارێزگای سلێمانی نەیئەتوانی بەو رێژەی پارێزگای هەولێر گازوایل دابین بکات بۆ خاوەن مۆلیدەکان، ئەوان نەیان ئەتوانی ئەو بڕە دابین بکەن، تاقەناعەتمان بەحکومەت کرد مانگانە ملیۆنێك دۆلار تەرخان بکات، بۆ مۆلیدە ئەهلیەکان، بۆ کڕینی سوتەمەنی، یەعنی ئێستا لەسلێمانی لە50٪ی ئەو گازوایلەی کەمۆلیدە ئەهلیەکان بەکاری ئەهێنن، بەسیعری حکومی ئەیاندرێتێ، باقیەکەی خۆیان ئەیکڕن، هەرلەبەر ئەوەشە کەسعری ئەمپێر لە هەولێر 9 هەزارە، لەهەولێر وابزانم 6500بوو تاماوەیەك، ئێستا زیادکراوە، چونکە لێرە 75٪ گازوایلیان دەدەنێ بەسعری حکومی، رەنگە ئێستا ئەو بڕەشیان کەمکردبێتەوە، بۆیە سعری ئەمپێرەکان زیادی کردووە، بەڵام مۆلیدە لەهەولێر بۆ زانیاریتان لەلایەن پارێزگاری هەولێرەوە سەرپەرشتی ئەکرێ، لەلایەن پارێزگاری هەولێرەوە نرخەکەی دیاری دەکرێ، لەلایەن پارێزگاریشەوە گازوایلەکەی بۆ دیاری دەکرێ، وەك وەزارەتی کارەبا لەرووی فەنیەوە، ئێمە سەرپەرشتی ئیشەکان ئەکەین، رێنمایشمان بۆ داناون، سەرپەرشتی مەیدانی ودابینکردنی گازوایل و دانانی سعری ئەمپێریش لەلایەن پارێزگاوە ئەکرێت، بەڕێز قایمقامی مەرکەزی هەولێر خۆی، سەرۆکی ئەو لیژنەیەیە، بەڵام لەسلێمانی بێگومان عایدی وەزارەتی دابەشکردنی کارەبایە

ئەوان، سەرپەرشتی ئەکەن تاڕادەیەك جیاوازی هەیە، دیسانەوە خاڵی دابەشکردن، دادپەروەری لە دابەشکردنی کارەبا باسکرا، ئەوەم جواب دایەوە، گرنگ نیە چ وڵاتێك هاوکاریمان ئەکات، ڕاستە بەلای ئێمە گرنگ نیە چ وڵاتێك هاوکاریمان ئەکات، بەنیەتێکی پاك هاوکاریمان بکات ئێمە پێشوازی لێ ئەکەین، بەنیسبەت زاخۆ خاڵێك باسکرا، زاخۆ یەکێك بوو لەو شوێنانەی تەبعەن من سەردانم کردووە، سەردانی زۆربەی قەزاکانم کردووە، سەردانی زۆربەی دائیرەکانی کارەبام کردووە، یەکێك لەوانە زاخۆ بووە، چوومەتە لای بەڕێز قایمقامی زاخۆ، لەگەڵ بەرپرسی کارەبای زاخۆ قسەم کردووە، لە زمنی ئەو هەیکەلەی کەدامان ناوە، زاخۆ ئەبێتە مودیریەت، ئێستا بەشێکە لە بەڕێوەبەرایەتی کارەبای دهۆك، بەڵام زاخۆ ئەبێتە بەڕێوەبەرایەتیەکی سەربەخۆ بۆ دابەشکردن، مەسەلەی بەرپرس وڕاکێشانی کارەبا لەلایەن بەرپرسەوە بەڕاستی هەموو باسکراون، خاڵێکی گرنگی تر هەیە، باسی کەمتەرخەمی حکومەت کرا، وابزانم مامۆستا باسی کرد، سوپاسی ئەکەم تەنها ئەو بوو گلەیی لەوەزارەتی کارەبا نەکرد، بەس ئەو بەشێوەیەکی غیر مباشر گلەیی لە حکومەت کرد، وەزارەتی کارەباش حکومەتە، بەحەقیقەت حکومەت وەزارەتی کارەبایە، ئێمە بەشێکین لەحکومەت، بەڵام وەزارەتی کارەبا وەزارەتێکی نوێیە، جەنابتان هەمووتان ئەزانن، کەمترە لەساڵێك تەشکیل بووە، وەختی خۆی کارەبا بەشێك بوو لەوەزارەتێکی گەورەتر کەوەزارەتی پیشەسازیی بووە، ئینجا لەماوەی 15 ساڵی ڕابردوو، تاچ ڕادەیەك ئیمکانیەت نەبووە، کێشەی کارەبا چارەسەر بکرێت، تا چ رادەیەك کەمتەرخەمی کراوە لەو بارەیەوە، ئەو بارە قورسە مەخەنە ئەستۆی من، من وەکو وەزیری کارەبا، وەزارەتی کارەبا، دڵنیاتان ئەکەمەوە کە ئەوپەڕی هەوڵ ئەدەین، ئەوپەڕی محاوەلە ئەکەین، کە کێشەی کارەبا لەکەمترین ماوەدا چارەسەر بکەین، بەڵام جێبەجێ کردنی پرۆژەکانی کارەبا، وەکو پرۆژەی تر نیە، دانانی مەحەتەیەکی تەولید بەلانی کەمەوە 18 مانگی ئەوێت، دانانی مەحەتەیەکی ناوەندی بۆ گۆڕینی ڤۆڵتیە، وەکو باسم کرد، بەلانی کەمەوە 12 مانگی ئەوێت، بەس بۆ دروستکردنی مەحەتەکە، ئینجا گواستنەوەو دانانی، یەکێك لەو تۆڕبایینانەی بۆ هەولێر دێت، ئێستا لەڕێگەیە، گەورەترین گرفتمان هەیە لەگواستنەوەی ئەو تۆربایینە، قورسایی تۆڕباینەکە 198تەنە، هەرچی جسرێك، هەرچی پردێك ئەو تۆڕبایینانەی تیا بهێنین ئەبێ بەشێوەیەکی تەواو دەعم بکرێ، یەعنی هیچ پردێك نیە لە کوردستان بتوانێت ئەو قورساییە گەورەی بخرێتە سەر، ئەی تەنها مەوزوعی لۆجێستیك بابڵێین، کێشەی گواستنەوە، کەئەمە کێشەیەکی زۆر سادەو ساکارە، ئێستا بۆ ئێمە بووەتە گرفتێکی گەورە، چونکە ژێرخانم نیە، چونکە پردی رێکوپێکم نیە، چونکە رێگاو بانی رێکوپێکم نیە، لەهەر ڕوویەکەوە سەیر ئەکەی کێشەکان گەورەن بەسانایی و ئاسایی لێی تێمەگەن، موهیم ئەوەیە دڵنیاتان ئەکەینەوە، چ لەمستەوای سەرۆکایەتی ئەنجومەن، چ لەمستەوای وەزارەتی کارەبا، گرنگیەکی زۆر باش دراوە بەکارەبا،ئینشا الله بەهاوکاری ئێوەش وبەهاوکاری هاووڵاتیان، لەماوەیەکی کەمدا چارەسەری ئەو کێشەیە ئەکەین، ئیتر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، نوقتەی نیزام نیە، کاکە ئەوەنە ناهێنێتن، رەخنەیەکی گرتو خلاص، زۆر سوپاسی جەنابی وەزیر دەکەین کاك وشیار، سوپاسی هەمووتان ئەکەین کە سەبرتان هەبوو، ئومێد دەکەم لیژنەی

تایبەتمەند، لیژنەی پیشەسازی ووزە، لەئایندەشدا رەنگە لیژنەی تایبەتمەندمان هەبێت بۆ کارەبا، بەدوای ئەو بەرنامەیەی کەوەزیر خوێندیەوە، بەدوای ئەو کەمووکورِیانە بچێتەوە، راپۆرتی تێروتەسەل حازربکاتن، جارێکی تر کەوەزیرمان بانگ کرد، بەمەعلوماتی زیاتر بێت، یەك مولاحەزەم هەیە، ئەویش ئەوەیە ئەورِۆ، تازە بوو لەمەودوا، ئیمکان نیە بەو شێوەیە برِوات موناقەشاتمان بەرِاستی، بۆیە کە دوو وەزیر تەحدید ئەکەین، لیژنەکان پێشی کۆبوونەوەکە، لەنێو خۆیان کۆببنەوە، قەرار بدەن کێ قسە ئەکات، کێ لەجیاتی لیژنەکان هەمووتان ئەگرێتەوە، بۆ ئەوەی تیکراری قسەکان نەبێتەوە، یەکێك لە لیژنەکان قسەکانی هەمووی کۆبکاتەوە، ئەگەر شتێکی زۆر تایبەت هەبوو ئەوە قەیناکە قسەی لێ بکرێت، ئەگینا بەو شێوەیە برِۆن ئێمە بەرنامەکانمان تێك ئەچێت، سەر لەخۆشمان ولەوەزارەتیش تێك ئەدەین، بەڵێ کاك وشیار.

**بەرِێز هۆشیار عبدالرحمن سیوەیلی/ وەزیری کارەبا:**

**بەرِێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەو شتانەی کەلێرە باسم کرد، هەمووی لەرِاپۆرتێکدا نووسراوە، زیاد لەوەش راپۆرتێکیش هاوپێچی ئەو راپۆرتەیە، کەوەختی خۆی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانمان رەوانە کردبوو، ئێستا ئەیخەمە بەردەمی سەرۆکی پەرلەمان بەتایبەتی بۆ لیژنەی پیشەسازی، هەرکەسێکیش ویستی ئەتوانێ کۆپی بکات، ئازادەو هەرکەسێکیش ویستی کۆپی لەئێمە وەربگرێت لەوەزارەتی کارەبا بەسەر چاو، ئێمە ئەیدەینێ.

**بەرِێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو راپۆرتە دەخەینە بەردەم لیژنەکان، ئەوانەی کەپەیوەندیدارن، پێش ئەوەی کۆتایی بەدانیشتنەکە بێنم، سوپاسی کاك وشیار ئەکەم، سبەینێ بەرنامەکانمان تەواو ئەکەین، لەبەر تەواو نەکردنی دانیشتنەکە ئەیخەمە دەنگەوە کەسبەی بەردەوام بین، کێ لەگەڵیەتی بادەستی بڵند بکات، سوپاس، کێ لەگەڵی نیە بادەستی بڵند بکات، سوپاس، بەتێکرِای دەنگ تەئجیل بوو بۆ سبەی، زۆر سوپاس.

فرست احمد عبدالله
سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستان – عێراق

محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)
جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستان – عێراق

عدنان رشاد مفتی
سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستان - عێراق

# ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (11)

## چوار شەممە ڕێکەوتی 18\4\2007

## خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (11)

## چوار شەممە ڕێكەوتی 2007/4/18

كاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی 2007/4/18 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (11)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (11)ی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەروو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای هەمواركردنی دووەمی یاسای پارێزەرایەتی ژمارە(17)ی ساڵی 1999.

2-خستنەروو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای هەمواركردنی دووەمی یاسای سندوقی خانەنشینی پارێزەران ژمارە(18)ی ساڵی 1999.

3-خستنەروو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای دەزگای گشتی بۆ كاروباری مین لەهەرێمی كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (11)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی 2007/4/18دا بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەروو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای هەمواركردنی دووەمی یاسای پارێزەرایەتی ژمارە(17)ی ساڵی .1999

2-خستنەروو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای سندوقی خانەنشینی پارێزەران ژمارە(18)ی ساڵی 1999.

3-خستنەروو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای دەزگای گشتی بۆ کاروباری مین لەهەرێمی کوردستان.

بەخێر هاتنی مامۆستا سەعد دەکەین، وەزیری هەرێم بۆکاروباری پەرلەمان، هەروەها بەخێر هاتنی یاوەری ئەکەین راوێژکار بۆ کاروباری مین، بەخێر بێیت سەرچاو، داوا لەلیژنەی یاسایی ئەکەین بێن لەشوێنی خۆیان دانیشن، دوێنێ باسی ئەوەمان کرد، کەپێش وپاشی بخەین، بەڵام لەبەر ئەوەی خاڵی یەکەم ودووەم ئاسانن و زۆر گفتوگۆ هەڵناگرن، وەختێکی کورتی ئەوێتن، بۆیە بەرنامەکەمان وا ئیقتیراح ئەکەین، کە بیگۆڕین، تەواوی ئەکەین ئینجا ئەچینە سەر خاڵی سێیەم، ئێستا خاڵی یەکەم/ خستنەروو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای پارێزەرایەتی ژمارە (17)ی ساڵی 1999. داوا لە لیژنەی یاسایی ئەکەم راپۆرتی خۆیان پێشکەش بکەن.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا راپۆرتی لیژنەی یاسایی ئەخوێنمەوە سەبارەت بە پرۆژەی یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای پارێزەرایەتی ژمارە(17)ی ساڵی 1999.

**بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان**

**بابەت/ راپۆرتی لیژنەی یاسایی**

لیژنەکەمان لە ڕۆژی 2007/4/1دا بە سەرۆکایەتی سەرۆکی لیژنە شێروان حەیدەری وبە ئامادەبوونی دادوەر عەونی بەزاز جێگری سەرۆك و دادوەر عەبدولکەریم هەمەوەند بڕیاردەری لیژنە وئەندامان طارق جامباز و کەریم بەحری ومحەمەد صالح اسماعیل وقادر سعید خدر ودلێر محەمەد شەریف وخەلیل ابراهیم محەمەد ودواکەوتنی ئەندام دوکتۆر نوری تاڵەبانی لە کۆبونەوەکە پرۆژەی یاسای هەمووارکردنی دووەمی یاسایی پارێزەریی ژمارە (17)ی ساڵی 1999 کە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە ڕۆژی 2007/3/27 بۆمان هاتووەو نوێنەرانی سەندیکای پارێزەرانی کوردستانیش ئامادەبوون ودوای ووتوێژ وتاوتووکردن وگوێگرتن لە رای نوێنەرانی سەندیکا لە بارەی پرۆژەکەوە. لیژنە راپۆرتی خۆی و راسپاردەو پێشنیارەکانی لە بارەیەوە بە تێکڕای دەنگ پێشکەش دەکات وبەم جۆرەی خوارەوە:

**یەکەم: ئەوەی پەیوەندیی بە ماددەی یەکەمی پرۆژەکەوە هەیە، لیژنەی یاسایی پشتگیریی دەکات وهیچ تێبینیەکی لەسەر نییە.**

**دووەم: ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی دووەمی پرۆژەکەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەکات پێشەکیەکەی بەم جۆرە دابڕێژرێ:**

**(ماددەی پازدەمی هەموارکراو هەڵدەوەشێتەوە لە یاساکەو ئەمەی خوارەوە جێی دەگریتەوە)، زیاد کردنی رێژەکانی رەسمی تۆمارکردن لە خشتەکەدا، کە لە پرۆژەکە بەم جۆرە هاتووە دوای هاوکێشە کردنی لەگەڵ پارەی نوێی عێراقی و رەچاوکردنی بەرزکرنەوەی ئاستی پارەی خانەنشینی پارێزەران لە چاو ئەوەی پێشوودا پەیڕەو دەکرا.**

1- 75000 **حەفتاو پێنج هەزار دینار لە جیاتی** 67500 **دینار کە لە پرۆژەدا هاتووە.**

2- 50000 **پەنجا هەزار دینار لە جیاتی** 37500 **دینار کە لە پرۆژەکەدا هاتووە.**

3- 45000 **چل وپێنج هەزار دینار لە جیاتی** 30000**دینار کە لە پرۆژەکەدا هاتووە.**

4- 80000 **هەشتا هەزار دینار لە جیاتی** 60000 **دینار کە لە پرۆژەکەدا هاتووە.**

5- 90000 **نەوەد هەزار دینار لە جیاتی** 75000 **دینار کە لە پرۆژەکەدا هاتووە.**

**لەگەڵ زیادکردنی ڕەسمی فراوانکردنی دەسەلأت (ڕەسمی پلەداری) کە لە دوو بڕگەی دووەمدا بەم جۆرە هاتووە:**

1- 30000 **سی هەزار دینار لە جیاتی** 15000 **دینار.**

2- 50000 **پەنجا هەزار لە جیاتی** 30000**دینار.**

**لەگەڵ زیادکردنی ئابوونەی بەشداربوونی ساڵانە کە لە بڕگەکانی (سێیەم)دا بەم جۆرە هاتووە:**

1- 30000 **سی هەزار دینار لە جیاتی** 15000 **دینار.**

2- 40000 **چل هەزار دینار لە جیاتی** 22500 **دینار.**

3- 50000 **پەنجا هەزار دینار لە جیاتی** 30000 **دینار.**

**سێیەم: ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی سێیەمی پرۆژەکەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەکات پێشەکی دوو بڕگەکەی یەکەم ودووەم بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە:**

**یەکەم: بڕگەی** (1) **لە (یەکەم) لە ماددەی شازدەمی یاساکە بەم جۆرە هەمواردەکرێ ودەخوێنرێتەوە :**

**(چەمکی بڕگەکە وەك خۆی دەمێنیتەوە تەنیا پارە سویسریەکە دەگۆڕدرێ بە پارەی نوێ).**

**دووەم: بڕگەی** (3) **لە (دووەم) لە ماددەی شازدەمی یاساکە بەم جۆرە هەمواردەکرێ ودەخوێندرێتەوە:**

**(چەمکی بڕگەکە وەك خۆی دەمێنیتەوە تەنیا پارەکە لە سویسریەوە دەگۆڕدرێ بە پارەی نوێ).**

**چوارەم: ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی چوارەوە هەیە لە پرۆژەکەدا، لیژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:**

(چەمکی بڕگەکە وەکو خۆی لە پڕۆژەکەدا هاتووە دەمێنێتەوە وبڕگەی (أ) لە (2) لە (یەکەم)ی ماددەی نۆزدەمی هەموارکراو لە یاساکە بەم جۆرە هەمواردەکرێ ودەخوێنرێتەوە:

( لەگەڵ ئاماژەکردن بە گۆڕینی پارەکە لە پارەی سویسری بۆ پارەی نوێ).

پێنجەم: ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی پێنجەمی پڕۆژەکەوە هەیە:

1- لیژنە پشتگیری لەوەی لە (یەکەم) دا هاتووە دەکات دوای گۆڕینی پارەکە لە سویسری بۆ پارەی نوێ.

2- هەروەها لیژنە پشتگیری ئەوەی لە (دووەم)دا هاتووە دەکات دوای گۆڕینی پارە سویسریەکە بە پارەی نوێ وزیاد کرنی.

3- لیژنە پشتگیری ئەوەی لە (سێیەم)دا هاتووە دەکات، دوای دووبارە داڕشتنەوەی بەم شێوەیەی خوارەوە:

سێیەم: نابێ پارێزەری خانەنشین لەگەڵ زیاتر لە چوار کۆمپانیای نیشتیمانی یا بیانی بۆ مەبەستی باسکراو لە بڕگەی (یەکەم)دا کار بکات.

4- لیژنە پشتگیری ئەوەی لە (چوارەم)دا هاتووە دەکات دوای گۆڕینی پارەی سویسری بۆ پارەی نوێ لەگەڵ زیادکردنی پارەکە بۆ 100000 سەد هەزار دینار.

5- لیژنە پشتگیری ئەوەی لە (پێنجەم)دا هاتووە دەکات.

شەشەم: ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی شەشەمی پڕۆژەکەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

(بڕگەکانی دووەم و سێیەم لە ماددەی بیست و شەشەم هەڵدەوەشێتەوە و بڕگەی یەکەم دەبێتە ئەسڵی ماددەکە).

حەوتەم: ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی حەوتەمی پڕۆژەکەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرەی خوارەوە دابڕێژریتەوە:

بڕگەی یەکەم لە ماددەی سی و شەشەم بەم جۆرە هەموار دەکرێ و دەخوێندرێتەوە:

( دادگا حوکم بۆ پارێزەری مونتەدەب دەدات بۆ پارێزگاری کردن لەو تۆمەتبارەی کە هیچ پارێزەرێکی نەکردۆتە وەکیلی خۆی بەامبەر دادگای لێکۆڵینەوە و دادگای (کەتن)و (تاوان) و منداڵان بە پێدانی هەقی ماندوبوونی پارێزەری کردن لە 60000 شەست هەزار دینار کەمتر نەبێ و لە 120000 سەدو بیست هەزار دیناریش پتر نەبێ و گەنجینە ئەو پارەیە دەگرێتە ئەستۆ) لەبارەی (گۆڕین و بەرزکردنەوەی ڕادەی پارەکە).

هەشتەم: ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی هەشتەمی پڕۆژەکەوە هەیە، ئەوا لیژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە:

ماددەی هەشتەم: بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی سی و نۆیەمی هەموار کراوی یاساکە بەم جۆرە هەمواردەکرێ و دەخوێنرێتەوە:

**یەکەم**: پارێزەر بۆی هەیە لەگەڵ موەکیلەکەی خۆی بە گرێبەستێکی نووسراوی پەسندکراو لەگەڵ سەندیکا رێك بکەوێ بەرامبەر پێدانی ڕەسمێکی بڕاوە کە بڕەکەی 5000 پێنج هەزار دینار بێت.

**نۆیەم**: ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی نۆیەمی پڕۆژەکەوە هەیە لیژنەی یاسایی لەگەڵیدا نیە، چونکە لەگەڵ پرەنسیپەکانی هەڵبژاردندا ناگونجێ و پێشنیاز دەکات لە پڕۆژەکەدا لا ببرێ.

**دەیەم**: بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی دەیەمی پڕۆژەکەوە هەیە، ئەوا لیژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:{کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت} .

**یازدەم**: بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی یازدەمەوە هەیە، ئەوا لیژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێ).

تکایە سەیری پێشنیازەکەمان بفەرموون و ئەسڵی پڕۆژەکەو، ڕای لیژنەکەشمان بخەنە بەردەمی ئەنجومەن تا گفتوگۆی لە سەربکەن و رای لە باری خۆیانی لەسەر بدەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە سوپاس، بەخێرهاتنی مامۆستایانی بەڕێز وقوتابیان و خوێندکاران دەکەم کەلەسەرەوە تەماشان دەکەن، ئومێد دەکەم لەئایندەدا، هەندێکیان دەبنە مەسئول، لێپرسراو، بەڵکو هەندێکیان ببنە ئەندام پەرلەمان، ئەو دانیشتنەی لە یاد بێت، بەردەوام بێت لەسەر خزمەتکردنی گەلەکەی ونیشتمانەکەمان، کاك شێروان چ مولاحەزەیەکت هەیە بفەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت پڕۆژەکە، لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە، بۆمان بەعەرەبی هات، لێرە داوامان لەسەندیکا کرد، کە پڕۆژەکە لۆمان تەرجومە بکات، بەڵام تەرجومەکەیان کردیە، بەپێی ئەو پڕۆژەیەی کەخۆیان ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانیان کردیە، نەك بەپێی ئەو گۆڕانکارییەی کە لەئەنجومەنی وەزیران بەسەر پڕۆژەکەدا هاتیە، بەڵام کە هاتە لای ئێمە بەڕاستی ئێمە راپۆرتەکەمان، بە کوردی و بەعەربیش ئامادە کردیە، لەسەر ئەو پڕۆژەیەی کەلە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتیە، بۆیە رەنگە هەندێك ئیلتیباساتی تێدا بێت، بەنیسبەت ئەو تەرجومەی کە سەندیکا کردیتی، ئێمە لێرە فەقەرە فەقەرە ئەگەر گۆڕانکاری هاتە سەری، ئێمە تەوزیحات ئەدەین لەسەری، یەعنی عەرەبیەکە ئێمە زۆرتر ئیعتیمادمان لەسەر کردیە، بۆ ڕاپۆرتەکەی خۆمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر چاکە، ئەوە تەبیعیە، تەرجومەی ئێوە بەجێگەی ئیعتیبار وەر ئەگیرێت، ئێستا ئەصڵی پڕۆژەکە، مادده مادده بە کوردی و عەرەبی بیخوێننەوە، دوایی رەئی لیژنەی قانونی بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الاولى: تلغى المادة السادسة من القانون ويحل محلها مايلي:**

**المادة السادسة: لايجوز الجمع بين عضوية النقابة والوظائف العامة.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**موقتەرەح هەیە، یان موافقن.**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەوەی پەیوەندیی بە ماددەی یەکەمی پڕۆژەکەوە هەیە، لیژنەی یاسایی پشتگیریی دەکات وهیچ تێبینیەکی لەسەر نییە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەندامانی پەرلەمان ئەمە ماددەیەکی تەبیعیە، کە دەڵێتن ناکرێتن، ئەندامێتی نقابە، وەزائیفی گشتی هەبێتن، موقتەرەحی نقابەیەو لیژنەی یاساییشە، دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵ ئەو ماددەیەدایە، تکایە دەستی بڵند بکات، کێی لەگەڵ نیە، بەتێکڕا پەسەند کرا.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثانية: تلغى المادة الخامسة عشر من القانون ويحل محلها مايلى:**

**المادة الخامسة عشرة:**

**أولاً: يكون رسم التسجيل في الجدول كالآتي :۔**

1-(67500) **سبعة وستون الفا وخمسمائة دينار لمن تجاوز عمره الاربعين سنة ومضى على حصوله على شهادة البكالوريوس في القانون او ما يعادلها اكثر من ثلاث سنوات.**

2-(37500) **سبعة وثلاثون الفا وخمسمائة دينار لمن سبق ان مارس القضاء او تدريس العلوم القانونية او شغل وظيفة رئيس الادعاء العام او المدعي العام او مستشار قانوني في دوائر الاقليم مدة لا تقل عن ثلاث سنوات مستمرة ولمن سبق وان شغل وظيفة نائب المدعي العام مدة لا تقل عن خمس سنوات مستمرة.**

3-(30000) **ثلاثون الف دينار لمن لم يتجاوز الاربعين من العمر ولم تمض على نيله شهادة البكالوريوس في القانون او ما يعادلها مدة ثلاث سنوات وكذلك لمن له ممارسة في المحاماة مدة لا تزيد على ثلاث سنوات.**

4-(60000) **ستون الف دينار لمن تجاوز عمره الاربعين سنة ولم تمض على نيله شهادة البكالوريوس في القانون او ما يعادلها مدة ثلاث سنوات.**

5-(75000)**خمسة وسبعون الف دينار لمن سبق استبعاد اسمه حكماً من الجدول.**

**ثانياً: يكون رسم توسيع الصلاحية (رسم التدرج) كالآتي:**

1-(15000)خمسة عشر الف دينار من متمرن الى ممارس.

2-(30000) ثلاثون الف دينار من ممارس الى مستشار.

ثالثاً: يكون بدل الاشتراك السنوي كالآتي:

1-(15000)خمسة عشر الف دينار للمحامي المتمرن.

2-(22500) اثنان وعشرون الف وخمسمائة دينار للمحامي الممارس.

3-(30000) ثلاثون الف دينار للمحامي المستشار.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەر لەبەر ئەوەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان سورەتێكی وازحیان هەبێ لەو مەسەلەیە، لە 2004/5/23 سەندیكای پارێزەرانی كوردستان، كۆنگرەیەكی بەست، ئەو كۆنگرەیە چەند موقەرەراتێكی دا، سەندیكای پارێزەرانی كوردستانیش هەستا، ئەو موقەرەراتانەی كردە پرۆژە یاسایەك، ئەگەر سەیری بكەن ئەو پرۆژە یاسایە دەمێكە تەقدیم كرایە، ئەگەر سەیری سەرەوە بكەن دەبینن ساڵی 2005ە، ئەوە یەك، دوو ئەو گۆڕانكارییەی بەسەر ئەو ماددەیەدا هاتووە، بەڕاستی ئەوەلەن پارەكەی كەبە رسوماتی ئیشتراك وەرگیرایە، یان رسوماتی ئینتیما وەردەگیرێ، بەسویسری هاتبوو، ئێستا كردوویانە بە پارەی عێراقی ئێستا، فەرقەكە لێرەدا هاتیە، بەڵام دوای ئەوەی كەئێمە دانیشتین، لەگەڵ نوێنەرانی سەندیكای پارێزەرانی كوردستان، دووبارە زیادەیەكی هاتە سەرێ، وتیان ئێمە ئەو پارەمان دانابوو بۆ 2005 بەڵام ئێستا لە 2007 تین، لەبەر ئەوەی هەندێ بڕگەمان دانایە، كە عیلاقەی هەیە بە بژێوی ژیانی پارێزەران، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەینە، كە ئەو سەقفە بڵند تر بكرێت، لەگەڵ رەچاوكردنی تەحویلی عوملەی سویسری بۆ عوملەی ئێستا، بۆیە ئەو گۆڕانكارییە لەسەر ئەو ئەساسە كرایە، ئەوە یەك، دوو، حەز ئەكەم ئەو تەوزیحەش بدەم، سەندیكای پارێزەرانی كوردستان، لەسەر ئەساسی تەمویلی زاتی خۆی بەڕێوە ئەبات، چ بەنیسبەت سەندیكای پارێزەران، چ بەنیسبەتی سندوقی تەقاعدی پارێزەران، بەڵام منحەیەكی متەوازع هەیە، كە حكومەت دەیانداتێ، زائیدەن بەدەلاتی ئیشتراك، زائیدەن بەدەلاتی ئینتیما، ئەوەی كەوەردەگرێت بەراستی، ئەوە دەبێتە واریدات، لەسەر ئەساسی ئەم واریداتە ئەو سەندیكایەو ئەو سندوقە بەڕێوە ئەبەن، ئێستا حالی حازر سندوقی تەقاعدی پارێزەرانیش هەر هەمان گۆڕانكاری لەسەرە، لەسەر ئەساسی ئەوەی كە كۆنگرەی پێشوو بڕیاری لەسەر دراوە، بۆیە حەزم كرد ئەو تەوزیحاتە بۆ بەڕێزتان بدەم، بۆ ئەوەی سورەتێكی وازحیان هەبێت، لەو پرۆژەیە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

راپۆرتی لیژنەی یاسایی یان رەئیان.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**دووەم: ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی دووەمی پڕۆژەكەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەكات پێشەكیەكەی بەم جۆرە دابڕێژرێ:**

**(ماددەی پازدەمی هەمواركراو هەڵدەوەشێتەوە لە یاساكە وئەمەی خوارەوە جێی دەگریتەوە)، زیادكردنی رێژەكانی رەسمی تۆماركردن لە خشتەكەدا، كە لە پرۆژەكە بەم جۆرە هاتووە دوای هاوكێشە كردنی لەگەڵ پارەی نوێی عێراقی و رەچاوكردنی بەرزكرنەوەی ئاستی پارەی خانەنشینی پارێزەران لە چاو ئەوەی پێشوودا پەیڕەو دەكرا.**

1- 75000 **حەفتاو پێنج هەزار دینار لە جیاتی** 67500 **دینار كە لە پڕۆژەدا هاتووە.**

2- 50000 **پەجا هەزار دینار لە جیاتی** 37500 **دینار كە لە پڕۆژەكەدا هاتووە.**

3- 45000 **چل وپێنج هەزار دینار لە جیاتی** 30000**دینار كە لە پڕۆژەكەدا هاتووە.**

4- 80000 **هەشتا هەزار دینار لە جیاتی** 60000 **دینار كە لە پڕۆژەكەدا هاتووە.**

5- 90000 **نەوەد هەزار دینار لە جیاتی** 75000 **دینار كە لە پڕۆژەكەدا هاتووە.**

**لەگەڵ زیادكردنی رەسمی فراوانكردنی دەسەلآت (رەسمی پلەدرای) كە لە دوو بڕگەی دووەمدا بەم جۆرە هاتووە:**

1- 30000 **سی هەزار دینار لە جیاتی** 15000 **دینار.**

2- 50000 **پەنجا هەزار لە جیاتی** 30000**دینار.**

**لەگەڵ زیادكردنی ئابوونەی بەشداربوونی سالآنەكە لە بڕگەكانی (سێیەم)دا بەم جۆرە هاتووە:**

1- 30000 **سی هەزار دینار لە جیاتی** 15000 **دینار.**

2- 40000 **چل هەزار دینار لە جیاتی** 22500 **دینار.**

3- 50000 **پەنجا هەزار دینار لە جیاتی** 30000 **دینار.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**موفتەرەحی لیژنەی یاسایی كە بە ئیتیفاق لەگەڵ نەقابە كردوویانە، ئەو بڕە پارەیە كەزیاد بووە، ئەو مەنتقەش كە كاك شێروان ئاماژەی پێكرد، مەنتقێكی مەقبولە، بۆ بەقوەتكردنی سەندیكایە، پێم وانیە كەس ئیعترازی هەبێتن، كاك سەردار ئیعتیرازت هەیە فەرموو.**

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**گۆڕانكاری لەیاسای پارێزەرایەتی، چ تەوسیات بێت، چ موقەرەرات بێ، لە سەلاحیاتی كۆنگرەیە، وەكو كاك شێروان باسی كرد، ئەو پرۆژەیە لەتەوسیاتی كۆنگرەی پارێزەران هاتیە، بەڵام ئەو گۆڕانكاریانە لەسەر ئەوەی هاتیە، كە دەڵێ بە ئیتیفاق بووە، لەگەڵ نقابە، من پێم وایە نقابە ئەو سەلاحیاتەی نیە، ئەو ئەرقامانە بگۆڕێ، دوایی پێم وایە ئەو ئەرقامانەی كەگۆڕایە، بەڕاستی زۆر مجحیفە، پارێزەران هەموویان ئیشیان باش نیە، بەتایبەتی پارێزەری گەنج، زۆربەیان ئەو ئیمكانیەتەیان نیە، كە ئەو رسومانە بدەن، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس، كاك ئارێز.**

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**رەنگە ئێمە ئێستا باسی (30000) هەزار دینار بكەین، ئەوڕۆ نرخەكەی لە بازار، شتێكی پێ ئەكڕێت، ساڵێكی تر دوو ئەوەندەی پێدەكڕێت، یان هەر رەنگە ئەوساڵ نیو هێندەی پێ بكڕێت، یەعنی خۆتان ئەزانن بازاڕ، لە هەستان و داشكاندایە، باشە ئێمە یاسا دەردەكەین، كاتێك ئەو ئەرقامانە تەسبیت دەكەین، قابیلی گۆڕان نیە؟ خۆ ئێمە ناتوانین هەموو رۆژێكی دانیشین، باشتر نەبوو، ئەوە بۆ سەندیكا لێبگەڕێین، چ رسومات و چ مەسەلەی خانەنشینی ئەوان تەنزیمی بكەن، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك كەریم.**

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەڕاستی من تەعلیقی یاساییم نیە، لەسەر پرۆژەكە، بەڵام هەڵەیەك بەكار دێنن ئەڵێن، عوملەی سویسری، عوملەی سویسری نیە، چاپی سویسرییە، تەبعی سویسری، دووسێ جاریش وا بەكارهاتووە.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**پێش ئەوەی كاك شێروان جواب بداتەوە، بۆ عوملەكە راستە، دەبێ بڵێین چاپی سویسری، چاپی سویسریش نیە بۆ مەعلوماتتان، چاپی ئینگلیزیە، بەڵام ئەوە غەڵەتێكی سەحیحە، من جوابی كاك سەردار ئەدەمەوە، ئەوەلەن كۆنفرانس قەرار نادات، كۆنفرانس تەوسیات دەكات یەك، نەقابە قەرار دەداتن دوو، سێ، ئەگەر نقابەكە قەراری سائیب بوو، كۆنفرانسی داهاتوو دەستخۆشی لێ دەكرێت، چەپڵەیەكی بۆ لێدەدرێت، ئەگەر قەراری سائیب نەبوو، سەرۆكایەتی نقابە، محاسەبە ئەكرێتن، دەنگی پێنادرێتن، لەبەر ئەوەی ئەو شتەی**

لێرەدا هاتووە، زۆر راستە، مولاحەزەی کاك ئاریێزیش هەر بۆ شەرح بوو، موقتەرەحی لیژنەی یاسایی کە بەئیتیفاق لەگەڵ نقابە ئیتیفاقیان کردووە، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات تکایە، کێی لەگەڵدا نیە، یەك کەسی لەگەڵدا نیە، بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثالثة:**

**اولاً: تلغى الفقرة (1) من (اولاً) من المادة السادسة عشرة ويحل محلها ما يلي:**

**1- التوكل عن الغير في الدعاوى المدنية والمنازعات القضائية اذا كانت قيمتها لا تزيد على (150000) مائة وخمسون الف دينار.**

**ثانياً: تلغى الفقرة (3) من (ثانياً) من المادة السادسة عشرة من القانون ويحل محلها مايلي:**

**1-التعاقد بصفة مشاور قانوني مع شركات القطاع الخاص او اي مشروع صناعي او زراعي او مكاتب المقاولات والتعهدات العلمية والفنية والتجارية والتي لا تزيد رأسمالها على (75000000)خمسة وسبعين مليون دينار.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سێیەم: ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی سێیەمی پڕۆژەکەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەکات پێشەکی دوو بڕگەکەی یەکەم ودووەم بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە:

یەکەم: بڕگەی (1) لە (یەکەم) لە ماددەی شازدەمی یاساکە بەم جۆرە هەمواردەکرێ ودەخوێنرێتەوە :

(چەمکی بڕگەکە وەك خۆی دەمێنیتەوە تەنیا پارە سویسریەکە دەگۆڕدرێ بە پارەی نوێ).

دووەم: بڕگەی (3) لە (دووەم) لە ماددەی شازدەمی یاساکە بەم جۆرە هەمواردەکرێ ودەخوێندرێتەوە:

(چەمکی بڕگەکە وەك خۆی دەمێنیتەوە تەنیا پارەکە لە سویسریەوە دەگۆڕدرێ بە پارەی نوێ).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پارەکە بگۆڕن بە پارەی نوێ، ئەوەی لەنقابە هاتووە، راسترە یەکسەر ئەڵێت، تلغیالفقرة، یەکسەر ئیلغا ئەکرێت، پارەکە ئەبێتە (150000) هەزار دینار، مەعلومە کەپارەی تازەیە، یەعنی پێویست ناکات ئەو شەرحە بکەی بڵێیت، پارەی تازەیە، یەکسەر پێم وایە، وەکو ئەوەی نقابە باشترە.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆ ئەوە داخلی صیاغەی مەشروعەکە ناکەین، تەنیا لۆ تەوزیحە، هەر بۆ ڕاپۆرتەکەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**مادام وایە، باشە، موافقم، ئەگەر کەس مولاحەزەی نیە، ماددەی سێیەم ئەخەمە دەنگەوە، وەکو لە موقتەرەحی نەقابە هاتووە، کە لیژنەی یاسایی تەنها شەرحی کرد، موقتەرەحی نەقابەی تەبەننا کردووە، کێ لەگەڵیەتی تکایە دەستی بڵند بکات، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵی نیە، سوپاس، بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا. فەرموو ماددەی چوار.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الرابعة: تلغى الفقرة (أ) من (2) من (اولاً) من المادة التاسعة عشرة من القانون ويحل محلها ما يلي:-**

**أ- الدعاوى التي تكون احدى دوائر الدولة طرفاً فيها ولا تزيد قيمتها على (3750000) ثلاثة ملايين وسبعمائة وخمسون الف دينار.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**فەرموو مامۆستا کاکە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لیژنەی یاسایی لەگەڵ دەقی موقتەرەحەکەیە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەگەر کەس قسەی نەبێتن، موقتەرەحی سەندیکا، کەلەلایەن لیژنەی یاسایی پشتگیری کرا، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکاتن تکایە، کێ لەگەڵی نیە دەستی بڵند بکاتن تکایە، بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الخامسة: تلغى المادة الخامسة والعشرون من القانون ويحل محلها ما يلي:-**

**أولاً: على الشركات الوطنية التجارية والصناعية والزراعية والخدمية او الاستشارية مساهمة كانت او ذات مسؤولية محدودة والتي لا يقل رأسمالها عن (37500000) سبعة وثلاثون مليون وخمسمائة الف دينار والشركات الاجنبية التي تعمل في الاقليم او لها فرع فيه ان تتعاقد مع محامي او اكثر لتقديم المشورة القانونية.**

**ثانياً: تفرض غرامة تأخيرية قدرها(15000) خمسة عشر الف دينار عن كل يوم تأخير في حالة تخلف الجهات المذكورة في الفقرة (اولاً) من هذه المادة عن تنفيذ احكامها.**

ثالثاً: لا يجوز للمحامي التعاقد مع اكثر من شركتين وطنيتين وشركتين اجنبيتين للأغراض المذكورة في الفقرة (اولاً) اعلاه.

رابعاً: على الجهات المذكورة في الفقرة (اولاً) اعلاه استقطاع نسبة (10٪) من بدل المشورة القانونية للمحامي لسنة كاملة ويعتبر كسر السنة سنة كاملة لأجل الرسم وارسال المبلغ الى النقابة لقيده ايراداً لها على ان لا يقل عن (100000) مائة الف دينار.

خامساً: يعتبر المحامي متعاقداً مع الجهات المبينة في الفقرة (أولاً) اعلاه من تأريخ تصديق العقد من قبل النقابة.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنە پشتگیری لە هەموو ماددەكە دەكات، تەنها بڕگە سێ نەبێت، لیژنە پشتگیری ئەوەی لە (سێیەم)دا هاتووە دەكات، دوای دووبارە داڕشتنەوەی بەم شێوەیەی خوارەوە:

سێیەم: نابێ پارێزەری خانەنشین لەگەڵ زیاتر لە چوار كۆمپانیای نیشتمانیی، یان بیانی بۆ مەبەستی باسكراو لە بڕگەی (یەكەم)دا كار بكات.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(لايجوز للمحامي التعاقد)، نەك تەقاعد، تەعاقدە لەگەڵ شەریكات، گرێبەستە مەسەلەكە، لێرە بە حەقیقەت، سەندیكا داوای كردووە، كە محامی حەقی هەبێت كە مەشورەت، تەقدیمی شەش شەریكە بكات، پێشتر سێ شەریكە بوو، ئێمەش كە تەماشامان كرد لە لیژنەی قانونی بە حەقیقەت، شەش شەریكە، جۆرە ئیحتیكارێكی تێدایە بەڕاستی، بەنیسبەت محامی، محامی هەیە شەشی هەیە، محامی هەیە هیچیشی نیە، بۆیە بەڕاستی سەقفەكەمان هێنایە خوارێ، كردمانە بە چوار شەریكە، بۆ ئەوەی ئەو محامیە تازانەی كە تازە پێڕادەگەن، بێبەش نەبن لەو شەریكاتانە بەڕاستی، نەك هەر شەش محامیە گەورەكان هەر شەش شەریكەكە وەربگرن، بچووكەكانیش هیچیان بەرنەكەوێت، بۆیە ئێمە لێرە سەقفەكەمان بەچواردانا، لەبەر ئەوەی عەدالەتێك هەبێت، لە مەوزوعی ئیستیشارەی قانونی، لە بۆ شەریكات، ئەوەی هینمان بە نەزەری ئیعتیبار وەرنەگرت، جگە لەوەش ئیختیارمان دایە محامی، عەجەبا ئەو چوار شەریكەیە، بۆ خۆی شەریكەی ئەجنەبی ئیختیار ئەكات، یان شەریكەی كوردستان، عێراقی ئیختیار ئەكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تۆ تەواو بوویت، كاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو فەقەرەی کەدەڵێت هەر رۆژ (15000) دینار غەرامە لەو شەریکاتەی وەردەگیرێت، ئەگەر تەنفیزی ئەو ماددەی نەکات، من وای بەباش ئەزانم ئیلزامی دەوائیری تەسجیلی شەریکات بکرێت، یەك لە موستەمسەکاتەکان ئەوە بێت کەعەقدی موەقەع، بەینی ویی و بەینی محامی، مسەدەقیش بێت، لە قیبەلی نەقابەی محامین، یەعنی مەسائیلی ئیستسماری، بەغەرامات نابێت ئێمە راستەوخۆ غەرامەی رووبەروو بکەین، بەقەناعەتی من ئەو خەتوەیە زۆر باشترە، ببێتە شەرتێك لەشروتی تەسجیلی شەریکەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك سەردار.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیم هەیە لەسەر بڕگەی سێ، ئەوەی ژمارەی شەریکەکان، بەڕاستی ئەو مەنتقەی کاك شێروان باسی کرد مەنتقێکی زۆر راستە، هەر ئەصڵەن لە پرۆژەکەی کەهاتیە، لە یاسای پێشتریش تەحدیدی ژمارەی شەریکاتی کردیە، بۆ ئەوەی عەدالەت هەبێت لە تەوزیع کردنی ئەو شەریکاتانە لەسەر پارێزەرەکان، بەڵام ئەوەی من تێبینی دەکەم، ژمارەکە شەش هەر زۆرەو چوارەکەش کە لیژنە پێشنیار ئەکەن هەر زۆرە، من پێشنیار ئەکەم، تەنها سێ بێت بۆ ئەوەی زیاتر عەدالەتی تێدا بێت لەدابەشکردنەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەوەلەن لە بەشی یەکەمیدا کە باسی شەریکاتی (الوطني التجاري والصناعي والزراعي والخدمي)، ئەکات ئێستاش جۆرێکی تریش شەریکات هەیە، شەریکاتی تری تازە هەیە، شەریکاتی سەحافەو ئیعلان نشر و بەسی ئیزاعی وەکو شەریکات ئێستا تەئسیس ئەبێت لەکوردستان، ئەوەشی تێدابێت، شەریکەی فەردیشی تێدا بێت، نەك هەر شەریکەی مساهمە و شەریکەی مسئولیە محدودە، بەنیسبەت موقتەرەحی محامی، ئەو چوار شەریکەیە کە کاك شێروان و لیژنەی یاسایی باسیان کرد، ئەوە ئەگەر تەوزیع بکرێت ، بکرێتە دوانی مەحەلی و دوانی ئەجنەبی، عەدالەتێکی تیایە، تەوزیع ئەکرێت بەسەر هەموو محامیەکاندا، وەکو یەك ئەتوانن، زۆرترین ژمارەی محامی ئیستیفادە لەشەریکات بکات، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر دلێر.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش بەڕاستی لەبەر ئەوەی ژمارەی پارێزەرەكان زۆرن، راستە ژمارەی كۆمپانیاكانیش زۆر بوون، بەتایبەتی خۆماڵیەكان، بەڵام ئەو كۆمپانیا بێگانانەی كەلەوڵاتدا كار دەكەن، ژمارەیان زۆر زۆر محدوودە، بۆیە من بەچاكی ئەزانم سێ كۆمپانیای خۆماڵی لەگەڵ كۆمپانیایەكی بیانی بێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت، باڵانسێك دروست بكرێت، لە نێوان محامیەكان خۆیانا،زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان رەئیتان چیە لەسەر ئەو خاڵە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت غەرامەكە ئێمە ئیلزامی شەریكە بكەین، باشترە نەوەك ئیلزامی محامی بكەین، چونكە عادەتەن شەریكات ئیلزام بكەین بەغەرامەكە، رەنگە زۆر شەریكە مەجبور ئەبێت مشاور قانونی بۆ خۆی دابنێت، جا ئەوەش لە ساڵحی نەقابەیە بەڕاستی، نەك ئەمە ئەوی دی بهاوینە سەر محامی، كە محامی تەحەمولی بكات، بەنیسبەت شەریكاتی ئیعلامی، ئێمە مانعمان نیە ئەگەر ئەوەی كاك عومەر گوتی، شەریكاتی ئیعلامی داخڵ بكرێت، بەڵام شەریكاتی مەسئولیە محدوودە، پێم وایە ئەفرادیش شمول ئەكات، بەنیسبەت ئەوەی دووەم، بەنیسبەت ئەوەی سێیەمیش ئەوە موقتەرەحەكەی ئێمە وازحە، ئێمە وتمان با محامی بۆ خۆی ئازاد بێت، نەقابەش رەئی لەگەڵ ئەوە بوو، كە شەش بێت بەس بەڕاستی، ئەگەر چوار شەریكە بێت بەو شێوەیە كە ئێمە وتمان، دوا رەئیش رەئی ئێوەو ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەی كاك رەشاد ئەوە نەبوو كاك شێروان، كاك رەشاد ئەڵێت ئیلزامی شەریكات تەسجیل بكرێتن، كاتی تەسجیلی شەریكە، وەسیقەیەك تەقدیم بكەن، كە ئەو محامیەی هەیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو عەقدانە نەقابەی محامی خۆی تەصدیقی ئەكاتن، رسومیش وەر ئەگرێتن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محمد فەرەج هەرچەندە ناویشت نەنووسیبوو، بەڵام چونكە كەم قسە كرایە، فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی من سەیری ئەكەم، ئیلزام كردن بەو غەرامەیە، لە فیئەیەك بۆ فیئەیەكی تر، ئەو فیئەش وەكو فیئەكەی تر، فیئەیەكی مەدەنیە، یەعنی حكومی نیە، من وائەزانم ئیلزام كردن، تەنها كاتێك ئەبێت، كەئەو پارەیە بگەڕێتەوە، بۆ سندوقی عام، تۆ ئەتوانی خەڵك ئیلزام بكەی، ئەگینا ناكرێت، تۆ مەسەلەن

مقاولين ئيلزام ئەكەی، پارەكەی بدەن بەسەنديكايەك، سەير بكە وەزارەتی ماليە كاتێك كەغەرامات ئەكات، هەموو غەراماتەكان ئەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی ماليە، بۆ سندوقی عام، ناگەڕێتەوە بۆ فيئەيەكی موعەيەن، حەتا لە دەوائيريشا وا نيە، وەكو ئەوەی بڵێين مەسەلەن ناگەڕێتەوە بۆ دائيرەی گومرگ، كە دائيرەی گومرگ دائيرەيەكی حكومی رەسميە، كار بۆ كارەكانی حكومەت ئەكات، ئەم سەنديكايە كار بۆ خۆی ئەكات، يەعنی شتێكی زاتيە، نەك شتێكی عامە، وەكو بڵێيت مەنفەعەی عامی هەبێت، قانونيش ئەبێت هەميشە تەئيد و پشتگيری لە مەنفەعەی عام بكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مەجالم بدەنێ بەس يەك تەوزيح بدەم لەسەر ئەوە، رسومات كە وەردەگيرێتن، لە وەزارەتی ماليە تەسجيل ئەكرێتن، بەڵام لۆ ساڵحی ئەو جيهەتەی كە قەرارەكەی بۆ دەرچووە، بۆ نموونە ئەگەر بەلەديە بێت هەر ئەچێتەوە وەزارەتی ماليە، بەڵام لە حسابی ميزانيەی وەزارەتی ماليە تەسجيل ئەكرێتن، ئەوەش وايە ئەگەر بچێتە ماليە بۆ ساڵحی نقابە تەسجيل ئەكرێتن، چونكە نەقابە زەرەرمەندە، محامی زەرەرمەندە كە دوا كەوتووە، رەسمەكە حكومەت وەريدەگرێت دەچێتە وەزارەتی ماليە قەيد دەكرێت، لەژێر حسابی نەقابەی محامين، ئەوە بۆ هەموو شتەكانی تريش وايە، مەسەلەن غەرامەی گومرگی، كە وەدەگيرێتن، پۆليسی گومرك سەندوويەتی، خۆ نايدەنە پۆليسەكە، دەچێتە وەزارەتی ماليە، دواتر تەوزيع ئەكرێتن لەسەر پۆليسەكان، ئەمەش دەچێتە نەقابە، نەقابەش سندوقی محامينی هەيە، تەقاعدی هەيە، شتی هەيە، لەوێدا ئيستيفادەی لیٚ دەكات، كاك رەشاد لەجياتی تۆ تەوزيحم دا، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەقانون تەسجيلی شەريكاتی ئەخير كە تەعديل كرا، ئەمن لەو موئتەمەرە حازر بووم، لە عەمان، دەڵێتن كە تەخويلی محامی لە بۆ شەريكەی، شەريكە حوڕە، تەخويل ئەكات يان نا، بەڵام كاتێ نيزاعات لەبەينيان ئەبێت، لۆی هەيە هەر محاميەكی تەخويل بكاتن، ئەوە ئاخر شت بوو، ئەوجا حەز ئەكەم پێش ئەوەی بڕيار تەعارز نەكات لەگەڵ ليژنەی قانونی و ئەوان، ئەگەر بكرێت نيو سەعات مەجال بدرێتن بە تەلەفۆن مەوقيفەكەی وەرگرين، لۆ ئەوەی تەعارز نەكاتن لەگەڵ ئەم قانونە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من لە جياتی كاك شێروان جوابت ئەدەمەوە، ئەوەی لەعەمان كرا، ئەوە قانون نيە، ئەوە شەريكاتە، مەساڵحی شەريكاتە تەوسياتی كردووە، ئێمە باسی قانون ئەكەين، ئەوەی رەغبەتی ئەكاتن هەر بەكەيفی خۆی بێتن، بەڵام ئێمە باسی ئەوە دەكەين چی ڕاستە دوێنێ زۆر باسم كرد، قەرارێك وەربگرێن كەبەڕاستی بزانين، ئەمە مەساڵحی شەريكاتە، ئەگەر حەز ئەكات هيچ محاميەكی نەبێت، بەكەيفی خۆی بكاتن، بەڵام ئايا ئەوە لە ناحيەی قانونی لەمەساڵحی كۆمەڵگادايە، كاك عومەر داوای كرد دوايی كاك كەريم.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر قسەکەی کاک شێروان، لەبەر ئەوەی لەقانونی شەریکات ژمارە 136 کە ئێستا بەکار ئەهێنرێت، شەریکات تەصنیف کراوە، کە ئێستا شەریکەی فەردی هەیە، شەریکەی زات مەسئولیە محدوودە هەیە، شەریکەی مساهمە هەیە، خۆ ئەگەر ئاوها شەریکەی فەردی نەیەتە ئێرەوە، بەواتا مشاوری قانونی نابێت، لەبەر ئەوەی شەریکەی زات مەسئولیە محدوودە، دروست بوونی لەدوو کەس دەست پێئەکات، بۆ پێنج کەس، بەڵام شەریکە فەردییەکە جائیزە بەیەك کەس دروست ببێت، شەریکە فەردییەکە زەمانی شەریکە مەسئولیەتی هەموو دیونی شەریکە، ئەموالی خاوەنەکەی کە فەردییە زەمانە بۆ دەینی شەریکە، بەڵام لەزات مەسئولیە محدوودە، فەقەت مومتەلەکاتی شەریکە، زەمانەت هەڵئەگرێت نەك ماتەبەقای مومتەلەکاتی شەریکەکان، لەبەر ئەوە شەریکەی فەردی جیاوازە لەگەڵ لەزات مەسئولیە محدوودە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەوزیحی بۆ بدەم، یان کاک شێروان تۆ خۆت تەوزیح ئەدەیت، ئەوە وایە، بەڵام بەرەئی من رەئس مالەکە زۆر موهیم ترە، فەردی بێت، محدوود بێت، مساهمە بێتن، لەسەر ئەساسی رەئس مال تەحدید بکرێتن، رەئس مالەکە زۆر بێت، کە زۆر بوو رەئس مالەکەی ئیلزام بکرێتن، رەنگە ئەمە هەبێت هەندێ شەریکە هەیە خاوەنەکەی یەکێکە، بەڵام رەئس مالەکەی بەمەلاینە، زۆریشە موحتاجی مشاور قانونیە، رەنگە شەریکەی مساهمە بێتن، بەڵام رەئس مالەکەی هیچ نەبێتن، موحتاج نەبێتن، جا لەبەر ئەوە لەسەر ئەساسی رەئس مالەکە، من شەخصیەن پێم راستترە، لەئاستی پرۆژەکەشدایە، کاك کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە قسەکانی کاك رەشاد، بەڕاستی هەموو شەریکەیەك مولزەمە، مشاور قانونی هەبێتن، ئەوە لە قانونی پێشانیش لەبەغدایەش هەر وابووە، لەهەموو وڵاتان هەروایە، مشاور مولزەمە دەبێت لە هەموو شەریکەیەك هەبێت، بەڵام ئەگەر کێشەش هاتە پێش ئەو شەریکەیە موخەیەرە، خۆی ئازادە هەر پارێزەرێك ئەگرێت، یان نایگرێت، خۆی ئازادە، بەڵام مشاور ئەبێت هەبێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا یەك شت فەرق ماوە ئەوەی کاك سەردار وتی لە سێ شەریکە زیاتر نەبێت، ئەوەی موقتەرەحی لیژنەی قانونی دەڵێت چوار شەریکە زیاتر نەبێت، هەردووکی مەنتقە، زۆر فەرقیان نیە، ئەگەر کاك سەردار پشتگیری موقتەرەحی لیژنەی یاسایی بکاتن، فەرقێکی وای نیە، فەرموو کاك سەردار.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز جەنابی سەرۆك من سورم لەسەر پێشنیارەکەی خۆم، لەبەر ئەوەی ڕێژەی پارێزەران ئێستا لە 3500 تێپەڕیوە، وابزانم ڕێژەی کۆمپانیاکان زۆرن، دابەش نابێتن، بۆیە ئەگەر ئەو ڕێژەیە چەند کەم بکەینەوە، عەدالەتی تێدایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چەند کەس هەیە، ئەو موفتەرەحەی کاك سەردار پشتگیری لێ دەکات، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە هەر محامیەك لەسێ شەریکە زیاتر نەگرێتە دەست، کێ لەگەڵ ئەو موفتەرەحەیە با دەست بڵند بکات تکایە، کێ لەگەڵ ئەو موفتەرەحە نیە، ئەغلەبیە بۆ سێیەکەیە، لەئەصڵی مەشروعەکە ئەڵێت (اربع شرکات وطنیة وشرکتین أجنبیتین)، ئێستا ئێمە تەسویتمان کرد بۆ سێ شەریکە وەتەنیەکە، دوو شەریکە بیانیەکە قسەمان لێ نەکردیە، کاك عومەریش ئیقتراحێکی کرد وتی بابێتە یەك، یەك ئەجنەبی بێتن، کەسێك هەیە، فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر عەفووم بکەی، من وتم ببێتە چوار لەسەر مەشروعەکە، دوانی محەلی دوانی بیانی، نیسبەتی شەریکاتی ئەجنەبی کە زۆر زیادی کردووە، بەشەریکاتی ئوم کەهاتوون، یاخود بە فروع کەلێرە کردوویانەتەوە لەسلێمانی بێت یان لەهەولێر بێ، یان لەهەر شوێنێك بێت، شەریکات زۆر بووە، شەریکاتی مەحەلی خۆشمان زۆرە، بەتەئکید وایە لەسەر جەدوەلی محامین لەلای ئێمە لە سلێمانی، محامی نەبوو ببێتە مشاوری شەریکە، یەعنی حەتا لێرەش لە نقابەش محامی هەبووە، پێنج شەریکەو شەش شەریکەشی هەیە، بەڵام ئەگەر بێتوو دووانی محەلی و دووانی ئەجنەبی بەیتێ، عەدالەتێك لەتەوزیعەکەدا ئەبێت،چونکە ئەجنەبیەکان ئجور زیاتر ئەدەن، مەحەلییەکان ئجوریان کەمترە، هەندێ جار هەر ناشیدەن، بە محامیەکە دوو بە دوو بێت ئینساف و عەدالەتی زیاتر تیایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەوزیحەکەم لەسەر ئەو ئەساسەیە بەحەقیقەت، ئێمە کە موفتەرەحێکمان دایە لە لیژنەی قانونی، چوار شەریکەمان دایە بەموتڵەقی، محامیەکەشمان ئازاد کردیە، ڕاستە مەسەلەی عەدالەت ئەوەی کاك عومەر باسی کرد، بەڵام شەریکاتی ئەجنەبیش بەڕاستی، عادەتەن ئەچنە کن ئەو محامیانەی کە دەساڵ خزمەتی هەیەو پانزە ساڵ خزمەتی هەیە، محامیەکانی تر مەغدور ئەبن، لۆیە بەڕاستی ئێمە وتمان ئەگەر ئەو ئازادیە بدەینە محامیەکە، رەنگە ئەو عەدالەتە زیاتر تەحقیق بێت، هەر ئەوەیە مەبەستەکە دوا رەئیش رەئی ئێوەی بەڕێزە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی پێشنیاری ئێمە ئاوا نەبوو، پێشنیاری ئێمە ئەوە بوو کۆی شەریکات، سێ بێتن، نەك سێی مەحەلی و هیچی ئەجنەبی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە رەنگە من وزۆریشمان غەڵەت تێگەیشتبین، من و زۆریشیان کە دەستیان بڵند کردووە، لەبەر ئەوە داوا دەکەم دەرگا بکەینەوە، دەنگ بدەن بۆ ئەوەی ئیعادەی موناقەشەی ئەو مەشروعە بکەینەوە، کێ لەگەڵیەتی با دەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە، سەبەبەکەی ئەو غەڵەتەیە، بەس سابیقە نابێتن، کە دەنگماندا جارێکی تر ناگەڕێینەوە، لەبەر ئەوە غەڵەتەکە لە تێگەیشتنی موقتەرەحەکە بوو، ئەگەر نا تێگەیشتنەکە غەڵەت نەبووایە، نابێ بگەڕێینەوە سەری، لەسەرمان تەسجیل مەکەن، بڵێن لەفلان رۆژدا، دەنگمان بۆدا، بەلام دوایی دەنگمان بۆدا بگەڕێینەوە، ئەوە لەبەر ئەوەی غەڵەت تێگەیشتبووین، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سەد لەسەر سەد لەگەڵ بۆچوونەکەی جەنابتم، تەبریرەکەش ئەوەیە بەحەقیقەت، ئەگەر هاتوو ئێمە ئەو تەسویتە بەنەزەری ئیعتیبار وەر بگرین، مانای ئەوەیە ئەوەی نەقابە داوای کردیە، ئەوەی ئێمەش داوامان کردیە، هیچ یەك تەحقیق نابێت، چونکە وەختی خۆی سێ شەریکە بووە، محامیەك حەقی هەبووە، سێ بووە، ئێستا دەمانەوێت زیاد بێت، ژمارەی محامی زیادی کردیە، ژمارەی شەریکاتیش زیادی کردیە، بۆیە دەبێ ئێمە نیسبەتێکی وا زیاد بکەین، کە تەوازنەکە ڕابگرێت بۆ ئەم قۆناغە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ قسەی هەیە بەنووسین بینووسێت، بۆ ئەوەی وەختمان نەگرێت، بەڕاستی موقتەرەحێکی موحەدەد ئەگەر هەیە، کاك کەمال فەرموو.

**بەڕێزمحمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە حەقیقەت پێویستە موناقەشەکە لەو روانگەوە بێت، کە چۆن ئێشەکە بەباشی ئەنجام بدرێت، نەك کێ زۆر محامی ئیستیفادە بکات، یان شەریکە ئیستیفادە بکات، لەو روانگەوە بێت، کەئیشەکە، کارەکە بە دەقیقی، بەپاکی، بەدروستی ئەنجام بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان لەسەر داوای ئەندامی پەرلەمان  کاك باپیر کاملا دەڵێت، جارێکی تر بۆمان روون بکاتەوە تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت پرۆژەی ئەصڵی دەڵێت، چوار شەریکەی وەتەنی، دوو شەریکەی ئەجنەبی، بەنیسبەت رەئی لیژنەی قانونی دەڵێت، چوار شەریکە بێت چ ئەجنەبی چ وەتەنی بێت، محامیەکە موخەیەر بێت بۆ خۆی، بەنیسبەت ئەوەی کاك سەردار، دەڵێت سێ شەریکە بێت، ئەوەیە کۆی ئەوقسانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەصڵی قانونەکە کە نقابە داوای کردووە تەعدیلی تێدا بکات، دەڵێت: لایجوز للمحامي التعاقد مع اكثر من شركتين وطنيتين او شركة أجنبية واحدة، بۆچی داوایان کردیە زیاد بکرێت، لەبەر ئەوەی ئەو هەموو شەریکاتەی لێرەدا هەیە، محامیەکان یەعنی بەڕاستی بەش ناکەن، بۆیە محامی زیاد بووە، لەگەڵ ئەوەشدا محامی زیاد بووە، شەریکاتیش لەنیسبەتی زیاد بوونی محامی، بەنیسبەت زیاد بوونی شەریکات، یەك لەسەر دووە، یەعنی ئەگەر دوو شەریکە زیاد بووە، محامیەك زیاد بووە، ئەو موفتەرەحەی نقابە لەبەر رۆشنایی ئەوەیە، ئەڵێت ئەو لایەجوزە، بکرێتە چوار، لەیەك شەریکەی ئەجنەبیش بکرێتە دوو، کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی لەنەتیجەی تەجروبە، لەو ماوەیەی کە ئێمە لە محامات بووین، لەو فەترەی کە ئەو قانونە دەرچوو، بەو شێوەیە کەسێ شەریکە بێتن، دوو وەتەنی یەکی ئەجنەبی، بەڕاستی وەزعەکە وای لێهات، پێشی کۆنگرە، محامی بەدەست نەدەکەوت، هەموو شەریکەیەك قەپات بوو، بۆیە بەزیادە بەحەقیقی قانونەکە، سێ شەریکەو چوار شەریکە محامی ئەیانگرت، ئێمە بۆ ئەوەی معالەجەی ئەوە بکەین، لە کۆنگرەدا، وا رێکەوتین، کە زیاد بکرێت بەو شێوەی کەلەموفتەرەحی سەندیکادا هاتووە، دووی ئەجنەبی چواری وەتەنی، بۆیە بەو شێوەیە هاتووە، ئێمەش لە لیژنەی یاسایی بەپەسەندمان زانی کە محامی ئازاد بکەین شەریکەیەك زیاد بکەین، چونکە لەوانەیە شەریکەی ئەجنەبی سبەی رۆژێ زیاتر بێتن لەشەریکەی وەتەنی، بۆیە ئێمە تەحدیدی نەکەین باشترە، لەسەر ئەو ئەساسە وامان لێکردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارام، فەرموو.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا من پشتگیری لەقسەکانی جەنابی کاك دکتۆر ئەکەم، لەسەر ئەو ئەساسەی کەنابێ ئێمە تەنها بیر بکەینەوە، کە ئایا پارێزەر ئیستیفادە دەکات، یاخود کۆمپانیاکان، خاڵێکی تر ئەوەیە کە ئەو گۆڕانکاریانەی کە ئەکرێت، لەسەر ئەساسی پێویستی رۆژە، دیارە نەقابەش هەست بەوە دەکات، کە پێویستی دەکات ژمارەی شەریکات بۆ محامات زیاد بکات، بۆیە ئەوەی کەپێشنیار کراوە لە جێگای خۆیەتی، پێویستە گۆڕانێك هەبێت، ناکرێت ئێمە هەر لەسێیەکەی پێشوو بیهێڵینەوە، چونکە بە تەئکید ئەمساڵ لەپار رێژەی کۆمپانیاکان زیاتر بووەو، بەدڵنیایشەوە لە داهاتوو زیاتر ئەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارێز، فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەنگماندااو بڕایەوە، زۆریش روون بوو، دوو پێشنیار هەبوو، جەنابت خۆت، یەکەمت خستە دەنگدانەوە ئەوە یەك، دوو من دوو قسەم هەیە، دیارە ئەندامانی لیژنەی یاسایی ماندوون، یەعنی ئەرکی زۆر ئەکێشن ماندوو ئەبن، سوپاسیشیان ئەکەین، بەڵام دوو شت هەیە حەقیان لەدەنگدان، لە رەئی وەرگرتن، وەکو هەر یەکێك لەئێمە لەئەندامانی پەرلەمان هەیە، یان ئەندامێکی لیژنەیەکی ترە، ئەوە یەك، دوو من لێرە بە دواوە پێشنیار ئەکەم، ئەو مەسەلەیە رەنگە زۆر تایبەتمەند بێت بەلیژنەی یاساییەوە، لەبەر ئەوەی مەسەلەی محامیە و ئەوانە، بەڵام بۆ لیژنەکانی تریش هەمیشە تایبەتمەندی لیژنەکان بەقەدەر تایبەتمەندی لیژنەی یاسایی لەبەرچاو ناگیرێن، بۆ نموونە لە یاسای وەزارەتەکانیش، وەزارەتی رۆشنبیری رەنگە ئەوەندە پەیوەندی بە لیژنەی رۆشنبیریەوە هەیە، بەلیژنەی یاساییەوە نەبێت، لە دانیشتن لەوێندەر، ئێمە لەلیژنەکان کە دێین وەکو میوان سەیر دەکرێین، لەکاتێکدا ئێمە لەلیژنەکانی تر تایبەتمەندیمان هەیە، ئەوان رێکخستنی لایەنە یاساییەکە لەبەرچاو بگرن، دووش مەسەلەی سێ پارێزەرەکە، هەم بۆ پارێزەران باشترە، هەم بۆ کۆمپانیاکان، دوایی کۆمپانیا هەیە زۆر گەورەیە، هەندێکیش زۆر بچووکە، بەرای خۆم ئەو مەسەلەیە درابووایە دەنگدان، پێویستی نەدەکرد کەدووبارە بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با تەوزیحێك بدەم لەسەر قسەکانی جەنابت، یەکەم خۆمان شەرحمان کرد وتمان دەنگماندا، بەڵام بۆمان دەرکەوت لە دەنگدانەکە تێنگەیشتووین، کە دەنگدرایە، خۆم یەکێکم لەوانەی کە تێ نەگەیشتوومە، وام زانی سێیەکە بۆ هەمووانە، دوایی کە دەرکەوت، زانیان لەبەر ئەوە ئیعتیادیە، سوء فهم بووە، ئەو برادەرە، ئەو ئەندامی پەرلەمانەی دەستی بڵند کردووە، وەکو خۆشم هەموو وتیان تێنەگەشتووین، ئەگینا ناکرێتن کە دەنگماندا بگەڕێینەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەدەنگدانەکەی تێنەگەشتبووین، دەبووایە ئیعادەی بکەینەوە، دوو ئەو رەئیەی جەنابت راست نیە، عەمووم دەکەی، لیژنەی قانونی مەسئولەتێکی تایبەتی هەیە، مەسئولیەتە قانونیەکە ئەوان هەڵی دەگرن، هەریەکەو لیژنەی خۆی لەبواری پەروەردە، لیژنەکە تایبەتی خۆی هەیە، ناکرێتن ئەوەی لیژنەی پێشەسازیە وەکو تایبەتمەندی لە لیژنەی پەروەردەدا کە رەئی

وەردەگیرێتن، وەکو یەك وەربگیرێتن، ئەو مەسئولیەتەکەی هەڵدەگرێتن، ئێمە ئیشمان دەرهێنانی قانونە، صمامی ئەمانی قانونمان ئەو لیژنەیەیە، لەبەر ئەوە ئیعتیادیە هەمووومان، گوێڕایەڵی بۆچوونەکانیان بین، چونکە نصوصەکان لای ئەوانە، دیقەتیان کردووە، دانیشتوون، دیراسەتیان کردووە، هەر هەڵەیەك هەبێتن هەمووومان تەحامولی ئەکەین، بەڵام ئەوان زیاتر تەحەمولی ئەکەن، من شتێك ئیمزا ئەکەم هەتا کاك فرسەت لەبنەوە ئیمزای نەکردبێ نایکەم، چونکە مەسئولیەتەکە وەکو سکرتێری ئەنجومەن ئەو تەحەمولی ئەکاتن، ئەویش ئیستسنا ئەکاتن لەسەر لیژنەی قانونی، کە صیاغەکان ئەکەن و شت ئەکەن، هەمووتان لە صیاغەکە تەحەمول ناکەن، لەبەر ئەوەیە کە ئەو تایبەتمەندییەی لیژنەی قانونی هەیەتی تەبیعیشە، هەموو دونیا وایە، کاك خورشید، فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە هەندێك لە برادەران نیشانیاندا، کە سالآنە شەریکات زیاد دەبێت، چەند سالآنە شەریکات زیاد دەبێت ئەوەندەش سالآنە محامیەکان زیاد دەبن و تەخەروج دەکەن، وەکو ئەوان بەو رێژەیە زیاد دەبن، دووەمین وەکو باس دەکەن 3500 محامیمان هەیە، هەریەکەی ئەگەر سێ شەریکە وەربگرن، یان مستەشار بن، دە هەزار شەریکەمان ئەوێت، ئایا ئێستا دە هەزار شەریکەی خۆماڵی وئەجنەبی لە کوردستان هەیە؟ بڕوا ناکەم، سێیەمین من پشتگیری رەئەکەی کاك سەردار ئەکەم سێیەکە بێت یەکی ئەجنەبی دووی خۆماڵی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا من موقتەرەحێك ئەکەم، داوای لێبوردن ئەکەم لەوانەیشی کە ناوم نووسیوون، ئەگەر لیژنەی قانونی هین بکاتن بۆ ئەوەی ئەو مەوزوعە هین نەبێت، واتە وەتەنیەکەش کەم بکرێتەوە بکرێتە دوو، ئەگەر موافقن ئەو موقتەرەحە پێم وایە باشە دوو بەدوو، موقتەرەحی کاك عومەریش وابوو، باشە با ئەوانەی داوای قسەیان کردووە، ماوەی قسەیان بدەمێ، کاك دکتۆر دلێر.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی جەنابی سەرۆك ئێستا ژمارەی کۆمپانیاکان زیادی کردووە، کۆمپانیا خۆماڵیەکان زیادی کردووە، بەڵام وەکو باسکرا وەکو ئەوەش ژمارەی پارێزەران زیاد دەکات، بەڵام کۆمپانیا بیانیەکان ئەوەندە زیاد نیە ژمارەکەی، من پێشنیازێکم کرد وتم، سێ کۆمپانیای خۆماڵی لەگەڵ کۆمپانیایەکی بیانی، یەعنی ئەبێت بەچوار، ئەمە نزیك ئەکەوێتەوە لەپێشنیازەکەی لیژنەی یاسایی، یەك، دوو رەچاوی ئەوە ئەکات کۆمپانیا بیانیەکان، گەورەن، گەورەترن، ژمارەشیان کەمترە، بۆیە ئەمە لەراستیدا پێشنیاری لیژنەی دارایی وئابووریشە بۆ ئەو یاسایە، ئەمە پێشنیازی ئەوانە من ئەیخەمە روو، ئێمە بەڕاستی ئەو یاسایەمان

دیراسەکردو تەنها ئەو مولاحەزەیەشمان هەبوو لەسەری کەژمارەکە بکرێت بەچوار کۆمپانیا، سێی خۆماڵی، یەکی بیانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك سەردار ئەگەر قسەی تازەت هەیە فەرموو، بەڵام ئەگەر عەینی قسەت هەیە ئەوە ببورە.

**بەڕێز سردار صباح بورو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی پێشنیارەکەی من زۆر وازحەو هەست ناکەم هیچ شتێکی تێدابێت، من وتم نە شەش شەریکەو نە چوار شەریکەی لیژنەی یاسایی، سێ، واتە کۆیەکەی، لە قسەی جەنابیشت وا تێگەشتم کە جەنابت بەتەواوی تێگەشتبووی لە پێشنیارەکەی من، من نەم دیتیە مادەیە تەجزیئە بکرێت، یەعنی ئەوە چەند مادەیەك نیە، یەکەمیان شەریکات وتەنیە بێت وئەوی تریان شەریکات ئەجنەبی بێت، خودی ماددەکەیە، یەك صیاغەیە کو تەجزیئە ئەکرێت، پێشنیارەکەی ئێمە وازح بوو دەنگی لەسەر درا، لەگەڵ ئەو مەنتقەی کە دکتۆر کەمال باسی کرد، سەد لە سەد لەگەڵیمە، دەبێ چاومان لەوەی بێت کەبەباشی ئیش بکەن، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە، ئەگەر محامی، محامی شەش شەریکە بێت، باشتر ئیش ئەکات یان هی سێ و دووان باشتر ئیش ئەکات کەکەمتر بێت، منیش لەکۆنگرە بەشدار بوویمە، کۆنگرەی پارێزەران ئەندامیش بوومە، لە لیژنەی تەوسیات، تەوسیاتەکەش هەمووی بەخۆمان نووسیومانەتەوە، هیچ تەوسیاتێکمان لۆ نەهاتیە کەرێژەی کۆمپانیا زۆرە، رێژەی محامیان کەمە وبەش ناکات، ئەو پێشنیارەی کە زۆر بکرێت تەنها لە بەرژەوەندی محامیە دەوڵەمەندەکانە، بۆیە پشتگیری لەپێشنیاری کاك خورشید دەکەم، دوو مەحەلی و یەکی ئەجنەبی و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئیختلافەکەمان لەوەدایە، کە چەند ئەجنەبی و چەند خۆماڵی بێت، بۆیە تەفسیر ناکرێتن، دەبێ تەفسیر بکرێتن، موختەلیفین لەوەی کەچەند خۆماڵی و چەند ئەجنەبی بێتن، قسەکانی تر تەوزیحەکەی باشە، بەڵام مادام موختەلیفین دەبێ بڵێین، ئەوەندەی ئەجنەبی وئەوەندەی خۆماڵی، ناکرێتن بڵێین چوار، ئەوەی موقتەرەحەکە وتی سێ، لەبەر ئەوە دەبێ تەفسیر بکرێت، کاك عومەر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من قسەکانی خۆمم کرد پێشتر، هەر ئەوەی پێشوو بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك جمال.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی تەقاسمێکی موشتەرەك هەیە لەبەینی محامیەکان، لێرە ئەتوانن، نوێنەرایەتی خەڵکی ناوخۆ بکەن، بەڵام بەنیسبەت دەرەوە، هەموو محامیەك ناتوانێت نوێنەرایەتی شەریکەیەك بکات، ئەوان عادەتەن کە ئیختیاری محامیەك ئەکەن، بۆ ئەوەی کە نوێنەرایەتیان بکات، یان ناحیەی یاسایی، ئەبێ شارەزای یاسای ئێرەی هەبێت، شارەزای یاسای دەرەوەی هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئیختیصاصی هەبێت، لەو وەزعەی کە ئیشی تیا ئەکات، تۆ مەوزوعێك بینا بێت، جیاوازە لەنەوت، ئەبێ محامیەك بێت کەشارەزایی هەبێت، لە ئوموری نەوت و ئەو پێویستیانەی کە ئەکرێ، لەبەر ئەوە بەڕەئی من سیانەکە بۆ مەحەلی زۆر زۆر واردە، بۆ ئەوەی هەموو محامیەکان بەریان بکەوێت، بەس بەنیسبەت دەرەوە تەحدید نەکرێت، هەموو محامیەك توانای ئەوەی نیە، نوێنەرایەتی شەریکاتی دەرەوە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە شوکریە.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێستا سێ پێشنیاز هاتە ئاراوە، یەکێکی شەشە، یەکێی سێیە، یەکێکی تریان دوو بەدووە، من ڕەئم لەگەڵ دوو بەدووە، ئەگەر بەڕێزیشت بیخەیتە دەنگدانەوە، ئەوا چاکترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس ئاماری ئەوەی هەیە کە چەند شەریکەی ئەجنەبی لێرە هەیە، مقابلی چەند شەریکەی وەتەنی.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مومکینە، ئامارێکی رێك وپێك نەبێت لەلای ئێمە، بەڵام من ئەمەوێت ئەوە تەوزیح بدەم، مەسەلەی شەریکات، حەز ئەکەم بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بزانن، هەموو مەعاملی کوردستان ئێستا شەریکاتن، هەمووش ملزەمن کە محامی دابنێن، مەسەلە ئەوە نیە ئێمە بڵێین ئەوە شەریکەی بیانیە، ئەوە هی خۆماڵیە، مەعاملی بلۆك هەمووی بویتە شەریکات، هی کاشی هەمووی بویتە شەریکات، هەموو معاملەکان سیفەتی شەریکەیان وەرگرتیە، لەبەر ئەوەی ئیمتیازات لەشەریکەکە وەردەگرن، بۆیە مەفهومەکە بەو شکلەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شیخ الله، فەرموو.

**بەڕێز شیخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لەرەئی لیژنەی یاسایی ئەکەم، لەبەر ئەوەی ئێستا پارێزەر زۆر بوونە، پارێزەرێك ئەمساڵ دەرچووە، یاخود پار دەرچووە، خبرەو تەجروبەی لەکوێ بوو، ئەو ئیشەی بتوانێ وەکو پارێزەرێکی 15 – 20 ساڵ خبرەو تەجروبەی هەیە بەڕێوەی ببات، کام شەریکە بەوە رازی ئەبێتن، دوایی شەرت نیە ئەوانەی کە دەرچوونە هەمووی محامات بکەن، زۆریان هەر هەویەکەیان لەبەرکیە، ئەصڵەن من وائەزانم زۆری ئەبینم، ئیشی محاماتیش ناکات، لەبەر ئەوە زۆر پێویستە تەئکید لەسەر ئەوە بکرێتەوە، ئەوانەی کە ئەو کارەیان پێ ئەسپێردرێت، خاوەن خبرەو تەجروبە بن، بۆ ئەوەی بتوانن ئیشەکە بەڕێوە ببەن، چ شەریکاتی ئەجنەبی چ شەریکاتی ناوخۆیی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە رۆژان.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پرۆژەی یاسایەکە ئێمە چەند پێوەرێکمان دانایە، یەکەمیان سەرمایەی کۆمپانیاکەیە، واتە ئەگەر سەرمایە لەوە کەمتر بوو پێویستی بە پارێزەر نیە، دوایی یەك، دوو برادەر لێرە باسی ئەوەیان کرد، محامیەکە پێڕاناگات ئەوەندە کارەی بکات، ئەو ژمارەی کەلە پرۆژەکەدا هاتیە، ئەوە حەدی ئەعلایە واتە، لەوەندەی زیاتر نەبێت، لێرە ئازادە محامیەکە لەگەڵ یەك شەریکە عەقد دەکات، یان لەگەڵ دوو، بەس لەوەندەی زیاتر لۆی نیە، یەعنی ژمارە کەمەکەمان دیاری نەکردیە، بەس بەرزترین ئاست کەتاچەند لۆی هەیە، لەگەڵ چەند کۆمپانیا عەقد ببەستێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەزانن ئێستا چەند موقتەرەحێکمان هەیە، خۆی ئەصڵی قانونەکە کە خوێنرایەوە، (لا يجوز للمحامي التعاقد مع اكثر من شريكتين اجنبيتين)، ئەوەی کە خوێنرایەوە غەڵەتێکی مەتبەعیە کاك عەونی هینی کردووە، خۆی وەیە بەس نووسرایە ئەو، وشریکە اجنبیە، واتە لەئەصڵەکە سێیە، نەقابە زیادی کردووە، لیژنەی یاسایی زیادی کردووە، ئێمە لێرە هەندێك ئەندامی پەرلەمان کاك عومەر دوایش، یەکێکی تریش تەئیدی کرد، دوو بەدوو لیژنەی یاسایی موافەقەتی کرد، ئەو موقتەرەحە تازەیە، لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە، بەموافەقەتی لیژنەی یاسایی و کەمترین عەدەدە، ئەوە دەخەمە دەنگەوە، واتە دوو بیانی دوو خۆماڵی، کێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەیە با دەستی بڵند بکات تکایە، زۆر سوپاس کێی لەگەڵدا نیە، بەزۆرینەی دەنگ دوو بەدوو، ئەوانە هەموو شەریکات ئەگرێتەوە بۆ شەرحە، کاك زانا نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو دەنگدانەی کە کرا تەنها بۆ ئەو پێشنیارە بوو، بۆ تەواو ماددەکە نەکراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**موقتەرەحەکەت شتێکی چاك بوو، بەڵام موقتەرەحەکە هەمووی ماددەکەی دەکرد بەوەی کەلە نقابە هاتووە، پشتگیری لیژنەی یاسایی بەو تەخیرەی کە کرا، موافەقەتیشمان بۆ کرد، کێ لەگەڵیەتی با دەستی بڵند بکات تکایە، کێی لەگەڵدا نیە، بەزۆرینەی دەنگ ئەم ماددەیەش وەرگیرا. ماددەیەکی تر تکایە.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة السادسة:- تلغى المادة السادسة والعشرون من القانون ويحل محلها ما يلي:**

**المادة السادسة والعشرون: لا يجوز تسجيل اية شركة صناعية او تجارية او زراعية او استثمارية وطنية كانت او اجنبية الا بعد تنظيم عقد تأسيسها او تسجيل فرعها من قبل محام ممارس على الاقل.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**رای لیژنەی یاسایی.**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی شەشەمی پڕۆژەکەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە: (بڕگەکانی دووەم و سێیەم لە ماددەی بیست و شەشەم هەڵدەوەشێتەوە و بڕگەی یەکەم دەبێتە ئەسڵی ماددەکە).**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك رەشاد فەرموو.**

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**تەسجیلی شەریکات دوو بەشە، بەشێکیان شەریکە بەکاملی، ئەما ئەوانەی کە موتەعەلیقن، بەشەریکاتی ئەجنەبی، موستەمسەکاتی خۆیان دێنن، بەفەرع تەسجیل ئەکەن، لێرە وای بەباش ئەزانم باسی فەرعەکەش بکەن، لە زمنی تەسجیل، چونکە ئەویش تەسجیلە، ئەگەر باس نەکرێت فەرعەکە لەبۆی هەیە، ئەوەی جێبەجێ نەکاتن، ئەوەی حکومەت دەیڵێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك عومەر.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من پێم وایە عقد تأسیسی یان من قبل محامی ممارس علی اقل، محامات تەصنیف کراوە، دەرەجاتە کارایە، راوێژکارە، موستەشارە، پێویستە لێرەدا دەرەجەی محامیەکە، باسی لەسەر بکەین، ممارس چیە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرمووو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

محامی سێ پلەیە، پلەی یەكەم، تازە تخرج دەكات موتەمەڕینە، پلەی دووەم كەسێ ساڵی بەسەر تێدەپەڕێت، پێی دەڵێن محامی ممارس، پلەی سێیەم، موستەشارە كە پێنج ساڵی بەسەردا تێئەپەڕێت، كە بووە موستەشار سەلاحیاتەكانی هەمووی موتڵەق دەبێت، ئەوانی تر بەنیسبەت قانونی محامات سلاحیاتیان موحەددەدە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نوقتەیەك هەیە كاك شێروان ئەوەی كاك رەشاد ئیستفساری كرد، نوقتەی جانبە، شەریكاتی ئەجنەبی لێرە عەقدی تأسیسی، حەتا هی عێراقیش فەرع دەكەنەوە لێرە، لەبەر ئەوە ئەبێ ئیشارەت بەوە بدرێتن، بەنیسبەت ئەوانە كردنەوەی فەرعە ئەصڵ نیە، عقدی تأسیسی لەوێ تەقدیم كردووە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی ئێمە مەعلوماتمان هەیە، دووبارە ئەو شەریكاتانە دێنەوە لێرە تەسجیل ئەكرێنەوە، ئەوەی ئێمە مەعلوماتمان هەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

قانون تازە بۆی هەیە فەرع بكاتەوە، ئەوەندەی من لەسلێمانی لە بیرم بێتن، كاك عومەر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت فەرعی شەریكە ئەجنەبیەكان، نیزامی ئەساسی لەگەڵ میزانیەی خیتامی لەگەڵ ئەعمالی مونجەزی ئەو شەریكەیە، شەریكەی ئوم، لە شوێنی خۆی ئەیهێنێت بەتەسدیق كراوی، ئیتر دائیرەی كاتب عدل ئەیكات، جاری وا هەیە مەحكەمەی بیدائەی ئەو وڵاتە ئەیكات، دێتەوە لەلای خۆمان تەرجومە ئەكرێت، لە كاتب عدل موسادەقەی لەسەر ئەكرێت، بە نەفسی ئەو نیزامەی كە هەیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەبێت سیغەیەك بدۆزرێتەوە بەنیسبەت ئەو شەریكاتی ئەجنەبیەی كەفروع ئەكەنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەسەور ئەکەم ئەو فەقەرەیە زیادە، پەیوەندی بەقانونی شەریکاتەوە هەیە، نەك بەقانونی محامات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بێتوو جێگای نەکرێتەوە، بەهیچ ئیمکان نیە ئێمە بتوانین عیلاجی ئەوەی بکەین، ئەوکاتە پابەند نابێت بەو قانونەی ئەو فروعە، زۆربەی شەریکەکان ئەوەی هاتیە بیانیەکان لێرە ئیشێ دەکەن، زۆربەی زۆریان فەرعیان کردیتەوە، نەك تەسجیلی عام لێرە بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك تاریق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەردووکی هەیە، تأسیسیش هەیەو فروعیش دەکاتەوە، شەریکە هەیە، لێرە خۆی دەیهێنێ و تأسیسی دەکات ولێرە بۆیەکەمجار شەریکە دەکاتەوە، هەشە فەرعە لەئەوروپا دێنێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان، من نازانم پێم وایە ئەو ماددەیە هەر زیادیشە، لەبەر ئەوەی ئەوەی خوێندتانەوە، قانونی شەریکات هەیە، ئەو تەحدیدی کردووە، نازانم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە ئەو نەصە زۆر متەداولە نەك ئێستا مومکینە $15 - 20$ سالێش دەبێت، کەتەسجیلی شەریکات دەبێ محامی بیکاتن بەڕاستی ئەوەش مەوردێکە بۆ محامی، تعزیزێکە بۆ مەرکەزی محامی، لۆیە ئێمە ئەو نەسەمان پەسەند کردیە، دوو فەقەرەکەیمان لادایە، چونکە تەعارز دەکاتن لەسەر ئەو ماددانەی کە ئێمە پێشتر تەصویتمان بۆ کرد، یەکێکیان عیلاقەی بەشەریکاتی وەتەنی هەیە، ئەوی تریان عیلاقەی بەژمارەی تەسجیل کردنی شەریکات هەیە، کەنابێ هیچ محامیەك لەسێ شەریکە زیاتر تەسجیل بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەگەر جوملەیەك ئیزافە بکرێت، با لەتسجیل عقد تأسیسها او فتح فروعها، ئەمە فەرقی هەیە،

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری صیغەیەکی تر ئەکەم، لایجوز تسجیل شریکە او فرع الصناعیە ئەوجا تەواو بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عومەر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو صیغەی کە هاتووە زۆر بەشامل هاتووە، کەباس لەتەسجیلی شەریکەکە ئەکات، تەسجیلی شەریکە لەلای مسجیلی شەریکات بەنیزامی داخلیەکەی بێت، کەلێرە تأسیس ئەکرێت، یان وەکو باسمان کرد، بەنیزامی شەریکەی ئوم بێت کەدێت لێرە فەرعێك ئەکاتەوە، لێرە کەباس لە عەقدی تأسیسەکەی ئەکات کاك شێروان من تەئیدی رەئەکەی ئەکەم، قانونی تسجیلی شەریکات باسی لەسەر کردووە، ئەبێت محامی نیزامە داخلییەکەی بۆ تەنزیم بکات، ناوی محامیەکەشی لەسەر بێت، جاران لەوەزارەتی تجارە ئەو محامیە روخسەتێکی تایبەتیشی پێئەدرا، کە ئەبێتە مسجلی شەریکە، شهادەی تسجیلی شەریکاتی ئەبوو، ئێمە لەم قانونە باسمان کردووە، ئەو محامیەی کە چەند شەریکەی هەیە، لەسەر ئەو شەریکاتانەی خۆی رەسم ئەداتەوە بە نیقابە، بەواتا بێت ئەو عقدە تأسیسیە لەناو ئەو قانونەی نیقابەی محامین ئەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەکرێ ئەو ماددەیە بکەینە دوو بڕگە، ( أ) وەکو خۆی بمێنێتەوە، (ب) بڵێین، تطبق ماجاء من الفقرة (أ) من المشروع اعلى فروع الشركات الاجنبية في الاقليم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا ئەگەر لیژنەی قانونی پێتان باشبێت، ئەوەی من ئەوەل جار وتم پێم وایە وازح ترە، ئەیخوێنمەوە، لا يجوز تسجيل اية شركة صناعية او تجارية او زراعية او استثمارية وطنية كانت او اجنبية الا بعد تنظيم عقد تأسيسها او فتح فرعها من قبل محام ممارس على الاقل. ئەوجا فتحی فروع شروتەکەی چۆنە محامییەکە حازر ئەبێت، عقدی شەریکەی ئەصڵیەکە چۆنە، ئەگەر لیژنەی یاسایی موافقە، نوقتەی نیزامن هەیە، کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من بەکەمی ئەیزانم، وەزارەتی تجارە ئەمە کەمێك دوابخەین ئەم خاڵە، چونکە ئەوان یاسایەکیان هەیە ئێستا، یاسای تسجیلە، هەر شەریکەیەك لەکوردستان تسجیل ئەبێت، لەدەرەوەش بێت تسجیل ببێت، لەسەرانسەری عێراقدا ئەتوانێ لە هەر جێگایەك بیەوێ فەرع بکاتەوە، بەبێ ئیزن وەرگرتن، لەبەر ئەوە پێم باشە ئەمە دوابخەین، پرسیارێك لەوان بکەین ئەو نیزامەی ئەوان چی ئەڵێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی ئەوە تەعدیلی قانونەكەیە، جا من ئەو موقتەرەحەی خۆم، ئەوەندەیە كە لیژنەی قانونیش موافەقەی لەسەر كردووە، او فرعها ئیزافە بكرێتن، شەریكەیە، فەرموو كاك عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

فتحی فرعەكەی شەریكەی ئەجنەبی محامیەكە نیزامی ئەساسی بۆ دانانێ، نیزامی شەریكەی ئوم دێت، لێرە تەصدیق ئەكرێتەوە، نەفسی نیزامەكەی خۆی ئەبرێت بۆ شەریكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی كاك عومەر كە فەرعێك لێرە فەرع ئەكاتەوە، دەچێتە مودیریەی شەریكات، ناوی چیە مدیریە عامە للتجارە تسجیلی ئەكات، كە فەرع بوو كەكردیەوە محامیەكە حازربوو بۆ عقدی تأسیسی فەرعەكەیە، وەكو ئەو شەریكەیەی كە تازە تسجیل ئەكاتن، دەچێت تسجیل دەكاتن، بەڵام كە تقدیمی ئەكاتن شروت هەیە، لەلایەن مدیریە عامە للتجارەوە، دەبێت عقدە ئەصڵیەكەی بێنێتن، دەبێ تەصدیق كرابێتن، دەبێ ناسراو بێتن، خۆ شتەكان معروفن، ئەو تفصیلاتانە هەمووی لێرە نانووسرێتن، بەڵی كاك نوری.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەو هەویرە ئەو هەموو ئاوەی نەدەویست، تەنها ئەوە بڵێین، الا بعد تنظیم عقد تأسیسها او تسجیل فرع لها من قبل محام ممارس، چونكە ئەوە تسجیلە، ئەویش ئەبێ لەهەرێمی كوردستاندا تۆمار بكرێت، او تسجیل فرع لها من قبل محام ممارس ئەوە تەواو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

عەینی شەرحە، عەینی مەبدەئە، بەڵام ئەو صیغەی منیش كە دەڵێم، او فرعها، یەعنی تسجیلەكەیە، بۆ تسجیلەكە ئەگەڕێتەوە، حەز ئەكەی بڵێن او تسجیل فرعها، ، الا بعد تنظیم عقد تأسیسها او تسجیل فرعها بۆ ئەوەی لەگەڵ قسەكەی كاك نوری بگونجێتن، بۆ ئەوەی ئەو فەرقە هەبێت لەبەینی عقدی تازەو كۆن، ئەو صیغەیە بخوێنەوە تابیخەمە دەنگەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السادسة: تلغى المادة السادسة والعشرون من القانون ويحل محلها ما يلي:

المادة السادسة والعشرون: لا يجوز تسجيل اية شركة صناعية او تجارية او زراعية او استثمارية وطنية كانت او اجنبية الا بعد تنظيم عقد تأسيسها او تسجيل فرعها من قبل محام ممارس على الاقل.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نانا من خۆم ئەیخوێنمەوە چاوەکەم.

المادة السادسة: تلغى المادة السادسة والعشرون من القانون ويحل محلها ما يلي:

المادة السادسة والعشرون: لا يجوز تسجيل اية شركة صناعية او تجارية او زراعية او استثمارية وطنية كانت او اجنبية الا بعد تنظيم عقد تأسيسها او تسجيل فرعها من قبل محام ممارس على الاقل. کێ لەگەڵ ئەو ماددەیەدایە با دەستی بڵند بکات تکایە، کێی لەگەڵدا نیە، بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا، سوپاس، بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة: تعدل الفقرة(أولاً) من المادة السادسة والثلاثون من القانون وتقرأ كالآتي:

اولاً: تحكم المحكمة للمحامي المنتدب للدفاع عن المتهم الذي لم يوكل محامياً للدفاع عنه امام محكمة التحقيق ومحاكم الجنح والجنايات والاحداث بأتعاب محاماة لا تقل عن (37500) سبع وثلاثون الفا وخمسمائةدينار ولا تزيد على (75000) خمسةو سبعون الف دينار تتحملها الخزينة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی قانونی فەرموون.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەوتەم: ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی حەوتەمی پرۆژەکەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرەی خوارەوە دابڕێژریتەوە:

بڕگەی یەکەم لە ماددەی سی و شەشەم بەم جۆرە هەموار دەکرێ و دەخوێندرێتەوە :-

(دادگا حوکم بۆ پارێزەری مونتەدەب دەدات بۆ پارێزگاری کردن لەو تۆمەتبارەی کە هیچ پارێزەرێکی نەکردۆتە وەکیلی خۆی بەرامبەر دادگای لێکۆڵینەوە و دادگای (کەتن)و (تاوان) و منداڵان بە پێدانی هەقی ماندوبوونی پارێزەری کردن لە 60000 شەست هەزار دینار کەمتر نەبێ و لە 120000 سەدو بیست هەزار دیناریش پتر نەبێ و گەنجینە ئەو پارەیە دەگرێتە ئەستۆ)

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سابعاً: فيما يتعلق بالمادة السابعة من المشروع تقترح اللجنة صياغتها كالآتي :

تعدل الفقرة (أولاً) من المادة السادسة و الثلاثون و تقرأ كالآتي :

{أولاً : تحكم المحكمة للمحامي المنتدب للدفاع عن المتهم الذي لم يوكل محامياً عنه امام محكمة التحقيق و محاكم الجنح و الجنايات و الأحداث باتعاب محاماة لا تقل عن 60000 ستون الف دينار و لا تزيد على 120000 مائة و عشرون الف دينار و تتحملها الخزينة}.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەش وەكو ئەو بڕە پارانەیە كە زیادمان كرد، یەعنی پرۆژەكەی سەندیكا ( 37500) بووە، ئەتعابی محامات، وەكو حەدی ئەدنا، (75000) هەزار وەكو حەدی ئەعلا دوایی لە دانیشتنیان لەگەڵ لیژنەی یاسایی، رێك كەوتوون كەئەوەش وەكو بڕگەكانی تر زیاد بكەن، كەمترینیشی (60000)شەست هەزار بێتن ئەتعابی محامات، زیاترینیش (120000)سەد و بیست هەزار بێتن، ئەو قەزایانەی كە محامی دیفاع لە موتەهەم دەكات، كە محامی بۆ نەگیراوە، فەرموو كاك رەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پرسیارەكەم تەوجیهی لیژنەی یاسایی ئەكەم، چ محامیەك هەیە، ئەو هەموو دەورە تەحقیقیە موتابەعە بكات، لە تەحقیق و محكەمەی موقابیل (60000)شەست هەزار دینار، پارەی تەكسیەكەی ناكات، ئەمن ئیقتراح ئەكەم حەدی ئەدنا( 150000) سەد و پەنجا هەزار دینار بێت، حەدی ئەعلا (300000) سێسەد هەزار دینار بێت، بەلانی كەمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەزانی چۆنە ئەوەلەن ئەو حاڵەتانە، پارەكە حكومەت دەیداتن، ئەعبایەك ئەبێت لەسەر حكومەت، جا لەبەر ئەوە ئێمە دوژمنی حكومەت نین، ئەوە نقابە خۆی داوای كردووە، خۆی كەمتریشی داوا كردووە، لەگەڵ لیژنەی یاسایی بڕێكمان زیاد كردووە، ئەگەر خۆیان زیادیان نەكردایە موناقەشەمان نەدەكرد، ئەو حەدەی كەهاتووە، پێم وایە مەعقولە، ئەو موقتەرەحەی لیژنەی قانونی كە بەڕێكەوتن لەگەڵ نقابە كردوویەتی، دەیخەمە دەنگەوە كێ لەگەڵیەتی با دەستی بڵند بكات تكایە، كێ لەگەڵدا نیە بادەستی بڵند بكات تكایە، بەتێكڕای دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس، ماددەی دواتر.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لمادة الثامنة: تلغى الفقرة (اولاً) من المادة التاسعة والثلاثون من القانون ويحل محلها مايلي:-

اولاً: للمحامي ان يتفق مع موكله بعقد تحريري يصدق لدى النقابة لقاء دفع رسم مقطوع قدره (5000) خمسة الاف دينار.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی هەشتەم: ئەوەی پەیوەندی بەماددەی هەشتەمی پرۆژەکەوە هەیە لیژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرە دابڕژێتەوە:**

**ماددەی هەشتەم: بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی سی و نۆیەمی هەموار کراوی یاساکە بەم جۆرە هەموار دەکرێ و دەخوێنرێتەوە:**

**یەکەم: پارێزەر بۆی هەیە لەگەڵ موەکیلەکەی خۆی بە گرێبەستێکی نووسراوی پەسندکراو لەگەڵ سەندیکا ڕێك بکەوێ بەرامبەر پێدانی ڕەسمێکی بڕاوە کە بڕەکەی 5000 پێنج هەزار دینار بێت.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەو ماددەیە پەسەند کراوە لەلایەن لیژنەی قانونی فەقەت کەلیمەیەکیان گۆڕیوە، دەیخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە، فەرموو، کێ لەگەڵیدا نیە، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەیەکی تر.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة التاسعة: تلغى المادة التاسعة والخمسون من القانون ويحل محلها مايلي:-**

**المادة التاسعة والخمسون: اذا فقد النقيب أحد شروط العضوية أو شغر منصبه لأي سبب كان يحل محله وكيل لغاية انتهاء الدورة الانتخابية.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**نۆیەم: ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی نۆیەمی پڕۆژەکەوە هەیە لیژنەی یاسایی لەگەڵیدا نیە، چونکە لەگەڵ پرەنسیپەکانی هەڵبژاردندا ناگونجێ و پێشنیاز دەکات لە پڕۆژەکەدا لا ببرێ.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەصڵی ماددەکە چیە، فەرموو کاك شێروان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەصڵی ماددەکە دەڵێت: اذا فقد النقيب أحد شروط العضوية أو شغر منصبه لأي سبب كان يحل محله وكيل النقابة للمدة المتبقية اذا كان اقل من سنة. ئێمە لەگەڵ مانەوەی دەقی ئەو نەسەین. بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەو مەبدەئەینە، لەگەڵ ئەصڵی نەصەکەین، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**یەعنی ئێوە لەگەڵ ئەصڵەکەنە، لەگەڵ موقتەرەحی نقابە نین، کاك ڕەشاد فەرموو.**

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە دەبێ دوو بەش بێت، ئەگەر مودە 6 مانگ مابێت، یان کەمتر ئەوە وەکیلەکە ئیستمرار دەکات، ئەگەر ماوە زۆر مابێت لەو فەرەزنا، ئینتخابات تازە کرایە، دوومانگە، سێ مانگە، مەعقول نیە ئەو هەموو ماوەیە وەکیل بێت، مەفروزە لەئەوەل جلسە ئینتخابات بکرێتەوە، نەقیبێ ئینتخاب دەکرێت و جێی خۆی دەگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک رەشاد ئیشارەتی پێدا لەفەقەراتی ماددەی 59ی قانونی محامات بە تەفصیل هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موفقتەرەحی لیژنەی قانونی ئەخەمە دەنگەوە، کە ئەڵێت: اذا فقد النقیب أحد شروط العضویة أو شغر منصبه لأي سبب كان يحل محله وكيل النقابة للمدة المتبقية اذا كان اقل من سنة. ئەو موفقتەرەحەی لیژنە ئەڵێت تا هەموو مودەکە، لیژنەی قانونی زۆر ڕاستە موفقتەرەحەکەیان، ئەڵێن ئەصڵەکە باشترە، لەگەڵ ئەوەی کاک رەشادیش ئەگونجێت، عەمەلیەن کاک رەشاد موداخەلەی کرد، پشتگیری قسەکانی لیژنەی قانونی دەکاتن، بۆیە موفقتەرەحی لیژنەی قانونی ئەخەمە دەنگەوە  کە ئەڵێت با لەئەصڵەکەدا ماددە نۆ ئیلغا بکرێتن کێ لەگەڵیدایە با دەستی بڵند بکاتن تکایە، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە، قبوڵ کرا بەتێکڕای دەنگ، زۆر سوپاس. ماددەی دواتر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العاشرة: لا يعمل باي نص يتعارض و احكام هذا القانون.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی دەیەمی پڕۆژەکەوە هەیە، ئەوا لیژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەکۆبوونەوەدا باسمان لەوە کرد، ماددەیەك ئیزافە بکرێتن، (على مجلس النقابة اصدار النظام او تعليمات خاصة لتسهيل تنفيذ هذا القانون)، وامان زانی لەیاساکە دا هاتووە، یەعنی وجوبی بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی قانونی ڕەئیان چیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە قەناعەتی من لەئەصڵی قانونەکە، ئەو مەسەلەی نیزامە نەهاتووە، بەڵام من وەکو ئیشم کردیە، وەکو نەقیب بەڕاستی نیزامێك زەرووریە، لە زمنی ئەو قانونەدا هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانیت ئیشوکارەکانی نەقابە ڕێك بخات، لە هەمان کاتدا بتوانێت ئیشوکاری فروعەکانیش ڕێك بخات، چونکە هەندێك تێکەڵی وپێکەڵی تێدایە، لە مەسەلەی فروع ونەقابە، ڕەنگە ئیمکان هەیە بەگوێرەی ئەو نیزامە، بەمە ئیش وکاری خۆیان ڕێك بخەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

صیغەیەك بڵێن بۆ ئەوەی ئەو ماددەیە زیاد بکەین.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لمجلس النقابة اصدار نظام داخلي لتنظيم امور النقابة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە مادده دە دەبێتن، کێ لەگەڵ ئەو موفتەرەحەی لیژنەی یاسایىدایە بادەستی بڵند بکاتن تکایە، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەیەکی تر تکایە، ماددەی دە کەئێستا دەبێتە ماددەی یازدە کە پێشتر خوێندتەوە، جارێکی تر موفتەرەحەکەتان بخوێنەوە تکایە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العاشرة: لا يعمل باي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو موفتەرەحەی لیژنەی قانونی بەنیسبەت ئەو ماددەیە، ئیزافەی وشەی قانون وقەراری کردووە، لە هەمووشتەکاندا هاتووە، دەیخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون، کێی لەگەڵدا نیە بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەیەکی تر تکایە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحادية عشرة: علىالوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

موقتەرەحی لیژنەی قانونی بەعەرەبی بیخوێنەوە تكایە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الحادیة عشرة: علی مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفیذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

موقتەرەحی لیژنەی قانونی تەنها صیاغەكەیان باش كردووە، وەكو هەموو قەوانیەكانی تر وایە، كێ لەگەڵ موقتەرەحی لیژنەی قانونیە تكایە با دەستی بڵند بكات، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە، بەتێكڕای دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثانیة عشرة: ینفذ هذا القانون من تأریخ نشره في الجریدة (وقائع كوردستان).

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یازدەم: بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی دوانزدەمەوە هەیە، ئەوا لیژنە پێشنیاز دەكات بەم جۆرەی خوارەوە دابرێژرێتەوە:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی كوردستان) جێبەجێ دەكرێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

موقتەرەحی لیژنەی یاسایی وەكو هەموو یاساكانی ترە، فەرموو كاك تارق.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەرۆژی دەرچوونی. نەك لەرۆژی بلاوكردنەوەی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

موقتەرەحی لیژنەی یاسایی لە رۆژی بلاوكردنەوەی، هیچ فەرقێكی نیە، دەیخەمە دەنگەوە، كێی لەگەڵدایە تكایە، بادەستی بڵند بكات، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە، بەتێكڕای دەنگ وەرگیرا. خاڵی دووەم لەبەرنامەمان، دەتانەوێ دوای بخەین تا سەعات یەك، باشە جلسەكەمان دوا دەخرێت تا سەعات یەك، دوایی دێینەوە، بۆ تەواوكردنی، بەڵام سەعات یەك تكایە، دەست پێدەكەین.

**دانیشتنی دووەم پاش نیوەڕۆ.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خاڵی دووەم لە بەرنامەی کار، خستنەروو گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی دووەمی یاسای سندوقی خانەنشینی پارێزەران ژمارە(18)ی ساڵی 1999.داوا لەلیژنەی یاسایی دەکەم راپۆرتەکەیان بخوێننەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

**ب/ ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی**

لیژنەکەمان لە ڕۆژی 2007/4/1 دا بە سەرۆکایەتی سەرۆکی لیژنە شێروان حەیدەری و ئامادەبوونی جێگری سەرۆك دادوەر عەونی بەزاز و بڕیاردەر دادوەر عبدالکریم ئەبوبەکر و ئەندامان : بەڕێزان تاریق جامباز و کریم بحری و محمد صالح اسماعیل و قادر سعید خدر و دلێر محمد شریف و خلیل ابراهیم محمد و دواکەوتنی ئەندامی لیژنە د.نوری تاڵەبانی لە کۆبوونەوەکە. پڕۆژەی یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای سەندوقی خانەنشینی پارێزەران ی ژمارە (18)ی ساڵی 1999ی تاوتوێ کرد دوای خویندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە ڕۆژی 2007/3/27 دا بۆمان هاتبوو و نوێنەرانی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان ئامادە بوون و دوای وتووێژ و گوێگرتن لە ڕای نوێنەرانی سەندیکا لە بارەی پڕۆژەکەوە، لیژنە ڕاپۆرت و ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی خۆی لە بارەیەوە بە تێکڕای دەنگی ئامادەبووان پێشکەش دەکات و بەم جۆرەی خوارەوە:

لیژنەی یاسایی بە شێوەیەکی بنەڕەتی پشتگیری لە پڕۆژەکە دەکات، چونکە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی کە بەسەر باری پارێزەران لە کوردستاندا هاتووە دەگونجێ، پێویست دەکات هەموارکردنی پێویستی بۆ بکرێ، دوای ئەوەی کە ئەمانەی خوارەوە ڕەچاو دەکرێن:

یەکەم: ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی یەکەمی پڕۆژەکەوە هەیە، ئەوا لیژنە پێشنیاز دەکات وشەی (هەموارکراو ) بخرێتە پێش (ئەمانەی خوارەوە جێی دەگرنەوە) کە لە دێڕی یەکەمدا هاتووە، چونکە لە بنەڕەتدا یاساکە هەموارکراوە و پێشنیاز دەکات بڕی بەشداربوونی ساڵانە (ئابوونە) بۆ بڕگەکانی ماددەکە بەم جۆرە بێت:

1- 30000 سی هەزار دینار لەجیاتی 22500دینار.

2- 40000 چل هەزار دینار لەجیاتی 30000 دینار.

3- 50000 پەنجا هەزار دینار لەجیاتی 37500 دینار .

4- 60000 شەست هەزار دینار لە جیاتی 45000 دینار.

5- 70000 حەفتا هەزار دینار لە جیاتی 52500 دینار .

6- 75000 حەفتاو پێنج هەزار دینار لە جیاتی 60000 هەزار دینار .

دووەم: ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی دووەمی پڕۆژەکەوە هەیە لیژنە پێشنیاز دەکات وشەی (هەموارکراو) بخرێتە پاش ڕستەی: {ماددەی (15)} لە دێڕی یەکەم لە ماددەکە هەڵوەشێتەوە و بڕە پارەکەی بکرێتە (2000) دوو هەزار دینار لە جیاتی (1500).

سێیەم: ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی سێیەمەوە هەیە، کە لە پڕۆژەکەدا هاتووە، لیژنە پێشنیاز دەکات ئەو پارەیەی کە تێیدا هاتووە بکرێتە 750000 حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار لە جیاتی 450000 دینار.

چوارەم: لیژنە پشتگیری لە ماددەی چوارەم دەکات.

پێنجەم:ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی پێنجەمەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەکات: وشەی (هەموارکراو) بخرێتە دوای ڕستەی: {ماددەی(21)} کە لەدێڕی یەکەمی ماددەکەدا هاتووە هەڵدەوەشێتەوە و ئەو پارەییەی کە لە بڕگەی (1) دا هاتووە دەکرێتە 300000 سێ سەد هەزار دینار لە جیاتی 75000 حەفتاو پێنج هەزار دینار، و ئەو پارەیەی لە بڕگەی (2)شدا هاتووە بکرێتە 300000 سێ سەد هەزار دینار لە جیاتی 37500 سی و حەفت هەزار و پێنج سەد.

شەشەم: ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی شەشەمی پڕۆژەکەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەکات دەربڕینی ( لە هەرێمدا )بخرێتە پاڵ (ئەگەر تێیدا خانەنشین کرابوون ).

حەوتەم: ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی حەوتەمی پڕۆژەکەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە:

(کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت، گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت)

هەشتەم: ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی هەشتەمەوە هەیە لیژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

(پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن).

نۆیەم: ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی نۆیەمی پڕۆژەکەوە هەیە، ئەوا لیژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاوکرۆدنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقائیعی کوردستان )دا جێبەجێ دەکرێ

دەیەم: هەندێ لە ئەندامانی لیژنە پێشنیاز دەکەن کە سندوقەکە بە وەزارەتی دارایی و ئابووری ببەسترێتەوە و ماددەیەکی سەربەخۆی بۆ دابڕێژرێ وەکو ئەمەی خوارەوە:

(بودجەی سندوقی خانەنشینی پارێزەران بە بودجەی هەرێم دەبەسترێتەوە و لێیەوە پارەی بۆ تەرخان دەکرێت).

تکایە سەیری پێشنیازەکەمان بفەرموون و ئەسڵی پرۆژەکەو، ڕای لیژنەکەشمان بخەنە بەردەمی ئەنجومەن تا گفتوگۆی لە سەربکەن و رای لە باری خۆیانی لەسەر بدەن. لەگەڵ ڕێزدا

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ئەصڵی پرۆژەکە ماددە بەماددە بخوێننەوە، دوایی رەئی لیژنەی قانونیش.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الاولى: تلغى الفقرة (اولاً) من (ثانياً) من المادة السادسة من القانون ويحل محلها مايلي:-**

**أولاً: يستوفى بدل الاشتراك السنوي من المحامين حسب مدة التسجيل على الوجه الآتي:**

**أ- (22500)اثنان وعشرون الف وخمسمائة ديناراً إذا لم تمض على تسجيله مدة ثلاث سنوات.**

**ب- (30000) ثلاثون الف دينار إذا مضت على تسجيله مدة ثلاث سنوات.**

**ج- (37500) سبعة وثلاثون الف وخمسمائة ديناراً إذا مضت على تسجيله مدة خمس سنوات.**

**د- (45000) خمسة واربعون الف دينار إذا مضت على تسجيله مدة عشر سنوات.**

**ه- (52500)اثنان وخمسون الف وخمسمائة ديناراً إذا مضت على تسجيله خمس عشرة سنة.**

**و- (60000) ستون الف دينار إذا مضت على تسجيله مدة عشرون سنة.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی یەکەمی پڕۆژەکەوە هەیە، ئەوا لیژنە پێشنیاز دەکات وشەی (هەموارکراو ) بخرێتە پێش (ئەمانەی خوارەوە جێی دەگرنەوە) کە لە دێڕی یەکەمدا هاتووە، چونکە لە بنەڕەتدا یاساکە هەموارکراوە و پێشنیاز دەکات بڕی بەشداربوونی ساڵانە (ئابوونە) بۆ بڕگەکانی ماددەکە بەم جۆرە بێت:**

**1- 30000 سی هەزار دینار لەجیاتی 22500دینار.**

**2- 40000 چل هەزار دینار لەجیاتی 30000 دینار.**

**3- 50000 پەنجا هەزار دینار لەجیاتی 37500 دینار .**

**4- 60000 شەست هەزار دینار لە جیاتی 45000 دینار.**

**5- 70000 حەفتا هەزار دینار لە جیاتی 52500 دینار .**

**6- 75000 حەفتاو پێنج هەزار دینار لە جیاتی 60000 هەزار دینار.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**وابزانم ئەو ماددەیە وەکو لە ئەصڵی پرۆژەی سەندیکا هاتووە، لیژنەی قانونی بەدانیشتنیان لەگەڵ سەندیکا، ئەوەلەن ئیلغا نیە تەعدیلە، هەموارکردنە، دووەمینیش بڕی پارەکان، هەمووی تەعدیل کراوە، بەو پێیەی کە لیژنەی یاسایی خوێندیەوە، ئەگەر کەس قسەتان نیە، ئەیخەمە دەنگەوە، فەرموو کاک سەردار.**

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من لەگەڵ ئەو بڕە پارانەم کەلە ئەصڵی پرۆژەکەدا هاتووە، لەبەر ئەوەی واقعی ترە یەك، دوویش لەبەر ئەوەی زیاد کردنی ئەو بڕە پارەیە تەنها لەصاڵحی دەستەی گشتیە، واتە کۆنگرە نەك لەصاڵحی نیقابە، هەر وەکو لە خودی قانونەکە هاتووە، صلاحیاتی دەستەی گشتی (تحديد رسوم والإشتراكات والغرامات**

للنقابة وصندوق التقاعد)، له ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی باسی ئەوەیان کرد، کەدانیشتنیان کردیە لەگەڵ نقابە، ئەوان تەحدیدی ئەوەیان کردیە، پێم وایە نیقابە تجاوزی صلاحیاتی خۆی کردیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار با جارێکی تر تەوزیح بدەم، ئەوە موقتەرەحە، خاوەن قەراریش ئێمەین، لێرە قەرارەکە دەدرێتن، حەتا بۆ نموونە هەر سێ سەرۆکایەتی سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکایەتی پەرلەمان، سەرۆکایەتی حکومەتیش، کۆبوونەوەی دەکەن، قەراراتی ئەوانیش بۆ خۆیان قەرارە، هی ئێمە تەوصیاتە، تەوصیە لێرەدا صیاغەی قانون دەکەن، قەرار دەردەچێت، تەوصیەیەك بۆ حکومەت ئەکەین، حکومەت بزانێ پارەی هەیە جێبەجێی ئەکات، بەڵام بۆخۆیان لەمەحزەری خۆیان، بڕیار لەسەر ئەو تەوصیاتەنە دەدەن، کۆنفرانسی پارێزەرانیش چەند بڕیارێکیان دا، ئەوە بڕیارە بۆ خۆیان، بەڵام وەکو تەوصیە دێتە لای ئێمە، لێرە وەکو قانون ئێمە جێبەجێی ئەکەین، کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو مەبلەغانەوە من پێم وایە، لەبەر ئەوەی نیسبەتی تەقاعدەکەش لە قانونەکەدا زیاد کراوە، ئەو نیسبەتانە نیسبەتێکی زۆر باشن، ئەوەی لە لیژنەی یاسایی باسی لەسەر کرا، دەستیان خۆش بێت، بەڵام بەنیسبەت فەقەرەی واو یەك شت، ئیزافەیەکی مدة عشرون سنة فأکثر. لێرە لە عشرونەکە تەنها وەستاوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ملاحەزەیەکی بەجێیە، ئیزافەی بکەن ئاساییە، کاك ڕەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هیچ ملاحەزەم نیە بەس شەشەم، سفرێکی زیادە لە جیاتی حەفتاو پێنج بەرەقەم هاتیە، 75000هەر ئەوەندەیەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نا ئەوەش حەفتاو پێنجە، موقتەرەحی لیژنەی قانونی یەکەم هەمواره نەك ئیلغایە، دووەمیش پارەکان بەو شێوەیە کە ئاماژەی پێکرا، دەیخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون، کێی لەگەڵدا نیە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دواتر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية: تلغى المادة (15) من القانون ويحل محلها مايلي:

يخصص الراتب التقاعدي ويحسب على اساس (1500) الف وخمسمائة دينار عن كل شهر من المدة التقاعدية وفق احكام هذا القانون ويعتبر لهذا الغرض جزء الشهر الاخير شهراً "كاملاً".

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دووەم: ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی دووەمی پڕۆژەكەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەكات وشەی (هەمواركراو) بخرێتە پاش ڕستەی: {ماددەی (15)} لە دێڕی یەكەم لە ماددەكە هەڵدەوەشێتەوە و بڕە پارەكەی بكرێتە (2000) دوو هەزار دینار لە جیاتی (1500).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە موفتەرەحەش تەبیعیە، (1500) دینارەكە بكرێتە (2000) دینار، ئیلغا نیە تەعدیلە، موفتەرەحی لیژنەی یاسایی دەخەمە دەنگەوە كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە، بەتێكرای دەنگ وەرگیرا، ماددەی سێیەم تكایە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: تلغى المادة ( 16) من القانون ويحل محلها مايلي:

يجوز الجمع بين الحقوق التقاعدية للمحاماة والوظيفة او العمل او اية حقوق تقاعدية من صندوق اخر على ان لا يزيد مجموعها على (450000) اربعمائة وخمسون الف دينار.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی یاسایی تكایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سێیەم: ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی سێیەمەوە هەیە، كە لە پڕۆژەكەدا هاتووە، لیژنە پێشنیاز دەكات ئەو پارەیەی كە تییدا هاتووە بكرێتە 750000 حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار لە جیاتی 450000 دینار.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو موفتەرەحەش وابزانم، بەجێیە، حەفت سەدو پەنجا هەزار دینار ئەگونجێت لەگەڵ گرانی و ئەوشتانە، موفتەرەحی لیژنە دەخەمە دەنگەوە، كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە، بەتێكڕای دەنگ وەرگیرا، تكایە ماددەی تر.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: تلغى الفقرة ثانياً من المادة (20) من القانون ويحل محلها مايلي:

ثانياً: يستوفى من المحامي او المتقاعد عند اعتراضه لدى مجلس التدقيق تأمينات قدرها(15000)خمسة عشر الف دينار، تعاد اليه اذا ظهر محقاً في اعتراضه.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

چوارەم: لیژنە پشتگیری لە ماددەی چوارەم دەكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەواتە هەم پرۆژەكە واهاتووە، هەم لیژنەی یاساییش پشتگیری لێ دەكاتن، بۆیە دەیخەمە دەنگەوە، كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە، بەتێكڕای دەنگ وەرگیرا، ماددەی تر.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة: تلغى المادة (21) من القانون ويحل محلها مايلي:

استثناءاً من احكام المواد السابقة تمنح الهيئة :ـ

1- عوائل المحامين الذين استشهدوا من جراء الحركة التحررية الكردية، راتباً تقاعدياً لا يقل عن (75000) خمسة وسبعون الف دينار شهرياً.

2- عوائل المحامين المتوفين بعد تخلي السلطة المركزية عن ادارة كوردستان في 1991/10/23 لغاية صدور قانون صندوق تقاعد المحامين رقم 18 لسنة 1999 راتباً تقاعدياً لا يقل عن (37500) سبعة وثلاثون الف وخمسمائة الف ديناراً شهرياً.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێنجەم: ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی پێنجەمەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەكات: وشەی (هەمواركراو) بخرێتە دوای ڕستەی: {ماددەی(21)} كە لەدێڕی یەكەمی ماددەكەدا هاتووە هەڵدەوەشێتەوە و ئەو پارەیەی كە لە بڕگەی (1) دا هاتووە دەكرێتە 300000 سێ سەد هەزار دینار لە جیاتی 75000 حەفتاو پێنج هەزار دینار، ئەو پارەیەی لە بڕگەی (2)شدا هاتووە بكرێتە 300000 سێ سەد هەزار دینار لە جیاتی 37500 سی و حەفت هەزار و پێنج سەد دینار.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەواتە ئەوەش هەمواركردنە نەك ئیلغایە، دووەمینیش لیژنەی یاسایی موقتەرەحەكەی تازەیە هەرچەندە بە ئیقتراحی سەندیكای كردووە، لە ئەصڵی پرۆژەكەش كەلەلایەن سەندیكاوە هاتووە، غەڵەتێكی مەتبەعیە، بەڵام لە موقتەرەحەكە چاك كراوە، كاك دلێر قسەت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە بەڕاستی ئەو پارەیەی کەدانراوە، بۆ ئەو محامیانەی کە بەشداریان کردووە لەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستان و شەهید کراون، مەفروز وایە فەرقێك هەبێت، لەگەڵ ئەو کەسەی کەئیعتیادی وەفاتی کردووە، لەبەر ئەوە من پێم باشە، ئەمە لەڕاستیدا رای لیژنەی دارایی و ئابووریش بوو، کە ئەبێت ئەو پارێزەرەی کە بەشداری کردووەو ماڵ ومناڵی بردووەو بەشداری کردووە، لەبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستان و شەهیدکراوە، ئەمانە ژمارەشیان زۆر زۆر کەمە، یەکەم، زۆر زۆر زەحمەتیشە ئەم ژمارەیە زیاد بێت، جا لەبەر ئەوە حەقە فەرقێك هەبێت، مەسەلەن ببێت بە (350000)یاخود ببێت بە (400000)ئەوی تر بە(300000) بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان رەئیت.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەنوقتەیەك من تەئید لەوەی کاك دلێر ئەکەم، ئێمە تا ئەو ماوەی من لەوێ ئیشم کردووە، محامیمان نەبوو، کەمەشمول بێت بەو تەقاعدە، بەڵام لەقانون پێشتر بۆمان دانان، ئێستاش ئەگەر هەندێك دەستکاری بکرێت هیچ ئەشکالی تێدا نیە بەتەسەوری من.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو محامیە هاتیە شەهید کرن، ئایا پارەی شەهیدایەتی ناوەرگرت، کوڤی راتبا کی ژ چەندێ بۆ وی دانین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ پارەی شەهیدان وەر ئەگرێ بەڵام حەقی خۆیەتی لەوێش وەرگرێت ولەوێش وەری بگرێت، کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەو محامیەی کەلەرێگەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا خۆی داوە بەکوشت و شەهید بووە، پێویستە مکافەئەکەی ئەو زۆر زیاتر بێت لەو محامیەی کەبەدەردی خواو بە عومری خۆی مردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری پێشنیارەکەی کاك دکتۆر دلێر ئەکەم، ئەمە پەیوەندی بەشەهیدانەوە نیە چونکە وەکو شەهیدانە نیە، وەکو جیاوازییەکە لەبەینی محامیەکی شەهید لەگەڵ کەسێکی دیکەدا، کە بە ئەمری خوا مردووە، فەرقەکەی ئەوەیە، لەگەڵ رێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام کاك شێروان خۆی لەخۆیدا هاتووە، عوائل المحامین الذین استشهدوا من جراء الحرکة التحرریة الکردیة، راتباً تقاعدیاً لایقل عن (75000) خمسة وسبعون الف دینار ئەوی تر ئەڵێت، عوائل المحامین المتوفین ئەو (37500)، لە قانونەکەدا هاتووە، ئەو فەرقە هەیە کاك دلێر.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ لیژنەی یاسایی وەکو یەکی لێکردووە، یەعنی ئێمە پێمان وایە زیاد بکرێت، لەگەڵ زیاد کردنەکەی لیژنەی یاسایی، بەڵام فەرقێك بمێنێت لەبەینی شەهید وئەوەی کە وەفاتی کردووە، مەسەلەیەکی زۆر جەوهەری هەیە، ئەمە شەهیدانە نیە، ئەمە راتب و مەعاشی شەهیدانە نیە، جگە لەوەش بەراستی باوەڕ ناکەم لەهەموو کوردستاندا 6 کەس هەبێت ئەو ئیمتیازە وەربگرێت، باوەڕ ناکەم هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا وەکو شتێکی مەعنەوی هەبێتن باشە، ئەگەر نیسبەکە لەپرۆژەکەتان داخڵ بکەن، ئەوەی محامیە شەهیدە بووە، لە الحرکة التحرریة ئەبێتە (400000) چوار سەد هەزار دینار، ئەوی تر ئەبێتە (300000) سێ سەد هەزار، کاك شکری فەرموو.

**بەڕێز شکری صالح تمر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بڕە پارەیەی کەلەلایەن لیژنەی یاساییەوە زیاد دەکرێت، یان کەم دەکرێت حەقە هۆیەکانیش بوترێت کەلەبەر ئەوە زیاد دەکرێت یان کەم دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەلەن ئەوە پارەی محامیەکان خۆیانە، یەعنی پارەکە لەوان دەسەنرێت، بۆ سندوقی نیقابەکەیە، بۆ خۆشیانە لەپرۆژەکە وا هاتووە، لیژنەی یاسایی قسەیان نەکرد بەئیتفاق لەگەڵ سەندیکا بووە ئەو شتانە، بەڵام ئەوە شەرحیش کرایە کە پارە بۆچی زیاد کرایە، بەڵام ئەو مولاحەزەیەی کە کاك دلێر دای، وەکو باسکرایە کەسێکی وا نیە، بەڵام با لەناحییەی مەعنەوییەکە فەرقێکیان هەبێتن، بۆیە موقتەرەحەکە بەجێیە، بکرێتە (400000) بە (300000) فەرموو گەلاوێژ خان.

**بەڕێز گلاویژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەگەر بکرێت بە الحرکة التحرریة الکوردستانیة، شمول تر ئەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

الحرکة التحرریة لکوردستان – العراق. قانونیەن راسترە، مولاحەزەکەت زۆر راستە، زۆر سوپاست دەکەین، کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەفەقەرەی دووەم عوائل محامین بەڕاستی لە یاسای تقاعدی نازانم عوائل محامین کێنە، دەرەجەی قەرابەی نازانم کێنە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم ماددەیە بەو تەعدیلاتەی کە پەسەند کرا، لەگەڵ موقتەرەحاتی لیژنەی یاسایی کەلەگەڵ نیقابەش رێك کەوتوون کەلە راپۆرتەکەیاندا هاتووە، بەئیزافە کردنی ئەو ( 300000) بکرێتە (400000) و الحرکة التحرریة الکردیة بکرێتە الحرکة التحرریة لکوردستان – العراق دەیخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە، بەتێکرای دەنگ وەرگیرا، ماددەی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة: تسری احکام هذا القانون علی المحامین الذین سبق وان احیلوا علی التقاعد في اقلیم کوردستان قبل نفاذ هذا القانون وتعدل رواتبهم تبعاً لذلك.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شەشەم: ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی شەشەمی پرۆژەکەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەکات دەربڕینی (لە هەرێمدا) بخرێتە پاڵ (ئەگەر تێیدا خانەنشین کرابوون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە تەنها صیاغەیە، ئەو موقتەرەحەی کە ئیقلیمەکە زیاد بکرێت، لەگەڵ پرۆژەکە، دەیخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە، بەتێکرای دەنگ وەرگیرا، ماددەی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة: لا یعمل باي نص یتعارض واحکام هذا القانون.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**حەوتەم: ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی حەوتەمی پڕۆژەکەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە: کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت، گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەم تەعدیلەی لیژنەی یاسایش موفتەرەحەو لە هەمووان هەروا هاتووە، دەیخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە، بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا، ماددەی تر.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثامنة: على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**هەشتەم: ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی هەشتەمەوە هەیە لیژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەو موفتەرەحەش وەکو هەموو قەوانینەکان وایە، دەیخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە، بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا، ماددەی تر.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة التاسعة: ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة(وقائع كوردستان).**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**نۆیەم: ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی نۆیەمی پڕۆژەکەوە هەیە، ئەوا لیژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:**

**ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکرۆدنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقائیعی کوردستان )دا جێبەجێ دەکرێ.**

**ئەو موفتەرەحەی لیژنەی قانونیش وەکو هەموو قانونەکانی ترە، صیغەکەیە، دەیخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە، بەتێکرای دەنگ وەرگیرا، چی تازە هەیە شەرحی بکەن تکایە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوە لە ئەصڵی پرۆژەکە نیە، بەڵام بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی یاسایی هەندێ بۆچوون هەبوو، کە علی اساس، سندوقی تقاعدی محامات ئیلحاق بکرێت بەوەزارەتی مالیە، ئەوەش بەحەقیقەت بە قەناعەتی شەخصی خۆم پێویست بە موافەقەی وەزارەتی مالیە دەکات، نابێ بەغیابیان ئەو مەسەلەیە بکرێت، چونکە مەسەلەیەکی گرنگە، نەك هەر بەنیسبەت نیقابەی محامین بەڵکو بەنیسبەت نیقابەکانی تریش، ئێمە لەکاتی خۆی ئەو مەوزعەمان لە پەرلەمان ئیسارەکرد، وەزیری مالیە لێرە حازر بوو، وتی ئێمە عیلاقەمان بەسندوقی تقاعدی هی مونەزەمەیەك نیە، نەك نیقابەی محامین، بۆیە ئەو ماددەیە دەنگی وەرنەگرت لەم پەرلەمانە، ئێستاش بەحەقیقەت هەر عەینی شت قایمە ئەگەر مەسەلەن ئەورۆ نقابەی محامین ئیلحاق بکرێت، سبەینێ رۆژنامە نووسانیش ئیلحاق دەکرێت، یەعنی وەکو مەسەلەی موەزەفین ودەوائیری دەولەی لێدێت، بۆیە بەحەقیقەت لەناو لیژنەی قانونی دوو رەئی هەیە، رەئێك بەو شکلەیە رەئیەکەی تریش لەبەر ئەوەی رسومات زیاد کرا، لەسەر رۆژشنایی زیاد کردنی رسوماتەکە، حقوقی تقاعدیش زیاد کرا، یەعنی مانای وایە ئەو پرۆژەیە، پەسەند کرایە، بەڵام ئەو موقتەرەحە لەلایەن هەندێك لە ئەندامانی لیژنەی یاساییەوە، پێشنیار کراوە، دوا رەئیش رەئی ئێوەی بەڕێزو ئەندامانی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با من تەوزیح بدەم، ئەوەلەن ئەگەر ئیجازەم بدەن لیژنەی قانونی ئەوە حەقی ئێوە نیە، لەبەر ئەوەی نەلەپرۆژەکەدا هاتووە، نە لەئەنجومەنەوە هاتووە، نەلە دە ئەندامی پەرلەمانیشەوە ئەو موقتەرەحە هاتووە، لەبەر ئەوە من بە هینی وەرناگرم، بەزیادیشی ئەزانم، ئەو تەقلیدەش نابێتن، دەبوایە لەگەڵ نیقابە باسی بکەن، یان ئیقناعیان بکەن، یانیش دە ئەندامەکە پێشکەشی سەرۆکایەتی بکەن، فەرموو کاك کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی پێش ئەوە جارێکی تر لەلایەن سەندیکا خۆیەوە پێشنیار کراوە، لە پرۆژەی پێش ئێستا بەس نەخرایتە کار بەهەمان شێوە، پێشنیار کرایە لەلایەن سەندیکاوە لەکۆنگرەی پارێزەرانیشدا داکۆکی لەسەر ئەوە کرا، کە سندوقی خانەنشینی پارێزەران، ببەسرێتەوە بەئەوانەوە، لەبەر چەند هۆیەك، یەکەم، سندوقی خانەنشینی ئەو ئیعانەی کەلەحکومەتەوە وەری ئەگرن، بەو شێوەیە نیە، کەپێویستە هەبێتن، کاتی خۆی لەبەغدا سندوقی تقاعدی محامین هەبووە، حکومەتی عێراقی یەك ملیۆن دیناری دەدا بەو سندوقە، ئەو ملیۆنە ئیستسمار دەکرا، سندوقی تقاعدی محامین دەیتوانی پارەی متەقاعدەکان بدات، ئەمە لەلایەك، باری سندوقی محامینمان گران کرد، بووە 750، سندوقەکە سبەی عەجزی بۆ پەیدا بوو، کێ ئیعانەی دەکاتن، کێ ئەوەی بۆ راست ئەکاتەوە، نەیتوانی پارەی کەسوکاری محامیەکان بداتن، چی دەکرێتن،

لێرەدا ئەگەر بەو شێوەیەش نەبێتن، ماددەیەك ئیزافە بكرێتن، بوترێ ئەگەر لەحاڵەتی عەجزی سندوقی تقاعدی محامین لەسەر خەزێنەی حكومەتە، كە ئەوە تەعویز بكرێت، بەو شێوەیە بەڵێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك تەلعەت نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سيف الدين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مونەزەماتی موجتەمەعی مەدەنی نابێت رەبت بكرێت، بە وەزارەتی مالیەو تەقاعدیان لەوێ دەربچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پەخشان خان.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پرسیارێكم هەیە، ئەمە تەعارز ناكات لەگەڵ ماددەی سێ، كە رێگا ئەدات بەجمع لەبەینی حقوقی تقاعدی و وەزیفە، كە ئینسان چووە وەزیفە، خاسەتەن ئەگەر بچێتە سەر وەزارەتی مالیە، یەعنی تەعارز ئەبێت، لەگەڵ ئەم نەصەی ماددەی سێ، وای تێئەگەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان شەرحی بكە.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەلەن بەنیسبەت ئەوەی كاك كەریم ئەیلێت، بەڕاستی رەنگە نیقابە داوای كردبێ، ئەوەی من مەعلوماتم هەیە، لە پرۆژەی ئەصڵی خۆی كە پێشكەش بە ئەنجومەنی وەزیران كرایە، ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ ئەو پێشنیارەی نیقابە نەبوو، لەو مەشروعەی كەلە ئەنجومەنی وەزیران بۆ پەرلەمان هاتووە، ئەو فەقەرەی تێدا نیە، ئەوە یەك، دوو ئەوەی پەخشان خان ئەفەرموویێت، ئەوە ئێمە ئەڵێین جائزە جمع لەبەینی حقوقی تقاعدی و هەر حەقێكی كە، سەقفە زەمەنیەكەش 750000 حەفت سەدو پەنجا هەزار دینار تەجاوز نەكاتن، لە (450000) كردمان بە (750000)هەزار دینار واتە جمع جائزە، هیچ تەعارزێكی تێدا نیە، ئەو جەمعە، چونكە یەكێك موەزەفە تەقاعد دەبێت، دێت محامات ئیش دەكات، لێرە تەقاعدەو لێرەش هەیەتی هەردووكیان لە (750000)هەزار دینار زیاتر نابێت وەربگرێتن، هەریەكی لەمەسدەرێكەوەیە، خۆی رەنگە لەلایەكەوە تەعارز بكاتن، ئەگەر ئێمە وەكو سندوق تەقاعد رسومات وەربگرین وبڵێین بەحكومەتیش تۆ تەقاعدیەكە بدە، ئەوە وارد نیە، لەو رووەوە تعارز دەكات من لەگەڵیمە، ئێمە هەندێك لەئەندامان وەكو ئیشارەتم پێدا، پێمان وەردەگرت، بەڕاستی ئەو نوقتانەمان

ڕەچاو کرد، ئەو وەختە ئەو ڕسوماتە کە ئێمە وەری دەگرین تەحویلی مالیەی بکەین، ڕەواتبیش دەچێتە وەزارەتی مالیە، یەعنی جۆرە تەعارزێکی تێدا دەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ڕەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەك نوقتە ئیقتراح دەکەم، ئەو پارەی خڕ دەکرێتەوە لە سندوقی تەقاعدی مەحامین، ئیستسمار بکرێت بەڕێگەیەکی قانونی نەك تەجمیدی رأس مال بکرێتن، ئەوەش واریدە لەهەموو موئەسەسات من خۆم لە غورفە تجارە ئیستسمارم کردووە، سەرکەوتوو بوویمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئیشی نقابەیە، خۆیان دەتوانن پێی هەڵبستن، قانونی خۆیان هەیە، ئەو قانونە ڕێگایان دەداتن، بە ئیستسمارات و ئەوشتانە، کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەمویست یەك تەوزیح بدەم، ئەویش ئەوەیە حەزدەکەم ئەندامانی پەرلەمان، کە عەدەدی موتەقاعدی محامین زۆر نیە، لە هەموو هەرێمی کوردستان تا ئێستا 43 محامی تەقاعد کرایە، بەگوێرەی مەعلوماتی ئێمە، لەگەڵ نقابەش کۆبووینەوە، مالیەکەیان مالیەیەکی متەوازیعە، مینحەیەکی باشیش وەردەگرن، لە حکومەت، زائیدەن رسومی ئەوەی عەقدی شەریکات، بەڕاستی وەزعیان وەزعێکی متەوازیعە، بۆیە ئەو پرۆژەیان تەقدیم کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لەرای کاك شێروان ئەکەین، بەڕاستی پێمان خۆشە سندوقی تەقاعدی محامین سەربەخۆ بێت، سەر بەوەزارەتی مالیە نەبێت، ئەو شتەی کاك کەریم باسی کرد حقوقی تەقاعدی زیادی کردیە، پێم وایە ئەو رسوم وبەدەلی ئیشتراکەی کە زیاد کرایە، ڕەچاوی ئەو خاڵەیان کردیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەوزیحەکان باشە، پرۆژەکە بەهەموویەوە دەخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵ ئەو پرۆژەیە با دەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە، بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا، دەستان خۆش بێتن، خاڵی سێیەم دوا دەخرێتن، تکایە ئەوەی موافقە بۆ دواخستنی لەبەر ئەوەی فریا ناکەوین، با دەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە، بەتێکڕای دەنگ دواخرا، دانیشتنی داهاتوو ئیعلانی دەکەین، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) | عدنان رشاد مفتی |
| سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (12)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 24\4\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

## پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (12)

### سێ شەممە ڕێکەوتی 2007/4/24

کاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2007/4/24 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز

محمد  قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى) جێگرى سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێرى ئەنجومەن, دانیشتنى ژمارە (12)ى خولى دووەم, ساڵى (2007) ى خۆى بەست.

**بەرنامەى كار:**

بەپێى حوكمەكانى بڕگە (1)ى ماددە (20) لە پێڕۆى ناوخۆى ژمارە (1)ى هەمواركراوى ساڵى 1992ى ئەنجومەنى نیشتمانیى كوردستانى عێراق, دەستەى سەرۆكایەتى ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنى ژمارەى (12)ى خولى گرێدانى یەكەمى ساڵى سێیەمى خولى هەڵبژاردنى دووەمى پەرلەمانى كوردستان – عێراق, بەرنامەى كار بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆكردنى پرۆژەى یاساى مافى كەسوكارى شەهیدان و ئەنفالكراوانى هەرێمى كوردستان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنى پرۆژەى یاساى دەزگاى گشتى بۆ كاروبارى مین لەهەرێمى كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

**بەناوى خواى گەورەو میهرەبان.**

بەناوى گەلى كوردستان دانیشتنى ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەى كار:

بەپێى حوكمەكانى بڕگە (1)ى ماددە (20) لە پێڕۆى ناوخۆى ژمارە (1)ى هەموار كراوى ساڵى 1992ى ئەنجومەنى نیشتمانیى كوردستانى عێراق, دەستەى سەرۆكایەتیى ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەى كارى دانیشتنى ژمارە (12)ى خولى دووەمى هەڵبژاردن لە كات(11)ى پێش نیوەڕۆى رۆژى سێ شەممە رێكەوتى 2007/4/24دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆكردنى پرۆژەى یاساى مافى كەسوكارى شەهیدان و ئەنفالكراوانى هەرێمى كوردستان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنى پرۆژەى یاساى دەزگاى گشتى بۆ كاروبارى مین لەهەرێمى كوردستان.

ئەندامانى بەڕێز پیش ئەوەى دەست بە بەرنامەى كار بكەین, ئەمڕۆ 4/24 یادى بۆردومان كردنى شارى قەڵادزەیە لە ساڵى 1974, دوژمنانى لەناو چووى گەلەكەمان لە قەصفێكى وەحشیانە ئەم شارە قەصف كرا, هەر لەبەر ئەمە قوتابیان و خوێندكارانى زانكۆى سلێمانى بڕیاریاندا پشتگیرى لە شۆڕشى گەلەكەمان بكەن, لەو شۆڕشەدا بەشداریان كردو زانكۆیان بە جێهێشت, بڕیار وابوو قەڵادزێ ببێتە مەڵبەندى زانكۆى شۆڕشگێڕى قوتابیان و خوێندكاران لەگەڵ ژمارەیەكى زۆر لە مامۆستایان, بەو بڕیارە بەشداریان كرد لە شۆڕشدا, رژێم لەو وەختەدا دەركەوت كە بڕیارى داوە بە هێرشێكى فراوان, بە سیاسەتێكى داڕێژراو دژى گەلەكەمان و, دژى شۆڕشەكەى لە قەڵادزێوە, دەستى پێكرد لە رۆژێكى وەكو ئەمڕۆدا, بە چەند تەیارەیەكى جۆراو جۆر بوردومانى ئەو شارەى كرد, بووە هۆى ئەوەى 160 قوتابى و خوێندكار شەهید بن, 350ى تریش بریندار بن و, دەیان خانوو و ماڵ و دوكان وێران بن, ئەم تاوانە ئەو وەختە هەموو گەلەكەمانى هەژاند, راستە وەكو ئەمڕۆ ئاسان نەبوو ئەم تاوانە بگاتە دنیا, بەلاَم تا حەدەكى باش توانیمان

ئەم تاوانە بگەینە دنیا و، خەڵك بزانێ چ نەوعە دوژمنێکی دڕندەیەی گەلی کوردستان لە بەغدا حکوم دەکات، ئەوەندەشی پێنەچوو شوێنەکانی تریشی قەسف کرد، گەلاڵە، چۆمان، بادینان هەر شوێنك قەڵەباڵغی تێدابا، خەڵکی تێدابا، خەڵکی بێ تاوان، بوردومانی دەکرد بەهۆی ئەوەی دەیان یان سەدان کەس لە تێکۆشەرانی گەلەکەمان لەنەوەی گەلەکەمان ببنە قوربانی ئەم سیاسەتە چەپەڵە، بەلاّم ڕاستەیەك هەبوو، ئەم ڕژێمە هیچ کات ئەم ڕاستەیەی لەبەر چاوی خۆی دانەنابوو، ئەو ڕاستەیەش ئەوەبوو کە چەند جەریمە بەرامبەر گەلەکەمان دەکرا، ئەوەندە ئیسراری ئەم گەلە، بەردەوامی ئەم گەلە لەخەبات دژی ئەم ڕژێمە زیاتری دەکرد، ئەگەر چی لە 1975 توانی ڕژێم پاش ڕێکەوتنی نامەشروعی جەزائیر لە 6 ی ئازاردا توانی کۆتایی بە شۆڕشی ئەیلول بێنێ، بەلاّم قەت نەیتوانی ئیرادەی ئەم گەلە لەناو ببات، زۆری پێنەچوو شۆڕشی نوێ دەستی پێکردەوە، لەزروفێکی زۆر زەحمەتدا، بەلاّم بەئیرادەیەکی بەقوەتەوە، ڕووبەڕووی ئەم ڕژێمە بووینەوە، هەرئەوەندەشی پێنەچوو چەند ساڵێکی تر لەسەر بۆردومانی قەلاّدزێ لەساڵی 1982 لەیادی قەسفی قەلاّدزێدا، خوێندکاران و خەڵکی قەلاّدزێ ڕاپەڕین دژی سیاسەتی بەعس و، دژی ئەو ڕەفتارانەی کە بەرامبەر گەلەکەمان دەکرا و، بووە هۆی شەهید بوونی دوو خوێندکاری تریش و، بووە هۆی دەستگیرکردنی دەیان کەس و کاری ئەو خۆپێشاندەرانە و، بووە هۆی ئەوەی دەنگی ڕاپەڕینی خەڵکی قەلاّدزی و شارەکانی تری کوردستان یەکبگرێتەوە، هەموومان لەبیرمانە ساڵی 1982 چۆن گەلەکەمان لە ڕاپەرینێکی بێ وێنەدا کە لەزانکۆکان دەستی پێکرد، ئیرادەی خۆی پێشانی ئەم ڕژێمەی دا، پشتگیری لە شۆڕشەکەی دەکات دژی سیاسەتی بەعسی لەناوچوو، داوای ئازادی و داوای مافی گەلەکەمان دەکات، ڕژێم ئەو سیاسەتەی بە بوردومانی قەلاّدزێ لە ساڵی 1974 وەکو عەرزم کردن سیاسەتێکی فراوان بوو بۆ لەناو بردنی گەلەکەمان، ئەوەندەی پێنەچوو ئەو سیاسەتە لە هەشتاکاندا سیماو تەفصیلاتی زۆرتر دیار بوو، بەلاّم گواستنەوە و تێکدان و وێرانکردنی دێهاتەکانمان گەیشتە ئەو ڕادەیەی 4500 دێهاتمان وێرانکرا، خەڵکەکانمان بگوازێتەوە بۆ خوارووی عێراق، تاگەیشتە ئەوەی چەکی کیمیایی لە دژی گەلەکەمان بەکاربهێنێ، عەملیاتی بەناوی ئەنفال دژی دەیان هەزار کەس ئەنجام بدات، هەر بەرامبەر ئەو شارە قارمانە، شاری قەلاّدزێ و، لەبەرئەوەی دەیزانی مەڵبەندی شۆڕش و مەڵبەندی خەباتە ڕژێم لەساڵی 1989 بڕیاری تێکدانی ئەم شارەی دا و دەستیشی پێکرد و تێکیشیدا، چەند شاری تر و شارۆچکەی تری تێکدا، هەر لە ڕێگای ئەوەی لادێ لە کوردستان نەهێڵێ، کە داینەمۆی شۆڕشی گەلەکەمان بوو، بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا نەیتوانێ ئەو ئیرادەیە دیسان خەلق بکات، چەند ئەو تاوانانەی گەورە دەکرد، چەندئەوەندە ڕق و کینی گەلەکەمان دژی ئەو ڕژێمە گۆڕبەگۆڕچووە زیادی دەکرد، ئەمڕۆ یادی قەلاّدزێ دەکەینەوە، دوێنێ یادی ئەنفالمان کرد، پێشتر یادی کیمیابارانمان کرد، ئەمانە هەمووی ناسنامەی گەلی کوردستانن، ئەمانە هەمووی هێز و توانای گەلەکەمانن کە بۆ هەموو دونیا سەلماندمان، هێزە لە بن نایەت، کۆتایی نایەت، تا سەرکەوتنی تەواو بە دەست نەهێنێ، ئەم یادە دەکەینەوە هێشتا هەڕەشەی دوژمنان بەرامبەربە گەلەکەمان بەردەوامە، جۆرێکی تری وەرگرتووە، ئەم ڕژێمە لەناو چووە، خەڵکێکی تر دژ بە ئازادی و دژ

به گەلی کوردستان ئەیانەوێ ئەم ئەزموونە تێك بدەن, ڕێگای ئازادی بشێوێنن, عێراق کە ئەمڕۆ عێراقێکی تازەیە, گەلی عێراق ئەمڕۆ بە گشتی هەوڵ دەدات دەوڵەتێکی تازە دروست بکات, لەسەر بنەمای دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ و فیدراڵیەت, دوژمنانی گەلەکەمان دەیانەوێ ئەم ڕێبازە تێك بدەن, بیشێوێنن, تاریخ بگەڕێنەوە دواوە, هەر بۆیە تەماشا بکەن تاوان بەدوای تاوان دژ بە گەلەکەمان, دژ بە گەلی عێراق ئەنجام ئەدرێ, تاوانە گەورەیەکەی دژ بە برا یەزیدیەکان لە موصڵ ئەنجامدرا, بەشێکە لەو پیلانەی کە دەیانەوێ گەلانی عێراق دوژمن بەیەکتر بن, کوردستان تێك بدەن و, ئەو ئارامییەی لە کوردستان هەیە نەهێڵن و, تیرۆرستان توانیان ئەم تاوانە ئەنجام بدەن, دژ بەو یەزیدیانە کە هیچ تاوانێکیان نەبوو تەنیا ئەوەندە نەبێ کە کوردن, یەزیدین, دواتریش تاوانەکەی بەرامبەر بارگای پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لەو ناوچەیە, پێش ئەوەش لە کەرکووك چەندین کاری تیرۆرستی ئەنجامدراوە, هەمیشە خەڵکی مەدەنی بوونە قوربانی ئەم سیاسەتە, چەند رۆژێك پێش ئێستا لە بەغدا دیسان کورد هەدەف بوو لەو پیلانانەی کە لە شاری ئەلکیفاح دەیان کورد بوونە قوربانی ئەو کارە تیرۆرستە, حقیقەتێك هەیە هەم دوژمنان دەبێ بزانن و, هەم گەلەکەمان دەبێ بەباوەڕەوە ئەم حەقیقەتە لەبەردەم خۆی دابنێ, ئەم کارە دوژمنانەی کە بەرامبەر گەلەکەمان دەکرێ, ئەبد ئیرادەمان پێی زەعیف نابێ, ئەگەر تەماشای مێژوو بکەین چەند قوربانیمان داوە, ئەوەندە میللەتەکەمان بەقوەتتر بووە, چەند دوژمنان بەهێز بووینە, ئەوەندە میللەتەکەی ئێمەش بەهێز تر بووە, بۆیە من دڵنیام لەوەی کە گەلەکەمان لەوەشدا سەرکەوتوو دەبێت بەسەر تیرۆرستان و دوژمنانی دیموکراسی, بۆ گیانی پاکی شەهیدانی قەڵادزێ, ئەمڕۆ یادی قەسەفەکەیە, یادی بۆردومانەکەیە, بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ئازادی, بۆ گیانی پاکی شەهیدانی برایەزیدیەکان, بۆ گیانی پاکی ئەندامانی پارتی, بۆ گیانی پاکی ئەندامانی یەکێتی, بۆ گیانی پاکی هەموو ئەندامانی هێزە سیاسەیەکانی کوردستان, بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ئازادی کە بەدەست تیرۆرستان شەهید بووینە, دەقیقەیەك بووەستین تکایە, فەرموون, هەر بەم موناسەبەیەوە لە دوو سێ رۆژی رابردوودا دوو وەفدی شاری قەڵادزێ سەردانی پەرلەمانیان کرد, دەیان کەسی هاووڵاتی و قوتابی و خوێندکار بوون, لەگەڵ ئێمە دانیشتن باس لە وەزعی شارەکەیان کرا, داواکاریەکانیان پێشکەش بە ئێمە کرد و, ئێمەش بەڵێنمان پێدان کە زۆربەی زۆری داواکاریەکانیان جێبەجێ بکەین و, پشتگیریان لێبکەین لەگەڵ پشتگیری خۆمان ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دەکەین, بۆ ئەوەی بەپێی ئیمکان داواکاریەکانیان جێبەجێ بکرێ, بخرێتە بەرنامەی کاری حکومەت, داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەکانی پەیوەندیدار دەکەم, خاڵی یەکەمی بەرنامەکەمان (بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای مافی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان), بێن لێرە دابنیشن, لێژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی قانونی و لیژنەی مالیە و دارایی یان ئێوە راپۆرتان نییە, ئەوە بەردەوابوونە لەسەر دانیشتنەکە, لە دانیشتنەکەی رابردوو راپۆرتەکان خوێندرایەوە, وابزانم یەك دوو ماددەشمان ئیقرار کرد, پێش ئەوە داوا لە لیژنەی یاسایی بکەم کە لەو شوێنەی دەست پێکەن کە راوستابووین, بەخێرهاتنی خاتوو چنار (وەزیر شەهیدان و

ئەنفال) و کاك سعد (وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ئەنجومەن) دەکەم, داوا لە خاتوو چنار دەکەم چەند روون کردنەوەیەکی هەیە پێشکەشی بکات, ئینجا دەست بە موناقەشە دەکەین, فەرموو.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/(وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا سوپاس بۆ دڵسۆزی برادەرانی پەرلەمان و سەرۆکایەتی, جارێکی تر دادەنیشینەوە بەپەلەش ئەو دانیشتنەمان کرد, بۆ ئەوەی یاسایەکە دەربچێت, من لێرە بە پێویستی دەزانم روونکردنەوەك بدەم بە برادەرانی پەرلەمانتار, هەروەها لە رێگای کەناڵەکانی راگەیاندن ئەو روونکردنەوەیە بدەین بە خەڵکی کوردستان بە تایبەتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان, ماوەیەکە بەداخەوە چەند پڕوپاگەندەیەك دەبیستین لەدەڤەری گەرمیان لەلایەن خەڵکی ئەنفالکراو, هەروەها تازە برادەرێك باسی کرد کە لەسلێمانی دەنگۆیەك هەیە, گوایە ئەو یاسایەی کە دەردەچێت دژی بەرژەوەندیەکانی ئەوانە, بەراستی سەیرم پێدێ, باوەڕناکەم برادەرانی پەرلەمان جەنابیشتنان لێرە ئامادەبن, یاسایەك دەربکەن دژی مەساڵحی ئەو خەڵکانە, دوایی ئامانجی ئەو وەزارەتە تەشکیل بوونە لە پێناو خزمەت کردنی ئەوان, چۆن ئێمە کارێك دەکەین دژی بەرژەوەندی ئەوان, ئەو یاسایە ئەوان وا تەوقوع دەکەن مووچەی ئەوان کەم دەکاتەوە, نەخێر بەپێچەوانە مووچەیان زیاد دەکات, بەتایبەتی کەس و کاری شەهیدان زۆر سوودمەندن لەوە, ئیمتیازاتی زۆری تێدایە کە ئێمە خاڵ خاڵ دێین تا ئێستا لێی مەحروم بوون, لێرەدا ئێمە بە قانون تەسبیتمان کردیە, یەعنی من دەمەوێ ئەم روون کردنەوەیە بدەم تکا دەکەم خەڵکانێك هەنە رەنگە بەتایبەتی ئەوانەی بەنا عەدالەتی هاتوونە ناو یاساکە و سوودمەند بووینە, رەنگە بەرژەوەندیان دەکەوێتە خەتەر و ئەو دەنگۆیە بڵاودەکەنەوە, کە کەس و کاری شەهیدان ناڕازینە, ئەوانەی واقیعین, لەبەر ئەوەیە دیعایەی زۆر خەتەر بڵاودەکەنەوە, تکایان لێدەکەین کە جێگای متمانە بین, موتەئەکید بن ئێمەش وەکو ئەوان دڵسۆزی مەسەلەکەین, هەر ئەو روونکردنەوەیە دەم ویست بدەم, دواتر قسەی لێدەکەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لەوە دڵنیاین, جارێك خۆت کچە شەهیدی, وەزیری وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی, پێم وایە دەبێ و هەر واشە لەهەمووومان بەپەرۆشتربیت, ئەو یاسایە لە بەرژەوەندی کەس و کاری شەهید و ئەنفالەکان بێت, هەموو ئەندامانی پەرلەمانیش هەمان شتیان هەیە, بەڵام تەقییم لەکۆتایی دەکرێت, تەقییم پاش ئەوەی کە یاساکە تەواو دەبێت وەکو پرۆژە دەرئەچێت ئەو وەختی تەقییم دەکرێت, کاك عمر فەرموو, ئەگەر نوقتەی نیزام نەبێ دەیبرِم, فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم یاسایە پێویستی بەلیژنەی پێشمەرگە و لیژنەی دارایی و مالیەش هەیە, بانگت نەکردن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە بانگمان کرد کە نەهاتن, دیارە هیچیان نییە, ئەگەر شتێکتان هەیە وەرن, ئەتوانن لە شوێنی خۆشتان کە دانیشتن, وەکو لیژنە پێویستیەکان رەئی خۆتان بلێن, ماددەی سێیەم دەنگی لەسەر درا, ماددەی چوارەم بە کوردی و عەرەبی بخوێنەوە, ئینجا رای لیژنی یاسایی و ئەوانی تر و ئەندامانی پەرلەمان بلێن, فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم:

یەکەم: بەپێی حکومەکانی ئەم یاسایە لیژنەیەکی تایبەت بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەری گشتی دیوان و ئەندامەتی چەند فەرمانبەرێکی وەزارەت کە ژمارەیان لە چوار ئەندام کەمتر نەبێت, دادەمەزرێت بۆ تەماشاکردنی ئەو نارەزایانەی کە لەلایەن شەهیدان و ئەنفالکراوەکان پێشکەش دەکرێن, سەبارەت بەو بڕیارانەی لەلایەن بەڕێوبەرایەتیەگشتیەکانی پارێزگاکان دەرچوون.

دووەم: لیژنەی تایبەت ئەم کارانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

1-دەست کردن بە سەیر کردنی ئەو نارەزاییانەی لەلایەن کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانەوە پێشەکەش دەکرێن, بەمەبەستی ئەوەی حوکمەکانی ئەم یاساییە بیانگرێتەوە.

2-هەر کەسێك بەرژوەندییەکانی هەبێ بۆی هەیە تەزەلوم لەلایەن لیژنەی تایبەتەوە بکات دژ بەو بڕیارەی دەریکردووە و لەماوەی (10) رۆژدا لەرۆژی ئاگادارکردنەوەی یان بە ئاگادارکردنەوە دانرابێت, بڕیارەکەی لەلایەنی کارگێڕیەوە بە بڕیاری کۆتایی دادەنرێت.

3-لیژنە بڕیارەکەی بە زۆرینەی دەنگ دەردەکات و وەزیر پەسندی دەکات.

4-هەرکەسێك بەرژەوەندیەکی هەبێ مافی ئەوەی هەیە روو لە دادگاکان بکات بۆ سەلماندنی ئەوەی کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیگرێتەوە, دوای ئەوەی لیژنە بڕیاری بە رەتکردنەوەی دەرکرد, دادگاکانی بەرایی لایەنی تایبەتمەندن بەدادگایی کردنی ئەو کێشانەی لەئەنجامی پیادەکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە و پێشکەشکەری داواکاری لە رەسمەکانی داد دەبوردرێت.

5-بڕیارەکانی دادگای بەرایی لەبەردەم تێهەڵچوونەوە بەسیفەتی پێداچوونەوە لە ماوەی (30) رۆژدا تانەی لێدەدرێ لەرۆژی ئاگادارکردنەوە بە بڕیارەکە یان بە ئاگادارکراوە دادەنرێت.

6-لەکاتی پیادە کردنی ئەم یاسایە, هەر کەسێك بەرژەوەندییەکی هەبێت بۆی هەیە لەماوەی (6) مانگدا داوای ئەوە بکات کە شەهیدەکانی ڕابردووی لە قوربانیان لەهاووڵاتیان بکەونە بەر ئەو ئیمیتیازانەی لەم یاسایەدا هاتووە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا ماددەی چوار بەعەرەبی دەخوێنینەوە لەئەصڵی پرۆژەکە.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة:

اولا: تشكل لجنة خاصة بموجب احكام هذا القانون برئاسة مدير عام الديوان و عضوية عدد من موظفى الوزارة لايقل عددهم عن (4) اعضاء للنظر في الاعتراضات المقدمة من قبل ذوي الشهداء و المؤنفلين على القرارات الصادرة من المديريات العامة في المحفاظات.

ثانيا: تتولى اللجنة الخاصة المهام التالية:

1-البت في الاعتراضات المقدمة من قبل ذوي الشهداء و المؤنفلين لغرض شمولهم باحكام هذا القانون.

2-يحق لاي شخص ذي مصلحة التظلم لدى اللجنة الخاصة ضد القرار الذي اصدرته خلال (10) عشرة ايام من تاريخ التبليغ او اعتبار مبلغا ويعتبر قرارها نهائيا من الناحية الادارية.

3-تصدر اللجنة قراراها بالاغلبية و يصادق عليه الوزير.

4-يحق لاى شخص ذى مصلحة اللجوء الى المحاكم لاثبات شموله باحكام هذا القانون بعد اصدار اللجنة قرارها بالرفض وتكون محاكم البداءة الجهة المختصة في النظر في النزاعات الناشئة عن تطبيق احكام هذا القانون ويعفى مقدم الطلب من الرسومات العدلية.

5-يكون قرار محاكم البداءة قابلا للطعن امام محكمة الاستئناف بصفتها التمييزية خلال مدة ثلاثين يوما اعتبارا من تاريخ التبليغ بالقرار و اعتباره مبلغا.

6-عند نفاذ هذا القانون يحق لكل ذي مصلحة و خلال مدة ستة اشهر ان يطلب اعتبار شهداءه السابقين من ضحايا المواطنين و شمولهم بامتيازات الواردة في هذا القانون.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی قانونی:

– سەبارەت بە بەندی دووەم لەماددەی چوارەم لە پرۆژەکەدا لیژنەکەمان پێشنیار دەکات کاتی بەسەرچوونی بۆ ڕەتکردنەوەی شکایەتەکە (التظلم) لە (10) ڕۆژ بکرێتە (30) ڕۆژ.

– سەبارەت بە بڕگەکانی (4, 5) دووەم لەهەمان ماددە لیژنەکەمان پێشنیار دەکات دادگاکانی باری کەسی تایبەتمەند بن بە دیتنی ئەو کێشانەی لەئەنجامی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دروست دەبن لەجیاتی دادگاکانی (بداءە).

– سەبارەت بە بڕگەی (6) دووەم لەهەمان ماددە لیژنە پێشنیار دەکات لابدرێت, چونکە هەر بەم جۆرە دەبێت و زیادە.

رای لیژنە بەعەرەبی:

- فيما يتعلق بالفقرة (ثانيا) من المادة الرابعة من المشروع تقترح اللجنة زيادة السقف الزمنى لرفع التظلم من (10) عشرة أيام الى (30) ثلاثين يوما.

- أما فيما يتعلق بالفقرة (4, 5) من المادة نفسها تقترح اللجنة اعتبار محاكم الأحوال الشخصية هي المختصة للنظر في النزاعات الناشئة عن تطبيق أحكام هذا القانون بدلا من محاكم البدأءة.

- أما بالنسبة للفقرة (6) من المادة نفسها تقترح اللجنة إلغاءها لأنها من قبيل تحصيل الحاصل.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی مافی مرۆڤ راتان چییە لەسەر ئەو ماددەیە.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری لە پرۆژە ئەصڵەکە دەکەین, بەلاّم لە بڕگەی (2) وەکو لیژنەی یاسایی پێشنیاری زیادکردنی ماوەکە دەکەین, کە ماوەی (10) رۆژە بکرێ بە (30) رۆژ, سوپاس.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ماددەیە جارێکی تر هەمووی خوێندرایەوە و رەئیەکانیش خوێندرایەوە, تەنها مابوو خوشك و برایان موناقەشەی لەسەر بکەن, ئینجا داوا لەبەڕێزتان دەکەین ئەوەی راوبۆچوونی هەیە پێشکەشی بکات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ماددەکە خوێندرایەوە رای لیژنەی یاسایش خوێندرایەوە و هەروەها لیژنەی مافی مرۆڤیش, موناقەشەی لەسەر کرا, بەلاّم موناقەشەکەی تەواو نەبوو, لەبەر ئەوەی مەوزوعەکە هەندێك خیلاف هەبوو لەسەر مەحکەمەی بەدائە و مەحکەمەی ئەحوالی شەخصی, وابزانم ئەو دوو شتە جەوهەری بوون لە موداخەلاتی ئێوەش, ئەگەر کەسێ ئیزافەتان هەیە قسەتان هەیە, ئەگەر نا ئەو 10 رۆژە لیژنەی مافی مرۆڤیش دەیکاتە 30 رۆژ و لیژنەی یاسایش رازیە بیکاتە 30 رۆژ, وەزیرش موافق بووە کە لەگەڵ لیژنەکە دانیشتبوو, تەنیا هەندێك ئەختائیش هەیە, وەك مودیر عامی دیوان کە داواکراوە ببێتە مودیر عامی ئیدارەو زاتییە, ئەگەر وەزیر موافیقە ئەویش هین دەبێ, (الرسوم العدلیة) وابزانم (الرسومات العدلیة) دەبێ ببێتە (الرسوم العدلیة), کاك کاکە, (الرسومات العدلیة) (الرسوم العدلیة) باشترە, هەندێك غەڵەتی مەتبەعی هەیە, دوای ئینتیباهی بۆ بکەن, ئەگەر کەس قسەی هەیە, ناوەکان دەنووسم. کاك جعفر, کاك شیروان, کاك عوسمان, کاك عمر, سوزان خان, کاك رشاد, کاك سردار, خاتوو پەخشان, کاك شێخ اللە, کاك جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی 4 برِگە یەك، كاتی یەك موشكیلە هەبوو لەدەزگای شەهیدان ئێستا ئەو موشكیلەیە دووبارە دەبێتەوە، بۆیە من پێشنیاردەكەم لەكۆتایی برگەكە زیاد بكرێ، لیژنەكە دروست بكرێ، پێویستە ئەو لیژنەیە رەچاوی هەموو پارێزگاكان بكات، كەسانێك بن كە هەریەكەیان خەڵكی پارێزگایەك بێت، بۆ زیاتر شارەزابوون و ناسینی كەس و كاری شەهیدان، چونكە ئەو كەسانە ئەگەر خەڵكی هەولێر بن، لەوانەیە ئیشكال لەلای شارەكان دروست بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

چنار خان مولاًحەزەتەكان لەلای خۆت بنووسە، هەروەها لیژنەی قانونی و لیژنەی مافی مرۆڤیش، كاك شیروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی مامۆستا كاكە خوێندیەوە مودیریە عامەی ئیداری و زاتیە نییە، بەڵكو مودیریە عامەی ئیداری و مالییە، لەجیاتی مودیری دیوانی عام، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عثمان احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دوو قسەم هەبوو، كاك جعفر هی یەكەمی تەواو كرد، بەلاًم هی دووەم لەسەر برِگەی دووەم بوو، لیژنەی مافی مرۆڤ و وەزارەت باسیان كرد، كە 10 رۆژەكە كەمە، هەم خەڵكی خۆمان دەناسین و هەم واقیعی ئیعلامیش، من وابزانم 30 رۆژیش كەمە، پێم وایە 40 رۆژ بێت، سوپاس.

**بەڕێز عمر عبدالرحمان علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەم 10 رۆژە كە باس لە مودەی تەزەڵومەكە دەكات لەقراری لیژنەكە، ئەگەر تەزەڵوم وەكو قانونی مورافەعاتی مەدەنی حیسابی بۆ بكەین، مودەی تەزەڵومەكە زۆر كەمە و، شەهیدان خۆیان تەئخیر بووینە لەحقوقی خۆیان، ئەگەر مودەی تەزەڵومەكەشی بۆ زیاد بكەین، پێ ئەچێ ئەوەندەی تر تەئخیر بێت، لەوەرگرتنی حەقی خۆیان بۆیە من پێم وایە مودەی 10رۆژەكە زۆر زۆر كافیە، هەرچی فەقەرەی (2) شتێكی ئیزافیە، چونكە حەقی خۆیەتی بچێتەوە مەحكەمەی بەدائە یان هەر مەحكەمەیەكی تر بۆ ئیسپات كردنی حەقی خۆی و شمول كردنی بەم قانونە، ئەمە مەسەلەیەكە لە كەس و كاری شەهیدان دوور بخرێتەوە، لەبەرئەوەی بۆ ئەوەی زوو بگات بە حقی خۆی، ئەگەر تیایدا بێ تەزەڵومەكە هیچ موشكیلە نابێ لە قەراری لیجنەكە تەزەڵوم بكات لەقەراری ئەوانەوە، بەنسبەت فەقەرەی (4)، مەحكەمەی ئەحوالی شەخصی زیاتر موختەص ترە بە كاروباری شەهیدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ کاك عمر هەمان ڕەئیم هەیە لە بارەی مەحکەمەی ئەحوالی شەخصی, لەسەر خاڵی (2) کە باس لەوەدەکات 10 ڕۆژ (من أيام تبليغ), ئێمە هەر ئەصڵن سیستەمی پۆستیشمان نییە هەتا تەبلیغ بکرێ, یان ئەوەتە بە تەلفزیۆن یان لەڕێگای رادیۆیەکان و ڕۆژنامەکان دەبێت, لەبەر ئەوە پێویستە چارەسەرێك بۆ ئەو تەبلیغە بدۆزینەوە و, زیاد کردنی مودەکەش, چونکە ئەبێ کاتیان بدەینێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی مودەکە هەم لیژنەی یاسایی و هەم لیژنەی مافی مرۆڤیش باسیان کردیە کە ببێتە 30 ڕۆژ, وەزیرش موافەقەتی کردیە, ئەگەر موافیقن, باشە ئەگەر موقتەرەحتان هەیە بیلێن, کاك رشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم پێکهاتەی لیژنەی ئیعتیرازات بەم شێوەیە بێت:

(نوێنەری وەزارەتی داد بە دەرجەی قازی, نوێنەری وەزارەتی شەهیدان, وەزارەتی مافی مرۆڤ, وەزارەتی پێشمەرگە), چونکە ئەوانە لایەنی پەیوەندیدارن بەراستی, بۆ ئەوەی تەماشا بکەن, بەسەلیمی قەراری لەسەر بدەن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لەو لیجنەیە و لەو ماددەیە دەکەین, بەحقیقەت دامەزراندنی ئەو لیجنەیە شتێکی باشە, بەلاَم ئەوەی تێبینم کردووە تەنیا یەك صلاَحیاتی هەیە, هیچ صلاَحیاتی تری نییە, ئەوەیش لەفەقەرە یەك تەنزیم کرایە, من پێم وایە صلاَحیەتێکی تری بدەینێ, ئەوەیش ئەوەیە بۆ زیاتر زەمانەت کردنی مافی ئەوانەی شەهیدیان هەیە یان ئەنفالکراویان هەیە, خەڵکانێك هەن لەوانەیە ئیدیعا بکەن کە ئەنفالیان هەیە, یان شەهیدان هەیە, ئەگەر ڕێگا بگیرێ پێم وایە ئەوە زیاتر زەمانەت دەداتە مافەکانی ئەوان, بۆیە ئەگەر بڕگەیەك زیاد بکرێ (تحقق في توفر شروط في الذين شملهم احكام هذا القانون), زۆر سوپاس.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە رای لیژنی مافی مرۆڤ و لیژنەی یاسایی دەکەم, بۆ زیاد کردنی فەترەی تەزەلۆم, یەعنی نازانم پێویستە کەلیمەی تەزەلۆم بێت یان کەلیمەیەکی تر موناسب لەجێگای دابنرێ باشترە, لەکوردیەکە فەقەرەی یەك تەرجومەکەی ناگونجێ لەگەڵ یەك, ئەو ئەڵێ (البت), ئەو ئەڵێ دەست پێکردن بە چاو گێڕان یان شتێکی وا, (البت) مانایەکی تری هەیە ئەوەیش حەسمی دەکات, بەنیسبەت مەحکەمەی بەدائە و

مەحكەمەی ئەحوالی شەخسی, لە كۆبوونەوەی پێشوو باسی ئەمە كرا, منیش لەگەڵ مەحكەمەی ئەحوالی شەخسی, بەڵام هەندێ جار بەعزێ ناكۆكی تر كە عیلاقەی بە ئەحوالی شەخسی نییە دێتە ئاراوە, وەكو مەسەلەی موڵكایەتیە, یەعنی لەم جۆرە شتانە, ئەوا پێویستە لیژنەی قانونی لەگەڵ وەزارەت, یان ئێستا بڕیارێكی لەسەر بدات, یەعنی لایانەك هەبێت بۆ ئەم جۆرە ئیعتیرازاتانە, سەبارەت بەبڕگەی (6) منیش لەگەڵ راپۆرتی لیژنەی یاسایم كە ئەو بڕگەیە پێویست نییە و, لەهەمان كاتدا من تووشی دڵەڕاوەكی هاتم, یەعنی خەڵكانێك هەن ئەم سیفەتانەی شەهیدیان لەسەریان جێبەجێ نابێ, بەڵام وەكو ئێستا هەندێ جار ئەبینی زیادە رۆیی ئەكرێ, لەوەشا زیادە رۆیی بكرێ, بۆیە بەباشی ئەزانم ئەو بڕگە (6)ە لابېردرێت, سوپاس.

**بەڕێز شیخ الله ابراهیم شیخ الله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش بەهەمان شێوە لەسەر 10 رۆژەكە بكرێتە 30 رۆژ, چونكە ماوەكە زۆر بەكورتی دەزانم, كەس و كاری شەهید زەحمەت بتوانن بەرهەمەكانی خۆێنیان بهێننەجێ, دەرباری بڕگەی (6)ی خاڵی دووەم, پشتگیری لەو رەئیە دەكەم, پێم وایە زیادە, لەبەر ئەوە  پێویست ناكا هەبێـتن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

قسەكان بەعام لەگەڵ راپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی قانونی موتەفیقن, تەنیا دوو نوقتە هەیە, ئەگەر چنار خان رای لەسەر دا,  ئەو نوێنەرەی داوایان كردووە, نوێنەری وەزارەتی داد و ئەو بڕگەیەی كاك سرداریش داوای كرد, فەرموو.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/(وەزیری كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وەكو وەزارەت لەگەڵ موقتەرەحی هەردوو لیژنەكە موافقین, لەو گۆڕانكاریانەی كە كردوویانە, مەسەلەی زیاد كردنی مودەكە لەگەڵ حەزف كردنی ئەو فەقەرەیە, هەندێ گۆڕانكاری یاسایی كە بەڕاستی مافی ئەوانە لیژنەی یاسایی قسەی لەسەر بكات, كاك شێخ جعفر باسی ئەوەی كرد مەسەلەی تەحقیقەكە, ترسی لەوە هەبوو كە دەبێ خەڵكی ناوچەكە ئەندام بن لەوێ لە لیژنەكە, كاك شێخ جعفر ئێمە لیژنەیەكی تایبەتیمان هەیە بۆ تەحقیق, ئەو لیژنەیە جیاوازە, كاتێك كەس و كاری شەهید مەعامەلاتی خۆیان تەقدیم دەكەن, یان كەس و كاری ئەنفال یان كیمیاباران, لیژنەی تەحقیقی مەعلوماتی تەواو وەردەگرێ, ئەندامەكانیشی سەربەهەمان ناوچەن و, دەبێ زانیاریان هەبێ, ئینجا ئیحالە دەكرێ بۆ لیژنەی دی و ئەوان موناقەشەی دەكەن, ئەوەی دیكە كە كاك سردار باسی كرد, باسی زیادكردنی عەزوەكانیان كرد, ئێمە لەوەختی پێویست ئەگەر زێرەڤانی یان لەوەزارەتی پێشمەرگە یان لەوەزارتی داخلی خەڵكی ئەوانمان بۆ هات, كەوادری ئەوان شەهید بوون, ئەگەر ئیعتیرازاتیان هەبوو, نوێنەری ئەوان بانگ دەكەین لەوەختی پێویست, بەڵام مەرج نییە هەموو كات ئەوان لەناو دابن, چونكە جاری وا هەیە ئەصڵەن نە پێشمەرگەنە

نه پۆلیسن و نەئاسایشن, وەزارەتی دادیش لەوەختی پێویست ئیستیعانەیان پێدەکەین, بۆیە پێمان باشە تەوزیعی ئەعمال هەبێ, هەر وەزارەت و ئیشی خۆی بکات, وەزارەتی مافی مرۆڤ, رەنگە مەعلوماتیان نەبێ لەسەر یاسایەکە, رەنگە نەتوانن ئەصڵن بڕیاریش لەسەری بدەن, بۆیە پێمان باشە ئەوە بدرێتە لیژنەکەی ئێمە, ئێمە ئەو مافەمان داوە بە کەس و کاری شەهید, ئەگەر زانی ناعەدالەتی کرد هەر دەتوانێ دیسان بچێتەوە مەحاکم و, لەوێ دیسان وەزارەتی داد دەتوانێ پشتیوانی بکات لەمەسەلەکە, ئەوەی کاك سردار بەڕاستی ئەمن زۆر حالی نەبووم, لەئیزافەکەی کەباسی کرد, ئەگەر دووبارەی بکاتەوە, کاك سردار ئەگەر زەحمەت نییە, سوپاس.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینی ئەوەم کردیە ئەو لیژنەیە تەنها یەك صلاحیاتی هەیە, ئەو صلاحیەتەش لەفەقەرەی یەك دیاری کرایە, پێم وایە زیاتر بۆ زەمانەتی حقوقی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال, پێم وایە کەسانێك هەنە ئیدیعا بکەن کە شەهیدیان هەیە, ئەنفالیان هەیە, دەبێ رێگایان لێبگیرێ, بەچ رێگایان لێدەگیرێ؟ فەقەرەیەك ئیزافە بکەین ئەوە لیژنە صلاحیەتی ئەوەی هەبێ پێدابچێتەوە لە ئەوراقی ئەو کەسانەی کە گومانیان لێ هەیە, سوپاس.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/(وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورە, لیژنەی ئیعتیرازاتمان هەیە, با ئەوەی بە جەماعەت رابگەینم, لیژنەیەکی تەحقیقی هەیە, لیژنەیەکی ئیعتیرازات هەیە, لیژنەیەکی دیکە کە موعامەلاتی نوێ دێ و بڕیاری لەسەر دەدات, لیژنەی ئیعتیرازات پاشی کە ئەو ئیعتیراز دەکات, ئەوا دێتە لیژنەی ئیعتیرازات و دووبارە پێداچوونەوە دەکەین, ئەوان حەقی بڕیاردانیان هەیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, ئێستا ئەو گۆڕانکاریانە دەخەمە دەنگەوە, یەك, بڕگە دوو 10 رۆژەکە بکرێتە 30 رۆژ موقتەرەحی لیژنەی یاسایی و مافی مرۆڤ ئێوەش تەئیدتان کرد, کێ لەگەڵ ئەوە فەقەرەیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ دا نییە, دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون یەك کەس لەگەڵ دانییە, دەبێتە زۆرینەی دەنگ, موقتەرەحی دووەم, غەڵەتێکە هەر دەبێ چاکی بکرێتەوە, مودیر عام نووسراوە دیوان, ئەمە هەر بۆ تەصحیح کردنە, بڕگە شەش موقتەرەحە کە ئیلغا بکرێ ئەگەر وەزیر موافیقە, وەزیر موافیق بووە لەگەڵیانە, هەم لیژنەکان هەم چەند ئەندامێکی پەرلەمان پێیان وایە زیادە, کێ لەگەڵ ئەوەیە کە شەتب بکرێ و زیادە, دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ دا نییە, دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون, بە کۆی دەنگ ئەوەش شەتب کرا, لەماددەی چوار تەنها ئەوە ماوەتەوە کە مەحکەمەکە

مەحكەمەی ئەحوالی شەخسی بێت یان بەدائە بێت, ئەوەش وابزانم ئەگەر لیژنەی یاسایی رەئیەكی بدەن لەگەڵ جەنابی وەزیر, دواتر هینی بكەین, فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە كە لیژنەی یاساین وامان ئیقتیراح كردیە, كەوا دادگای باری كەسایەتی بێ, چونكە خۆی پتر پسپۆڕە لەكاروباری خێزان, ئەمانەش هەمووی پێویستی بە قەسام هەیە پێویستی بە وەلایە هەیە, پێویستی بە وەصایە هەیە, پێویستی بەوە هەیە ئایا تەفریق بووە یان تەفریق نەبووە؟ زواجی حەقیقی یە یان نییە, ئەوەش لەمەحكەمی ئەحوالی شەخصی دەكرێ نەك لەمەحكەمەی بەدائە, هەمان لەكاتیشدا ئەو حاكمەی لە ئەحوالی شەخصییە جیاوازی نییە, لەگەڵ ئەو حاكمەی كە لەمەحكەمەی بدائەیە, هەمان ئیختیصاصیان هەیە, هەمان قانونییە, بۆیە ئەوەمان بە پەسەند زانی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو, سۆزان خان نوقەی نیزامت هەیە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەحكەمەكە بۆ ئیسپات و حەلی مەشاكیلەكە نییە, بۆ تەزەلّومەكەیە, سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

چنار خان ئێوە راتان چییە؟ فەرموو.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/(وەزیری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی لەسەر مەسائیلە یاسایەكە رەنگە نەتوانین قسەبكەین, ئەوە بۆ لیژنەی یاسایی و سەرۆكایەتی پەرلەمان بەجێدەهێڵم, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عونی رەئێكی قانونیمان بدێ, فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پرسیارەكەی سۆزان خان, ئێمە لەقانون, قانون موعارەزەی كردیە جێگای تەبلیغات, قانونی مورافەعاتی مەدەنی لەماددەی یەكەم مەرجەعی عامە بۆ هەموو قەوانین, دووەم, لەماددەی سێیەم, تەوزیحی كردیە تەبلیغات چۆن دەكرێ, ئەوە مەوزوعی تەبلیغات حەل بوو, بەڵام پێشنیاری لیژنەی قانونی ئەگەر ببێتە مەحكەمەی ئەحوالی شەخصی, دەبێ فەقەرە (5) لەماددەكە گۆڕانكاری لەسەر بكرێ, مەحكەمەی ئیستیئناف بكرێتە مەحكەمەی تەمییز, چونكە قەراراتی مەحاكمی شەرعی تەمییز دەكرێ لەمەحكەمەی تەمییز, نا لە مەحكەمە ئیستیئناف بەصیفەی تەمییز, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس, بۆ ئەو مولاحەزەیە, فعلەن مەحکەمەی ئەحوالی شەخصی لە مەحکەمەی تەمییز دەبێ, لەبەر ئەوە موقتەرەحی لیژنی یاسایی دەڵێ قەراری مەحکەمەی بەدائە ببێتە قەرارای مەحکەمەی ئەحوالی شەخصی و, مەحکەمە ئیستیئناف ببێتە مەحکەمەی تەمییز وەکو کاك عونی هینی کرد, جەنابی وەزیرش موافیقە, دەیخەمە دەنگەوە ئەو گۆڕانکاریە مەحکەمەی ئەحوالی شەخصی بێت و, لەجیاتی ئیستیئناف تەمییز بێت, کێ لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ دا نییە, دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ وەرگیرا, ئێستا ماددەکە بەهەموو گۆڕانکاریەکانییەوە دەخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ ماددەی چوارە, دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ دا نییە, دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ وەرگیرا, ماددەی چوار قبوڵ کرا, بڕۆ سەر ماددەی پێنجەم, فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی سێیەم

پۆلینکردنی شەهیدان و دیاریکردنی مووچە بۆ کەس و کاریان

ماددەی پێنجەم: شەهیداکان بەم شێوەیە پۆلین دەکرێن:-

1-شەهیدی خەباتکار.

2-قوربانیانی جینۆساید.

3-قوربانیان لە هاووڵاتیان.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الثالث

تصنيف الشهداء و تحديد رواتب ذويهم

المادة الخامسة: يصنف الشهداء كما يلي:

1-الشهيد المناضل:

2-ضحايا الابادة الجماعية.

3-ضحايا المواطنين.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ماددەی (پێنجەم) لیژنە پێی وایە شەهیدەکان بەم جۆرە پۆڵین بکرێن:-

یەکەم: شەهیدی خەباتگێڕ.

دووەم: شەهید کۆمەڵکوژی.

سێیەم: شەهیدی هاووڵاتی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی موتەفیقن لەگەڵ ئەصڵی پڕۆژەکە.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەو پۆلێنەمان جودا کردبۆوە, شەهیدی خەباتکار, شەهیدی کیمیاباران لەگەڵ قوربانیانی ئەنفال, یەعنی ناوەکانی بێت, یەعنی لەم یاسایە ئەم ناوانە بزر نەبن, لەگەڵ قوربانیانی هاووڵاتیان, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر چ رەئیەکت هەبوو بیڵێی, فەرموو.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/(وەزیر شەهیدان و ئەنفالکراوەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای ئێمە لەگەڵ رای لیژنەی یاسایە, برای بەڕێز کاك محمد لیژنەی مافی مرۆڤ کە دەڵێ ببێتە شەهیدی کیمیایی و شەهیدی ئەنفال, لەبیر نەکەین لەتەعریفەکە لەماددەی یەکەم, لەوێ ئاماژە بە مەسەلەی کیمیاباران و مەسەلەی ئەنفال کرایە, بەڵام بۆ دووبارە نەبوونەوە بە بەردەوامی درێژ نەبوونی جینۆساید لەهەموو ئەوانەی کە بوونە قوربانی کارەساتی جینۆساید بە ئەنفال و بە کیمیاباران ئێمە خستومانەتە ناو ئەو ئیتارە, بەڵام لە بیدایەتی کە تەعریفی جینۆساید دەڵێ ئەمە مەشمولی کیمیاباران و ئەنفال و هەموو ئەوانە دەگرێتەوە, ئەوەی تریش دەگەڕێینەوە بۆ دەنگدانی برادەران, ئەوان دەتوانن حەسمی بکەن, سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەعریف هەمیشە رەنگدانەوەی ئەو حەقیقەتەیە کە لەناوەوە باسی دەکەین, یەعنی ناو مەزمونەکەی, ئەبێ لێرە بنووسرێ, تەعریفەکە کۆی گشتییە, وەکو ئەڵێ جامع و مانیعە, مەرج نییە تەعریفەکە ئەمە بگرێتەوە, ئەمە بەندەکەیە, ماددەکەیە لێرە ئەبێ باس بکرێ, یەعنی لێرە ئەمە جیا بکرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موناقەشەی لەسەرە, باشە ناوەکان دەنووسم, کاك ئارێز, سۆزان خان, کاك کاك عوسمان, مەلا ئەنوەر, کاك حاتم, کاك عادل, کاك جعفر, کاك دلێر, کاك غفور, د0 شکریە, کاك عوسمان عبدالله, ناوەکان دەخوێنمەوە ئەگەر کەسێکم لەبیر کردبوو ئیشارەت بدات, کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئاریێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەماددەی پێنجەم، سەرەتا یەکەم نووسرایە شەهیدەکان لەرووی ڕێزمانیەوە شەهیدان بێت، چونکە خۆیان شەهیدان ناسراون ئەمە یەك، دوو وەزارەتەکە خۆی ناوی شەهیدانە، نەك شەهیدەکان، ئەمە چاك بکرێتەوە، شەهیدی خەباتگێر یان شۆڕشگێڕ ڕەنگە شۆڕشگێر بەکارهێنانی باشتر بێت، بەلأم لەمەسەلەی قوربانیانی جینۆساید، جینۆساید واتە هەموو ئەوانەی بە کیمیاباران و بە ئەنفال بێت و، ڕەنگە کەسێك حوکمی ئیعدام کرابێ، بەلأم ئامانجی جینۆسایدکردنی میللەتەکەمان بێ، جینۆساید هەمووی ئەگرێتەوە و، ئەگەر بشنووسرێت لەناو کەوانە شتەکانی تر جیابکرێتەوە، بەلأم ئامانجی جینۆساید بووە، جا ئەگەر بە ئیعدام بێ یان بە لەناو بردن بێ، یان بەراگواستن بێ، قوربانیانی جینۆ ساید هەمووی ئەگەرێتەوە، ئێمە خۆشمان ئەمانەوێ مەسەلەی جینۆساید بکەین بە مەسەلەیەکی نێودەوڵەتی، دەمانەوێ کێشەی ئەنفال و کیمیاباران و، ئیعدام کردن و ڕاگواستن و هەموو ئەوانە وەکو جینۆسایدی گەلەکەمان بناسێنین، لەبەر ئەوەی بەکارهێنانی پڕ بە پیستی خۆیەتی، ئەوەی خاڵی سێیەمیش قوربانیان لەهاووڵاتیان، بەرای خۆمەوە قوربانیان لە هاووڵاتیان ئەوە نییە، قوربانیانی جەنگ ڕاسترە، چونکە ئێمە جەنگێکمان بەسەردا سپێنراوە، لەنەتیجەی ئەو جەنگە کە بەسەرماندا سەپێنراوە، سەدان خەڵك بۆتە قوربانی، لەبەر ئەوە وام پێ باشە قوربانیانی جەنگ بێت، جا ئەو قوربانیەی جەنگ سیڤل بێ یان هەر هاووڵاتیەکی تر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەهەوڵی ئەوە داین کە کوشتن و بڕینی خەڵکی کورد بە جینۆساید بناسین، کەچی لەناو هینی وەزارەتەکەدا هاتووە ئەڵێ (ضحايا الابادة الجماعية)، جینۆساید یەعنی (ضحايا الابادة العرقية)، ئێمە لەبەر ئەوە کورد بووین قڕکراوین، ئیبادەی جەماعی یەعنی کۆمەڵکوژی، ئیتر گوێ نەدایتێ کوردە، عەرەبە، تورکمانە، ئەرمەنە، هەرچیەکە بیخاتە ناو گۆڕەکەوە، لەبەرئەوە هیوادارم هەمووی تەوحید بکرێ، چ لەکوردیەکە چ لەعەرەبیەکە، ئیبادەی عەرقی بێت لەجیاتی ئیبادەی جەماعی، یەعنی بکرێت بەجینۆساید وەکو هینەکە، دووەم: لەفەقەرەی یەك لەماددەی یەك، قوربانیانمان لابردووە، وتمان ئەمانە هەمووی شەهیدن، لەبەرئەوە ئەبێ بگۆڕدرێ ئەو قوربانیانەش بەشەهید، سوپاس.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە لە پۆلین کردنی شەهیدەکان، هەندێك قسەم هەیە، مەسەلەی شەهیدی خەباتگێڕ فروان بووە، زۆر خەڵك دەگرێتەوە و، جاری دیکە زۆر موناقەشە لەسەر ئەمە کرا، بەلأم حەزدەکەم جارێکی تر

دووبارەی بکەمەوە کە ناوێکی تر بۆ هەندێك کەسانی تر دابنرێن بکرێن بە شەهیدی تایبەت, شەهیدی خەباتگێڕ دەبێ ئیلا شەهیدی سەنگەر بێت و, خەڵکیش دەکەوێتە ناو ئەو رستەیە کە بەشدار بووە لەئەنفال, لە جینۆسایدکردنی میللەتەکەمان, ناکرێ لەدەزگایەك مووچە وەربگری لەگەڵ کەس و کاری ئەنفال بێ, یان کەس وکاری شەهید بێ, بۆیە من پێشنیار دەکەم هەندێك حاڵەتی تایبەت هەیە لەناو شەهیدی خەباتگێڕ, بکرێن بە شەهیدی تایبەت و دەربێن, تەنیا ئەو کەسانە شەهیدی خەباتگێڕ بن کە شەهیدی سەنگەرن و, لە خزمەتی رژێمی لەناو چوو, بەشداری ئەنفال و جینۆسایدی میللەتەکەمانیان نەکردیە, حاڵەتی وەها بەدەست ئێمە نییە, واقیعەتی کوردستان وابووە, لەهەموو شوێنك هەیە, دەربارەی قوربانیانی جینۆساید نازانم ئێمە تەبعەن ئەوە پرسیارە لە ئێوەی دەکەم, ئێمە دەتوانین ئەو حەقەی بدەین, یان ئەو بڕیارە بدەین لە پەرلەمانی کوردستان, ئەنفال بکەین بە جینۆساید ئەگەر بکرێ شتێکی باشە و, دەربارەی شەهیدی هاوولاّتی ئەوەیش زیاتر ورد بکرێتەوە, قوربانیان لەهاوولاّتیان هەموو کەسێ دەگرێتەوە, بۆیە من پێم باشە شەهیدی کۆڕە و بێ یان شەهیدانی راپەرین بێت, بەڕاستی ئەوە زیاتر خورد بکرێتەوە و, پرسیار لەجەنابی وەزیرش دەکەم ئەوە زیاتر تەوزیع بکات, سوپاس.

**بەڕێز ملا انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چۆن لەخاڵێ یەکەم وشەی شەهیدی مونازەڵ هاتووە, پێم خۆشە لەدووەم و سێیەمیش بەناوی (الشهداء من الضحايا الابادة الجماعية, الشهداء من ضحايا المواطنين), یەعنی کەلیمەی شوهەدا بۆیان بەکار بێتن, هەروەك چۆن شەهیدی مونازەڵ هاتووە, ئەوجا ئەگەر قەوسێك بکرێتەوە لەزەحایەی ئیبادەی جەماعی بەناوی جینۆساید, چونکە زیاتر شمول تر دەبێ, چونکە ئەوە قانونە تا شمول تر بێت باشترە بۆ ناساندن و, پشتگیری لەرەئیەکانی سۆزان خان دەکەم, لەو بابەتەی کە باسی کرد, سوپاس.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆربەی قسەکانم برادەران کردیان, بەلاّم پێشتر ئێمە لەپێناسەی شەهید, ئێمە ئیشارەتمان بە شەهید دا, کە شەهید کێ یە, و چۆن پێناسە دەکرێ و چۆن ناونراوە بەشەهید, بەلاّم ئەوە نەهاتووە لەڕووی سیاسیەکەیەوە, ئەوا جێگای خۆیەتی کە جینۆساید لەبیر نەچێت و هەر لەو بوارە بمێنێتەوە, بەلاّم یەك حاڵەت هەیە شەهیدی سەنگەر و شەهیدی ئەنفال هەروەك شەهید لەبواری ئیمتیازت حیسابی بۆ بکرێ, سوپاس.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەو ماددەیە لابربدرێت, چونکە زیادە, لەماددەی یەکەم ئێمە زۆر بەجوانی پێناسەی هەمووومان کرد, هیچ شتێك نە زیاد دەکا, نە کەم دەکا ئەگەر ئەوە لاببەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەڵبەتە دەربارەی شەهید, هەموو خەڵك شەهیدە یەعنی هیچ گومانێك لەوە نییە, جینۆساید خۆی ئەگەر یەك کەسیش بێت نەك کۆمەڵ, دوژمن هەوڵی داوە ئەو میللەتە لەناو ببات, جا یەك کەس بێت, کۆمەڵ بێت, دووان بێت, ئەو قەناعەتی وایە وەکو ئەوەی کوردە و لەناوی ببات, ئەوە پێم وایە جینۆساید هەمووی ئەگرێتەوە, ئەگەر کەسێك بێت, کۆمەڵ بێت, ئێمە کاری بۆ بکەین باشە, بەلاّم وەکو خانەی شەهیدەکان شەهیدی خەباتگێر و شۆڕشگێر, شەهیدی ئەنفال, یان شەهیدی کیمیایی, یان شەهیدی هاوولاّتی ئەوانە هەریەکە خانەی خۆی هەبێت, لەلای خۆمان, بەلاّم بەعام هەمووی شەهیدە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر مصطفی معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکم هەیە, شەهید ئەشکالاتی زۆری لێ دروست بووە لەئەوەل تا ئاخیر, ئەوەی کاك عوسمان بانی مارانی باسی کرد, ئەگەر لەبڕگەی یەکەم بنووسرێ (شەهیدی سەنگەرو خەباتکار), خەباتکار مەبەستمان ڕێکخستنەکان دێت, چونکە شوێنکی زۆرماندا بە ڕێکخستنەکان, کێ ئیعدام کرا, کێ لەژێر تەعزیبا مردن, یان کێ حکومەت لەسەر لایەنێکی سیاسی گرتنی و کوشتنی, ئەگەر بکرێ بەشەهیدی سەنگەر و خەباتکار, ئەوکات شەهیدی سەنگەر ئەوانەی کە پێشمەرگەن, شەهیدی خەباتکار ئەوانەی کە لەگەڵ ڕێکخستنەکەن, بەلاّم هەموویان بەیەك جۆر شموول بکرێن, بەنیسبەت برگەی دووەم ئەوەی کاك محمد فرج گوتی بکرێت بەقوربانیانی کیمیاباران و ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کوردستان, لێرە کیمیابارانەکە زیاد بکرێ, لەگەڵ ئەنفال و, جینۆسایدی گەلی کوردستان, چونکە جینۆساید هەموو بەشەکان ئەگەرێتەوە, خاڵی سێیەم قوربانیانی هاوولاّتی, بلّێ بەهەر وەسیلەیەك بێ کە دوژمن شەهیدی کردبێ, چونکە دوو, سێ ڕەئیی هەیە لەسەر قوربانیانی هاوولاّتی, بەعزێ خەڵك ڕەئیان وایە کە تەنها شەهیدی ڕاپەڕین دەگرێتەوە, بەلاّم هەیە بە ئەڵغام شەهید بووە, هەیە بە قەسفی تەیارە شەهید بووە, وەکو ئەوانەی قەلاّدزێ و هەڵەبجە, بۆیە ئەگەر خاڵی سێیەم بکرێتە قوربانیانی هاوولاّتی بەهەر وەسیلەیەکی دوژمن شەهید بووبن, سوپاس.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستی من پشتگیری ئەو ڕایەی کاك عادل دەکەم, کە ئەم پۆلێن کردنە بچێتە ماددەی یەك باشترە, دووەمیان, بەڕاستی شەهیدی شۆڕشگێڕ گونجاو ترە, لێرەش هەروەها لەعەرەبیەکە تەرجوومە کراوەتەوە بەمونازڵ, ئینجا ئێمە بە شۆڕشگێر دایبنێین, ئینجا تەرجوومەی بکەین بۆ عەرەبیەکە, لەدوومیان جینۆساید پێم وایە زۆر گونجاوە کوردیەکەشی بەرامبەر بە کۆمەڵکوژی دێت, ئێمە ئەگەر وا سەیری کۆمەڵکوژی بکەین, هەم ئیبادەی عەرقیش دەگەرێتەوە, هەم ئیبادەی بەشەریش دەگرێتەوە, گشتی دەگرێتەوە, چونکە عەمەلەکە خۆی عەمەلیەی کۆمەڵکوژیە, لەبەر ئەوە جینۆساید هەم بۆ مەسەلەیەکی نێودەوڵەتی کەلیمەیەکی گونجاوترە و, ئەشکرێ ئێمە تەرجومەکەی لەتەنیشتی لە قەوسا کۆمەڵکوژی

بنووسین, سێیەمیان, هاوولاّتی بکرێت بە سیڤل گونجاو ترە, هاوولاّتی مەدەنی دەگرێتەوە, ئێمەش تەرجومەیەکی راستەوخۆمان نییە بۆ مەدەنی لەسیڤل زیاتر نەبیٚ, سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورە, رەئیەکەی من گوترا.

**بەڕێز د0شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پێشنیاز دەکەم ئەم ماددەیە بخرێتە ماددەی یەکەم, کە لەوێش باس کراوە, ئەگەر ئەوەش نەکرا, ماددەی پێنجەم لەخوارەوە نووسراوە شەهیدەکان بەم شێوەیە پۆلین دەکرێن, مادام زاراوەی شەهیدەکان هاتووە, پێشنیار دەکەم خاڵی یەکەم و دووەم و سێیەم, هەر ببێت بە شەهیدان, چونکە لێرە موفەرەدە شەهیدی خەباتکار و قوربانیان, قوربانیانیش بکریٚ بە شەهیدان, قوربانیانی هاوولاّتی بکریٚ بە شەهیدانی هاوولاّتی, ئەمە خاڵی یەکەم, خاڵی دووەمم کە هەیە, رائیەکەم ئەخەمە پاڵ رای کاك جعفر, شەهیدی سەنگەر بگرێتەوە, بیلفیعل ئێمە شەهیدی خەباتکاری ژێرزەمینیشمان هەیە, کەوا لەناو سیجنەکان تەعزیب دراون و کوژراون, خاڵێکی ترم هەیە دەربارەی شەهیدانی جینۆساید, لەناو دوو کەوانە, رام لەگەڵ لیژنەی مافی مرۆڤ هەیە, ئەنفال و کیمیابارانیش دووبارە ببێتەوە, لەگەڵ رێز و سوپاس.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە زۆر بەزەرور دەزانم, ئەوە فەقەرەی یەکەم شەهیدی مونازڵ دیارە, بەلاّم زەحایەی ئیبادەی جەماعی تەبعەن بەڕاستی موستەڵەح و زاراوەی شەهید لەناو خەڵکی کوردستاندا ناوێکی زۆر پیرۆزە, بۆیە زەحایەی ئیبادەی جەماعی موستەڵەح و زاراوەی شەهیدی لەگەڵ نییە, یەعنی خەڵکێك لەڕووی دەروونیەوە وا تەصەوڕ دەکا نزم کراوەتەوە, ئیعتیباری رێز لێنانی شەهیدی بۆ نەکراوە, بۆیە بەڕاستی پرسیارێك لە لیژنەی یاسایی دەکەم, ئایا لەجیاتی (ضحایا الابادة الجماعیة), (شهداء الابادة الجماعیة) بێت, لەڕووی قانونیەوە گرفتێکی قانونی بۆ دروست دەبیٚ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا موناقەشەی زۆر کرا, چەند ئەندامێکی پەرلەمان ئیشارەتی ئەوەیان کرد کە ئەمە زیادە, بەڕاستی ئەگەر بگەڕێنەوە سەر ماددەی یەك کە دەنگتان بۆ داوە, هەرسیٚ شتەکان لەویٚ هەیە, یەك, دەڵیٚ شەهید ئەو کەسەیە گیانی خۆی لە دەستداوە, لەشەهیدی مونازڵ ئەو کەسەیە کە گیانی خۆی لە خەندەقی موسەلەح واتە پێشمەرگایەتی یان خەندەقی کیفاح گیانی خۆی لەدەست داوە, ئەوە بڕگەی یەك دەگرێتەوە, (ضحایا الابادة الجماعیة) وەصفی کردیە (کل من استشهد او فقد حیاته), (فقد حیاته) ئەوە زیادە لەویٚ, (کل من استشهد نتیجة جرائم الابادة الجماعیة اثناء جرائم الانفال) ئەوەشی لەویٚ شەرح کردووە, (ضحایا من المواطنین: کل من استشهد نتیجة الاعمال الحربیة او الاعمال الارهابیة), یەعنی

هەمووی لەویٚ هاتووە بەڕاستی, ئەوانەی کە ئەو مولاحەزەیان دا راستە, بەلاٌم یەك شت هەیە, نازانم لەماددەی یەك (أو فقد حیاته) ماوە یان ناٴ من دەمەویٚ بۆم شەرح بکەن, کاك محمد فرج تۆ ئەلٚێی بمێنیٚ بۆ؟ بۆم شەرح بکە, فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هی دەزگای شەهید هی عێراقی فیدرالٚ, یەعنی کۆمەلٚەك خەلٚکانمان هەیە, کابرا زیندان بووە, ئەم زیندانیە, هەندێکی لەناو زیندانیەکە مردووە بەهۆی تەعزیبەوە, هەندێکی تر هاتۆتە دەرەوە, لەدەرەوە مردووە, یەعنی ئەمانە لەکویٚ حیسابیان بۆ ئەکەی ئەبیٚ ناویان هەبیٚ, مەبەستم ئەوەیە, ئەوەی سەرۆکی ئەنجومەن دەلٚیٚ (أو فقد حیاته) ئەوەیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە ماددەی یەکە تەصویتمان بۆ کرد, وامان ئیتیفاق کرد بەپێی ئیتیفاقی لیژنەی قانونی صیاغەکە هین بکریٚ, لەسەر ئەو کەلیماتە راوەستاین, کە تەصویتمان کرد, گوتمان ئاخر صیاغە جەنابی وەزیر لەگەلٚ لیژنەی قانونی و لیژنەی مافی مرۆڤ صیاغەکەی هین بکەن, ئێستا ئەو ئیقتیراحەی پێشوو دەخەمە دەنگەوە, هەندێك ئەندام پێیان وایە ئەگەر جەنابی وەزیر موافیق بێتن ئەو ماددەی پێی زیاد بێت, و لیژنەی قانونیش پێی زیاد بێت, جەنابی وەزیر رات چییە؟ ئەو ماددە زیادە, ئەوەی لەسەر تەصنیفەکە لەماددەی یەك هاتووە, فەرموو.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/(وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە هەبوونی پێداگرتنە لەسەر تەصنیفەکە, چونکە ریٚ دەگریٚ لەوەی کۆمەلٚك بێتە ناو مەسەلەکە, چوارچێوەیەکمان بۆ دەست نیشان دەکات, راستە لەبیدایەت نییە, بەلاٌم ئیسرار کردنە لەسەر ئەو تەصنیفە و, ئەگەر لیژنەی یاسایی و برادەران بە پەسەندی دەزانن و بەزیادی دەزانن, دەکریٚ حەزف بکریٚ, بەلاٌم زیاتر پێداگرتنە بۆ ئەوەی بەراستی سنوورەکە ئەبیٚ ئێمە بزانین چۆن تەصنیفی بکەین, بەپێی ئەو تەصنیفەی کە ئێستا هەیە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لەماددە یەك تەصنیف کراوە, زۆر جوانتر تەصنیف کراوە, لیژنەی قانونی لەسەر ئەو موقتەرەحەی کە هەندیٚ برادەرانی پەرلەمان کردوویانە, دەلٚێن ئەو ماددەیە لە ماددە یەك هاتووە, رەئیتان چییە؟

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر پێشنیاری ئەو برادەرانە ئەوها بیٚ ئێمە مانعمان نییە, ئەگەر سەحبی بکەینەوە, بەڕاستی شتێکی پەسەندە, چونکە تیکرارێکی تێدا هەیە, سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یەك بریتیە لە ناساندن, ئەم دەستەواژانە ئەناسێنن, بەلاَم ئەوەی قوەی قانونەکەی هەیە, ئەوەیە ئەو پۆلین کردنەیە, یەعنی وەزارەت ئەم شەهیدانە ئەوها پۆلێن ئەکات, ئەمە مەسەلەیەکی ئەساسیە ئەبێ لێرەدا هەبێ, بەلاَم بەم جۆرەی کە ئەنفال و کیمیابارانی تێدابێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با ڕەئیی دوو کەسی لیژنەی قانونیش وەربگرین, کاك شیروان و کاك کریم, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عادەتن تەعاریف دێ بۆ ئەوەی لەقانونەکە تیکرار نەبیتن, ناوەکە هات ئیتر دەگەڕێیەوە قانونەکە, یەکسەر ناوەکە پێناسەکراوە, عادەتن تەعاریف لۆ ئەو غایەتەیە سەرف دەکرێتن, ئەوەی کە کرایە لەماددەی یەك هەم تەعریفەکە هاتییە هەم تەصنیفەکەش هاتییە, هەردووکیشی ڕەئیی لەسەر درایە, منیش پێم وایە ئەوە لێرە زیادە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی ڕەئیی کاك محمد فرج دەکەم, چونکە ئەوەی یەکەم پێناسەیە, بەلاَم لەماددەی پێنج ئەوە تەصنیفە, تەصنیفیش بۆ تەحدیدی حقوق و ئیمتیازاتە نەك بۆ مەسەلەیەکی دیکە, لەوێ کە تەصنیفەکەت کرد دەگەڕێیەوە سەر پێناسەکە, ئەوە تەعریفە هی یەکەم, بەلاَم هی دووەم تەصنیفە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دوو ڕەئیی جیاواز هەیە, ڕەئیەك موفتەرەحی تازەیە, دەڵێ ئەو ماددەیە زیادە, هەندێك ئەندامانی پەرلەمان ئاماژەیان پێکرد, لیژنەی یاسایش ڕەئی دا, دوایش دوو کەس قسەی کرد, یەکێك لەگەڵە, و ئەوەی تریش لەگەڵدا نییە, دەڵێن ئەو ماددە زیادە لەبەر ئەوەی لەماددەی یەك لەتەعریفەکە هاتووە زیاتر بە تەفصیل, دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێ, لەبەر ئەوەی لە ماددەی یەك لەتەعریف هاتووە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, ئەقەلیەتە, لادەبردرێت, فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەبوایە بمژماردبوایە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێ, دەستی بەرزبکاتەوە؟ 53 دەنگ, کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بمێنێتەوە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ 34 دەنگ, 53 بە 34, فەرموو کاك کریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من جارێکی تر ئەو داوایە دووبارە دەکەمەوە, سەرۆکایەتی پێش وەخت ڕەئیی خۆی نەدات, بۆ ئەوەی کاریگەری خۆی نەخاتە سەر ئەندامانی پەرلەمان, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوجا با ڕەدت بدەمەوە, بەسەریعی خوا ڕەحمی کرد ئەتو ڕەئیس نی, ئەگەر نا ئەتوو لەهەموو کەس زیاتر دەتەوێ ڕەئیی خۆت فەرز بکەی, ئەوە دوو جارە موقتەرەحەکەت سەری ناگرێ, ئەو ڕەخنەیەی دەدەی لەقانون شتی وەها نییە, سەرۆك نابێ دەنگ بدات, منیش ڕەئیم هەیە وەکو ئێوە, خۆ بەتەنیا مودیر جەلسەك نیمە, ئەندامم وەکو ئێوە, ڕەئیم هەیە, ڕەئیەکەم قابلی ئەوەیە ئەگەر مەنتقی بەقوەت بوو وەردەگیرێ, مەنتقی بەقوەت نەبوو وەرناگیرێ, ئێستا دەچینە سەر ماددەی تر, بەڵێ فەرموو کاك جمال بزانم نوقتەی نیزامت چییە؟

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی تێبینی دەکەم لەرەئی برادەران, ئەیانەوێ ئیبادەی جەماعی بکەنە جینۆساید, یەعنی شەرحەکە وازح نییە, لەهەموو ئەو شوێنانە کە جینۆ ساید روویداوە لە زۆر بەی وڵاتەکان کەجینۆسایدی لێ کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە نوقتەی نیزام نییە, ماددەکە تەصویتی لەسەر کراوە, تەواو, بڕۆ ماددەی تر.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە بەتەسەلسول ماددەی شەش دەبێتە ماددەی پێنج,

ماددەی پێنجەم:

یەکەم: کەس و کاری شەهیدی خەباتکار و ئەنفالکراو و هاووڵاتی بەپێی ڕێنماییەکانی تایبەت کە وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی دەریدەکات مافی خانەنشینکردنی هەیە.

دووەم: ئەوانەی دەکەونە بەر سێبەری حوکمەکانی بڕگەی یەکەم لەماددەی شەشەم ئەمانەن:

1-مێردو و ژنان.

2-کوڕ تاوەکو تەمەنی (21) تەواو دەکات ئەگەر لەسەر خوێندن بەردەوام نەبێت.

3-کچ: تاوەکو دادەمەزرێت.

4-منداڵە پەك كەوتەكان: منداڵە پەك كەوتەكان بەدەرن لەمەرجەكانی كە لەم ماددەیەدا هاتووە, بەپێی ڕێنماییەكانی كە وەزارەت دەری دەكات.

5-دایك و باوك.

6-براو خوشكان ئەوانەی شەهید بەبڕیاری دادوەری بەخێوی دەكردن.

سێیەم: بەشی باوك و دایك و ژن, تا لەژیاندا مابن سەرف دەكرێت.

چوارەم: ئەگەر بەشی ئەوانەی دەكەونە ژێر حوكمەكانی ئەم یاسایە بڕا, ئەوا بەشی ئەوانە دەدرێ بەوانی دیكە كە موستەحەقن.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السادسة تتحول الى المادة الخامسة,

المادة الخامسة:

اولا: يستحق ذوى الشهيد المناضل و المؤنفل حقوقا تقاعدية بموجب تعليمات خاصة تصدرها الوزارة بالتنسيق مع وزارة المالية.

ثانيا: المشمولون باحكام الفقرة/ اولا من المادة السادسة هم:

1-الزوج او الزوجات.

2-الابن الى حين اكمال الحادية و العشرين من العمر اذا لم يكن مستمرا على الدراسة.

3-البنت: لحين التعيين.

4-الأولاد العاجزين: يستثنى الاولاد العاجزين من الشروط الواردة في هذة المادة وفقا لتعليمات تصدرها الوزارة.

5-الوالدين.

6-الاخوة و الاخوات او من كان الشهيد يعيلهم بقرار قضائى.

ثالثا: تصرف مستحقات الوالد و الوالدة و الزوجة مدى الحياة.

رابعا: عند قطع مستحقات المشمولين باحكم هذا القانون تضاف استحقاقهم الى استحقاق بقية المستحقين.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی بەكوردی:

سەبارەت بەبڕگەی (1)ی لەماددەی شەشەم لیژنە پێشنیار دەكات دووبارە دابڕێژرێتەوە و بەم جۆرە بخوێندرێتەوە:

یەكەم: كەس و كاری شەهیدانی خەباتگێری و كۆمەڵكوژی و هاووڵاتیان مافی خانە نشینیان دەبێت بە پێی پەیڕەوێكی تایبەت كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت.

-سەبارەت بە بڕگەی-3- (دووەم) لەهەمان مادده لیژنە پێشنیار دەکات وشەی (یان مێرد)ی بۆ زیاد بکرێت.

-سەبارەت بە بڕگەی-3-(سێیەم) لەهەمان مادده لیژنە ڕای وایە وشەی (مێرد)ی بۆ زیاد بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لێژنە بخوێنەوە بەعەرەبی.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕای لیژنەی یاسایی بە عەرەبی:

فيما يتعلق بالفقرة (أولاً) من المادة السادسة تقترح اللجنة اعادة صياغتها و تقرأ كالآتي:

أولاً: يستحق ذووا الشهيد المناضل و شهيد ألإبادة الجماعية و الشهيد المواطن حقوقا تقاعدية بموجب نظام خاص يصدره مجلس الوزراء.

* أما فيما يتعلق بالفقرة 3 (ثانيا) من المادة نفسها تقترح اللجنة اضافة كلمة (أو الزوج).

* و فيما يتعلق بالفقرة (ثالثا) من المادة نفسها ترى اللجنة اضافة كلمة (والزوج).

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ پێشنیارەکەی لیژنەی یاساین تەنیا ئەمە نەبێت:

سەبارەت بە ماددەی شەش,

یەکەم: بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە: (کەس و کاری شەهیدی خەبات کاری کیمیاباران و ئەنفالکراو و هاووڵاتی) یەعنی کەلیمەی (کیمیاباران)ی بۆ زیاد بکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر موفتەرەحی لیژنەی یاسایی, پێم وایە ئەو هینە داڕێژرێتەوە, بەئیتیفاقە لەگەڵ وەزیر دانیشتوونە ئەو هینەیان کردووە, دەڵێ (يستحق ذووا الشهيد المناضل و شهيد ألإبادة الجماعية و الشهيد المواطن حقوقا تقاعدية بموجب نظام خاص يصدره مجلس الوزراء) یەعنی ئەو تەفصیلاتە مەجلیسی وەزەرا دابنێتن لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی چەند تەفصیلاتێکی لایە, وەزیری مالیەی لایە ئیمکانیەتی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی باشتر تەقدیم دەکات, تەفصیلاتێکی زۆر هەیە, ڕەنگە زۆر دەقیق نەبین ئەگەر بچینە ناو تەفاصیلەوە, وەزیر موافقە, و لیژنەی مافی مرۆڤیش موافیقە, یەك نوقتە هەیە ئەویش لەهیندا هاتووە, ئەو کچانەی کە شەهیدانە وەردەگرن دەڵێ (لحين التعيين), موفتەرەحی لیژنەی یاسایی (أو الزواج), پێم وایە ئەوە هەڵدەگرێ، هەندێك موناقەشە بکرێ لەسەری, بۆیە ئەگەر کەسێك ڕەئیی هەیە بەعام ناو دەنووسم, خاتوو نەسرین, د. ناصح, خاتوو نازناز, کاك دیلمان, خاتوو گیلاس, خاتوو گوڵناز, خاتوو گەلاوێژ, خاتوو کوێستان, کاك کریم, ڤیان خان, کاك عوسمان, کاك عادل, کاك شێخ الله, د0شکریە, خاتوو

سۆزان, كاك دلێر, كاك حمد, كاك حاتم, خاتوو تاڤگە, پەخشان خان, كاك مەلا ئەنوەر, كاك ئاریز, كاك ئاخر, كاك بارزان, پێشەكی رێگا بە جەنابی وەزیر ئەدەم قسە بكات, چنار خان فەرموو.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/(وەزیری كاروباری شەهیدان ئەنفالكراوەكان):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەرلەوە برادەران موناقەشە بكەن لەسەر ئەوە, خاڵێك هەیە ئێمە دوێنێ لەگەڵ برادەرانی لیژنەی قانونی موناقەشەمان كرد, ئەوەیش مەسەلەی كچ تاوەكو دادەمەزرێت, یان شوو دەكات, شووكردنەكە ئێمە وەكو وەزارەت لەسەر ئەوە نین كە شووكردنەكەی تێدا بمێنێت, بۆیە دەمانەوێ ئافرەت ئیستقلالی و سەربەخۆیی ئابووری خۆی هەبێت, چاوی لەدەست پیاو نەبێت, لەبەر ئەوە مەسەلەی شوو دەكات لادەبەین وەكو كوڕ تاوەكو دادەمەزرێت, ئێمە لەگەڵ ئەوەینە, لەسەر ئەوانی تریش موناقەشە دەكەین و تەعدیلی دەكەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز نسرین محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەی شەشەوە دوو هینم هەیە, ماددەی شەش بڕگەی دوو خاڵی (3) كچی وارس مەرج نەبێ بە مووچە وەرگرتن, لەبەر یەك: تەنها خۆیان ماونەتەوە سەرجەم ئەندامانی خێزانەكانیان ئەنفالە, دوو: ئەم بڕگەیە, هانی دامەزراندنی كچانی وارس و ئەنفال دەدا, ئەمەش مافێكە لەو كەسە زەوت دەكرێ, هەر لەماددەی شەشەمی بڕگەی دووی خاڵی (6), خوشك و برا, هەمان ئیمتیازی كچ و كوڕی شەهید و ئەنفالی هەبێ, بەمەرجێ شەهیدەكە شەهیدی خەبات بێت, یان جینۆساید, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د0ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە لە بیدایەت, دەڵێ (یستحق ذوی الشهید المناضل و المؤنفل و المواطن) لێرە لە كوردیەكەش ئەشكالێك دروست دەبێ, ئێمە لەپێناسەكە نەمان وت شەهیدی مواتەن بە شێوەیەكی تر پێناسەمان كرد, لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەگەر بەكوردیەكە بوترێ (كەس و كاری شەهیدی خەباتكار و ئەنفالكراو و قوربانی هاوولاتی), چونكە یان ئەبێ (شەهید)ەكە لەگەڵ بەكار بێ, یان ئەبێ بڵێین (شەهیدی خەباتكارو ئەنفالكراو و شەهیدی هاوولاتی) یان باشترە بڵێین قوربانی هاوولاتی, چونكە ئێمە شەهیدی هاوولاتی ئەو تەعریفەمان نییە لەپێشەكی باس لە قوربانی هاوولاتی ئەكەین, ئینجا پێم وایە ئەوە تەعدیل بكرێ, ئەمە یەك.

دوو: بەنسبەت ئەو شەهیدانەی یان ئەو ئەنفالانەی كە تەنها یەك كەسیان ئەمێنێتەوە, جا شەرت نییە باوك و دایك و كوڕو كچی بێت, یەعنی برایەكی ئەمێنێتەوە بەتەنها تەمسیلی ئەو شەهیدە ئەكات, یان تەمسیلی ئەو ئەنفالە ئەكات, من پێم وایە ئەمەش جیابكرێتە, چونكە مادەم لەم بنەماڵەیە یەك كەس ماوەتەوە, پێویستە ئەو كەسە وەكو وارسی شەرعی ئەو ئەنفالە بمێنێتەوە, یان ئەو شەهیدە, یەعنی

**تایبەتمەندیەكی بۆ دابنرێ, بۆ ئەوەی ئەو رەمزە بزر نەبێ, بڵێین ئەوە بنەماڵەی فلان شەهید بوو, جا بەبێ ئەو شەرت و شوروتەی كە بۆ وارس دانراوە, لەگەڵ رێزمدا.**

**بەڕێز نازناز محمد القادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**من لەسەر فەقەرەی سێ, تەئكید و تەئیدی رای وەزارەتی كاروباری شەهیدان ئەكەم لەپرۆژەی یاساكە, تا دامەزراندن حەقوحقوقەكەی موسەلەم بێت ئەو كچە, چونكە زەواج مانای سەربەخۆی مادی ناگەیەنێت بەنیسبەت ئافرەت, بۆیە داواكارم لەسەرجەم ئەعزای ئافرەتانی پەرلەمان, دەنگ بۆ ئەوە بدەن, نەك بۆ ئەوەی لیژنەی یاسایی, پرۆژە یاساكەی وەزارەتی كاروباری شەهیدان رایەكەی زۆر پێشكەوتووترە و عەصری ترە, لەوەی كە لیژنەی یاسایی دایناوە, ئەوە لە صالحی ئەو كچە هەژارە و منداڵە شەهیدانەیە كە تا دادەمەزرێن, مەگەر دامەزرێن لە حكومەت مەعاش وەربگرن, ئەو كاتە دەتوانین ئێمە پێیان بڵێین ئێوە سەربەخۆن, نەوەك شووكردن بەمانای سەربەخۆی ژیانی یەك ئافرەت ناگەیەنێ, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز محمد احمد صالح (دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئەو یاسایە جەوهەری خۆی داوە ئیمتیازاتە زۆرتر, بڵێین ئیمتیازات دەبێ زۆر مەرج و ئەوانە بۆ ئیمتیازات نەدانێن, لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەم زۆربەی ئەو مەرجانە هاتینە لەو ماددەیە نەمینێتن, بەتایبەتی كچەكە فەعلەن من تەئیدی ئەو رەئیە دەكەم, دەڵێ شوو دەكات مانای ئیستیقلالی ئیقتیصادی نییە, هەتا كورەكەش 21 ساڵە, ئەگەر هاتوو نەخوێنێ, ئەگەر هاتوو عاتڵ بێ و ئیش نەكات, ئەوە چۆن دەبێ؟ لەبەرئەوە بە قەناعەتی من ئەو مەرجانە هەندێ قاسین, چونكە ئەوە ئیمتیازاتە و ئەو مەمەرجانە نەمێنێ و, زەواجیش نەبێتە شەرتێكی ئەساس بۆ ئەم مەسەلەیە, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز گیلاس محی الدین محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**منیش هەمان پێشنیارم هەیە, تەمەن نەمێنێ, چونكە 19 ساڵە ئەنفال كراوە ئێستا ئەوانەی یەك ساڵ بووینە تەمەنیان 18 ساڵە, كەواتە ئەو ئیمتیازاتە زۆر كەمتر شمولیان دەكات, بۆیە ئەوە هەر وەكو ئیمتیازێك بمێنێ, خاڵێكی ترم هەیە پێش 5 ساڵە كە مووچە بۆ ئەنفال بڕاوەتەوە, ئەو ساڵانەی پێشوو, چی لێ ئەكرێ؟ پێشنیار دەكەم كە بڕگەیەك بۆ قەرەبووی ئەو ساڵانەی پێشوو دیار بكرێن, سوپاس.**

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**راستەیەك هەیە لەسێ رووداوی گەورەی كوردستان, قوربانیانی بارزانی و كیمیاباران و ئەنفال, ئەم سێ جۆرەو لە پێناسەی شەهید جیان لەڕووی زیانەكانیانەوە, چونكە زۆربەی خێزانەكان لە شەهیدێك زیاتریان هەیەو, لەگەڵ شەهیدبوونی قوربانیەكانیانەوە, بنەمای ئابووری و دێهات و ماڵیان لەدەست داوە,**

بۆیە دەکرێ لەم بەندە  بۆ ئەوە بگەڕێنەوە وشەی (خانەنشین) لەگەڵ ئەوان ناگونجێ، چونکە ئەگەر هاتوو باسی خانەنشینمان کرد لەڕووی یاساییەوە، لەگەڵ مووچەیەکی تر لێکی ئەدەن و نابێتە پاداشت بۆیان، ئەمە یەك، دووەم: ئەگەر بەساڵ بژمێرین، قوربانیانی بارزانی 24 ساڵە منداڵەکانیان محروم ئەبن و، ڕەنگە ژن و منداڵیان هەر نەمابێ، چونکە تەمەنێکە و، قوربانیانی کیمیاباران و ئەنفال 19 ساڵن، بۆیە دەکرێ لەهەندێ ڕووەوە ئەوان بەدەرکرێن لەو بەندانەی کە لەسەر خێزانی شەهید جێبەجێ دەکرێ و، پشتگیری لەو خاڵەی نازناز خان دەکەم، چونکە زۆربەی کچان لەو تەمەنەش شوو دەکەن و نابنە خاوەن ئیقتیصادی خۆیان و، ماڵە باوانی خۆیان لەدەست داوە و، یەکێك لەیاداشتەکانی کەس وکاری ئەنفال گەیشتۆتە دەستی ئێمە کە بەوردی باسی ئەو خاڵانەی تێدا کراوە، ئەو خاڵانە قابیلی جێبەجێ کردنن، لەڕووی یاسای و پراکتیکەوە، چونکە هەر یەکێك لەو خاڵانە بەجۆرێك لە جۆرەکان، مەسەلەن ئەگەر کوڕێك کەس وکاری لەدەست داوە و دایکی نەماوە مووچە وەرئەگرێ، یان باوکی نەماوە ئەکرێ ئەو پاداشتە بۆ خۆی بگەڕێتەوە، هەر لەماددەی شەشەمدا هاتووە خاڵی شەشەم، باسی خوشك و برا ئەکا، هەمان ئیمتیازی کوڕ و کچی شەهیدانی هەبێ، بەتایبەتی ئەو سێ جۆرەی کە باسم کرد و، لەزۆربەیاندا شەهیدەکە سەڵتە، ڕەنگە ئێستا دایك و باوکیشی نەمابێ، بۆیە ئەکرێ ئەو ئیمتیازاتانە بۆ ئەوان بگەڕێتەوە، هەر لەماددەی شەشەمدا بڕگەیەك هەیە کە بەشی دایك و باوك جیابکرێتەوە، چونکە ئێمە لێرە دووچاری گرفتێك بووینە لە قوربانیانی شەهید و کیمیاباران و ئەنفال، بۆ نموونە خێزانێك بووك و کوڕی پێکەوە ئەنفال کراوە، لێرە باوکی هەردوو قوربانیەکە داوای ئیمتیازات ئەکەن، حەقی خۆشیانە باوکێك ئەگەر کچەکەی ئەنفال بووە، ناکرێ تەنها بۆ ماڵی خەزوورانی بگەڕێتەوە، لێرە ئاماژە بەوە بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز گەلاویژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لەرەئیی نازناز خان دەکەم، هەمان رەئیم هەبوو، لەگەڵ ئەو خاڵەی (الابن) پشتگیری کاك دیلمان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم لە یەکەم، من پێم وایە بنووسرێ کەس و کاری شەهید، ئەو خەباتگێڕ و ئەنفال و هاووڵاتییە جیایە، چونکە پێشتر وەکو باسمان کرد تەعریفی شەهید کراوە، منیش لەگەڵ رەئیی گوڵناز خانم، خانەنشین نەبێتە هۆکاری ئەوەی کە خێزانی شەهیدێك دوو مووچەی هەیە، مووچەیەکی کەمێك کارگوزاریە، یان مامۆستایەتی بێ، یەعنی ئەوە ببێتە ڕێز لێنان، یەعنی ئەگەر خانەنشین بێت هەر دوو مووچەکەی بەردەوام بێت، خاڵی یەکەم ئەو (مێرد و ژنە) بکرێتە (ژن و مێرد)، لەگەڵ ئەوەشم هیچ مەرجێك نەمێنێ، مەرجی شووکردن، دامەزراندن، مەرجی 21 ساڵی، ئەو دایك و باوکە خاڵی (5) بکرێتە

خاڵی (4), خاڵی (4) بكرێته خاڵی (5), ئەوەی سێیەم بەشی دایك و باوك و ژن تا لەژیان مابن سەرف بكرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی منیش پێم وایە ئەوەی ئەنفال كرایە, ئەوەی قوربانی كیمیابارانە ئەوانەی پێشمەرگەی سەنگەرە, ئەوانە خازعی قانونی خدمەی مەدەنی نەبووینە, بۆیە ئەوانە قانونی خانەنشینی نایانگرێتەوە, دەبێ لەڕووی یاساییەوە ناوێكی دیكەیان بۆ دانێن, دەتوانین بڵێین حقوقی ئیمتیازین, یان ڕێز لێنان یان هەر شتێكی تر, بەهەمان شێوە من پشتگیری لە قسەكانی گوڵاڵە خان دەكەم, سوپاس.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من هەمان بۆچوونا نازناز خانێ و چنار خانێ هەبوو سەبارەت خالا كچێ حەتا دادەمەزرێت, ژبەرێ پشتگیرێ ئەوانا دكەم, سوپاس.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگیری ئەو رایە دەكەم, كەس و كاری ئەنفالەكان زۆری تێدایە یەك كەس ماوە, پشتگیری دەكەم هەتا لەحەیات مایە, مووچەكەیان بەردەوام بێ, رەنگە ژمارەیان زۆر نەبێ, ئەگەر لە بنەماڵەكەیان یەك كەس مابێ, هەر لەو ماددەیە لە بڕگەی چوارەم, دەڵێ ئەگەر (بەشی ئەوانەی كە دەكەونە ژێر حوكمەكانی ئەم یاسایە بڕا, ئەوا بەشی ئەوانە دەدرێ بەوانی كە موستەحەقن), ئینجا ئەو موستەحقە نازانم كێیە؟ حەقە ئەوە روون بكرێتەوە, چونكە لەوانەیە هەر كەسێ یەكێ دابنێ بڵێ ئەوە موستەحەقە, سوپاس.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وابزانم لەدانانی حكومەتی هەرێمەوە, ئەوە یەكەم ماف و ئیمتیازە, بەشێوەیەكی قانونی ئێمە بتوانین لێرە ئەمڕۆ مافەكانی كەس و كاری ئەنفال و شەهیدان لێرە تەسبیت بكەین, بەڕاستی من ئەم یاسایە بۆ خۆم بە دەستكەوتێكی گەورە ئەزانم, پێویستە هەموو ئەندامان هەوڵی ئەوە بدەین كە تا ئەو رادەیەی پێمان ئەكرێ عەدالەتی تیابێ و مافی راستەقینەی هەموو لایەك دەستە بەر بكرێت, بەتایبەتی ئەگەر ئێمە بڕوانینە شەهید لەگەڵ ئەنفال جیاوازیەكی زۆری هەیە, لەبەر ئەوەی شەهید رەنگە لەشاخیش بووبێت یارمەتیەكی كەمی پێدرابێ, بەڵام ئەنفال ئێمە هەمووومان دەزانین هەر لەساڵی 2002 و ئەو دەوروبەرەوە یارمەتیەكیان داوە ناویان ناوە مووچە, بۆیە من باس لە ئەنفال و شەهید ناكەم, بەڵام بە زەروری ئەزانم باس لە مافی كەس و كاری ئەنفال بكەم, لەبەرئەوەی كەس و كاری ئەنفال هەمووومان دەزانین ئەنفال چ كارەساتێكە, بەڵام هەندێ حەقایق و وردەكاری پاشماوەی ژیانی ئەنفالكراوەكان هەیە

زۆرمان ئاگامان لێ نییە بەڕاستی, خەڵکی وا هەیە 22 و 23 کەسی ئەنفالە, تاکە پیرەمێردێك ماوە لەدێیەکە, یان لەکەلاوەیەك ئەژێ, تاکو ئێستا وەکو پێویست نەتوانراوە خزمەت بکرێ, خزمەت کراوە بەڵام وەکو ئەو رادەیە نییە ژیانی گۆڕی بێت, سەدان حاڵەتی وامان هەیە, کەسێك ماوەتەوە, پیرەمێردەك ماوەتەوە, ژنێك و چەند منداڵێك ماونەتەوە, بۆیە هەڵوێستەی زۆری ئەوێ بەڕاستی و, من بەرای خۆم جەوهەری ماددەکە لێرەیە, ئێمە لێرە هاتووین باس لە مافی خانەنشین دەکەین, ئەگەر بێتو ئێمە ئەو مەوزوعە حەسم نەکەین قانونێکمان هەیە بەناوی قانونی تەقاعود, یەعنی مافی ئەوان بینینە ناو قانونی تەقاعود, کۆمەڵە ئیجرائاتی تیایە, رەنگە هەندێکیان بێ بەش بن لەو مافە و, قانونی تەقاعودیش بە نیزامی عام دەژمێرین, ئەگەر ئێمە نەتوانین لێرە بە دەقێکی قانونی نەتوانین دەریبکەین, رەنگە نەتوانین لە جێبەجێ کردنی ئەو قانونە مافەکانی بپارێزین, بۆیە من لەبڕگەی یەکەم ئەڵێم تەنیا بنووسن (کەس و کاری شەهیدان مافی مووچیان بۆ دیاری دەکرێ بەپێی رێنماییەکانی ئەنجومەنی وەزیران), ئەوە کافی ئەبێ بۆ ئەوەی ئێمە لەوە رزگارمان ببێ, باسی خانەنشینی و ئەوە ئەکەین, لەبەر ئەوەی وەك وتم خانەنیشین زۆری ئەوێ, جا سەبارەت بە بڕگەی دووەم باس لە کوڕ ئەکات, تاوەکو تەمەنی 21 ساڵ, یەعنی بەڕاستی پشتگیری لەو بەڕێزانە ئەکەم, پێشتر قسەیان کرد, یەعنی ئەنفالێك ئەگەر سێ ساڵە یارەمەتیەکی پێدرابێ, ئایا لە تەمەنی دوو, سێ ساڵیەوە, لە 88 ەوە تا ئێستا لەنازی دایکایەتی و باوکایەتی و لەهەموو شتێ بێ بەش بووە, ئەو فەترە زۆرە پێویستە بەڕاستی ئێمە چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە, پشتگیری لە رایەکەی کاك عوسمان ئەکەم, هەق وایە ئێمە بڕگەیەك زیاد بکەین بنووسین (کەس و کاری ئەنفال ئەو مووچەیە هەتا لەژیان ماوە بۆی سەرف بکرێ), زۆر سوپاس.

**بەڕێز شیخ الله ابراهیم شیخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە رای لیژنەی یاسایی و وەزارەت دەکەم, کە لەسەری رێك کەوتونە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د0شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو روونکردنانەوە کە وەزیری شەهیدان و ئەنفال پێشکەشی کرد, من دڵنیام زۆر بە دڵسۆزییە, چونکە کچە شەهیدە لەگەڵ هەموو داخوازیەکانی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان, ئینجا بۆیە من پێشنیارێکم هەیە لەخاڵی یەکەم, دەڵێ هەماهەنگیێ لەگەڵ وەزارەتی دارایی دەریدەکات مافی خانەنشینیان هەیە, من پێشنیازەکەم مافی خانەنشین بکرێ بە مافی شەهیدانە, یان مافی واریسان, ئەمە خاڵێ یەکەم.

خاڵێ دووەم: پەیوەندی بە بڕگەی دوو هەیە, (کوڕ تاوەکو تەمەنی 21 ساڵ), من پێشنیاز دەکەم ئەم تەمەنە نەمێنێ, دەڵێ لەسەر خوێندن بەردەوام بێ تاوەکو خوێندنی تەواو بێ, باشە ئەگەر خوێندنی تەواو کرد, لەپەیمانگەش مەعاشەکەی زۆر کەمە لە کولیەش 150000 هەزارە, بەڵام ئەگەر هی وارس وەربگرێ 300000, لەو کاتە ئێمە چی بکەین, ئینجا بۆیە من پێشنیار دەکەم تەمەنەکە نەمێنێ,

بەردەوام بوون لەسەر خوێندن, با هەر وەریبگرێ, چونکە ئەمە حەقێکی شەرعیە, حکومەتی مەرکەزی ئەبێ بیدات, پێشنیازێکی تر ئەکەم لەخاڵی کۆتایە, ئەگەر زیاد بکرێ, بۆ قەرەبووەکردنەوەی ئەنفالەکان کە حکومەتی مەرکەزی دەیدات, لەو کاتە حیساب بکرێ کە ئەنفال کراوە, یان شەهید کراون, یان کیمیاباران کراون, خاڵێکی ترم هەیە برگە (3) دەڵێ (بەشی دایك و باوك و ژن) لەبەر ئەوەی (ژن و مێرد) لە خاڵی یەکەم هاتوون, یان لێرە دووبارە بکرێتەوە, یان ژنەکە لابربردرێت, چونکە ژن و مێرد لەخاڵی یەکەم نووسراوە, (مێرد و ژن) لەڕووی کوردیەوە زۆر ناشرینە, بۆیە بکرێ بە (ژن و مێرد), خاڵی کۆتاییم, لە چوارەم هاتووە (مستحق), بەڕاستی لەگەڵ کاك عوسمان هاوڕام, پێویستە روون بکرێتەوە کێ موستەحەقە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابت پشتگیری لیژنەی یاسایی و وەزیرت کرد بیدایەتەکەی, تۆ نەبووی باش, سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتێك کە کەس و کارمان بەرەو مەرگەوە رۆیشتن و شەهید بوون, و ئەچوونە بەردەمی پەتی سێدارە, یاخود بە لۆری ئەبران و ئەنفال ئەکران, دڵیان خۆش بوو ئەیان وت رۆژێ لە رۆژان حکومەتێکمان بۆ دروست ئەبێ ئاگای لە ماڵ و مناڵەکەمان ئەبێ, لێرە کە تۆ باس لە حقوقی تەقاعودی ئەکەی, نازانم لەسەر ساڵانی پێشمەرگایەتی بۆی حیساب ئەکەی, ئەی ئەگەر ئەو کابرایە لە حیاتی تەعیین نەبووبێ, هی واهامان هەیە لەشەشی سەرەتایی چووە بۆتە پێشمەرگە و پاشماوەیەك شەهید بووە, ئەی ئەمانە چۆن ئەکرێتە حقوقی تەقاعود, من لێرە داوا ئەکەم, یەکەم: حقوقی تەقاعودی نەمێنێ بکرێتە رێز لێنان, پێشنیار دەکەم, بەڵێ پێشنیارەکەم داواکاریە, ئەو ئیکرامەیە هیچ شەرت و شروتێکی لەسەر نەبێ, پشتگیری قسەکانی گوڵناز خان دەکەم, هینی گێلاس خان دەکەم, مناڵێکی ئەنفال کە دایك و باوکی ئەنفال کراوە, خۆی بەجێماوە و ساڵێك بووبێ, حکومەتی هەرێمی کوردستان پاش 16 ساڵ حکومڕانی, هەمووی سێ چوار ساڵە مەعاشی ئەنفال ئەدات, ئێستاش 21 ساڵە, بڵێ برۆ بەخۆت خۆت بەخێو بکە, لەم کاتی دەوڵەمەندیەی حکومەتیش, بودجەی خۆمان هەیە, بەڕاستی ئەمانە هیچی نەمێنێ, ئەگەر ماش ئەوا ئەوسا قسەیەکی تری لێئەکەین, ئەوەی ئەبێ کچ شووبکات, ئەو مەرجە با نەمێنێ, بەڵام هیوادارم بەچاوێکی نەك تەنها یاساییەوە, تۆزێ بیر لەوەش بکەنەوە ئەبێ عەدالەت و ئینسانیەتیشی تێدابێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەندێك مولاحەزاتم هەیە, یەکەمیان لەبڕگەی یەکەمە, ئەبێ ئەنفال بکەین بە جینۆساید, لەبەر ئەوەی لەماددەی یەکەم وا تەعریف کراوە, ئەبێ موتابق بێ لەگەڵ تەعریفەکەی, دووەم: بەڕاستی

خانەنشین, من نامەوێ زیاتر قسەی لەسەر بکەم, بێ مانایە لێرە, چونکە ئێمە تەعامول ناکەین لەگەڵ قانونی تەقاعودی, ئەمە خۆی قانونێکی ئیستسنایە بۆ حاڵەتێکی تایبەت, مەسەلەی شەهید و ئەنفال و شۆرش کە بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازی هەبووە لە قوناغێکی دیاری کراودا, ئەمەش ئیحتیمالە تەنها لەوڵاتی ئێمە و هەندێك وڵات ئەم حاڵەتانەیان هەبێ, وەکو ئیمتیازێکە لەبەر ئەوە بەباشی نازانم خانەنیشن بێ, رێز لێنان بێ باشترە, هەر لەبڕگە دووەم خاڵی دووەم, مەرجی دانان بە 21 ساڵ تەمەن بۆ کوڕ, شتێکی راست نابینم هەتا بۆ کچیش ئەو مەرجانە بەگونجاو نابینم, ئێمە با سەیری ئەوە بکەین, یەعنی ئەگەر بەو مەرجانە بێ, هەموو ئەو شەهیدانە لە 75, 76, 77, 78, تا ساڵی 90 شەهید بوون, لەساڵانی پێشمەرگایەتی بەشی زۆریان لەگەڵ مندا بوون و شەهید بوون, هەیانە لەتەك من شەهید بووە, و یەك منالی هەبووە یان دوو, ئێستا هیچ شتێك شوملی ناکات, چونکە هەمووی لەسەرووی 21 ساڵە, ئەمانە لەحاڵەتێکی قانونی تریش دروست دەکات, کاتێك کە ئەوە رەفز دەبێتەوە ئەوە شەهیدانە, موستەحەقات دەگەڕێتەوە بۆ براو خوشکی شەهید, لەکاتێك کە ئەوان ماون و کوڕ و کچەکەی خۆی ماوە, ئەچێت بۆ براو خوشکی شەهید بەپێی ئیستحقاق, لەم حاڵەتە کێشەیەکی خێزانی دروست ئەکەین ئێمە, من پێم وایە ئەو کوڕ و کچەی شەهید کەماون بەدرێژایی ماوەی ژیانی بدرێ پێیان, تا زروفێکی سیاسی تر دێتە پێشەوە, یان ئیحتیمالە لەماوەی 10 تا 15 ساڵی تر قۆناغێکی تر بێت, ئیتر پێویست نەکات, خاڵێکی تر, خاڵی شەشەم, براو خوشکی شەهید, بەڕاستی من وای ئەبینم لەکاتێك کە شەهید یان ئەنفال کراوە, کە ئەڵێم شەهید مەبەستم هەموویەتی, کاتێك ژنی نەهێناوە, منالێشی نییە, و دایك و باوکیشی نەماوە, بەراستی زەرورەت وایە تەعامول لەگەڵ براو خوشکەکەی بکرێ بەبێ مەرج و شەرت, تەعامولی وارسی حەقیقی لەگەڵ بکرێ, چونکە تاکە رەبت بەشەهید ئەو کەسانەیە ئەمێنێنەوە, حاڵەتێکی تر لە خاڵی سێیەم, بەڕاستی ئەو ژنەی کە شوو ئەکاتەوە, زەرورەت ئەوەیە لابدرێت, چونکە ئەو کاتە حەقی ئەوەی هەبێت شەهیدانەی مێردەکەی وەربگرێت, کە بەردەوامە لەو خێزانە, چونکە کاتێك کە شوو ئەکاتەوە, کۆمەڵێك ئەشکالی عائیلی دروست ئەبێ, لەکاتێك براو خوشکەکەی شمولیان ناکات, ناتوانن ببنە وارس, ئەو ژنە دیسان وارسە, ئێستا حاڵەتی وەها هەیە, شووی کردۆتەوە کۆمەڵێك کێشەو مەشاکیلی عائیلی دروست کردووە, ئەمەش بەڕاستی نازانم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود (بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر لەسەر مەسەلەی خانەنشین, بەڕاستی پشتگیری لەو پێشنیارانەی پێشوو دەکەم, بکرێتە مافی شەهیدان نەك رێز لێنان, ئێستا ناو موجتەمەعی ئێمە هەموو دەڵێن مووچەی شەهیدانە و مافی شەهیدانە, ئەوە باشترە بەڕاست, خاڵی چوارەم, باس لەمناڵە پەککەوتووەکان دەکات, مناڵەپەککەوتووەکان کێن؟ کوڕیەتی, برایەتی, خوشکیەتی, دەبێ ئەوە روون بکرێتەوە, من پێشنیاری ئەوە دەکەم, خوشك و براو و مناڵە پەککەوتووەکان بێ, شەهید هەیە برای پەککەوتووە, شەهید هەیە خوشکی پەککەوتووە,

شەرت نییە بەس منالّی پەککەوتوو بێت, لەبەر ئەوە پێویستە ئەو خالّە زیاتر روون بکرێتەوە, ئەوەی تر پشتگیری لە رایەکانی کاك دلێر دەکەم, بەڕاستی ئەوە کێشەی یاسایی زۆر گەورە دروست دەکات, پێشنیارەکانی کاك دلێر دووبارە دەکەمەوە و بەباشی دەزانم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەوە جەلسەیەك نییە, ئەوە چەند جەلسەیەکە بە ئامادەبوونی وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان, موناقەشە بکەین و قسە لەسەر ئەم بابەتە ئەکەین, خۆی زیاتریش هەلّئەگرێ, لەبەر ئەوەی ئەم حکومەت و پەرلەمانە و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەمووی خوێنی شەهیدانە, و خوێنی ئەوانە گەیشتۆتە ئەو کاتە, جا حەقی خۆیەتی چەند قسە, لەسەر بکەین, بەلاّم لێرە یەك حالّەت هەیە, ئەوەی کە زیاتر قەناعەتی خۆمە, ئەوەی زیاتر وای لێکردوون, زیاتر دیراستی مەسەلەکە بکەین و بەشوێنیان بڕۆین, نەبوونی ئەحصایەکی تەواوە, تاکو لەکوردستانی ئێمە, ئێمە راستە ئەلّێین. 18200 ئەنفال, 8000 شەهیدی بارزانی, 7000 شەهیدی فەیلی, 5000 شەهیدی هەلّبجە, بەلاّم تاکو ئێستا بەقەناعەتی من لەکوردستان هیچ ئامارێکی جدی و وردمان نییە, بتوانین پەنجەی لەپالّ دانێین و بەگوێرەی ئەو تەعامول لەگەلّ بەخێوکردن و خزمەت کردنی بنەمالّەی شەهید گەشت بوارەکانی بکەین, ئەمە یەك, دوو: ئەو بەڕێزانە زۆر باسیان کرد, کێ وارسی ئەو شەهیدانەیە کە ئێستا حەقی ئیمتیازیان هەیە و, مووچەش وەکو شتێکی عام, من زیاتر لەگەلّ ئەوەم ئەگەر مەجال هەبێ لەرووی قانونیەوە, ئەو مووچە کەمەی لەشوێنکی تر وەردەگرێ, وەك دائیرەیەك لە شوێنەکە, مۆزەفێکە, نەخرێتە قالبی مووچەی شەهیدانەکەی, ئەمە وەکو پێشنیارێك, دووەمیش: ئێمە لەهەموو مەنتیقەی کوردستان, رەنگە 100 یان 150 کەسمان نەبێ, ئەوانەی کە تاقانەن و, یەك کەسی ماوە لە خێزانێك, ئەگەر لەرووی قانونیەوە بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێ, ئەوانە ئیستسنا بکرێن لەم حالّەتانە, ئەو مووچەی پێیان ئەدرێ خزمەت کردنە بە کەس و کاری شەهیدان, یان ئەوەی عەرزی جەنابتانم کرد, گوناهی چییە؟ من نموونەم زۆرە بۆ ئەمە, لە 74, لە 72, لە 69 لە هەشتاکان یەك کوڕی بووە, پاشان بەخۆی شەهید بووە, تاکو ئێستا بۆ خۆی هیچ ئیمتیازێکی نییە, بەهیچ شێوەیەك هیچ ئیمیتازاتی زەوی و خانوو, هیچی نییە, جا لێرە دەرفەت هەبێ سەیر بکرێ لەڕووی قانونیەوە شتێکی باشە, ئێمەش ئینشاالله ئەمڕۆ ئاخر رۆژە, ئەم رۆژەش گرنگە بەنیسبەت بنەمالّەی شەهیدو ئەنفال, وابزانم گوێشمان لێ رائەگرن, وەکو پەرلەمانیش ئەمڕۆ بتوانین تاقە یاسایەك دەربکەین, لەدوای سالّی 1992 و تاکو ئێستا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکانمان زۆربەیان وتراوە, بەلاّم تەئکیدی لێ ئەکەمەوە, سەبارەت بە کوڕ عومری تەحدید نەکرێ, سەبارەت بە کچ سەبەرخۆی ئابووری لەوە نییە شووی کرد لێی ببڕن, ئەو قسەی کاك دلێریش ئیشارەتی

پێ کرد, ئەگەر ئافرەت شووی کرد لێ ببڕن, بەڕاستی ئێمە ناتوانین حوکم بدەین, ئەوەش هەر ئیستقلالیەتێکی ماددیە, ئافرەتێك 10, 12 ساڵە دانیشتووە, بەلآم لەبەرئەوەی ئەگەر مەجالێك یان فرصەتێکی شووکردن هاتە پێشەوە مەعاشەکەی, یان تەقاعودیەکەی دەبڕن, ئەو مەجالەشی لەبەردەم نامێنێ, بۆیە تەئکید دەکەینەوە شووکردنی ئافرەت نەبێتە هۆی بڕینی ئەو تەقاعودیەی هەیەتی, سوپاس.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبڕگەی یەکەم, من عەرەبییەکەم لەلایە, لەگەڵ ئەوەم مصتەڵەحاتەکان یەك بخرێتەوە, وەکو ئەوەی لەتەعریفەکە هاتووە, سەبارەت بەو شەرت و شروتانەی کە دانراوە, من لەگەڵ رەئیەکەی کاك دیلمانم, دەڵێم لەجیاتی ئەو شەرت و شروتە, لێرە تەعلیماتی تایبەتی لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەرئەچێ, ئەگەر خصوصیەتێکی هەبێ ئەوا رەچاوی بکە, دوو: (الزوج و الزوجات) پێشنیار ئەکەم کە (الزوجات) ببێتە (الزوجة) چونکە لەماددەی دوای ئەو ئەڵێ, ئەگەر زیاتر لەژنێکی هەبوو, ئەوە هینە, چونکە ئەوە دیاریدەیەکی گشتی نییە, سەبارەت بە کچان منیش لەگەڵ ئەوەم شووکردن نەبێتە مایەی ئەوەی, ئەوە ببڕن, لەگەڵ رایەکەی لیژنەی قانونیم, سێیەم (الزوج) ئیزافە بکرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر لەپێشنیارەکان گوتران, بەلآم بەکورتی تەبیعی پەرلەمانی ئێمە, حکومەتی ئێمە بەرهەمی خوێنی شەهیدان و خەباتێکی دوورودرێژی گەلی کوردە, جا ئەوەی کە پلەی شەهادەتی بەدەست کەوتووە و, ئەوەی کە ماوە, ئەوە هەمووومان لەو خەباتە ئەگەر بەشێوازێك لە شێوازەکان بەشداری کراوە, وەکو پەرلەمان و حکومەت و ولآتانی تر نییە, بە ئینقیلابە یان بە شێوازێك هاتبێ, بۆیە ئەمڕۆ بەڕاستی و, رۆژانی رابردووش کە باس لە حقوق و مافەکانی ئەنفالکراوەکان کراوە, جێی دڵ خۆشییە هەم بۆ ئەندامانی پەرلەمان و هەم بۆ گەلی کوردی ستەم دیدە, چەند ساڵە وابووە, ئەمە حاڵەتێکە بەڕاستی ئەبێ زیاتر بەدەنگیەوە بین, ئەو یاسایە کە ئێستا دەردەچێت, بۆ بەدەست کەوتنی حقوقی کەس و کاری شەهید و ئەنفالکراوەکان, ئەوە لە قۆناغێك و لە حاڵەتێك دایە کە هەمووومان هەست بە زەرورەتی ئەوە دەکەین, دەبوایە لە یەکەم رۆژی دروست بوونی پەرلەمان لە 92 ەوە ئەوە کرابا, بەلآم بەداخەوە لەبەر چەند زروف و هۆکارێك نەکراوە, ئەمڕۆ لەم قۆناغە ئەکرێ, ئەکرێ رۆژانە بەرەو پێش بچێت, خۆناکرێ گەلی کورد هەر لە فەقیری و هەژاری دابێت, ئەکرێ قۆناغێکی تر بێتە پێش, ئەو خەڵکانە لەو پەڕی رەفاهیەت دا بژین, ئەو کات ئەکرێ ئەو قانونە پێداچوونەی تیادا بکرێ, بۆیە من پێم چاکە لەخاڵی دووەم لەماددەی شەشەم کە باسی لێوە ئەکەین, ئەو عومرە نەمێنێ, مەسەلەی 21 ساڵەکە نەمێنێ, مەفتوح بێت, هەروەها لە سێیەم کە باس لە کچ دەکات تەعین بوون یەعنی چ, یەعنی دیار نییە کە هەموو کچێك دەرئەچێت یان شوو ئەکات, لێرەش ئەو مەرجە نەمێنێ بە مەفتوحی بمێنێتەوە, تا ئەو قوناغەی کە هەیەتی, مەسەلەی

زوجه كه باس ئەكرێ لەسێیەم, وەكو دایك و باوك حیساب كراوە, ئەمن پرسیارم هەیە, هەرچەند لەگەڵ ئەو رەئیەم كە زوجە بمێنێتەوە, ئەگەر شووش بكاتەوە, بەڵام بەمەرجێك بەربەست بگیرێ لەو پێشنیارانەی كە  كاك دلێر كردی, حەقیقەتەن ئێمە زۆرجار بەهۆی مووچەوە كێشە دروست دەكەین, لەناو خانەوادەی شەهیداندا, لەنێوان باوك و كەس و كاری دا, ئەگەر بكرێ هەر كەسێ بچێت, وەكو ئیمتیازاتێك كە حكومەت بۆی كردووە, نەك وەك مافێكی ئەو دایكە بێ, یان ئەو باوكی, یان ئەو خوشكە بێ, درابێتە ئەو كچەی كە شووكردبێتەوە, بكرێتە كێشەیەك, یەعنی هەر كەسێك هەویەی خۆی هەبێت, خۆی سەرپەرشتی مەوزوعەكە بكات, بەم شێوازە بچێت, نەك بەئیجازەی یەكێكی تر, زۆر سوپاس.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تێبینم هەبوو لەسەر ئەو خاڵانە, پێم وایە تەقاعودی بگۆڕێ بۆ تەكریم كردن, بۆ خەڵكی كەس و كاری ئەنفال بەتایبەتی, ئەگەر ئێستا تەعین بوون لەژیانیاندا هەر مەكسەبێكی ماددیان بەدەست كەوتە بەرەنج كێشانی خۆیانە, بەڵام بەرامبەر ئەوەی لە ئەنفالە, حەقی خوێنی شەهیدەكانیەتی, دەبێ تەفریق هەبێ لەوانە, ناكرێ كەس و كاری ئەنفال واز لە حەقی خۆیان بهێنن, بەرامبەر بەوەی كە دەست كەوتی شەخصی خۆیانە, ئەوە تەكریمە جۆرێكە لە قەرەبووكردنەوە بۆ حەقی خوێنەكانیان كە رۆیشتووە لە كوردایەتی, من پێم وایە و, ئیقتیراحیش دەكەم شەهیدی سەنگەر و ئەنفال, ئەو تەصنیفە جیاوازی دروست دەكا لە مەعاش و رەواتب, پێم وایە شەهیدی ئەنفال و سەنگەر یەك ئیمتیازیان هەبێ, یەك مەعاشیان هەبێ, چونكە تەنها سەنگەرەكانمان پەلامار نەدراون, ئێمە بەپانایی نیشتیمان پەلامار دراوین, لەهەموو بوارەكان تەنها شەهیدی سەنگەر نەبووە, لە جینۆسایدش پەلامار دراوین, بۆیە دەبێ قەرەبووكردنەوەی كامل و شامل و متوازن بێت, چونكە سەنگەری مقاوەمە هەیە, خەڵك لەپشتەوەی جەبهە بووە, شۆڕش لێی بەرپرسیار بووە خەڵكی تیابووە, مەفروز وایە بەپێی تەزحیەكان قەرەبوو بدرێتەوە, لە حاڵەتی متەوازن و عادیلانە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز ئاریز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەرەتا تەئیدی برادەران دەكەم, كە ئەوە تەنها شەهیدانە بێ شتی تر نەبێ, ئێمە لەكوردستان روون كردنەوەیەك هەیە ئێستا ئەمەوێ بیدەم, سەدان خەڵك رۆژانە بەناوی هونەرمەند رێزلێنان وەرئەگرێ, سەدان خەڵك بەناوی رۆژنامەنووس رێزلێنان وەرئەگرێ, سەدان كەس بەناوی نووسەر رێزلێنان وەرئەگرێ, لەكاتێكدا زۆربەی هەرە زۆریان نالێم هەموویان, بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان نە نووسەرن, نە رۆژنامەنووسن, نە هونەرمەندن, بەڵام ئەوانە هەمووی شەهیدن, لە سەنگەر بووبێ, لە ئەنفال بووبێ, لەبارزان بووبی, لەبەر ئەوە لەگەڵ ئەوەین كە ئەوە شەهیدانە بێت.

له یەکەم هاتووە کەس و کاری شەهیدان, کەس و کاری شەهیدان پێویست ناکات, ئێمە پێناسەمان کردووە, کە دەڵێین کەس و کاری شەهیدان, هاووڵاتیان هەمووی ئەگرێتەوە پێویست بەوە ناکات کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال کراوان, یەکسەر کەس و کاری شەهیدان, یەکسەر هەمووی ئەگرێتەوە.

له دووەم لەپرۆژەی یاسای مافی کەس و کاری شەهیدان, حەقە کوردیەکە ئەصڵ بوایە, بەڕاستی زۆر بەداخەوەم, یەعنی دیسان ئیعتیماد دەکەینە سەر عەرەبیەکەی, لەجیاتی ژن و مێرد (هاوسەر) لەکوردیەکەی بەکاردەهێنرێت, هەردووکی دەگرێتەوە, ئەگەر ئەوەی بەکار بهێنین, سەبارەت بە کوڕ و کچ, من لەگەڵ ئەوەم هەتا ژیانیان بەردەوامە ئەو مووچەیان هەبێتن, بەلأم لەیەك شت دەترسم, ئەوەیش لەئاستی بەرهەم هێنان, تەمبەڵی دورست دەکات...., مەسەلەکە وایە, بۆیە پێم وایە ئەوە بکرێتە 30 ساڵ, لەبەر یەك شتیش بکرێتە 30 ساڵ, لەبەرئەوەی یەك: ماوەیەکی زۆریان لەدەست چووە لەرابردوودا کە مووچەیان نەبووە, دوو: با ئەو ماوەیە جۆرێك دەست گرتن بێت تا ئەگەنە 30 ساڵ , مێرد ئەکەن, ژن دەهێنن, جۆرێك دەست گرتن بێت, بۆ ئەوەی باشتر بتوانن بنیاتنانی خۆیان بکەن, بەجۆرێك تەعویز بکرێنەوە, من بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوە نیمە, کچ تا شوو ئەکات, تەئیدی جەنابی وەزیری شەهیدان و ئەنفال کراوان دەکەم, سەبارەت بە خاڵی شەشەم, براو خوشکان, من دەڵێم با بەو مەرجە بێت, سەرچاوەیەکی تری داهاتی هەموو خوشکان و برایان بگرێتەوە, بەو مەرجەی سەرچاوەیەکی تری داهاتیان نەبێت و, بڕە پارەیەش لە مووچەی منالەکان و دایك و باوك کەم نەکاتەوە, یەعنی شتێکی تایبەتیان هەبێ, لەگەڵ رێزمدا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز اخر شیخ جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی راستی بێ, پێویستە ئێمە هەموو کۆمەڵکوژیەکان ناوێکیان لێبنێین, کۆمەڵکوژی جینۆساید, چونکە زۆرشتمان هەیە باسمان نەکرد و لایەکمان کرد, بۆ نموونە ساڵی 85 تەیارەکان لە ئۆردگای زێوەیان دا, زیاتر لە 300 کەس شەهید بوون, هەزار کەس بریندار بوون, ئەورۆ یادی قەلأدزێمان کردەوە, هەر لە ساڵی 74 لە هەڵەبجەی دا, بەدەیان قوتابی شەهید بوو, بۆیە ئەگەر ئێمە هەمووی بەناوی جینۆساید ناوبنێین, هەمووی ئەگرێتەوە, جینۆسایدیش وشەیەکی نێودەوڵەتیە, ئیدانەی دیکتاتۆرەکانی پێدەکرێ, لەگەڵ قسەی کاك ئارێز دامە, کە تەمەنی کوڕ و کچ بکرێتە 30 ساڵ, یەعنی حدودێك دابنرێ, چونکە مەعقول نییە 50 ساڵ بێت هەر ئەو یارمەتیە وەربگرێ, چونکە ئەبێ زروفەکە بگۆڕین, سوپاس.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی تەمەن, بەڕاستی منیش هەر لەگەڵ جەنابی وەزیر و ئەوانەی کە هینیان کرد, لەگەڵ تەمەنەکە نیم, ئێمە ئەوەی ئێستا لە کوردستان هەیە, یان ئەو وەزعەی کە لەکوردستان هەبووە, شتێکی جیاوازە, لە 61 ەوە شەهید هەیە تاوەکو ئێستا, لە 61 ەوە شەهیدی هەیە, ئێستا تەمەنی چەندە, مەسەلەن ئێمە

ئەگەر شتێ بکەین غەیری قانونی بێ, یەعنی غەیری قانونی خانەنشین, چونکە ئێمە جارێکی تر شۆرش ناکەینەوە, یەعنی بەو جۆرەی بدەینە شاخ, نە کیمیایی دووبارە ئەبێتەوە, نەئەنفالیش دووبارە ئەبێتەوە, شتێکە شازە لەکوردستان روویداوە, ئەمانە شتێکی تایبەتین, ئیتر هەرچ ناوێکی لێئەنرێ هەتا ماون با هەیانبێ, مەسەلەن ئێستا کوڕەکەی لەساڵی 80 کان 70 کان باوکی شەهید بووە, کوڕەکە ئێستا تەمەنی 50 ساڵە, باشە تەمەنی 50 ساڵە یەعنی 20 ساڵی تر بیدەینێ هەتا تەواو ئەبێ, یەعنی بەرەئیی من ئەوەی لێنەبڕێ, ئەمە شتێکە تایبەتیە, هاتۆتە سەر ئەو میللەتە, چ کیمیایە, چ ئەنفالە, لەئەنفال پێش 20 ساڵ تەمەنی 2 ساڵ بووە, ئێستا تەمەنی 20 ساڵە, لە 88 تەمەنی 20 ساڵە, ئەوانە بەرەئیی من بکرێ بەبەردەوامی, تا ئەو جیلە ئەمێنێ, مەسەلەی فەرقی کچ و کوڕ نەبێت, بەڵام یەك موشکیلە هەیە لەنێوان ئەوەی کە ژنەکە شوو ئەکاتەوە, یاخود خوشکەکەی, ئێستا ئێمە خۆمان رۆیشتووین, ژنەکە شووی کردۆتەوە هاتووین پارەکەمان بەش کردووە لەنێوان خۆمان, پارەکەمان بەش کردووە لەنێوان کوڕەکاندا یان لەنێوان ژنەکاندا, یان هەیە ئێستا چوار خوشکی هەیە, هەر چواریان داوا ئەکەن, یەعنی موشکیلەکە لەوەیە, یەعنی خۆمان گیرۆدەی ئەوە بووین, ئێستا هەندێکمان هەر راگرتووە لای خۆمان بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەکانیان بکەین, جا ئەوان ئەگەر حەلێکیان بۆ بدۆزنەوە, من لەگەڵ ئەوەم کە ئەوە بەردەوام بێت, چونکە ئەوە شتێکی تایبەتیە بۆیان, ئەکرێ وەکو باس کرا لە خێزانێك 20 یان 18 ساڵە ئەنفال کراوە تەنها کەسێکیان ماوە, یاخود شەهیدەکە لە ساڵی 61 شەهید بووە, باشە مناڵەکەی ئێستا تەمەنی 50 ساڵە, چۆن دەبێ, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د0کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستی شەهید زۆر وشەیەکی بەرزە, زۆر وشەیەکی پیرۆزە, سەرووەری هەمووەمانە, ئیمرۆ ئێمە لێرەین بەرهەمی خوێنی ئەو شەهیدانەیە, هەرچی بۆیان بکەین, لەسەرووەتی ئەوەی لەبەر دەستمان دایە, ئەوە ناگەڕێنێتەوە کە مناڵێکی کورد ئەنفال کرابێ, یان پێشمەرگەیەك لەسەنگەر شەهید کرابێ, ئەوە حەقیقەتە, بەس واش نەکەین حاڵەتێك پەیدا بکەین کە زیاتر بیمرێنێ, مەسەلەن لەدەرەوە خەڵکێك هەیە, ئەچن شتێکی بەسیت وەرئەگرن بۆ ژیانیان, بەس بۆ ئەوەیە (بژێن و نەمرن), نەپێش ئەکەون لەژیان, نە ئەمرن, ئەوە خۆی مردنێکی بەتیئە, بەڕێزان باسی رێزلێنان لە جێگای خۆی نییە, مەسەلەن کوێخای گوندێك, لەبەر ئەوەی دیوەخانی هەیە, پارەی پێئەدەن بۆ ئەوەی دیوەخانی هەبێ, ئەمە پێی ئەڵێن رێز لێنان, ئەمە ئەبێ شتێکی تری بۆ بدۆزینەوە, شتێکی بەرز و پیرۆزە بۆ بدۆزینەوە کە لەگەڵ ئەم بەڕێزانە بێت, من وەکو پێشنیارێك, بەس باشترە ئێوەش بیری لێبکەنەوە, کە مافی وەرگرتنی مووچەی شەهیدانی جینۆساید, یەعنی شتێکی وابێ, مافەکەی لەگەڵ بێ هی جینۆساید, ئەوانەی بەر جینۆساید کەوتوونە, ئینجا وەزارەت لەگەڵ ئەوانی تر دەست نیشانی ئەکەن, بەپێی ئەو یاساییەی کە ئەوانە کێن, بەنیسبەت دامەزراندن لەعەرەبیەکە و کوردیەکە دوو شتی موخالف هاتووە, مەسەلەی خاڵی

3 (لحين التعيين)، لێرە تەعین بەدامەزراندن لە ئیش دێت، بەڵام لەکوردەواری دامەزراندن، یەعنی کچ لەماڵی خۆی دابمەزرێ، یەعنی ماڵی خۆی دروست بکات، بۆیە ئەمەش ئەبێ روون بێت.

بەلای من ئەوەی کە لەخاڵی یەکەم باسی ئەکات، (الزوج و الزوجة) بڵێین (الاسرة)، یەعنی ئافرەت لەهەموو دنیا لەریز بڕوا ئەیخەنە پێشەوە، لێرە ئێمە خستومانەتە دواوە، پێویستە ئەمە چاك بکەین، بەنیسبەت خاڵێکی تر کە حقوق، منیش لەگەڵ ئەوەم ئەو عومرە لابردرێت، چونکە ئەم ئەنفال و ئەم جینۆسایدە، و ئەوەی کە ئێستا کاك ئاخر باسی کرد، ئەوەی لەزێوە روویدا چەند ساڵ پێشتر بووە، ئەوەی لە قوشتەپە، ئەوەی لەگەرمیان، لە هەموو شوێنێکی کوردستان، مناڵێکی ناو بێشکە بووبێ، ئێستا پیاوێکی پیرە و هەموو ریش و سمێڵی سپییە، بۆیە ئەو عومرەش لابدەین و، لە هیچ جێگایەك فەرق لە کوڕ و کچ نەکەین، ئەمەی لێرە ئەڵێ (لحين التعيين)، یەعنی هەتاکو دائەمەزرێ، یەعنی تۆ حافزێکی پێئەدەی، بۆ ئەوەی دانەمەزرێت، یەعنی حقوقێکی هەیە موناسیبە، بۆچی دانەمەزرێت، لەلایەکی تریش بەناوی شووکردن لەوێ شوو نەکات، یەعنی وەزعەکەی لێی تێکدەدین، بۆیە کوڕ و کچ بەیەك چاو تەماشا بکرێ، یەك حقوقیان هەبێ و، هی خاڵی یەکەمیش مافی وەرگرتنی مووچەی شەهیدانی جینۆساید بێت، من رێزم بۆ هەموو ئەو بەڕێزانە هەیە، ئەو موناقەشەیەی کردتان هەمووی لەدڵسۆزی و حیرسە بۆ ئەوەی شتێکی باشتر بکرێت بۆ ئەو عەزیزانمان کە رۆیشتوونە، بەم شێوەیە چۆن پاداشتیان بدەینەوە، فەرقە لەگەڵ یەکێك دیوەخانێکی هەیە، رێزی لێدەگیرێ، مانگانە حقوقێکی پێ ئەدەی، لەگەڵ قەهرەمانێك لەسەر چیا شەهید بووە، بەرامبەر هاوەن و تۆپی ئەو رژێمانە، یان بە کیمیاباران لە هەڵەبجە، یان لە گەرمیان ئەنفال کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەحقیقەت ئەوەی دەیڵێم رەئیی نییە، تەنها شەرحە، ئەو هەموو موداخەلاتانەی کە کرا، هەمووی لەحیرسەوەیە، بەڵام هەندێکیان عاتیفەتی تێدایە، بێ ئەوەی دەقەکەتان باش خوێندبێتەوە، داوای لێبوردن دەکەین، خاڵێکی تێدایە، خاڵی چوارەم کەستان ئینتیباهتان بۆ نەکرد لە قسەکانتان، تەبعەن مووچەکە دابەش دەکرێ، خۆ ئەوها نییە هەموویان هەمان مووچەیان هەبێ، مەسەلەن مووچەکە هەزار دینار بێت، ئەوا ئەو هەزارە دابەش دەکرێ بەسەر دایك، باوك، خوشك، برا، ژن، منداڵ، کچ، ئەگەر یەکێ لەوانە مووچەکەی برِا حصەکەی ناڕوا بۆ دەوڵەت، ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوانی تر بەهەمان نیسبە، کەواتە یەعنی خانەوادەکە مووچەکەیان بەردەوامە، تا کۆتایی ژیانی دایك و باوك و خێزان، ئەمە زۆر گرنگە، ئەمە یەك.

دوو/ مەسەلەی ئەوەی کە ژن تا دادەمەزرێت، یان مێرد دەکات، من تەئیدی ئەوەم کە مێرد کردنەکە لابردرێت، وەك ئەصڵی مەشروعە وەها هاتووە، داوا دەکەم لیژنەی قانونی ئینسیحاب بکەن، زۆر لەئەندامانیش ئاماژەیان بەوە کرد، لەبەر ئەوەی ژن هەروەها پیاویش کە دادەمەزرێت بۆ دابین کردنی موستەقبەلیەتی، هەروەها ژیانێك دەست پێ بکات، تۆ ئەو مەعاشەت لێبڕی بەهۆی مێرد کردنیەوە، بەزەعیفی دەبێ ئەو خێزانە، کەچی بەقوەت ترە بەو مووچەیەوە خێزانەکە دابمەزرێنی لەگەڵ

هاوسەرەکەی, کەواتە بەرامبەر هاوسەرەکەی بەقوەت تر دەبێت, بە رێز تر دەبێت, ژیانیشیان باشتر دەبێت, لەبەر ئەوە بەڕەئیی منیش وەکو ئەندامانی پەرلەمان, نابێ ئەو مووچەیە قەتع بکرێ بەهۆی مێردکردنیەوە, بەلاّم کە دابمەزرێتن, دامەزراندن هەتا ئەگەر شەهیدیش نەبووبێ لەژیاندا مابوو, کوڕەکەی دامەزرا ئۆتۆماتیکیەن ئیعتیماد لەسەر خۆی دەکات, ئەو برگەیە دەبێ هەبێت, لەبەر ئەوەی تۆ تەنها هەدەفت ئەوە نییە, مووچە بدەیتە خێزانی شەهید, دەبێ باش لەپێش چاوت بێ, خێزانی شەهید دەرجە یەك و دوو, باوك و دایك خێزانە, تا لە ژیان ماون مافیان لێرە پارێزراوە, کچ و کوڕەکە دەبێ یارمەتیان بدەین تاوەکو خۆیان پێبگەیەنن, نەك ئیحساسێکی بدەیتێ, ئەو مووچەیە تا لەژیاندا ماوە, لە سەفی پێنجی ئیبتیدائی پاڵبداتەوە بڵێ من مووچەیەکم هەیە, بەڵکو دەبێ ئیحساسێکی هەبێتن, ئەو مووچەیە بۆ ئەوەیە خوێندن تەواو بکا, بۆ ئەوەی بێتە ژیان بە قوەت بێتە ژیان, لەبەر ئەوەی ئەو تەمەنە مانەوەی زەروریە, لەهەمان کاتدا تەئکید لەسەر ئەو خاڵە دەکەمەوە کە ئینتیباهتان بۆ نەکرد, ئەو مووچە کە لەو کوڕە یان لەو کچە دەبڕێ کاتی دامەزراندن, یەعنی تەعین بوونی, مووچەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەندامەکانی خێزانەکە و دابەش دەکرێ بەسەریان, بەپێی ئەو قانونەی کە موستەحەقن, ئەگەر کەسیشی نەبوو, حاڵەتی وەها زۆر کەمە, من ئیستیسنائی دەکەم, یەعنی بەقەراری تێگەیشتنی من بێت, هەرچەندە ئەوە نەهاتووە, بەلاّم حالەتی وەها ئیستسنا بکرێ, چونکە حاڵەتی وەها زۆر کەمە, لەوانەیە وەزیر خۆی هینی بکات پاشان, ئەمە یەك, دوو/ ئیشارەتان بەوە کرد (جینۆساید) هەبێتن, زۆر جێگای خۆیەتی, ئەوە قەراری خۆمانە, خەڵکی تر دەڵێ ئیبادە جەماعەیە و بەکۆمەڵکوژیە, ئێمە بەجینۆسایدی تێدەگەین لەناو قانون هەبێ زۆر تەبیعیە, خانەنشین هەمووتان ئاماژەتان کرد (خانەنشین) نەمێنێ, لەجیاتی ئەوە موقتەرەحەکە بەتەعدیلەوە دەخوێنمەوە, موقتەرەحی د0کەمال و موقتەرەحێکیش لە لیژنەی قانون هاتووە بەتەعدیلەوە ئەو موقتەرەحە بەباشتری دەزانم, بڵێن (حقوق وامتیازت ذوی الشهداء یتقاضون بنظام أو بقانون بقرار مجلس الوزراء) لەجیاتی خانەنشین (حقوق وامتیازات), چونکە مووچەی شەهیدان بەکوردیەکەی دێ, بەلاّم بەعەرەبیەکەی (راتب الشهداء) تۆزێ هینە, لەبەر ئەوەی بڵێین (حقوق و امتیازات الشهید), کاك رشاد نوقتەی نیزامی هەیە, فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حقوق و ئیمتیاز لەماددەی هەشت هاتییە بەتەفاصیل, بەناوی حقوق و ئیمتیازات هاتییە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەماددەی شەش لەیەکەمە (یستحق ذوی الشهید المناظل و المؤنفل و المواطن حقوق و امتیازات الشهید بموجب نظام یصدره مجلس الوزراء), هەمووی شەهیدن, بەڵێ جەنابی وەزیر من ئەو قسانەم کرد بۆ ئەوەی کاری ئاسان بکەم, ئەگەر نوقتەی نیزامتان نییە, ئێستا دەوری وەزیرە, کاك عوسمان فەرموو, نوقتەی نیزامت هەیە.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەصڵی مەسەلەكە، ڕاستە ناوەكە بەدەرجە یەك تەئسیری خۆی هەیە، بەڵام ئیمتیازەكە لەسەرووی ناوەكەیە، چونكە ئەوان دەیانەوێ بەناوی خانەنشین، ئەگەر مووچەكی تریان هەبێ لێنەگەڕێ، ئەگەر مووچەكەیان چ نا خانەنشین بێ چ ئیمتیازات بێت، بەردەوامیان هەبێ هەتا ئەوانە لە ژیانیان ماون، ئەصڵی مەسەلەكە ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عوسمان دیارە لەقسەكانی من باش تێنەگەیشتووی، یان خۆم باشم تەعبیر نەكردووە، ئەو پارەیە تەنها حاڵەتی ئیستسنائیان نەبێ، بۆ دایك و باوك و خێزان تا لەژیان ماوە، بۆ كچ و كوڕ تا پێدەگەن، كە پێگەیشتن حەقی ئەوان كە دەبڕن ناڕوا بۆ حكومەت، حەقی ئەوان تەوزیع دەبێتەوە بۆ دایك و باوك و خێزان، یەعنی ئەو پارەیە لەحاڵەتی تەبیعی، سەدا نەوەت و پێنجی حاڵەتەكان ئەوهایە، كە ئەو مووچەیە ئەمێنێ بۆ دایك و باوك و خێزان تا لەژیان ماون، بۆ منداڵەكان كوڕ و كچ بەو مەرجەی تاكو خوێندن تەواو ئەكەن، تاوەكو دائەمەزرێن، كە داش دەمەزرێن قەتعی دەكەن، قەتع كردنەكەش ناگەڕێتەوە بۆ حكومەت، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوانی تر، خاڵێك هەیە لێرە باسی كردووە بەوازحی، دەڵێ (هەر كەسێ مووچەی لێبڕا بەپێی ئەو قانونە، بەشەكەی تەوزیع دەكرێتە سەر ئەو كەسانەی كە موستەحەقن)، ئەو قانونە قانونێكی زۆر باشە بۆ خزمەت كردنی كەس و كاری شەهیدان، لێیان نابڕێتەوە، جاران لێیان ئەبڕاوە، ئەگەڕاوە وەزارەتی مالیە، ئێستا ناگەڕێتەوە وەزارەتی مالیە، جارێكی تر ئەچێتە سەر ئەو كەسانەی كە موستەحەقن بەپێی ئەو قانونە، نوقتەی نیزام نەما، ئەوا دەوری وەزیرە، فەرموو.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/(وەزیری كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئیجازەم بدەن، هەندێك شەرح هەیە، ڕەنگە جوابی كۆمەڵەك پرسیاری ئەوان ئەداتەوە، كەئێستا بەنوقتەی نیزام بە موڵاحەزە دەریدەبڕن، جەنابی سەرۆكی پەرلەمان سوپاس بۆ موڵاحەزاتەكانتان، هی دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان و هی هەموو برادەران، تەئكیدم لەوەی كە دڵسۆزان دەیانەوێ قانونەكە دەوڵەمەند بكەن، بەڵام یەك پرسیارم هەیە، هەدەف لەو مەعاشە چییە، با جوابی ئەو پرسیارە بدەینەوە، ئەو مووچەیە بۆ دائەنرێ، ئەوەلن ئەو قانونە دوو جانبی تێدایە، جانبی مەعنەوی و ماددی، مەعنەوەیەكە مووچەیە و كۆمەڵێك شتی ترە و ئیمتیازاتە، بەڵام برادەران بەس دەست دادەگرن لەسەر مووچەكە بەتەنها، ئەو مووچەیە، لەبەرئەوەی كەسێك شەهید دەبێ لەبنەماڵەیەك، یان ئەنفالكرایە، مەصدەری مەعیشی نەمایە، باوكە، برایە ئەوە سەرچاوەی ئابووریەكەی لەدەست دایە، حكومەتی هەرێمی كوردستان مولزەمە ئەو سەرچاوە ئابووریە جێبەجێ بكات بۆیان تا ئەو دەمەی كەموحتاج نەبن، ئەوە عورفێكە لەهەموو دنیا لە ڕعایەی ئیجتیماعی و لە وەزارات و لەموئەسەساتی تایبەتی پەیڕەو دەكرێ،

بەڵام تا ئەو کاتەی ئەو کەسە مەصدەری مەعیشی نییە, ئەوە ئیمتیازێکی تایبەتە, تەبعەن ئەوە بەدیلی خوێنی شەهیدەکان و ئەنفالەکان نییە, برادەران زۆرجار قەرەبوو یان مافی ئەوانە, نەخێر ئەوە بەدیلی خوێنی ئەوان نییە, ئەوە تەنها بۆ ئەوەی بژین, بۆ ئەوەی بتوانن بەردەوام بن لەژیان, تا ئەو دەمەی خۆیان پێدەگەینن, لێرە مەسەلەك تەرح کرایە, دەڵێ داك و باوك وەکو جەنابتان ئیشارەتان پێکرد, دایك و باوك خێزانەکەی ئیمتیازێکی تایبەتیان پێدرایە, کە تاماون لەژیان ئەیاندرێتێ, لەبەر ئەوەی موعاناتێکی زۆریان کێشایەبەدەرەجەی یەکن, مەسەلەی ئەوەی کە تەمەن دانرایە, مەرجی تەمەن بۆ کوڕ و کچی شەهید, بەڕاستی هەدەفەکە ئەوە بووە, موجتەمەعەکەی خۆمان تەمبەڵ نەکەین, لەبەر ئەوەی کچ و کوڕی شەهید گەنجە پێدەگا بتوانێ ئیش بکات, دەبێ ئیش بکات, نەك چاوی لەوە بێ بە صەدەقە بەخێو بکرێت, واز لەئیش بهێنێ, ئەوەی تر من دەمەوێ ئەوە بڵێم, یەعنی برادەران لێرە زۆر باسیان کرد, مەسەلەی تەمەن ئەوە قابیلی گۆڕانکاریە, دەتوانن ئەوان باسی لێوەبکەن, تەعدیلی بکەن, لە 21 ساڵی بیکەنە هەرچەندێك, بەڵام لەوێ لەبیر مەکەن دەڵێ تا ئەو دەمەی بەردەوام بێ لەخوێندن, یەعنی ئەگەر دکتۆراش بخوێنی مەعاشەکەی ئەدرێتێ, بەڵام کە شەهادەی هەبوو, ئیدی دامەزرا, دەبێ تەشجیعی بکەین کە کار بکات, یەعنی ئەوە هەدەفە بۆ زیاتر نەشیت کردنی خەڵکی ئێمە, ئەو قانونە لەسەر ئەساسێکی لە سفرەوە دانەمەزراوە, ئێمە دوو دەزگامان هەبوو پێشتر, کۆمەڵێك بنەما هەبوو لەهەردوو دەزگا, هەردووکیان رەچاو کرایە, لەسەر ئەو ئەساسە دامەزراوە ئەو قانونە, لەدەزگای شەهیدانی گەلی کوردستان لەئیدارەی سلێمانی ئەو قانونە موتەبەع بووە, کە کوڕ و کچی شەهید تەمەنی گەیشتە 18 ساڵ نەك 21 ساڵ مووچەکەی بڕایە, لەبەرئەوەی تەمەنەکەی وەزیفەکی هەبووە, تەنها ئەگەر وەزیفەشی نەبووە, ئەوە پەیڕەو کراوە, بەس نازانم ئێستا بۆ هاوار هاوارە, من دەزانم ئەو قانونە بەداخەوە لەوانەیە لە ئیدارەی سلێمانی تەنها لەسەر خەڵکی فەقیرو هەژار تەتبیق کرابێ, بەڵام ئەوەی دەوڵەمەند و کەفوئە تەتبیق نەکرایە, لەبەر ئەوەیە خەڵکانێك هەن مەصلەحەتیان دەکەوێتە خەتەر, ئەو قانونە بەس بەسەر هەژار تەتبیق کرایە, ئێمە دەمانەوێ ئەو حەقە بگەڕێنینەوە بۆیان.

ڕێزم هەیە لەسەر رەئیی هەردوو خوشکە بەڕێزانە, موتەئکیدم ئەوانیش دڵسۆزن, هەمووومان دڵسۆزی مەسەلەکەینە, چونکە بەشێکین لەو موجتەمەعە, بەڵام سۆزان خان من لەدەزگای شەهیدانی گەلی کوردستان کۆبوونەوەم کردووە, حەزدەکەی لەگەڵ برادەران دابنیشە, ئەو تەعلیماتە لەخۆمەوە نەمهێناوە, هەتا ئاخر لەحزەی کە هاتمە ئێرە, لەگەڵ برادەرانی ئەوێ قسەم کرد, گوتیان ئەو تەعلیماتە هەبووە لەلای ئێمە, موتەبەعیش بووە ئێمە جێبەجێمان کردووە, یەعنی من دەمەوێ بڵێم ئەوە هەبووە شتێکی نوێ نییە, لەدەزگای شەهیدانی ئیدارەی پارتی, ئیدارەی سلێمانی هەردوولا کۆمەڵەك تەعلیمات هەبووە, لێرە جێی کراوەتەوە, هەوڵدراوە بۆ بەرژەوەندی ئەوان, جا بڕیاری نیهائی بەڕاستی مەسەلەی قەرەبووکردنەوە شتێکی ترە, ئێمە هەوڵدەدین قەرەبووی ئەوان بکەینەوە بەشێوەیەکی تر, ئەوە لەحکومەتی بەعس داوا دەکەینەوە, ئەو جەریمەکەی کردووە, دەوڵەتی عیراق مولزەمە ئەو قەرەبووە بداتەوە, مەسەلەی جینۆساید

**باسكرا, كاك عوسمان جينۆسايدی تەرح كرد, من لەراپۆرت كە بۆ وەزارەت تەقديمم كرد, وتم بەشێوەيەكی ياسايی تاوانی ئەنفال بە جينۆسايد ناسراوە, بەشێوەيەكی ياسايی لە محكمەی عێراقی, لەبەرئەوەی كە ئيحالەی مەحكمە كرايە وەكو جينۆسايد ئيحالە كرايە, و قبول كرايە, كەواتە ئەمە جينۆسايدە هيچ شكی تيانيە و, حەقيشمان هەيە لێرە بەو شێوەيە زيكر بكرێ, بەلأم تكا دەكەم لێرە يەك تۆز ورد ببنەوە, ئەمە ئەوەلن مەرحەلەی بيدائيە, لە سفرەوە ئێمە هاتووينە قانون دادەڕێژين, قابيلی ئەوەيە زۆر خەلەلی تێدابێ, قابلی ئەوەشی هەيە لە موستەقبەل تەعديلی بكەين, لەبەرئەوە تكا دەكەم وامەزانن ئەوە ئايەتێكی قورئانيە, يان هەر بەندێكی موقەدەسی قورئانە, لەبەرئەوە قابيلی گۆڕانە و, داوای لێبوردن دەكەم لەو برادەرانە, تەبعەن من مەبەستم ئەندامانی پەرلەمان نەبوو, بەلأم من دەزانم هاوار هاوار لە دەرەوە هەيە, لەبەرئەوە خەڵكانێك هەيە لەدەرەوە هاوار دەكەن كە ئێمە مافی ئەوانمان خواردووە, نەك مافيان بۆ دابين بكەين, مەسەلەی ئەنفاليش دەكرێ تايبەتمەندی هەبێ, جوابی نيهائيش بۆ خودی ئێوەيە, ئێوە دەتوانن حەسمی بكەن, بەو شێوەيە كە بۆ بەرژەوەندی عامە, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**سوپاس, تەفسيرەكەت مەقبولە, هاوار هاوار لەدەرەوە هەيە, فەرموو كاك محمد فرج.**

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**من دوو خاڵم هەيە, خاڵی يەكەميان/ ئێمە شەڕێكی زاراوەمان هەيە, هەر لەدروست بوونی تاريخەوە, يەعنی كەليماتەكان لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تر جيايە, لەئەوروپا بەگشتی زەحايە بەكاردێت, ئێمە لێرە كەليمەی شەهيد بەكاردەهێنن, يەعنی كەليمەكە لای ئێمە هەر قودسيبيەتێكی هەيە, دووەم/ ئەم بەشانەی كەباسمان كرد, ئەم ياسايە كە لێرە دەرچووە, ياسايە بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان, ئەگينا لە ئەصڵە ئەم مەسەلەی جينۆسايدە, لەوانەيە من موخالف بم لەگەڵ چنار خان, ئەمە بە جينۆسايد نەناسراوە, كاتێك بە جينۆسايد ئەناسرێت، كە لە ئومەم موتەحيدە ئيقرار بكرێ, مەحكەمەيەكی عێراقی عقوبات, ناتوانێت ئەمە بكات, ئەوە ئەبێ لە ئومەم موتەحيدە وەكو ئەرمەن ئيقرار بكرێ, ئەگەر ئێمە توانيمان ئەو وەزارەتەی ئێوە يەكێ لەئيشەكانی لە داهاتوو ئەوە بێ ئەمە بەجينۆسايد بناسرێنێ, ئەم مەسەلەيە ئەمێنێتەوە, من دوو نموونە ئەخەمە بەرچاوتان: لە ئەرمەن 92 ساڵ پێش ئێستا كراوە, كێ ماوە ئێستا, لە كوڕی, هەر ئەو ڕۆژەش لەداك بووبێ يان پێنج مانگ دوای ئەوە لەدايك بووبێ, كەسيان نەماوە ئێستا, يەعنی منداڵی ئەو جيلە نەماوە, بەلأم قەزيەكەيان باقيە, يەهود 63 ساڵ پێش ئێستا كراوە, هەتا 2020 ئەخايەنێ, هەتا ئێستا 40 مليار دۆلاريان وەرگرتووە, ئەمە پەيوەندی نييە بەوە بڵێی كچەكەی ماوە يان كوڕەكەی ماوە, ئەمە مەسەلەيەكی خەتارناكە كە دروست بووە, ئەمانە هەمووی ئەبێ قەرەبوو بكرێنەوە, ئەوەی كە تيا چووە, ئەوانەی كە شەهيد بووينە, لەبەر ئەوەی من پێشنيار دەكەم, كەليمەی شەهيد بەكاربهێنين (شەهيدەكانی سەنگەر و كيمياباران و ئەنفال و هاووڵاتی), ئەی بۆ هاووڵاتی**

ئەو هەموو خەڵکە تیا ئەچیّ, هەر ئەمڕۆ قەلآدزیّمان باس کرد, ئەی ئەوانە شەهید نین, بەیانی دوو بەیانی باسی هەڵەبجە دەکەین, ئەوانە شەهید نین, لەبەر ئەوە ئەم کەلیماتانە لەلای ئیّمە بەم صیاغەیە دابڕیّژین و, ئەو وەزارەتە کار بکا بۆ ئەمە لەنەتەوەیەکگرتووەکان, ئیّمە ئەوە ئیقرار بکەین, بۆ ئەوەی بتوانین ئەم حاڵەتانە دروست بکەین:

1-دەبیّ ئەوانە قەرەبوو بکریّنەوە.

2-ئەمانە هەر نیزامی تەقاعودی ئەوانە بگریّتەوە, هەر شتیّ ئەبیّ بەقانون بیّ, ریّزلیّنان شتیّکی موئەقەت و کاتییە, بەیانی وەزارەت ئەتوانیّ بیبڕیّ, حاڵەتیّکی ئیستسنائیی بۆ دروست دەبیّ و ئەتوانیّ بیبڕیّ, بەلآم تەقاعودی سیسەتەمیّکی نۆڕماڵە لەهەموو دنیا, بەلآم بلّیین شەهیدانە قسەسەیەکەی جوانە, دووەم/ دەبیّ ئەم یادانە رایبگیریّت, بەپیّی ئەو پرنسیپە نیّودەوڵەتیە, نابیّ نەوەکان ئەمە لەبیر بکەن, ئەبیّ هەموو ساڵیّ ئەم یادانە زۆر بەزیندوو بەگەورەیی رابگیریّ و, مەسەلەی یادوەری ئەبیّ لەهەموو جیّگایەك ئەوانە نەصبیّك بکریّ, هەموو جاریّ خەڵك سەیری بکات, نەوەکان ئەوانەیان لەبیر نەچیّت, یەك خاڵی ترم ماوە, بۆ کەس و کارەکانیان, ئاوەدان کردنەوەی گوندەکانیان, ئەو ئیمتیازاتانەی کە هەیە شمولی کەس و کارەکانیان بکات, ئەگەر دوو نەوەش بیّ, سیّ نەوەش بیّ, زۆر سوپاس.

**بەڕیّز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەسە موناقەشە زۆر کرا, داوا لە لیژنەی قانونی دەکەم, موقتەرەحی خۆیان سەحب بکەنەوە, لەوەی کە ژن لەکاتی شووکردنی مووچەکەی دەبڕیّ, ئەگەر سەحبی ناکەن دەیخەمە دەنگەوە, فەرموو.

**بەڕیّز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕیّز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیّمە ئەو موقتەرەحەی سەحب دەکەین, مادەم بە پەسەندی دەزانن.

**بەڕیّز د0ناصح غفور رمضان:**

**بەڕیّز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەلەن ریّز لیّنان باش بوو کاك محمد باسی کرد, ریّز لیّنان بۆ جاریّکە, لەگەڵ ریّزمدا بۆ ئەو وشە پیرۆزە, بەلآم ریّز لیّنان بۆ جاریّکە, ئەمە یەك, دوو/ خاڵیّکمان باس کرد, یەکەم من دەست نیشانم کرد, و برادەرانیش زۆر تەئکیدیان لەسەر کردەوە, لەیاساکەدا نەهاتووە, ئەگەر بنەماڵەیەکی شەهید, یان بنەماڵەیەکی ئەنفال یەك کەسیان مابیّتەوە, ئەبیّ تا ماوە لەژیان مەعاشەکەی هەر هەبیّ, وەکو دایك و باوك و خیّزان, زۆر سوپاس.

**بەڕیّز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئەوە رەئیی بوو, نوقتەی نیزام نەبوو, ئیّستا لەبەر رۆشنایی لیژنەی قانونی و لیژنەی مافی مرۆڤ و وەزیر و رای زۆربەی ئەندامەکان, لەماددەی شەشەم بەو شیّوەیە دەگۆڕیّت:

اولا: یستحق ذوی الشهید المناضل و المؤنفل حقوق و امتیازات الشهید بموجب نظام یصدره مجلس الوزارة.

بەم شێوەیە گۆڕاوە, کێ لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریەیە, دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون. کێ لەگەڵ نییە, دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون, بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

ثانيا: المشمولون باحكام الفقرة/ اولا من المادة السادسة هم:

1-الزوجة أو الزوج.

رەئیەکەی کوێستان خان, با هینەك بکەین, لەقانوندا موزەکەر و موئەنس ئەگەر بەتاکیش بوو, مانای جەمع بگرێتەوە, کەوتت (الزوجە) ئەگەر سێ زوجەیش بێت, یەك شتە.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زوجات بێت باشترە, لەبەرئەوەی ئەگەر یەك زوجە بێت, حەقی یەك زوجە تەقسیم دەکرێ بەسەر هەموویان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر وانیە, بۆیە (الزوجە أو الزوج), بەم شێوەیە خاڵێ یەکەم دەگۆڕێ,

2-الابن الى حين اكمال الحادية و العشرين من العمر اذا لم يكن مستمرا على الدراسة.

ئەم خاڵە زۆر موناقەشەی لەسەر کرا, لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە, من ئیقتیراحەك دەکەم, ئەگەر جەنابی وەزیر موافەقەت بکات, تەمەنەکەی بکەینە 24 ساڵ, لەبەر ئەوەی ئیمکان هەیە درنگ چووتە مەکتەب, ئەگەر موافقن, لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤ, جەنابی وەزیر رەئیی چییە؟ فەرموو.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/(وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بەر لەوەی ئەم یاسایە دابنێین, نوێنەری وەزارەتی دارایی ئامادە بوو, بەڕاستی دەبێ میزانییەی حکومەت لەبەرچاو بگرین لەو مەسەلەیە, راستە کەس و کاری ئەنفال و شەهید موستەحەقی ئەوەن زۆر زۆریان پێبدرێ, بەڵام دیسان تەئکید دەکەمەوە, ئەوە بۆ ئەوەیە پێی بژین, بەڵام دواتر لەسەر پێی خۆیان بوەستن و کار بکەن, تەبعەن شمولی دایك و باوك و خێزانی شەهید ناکات, ئەگەر مەعاشی خۆشیان هەبێ, ئەوا ئەو مەعاشە هەر وەرئەگرن, بەس تەنها کوڕو کچ لێرە بوویتە ئیشکال, کچ و کوڕی شەهید یان ئەنفالکراوەکان, ئەوانیش هەدەفەکە دوو جانبی هەیە, رەنگە هەندێکیان بەغەدر حیساب دەبێ ئەگەر لێیان ببڕین لەو مەرحەلەیە, لەهەمان کاتدا جانبە ئیجابییەکەش ئەوەیە دەمانەوێ تەشجیعیان بکەین کە ئیش بکەن, چاویان لەوە نەبێ, دەکرێ تەمەنەکە زیاد بکەین, چونکە حکومەتی هەرێمی کوردستان رەنگە نەتوانێ دوو مووچە بدا بەیەك کەس, هەر خۆی دژی تەعلیماتی وەزارەتی دارایی کە تەعلیماتی دەردەکات, دەڵێ دوو مووچە نابێت بدرێتە یەك کەس, ئەوە حەقە, ئەوە مووچەیە, بەهەر حاڵ ئێوە حەسمی دەکەن, لەبەرئەوەی ئیمکانیەتی دارایمان لەبەر چاو گرتووە, رەنگە تۆزێك سەخت بووە, بۆ دارایی دوو مووچە بدات, ئێمە پێمان باشە وەکو موقتەرەح ئەگەر تەمەنەکە زیاد بکرێ, یان موقتەرەحێکی ترمان هەیە,

وەكو رای وەزارەت, ئەوە بۆ ئەنفال و جینۆساید ئیستسنا بكرێ, تا ئەو كاتە قەرەبوو دەكرێـتەوە ئەو حقوقە بمێنێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

چنار خان ئەوە مەنتیقە دیفاعم بۆ ئێوە كرد, ئێستا لە زدتان بەكار دەهێنم, ئەگەر 21ساڵ یان 24 ساڵ بێت, ئەگەر قەتع بوو ناگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی مالیە, دەچێتەوە سەر وەرەسەكان, ئەگەر 21 یان 24 ساڵ بێت, پارەكە هەمان پارەیە, بەنیسبەت وەزارەتی مالیە هەمان شتە, ئەگەر قەتع بكرێ بەپێی خاڵی چوارەم دەگەڕێتەوە بۆ وەرەسەكان, لەبەر رۆشنایی موداخەلاتی ئێوە ئەوا 21 زیاد بكرێ بۆ 24 ساڵ, ئەگەر لەخوێندنیش بەردەوام بوو, ئەوا تا خوێندنی تەواو دەكات مەعاشەكەی بەردەوام پێئەدرێ, واتە كوڕ تا دەگاتە 21 ساڵ لەئەصڵی مەشروعەكە هاتووە, ئەگەر لە خوێندن بەردەوام نەبوو, لەبەر رۆشنایی موداخەلاتی ئێوە, دەڵێین ئەو 21 ساڵە كەمە ئەم تەمەنە, بۆیە كردمانە 24 ساڵ و, ئەگەر لە 24 ساڵیش هەر لە جامعە بەردەوام بوو, ئەوا مەعاشەكە هەر بەردەوامە و, ئەگەر پارەكەشی قەتع كرا ناگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی مالیە, دەچێتەوە سەر بەقیەی وەرەسە (دایكە, باوكە, خێزانە, خوشكەكانیەتی), پێم وایە وازحە ئێستا, دەیخەمە دەنگەوە, فەرموو چنار خان.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/(وەزیری كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

برادەران زیاتر تەئكید لەسەر ئەو كەسانە دەكەن, كە دایك و باوكەكەی نەماوە, لەحاڵەتێك كەتەمەنی یاساییان تەواو كرد, ئیدی ناچێـتە سەر كەس تەنها لە حاڵەتێك ئەگەر خوشكەكەی شووی نەكردبوو, یان خوشك و برای عاجز بوون, یان پەككەوتوو بوون, لێرە دەچێـتە سەر زیمەی ئەوان, ئەوان مووچەكە وەرئەگرن, لێرە ئەو كێشەیە چۆن چارەسەر ئەكەین, من دەڵێم وەك رەئیی وەزارەت, بۆ ئەنفال و قوربانیان و شەهیدان و جینۆساید تا ئەو دەمەی قەرەبوو وەرئەگرنەوە, مەعاشەكە هەر بەردەوام بێت, بەڵام ئیستسنا بكرێ تەنها بۆ جینۆساید, نەك بۆ شەهیدان, چونكە پێشتر لەهی شەهیدان ئەو رێنمایە موتەبەع بووە, پەیڕەو كراوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

با صیغەیەك بدۆزینەوە, بۆ ئەو حاڵەتانە ئیستسنا كە باسیان دەكەین, كاك دلێر فەرموو نوقتەی نیزامە.

**بەڕێز دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە مەنتیقە كە ئێمە موناقەشەی پێئەكەین, دائیمەن باس لەشتێكی رابردوو ئەكەین, ئێمە ئەم یاسایە بۆ ئەوە ناكەین كە رابردووە تەنها, بۆ ئەوە ناكەین كە ئەنفال كراوە یان شەهیدەكان لە 60 ەكان تاكو چەند ساڵ لەمەوپێش شەهید كراون, ئێمە دوێنێ خێزانێك لەكەركووك قەتلی عام كران, ئەمە ئەكەوێتە ئەم یاسایە, پێرێ كرێكارەكانی یەزیدی قەتلی عام كران, بزووتنەوەی رزگاریخوازی كوردستان كۆتایی

**نەهاتووە, لەبەرەئەوە ئێمە ئەم یاسایە دەرئەکەین بۆ ئەو کەسانەی کە لەئایندەش ئەیانگرێتەوە, لەبەر ئەوە هیوام وایە بۆ ئەو کۆمەڵە کەسە وارس نەمێنێ, یان بە مەنتیقێکی تر ئەوە موناقەشە بکەین.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**نوقتەی نیزام نییە, هەرچەندە ڕێگاشم پێدای, ئەوە رەئییە, فکرەکەت گەیشت, سوپاس, دەکرێ ئەو حاڵەتە تایبەتیە کە باسمان لێوە کرد, ئەگەر کوڕ وکچ بەتەنها وارس بێت, دەکرێ بە پڕۆژەیەکی تایبەت هەموار کردن بیکەینە قرارێکی تایبەت, یان دەکرێ لێرە ئیزافەیەك بکەین, دەکرێ لێرە فەقەرەیەك ئیزافە بکەین, (ئەو کەس و کاری شەهیدان کە بریتین لە کوڕو کچ, ئەگەر تەنیا وارس کوڕ و کچەکە بن, بەردەوام بێت وەکو دایك و باوك و خێزان), ئەوەتان پێ باشە, من موقتەرەحێك بۆتان دەخوێنمەوە, ئەگەر وەزیر موافەقەت بکات, هەرچەندە پێم باشە, چونکە داواکاریەکە بۆ شەهیدانە, لە پاشی فەقەرەیەك ئیزافە بکەین, بڵێین (ئەو ئیستحقاقە ئەو حقوق و ئیمتیازە بۆ کوڕ یان بۆ کچ تا ژیانی ماوە بۆی دەمێنێ, ئەگەر تەنیا وارس بوو), باشە ئەوە, نوقتەی نیزام نییە, کاك عوسمان فەرمووو.**

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەتەنیا یەك کەس نییە, چونکە ئەگەر بەتەنیا یەك کەس بوو, یەعنی یەك منداڵ, لێرە دایك و باوکیان نەماوە, سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کە وتت موستەحەق بوون, مەبەستت کوڕ و کچەکەیە, یەکێکیان دەگرێتەوە, یان کوڕەکە یان کچەکە, پارەکە ئەگەر چوار کوڕو کچ بن, ئەگەر کوڕەکە تەعین بوو پارەکە دەچێتن بۆ سێ کەسەکەی تر, ئەوی تر تەعیین بوو پارەکە دەچێت بۆ دووەکەی تر, ئەوەی تر تەعیین بوو پارەکە دەچێت بۆ ئەوەی تر, ئەگەر ئەویش دامەزرا پارەکە نامێنێ, صیغەکە بەتەعدیلێکی بەسیتەوە, بەعەرەبی دەخوێنمەوە و لەگەڵ کوردیەکەش (یوؤل الاستحقاق الی الابن أو البنت), یەعنی (ئەو مووچەیە یان ئەو مافانە دەگەڕێتەوە بۆ کچەکە یان کوڕەکە تا ژیانی ماوە ئەگەر هەر یەکێ لەوان تەنیا کەس بوون), بەعەرەبیەکەی (یوؤل الاستحقاق الی الابن إو البنت طیلة الحیاة اذا کان ای منهم المستحق الوحید), وازحە کاك شێروان, کاك عونی, کاك کاکە, کاك محمد فرج, جەنابی وەزیر, دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵ ئەو فەقەرەیە, دەستی بەرزبکاتەوە؟فەرموون, کێ لەگەڵ نییە, دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ ئەم فەقەرەیەش تەسبیت کرا.**

**ساڵەکە ببێتە $24$ ساڵ, هەمان شتە فەرقی نییە, موافقن, ئەوەش دەخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ ئەوەیە تەمەنەکە بکرێتە $24$ ساڵ, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ ئەوەیە تەمەنەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ ئەوەش تەسبیت کرا, تەواو.**

چوارەم/ (يستثنى الاولاد العاجزين من الشروط الواردة في هذة المادة), من پێم وایە (وفقا لتعليمات تصدرها الوزارة) زیادە, دەبێ شەتبی بکەین, چونکە لێرە کردوومانە قانون, دەبێ ئەو تەعلیماتە بەپێی قانون دەربچێت, کەواتە چوارەم (هەموو مندالەکان کە کەم ئەندامن تا ژیانیان ماوە مافەکەیان بەردەوام دەبێت) تەبعەن ئەگەر وتت ئەولاد کوڕ و کچ دەگرێتەوە, یەعنی نە بە 21 سالی یان 24 سالی نەبەتعیین بوون یان بە شووکردن مافەکەیان نابڕێ, دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ ئەو فەقەرەیەیە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, تەواو, ئەوانی تر گۆڕانکاری بەسەر نەهاتووە, ماددەکە هەمووی دەخەمە دەنگەوە بەو گۆڕانکاریانەی کە دەنگتان بۆدا, فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەنگی دەرنەچووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لە لیژنەی قانونی هەیە، موقتەرەحی لیژنەی قانونییە، مولاحەزە وەردەگیرێ، فەرموو

**بەڕێز گولناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی سالەکە دەنگی بۆدرا, بەکەمی ئەویش زۆرینە نەبوو, ئەو سالە یەکلا بکرێتەوە, ئەبێ بژمێردرێ, زۆر کەم بوو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دوێنێ لەگەڵ جەنابی وەزیر دانیشتبووین, دوای ئەوەی کە ئیعادەی نەزەرمان کردەوە, لە فەقەرەی شەشەم (الاخوة والاخوات) بە موتڵەقی هاتووە, تەبعەن ئەوە ئیمکان نییە (الابن والبنت) شەرتیان بۆ دابنێین و, (الاخوة والاخوات) شەرتیان بۆ دانەنێین, بۆیە وامان دانا (الاخوة و الاخوات مع مراعات الفقرتين (2, 3) الاعلى), بۆ ئەوەی هەمان شەرتی 24 سالەکە یان تەعیینەکە لەسەریان فەرز بکرێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا فەقەرەی (6) وازحە لاتان, یان شەرحی بکەین, د0شوکریە فەقەرەی (3) تەواو بوو, دەنگمان بۆدا, کردمانە 24 سال, تۆ ئیقتیراحت ئەوە بوو لاببردرێت, بەلام کە دە ئەندام رازی نەبوو لەسەر ئەوە, موقتەرەحەکەت وەرناگیرێ, ئەوە رەئیی خۆتە, قسەکانیشت هەمووی تەسجیل کراوە, لە پرۆتۆکۆل قسەت کردووە کە لاببردرێت, برادەری تر, ئەندامانی تر وتیان ئەبێ زیاد بکرێ, شەش کەس, حەوت کەس ئەو داوایەیان کرد, کە زیاد بکرێ, بۆیە من کردمە موقتەرەحێك سێ سالم بۆ زیاد, وەزیر موافەقەتی کرد, زۆربەی ئەندامانیش موافەقەتیان کرد, زۆربەیان بەدڵیان بوو, بەلام من پێم وایە ئەوە باشە و, زەرەر لە

وەزارەتی مالیە نادات, بۆیە خستمانە دەنگدان, و دەنگیان لەسەردا, سێیەمەکە (لحين التعيين) موفقتەرەحی لیژنە یاساییە سەحبی کرد, دەڵێ (أو الزواج) لیژنەی یاسایی خۆی موفقتەرەحەکەی سەحب کردەوە, کەواتە (لحين التعيين).

(الأولاد العاجزين) دەنگمان بۆدا, (وفقا لتعليمات تصدرها الوزارة) لادراوە, ئەوەش دەنگمان بۆدا, (الوالدين) ئەوە هەروەك خۆیەتی گۆڕانکاری بەسەر نەهاتووە, (الاخوة و الاخوات مع مراعات الفقرتين (2, 3)), یەعنی خوشك و برای شەهیدان وەکو کوڕ و کچی شەهید شمولیان دەکات, بەلاّم بە موراعاتی تەمەنەکە, موراعاتی تەعیینەکە, ئەو موراعاتە تەعدیل کراوە, کێ لەگەڵ ئەو تەعدیلەیە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرمووون, کێ لەگەڵ نییە, دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرمووون, باشە بە ئەکسەریەت وەرگیرا, تکایە قسە مەکەن, پاشان یەکێ دەڵێ من ئاگام لێنەبوو, پێی وایە نەخراوتە دەنگدانەوە, ماددە تازەکە کە خوێندمانەوە دەنگمان لەسەردا, جەنابی وەزیر مولاّحەزیەکی هەیە, فەرموو.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/(وەزیر کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئکید دەکەمەوە لەسەر ئیقتیراحەکەی خۆم, ئەگەر بکرێ ئەو خاڵە زیاد بکرێ (کوڕ و کچی قوربانیان یان شەهیدانی جینۆساید موستەسنا بکرێن), واتە لەخاڵی دووەم تەحدیدی عومرەکە تا ئەو دەمە قەرەبوو دەکرێنەوە, ئەگەر ئەو خاڵە ئیزافە بکرێ من پێم وایە شتێکی باشترە, بۆ کەس و کاری جینۆساید ئەوە زیاد بکرێ, نەك شەهیدانی تر, ئەوە پێشتر ئەو تەعلیماتە هەبووە, و موتەبەعیش بووە, سەبارەت بە شەهیدان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی ئێوە رەئیتان چییە؟ فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی ئیعتیرازمان لەو موفقتەرەحە نییە, و شتێکی باشە بۆیان.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەنگمان دا بۆ ئەوەی کە تاقانەیە, تا لەژیاندا مایە, پێویست بە موناقەشە ناکات و, باسی لێوە بکەینەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باسی ئەوە نییە کاك عادل, کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی چنار خان ئیشارەتی پێدا, ئەوا مەسەلەی تەعویزە, ئەوە حەقەكە كە دائیمە بەڕاستی, ئەوە نابێتە بەدیل, بۆیە كە نەصەكە هاتووە لەجێگایی خۆیەتی, ئەمە یەك.

دوو/ من حەزدەكەم ئیشارەت بەوە بدەم, لەماددەی شەش باس لە شەهیدی مونازل و موئەنفەل و مواتن هاتووە, بەلاّم لەماددەی یەك, مونازڵ لە زیمنی ئیبادەی جەماعی حیساب كراوە, دەبێ لێرەش تەصحیح بكرێ, لەبەرئەوەی شەهیدی ئیبادەی جەماعیە, هەروەك چۆن لە تەصنیفەكە هاتووە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قەرەبوو مافی كەس و كاری شەهید نابڕێ, یەعنی كاتێك قەرەبوو كراوە مافی هەر ئەمێنێ, حەقی خۆیەتی, ئەمە یەك.

دوو/ لەوە تێنەگەیشتم خوشك و برای شەهید تەمەن چۆن تەعاروز ناكا لەگەڵ 24 ساڵەكە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە نوقتەی نیزام نەبوو, بەلاّم بۆت روون دەكەمەوە, یەكەم قەرەبوو لەسەر داوای وەزیر بوو, ئەمە یەك, دوو/ بەنسبەت خوشك و برایەكە, لەوێ شەرحمان كرد, و گوتمان بە موراعاتی فەقەرەی (2,3)یە, وەكو كوڕ و كچی شەهیدە و ئیشارەتمان كردو دەنگمان بۆ دا, ئەو موفتەرەحەی وەزیر موقتەرەحێكی تازەیە, بەلاّم كاك شێروان شەرحی كر, قەرەبوو مانای ئەوە نییە مووچەی لێبڕێ, قەرەبوو رەنگە تەعویز بدرێ بە خانوو بە ئەرز, بەلاّم مووچەكە شتێكی ترە, چنار خان فەرموو.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/(وەزیری كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دەڵێم ئەو مووچەیە كە قەرارە هی كوڕ و كچی شەهید ببڕێ, ئەوكاتەی كە تەمەنی دەگاتە 24 ساڵ, جا شەهیدانی جینۆساید بێ, یان شەهیدانی سەنگەرو هاوولاّتی, موقتەرەحی من بۆ جینۆساید تایبەتمەندیەكی بكەین, برادەران هەموو تەئكید لەسەر ئەوە دەكەنەوە, یەعنی ئەوان موعاناتێكی تایبەتیان هەیە, بۆیە من تەئكید دەكەمەوە دەڵێم (ئەو قانونەی 24 ساڵەكە شموڵی كوڕ و كچی شەهیدانی جینۆساید نەكات تا ئەو دەمەی قەرەبوو دەكرێنەوە, واتە كە قەرەبووەكەیان وەرگرت ئەوكات مەشمول بن بەو قانونەی 24 ساڵەكە), جا ئەگەر بكرێ ئەو فەقەرەیە زیاد بكرێ ئەوە پاڵپشتیەكە بۆیان, و ئەو حەقەیان پێبدرێ 2 ساڵی دی یان 4 ساڵی دی, ئێمە هەوڵ دەدین بە قەرەبوو, رەنگە بەماوەی 2 ساڵی دی قانونەكە دەرچوو بە بڕیاری مەحكەمە, ئێمە داوای قەرەبوو دەكەین, یەعنی سەقفێكی زەمەنی دادەنێین تا قەرەبوو دەكرێنەوە, ئەوان مەشمول نابن بە فەقەرەی 2 هەرئەوەندە, بەس كوڕ وكچیان, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من خۆم ئێستا تێگەیشتم, مەبەستی جەنابی وەزیر ئەوەیە ئەوانەی موئەنفەلن یان بە كیمیاباران شەهید بووینە, ئەو شەرتانەی كە دامان نا بۆ وەرگرتنی مووچە بۆ كوڕ و كچی شەهیدان, تەمەنی 24 ساڵ, تەعین بوون, ئەوان نەگرێتەوە تاكو قەرەبوو دەكرێنەوە, كە قەرەبوو كران, ئەو شەرتانە بیانگرێتەوە, مەنتقێكی تیایە صیغەیەك بنووسن بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان, نوقتەی نیزامە, فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر باشا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەسەر قەرەبوو, مادەم مەسەلەی قەرەبوو هاتە گۆڕێ, لێرە دەبێ دەست نیشانی ئەوە بكرێ, كە قەرەبووی گشتی و قەرەبوو تایبەتی هەیە, بەگوێرەی قانونی مەدەنی عێراقی, قەرەبووی تایبەتی خاص بەكەسێكە كە زەرەری كردووە یان شتێكی لەدەست داوە, بەڵام قەرەبووی عام ئەوەیە گشتییە و عام دەگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی مەبەست لێرە ئەوەی كە جەنابی وەزیر باسی كرد, مەبەست لەقەرەبوو كردنەوەكە, باوازح بێ لامان, مەبەست لەوەیە قەراری بەغدا كە تەشكیل كراوە, موحاكەمەكردنی ئەو تاوانبارانە, یەك لە داواكاریەكانمان ئەوەیە مەحكەمەیە قەرار بدا بە قەرەبوو كردنەوەی زیانی كیمیاباران و ئەنفال, تا ئەو قەرارە جێبەجێ دەكرێ, لەلایەن حكومەتی عێراق قەرەبوو دەكرێنەوە, داوای وەزیر ئەوەیە منداڵانی ئەنفال و كیمیاباران مەشمول نەبن بە تەمەن و تەعیین, كاك سردار تۆ موقتەرەحت چییە؟

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەجومەن.**

نەصەكە بەم شێوەیە دەبێ (لایتم تطبیق الشروط الواردة في الفقرات السابقة على ولایة ضحایا الانفال و الاسلحة الكیمیاویة لحین تعویضهم), زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د0كمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیاری چنار خان ئەوهایە دیارە من لەگەڵ كاك فرست باش لێك حاڵی نەبووین, ئەم عومرە بەردەوام دەبێت هەتا هەمووی ئەگەنە تەعویز, كە قەرەبوو كران ئینجا ئەم قانونە جێبەجێ دەكرێ لەسەریان, یەعنی رەئیەكی باشە و, ئینقاز كردنی ئەو مەوقیفەیە, بۆیە بەم شێوەیە بێت باشە, سوپاس.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی من تێگەیشتووم, ئەگەر مەوزوع زەرەر بێت, تەعویزی ئەو زەرەرە قانونیەن وەك مەبدەئو قەواعیدی عام هیچ عیلاقەی بە عومر نییە, هەریەك ئیسپات بوو كە زەرەری پێكەوتووە, نەتیجەی ئیشێكی ناقانونی, یان موتەهیمێك كردبیتن ئەوەی كە حوكمی مەحكەمەی وەرگرتبێ, موستەحەقی

تەعویزە و عیلاقەی دگەل عومر نییە, ئێمە لێرە بۆ باسی 21 ساڵ و 24 ساڵی, یان ئیسپات بێت کە برای شەهیدە, یان کوڕی شەهیدە, یان خێزانی شەهیدە, موستەحەقی تەعویزە ئەگەر هاتوو وەرگیرا, نزانم حەز دەکەم برادەران ئەو شتە روون بکەنەوە باشترە, یەعنی باسی عومر بکەی یان نەکەی, ئیستسنائی بکەی یان نەیکەی مەشمولی بە تەعویزە, سوپاس.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/(وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی ئەوەی من دەڵێم بەڵێ تەعویزەکە رەبتی بە تەمەن نییە, ئەوەی جەنابت دەیڵێیّ کاک فرست هەمووی راستە, بەڵام مەبەستمە لێرە, ئێمە دەمانەویّ حەلێکی وەسەت دابنێین, بۆ ئەوانەی کە زەرەرمەند بووینە لە تاوانی جینۆساید, بەتایبەتی کوڕ و کچی کیمیاباران و ئەنفال دەڵێین با ئەو قانونەی فەقەرەی (2) کە 24 ساڵە دامان ناوە مەشمولی ئەوان نەبیّ, تا ئەو دەمەی تەعویز وەردەگرن, یەعنی کوڕ و کچەکە ئەو چانسەیان بدەینیّ, با جاریّ ئەو مەعاشە و ئەو حقوقە وەربگرن, تا ئەو دەمەی تەعویز وەردەگرن, ئەو کات ئەو قانونە لەسەر ئەوان و لەسەر شەهیدان وەکو یەك جێبەجیّ دەکریّ, یەعنی ئەوە شتێکە منداڵەکەش وەریدەگریّ و پیرەکەش وەریدەگریّ, نازانم تا چەند وازحە, سوپاس.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا من دڵنیام لەوەی کە سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان پێیان خۆشە هەرچی لە ئیمکان هەبیّ لەدەستی حکومەتی هەرێم بێت, بۆ کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال و کیمیاباران بۆیان ئەنجام بدرێت و بۆیان بکرێت, بەڵام ئەگەر ئێمە باس لە قەرەبوو بکەین, بۆ کوڕو کچی ئەنفال و جینۆساید فەرقێك دروست دەکەین لەنێوان کەس و کاری پێشمەرگە, لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەوان چاوەڕیّ قەرەبوو بکەن لەحکومەت, من دڵنیام لەوەی کە کەس و کاری تر چاوەڕێی جۆرە قەرەبوو دەکەن, ئەگەر خزمەت گوزاریش بێت لە هەرێم, بۆیە من تۆزێك لەو مەسەلەیە ئەوەبووم, بۆچی ئەو جیاوازەیە بکەین, ئەگەر هەشبیّ با شمولی هەموویان بکات, سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاك ئارام دەیڵیّ, پێشمەرگە و هاووڵاتی, ئەوە واجبی حکومەتە, ئەو تەعویزەی چنار خان دەیڵیّ مەسەلەیەکی نێودەوڵەتییە, ئەو مەسەلەیە جینۆسایدە, یەعنی قەواعیدی خۆی هەیە, یەعنی داوای لێبوردن دەکەم, پێشمەرگە و هاووڵاتی و ئەوانەی کە لەزیندان بووینە و مەسائیلی سیاسی, ئەوانە واجبی حکومەتن قەرەبوویان بکاتەوە, مەعاشەکەیان بەردەوام بکات, ئەم قەرەبووکردنەوەیە, قەرەبووکردنەوەیەکی جیاوازە, یەعنی قەواعید و ڕێسای تایبەتی خۆی هەیە, نێودەوڵەتیە و نۆرماڵە, هیچ

پەیوەندی  بە وەتەنی نییە, یەعنی هیچ ولاَتێك ئەو قانونە پیادە ناكات, ئەگەر ئەم قانونە ئیقرار كرا بەپێی قانونی نەتەوەیەكگرتووەكان دایناوە, ئەوە ئەو قانونە پیادە دەكرێ, سوپاس.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەئیدی كاك ارام دەكەم, حەق نییە ئەو فەرقە بكرێ, ئەوەی حكومەت پێی دەكرێ حەقە بۆ هەمووان بكات, نەك بۆ ئەنفال بكات و بۆ ئەوانی تر نەكات, حكومەتی خۆمان چی بۆ شەهیدان كردووە تاكو ئێستا, هەر شەهیدێك پارچە زەویەكی وەرگرتیە, پارچە زەویەك چییە, ئەویش ناعادالەتییەكی زۆری تیایە, شەهید هەیە پارچە زەویەكی وەرگرتییە بە ملیۆن دینار فرۆشتیەتی, شەهیدیش هەیە پارچە زەویەكی وەرگرتیە تا ئێستا 10 هەزار ناكات, هەقە عەدالەت هەبێت, شەهید هەمووی وەكو یەك بێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە قسە زۆر كرا بەڕاستی, زۆر شتیش بۆ شەهید كرا, هەرچەندیش بكرێ هەر كەمە, كە زۆر شت كراوە مەبەستمان نییە كەس و كاری شەهیدان رازی بكەین, چونكە ئەو زیانە قەد قەرەبوو ناكرێتەوە, نەبەحكومەتی هەرێم, و نەبەدنیا, چونكە تۆ ناتوانی ئەوانە زیندوو بكەیەوە, ئینجا بلێی هیچ نەكراوە, حكومەتی هەرێم بەپێی توانای خۆی, من دەتوانم بلێم بەدڵنیاوە لە سەدا 80 ئەرزیان وەرگرتیە, كیمیاباران و ئەنفال نا, شەهیدانی سەنگەر و هاوولاَتی, ئەوانە 80٪ ئەرزیان وەرگرتیە, مەعاشی مانگانەشیان هەیە, بێجگە لەوەی لە كولیە و لە شوێنی تریش ئیستسنائێكی ئیجگار زۆریان بۆ كراوە, حەقی خۆشیانە منەت نییە لەسەریان, هەرچش بكەین بۆیان هەر كەمە, بەلاَم بلێین هیچمان نەكردووە, گوناح بەخۆمان دەكەین, قەرارەكان خۆمان دامان ناوە, من یەكێكم لەوانەی بە تەفصیل دەزانم, 3 ساڵ وەزیری مالیە بووم, ساڵێك و نیو جێگیری سەرۆكی وەزیران بووم, ئیمزام نەكردووە بۆ یەك نەفەر تەنیا كەس وكاری شەهیدان نەبێ, یان ئەنفال و كیمیاباران نەبێت, بۆ وەرگرتنی ئەرز, سەدان قائیمەم تەوقیع كردووە بۆ وەرگرتنی ئەرز بۆ كەس و كاری شەهیدان, لێرە لە سلێمانی لەشوێنی تر, بەلاَم تەبعەن عەدالەتی تەواو نییە, یەعنی ئەو رۆژە باسم كرد, ئەو عەدالەتی ئێمە دەمانەوێ, بەداخەوە تۆزێ خەیاڵیە, چونكە لەگەڵ جیهاندا ناگونجێ, تۆ جارێ ئەو ئیمكانیەت نییە قەرەبووی زیانیان بكەیتەوە, كەواتە ناتوانی عەدالەت بیت, هەیە شەهیدە 15 یان 16 ساڵە لە راپەرین شەهید بووە, كوڕەكەی نەهاتووە, كەواتە لێرە تۆ ناتوانی عەدالەتەكە بگەینیتە جێ, هەفتەیەك پێشتر خەڵك موراجەعاتی منیان كرد, كوڕیان شەهید بووە لەكاتی هجوم كردنی سەر هەولێر شەهید, تا ئێستا نەئەرزیان وەرگرتیە نەمووچەیان وەرگرتیە, لێی دەپرسی بۆ خۆی نەهاتووە, لێرە خۆی مەسئولە لەسەر تەبیق نەكردنی عەدالەت, رەنگە یەكێ هاتبێ بەهۆی ئەو پەیوەندیانە توانیبێ دوو مەعاش وەربگرێ, ئەوە مانای ئەوە نییە تۆ هیچت نەكردووە, هەندێ جاریش مەسئولێك هەیە وەجهەی نەزەری نەوعێكە لایەك بە موستەحەق تر دەزانێ لە لایەكەی تر, ئەمانە هەمووی بەشێكن لەژیان, ئێمەش خۆ لەئاسمان نەهاتووینە, بەهەر حاڵ

موقتەرەحەکەی جەنابی وەزیر, ئەگەر موسڕن لەسەری دەیخەمە دەنگەوە, موقتەرەحە تازەکەی دەڵێ (ئیستسنا دەکرێ کەس و کاری زەحایای جینۆساید لەو مەرجانەی کە لە فەقەرەی (2, 3) هاتووە, تاکو زیانەکانیان قەرەبوو دەکرێنەوە), فەرموو کاک عوسمان.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی تەمەن 21 ساڵ یان 24 ساڵ هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ, چونکە ئەوە مەعاشی دایك و باوکەکەیە, ئەگەر منداڵەکە گەورەبوو ئەو مەعاشە دەگەڕێتەوە بۆ دایك و باوکەکە, ئەصڵەن هیچ مەسەلەیەك نییە, حەز دەکەم ئەمە بۆ ئەندامانی پەرلەمان بەرچاو بخەم, ئەمە یەك, دوو/ مەسەلەی قەرەبوو کردنەوەی جینۆساید, من پێشتر باسم کرد, نازانم جەنابی وەزیر باش لێم تێنەگەیشت, ئەگەر ئێمە توانیمان کۆمەڵکوژی میللەتەکەمان بە جینۆساید دابنێین لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەوا قەرەبوو وەکو نەتەوەش وەردەگرین, لەوانەیە ئەوەی بەشی کیمیاباران بێت, چ کۆمپانیایەکە رەنگە ولاتێکی تر بێت, رەنگە ئەڵمان بێت, رەنگە ئەو شەهیدە کەس وکاری نەمابوو, ئێمە وەکو نەتەوە قەرەبووەکە وەردەگرینەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزام نەبوو, شەرح بوو, فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی قسەکانی کاك عوسمان دەکەم سەد لەسەد لەسەر مەسەلەی تەعویز, مەسەلەی تەقاعود نابێ رەبتی تەعویز بێت, ئەمە یەك, بەس برای بەڕێزم کاك محمد فرج, دوو سێ جارە مەسەلەی جینۆساید دەهێنێتە گۆڕێ, ئێمە ئەگەر وشەی جینۆساید لەیاساکانی خۆمان رەنگدانەوەی پێنەکەین, ئینتیزار بکەین هەتا نێودەوڵەتی ئیعتیرافی پێ دەکات, ئێمە با لەیاساکانی خۆمان پیادەی بکەین, ئینجا محاوەلە دەکەین لەڕووی نێودەوڵەتیەوە پەسند بکرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز فخریە مصطفی محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنسبەت من کە باوك و برام شەهید بووە, ئێمە هەموومان گەورە بووینە حمدوللە. راستە من موحتاج نییم, بەلاَم برایەکەم تەقاعود بووە و, ئەو موحتاجە, ئایا ئەوان چیان بۆ دەکرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باسی کردووە قانونەکە لە حاڵەتی تایبەت لێرە ناتوانین موناقەشە بکەین, بەلاَم وتوومانە لە ئەنجومەنی وەزیران قانونێك هەیە, ئەو تەفصیلاتەی تێدایە, ئێستا تەبعەن لە موداخەلاتی ئەندامانی پەرلەمان هەردوو سەرۆك فەراکیسۆن پێیان ئەو فەرقە زیادە, ئینجا جەنابی لەبەر ئەوەی ئەگەر سەحبی دەکەی,

ئەگەر سەحبی ناکەی مەجبورم بیخەمە دەنگەوە, ئەو فەقەرەیە کە چنار خان ئیقتیراحی کردووە, وەزیری وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال کە دەڵێ (زەحایای ئیبادەی جەماعی لە شەرتی فەقەرەی (2, 3) بەدەر بن تاکو تەعویز وەردەگرن), کێ لەگەڵ ئەو موفتەرەحەیە, دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون, 37 کەس, کێ لەگەڵ ئەو موفتەرەحە نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, 36 دەنگ, کەواتە وەرگیرا بە هۆی یەك دەنگ, ماددەکە دەخەمە دەنگەوە بەهەمووی, فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی ماددەکە بخوێنیەوە, کاك شیروان شتێکی باس کرد من تەئیدی دەکەم, وشەی شەهیدی ئیبادەی جەماعی بەکاربهێنین, چونکە ئەگەر تەحدیدی بکەین بە ئەنفال یان شەهیدانی کیمیاباران, هەندێ حاڵەت هەیە ئیبادەی جەماعی نایگرێتەوە, ئەو ئیستحقاقاتە یان شەهید بەگشتی بێت, وەك لەماددەی یەك لەتەصنیفەکە, یان هەر سێ جۆر بنووسرێ, بۆ ئەوەی هەموو ئەو ئیمتیازاتانە بیانگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەکە هەمووی دەخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ وەرگیرا, باش بەیانی کۆبوونەوەیە سەعات 10:30, سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (13)**

**چوار شەممە رێکەوتی 25\4\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (13)

## شه‌ممه ڕێكه‌وتی 2007/4/25

كاتژمێر (11)ی سه‌ر له‌ به‌یانی ڕۆژی چوار شه‌ممه‌ ڕێكه‌وتی 2007/4/25 ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی كوردستانی عێراق به‌ سه‌رۆكایه‌تی به‌ڕێز عدنان رشاد مفتی سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن و, به‌ ئاماده‌بوونی به‌ڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كه‌ركووكی) جێگری سه‌رۆك و, به‌ڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئه‌نجومه‌ن, دانیشتنی ژماره (13)ی خولی دووه‌م, ساڵی (2007) ی خۆی به‌ست.

**به‌رنامه‌ی كار:**

به‌پێی حوكمه‌كانی بڕگه (1)ی مادده (20) له‌ پێڕۆی ناوخۆی ژماره (1)ی هه‌مواركراوی ساڵی 1992ی ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, ده‌سته‌ی سه‌رۆكایه‌تی ئه‌نجومه‌ن بڕیاردرا دانیشتنی ژماره‌ی (13)ی خولی گرێدانی یه‌كه‌می ساڵی سێیه‌می خولی هه‌ڵبژاردنی دووه‌می په‌رله‌مانی كوردستان – عێراق, به‌رنامه‌ی كار به‌م شێوه‌یه‌ بێت:

1- به‌رده‌وام بوون له‌سه‌ر خستنه‌ڕوو و گفتوگۆ كردنی یاسای مافه‌كانی كه‌س وكاری شه‌هیدان و ئه‌نفالكراوانی هه‌رێمی كوردستان.

2- خستنه‌ڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژه‌ی یاسای ده‌زگای گشتی بۆ كاروباری مین له‌هه‌رێمی كوردستان.

**به‌ڕێز سه‌رۆكی ئه‌نجومه‌ن:**

**به‌ناوی خوای گه‌وره‌و میهره‌بان.**

به‌ناوی گه‌لی كوردستان دانیشتنی ئه‌مڕۆمان ده‌كه‌ینه‌وه‌، به‌رنامه‌ی كار:

به‌پێی حوكمه‌كانی بڕگه (1)ی مادده (20) له‌ پێڕۆی ناوخۆی ژماره (1)ی هه‌موار كراوی ساڵی 1992ی ئه‌نجومه‌نی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, ده‌سته‌ی سه‌رۆكایه‌تیی ئه‌نجومه‌ن بڕیاریدا به‌رنامه‌ی كاری دانیشتنی ژماره (13)ی خولی دووه‌می هه‌ڵبژاردن له‌ كات (11)ی پێش نیوه‌ڕۆی ڕۆژی چوار شه‌ممه ڕێكه‌وتی 2007/4/25دا به‌م شێوه‌یه‌ بێت:

1- به‌رده‌وام بوون له‌سه‌ر خستنه‌ڕوو و گفتوگۆ كردنی یاسای مافه‌كانی كه‌س وكاری شه‌هیدان و ئه‌نفالكراوانی هه‌رێمی كوردستان.

2- خستنه‌ڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژه‌ی یاسای ده‌زگای گشتی بۆ كاروباری مین له‌هه‌رێمی كوردستان.

داوا له‌ لیژنه‌ی یاسایی و لیژنه‌ی مافی مرۆڤ ده‌كه‌م بێن له‌ شوێنی خۆیان دابنیشن, سه‌ره‌تا به‌خێر هاتنی به‌ڕێز خاتوو چنار (وه‌زیری شه‌هیدان و ئه‌نفالكراوه‌كان) و به‌ڕێز كاك سعد (وه‌زیری هه‌رێم بۆ كاروباری په‌رله‌مان) ده‌كه‌م, به‌خێر بێن سه‌رچاو, دوێنی مادده‌ی پێنجمان ته‌واو كرد, پێشتر شه‌ش بوو, چونكه‌ مادده‌یه‌كمان ئیلغا كرد, ئێستا له‌ پرۆژه‌كه‌ نووسراوه‌ حه‌وت, لیژنه‌ی قانونی بۆ خوێندنه‌وه‌ی پرۆژه‌كه‌, فه‌رموو.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوتەم لەئەصڵی پرۆژەكە بەپێی تەسەلسولەكەی ماددەی شەشە, چونكە ماددەیەكی ئیلغا كرا, بۆیە دەبێتە ماددەی حەوت,

ماددەی حەوتەم: مافی خانەنشینی بەسەر مافگیرەكان بەیەكسانی دابەش دەكرێت.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السابعة: توزع الحقوق التقاعدية على المستحقين بالتساوی.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسای هیچ تێبینیەكی لەسەر ئەم ماددەیە نییە.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی مافی مرۆڤ پێشنیاری هەمان ئەصڵی پرۆژەكە دەكات.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەنیا ئەگەر ئەو ماددەیە بمێنێ پەسند بكرێ, حقوقی تەقاعودیەكە, دەبێتە حقوقی شەهید.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو تەساویە تۆزی شەرح بكەن, جەنابی وەزیر تۆزێ شەرحی بكات لەنێوان دایك و باوك و خێزان و منداڵ، فەرموو.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/(وەزیری كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو بڕگەیە یاسا كەدەڵێ بەیەكسانی دابەش بكرێ, بێ گومان ئەوە لەسەر ئەساسی كۆمەڵەك مەشاكیل كە رۆژانە رووبەڕووی وەزارەت دەبێتەوە, ئەو فەقەرەیەمان ئیزافە كردیە, پێشتر بەپێی قەسامی شەرعی مووچەكە دابەش دەكرا بەسەریان, حصەكی زۆر كەم ژنەكە بەبەری دەكەوت, كەدەكاتە خێزانی شەهید, بەتایبەتی ئەگەر منداڵی نەبێ, بەڕاستی غەدرێكی كۆمەلآیەتی گەورە لە ئافرەتەكە دەكرێ, جاری وا هەبووە منداڵەكەشیان لێستاندیتەوە, خێزانەكە لەماڵی بابی دەكەوێت و حصەكی زۆر كەمی بەردەكەوێ, لەگەڵ ئەوەش ماڵی بابی زۆر هەژارن, لەبەر ئەوەی پێمان باش بوو حصەكەی ئەو ئەگەر بەقەد باوك ودایكی شەهید بێ, ئەو كاتە تۆزێ هاوكاری كردنە بۆ ئەو ئافرەتە باش دەبێ, لەبەر ئەوە من پێم وایە بەدەرجەی یەك خێزانی شەهید, ئافرەتەكەی شەهید موتەزەڕیڕە لێرە, ئینجا دایك و

باوكی شەهید, لەبەر ئەوەی پێمان باش بوو ئەو مەسەلەی تەساویە بمێنێ باشە, بۆ ئەوەی ئافرەتەکە کە دەکاتە هاوسەری شەهید لێرە موستەفید بێت, ئەوەیە مەسەلەکە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پرسیارم لەلیژنەی یاسایی هەیە, یەعنی ئەو تەساویە کێ و کێ ئەگرێتەوە, دایك و باوك و منداڵ و خێزان, یەعنی هەموویان وەکو یەك بن.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بەپێی ئەو ماددەیە بێت, ژن و مێرد, کوڕ و کچ, منداڵی عاجز, خوشك و برا, ئەوانە هەموویان وەکو یەك وەردەگرن, ئەوەش لەحقیقەتدا موخالیفی قەسامی شەرعییە و, موخالیفی قەسامی قانونیشە, نەك قەسامی شەرعی بەتەنیا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/(وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان تا وارسی دەرجە یەك هەبێ, ئەولەویات بۆ وارسی دەرجە یەکە, کە دەکاتە دایك و باوك, کچ و کوڕ و خێزانەکەی, ئەولەویەت بۆ ئەوانە, ئەوە ئەگەر وارسی دەرجە یەك هەبوو, ئەگەر وارسی دەرجە دوو, دەکاتە خوشك و برا هەبوو, لەوێدا دێینە سەر ئەو مەسەلە, تەبعەن لە قانونەکە یەکسانی باس کرایە, خوشك و برا ئەگەر قاسر بوون, ئەگەر, شروتە قانونیەکانیان تێدابوو دەیانگرێتەوە, بەڵام دەکرێ لێرە بەپێی قەسامی شەرعی, تەبعەن رێزم هەیەبۆ برادەران لەوانەیە گلەیان هەبێ, بەڵام بەپێی قەسام زۆربەی کات غەدر لە ئافرەتەکە کرایە, واتە غەدر لە ژنی شەهید کرایە, ئەوە حقیقەتێکە رووبەڕووی ئێمە دەبێتەوە, بۆیە ئێمە دەمانەوێ خارجی قەسام لێرە فەقەرەیەك, بڕگەیەك ئیستسنا بکرێ, بۆ ئەوەی ژنی شەهید مەغدور نەکرێ, لەو مەسەلەیە, جا برادەرانی یاسایی چۆن دەتوانن دەقێك بیبیننەوە بۆ ئەوەی عەدالەتەکە رەچاو بکەن, ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ پەلە مەکەن لەقسەکردن, جارێ با مەوزوعەکە روون ببێتەوە بۆتان, بۆ ئەوەی موداخەلەتەکەتان سوودی هەبێ, من خۆم هێشتا ئیستیعابم نەکردووە, ئەو دابەش کردنی مووچەی خانەنشینی, بەچ تەریقەیەك دەبێ, ناومان لێنەنایە خانەنشینی, بەڵام یەکێ خانەنشین دەکرێ, مووچەکەی چۆن تەوزیع دەکرێ, ئایا بە تەساوی تەوزیع دەکرێ, یان بەپێی قەسامی شەرعی, ئەوەم بۆ روون بکەنەوە, لیژنەی یاسایی تکایە, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چ لە ئەحکامی قانونی تەقاعودی چ لە ئەحکامی ئەم قانونەش, قەسامی شەرعی تەنیا بۆ ئیسپاتی وەراسەتە, ئەمە یەك. دوو/ ئەوەی لەئەحکامی قانونی تەقاعودی مەدەنی هاتیە, بە ئەساسی حصەصی شەرعی نەهاتیە و, لەو قانونەش لەسەر ئەساسی حصەصی شەرعی نەهاتییە و, پێم وایە ئەو نیسەبەیە بەتەساوی تەوزیع بکرێ, عەدالەتێکی تێدایە بەنیسبەت هەموو کەس وکاری شەهیدان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەزانم عەدالەتە, بەلاَم پێویست ناکات بڵێی ئەوانەی دەرجەی یەکن؟

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویست ناکات, چونکە هەمووی بەتەساوی کراینە بەڕاستی, کە دەڵێی بەتەساوی یەعنی هەموویان بەتەساوی وەردەگرن, یەعنی لێرە هەیە وارس نییە, بەلاَم مومکینە حصەی تەقاعودی وەربگرێ, وەکو (الاخوة و الاخوات), سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەوە بۆ ئەوەی هاوکاری هەندێك برادەر بکەن, مەعاشی تەقاعودی و مووچەی شەهیدان تەریکە نییە, تەریکە نییە بۆ ئەوەی بڵێین بە قەسام تەوزیع دەکرێ, لەبەر ئەوەی تەریکە بەپێی شەرع بە قەسام تەوزیع دەکرێ, بەلاَم ئەوە لەبەر ئەوەی تەریکە نییە, ئینتیباهی ئەوە بکەن رەبتی نەکەن و تێکەلاَوی نەکەن, ئێستا کەواتە لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤ ئیعتیرازیان نییە و, جەنابی وەزیرش ئیعتیرازی نییە, پێیان وایە ئەو ماددەیە بەو شێوەیە هەبێتن, بەتەنیا حقوقی تەقاعودیەکە وەك ئەوەی ئیتیفاقمان کرد بگوترێتن  حقوقی ئیمتیازاتی شەهیدان لەسەر موستەحەقین بەتەساوی تەوزیع بکرێ, ئینجا کێ قسەی لەسەر ئەوە هەیە ناوی دەنووسم, کاك ئارام, کاك ئارێز, مەلا ئەنوەر, کاك بارزان, کاك بەلێن, کاك خورشید, خەمان خان, کاك دلێر, کاك زرار, مەلا سەعدەدین, سوزان خان, کاك عادل, کاك عبدالرحمن, کاك عوسمان بانی مارانی, کاك عوسمان, کاك عمر, کوێستان خان, گوڵناز خان, د. هالە, ئەو حەلەی بۆ دابین کردنی عەدالەت هەم وەزارەت تەقدیمی کردووە, هەم لیژنەی یاسایش پشتگیری لێکردووە, هەم لیژنەی مافی مرۆڤیش ئیعتیرازی لەسەر نییە, لەبەر ئەوە شەرحی مەکەن تکایە, ئەگەر بەدیلەکتان هەیە بیڵێن, ئەگەر شەرحی بکەن تا سەعاتێکی تر ماددەیەکی ئەوها بەسیت لێنابینەوە, لەناحیەی شەرحا.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەدڵنیایەوە هەموومان پێمان خۆشە ئەو مووچەیە بەیەکسانی دابەش بکرێ و, پێشنیارێکی باشە, بەلاَم حاڵەتێك هەیە, هەوڵ بدەین کە ئەوەش بەشێوەیەك جیابکەینەوە لەو عەدالەتە, لە بڕگەکانی پێشوودا

ئەنجومەن بڕیاری لەسەر ئەوەدا کە مووچە بۆ خێزانی شەهید بەردەوام بێت, هەتا ئەگەر شووش بکاتەوە, چەند حاڵەتێکمان هەیە خێزانی شەهید شووی کردۆتەوە, بەلاّم مناڵەکانی دووانیان یان سیانیان, یان سێ مناڵی هەبووە, ئەو مناڵانەی لەگەڵ خۆی نەبردووە, بێ وارس ماونەتەوە یان لەلای نەنك و یان لەلای مامیان یان شوێنی تر, نازانین ئەوە ئەگەر بکرێ عەدالەتێك لەوێ هەبێ, مووچەی ئەوانیش بەشێوەیەك جێبکرێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نازانم هەرچەندە ئەوە لیژنەی یاسایی هین دەکات, بەلاّم بەپێی خیبرەی من هەرچەندە قانونیش نیم, بەلاّم خیبرەم هەیە, ژن ئەگەر مێردی کردەوە مناڵی هەبوو, مناڵەکە حەقی دایك وباوکی شەهیدە وەریگرنەوە, حقوقی ئەو مندالاّنە باوك و دایکی شەهید وەریدەگرن, ژنەکە کە مێردی کرد ئەو حەقەی نامێنێ, کاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتیوانی لەدەقی یاساکە دەکەم, بەلاّم دوو تێبینیم هەیە لەسەری, یەك/ کوردیەکەی بەشێوەیەکی باش دابڕێژرێتەوە, بەو شکلە بێت داڕشتنەکەی, چونکە بەڕاستی کوردیەکەی غەڵەتە, لەجیاتی مافی خانەنشین هەر بنووسرێ شەهیدانە, شەهیدان خۆی یەعنی مافی شەهیدان, (شەهیدانە بەیەکسانی لەسەر مافگرەکان دابەش بکرێ), یەعنی لەڕووی زمانەوانیەوە شەهیدانەکە لەجیاتی مافی شەهیدانە, ئەوە بکرێت و پشتیوانیشی دەکەم, مافگر, نەك مافگیر, چونکە مافگر راسترە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەرچ مولاّحەزەی زمانەوانی هەیە, بنووسن و بیدەنە لیژنەی یاسایی پێش ئەوەی ئیمزا بکرێ, کاك مەلا ئەنوەر.

**بەڕێز انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر تەساوی و عەدالەت تێبینیم هەیە, هەمووی تەساویەك, عەدالەت نییە, یەعنی فەرق هەیە لەنێوان تەساوی و عەدالەت, لەبەر ئەوە باس لەوانەیە کە حقوقیان هەیە لەماددەی شەش دیاری کراوە, دەبێ ئەوانە حەقی دایك و باوك زیاترە لەپێشترە, لەحەقی کوڕ و کچێك کە لەوانەیە توانای ئیش کردنی هەبێت, لەوانەیە تەمەنی موساعید تر بێت, بۆیە لێرە وا بەچاکی ئەزانم ئەگەر باس لە تەحقیقی عەدالەت بێت (وللعاجزين استزادە), یەعنی شتێك لەوانە زیاد بکرێ لەسەر ئەو ماددەیە, یەعنی ئەوانەی عەجزیان هەیە لەدایکە لەباوکە, یان کوڕێکیان هەیە عەجزە, ئیستزادە بێ لەوەی کە تاقەت و توانایی هەیە, سوپاس.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارم هەبوو, ئەو تەساویە حەقی وارسی دەرجە یەك ناخوا؟ یەعنی ناعەدالەتی تیا نییە؟ من پێم وایە ئەو موناقەشە کردنە هەموو ئیشەکان و وردەکاریەکانی شەهیدان و ئەنفال جێبەجێ ناکات, داوا لە وەزیر دەکەم ئەنزیمە و تەعلیمات و وردەکاری زیاتر دەربکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەلێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆرترین کێشە لەهەرێمی کوردستان, مەسەلەی تەوزیع کردنی مافی شەهیدانە لە خێزان, مافی خێزانە, کێشەکە هەموو لێرە کۆدەبێتەوە, زۆرترین کێشە لەکوردستان لەسەر تەوزیع کردنی مووچە, یان مافەکانی ئەو شەهیدەیە, خێزانی شەهید لەوانەیە سەرپەرشتی منالەکان بکات و هیچ موشکیلەی نییە, بەلاّم وەختێ کە شوو دەکاتن, خێزانێکی تر پێك دەهێنێ, دوو منالّی جێهێشتووە, دایکی یان باوکی شەهید, یان باپیری یان داپیری ئەو منالە بەخێو دەکاتن, دوێنێ بەداخەوە مولاّحەزەشم نووسی و, زۆریش قسەکرا لەسەر ئەو مەسەلەیە بەلاّم تێپەڕی, یەعنی ئەو خێزانە کە شووی کردۆتەوە و کە حەقی شەرعی خۆیەتی, بەلاّم چۆن دەتوانی بەتەساوی تاهەتایەش حصەی لەگەلّ منالەکانی کە جێی هێشتووە لەلای دایك و باوکی شەهید, یەعنی من دوێنێ ئەو مولاّحەزەیەم نووسی, زۆرترین کێشە لەکوردستان لەسەر ئەو نوقتەیەیە و کێشەی تر نییە, نەدایك و باوك نەمنالەکان کێشەیان نییە, زۆرترین کێشە لەتەوزیعی مافی شەهیدە لەسەر خێزان, جا بەتایبەتی کە شووی کردیە, منالەکانی لەلای مالّی باوکی شەهید بەجێهشتووە, جا لێرەدا بەڕاستی ئەو تەساویە هاتووە, بەڕاستی کێشەکی گەورەیە, دەبێ عیلاج بکرێ, سوپاس.

**بەڕێز خورشید سلیم شیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مولاّحەزەم لەسەر قسەکانی چنار خان هەیە, دەلّێ ئەو ژنانەی کە مێردی دەکەنەوە, منالەکانیان بەجێدەمێنێ, یان منالّیان لێستاندۆتەوە, ئەوە نسبیە, من سەد لە سەد تەئیدی قسەکانی کاك بەلێن دەکەم و, قسەکانی جەنابیشت, ئافرەتێك کەمێردی کردەوە لەدنیا شتی وانییە, هیچ حەقێکی شەرعی و قانونیشی نابێ, چونکە ئەو مێردەی موکەلەفە هەم لەناو موجتەمەعی ئێمە, هەم لەناحیەی قانونیش, کەمێردی کردەوە عیلاقەی بەعائیلەکەی تر نامێنێ, حقوقی تەقاعودی بۆ منالەکانی تر هەیە, لەبەر ئەوەی زۆر ناحەقە ئەگەر مێردی کردەوە ئیمتیازی بدرێتێ وەکو ئەوانی تر, هیچ حەقێکی شەرعی نامێنێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشەکی پشتگیری تەواوی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال دەکەم, هەر لەسەر قسەی ئەو بەڕێزانەی پێشتر قسەیان کرد, دەلێن ئەمە شتێکی نسبیە, رەنگە هەندێ ژن شووبکەنەوە, جارێ زۆر زۆر کەمن, خۆشمان

دەزانین لەموجتەمەعی ئێمە زۆر کەمن, ئەوانەی شوو دەکەنەوە, دووش, ئەوە عەقڵیەتێکی زۆر کۆنە, رەجعەیەتی خۆمانە کەپێمان وایە ژن ئەبێ بەردەوام بەرەش پۆشی بمێنێتەوە, وەك وەفایەك بۆ مێردی شەهیدی یان مێردی ئەنفالی, هەتا ئێستا پیاوش لەمە بێ بەش نەکرد, یەعنی نەمان وتوە ئەگەر پیاوەکە ژن بێنێتەوە, ئەوکاتە ئیمتیازاتی نابێ یان مافەکانی لێئەسێنرێتەوە, لەبەر ئەوە بەراستی زۆر کەمن ئەو حاڵەتانە, دەبێ ئەساسی ئەو قانونە بزانین بۆچییە؟ یەعنی ئەگەر ژنێك مێردەکەی ئەنفال کراوە, یەعنی هیچ زەرەرێکی پێنەگەیاندراوە؟ یەعنی هیچ مافێکی نابێ لەپاش ئەو زەرەرەی کە پێی گەیشتووە, یەعنی جارێکی تر ئێمە هەم لەلای مەعنەوی و هەم لەلای ماددیەوە تەعویزێکی بۆ بکەینەوە, یەعنی جارێکی تر حکومەت بەس پێی بڵێ تۆ رۆژێ لەرۆژان زەرەرت پێگەیشتووە, لەبەر ئەوە تکایە با ئەوندە بەتەسکی بیر نەکەینەوە, یەعنی خەڵکیش بە بیانووی ئەوەی شووی ئەکاتەوە یان شوو ناکاتەوە, ئەو خەڵکانە یان ئەو خانمانە, لەم مافە بێ بەش نەکەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لەپێشنیارەکەی وەزارەت دەکەم, شتێك هەیە ئەبێ روون بکرێـتەوە, ئێمە کاتێك باس لەو یەکسانیە ئەکەین بەتەبیعەتی حال, جارێك تێکەڵ نەکرێت لەگەڵ یەکتری, کەس وکاری شەهید کێیە؟ شەهید دایك و باوکی, ئینجا ئەگەر ژنی هێنابێ, ژنیەتی, ئەگەر منالی هەبێ, منالەکانیەتی, ئیحتیمالە لەمانە هیچی نەمێنێ, ژنی نەهێنابێ و دایك و باوکیشی مردبێ, ئینجا ئەبێتە خوشك وبرا , نەك لەو یەکسانیە یەکسەر دایك وباوك و خێزان و خوشك وبراو, هەمووی وانییە, تا ئێستا یەکسانی لەمناڵی شەهید ناچێ شەهیدانە وەربگرێ, یەك کەس وارسی گشتیانە, ئەچێ وەریئەگرێ, ئەگەر دایکەکە بچێ خزم سەرفی ئەکات, ناچێ بەجیاجیا گیرفانی وەریبگرێتەوە, لەبەر ئەوە ئەو یەکسانیە بەراستی زەروریەتە لێرە هەبێ بۆ کۆمەڵێ حاڵەت, چونکە دایك و باوکەکە یەکسانی ئەوێ لەوانەیە و, خێزانەکەش لەبەر ئەوە ئیشکالیەت هەیە, منیش تەئیدی قسەکانی کاك بەڵێن تەئکید دەکەمەوە دوێنێش من وتم ئەلێرە کێشە دروست ئەبێ, کاتێ خێزان هەندێ جار شووشی نەکردووە و, لەماڵەکەی خۆیەتی و باوك و دایك بەحکومی عورفی کۆمەڵایەتی ئێمە زوڵمی لێئەکات, ئینجا هەندێ جار ئەینێرنەوە بۆ ماڵی باوکی خۆی, ئەوە بەجارێ کێشەی بۆ دروست ئەبێ, هەموومان ئەزانین کۆمەڵێك شەهید هەیە لەناو ئەحزابەکان ئەو حاڵەتانەمان بینیوە بەچاوی خۆمان, ئەوە ئەگەر شووی کردبێ هەر قوری بۆ ئەگێرێـتەوە, هیچی پێنادرێ, لەبەر ئەوە بەراستی دەرجەکە وای لێدێت, باوك و دایك و ژن و منالً, ئەگەر ئەوانە نەمان ئینجا خوشك وبرا دێنە ناوەوە, ئەگینا نەدراوە بەخوشك و برا لەتەك دایك وباوك و لەتەك منالەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتیوانی لەقسەکانی کاك دلێر دەکەم, بەراستی هەتا خێزان هەبێ, خۆی نادرێ بەپوورزا و کوڕەزاو بە خزمەکانی کەدوورن, بۆیە پێم باشە نەصی ماددەکە بەم شێوەیە بنووسرێتەوە (ماف و ئیمتیازاتی

شەهید بەسەر مافگرەکان بەپێی پلەی خزمایەتی دابەش بکرێ)، پێشنیار دەکەم ماددەی شەشەم بەم شێوەیە بنووسرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ خۆی ئیمتیازات چۆن بەتەساوی دابەش دەکرێ، یەعنی لەوانەیە خۆشم هەمان هەڵەم کردبێ، ئیمتیازاتێکت داوەتە مناڵێکی شەهید، لەکولیە بەئیستسنا وەربگیرێ، ئەوە چۆن تەوزیع دەکرێ، ئەو ئیمتیازاتە، بەهەر حاڵ برێکی تر موناقەشە بکەن تا زیاتر روون دەبێتەوە، مەلا سەعدالدین، فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جارێ لەماددەی شەشەم، ئەم خانەنشینە هەر لابردرێت، بنووسرێ مافی شەهیدانە، چونکە خانەنیشن قانونی خاصی خۆی هەیە، ئەوە جانبی یەکەم، جانبی دووەم، لەحقوق وەکو پارە موشکیلە نییە، بەلاّم لە موڵك مەشاکیل دروست دەبێ، عاردێکە دەبینی دووسەد مەتر دراوەتە ماڵە شەهیدەکەی، ژنە شەهیدەکە مناڵێکی هەیە، توزیع دەکرێ، یەعنی سەهەم سەهەم تەوزیع کرایە، سەد مەتر بۆ وی، ئەوە زۆر کێشە دروست دەبێت، زیاتر ئەوەیە ئیلتیزامات دیاری بکرێ، یەعنی ئیلتیزاماتی دایك و باوك دیاری بکرێ، ئیلتیزاماتی مناڵەکە ئەگەر لەحاڵەتی لەدایك بوونی لەگەڵ ژنەکە دیاری بکرێ، هەتا ئەو مناڵە لەگەڵ ئەو ژنەدایە و گەورە دەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لەداواکەی وەزارەتی ئەنفال و شەهیدان ئەکەم و، لەدانیشتنێك لەگەڵ پارێزەری دەزگای شەهیدانی پێشوو لەئیدارەی سلێمانی زۆر باسی لەو کێشانە کرد، لەوێ بڕیارێك دەرچووە، بەیەکسانی بێت، بەدایك وباوکەکە بەشێك ئەدەیت، بەژنەکە و مناڵەکانیش بەشێك ئەدەیت، ئەوە بڕیارە، هەر بۆ ئەوەی مەشاکیل زۆر بووە، بلێین ژنەکە ئەچێ بەشی خۆی و مناڵەکان وەرئەگرێ، دایك و باوکەکەش ئەچێ بەشی خۆیان وەرئەگرن، بەلاّم من لێرە پرسیارێکم هەیە، یەعنی من لێرە سەد لەسەد لەگەڵ ئەوەم بەتەساوی بێت، بەلاّم زۆرجار هەیە پیاوەکە ژنەکەی شەهید بووە، چووە ژنێکی تری هێناوە، تەبعەن کە ژنەکەی شەهید بووە، شەهیدانە وەرئەگرێ، مناڵەکانیشی ناردۆتەوە بۆ لای یان دایك وباوکی خۆی، یان لای دایك و باوکی ژنە شەهیدەکە، ئەوە لەو حاڵەتە چۆن ئەبێ، ئایا پیاوەکە هەر مافی ئەمێنێ، لەوەرگرتنی شەهیدانەکە؟ یاخود ئەدرێ بەمناڵەکان و دایك وباوکەکە؟ ئەگەر وەڵامان بدرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تەماشای دەقەکە بکەین، ئەڵێ ماف، یەعنی بەشێوەیەکی عام قسە دەکات، ماف زۆرە لەمووچەوە، لە خوێندنەوە، لە مافی مەعنەویات، یەعنی شتەکان زۆرە، مەفروزە لێرە ئێمە شتەکان دیاری بکەین، ئایا

مەبەستمان لێرە ئەو مووچەیەیە؟ ئەگەر وای لێنەکەین بەڕاستی موتڵەقە، یەعنی نەصێك بە موتڵەقی ئەبێ بەئیتڵاق وەریبگرین، ئینجا لێرە ئەڵێ ماف گرەکانی، راستە ئێمە لەماددەی شەش، تەقریبەن مافگرەکانمان دیاری کردووە، ئێمە لەمەوزوعی میرات ئەکەوێتە ژێر قەسامی شەرعی و نیزامی عامە راستە نەصێکی قانونی مەدەنی، ئەڵێ هەر نیزامێکی عام بۆت هەیە بەنەصێکی خاص تۆ لەو نیزامە عامە دەربچیت، ئێمە لێرە دێین قانونێك دائەنێین مافەکان دیاری دەکەین، یەعنی مەفروزە ئەو دەقەی کە ئێمە لێرە دایئەنێین زۆر روون و ئاشکرا بێت، ئینجا بەڕاستی من بەناعەدالەتی ئەبینم، ئەو مافە بەیەکسانی دابەش بکرێت بەتایبەتی مووچەکە، لەبەر ئەوەی ئایا ئازاری دایکێك کەکوڕێکی شەهید ئەبێ وەکو یەکە لەگەڵ ژنەکە لەگەڵ کوڕەکە، یەعنی تەئسیرە مەعنەویەکە، تەئسیرە بژێویەکە وەکو یەك نییە، یەعنی عەدالەت نییە، ئێمە ئەو شتانە یەعنی بڵێین مافەکە وەکو یەك دابەش دەکرێ، من پێشنیاری ئەوە ئەکەم رێژە دابنرێ، یەعنی مافەکە دیاری بکرێ، ئایا مەبەست مووچەیە، تا ئێستا زەوی بەپێی قەسامی شەرعی دراوەتە کەس وکاری شەهید، تا ئەو دەقەیە، بەڵام لەئێستاو بەدواوە ئەمانە ئەبڕێتەوە، یەعنی حەق وایە ئێمە رێژەیەك دیاری بکەین، بڵێین دایك ئەوە، باوك ئەوە، ژن ئەوە وەرئەگرێ، لەبەر ئەوە نابێ ئەو نەصە بەئیتلاقی بمێنێتەوە، من ئەڵێم مادەم هاتووین قانونێك دائەنێین، ئەو قانونە مافی پێ دیاری دەکەین، مەفروزە ئێمە رێژەکان دیاری بکەین، چونکە ئەوە نەبەقەسامی شەرعی ئەیکەین، نەبەقەسامی قانونی، ئەوە دوو بابەتە حەق دیاری دەکات، هەریکە رێژەی خۆی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە خۆی ئیقتیراحی وەزارەتە و پشتگیری لیژنەکانە، لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤ، یەعنی دوو رێگا هەیە، یان بگەڕێینەوە سەر قەسامی شەرعی، یان موقتەرەحێك تەقدیم بکەن، یەعنی هەر ئەوەندە نابێ، تۆ دەڵێی ئەوە بەیەکسانی نابێت، یان دەبێ بڵێی قەسامەکە باشترە، یان رێژەیەك هەبێـن، خۆ ئەوە بەهەوا ناکرێـتن بڵێین نابێ، دەبێ بەدیلت هەبێ، قسەت کرد دەبێ بەدیلت هەبێ، فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بەقەسام بێ، لەماددەی شەش هەندێکمان دەرکردووە، قانونەن حەقی هەیە، باپیر و داپیر حەقی هەیە، بەڵام لەماددەی شەش ناومان نەهێناوە، ئێمە لێرە بۆ خۆمان قانونێك دەرئەکەین، من لێرە پێم باشە بڵێن دایك لە سەدا ئەوندە مووچە وەرئەگرێ، باوك لەسەدا ئەوندە، کوڕ ئەوەندە، خێزان ئەوەندە، یەعنی رێژەکان دیاری بکەین، ئێمە دەرچووین لەقەسامی شەرعی بەڕاستی،

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم باشە چەند بنەمایەك هەبێ بۆ تەحقیق کردنی عەدالەت، بۆ نموونە دایکێك و دوو منداڵ پێکەوەن، دایکەکە مەسروفی ماڵ و جل و بەرگی ئەوانە هەمووی دەکێشێت، دەکرێ ئەوە لەگەڵ منداڵەکە

یەکسان بێت, مەسروف لەسەر دایکەکەیە لەخانەوادەکە, ئەوە یەك, دوو/ خانەوادەی وا هەیە, مەسەلەن چل کەس لەخانەوادەکەی شەهید بووە و بووە بەزەحیە, یەك کەسی بەجێماوە, دەکرێ ئەوە تایبەتمەندیەکی نەبێ ئەو کەسە, کە چل کەسی تیا چووە و تەنیا خۆی ماوە و, نموونە هەیە لەو بابەتانە, لەبەر ئەوە چەند بنەمایەك هەبێت بۆ تەحقیقی عەدالەت لەو بابەتانە پێم باشە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی خۆی ئێمە کە قسە دەکەین, هەموومان باسی عەدالەت دەکەین, دە قانونی تر دەربکەین لەسەر ئەو مەوزوعە, عەدالەتی موتڵەق ناتوانین دەربکەین, هەر ناکرێ, ئێستا من هەر ئەوا بکەم چەند شەهید هەیە کوڕەکەی هاتووە, پارچە زەویەکی وەرگرتووە بەناوی خۆی, شەش مانگی تر یان ساڵێکی تر, باوکی هاتووە ئەڵێ کورەکەم یەك فلسی نەداوە بەمن, من حەقی خۆم هەیە, مەجبور بووی بیدەیتە ئەویش, لەبەر ئەوە باسی عەدالەت دەکەین, عەدالەتی موتڵەق نییە, بەلآم ئینسان هەوڵ بدات, نیسبەتێکی زۆر لەعەدالەت جێبەجێ بکات, ئەگەر بمانەوێ عەدالەتێکی موتڵەق, وەڵلا هیچمان پێناکرێ, هەر موناقەشە دەکەین, حاڵەتێك لەوێ هەر پەیدا دەبێ, دیسان دەمانگەڕێنێتەوە سەر سفر, لەبەر ئەوە کە قسە ئەکەین بەئەکسەریەت قسە ئەکەین, حالآتی تایبەتی ئەبێ بمێنێتەوە, بەقەرارێکی تایبەت موعالەجە بکرێ, ئەگەر نا بمانەوێ هەمووی موعالەجە بکەین, ئاماژە پێکرا, ئەی ئەگەر ژنی شەهید بووبێ, پیاوەکە چوو ژنێکی تری هێنا, ئەمە رەنگە حاڵەتی زۆر تایبەت بێ, ئەو حاڵەتانە دەمانخاتە ناو تەفاصیلێکی زۆر, ئەوەی عەکسەکەی زۆر هەیە, ئەوەی کە مێردی شەهید دەبێ ژنەکە دوا رۆژ چ دەکا, ئەوە قاعیدەیە, ئەوەی تر ئیستسنایە, لەبەر ئیستسنائەکە قاعیدەکەمان لێ تێك نەچێ,

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە یەکسانی دابەش کردنی مافی کەس و کاری شەهیدان, بەڕاستی عەدالەت نییە, لەبەر دوو سەبەب, یەکەمیان/ ئەوەیە کە فیعلەن حەقە خێزان و ماڵ و مناڵ بکەینە دەرجە, من پێم وایە مناڵی شەهید دەرجە یەکە, خێزانی شەهید دەرجە دووە, دایك وباوك دەرجە سێیە, رەنگە هەندێ برادەر بە پێچەوانە باسی بکەن, بەلآم ئیلتیزامی دوای ئەوە پەروەردەکردن و بەخێوکردنی مناڵەکان لەسەر دایکەکەیە, یەعنی لای خێزانی شەهیدەکەیە, بەلآم لەکاتێکدا ئەگەر خێزانی شەهید شووی کردەوە, رێزم بۆ ئەم خوشکانە هەیە, رەنگە ئەوان زۆر دژی ئەو وشەیە بن, خێزانی شەهید ئەو مافەی کە وەریدەگرێت خوێنی ئەو شەهیدەیە, کە ئەو لای ئەو مناڵانە نەما, شووی کردەوە عایدی ئەوان نامێنێ, بۆیە حەق نییە, کاتێ شووی کردەوە ئەو مووچەیە بەردەوام بێ, بەڕاستی حەقە بگەڕێتەوە بۆ دەرجە یەك, یان دەرجە دوو, یان مناڵەکە, یان دایك و باوکەکە, سوپاس.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسيارم لە ليژنەی ياسايی هەيە, ئايا ئەو شەهيدانە, شەهيدانەيە, يان تەريكە و ميراسە؟ چونكە ئەوە ئيشكاليێكی عەمەلی دروست دەكات, شتی عەمەلی و نەزەری جيايە, كە بەعەمەلی كەس وكارێكی نزيكيان شەهيد بووبێ, دوايی گرفتێكی فعليان بۆ دروست ببێ, ئەوان چاكتر ئەو موعاناتە دەزانن, يەعنی من لەنزيكەم ئيحساس بەو موعاناتە دەكەم, بەڕاستی منالەكەی بەتەنيا ماوەتەوە, لای باپير و نەنكی بەخێو دەكرێ, دايكيشی شووی كردۆتەوە, ئەو تەساويە زوڵم كردنە لەمنالی شەهيد, يەعنی منالەكە سەرەتای ژيانيەتی لە ناڕەحەتێكی جديدا دەژێ, ئينجا لەبەشەكەی خۆم وا دەزانم ئەوەی كە شەريعەتی ئيسلام دياری كردووە, وا دەزانم بەڕاستی عەدالەتی تەواو لەوێ دايە, من بەپێی بەشەكەی خۆم قسە دەكەم, چونكە گرفتی عەمەليمان بۆ دروست دەبێ, جارێ ئەگەر ئافرەتەكە شووی كردەوە, خێزانی شەهيد بێ حەق دەرچێ, ئيحتيمالە لەبەر مەعاشەكەی شوو نەكاتەوە, گرفتی لەگەڵ كەس وكاری پياوەكە بۆ دروست بێ, ئينجا ئافرەت لەسەرەتا شووی كردووە بەوە ئينجا شەهيد بووە, كە پياوەكەی شەهيد بووە, ئەو حەقی مارەيی وەردەگرێ, دوايی كە شوو دەكاتەوە جارێكی تر ئەو حەقە مارەييەی بۆ دياری دەكرێ, يەعنی ئەوانە هەمووی حەقن, ڕێزم هەيە بۆ جەنابی وەزيری شەهيدان و ئەنفال كراوەكاتن، وانەكا ئافرەتی شەهيد بە زوڵم دەرچێ, لەوسەری منالی شەهيد و دايك و باوكی شەهيد بەزوڵم دەرئەچن, نەك خێزانەكەی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە برادەران زۆر تەوزيحيان لەسەر ئەو ماددەيە كرد, لەبەرئەوەی من پێم وايە ئەو ماددەی شەشە, ئەو حقوق و ئيمتيازاتانە بەنيزامێك لەمەجليسی وزەراوە تەحديد دەكرێ, لە ئەصلا پێ ئەچێ ئەو ماددەيە زياد بێ ئەو ماددە حەوتە, مادەم لەوێ نيزامێك هەبێ, تەوزيحی ئەو حقوق و ئيمتيازاتانە دياری بكات, پێئەچێ باس كردنی ئەو ماددەيە زياد بێ, بەلأم ئەگەر هاتوو بڕيار بوو هەرواش بمێنێتەوە, مەفروزە ئيزافەيەكی تری بۆ زياد بكەين, بڵێ ئيستسنا بێ لەهەموو قەواعيدی نافيز, چونكە ئەوە تەعاروز لەگەڵ قانونی ئەحوالی شەخصی دەكات, هەرچەند كاك شيروان باسی لەقەواعيدی تەقاعود و خدمە كرد, ئەڵێ ئەمە تەريكە نييە, ڕاستە ئەمە تەريكە نييە, بەلأم ئەی ئيمتيازاتەكانی سەرەوە كە ئەدرێ بەكەس وكاری شەهيد, هەروەك پارچە زەويەك ئەدرێ بەكەس و كاری شەهيدەكە, زەوی ئەبێ بەچی بۆ كەس وكاری شەهيدەكە, ئەچێتە تەريكە, تەقاعوديەكە ڕاستە تەريەكە نييە, لەگەڵ ڕای كاك شێروانم, ئەگەر هاتوو بەو تەساويە تەوزيع بكرێ, من لەگەڵ ڕايەكەی كاك عوسمانم كە ئێستا تەوزيحی كرد, بۆ چوونێكی باشە, با ژنەكە شووش بكاتەوە, تەوەقوعی چ دەكا حەقێكی خۆيەتی و موكتەسيبە وەريگرتووە, تاوانی نييە مێردەكەی شەهيد بووە, با ئەو حقوقەی هەر بەردەوام بێ, بەلأم ئەگەر بێتو

حەقی شەهیدەکە بەتەساوی لەگەڵ براو خوشك و باوك و دایك تەوزیع بکەین, ئەی هەندێ جار شەهید منداڵی قاصری هەیە, هیچ مەواردی ژیانی نییە, بۆچی برایەکەی دەوڵەمەندی یان بەئیمکانی ببێتە شەریك بەنەفسی کەمیەو مەبلغ لەگەڵ ئەو منداڵەی کەهێشتا سەرەتای ژیانیەتی و ئەیەوێ پێی بژی و, یاخود باوك و دایکەکەی, ئەمە لێرە تەعاروزێك دروست دەبێ, نەفەسامی شەرعی بەسەریدا جێبەجێ دەبێ, نەئەچێتە بابی تەریکەوە, لەسەرەوەش ئێمە پێمان وتوە حقوق و ئیمتیازاتەکە, واتە تەقاعودیەکەشمان دیاری کردووە, لەبەر ئەوە من پێم باشە یان ئیلغا بکرێ, یان بنووسرێ ئیستسنایە لەسەر قانونی نافیزە, یان ئیستسنایە لەسەر قانونی ئەحوالی شەخصی, یان تەنیا بەو ماددەی شەشە ئیشی پێبکرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری رایەکی وەزارەت دەکەم بە یەکسانی بێت, یەکسانی بێت بەمەرجێك لەنێوان دەرجە یەکەکان یەکسانی بێت, یەعنی منداڵ و خێزان و دایك و باوك, من رەئیم وایە ئەگەر شەهیدێك خێزان و منداڵی هەبێ, خوشك و برا لە هیچ ئیمتیازێکی ئەو شەهیدە بەشداری نەکەن, بۆیە پێم وایە ماددەکە یەك شتی بۆ ئیزافە بکرێ, ماف و ئیمتیاز بەسەر مافگرەکان بەیەکسانی دابەش بکرێ بەپێی ماددەی شەش, چونکە لەماددەی شەش دەستنیشانی کردووە, یەعنی بەپێی بڕگە چواری ماددەی شەش رێکی ئەخات, لەو ترسە نەجاتمان ئەبێ, خوشك و برا لەحاڵەتێکا ئەگەر شەهید خێزان و منداڵی هەبێ, ئەو ماف و ئیمتیازانە نایان گرێتەوە بەیەکسانی, سوپاس.

**بەڕێز گولناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لەرایەکەی وەزارەت دەکەم, بەلاّم بەرێنمایەوە, ئەو رێنماییەش ئەوەی خەمان خان ئاماژەی پێدا, بەراستی ئێمە لەئەنفال و لە کارەساتی هەڵەبجە ئەتوانین بڵێین لەنیوە زیاتر قوربانیەکان ژنن و, پیاوەکان زۆریان لەدوای مانگی یەکەم و دووەم ژنیان هێناوە, هەمان مووچەی ژنەکە وەرئەگرن, لەکاتێکدا ژنی وا هەیە لەدوای پانزە ساڵ بڕیاری شوو کردنی دایە, نابێ بێ بەش بێ لەو مافە, بۆیە ئەم یاسایە پێویستی بەرێنماییەك هەیە, دەکرێ گونجاندنێك هەبێ, لەگەڵ قانونی قەسامی شەرعی و, لەگەڵ ئەمە, رێنمایەکی ئەوێ بۆ ئەوەی هەردوولا سوودمەند بن و, پلە یەك بگەڕێتەوە بۆ خێزانی شەهیدەکە سوپاس.

**بەڕێز د. هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لەوەزارەت و قسەکانی گوڵناز خان دەکەم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە دوو شتمان تێکەڵ کردووە بەیەکا, ئاگامان لێبێت, حقوق و ئیمتیازێکی قانونی هەیە, لەگەڵ حقوقێکی شەرعی کە ئیرسە, ئەوەی کە قەوانین و حکومەت ئەیدا, بە کەس و کاری شەهیدەکەی ئەدا,

یەعنی دیاری کردیە ئەوە بۆ ئەوە, ئێمە ئەوە تێکەڵ نەکەین لەگەڵ ئیرس, ئیرس جەعلێکی شەرعیە, یەعنی ئەوەی کە لەمردووەکە جێئەمێنێ, واتە لە شەهیدەکە پێش مردنی, ئەوەی کە لەدوای مردنی بە کەس و کارەکەی ئەدرێ, هی کەس وکارەکەیە, شەهیدەکە نییە, راستە تەقدیرە, لەبەر رێز و گەورەیی ئەڵێی ئەوە شەهیدانەیە, بەلاّم ئەدرێ بەکەس و کارەکە, یەعنی ئەبێ بە ئیمتیازاتی ئەوان, هەرشتێ لەپێش وەفاتی ئەو کەسە موڵکی بووبێ, مادی بێ یان مەعنوی وەکو ئەرز و ئەو شتانەی کەباستان کرد, ئەوانە بەپێی قەواعیدێکی شەرعی دابەش ئەکرێ, ئیتر ئەم ژنە مافی خۆیەتی شوو بکاتەوە, نابێ ئەم مافە بسرێتەوە, مادەم ئەمە مافە ئەتوانێ شوو بکا, ئەتوانی شوو نەکات, ئەو ژنەی لەسەر مناڵەکانی ئەمێنێتەوە, ئەوە گەورەیی بۆ خۆی ئەمێنێتەوە, گەورەیی ئەنوێنێ, ئەگینا مافەکەی ئەتوانێ شوو بکاتەوە, ئەو شووکردنە نابێتە ئەوە تۆ بڵێی با پارەکەی لێ وەربگرمەوە, نەخێر ئەوە مافی خۆیەتی, مافێکی شەرعیە, لەڕووی شەرعیەوە من ئەو قسەیە ئەکەم, نە لەڕووی عەقڵیەوە, لەڕووی شەرعیەوە ئەو ژنە مافی خۆیەتی شوو بکاتەوە, هەرسێ مانگ دوای مردنی مێردەکەی ئەتوانێ شوو بکاتەوە, مناڵی هەیەتی یان نیەتی ئەوە باسێکی ترە, بەس ئەگەر گەورە بوو, توانی وەکو ژنێکی گەورە توانی بەسەر ئەو مناڵانە دابنیشێ, بەڕاستی هەم لەدنیاش سەرکەوتوو ئەبێ, هەم قیامەتیش بەدەست دەهێنێ, ئەمە مافێك نییە بڵێی بەپارە ئەیدەمێ, ئەوە گەورەیەکە خۆی ئیختیاری کردووە, بەلاّم مەسەلەی شووکردنەکە نابێت ببێتە مانع بۆ وەرگرتنی پارەکە, ئەوە هەڵەیەکی گەورەی ئیجتیماعیە, سوپاس.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/(وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە جەنابت تەوزیحێکی زۆر باشتدا لەسەر هێنانەکایەوەی دادپەروەری, رەنگە نەتوانین لەو یاسایە, ئێمە دادپەروەری موتڵەق بهێنینەکایەوە, بەلاّم چەند تەوزیحێك هەیە لێرە, ئەمە باس کردنە لەسەر مافەکە, یەعنی حقوقی شەهیدانەکە, واتە مووچەکە, برادەران چوونە ناو زەوی و خانوو, ئەو یاسایە ئەگەر تەماشا بکەین, دەڵێ حقوقی شەهید ئەوەی مەسەلەی تەقاعودیەکە واتە مووچەکە دەگرێتەوە, جا مووچەکە بەتەساوی بێ یان نا, من تەوزیحێکم هەیە بۆ هەندێك لەبرادەران کەدەڵێن ئەو ژنەی کە شووی کردەوە ئەو حەقەی لێبسەنین, باشە من دەمەوێ بڵێم کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکی تەقلیدیە, کۆمەڵگایەکی عەشائیریە, ئەو ژنانەی شوو دەکەنەوە ئەوەلەن ژمارەیان کەمە, دوایی هەموومان دەزانین ئەوە واقیعە, نابێ وابێ بەلاّم لەموجتەمەعی تۆ وایە, ئەو ژنەی کە شوو دەکاتەوە بە چ نەزرەیەك تەماشا دەکرێ, ئەو ژنە هەتا هەتایە باجەکە دەدات, بەوەی کە کۆمەڵ بەچاوی نادروست سەیری ئەو ئافرەتە دەکات, یەعنی ئەو ئافرەتە دووجار بریندار دەبێ, لەوەی کەمێردەکەی مردووە, ئایا ئەو پارەیە برینی ئەو سارێژ دەکا, واتا شوو کردنەوەی برینی ئەو سارێژ ئەکا, ئەو زەرەرە گەورەی کە بەئافرەتەکە کەوتووە, ئایا برینی سارێژ دەبێ, بەوەی کە شوو دەکاتەوە, دوایی کەمێردی دووەم دەکاتەوە دیسان بەرامبەر بەو موجتەمەعە قاسیەکە تووشی غەدەر دەبێ, لەبەر ئەوە پێم وایە ئەو حقوقە دوو هەزارە, سێ هەزارە هیچ شت لەوەزعی ئەو ناگۆڕێ, تەنیا تەشجیعێکە, رێزم هەیە بۆ برادەرانی مافی مرۆڤ وتی گەورەیی ئەو ئافرەتەیە ئەگەر شوو نەکاتەوە, بزانە موجتەمەع داوای لێئەکات شوو نەکاتەوە, گەورەتر دەبێت ئەگەر شوو نەکاتەوە, نەخێر غەدرێکە لەخۆی ئەکات ئەگەر شوو نەکاتەوە, گەورەیی تەشجیعی موجتەمەعە بۆ

ئەوەی ئافرەت شوو نەکاتەوە, یەعنی شوو مەکەوە, ئەتۆ گەورە دەبی ئەگەر شووت نەکردەوە, بەلاّم غەدر لەخۆی دەکات ئەگەر شووی نەکردەوە, ئەوە واقیعە, مەنتیقە, بەلاّم من دەلّێم تەساویەکە تا ڕادەیەك عەدالەت دێنێتە جێ, لەو مەرحەلەیە زۆر کێشە هەیە چارەسەری ئەکات, بەلاّم یەك شت هەیە من دەمەوێ بلّێم, با بەدەرجە یەك موستەفید بن, هەندێ لەبرادەران ئەوەیان تەرح کرد, باوارسی دەرجە یەك موستەفید بن, ئینجا خوشك و برا, با برادەرانی لیژنەی یاسایی ئەوە تەرح بکەن, ئەو فەقەرەیە زیاد بکەن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زانیم چۆنە, موناقەشە تەواو, زۆر موناقەشە کرا لەسەر ئەو ماددەیە, بەدیلێکی موحەدەد تەرح نەکرا, رای موختەلیف هەبوو, هەرکەسەو بەعەکەس شەرحی کرد, بەلاّم بەدیلێکی موحەدەد نەهاتە بەرچاوم, لەنتیجەی موناقەشە من پێم وایە ئەو موقتەرەحەی وەزارەت کەپشتگیری کراوە لەلایەن لیژنەوە, راستە بەئیزافە کردنی ماددەیەکی تازە, بۆ ئەوەی ئەو حقوقە کە بەتەساوی تەوزیع دەکرێ, تەنیا ئەو مووچەیە بگرێتەوە, ئەرز تەوزیع بکرێ لەسەر ئەساسی قەسامی شەرعی, کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابت ئیشارەت بەوە دا کە ئەو ماددەیە باسی زەویش دەکا, ئەو ماددەیە عیلاقەی بە ماددەی شەش نییە, ماددەی شەش حقوق و ئیمتیازاتی شەهیدی تەحدیدی کردووە (بموجب نظام یصدره مجلس الوزراء), ماددەی حەوت ماددەیەکی سەربەخۆیە عیلاقەی بەوەوە نییە, لێرە تەبیعی ئەوە (استثناءاً من احکام و قواعد الاحوال الشخصیة والقواعد المدنیة بالنسبة للأرث) ئەوە موعالەجە کرایە, بەلاّم ئەمە دەمانەوێ لێرە عەدالەت هەبێ, لێرە لەو ماددەیە عەدالەت نابێ, ئەگەر بەم شێوەیە, بەم صیغەیە هاتییە (توزع الحقوق التقاعدیه علی المستحقین بالتساوی), من پێشنیار دەکەم وابنووسرێ (تراع في توزیع الحقوق التقاعدیة اعطاء الاولیة الی الزوجة و الاولاد ثم الوالد و الوالدة وفق النظام المشار الیه في المادة السادسة من هذا القانون), سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عونی تۆ قانونی لەمن باشتر دەزانی, بەلاّم ئەمە نصێکی عامە و مەقبول نییە, (تراع) لەقانوندا بەصیغەیەکی عام دێت, ئەوە نەصێکی صەریحی دەوێ, قسە کرا زۆر, نازناز خان نوقتەی نیزامت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە بۆ مەسەلەی میراس نییە, بۆیە پێم وایە ئەصلّەن نابێ باس لە زەوی و مومتەلەکات بکەین, بەهیچ شێوەك, ئەوە بەس بۆ مەسەلەی مەعاشە لەگەلّ ئەو ئیمتیازاتانەی دەدرێتە خانەوادەی شەهید, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سردار نوقتەی نیزامی هەیە, فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەقەرەی یەك لەماددەی هەشت, بەحقیقەت ماددەی حەوت ئەوەیش دەگرێتەوە, یەعنی قسەی جەنابت راستە, پاش ئەو گۆڕانکاریانەی بووە حقوق و ئیمتیازاتی شەهید, عەردەکەش دەبێتە یەکێك لەوانە, واتە ئەوەیش دەبێتە تەساوی, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د. کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی زۆر موناقەشە کرا, بەلاَم دیارە زۆرتری دەوێ, من سەد لەسەد پرۆژەی وەزارەت دەکەم, لەسەر ئەو تەساویە, چونکە هەندێ لە برادەران تەئیدی ئەوەیان کرد, ئافرەت شووی نەکاتەوە, یان شوو بکاتەوە بەلاَم ئەو مەعاشەی لێبڕن, بەڕاستی ئەوە زوڵمێکی ترە, ئێمە دەیخەینە سەر ئەو ئافرەتە جارێکی تر, چونکە ئەو ئافرەتەی ماڵی وێران بوو و جەرگی سووتا, خۆی ئەنفالی نەکردووە, ئەو ئیمتیازەی با پێمێنێ هەتاکو لەماڵێکی تریش بێ, یەعنی ئەمە شتێکی ئیستسناشە بۆ ئەمە ئەکرێ, ئەم جەلسەیە جەلسەی 13 یە و, ئەنفالەش رۆژێکی شووئن بوو بەسەر ئێمە هات, من پێم باشە زیاتر تاوتۆ بکرێ بۆ ئەوەی لەجەلسەی 14 کۆتایی پێبێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە شتێکی باس بکەین زۆر بەزەقی, زۆر عائیلەی شەهید هەیە لەبەر ئەوەی حقوقەکەی لێئەبڕێ مێرد ناکاتەوە, جا من داوا ئەکەم لەجەنابتان, لە وەزارەتی شەهیدانیش, کە بەهەموو مەعنایەك عائیلەی شەهید تەقویە بکرێ, خێزانی شەهید با مێرد بکاتەوە و مەنعی نەکرێ لەو حقوقەی کە هەیەتی, چونکە زۆر خێزانی شەهید هەیە, لەبەر ئەوەی ئەزانێ مەعاشەکەی لێئەبڕن, بۆیە شوو ناکاتەوە و, لەماڵی خۆی دائەنیشێ, مەنع کردنی ئافرەت لەشووکردن خیلافی شەرعە, بۆیە حەقە راتبی ئەو ئافرەتە لەماڵی مێردی دووەمیشی با هەر بمێنێ, بۆ ئەوەی رێگا خۆش کەر بێت کە جارێکی تر عائیلە دروست بکاتەوە ئافرەتەکە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەماددەی شەش حقوقی تەقاعودیمان لابرد, پێم وایە لێرەش دروست نییە بڵێین حقوقی تەقاعودی, واباشترە بڵێی حقوقی شەهید, یان ئیستحقاقی شەهید, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باسمان كرد, موفتەرەحێك هەیە بۆم هاتووە, رەنگە زۆریش دەقیق تر بێت, (توزع الحقوق الشهيد المادية المشمولة بهذا القانون على المستحقيق بالتساوى) يان (المالية), (توزع الحقوق الشهيد المالية المشمولة بهذا القانون على المستحقيق بالتساوى) ئەو صیغەیەتان پێ باش نییە؟ كوێستان خان نوقتەی نیزامە, فەرمووو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە كۆمەڵێك ئەندامی پەرلەمان, رەئیمان وایە خوشك و برا نەگرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

ئەگەر ئێمە تێبینی بكەین, ئەو ماددەیە جیاكراوەتەوە لەماددەی پێشوو, ئەوە فەقەت تایبەتە بەحقوقی تەقاعودی, یەعنی ئەوەی تریش ئەڵێ بەنیزامی ئەنجومەنی وەزیران, یەعنی بەنیزامێك لەئەنجومەنی وەزیران دەرئەچێت, ئەوە بەس تەقاعودیەكە دەگرێتەوە, بۆیە ئەوەی كەدانراوە لە لیژنەی قانونیەكە ئەنجومەنی وەزیران, شتەكەی زۆر بەدەقیقی دانراوە, بۆیە من پێشنیار دەكەم وەكو خۆی بمێنێتەوە و دەنگی بۆ بدرێتن, سوپاس.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە ئێمە مواجەهەی شتێك دەكەینەوە, یان ئەبێ باوەڕمان بەیەكسانی ئافرەت هەبێ, یان ئەبێ كەتەحدیدی شوێن ئەكەین, مەعاشی بدرێتی یان ئەرزی نەدرێتێ, ئافرەت لەهەموو كەسێك موستەحەق ترە كە یارەمەتی بدرێ, چونكە ئەو لێی ئەقومێ, مەئسات بەسەر ئەو دێ, هەموو كارەكان ئەو ئەیگرێتەوە, لەبەر ئەوە بە رەئیی من ئەو موقتەرەحەی وەزارەتی ئەنفال جێگای خۆیەتی و, تەحدیدیش نەكرێ هەر مەعاش بێ, لەهەموو شتێك ئافرەت حەقی ئەوەی هەبێ, كە حیصەی خۆی وەربگرێ, سوپاس.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وابزانم هەر لەداوای هەموو كەس و كاری شەهیدەكان و ئەنفالەكانیش هاتووە, كە بەشێوەی قەسامی شەرعی دابەش بكرێ, سوپاس.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەسەلەی مووچە میرات نییە, هیچ عیلاقەی بەمیرات نییە, كابرا شەهید دەبێ خانووەكی هەیە بایی دوو ملیۆن دینار, هەموو دوو ملیۆن دینارەكە بەشی مارەیەكەیەو دەیباو شوو دەكاتەوە, ئەدی مناڵی شەهید كێ

بەخێوی دەکات, کاکە گیان ئەوە واقعی کۆمەڵگای ئێمەیە, ئەمن داخی شەهید ئەزانم, من نۆ منالی شەهید بەخێو ئەکەم, من ئەزانم موعاناتی شەهید چییە, چۆن ناهێڵی قسەی بکەم؟ ژن هەیە سەد مسقاڵ, دووسەد مسقاڵ مارەیەتی, مارەیەکە وەردەگرێ هەموو مەوادی شەهیدەکە دەبا, شوو دەکاتەوە, منالەکانیش لەسەر جادە فۆندرەی صبوغ دەکەن, ئەمە کەی دیفاعە لەحەقی منالی شەهید, حەقە ئەوە رەئیمان وەربگیرێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەڵەن تۆ خاوەن شەهیدی, هەموومان خاوەن شەهیدین, هەمووشمان خۆمان بەخاوەن شەهید دەزانین, مەسەلەی شەهید پەیوەندی بە کەس وکاری شەهید بەتەنیا نییە, هەموومان دەزانین ئێمە کە گەیشتووینەتە ئەو رۆژە بەخوێنی ئەو شەهیدانەیە, لەبەرئەوە ئەگەر تۆ صاحب شەهیدی, منیش صاحب شەهیدم, خۆشم شەهیدم, لەبەر ئەوە کەس ئیمزای نەکرد, رێزشم هەیە, تەقدیریشم هەیە, بۆ هەموو شەهیدان, هەموو میللەتەکە قەرزاری ئەوانن, ئێمە دانشتووین لێرە قانونێك دەربکەین لەبەرژەوەندی ئەوان بێ, کەسێك پێم وانییە, قانونێك دەربکاتن لەزەرەری ئەوان بێت, چ باشە, بەلاَم هەر کەسێ لەدڵی خۆی حقایەتێکی هەیە, ئەو حەقایەتە قیاسەکەی وەردەگرێ, ناتوانین قانونێك بەمقیاسێك وەربگرین, مقیاسی حالەتێك, دوو حالەت دەزانین, نابێتە حالەتێك بۆ ئەوەی قانونێك دەربێنین لەسەر ئەساسی ئەو دوو مقیاسە, دەیان مەقایس هەیە, دەزگایی شەهید لەسلێمانی, لەهەولێر 17 ساڵە باس لەقەوانین دەکەن, دەیان جار رێنماییان دەرکردووە, ئەنجومەنی وەزیران دەیان جار کۆبوونەوەی کردیە, تا ئێستا نەگەیشتوونەتە قانونێك یەکسانی تەواو دەربکەن, بەدانیشتنێکی ئەوها, بەتێبینیەك لەلایەن برادەرێکەوە, ناکرێتن ئێمە بەنەزەری ئیعتیبار وەربگرین ئەو هەموو قانونە, ئەو هەموو موناقەشەیە, ئەو هەموو تەجروبەیە یەکلابکەینەوە, ئێستا لەبەر رۆشنایی ئەو هەموو موداخلاتانەی کە کرا, ئەو صیغەیە باشە, یەکسانی تیایە, هەندێ مولاَحەزات درا, نابێ بە وجودی دایك و باوك و منالْ و خێزانی شەهید نابێ خوشك و برا بگرێتەوە, یەعنی دەرجە یەك بگرێتەوە, ئەو ماددەیە بە ماددەیەکی تر دەبێ موعالەجە بکرێ, یەعنی ئەو رەئیانە کە درا, دەڵێن دەبێ دەرجە یەك بگرێتەوە, ماددەیەکی تر دەبێ بڵی خوشك و برا نەگرێتەوە لە حاڵەتی وجودی دایك و باوك و خێزان و منالْ, جا لەبەر ئەوە دەبێ ماددەیەك بکرێتە دوو فەقەرە, فەقەرەی یەکەم بەتەساوی, فەقەرەی دووەم (تحجب المستحقات عن الاخوة و الاخوات في حال وجود بقية المستحقين الذين ذكرهم المادة السادسة), ئەوەتان پێ باشە؟ موقتەرەحت هەیە کاك کریم, فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

موقتەرەحەکەم بەیەك ماددە بێت, هەر لەهەمان ماددەی (7) بڵێ (توزع الاستحقاق المالی للشهيد على المستحقين من الدرجة الاولى لورثة الشهيد), سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەرجەی تیا نییە لەقانونەکە, تۆ لەماددەی پێشوو شەرحت کردووە, ئەوانەی کە مەشمولن بە شەهیدانە, برا و خوشکت داناوە, کاك کریم مولاحەزەکەت بەجێیە, بەلاّم دەرجات تەخصیص نەکراوە, لەقانونەکەت داناوە, خاوەن شەهید کێیە, دایك و باوك و خێزان و منالّ و خوشك و برایە, ئەگەر لێرە بێتو ئەو نەصەی دابنێین کە ئەمن وتم, ئەو موقتەرەحەی کەزیاتر لە 6, 7 ئەندام ئاماژەیان پێکرد, دەبێ دەرجەی یەك فەقەت شمولی بکات, ئەو نەصە ئەوە دەگرێتەوە, دەرجە یەکەکانە, دایك و باوك و خێزان و منالّ هەبن, خوشك و برا نایانگرێتەوە, نالّێین دەرجە یەك, دەلّێین لەحالّەتی وجودی دایك و باوك و خێزان و منالّ, خوشك و برا نایانگرێتەوە, ئەگەر موقتەرەحی ترتان هەبێ, بەلاّم تکایە رەئیی نەبێ, کاك مەلا ئەنوەر قسەت زۆر کرد, نوقتەی نیزامە, فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر خۆی وایە, لە سلێمانیش وایە, لەکاتی هەبوونی ژن و منالّ و دایك و باوك, نادرێتە خوشك و برا و, قەسام شەرعیەکەش تەنیا بۆ تەحدیدی ناوەکان بەکاری ئەهێنن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەزانی چییە, ئەوەی ئەلّێ خۆی وایە, ئەوانە نامێنێن, ئەوە دەبێتە ئەساسی هەموو شتێك, کاك مەلا ئەنوەر فەرموو.

**بەڕێز انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسەکە, باسێکی ماددیە, وەکو بیدایەت جەنابت ئیشارەتت بەعەدالەتدا, بۆیە لەشەریعەتی ئیسلامیشدا, خوای گەورە خۆی کردوویەتی, هەتا نەیهێشتوووە پێغەمبەریش بیکات, مەوزوعەکە مەوزوعێکی ماددیە, بۆیە عەدالەت تیایدا زەحمەتە, ئەمن پێشنیار دەکەم, چونکە وەکو خۆت گوتت, ئەو مەوزوعە هەرچەندی وەکو خۆی دەرناچێ, هەتا لە شووکردنەوەی ئافرەت ئەوەی کە بەموقەرەبین شوو ئەکاتەوە, ئەوەی کە بەبێگانە شوو ئەکاتەوە, ئەوانە هەمووی فەرق و جیاوازیەکی هەیە, کابرا هەیە برای شەهید بووە, مارەی کردۆتەوە و منالّەکانیش بەخێو ئەکات, هەیە بۆتە ژنی پیاوێکی بێگانە و منالّەکانی بەجێهێشتووە, من پێم باشە بەماددەی شەش کۆتایی پێبێنین, ماددەی حەوت هەر نەمێنێ, یەعنی هەلّیگرین, ئەو پێشنیارەم هەیە, لەگەلّ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من موقتەرەحی وەزارەت, چونکە لەلایەن لیژنەی قانونی, لیژنەی مافی مرۆڤ هاتووە, بەو ئیزافەیە کە کردوومانە یەك و دوو, دەیخەمە دەنگەوە, ئەگەر دەنگی نەهێنا, ئەو کاتە تەئجیلی دەکەین, بیخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السادسة:

1-توزع الحقوق المالية للشهيد المشمولة بهذا القانون على المستحقيق بالتساوى.

2-يحجب المستحقات عن الاخوة و الاخوات في حال وجود بقية المستحقين.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

قانون دەڵێ, ئەگەر دايك و باوك و خێزان و منداڵ نەبێ, خوشك و برا دەيانگرێتەوە, بەكوردی بيخوێنەوە, هەمووومان تێی بگەين, نوقتەی نيزامت هەيە, فەرموو كاك عەونی.

**بەڕێز عونی سعيد كمال بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەصلێحێكی قانونيە, غەڵەتە ئەگەر بڵێين (الحقوق المالية), (ماليە) منقول و عەقار دەگرێتەوە, مەعنای وايە تووشی ئەشكالاتمان دەكات, ئەوە يەك, دووەمين/ تەناقوز دەكات لەگەڵ ماددەی شەش بەتەواوی, لێرە تەحديدی دەكات, كێنە (المشمولين باحكام الفقرە الاولى من المادە السادسە), سێيەمين/ بەرەئيی من يان ماددەی حەوت ئيلغا بكرێ, كەئيحالەی نيزامی دەكات, ئەنجومەنی وەزيران دەريدەكات, ئەو تەوزيحی دەكات, كێشەكە لێرە حەل دەبێتەوە, يان لێرە ئيتيفاق بكەين, صيغەكی موعەين دابنێين, مەوزوعەكە يەكلا بكرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/(وەزيری شەهيدان و ئەنفالكراوەكان):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو رەئيە باشە, بەلاّم من پێم وايە خۆ دەركردنە لەمەسئوليەت, ئەو موشكيلەيە دەتانەوێ بيخەنە سەر ئەنجومەنی وەزيران, لەوێش هەمان موشكيلە دەخولقێ, رجا دەكەم حەسمی بكەن, يەعنی ئەوە تەهەروبە لەمسئوليەت, ناتانەوێ خۆتان تەحەمولی مەسئوليەت بكەن, سوپاس.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وايە, ئەگەر جەنابت بفەرمووی بۆ مودەی دە دەقەيەك, چارێگێك, مەجالی بدەيە ليژنەی ياسايی, با ئەو هەموو رەئيە كۆبكاتەوە, ئەوەندە تەناقوزەمان نەبێ, صياغەيەكی باش دابنێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو هەموو رەئيەيان پێ كۆناكرێتەوە, تەواو, نوقتەی نيزامت هەيە, فەرموو.

**بەڕێز ملاسعد الدين ملا عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەجياتی ئەو حقوق ماليە, بڵێين حقوقی عينی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نەخێر، مالیەكەش لابدە، حقوق بەتەنیا، مولاحەزەكەی كاك عونی راستە، نوقتەی نیزامیش نییە، مالیەكەی لابدە، بەكوردی و بەعەرەبی بیخوێنەوە، فەرموو .

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم:

1- مافی شەهیدانە بەیەكسانی بەسەر شەهیداندا دابەش دەكرێ.

2- خوشك و برا بەشیان لەشەهیدانە نابێ ئەگەر موستەحەقەكانی دیكە هەبوون.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هێشتا ماددەكە یەكلا نەبۆتەوە، چۆن دەخرێتە دەنگدان؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەكلابۆتەوە، خۆی دەنگدان بۆ ئەوەیە تاكو یەكلا بێـتەوە، موناقەشە زۆر كرا، ناگەینە رایەكی باش، جارێ ماددەی پێشتر كێیە، ئیستیفادە لە حقوق و ئیمتیازاتی شەهیدان دەكات، ئەوەش شی كراوەتەوە، دایكە، منالە، خێزانە، باوكە، خوشك وبرایە، بەلام كە دەڵێ بەتەساوی، شیدەكاتەوە، یەعنی ئەگەر ئەوانی تر هەبن، خوشك و برا نایگرێتەوە، زۆر وازحە یەعنی مانای ئەوە نییە، ماددەی پێشوو غەڵەتە، جارێكی تر با روونی بكەینەوە، ماددەی پێشوو دیاری كردووە، كێیە ئەو كەسەی كە حقوق و ئیمتیازاتی شەهید حەقە وەربگرێ، باوك و دایكە، خێزانە، منالە، خوشك وبرایە، بەلام ئەگەر باوك و دایك و منالْ و خێزان هەبێ، خوشك و برا نایگرێتەوە، بۆ ناویان هاتووە، تاكو ئەگەر ئەوان نەبوون، خوشك وبرا ئایانگرێتەوە، لەبەر ئەوە كە دەڵێین بەتەساوی، دەبێ ئەو فەقەرەیە ئیزافە بكەین، ئەو تەساویە ئەگەر موستەحەقینی ئەساسی نەبوون، خوشك و برا ئینجا دەیگرێتەوە، لەتەساویەكە نایانگرێتەوە، ئەگەر دایك و باوك هەبوو، ئەگەر منالْ هەبوو، ئەگەر ئەوانە نەمان، ئنجا خوشك و برا ئەگرێتەوە، وزاحە، دەیخەمە دەنگەوە، جارێكی تر، تكایە بیخوێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەئیدی رەئیەكەی كاك اسماعیل ئەكەم، منیش هەمان مەعاناتم هەیە، خێزان كە شوو ئەكاتەوە، تەماعی لەمنالەكان نییە، دوو منالْ، سێ منالی بەجێهێشتووە، دایك و باوكیش تەماعی لەمنالەكانیان نییە كەهی شەهیدەكەیانە، ئەو حصە حصەی منالە بەس، نەك دایك و باوك، تۆ تەوزیعی بكەی، بەسەر ژنی شووكراو، بەسەر ژنی لەمالْ دانیشتوو، بەسەر دایك و بەسەر باوك و بەسەر منالْ یەكی هەزار دیناری

بەرئەكەوێ, تەنیا منالێ موكەلەفە بۆ پارە, نە دایك و باوك, نە خێزان, نە خوشك و نەبرا, نەشوو كراو, سوپاس.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیار ئەكەم, هەردوو حاڵەت بخەیە دەنگەوە, ئەو پێشنیارەی كەجەنابت وتت, یان ئیلغاكردنی ماددەكە, ئیدی كۆتایی پێدێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەزیرە هینی كرد, وتی تەهروبە, ئەگەر نا بۆمن ئاسانترە ئیلغای بكەم, ئەو خیلافەی, بەلاّم تۆ ئەو موشكیلەی دەبەیتە مەجلسی وزەرا, هەمان شتە, رەنگە ژمارەشیان كەمتر بێت و, قانونیشیان كەمتر بێتن, نەتوانن وەكو ئێوە موناقەشە بكەن و, وەكو ئێوە رەئیی لەسەر بدەن, یەعنی موشكیلە بۆ ئەوان دروست دەكەیت, كەچی ئێمە ئیشمان ئەوەیە, ئەو موشكیلە یەكلا بكەینەوە, لەبەر ئەوەی ئێمە ئیشمان یاسایە, ئەگەر نا بۆ ئێمە زۆر ئاسانە, ئەو ماددەیە لە كۆڵبكەینەوە, هەمووشتان رازی دەبن, مەمنونی سەرۆكایەتیش دەبن, بەلاّم ئەوە تەهەروبە وەكو وەزیر وتی, كاك حاتم نوقتەی نیزامت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەئیدی ئەوەی دەكەم, بەقەسامی شەرعی بێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە نوقتەی نیزام نییە, كاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شیرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەرەئیی من دە سەعاتی تر موناقەشە بكەین, ناگەینە نەتیجە, رجا دەكەم ئەو رەئیەی كەتازە جەنابت ئاماژەت پێكرد, بیخەرە تەصویت و با كۆتایی پێبێت, سوپاس.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم:

1-مافی شەهیدانە بەیەكسانی بەسەر شەهیدان دابەش دەكرێ.

2-خوشك و برا بەشیان لەشەهیدانە نابێ ئەگەر موستەحەقەكانی دیكە هەبوون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە, دەستی بەرز بكاتەوە؟ فەرموون, 45 كەس, كێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, 28 كەس, كەواتە ماددەكە بە 45 دەنگ قبوڵ كرا, سوپاس, بڕۆ سەر ماددەی تر.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**کە ماددەی هەشتەم دەبێتە ماددەی حەوتەم,**

**بەشی چوارەم**

**ماف و تایبەتکاری کەس و کاری شەهیدان**

**ماددەی حەوتەم:**

**یەکەم: کەس و کاری شەهیدی خەباتکار و شەهیدی جینۆساید ئەم ماف و تایبەتکاریانەی خوارەوەیان هەیە:**

**1- خانەوادەی شەهیدی خەباتکار و ئەنفالکراو یەکەیەکی نیشتەجێ کردنی لەشوێنی لەدایك بوونی خۆی بەناو دەکرێت.**

**2- ئەگەر شەهید لە ژنێك پتری هەبێت, هەریەك لەژنەکان هەمان ماف و تایبەتکاری بەپێی حکومەکانی ئەم یاسایە بۆ ژنێك دانراوە.**

**3- لەحاڵەتێکدا پتر لە کەسێك لە خێزانێکدا شەهید بووبێ ئەم رێژانەی لەخوارەوە هاتوون لەسەر مووچەکەیان بۆ زیاد دەکرێت و بەپێی رێنمایی تایبەت:**

**أ- 100٪ بۆ شەهیدی یەکەم.**

**ب- 75٪ بۆ شەهیدی دووەم.**

**ت- 50٪ شەهیدی سێیەم.**

**پ- 25٪ بۆ شەهیدەکانی دیکە.**

**دووەم:**

**1- کوڕی شەهید لەبڕگەکانی یەکەم و دووەمی ئەم ماددەیە هاتووە, پارەی ژنهێنانیان پێ دەبەخشرێت بۆ یەك جار لەماوەی ساڵێکدا لە رۆژی تۆمارکردنی گرێبەستی ژنهێنانەکەیان.**

**2- بەپێی بڕیارەکانی لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و پەروەردەدا, حکومەتی هەرێم کرێی خوێندنی منداڵی شەهیدان لە فوتابخانە و زانکۆکانی ئەهلی لەناوەوەی هەرێمدا لە ئەستۆ دەگرێت.**

**3- حکومەت خەرجی گەڕانەوەی ئێسك و پروسکی شەهید لەدەرەوەی هەرێم لەئەستۆ دەگرێت.**

**4- میراتی جێماوەی شەهید لەباجی تەریکەکان لە یاسای تەریکەدا هاتووە دەبووردرێت.**

**5- بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێم چەند کورسیەکی خوێندن لەدەرەوەی هەرێم بۆ منداڵی شەهیدان تەرخان دەکرێت.**

**6- کەس و کاری شەهیدان لە کرێی پشکنین و چارەسەرکردن لە نەخۆشخانەکان و سەنتەرەکانی تەندروستی حکومەت لەناوەوەی هەرێم دەبووردرێن.**

7- حكومەت كرێی چارەسەكردنی كەس و كاری شەهیدان بەڕاپۆرتی لیژنەی پزیشكی تایبەتمەند بەپێی یاساو ڕێنماییەكان لە ئەستۆ دەگرێت.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**الفصل الرابع**

**حقوق و امتيازات ذوى الشهداء**

المادة الثامنة:

اولا: يتمتع ذوى الشهيد المناضل و شهيد الابادة الجماعية بالحقوق و الامتيازات التالية:

1-تملك عائلة الشهيد المناضل و المؤنفل وحدة سكنية في مسقط راسه.

2- اذا كان الشهيد متزوجا باكثر من زوجة فتتمتع كل منهن بنفس الحقوق و الامتيازات المقررة للزوجة الواحدة بموجب احكام هذا القانون.

3- فى حالة استشهاد اكثر من شخص واحد ضمن العائلة الواحدة تضاف النسب التالية على الراتب المحدد بموجب التعليمات الخاصة:

أ- 100٪ للشهيد الاول.

ب- 75٪ للشهيد الثانى.

ت- 50٪ للشهيد الثالث.

ث- 25٪ لباقى الشهداء.

ثانيا:

1- يمنح اولاد الشهداء المذكورين في الفقرتين اولا و ثانيا من هذة المادة منحة الزواج لمرة واحدة خلال سنة من تاريخ ابرام عقد الزواج.

2- تتحمل الحكومة اجور دراسة اولاد الشهداء في المدارس و الجامعات الاهلية داخل الاقليم حسب الشروط المقررة من قبل وزارة التعليم العالي و التربية.

3- تتحمل الحكومة تكاليف اعادة رفات الشهيد من خارج الاقليم.

4- تعفى تركة الشهيد من ضريبة التركات المقررة في قانون التركات.

5- يخصص عدد من المقاعد الدراسية لاولاد الشهداء في خارج الاقليم بالتنسيق مع وزارة التعليم العالى للاقليم.

6- يعفى ذوي الشهداء من اجور الفحوصات و المعالجة في المستشفيات و المراكز الصحية الحكومية داخل الاقليم.

7- تتحمل الحكومة اجور معالجة ذوي الشهداء بتقرير من اللجنة الطبية المختصة وفق القوانين و الانظمة.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

فيما يتعلق بالفقرة الثالثة (اولا) من المادة السابعة فتقترح اللجنة اعادة صياغتها وتقرا كالآتى (في حال استشهاد اكثر من شخص واحد ضمن العائلة الواحدة تتحد االرواتب بموجب نظام خاص).

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پشتگيری لە پڕۆژەكە دەكەين, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

يەعنی ليژنەی ياسايی ئەڵێ ئەو نيسبەيە نەمێنێ, نيزامێكی تايبەتی بۆ دابنرێ, جەنابی وەزير تۆ رەئيت چييە؟

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/(وەزيری شەهيدان و ئەنفالكراوان):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە دانيشتنمان لەگەڵ ليژنەی ياسايی, ئەو بڕيارەماندا كە ئەوە بەنيزام لەئەنجومەنی وەزيران موعالەجە بكرێ, لەبەرئەوەی رەنگە ئێستا كێشە و موناقەشەيەكی زۆر هەڵبگرێ, بەنيزام چارەسەر بكرێ, پێم وايە باشترە, ئەوە موقتەرەحی ئێمەشە, سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من وانازانم موستەحەقات بە ئەنزيمە چارەسەر بكرێت, بەئەوامير, ئەمە قانونە ئەبێ تەحديد بكرێ, بەقانون ئەبێ تەحديد بكرێ, مادەم حاڵەتە و دێت و لەحاڵەتيش تێئەپەڕێت, لەكوردستانە زۆر تيكرارە, لەبەرئەوە, ئەوە بە ئەنزيمە و تەعليمات چارەسەر ناكرێ, ئەبێ لێرە تەحديد بكرێ, سوپاس.

**بەڕێز د0 هالە سهيل وادى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەسەر فەقەرەی (6, 7) قسەی دەكەم كە باسی نەخۆشخانەكان دەكات, پێشنيار دەكەم فەقەرەی (6) لابربدرێت, لەبەرئەوەی پشكنين و چارەسەركردنی نەخۆش لە نەخۆشخانەكانی حكومی بۆ هەموو كەس بەخۆڕاييە, پێويست ناكات لێرە وەكو ئيمتياز حيسابی بكەين بۆ كەس وكاری شەهيدان, ئەمە يەك.

دوو/ پێشنيار دەكەم لەچالاكيەكانی وەزارەت, خاڵی زۆر گرنگ هاتووە, دەكرێ ئەوە بكرێتە ئيمتياز, يەكێكيان باس لەوە ئەكات, هەماهەنگی نەخۆشخانەكانی تايبەتی بۆ داشكاندن لەنرخی چارەسەكردنی بۆ نەخۆش, ئەوە خاڵێكی زۆر گرنگە دەكرێ ئەوە بكرێتە ئيمتياز بۆيان, يان حكومەت لەئەستۆی خۆی بگری, مەصاريفی چارەسەركردنی لەنەخۆشخانەكانی تايبەت نەك لەهی حكومی, خاڵێكی تر هەيە, كە بكرێ هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی بۆ رێكخستنی تيمی پزيشكی گەڕۆك, بۆ ئەوەی لە شوێنی

خۆیان خزمەتی تەندروستیان پێبگات, ئەوەش هەر چالاکی خۆیانە و, ئەوەش دەکرێ بکرێتە ئیمتیاز بۆیان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز نسرین محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەی حەوت لەخاڵی (3), تەبعەن چوار پلەی شەهیدی دیاری کردووە, ئەی ئەگەر هاتوو خێزانێك دە شەهیدی هەبوو, یان شەش پلە شەهیدی هەبوو, ئەوە چۆن حیسابی بۆ ئەکرێ, ئەمە خاڵێك, خاڵی دووەمیشم لەسەر بەشی دووەم, کوڕی شەهید کاتێك کە خێزان پێك دەهێنێ, ئەوە پاداشتێك وەرئەگرێ, ئەی ئەگەر هاتوو کچەکە شووبکات, بائەویش ئەو پاداشتەی هەبێ بەهەمان شێوە, لەهەمان خاڵ داوا ئەکەم ئەو پێنج نمرەیە بۆ قوتابیان بگەڕێتەوە, چونکە ئەوە دیارییێکە لەباوەکە ئەمێنێتەوە بۆ منالەکانی, لەکاتی خوێندنیاندا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د0ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە باسی شەهیدی هاوولاتی تیا نییە, ئەگەر ناوی تیا نەبێ ئەوکاتە مەحروم ئەبێ, ئەمە کێشەیەکی گەورە دروست ئەکات, ئەمە یەك, دوو/من پشتگیری ئەو ڕێژەیە ئەکەم, کە لەلایەن حکومەتەوە هاتووە, سێ/پشتگیری لەرایەکەی هالە خان ئەکەم, چونکە بەڕاستی ئەوەیان زەرووری ترە, لەنەخۆشخانە ئەهلیەکان حکومەت هاوکاریان بکات, نەك لەنەخۆشخانەی حکومی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش بەهەمان شێوە, پشتگیری لەرایەکەی د0 هالە ئەکەم, کە خاڵی (6, 7) ببێتە یەك و ڕێك بخرێ بەشێوەیەکی تر و, هەروەها ئەوەی بۆ منداڵی کوڕ دەکرێ لەکاتی منحەی زەواج, بۆ کچەکەش بکرێ, یەعنی کچی شەهید, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم, لەم ماددەیە نیسبە هەر نەمێنێ, چونکە شەهید هەر شەهیدە, نابێ فەرق و جیاوازی هەبێ لەنێوانیان بەڕاستی, ئەو نیسبەیە لابېردرێت, بۆ هەر شەهید حصەیەکی زیاد دابنرێ بۆ بنەماڵەکەیان باشترە, نەوەك فەرق بکەین لەنێوان شەهیدێك و شەهیدێکی تر, سوپاس.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەیەکەم لەسەر خاڵی یەکەم, تێبینیم هەیە ئەوەی لەسەر یەکەیەکی نیشتەجێبوون لەشوێنی لەدایك بوون, پێشنیارەکەم لەشوێنی نیشتەجێبوون بێت, خانەوادەی شەهید بە تەئیدێکی ئەنجومەنی گەڕەك

بێت, لەچ شوێنێك ئێستا دانیشتووە, چونكە مەعقول نییە, خێزانی شەهید دە ساڵە  شوێنێكیان بەجێهێشتووە, لە شوێنی لەدایك بوونی شەهید, خۆی لەسلێمانیە بچی لەناحیەیەك خانەوادەی بۆ دیاری بكەی, ئەوەش پێئەچێ بۆ مەبەستێ نووسرابێ, مەسەلەی رێژەكان ئەو خانەوادەیەی دوو شەهید و سێ شەهیدیان هەیە, پێم وایە كەمینەن, زۆر كەمن, ئەو رێژانە هەڵبگیرێ, چونكە هەر شەهیدێك یەكی خۆی هەیە, دووەم شەهیدیش بەقەدەر ئەو یەكی خۆی هەیە, لەخانەوادەكەیە, دانانی ئەو رێژەیە پێم وایە زیاتر دارایی حكومەت لەبەرچاو گیراوە و بۆ ئەم مەبەستە نووسراوە, سوپاس.

**بەڕێز محمد احمد صالح (دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی دەڵێتن (تحدد الرواتب وفق النسب التالیە) بمەعنا ئەو نیسبەیە هەر مایە, منیش دەگەڵ ئەو  رەئیەم ئەوانەی سێ چوارێك بن بەغەڵەت نووسرایە, من تەئیدی ئەوە دەكەم نیسەب نەمێنێ, چونكە خۆم شاهێد بووم لەعەمەلییك, كە دوو برا پێكەوە لەیەك لەحزە, لەیەك عەمەلیە, لەیەك جێگا شەهید بوون, ئیتر ئەگەر دەرجات دابنێین, ئەوە هەردووكیان لەیەك حاڵەت و لەیەك جێگایە, بەتەصەوڕی من غەدری لێدەكەین, لەخاڵی دووەمدا ئەوەی كەدێتن لەمەقاعد دراسیە بۆ دەرەوە, من حەز دەكەم شتێك ئیزافە بكرێ, ئەویش (وفق الكفاءة العلمیة), یەعنی نا هەر یەكە كوڕە شەهیدە بینێرن بۆ دەرەوە و, كەفائەی علمیشی نەبیتن, چونكە حاڵەتی وەها زۆرە و تەئسیریش دەكاتن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز گیلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ لابردنی رێژەكەم یەك, دوو/ لەعەرەبیەكە نووسراوە (أولاد الشهید) لەكوردیەكەش نووسراوە (كوڕ), عەرەبیەكە تەواوە, بۆیە كوردیەكەش بكرێتە (كوڕ و كچ), لەخاڵی سێیەمیش ئەو (ئێسك و پروسكە) بكرێت بە (تەرم) جوانترە, سوپاس.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ رایەكانم كە گیلاس خان وتی, بەلام بۆ شوێنی نیشتەجێبوون, شوێنی دانیشتووی ئێستایان بێت نەك شوێنی لەدایك بوونیان, چونكە بەڕاستی ئینسان زۆر لێڕاهاتووە لەشوێنی دانشتوویی, دووەم شت لەڕێژەكە ئەگەر بكرێت لە 100٪ بۆ شەهیدی سەنگەر بێت و, بۆ شەهیدانی كیمیاباران و ئەنفالكراوان, لەبەر ئەوەی ژمارەی قوربانیەكان زۆرە و, ئێمە قسە لەمەعیشەت ئەكەین لە 50٪ بەیەكسانی نەك ئەو رێژە پلە پلە بێت, بۆ خاڵی دووەم وەك عەرەبیەكە راست بكرێتەوە, كوڕ و كچ لێی سوودمەند دەبێ, من داواكارم خاڵێك ئیزافە بكرێ, لەمەسەلەی شووكردنەوە, ئێمە زۆر داكۆكیمان لەسەر ئەوە كرد كە رێگا هاندەرێك هەبێ, بۆ ئەوەی ئەو ژنانەی كە مێردیان لەدەست داوە شووبكەن, یان ئەو پیاوانەی كە ژنیان شەهید بووە, ژن بهێننەوە, ئەوانەش وەكو كوڕ و كچی شەهید ئەو دووانەش هاوكاریەكی ماددی بكرێن,

وەكو بەخشینی شووكردنەوە, بەنیسبەت خزمەت گوزاریەكان ئێمە نموونەیەكمان هەیە, ئیدارەی پێشوو لەخەستەخانەی شۆڕش هەیە, ئەو خەستەخانەیە پێشوو بەپشتگیریەكی شەهیدان نەخۆش ئەتوانێ بچێ نەشتەرگەریەكی گەورەشی بۆ بكرێ و, ئەگەر پێویست بكرێ هاوكاریشی بكرێ بۆ دەرەوە و, بایەخێكی زۆر بدرێ بەو نەخۆشخانانە, بكرێ بایەخ بەو دەزگا پێشكەوتووانە بدرێ, ئەوە خزمەتێكی گەورە بە كەس و كاری شەهیدان ئەگەیەنێ, سوپاس.

**بەڕێز كوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە خاڵی یەكەم سێیەمی پشتگیری رایەكەی گوڵناز خان ئەكەم, خاڵی دووەم, یەكەمی پشتگیری ئەو رایە ئەكەم كە كچانیش بگرێتەوە, بەڵام من نازانم مەسەلەكە غەڵەتی تەرجەمەیە, ئەوەی كە ئەیخوێنێتەوە وا هەست ئەكات كە كوڕی شەهید هەموو ساڵێ ژن ئەهێنێ, بۆ خاڵی پێنج پشتگیری رایەكەی كاك دیلمان ئەكەم, كە كەفائەی علمی لەبەرچاو بگیرێ, بۆ خاڵی شەش من سەبارەت بەو رایەی د0 هالە یەك روون كردنەوەم هەیە, لەنەخۆشخانەی حكومی چارەسەر بەخۆڕایی نییە, هەموو چارەسەرێك, هەموو نەشتەرگەریەك بە پارەیە, ئەوەی یەك فەستەڕە بكات لەنەخۆشخانە حكومیەكانی هەرێم پانزە وەرقەی تێئەچێ, بۆیە حەقە ئەوەش بمێنێ و, لەنەخۆشخانە ئەهلیەكانیش یارمەتی بدرێن, سوپاس.

**بەڕێز كوردستان پیرداود قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من یەك تێبینیم هەیە بەنیسبەت خاڵی دوو و شەش و حەوت, نووسراوە كرێ, كرێ هیچ مانای نییە, با لەجیاتی كرێ بنووسرێ خەرجی باشترە, چونكە ئەوانە كرێچی نیینە, یەعنی وشەكە جوان نییە, بەنیسبەت ئەوەی كە كوڕی شەهید یا كچی شەهیدیش بگرێتەوە, بەنیسبەت نیسبەكە, نیسبەكە باشە, هەرچەندە فەرق لەنێوان شەهیدان نییە, بەڵام شەهید هەیە تاكو ئێستا حوكمی ئیعدامی كراوە و كوژراوە, تاكو ئێستا جەنازەی نەهاتۆتەوە, دەبێ فەرقەك هەبێ لەنێوان ئەو شەهیدانە, لەبەر ئەوەی نیسبەكە هەبێ باشترە, سوپاس.

**بەڕێز كریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من لەیەكەم بڕگە (1) پێم باشە لەدوای (وحدە سكنیة فی مسقط راسە), بكرێتە (اقرب قصبة من مدینة مسقط راسە), لەبەرئەوەی هەم عەدالەتی تێدایە لەلایەك, لەلایەكی دیكە لەوانەیە موستەحیل بێت, لەمەسقەت راسەكان ئاوەدان بكرێتەوە لەبەر هەر هۆیەك بێتن, ئەوە خاڵی یەكەمم, خاڵی دووەمم/ لە دووەم بڕگە (6), من پێم باشە ئەوەش ئیزافە بكرێتە سەر دوای (المراكز الصحیة و الحكومیة و الاهلیة

بنسبة خمسين بالمئة)، یەعنی موستەشفای ئەهلیش پەنجا لەسەدای ئیلزام بکرێن کە ئیعفا بکرێن کەس و کاری شەهیدان لە موعالەجە کردن، سوپاس.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر باشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکانم هەمووی گوترا، بەڵام من دووبارە داکۆکی دەکەم لە خاڵی پێنج، کە کەفائەی علمی دیار بکرێ، چونکە لە رەوشی ئێمە ئیستغلال دەکرێ، کە ئەوە مناڵە شەهیدە یان ئەنفالە، لەم قانونە با هەموو یارمەتیەکیان بۆ دابین بکرێ، بەس لە ناحیەی علمی نەخێر، لەگەڵ ئەو پێنج دەرجەش نیمە بگەڕێتەوە، یەك خاڵی ترم هەیە، لەخاڵی سێیەم دەڵێ 25٪ بۆ شەهیدەکانی ترە، شەهیدەکانی تر کێنە؟ سوپاس.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموو بۆچوونەکانم گوترا، لەبەر ئەوە قسە ناکەم، هەر ئەو پرسیارەم هەبوو، شەهیدەکانی تر کێن؟ لەگەڵ هەموو رەئیەکانی د0 هالە و نازناز خانم کە کوڕ و کچی شەهید بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی بڕگەی شەش و حەوت، بۆ چارەسەرکردن هاتووە، بڕگەی شەش بۆ چارەسەرکردنی نەخۆش هاتووە لەناوەوەی هەرێم، بڕگەی حەوتیش بۆ چارەسەرکردنی کەس و کاری شەهید لە دەرەوەی هەرێم، بەڵام بەبێ ئەوەی هێمای پێبکرێ، لەبەرئەوە من پێشنیار ئەکەم وشەی (کرێ) لەهەر دوو بڕگەکە بکرێ بە (تێچوون)، عەرەبیەکەشی بکرێ بە (کل تکالیف) و، لەپاش کەس و کاری شەهید دەرەوەی بۆ زیاد بکرێ، چونکە بەڕاستی موشەریع مەبەستی ئەوە بووە کەوا چارەسەرکردن لەدەرەوەی هەرێم لەسەر حکومەتی هەرێم بێت، سوپاس.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نیوەی قسەکانم کران، بەڵام تەئکید لەسەر خاڵێك دەکەمەوە، بڕگەی (1) کە کاك کریم باسی کرد، عائیلەی شەهید تەخویل بکرێ لە مەسقەت راسەکەی یان لەو شوێنەی کە تیایدا ساکینە، سوپاس.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکانی من لەسەر ئەو ماددەیە ئەوەیە کە ماددەی هەشتەم بووەتە ماددەی حەوتەم، لەبڕگەی یەکەم خاڵی یەکەم (خانەوادەی خەباتکار و ئەنفالکراو)، ئەگەر ئێمە ئەوانە هەڵبگرین، بیکەینە خانەوادەی شەهید، ئەوکاتە شەهیدی هاوولاتیش دەگرێتەوە، ئەگەر نا ئەبێ شەهیدی هاوولاتی بۆ زیاد بکەین، بەڵام کەوتمان خانەوادەی شەهید ئەوە هەموو شەهیدێك دەگرێتەوە، ئەمە خاڵێك، دوو/ لەبڕگەی یەکەم، خاڵی

سێیەم, باس لەو ڕێژانە کراوە, من بەڕاستی لەگەڵ ئەوەم شەهید هەمووی شەهیدە, جا ئەگەر لە عائیلەیەك پێنج بوو, چوار بوو, شەهید هەمووی هەر شەهیدە, یەعنی لەگەڵ ئەوەم کە ئەو ڕێژانە نەمێنێ, لەبڕگەی دووەم خاڵی یەکەم, من تەئکید لەسەر قسەی ئەو برادەرانە ئەکەمەوە, مەسەلەی ئەوەی کە کچی تێدابێ, چونکە شەهید هەیە کوڕی نییە, بەس کچی هەیە, کە شوو دەکات ئەویش مافێکی ئاسایی خۆیەتی کەئەو پارەیە وەربگرێت, یەعنی پارەی شووکردنی پێببخشرێ, بەنیسبەت خوێندن کە باس لە قوتابخانە و زانکۆکانی ئەهلی و ناوەوەی هەرێم دەکات, پێم باشە دەرەوەشی بۆ ئیزافە بکرێ, بەلآم مەرجی کەفائەی علمی لەبەرچاو بگیرێ, خاڵێکی تر لە برگەی دوو, دەکرێ خاڵی پێنج لەگەڵ خاڵی دوو برگەی دوو یەك بخرێ, بە ئەوەی کە خوێندن لەدەرەوەی وڵاتیشی بۆ زیاد بکرێ, لەگەڵ لەبەرچاو گرتنی کەفائەی علمی, لەهی شەشەم من پێشنیاری ئەوەی دەکەم, نەخۆشخانەیەکی تایبەت بۆ چارەسەرکردن و پشکنینی بنەماڵەی شەهید دروست بکرێ, بەناوی نەخۆشخانەی تایبەتی شەهیدان لەشارە سەرکیەکان لەکوردستان, لەخاڵی حەوتەمی بڕگەی دووەم, دەڵێ (حکومەت کرێی چارەسەرکردنی کەس و کاری شەهیدان بەڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی تایبەتمەند بەپێی یاساو ڕێنماییەکانی لەئەستۆ دەگرێت), بکرێ بە بەناوەوە و دەرەوەی وڵات, یەعنی هەردوو دوو حالآت, سوپاس.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم بیدایەتی ماددەی هەشت بەم شێوەیە صیاغە بکرێ (یتمتع ذو المشمولون باحکام هذا القانون بالحقوق و الامتیازات التالیة), چونکە حقوق و ئیمتیازاتەکان لەماددەی شەش دیاری کراوە, لەبەرئەوە پێویست ناکات لێرە ناوی بێنین و ئیشکالاتی قانونیمان بۆ دروست بکات, ئەمە یەك, دوو/ هەر بەنیسبەت فەقەرەی سێ, ئێمە کاتێك لەگەڵ جەنابی وەزیر کۆبوونەوەمان کرد لەبەرواری 23 ی مانگ, ئیتیفاقمان کرد کە ئەو فەقەرەیە لابردرێت, چونکە ئێمە تەعلیماتمان ماددەی شەش, گەڕاندمانەوە سەر نیزام کە ئەنجومەنی وەزیران دەری ئەکات, هەتا تەنسیقی هەبێ لەگەڵ ئەو و, پێشنیار ئەکەم سەبارەت بە بڕگەی دووەم ماددەی دوو ئیقتیراح هەیە کە هەندێ برادەران کردیان بۆ لیژنەی یاسایی, ئەویش ئەوەیە کە وەزارەت صەندوقێك بەناوی صەندوقی هاوکاری کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراو دروست دەکات, هاوکاریان دەکات لەکاتی پرۆژە و پێداویستیەکان, یان زەرەر لێکەوتن لەکاتی ڕووداوی سروشتی و, ئیقتیراحی دووەمیش ئەوەیە کە وەزارەت ناسنامەی سەروەری بۆ شەهیدان و ئەنفالکراو و کیمیاباران دروست بکات, بۆ ڕاپەڕاندن و ئاسانکاری کارەکانیان, لەفەرمانگەکان و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم, سوپاس.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ویستم لەسەر فەقەرەی سێ تەوزیح بدەم, بەلآم برادەران تەوزیحیان کرد بەشێوەیەکی باش, سوپاس.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر لەسەر خاڵی یەك, برگەی یەکەم, حیکمەت چیە لە مەسقەت راسەکەی, کابرا بیست ساڵ پێش ئێستا کوڕێکی شەهید بووە, هەر دوای شەهید بوونی کوڕەکەی چووە لە سلێمانی دانیشتووە, ئێستا تۆ بیگەڕێنیەوە بۆ مەسەلەن قەلآدزێ, لەو شوێنەی کەنیشتەجێبووە, ئەمە یەك, دوو/ بەنیسبەت نیسبەکانەوە عەدالەتی تێدا نابینم بەڕاستی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەو ماددەیە باسی ماف و ئیمتیازات دەکات و, زیاتر لایەنی مادی باس کردووە نەك مەعنەوی, من پێشنیار دەکەم برگەیەك زیاد بکرێ بووترێ (کەس و کاری شەهیدان ماف و هێمای رێزگرتنیان پارێزراو دەبێت), دیارە وەکو عورفی سیاسی و کۆمەلآیەتی ئێمە رێز لەکەس و کاری شەهیدان دەگرین, بەس ناکاتە ئەوەی کە لەیاساکە نەصێك هەیە کە رێز و ئیعتیباراتی مەعنەوی بۆ دابنرێ, بۆ ئەوەی ئیحراج نەبن بەس بە ئیعتیباراتی مادی, با ئیعتیباراتی مەعنەویشیان هەبێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەمان رای د0 ناصح و کاك عەونیم هەیە, لێرە شەهیدی هاوولآتی نەهاتووە, ئەگەر بکرێ تەنها ئەوانەی کە لەم یاسایە هاتووە ئەم مافانە بیانگرێتەوە, جا سەبارەت بە برگەی یەك ئەڵێ خانەوادەی شەهید, کامیان؟ چەند کەسیان؟ لەکوێ؟ ئەوەی بۆ دابین ئەکرێ و, لێرە ئەڵێ لەشوێنی لەدایك بوون, کە ئەو ئەندامانە زۆر باسیان کرد, من پێم باشە لەسنووری ئەو قەزایە بێ کە لێی نیشتەجێیە و, سەبارەت بە کوڕو کچ ئەوە لەکوردیەکە ئەوها هاتووە باسیان کرد, سەبارەت بەخەرجی گەڕاندنەوەی تەرمی شەهید لەدەرەوەی هەرێم بۆ لەناوەوەش نەبێ, شەهید هەیە لەشەڕێك دوور لەشار لەشاخێك یان لەولا شەهید بووە, با وەکو رێزگرتنێك بۆ شەهیدەکە با حکومەت ئەم مەصروفە لەئەستۆ بگرێت و, بابڵێین بەشێکی زۆر گرنگ هەبوو لەئەنفال, ئەوانەی کە لە تۆبزاوە شەش مانگ بەهەموو شێوەیەك ئازاردران, ئەوانە بەهیچ شێوەیەك لەم یاسایە باس نەکراینە, حەق وایە بەلای کەمەوە ئەگەر مووچەش نەبێ, با وەکو شوێنی نیشتەجێبوون بۆیان دابین بکرێ و لێرە ئاماژەیان پێبکرێ, سوپاس.

**بەڕێز طلعت محمد صالح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت خانی کردن بۆ عائیلەکان, ئەو جێگایەی کە خۆیان داوای دەکەن, مەسەلەن کەسێك کوڕی لە بەغدا شەهید بووە ناکرێ لە بەغدا یان لە موصڵ بکرێ, با ئەو جێگایەی کە خۆیان داوایان دەکەن بۆیان بکرێ, خاڵەکەی دیکەم, دوێنی لە رۆژنامەی خەبات خوێندمەوە کابرایەك هەشت منداڵی شەهید بووە,

**لەگەڵ خێزانەکەی, یەعنی ئەو نیسبەتە هەڵبستی پێم باشە, ئەوی دی کە ئەو خوشکە باسی کرد, ئێسك و پروسك بکرێتە تەرم, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ڕەئیەکانم وترا, منیش تەئیدی ئەو ڕەئیانە ئەکەم, بەس مەسەلەی نیشتەجێبوون و کوڕو کچ و خوێندن بە پێی زەوابت و دادپەروەرانە بێت, خاڵێکی تر کە جەخت لەسەر ئەوە ئەکەمەوە, بەپێی ئەو خاڵانە بوعدی مادی دەگرێتەوە, ئێستا گرفتی مادديان هەیە, بۆیە هەندێ لایەن هەیە فەرامۆشیان کردووە لەخۆیان, وەك بوعدە مەعنەویەکەی, پێشنیار دەکەم سەنتەری تایبەتی هەبێت بۆ لێکۆڵینەوەو چارەسەری کۆمەلأیەتی و دەروونی, سوپاس.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لەسەر ڕۆشنایی ئەو تەعدیلاتەی کەلەسەر ماددەی شەش و حەوت کرا, بەحقیقەت دیارە پاش تەعدیلاتەکە هەندێ ڕەئیی دێتە پێشەوە, دوو موصتەڵەح ئیستیعمال کرایە (اولا: یتمتع ذوی الشهید), لەیەکەمیش دەڵێ (تملك عائلة الشهید), ئەو دوو موصتەڵەحە ئەبێ لەو ماددەیە ساغ بکرێتەوە بەحقیقەت و, بەقەناعەتی من لێرە مەقصود وەرەسەیە, وەرەسەی شەهیدە, یەعنی لێرە وەرەسەکە تەحدید بکرێ, بۆ ئەوەی لەگەڵ ماددە شەش جیابکرێتەوە, ئەمە یەك, دووەم/ شەهیدی موئەنفەل هاتووە, لەئەصڵی قانونەکە کردمانە شەهیدی ئیبادەی جەماعی, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز شیخ الله ابراهیم شیخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**دەربارەی نیسبە بۆ شەهیدان, من 25٪ کەی زۆر بەکەم دەزانم, ئەگەر ئەویش وەکو خاڵی سێیەم بکرێتە 50٪ پێم شتێکی باشە, دەربارەی خانوو لەجێگای نیشتەجێبوون باشترە لەوەی لەجێگای مەسقەت رئس بێت, هەروەك برادەران تەوزیحیان دا, دەبینی کابرا تەوەلیدی بەغدایە یان موصڵە, تۆ ئێستا پارچە زەوی یان خانووی پێبدەی, لێرە ناتوانی لەبەغدا زەوی یان خانووی پێبدەی لەو شوێنانەی کەداخلی هەرێم نینە نیشتەجێیان بکەی, سێ/ من بڕگەی شەش بەزیاد دەزانم, پێم باشە لەهەر شارێك لە شارە گەورەکانی کوردستان نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە چارەسەرکردنی عائیلەی شەهیدان دروست بکرێ لەجیاتی ئەو بڕگەیە, ئیتر ڕەئیەکانی ترم برادەران هەموویان باس کرد, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**سوپاس, ئێستا تەقریبەن نیوەی ئەوانەی کەناومان نووسیوە قسەیان کرد, پێش ئەوەی ئەوەی ماوە قسە بکات, من فرسەت ئەدەم بە جەنابی وەزیرە و لیژنەی یاسایی مولأحەزەتەکان کە کران, بۆ ئەوەی بیرتان بخەمەوە, یەکەم/ هاوولأتی نەهاتووە دەبێ ئەوە موعالەجە بکەن, لەفەقەرەی سێیە, لیژنەی یاسایی هەر**

هەمووی داوای کردووە ئیلغا بکرێ و, ڕەئیەك تەرح کرا کە هەر هەمووی وەك یەك بن و, ڕەئیەکیش تەرح کرا ئەڵێ هی چوارەم ببێتە 50٪, لیژنەی یاساش ئەڵێ هەر هەمووی ئیلغا بکرێ بمێنێتن بۆ نیزام, چونکە تەفصیلاتی زۆری تێدایە, مولاحەزات درا لەسەر مەسەلەی تەکالیف, کە حکومەت تەبەنای تەکالیف دەکاتن, مولاحەزە درا لەسەر هێنانەوەی ڕوفات تەنیا لەخارجی هەرێم نەبێ, لەداخلیش بێ, مولاحەزاتی تریش درا ڕەنگە من هینم نەکردبێ, جەنابی وەزیر نووسیویەتی لەگەڵ لیژنەی یاسایی, جەنابی وەزیرە ئێستا داوات لێدەکەم جوابیان بدەیەوە, فەرموو.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/(وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی هاووڵاتی بۆ نەهاتووە لێرە, دەمەوێ دووبارەی بکەمەوە, ئەو یاسایە لەسەر ئەساسی تەعلیماتی دوو دەزگای پێشوو دانراوە, لەهەردوو دەزگا زۆربەی ئیمتیازاتەکان دەدرایە شەهیدی سەنگەر, هاووڵاتی بەس مووچەی پێئەدرا, ئەوەش ئیعتیماد کرایتە سەر توانای حکومەتی هەرێمی کوردستان و میزانیەکەی, چونکە ژمارەیەکی زۆر لە شەهیدانی هاووڵاتیمان هەیە, ئایا دەتوانێ ئەو ئیمتیازاتانەی بداتە شەهیدی سەنگەر, ئێستا کە ئەنفال و جینۆسایدیش ئیزافە کرایە, ئایا دەتوانێ بیداتە شەهیدی هاووڵاتیش؟ لێرەدا حکومەت ئەو توانایەی نییە لەو مەرحەلە, بۆیە تایبەت کرایە پێشتر بەس دەدرا بە شەهیدی سەنگەر, بەلاَم ئێمە لەو یاسایە وا دەکەین کە بدرێتە شەهیدی ئەنفال و جینۆساید و کیمیابارانیش, بەلاَم هاووڵاتی ئەگەر هەوڵ بدەین لەلایەن حکومەتی هەرێم و میزانیەکەی کە مووچەکەی زیاد بکرێ, ئیمتیازاتەکە ڕەنگە بارێکی زۆر قورس لەسەر باری حکومەت دروست دەکەین, بۆیە بەم شکلە هاتووە, خاڵی دووەم/ بەنیسبەت ئەو نیسبەیە, من دەمەوێ بۆ برادەران ئەو تەوزیحە بدەم کە نیسبەکە بۆ چییە, ئەوە بەتایبەتی بۆ ئەنفال دانراوە, چونکە نادیرەن لە شەهیدی هاووڵاتی و جینۆساید, مەسەلەن دە کەس لە خێزانێك شەهید بووە, بەلاَم لەئەنفال و کیمیاباران ئەمە دروستە, ئەوە بۆ ئەوەیە ئەگەر چوار کوڕ, یان دە کوڕ لەخێزانەکە شەهید بووبێ, ئەوانەی کە خێزانی خۆی هەیە, واتە سەڵتن ئەوا سەد لەسەد مووچەکە وەرئەگرێ, بەلاَم ئەوانەی کە سەڵت نین, واتە بەس دایك و باوکی وارسن, ئەوا ئەوکات تۆ پێنج مەعاش, یان دە مەعاش نادەیتە باوکەکە, بەڵکو لەوێ بەنیسبە موعالەجە کرایە, بۆ ئەوەی حەقی ئەوان نەخورێ, هی یەکەم لە سەدا سەد وەرئەگرێ, هی دووەم لەسەدا پەنجا و بەم شێوەیە, ئەوە ئەگەر سەڵت بن, بەلاَم ئەگەر سەڵت نەبوون ئەوا هەریەکە و بەجیا مەعاشەکە سەد لە سەد وەرئەگرێ, بەلاَم ئێمە بۆیە وا لەگەڵ لیژنەی یاسایی ڕێکەوتین کە ئەو نیسبەیە لێبەگەڕێین, بۆ ئەوەی بەنیزام لەئەنجومەنی وەزیران موعالەجە بکرێ, لەبەرئەوەی یەك/ گلەیی زۆر هەیە لەلایەن خەڵکی ئێمە, چونکە ئەوان نەك چوار, داوای دە دەکەن, داوای دوازدە دەکەن, ئەمەش دەوستێتە سەر توانای حکومەت و میزانیەکەی, ئایا تا چەند دەتوانی تەقەبولی ئەو مەسەلەیە بکات, بۆیە بۆ میزانەی حکومەتی هەرێم لێبەگەڕێین, نیسبەکە با لەوێ بە حزوری وەزیری مالیە نیسبەکە تەحدید بکرێ, دەکرێ ئەوە تەسبیت بێ, بەلاَم ئێمە وامان پێ باشە,

ئەوە موفتەرەحی وەزارەتە و لیژنەی یاساشە, مەسەلەی مەسقەت رەئەس, تەبعەن هەموو پرسیاریان کرد بۆچی خانووەکە, یان ئەو خانووەی کە پێی ئەدرێ لەشوێنی ویلادەی خۆیەتی, لەبەر ئەوەی ئەوە بەدەرجەی یەك بۆ مەسەلەی ئەنفالە, ئێمە دەزانین لەنەتیجەی پرۆسەی جەریمەی ئەنفال زۆربەی گوندەکان وێران کران, ئەوانەی بەر شالاوی ئەنفال کەوتن زۆربەی خەڵکی لادێیەکانی کوردستان بوون, هەدەف لەوە تەبعەن دووبارە دەکەمەوە, ئەوە عەدالەتی نیشتیمانی لەسەدا سەد تەتبیق ناکات, بەلام دەبێ لەپشت ئەمە ئامانجێکی زۆر گەورەتر هەبێ, ئاوەدان کردنەوەی گوندەکانی کوردستان, ئێمە ئەمانەوێ لەشوێنی نیشتەجێبوونی خۆی خانووی بۆ بکرێ, بۆ ئەوەی تەشجیعی بکەی کە بگەڕێتەوە و, گوندەکان ئاوەدان بکرێتەوە, ئەگەر ئێمە بەمە تەشجیعیان بکەین, ئەوە هەموو خەڵکەکە هاندەدەین بۆ ئەوەی لەشارە گەورەکان نیشتەجێبن و, گوندەکانیش ئاوەدان نەبنەوە, بۆیە تەئکیدم لەسەر مەسقەت رەئەس کردەوە, من موتەئەکیدم زۆربەی هەرە زۆری خێزانی شەهیدەکان لە شارە گەورەکانن, بەلام ئەوەش دەستکەوتێکە دەتوانێ بیفرۆشی و موستەفید بێ وەکو مەسەلەیەکی ماددی, بەلام خۆزگە هەموویان هاندەدران بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان, ئەگەر وەزارەتی تر هاوپەیمان بن, بۆ ئەوەی خزمەت گوزاریان پێبدرێ, بۆ ئەوەی گوندەکان ئاوەدان بکرێتەوە, مەسەلەی هێنانەوەی تەرمەکان, ئەوەش مولاحەزەك بوو کە زۆر لەبرادەران باسیان کرد, تەبعەن راست دەکەن و, ئێسك و پروسك ئەبێ بکرێتە بە تەرمەکان لەبەر ناوە پیرۆزەکەی ئەوان, بەلام یەك شت هەیە مولاحەزە, ئەمە تەنها بۆ ئەوانەیە کەلەرۆژانی ئاوارە و لەدەرەوەی ولات شەهید بوونە و نێژراون ئێستا دێنەوە, یان لەناوچەیەکی کوردستان, لەشوێنی خۆی و شاری خۆی نەنێژراوە و کەس و کاری ئەیەوێ بیباتەوە شوێنی لەدایك بوونی, بەلام بۆ ئەنفال قانونی مەقابری جەماعی هەیە, کە دەوڵەتی فیدراڵ دەبێ بیکات, لەقانونی حیمایەی مەقابری جەماعی دەڵێ (حکومەتی مەرکەزی موکەلەفە و ئیلزام دەکات کە تەکلیفەی هێنانەوەی تەرمی ئەنفالکراوەکان لەئەستۆی خۆی بگرێت و بیانهێنێتەوە کوردستان و شوێنی ئەصلی خۆیان), بۆیە بۆ ئەنفال حکومەتی مەرکەزی موکەلەفە و, تەعویزەکەش ئەو بیدات, پاشان کاك عادل باسی واریسەکانی کرد, تەبعەن لە ماددەی پێشوو تەحدید کرایە, کەدەڵێی خانەوادە دووبارە کاك شێروان مولاحەزەیەکی دا, هەر ئەو واریسانەیە, کە ئێمە کۆمەڵە مەقایسێکمان دانا دەیان گرێتەوە, لەو رۆژانە دیاریدەك روویداوە, پێم وایە ئەگەر ئەو فەقەرەیە لە ئیمتیازاتەکە زیادە بکرێ (رێزگرتن لە کەس و کاری شەهیدان لەکاتی موعامەلە و لەهەر شوێنێك کە پێویست بوو, ئەوەی پێشێلی بکات بەرپرس بێ), چونکە حاڵەتێك روویداوە پێم وایە لەبەرێوەبەرایەتی هاتووچۆ لە سلێمانی کوڕە شەهیدێك نازانم خێزانی شەهیدێك سەردانی ئەوانی کردووە و ئیهانە کراوە, بەردەوام مەقالە لەسەر ئەوان دەنووسرێ, پێم وایە ئەگەر کەسێك خوانەخواستە جورئەت بکات رێز لەکەس و کاری شەهید و ئەنفالکراوەکان نەگرێ دەبێ موحاسەبە بکرێ و, بانگی دادگا بکرێ, بۆیە ئەگەر ئەو خاڵە هەبێ مەسەلەی رێز گرتن هەروەك صبریە خان وتی, ئەوە

شتێكی باشە, لەگەڵ هەموو خاڵەكانی دیكەی ئیمتیازات هەبێ و, تەئیدی رایەكەی كاك كریم بحریش دەكەم, بەڵام ئەگەر بكرێ لە صیاغەیەكی قانونی دابڕێژرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت بڕگەی سێ كە جەنابی وەزیر ئاماژەی پێدا, تەنها ئەو شەهیدانە بگرێتەوە كەئەعزەبن و ژنیان نەهێناوە, لێرە بڕگەكە موتڵەقە بەڕاستی ئەگەر ئەو قەیدەی لەسەر دابنرێ باشە, (في حالة استشهاد اكثر من شخص واحد ضمن العائلة الواحدة تحدد الرواتب بموجب نظام خاص ان كان الشهيد اعزب), یەعنی دەبێ بەم شێوەیە تەحدید بكرێ, بەنیسبەت هێنانەوەی روفات ئەگەر(من خارج الاقليم) هەڵبگیرێ (تتحمل الحكومة اعادة روفات الشهيد) بەموتڵەقی عیلاجی موشكیلەكە دەكات, بەنیسبەت خاڵی حەوتەم كە برادەران باسیان كرد كرێی موعالەجە لەدەرەوە و لەناوەوە, خاڵەكە بەموتڵەقی و بەعام هاتووە, هەردووكی دەگرێتەوە, پێویست ناكات لێرە بڵێین لەدەرەوە و لە ناوەوە, زۆرسوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د0كمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەمادەی هەشت, بڕگەی یەك, خاڵی یەك, یەكەیەكی نیشتەجێكردن كە هاتووە دیاری نەكراوە چۆن بێ, موناسب یان گونجاوی بۆ ئیزافە بكەین, چونكە عائیلە هەیە كەمە و هەیە زۆرترە, لەبەرئەوە ئەبێ لەیاساكە دیار بێ, ئەو یەكەی  نیشتەجێیە دیار بێ, لەبڕگەی دوو كەباس لە ئێسك و پروسك دەكات, بەڕاستی ئێمە شەهیدانمان سەروەرترین شتە لای ئێمە, ئەوە بكرێتە تەرمی پیرۆزی شەهیدان جوانترە, پێشنیار ئەوەیە خاڵێكی تر زیاد بكەین, ئەو خانەوادانەی كە لە سێ شەهید زیاتریان هەیە میدالێكیان پێبدرێ, وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالكراوان لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران نیزامێكی پێدەربكرێ, وەكو ئیعتیبارێك, یەعنی ئێمە كە ئێستا پارەكانیان كەم ئەكەینەوە با میدالێكیان پێبدرێ, ئەو میدالە لە ئەنجومەنی وەزیران بەپێی ئیمكانیەتی حكومەت بزانێ موقابلی چییە, ئەگەر ئەمە ئیزافە بكرێ بەرەئیی من زۆر گرنگە بۆیان دابنرێ, هەرچی بێتن لەلایەن حكومەتی هەرێم و وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالكراوان بە نیزام رێك بخرێ, من داوا لە ئێوەی بەڕێز دەكەم كەداوا بكەن ئەوە ئیزافە بكرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە فەقەرەی یەك هاتووە (تملك عائلة الشهيد المناضل و المؤنفل وحدة سكنية), وەحدە سەكەنییە بەزمانی قانون, شوقەیە یان خانووە, مەفروزە ئیزافەی (او قطعة ارض سكنية) بكرێ, سوپاس.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/ (وەزیری شەهیدان و ئەنفالكراوان):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە بێگومان دەزانین پێشتر زەوی زیاتر دراوە بەكەس و كاری شەهیدان, بەڵام بەعەمدی نووسیمان وەحدە سەكەنییە, زەویمان نەخستە ناوی, چونكە زەوی رەنگە چارەسەری كێشەكانیان نەكات, زۆربەیان

زەویان وەرگرتووە نەیان توانیوە بیکەنە خانوو, بەلاَم ئەگەر وەحدەی سەکەنی بێت پێم وایە ئەوە هاوکاری زیاترە بۆیان, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دیارە ئەوە موقتەرەحی حکومەتە, دیاریان کردووە و پارەیان بۆداناوە, فەرموو.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/(وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە بەو مانایە نییە, کەقانونەکە دەرچوو چەند هەزار شەهید و ئەنفالمان هەیە لەکوردستان, حکومەت مولزەمە بەرۆژێك بۆ هەموویان خانوو بکات, تەبعەن ئەوە نە لەتوانای حکومەتی کوردستانە و نە حکومەتی مەرکەزیشە, بەلاَم ئێمە دەتوانین پلانمان هەبێ, ستراتیژیەتێك دابنێین, پلانێکی درێژخایەن و کورت خایەن دابنێین, ئەوانەی کەئێستا زۆر پێویستیان پێیەتی و, وەزعێکی زۆر خراپیان هەیە, لەوان دەست پێبکەین بەمەرحەلە, لەبەرئەوەی ئەوە بەڕاستی شتێکی خەیاڵیە و, مەحاڵە حکومەت ئەوە بکات, سوپاس.

**بەڕێز د0شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو خالاَنەی کە لای خۆم تەسجیلم کردبوو, هەندێ لەخوشکان و برادەران ئاماژەیان پێکرد هەندێ تێبینی و هەندێ خاڵی تایبەتم هەیە, بۆ ئەوەی ئیزافە بکرێ لەسەر قانونەکە ئەگەر پێیان باش بوو, بەنیسبەت ماددەی هەشتەم, خاڵی یەکەم, کە باسی شوێنی نیشتەجێبوون دەکرێ, منیش هاوڕام لەگەڵ هەموویان, بەلاَم خاڵێکم هەیە ئەوانەی لەڕابردوو زەویان وەرگرتییە, بۆیان بکرێتە یەکەی نیشتەجێ, ئەمەش وەکو ئیمتیازاتێکی ترە, خاڵێکی ترم هەیە, خاڵی سێیەم کەدەڵی لە خێزانێك پتر لە کەسێك لەخێزانێك شەهید بووبێ, جوانترە ئەگەر وا بنووسرێ (لەخێزانێکدا چەند شەهیدی سەنگەر یان شەهیدی جینۆسایدیان  هەبێ, مووچەیان وەك یەك بێ), لەگەڵ ئەوەشم ئەو رێژەیە نەمێنێ, بەنیسبەت دووەم, خاڵی سێیەم, کە حکومەت خەرجی گەڕانەوەی ئێسك و پرۆسکی شەهید لە دەرەوەی هەرێم لە ئەستۆ دەگرێ, بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن, لەولاَتانی جیرانەکانمان بەتایبەتی ئێران کۆمەڵێك گۆڕی بەکۆمەڵ هەیە ناویشیان لەسەر نووسراوە, من لەموزەکەرەیەك بۆ وەزیری شەهیدان نووسیومە, چەند گۆڕێکی بەکۆمەڵیشمان هەیە بۆ ئەنفال, ئایا ئەوانیش دەگرێتەوە بەپێی ئەو قانونەی کە بۆ حیمایەی مەقابری جەماعی دانراوە, حەز دەکەم ئەمەشم وەلاَم بداتەوە, حکومەت ئەمە دەگرێتە ئەستۆ, یان ئەوە پەیوەندی بە مەرکەزەوە هەیە, بەنیسبەت خاڵی چوارەم, میراتی جێماوەی شەهید لەباجی تەریکەکانی, ئەگەر باجی دەرامەت و خانوو و زەویشی بۆ زیاد بکرێ, ئەوە لەجێی خۆی دەبێت, هەروەها پێشنیاز دەکەم, وەزارەت صندوقێك بەناوی صندوقی هاوکاری بۆ کەس و کاری شەهیدان دروست بکات, بۆ هاوکاری لەکاتی پرۆژە و پێداویستییەکانیان, یان زەرەر لێکەوتوو بەهۆی رووداوی سروشتی, داوا دەکەم وەزارەت ناسنامەی سەروەری بۆ کەس وکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانیش بکات, بۆ کار ئاسانیان, هەروەها لەگەڵ

**ئەو خاڵەی خوشکە صبریەم کە تەکمیلەی کرد, من ئەوەش ئیزافە دەکەم, کە خەڵوەتگەیەك بۆ پەککەوتووەکان بکرێتەوە، بەڕاستی ئێستا زۆربەی زۆریان لەگەرمیانە, ئەوانەی کە ئێستا گەڕاونەتەوە لە نوگرەسەلمان, زۆربەیان پەککەوتەن, ئەگەر خەڵوەتگایەکیان بۆ بکرێتەوە, لەپاڵ ئەوەی کە سەنتەریان بۆ بکرێتەوە, داوا لەوەزیری شەهیدان دەکەم خەلآتی ئەوانە ناو بەناو بدرێ, کە دکتۆرا و ماجستێریان لەسەر شەهیدان وەرگرتووە, کە تائێستا خۆشبختانە شەش نامەی ماجستێر و دکتۆرا لەسەر ئەنفال و شەهیدان وەرگیراوە, هەروەها داوا لە بەڕێزی دەکەم کە داوا لەوەزارەتی خوێندنی بالآ بکرێ, گرنگی بە مەسەلەی شەهیدانیش بدرێ, بۆ ئەوەی زیاتر گرنگی پێبدرێ, هەروەها داواکاریشم کە ئینسۆکلۆپی تیابێ وەکو حزبی دیموکراسی کوردستانی ئێران, ئەوان چۆن ئینسۆکلۆ شەهیدان, داواش لە وەزارەت دەکەم ئەو داخوازیانەم جێبەجێ بکەن, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**تکایە ئیختیصار بکەن, مولآحەزەیەك وابزانم کوێستان خان بوو دای, کەهاوکاری کوڕە شەهید لەکاتی ژنهێنانی, تەحدید بکرێ بۆ یەك جار, یەعنی صیغەکەی تەواو نییە, صیغەکەی ڕێکبخرێت, سۆزان خان فەرموو.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**سەبارەت بەوەی کە بڵێین بۆ عائیلەی شەهید و ئەنفالکراوەکان لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی, لادێیەکان موڵکی خۆیان بووە, خۆ ئێستا چاوەڕێ ناکەن حکومەت بێ بڵێ فەرموو ئەوە پارچە زەوییێکە بۆت جیاکەمەوە و خانوو لەسەری دروست ئەکەم بۆت, لادێیەکان موڵکی خۆیان بووە بە دەیان و سەدان دۆنمیان بەجێهێشتووە کەئەنفال کراون, ئێستا هاتوون خراون بڵێین لە ناحیەی رزگاری و ناحیەی شۆڕش, ئەبینی لەناو ئەو شوێنانەش موجەمەعی کۆن لەو شوێنانەشە ئێستاش خەڵك هەیە کە بێ زەویە و بێ شوێنی نیشتەجێبوونە, یەعنی لەبەر ئەوە بەڕاستی (فی مسقط راسە) هیچ دەلالەتێکی نییە, چونکە لادێ موڵکی خۆی بووە, ئەچێتەوە سەر موڵك و ئەرزی خۆی خانوویەك بۆ خۆی بە قوڕ دروست ئەکات, لەبەر ئەوە مەسقەت راسەکەی لابردرێت, سەبارەت بە نیسبەکان بۆ ئەو کەسانەی کە ماڵێك چەند شەهیدێکیان هەیە و ئەعزابن, هەتا کەمترینیان با لە 50٪ بێت, بەڕاستی 25٪ هەر زۆر کەمە, سەبارەت بەخاڵی یەکەم, منیش هاوڕام چۆن بەکوڕ ئەدرێ سولفەی زەواج, ئەبێ بەکچیش بدرێ, لەخاڵی دوو: (تتحمل الحکومە) کە ئەولادی شوهەدا, تەبعەن ئەبێ موئەنفەلینیشی بۆ ئیزافە بکرێ, چونکە منالی ئەنفالەکانیش حەقی ئەوەیان هەیە لە خوێندگا و لە جامیعەکان, ئێمە لەسلێمانی هینێکمان هەیە, هەموو ساڵێ دەزگای شەهیدان مندالآنی شەهیدانی سەرکەوتوو خەلآت دەکرێن, هەموو ساڵێ, جا هیوادارم ئەمەش لێرە لەلایەن وەزارەت بەردەوام بێ, سەبارەت بە زەریبەی تەریکە, حەز دەکەم ئەوەشی بۆ ئیزافە بکرێ (والعقار و الدخل المقررە في القانون الخاصة بهم), یەعنی لەیاساکان کە تایبەتە بەوان, سەبارەت بە (یعفی ذوی شهداء)**

خەستەخانەی ئێستا پێنج هەزارت لێوەرئەگرێ, کە ئەچیتە ژوورەوە بۆ فەحص, بەلأم هەندێ فەحص هەیە ئێستا لەخەستەخانەکان, یان زۆر کەم خەڵك لەناو خەستەخانەکان عیلاج ئەکرێ, ئەچیتە لای دکتۆر ئەڵێ ئێوارە وەرە بۆ عیادە و پارەکەی پێ صاف ئەکات, یان ئەوەتە خەستەخانەی تایبەتیان بۆ دروست بکرێ لە شارەکان, یان ئەوە هیچ مانایەك ناگرێ, کردنەوەی سەنتەر بۆ لایەنی کۆمەلأیەتی و دەروونی, چونکە ئەوان لە هەموو کەس زیاتر پێویستیان بەو سەنتەرانە هەیە, بۆ ناسنامەکەش سەد لەسەد لەگەڵدام, بەلأم ناسنامەکە موەحەد بێ, یەك ناسنامە بێ, بۆ ئەوەی ئەو کەسە کە چووە شوێنێك موعامەلەی بۆ کرا و, تەعلیماتیش دەربکرێ کە هەلگری ئەو ناسنامانە لە کاتی موعامەلە, موعامەلەیەکی تایبەتیان بۆ بکرێ, سەبارەت بە دروست کردنی صندوقی هاوکاری, بەڕێزان ئێمە خۆمان لەناو وەزارەت دەزگایەکی بەرهەمهێنانمان بۆ دروست کردوون, بێ ئەوەی لە ناو وەزارەت کۆمەڵێك موڵك هەیە, ئەوانە هەمووی دەخڵ رائەکێشێ, لەبەر ئەوە جەمع تەبروعات, رجا ئەکەم تەبروعات جۆرە ئیهانەیەکی تیایە, بۆ خانەوادەی شەهیدان, تۆ ئەو صندوقە ئەکەیتەوە بۆ ئەوەی هاوکاری ئەوان بکەیت, کاتێك ئەو صندوقە ئەکەیتەوە با دەوڵەمەندەکان پارەی لێبکەن, وەك ئەوەی لێبکەیت بەصندوقی زەکات و صەدەقە, نەخێر ئەوەی هەوەسی لێیەتی و دەوڵەمەندیشە خۆی یارمەتی بدات, دەوڵەمەند هەیە لەم وڵاتە سەد عائیلەی شەهید بە مەعاشەکەی وەزارەتیشەوە بە خێو ئەکات, دەوڵەمەند ئەگەر هەوەسی بێ پێویست ناکات بێتە ناو صندوقی وەزارەت و پارە دابنێ, لەبەرئەوە جەمعی تەبروعات نەبێ با ئەو جۆرە ئیهانەی پێوە دیار نەبێ, موڵکەکانی وەزارەت و دەزگای وەبەرهێنان بۆ یارمەتی دانیان, سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باس لە تومەلەك کرا, تومەلەك نابێ لێرە (تخصص) باشترە و, ئیقتیراحیش دەکەم لەسەر لیژنەی یاسایی ئەو مەسەقەت راسەی هەڵبگیرێ, لە برِگەی (2) لەگەڵ برِگەی (5), ئەوە هەریەك شتە باس لەخوێندن دەکاتن, بکرێتە یەك برِگە هەر باس لەخوێندن دەکاتن, دوای وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی عەمل و شەئوون ئیجتیماعی, موراعاتی منداڵە شەهیدانەکان بکاتن, چونکە ئێستا زۆر لەمناڵە شەهیدانەکان دەبینی لەسەر جادەکان شت دەفرۆشن لەخوێندن دوور دەکەونەوە, بێ ئەوەی کە هیچ حیمایەك یان ریعایەکیان هەبێ, جا لێرە تەڵب لە جەنابی وەزیر دەکەین کە چاوێکی پێدابخشێنێتەوە و, لە لیژنەی پزیشکی, ئایا ئەو لیژنە پزیشکیە سەر بە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکانە, یان لەئەنجومەنی وەزیران لیژنەیەکی پزیشکی خاص دائەنرێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فوئاد فەرموو نوقتەی نیزامت چییە؟

**بەڕێز د0فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من روونکردنەوەیەکم هەیە لەسەر ئەو پێشنیارەی کە کردم, بەڕاستی بڕگەی (6) لەبەشی دووەم هاتووە, بۆ چارەسەرکردن لەناوەوەی هەرێم و, بەئاشکرا دیارە ئەڵێ (داخل الاقليم), بڕگەی (7) بۆ چارەسەرکردنە لەدەرەوەی هەرێم, چونکە باسی لیژنەی پزیشکی تیایە, لیژنەی پزیشکی بۆ چارەسەرکردنە لەدەرەوەی هەرێم, نەك بۆ ناوەوەی هەرێم, چارەسەرکردنی نەخۆش لەناوەوەی هەرێم لیژنەی پزیشکی ناوێ, لەبەرە ئەوە ئەبێ ئەوەی بۆ زیاد بکرێ (تتحمل الحكومة مصاريف المعالجة خارج الاقليم لذوى شهداء بتقرير من لجنة طبية مختصة وفق القانونين و الانظمة), سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, هەرچەندە نوقتەی نیزامی نەبوو, بەڵام مولاحەزەیەکی باش بوو, فەرموو مامۆستا کاکە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی ملا سعدالدين باسی کرد, تومەلەك و تەخصوص, پێم خۆشە ئەوەی بۆ روون بکەمەوە, تخصیص تەمەلوکی تیا نییە, زۆر جار حکومەت جێگایەك تەخصیص دەکات بۆ مۆزەفێك هەتا لەناوە, دوایی لێی دەسێنێتەوە, بەڵام تەملیك مانای مولکیەیە, لەبەر ئەوە وامان نووسیوە, بەنیسبەت ماددەی هەشتەم کە لەئەصڵی مەشروعەکە هاتووە (اولا/ تملك عائلة الشهيد), ئەوە ئیرتیباتێك پەیدا دەکات هەروەك کاك شێروان باسی کرد, دەبێ بڵێی (تملك ذوى الشهيد), چونکە لەهەموویان زەویە, تەنیا لەوێ بوویتە عائیلەی شەهید, عائیلەی شەهید هەندێ جار وەکو خێزان حیساب دەکرێ, ئەوە ناگرێتەوە, دوایی شەهیدی مونازەڵ و موئەنفەل نووسراوە, موئەنفەل نییە, شەهیدی ئیبادەی جەماعیە, بۆ ئەوەی موئەنفەل و کیمیاباران و هەموو ئەوانی تر بگرێتەوە, پاشان زۆر لە خوشك و برایان باسیان  کرد, کوڕی شەهید ئێمە لەعەرەبیەکەی نووسیومانە (يمنح اولاد الشهداء), مانای وایە کچیش دەگرێتەوە, چونکە ئەولاد کوڕ و کچە, تەرجەمەکە غەڵەتە, هاتووە (تعفى تركة الشهيد من ضريبة التركة), ئەصڵەن زەریبەی تەریکە نەماوە هەتا تۆ عەفوی بکەی, هیچ کەسێك زەریبەی تەریکات نادات, هەروەها ئێمە لەگەڵ جەنابی وەزیر دانیشتووین دوو فەقەرەی ترمان بۆ ئەو ماددەیە زیاد کرد, وەك ئێستا دەیخوێنمەوە, (ثامنا/ تفتح الوزارة صندوقا باسم صندوق مساعدة ذوى الشهداء و المؤنفلين لمساعدتهم فى إقامة المشاريع و دعمهم او عند تكبلهم خسارة عند حادث طبيعى) و (تاسعا/ تنظم الوزارة هوية فخرية لذوى الشهداء و المؤنفلين و ضحايا القصف الكيمياوى لتنفيذ و تسهيل امورهم فى الدوائر و المؤسسات الحكومية), سوپاس.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ تێبینیەکەی کاك شێروانم (اولا/يتمتع ذوى شهيد المناضل و شهيد الابادة الجماعية) پێشنیار دەکەم بگۆڕدرێ بەو صیغەیەی بێت (يتمتع المستحقون طبقا لاحكام هذا القانون لعائلة الشهيد المناضل و شهيد

الابادة الجماعية بالحقوق و الامتيازات التالية), له فەقەرەی یەك (عائيلەی شەهیدی مونازڵ), ئەوە لابېردرێت, هەر یەکسەر بووترێ (تملك وحدة سكنية فى مسقط راسه), چونكە لەسەرەوە باس کرایە, ئەوە یەك, دوو/ لەگەڵ پێشنیارەکەی کاك دیلمان برگەی (5) لەدووەم, ئیزافە بکرێ بگوترێ (يخصص عدد من المقاعد الدراسية نسبة لاولاد الشهداء ذوي كفائة علمية) و, تەواو بکرێ, شەشەم/ لەبۆ ئەو پێشنیارەی کە برادەرێك كردی, دەڵێ 50٪ ئجوری موستەشفیاتی ئەهلی, ئەوە موستەشفای ئەهلیە حکومەت ناتوانێ فەرزبکاتە سەریان, دەتوانێ بڵێ تەحەمولی نەفەقاتی 50٪ لێدەکەم, سوپاس.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەس خاڵی یەکێ تێبینیم هەیە, مەسقەت راسی ببێتە (في مكان مناسب), خاڵێ سێ, فەرقێ بکرێ بەینێ شەهیدی سەنگەر و شەهیدی تر, چونكە شەهیدی سەنگەر هەرچەند بێ, بلە سەدا سەد وەربگیرێ, ئەوی دی, شەهیدی دی رێژە بێ باشە, سوپاس.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆربەی تێبینی و پێشنیارەکانی من وتران, بەس یەك شت نەوتراوە, بەڕاستی ئەرکی سەرشانی وەزارەتی ئەنفال و پێشمەرگە زۆر قورس کراوە, منیش دەمەوێ تۆزێ قورستری بکەم, پێم باشە مووچەی بنەڕەتی شەهیدانی جینۆساید وەك مووچەی بنەڕەتی خەباتکاری لێبکرێ, چونكە بەڕاستی مووچەکە ئێستا راستەوخۆ وەردگیرێ, بەلاّم ئەو هەموو ئیمتیازات و ئەو هەموو شتەی کە باس کرا خوای گەورە وای بکات لە 25٪ جێبەجێ بکرێ, من لەجیاتی هەموو شەهیدان مەمنوونم, بەلاّم بەڕاستی پێم باشە مووچە بنەڕەتیەکەیان کە 350 هەزارە هی شەهیدی خەباتکار, مووچەی بنەڕەتی شەهیدانی جینۆسایدش بکرێ بە 350 هەزار دینار, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆش باسی عەدالەت دەکەی, ئێمە لەگەڵ سەرۆکی حکومەت باسمان کرد, قەراردرا کە ئەو دیراسەتی بکات و, پاش ئەوەی کە ئامارەکە تەواو دەبێ, مووچەیان زیاد بکرێ, لێرە ناتوانین قەرار بدەین, نەئامارمان لەپێشە, نە رەئیی حکومەت, خۆت دەڵێی قورسمان کردووە, ئەگەر قورسیشی بکەی, مانای وایە هەر جێبەجێ ناکرێ, د0 رمەزان.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمان محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆربەی رایەکانی من, ئەم بەڕێزانەی پێشی من دەریان بڕی, بەلاّم من تەئکید لەوە دەکەمەوە کە شەهیدانی سەنگەر, هی دووەم و سێیەم, زیاتر جێگای رێزلێنانە, چونكە ئەو خانەوادەی شەهید بوونی کوڕێکی, کەسێکی شایانی ئەوەیە ئێمە زیاتر رێزی لێبگرین, بەڵێ ئێمە مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسانە دەکەین کە لەدوای شەهیدەکە ماونەتەوە بۆ ئەنفال و جینۆساید راستە, چونكە لەوانەیە لە خانەوادەیەك دە کەس

شەهید بووە و یەك کەس ماوە, ئەگەر ئەو نیسبەتە بۆ ئەوان راست بێت, بۆ شەهیدانی سەنگەر من بەڕاستی نازانم, پێویستە ئەگەر تەصاعودی نەبێ کەمی نەکەینەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د0رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەك پێشنیارم هەیە, ئەویش بڕگەیەك زیاد بکرێ, کەوا ئەو ئیمتیازاتانەی لەو ماددەیە هاتووە, کەمترین شتە بدرێتە کەس و کاری شەهیدان, یەعنی (الامتیازات الواردة في هذا القانون تمثل الحد الادنى لما يتمتع المشمولين بأحكام هذا القانون), سوپاس.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆربەی تێبینیەکانی من گەیشتن, بەلاَم تەئکید لەو ڕێژەیەی مووچەی شەهیدان ئەکەمەوە, بەڕاستی جیاوازی بکرێ لەگەلْ شەهیدانی سەنگەر و شەهیدانی ئەنفال, بەڕاستی زیاتر باسی لایەنی مادی کراوە, ئیعتیباراتی مەعنەویش حیساب بکرێ, بڕگەیەك بۆ ئیعتیباراتی مەعنەویش زیاد بکرێ, بەدەل لەوانەش گرفتێك ئێستا لەناو کەس و کاری شەهیدانە, بەتایبەتی دایك و باوکی پیری شەهید, یان ئەنفالەکان هەندێکیان پەککەوتن لەمالْ کەوتوون, کەسێکیان نەماوە بچێ لەبازار ئێشیان بۆبکات, یان هەندێ هاوکاری ژیانیان بکات, من پێشنیار ئەکەم حکومەت مووچە بدات بەکەسێك بتوانێ هاوکاری ژیانیان بکات, بەتایبەتی لەم ولاَتەی ئێمە حادیسە زۆرە, خەلْك زۆر تووشی جەلْتە و ئەوانە ئەبێ لە جێگا ئەکەون, ئەوە یەکێ لەگرفتەکانە لەناو ئەنفالەکان و, هەندێ کەسی پیر هەیە تا ئێستا کەسیان نەماوە هاوکاریان بکات, سوپاس.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من کران, زۆر سوپاس.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سەد لەسەد تەئیدی ئەو پێشنیارەی کاك جوتیار دەکەم, کاتێ باسی کرد, ئەو پیر و پەککەوتووانەی, یان ئەو ژنانەی بەتایبەتی ئەوانەی ئەنفال بەداخەوە ژمارەیان زۆر زۆرە, هەروەها ئەوانەی کیمیابارانیش, بەڕاستی ئەوانە بێ کەس و کارن, ئێستا کەس و کاری ئەوان حکومەتە, ئیدی پێم وایە بڕگەیەك بۆ ئەمە زیاد بکرێ, یەعنی بکرێ بەئەرکێك, وەزارەتی شەهید و ئەنفال مولْزەم بکرێ کە دەبێ خەلْوەتگەی پیری هی پەککەوتووەکان بۆ ئەم کەسانە دابین بکرێ, چونکە بەڕاستی بێ کەس و کارن, کەس و کاریان وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالە, حکومەتە, سوپاس.

**بەڕێز خورشید سلیم شیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەقەرەی یەکەم, منیش تەئیدی برادەران دەکەم, لەشوێنی مەسقت راسیان نەبێ, چونکە ئەمە خەیاڵە مومکینە نەکرێ, بەلاّم کێشەکی تر هەیە ئەو کەسانەی کە تائێستا خانوو, یان عەرزیان وەرنەگرتییە, هەر تەنها ئەوە نییە شووقەیەکیان, مەقصد خانووە ئینجا چ خانوو بێ, چ شووقە بێ, ئەوە شتێکی باشە و تەئیدی دەکەم, بەلاّم هەندێکیان عەرزیان وەرگرتووە ئێستا ئیشارەی پێ نەدراوە, بگرە بە هەزاران خێزانی شەهید عەرزیان وەرگرتووە ئێستا لەدەستیان نەماوە, نەکردوویانە بەخانوو, فرۆشتوویانە, ئایا مەصیری ئەوانە چییە, جێی نابێتەوە لەو قانونە, من نازانم ئیقتیراحم نییە بۆی, بەلاّم ئەم حاڵەتە هەیە, کە عەردیان وەرگرتووە, بەلاّم عەردەکە نەماوە, ئەمە نوقتەی یەکەم, نوقتەی دووەم/ من تەئیدی صندوقەکە دەکەم, چونکە ئێمە لە ئێران بووینە و, تەجروبەشمان هەیە, ئێران هەزار جار هەندی ئێمە دەوڵەمەندە, دوو هەزار ساڵیشە دەوڵەتە, هەر بەقەدەر ئێمەش شەهیدی هەیە, صندوقیشین هەیە لە هەموو مزگەوتەکان, بەلاّم کارانە ئیشی بۆ دەکەن و, نەفەقاتی عەوائیلی شوهەدا زۆری لەسەر میللەتە, جگەلە حکومەت, شتێکی چاکە ئەگەر تەشجیع بکرێ, ئەوە مەسەلەیەکی ترە کێ ئەیدا, یان کێ نایدا, نوقتەیەکی تر هەیە, باسی عەفووکردنی خانەوادەی شەهید, یان ئیمتیازیان بدرێتێ لەمەدا, لە سەفەر و لە مەدرەسە و لە کولیەکان و لە نەخۆشخانەکان, نوقتەیەکی موهیم هەیە, مەسەلەی حەج, هەموو ساڵێ گەورەترین مووشکیلەیان هەیە, هیچ حصەیەکیان نادرێتێ, ئەگەر بەیانەصیب بێ, یان بە قورعە, ئەمساڵ وابزانم چوار هەزار کەس خەڵکی کوردستان, هەمووی 30 کەسی خانەوادەی شەهید چووە, لەبەر ئەوە وەکو قەرارێك بدرێ, کە لەسەفەری حەج حصەیەك بۆ خانەوادەی شەهید دیاری بکرێ, بەپێی نەسبەیەی کە وەزارەتی ئەوقاف لەگەڵ وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال ئامادە بکرێ, نوقتەیەکی تر, ئێمە هەموو شتێکمان تێکەلاّوە, یەعنی نازانم دەمانەوێ شاز بین لە دنیا, یان قانونێکی ئیستیسنا دابنێین, لە هەموو ئەو حەربانەی کە لەعالەم دەبێ, زەحایە هەیە و, شەهیدی حەربی ئەصڵیش هەیە, لەهەموو دنیا شەهیدی سەنگەر جیایە, لەگەڵ شەهیدی هاوولاّتی, جا بەهەر جۆرێك مردنێك بێ, بە قونبلە بێ یان بەهەر شتێکی تر بێت, گوناحیشە ئێمە تێکەڵیان بکەین, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ قسەکانت, تەنیا یەك شت هەیە, مەسەلەی حەج حەقە, بەلاّم لەقانون جێبەجێ ناکرێ, لەئەنجومەنی وەزیران حەقە وەکو تەوصیەیەك وەربگیرێ, فەرموو کاك بەڵێن.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بڕگانەی من دەمویست قسەی لەسەر بکەم, بەڕێزان قسەیان لەسەر کرد, زۆر سوپاس.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەندێ خاڵ و تێبینیەکانم وترا, بەلاّم دوو خاڵم هەیە کە بەڕێزان باسیان کرد, ئەویش تەنیا تەئکیدە لەسەری, یەکیان/ بەنیسبەت وەحدەی سەکەنی, منیش لەگەڵ ئەوەم, ئەو بەڕێزانە باسیان کرد, لەو شوێنەی لێی نیشتەجێیە بۆی بکرێ, نەك لەشوێنی لەدایك بوونی, دوو/ بەنیسبەت خالۆەتخانە, لە موجتەمەعی ئێمە خۆشەویستیەك بۆ کەس و کاری شەهیدان هەیە, پیرێژنە, پیرە پیاوە, من قەناعەتی خۆم وایە کە مووچەیەك بۆ ئەو پیرە ببڕێتەوە, هەتا بەخێوی بکەن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز جمال یوسف بوتانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەقیقەت نوقتەکان کە باس دەکەم باس کرا, بەلاّم تەنیا جانیبە مەعنەویەکە لای من موهیمە, تەرکیز کردن لەسەر هێمایەك لە مەرکەزی عاصیمە تەعبیر لە شەهیدانی سەنگەر بکات, لە ئەنفال و کیمیاباران و هەموویان بکات, هەموویان لەڕووی مەعنەویەوە بێ بەش نەبن, چونکە شەهیدانی کوردستانن, ئەمە خاڵی یەکەم, خاڵی دوو/ ئەگەر بکرێ ئەم تەجروبەی نەخۆشخانەکانی بەناوی نەخۆشخانەکانی شۆڕش, لەهەر پارێزگایەك نەخۆشخانەیەك بکرێ, بۆ کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال و کیمیاباران, بەرەئیی من سەرکەوتنێکی بەدەست هێناوە, حەقە ئەمە تە عمیم بکرێ لەگشت موحافەزەکان, ئەو حاڵەتە هەبێ خصوصیەتێکە, ئیهتیمام دانێکی تایبەتە بۆ کەس وکاری شەهیدان, خاڵی شەشەم و حەوتەم, ئەگەر بکرێ دەمج بکرێ, چونکە هەردووکیان تەقریبەن نزیکی یەکن, هەر لەفەقەرەی حەوت دەمج بکرێ, بکرێتە (بتقرير من اللجنة الطبية المختصة وفق القوانين و الانظمة), هەر هەمووی یەك دەگرێتەوە و, هەردووکیان یەك حاڵەتە بەڕەئیی من ئەوەش خراپ نییە, ئەوەی (تتحمل الحكومة تكاليف اعادة رفات الشهيد من خارج الاقليم) کفایەتە, داخلیش دەگرێتەوە, خارجیش دەگرێتەوە, ئەگەر هەردووکیان لابدەین, هەردووکیان دەگرێتەوە, چونکە لەتورکیاش شەهیدمان ماوە, لەئێرانیش, زۆر سوپاس.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەحقیقەت من لەسەر ماددەی هەشتەم, قسمی یەکەمی من پڕواوپڕ پشتیوانی لەشێوەی هاتنەکە دەکەم, کە لەلایەن وەزارەتەوە هاتووە و, حەزیش ئەکەم بەجورئەتەوە قسە بکەم بەحقیقەت, لەقەبی شەهید بە خەڵکێکی تر, جگە لەوانەی کە بەفعلی شەهید بووینە, یان ئەوانەی لە ئیبادەی جەماعی, یان لە سەنگەرا شەهید بووینە, خەڵکێکی تر ئەو لەقەبەیان نەدرێتێ و, ئەگەر تا ئێستا ئەوە پیادە کرابێ, حەقە چارەسەر بکرێ, کە ئێمە وەکو خەڵکێکی خەمخۆری هەموو خەڵکی کوردستان حەقە ئەو کەسەی کە کەسی نەبێ, ئەو کەسەی کە دەوری هەبێ لە ئەنفال, مناڵەکانی ئێستا بێ کەس بن, حەقە دام و دەزگایەکی تر هەبێ ئەوانە بەخێو بکات, ئەوانە ئیهمال نەکرێ, بەلاّم لەقەبی شەهیدیان پێنەدرێ, لەبەر ئەوە من زۆر سوورم

وەكو خۆی بمێنێ و شتێكی تری بۆ ئیزافە نەكرێ, لەبەرئەوە لە واقیعدا و بڕگەی شەشی ماددەی یەكیش ناگونجێ, ئەگەر هەر شتێك ئیزافە بكەین, بەنیسبەت خاڵی سێیەم, پشتیوانی لە شەرحەكەی خاتوو چنارەوە ئەكەم, بۆ مەسەلەی ئەو نیسبەتانە, بەنیسبەت خاڵی شەشەم, خاڵی دووەم, من لەگەڵ ئەوەم لە شوێنی خۆی بمێنێ, چونكە ئێستا حالیەن پارە لەهەموو كەس ئەستێنن, چوار هەزارە, پێنج هەزارە لە كۆملگای مەدەنی هیچ شوێنێك نییە بەبەلاش, ئێستا كەنەبێ مانای ئەوە نییە پاش پانزە ساڵ, بیست ساڵی تر خەستەخانە هەر بەبەلاش ئەبێ, ئیحتیمالە گۆڕانكاری بكرێ تۆزێ, وای لێبكرێ ئەو شوێنانەی كە ئەچێ جیاوازێكی ئەوتۆی نەبێ لەنێوان خەستەخانە شەعبیەكان و خەستەخانە ئەهلییەكان, لەم حاڵەتەش ئەبێ پارە دیاری بكرێ, بۆیە مانەوەی ئەم خاڵە بەواجبی ئەزانم, حەقە بمێنێ بۆ ئەوەی لە موستەقبەل ئیستیفادەی لێبكرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەئیدی ئەو خاڵانە ئەكەم, بەلآم پێشەكی خاڵی یەك, دروست كردنی سەكەن موهیم نییە بەڕاستی, دروستمان كرد و فەشەلمان هێنا و زەرەریشمان كرد, لەهەڵەبجە هەشتا خانوو هەر با بردی, مەبەستم ئەوەیە شەریكە دروست كردنی سەكەن وەربگرێ فاشیلە, ئەبێ تەنفیز موباشر بێت, ئەمانەی ئێرەش كە كردوومانە, ئەگەر جەنابتان بچن سەردانێكی شەهیدەكان بكەن, خانووی شەهیدەكان كە ئەوكاتە باش دروستكراوە, ئێستا بەرامبەر خانووی شەهیدەكان خانووی پێنج قات دروست كراوە, عیمارە و شووقەی بەرز دروست كراوە, هەر منداڵێكی شەهید كە دێتە دەرێ ئەمە ئەبینێ, خۆی بەمەحروم ئەزانێ, ئەمە لایەك, لای دووەم/ هەموو خانووەكان سەقەتە, كارەبای سەقەتە, ئاویان سەقەتە, سەقفەكانیان ئاو ئەدات, یەعنی زستانان هەمووی فاشیلە, لەبەر ئەوە داوا ئەكەم دروست كردنی ئەم خانووانە نەدرێتە شەریكات, تەنفیز موباشر بێت, ئەو كەسە خۆی دروستی ئەكات بۆی جێبەجێ بێت, خاڵێكی تر پێشنیار دەكەم, لەسەر ئەم پڕۆژەیە كردنەوەی دەورەی بەردەوامی هەمەجۆری زانستی رۆشنبیری بۆ منداڵی شەهیدان بكرێتەوە, ئەگەر ئەم خاڵە ئیزافە بكرێ, بۆ ئەوەی منداڵی شەهیدان مەحروم نەبێ, هەر لایەكی حیساب نەكرێ و, تەئیدی ئەو خوشك و برایانە دەكەم كە كوڕ و كچ وەكو یەك حیسابیان بۆ بكرێ و, هێنانەوەی ئەو تەرمانە ئیمكانیەتەكە لەناوەوەو دەرەوەی هەرێم وەكو یەك بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قسەكانم زۆریان كرا, تەئكید لەسەر قسەكەی كاك خورشید دەكەمەوە, ئێمە لەو قانونە پێم وایە هیچ فەرقێكمان نەهێشتووە لەنێوان ئەو كەسانەی كەشەهید بووینە بە ئیرادەی خۆیان كە چووینە سەنگەر, لەگەڵ ئەوانەی كە ئەچنە بەغدا بۆ كەسابەت, یەعنی حەقە جەنابی وەزیر ئەمە بەهەند وەربگرێ,

ئیمتیازات و حقوقی شەهیدی حەقیقی جیاوازە لە شەهیدەکانی تر, کە بۆ کەسابەت ئەچێتە ناوچە نائارامەکان بۆ مەعیشەتی خۆی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەخاڵی یەکەم دەست پێدەکەین, کە نووسرایە کەس وکاری شەهیدی خەباتکار, ئەگەر هەر شەهید بنووسرێ لەخوارەوە ئێمە پۆلێنی شەهیدمان کردیە, هەر تەنیا شەهید بنووسرێ, لەجیاتی ئەوەی شەهیدی خەباتکار و شەهیدی جینۆساید و بەپێی رێنمایەکان بکرێ, ئەمە یەك, دوو/ بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ نیمە ئەو رێژەیە هەبێ و, هەندێ لە برادەرانیش تەئکیدیان کردەوە, مەسەلەی یەکەیەکی نیشتەجێبوونی بەناو دەکرێ, بێگومان ئەوە خەبەرێکی خۆشە, بەس ئێمە واقعی بین بەڕاستی دڵنیام حکومەت ناتوانێ ئەو یەکە نیشتەجێبوونە بەناوی خەڵك بکات, لەبەر ئەوە باشتر وایە ئێمە شتێك بڵێین کە لەتوانای حکومەت دابێ بۆ ئەوەی جێبەجێی بکات, من پێم وایە لەجیاتی ئەوە بەم شکەلە بنووسرێ و, شتێکی تریشی بخرێتە سەر نیشتەجێبوونی کەس و کاری شەهیدان, هەندێ خەڵکمان هەیە وەکو برادەران باسیان کرد, پیر و پەککەوتەنە شوێنی حەوانەوە و شوێنی ژیانیان نییە, ئەوانەش پێویستیان بە ئەوەیە کە خەڵوەتگایەك و شوێنی حەوانەوەیان بۆ بکرێ, لەبەرئەوە ئەو خاڵە ئیزافە دەکەم, دەیخەمە سەر ئەو خاڵەی نیشتەجێبوون هیوادارم بەهەند وەربگیرێ, ئەویش بەم شێوەیە دابڕێژرێ (حکومەت چارەسەری کێشەی نیشتەجێبوونی کەس و کاری شەهیدان و خەڵوەتگەی نیشتەجێبوون و حەوانەی پیر و پەککەوتووەکان و پێداویستیەکانی ژیانیان دابین بکاتن), یەعنی هەم چارەسەری نیشتەجێ بکاتن, هەم خەڵوەتگەی حەوانەی پیر و پەککەوتووەکان گرفتەکانی دابین بکاتن, بکرێتە یەك خاڵ, ئەمە یەك, باشترین چارەسەری کێشەی نیشتەجێبوون, بەیەك رێگا چارەسەری نیشتەجێبوون نابێ, رەنگە بەپێدانی نیوەی ئەو خانووەی کە شەهیدەکە ئەیکرێ, رەنگە بەقەرز, رەنگە کۆمپانیایەك بۆی ئەکرێ لەسەر مەعاشەکەی, دوایی پارەکەی بۆ بگێڕێتەوە, بەئەنواع شت, لەبەرئەوە زۆر کارێکی باشترە لەجیاتی ئەوەی بڵێین بەناوی دەکرێ, دڵنیامە بەناوی ناکرێ, یەعنی ئەو ئیمکانیەتە نییە تا دە ساڵی تر حکومەت ئەو ئیمکانیەتەی نییە کە لەبەر چاومانە, سەبارەت بە مەسەلەی کوڕو کچ, من دامڕشتووە و دامە لیژنەی یاسایش, هەر لەهەشتەم, لەخاڵی دووەم,بەمەبەستی هاوسەرگیری وام داڕشتووە هاوکاری منداڵی شەهید دەکرێ, ئەوە بەم شێوەیە دابڕێشترێتەوە چارەسەر دەبێت, لێرە باس دەکرێ دەستی خوێندکار بگیرێ, پشتیوانی لە پێشنیارەکەی کاك دیلمان دەکەم لە لەبەرچاو گرتنی کەفائەی علمی, بەڵام بەپێی رێنمایی بێت, چونکە ئەگەر بەپێی رێنمایی نەبێتن, ئەوکات جەنابی وەزیرە پێنج کەس ئەنێرێ, ئەڵێ منالی شەهیدن, لێرە هاتووە ئەڵێ منالی شەهیدە, بەلأم ئەگەر بەپێی رێنمایەکی روون بێت, ئەوکات هەموو خەڵك پێی روونە بەپێی چ رێنمایەك دەچێتە جامعە و, بۆی نییە دەستکاری بکرێ, یەعنی بەڕاستی ئەوانەی قوربانییان داوە, ئەوانەی گیانی خۆیان بەخشییە, ئەرکی رێزگرتنیان, ئەرکی پاداشت دانەوەیان

هەر لە ئەستۆی حکومەت نییە وەکو دەزگایەکی نیشتیمانی, ئەرکی هەموو لایەکمانە, ئەرکی پەرلەمانە, ئەرکی هاوولاّتیانە, لەپێناوی ئەوەی کە رێزێکی تایبەت لە کەس و کاری شەهیدان و قوربانیان بگیرێ, لەپێناوی ئەوەی ئەو گیانی لەخۆ بردوو و قوربانییان لەناو میللەتەکەمان بەردەوام بێت, ئێمە یاسا دەردەکەین, چۆن حکومەت بۆ کەسانی تر جێبەجێ دەکات, پێم باشە بەندێك زیاد بکەین, کرێی خوێندنی تایبەت و ئۆتۆمبیل و تەیارە و هەموو ئەو شتانەی کە لەم شێوەیە دەگرێتەوە, لە 25٪ بۆ کەس و کاری شەهیدان کەمتر بێت, بۆ ئەوەی کەس و کاری شەهید و قوربانی هەست بکات تایبەتمەندیەکی هەیە, میللەتەکەش هەست بکات کە ئەوە تایبەتمەندییەکی هەیە کە قوربانی داوە, حەز بکەم ئەو شتەش جێبەجێ بکرێ, دڵنیاتان دەکەمەوە نموونەیەکی نزیکتان پێشان بدەم, تورکیا ولاّتێکە ئەوەندە لەگەڵ مافی مرۆڤ نییە, بەلاّم شتێکی کردووە, خوێندکار کە دەچێتە ناو پاص لە 50٪ کرێیەکەی لێوەردەگیرێ و, جێبەجێش کرایە, ئەوەی ئێمە بۆ قوربانیانە, بڕوا دەکەم ئەو شتە جێبەجێ دەکرێ, سوپاس.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا لە پرسیارێك دەست پێدەکەم, لەماددەی هەشت, بەشی یەکەم بڕگەی (2) باس لەوە دەکات (ئەگەر شەهیدێك زیاتر لە ژنێکی هەبوو ئەو ماف و ئیمتیازانە شمولی هەردووکیان دەکات), بەتایبەتی مەسەلەی مووچە و یەکەی نیشتەجێبوون, یەك مووچە لەسەر هەردووکیان دابەش بکرێ, یان هەر خێزان و مووچەی خۆی بۆ دەبڕێتەوە, ئەمە یەك, دوو/ سەبارەت بە رێژەکان لەسەر روونکردنەوەکەی جەنابی وەزیر, ئەگەر بێتو لێرە بمێنێتەوە, من پێشنیار دەکەم ئەو ئیزافەی کە کاك زانا باسی کرد, بۆی ئیزافە بکرێ, ئەگەر نا لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەپێی تەعلیماتێك دەربچێت, بەلاّم بەشێوەیەك بێت, شەهیدی سەنگەر هەر سەنگەرە و حیسابی خۆی بۆ بکرێ, خاڵی تریشم بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان ئیشارەی بە رێزلێنان دا بۆ ئەو بنەمالاّنەی کە زیاتر لە دوو یان سێ شەهیدیان هەیە, منیش زیاتر تەئکید لەوە دەکەمەوە, لەبەرئەوە ئەوە بەڕاستی نیشانەی خەبات و تێکۆشانی ئەو بنەمالاّنە پێشان دەدات, بۆیە پێم خۆشە وەزارەت ئەمەی لە بەرنامەی هەبێت, سەبارەت بە یەکەی نیشتەجێبوون, من پێم وایە وەزارەت ئەیتوانی زۆر بەئاسانی خۆی دەرباز بکات, پارچە زەویەك بدات بە شەهیدان, بەلاّم هەوڵی ئەوەی داوە لەئاستی هەست بە مسئولیەت کردن ڕووبەڕووی ئەو مەسەلەیە ببێتەوە, باس لە یەکەی نیشتەجێبوون دەکات, بۆیە ئێمە دەست خۆشی دەکەین, هیوادارین بتوانین بەپێی قۆناغ هەرچی زووتر بەشی زۆری شەهیدان لەیەکەی نیشتەجێبوون دابنێین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, پێش ئەوەی رێگا بدەم بە جەنابی وەزیر و لیژنەی یاسایی قسە بکەن, هەرچەندە زۆربەی مولاّحەزاتەکانیان جواب داوە, هەندێکیشی بەهەند وەرگیرا و گۆڕانکاری کرا, یەك شت هەیە, من بدایەتەکەی قسەم کرد, پاشان قسەی لەسەر کرا, دووبارەی دەکەمەوە تۆزێ لەسەری راوەستین بزانین

جەنابی وەزیر و لیژنەی قانونی چ دەڵێن وەحدە سەکەنیەکەیە, بەڕاستی دوو جانبی هەیە ئەو جوملەی کە لێرە هاتووە, ئەگەر جانبی عاتفی وەربگری وەکو پێشتر دەستخۆشیمان لێکرد و پشتگیریش دەکەین کە بەڕاستی شتێکی باشە بۆ شەهیدان, بەلاّم لەهەمان کاتیشدا مەترسیەك هەیە, مەترسی هەیە کە بەو صیغە قانونیە ناتوانین جێبەجێی بکەین, لەهەمان کاتیشدا پارچە زەویشی نەدەیتێ کە ئیمکان هەیە, من ئیقتراحم وایە بەم شێوەیە بێت (وحدة سكنية او قطعة أرضى), یەعنی تۆ بەرنامەجت هەبێت, بۆ دامەزراندنی خانوو بۆیان, بەلاّم تاوەکو بۆت دەکرێ, ئەگەر توانیت پارچە زەویەك بدەی, بیان دێ, مەسقەت راسەکە, زۆر لەبرادەران ئاماژەیان پێکرد, ئەوەش شەتب بکرێ, تەختیتی وەزارەت, بەپێی ئیمکانیەتی وەزارەت ئەجریان پێبدرێ, لە شوێنی خۆی بدرێتن, مەسەلەن لە گوندێکە مومکینە بخرێتە بەرنامەی وەحدە سەکەنیەکە کە دادەمەزرێت لە نزیکترین قەزا و ئەوانە, بەلاّم یەکێ لە شارەکەی خۆی بیەوێ وەربگرێ فەرقی هەیە, لەشارەکەی خۆی بابڵێین لە سلێمانی بیدەیتێ پارەکەی زیاتر دەکات, کەچی ئەگەر لە قەزایەك بیدەیتێ, هیچ ناکات, لەبەر ئەوە مەسقەت راسەکە لابردرێت, بمێنێتە سەر عەدالەتی وەزارەت, ئەو جومەلەیە موافەقەت بکات لیژنەی قانونی, هەم مەسقەت راسەکە شەتب بکرێ, هەمیش وەحدە سەکەنیەکە, یان قتعە ئەرزەکە, تاوەکو وەحدە سەکەنیەکە دەبێت, بەرنامەی دابەش کردنی زەوی کە زۆربەیان وەریانگرتووە, بەلاّم 20٪ ماوە بەڕەئی من, تا ئێستا وەرینەگرتووە, ئەو 20٪ مەحروم نەبێ بەمەهانەی ئەو صیغە قانونییە کە دانراوە, ئەگەر سەرکەوتوو بوو هەموویان دەگرێتەوە, بەلاّم تا سەرکەوتوو دەبێت ئەوانەی کەماویانە, ئەگەر تەعدیلاتەکان بخوێنەوە تاکو بیخەینە دەنگدان, فەرموو کاك کمال مولاّحەزەت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د0کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی مەسقەت راس لابردرێت زۆر زەرورە, چونکە ئیحتیماله بەیانی حکومەت موجەمەعێك دەکاتەوە, وەك شاری خەونەکان, ئەتوانێ ئەو خەڵکە بهێنێت, عیمارەیەکی گەورە بکات و مناڵی شەهیدی تێدا بکاتن, سەد لەسەد لەگەڵ ئەوەینە ئەو مەسقەت راسە لابچێت, بەنیسبەت ئەوەی زۆربەیان باس لە موستەشفایان کرد بۆ شەهیدان, ئینسان خۆی ئەنواع نەخۆشی دەگرێ, ناتوانێ لەیەك نەخۆشخانە هەموو نەخۆشیەکان عیلاج بکرێ, بۆیە لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی لەگەڵ حکومەت, نیسبەتێك بۆ ئەم خەڵکە وەزارەت لە نەزەری بگرێ, نوقتەیەکی تر, ئەوەی کاك ئارێز ئیشارەی پێکرد, دار عەجەزە زۆر زەروریە ئیزافە بکرێ, دارعەجەزە شوێنی حەوانەوەیە بۆ ئەوانەی کە پیر بووینە, ئیستیفادە لەهیچ شوێنێك ناکەن, بەرێگایەکی علمی جوان, ئەو ئینسانانەی لێبێت, ئەگەر ئەوە ئیزافە بکرێ باشە, ئەوەی رێزلێنانەکە زەرورە فەرزبکرێ, بۆئەوەی وەزارەت و ئەنجومەن بیکەن بۆ شەهید, بەلاّم بۆ هی دەرەوە میدالێکیان هەبێ, سوپاس.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/(وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە مەسقەت راس، یان خانوو بەڕاست من بڕیاری نیهائی بۆ ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی دەگەڕێنمەوە، ئێە هەوڵمان دا حکومەت ئیلزام بکەین بۆ ئەوەی خانوو دروست بکات، بۆ ئەوەی ببێتە ئەمر و تەشجیعیش بێت بۆ ئاوەدان کردنەوەی کوردستان، بەلآم تەئیدی قسەکەی کاك ئاریز دەکەم کە چارەسەری کێشەی نیشتەجێبوون، ئەوە شمولیە، دەکرێ ئەو دەمەی بەس ئەگەر تۆ تەحدیدت کرد بووترێ پێم وایە زەوی دان زۆر ئاسانترە، بۆیە حکومەت ڕەنگە ئەگەر ئیمکانیەتی ئەوەی نەبێ یەکسەر زەویەکەی پێئەدات و خانوو دروست ناکات، بەلآم ئەگەر بڵێی چارەسەری کێشەی نیشتەجێبوون ڕەنگە ئەو دەمەی دەکرێ تەفسیر بکرێ، بۆیە دەبێ خانووی بۆ بکرێ، نەوەك زەوی پێبدرێ، ئەوە پێم وایە زۆر شمولی ترە، مەسەلەی لێرە هەندێك لەبرادەران مەهامی وەزارەت و ئەو ئیمتیازاتانەیان تێکەڵ کردووە، هەندێ شت باس دەکرێ ئێمە لە مەهامی وەزارەت لەقانونی وەزارەت باس کرایە، مەسەلەی موعالەجەی پیر و پەککەوتە و دار عەجەزە و چارەسەر کردن، ئەوانە هەمووی لە مەهام ئیشارەی پێکراوە، لێرەش ڕاپۆرتمان خوێندنەوە لە پلانی وەزارەت ئاماژەمان پێکرد کەئەو لە پلانی ئێمەیە، کردنەوی دار عەجەزە لە فلان و فلان شوێن، یەعنی پێم وایە لێرە پێویست ناکات بەیاسا قسەی لەسەر بکەین، صندوقی هاوکاری تەبعەن دوو خاڵ، ئێمە لەسەر پێشنیاری ئەو ڕێکخراوە ئینجۆیانەی کە سەردانی ئێرەیان کردبوو، کۆمەڵێك پێشنیاریان دابوو، دوو خاڵ لەوە ئیزافەمان کرد، چونکە بە موافەقەی لیژنەی یاسایی، بینیمان ئەوە دەوڵەمەند کردنی یاسایەکە دەگەیەنێ، مەسەلەی کردنەوە و دامەزراندنی صندوقێك بۆ هاوکاری، ئەوە پرۆژەمان بۆ داناوە یاساشمان بۆ ئامادە کردووە، بەلآم ئەوان پێشنیاریان کردبوو، زیاتر تەئکیدی کردنەوەیە بەیاسا لێرە تەسبیتی دەکەین، بۆ صندوقەکە سەر بگرێ، ڕێزم هەیە بۆ سۆزان خان، باسی ئەوەی کرد گوتی با نەبێتە فەقیرانە و تەبەرع و ئەوانە، سۆزان خان لە ئەوروپا ژیاوە، تەبەروعات یەکێك لە ئەولەویات و ئەساسیاتی وڵاتانی ئەوروپییە، بەریتانیا یەکێکە لەهەرە دەوڵەتە گەورەکان، بەلآم مەسەلەی تەبەروعات زۆر موهیمە، قانونێکیان هەیە، من پێشنیار دەکەم پەرلەمانی کوردستان ئەم یاسایە زۆر بە هەند وەربگرێ، ئەگەر بیکاتە یاسا، لە دەوڵەتی بەریتانی یاسایەك هەیە، هەر دەوڵەمەندێك، هەر موستەسمیرێك ساڵانە کە زەریبەی لێدەستێنن، زەریبەکەی لەسەر ئەو ئەساسە لێدەستێنن کە ئەم ساڵ چەنی داوە بە تەبەروع، چەندی پارەی زیاتر بدات بە تەبەروعات نیسبەی زەریبەکە لەسەری کەم دەبێتەوە، یەعنی ئێمە لێرە بۆ مزگەوت دەکەین، بەلآم ئەوان لەوێ بۆ تەبەروعات تەشجیعێەکە بۆ ئەوەی خەڵك هاوکار بێت، ئێمە ئەو بارە قورسە نابێ بەس بیخەینە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەموو دەوڵەمەندی کوردستان، هەم هاووڵاتی کوردستان بەشدارن لە ئاوەدان کردنەوە و هاوکاری شەهیدان، هەر لێرە زۆربەی برادەران تەئکیدیان کردەوە، ئەوە فەقیرانە نییە، بەخوێنی ئەوان ئەمڕۆ کوردستان دەوڵەمەندە، پارە و مومتەلەکات ڕۆژانە زیاد دەکات، کەواتە حەقی ئەوەیە موساعەدەیان بکات، ئێمە

نامانەوێ هەموو سەروەتی خۆیان دابنێن, بەلاّم بەشێك لەم سەروەتە وەكو واجبێكی نەتەوەیی پێشكەشی شەهیدان و ئەنفالانی بكات, بۆیە تەئكید دەكەین لەسەر ئەوە, ئیشی لەسەر دەكەین, هیوادارین دەوڵەمەندی كوردستان, ئەوانەی كە توانایان هەیە, بێن بەشدار بن لەم مەسەلەیە, ئەگەر ئەوە بەیاساش تەسبیت بێت باشترە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس, ئەگەر موافقی مەسقەت راسەكە لابردرێت, زۆربەشیان تەئكیدیان لەسەر كردەوە, وەحدەی سەكەنیەكە ئەوەی من بزانم تا سێ ساڵیش بیكەن, ئەمە لایەنی حەقیقەتەكەیە منیش دەزانم, سەدان خانەوادەی شەهید هەن, كە تائێستا ئەرزیان وەرنەگرتووە, وەعدیان پێدراوە چاوەڕوانی ئەو قانونەیان دەكرد كە چەند رۆژ پێش ئێستا ئیمزامان كرد ئیتفا بكرێ, زۆریان ئەمریشیان بۆ دەرچووە, زۆریشیان هەیە چاوەڕوان دەكەن, ئەگەر بەم قانونە ئەو حەقەی لێنەخۆی, بلێی تازە قەرار دراوە خانووت بۆ بكەین و, راوەستە چوار ساڵ یان پێنج ساڵ, من مەترسیی ئەوەم هەیە خەڵكی زۆر مەحروم بێت, خەڵكێكی تریش وەریگرتووە, لەبەر ئەوە بەهین موراعات بكەن, پێم وایە وەختی ئەوە هاتووە بیخەینە تەصویتەوە, زۆر موناقەشەمان كرد, ئەگەر ئیجازە هەبێ, ئەو لیژنە قانونی مولاحەزاتانەیان بەهەند وەرگرت لەماددەی یەك, یەكەم/ صیاغەكە ئیعادە نوێ بكەنەوە بەم شێوەیە كەوتتان (یتمتع ذوی الشهداء و المشمولون بهذا القانون), كاك كریم چیت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەدام كە وەحدەی سەكەنیەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە نوقتەی نیزام نییە, فەرموو, دەرگای موناقەشە نییە, وەزیر موافەقەتی كرد و, ئەندامانی پەرلەمان رەئی خۆیان بەخشی, ئێمەش مولاحەزەمان دا كە ئەوە ئیمكان هەیە ناعەدالەتی دروست بكات, خەڵكێك هەیە ئەرزی وەرگرتووە, خەڵكێك هەیە چاوەڕوان دەكات, بەو نەصە پێی بلێی قانونە و لەپەرلەمان دەرچووە, وەحدەی سەكەنیت دەدرێتی, بەلاّم چوار پێنج ساڵ راوەستە, گوناحە, مادەم جەنابی وەزیرش موافەقەتی كرد وەحدە سەكەنییە, حكومەت بەرنامە دادەنێ, رەنگە شەش ساڵی تر بتوانێ جێبەجێی بكات, لەو شەش ساڵە رەنگە ئەوانە بێ بەش بوونە لە زەوی پێیان بلێن چاوەڕوان بكە, من خۆم چەندین عائیلەی شەهید هەیە ئەمریشیان بۆ دەرچووە, چاوەڕوانی ئیتفا دەكەن, عەرز هەبێت و بیاندرێتێ, ئێستا بەو نەصە حكومەت دەتوانێ هاوكاریان بكات, دەبێ وەحدەی سەكەنیتان بۆ دروست بكەین و راوەستن, تەحەمولی ئەوە دەكەن, بەلاّم من بەش بە حاڵی خۆم دەنگی بۆ نادەم, فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ رەئیی جەنابتانم, بۆ ئەوەی عائیلەی هەر خێزانێك پارچە زەویەکی هەبێ, جێگایەك کە لێی دانیشێ, خاڵێکی تری بۆ زیاد بکەین (ئاوەدان کردنەوەی خانوو و گوندەکان), ئەویش بەهۆی ئەو صندوقەی کە ئێمە دایئەنێین, ئەو صندوقە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئیشی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەیە, هەندێك بۆچوون هەیە زۆر باشە و رێك و پێکە و راستە, بەلاّم تێکەلاّوی هەیە, هەندێك داواکاری هەیە بە تەعلیمات دەکرێ, بە تەعلیمات و بە بەرنامەی وەزارەت, بەقانون نابێ, هەندێك داواکاریش هەیە ئیش و کاری وەزارەتی شارەوانییە, یان ئاوەدان کردنەوەیە, ئەوەی کاك محمد ئیشی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەیە, د0 کمال, فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د0کمال کەرکوکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئێمە بڵێین (قطعة أرض), وەحدەی سەکەنیەکەی ئەبێ هەر لەگەڵی بێت, چونکە وەحدەی سەکەنی هەم ئەرزە و هەم خانووە, ئەگەر بڵێین بەس ئەرز ئینجا ئەو فەقیرە چ لە ئەرزەکە بکات, ئەبێ بیفرۆشێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك تەڵعەت و کاك عادل, دەڵێن هەموو کەس و کاری شەهیدان زەویان وەرگرتووە, من تەحەدایان دەکەم, هەر لەو حەفتەدا شەش, حەوت کەس موراجەعەی منیان کردووە, هەر بەدەلیلەوە یەك زەویان وەرنەگرتووە, کەواتە ئەو موقتەرەحە تازەیە, دەیخەمە دەنگەوە, بەلاّم فەقەرەکە چاك بکرێ بەو صیغەیە کە شمولی هاوولاّتیش بکات و, مەسقەت راسەکە لابردرێت, تەغیرەکە بەم شێوەیە (قطعة أرض او وحدة سكنية), کێ لەگەڵ ئەو تەغییرەیە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ دا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, سێ کەس موعاریزە, خاڵی دووەم لەهینەکە, سێیەمەکە لیژنەی یاسایی بە ئیتیفاق لەگەڵ وەزیر رێژەکانیان هەڵگرتووە, بۆ ئەوەی بە نیزامێکی داخلی دەربچێت, تەفصیلات لەلای ئەوانە, فیعلەن تەفصیلاتێکی زۆر هەیە, ئەو عەدالەتەی کە دەمانەوێ لێرە دابینی بکەین, بەنەصێك لێرە دابین ناکرێ, بە تەفصیلات دابین دەکرێ, ئێمەش ناتوانین بچینە ناو تەفصیل, بۆیە موقتەرەحەکە بەجێیە, ئەوەی لیژنەی قانونی داوای کردووە, دەڵێ ئەو تەفصیلاتە لێرە مەدەن, بەجێیبهێڵن بۆ حالەتەکەی خۆیان, هەندێك حاڵەت هەیە ئیجاب دەکاتن, چوار شەهیدیش هەبێتن, هەر چواریان سەد لەسەدی بدرێتێ, هەندێ حالەتیش هەیە, مناڵێکە پێنج ساڵە عومری شەهید بووە, لەهینێك شەهید بووە, فەرقی دەکاتن وەزارەت نیزامێکی داخلی تەحدید دەکاتن, بۆیە ئەو موقتەرەحەی لیژنەی قانونی کە سێیەمەکە کە دەڵێ بە تەعلیماتەوە دەربچێت, یەعنی بەنیزام دەربچێت, کێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەیە,

دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرمووو, کێ لەگەڵ نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرمووون, ئەوەش بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا, فەقەرەیەك هەیە قانونی نییە, پێویست ناکات بیخەینە دەنگەوە, هەر شەتب بکرێ, لەبەرئەوەی دەڵێ (تعفى تركة الشهيد من ضريبة التركات), هەر خۆی زەریبەی تەریکە نەماوە, تەصویتی ناوێ, شەتبی دەوێ, کاك عونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زەریبەی تەریکات مایە, بەڵام راگیرایە وەرناگیرێ, ئیحتیماله ئیعادەی بکەنەوە, سوپاس.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زەریبەی تەریکات لایەزال لە ئیدارەی سلێمانی بەردەوامە و, وەریشدەگیرێ, سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

دەبێ قانونیەکان جوابمان بدەنەوە, زەریبەی تەریکات ماوە, یان نا فەرموو مامۆستا کاکە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زەریبەی تەریکات نەماوە, ئەوە پانزە ساڵە ئەو قانونە نەماوە, نەك لێرە لە بەغداش نەماوە, سوپاس.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زەریبەی تەریکات بەقانون ماوە, بەڵام لە ئیدارەی هەولێر کاری پێناکرێ, لە ئیدارەی سلێمانی کاری پێدەکرێ, بۆیە ئەو فەقەرەیە لە جێی خۆی بمێنێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر وابێت با بمێنێ, بۆ ئەوەی زەرەر نەکات هینەکە, مادەم قانونیەن حەزف نەکراوە بابمێنێ, نەوەك تەئسیری هەبێت, هەندێك وشە هەبوو (ناوەوە و دەرەوەی هەرێم), ئەوەش بەنەزەرِی ئیعتیبار وەرگیرا لەتەعدیلاتەکە, بەنیسبەت منحەی زەواج بۆ یەك جار بێت (خلال سنة)ی ناوێتن, یەعنی بەکوردیەکەش چاك دەکرێ, منالآنی بۆ ئەوەی هین بێـتن, یەعنی (خلال مدة معينة) باشترە, لەجیاتی (خلال سنة من تاريخ ابرام العقد), لەبەر رۆشنایی موداخەلاتی ئێوە دوو فەقەرە ئیزافە کراوە, دەبێ دەنگی بۆ بدەین, یەکێکیان (تفتح صندوق باسم صندوق مساعدة ذوى الشهداء و المؤنفلين فى اقامة مشارع او ياسس الوزارة صندوقا باسم صندوق مساعدة ذوى الشهداء و المؤنفلين في المشاريع), کێ لەگەڵ ئەو برِگەیە ئیزافە بکرێ, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرمووون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرمووون, بەئەکسەریەت قبوڵکرا, موفتەرەحێکی تر هەیە, دوای صیاغەکە هین دەکەین, بۆئەوەی هەموویان شمول بکات, زەحایەی ئیبادەی جەماعی, زەحایەی جینۆساید, ئەمە لەصیاغە هینی دەکەین, بۆ ئەوەی شەهیدی مونازەڵ شمول بکات,

شمولی شەهیدی کیمیاباران بکات, شمولی ئەنفالان بکات, شمولی شەهیدی هاوولاَتی بکات, صیغەکە بەم شێوەیە بێت, فەرموو دکتۆر.

**بەڕێز د0ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ تەرجومەکان, (اولاد) منداڵ ناگرێتەوە, (اولاد) کوڕ و کچە, منداڵ (اطفال)ە, لەبەرئەوە باشترە لە کوردیەکە کوڕ و کچ بێت, شەرت نییە ئێمە تەرجومەیەکی حەرفی بکەین, کوڕ و کچ جیایە و, منالێش جیایە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە بۆ ئەمە لەعەرەبیەکە دەنگمان دا, ئەولاد هەمووی دەگرێتەوە, کوردیەکە لیژنەی قانونی چۆن بەباشیان زانی وای لێدەکەن, موفتەرەحی تر کە ئیزافە کرا, لەبەر رۆشنایی قسەکانتان (تنظم الوزارة هوية لذوي الشهداء و المؤنفلين و القصف كيمياوي لتنفيذ و تسهيل امورهم في الدوائر), هەرچەندە کاك فرست رەئیەکی مەعقولی هەیە, دەڵێ ئەوە بەتەعلیمات دەبێ, پێویست ناکات بەقانون بێت, لەبەر ئەوە, ئەوە ناخەمە دەنگەوە, فەرموو, کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەند رەئیەك هەبوو لەسەر خاڵی پێنج, کەفائەی علمی زیاد بکرێ, حەقە ئەوەش بخرێتە دەنگەوە, خاڵی پێنج, ناردنە دەرەوەی منالی شەهید بەلەبەرچاوگرتنی کەفائەی علمی, چەند رەئیەك هەبوو, ئەوەش بخرێتە دەنگەوە, بۆئەوەی ئیزافە بکرێ یان نا, کەفائەتی علمی خوێندکارەکان, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە وتت (بالتنسيق مع الوزارة), ئەوە ناگرێتەوە, فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو کورسیانە دابەش دەکرێ بەسەر کەس و کاری ئەنفال, بەلاَم ئەو کەسانەی کە نزیکن لە بەرپرسێك, یان خزمێکی بەرپرسە, هیچ کەفائەی علمی تا ئێستا لەبەرچاو نەگیراوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر جەنابی وەزیر موافیق بێ, ئەوە زۆر راستە, بۆ ئەوەی واستە و واستەکاری نەمێنێ, تەشجیعی منداڵانی شەهیدیش بکەین, بۆ ئەوەی زۆر بخوێنن,  ئەو ماددەیە بەو شکلە دەبێتن, بە وەرگرتنی مولاَحەزەی وەرگرتنی پێنجەم, بۆتان دەخوێنمەوە لەبەرئەوەی گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە, بۆ ئەوەی دەنگی بۆ بدەن, لە پێنجەم داواکاریەك هەیە, گۆڕانکاریەك هەیە, وەزیریش موافەقەتی کرد, لیژنەی

یاسایش پێی باشە, بەم شێوەیە دەبێتن (يخصص عدد من المقاعد لاولاد الشهداء في خارج الاقليم بالتنسيق مع وزارة التعليم العالي مع مراعاة الكفاءة العلمية وفق الشروط), فەرمووو شوکریە خان.

**بەڕێز د0شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەجیاتی (عدد) بکرێ بە نیسبە جوانترە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نیسبە باش نییە, عەدەد باشترە, چونکە عەدەد هەموو مەقاعدەکان هین دەکەی, ئەوەی دەیخوێنەمەوە صیغەی تازەیە, دەیخوێنمەوە بۆ ئەوەی دەنگی بۆ بدەن (يخصص عدد من المقاعد الدراسية لاولاد الشهداء من ذوى الكفاءة العلمية الى خارج الاقليم بالتنيسق مع وزارة التعليم العالى), کێ لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریەیە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, ئەوەش بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا, موفتەرەحەك هەیە, هەرچەندە من قەناعەتم وایە, ئەوە پێویست بە قانون ناکات, بە بڕیارێکی مەجلیسی وزارە یان وەزارەت دەبێ, ئەویش بەخشینی مەدالیە بۆ ئەو عائیلەی کە زیاتر لە سێ شەهیدیان هەیە, پێم وایە ئەوە ئیشی وەزارەتە, کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە باسی مافی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان دەکەین, بەڵام هەندێ خەڵك هەیە بریندارە, بۆ نموونە کیمیایی ئەوە دەیگرێتەوە, یان نایگرێتەوە, پێویستە ئەو مەسەلەیە روون بکرێتەوە, یەعنی ئەوانەی بریندارن بۆ چارەسەرکردن, بۆ مەسەلەی ناردنە دەرەوە, یەعنی بەخۆیان بریندارن, ئێمە باسی شەهیدان دەکەین, بەڵام ئەوانە بریندارن, یەعنی دەبێ ئەو مەسەلەش لێرە روون بکرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/ (وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی جەنابی جێگیری سەرۆکی پەرلەمان ئیقتیراحی کرد, مەسەلەی میدالیەکە, ئێمە لەیاسای وەزارەت فەقەرەیەك ئیزافە کرا لەوێ, مەسەلەی ئەوەی کەوەزارەت موکەلەفە میدالیەك ببخشێ بەوانەی کەس وکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان, بەڵام پاش ئەوەی لەگەڵ لیژنەی قانونی موناقەشە کرا, گوتیان ئەوە لە صلاحیاتی سەرۆکی حکومەت دەبێ, دەبێ یاسای پێدەربچێ, لەبەرئەوە لەیاسای وەزارەت دەرهات, جا ئەوە داوا دەکەم لەبرادەرانی لیژنەی یاسایی, تەفسیرێك هەبێ بۆ ئەم مەسەلەیە, خاڵی دووم/ مەسەلەی ئەوانەی کە بریندارن, ئەوەی کاك ئارێز تەئکیدی لەسەردەکات, ئەو وەزارەتە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و جینۆساید و کیمیاباران, یەعنی ئەوانەی بووینە قوربانی, ئەوانەی کە زیندوون ئەگەر منداڵی شەهیدن یان کەس و کاری شەهیدانن, نەخۆشن ئەوە ئەرکی وەزارەتە چارەسەریان بکات, بەڵام

ئەگەر کەس و کاری قوربانیان و شەهید و ئەنفالکراوەکان نین، ئەوا ئەرکی وەزارەتی دیکەیە، وەکو وەزارەتی تەندروستی، یان وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د0کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە ئەو سیمە و، ئەوانە لەدەسەڵاتی سەرۆکە بۆ هەندێك موناسەبات، بەڵام ئێمە ئەڵێین لێرە لە پەرلەمان، لە یاساکەی دابنێین (اعطاء اوسمة تقديرية للعوائل التى لها ثلاث شهداء او اكثر و ينظم ذلك بقانون)، سوپاس.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/(وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ئیقتیراحەی جەنابی کاك دکتۆر زۆر ڕاستە، بەڵام من ڕەئیەکی دیم هەیە، ئەگەر قەرار بێ ئەوە پێشنیار بکەین، با بدرێ بەهەر کەسێك کە یەك شەهدیشی هەیە، شەهیدەك یان دوو شەهید، قیمەتی شەهید لەوەدا نییە بەژمارە، لەخودی شەهیدە، لەبەرئەوە دەبێ بدرێتە هەموویان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو موقتەرەحە بەجێ دەهێڵین بۆ وەزارەت دیراسەتی بکات لەلای خۆی، چی بەباش دەزانێ بۆ ڕێزلێنان لەکەس و کاری شەهیدان، ئەوەی یەك شەهیدی هەیە، یان سێ شەهیدی هەیە، وەکو پرۆژەیەك بۆ وەزارت هین بکات، ئەوە دەیخەینە دەنگەوە، ئێستا ماددەکە بەهەموویەوە دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ نییە، دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون، پیرۆزە دەستان خۆش بێت، بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا، فەرموو بڕۆ سەر ئەحکامی عامە.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەشی پێنجەم**

**حوکمە گشتیەکان**

**ماددەی هەشتەم:**

**وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست دەربکات بۆ ئاسنکاری جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.**

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الفصل الخامس**

**احكام عامة**

**المادة الثامنة**

**للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی پشتگیری لەماددەكە دەكات.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێكم هەیە دەبێ لێرە پێشنیاری بكەین, چونكە لە ئەحكامی ختامیە دەبێ لە یەكەم ماددە بێت, لەسەر خودی ماددەكە هیچ مولاحەزەكەم نییە, بەلأم پێشنیارەكە دەبێ لێرە دابنرێ, یەك لە مەترسیەكان لەسەر ماف و ئیمتیازاتی خێزانی شەهید, ئەوەیە كە ئەو خەڵكانەی كە ئیدیعا دەكەن, شەهیدیان هەیە, ئەنفالیان هەیە, ئەوەش زۆر كرایە هەمووومان دەزانین, بۆیە من لەگەڵ هەندێك لە ئەندامانی لیژنەی قانونی موناقەشەمان كرد پێیان زۆر باش بوو, پێشنیار دەكەم ماددەی نۆ كە بوویتە ماددەی هەشتەم (يعاقب كل من ادعى باطلا بانه من ذوي الشهداء بالحبس مدة لاتزيد على ثلاث سنوات و بغرامة لاتزيد على......, من ملیۆنیەك و نیو دینارم داناوە (او يعاقب باحد هاتين العقوبتين و ينتزع).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو دانیشە, موقتەرەحەكەت بەجێیە, بەلأم لەقانونی عقوبات وابزانم ئەوە هاتووە, هەموو كەسێك مەعلوماتی غەڵەت بدات, نەك هەر لەسەر ئەوە, موهیم لەقانونی عقوبات ئەمە هاتووە, ماددەی نۆیەم لیژنەی قانونی پشتیگری لێكرد, هەروەها لیژنەی مافی مرۆڤیش, دەیخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نییە؟ دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆی دەنگ قبوڵكرا, بڕۆ سەر ماددەی تر, ماددەی دە كە بوویتە ماددەی نۆیەم.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دەیەم, كە بوویتە ماددەی نۆیەم,

ماددەی نۆیەم:

كار بەهیچ دەقێكی ناكرێت پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە بێت.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة:

لا يعمل باي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەروەك وەزارەتەكانی تر تەنیا دوو وشەی لەگەڵ زیاد بكرێ ئەوەیش (لا يعمل بأی نص قانونی أو قرار يتعارض مع هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە موقتەرەحی لیژنەی قانونی كە هەموو قانونەكانی تریش وایە, دەیخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵ ئەو ماددەیەیە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆی دەنگ قبوڵ كرا, بڕۆ سەر ماددەی دواتر, فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی یازدەم كە دەبێتە ماددەی دەیەم,

ماددەی دەیەم:

پێویستە وەزارەتە تایبەتمەندەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة عاشرة: على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(على مجلس الوزارء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەمەش وەكو قەوانینەكانی ترە, موقتەرەحی لیژنەی یاسایە بۆ هەموو قانونەكان وا هاتووە, دەیخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵ ئەو ماددەیەیە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆی دەنگ قبوڵ كرا, بڕۆ سەر ماددەی دواتر, فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دوازدەم دوا ماددەیە, دەبێتە ماددەی یازدە,

ماددەی یازدەم:

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوكردنەوەی لە رۆژنامەی رەسمی (وەقایعی كوردستان) جێبەجێ دەكرێت.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الحادية عشرة:

ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في قائع كوردستان.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ينفذ هذا القانون من تاريخ اصداره و ينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەمەش وەكو هەموو قانونەكانی تر نووسراوە, موفتەرەحی لیژنەی قانونی دەخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵ ئەو ماددەیەیە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆی دەنگ قبولْ كرا, بڕۆ سەر ماددەی دواتر, فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هۆكارەكانی دەركردنی ئەم یاسایە

هەرێمی كوردستان بەماوەی سەختدا تێپەڕیوە, مێژوو وێنەی وای كەم دیوە, كە ڕۆڵەكانی هەرێم لەلایەن ڕژێمە یەك لەدوا یەكەكاندا كوشت و بڕدەكرا ن و, بەچەكی كیمیاوی و سەربازی تۆپ باران دەكران, گوندەكانی لە میانەی پرۆسەی ئەنفالە بەدناوەكان خاپوور كراو بەشی زۆری دانیشتوانەكەی بوونە قوربانی ئەو پرۆسانە, بەجۆرێك گەورەترین زیان بەرخانەوادەی شەهیدان كەوت, چونكە لە دوو لایەنەوە زەحمەتیان كێشا, وەك وەفاداریەك بۆ بەشێكی بچووكی ئەو فیداكاریەی لە ڕێگای سەرفرازی كوردستانیان بەخشی و ئەو قوربانیەی لە ڕێگای پرەنسیپەكانی باڵای مرۆڤایەتی داویانە, ئەم یاسایە داندرا.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

الاسباب الموجبة

لقد مر اقليم كوردستان العراق بفترات عصيبة قلما شهد التاريخ لها مثيلا حيث شهد الاقليم تقتيلا و تنكيلا بابنائه من قبل الانظمة المتعاقبة و تعرض للقصف بالاسلحة الكيمياوية و العسكرية دمرت قراها خلال عمليات الانفال السيئة الصيت و راح اغلب سكان هذه القرى ضحية تلك العمليات, مما الحق ابلغ الضرر بعوائل الشهداء الذين تحملوا مصاعب مركبة, و من اجل الايفاء بجزء بسيط مما قدموا فداء لكوردستان و تضحية في سبيل المبادئ الانسانية السامية شرع هذا القانون.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەصاعب مورەکەبە قەت نەبووە لەدنیادا, مەصاعب مورەکەبە شتی وا نییە, مەصاعب جەمە, جەمە ئەبێ, یەعنی مەصاعبێکی زۆر, موتەراکیمەش ئەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەرجومەکەیە, چاکی بکەنەوە, فەرموو کاك زرار.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەکوردیەکەی (لەماوەی سەختدا تێپەڕێوە) بڵێین (بەقۆناغی سەختدا تێپەڕیوە), من ئەسبابێکی موجیبەم نووسیوە, ڕێگام بدە بخوێنمەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەسبابی موجیبە نەصی قانونی نییە, لەتوانا هەیە تەعدیلی بکەن, موقتەرەحەکەت بیاندێ ئیستیفادەی لێدەکەن, پڕۆژەکە هەمووی دەخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ هەموو پڕۆژەکەیە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا, زۆر سوپاس, پیرۆزبایتان لێدەکەم, لەسەبرو تەحەمولی خۆمان دەکەم, ئومێد دەکەم ئەم قانونە بێتە هۆی ئەوەی ژیان و گوزەرانی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال و کیمیاباران و, هەموو ئەوانەی بووینە قوربانی سیاسەتی یەك لەدوای یەکی رژێمی رەگەز پەرستی عێراق, گوزەرانیان باش بێت, ژیانیان باش بێت, بتوانین زیاتر خزمەتیان بکەین, زۆر سوپاسیان دەکەم, قسەش ئەدەم بەجەنابی وەزیر, فەرموو.

**بەڕێز چنار سعد عبدالله/(وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان, زۆر سوپاسی سەرۆکایەتی پەرلەمان و هەموو ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز دەکەم, بۆ ئەو سەبر و تەحەمولەی کە لەم ماوەیە کێشایان, لەپێناوی ئەوەی کە بتوانین دەست کەوتێکی باش پێشکەش بە کەس و کاری شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید بکەین, بەشێوەیەکی گشتی کوردستان , زۆر سوپاس بۆ هەموو ئەو برادەرانە کە بەدڵسۆزانە هەوڵیاندا پڕۆژە یاساکە دەوڵەمەند بکەن, بەتەئکید پیرۆزبایش لە کەس و کاری شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید دەکەم, شەهیدانی جینۆساید کە ئەمە دەستکەوتێکی باشە بۆ ئەم قۆناغە, بەڵام ئەمە نیهایەتی کارەکان نییە, حەتمەن تموحی ئێمە زۆر لەوە گەورەترە و, هەر بەردەوام دەبین بۆ ئەوەی پڕۆژەی تر تەقدیمی ئەوان بکەین, داوای لێبوردنیش دەکەم لەهەر برادەرێك, ئەگەر لێرە من هەر قسەیەکم کردبێ و, کەسێکم بریندار کردبێ, هەمووی حرسەکە دڵسۆزی بووە, پێداگرتن بووە لەسەر ئەوەی بتوانین کەمێك لە ئازاری ئەوان کەم بکەینەوە, لەڕێگای ئەو پڕۆژە یاسایە, دووبارە سوپاس بۆ ئێوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئێستا داواتان لێدەكەم, لەبەر ئەوەی وەخت نەماوە بڕگەی دووەم, كە موناقەشەكردنی پرۆژەی یاسای هینە, داوا دەكەم دوابخرێ, كێ لەگەڵ ئەوەیە دوابخرێ, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆی دەنگ دواخرا كرا, كۆبوونەوەكە كۆتایی پێدەهێنین, بۆ كۆبوونەوەی داهاتوو ئاگادارتان دەكەینەوە, زۆر سوپاس, فەرموون.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (14)**

**دوو شەممە ڕێکەوتی 7\5\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (14)

## دوو شەممە ڕێكەوتی 2007/5/7

كاتــژمێر (11)ی ســەر لــە بــەیانی ڕۆژی دوو شــەممە ڕێكــەوتی 2007/5/7 ئەنجومــەنی نیشــتمانیی كوردســتانی عێــراق بــە ســەرۆكایەتی بــەڕێز عــدنان ڕشــاد مفــتی ســەرۆكی ئەنجومــەن و, بــە ئامــادەبوونی بەڕێزمحمــد قــادر عبــدالله(د.كمــال كــەركووكی) جێگــری ســەرۆك و, بــەڕێز فرســت أحمــد عبــدالله ســكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (14)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هەمواركراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومــەنی نیشــتمانیی كوردســتانی عێــراق, دەســتەی ســەرۆكایەتی ئەنجومــەن بڕیــاردرا دانیشــتنی ژمــارەی (14)ی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبـژاردنی دووەمـی پەرلـەمانی كوردسـتان – عێـراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای دەزگای گشتی كاروباری مین لە هەرێمی كوردستان – عێراق.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (14)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2007/5/7دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەروو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای دەزگای گشتی كاروباری مین لە هەرێمی كوردستان - عێراق.

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز كاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان دەكەین، بەڕێزان حاجی مصیفی و كاك سیداد بارزانی وەكو مستەشار لەبارەی مینەوە، لەگەڵ جەنابی وەزیر ئامادەن زۆر بەخێر بێن سەرچاو، داوا لەلیژنەی یاسایی و هەر لیژنەیەكی تر دەكەین كە ڕاپۆرتی هەبێتن بێن لە شوێنی خۆیان دانیشن، بۆ ئەوەی دەست بكەین بەكاربین، لیژنەی پێشمەرگە ئەگەر ڕاپۆرتی هەبێت، فەرموون.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆ/ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان ـ عێراق

ب/ ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی

لیژنەكەمان لە پرۆژەی یاسای دەزگای گشتی كاروباری مین لە هەرێمی كوردستان ـ عێراقی كۆڵییەوە كە لە دوای خوێندنەوەی یەكەمی لە پەرلەمان لە 2007/1/7 دا بۆمان ڕەوانەكرابوو، دوای كۆبوونەوە لەگەڵ

**ئەوانەی خەریکی پڕۆژەکەن لە خاوەن شارەزایی و پسپۆڕی و ئەوانەی کار لەم بوارەدا دەکەن و دوای وتوویژ و ڕاگۆڕینەوە، ڕاپۆرتەکەی خۆی و ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی لە بارەی پڕۆژەکەوە بە تێکڕای دەنگ بەم جۆرەی خوارەوە پێشکەش دەکات :-**

**1-لیژنەی یاسایی پشتگیری پڕۆژەی یاساکە دەکات، چونکە کێلگەکانی مین و تەقەمەنی بەشێوەیەکی چڕ لە هەموو لایەکی هەرێم لە ئەنجامی کارەسات و جەنگ کە لە دژی گەلی کوردستان و جەنگی عێراق ـ ئێران بڵاوبوونەتەوە و گەلێك مەترسی ترسناك و کارەساتی بۆ هاووڵاتیان خوڵقاندووە. بۆیە ئامانج لە یاساکە، دامەزراندنی دەزگایەکە پاککردنەوەی هەرێم لەو مادده ترسناکە بگرێتە ئەستۆ و لە دوایشدا هاووڵاتیان لەو مەترسیانە دوورخاتەوە و ماوە لەبەردەم کرداری گەشەکردن و پەرەپێدانی ژێرخانی هەرێم خۆش بکرێت.**

**2- لیژنە پێشنیاز دەکات دەروازە بۆ ماددەکانی پڕۆژەکە دابنرێت و بڕگەکانی ڕێك بخرێن و زنجیرە ڕەنووسەکانی بڕگەکانی مادده بکرێنە زنجیرەیی بە نووسین و هەندێ هەموارکردن و گۆڕانکاری لە داڕشتنی هەندێ لە بەندەکانی بکرێت و هەڵە زمانەوانیەکانیش ڕاست بکرێنەوە وەك لەمەودوا لەم ڕاپۆرتەدا دەردەکەوێ.**

**3- ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی یەکەمی پڕۆژەکەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەکات وشەی دەستەواژە (التعابیر) لەسەرەتای ماددەکەدا بکرێت بە (زاراوە) وشەی (دەولی) بخرێتە دوای بڕگە ( 8 )ی پڕۆژەکە.**

**4- لە بارەی ماددەی دووەمەوە هیچ تێبینیەکی لە سەر نیە**

**5- لە بارەی ماددەی سێیەمیشەوە هیچ تێبینیەك نیە .**

**6- لە بارەی ماددەی چوارەمەوە هیچ تێبینیەك نیە جگە لە خستنە سەری ڕستەی (چاودێری کردنیان بە هاوئاهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکاندا) تاکو کۆتایی بڕگە(3)ی.**

**7- لەبارەی ماددەی پێنجەمی پڕۆژەکەشەوە، لیژنە پێشنیاز دەکات ناوی بەڕێوە بەرایەتی گشتی دیوان کە لە (سێیەم)دا هاتووە بگۆڕدرێ بە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری کارگێڕی و دارایی)و بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە:-**

**سێیەم : (بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری کارگێڕی و دارایی : بەڕێوەبەرێکی گشتی خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت و خاوەن شارەزایی و پسپۆڕی بێت سەرۆکایەتی دەکات).**

**هەروەها لادانی (فەرمانبەرێك بە پلەی) لە بڕگەی چوارەمی دا .**

**هەروەها داڕشتنەوەی سەرەتایی بڕگەی (شەشەم) بەم شێوەی خوارەوە :**

**دەزگاکە بەرێوەبەرایەتیەکی گشتی دەبێ بۆ کاروباری (مین) لە هەر پارێزگایەك لە پارێزگاکانی هەرێم و هەریەکەیان بەرێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات و هەریەك لەو بەرێوەبەرایەتیە گشتیانە لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێکدێ:**

**پێکهاتەکانی وەکو خۆیان دەمێننەوە لەگەڵ لابردنی برگەی (حەوتەم) چونکە لە پێکهاتەکانی ناو بڕگەی (شەشەم)ی ماددەی پڕۆژەکەدا هاتووە.**

**8- بەڵام ئەوەی پەیوەندی بەماددەی شەشەمەوە هەیە، لیژنە ئەمەی خوارەوە پێشنیاز دەکات.**

**أ- ڕستەی (سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەکات لە کاتی ئامادەنەبوونی سەرۆك) بخرێتە دوای بڕگەی (2)ی پڕۆژەکە.**

**ب- هەردوو بڕگەی (4، 5) لابرێن.**

**ج- بڕگەی (4) بەم شێوەیە بێت {هەر شارەزایەك یا ڕاوێژکارێك کە سەرۆکی ئەنجومەن لە ناو دەزگا یا لەدەرەوەی دەستنیشانی دەکات} .**

**د- ڕاستکردنەوەی زنجیرەکان بە پێی ئەم گۆڕانکارییە.**

**9- ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی حەوتەم لە پڕۆژەکەدا هەیە، لیژنە پێشنیاز دەکات ڕستەی {بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران} بخرێتە دوای دوو بڕگەکەی (4،3)ی دوو بڕگەکەی (6،5)ی لابدرێت و لەناو تایبەتمەندیەکانی ئەنجومەنی کارگێری بنوسرێن و بڕگەی (10)ی لابدرێ و هەروەها ڕستەی {یان بەڕێوەبەرەجێبەجێکارەکان} یش لە بڕگەی (12)ی لابدرێ و بەو پێیەش زنجیرەکانیان ڕاست بکرێنەوە.**

**10- بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی هەشتەم لە پڕۆژەکەدا هەیە، لیژنە وا پێشنیاز دەکات بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:-**

**1) نەخشەکێشانی سیاسەت وستراتیجیەتی دەزگا لە مەیدانی کاروباری مین بە پیَی حوکمەکانی ئەم یاسایە.**

**2) ئامادەکردنی بودجەی گشتی دەزگاوبەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ پەسندکردنی.**

**3) ئامادەکردنی پلانی ساڵانە وپێنج ساڵی وبۆ ماوەی دوورودرێژ بۆ دەزگاکە.**

**4)ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ساڵانە وبەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران کە هەموو چالاکی وکارە کراوەکان وکێشە وپێشنیازەکانی دەزگای گرتبێتە خۆ.**

**5)بانگهێشت کردنی نوێنەری فەرمانگە ودەزگاکانی حکومەت کە گرنگی دەدەن بە کاروباری مین لە حکومەتی هەرێم {پەروەردە، تەندروستی، کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، ژینگە، گەشتوگوزار، ئاوەدانکردنەوە، نیشتەجیَ کردن، گواستنەوە، گەیاندن، کشتوکاڵ، ئاودێری، پیشەسازی، کارەباو سامانە سروشتیەکان} ، ئەمەش بۆ دەستنیشان کردنی پێشینەکانی کاری دەزگاکەیە لەکاتی زەروورەت و پێویستدا.**

**11- بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی نۆیەمی پڕۆژەکەوە هەیە، ئەوا لیژنە پێشنیاز دەکات ئەو ماوەیەی کە{لە بڕگەی (2)دا هاتووە بکرێتە (سیَمانگ) لە جیاتی (شەش مانگ).**

**12- ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی دەیەم لە پڕۆژەکەدا هەیە، لیژنە پێشنیاز دەکات لابرێت و هەڵوەشێتەوە.**

**13- بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی یازدەمینی پڕۆژەکەوە هەیە، ئەوا لیژنە ئەمانە پێشنیاز دەکات:-**

أ- لادانی بڕگەی (دووەمی)ی.

ب- داڕشتنەوەی بڕگەی (سێیەم) بەم جۆرەی خوارەوە:-

{بەخشین ویارمەتی وپیتاکی خۆجێتیوبیانی، ئەمەش بەڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران دەبێ}.

14- ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی دوازدەمی پرۆژەکەوە هەیە، هیچ تێبینیەکی لەسەر نیە.

15- ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی سێزدەمی پرۆژەکەوە هەیە، هیچ تێبینیەکی لەسەرنیە.

16- ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی چوارەمی پرۆژەکەوە هەیە، هیچ تێبینیەکی لەسەر نیە.

17- ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی پازدەمی پرۆژەکەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەکات لابرێ، چونکە لە ناو ماددەی چواردەمی پرۆژەکەدا هاتووە.

18- ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی شازدەمەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەکات لابرێ، چونکە لەگەڵ حوکمەکانی دەستورویاسا کار پێکراوەکان لە هەرێمدا ناکۆکە.

19- ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی حەڤدەمی پرۆژەکەوە هەیە، هیچ تێبینیەکی لەسەر نیە.

20- ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی هەژدەمی پرۆژەکەوە هەیە، لیژنە پێشنیازی ئەمانەی خوارەوە دەکات:-

أ- ڕستەی (فەرمانبەرانوگرێبەستەکان)لە بڕگەی (یەکەم) یدا بگۆردرێ بە وشەی (کارمەندان).

ب- وشەی(فەرمانبەران) لە بڕگەی (دووەم) یدا بگۆردرێ بە وشەی (کارمەندەکانی).

21- بەلاّم ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی (نۆزدەمی) پرۆژەکەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەکات لە دوای( لە بواری کاروباری مین) کە بەر لە ڕستەی دوایی ماددەکە هاتووە (لە هەرێمدا) بخرێتە سەر.

22- ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی بیستەمەوە هەیە لە پرۆژەکەدا، لیژنە پێشنیاز دەکات هەڵوەشێتەوەو ئەم دەقەی خوارەوەی لە شوێن دابنرێ:-

یەکەم: سەرۆکی دەزگا بۆی هەیە، هەر بەڕێوەبەرایەتێك، یان بەشێك، یان هۆبەیەك لە چوارچێوەی پێکهاتەکانی دەزگاکە بە پێی پێویستی کار دابمەزرێنێ، یان لێکیان بدات، یاخود هەڵیان وەشێنێتەوە.

دووەم: دەرچواندنی ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

23- ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی بیستویەکەمەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

{کار بەهیچ دەقی یاسایەك یا بڕیارێکی کە ناکۆك بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکرێت.

24- ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی بیستودووەمەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێت:-

{پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن}.

25- ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی بیستوسێیەمەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێت:-

{ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت ولە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان)دا بلاْودەکرێتەوە.

26- هەروەك لەسەرەتای ڕاپۆرتەکەدا دەرمان خست، کاتێك کە پێشنیازەکانمان پەسندکران، بەپێی ئەو دەسکاری وهەڵوەشاندنەوەی کە پێشنیاز کراون زنجیرەی ماددەکان ڕاست بکرێنەوە.

27- ئەوەی پەیوەندی بە هۆیەکانی دانانی پڕۆژەی یاساکەوە هەیە، لیژنەی یاسایی بە هەموو وردەکارییەکیەوە پشتگیری دەکات، چونکە مەبەستی دانانی پڕۆژەی یاساکەی دەربڕیوە.

تکایە ئاگاداریی بفەرموون ودەقی پڕۆژەکە و ڕای لیژنەی یاسایی بخەنە بەردەم ئەنجومەن بۆ وتووێژ لەسەرکردنی ودەربڕینی ڕای گونجاو لە بارەیەوە.لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا با بچینە سەر ئەصڵی پرۆژەکە، ماددە ماددە دواتر ڕەئی لیژنەتان، بە هەردوو زمان، موناقەشەی ئەکەین.

**بەڕێز قادر سعید خضر( زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەقی پرۆژەکە بە کوردی ئەخوێنمەوە.

**یاسای ژمارە ( )ی ساڵی**

**یاسای دەزگای گشتی کاروباری مین لە هەرێمی کوردستانی عێراق**

**بەشی یەکەم**

**پێناسەکان**

ماددەی یەکەم:

ئەو دەستەواژانەی لە خوارەوە هاتوون ئەو واتایانەی بەرامبەریان دەگەیەنن:

1- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

2- ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

3- دەزگا: دەزگای گشتی کاروباری مین لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

4- سەرۆکی دەزگا: سەرۆکی دەزگای گشتی کاروباری مین لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

5- ئەنجومەن: ئەنجومەنی بەرێوەبردنی دەزگا.

6- سەرۆکی ئەنجومەن: سەرۆکی ئەنجومەنی بەرێوەبردنی دەزگا.

7- مین: کەرستەی تەقاندنەوە بە شێوەیەکی ئاسایی لە فوتو پێك دێت ئامانجی کوشتنی کەسان وبریندارکردنیان وتێکدانی ئوتومبێل وموڵك وماڵی دیکە، ودەتەقێندرێتەوە بە هۆی ئەو کەسە وئەو ئوتومبێلەی کراوە بە ئامانج، یان بە هۆی بەسەر چوونی کات.

8- كاروباری مین: ئەو كردەوانەی لە پێناو كەمكردنەوەی كاریگەری ئابووری ودەوروبەرو كۆمەلأیەتی مین و ئەو مینانەی نەتەقیوون ئەنجام دەدرێ، وئەو چالأكیانەی پەیوەستن بە نەهێشتنی مین دەگرێتەوە، وەكو هۆشیار كردنەوە لە مەترسیەكانی ویارمەتیدانی قوربانیانی مین وتێكو پێكدانی یەدەگی عەمبار كراو لە مینی نەتەقیو وبانگێشە كردن بۆ بەكارنەهێنانی مینی دژە تاك.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستاش كاك خەلیل ماددەی یەكەمی پرۆژەكە بە عەرەبی دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الاولى: يقصد بالتعابير الآتية المعاني المبينة ازائها لاغراض هذا القانون:ـ

1- الاقليم: اقليم كوردستان - العراق.

2 ـ مجلس الوزراء: مجلس وزراء اقليم كوردستان ـ العراق.

3 ـ المؤسسة: المؤسسة العامة لشؤون الالغام في اقليم كوردستان ـ العراق.

4ـ رئيس المؤسسة: رئيس المؤسسة العامة لشؤون الالغام في اقليم كوردستان ـ العراق.

5ـ المجلس: مجلس ادارة المؤسسة.

6ـ رئيس المجلس: رئيس مجلس ادارة المؤسسة.

7ـ الالغام: مواد متفجرة تكون عادة في علب وتهدف الى قتل الاشخاص او اصابتهم او تدمير المركبات والممتلكات الاخرى ويتم تفجيرها بواسطة الشخص المستهدف او العجلة المستهدفة او بمرور الوقت.

8ـ شؤون الالغام: الفعاليات التي تهدف الى تقليل التأثير الاقتصادي والبيئي والاجتماعي للالغام والعينات غير المنفلقة والتي تشمل الانشطة المتعلقة بازالة الالغام والتوعية بمخاطرها ومساعدة الضحايا الناجمة اصابتهم عن الالغام وتدمير المخزون الاحتياطي للذخائر غير المنفجرة والدعوة الىحضر استخدام الالغام المضادة للافراد.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی، تەنها ئەوەی كە تێبینیمان هەبێت، تعابیرمان كردووە بە مصطلحات، يقصد بالتعابير الآتية كردوومانە بە يقصد بالمصطلحات الآتية، جگە لەوەش زنجیرەكانیشمان كردووە بە اولاً، ثانياً، ثالثاً، رابعاً وەكو ئەوانی تر، وە بڕگەی هەشتەم لەكۆتایی الىحضر استخدام الالغام المضادة للافراد. وشەی دەولیمان بۆ زیاد كردووە، بۆ ئەوەی دولياً منع بكرێت نەك تەنها لە هەرێم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی ئەڵغام مەنعی دەولی كراوە، لەبەر ئەوە تۆ داوا بكەی مەنع بكرێت، یەعنی خۆی لە موعاهداتدا هەیە، دەولیەن مەمنوعە، قانون دەولیەن قەراری هەیە،لەبەر ئەوەی تۆ داوا بكەی بۆ شتێك كە هەیە، كەواتە پێم وایە لیژنەی یاسایی ئەو موفتەرەحەی خۆی سەحب بكات باشترە، كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە بگوترێت والمساهمە فی حضر استخدام الالغام المضادة للافراد دولیاً.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

داوای عەفو ئەكەین ئێمە هێشتا نەهاتووینەتە سەر رەئیەكان، تەنها ئەو كەلیمەیەیە كەموفتەرەحە، لیژنەی قانونی سەحبی بكات، دوایی ئەگەر مولاحەزەیەكتان هەبێت لەسەر شتەكە، ئەو كات دەرگا دەكەینەوە بۆ قسەكانتان، كاك سەعد فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆكاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە بەپێی ئیتفاقیەی ئۆتاوە كەتاكو ئێستا 150وڵات ئیمزایان لەسەر كردووە، بەڵام مەجموعەیەك وڵات هەن لەدەرەوەی ئەو ئیتفاقیەن، وەكو ووڵاتی ئینیشن بابڵێین، وەكو وڵاتی روسیا، ئەمریكا، صین، مەبەست لەبەكارهێنانی ئەو وشەیە دەولیەن، بۆ ئەوەیە كە تاكو ئێستا مجموعەیەك وڵاتی گەورە لەدەرەوەی ئەو ئیتفاقیەن، تا ئێستا 40 دەوڵەت لەدەرەوەی ئەو ئیتفاقیەن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئەو كەلیمەیە، سحب بكەن لیژنەی قانونی، دوایی بەدائیل هەیە وەكو كاك سەردار ئیشارەتی پێدا، دەكرێ لەجیاتی ئەو دەعوەیە بەدائیلەكان بنووسین.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر بە پەسەندی ئەزانن، برادەران، ئێمە مانعمان نیە سەحبی بكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە، پێم وایە لەهەموویاندا، التعابیر بكرێتە، مصطلحات، ئەوی تر وەكو قانونی وەزارەتەكانی تر، یەك ودوو، سێیەكە كراوەتە، اولاً ئەو هینەی كە سحب كرا، لەجیاتی ئەوە موفتەرەحێك بابزانین، یان شەتبی بكەین یانیش بڵێین، والتعاون والمساهمة مع جمیع الاطراف لمنع استخدام الالغام المضادة. من ئەو رستەیەم پێ باشترە، كێ قسەی هەیە لەسەر ئەو رستەیە، تكایە، ئەوەی بەدیلی هەیەو شارەزایە، ناوی ئەنووسم، دكتۆر فواد فەرموو.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کەوا ئەوانەی تووشی کارەساتی تەقینەوەی مین ئەبن، تووشی گەلێ کارەسات ئەبن، لێرەدا دیاری نەکردووە، ئەم دەزگایە چی نەوعە یارمەتیەکیان ئەدات، ئەڵێت، یارمەتی دانی قوربانیان، هەندێکیان پەك کەوتە ئەبن بەجارێك، ئەبێ دیاری بکرێت چ نەوعە قەرەبوویەکیان ئەکاتەوە یارمەتی پزیشکیان پێشکەش ئەکات یان شتێکی تر، تێبینیەکەی تریش پابەندیەکە، من بەباشی ئەزانم بڵێین بانگەشەکردن بۆ پابەند بوون، بە پەیمانە نێودەوڵەتیەکان، بۆ بەکار نەهێنانی مین، وای لێ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر ئەمە ماددەی یەکەم تەعریفاتە، ئەوەی جەنابت ئەفەرموویت ئەهدافە لەماددەی تردا هاتووە، کاك غفور.

**بەڕێز عفور طاهر سعيد مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، یەك ناوی دەزگاکە، دەزگای گشتی کاروباری مین، کاروباری مین زۆر فراوان ئەبێت، وشەی کاروبار ئەوە ئەگرێتەوە، راستە لەماددەکەدا باس دەکاتن، ئامانج نەهێشتنی مینە لەکوردستان، بەڵام کە دەڵێن، دەزگای گشتی کاروباری مین، ئەو ناوە لەگەڵ ناوەرۆکەکە ناگونجێت، چونکە کاروباری مین، دروست کردن دەگرێتەوە، جگە لەوەش دانانەوەو چاندنی دەگرێتەوە، هەڵوەشاندنەوەش دەگرێتەوە، بۆیە ئەگەر بکرێت بکرێتە، دەزگای گشتی نەهێشتنی مین لە هەرێمی کوردستان، ئەوە خاڵێك، پێشنیاری دووەم ئەوەیە، ئەگەر بکرێت بەڕێزتان و بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەن رازی بن، من وای دەبینمەوە بەڕاستی ئەو یاسایە، شتێکی زیادەیە، ئەو دەزگایە شتێکی زیادەیە کەلەکوردستان دادەمەزرێت، لەبەر ئەوەی نەهێشتنی مین شتێکی کاتیە، شتێکی هێندە درێژ نیە، ئەنجومەنی وەزیران دەکرێ لەگەڵ کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی یان چەند کۆمپانیایەك رێك بکەوێت، گرێ ببستێك ببەستێتن، لەماوەی ساڵێکدا وایان لێ بکات هەرێمی کوردستان لەپاش ماوەکانی مین پاك بکرێنەوە، بەو شێوەیە دەکرێ کار بۆ ئەم مەبەستە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غفور بەنیسبەت مولاحەزەی یەکەمت، وجهەی نەزەری تێدایە ناوەکە، بەنیسبەت مولاحەزەی دووەمت، من تێبینیم هەیە لەجیاتی وەزیرو دوو مستەشاری مینیش قسە دەکەم، ناوی ئەوانی ترتان ناهێنم لەبەر ئەوەی لەقانوندا ناوتان نەهاتووە، تا دەزگاکە دادەمەزرێت هەر وەکو موستەشار دەبێتن، ئەویش ئەوەیە مین بەساڵێك و دووساڵ لەکوردستاندا موعالەجە ناکرێت، رەنگە بە $10 - 15$ ساڵ موعالەجە نەکرێت، ئێستاش لە ئەڵمانیا لە فرنسا، لەو وڵاتانەی کە جەنگی جیهانی دووەمیان بینیوە، ئێستاش بەین نابەبین دەیدۆزنەوە، بۆیە ئێمە ئەوە $10 - 12$ ساڵە ئەو دەزگایە هەیە، یازدە ساڵ زیاترە، تاکو ئێستا ناتوانین بڵێین، لە $20\%$ ی ئەو مەساحەیە پاك کراوەتەوە، لە $80\%$ی کە ئیحتیمالی مینی هەیە، وەکو ئەو رۆژەش موناقەشەم لەگەڵ

هەردوو پسپۆڕی مین کرد، مەسەلەکەی بەوەی نیە، کەئێستاکە دەڵێن، چەند مین هەیە، بە ملیۆن مین دانراوە، بۆ ئەوەی زۆر لامان روون بێتەوە، چەند ئەرز پاك دەکرێتەوە لەمین، مەسەلەن ئەوە دە دۆنمە، فەلاحەتی تێداناکرێت، سیاحەتی تێدا ناکرێت لەبەر ئەوەی مینی تێدایە، رەنگە پێنج مینی تێدا بێتن، تۆ بەدوای 5 مینەکەدا ناگەڕێیت، دەبێ ئەو 10 دۆنمە هەمووی کەشف بکەی، مەنتقە بەمەنتقە بست بەبست بگەڕێیت پاکی بکەیتەوە، لەبەر ئەوە کارێکی زۆرەو هەر وەختێکیش ئەوان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە مین نەماوە لەکوردستان، ئەو کاتە ئەو دەزگایە حەل دەبێت، بەپرۆژەیەکی تر دەزگاکە حەل دەبێت، کاك دیلمان.

**بەڕێز محمد احمد صالح( دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەماددەی هەشتەم کە دەڵێت، استخدام الالغام المضادة للافراد. تەنها هی ئەفراد نیە، کوردستان پڕە لەو ئەڵغامانە، چونکە دژی ئالیاتە، ئێستاش فەترە فەترە دەیبینن لە مەنتقەی زاخۆو لەجێگەکانی دیکە، ئەمە ئیزافە بێتن، دووەم ئەمە هەر لەسەر سێیەم موئەسەسەکە، کە بۆ کاروباری مین بێتن، کەدەڵێین، کاروبار باشتر وایە بڵێین پاککردنەوە، چونکە هەدەف یاساکە وەکو لە مەتنی یاساکەدا هاتیە، دەڵێت پاککردنەوەی کوردستان لەمین، کاروبارەکە ئەبێتە ئینتاجی مین یان تەوزیعی مین، زەرعی مینیش ئەگرێتەوە، ئەو دەزگایە خاصە بەنەهێلانی مین لەکوردستان، دووەم من لەگەڵ ئەوەمە ناوی دەزگاکە نەبێتن، مودیریە عامە بێتن سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێتن، چونکە تەجاوزی ئەو هێندە دەرەجاتی وەزیفی دەکەین، دوو بوجەی هەرێم خۆی پێویستی بە دەست پێوەگرتنە بۆ بوارەکانی دیکەی کە خزمەتی خەڵك زیاتر بکاتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم هەیە لەسەر ماددەی یەك، یەکەم لەفەقەرەی حەفت، ئەمە باس لەسەر وەصف و تەرتیب و شێوەی تەقاندنی ئەڵغام دەکاتن، بەڕەئی من ئەوە لێرە زیادە حەزف بکرێتن، ئەمە لەکوراساتی ئەڵغام تەبع دەکرێتن ولەوێ دەنووسرێت، یان لە موحازەراتی دەورات باس دەکرێتن، لێرە ئەمە زیادە، لە فەقەرەی هەشت، هەروەکو کاك دیلمان باسی کرد، کە دەڵێتن ئێمە داوا دەکەین، بۆ مینی دژی ئەفراد، خۆی موهیم ترە باسی ئالیاتیشی لەگەڵدا بێتن، چونکە ئەفراد شەخصێك دەکوژێتن یان دوو کەس، بەڵام ئەگەر لەبن سەیارەیەك بتەقێتن، مومکینە 20 کەسی بکوژێتن و بریندار بکات، لەبەر ئەوە زۆر زەرووریە، ئالیاتی لەگەڵدا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێوە دوو مولاحەزەتان دا، بەڵام ئەگەر لەحەوتەم بخوێننەوە دەڵێتن، مین: کەرستەی تەقاندنەوە بە شێوەیەکی ئاسایی لە قوتو پێك دێت ئامانجی کوشتنی کەسان وبریندارکردنیان وتێکدانی ئوتومبێل وموڵك ومالی دیکە، یەعنی تێیدایە، دوایی ئەوە تەفسیر دەکاتن.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆ سەد شێوەی تریش هەیە، هەر تەقاندنەوە نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو کەسی تر ماوە کاك ئاریز.

**بەڕێز ئاریز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەك کاك غفور باسی کرد، پێویستە ناو رەنگدانەوەی ناوەڕۆك بێت، لەڕاستی وایە کاتێك ئەڵێیت کاروباری مین، مین دروستکردن، مین چاندن، پەرەپێدانی مین، یەعنی ئەوانە هەمووی ئەگرێتەوە، لەبەر ئەوە بەکورتیەکەی منیش پێم وایە، ناوی ئەو دەزگایە ناوێك بێت بگونجێت لەگەڵ دەزگاکە، ناوەکەش لەبەر ئەوەی لێرە باس دەکات، تەنها هەڵگرتنەوەی مین نیە، پاککردنەوەی زەوییە، قەدەغەکردنیەتی، هەروەها هۆشیارکردنەوەیەتی، هاوکاری کردنی ئەوانەشە کەبەر مین دەکەون، لەبەر ئەوە من پێم باشە بکرێتە دەزگای گشتی نەهێشتنی مەترسیەکانی مین، چ لەڕێگای هۆشیار کردنەوە، چ بەهەڵگرتنەوە، چ بە قەدەغەکردنی بەهەموو شێوەیەك، پێشنیار دەکەم ئەو ناوە بگۆڕێت، بکرێتە، دەزگای گشتی نەهێشتنی مەترسیەکانی مین ئەوە یەك، دوو لەنووسینی ناوەکان کوردستانی عێراق یان بە عەرەبی نووسرایە کوردستان العراق، لیژنەی یاسایی ئەوەیان راست کردۆتەوە، داوایان لێدەکەم، لە کۆتایی راست بکرێتەوە، وەکو ناوی خۆی، وەکو ناوی پەرلەمان هەیە، وەکو چۆن یاساکە هەیە وا راست بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك مەلا سعد الدین.

**بەڕێز ملا سعد الدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر قسەکەی کاك غفور کە ئەو دەزگایە نەبێت، ئەو دەزگایە زۆر پێویستە، چونکە ئیحتمالی هەیە، ئێستاش ئەو دەوڵەتەی جیوار هەبێتن، لە ترسی هجرەی غیر شرعی مین دابنێت لەسەر ئەو حدوودانە، یەعنی هەبوونی بەشێوەیەکی پێویستە، لەسەر فەقەرەی حەفتەم هەر لەماددەی یەکەم، نووسرایە بەشێوەیەکی ئاسایی لە قوتو پێك دێتن، مین لەقوتو پێك نایەت، لەناو قوتو دادەنرێتن، وەکو

لەعەرەبیەکەشیدا تێیدایە فی علب، فی یەعنی شتێکی زەرفیە، نەك لەقوتو پێك دێت یەعنی تەکوین لەقوقو نیە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس ماوە، کاك دکتۆر کەمال کەرکووکی.

**بەڕێز د. محمد قادر عبدالله(د. کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەس بەنیسبەت خاڵی حەوت، تەعریفەکە لەشوێن خۆی نیە، چونکە مواد متفجرة تکون عادة في علب ئەوە زۆر مەحدوودە، ئەڵغام ئەشکالی تایبەتی هەیە، زۆر شکلی هەیە، شەرت نیە دایم ئیلا لەقوقودا بێت، بۆیە بەڕەئی من مواد متفجرة تکون بشکل خاص بهدف قتل الاشخاص، یەعنی ئەو تەحدیدەی پێ نەدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك جمال.

**بەڕێز جمال شمعون ایلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەبڕگە حەوت تەعریفی ئەڵغام، بەڕاستی تەعریفێکی بیدائی وساکارە، هیچ سیمای عەسکەری تێدا نیە، کە دەڵێت مواد متفجرة تکون عادة، مواد متفجرة مەعنای ئێکس پایەر بووە، خلاص تەفجیر کرایە وهیچ فایدەی نەمایە، دوایی دەڵێت، تهدف الی قتل الاشخاص، ناکات تەنها ئیسابەیە، بۆیە من تەعریفێکم هەیە، بەو شێوەیە، اعتداء مهیئة للتفجیر تزرع مخفیة تستهدف الافراد والمرکبات لاعاقة مرورها عن طریق إصابتها وشل حرکتها، ئەو تەعریفە علمی ترە، لەوەی کەهەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ناکرێت کەناوم نووسی دوایی ناکرێت کەسێکی تر قسەی بکات، لەبیدایەتەوە بۆ قسەناکەن، مامۆستا سعد.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆکاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا بەنیسبەت تەرجومەی پرۆژەکە تەبیعی کوردیەکە تەرجومەکەی خراپ هاتووە، بۆ ڕاست کردنەوە، لەماددەی یەکەم خاڵی حەوتەم دەڵێت، مین: کەرەستەی تەقەمەنیە نەك ئەوەی لێرە دەڵێت کەرەستەی تەقاندنەوەیە، بەشێوەیەکی ئاسایی لەقوتو خراوە، ئەبێ ئەو تەعریفە ئەوەی کاك دکتۆریش باسی کرد، ئەوە تەبیعی تەعریفێکی نێودەوڵەتیە، یەعنی ئەوە شتێکە ئەو تەعریفە خۆیان نەیانکردووە، یەعنی شتێکی ستانداری عالەمیە، سەبارەت بەخاڵی هەشت، کاروباری مین، دیسان تەبیعی تەرجومەکەی خراپ کرایە، تەرجوومەکەی وا هاتووە، ئەڵێت کاروباری مین: ئەو چالاکیانەن ئامانجیان کەمکردنەوەی کاریگەری مین و

پارچە تەقەمەنی نەتەقیووە لەسەر ئابووری وژینگەو کاری کۆمەڵایەتی مینانەی کە چالاکیەکانی پەیوەستن بە مین لابردن و هۆشیارکردنەوە لە مەترسیەکانی مین و تێکشکاندنی عەمبارکراوی یەدەگ لە نەتەقەمەنی نەتەقیوو وبانگێشە کردن بۆ قەدەغەکردنی بەکارهێنی مینی دژە کەسی. تەبیعی ئەوە منیش رەبتی ئەکەم بەو پێشنیارەی کاك غفور، ئەوەی کە بۆ ناوی دەزگاکە کاروباری مین، تەبیعی پێنج خاڵ دەگرێتەوە، ئەوەی کەلە خاڵی هەشتەم هاتیە، پاککردنەوەی کێڵگەی مینە، هۆشیارکردنەوەی خەڵکە لە مین، یارمەتی دانی قوربانیانی مینە، لەناو بردنی مەخزونی ئەحتیاتیە، پێنجەمیش قەدەغەکردنی بەکارهێنانی مینی دژە کەسی دەگرێتەوە، یەعنی ئەوەی ئیشارەتمان پێدا، مەهامی ئەو دەزگایە دەبێت کە بەشێکە لەو ئیتفاقیەی کە پێم وایە لەمانگی 11 حکومەتی عێراق کردوویەتی دەستەی سەرۆکایەتی بابلێین سەرۆك کۆمار و هەردوو جێگرەکەی ئیتفاقیەی ئۆتاوەیان تەوقیع کردووە، کە ئێرەش بەشێکە لە جێبەجێ کردنی ئەو ئیتفاقیەو مەهامی ئەو ئیتفاقیەش بزەبت ئەو پێنج خاڵەیە، کەلەخاڵی هەشتەمی پرۆژەکەشدا هاتووە، کەبابلێین کاروباری مینە، کاروباری مینیش ئەو تەعریفەی کەکراوە لەپرۆژەکە وەرگێڕدراوی پێناسەیەکی نێودەوڵەتیە، بۆ کاروباری مین، شتێك نیە دەزگای مین خۆیان هاتبێتن ئەو تەعریفەیان دانابێ، یەعنی ئەو تەعریفە شتێکی ستانداری نێودەوڵەتیە، وەکو باسمان کرد لەوپێنج خاڵە پێك دێت، بەڵێ بەعەرەبی کە شؤونی ئەلغامە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەیاسای عێراقدا کەئیمزا کراوە، ناوی بەچی هاتووە، شؤون الالغام، بەڵێ کاك سعد.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆکاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەپێشنیاری یەکێك لەو برادەرانەی کە پێشنیاری کرد، تەبیعی ئەو دەزگایە زەرورەتی نیە بکرێتن بە مودیریەتی عام، دیارە خۆیان برادەران لەپرۆژەکەش باسیان لەوە کردیە، کەئەوان بەڕاستی ئەسباب موجیبەیان هەیە، بۆ ئەوەی دەزگا بێت، رێکخراوێکی نا حکومی ئەمریکی پێش پرۆسەی ئازادی عێراق، مەسحێکی کردیە لەهەموو عێراق، لە پانزە پارێزگای عێراق 30 تەئسیری کۆمەڵگای مین هەیە لەسەر ئەو پانزە پارێزگایە تەنها لە سێ پارێزگای کوردستان کە لە خەتی تەماسن، ئەوانە 1100 کۆمەڵگای هەیە کە تەئسیری مینی لەسەرە لەکوردستان، بۆیە ئەوە یەکێك لەشتەکانە، جەنابیشتان هەر ئیشارەتتان پێدا، کە تائێستا حدوودی یەك لەسەر حەوت یان یەك لەسەر شەش مین پاککراوەتەوە، لە کوردستان کە چەندین ساڵی تری دەوێت، جگە لەوەش ئەو دەزگایە تائێستا، 5 مودیریەتی عامی هەیە، هەر بۆ مەعلوماتی برادەران، یەعنی دەزگاکە تا ئێستا هەر خۆی 5 مودیریەتی عامی هەیە، بەسەدان موەزەف هەیە، جگە لەوەش مەهامی ئەو دەزگایە ئێستا فەرقی کردیە، یەعنی جاران لەنەوەدەکان، کار دەکرا بۆ رزگارکردنی ژیانی هاووڵاتی لە مین، بەڵام لە 2003 بەسەرەوە ئەو دەزگایە، دەورێکی ئەساسی هەیە لە بینای تەحتی لەکوردستان، بە نموونە مەسەلەن لەشوێنێك شەریکەیەکی نەوت ئەچێت ئیشی تێدا

دەكات، پێش ئەو ئەبێ ئەو دەزگایە بچێت، شوێنەكە پاك بكاتەوە، لەتاوەرەكانی مۆبایل لەكۆمەڵێك مەسائیلی تر كە عیلاقەی بە پرۆژە ئیستسماریەوە هەیە، لە كوردستان ئەبێ ئەوە شان بەشانی دەزگاكانی تر دەوری تێدا هەبێت بۆ پاككردنەوە، بۆیە ئەو دەزگایە بەقەناعەتی حكومەت لەو قۆناغە بەڕاستی ئەهەمیەتی یەكجار گرنگی هەیە وەكو باسمان كرد، نەك هەر لە رزگار كردنی ژیانی هاووڵاتی بەڵكو لەبوژاندنەوەی بینائی تەحتیش لەكوردستان، ئەوەی كەئیشارەتیشمان پێدا، لە مانگی 11 ی 2006 دەستەی سەرۆكایەتی عێراق ئەو ئیتفاقیەی ئیمزا كردووە، دیارە لەماوەی 10 ساڵ یەعنی سەقفێكی زەمەنی هەیە، لە ماوەی 10 ساڵ دەبێ عێراق هەوڵ بدات، بەپێی ئەو ئیتفاقیە، كوردستان خاڵی بكرێتەوە لەمین، بۆیە ئەو دەزگایە پێویستە لەمەودوا میزانیەی هەبێت، دەزگاكە موتەكامل بێت، هەیكەلی هەبێت ستاف هەبێت، بۆیە ئەو شتانەی كەباسمان كرد، ئەوانە هەمووی موبەڕیراتی ئەوەن كە ئەو دەزگایە وەكو دەزگا بمێنێتەوەو ئیشی خۆی بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ناوەكە وەكو هەندێك برادەر ئیشارەی بۆ كرد، بگۆڕدرێت، رەنگە باشتر بێت، بەڵام مادام لەقانونی عێراقدا وا هاتووە، نەصێكی قانونیش هەیە، عیبرەت لە عینوانی قانونەكە نیە، عیبرەت لەناوەرۆكەكەیەتی، یەعنی ناوەرۆكەكەی تەعبیر لە ناوەكەی دەكات، نەك ناوەكە تەعبیر بكاتن، بۆیە ناوی قانونی لێ دەنێیت، قانونی ارهاب، ئەگەر ناوەرۆكی نەبێتن، ناوەكەی عینوانەكەی هیچ مانایەكی نیە، لەبەر رۆشنایی ناوەرۆكەكەوە تۆ هەم تەتبیق دەكەی هەم تەفسیر دەكەی، بەعەرەبیەكەی باش هاتووە، بەكوردیەكەی برِێك لەنگە بەحەقیقەت، لەبەر ئەوەی عەرەبیەكە ئەساس دەبێت، دەبێ كوردیەكە باش بكرێتن، شؤون الالغام لەبەر رۆشنایی ماددەكە كەشەرحی كردووە، هیچ صیناعەتی ئەڵغامی تێدا نیە، كەواتە رەئی عێراقیش هەروایە، ناكرێتن شتێكی نەگونجاو بێتن، بەڵام ئەو مولاحەزەیەی كەدرا، چاك بكرێتەوە بەكوردییەكەی بەتایبەتی نەوترێت، كوردستانی عێراق، بكرێتە كوردستان – عێراق، وەكو لەیاساكانی تریشدا هەر وایە، ئەوانەش چاك بكرێتەوە، كەسیشتان ئەو مەسەلەیەتان باس نەكرد، كەپێشتر ئاماژەمان پێكرد، جومەلەی ئەخیری ماددەی هەشت، شؤون الالغام: والدعوة الى حضر استخدام الالغام المضادة للافراد. ئەوە ئەبێت جومەلەیەك هەبێتن، لەجیاتی دەعوەكە وەكو وابزانم كاك سەردار بوو، ئیشارەتی پێكرد، التعاون والمساهمة في حضر استخدام الالغام المضادة للافراد. التعاون والمساهمة هەمووی ئەگرێتەوە، ئەوەی كەوترا مەوادەكە راسترە، كە زۆر شتی تر ئەگرێتەوە، بۆیە من پێم وایە، مولاحەزەكانتان ئەوانەی كە بەجێنە، هەم بۆ پرۆژەكە وەزیر موافقە هەم لیژنەی قانونیش موافقە، ئەگەر عەرەبیەكە ببێتە ئەساس، كوردیەكە چاك بكرێتەوە، لەبەر رۆشنایی ئەوە، تەعابیرەكە ئەبێتە موستەڵەحات، ئەوەلەن سانیەن ئەنووسرێتن، كوردستانی عێراقەكە چاك ئەكرێت، خەت عێراق، ئەوەی ئەخیریش دەعوەتەكە، دوەلیەن خۆیان سەحبیان كرد، دەكرێتە التعاون والمساهمة ئەمە دەخەمە دەنگەوە كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، تكایە ماددەیەكی تر.

**بەڕێز قادر سعيد خضر( زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەشی دووەم**

**دامەزراندن وئامانجەکان**

**ماددەی دووەم:**

**بە پێی ئەم یاسایە دەزگایەك دادەمەزرێ بە ناوی (دەزگای گشتی کاروباری مین لە هەرێمی کوردستان - عێراق) بارەگاکەی لە هەولێر دەبێ وفەرمانبەرێك بە پلەی وەزیر سەرۆکایەتی دەکات بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەلکێندرێ.**

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**الفصل الثاني**

**التأسيس والأهداف**

**المادة الثانية:**

**تؤسس بموجب هذا القانون مؤسسة تسمى(المؤسسة العامة لشؤون الالغام في اقليم كوردستان العراق) ويكون مقرها في اربيل ويرأسها موظف بدرجة وزير وترتبط بمجلس الوزراء.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەکی لەسەر ئەو ماددەیە نیە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**من پێم وایە ئەو ماددەیە پێشتر دوو دەزگا بووە، بەڵام کاك دیلمان پێی وابوو، کە مودیریەتێك بەسە، بەڵام من پێم وایە دەزگایەکە لەبەر ئەوەی فەرمانبەری زۆری هەیە، هەزارو قسور موەزەفی هەیە، کاریشی زۆر گەورەیە، لە پاش ئەم قانونە ئیشەکەی زیاتریش ئەبێت، دوو دەزگا تەوحید ئەبێتن، تۆ دوو دەزگا تەوحید ئەبێت تۆ دەیکەیتە یەك دەزگا ئەمە چۆن ئەبێت، بیکەیتە مودیریەتێك، ئەوە ئیمکان نیە، دەزگاش نەبێتن، موباشەرەتەن لەژێر ئیشرافی ئەنجومەنی وەزیران نابێت، ئەبێت تابعی وەزارەتێك بێتن، ئەمەش لەدەستەڵاتی کەم دەکاتەوە، لە ئیمکانیەتی کەم دەکاتەوە، لە چالاکیشی کەم دەکاتەوە، بۆیە پێم**

وایە دەزگاكە زۆر بەجێ هاتووە، لیژنەی قانونیش هەروایە، دەیخەمە دەنگەوە، راوەستن بزانم نوقتەی نیزامی هەیە كاك رەشاد عەفوو ببورن.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو دەزگایە دوو جانب دەگرێتەوە، ئیختصاصی و مالی، ئیختصاصیەكە زیاتر پەیوەندی بەعەسكەرییەوە هەیە، ئەگەر بێت وسەر بەوەزارەتی پێشمەرگە بێت، بودجەی ئەو دەزگایە لەزیمنی وەزارەتی بەرگری عێراقی دابین دەكرێت، لە ئامێری تەكنەلۆژی بێبەش نابێت، لەعقودی خارجیش لەگەڵ شەریكات دەكرێتن، وەزارەتی بەرگری دەیكات بێبەش نابێت، نوقتەكەم هەر ئەوەندەیەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵێ كوێستان خان نوقتەی نیزامت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نوقتەی نیزام نیە، بەس جەنابت نەتووت، كەس ئیعترازێك شتێكی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، من ئیعترازم لەسەر ئەوە هەیە، پلەی وەزیر، دەبێ دەرەجە خاصە بێت نەك پلەی وەزیر، ئێستا موستەڵەحێك هاتووەتە ناو خەڵك، بە هەرێم ئەوترێت وەزیرستان، ناكرێت ئێمە 42 وەزیریشمان هەبێت، كومەڵێ دەزگاشمان هەبێت بەپلەی وەزیر، یەعنی ماوەیەكی تر وای لێیەت نیوەی كورد یان وەزیرە، یان بەپلەی وەزیر موتەقاعید ئەكرێن، یەعنی ئەكرێت دەرەجە خاصە بێت، بەڵام پلەی وەزیر نەبێت، ئەوە مولاحەزەكەمەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پلەی وەزیریش دەرەجەی خاصەیە، بەڵام وەزیر نیە، ئەوەندەیە جوابی كاك رەشاد ئەدەمەوە، ناكرێت سەر بەوەزارەتی پێشمەرگە بێت، چونكە ئێمە لەماددەی یەكەمدا روونمان كردۆتەوە، كە ئەمە دەزگایەكە، دەبێ نیشان بدرێتن كە بۆ موحارەبەی مینە، بیدەیتە پێشمەرگە ئیمكانە وا تەفسیر بكرێتن، مینیش دروست دەكات، لەبەر ئەوە بەهیچ شێوەیەك نابێت سەر بە وەزارەتی دیفاع یان وەزارەتی پێشمەرگە بێت، دەبێ دەزگایەكی تایبەت بێت، دەزگایەكی ئینسانی بێتن، لەبەر ئەوەی بۆ خزمەتی ئینسانە، دەیخەمە دەنگەوە كێ لەگەڵ ئەو ماددەیەدایە، تكایە دەستی بڵند بكات، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، حەوت كەسی لەگەڵدا نیە بەزۆرینە وەرگیرا، ماددەی سێیەم، نوقتەی نیزامی هەیە كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی من مولاحەزەم كرد، ئەو ماددەیە دووجار جەنابت، خستە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نەم خستە دەنگەوە، لەبەر ئەوەی وتم نوقتەی نیزامیان هەیە، دەستیان بڵند کرد، یەکسەر ڕام گرت، وتم نەوەك ئیعتیرازێك هەبێت، دەست بڵند کرا بەس نەمووت تەواو.

**بەڕێز قادر سعيد خضر( زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم:

دەزگا کەسایەتیەکی مەعنەوی هەیە لە لایەنی دارایی وکارگێریەوە سەربەخۆیە.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: للمؤسسة شخصية معنوية واستقلال مالي واداري.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەکی لەسەر ئەو ماددەیە نیە، چونکە لەوانی تریش دەزگا دائیمەن، ئیستقلالی مالی و شەخصیەی مالی پێدەدرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جعفر و کاك جمال لەتەنیشت یەکەوەن ئیتفاقیان کردووە، هەریەکەیان شتێك بڵێن فەرموون.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتی خۆی یەك موشکیلەی زۆر گەورە هەبوو لەکەمپەکانی ئیم، ئەی، جی لە پێنجوێن و لە ئامێدیش، دامەزراندنی کارمەندەکانی بوو بەڕاستی، هەمووی تەزکییەی حزبی ئەویست، بۆیە من پێشنیار ئەکەم لەم ماددەدا ئەوەی بۆ زیاد بکرێت، دەزگا کەسایەتیەکی مەعنەوی هەیە، لەلایەن دارایی و کارگێڕی و دامەزراندنەوە سەربەخۆیە، ئەو کارمەندانەی لەوێ دادەمەزرێن با سەربەخۆ بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال شمعون ايليا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار ئەکەم ئەم ماددەیە بەو شێوەیە دابڕێژرێت، للمؤسسة شخصية معنوية مستقلة، لەجیاتی ئیستقلالی مادی و ئیداری تەحدید بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر موستەقل نیە بۆیە نووسراوە ئیستقلال مالی وە ئیداری، ئەوەلەن موستەڵەحێکی قانونیە، دووەمینش ئەوە لەبەر رۆشنایی بەرنامەیەکی کامل بەتەعاون لەگەڵ رێکخراوەکان، ناتوانین پێی بڵێین موستەقلە، بەرنامەی حکومەت میزانیەکەی کەبۆی دادەنرێت، ئەوە تەحدیدی ئیستقلالیەتی دەکات، بڵێیت موستەقلە ئەی پارەکەی لەکوێ دێنیت، بەرنامەی لەکوێ دێنیت، کێ بۆی دادەنێت، فەرموو کاك ئاخر و کاك سەردار.

**بەڕێز ئاخر شێخ جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو دەزگایەوە، ئەوەی مولاحەزە بکرێت، دەبینین زیاتر لە هەزار کارمەندیش وەختی خۆی لەمونەزەمات ئیشیان کردیە، مونەزەمەی ئەلغام، مونەزەمەی یۆنۆپس هەبوو، مونەزەمەی ئێم، ئەی، جی، هەبوو، مونەزەمەیەکی نەرویجی هەبوو، لەو مونەزەماتانە ئیشیان ئەکرد، ئێستا هاتوونەتەوە لەو دەزگایە ئیش ئەکەن، تەعین نەکراون، بە دەیان ساڵە ئیشیان کردووەو خزمەتیان کردووە، ئایا ئەو خزمەتە نقڵی ئەو دەزگایە ئەبێت، یان نابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەگەڵ ئەو ماددەیە عیلاقەی نیە قسەکانی جەنابت، دەکرێت لەدوایدا، کاك سەردار.

**بەڕێز سردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەوەی تێدەگەم، ئەوە دەزگایەو دەزگا دروست ئەکرێت، بەپێی ئەو قانونە ئەو دەزگایە هەیکەل و هەیئاتی خۆی دەبێت، بەڵام لەیەك خاڵ تێناگەم حەز ئەکەم جەنابی وەزیر روونی بکاتەوە، یەعنی ماددەی دووەم دەڵێت: وترتبط بمجلس الوزراء. لێرە جارێکی تر دەڵێت: و له استقلال مالي واداري. چۆن لەلایەك ئیرتیباتی پێدەکات، لەلایەکی تر ئیستقلالی دارایی هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەموو دەزگایەك ئیستقلالی مالی وئیداری هەیە، مورتەبیتیشە بە ئەنجومەنی وەزیران، ئەوەش دەزگایەکە ئیستقلالی مالی و ئیداری هەیە، مورتەبیتیشە بە ئەنجومەنی وەزیران، دەیخەمە دەنگەوە وەکو خۆی کە هاتووە، للمؤسسة شخصية معنوية واستقلال مالي واداري. کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە با دەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە، بەس سێ کەسی لەگەڵ نیە، ئەمرۆ قەرارت داوە موعارز بیت، ماددەیەکی تر تکایە.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی چوارەم:**

**ئامانجی دەزگا هێنانە دی ئەمانەی خوارەوەیە:**

1- كاركردن له پێناو پاكردنەوەو لابردنی هەموو ناوچەكانی هەرێم له مینی چێندراو وتەقەمەنیەكانی نەتەقیون له پاشماوەی شەڕەكانی ڕابووردوو.

2- كاركردن له پێناو وشیاركردنەوەو ڕۆشنبیركردنی هاوولاتیانی هەرێم له مەترسیەكانی مین، له ڕێگای هۆیە هەمەجۆرەكانی ڕاگەیاندن وبەستنی كۆڕو كۆبوونەوە لەگەڵ توێژە جیاجیاكانی كۆمەڵایەتیدا لەو ناوچانەی كە گومانی بوونی مینی لێ دەكرێ.

3- یارمەتیدانی پێویست بە قوربانیانی مین.

4- بانگێشەكردن بۆ قەدەغەكردنی بەكارهێنانی مینی دژ بە تاكەكان وبەشداریكردن له كۆنفرانس وكۆڕە نێودەوڵەتیەكانی تایبەت بە كاروباری مین.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: تهدف المؤسسة الى تحقيق مايلي:-

1- العمل على تطهير واخلاء كافة مناطق الاقليم من الالغام المزروعة والمتفجرات غير المنفلقة فيها من جراء الحروب السابقة.

2- - العمل على توعية وتثقيف المواطنين في الاقليم من اخطار الالغام عن طريق وسائل الاعلام المختلفة والمناهج الدراسية.

3- - إبداء المساعدة اللازمة لضحايا الالغام.

4- - التعاون والمساهمة في حضر استخدام الالغام المضادة للافراد والمشاركة في المؤتمرات والندوات الدولية المعنية بشؤون الالغام.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەماددەی چوارەم تەنها لەبڕگەی سێیەم شتێكمان زیاد كردووە، له كۆتاییەكەی إبداء المساعدة أللازمة لضحايا الالغام ورعايتهم بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة. تەنها ئەوەندەیە، بۆ ئەوەی لەهەموو لایەكەوە تەعاونیان هەبێت لەگەڵیان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو دكتۆرە هالە.

**بەڕێز د. هالە سهيل وادى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

له فەقەرەی سێیەم، (إبداء المساعدة اللازمة لضحايا الالغام. پێشنیار دەكەم بالتنسيق مع المؤسسات المختصة بصناعة الاطراف والعلاج الطبيعي وتأهيل). لەبەر ئەوەی سەنتەر هەیە، له هەرێمی كوردستان

هەڵدەستێت، بەدروست کردنی دەست ولاق بۆ ئەو کەسانەی کە دەست ولاقیان لەدەست دایە، بەتەقینەوەی مین، دوایش تأهیلیان بۆ دەکات، عیلاج تەبیعیان بۆ دەکات، پرۆژەی بچووکیان بۆ دەدۆزێتەوە، ئەو سەنتەرە سەر بەوەزارەتی تەندروستیە، پێم باشە ئەگەر پەیوەندیەکی راستەوخۆیان هەبێت، بەو دەزگایە لەبەر ئەوەی ئیتصالێکی مباشر هەیە، پێویستە تەنسیقیشیان هەبێت، سەرپەرشتی ئەو دەزگایە بکەن، لەبەر ئەوەی مساعدەی زەحایە لەو سەنتەرەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سێ مولاحەزەم هەیە، یەکەم پێم وایە خاڵێك زیاد بکرێت، ئەم دەزگایە سەرپەرشتی ئەو رێکخراوە ئەهلی وبیانیانە بکات، کەمین هەڵ ئەگرنەوە، هەر لەم ماددەیەدا تێیدایە کە ئەم دەزگایە مۆڵەت ئەدات بەو رێکخراوانە، بەڵام کێ سەرپەرشتیان ئەکات، چونکە ئێستا گومانێك لای خەڵك هەیە، هەندێك لەو رێکخراوانە 15 ساڵە ئیشێکی وایان نەکردووە، لەپاڵ ئیشەکەی خۆیان هەندێ کاری تر ئەکەن، مەفروزە لەلایەن ئەو دەزگایەوە سەرپەرشتی بکرێن، برگەیەکی تر ئیزافە بکرێت، ئەم دەزگایە هاوکاری دەزگاکانی هاوشێوەی خۆی بکات لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان، چونکە ئەم دەزگایەی لەهەرێم هەیە، تەجروبەی 15 ساڵی هەیە، ئەگەر داوای لێکرا مەسەلەن لە باشووری عێراق بتوانێت هاوکارییان بکات، بۆ هەڵگرتنەوەی مین، مولاحەزەیەکیشم هەیە ئەوەی ئەم زمانەی ئەمەی پێ نووسراوە، بەس کوردی نیەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل فەرمووو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر برگەی سێ هەیە، یارمەتیدانی پێویست بە قوربانیانی مین، یەعنی ئەبڕێتەوە هیچ تەقەمەنی تر ناگرێتەوە، زۆر کەس هەیە لاقی لەدەست داوە بەهۆی گولە تۆپ وگولە هاوەنەوە، باش وایە بوترێت مین و تەقەمەنی، ئەوە زیاد بکەین تەقەمەنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمن تێبینیەکم هەیە، لەسەر فەقەرەی چوار، کە دەڵێتن داوا دەکاتن، قەدەغەکردنی مین و مین دژی ئەفراد، تەبعەن ئەبێ ئالیاتیش زیاد بکرێت باشترە، تاکو ئێستا زیاد لە دە موئتەمەرو نەدەوات کرایە، ئێستاش نەتیجەی نەبووە، بەرەئی من باشتر وایە، داوا بکرێتن، موفەرقەعات قەدەغەبکرێتن، چونکە موفەرقەعات ئەساسی ئەو شتانە هەموویانە، نەك هەر ئەڵغام، گولە تۆپ، سەواریخ، هەرشتێکی بلێی ئەساسەکە لە موفەرقەعاتە، ئەگەر ئەوە داوابکرێتن رەنگە زۆر باش بێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فضيلة خان.

**بەڕێز فضيلة رمضان سعدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو خاڵ هەنە، خاڵی یەکەم إبداء المساعدات نەدیار کرنە، چکی مواتن چیە، ضحایا سێ شتن، سێ جۆرە مەسەلەن ضحایا هەیە خەلکێکی عام هەیە موەزەف لە دەزگا ئیش ئەکات، هەیە پێشمەرگەیە، ئەڤە خاڵی ئێکی بوو، خاڵێ دووێ، مەهەیە یەعنی توزیع تقدیم مساعدات بەچ پیڤەرە، یەعنی بەچ معیارە، هەیە مەسەلەن پێشمەرگەیە، پاشی ئیتجاهی سیاسی گۆریە، چ تقاعد وچ مساعدات بۆ ئەوە نینە، یەعنی مەد ڤێتن، داخوازیە بکەین، چونکی مواتن مراجەعەی ئێمە کردیە، دەبی یەکسانی هەبیتن، لە تەوزیعی ئەو مساعداتانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڤیان خان.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیازی ئەوە دەکەم لەو دەزگایە، بەیاسا قوربانیەکانی مین بکەنە کەیسەك، دارو دەستەی ئەوەی ئەو شتەی دانایە، بکرێتە کەیسەك و قەرەبوو بکرێنەوە بەیاسا، چونکە ئەوە لەشوێنی نیشتەجێ بوونیش ئەو مینانە چێندراون، کەئەوە دژی هەموو یاسایەکانی نێودەوڵەتیە، ئەوە یەك، دوو لێرە ئەو قەزیە بکرێتە قەزیەیەکی گشتی و جیهانی کەوا خەڵکەکە بێبەش نەکرێن لە قەرەبووکردنەوە، پێشنیازی دووەمیشم ئەوەیە، مین بخرێتە بەرنامەی مەنهەج و پرۆگرامی خوێندن، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەمان تێبینیەکەی کاک عادلم هەیە، بەڕاستی من پێشنیار ئەکەم، لەدوای هەموو وشەیەکی مین وشەی تەقەمەنی بەکار بێت، چونکە مەسەلەن لێرە لەبڕگەی سێ ئەڵێت: یارمەتیدانی پێویست بە قوربانیانی مین. ئەی قوربانیانی تەقەمەنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەپێشدا پشتگیری هەموو خاڵەکانی کوێستان خان دەکەم، چونکە زیاد کردنی ئەو خاڵانە زۆر زۆر پێویستە، لە خاڵی دووەمدا ئەبێ ئەو توعیة وتثقیفة هەر تەنها ئەو شوێنانە نەبێت کە ئەڵغامەکانی تێدایە، خۆ ئەبێت لەناو مەنهەجی دیراسیشدا هەبێت، ئەڵێن هەیە، بەڵام بەو شێوەیە، نیە، ئەبینین هەتا ئێستاش منداڵان زۆر ترین قوربانین هی مینەکان، لە خاڵی سێیەمدا کە ئەڵێت: إبداء المساعدة اللازمة لضحایا الالغام.

تۆ ئەبێت جۆری مساعەدەکە روون بکەیتەوە، چونکە من خەڵك ئەناسم کە بەمین کەمئەندام بووە، مانگانە 30 هەزار دینار وەرئەگرێت، ئەو 30 هەزار دینارە ئایا موساعەدەکەیە، دووەم تۆ ناتوانیت ئەم دەزگایە  جۆری مساعەدەکە و بڕەکەی دیاری بکات، ئەبێ موساعەدەکانی ئەو شێوازێکی تر بێت، لێرەدا دیار بێت، چونکە وەزارەت مساعەدە دیاری ئەکات، لە خاڵی چوارەمدا، ئێمە لە پێشەوە باسمان کرد، ئەمە هەمدیس تکرار بووەتەوە، ئەڵێت: الدعوه الیحضر استخدام الالغام المضادة للافراد. ئێمە وتمان عێراق ئیمزای کردووە لە ئیتفاقیەی ئۆتاوە، ئەبێ ببێ بە المساهمه والتعاون، بۆی ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێخ الله.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها مولاحەزەم لەسەر فەقەرەی چوار هەیە، کە دەڵێت: استخدام الالغام المضادة للافراد، من پێم باشە استخدام الالغام بجمیع انواعها، چونکە مین هەر دژی افراد نیە، جۆرەها مین هەیە، لەبەر ئەوە شمولی ترە ئەگەر بڵێین بجمیع انواعها، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەعد نۆ ئەندامی بەڕێز قسەیان کرد، ئەگەر وەڵامییان بدەیتەوە، دواتر رووخسەت دەدەینە ئەوانەی کە تا ئێستا قسەیان نەکردووە، فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە قوربانیانی مین و تەقەمەنی ئەوە لە بەشی پێنجەم حوکمە کۆتاییەکان بەتەفصیل هاتووە، حەتا کە ئێمە گەیشتینە ئەوێ پێشنیارێکی خۆشمان هەیە سەبارەت بەو فەرمانبەرانەی کە شەهید ئەبن لە ئەسنای هەڵگرتنەوەی مین، کە گەیشتینە ئەوێ قسەی لەسەر دەکەین، سەبارەت بەوەی کە مەڵبەندێك هەیە مەڵبەندی (ئۆرتۆ پید)، لەبۆ دروستکردنی قاچ و پەلی دەستکرد، تەبیعی ئەوە کۆمەڵێ سەنتەری هەیە، لە هەڵەبجە، لەسۆران، لە دهۆك، لە سلێمانی، بەڕێگەی دەزگا لەلایەن وڵاتانی مانیحە دەعم دەکرێن، دەزگا هەوڵدەدات لەرێگەی وڵاتانی کۆمەك بەخش ئەو سەنتەرانە دەعم ئەکات، سەبارەت بەپێشنیارەکەی ڤیان خان، لەو مەنتقانەی کە بابلێن نزیکی مینن، یان ناوچە مین رێژکراوەکانن، مەکتەبە سەرەتاییەکان لەڕێگەی پۆستەر و نامیلکە، موحازەرات مونەزەمەی( ئێم، ئەی، جی) بەو کارە هەڵدەستێت، لە مەکتەبەکانی ناوەندی ودواناوەندیش رێکخراوەکە خۆی یان بابڵێین مین لەسەر تەڵەبی ئەو شوێنانە یان مەکتەبەکان خۆیان دەچن کاری هۆشیار کردنەوە دەبینن، سوپاس.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو، سێ ئەندامی بەڕێز باسی مینیان کرد، ئێمە لەپێناسەکانی مین گوتوومانە تەقەمەنیەکانیش ئەگرێتەوە، دووەم، قوربانیانی مین ئێمە لەیاسای ماف وتایبەتمەندیەکانی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفاکراوەکان، قوربانیانی مین بەشەهیدی هاووڵاتی لەقەڵەم دراوە، ئەوەش جێگەیەکی باش دەگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی یەکی ماددەی چوار ئەڵێت: کارکردن لە پێناو پاکردنەوەو لابردنی هەموو ناوچەکانی هەرێم لە مینی چێندراو تەقەمەنیەکانی نەتەقیون لە پاشماوەی شەڕەکانی ڕابووردوو. شەڕەکانی ڕابووردوو تەنها ناوچە جەبهەکان دەگرێتەوە بەتایبەتی مەعەسکەراتی حکومەت کە ئەڵغامی لێ بەجێ ماوە، بۆیە من پێشنیار ئەکەم، لەکۆتایی بڕگەکە ئەوەی بۆ زیاد بکرێت، ئێستا لەهەر شوێنێك بێت، لەبەر ئەوەی ئاو و حەیوانات و تیرۆریستەکانیش، زۆربەی زۆری ئەو ئەڵغامانەیان گواستووەتەوە بۆ ئەو شوێنانەی کە بەشێوەی خەزن کردن یان بەشێوەی بەکارهێنان، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەوەی بۆ زیاد بکرێت لەکۆتایی بڕگەکە، ئێستا لە هەرشوێنێك بێت نەك تەنها جەبهەکان، یان ئەو رەبایانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەمال ڤەیناکە بەس ئەبوایە پێشتر قسەت بکردایە فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من تێبینی ئەکەم، ئامانجەکان هەموویان وەرگیراوە، بەڵام لە 1997/9/18 لە کۆبوونەوەیەك کەزۆربەی دەوڵەتانی تێدا بەشدارە، ئامانجەکانیان بەشێوەیەك ڕێك خستووە، کەلەبنەماوە لەسەر ئەساسی ئینسان، یەعنی چی بکرێت بۆ ئینسان، ئینجا وردە وردە هاتووەتە خوارەوە، بەقەناعەتی من ئەگەر ئەو ئامانجانە ئیستیفادەی لێ بکرێت، خاڵی یەکەمیشی لەسەر بنەمای ئێش و ئازاری ئینسان و کوشتنی ئینسان یەعنی لەوەوە دەست پێ بکات، ئەگەر برادەران بیانەوێت من هینەکەیان ئەدەمێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك حاتم:**

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت بڕگەی یەکی ماددەی چوارەم منیش تەقریبەن وەکو پرسیارێکیشە بەرامبەر بە لیژنەی یاسایی، ئەو تەعبیرە لەبەر ئەوەی ئەم دەزگایە، دەزگایەکە درێژ مەدایە، ئەوە نیە بۆ ساڵێك بێت و بۆ دوو بێت وبۆ دە بێت، تاکۆتایی، جا ئەم شتە ئەبێ حساب بۆ زروفی خۆمان و وڵاتی خۆمان، بۆ کوردستانی خۆشمان بکەین، من وا ئەزانم، ئەیەوێت بەهێز تری بکەی ئەو تەعبیرە، ئەڵێت: کارکردن لە پێناو پاکردنەوەو لابردنی هەموو ناوچەکانی هەرێم لە مین، بەڵام حساب بۆ ئەو ناوچانەش بکرێت کە لە ئایندەدا دەگەڕێتەوە سەر کوردستان، بۆیە سنووری جوگرافیای هەرێمی کوردستانی بۆ دیاری بکرێت، ڕەنگە باشتر بێت لە تەعبیرەکەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**دکتۆرە شوکریە.**

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەنیسبەت خاڵی دووەوە، ئیزافەیەکم هەیە، کەلەپاڵ بەستنی کۆڕ و کۆبوونەوە، کردنی خولی تایبەت ئەوە هی وەرزی کە بەسێ مانگ جارێك دەتوانن ئەو خولانە بکەنەوانێ و خەڵك رابێنن لەسەر تەوعیەکردنی مەسەلەی مین، من پرسیارێکم هەیە لەبەڕێز وەزیر، ئایا ئەوانەی کە لوغم هەڵئەگرنەوە، خۆشیان لەهەمان دەزگان بەشەهیدی هاووڵاتی حساب ئەکرێن، یان وەکو شەهیدی سەنگەرە یان جۆرە ناوێکی تری بۆ دائەنێن، چونکە بەڕاستی قوربانیان ئەوە لەجێگای خۆی من نازانم تێبینیەکی تایبەتیم هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دكتۆره رۆژان.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەخاڵی یەکەم هاتیە کەوا پاککردنەوە لەمین، ئەوە ئەرکی سەرەکی دەزگایەکەیەو شتێکی باشە، بەڵام وا ئەزانم سەرەتا ئەبێ ئەو شوێنانەی کەبە مین چێنراون دەبێ دیاری بکرێن، نیشانە و عەلاماتی وا دابنرێت کەوا خەڵك لێی نزیك نەکەوێتەوە، هەروەکو لە ئامارێکی دەزگایەکەدا بڵاویان کردۆتەوە، کەلە ساڵی 1991 تا ئێستاکە، زیاتر لە 10 هەزار کەس کەمئەندام بووینە، تا چی دی ڕووبەڕووی کارەساتی وا نەبینەوە، مەسحێکی مەیدانی بکرێت، ببتە خاڵی یەکەم، کە ئەو شوێنانە دیاری بکرێت و نیشانە وعەلامات لەدیاری دابنرێت تا چی دی ڕووبەڕووی کارەستان نەبینەوە، چونکە لە ئامارەکەدا ژمارەکە یەکجار زۆرە، ئەو کەسانەی کەوا کەمئەندام بووینە بەهۆی کارەساتی مینەوە، باس لەهەماهەنگیش لەگەڵ ڕێکخراوەکان نەکرایە، لە ئامانجەکانی دەزگایەکە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەکان بکرێت، تاکو هاوکاری یەکتری بکەن، ئەو ئامانجەی کە هەیتیان بەجێی بگەیەنن، خاڵی سێیەم یارمەتی زۆر بەفراوانی هاتیە، ئەگەر هاوکاری قوربانیان بکەن ئەوانەی کە کێشەیان هەیە، یاخود ڕووبەڕووی ئەو کارەساتە بووینە، هاوکاریان بکەن کەداوا بەرز بکەنەوە، دوایی قەرەبوو بکرێنەوە، چونکە ئەوەی حکومەت دەیکات، حکومەتی هەرێمی کوردستان، تەنها یارمەتی ئەوانە دەدات، ئەو مەسئوول نیە لەو ئەڵغامانە یاخود لەو شتانە، داوا بەرزبکرێتەوە لەو کەسانەی کەوا بەرپرسن، تاکو قەرەبووی ئەو کەسانە بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ڕاستیدا من دووسێ تێبینیم هەیە، لەسەر ئامانجەکانی ئەم دەزگایە، بەحەقیقەت ئەم دەزگایە، دەزگایەکی زۆر گەورەیە، بەرپرسەکەشی لەئاستی وەزیرە، من پێم وایە ئامانجەکان کەمن لێرەدا، بۆیە پێشنیار ئەکەم دووسێ بڕگەی پێویست زیاد بکرێت، ئەگەر جەنابتان ئیجازە بفەرموون، هەر لەماددەی چوارەم لەبڕگەی یەکەم، پێم باشە بەکەڵك وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای نوێ، ئیزافە بکرێتە سەر ئەم بڕگەیە، لەبەر ئەوەی پاککردنەوەی مین ئەمڕۆ کۆمەڵێك شێوازو وەسیلەی نوێ هاتۆتە کایەوە، دەتوانین ئیستیفادەی لێ بکەین، بۆ ئەوەی قوربانی لەو ڕێگەیە کەم ببێتەوە، ئەمە یەکەم، دووەم تەئیدی ئەو بۆچوونەی دکتۆرە رۆژان ئەکەم، کە پێویستە دراسات و لێکۆڵینەوە لەبارەی ناوچەکانی مین ڕێژکراو لەهەرێمدا ببێتە بەشێك لەئامانجەکانی وەزارەت، کە بتوانێت بەبەرنامەیەکی دیراسەکراو کاروبارەکانی خۆی ئاراستە بکات، هەروەها پێشنیاری خاڵێکی تر ئەکەم، هاوکاری وکارئاسانی بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتی

و( ئێن، جی، ئۆ) بکرێت کەلە هەرێمدا، بۆ کاروباری مین کار دەکەن، خاڵی تر ڕاهێنانی کارمەندی پسپۆڕ بۆ کارکردن لەکاروباری مین وکێڵگەکان، بەتایبەتی بۆ ئەوەی هەتا پسپۆڕیەت زیاتر ببێت، قوربانی و زەحایە کەمتر ئەبێتەوە، خاڵی تر چوونە ناو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان، نەك وەکو عێراق، بەڵکو وەکو هەرێمی کوردستان، بەتایبەتیش ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی ساڵی 1997، ئاخر شتیش پرسیارم لەسەر بڕگەی سێ، یارمەتی پێویست بۆ قوربانیانی مین ئەو کارمەندانەن، کە لە حاڵەتی مین هەڵگرتنەوە تووشی کارەسات ئەبن، یان هاووڵاتیان وخەڵکی ترن، کە بەهۆی ئەم مینە چێنراوانە تووشی بریندار بوون یاخود گیان لەدەستدان دەدەن، چیان بۆ دەکرێت، بۆیە پێم خۆش بوو لەو بارەشدا روونکردنەوە هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا ئەوەی بەبیرم دێتن وەکو هەرێمی کوردستان، کە دوو ئیدارەش بوون، من وەکو جێگری سەرۆك ئیمزام کردووە، لەگەڵ مونەزەماتی نێودەوڵەتی، ئیلزامی هەرێمیشمان کردووە، کە بەکارهێنانی لوغم لەکوردستاندا قەدەغە بکرێت وبەکاری نەهێنین، ئەحزابیش بۆیان دەکرێتن، لەهەموو شوێنێك ئەو تەرحەی پێدەکرێتن، کارێکی ئاسانە ئەوە، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەك تێبینیم بەتەنها لەسەر بڕگەی چواری ئەو ماددەیە هەیە، وەکو برادەرانیش باسیان کرد، دژ بەتاکەکان هەر ئەو تاکانەی لەسەر لابرێت، بکرێتە بانگەشەکردن بۆ قەدەغەکردنی بەکارهێنانی مین، چونکە لەماددەی یەکەم کەئێمە لەفەقەرە حەوتەکەدا، موصادەقەمان لەسەر کرد، باسمان لەوە کرد کەتەنها خەڵك ناگرێتەوە، ئەفراد، ئالیات و ماڵ وموڵکیش ئەگرێتەوە، وا باشترە بۆ ئەوەی تناقض روونەدات، ئەو تاکانەی لێبکرێتەوە لەوێدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بارزان.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جارێ من ئەمەوێت موژدەی ئەوە بدەم ئێشی ئەم دەزگایە، لەسەر پشتی کیسەڵ ئەڕوات، چونکە ئەوان رۆژێك تاکو ئێوارە ئەگەڕێن لەوانەیە بزمارێك دەربچێت، یان پارچە گولە تۆپێکی کۆنە دەربچێت، من زۆر خەڵکی رەفیق و برادەرم ئیشیان تیا کردووە، زۆر زەحمەتە، بەڵام بۆ ئەوەی ئێشەکەیان بە رەمز و پارەو ئیمکانیات بەهەدەر نەڕوات، ئەمە بۆ بڕگەی یەکەم لەماددەی چوارەم زیاد بکرێت، العمل علی تطهیر واخلاء کافة مناطق الاقلیم من الالغام المزروعة والمتفجرات غیر المنفلقة فیها من جراء الحروب السابقة حسب ضرورة الاولویة الاقتصادیة والاجتماعیة.... الی اخ. یەعنی ئەوان نەرۆن بۆ زەوقی مەسئولێك گردێك

لەشاخێك پاك بكەنەوە بیكەن بە سەیرانگایەك بۆ خۆیان، حسب ضرورة الاولوية الاقتصادية والاجتماعية ئەوانە بەكار بێن، دوایی بۆ حەقلی ئەلغامەكان، ئێستا لەمەنتقەی ئێمە وایە، زۆری بەهۆی لافاو و باراناوە، هاتووەتە خوارەوە، ئاو هێناوێتی چووەتە ناوچەیەكی تر، جاری وا هەیە ئەو حەقلە ئەلغامانە حكومەتی عێراقی داگیری كردووە، ئەلغامەكانی ئێرانی دەركردووەو هەڵیگرتۆتەوەو گۆڕانكاری زۆری تێدا كراوە، حسب ئەولەویە ئەم شتانە بكرێت، نەك بەمیزاجی موئەسەسەكە خۆی، یەعنی لەبەر زەرووڕەتی بنیاد نانەوەی ژێرخانی ئابووری ئەم وڵاتە بێت، لە بڕگەی چوارەمدا ئەو تەفسیرەی كاك سەعد دای كافی نیە، ئەمە زۆر تەفسیر هەڵئەگرێت، ئەمانەوێت ئەدەواتی معوەقی لەرێگەی ئۆتۆوە بدرێتە خەڵكی، ئەمە وازحە ئەبێ تەحدید بكرێت، ئەگینا موساعەدەو كەڵك كەم ئەندام هەیە، شەهید، هەیە موعەوەق هەیە، یەعنی ئەمان زۆر دەستكراوەبن، رەنگە بوجەی هەرێم بەشیان نەكات، ئەگینا ئەبنە دەزگایەكی سەربەخۆو تەجاوز ئەكەنە سەر سەلاحیاتی وەزارەتی صحەو خەڵك ولایەنی تریش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس وابزانم كەس نەماوە، دكتۆر فواد فەرموو.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا من تەنها تێبینیەكم هەیە، لەسەر بڕگەی سێ كەئەڵێت: إبداء المساعدة اللازمة لضحايا الالغام. تەبیعی لەماددەی هەژدەهەمدا، چارەسەری ئەو فەرمانبەرانەی كردووە، كەلەم دەزگایەدا ئیش ئەكەن، تەئیمنیان ئەكات دژی هەموو كێشەیەك كە تووشی ئەبن، ئەڵێت تخصيص مخصصات خطورة وتأمين موظفين. بەلام ئەم بڕگەیە بۆ هاووڵاتیانە، بەلام ئەم موساعەدەیەی كەباسكراوە، لەڕاستیدا زۆر فراوانە ودیار نیە، من پێشنیار ئەكەم كە بكرێت بە إبداء المساعدة المادية والمعنوية وتعويض ضحايا الالغام. چونكە بەڕاستی بەسەدان كەس لەپاش راپەڕینەوە تاكو ئێستا لە هەموو جێگایەكی كوردستاندا تووشی كارەساتی گەورە بوون، پێویستیان بەیارمەتییەكی زۆر زۆر تایبەتی هەیە، بۆیە پێویستی بەیارمەتیەكی باش هەیە لەو رووەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەڵڵا من پێش ئەوەی قسە بدەمە جەنابی وەزیر ولیژنەی یاسایی وئەوانە، تەبعەن ئەم قسانەی كەكران، قسەی بەجێن بەلام لەحەقیقەتدا ئەو هەمووانە نووسینی تەفصیلاتێكی زۆرە، خۆی لەخۆیدا زیادیشە، بەلام واجبیانە، خۆ شەرت نیە، لێرە نەت نووسیوە پێی هەڵنەسێت، كە وتت المساعدة اللازمة، ئەوە تەحدید دەكاتن، بەلام هەندێك جار لەبیرمان دەچێتن، هەندێك مولاحەزات درا، یەكێك كە كەمئەندام بێت، یاخود شەهید بێت بەهۆی مینەوە، كاری موساعەدەكەی هەر ئەوەندەیە، ئەو فەترەیە هاوكاری بكرێت، بەلام ئەگەر كەمئەندامی بەمووچە دیاری كردن بێت، بۆ چارەسەركردنی كێشە بێتن، وەزارەتی

شەهیدان وئەنفالە کە ئەوان مووچەی بۆ دەبڕنەوە، شەهید بێت، شەهیدانەی دەدرێتێ، بەڕێگای ئەوانەوە دەبێت، ئەو یارمەتییەی کە ئەم دەزگایە دەیدات، یارمەتیەکی کاتی و وەختیە، مادی ومەعنەوی تەقدیر دەکرێت، لە حاڵەتێك بۆ حاڵەتێکی تر فەرق دەکاتن، ڕەنگە یەکێك ببێتە کەمئەندام بەهۆی مینەوە، هەر ئەو دەزگایە نەبینێت، یەکسەر بچێتە خەستەخانەو دواتر بە تەقریری توبی دەبێت بە کەمئەندام، دەچێتە وەزارەتەکەوە، هەر بە دەزگاکەدا نایەت، بەڵام ئەوە لەحاڵەتێکدا کە ئەو کەسانە، راستەوخۆ ڕووبەڕوویان ئەبنەوە، ئەبێ یارمەتیان بداتن، یاخود لەگەڵیان کاردەکەن، دەبێ یارمەتیان بداتن، ئەوەی کە زۆر مولاحەزە کرا، لە مەناهجی دیراسیدا بێتن، پێم وایە ئەگەر ئینتباه بکەن، لیژنەی قانونی و بەڕێز وەزیر و برادەران لە بڕگەی دوودا پاش ئەوەی دەڵێت: وسائل الاعلام المختلفة والمناهج الدراسية. ئیزافە بکەن ئەوە دەگرێتەوە، کە دەڵێت: العمل على توعية وتثقيف المواطنين في الاقليم من اخطار الالغام عن طريق وسائل الاعلام المختلفة والمناهج الدراسية ئەوی تر ڕەنگە هەر زیاد بێتن، بەڕاستی عقدی نەدەوات و ئەو شتانە، تحصيل حاصلە ئەوانە، هەمووی هەر زیادە، بەنیسبەت مولاحەزەیەك درا ئیشراف لەسەر سەنتەرو ڕێکخراوەکان، کە کاردەکەن، ناکرێت ئیشراف بکەن، چونکە ئەو سەنتەرانەی کە دروست دەکرێن سەنتەری موستەقلن، سەربەخۆن، ڕەنگە مونەزەمەیەکی دەولی هین بکات، دەبێ جومەلەیەکی تر بێت، حەقی ئەوەی نیە بڵێن ئیشراف بکرێن، تەنسیق بکات لەگەڵ سەنتەر و ڕێکخراوەکانی کەلەو بوارەدا ئیختیصاصین، یان لەو بوارەدا کار دەکەن، ئەو مەرکەزە کە هەیە، ئەبێ بزانێتن، ژێر ئیشرافی ئەو مونەزەمەیە دەکەوێت، دەزگایەکی حکومیە نایەت، بەڵام تەنسیق لەبەر ڕۆشنایی بەرنامەیە، ئەوان لەبەر ڕۆشنایی خەریتەکە، ناکرێتن ئەو جوملەیەی تێدابێتن لەبەر ئەوەی ئەو سەنتەرەش لەخۆیەوە نەچێت ڕەشماڵێك هەڵبدات یان چادرێك هەڵبداتن و بڵێت من لێرە کاردەکەم، ئەو تەنسیق وتەعاونە ئەگەر جوملەیەك زیاد بکەن، خاڵێك ئیزافە بکەن، من ئەو ڕوونکردنەوەیەم داوە بۆ ئەوەی جوابەکەت بۆ ئاسان بکەم، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی بەڕێزتان باستان کرد، تەبیعی لەماددەی حەوتەم بەهەندێ شتی جیاوازەوە هاتووە، سەبارەت بەپەسەند کردنی مۆڵەت تەنسیق و شت بۆ ئەو ڕێکخراوانەی تر، بەنیسبەتی مەسح ئەوەی دکتۆرە باسی کرد، تەبیعی لە 2002 دیارە U.N مەسحێکی کردیە، لە 2005 ڕێکخراوێکی تر کردیتی، خۆشیان دیارە وەکو ڕێکخراوەکە پێیان وایە ئەو ئەرکە ئەبێ کارێکی بەردەوام بێت، ساڵانە بێت، بۆیە لەو پایزە بەرنامەیەکیان لەبەر دەستدایە، بۆ ئەوەی جارێکی تر مەسح بکەن لەکوردستان، سەبارەت بەو پرسیارەی کەکردیان دیارە دەزگاکە خۆیان پێیان وایە کە ئێستا لە 90٪ی ئەو ئیشانەی کە دەیکەن، بەمیزاج و هینی خۆیان حەتا دەزگاکەش نیە، لەسەر داواو تەڵەبی وەزارەتەکانە، مەسەلەن بەنموونە وەزارەتی کارەبا، بۆ وێستگەی پیرداود کە 450 مێگاواتە پێیان گوتوون چوون ئیشیان لەسەر کردووە، مەسحێکی جیۆلۆجی

لەسەر سنووری تورکیایان کردووە، بۆ پاککردنەوەی ناوچەکە، بۆ مەسەلەی دۆزینەوەی نەوت، جا لەدەوروبەری سلێمانی، تەقتەق، دووکان بۆ نەوت، دیسان لە پێنجوین بۆ کارەبا، یەعنی مەبەستمان لەو نموونانە هەموویان لەوەیە، دەزگاکە دەڵێن ئیشی ئێستای ئێمە یان ئەو ئیشانەی کە ئێستا ئێمە ئەیکەین، لە 90٪ی لەسەر پێشنیاری ئەو وەزارەتانەیە کە داوامان لێ ئەکەن، ئەوە بۆ مەعلوماتی کاك بارزان، سەبارەت بەئاخر مولاحەزەی ئێمە لەسەر پێشنیاری برادەران بەشێوەیەکی گشتی، ئەو چوار خاڵەی کەهاتووە مهامە، یەعنی ئەو مهامانە بابڵێین، حەتا لەخاڵی هەشتەمی بەشی هەشتەمیش وەکو تەعریف باسی لێوە کراوە، یەعنی دەزگاکە وەکو دەزگای کاروباری مین لەپێناو ئەو مهامانە دروست بووە، بۆیە هەموو مهامەکان چڕکرایتەوە، تا لەو چوار خاڵەی کەباسمان کرد، کە وەکو تەعریفیش تەعریفێکی نێودەوڵەتیە، ئەوە هەر بۆ مەعلوماتی برادەران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چوارەم کەلەبەر رۆشنایی ماددەی پێشتر تەعدیلمان کرد، الدعوة لحضر استخدام الالغام ببته التعاون والمساهمة في حضر استخدام الالغام لەوێ وەکو ئەوی چاك بکەن، بەنیسبەت خاڵی تازە لەجیاتی ئیشراف، التنسيق والتعاون مع المنظمات والمراكز ذات الاختصاص المماثل للمؤسسة داخل الاقليم وخارجه، ئەوە ئیزافە بکەن، ئەگەر مانعتان نیە، ئاخر لێرە مەهامە، لەم مەهامەدا ئەبێ هەبێتن، بەو شێوەیە ماددەکان ئەو گۆڕانکاریانەیان بەسەردا هاتیە، یەکەم وتمان مناهج الدراسيەکە لە فەقەرەی سێ، لە فەقەرە دوو ئیزافە دەکرێتن، جوملەکەی پاشی وی هەمووی شەتب ئەکرێتن، لە چوارەم دەعوەکە دەبێتە التعاون والمساهمة لەعەینی هیندا ئەگەر شتێك ئیزافە بکەن، بەکردنەوەی خول وبەستنی کۆبوونەوەو ئەوانە مولاحەزە کران و داوا کران، هەرچەندە کۆمەڵێکیان تحصیل حاصلە، بەڵێ کاك سەعد.

**بەڕێز سعد خالد محمد امين/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە لەخاڵی دووەم، یەعنی کارکردن لە پێناو وشیارکردنەوەو رۆشنبیرکردنی هاووڵاتیانی هەرێم لە مەترسیەکانی مین، لە ڕیگای هۆیە هەمەجۆرەکانی ڕاگەیاندن وبەستنی کۆڕو کۆبونەوە لەگەڵ توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵایەتیدا لەو ناوچانەی کە گومانی بوونی مینی لێ دەکرێ. یەعنی ئەوە زۆر وازحە، بۆ ئەوەی کە جەنابتان ئیشارەتتان پێدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فرسەت قسەیەکی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**باس كردنى ئەمسيلە لەناو قانون شتێكى مەرغوب نيە، بەڕاستى نابێ ئەمسيلە لەناو قانون هەبێت ئيلا ئەگەر زۆر زەروور بێت، لەبەر ئەوە من ئەڵێم با ئيستغنا بەو نەصە بكەين، زۆر باسى نەدەوات و ئەوى دى، باسى تەوعيەمان كرد، تەوعيە بەڕاديۆ بت، بە تەلەفزيۆن بت، بەنەدەوات بت، بەنەشرات بت، بەشتى تر بت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

**مولاحەزەيەكى بەجێيە كەواتە ئەوى دووەم، العمل على توعية وتثقيف المواطنين في الاقليم من اخطار الالغام عن طريق وسائل الاعلام المختلفة والمناهج الدراسية. ئەو ومناهج الدراسية زياد بكرێت، بڕگەى پێنج زياد بكرێت، التنسيق والتعاون مع المنظمات والمراكز ذات الاختصاص المماثل للمؤسسة داخل الاقليم وخارجە. ئەگەر وەزارەت جەنابى وەزير ئيعتزازى نيە، ئەمە رەئى ئەندامانى پەرلەمانە.**

**بەڕێز سعد خالد محمد امين/ وەزيرى هەرێم بۆ كاروبارى پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

**لەگەڵ التنسيق والتعاون ئيشرافيش وەكو برادەرانيش باسى لێوە دەكەن، هەموو ئەو رێكخراوانەى كە تاكو ئێستاش لەكوردستان ئيشيان كردووە، لە ژێر ئيشرافى دەزگاكە ئيشيان كردووە.**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

**ئەزانى چى خۆ ئەگەر ئيشراف بنووسى تۆزێك قورسە بۆ ئەوان، رەنگە رێكخراوى بيانى نەيەتن، تۆ نووسيوتە خارج وداخل، تەنسيق ئيشرافيش ئەگرێتەوە.**

**بەڕێز سعد خالد محمد امين/ وەزيرى هەرێم بۆ كاروبارى پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

**دەزگاكە پێيان وايە، لە ماوەى رابردووش ئەو كێڵگانەى كە مونەزەمەكان هاتوون ئيشيان لەسەر كردووە، هەڵبژاردنى كێڵگەكانيش بە موافەقەى ئەوان بووە، بۆيە ئەوانيش تەفەهومى ئەوە ئەكەن، حەتا ئەگەر بەو هينەش بێت، ئيشرافيش بێت، كە دێن لەكوردستان لەو بوارە كاردەكەن، بەتەبيعى دەزانن، چونكە خۆيان لەژێر ِئيشرافى ئەو دەزگايە ئيش ئەكەن، رۆژانەش ئەبێ فيعلەن لەلايەن دەزگاوە موتابەعەى ئيش وكارەكانيان بكرێت.**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

**ئەگەر ئيجازە هەبێتن بۆ ئيشكال با ئيشرافەكەى تێدا نەبێتن، عەينى ماناش بگرێتەوە، التنسيق والتعاون مع المنظمات والمراكز ذات الاختصاص المماثل للمؤسسة داخل الاقليم وخارجە بما يحقق اهداف المؤسسة ئەوە باشە،**

کەواتە ماددەکە بەو گۆڕانکاریانەوە دەخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵیدایە با دەستی بڵند بکات تکایە فەرموون، کێی لەگەڵدا نیە، بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەیەکی تر.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم: دەزگا لە مانە پێك دێت:

یەکەم: سەرۆکی دەزگا: سەرۆکی کارگێری دەزگایە، مەرجیشە خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت، لەو مەیدانەدا ئەزموونی هەبێت وبە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دادەمەزرێت.

دووەم: جێگری سەرۆکی دەزگا: مەرجە خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت ولەو مەیدانەدا ئەزمونی هەبێت، لە کاتی ئامادەنەبوونی سەرۆکی دەزگا شوێنی دەگرێتەوەو بەبڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دادەمەزرێت.

سێیەم: بەرێوەبەرایەتی گشتی دیوان: فەرمانبەرێك بە پلەی بەرێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات، مەرجە خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت وڕاژەی فەرمانبەرایەتی لە (12) ساڵ کەمتر نەبێت وبەبڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دادەمەزرێت، ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوەی پێوە پەیوەستن:

1- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کارگێری: لە بەشی بەڕێوەبردن وبەشی کارمەندان پێك دێت.

2- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری دارایی: لە بەشی ژمێریاری و وردبینی پێك دێت.

3- بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاریەکانی لۆجیستی: لە بەشی کۆگاکان وبەشی گواستنەوە پێك دێت.

چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری هونەری: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات ودەبێ خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت و خاوەن توانا وئەزموون بێت لە مەیدانی کاروباری مین بۆ ماوەی پێنج ساڵ کەمتر نەبێت وبەبڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دادەمەزرێ ولە میانەی ئەوەوە ئاراستەو سەرپەرشتی پرۆسەکانی نەهێشتنی مین و وشیارکردنەوە لە مەترسیەکانی مین وهاوکاری قوربانیانی مین دەکرێ وهەماهەنگی کردنی کۆمپانیاو رێکخراوە حکومی وبیانیەکانی لە مەیدانەکانی تایبەت بە مین کاردەکەن، وئەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوەی پێیەوە پەیوەستن:

1- بەرێوەبەرایەتی پرۆسەکان لەم بەشانەی خوارەوە پێك دێت.

أ- بەشی پرۆسەکان.

ب- بەشی ڕاهێنان.

ج- بەشی ساغلەمی وپێوانە نێودەوڵەتیەکان.

د- بەشی کۆنترۆڵی چۆنایەتی.

هـ- بەشی ئامێرە میکانیزمەکان وئاشکراکردنی مین.

و- بەشی سەگەکانی تایبەت بە ئاشکراکردنی مین.

ز- بەشی پەیوەندیەکانی بێ تەل وئامێرەکانی پەیوەندیکردن.

ح- بەشی تەقەمەنیەکان.

2- بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان لەمانە پێك دێت:

1- بەشی پلان دانان.

2- بەشی کێومالکردن.

3- بەشی بەڕێوەبردنی زانیاریەکان.

4- بەڕێوەبەرایەتی وشیارکردنەوە لە مەترسیەکانی مین.

5- بەشی هاوکاریکردنی قوربانیانی مین.

پێنجەم: ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوە کە ڕاستەوخۆ بەسەرۆکی دەزگاوە بەستراونەتەوە:

1- بەڕێوەبەرایەتی وردبینی.

2- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی.

3- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پشکنینی گشتی.

4- بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیەکانی گشتی وڕاگەیاندن.

شەشەم: ئەم دەزگایە بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی جێبەجێ کردنی هەیە، لەهەر یەك لەپارێزگای هەولێرو پارێزگای سلێمانی، فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات، هەر بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی لەو دامەزراوانەی خوارەوە پێك دێن:

1-بەڕێوەبەرایەتی کارگێری کارمەندان (تاکەکان).

2- بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری.

3- بەڕێوەبەرایەتی وردبینی.

4- بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییە گشتیەکان وڕاگەیاندن.

5- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی.

6- بەڕێوەبەرایەتی پرۆسەکان.

7- بەڕێوەبەرایەتی وشیارکردنەوە لە مەترسیەکانی مین.

8- بەڕێوەبەرایەتی  هاوکاریکردنی قوربانیانی مین.

حەوتەم: ئەو دەزگایە بەڕێوەبەرایەتیەکی جێبەجێ کردنی بۆ کاروباری مین هەیە لە هەر یەك لە پارێزگاکانی دهۆك وپارێزگای کەرکوك، وهەر بەڕێوەبەرایەتیەك لەم دامەزراوانەی خوارەوە پێك دێت:

1- بەشی کارگێری کارمەندان ( تاکەکان).

2- بەشی ژمێریاری.

3- بەشی پرۆسەکان.

4- بەشی وشیارکردنەوە لە مەترسیەکانی مین.

5- بەشی هاوکاریکردنی قوربانیانی مین.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الخامسة: تشكل المؤسسة من:-**

**أولاً: رئيس المؤسسة: هو الرئيس الاداري للمؤسسة ويشترط فيه ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية أولية وله خبرة في هذا المجال ويعين بقرار من مجلس الوزراء.**

**ثانياً: نائب رئيس المؤسسة: ويشترط فيه ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية اولية وله خبرة في هذا المجال، ويحل محل رئيس المؤسسة عند غيابه، ويعين بقرار من مجلس الوزراء.**

**ثالثاً: المديرية العامة للشؤون الادارية والمالية: ويرأسها موظف بدرجة مدير عام ويشترط فيه ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية اولية وله خدمة وظيفية لاتقل عن اثنتا عشر سنة، ويعين بقرار من مجلس الوزراء، وترتبط بها المديريات التالية:-**

1- **مديرية الشؤون الادارية: وتتكون من قسم الادارة وقسم الافراد.**

2- **مديرية الشؤون المالية: وتتكون من قسم الحسابات والتدقيق.**

3- **مديرية الخدمات( اللوجستية) وتتكون من قسم المخازن وقسم النقل.**

**رابعاً: المديرية العامة للشؤون الفنية: ويرأسها موظف بدرجة مدير عام ويشترط فيه ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية اولية وله كفاءة وخبرة لاتقل عن خمس سنوات في مجال شؤون الالغام ويعين بقرار من مجلس الوزراء، ويتم من خلاله توجيه واشراف عمليات ازالة الالغام والتوعية من مخاطر الالغام ومساعدة ضحايا الالغام وتنسيق عمل الشركات والمنظمات ( الحكومية والاجنبية) العاملة في المجالات المعنية بشؤون الالغام، وترتبط بها المديريات التالية:**

1- **مديرية العمليات وتتكون من الاقسام التالية:-**

**أ- قسم العمليات.**

**ب- قسم التدريب.**

**ج- قسم السلامة والمعايير الدولية.**

**د- قسم السيطرة النوعية.**

**هـ- قسم الاجهزة الميكانيكية وكاشفات الالغام.**

**و- قسم الكلاب المختصة بكشف الالغام.**

**ز- قسم الاتصالات اللاسلكية واجهزة الاتصالات.**

**ح- قسم المتفجرات.**

2- **مديرية التخطيط، وتتكون من:**

**أ- قسم التخطيط.**

**ب- قسم المسح.**

3- مديرية ادارة المعلومات.

4- مديرية التوعية عن مخاطر الالغام.

5- مديرية مساعدة ضحايا الالغام.

خامساً: المديريات التالية وترتبط برئيس المؤسسة مباشرة:-

1- مديرية التدقيق.

2- مديرية الشؤون القانونية.

3- مديرية التفتيش العام.

4- مديرية العلاقات العامة والاعلام.

سادساً: يكون للمؤسسة مديرية عامة تنفيذية لشؤون الالغام في كل من محافظة اربيل ومحافظة السليمانية يرأسه موظف بدرجة مدير عام وتتكون كل مديرية عامة من التشكيلات التالية:-

1- مديرية الادارة والافراد.

2- مديرية الحسابات.

3- مديرية التدقيق.

4- مديرية العلاقات العامة والاعلام.

5- مديرية الشؤون القانونية.

6- مديرية العمليات.

7- مديرية التوعية عن مخاطر الالغام.

8- مديرية مساعدة ضحايا الالغام.

سابعاً: يكون للمؤسسة مديرية تنفيذية لشؤون الالغام في كل من محافظة دهوك ومحافظة كركوك وتتكون كل مديرية من التشكيلات التالية:

1-قسم الادارة والافراد.

2- قسم الحسابات.

3- قسم العمليات.

4- قسم التوعية عن مخاطر الالغام.

5- قسم مساعدة ضحايا الالغام.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو لیژنەی یاسایی ڕەئیتان چیە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە کاتی خۆی کەلەگەڵ پسپۆڕان و شارەزایانی ئەو بوارە قسەمان کرد، لەلیژنەی یاسایی ئەو کاتی ئەو ستایلەمان نەبوو، کە بەڕێوەبەرایەتیەکان کورت بکرێنەوە، یەعنی ئەوکاتەی کورت دەکرانەوە، بەڵام ئێستاکە ئێمە ستایلێکی ترمان گرتیە، ئامانجمان ئاوها بووە، کە وەکو وەزارەتەکانی دیکە، بەڕێوە بەرە گشتیەکان و سەرۆکی دەزگاو جێگری سەرۆك بهێڵنەوەو ئەوانی تر بەجێ بهێڵین، بۆ سەرۆکی دەزگا، بۆ ئەوەی کەوا لەماددەیەکی تر لە دوایدا بۆمان داناوە کەوا سەڵاحیاتی هەیە ئیستحداسی مدیریات بکات، شوعەب بکات، اقسام بکات، ئێستا ئێمە رەئیمان ئەوەیە، لێرە ئیکتیفا بکەین بەوانە، ئەو کورت کردنەوانە نەهێڵین، ئەوە یەك، دووەم لەهەر ماددەیەکی مودیریات عامە ئەوەش هەندێ گۆڕانکاریمان تێدا کردووە، ئەگەر ئەمر بکەن ئەوانیش باس دەکەین، بەس پێم خۆشە ئەوە یەکلاکەنەوە ئەوجا بیخوێنمەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك سەعد.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەو پێشنیارەی لیژنەی قانونین، بۆ ئەوەی بەڕاستی ئەو تەفاصیل وخوردکردنەوەیە زیادە، چونکە بەفەقەرەیەك وەکو برادەران ئاماژەیان پێکرد، دەزگا بۆی هەیە، هەر قسمێك، مودیریەتێك، هەر شوعبەیەك، بکاتەوە یان کەم بکاتەوە، بۆیە ئەو پێشنیارە سەد دەر سەد بەگونجاوی دەزانین وتەئیدی دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو موقتەرەحەی لیژنەی یاسایی صیاغەی فەقەرەکە بکرێتەوە، وەکو مودیریات و ئەوانە کەلە وەزارەتەکانی تردا هاتووە، دەیخەمە دەنگەوە لەبەر ئەوەی تحصیل حاصلە پێشتر موناقەشەکرا، وەکو مەبادیئەکان یەعنی مودیریەتەکان ئەو تەفصیلاتەی ناوێتن، بەس تەنها ئیشارەت بەمودیریاتی عام بکرێتن، وەکو لەپرۆژەی یاسای وەزارەتەکانی تردا هاتووە، کێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەی لیژنەی یاساییە فەرموون، کێی لەگەڵدا نیە، باشە ئەوە موقتەرەحی لیژنەی یاسایی قبوڵ کرا، دەمێنێتەوە مولاحەزات ئەگەر هەبێتن لەسەر مەسائیلی تر، کێ هەیتی بابیخوێنێتەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەبڕگەی سێیەم (المديرية العامة للديوان كرديتمانە المديرية العامة للشؤون الإدارية و المالية : يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية و من ذوي الخبرة و الإختصاص. وەکو وەزارەتەکانی ترە، لە شەشەم، يكون للمؤسسة مديرية عامة لشؤون الالغام نەك تنفيذية لشؤون الالغام في كل محافظة من

**محافظات الاقليم ويرأس كلاً منها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص).**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەمەش لەگەڵ وەزارەتەکانی تر هەمان شتە بەهەمان شێوە هاتووە، واتە ناوی محافظات نایەتن، یەعنی وەکو هەولێر و سلێمانی ئەوانە ناویان نایەتن، وەکو ئەوانی تر مودیریە عامەیەك دەبێتن لە هەر محافظات مورتەبیت دەبێتن، کێی تر مولاحەزەی هەیە، وابزانم ئەوە تحصیل حاصلە تەشکیلاتەکە وەکو هەموو وەزارەتەکانی تر، کاك سەردار فەرموو.**

**بەڕێز سردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە سەرۆکی ئەو دەزگایە وتمان بەپلەی وەزیرە، هەروەها لە چەندین بەڕێوەبەری گشتی پێك هاتووە، جێگری سەرۆکی دەزگا هیچ پلەیەکمان نەدایتێ بەتایبەتی لێرە کە دەوتریت ویحل محل رئیس المؤسسة عند غیابه واتە پێم وایە بوترێت بەدەرەجەی وەکیل وەزیر، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەوە دەرەجە خاصەیە، جێگرەکەی دەرەجە خاصە دەبێت، وەکیل وەزیر نابێت، چونکوم ئەویش دەرەجەیە ئەبێ دەرەجە خاصە بێت، ئەبێ بنووسرێت بدرجة خاصة، جێگری سەرۆکی دەزگا بەدەرەجەی خاصە، کاك شێخ الله.**

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من تێبینیم لەسەر خاڵی سێیەم لەماددەکە هەیە، کەدەڵێت بەرێوەبەری گشتی دیوان خزمەتی لە 12ساڵ کەمتر نەبێت.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**سوپاس مولاحەزەکەی ئیقتراحی لیژنەی یاسایی زۆر شتی لابرد، ئەوەش لەزمنی ئەوانە بوو، کاك عبدالرحمن.**

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من دوو، سێ مولاحەزەم هەیە، دوو، سێ تێبینیم هەیە لەسەر ئەو مەسەلەیە، لە خاڵی چوارەم، کەدەڵێت، وله كفاءة وخبرة لاتقل عن خمسة سنوات، هەر لە هەمان خاڵ کە دەڵێت کلاب مختصة بڵێین کلاب مدربة جوانترە، فەقەرەیەکی ترم هەیە ئەو تەشکیلاتانە هەمووی دەگرێتەوە، کە لێرە باسکراوە، پێویست بەشوعبەیەك دەکات ئەم دەزگایە، نەیانووسیوە، ئەویش شوعبەی معالجة القنابل والصواریخ غیر منفلقة، ئەمە ئیختصاصێکی تایبەتیە لەگەڵ ئەلغام پێویستە ئەوە بکرێت، لەگەڵ ئەو دەزگایەدا بێت، چونکە ئەو**

دەزگا بەحەقیقەت زۆر ماندوو ئەبێت، زۆر ئیستفادەشی دەبێت بۆ خاك ومیللەت، لەبەر ئەوە پێوستی بەو شوعبەیە هەیە، ئەگەر ئەو شوعبەیە نەبێت کاریان لەنگ دەبێتن، تێبینیەکی ترم هەیە، پێویستە نوێنەری وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە لەگەڵ ئەو تەشکیلاتەدا بێتن، هەروەها هی تەندروستیش.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عبدالرحمن ئەوە چوار مولاحەزەت وت لەو چوارە سێیان لابراوە، دوانیان ئیلغا کرا وەکو خۆت داوات کرد، بەڵام ئەوی تریشیان لەماددەیەکی تر هەیە، ئەگەر لیژنەی قانونی هیچی نیە، ئەو شوعبەیە وابزانم کاك سعد لە شوێنێکی تر هاتووە، ئەوەی کاك عبدالرحمن باسی کرد.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی ئاخر موفتەرەحی لیژنەی قانونی کە مودیریەت و ئەقسام و شوعبە لە سەلاحیاتی سەرۆکی دەزگایە، سەرۆکی دەزگا بۆخۆی ئەتوانێت ئەوی تر مامۆستاش تەبیعی برادەران دەڵێن لەفیشەکەوە تا صاروخیش ئەوە هەر بەتەفەمەنی حساب ئەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئێستا موفتەرەحەکە وەکو لیژنەی قانونی باسیکرد بەئیزافەکردنی فەقەت ئەو مولاحەزەیەی جێگری سەرۆکی دەزگا بدرجە خاصە ئەوە ئیزافە بکرێتن، دەیخەمە دەنگەوە هەمیشە ئەڵێم نەصە عەرەبیەکە ئەساسە، ئەگەر ئیشکالێك هەبێت لە کوردیەکە ئەوە چاك ئەکرێتەوە، دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵدایە با دەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە، تەنها دکتۆرە شوکریەی لەگەڵدا نیە، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەیەکی تر.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی شەشەم:**

**دەزگا ئەنجومەنێکی کارگێری دەبێ ولەمانە پێك دێت:**

1-سەرۆی دەزگا: سەرۆك.

2- جێگری سەرۆکی دەزگا – ئەندام

3- بەڕێوەبەرە گشتیەکان لە دەزگاکە - ئەندام.

4- بەڕێوەبەرانی جێبەجێ کار لە دەزگادا – ئەندام.

5- نوێنەری هەریەك لەم وەزارەتانە: پەروەردە، تەندروستی، کاروباری کۆمەڵایەتی، ژینگە، گەشت وگوزار، ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن، گواستنەوە، گەیاندن، کشتوکاڵ وئاودێری، پیشەسازی، کارەبا، دەستەی نەوت وبترۆکیمیاویەکان – ئەندام، بە مەرجێك پلەی بەڕێوەبەری گشتی هەبێ.

1- لیژنە بڕیاردەرێکی دەبێ سەرۆکی دەزگا هەڵیدەبژێرێ.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة:- يكون للمؤسسة مجلس ادارة ويتألف من:

1-رئيس المؤسس: رئيساً.

2- نائب رئيس المؤسسة: عضواً.

3- المدراء العامون في المؤسسة: اعضاء

4- المديرين التنفيذيين في المؤسسة: عضوا.

5- ممثل عن كل من وزارات: التربية، الصحة، الشؤون الاجتماعية، البيئة، السياحة، الاعمار والاسكان، النقل، المواصلات، الزراعة والري، الصناعة، الكهرباء، هيئة النفط والبتروكيمياويات: عضوا على ان يكون بدرجة مدير عام.

6- يكون للجنة مقرر يختاره رئيس المؤسسة.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە بڕگەی دووەم نائب رئيس المؤسسة، ئیقتراحمان کردووە، و يرأس المجلس عند غياب الرئيس، چونکە مادام جێگرێتی دەتوانێ سەرۆکایەتی ئەنجومەنەکە بکات دوای ئەو، ئەوە یەك لەبڕگەی چوارەمیش پێمان زیادە چونکە کاتی خۆی مودیریەی تەنفیزمان هەرلادا، المديرين التنفيذيين في المؤسسة: عضوا ئەوانە هەر نیە، هەر حەزفمان کرد، بڕگەیەکی چوارەممان لەجیاتی ئەو دانا، أي خبير أو مستشار يختاره رئيس المؤسسة من داخل المؤسسة أو خارجها: عضواً، ئەوەش یەکێکی تر بڕگە شەشی يكون للجنة مقرر يختاره رئيس المؤسسة. ئەوە ئیقتراحمان کردووە، کەوا حەزف بکرێت چونکە ئەوە شتێکی تەبیعیە بۆخۆیان، لەمابەینی خۆیان لە کوێ دادەنێن دایدەنێن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا منیش قسەم هەیە بەس وابزانم کاك فرسەت، رەنگە قانونیەن باشتر ئەو قسانە بکات، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕەئی من هەر دەزگایەك مەفروزە ئیدارەی ئەو دەزگایە، لە مونتەسیبینی خۆی تەشکیل بکرێت، ئەگەر تەماشای ئەو ماددەیە بکەین، زیاتر لە 12 نوێنەری وەزارەتەکانی تێدایە، کە ئەندامن لە ئەنجومەنی ئیدارەی ئەو دەزگایە، فی حین مونتەسیبینی دەزگا دور نیە شەش تا حەوت کەس بن، یەعنی بڕیارەکان دەکەونە دەستی نوێنەری وەزارەتەکانی تر، من نەزانم بەس شبە موئەکەدم کو ئەوە خیلافی مبادیء و

قواعدی مۆسساته کو پێی ئەڵێن وەحداتی لامەرکەزی فقی یان مەصڵەحی بەرەی من تاکو بتوانین تەنسیقێك بکەین مابەینی ئەو دەزگایەو وەزاراتی تر ئەوی کە پەیوەندیان بت، لەگەڵ ئەو ئیشە، نوێنەری ئەو وەزارەتانە، ببنە ئەنجومەنێکی راوێژکاری وەکو هی وەزارەتەکانی تر، بەڵام ئەنجومەنی ئیدارەی ئەو دەزگایە، هەر لە مونتەسبی دەزگا بەکاربێتن، نەکو خەڵکی تر بت، چونکوم ئیشەکە بەتصویت بەرێ ئەچێت، ئەوان 13 ئەندامن ئەوی تر 7 ئەندامن، مانای وایە مونتەسبی دەزگا بما فیهم سەرۆکی دەزگا هیچ دەورێکیان نابت، لەبەرێوەبردنی ئەو دەزگایە، پێشنیارم ئەوەیە ئەنجومەنی ئیدارە، لە فەقەرەی یەك و دوو وسێ بتن، فەقەرە چواریش ببتە مجلسێکی ئیستیشاری، بۆ دەزگاو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی قانونی مولاحەزەی ئەوە دەکات کە ئەوە بکرێتە دوو مادده، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت دەزگا، کە ناوی دەزگا دێت مجلسی ئیدارە لەگەڵیەتی، واتە مجلسی ئیدارە لە نیزامی دەزگادا، مجلسێکی ئیستشاری نیە ئەوە یەك، دوو ئیختصاصاتی مجلسی ئیدارە، راستە ئیختصاصاتەکان لەسەر مجلسی ئیدارە نیە، بەڵام ئیختصاصاتەکان لەماددەیەکی تایبەتی هاتیە، نوقتەی سێش ئەو دەزگایە نابێت وەکو وەزارەتێك سەیر بکرێت، ئەبێ مجلسی ئیدارە دەستەڵاتەکانی هەبێت، چونکە وەزیریش بەشدارە تێیدا، نایبەکەشی بەشدارە، دەزگاکانی تریشی بەشدارە، منیش پیم وایە ئەو 13- 14 ئەندامەی کە کاك فرسەتیش ئیشارەتی پێدا، فعلەن ئەوە زیادە، ئەگەر هاتوو تەنزیمی ئیش وکاری مجلسی ئیدارەی ئەو دەزگایە کرا، بەراستی لەناحیەی تەصویت و ئەو شتانە مومکینە تووشی خەلەل بێت، بۆیە مومکنە ئەوانە تەقلیص بکرێن بەو شێوەی نا، ممثل الوزارات عند الاقتضاء ئەگەر پێویستی کرد وەزارەتی پەیوەندیدار بانگ بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخۆی هەر قەراراتێك کە لەلیژنەکان دەردەچێت، ئەگەر سەرۆکی دەزگا یان وەزیری تایبەتمەند، تەصدیقی نەکەن کاری پێناکرێت، جا وابزانم ئەو لیژنەیەی ئەگەر فراوان بێ یان فراوان نەبێ هیچ لە مەوقیع ناگۆڕێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لیژنە نیە، ئەوە ئەنجومەنە، مجلسە، کاك سەردار.

**بەڕێز سردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم فەقەرەی چوارەم ممثل عن کل وزارات، بیکەینە شێوازێکی مفتوح یەعنی بڵێین، ممثل عن اي وزارة يقترحه المجلس وتقتضي الوزارة، یاخود نەوعێکی تری لێ بکەین، کاملی ئەو دەزگایە بکەینە مجلسێکی ئیستشاری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆئەوەی زۆر وەختمان لێ نەبات، ئەو صیغەیەی لیژنەی قانونی نووسیویەتی، پێم وایە ئەو فەقەرەیە ئیزافە بکرێت باشە، أي خبير أو مستشار يختاره رئيس المؤسسة من داخل المؤسسة أو خارجها دون أن يكون له حق التصويت. ئەوە زیاد بکرێت پێم باشە، دون أن يكون له حق التصويت ئەوە ئیزافە بکەین کاکە، بۆ ئەوەی حەقی نەبێت لە مجلسی ئیدارەکە، لیژنەش نیە مجلسە، نووسراوە لیژنە، أي خبير أو مستشار يختاره رئيس المؤسسة من داخل المؤسسة أو خارجها دون أن يكون له حق التصويت. ئێستا ئەو ماددەیە بەو مولاحەزەی کە درا، فەقەرەی چوارەکە نامێنێتن، موقتەرەحی لیژنەی یاسایی ئیزافە ئەکرێت، فەقەرەی دووەمیش نائب رئيس مؤسسة، ئیزافەی ئەوە دەکرێت، ويحل محل رئيس المؤسسة عند غيابه، فەرموو کاك جمال.

**بەڕێز جمال شمعون ايليا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگە پێنج غەڵەتێکی مەتبەعی زۆر گەورە هەیە، بەڕاستی دەڵێت: يكون للجنة مقرر يختاره رئيس المؤسسة. یەعنی ئەگەر ئەو لیژنەیە نەبێت بڕیاردەرەکە، زۆر گەورە دەبێت دەبێ بڵێت يكون للمجلس، واتە با ئەو للجنه ببێتە مجلس، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی جەنابت ئیشارەتت پێ کرد، بەنیسبەت خبير ومستشار، حەقی تصویتیان نیە، بەقەناعەتی من جێگای ئێرە نیە، جێگای لە ماددەی نۆ هەیە، لە ماددە نۆش چۆنیەتی ئیش وکاری مجلسی ئیدارەی باس کردیە، لەوێندەرێ جێگای دەبێتەوە، ئینجا ئەو ماددەیە ئیحالەی نیزام بکرێت، یان نەکرێت ئەوە شتێکی ترە، بەقەناعەتی من ئێرە جێگای نیە کە بڵێین له حق التصويت، بەڵکو لە ماددەی نۆ جێگای دەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەنگمان بۆداوە کاك شێروان، کاك محمد فرج.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من وا ئەزانم ئەم دەزگایانە بكەین بە دوو بەش، بەشێكی هەموو دەستەیەك هەموو دەزگایەك خۆی مجلسی ئیدارەی هەیە، خۆشی وتوویەتی لەمانە پێك دێت، لە ماددەی پێنجدا ئەم دەزگایە لەمانە پێك دێت، ئەمانە ئەساسیاتی ئەم دەزگایەن، ئەمەیە مجلسی ئیدارەكەی، دووەم بەڵام لەگەڵ ئەم وەزارەتانەدا، هەماهەنگی دەوێت، یەعنی ئەكرێت مەسەلەن ناوی بنێم ئیستشاری، ئەوەی كەجەنابت ئیشارەتت پێكرد، یەعنی ئەنجومەنێكی ڕاوێژكاری هەبێت لەگەڵ ئەم وەزارەتانەدا، چونكە ئیشەكانی تێكەڵاوەو پەیوەندی بەمانەوە هەیە، بیكەین بەدوو بەش بەشێكی ئەوە مجلسی ئیدارەكە هی خۆیەتی، تایبەتە بەدەزگاكەوە، دووەم ئیستشارییەكی هەر ئەوێت، یەعنی راوێژكاریەكی ئەوێت لەگەڵ ئەم وەزارەتانەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر خاڵی چوارەم هەیە، كە ئەڵێت ممثل عن كل وزارات، وەزارەتەكان نووسراوە التربية، الصحة، الشؤون الاجتماعية، چونكە ئێستا عمل و الشؤون الاجتماعية البيئة، السياحة، الاعمار والاسكان، هەر ئاوەدانكردنەوەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەر باش بوو لە نوقتەی نیزامەكە نەت وت، من ئەو مولاحەزەی كاك شێروان مادام دەنگمان پێ نەداوە، هەرچەندە من لێرە دەیبینم زۆر ئاساییە، ئەگەر هەبێتن، لیژنەی قانونی خۆتان رەئیتان چیە، جەنابی وەزیر رەئی چیە.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی هیچ جیاوازیەكی نیە، ئەوەی كاك شێروان باسی كرد، فیعلەن لە سەلاحیاتەكانی دەزگاكە، باس لەوە دەكات، كاتی پێویست بانگهێشتی نوێنەری ئەو وەزارەتانە دەكات، وەكو لیژنەی ئیستشاریەكەی لێ دێت، جا چ جێی بكرێتەوە لەویا یان لەزمنی سەلاحیاتەكانی مجلسە ئیداریەكەی بێت هیچ فەرقی نیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك فرسەت رەئییەكی هەیە، ئەڵێت ئەگەر ناوی بێنی خبیر ئەوە ئەندامە، ئەندامی لیژنەكەیە، ئەگەر لە ماددەی شەش شەتبی بكەن بیبەنە وێندەر، دەكرێ لەوێش ئیزافەی بكەین و بڵێین حەقی تصویتیشی نیە،

ئەگەر موافقن لێرە شەتبی دەکەین، لەوێ دای دەنێین، لیژنەی یاسایی ڕەئیێکی هەیە، موخالفی ئەو ڕەئییانەی کە درا.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕەئی ئێمە لێرە بمێنێتن، لەو ماددەیە ئەو بڕگەیە، کە بڕگەی چوارەمی پێ دەڵێین، أي خبیر أو مستشار یختاره رئیس المؤسسة وەحەقی تصویتیشی هەبێت، بەرەئی من چونکە یەك خبیر دادەنرێت، ئەوە یەك، چونکە ماددەی نوێ، ئێمە لەهەموو وەزارەتەکانی تر، دائیمەن ئیجرائاتی ئیجتماعات و ئەوشتانە بە نیزام تەنزیمی ئەکەین، نەك بەقانون بیهێنینە خوارێ، مومکینە ئێمە بگەینە ئەو کاتی ئیقتراحی ئەوەی بکەین، ئەصڵەن نەمێنێت لەغو بکرێتەوە، ئەو ماددە نوێیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر وابێتن ئەبێت تەحدید بکرێتن، چەند خبیر، چەند موستەشار، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شەرت نیە لەکۆبوونەوەکان یەك خبیر بانگ بکرێت، وەکو مامۆستا کاکە وتی، ڕەنگە چوار خبیر بانگ بکرێت هی چوار وەزارەت، یان پێنج خبیر بانگ بکرێت، بەپێی پێویست، ئەگەر یەك بێت ڕاست دەکات وایە، بۆیە یەك خبیر نابێتن لێرەدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

صیغەکەی ئەوەڵمان پێ باشە، أي خبیر أو مستشار دون أن یکون لە حق التصویت، ئەوە ئیزافە بکرێتن، ماددەکە بەو تەغیراتانە دەخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵێدایە بادەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە تکایە، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەیەکی تر.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوتەم: سەرۆکی دەزگا ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی دەبێ:

1-بەڕێوەبردنی کاروباری دەزگا.

2- پەسندکردنی مۆڵەتی کاری ئەو ڕێکخراو و کۆمپانیا (ناوخۆی وبیانی)یانەی لە مەیدانی کاروباری مین کاردەکەن، کە لە وەزارەتە تایبەتمەندەکانی حکومەتی هەرێم تۆمار کراوون.

3- گرێبەستی مۆرکردن لەگەڵ کەسان وڕێکخراوو کۆمپانیاکانی (ناوخۆیی وبیانی) کە لە مەیدانی کاروباری مین کار دەکەن.

4- کارکردن لە پێناو گۆڕینەوەی ئەزموون وزانیاریەکان لەگەڵ دەوڵەت وریکخراوی پەیوەندیدار لە مەیدانی کاروباری مین.

5- ئامادەکردنی بودجەی گشتی دەزگا وبەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ پەسندکردنی.

6- پێشنیارکردنی پلانەکانی دەزگای ساڵانە وبۆ پێنج ساڵ ودرێژخایەن.

7- پێشنیارکردنی دامەزراندنی فەرمانبەران لە دەزگادا.

8- پەسندکردنی قەرەبووکردنەوەی کارمەندانی دەزگا، ئەوانەی بریندار دەبن یان دەمرن لە میانەی جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان یان بە هۆیەوە.

9- نوێنەرایەتی کردنی دەزگا لەبەردەم دادگاکان وفەرمانگەکانی پەیوەندیدار.

10- پێشنیارکردنی ڕێنماییەکانی پێویست بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە وبەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران.

11- سەرۆك بۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی خۆی بدا بە جێگرەکەی وبەڕێوەبەرەگشتیەکان وبەڕێوەبەرەجێبەجێ کارەکانی دەزگا.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة:ـ يمارس رئيس المؤسسة الصلاحيات التالية:ـ

1ـ ادارة شؤون المؤسسة.

2ـ المصادقة على اجازة عمل المنظمات والشركات (المحلية والاجنبية) العاملة في مجال شؤون الالغام والمسجلة في الوزارات المعنية في حكومة الاقليم.

3ـ ابرام العقود مع الافراد والمنظمات والشركات (المحلية والاجنبية) العاملة في مجال شؤون الالغام

4ـ العمل على تبادل الخبرات والمعلومات مع الدول والمنظمات ذات العلاقة في مجال شؤون الالغام.

5ـ إعداد الميزانية العامة للمؤسسة ورفعها الى مجلس الوزراء للمصادقة عليها.

6- اقتراح الخطط السنوية والخمسية وبعيدة المدى للمؤسسة.

7- اقتراح تعيين الموظفين في المؤسسة.

8- المصادقة على التعويضات لمنتسبي المؤسسة الذين يتعرضون للاصابة او الوفاة من جراء الواجب او بسببه.

9- ايفاد الموظفين الى داخل او خارج الاقليم لتحقيق اهداف هذا القانون.

10- تمثيل المؤسسة امام المحاكم والدوائر ذات العلاقة.

11-إقتراح التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون ورفعها الى مجلس الوزراء.

12- للرئيس تخويل بعض صلاحياته الى نائبه والمدراء العامون والمديرين التنفيذيين في المؤسسة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەئی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە بڕگەی سێیەم لەكۆتاییەكەی بموافقة مجلس الوزراء مان داناوە، یەعنی ابرام العقود مع الافراد والمنظمات والشركات (المحلية والاجنبية) العاملة في مجال شؤون الالغام بموافقة مجلس الوزراء. وەلە بڕگەی چوارەم، العمل على تبادل الخبرات والمعلومات مع الدول والمنظمات ذات العلاقة في مجال شؤون الالغام بموافقة مجلس الوزراء. ئەوەمان بۆ زیاد كردووە ئەوە لەلایەك، لەیەكی تر بڕگەی (5و6) ئیقتراح دەكەین كەوا بگوازرێتەوە، بۆ ئیختصاصاتی مجلسی ئیدارە، كەلە ماددەی هەشت هاتیە، بڕگەی 9 ایفاد الموظفين الى داخل او خارج الاقليم لتحقيق اهداف هذا القانون. هەر ئەصڵەن خەتمان لێ داوە لەئەوەڵەوە، كە ئیعتیبارەن پێویست ناكات، دەیەم، تمثيل المؤسسة امام المحاكم والدوائر ذات العلاقة. ئەوە پێویست ناكات، ئەوە تحصيل حاصلە، چونكە دەزگایەو بەخۆمان پێمان گوتیە، شخصیەی معنوی هەیە، لە دوازدەم للرئيس تخويل بعض صلاحياته الى نائبه والمدراء العامون والمديرين التنفيذيين في المؤسسة. والمديرين التنفيذيين مان رەش كردیتەوە، چونكە هەر نەمایە، ئەوەندەیە ئیقتراحەكەمان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك سەعد.

**بەڕێز سعد خالد محمد امين/ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ هەموو موقتەرەحەكانی لیژنەی قانونین، تەنها ئەوە نەبێت، لە خاڵی سێیەم، گرێبەست مۆركردن لەگەڵ كۆمپانیاكانی ناوخۆیی، ئەوە لەزمنی سەلاحیاتی دەزگا خۆی بێت، ئەوانەی كەبیانیشن، دوای وەرگرتنی موافەقەتی مجلس وزەرا بێت، وەكو ئەوانەی كەلەوەزارەتەكانی تردا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

موقتەرەحاتی لیژنەی قانونی هەمووی دروستە، لەگەڵ قانونی وەزارەتەكانی تریشدا دەگونجێتن، ئەو مولاحەزەی وەزیری هەرێم كاك سعد دای، ئەویش راستە، ابرام العقود مع الافراد والمنظمات المحلية ئەوە ئیختصاصی خۆیەتی، بەڵام هی الاجنبی افراد بێت یان منظمات بێت، ئەوە دەبێت بەموافەقەی مجلس وزەرا بێت، لە صیاغەكەدا بیگۆڕن، من پێم وایە موقتەرەحەكانی لیژنەی قانونی هەمووی بەجێیە، بەو مولاحەزەی كە ئاماژەمان پێكرد، 9و 10 شەتب دەكرێتن بەپێی موقتەرەحی ئەوان، تحصیل حاصلە، ئەی هەشتەم چیتان وتووە، ئێستا كێ رەئی هەیە لەسەر ئەو موقتەرەحەی لیژنەی قانونی و وەزیری هەرێم كاك سعد، فەرموو كاك جمال.

**بەڕێز جمال شمعون ايليا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەماددەی پێنج مودیریات ئیلتیزاممان کردیە، کە لە سەلاحیاتی سەرۆکی دەزگا بێت، ئێستا لەناو سەلاحیاتی سەرۆکی دەزگا هیچ بڕگەیەك نیە، ئاماژە بەوە بکاتن، پێویستە بڕگەیەك زیاد بکرێتن، (لرئيس المؤسسة استحداث او إلغاء مديريات بحسب مقتضيات المصلحة العامة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە ماددەیەکی تر هەیە ئەوە حازرە، کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ پێشنیارەکەی لیژنەی قانونیمە، بڕگە (6-5) بگوازرێتەوە، بەڵام ئیقتراح بکرێتە وضع ئەوەی اقتراح الخطط السنوية، بکرێتە وضع الخطط السنوية والخمسية بکرێتە وضع الخطط الخمسية، دوو، بڕگە یازدە دەڵێت، إقتراح التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون ئیقتراح بکرێتە اصدار، چونکە ئیقتراح دەکات بۆ کێ سەرۆکی دەزگا، دەبێ حەقی ئیصداری هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی یازدە راستە ئیقتراحەکە دەبێ بکرێتە اصدار، ، إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون، ورفعها الى مجلس الوزراء ئەوەش زیادە، بڕگەی یازدە یەکەم دەبێتە إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون، ورفعها الى مجلس الوزراء، ئەوە پێویست ناکات و زیادە، گەلاوێژ خان فەرموو.

**بەڕێز گەلاوێژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ پێشنیارەکانی لیژنەی قانونیم بەس تەنها بڕگەی چوار، العمل على تبادل الخبرات والمعلومات مع الدول والمنظمات ذات العلاقة في مجال شؤون الالغام. وابزانم ئەوە ئەرکەکانی دەزگاکەیە نەك لەسەلاحیاتی سەرۆکی دەزگا بێت، بەنیسبەت موتقەرەحەکەی کاك سەردار، من لەگەڵیمە بەس بەشەرتێك بەس، ورفعها الى مجلس الوزراء بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە هەم ئەرکە هەم تەنفیزە هەردووکیانە، دەبی لەوێش هەبێ و لەوێش هەبێت، لەوێ واجبە کێ جێبەجێی ئەکات، دەبێ دیاری بکرێتن، دەبێ لێرەشدا ئاماژەی پێبکرێتن، ئەگەر ئەو موقتەرەحە فەقەت، کەسێك دەیەوێت تەعلیقی لەسەر بدات وتمان، إقتراح التعليمات، بکرێت بەإصدار التعليمات، ورفعها الى مجلس الوزراء کە تازەیە پێم وایە دروستە، کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

كە ئیقتراح دەكرێت ئیقتراح لۆ ئەنجومەنی وەزیران دەكرێ ئەوان إصداری دەكەن ئەنجومەنی وەزیران، لۆیە نووسرایە ئیقتراح، بەس ئەوی دیكە إقتراح الخطط السنویة، پێم وایە وضع الخطط السنویة، راسترە، وەكو كاك سەردار ئاماژەی پێدا زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەی دووەم وەزعەكە راستە، بەڵام ئەو إقتراحە راست نیە، دەسەڵات، دەسەڵاتی خۆیەتی، إصدار التعلیمات، هەندێ شت لابرا، ئێوە مولاحەزەی ناكەن رفعها الی مستشار لادەبرێتن، ئێستا ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگەوە بەو ئیقتراحانەی كەوەرگیرا كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە بەتێكڕای دەنگ وەرگیرا، تكایە ماددەیەكی تر.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی هەشتەم: ئەنجومەنی كارگێری ئەو تایبەتمەندیانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێ:

1- ئامادەكردنی هەموو زانیاریەكانی هەمە لایەنەی پەیوەست بە كاروباری مین ودەستنیشانكردنی گرینگترینیان لە مەیدانی نەهێشتنی میندا.

2- كاركردن بۆ هەماهەنگی كردنی پرۆسەكانی نەهێشتنی مین لەگەڵ هەموو فەرمانگەو دەزگاكانی حكومی پەیوەندیدار لە حكومەتی هەرێمدا.

3- بەشداریكردن لە نەخشەكێشانی سیاسەتی گشتی دەزگا لە مەیدانی كاروباری مین لە ژێر سێبەری حوكمەكانی ئەم یاسایەدا.

4- بەشداریكردن لە ئامادەكردنی ڕاپۆرتی ساڵانە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، هەموو چالاكی ودەستكەوت وگیروگرفت وپێشنیارەكانی دەزگای تێدا دیاری دەكرێت.

5- بەشداریكردن لە ئامادەكردنی پلانی ساڵانەو بۆ پێنج ساڵ ودرێژخایەن لە دەزگادا.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة: یمارس مجلس الادارة الاختصاصات التالیة:-

1. توفیر جمیع المعلومات القطاعیة والمعنیة بشؤون الالغام وتحدید الاولویات في مجال ازالة الالغام.

2. العمل على تنسیق عملیات ازالة الالغام مع كافة الدوائر والمؤسسات الحكومیة المعنیة في حكومة الاقلیم.

3. المساهمة في رسم السیاسة العامة للمؤسسة في میدان شؤون الالغام ضمن احكام هذا القانون.

4. المساهمة في اعداد تقریر سنوي الى مجلس الوزراء یتضمن نشاطات وانجازات ومشاكل واقتراحات المؤسسة.

5. المساهمة في اعداد الخطط السنویة والخمسیة وبعیدة المدى للمؤسسة.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە بەنیسبەت ئەو خاڵانەی کە هاتووە، لە ماددەی هەشتەم، هەمووی پشتگیری لێ دەکەین تەنها ئەوە نەبێت لەماددەی حەڤدە، حەفتەم دوو بڕگەمان نقل کرد بۆ ماددەی هەشت، ئەویش پێنجەم و شەشەم بوو، کە تەماشا دەکەین لە هەشتەم، بڕگەی شەشەم هاتووە، کە دەڵێت: المساهمة في اعداد الخطط السنوية والخمسية وبعيدة المدى للمؤسسة، تەنها بڕگەیەکی ماوە ئیزافەی بکەین، اعداد الميزانية العامة للمؤسسة ورفعها الى مجلس الوزراء للمصادقة عليها. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ئەو چوار وپێنجەی لەوێندەرە گوتمان بێتە ئێرە، لێرە پێنجەم هەیە، تكرارە، اعداد الميزانية العامة للمؤسسة ورفعها الى مجلس الوزراء للمصادقة عليها. ئەوە دێتە ئێرە، إقتراحەكە دەبێتە وضع الخطط السنوية والخمسية وبعيدة المدى للمؤسسة، ئەگەر كەس قسەی لەسەر نەبێتن ئەيخەمە دەنگەوە، سۆزان خان قسەی لەسەر هەيە، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە كاك خليل هەمان قسەی كرد، پێويست ناكات هەمووی المساهمة بێت، بەشداری كردن چونكە ئەوە كاری ئەو مجلسەيە، ئەبێ وضع بێت، ياخود هەر لەخاڵی سێهەم دا، رسم السياسة العامة لەخاڵی چوارەم دا، وضع واعداد تقرير سنوي الى مجلس الوزراء.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە هەر مساهمەكەيە لادەبرێت دەبێتە الرسم، لە سێيەم لادەبرێت المساهمە في لە چوارەم لادەبرێت، دەبێتە إعداد التقرير، ئەوی تريش وەكو خۆی دەمێنێتەوە، بەو گۆڕانكاريانەوە دەيخەمە دەنگەوە كێی لەگەڵدايە بادەستی بڵند بكات تكايە، فەرموون كێی لەگەڵدانيە بەتێكڕای دەنگ وەرگيرا، تكايە ماددەيەكی تر.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی نۆیەم:

1-كۆبونەوەكانی ئەنجومەن بە سەرۆكايەتی سەرۆكی دەزگا يان جێگرەكەی لە كاتی ئامادەنەبوونی دەبێ.

2- ئەنجومەن بە شێوەيەكی ئاسايی ولەسەر بانگێشەی سەرۆكی دەزگا هەر شەش مانگ جارێك كۆدەبێتەوە وبەشێوەيەكی ڕادەبەدەريش لەسەر بانگێشەی سەرۆكی ئەنجومەن يان لەسەر داوای 3/1ی ئەندامانی لە كاتی پێويستدا كۆدەبێتەوە.

3- ژمارەی یاسایی ئەنجومەن بە ئامادەبوونی 3/2ی ئەندامانی تەواو دەبێت، بیرکارەکان بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان دیاری دەکرێت ولەکاتی یەکسانیبوونی دەنگەکان، ئەو لایەنە دەیباتەوە کە دەنگی سەرۆکی تێدایە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة:

1- تكون اجتماعات المجلس برئاسة رئيس المؤسسة او نائبه عند غيابه.

2- يجتمع المجلس بصورة اعتيادية بدعوة من رئيس المؤسسة مرة واحدة كل ستة اشهر ، ويجتمع بصورة استثنائية بناء على طلب رئيس المجلس او بناء على طلب ثلث اعضائه كلما دعت الحاجة الى ذلك.

3- يتم النصاب القانوني للمجلس بحضور ثلثي الاعضاء وتتخذ القرارات بأغلبية الحاضرين وعند تساوي الاصوات يرجح الجانب الذي صوت فيه الرئيس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو پێشان عەرزم کردن، وەلەو ئێمە لە راپۆرتەکەمان هێشتوومانەتەوە، کل ستة اشهر کردوومانەتە کل ثلاث اشهر، بەلأم لەبەر ئەوەی ئەوە ئیجرایەکی یاساییە، پێویست بەوەی ناکات، چونکە سەرۆکی دەزگا دەتوانێ حەتا بەتەعلیماتیش ئەوەی دابنێتن، بۆیە ئێمە ئیقتراح دەکەین ئەو ماددەیە هەر لەغو بکرێت سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەوە وجهە نەزەرێکە، جانبی ئیجابی و جانبی سلبیشی هەیە، لایەنی ئیجابیەکەی موقتەرەحە، ئەوەیە کەماددەیەك کەم دەبێتەوە، موختەسەر دەبێتەوە بەپێی نیزامی داخلی، بەلأم خالێك هەیە لێرە هەر دەبێ بشگۆڕێتن، لێرە شەش مانگە، سێ مانگەکە ئیلزامی بێتن، یەعنی شەش مانگ زۆرە، حەدی ئەدنا سێ مانگ بێتن، یەعنی ئەوانە هیچ زەرەرێکی نیە تێیدا بێتن، قانونی نیصابیش زۆرە ثلث بێتن، اکثریەتی مطلق بێتن من پێم وایە بمێنێت باشە، من نازانم لیژنەی یاسایی ئەگەر سەنەدەکەی بەقوەت نەبێتن بۆ لابردنی، بەتایبەتی ئەو ئیلتزام کردنە قانونیەن کە دەبێ کۆبوونەوەی مجلیسەکە لای کەمی سێ مانگ جارێك هەبێت، دووش نیصابەکە بەپێی اکثریەت بێتن، چونکە ثلث لەوانەیە رێك نەکەوێت، مومکینە 3 -4 یەکیان سەفەریان کردبێتن، ئەگەر مولاحەزەتان لەسەر ئەوە هەبێتن، بۆ ئەوەی لیژنەی قانونی بەشکوم موقتەرەحەکەیان سەحب بکەن، پێش ئەوەی بیخەمە موناقەشە، کاك سەعد قسەتان هەیە لەسەر ئەوە فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش پێمان وایە ئەگەر لیژنەی قانونی ئەو پێشنیارەی خۆیان سەحب بکەن، ئەوا مانی ئەو ماددەیە بەباش دەزانین، پێشنیاری خۆشمان ئەوەیە شەش مانگەکە بکرێت بەسێ مانگ، تەئیدەن بۆ رەئیەکەی جەنابیشت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە راپۆرتەکەمان تەبعەن ئەوە موفتەرەحی ئێمە نەبووە، ئێمە ئێستا حالیەن ئەو ئیقتراحەمان کردووە، ئەگەر پێتان باشە مانع نین با بمێنێتن، بەڵام شەش مانگەکە ببێتە سێ مانگ وەکو لە ڕاپۆرتەکەماندا هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دەبێتە موفتەرەحی هەر سێکتان، کەواتە ئەو خاڵە دەمێنێتەوە بەو ئیقتراحەی کە کراو لیژنەی یاساییش شەش مانگەکە دەبێتە سێ مانگ، علی الاقل یەعنی سێ مانگ جارێك لای کەمی، نیصابەکەش ئەبێتە اکثریە، کێ قسەی هەیە ئیزافەتەن لەسەر ئەوانە، ئەوانە تکرار مەکەنەوە، فەرموو کاك ئارام.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئێمە بەپێی ئەو یاسایانەی کە بۆ وەزارەتەکانی پێشوو دەرمانکردووە، بەڕاستی هەر یەکێ لەو وەزارەتانە بۆ لیژنەکانی ئیستشاری بەو شێوەیە نەچووینەتە ناو ووردەکاریەکانەوە، هەرچەندە جەنابیشتان ئیشارەتتان پێدا بۆ ئەوەی کە بمێنێتەوەو لیژنەی یاسایی پێشنیارەکەیان هین کردەوە، بەڵام من پێشنیاری ئەوە دەکەم ماددەی نۆیەم و دەیەم، یەك بخرێت و لەوێدا بەبڕگەیەك ئیشارەتی پێ بدرێت، کە کۆبوونەوەکان ماوەی سێ مانگ بێت نەك شەش مانگ، لە هەمان کاتیشدا دانیشتن وکۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بەپێی نیزام داخلی رێك بخرێت، نەك بەوەی کە ئێمە بە دوو لەسەر سێ و یاخود ئەو هەموو وردەکاریە ئیشارەتی پێ بدرێت زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەروەکو مولاحەزەیەك شەرت نیە دەزگا عەینی شت بێتن، ئەو دەزگایەو ئەو لامەرکەزیە، فەرقی هەیە لەگەڵ وەزارەتەکان، کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئیقتراح دەکەم، ئەو دەزگایە نوێیە ئیشوکاریان زۆر دەبێت، بکرێتە هەموو مانگ، لەبۆ ماوەی ساڵێك دوایی بکرێتەوە بە سێ مانگ جارێك، یان تەحدید نەکرێت، چونکە زۆر زۆرپێویستە هەموو مانگێك بێت ئەو کۆبوونەوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من بۆ ئیختیصارەن بۆ وەقت، زۆر شت جواب ئەدەمەوە، ئەوەلەن كە دەڵێن سێ مانگ، بەلای كەمی بۆیان هەیە دوو هەفتە جارێك كۆببنەوە، ئێمە ئەڵێین ئیلزامیەكە سێ مانگە، قەتعیە، لەبەر پێویستیان رەنگە دوو هەفتە جارێك كۆببنەوە، تا ساڵێكیش مانگانە بێت، حەفتانە بێت، خۆیان قەراری لێ دەدەن، كۆێستان خان.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بڕگەی دووەم ئەنجومەن بەشێوەیەكی ئاسایی سێ مانگ جارێك كۆبوونەوە ئەكات، من پێم وایە ئەم بانگهێشتەی سەرۆكی دەزگا زیادە، چونكە كە كۆبوونەوەی ئاسایی بێت و سێ مانگ جارێك بێت، پێویست ناكات سەرۆكی دەزگا هەموو جارێك بانگهێشت بكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كوێستان خان من باش تێنەگەشتم بەڵام با جوابت بدەمەوە ئەگەر ئەوە بێت مەقصەدت باشە، بەڵام هەر دەبێت سەرۆكی دەزگا تحدیدی مواعیدی دانیشتن بكاتن، داواكە هەر ئەبێت ئەو بیكات كێ بیكات باشە، بەو گۆڕانكاریانەی كە باسمان كرد، ماددەكە دەخەمە دەنگەوە بە وەرگرتنی ئەو مولاحەزاتانەی كە وەزیریش وەری گرت، كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە بادەستی بڵند بكات، بەكۆی دەنگ وەرگیرا تكایە ماددەیەكی تر.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دەیەم:

هەموو بڕیارەكانی دەزگاو ئەنجومەنی كارگێری بۆ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران ڕەوانە دەكرێت بۆ پەسندكردنی، دوای بەسەرچوونی (15) ڕۆژ لە دوای گەیشتنی ودەرنەبڕینی نارەزایی، بڕیارەكان پلەی بنەبڕ وەردەگرن، بەپێچەوانەوە، بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران بە بڕیاری كۆتایی دادەندرێت.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة عاشرة: ترسل جميع قرارات المؤسسة ومجلس الادارة الى رئاسة مجلس الوزراء للمصادقة عليها وعند عدم الاعتراض عليها بعد مضي (15)خمسة عشر يوماً من تأريخ ورودها اليه تعتبر باتاً وبخلاف ذلك يكون قرار مجلس الوزراء نهائياً.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەڵڵا من حەزەكەم ئەوەم بۆ شەرح بكەن بەڕاستی، یەعنی ناردنی ئەو قەراراتانە بۆ ئەنجومەنی وەزیران لەبەر چیە؟ فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوا پێشنیاری ئێمە ئەوەیە، ئەو ماددەیە هەر هەڵبگیرێت، واتە لابدرێت، ئەوە موقتەرەحی لیژنەی قانونیشە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە، من وام زانی لیژنەی قانونی موقتەرەحی نیە، فەرموون.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسای ئیقتراحی لابردنی ئەو ماددەیەمان کردووە، چونکە پێویست ناکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا موقتەرەحێکی بەجێیە، دەیخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵ ئەوەدایە ئەو ماددەیە لابدرێت، تکایە بادەستی بڵند بکات، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە، بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا تکایە بۆ فەصڵی چوارەم ئەحکامی مالی.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی چوارەم

حوکمەکانی دارایی

ماددەی یازدەم:

داهاتەکانی دەزگا لەمانە پێك دێت:

یەکەم: ئەو بڕەپارانەی لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە لە ژێر بودجەی گشتییەوە بۆی دادەندرێت.

دووەم: ئەوەی بۆ هەرێم دیاری دەکرێت لە بەخشش وبەخشین کە لە لایەن دەوڵەتان ورێکخراوەکانی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان ورێکخراوە نێودەوڵەتی وناحکومیەکان پێشکەش دەکرێن.

سێیەم: بەخشش ویارمەتیەکانی ناوخۆیی وبیانی.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الرابع

الاحكام المالية

المادة الحادية عشرة: تتكون ايرادات المؤسسة من :ـ

أولاً: المبالغ المرصدة لها من قبل حكومة الاقليم ضمن الميزانية العامة.

ثانياً: ما يخصص للاقليم من المنح والتبرعات المقدمة من الدول كافة والمنظمات التابعة للامم المتحدة والمنظمات الدولية وغير الحكومية.

ثالثاً: الهبات والمساعدات المحلية والاجنبية.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان چیە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسای ئیقتراح دەکات، بڕگەی دووەم لابدرێت، هەروەها بڕگەی سێیەمیش الهبات والمساعدات والتبرعات المحلية والاجنبية. وە بڕگەی بموافقة مجلس الوزراء ئەوەشی بۆ زیاد بکرێت الهبات والمساعدات والتبرعات المحلية والاجنبية بڕگەی بموافقة مجلس الوزراء. نەك لەخۆیەوە وەری بگرێت،

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو دوو فەقەرەیە وەکو یەکن، بەڵام لێرەدا محلی بەس ئاگادارکردنەوەی دەوێت، موافەقەتی ناوێت پێم وایە، ئەجنەبی موافەقەتی دەوێتن، فەقەرەی دووەم ئیلغا بکرێتن ئەگەر حکومەت مانعتان نیە، سێیەمیش الهبات والمساعدات والتبرعات المحلية والاجنبية.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێشنیارێکی دیشمان هەیە داهاتی چالاکیەکانی دەزگا وخودی دەزگاکەش ئیزافە بکرێت، کە هەندێك داهاتیان هەیە بۆ خۆیان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە ئەصڵی پرۆژەکە نەهاتووە، ناوتان نەهێناوە، کێ قسەی هەیە، فەرموو کاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی بەرپرسیارە لە دانانەوەی مین لە کوردستان حکومەتی عێراقیە، لێرە ئێمە دەبێت لەمەودوا هەوڵ بدەین، یەعنی ئۆباڵی هەڵگرتنەوەو پاککردنەوەی کوردستان بەشێکی بەلانی کەمی بیخەینە ئەستۆی حکومەتی عێراقی لەبەر ئەوەی لە خاڵی یەکەمدا ئەو پارەیەی کەلەلایەن حکومەتی ئیتحادی و حکومەتی هەرێم تەرخان دەکرێت بۆ ئەو دەزگایە، لە خاڵی یەکەمدا حکومەتی ئیتحادی زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەیەکی بەجێیە، ئیزافەی بکەن، : المبالغ المرصدة لها من قبل حكومة الاقليم والحكومة الاتحادية. کاك ئارام.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی برای بەڕێز کاك ئاریز زۆر لەجێگای خۆی بوو، من پشتیوانی لێ دەکەم ئەمە یەك، دووەم لە هەمان کاتدا پێم وایە ماددەی دووم، بەموتڵەقی هاتووە، بەڵام لێرەدا زۆر فراوانە، وڵاتانی یارمەتی بەخش بۆ کۆمەڵێك شتی جۆراو جۆر هاوکاری دەبەخشن بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەوە لابرێت، لە هەمان کاتیشدا ئەو داهاتەی کە بەڕێزان باسیان کرد، پێمان باشە کە روونکردنەوەیەکی لەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی بزانین چیەو چۆن دەکرێت، بۆ ئەوەی لێرەدا جێی بکرێتەوە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جمال.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من تێبینی ئەکەم، لەسەرتاسەری ئەو دەوڵەتانەی کە مەشاکیلی ئەڵغامیان هەبووە، دام ودەزگا مەصاریف ناکات لەخەڵکدا یارمەتی خەڵك نادات، کارەکەی خۆی ئەکات و دەستنیشانی خەڵك ئەکات، ئەو خەڵکە تەوجیهی وەزارەتەکانی تر ئەکات، وەزارەتەکانی تر بەکارەکە هەڵئەستن، بۆیە ئەو مەوزوعە بەنەزەری ئیعتیبار وەربگیرێ، لە دانانی میزانیەو ئەوشتانەی کەپەیوەندی پێوە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو موقتەرەحەی کاك ئاریز کە کاك ئارامیش پشتگیری خۆی لێکرد، ئیزافە کردنی حکومەتی ئیتحادی دەخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە با دەستی بڵند بکات تکایە، کێی لەگەڵدا نیە، بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا، بەموقتەرەحی لیژنەی قانونی کە بڕگەی دووی لابردیە، بڕگەی سێی الهبات والمساعدات والتبرعات المحلية وكذلك الاجنبية بموافقة مجلس الوزراء. وكذلك بڵێیت مانای وایە ئەجنەبیەکە دەگرێتەوە، چونکە محلیەکە موافەقەتی ناوێت بەس ئەجنەبیەکە موافەقەی دەوێت، الهبات والمساعدات والتبرعات المحليةعلى ان تكون الاجنبية بموافقة مجلس الوزراء. ئەو موقتەرەحە تازەی حکومەت کە دەڵێت الارادات الخاصة من المشاريع المؤسسة، تکایە چیتان هەیە بۆمان شەرح بکەن.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەوان لەڕێگەی تیمەکانیان، عەقد دەکەن لەگەڵ ئەو شەریکاتانەی کە دێن لەکوردستان ئیستسمار دەکەن، مەسەلەن بەنموونە شەریکەیەك دێت، لە مەجالێك ئیستسمار دەکات، پێویستی بە پاککردنەوەی ناوچەکە هەیە، ئەوان تەبیعی کاسیحەیان دەدەنێ، یان بابڵێین سەگی تایبەتیان هەیە، جا موقابیلی ئەوە جیهازی دەستیان هەیە، مقابلی ئەوە ئەوان عەقد دەکەن لەگەڵ ئەو شەریکانە، پارە وەر ئەگرن ئەو پارە دەبێتە بەشێك لەداهاتی ئەو دەزگایە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئیراداتی مەشاریع نیە، ئەوە لە زمنی یەکەم حساب دەکرێتن، یان محەلی یان ئەجنەبی، ئەوە من پێم وایە یەکەم ناکرێ داخلی قانونی بکەین، لەنگیشە لەقانوندا باسی شتی وا، بەلآم ئەگەر هاتە پێش خۆی دەزگا تەقدیر دەکاتن، ئەوە پێویست دەکات موافەقەتی ئەنجومەنی وەزیران وەربگرێتن، ئیراد تەقدیم دەکاتن، ئیعتباری دەکات بەهیبات بە مساعدات، ئەو موقتەرەحە وەرنەگیراوە، سەحبی بکەن، کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەکرێ ئەوە لەنیزام داخلی جێی بکرێتەوە، بڵێن للمؤسسة حق استیفاء الاجور من الشرکات لقاء تقدیمها الخدمات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەرگرتنی پارە بە نیزام مومکن نیە، قانونەن نەبێتن ناتوانن بەنیزام قەرار بدات، دەبێ ئیستناد بکاتە سەر ئەو قانونە، ئێستا ماددەکە دەخەمە دەنگەوە بەموقتەرەحی لیژنەی قانونی و بەو ئیزافەیەی کە دەنگتان بۆدا، کێی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا، تکایە بچۆ بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دوازدەم:

دەزگا لە باج وڕەسمەکان دەبوردرێ.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانیة عشرة:

تعفی المؤسسة من الضرائب والرسوم.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنە هیچ تێبینیەکی لەسەر ئەو ماددەیە نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە تەحصیل حاصلە دەیخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە، بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا، تکایە بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێزدەم:

أ- لە وەرگرتنی قەرزەکانی دەزگا یاسای بەدەستهێنانی قەرزەکانی حکومەت پیادە دەکرێ.

ب- ژمێریاری دەزگا دەکەوێتە ژێرچاودێری داراییەوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة عشرة:

أ- يطبق في جباية ديون المؤسسة قانون جباية الديون الحكومية.

ب- تخضع حسابات المؤسسة للرقابة المالية.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنە هیچ تێبینیەکی لەسەر ئەو ماددەیە نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات فەرموو کاك سەردار.

**بەڕێز سردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێمان وایە کە ئەو ماددەیە زیادە، لە دامەزراندنی ئەو دەزگایە دەڵێت ترتبط بمجلس الوزراء، بۆیە دەزگایەکی حکومیە، بۆیە قانون جبایة الدیون الحکومیة. ئەوەی لەسەر تەتبیق دەبێت، بەتەحصیل حاصل، دووەم حساباتیشی خاضع دەبێت بۆ رقابة المالیە. پێمان وایە زیادەو لابدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر بمێنێت بەقوەت ترە، بۆ ئەوەی دایم لەبیریان بێت کەلەژێر چاودێری مالیدان، شێخ فتاح نەقشبەندی.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا کاك سەردار قسەکەی منی کرد، منیش لەگەڵ ئەوە بووم کە ئەو ماددەیە لاببرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان رەئم هەیەو ئەم برادەرانەش هەمووی هەمان رەئیان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەیخەینە دەنگەوە، موقتەرەحێك هەیە دەڵێت ئەو ماددەیە لابریێتن، جەنابی وەزیر خۆتان رەئیتان چیە لەسەر ئەو ماددەیە، یان ئەو موقتەرەحە، پێش ئەوەی بیخەمە دەنگەوە.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمەش هەر تەئیدەن بۆ قسەكانی جەنابت پێمان وایە مانی هیچ زەرەرێكی نیە، بەعەكسەوە بەقوەتتری دەكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو موقتەرەحەی كە دەڵێت ئەو ماددەیە لابدرێتن كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە، فەرموون باشە كێ ئەوموقتەرەحەی كەلیژنەی قانونی و وەزیریش پەسەندی كرد كە بمێنێت لەگەڵیدایە با دەستی بڵند بكات تكایە، فەرموون پەسەند كرا چونكە ئەوانی تر پێشتر رەئی خۆیان دا، تكایە ماددەی چواردە.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی چواردەم: ئەنجومەنی وەزیران بۆ هەیە بەبێ بەرامبەر هەر خانووبەرەو زەویەكی دەزگا پێی بویَ بۆ ئەنجامدانی چالاكیەكانی بەناوی بكات.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لمجلس الوزراء تمليك المؤسسة بدون بدل ماتحتاجها من العقارات الحكومية لاداء نشاطاتها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رەئی لیژنەی قانونی.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی قانونی هیچ تێبینیەكی لەسەر ئەو ماددەیە نیەو تەئیدی دەكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەمن ئەو ماددەیەو ماددەی دواتر تێكەڵاون، كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە ئیلغا بكرێتن تكایە دەستی بڵند بكاتن، ماددەی چواردە كە دەڵێت، لمجلس الوزراء تمليك المؤسسة بدون بدل ماتحتاجها من العقارات الحكومية لاداء نشاطاتها. قسەتان هەیە، كاك رەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**خۆی هەموو دامودەزگایەکی حکومی بۆی عەرزو بینا تەخصیص دەکرێت، شەرت نیە تەملیك بێت، ئەوە مولّکی عامە ئەبێت بەناوی وەزارەتی مالیە بمێنێت، نابێ هەر وەزارەتێك هەر جێگەیەکی بۆ دیاری کرا بەناوی خۆی بکات، داوا دەکەم تەخصیص بێت، تەملیك نەبێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك ئاریێز فەرموو.**

**بەڕێز ئاریێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**مادام دەزگایەکی سەر بەحکومەتە، رەسمیە هیچ پێویست ناکات ئێمە بلّێین ئەی وەزارەتەکانی تر، دەزگاکانی تر حکومەت جێگایان بۆ تەخصیص ناکات، بۆیە پێویست ناکات لێرە ئەو بەندە بێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**گێلاس خان.**

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**پشتیوانی لە پێشنیارەکەی مام رەشاد ئەکەم با تخصیص بێت نەك تملیك، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**نازناز خان فەرموو.**

**بەڕێز نازناز محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەو هەموو پرۆژە یاساییانەی کە ئێمە لێرە تاوتوێمان کردوون، ئەو جۆرە فەقەراتانەی تیانەبووە، تەصەور ئەکەم ئەو جۆرە شتانە بەشێکە لە لایەنی ئیداری، چ پێویست ئەکات ئێمە لێرە خۆمان بەو ووردەکاریانەوە مەشغولّ بکەین، بێگومان هەر وەزارەتێك یان هەر دەزگایەك کە سەر بەحکومەت بێت خۆی ملك و ئەملاك و ئەو شوێنانەی کە پێویستیەتی بۆی دابین دەکات، ئەم وردەکاریانەی بۆ چیە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**دکتۆر ناصح.**

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**قسەکانی من کران سوپاس، هەمان رەئیم هەبوو.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من پێم وایە هەردووكیان زیادە، چونكە دەزگایەكە سەر بەحكومەتە، وەكو وەزارەتەكانی تر، ماددەی چواردە دواتریش ماددەی پازدە تحصیل حاصلە، حكومەت مولزەمە بە تخصیص كردنی، دام ودەزگا بۆیان، یارمەتی دانیان، میزانیە دانان بۆیان، بە هەموو شتێك لەبەر ئەوەی بینووسین یان نەینووسین، حكومەت هی خۆیەتی، خۆ جێگایەكی ئەجنەبی نیە، كاك سەعد فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە هاتنی ئەو یەك، دوو فەقەرەیە لێرەدا، بێ سەبەب نیە، برادەران هەموویان وا باس ئەكەن تا ئێستا لە 10 - 15 ساڵی رابردوو، لەگەڵ ئەوەی كە خۆتان دەزانن ئەو دەزگایە ئەهەمیەتی چەند گەورەی هەبووە، باسمان كرد تەبیعی لەپێش پرۆسەی ئازاد كردنی عێراق، دوای پرۆسەش، كەچی تا ئێستا لەخانووی بەكرێن، بۆیە ئەوان پێیان وایە، بەڵام ئەوان پێیان باشە ئەوە هەبێت بەس بەئیزافەی پێشنیاری مام رەشاد و ئەوان فعلەن تخصیص بێت، یەعنی شەرت نیە مولك بێت زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نازناز خان ئەگەر نوقتەی نیزام نەبوو قەتعت ئەكەم عەفووم بكە، فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵامێك بۆ كاك سەعد، لەبەر ئەوەی تاكو ئێستا قانون نەبووە، بۆیە بەكرێ بووە، یان بەو شێوەیە بووە بۆی تەرخان نەكراوە، كە ئەو پرۆژە یاسایە دەربچێت ئەو كاتە هەموو شتەكان بەشێوەی قانونی ئەكرێت،

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە نوقتەی نیزام نەبوو، مولاحەزەی كە كاك سعد دای وەجاهەتی هەیە هەردووكیان وەجاهەتیان هەیە، بەڵام ئەگەر ئیلغا بكرێتن، وەكو وەزارەتەكانی ترە، ئەگەر بشمێنێتەوە تملیكەكە بكرێتە تخصیص، مامناوەندی دەبێتن، ماددەكەی تریش ئەویش دواتر ئیلغا دەكەینەوە، لەبەر ئەوەی مولاحەزەی چەند ئەندامێكی پەرلەمان درا، كاك رەشاد وبرادەرانی تریش تەئیدیان كرد، تملیكەكە بكرێتە تخصیص، ماددەی چواردە، لمجلس الوزراء تخصیص المؤسسة بدون بدل ماتحتاجها من العقارات الحكومیة لاداء نشاطاتها. بەدەلەكەی ناوێت كە تخصیص بێت، یەعنی بدون بدل شەتب دەكرێت، كاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بازان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

با دەنگدانەكە لەسەر تخصیص یان ئیلغا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نیو نیزامە چونکە ئەوە هەر وا دەبێتن، کاك کەمال قسەی هەیە فەرمووو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله ( د. کەمال کەرکوکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت شەریکاتی ئەجنەبی دێن بۆ ئیستسمار تملیك دەکرێت، ئەمە دەزگایەکە بۆ خۆی کوردستانە، با ئەوەی هەبێتن تەملیك بێتن بۆچی تملیك نەبێت، کە دەزگایەکە لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستانە، بە دائیمی کار دەکات بۆ پاککردنەوە، بەرەئی من تملیك بێت باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەتۆ خۆت قسەت نەکرد مدحم کردی، فەرمووو دکتۆر ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایەو دیسان تەئکید دەکەمەوە نەبێت باشترە، نەك بیکەنە تخصیص، چونکە ئەگەر بیکەنە تخصیص دوایی تەملیك قەت بۆیان ناکرێت، واتە تەملیك ناکرێت بەڵام ئەگەر لەیاساکەدا نەبێت ئەتوانرێت تەملیکیش بکرێت، وتخصیصیش بکرێت لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەزانن چی خۆ ئەگەر ئیلغای بکەین حکومەت موەجەهە بۆ ئێوە، ئەگەر ئیلغای بکەین حکومەت دەتوانێت هەم تەملیك و هەم تخصیصی بکات بۆتان، دیارە رەئی برادەران لەگەڵ ئەوە نیە تملیك بکرێتن، ئەگەر تخصیص بێت رێگاتان دەگیرێت بۆ تملیك، ئەگەر ئیلغای بکەین ئەو دەرگایە کراوەتەوە، بۆ حکومەت کە تخصیص یان تملیکی بکات بۆتان، ئیلغای ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە، بەتێکڕای دەنگ ئیلغا کرا، ماددەی پازدەش بخوێنەوە تا بیخەمە دەنگەوە بۆ ئیلغاکەی.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پازدەم:

ئەنجومەنی وەزیران بیناو زەوی وزارو پێداویستیەکانی دیکەی دەزگا بەپێی پێشنیارێك بۆ ئەم مەبەستە دیاری دەکات وبەبێ بەرامبەر بەناوی تۆمار دەکات.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**يخصص مجلس الوزراء الابنية والعرصات والمرافق اللازمة للمؤسسة بناء على مقترح بهذا الشأن وتسجيلها باسمها بدون عوض.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئێمە لە لیژنەی یاسایی ئیقتراحمان كردووە كە ئەوەش ئیلغا بكرێت.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئەو موقتەرەحەش دەخەمە دەنگەوە، كێی لەگەڵدایە كە ئەو ماددەیە ئیلغا بكرێت بادەستی بڵند بكات تكایە، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە، بەكۆی دەنگ ئەو ماددەیە ئیلغا كرایەوە، بڕۆ بۆ ئەحكامی ختامی.**

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەشی پێنجەم**

**حوكمە كۆتاییەكان**

**ماددەی شازدەم: دەزگا بەرپرسیاریەتی مەدەنی لە ئەنجامی كارەكانی لە ئەستۆ ناگرێت ئەگەر كارەكانی بەرێك و پێكی و بەپێی پێوانەی نیشتمانی ونێودەوڵەتیەكان ئەنجام دا.**

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة السادسة عشر: لاتتحمل المؤسسة المسؤليةالمدنية الناجمة عن اعمالها اذا بذلت العناية اللازمة وفق المعايير الوطنية والدولية.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**لیژنەی یاسایی ئیقتراحی كردووە، كە ئەوماددەیە نەمێنێتن، ئەوە مخالفی مبادئی عامەیە، دائیمەن حكومەت دەبێت مەسئول بێت لەسەر ئەو هەموو ئەختارو موختارێك كە لە نشاتات و چالاكیەكانی خۆی ئەنجامی دەدات.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ڕەئی ترتان هەیە حكومەت، فەرموو كاك سەعد.**

**بەڕێز سعد خالد محمد امين/ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیاره بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان، قوڵی ئەڵغام و شت کە لە 13 سانتیم نابێ زیاتر بێت، بەنموونە لوغمێك لە قوڵی مەترونیوێك، دوو مەتر دەتەقێتەوە، ئەوان هیچ مەسئولیەتیان نیە، یەعنی ئەوان زیاتر ئەو فەقەرەیە کە بەکوردی هاتووە، لەبەر ئەو مەوزوعەیە، یەعنی ئەوەی کە هەیە بابڵێین ستاندارە نێودەوڵەتەیەکان، پێوەرە نێودەوڵەتیەکە جێبەجێ دەکەن، بەڵام لەوە زیاتر بۆ ئەوەی مەسئول نەبن بەرامبەر بەوە، وە زۆرجار بانگ دەکرێن بۆ دادگا، بۆیە ئەو فەقەرەیان داناوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەز دەکەم لیژنەی قانونی بۆمان روون بکەنەوە، کە نەصە دەستووریەکەی کە ناگونجێت لەگەڵی.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن حکومەت کە ئەو ماددەی هێنایتە پێش بۆ ئەوەیتی کەلەهەندێك مەسئولیات رزگاری بێت، چونکە نەشاتاتی لابود تووشی مەشاکیلی وا دێتن، توشی مەخاتری مردن وکوشتن وبڕین وزەرەرلێدانی مومتەلەکاتی هاووڵاتی، لەبەر ئەوانە ئەو ماددەی هێنایە، تا هەندێك حاڵەت دەتوانرێتن دوور بکەوێتەوە لەسزاو شتی تر، ئێمە لێرە مەبەستمان سزای جینائی نیە، بەس خۆی مەسئولیەی مەدەنی هەر دەمێنێتەوە لەسەریان، حەتا ئەگەر مەسئولیەی جینائیشیان لەسەر نەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك دکتۆر کەمال.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکوکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە تەقینەوەی مین بەحەقیقەت کەس مەسئول نیە لێی، یەعنی ئەم رێکخراوە دانراوە بۆ ئەوەی ئەوانەی هەیە پاکی بکاتەوە، خەڵك تەوعیە بکات کە توشی ئەو کێشانە نەبێت، ئێمە توشی دووژمنانی دڕندە بووینە، کوردستانیان کێڵاوە بەمین، لەبەر ئەوە ئەمە هەر زیادیشە لێرەدا، ئەگەر نەشبێت تحصیل حاصلە، ئەگەر هەشبێت هەمان شکلە، ئەو لوغمانەی کە دانراوە ئەمان لەدوای دەگەڕێن تا خۆیان بکوژێن، ئەو خەڵکەی کە لە رێکخراوەك ئیش ئەکاتن، هەر کەسێك بەمین شەهید بێت لەکوردستان بەشەهیدی کوردستان حساب ئەکرێت، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش مەسئولە، لەوەی کەوەکو شەهیدێك سەیری بکات، چونکە ئیحیتمالە ئاساری زۆری مابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

معایری دوەلی كە دانرایە، لە دەوڵەتان، دەزگای وا مونتەسیبی هەمووی تەئمین كرایە، تەئمینی حەیاتە تەئمینی ترە، لە حاڵەتی توشبوونی بەختورەت، شەریكاتی تەئمین تەعویز دەكات، لەكنەمە ئەو تەئمینە نیە، كە نیە واتە دەبی ئەو دەزگایە پابەند بێت بەحقوقی مەدەنی لە بۆ خەڵكی حساب بكرێتن، نەك نەدرێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەندەی من تێگەشتم ئەگەر غەڵەتیش بووم بۆم چاك بكەنەوە، ئەو برگە بۆ ئەو حاڵەتانەیە، لەكاتی چالاكی ئەو دەزگایە دەبێت، مەسەلەن بەدوای میندا دەگەڕێت، لە نەتیجەی حەفریات و ئەوانە خانوویەك ئەرووخێت، ئەگەر بەپێی ئسولی ڕۆیشتبێتن، ئیلتیزاماتی مەدەنی ناكەوێتە ئەستۆ، مەقسەدی ئەوەیە نەك مەقسەدی شتی تر بێت، كاك بارزان.

**بەڕێز بازان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من لەگەڵ ئەوەدام كە ئەم ماددەیە نەمێنێت، چونكە حكومەت مەسئولی ژیانی خەڵكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك جمال.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕەئی من ئەو مەسئولیەتە ئەگەر لە ئەستۆی دەوڵەت نەبێت، ئەمە غەدرێكی یەكجار گەورەیە، بە نیسبەت هاووڵاتی یان بەنیسبەت هەركەسێك كە زەرەری لێ ئەكەوێت، لە ئەنجامی ئەو كارانەی كە ئەم دام ودەزگایە ئەیكات، پێویستە مولزەم بن بەقەرەبوو كردنەوەی ئەو كەسانەی كە تووشی زەرەر ئەبن سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عەونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مانەوەی ئەو ماددەیە غەڵەتێكی زۆر گەورەیە، موخالەفەی ئەحكامی دەستووری عێراقیە، هەروەها ئەو قانونانەش كەلە كوردستان نافیزە، چونكە دەزگایەك كە بێت ئیشێكی بكات، ئەگەر هاتوو یەكێك زەرەرمەند بوو، هاووڵاتی بوو یان شەخص بوو، بە مردن بوو یان بەبریندار بوون بوو، یان ماڵی ڕۆیشت بۆی هەیە داوای تەعویز بكەن و مەراجعەی محاكم بكەن، ئەوە لێرە بەپێی ئەو ماددەیە، دەیەوێت تهرب

بكات لە مەسئولیاتی مەدەنی، ئەوەش جائیز نیە، لۆیە ئێمە لەگەڵ ئەو ماددەیەدا نین، زیادە ونەمێنێتەوە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەعد فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم خۆشە ئێمە تەوزیحێك بدەین، دیارە برادەران بەهەڵە تێگەیشتنێك هەیە، لە مەوزوعەکە یەعنی لەو فەقەرەیە زۆر بەوازحی هاتووە، دەڵێت: دەزگا بەرپرسیاریەتی مەدەنی لە ئەنجامی کارەکانی لە ئەستۆ ناگرێت ئەگەر کارەکانی بەرێك وپێکی وبەپێی پێوانەی نیشتمانی ونێودەوڵەتیەکان ئەنجام دا. ئەوە لەو حاڵەتەدا کێڵگەیەك با بڵێین پاك دەکرێتەوە لەمین، بەپێی پێوانەی دەولی یەعنی برادەران باسیان کرد $13$ سانتیمە مەسەلەن بەنموونە، دەڵێن گوایە پار یان پێرار نازانم حادیسەیەك بووە لە قووڵی مەتر ونیوێك ڤازیفەیەك لە ئەنجامی باران بارین وهاتنی گڵ و خۆڵ وشت، جوتیارێك لە زەوییەکەی گولەیەك تەقیتەوە، ئەوا لەو حاڵەتانە لێی بەرپرس نین، مەبەستیان فەقەت ئەوەیە، چونکە هیچ کاشیفەیەك ناتوانێت لەقوڵی مەتر زیاتر ئەوانە کەشف بکات، ئەوەی ئەوان بۆ ئەوەیە نەك ئەوەی کە جەنابی کاك عەونی باسی کرد، کە حکومەت لەو مەسئولیەتە تهرب بکات، ئەگەر کەسێك بووە قوربانی مین، تەعویزی ئەوە نەکاتەوە، ئەوە تەنها بۆ ئەو کێڵگانەیە کە پاك دەکرێنەوە، دەزگاش مەسئول نیە، ئەو حاڵەتانەش یەکجار کەمن، ئیحتیمالە لە هەموو کوردستان $10$ حاڵەتی وا نەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەگوێرەی یاسا حکومەت ویلایەی عامەی هەیە، وەکو جەنابی وەزیریش باسی کرد ئەو کێڵگانەی کە حکومەت تەصەروف پێوە دەکات، ئەو ئەڵغامانەی لێ دەرئەهێنێت، حەتمەن هەڵکەندنی تیا ئەبێت، جاری وا هەیە باخ و باخاتی تیا ئەبێت، حەقی موڵکیەش حەقێکی موقەدەسە، ئینتیزاعیش ناکرێت بەهیچ شێوەیەك، ئیلا بە تەعویز نەبێت، لەبەر ئەوە من پێم وایە، بەگوێرەی یاسای قانونی مەدەنی کەباس لەحەقی مولکیەت و قودسیەتی موڵکیە دەکات، ئەو ماددەیە لەوێدا لابرێت بۆ ئەوەی حکومەت تەحەمولی ئەو مەسئولیەتە بکات، هەر کاتێك حەتا ئەگەر جوهدێکی زۆر کافیشی سەرف کردبێت، بۆ کێڵگە پاککردنەوەکە، مەفروزە تەعویزی خاوەنەکانی بکاتەوە وحەقی خۆیان بداتێ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لەقسەکانی جەنابی کاك عومەر ئەکەم، ئەو بۆچونەش کە جەنابی وەزیر روونی کردەوە، ئەوە لەدادگا یەکلایی ئەکرێتەوە نەك بەپێی قانون، پێشەکی بڵێین کەوا بەرپرس نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك تەلعەت نوقتەی نیزامیت هەیە فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە سوء التفاهم هەیە لە بەینی ئەوەی کە حکومەت دەیڵێت و لەبەینی ئەوەی کە برا پەرلەمانتارەکان دەیڵێن، ئەوە پاش خاوێن کردنەوەی شوێنەکەیە، ئەو دەزگایە یان ئەفرادی دەزگاکە، لە رووی قانونیەوە موعاقەبە نەکرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر مەجال هەبێت ئەوانەی قانونی قسەیان کرد، هەر هەموویان داوای ئیلغای ئەو ماددەیە دەکەن، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەحکامی مەسئولیەی مەدەنی ئەحکامێکی فراوانە، لەسەر هەموو دەزگاکان تەتبیق ئەکرێت، دەزگای مین بێت یان وەزارەت بێت، یان دائیرەیەکی تر بێت، لۆیە هاتنی ئەو فەقەرەیە لێرەدا بەقەناعەتی من زیادە، ئەوە هەر وەکو کاك دکتۆر نوری ئیشارەتی پێدا، محاکم ئەو قەراراتانە دەدات، کە محاکمیش قەرارەکە دەدات، بەڕاستی مەعایرەکە دیارە لەقەوانین تەوزیح کرایە، ئەگەر هاتوو مەسئولیەتی نەبوو ئەوا هیچ، ئەگەر مەسئولیەتیشی هەبوو ئەوا ئیعتیادی تەعویز وەر ئەگرێت زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە لە لیژنەی یاسایی سورین لەسەر ئەوەی کە ئەو ماددەیە نەمێنێتن، لەبەر ئەوەی مەسەلەکە دەگەڕێتەوە بۆ مەسئولیەی تەقصیری، مەسئولیەتی مەدەنی نیە، تەقصیریە، ئەگەر موقەصیر بوو لەکارەکانی ئەوا ئەو دەمی بەپێی یاسا دەیگرێتەوە، ئەگەر نا ئەوا لەدادگا دیاری دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک سەعد دیفاع لە وجهەت نەزەری خۆت بکە ئاخر جار، دوایی دەیخەمە دەنگەوە.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر بۆ ئەوەی بگەینە فیعلەن شتێکی باش من پێم وایە تەوزیحەکەی کاک شێروان ئێمەشی گەیاندە ئەوەی کە فیعلەن محاکم دەتوانێ برادەران دەڵێن، ستانداردو پێوەری جیهانی ئەو کاتە، لە حاڵەتێکی ئاوا دیفاع لەخۆیان بکەن، بڵێن بەپێی مەقایسی جیهانی ئەوە لە قوڵی مەسەلەن دوو مەترە، مەحکەمە با ئەوە ساغ بکاتەوە، فیعلەن ئێمەش سەد دەر سەد لەگەڵ ئەو پێشنیارەین دوای موناقەشەو ساغ بوونەوەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە کەواتە دەیخەمە دەنگەوە کە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت کێی لەگەڵدایە با دەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە زۆر سوپاس، بەتێکڕا وەرگیرا کە ئیلغا بکرێت، بڕۆن بۆ ماددەی دواتر کە دەبێتە ماددەی پازدە وا بزانم.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەڤدەم: کە دەبێتە ماددەی چواردە:

دەزگا مافی ئەوەی هەیە ئەو کەس ولایەنانەی بەبێ مۆڵەت وڕەزامەندی فەرمی دەچنە ناو کێڵگەکانی مین داوایان لە دژدا لە دادگا بەرزبکاتەوە، هەروەها لە دژی ئەو لایەنانەی ئەو نیشانانەی کە ناوچەکانی بەمین چێندراون دیاری دەکات، دەگۆڕێ وئەو نیشانانە بە سامانی هەرێم دادەندرێت.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة عشر، للمؤسسة الحق في مقاضاة الاشخاص والجهات التي تقوم بدخول حقول الالغام بدون اجازة او موافقة رسمية وكذلك الجهات التي تقوم بتغيير العلامات المحددة لتأشير المناطق الملوثة بالالغام وإعتبار تلك العلامات من ممتلكات الاقليم.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی لەسەر ئەو ماددەیە هیچ تێبینیەکی نیەو پشتگیری لێ دەکات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێم وایە ئەو ماددەیە زۆر لەجێگای خۆیەتی، ئەگەر كەسێك قسەی لەسەر نیە، كاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

حقولی ئەڵغام ئەوەی كە دیاری كراوە، حەقل هەیە دیار نیە، كابراش تێی ئەكەوێت بۆچی غەرامە بكرێت، ئەو حەقلە ئەڵغامانەی كە دیاری كراون، كاك كریم.

**بەڕێز كریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە قسە لەسەر ئەوە ئەكات ئەڵێت، دەزگا مافی ئەوەی هەیە ئەو كەس ولایەنانەی بەبێ مۆڵەت وڕەزامەندی فەرمی دەچنە ناو كێڵگەكان ئەوەی بۆ زیاد بكرێت بەمەبەستی تێكدان و هەڵگرتنەوەی مین، داوایان لە دادگا لەدژ بەرز دەكاتەوە، هەروەها دژی ئەو كەس ولایەنانە، هەندێك جار كەس شەخص ئەچێتە ناو ئەو كێڵگانە وتێكی ئەدات، لەشوێنێكیشدا نووسراوە ئەو نیشانانە سامانی هەرێمن، بەڕاستی من پێم باشە بگۆڕێت بۆ ئەو نیشانانە بۆ پارێزگاری لەژیانی خەڵكە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئاخر.

**بەڕێز ئاخر شێخ جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر شوێن هەیە لەكوردستان كەوا نیشان نەكراوە، لەسەر حدودەكان یان لە شوێنەكانە، خەڵكێك ئەچێتە ناوی دوایی پێی ئەزانن، كە ئەو خەڵكە چوون یان فلان كەس چووە، داوای لەسەر تەسجیل بكرێت، حەق وایە سنورێك دابنرێت بۆ ئەو شوێنانەو تەحدید بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من پێم وایە ئەو ماددەیە باش هاتووە بڕێك شەرح كردنی دەوێتن، كە وتت حقولی ئەڵغام مانای وایە، تەشخیص كراوە، ئەوە خەریتەی هەیە دانراوە، ئەوەی كێڵگەی هەیە، ئیشاراتی هەیە ئەوەیە حقولی ئەڵغام، دوایی كە ئەڵێن ئەشخاص خۆ مەقسەد مەعلومە، خۆ ئەشخاص ئەوانە نین كە بەغەڵەت تێدەكەوێ و تووشی لوغمێك دەبێت، بۆ ئەو خەڵكانەی كە بەتەماحی ئەوەی بیكاتە زراعی كێڵگەكان دەگۆڕێت یان شتی تر، فەرموو كاك سعد.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە لەناو هێنانی ئەشخاص هەندێ حاڵەتی وا بووە لە 10 - 15 ساڵی رابردوو خەڵكێك هەن، بەمەبەستی قاچاغچی كردن بەو ماددانە دەچن، بۆ خۆیان دەریدەهێنن وتەقەمەنیەكان دەردەهێنن، دەیفرۆشنەوەو تیجارەتی پێدەكەن، زیاتر بۆ ئەوەیە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر هیچ قسە نەبێتن دەیخەمە دەنگەوە، زۆر قسە كرا، كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە سوپاس بەكۆی دەنگ وەرگیرا، تكایە بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی هەژدەم كەدەبێتە ماددەی پازدەم:

لەبەر ترسناكی كاركردن لە مەیدانی كاروباری میندا پێویستە ئەمانە بكرێت:

یەكەم: دیاریكردنی دەرماڵەی ترسناكی بۆ فەرمانبەران وخانەنشین كراوانی دەزگا بە پێی سروشتی كاری هەر یەكێكیان وتا چ ڕادەیەك كاریگەری ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی لەسەریانەوە هەیە، ئەو دەرماڵەیەش بە پێی ڕێنمایی دارایی بەركارەوە دەبێ.

دووەم: دڵنیا( تەئمین) كردنی فەرمانبەران وخانەنشینانی دەزگا دژ بە مەترسی ڕووداوەكانی مین لە میانەی پرۆسەی كاروباری میندا.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة عشر: نظراً لخطورة العمل في مجال شؤون الالغام، يتوجب مايأتي:

اولاً: تخصيص مخصصات خطورة للموظفين والمتعاقدين في المؤسسة وفق طبيعة عمل كل منهم ومدى تأثره المباشر وغير المباشر وذلك وفق التعليمات المالية النافذة.

ثانياً: تأمين الموظفين والمتعاقدين في المؤسسة ضد مخاطر حوادث الالغام وذلك جراء عمليات شؤون الالغام.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی قانونی.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت لیژنەی قانونی تەنها یەك تەعبیر هەیە للموظفين والمتعاقدين كردیتمانە لمنتسبي المؤسسة، چونكە متعاقدین بۆ ئەو كەسانەن كە بێگانەن یان شتێكی ترن، بەخۆی هەموو نەوعە تەئمینات و زەمانێكی بەخۆی لەگەڵە، ئێمە موكەلەف نینە بەوەی كە لە بۆ ئەوان چ دابنێین، دووەمیش عەینی شت، تأمين الموظفين والمتعاقدين كردیتمانە لمنتسيبى المؤسسة ضد مخاطر حوادث الالغام.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەڵڵا من مولاحەزەیەكم هەیە، ئەوەلەن لەو ماددەیەدا، نظراً لخطورة العمل ئەوە زیادە، للمؤسسة، دوو دواتر كەووتت: وفق التعليمات المالية النافذة. پێویست ناكات تۆ لێرە لە قانونەكەدا دای بنێیت، مادام

تەعلیمات هەیە، تۆ دەستەڵاتی خۆت هەیە دەڵێت بەپێی ئەو تەعلیماتە ئاماژە بە تەعلیماتەکەی مالیە دەکەیت، موخصصاتەکە بۆ موەزەفەکە سەرف دەکەیت، ئەگەر بتەوێت مخصصاتێکی تایبەتی بێت، لەگەڵ ختورەتەکە، ئەبێ ئەوە شەتب بکەی وفق التعلیمات المالیة النافذة. نابێتن، دیسان دەگەڕێمەوە دەڵێم من وەزیری مالیە، بووم، من دەبێ ئەو شتانە ئینتباە بکەم، یان وفق التعلیمات المالیة النافذة، شەتب بکەن، چونکە پێم وایە شەتبی بکەن باشترە، لەبەر ئەوەی ئێوە هەندێ مخصصاتتان هەیە تایبەتە، ختورەتەو شتە رەنگە نەبێتن، ئەو وەختەی ئەگەر هەبێت لەوەزارەتی مالیە، ئەوە بەپێی ئەوە دەڕۆین، ئەگەر نەبێتن تۆ دەستەڵاتێکت هەیە، پێویست بەموافەقەت ناکات، نظراً لخطورة العمل ئەوە تحصیل حاصلە، لە دیباجە دێتن، دەڵێین للمؤسسة:

أولاً: تخصیص مخصصات خطورة لموظفي المتعاقد ئەوەش شەتب بکەن چونکە وەزارەت خۆی مخصصات و دەرماڵەی دەداتێ ئەوەش شەتب بکەن، وفق طبیعة عمل کل منهم، تأمیناتەکە زۆر زۆر زەرووریە، بەڵام تەئمینەکە هەمووی شامل دەکات، المتعاقد موظف، دەبێتە تأمین منتسبي المؤسسة ضد مخاطر حوادث ئەگەر ئەمە موافقن بەڵێ کاک سەعد.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مولاحەزانەی جەنابت دات زۆر بەجێیە، ئێمە تەئیدی دەکەین، بەڵام پێشنیارێکمان هەیە لێرە، کەوا لە نەصی پرۆژەکەش نەهاتووە، پێشنیارەکەش ئەوەیە ئەو بوارە بەڕاستی خۆتان ئەزانن، مەترسی زۆری تێدایە، لەسەر گیانی ئەو کارمەندانەی کەلەوێدا کار دەکەن، بۆیە دەزگاکە پێشنیار دەکات هەر فەرمانبەرێك یاخود هەر کارمەندێکی کەلەو مەجالەدا شەهید دەبێت، داوا دەکەن حقوقی شەهیدی بۆ حساب بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک سەعد ئەوە تحصیل حاصلە، ئەگەر بڵێت رەنگە مودیر عامێك شەهید بێت لەئێوە دوور بێت لەوان، مەعاشەکەی زیاترە لەمەعاشی شەهیدان، موەزەفێکیش رەنگە زیاتر بێت لە وەی شەهیدان، تقاعدیەکەی زیاتر بێت لەهی ئەوان، بەڵام تۆ ئەگەر یەکێك شەهید بێت، بەعەقد لەگەڵێت کردووەو مەعاشی نیە، تەقاعدی نیە، بەتەئکید، شمولی دەکاتن، چونکە ئەوە لەکاری وەزیفەدا شەهید بووە، بێجگە لەوەش هەر شەهیدی ئەڵغامە، شەهیدە، ئەوەی بەئەڵغام بچێت ئەو ئەڵغامەی کە دانراوە، بەهەدەفی کوشتنی هاووڵاتیان و کوشتنی تێکۆشەرانە، کەواتە کێ بەوەش شەهید بێت هەر شەهیدە، بەڵام لەبۆ مەسڵەحەتی ئەو نەنووسین لێرە بۆ ئەوەی ئەگەر مودیر عام بێت یان دەرەجەی بەرز بێتن، خانە نشینەکە هینەکە کە زیاترە ئەوە بیگرێتەوە، ئەگەر کەم بوو موعامەلەی شەهیدی بۆ ئەکرێتن، لەبەر رۆشنایی ئەو قانونەی کە هەیە لەکوردستاندا، ئەم ماددەیە پێم وایە، قسەتان هەیە بەس تیکراری ئەو مولاحەزاتانە مەکەنەوە کە تەعدیلمان کرد، تکایە، یەعنی وتمان موقەدیمەکەی ناوێت، للمؤسسة :أولاً:

تخصيص مخصصات خطورة لموظفي المؤسسة وفق طبيعة عمل كل منهم ومدى تأثره المباشر وغير المباشر ئەوە دەسرێتەوە وفق التعليمات المالية النافذة. ئەوە نامێنێت چونکە نابێ بنووسرێت، دوو تأمين منتسبي المؤسسة ضد مخاطر حوادث الالغام وذلك جراء عمليات شؤون الالغام. ئێستا کێ قسەی هەیە دەتوانێ بیکات فەرموون، کاک ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول ماملند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ترسناکی ئەم کارەو بۆ پشتیوانیەکی مەعنەوی بۆ ئەو کارمەندانەو ئەو کەسانەی کە دەچنە ناو کێڵگە بەمین چێنراوەکان، پێشنیار دەکەم برگەیەك زیاد بکرێت، کە ئەمە هەم وەکو ئیلتزامێك وابێت بۆ ئەو دەزگایە کە سەرجەم پێداویستیە ئەمنیەکانیان بۆ دابین بکات، بۆ ئەو کارمەندانە پێش ئەوەی کە بچنە ناو کێڵگەکانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

موتەعاقید کرایتە خانەنشین، لەکوردیەکەی یەعنی زۆر جێگای داخە، خۆی ئێمە ئێستا دەزگایەك دادەمەزرێنین، لۆ هەڵگرتنەوەی مین، ئەو هەموو مینەش لەکوردستان دانرابوون لەبۆ هۆی ئەوەی کە بەکوردی قسە دەکات یان بەزمانێکی تر لەکوردستان قسەدەکات نەمێنێت، یەعنی لۆ ئیبادەکردنی ئێمە بوو، کەچی بەداخەوەش تا ئێستا ئێمە گرنگی بەو زمانە نادەین کە لەسەری ئیبادە دەبووین، یەعنی ئەوە جێگای داخە بەڕاستی ئەوە یەك، دوو تەرجومە دەکرێت یان ئەوە گاڵتە کردنە، یەعنی کەسێك چۆن تەرجومە دەکات کە نەتوانێت موتەعاقد یەعنی موتەقاعد ئەو دوانە لەیەکتر جیا بکاتەوە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم برادەرینە، ئێمە قانونی شەهیدانمان، قانونی دەزگای هەڵگرتنەوەی مینمان یەعنی ئەوانە بەڕاستی هەمووی قانونی ژیاندنەوەو بووژاندنەوەی ئینسانن، بۆیە ئەو قانونانە دەکەین بۆ ئەوەی جارێکی تر ئومێدمان بەخۆمان بەئاییندەی خۆمان دەبێ، ئەوانەی پێشتریش ئێمە هەمووی لەسەر ئەوە لەناوبرابووین، لەبەر ئەوە زمان یەکێکە لەکۆڵەگە ئەساسیەکانی مانەوەمان، لەبەر ئەوە حەز دەکەین وە من دووبارە داوا دەکەم، دەجاریش لەپەرلەمان داوام کردووە، بەهەند وەربگیرێن، یەعنی ئەو مەسەلەیە برادەرینە کارێکی ئەوەنە زەحمەت نیە، بەڕاستی ئەتوانین چارەسەری ئەو کێشەیە بکەین، داوا لەحکومەت دەکەین چی تر پرۆژە یاسا بەزمانی عەرەبی بۆمان نەنێرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قەیناکە بامن جوابت بدەمەوە پێش ئەوەی ئیتهامی ئەو کەسانە بکەی، ئیتهامی ئەو کەسانە مەکە قەشمەری بەزمان دەکەن، تێنەگەیشتنە، نەصی تەرجومەی کردووە، موتەعاقد و موتەقاعد هینێکە

نەصەکەی تەرجومە کردووە، بەلاَم ئێمە جوملەیەکت لەبیر نەچێتن لە بیدایەتەوە چوار جار، پێنج جار تیکرارم کردەوە وتم نەصە عەرەبیەکە ئەساسە، لە رووی زمانیەوە، چ ئەشکالێك لەرووی زمانیەوە هەبێت دەرناچێت، چونکە دوایی ئیلا گەڕانەوە بۆ نەصە عەرەبیەکە دەبێت، لەبەر ئەوە تەحصیل حاصلە ئەو قسانەی جەنابت دەیکەیت فەرمووو، یەعنی پێشنیار دەکەین کوردیەکە ئەساس بێت، بۆچی عەرەبیەکە ئەساس بێت، ئێمە عەرەبی نازانین کاکە، لە 80٪ی ئەم مەجلسە عەرەبی نازانین کاکە، سێ خاڵی یەکەم یەعنی ئەو دەزگایە بودجەیەکی مالی هەیە، بودجەیەکی هەیە، نیزام داخلیشی هەیە، ئەکرێ ئەو مەسەلەیە بەپێی نیزام داخلی حەل بکات یەعنی پێویست ناکات کە خاڵی یەکەمی هەبێت، لەماددەی هەژدەم لێرە وابزانم بووە چواردەم، خاڵی یەکەمی هەبێتن لەبەر ئەوەی بودجەی هەیەو نیزامی داخلیشی هەیە، بەپێی نیزام داخلیەکە ئەو موخەصەصاتەی کە هەیەتی بەوانە حسابی بکات سوپاس، کاك ئارێز ئێمە شەرحمان کرد ئەو نوقتەیە، وتمان ئەگەر بوترێت، وفق التعليمات المالية النافذة ئەوە پێی ناوێتن، بەلاَم ئەگەر نەوترێتن، دەسەلاَت دەدەیت تەعلیمات لەبەر رۆشنایی ئەو قانونە دەربکاتن، لەبەر ئەوەی ئەو موخەصەصاتی ختورەی هەیە، تایبەتە، فەرقی هەیە لەگەڵ وەزارەتەکانی تر ئەگەر بوترێتن، ئەگەر نەوترێت مەجبوورن بەپێی تەعلیماتی مالی موخەصەصات بداتن، رەنگە ئەو تەعلیماتی مالیە کافی نەبێتن، ئەو وەختی مەجبور دەبێت بنووسێت بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی وشەرح بکات، بێنەو بیبەو تا تەعدیلی ئەوە بکاتن، بۆیە ئەو ماددەیە وەکو خۆی مایەوە، لەگەڵ شەتب کردنی بەپێی تەعلیماتی وەزارەتی مالیە، ئەو دەستەلاَتە بدرێتە دەزگا، زۆر جێی خۆیەتی، کاك محمد فرج فەرمووو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلاَ بەعزێك لە قسەکانی منت جواب دایەوە، بەلاَم من پێم وایە ئەمە مادەم وەکو وەزارەت وایە، ئیتر هەموو مونتەسیبەکانی فەرمانبەرن، تەعلیماتی وەزارەتی مالیە بیانگرێتەوە هەم لەدامەزراندنیان، هەم لە موخەصەصاتیان، هەم لە خانەنشین کردنیان، وەزارەتی مالیە تەعلیماتێکی زۆر جدی هەیە بۆ ختورە، بەهەموو شێوازەکانی مەسەلەن ئێستا وەزارەتی تەندروستی ئەو حاڵەتانەی خۆی بەچی پارە دەدات بەخەڵك، خۆ لەسەر رێنمایی خۆی نیە، لەسەر رێنماییەکی نۆرماڵە کەلە هەموو وەزارەتەکان پیادە دەکرێت، ئەویش وەزارەتی مالیە دایناوە، ئەمیش یەکێکە لەو وەزارەتانەی کە ئەمە ئەیگرێتەوە، لەبەر ئەوە پێم وایە ئەمە هەر زیادە لە ئەصلدا، بەلاَم ئەوە شتێکی باشە، یەعنی ئەم دەزگایە مشوری کەسەکانی خۆی ئەخوات، وەکو مشور خواردن شتێکی باشە، بەلاَم وەکو یاسا پێم زیادە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخ الله فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس منیش هەر تەئیدی رەئی برادەرانی پێش خۆم ئەکەم، کە هەر بەزیادی ئەزانم ئەو ماددەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت موەزەفەکانەوە ئەوە شتێکی زەرووریە کە دام ودەزگاکە خۆی بیکات، بەس بەنیسبەت عەقد، عەقد عادەتەن قابیلی فسەکردنە، سێ چوار مەبادیئی ئەساسی هەیە، کە عەقد ئەکرێت، مەعاشەکەی، ختورەتەکەی، تەئمینی، زۆر جاری واهەیە شەریکات خۆی تەئمینی ئەکات، ئەتوانی تۆ لەگەڵیا رێك بکەویت، تەئمینەکە لەسەر تۆ نەبێت، یەعنی قابیلی فسەکردنە ئەوە، قابیلی ئیتیفاقە، لەبەر ئەوە ئەگەر لێرە دامان نا، ئۆتۆماتیکیەن تەئميناتەکەمان خستۆتە سەر خۆمان، بەڵام ئەگەر نەبێت، ئەبیتە نەتائیجی ئەو ئیتیفاقەی کەئەیکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەفروزە دەزگای تەئمینی ژیان ، قانونەکەی لە عێراقدا هەیە، ئیشی پێدەکرێت بەڵام ئێستا نەفسێکە، مەقسەدی ئەوەیە لەو دەزگایانەی تەئمین، تەئمین بکرێن، ئەوە مەقسەدی ئەوە نیە، کە ئێستاکە شتێکمان نەبێت مانای وانیە ئیهمالی بکەین لە ناحیەی قانونی، ئێستا شەریکەی تەئمینی سەیارات لەسلێمانی ئەوە قانونەکەی هەبوو، لێرەش دەبێتن لەو نزیکانە، دەزگای تەئمینی ئێرە ئیعادەی ئیدارەی خۆی دەکاتەوە، قەوانینەکەی هەمووی لە عێراقدا هەیە، ئەگەر نەشبێتن ئەوا نەصێکی قانونی زۆر پێویستە، دواتر دەبێتن.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا ئەو ئیتیفاقانەی کە هەیە، حەتا شەریکاتەکانی خۆمان، مەسەلەن شەریکەی نەوت کە ئیتیفاق دەکات لەگەل شەریکەیەکی تردا، ئەڵێت بۆم بێنە کە تەئمینی ئەو کەسانەت کردووە، کە لە عێراق ئەیانهێنیت و لەعێراق ئیشیان پێئەکەیت، ئەبێ لەبانقێکدا تەئمینی کردبێ، یەعنی ئەوە عیلاقەی بەئیتیفاقەکەوە هەیە، مەبەستم ئەوەیە کەئەمە شتێکی تەئمینی حەیات نیە، ئەمە تەئمینە عیلاقەی بە عەقدەکەوە هەیە، قابیلی فسەکردنەو قابیلی ئیتیفاقە، لەبەر ئەوەی ئەگەر نەبێت مەجالێك بەخۆمان ئەدەین لەموستەقبەلدا بۆ ئەوەی تووشی مەشاکیلی زیاتر نەبین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەردوو بەرگەکە پێویستن، دەیخەمە دەنگەوە بەو گۆڕانکاریانەی کە کردمان، یەعنی واتە ختورەکە بۆ موەزەفی موتەعاقدین نیە، بۆ فەرمانبەرە یەکەمەکەی، دووەمیش تأمين منتسبي المؤسسة ضد مخاطر وە لابردنی ئەو بڕگەیەی یەکەم کە دەڵێت خطورة العمل يەكسەر دەڵێت للمؤسسة. یەك، دوو، کێ لەگەڵ ئەو دوو بڕگەیەدایە تکایە بادەستی بڵند بکات، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی نۆزدە کە دەبێتە ماددەی شازدەم، تکایە.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی نۆزدەم:

لەبەر ئەو کارو پرۆسانەی سەبارەت بە کاروباری مین لەلایەن کارمەندانی ڕێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان ورێکخراوەکانی دیکە ئەنجام دراوە، بەر لە سپاردنیان بە حکومەتی هەرێم، پێویستە ئەمانەی خوارەوە بکرێت:

خزمەتکردن لە ڕێکخراوەکانی سەر بەنەتەوەیەکگرتووەکان ورێکخراوەکانی ناوخۆوبیانی کە لە مەیدانی کاروباری میندا کاریان کردووە بە ڕاژەی فەرمانبەرایەتی فەرمانبەران وخانەنشینان لە دەزگادا حیساب بکرێت.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة العشر: نضراً لما تم اداءه من عمليات شؤون الالغام من قبل العاملين في منظمات الامم المتحدة والمنظمات الاخرى قبل تحويل المسؤولية الى حكومة الاقليم، يتوجب ماياتي:

احتساب الخدمة في المنظمات التابعة للامم المتحدة والمنظمات المحلية والاجنبية العاملة في مجال شؤون الالغام الى الخدمة الوظيفية للموظفين والمتعاقدين في المؤسسة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی قانونی.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تەنها لە يتوجب ماياتي دەڵێت احتساب الخدمة في المنظمات التابعة للامم المتحدة والمنظمات المحلية والاجنبية العاملة في مجال شؤون الالغام ئێمە کردوومانە بە فی الاقليم، یەعنی شؤون الالغام فی الاقليم، نەك لەدەرەوە بۆ خۆی کاری کردبێ ئێمە حەقمان نیە، تەنها ئەوانەی کەلەناو هەرێمی کوردستان خزمەتیان کردووە، ئەوانە داخل بن، لەدوایش عەینەن للموظفين والمتعاقدين في المؤسسة. کردوومانە بە لمنتسبي المؤسسة، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەعنی ئێوەش ئەوەتان پێ زیادە موفەدیمەكەی، ئەوەی نظراً لما تم اداءە، چونكە منیش ئەوەم پێ زیادە، یەكسەر بڵێت تحتسب الخدمة في المنظمات التابعة للامم المتحدة والمنظمات المحلية والاجنبية العاملة في مجال شؤون الالغام في الاقليم للخدمة الوظيفية لمنتسبي المؤسسة. كێ لەگەڵ ئەو تەعدیلاتەدایە تكایە با دەستی بڵند بكات، فەرموون، كێی لەگەڵدا نیە. بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تكایە ماددەی دوایی.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی بیستەم كە دەبێتە حەڤدەم:

سەرۆكی دەزگا بۆی هەیە وبە پێی بارودۆخەكانی ئایندە هەرهەمواركردنێك سەبارەت بەم یاسایە پێشنیار بكات، بە جۆرێك لەگەڵ پێداویستیەكانی كارەكاندا كۆك بێت.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السابعة عشر:

لرئيس المؤسسة اقتراح اي تعديلات على هذا القانون تقتضيها الظروف مستقبلاً بما يتناسب ومتطلبات العمل.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی قانونی.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنە پێشنیار دەكات كە ئەو ماددەیە، لابچێت و ئیلغا بكرێت چونكە ئەو ماددەیە، شتێكی ئیعتیادیە و تەحصیل حاصلە، هەموو كەسێك دەتوانێت ئیقتراح بكات و بینێرێت بۆ حكومەت، بەڵام ئێمە لەجیاتی ئەو دوو بڕگەمان لۆ دانایە:

أولاً: لرئيس المؤسسة أستحداث أو دمج أو إلغاء أى من المديريات أو الأقسام أو الشعب ضمن تشكيلات المؤسسة وفقاً لمتطلبات عملها.

ثانياً: إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێش هەموو شتێك ئەو موفتەرەحەی لیژنەی قانونی دەخەمە دەنگەوە بۆ ئیلغا كردنی ئەو ماددەیە، چونكە تەعدیلاتی قانون ئەبێ بەڕێگەی ئەنجومەنی وەزیران بێت، بۆیان هەیە ئیقتراح بكەن، بۆیە ئەو

**ماددەیە هەر ئیلغا بکرێت، کێ لەگەڵ ئەو ئیلغایەیە با دەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە، بەکۆی دەنگ ئەو ماددەیە ئیلغا کرا، موفتەرەحی ماددەیەکی تازەی هەیە لیژنەی قانونی، بیخوێننەوە ئەمجارە.**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**أولاً: لرئيس المؤسسة أستحداث أو دمج أو إلغاء أى من المديريات أو الأقسام أو الشعب ضمن تشكيلات المؤسسة وفقاً لمتطلبات عملها.**

**ثانياً: إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون. بەس ئەوە لە هەموو وەزارەتەکانی تریش هەمانە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەس ئەوە لە شوێنێکی تریش نیمانە من هاتۆتە بەرگوێم کە هەمانبووە، کاك شێروان فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لەماددەی حەفت هاتیە، لە فەقەرەی یازدە، إقتراح التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون لەزمنی ئیختصاصاتی سەرۆکی دەزگایە.**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لرئيس المؤسسة أستحداث أو دمج أو إلغاء أى من المديريات أو الأقسام أو الشعب ضمن تشكيلات المؤسسة وفقاً لمتطلبات عملها.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەوەی موتەبەعە اصداری تعلیمات لە نیهایەتی قانونەکە دێت، بەڵام ئەمە لە زمنی سەلاحیاتی سەرۆکی دەزگا هاتووە، بەس خۆی شوێنەکەی ئێرەیە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کێ لەگەڵ ئەو موفتەرەحە تازەی لیژنەی یاساییدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ ئەو موفتەرەحە کەیەك فەقەرەیە وەرگیرا، تکایە ماددەی دواتر.**

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی بیست و یەکەم کە دەبێتە هەژدەم:**

**کار بەهیچ دەقێك ناکرێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.**

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة وعشر: لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی قانونی.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(لا يعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض واحكام هذا القانون). هەروەکو وەزارەتەکانی تره.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو وەزارەتەکانی تره، کێ لەگەڵ ئەو تەعدیلەی لیژنەی یاساییه، بادەستی بڵند بکات تکایه؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیه؟ بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

له قانونی هەموو وەزارات دوای ئەوەی خورد کردنەوەمان نەهێشت و تەفاصیلمان حەزف کرد، له هەموو مودیریاتی عامه، ماددەیەکمان هەبوو لەوەزارات تحدد تشكيلات و مهام الوزارة بنظام، لێره وابزانم بۆ ئەم دەزگایه ماددەیەکی وای دەوێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش وەکو وەزارەتەکانی تر ئەو ماددەیه دەبێت، ئەو موقتەرەحه دەخەمه دەنگەوه کێی لەگەڵدایه بادەستی بڵند بکات تکایه، فەرموون کێی لەگەڵدا نیه، بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا بۆ ماددەیەکی تر تکایه.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست ودووەم که دەبێته نۆزده:

دەبێ وەزارەته تایبەتمەندەکانی حوکمەکانی ئەم یاسایه جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة تاسعة عشر: على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی بەم شێوەیه تەعدیلمان کردووه، على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو تەعدیلەش ڕۆتینە، وەكو یاسای وەزارەتەكانی ترە، كێ لەگەڵ موفتەرەحی لیژنەی قانونیە بادەستی بڵند بكات تكایە، كێی لەگەڵدا نیە، بەكۆی دەنگ ئەوەش وەرگیرا، ماددەی تر.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دوا ماددە، ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاْوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقائعی كوردستان جێبەجێ دەكرێت.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة عشرون: ینفذ هذا القانون من تأریخ نشره في جریدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی بەم شێوەیە دایرشتۆتەوە، ینفذ هذا القانون أعتباراً من تاریخ إصداره وینشر في الجریدة الرسمیة (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكایە ئەسباب موجبە بخوێننەوە.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**هۆیەكانی دەركردنی یاساكە**

لەبەر ئەو بارودۆخە نائاساییەی كە عێراق بە شێوەیەكی گشتی وهەرێمی كوردستان بە شێوەیەكی تایبەتی پێیدا تێپەڕین كە خۆی لە حكومەتە دیكتاتۆریەكانی یەك لەدوای یەكدا دەنوێنێ بە تایبەتی ڕژێمی بەعسی بەسەرچوو وبەرپاكردنی چەند شەڕێك دژ بە گەلی كوردستان، سەرباری ئەوەش شەڕی عێراق – ئێران كە لە ئەنجامدا كێڵگەكانی مین وتەقەمەنی لە زۆر شوێنەكانی هەرێمدا بلاْوبووە، كە بووە هۆی پەیدابوونی مەترسی گەورەو تراژیدی لەبەر دەم هاووڵاتیان، ولە پێناوی ئەوەی حكومەتی هەرێم بتوانێ گرینگیەكانی لە ئەستۆدایە بەرامبەر ئەو مەترسیانە جێبەجێ بكات، وئاسانكردنی كاری ڕێكخراوە نێودەوڵەتیەكان وغەیرە حكومەتیەكان لە بەشداریكردنیان لەو مەیدانە پربایەخ وزیندووە، ولە پێناو پاككردنەوەی هەرێم لەو كەرەستە ترسناكانە، لە دواییشدا دورخستنەوەی هاووڵاتیان لە مەترسیەكانی،

ئەوەش مەیدانەکە فراوانتر دەکات لەبەردەم پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەو پەرەسەندنی ژێرخانی هەرێم، بۆیە ئەم یاسایە داندرا.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الاسباب الموجبة

بالنظر للظروف الغير الطبيعية التي مر بها العراق عامة واقليم كوردستان خاصة والتي تمثلت في قيام الحكومات الدكتاتورية المتعاقبة وخاصة النظام البعثي البائد بشن حروب عديدة ضد شعب كوردستان وحملات الجينوسايد اضافة الى الحرب العراقية الايرانية وما نجم عن ذلك من انتشار حقول الالغام والمتفجرات بصورة كثيفة في انحاء مختلفة من الاقليم وما يترتب على ذلك من مخاطر مروعة ومأساوية للمواطنين ، ولغرض تمكين حكومة اقليم كوردستان من ممارسة المهام الملقاة على عاتقها ازاء تلك المخاطر وتسهيل مهمة المنظمات الدولية وغير الحكومية من المساهمة في هذا الميدان الحيوي بغية اخلاء الاقليم من هذه المواد الخطرة وبالتالي تجنيب المواطنين من التعرض لاخطارها مما يفسح المجال امام عملية تنمية وتطوير البنية التحتية للاقليم، فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە عەرەبیەکەی وما نجم عن ذلك بیکە وما نجم عنها سەتری سێیەم، عەرەبیەکە ئەساسە، بەس گلەیی زمان نەبێت کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق، زۆر جەنگیان لەکوردستان هەڵگیرساندیە، شەڕی گەلی کوردستانیان کردیە، بەڵام عادەتەن شەڕ یان جەنگ لە دوولایەنی بەرامبەرە، بەڵام ئەوە ئیزافەتەن لۆ ئەوەی کەلوغمی چاندیە، ئەوە تەنها بۆ شەڕ نەبووە بەڵکو مەبەستی جینۆساید کردن بووە لەبەر ئەوە پێم باشە وشەی جینۆسایدیش بخرێتە پێش وشەی جەنگ دژی گەلی کوردستان، بکرێتە جینۆساید و جەنگەکانی دژی گەلی کوردستان، چونکە ئەو حەملەی جینۆسایدی هەبووە، کە لوغمێکی چاندیە مەبەستی بووە هەرکەسێك بەبەربکەوێتن، هەرکەسێك لەم کوردستانە دەژێتن بەربکەوێت و بمرێتن و لەناوی بەرێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو جوملەیە ئیزافە بکرێتن لەهەموو قانونەکانی مومامسیلدا باسمان کردووە، لە قانونی شەهیدان لەهەر بوارێك پەیوەندی بەوەوە هەبووبێ باسمان کردیە، هەردەم ئاماژەمان بەجینۆساید کردووە، لە دیباجەکەدا جێگای بۆ بدۆزنەوە، قانونەکە بەدیباجەوە دەیخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە، بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس، پیرۆزبایتان لێ دەکەم سوپاس بۆ هەمووتان، کاك سەعد ئێستا قسە دەکات فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من بەناوی برادەران لە دەزگاکە زۆر سوپاسی بەڕێزتان لەسەرۆکایەتی و لیژنەی قانونی و تەواوی برادەران ئەندامانی پەرلەمان دەکەین، کە زۆر دڵسۆزانە پرۆژەکەیان دەوڵەمەند کرد، وەهیوادارین لەکۆتایش برادەرانیش لەئاستی ئەو مەهامە بن کەلەئەستۆیانە زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس، ئومێد دەکەین کە دەرچوونی ئەو یاسایە هاندەرێك بێتن، بۆ ئەوەی جارێ بەپەلە ئەو دوو دەزگایە تەوحید بکرێن، دەست بەکار بن، ئەو ئەهدافانەی ئاماژەی پێکراوە جێبەجێ بکەن، هەمووشمان پشتگیریتان لێ دەکەین، بۆیە دانیشتنەکەمان کۆتایی پێدێنین، بۆ دوو سبەی سەعات 11 بۆ موناقەشەی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ئەوقاف، زۆر سوپاس.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (15)**

**چوار شەممە رێکەوتی 9\5\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (15)

## چوار شەممە رێكەوتی 2007/5/9

كاتـژمێر (11)ی سـەر لـە بـەیانی رۆژی چـوار شـەممە رێكـەوتی 2007/5/9 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق بـە سـەرۆكایەتی بـەڕێز عـدنان رشـاد مفـتی سـەرۆكی ئەنجومـەن و, بـە ئامـادەبوونی

بەڕێزمحمـد قـادر عبـدالله(د.کمـال کـەرکووکی) جێگـری سـەرۆك و, بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (15)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتانی عێـراق, دەسـتەی سـەرۆکایەتی ئەنجومـەن بڕیـاردرا دانیشـتنی ژمـارەی (15)ی خولی گرێدانی یەکەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبـژاردنی دووەمـی پەرلـەمانی کوردسـتان – عێـراق, بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (15)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات()ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2007/5/9دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەروو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینیی لە هەرێمی کوردستان.

سەرەتا زۆر بەخێرهاتنی بەڕێز مامۆستا محمد شاکەلی وەزیری ئەوقاف و بەڕێز کاك سەعد وەزیری هەرێم بۆکاروباری پەرلەمان و بەڕێز مامۆستا جمال بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی ئەوقاف کەبەیاوەری جەنابی وەزیر هاتوون، بەخێربێن سەرچاو، پێش ئەوەی دەست بەبەرنامەی کارمان بکەین، دەمەوێ بەناوی سەرۆکایەتی و بەناوی هەموو ئێوەی بەڕێزەوە، بەتوندی ئیدانەو ریسوای ئەو کارە تیرۆریستیە بکەم کە سەرلەبەیانی ئەمڕۆ لەبەردەم وەزارەتی ناوخۆ بەتەقاندنەوەی لۆرییەکی مین ڕێژکراو، لەگەڵ تاوانبارەکە خۆی، کە بووە هۆ شەهید بوونی زیاتر لە10 کەس، بریندار بوونی دەیان کەسی تر، زیانێکی زۆری بەخشی بەهاووڵاتیان، چونکە لەسەر جادەکەی 60 مەتری بوو، لەو دەمەدا خەڵك بەرەو دەوامی خۆی دەڕۆی، بۆیە زیانی سەرەکی بەهاووڵاتیان گەیشتووە، چ بەوەی سەیارەکانیان سووتاوە چ بەوەی شەهید بوون، هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدان، ئومێد دەکەین کەوا برینداەرکانیش زوو چاك ببنەوە، تەئکیدیش دەکەینەوە کەوا ئەم جۆرە تاوانانە، لە کوردستان یان لە عێراق ئەنجام دەدرێن، قەت ناتوانن ڕێگا بگرن لە ئیرادەی میللەتی عێراق و گەلی کوردستان، لە رووبەروو بوونەوەی تیرۆرو تیرۆرستان و پیلانە بۆگەنەکانیان، ئەم میللەتەش هەر سەرکەوتوو ئەبێت وەکو لە مێژوودا چۆن سەرکەوتوو بووە، کە دژی گەلەکەمان تاوانباران و ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی بەغدا و ڕژێمەکانی تر دژی گەلەکەمان ئەنجامیان داوە، هەر ئەوەش تیرۆرستان ریسوا دەبن، مێژوو ریسوایان دەکات، میللەت زاڵ دەبێت بەسەریاندا، بەرنامەکەیان پوچەڵ دەبێت بەئیرادەی گەلەکەمان، لێرەشدا وەك هەمیشە، چاوەڕوان دەکرێت

گەلی کوردستان، هاوکار بن لەگەڵ حکومەتی هەرێم، بۆ ئەوەی ئەو تیرۆریستانە و ئەو تاوانبارانە نەتوانن، کارەکانیان ئەنجام بدەن، بۆ گیانی پاکی ئەو شەهیدانە، بۆ گیانی پاکی هەموو شەهیدانی کوردستان وگەلی عێراق، بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ئازادی، داوا دەکەم ساتێك بوەستن، فەرموون، داوا لەلیژنەی یاسایی وسەرۆکی لیژنەی ئەوقاف دەکەم بێن دابنیشن لەجێگای خۆیان، ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی بەزمانی کوردی بخوێنرێتەوە، دواتر ڕاپۆرتی لیژنەی ئەوقاف بەزمانی کوردی بخوێنرێتەوە، دواتر مادده بەمادده، ئەصڵی پڕۆژەکە دەخوێنرێتەوە، ئینجا موناقەشەی لەسەر دەکەین، فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێژنەکەمان لە ڕۆژی 2007/4/29 بە سەرۆکایەتی سەرۆکی لێژنە شێروان حەیدەری و ئەندامیەتی جێگری سەرۆك دادوەر عەونی بەزاز و بڕیاردەری لێژنە دادوەر عبدولکەریم أبوبەکر هەمەوەند و ئەندامان بەڕێزان تارق جامباز و کەریم بەحری و محەمەد صالح اسماعیل و قادر سەعید خدر و دلێر محەمەد شەریف و خەلیل ابراهیم محەمەد و ئەندامی لێژنە دکتۆر نوری تاڵەبانی دواکەوت چونکە مۆڵەتی هەبوو، پرۆژەی یاسایی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی خرایە بەر لێکۆڵینەوە و تاوتووکردن کە لە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە دانیشتنی ئاسایی ژمار ە(2)ی ڕۆژی 2007/3/27 ی پەرلەمان بۆمان هاتووە و وەزیری پەیوەندیدار لە کۆبوونەوەکە ئامادەبووە لە گەڵ شاندە یاوەرەکەی و، دوای وتووێژ و تاوتووکردن، لێژنە ڕاپۆرت و ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی بە تێکڕای ڕای ئامادەبووان پێشکەش دەکات و بەم جۆرەی خوارەوە :

لێژنەی یاسایی بەگشتی پشتگیری پڕۆژەکە دەکات، سەبارەت بەو گۆڕانکارییانەی بەبەراوردکردنی لە گەڵ یاسا کۆنەکەدا هاتوون و لە گەڵ ئەو پەرەسەندن و گۆڕانکارییەی بەسەر باری کوردستاندا هاتوون ڕێك دەکەون کە پێویست دەکات ئەوەی لە پڕۆژە نوێیەکەدا هاتووە بەتەواوی وەربگیرێ، لێژنە پێشنیاز دەکات دیباچەیەکی بۆ دابڕێژرێ و ماددەکانی دەروازەیان بۆ دابنرێ و بڕگەکانی ڕێك بخرێن و زنجیرە ڕەنووسەکانی بکرێن بە زنجیرەی بە نووسین و هەندێك هەموارکردن و گۆڕانکاریی لە داڕشتنی هەندێك لە بەندەکانی وەك یاساکانی وەزارەتەکانی دیکە بکرێ، کە لەمەو بەر دەرچوون و لەمەو دوا لەم ڕاپۆرتەدا دەردەکەون:

یەکەم ـ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی یەکەمەوە هەیە، لێژنە پێشنیاز دەکات وشەی گوزارە (تعبیر) بگۆڕدرێت بە (زاراوە) کە لە سەرەتای ماددەکەدا هاتووە.

دووەم ـ لە بارەی ماددەی دووەمی پڕۆژەکە، لێژنە پێشنیاز دەکات و ڕادەسپێرێ:

1 - لێکدانی هەردوو بڕگەی (5،4) و داڕشتنی بەم جۆرەی خوارەوە:

{ڕێکخستنی کاروباری ئەوقاف و سەرپەرشتی کردن بە جۆرێکی وا چاودێری بکرێت کە مەرجەکانی وەقفکارەکان و سوودی هەرە زۆری وەبەرهێنان و سپاردنی داهاتی وەقف و هەر داهاتێکی تر بێنێتە دی و

له حیسابی تایبەتی بەناوی وەزارەت دایبنێ بە جۆرێکی وا خەرجیان بکات کە مەرجەکانی وەقفکار و قازانجی وەزارەت خزمەت بکات}.

**2** - لابردنی وشەی (کوردستان) لە کۆتایی بڕگە (7)ی و وشەی هەرێمی لە شوێن دابنرێ.

**3** - بڕگە (8)ی بەم جۆرەی خوارەوە دابڕێشترێتەوە:

{دروست کردن و نۆژەنکردنەوەی مزگەوت و شوێنەکانی تری خواپەرستی و دابینکردنی پێویستیەکانی لە شوێنی پێویست و دابینکردنی خانوو بۆ پێش نوێژ و وتاربێژ لەو مزگەوتانەی کە دروست دەکرێن}.

**4** - ئەمەی خوارەوە بخرێتە دوای بڕگە (9) ( و دەوری لە پارێزگاری لە ئیسلام و بلاوکردنەوەی و دەوڵەمەند کردنی کەلە پووری رۆشنبیری و شارستانی).

**5** - لێکدانی بڕگەکانی (10،17) و بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە:-

{بەدوا داچوونی پەرەپێدانی بەرنامەی خوێندن بۆ خوێندنە ئیسلامیەکان بە شێوەیەکی وا بیری بە کافر کردن و توندڕەوی ئایینی و تیرۆر لە قۆناغە جیاجیاکانی بەلاوە بنێ، لە گەڵ دابین کردنی قوتابخانەی شیاو بۆیان لە رووی بیناو بەڕێوەبردن و مامۆستا و، هەروەها دابینکردنی هەموو پێداویستیەکانی خوێندن و نوێکردنەوەی ئاستی خوێندنی ئایینی و لێکۆڵینەوە لە پەیمانگا و کۆلێج و خوێندنی بالا بە شێوەیەکی وا بتوانێ زانای بە توانا لە وتاربێژی و رابەری ئایینی و فتوای شەرعی دەربچوێنێ}.

**6** - دارشتنەوەی بڕگە (11) وەك ئەمەی خوارەوە:

{چاودێریکردنی کاروباری ئاینەکان و ئاینزاکان لە هەرێم بە جۆرێکی وا کە گیانی لێبوردەیی لە نێوان ئایینەکاندا بێنێتەدی و بەردەوامی لە پەیوەندیی کردنی نێوانیان وگرینگی دان بە مەڵبەندەکانی خواپەرستیان}.

**7** - گۆرینی دەستەواژەی (گەلی کورد) لە کۆتایی بڕگە (12) بە دەستەواژەی (گەلی کوردستان).

**8** - لادانی رستەی کۆتایی لە بڕگە (14) کە دەست پێدەکات بە (بەکارهێنان .....هتد) تاکو دارشتنەکە جوان بێت.

**9** - وشەی ( لە هەرێمدا) بخرێتە دوای (و کۆلێجە ئیسلامیەکان) لە بڕگە (15) و وشەی ( بە کەسایەتی) لە پاش (وشەی پێویست)ی لابرێ.

10- هەڵوەشاندنەوە و لادانی بڕگە (16) لە ماددەکەدا، چونکە لە نێو ئامانجەکانی وەزارەتدا نەهاتووە و بە پێی ئەو رێنماییانە چارەسەر دەکرێ کە لە وەزارەتەوە لە کاتی یەکلایکردنەوەی بابەتی وەکو ئەمە دەردەچێت و بەم جۆرە دادەرشرێتەوە:

سێیەم - ئەوەی پەیوەندی بە ماددەکانی سێیەم و چوارەم و شەشەم لە پرۆژەکەدا هەیە، لیژنە پێشنیار دەکات بخرێتە ناو ماددەی سێیەم لە ژێر ناونیشانی (پێکهاتەکانی وەزارەت) بنووسرێ و بەم جۆرە دابڕێژرێ:-

پێکهاتەکانی وەزارەت

**ماددەی سێیەم: وەزارەت لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێك دێ.**

**یەکەم: وەزیر: سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی کارەکانی و سەرپەرشتی و چاودێری چالاکییەکانی و لەوەوە ئەو بڕیار و فەرمان و ڕێنماییانە دەردەچێت کە پەیوەندیان بە ئەرکەکانی وەزارەت و پێکهاتەکانی و دەسەڵات و هەموو کاروبارە هونەری و دارایی و کارگێڕی و ڕێکخستن بە پێی حوکمەکانی یاسا هەیە و لە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران بەرپرسە بەو ناوەی کە ئەندامێکی هاوکارە لەو ئەنجومەنەدا و بۆی هەیە هەندێك لە دەسەڵاتەکانی بدات بە برێکاری وەزارەت و بەڕێوەبەرە گشتییەکان یان هەر کەسێکی بە شیاو دەزانێ لە وەزارەتەکەدا.**

**دووەم: بریکاری وەزارەت: یارمەتی وەزیر دەدات لە ئاراستەکردنی کار و باری وەزارەت و سەرپەرشتی کارەکانی لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانەی کە وەزیر پێی دەدات و دەبێ بڕوانامەی بەرایی پسپۆری زانکۆی هەبێت و خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت لە کارەکەیدا.**

**سێیەم: نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕیوەبەر سەرۆکایەتی دەکات و بەڕیوەی دەبات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.**

**چوارەم: نووسینگەی بریکاری وەزارەت: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.**

**پێنجەم: ڕاوێژکاران: ژمارەیان لە چوار ڕاوێژکار زیاتر نابێ و دەبێ بڕوانامەی بەرایی زانکۆیان هەبێت و خاوەن شارەزایی  و کارامەیی بن لە کارەکانیاندا.**

**شەشەم: پشکنێری گشتی لە وەزارەت: بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی دەبێ و وەزیر دەیپاڵێوێ و دەبێ بڕوانامەی بەرایی زانکۆ و خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت لە کارەکانیدا.**

**حەوتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری کارگێڕی و دارایی: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆ و خاوەن شارەزایی و کارامەیی و  پسپۆڕ بێت.**

**هەشتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی حەج و عومرە: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و خاوەن شارەزایی و پسپۆری بێت.**

**نۆیەم: بەڕێوەیەرایەتی گشتی ئاینی مەسیحی: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆ و خاوەنی شارەزایی و پسپۆڕی بێت  لە کارەکەیدا.**

**دەیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئایینی ئێزدی: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆ و خاوەن شارەزایی و پسپۆڕی بێت  لە کارەکەیدا.**

**یازدەم: بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکانی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە پارێزگاکانی هەرێمدا: هەر یەك لەوانە بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت وخاوەن شارەزایی و پسپۆڕی بێت.**

چوارەم: ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی پێنجەمی پرۆژەکەوە هەیە کە دەبێتە ماددەی چوارەم بە پێی پێشنیازی لیژنەکەمان. لیژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرەی خوارەوە دابرێژرێتەوە:

ماددەی چوارەم: {ئەنجومەنی باڵای ئەوقاف‌وکاروباری ئاینی}.

یەکەم: ئەنجومەنێك لە دیوانی وەزارەت بەناوی {ئەنجومەنی باڵای ئەوقاف‌وکاروباری ئاینی} دادەمەزرێت کە لەمانە پێك دێت:-

1- وەزیر: سەرۆکە.

2- بریکاری وەزارەت: ئەندامە ولە کاتی ئامادەنەبوونی وەزیر سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەکات.

3- بەڕێوەبەرە گشتیەکانی وەزارەت: ئەندامن.

4- نوێنەری وەزارەتەکانی دادو خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی وپەروەردەو دارایی وئابووری وشارەوانیەکان وکشتوکاڵ بە پلەیەك لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت: ئەندامن.

5- چوار لە زانا گەورەکانی ئاینی ئیسلامی وەزیر بۆ ماوەی سێ ساڵ هەڵیان دەبژێرێت: ئەندامن.

دووەم: ئەنجومەن بۆی هەیە لە کاتی پێویستدا بە داواکاری وەزیر پەنا بۆ شارەزا وپسپۆڕان ببات.

پێنجەم: ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی حەوتەمی پرۆژەکەوە هەیە کە دەبێتە ماددەی پێنجەم بە پێی پێشنیازی لیژنەکەمان، ئەوا لیژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەیە دابرێژرێتەوە:

{ماددەی پێنجەم: ئەنجومەنێکی زانستی لە وەزارەت دادەمەزرێت وڕاستەوخۆ بە بریکاری وەزارەتەوە دەبەسترێتەوە وپێکهاتە وتایبەتمەندییەکانی بە پێڕەوێکی تایبەتی دەستنیشان دەکرێن}.

شەشەم: ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی هەشتەمی پرۆژەکەوە هەیە کە دەبێتە ماددەی شەشەم، لیژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرە دابرێژرێتەوە:-

ماددەی شەشەم:

{یەکەم: کاروئەرك وتایبەتمەندیەکانی پێکهاتەکانی وەزارەت بە پێڕەو دەستنیشان دەکرێت.

دووەم: وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی یان بەش یان هۆبە یاخود هەر یەکەیەکی کارگێڕی دیکە لەناو پێکهاتەکانی وەزارەت لە نوێ دابنێ یان لێکیان بدات یان هەڵیان وەشێنێتەوە بە پێی پێویستی کار لەکاتی پێویستی دا.

سێیەم: وەزیر بۆی هەیە لیژنەی هەمیشەیی یان کاتی لە وەزارەت پێك بێنێ وکاری تایبەتیان پێ بسپێرێ کە پەیوەندیان بە چالاکی وخیتابی وەزارەت بە پێی یاسا کارپێکراوەکان وپێڕەوو ڕێنماییەکانی کە بەپێی ئەو یاسایانە دەرچوون هەبێ وبۆیشی هەیە پشت بە شارەزای پسپۆڕ لە نێو هەرێم ودەرەوەی دا ببەستێ}.

حەوتەم: لیژنە پێشنیاز دەکات ماددەیەکی تر بخرێتە پاڵ پرۆژەکە وبکرێت بە ماددەی حەوتەم وبەم شێوەیەی خوارەوە:

ماددەی حەوتەم: {وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ}.

**هەشتەم: ئەوەی پەیوەندی بەماددەی نۆیەمی پرۆژەکەوە هەیە دەبێتە ماددەی هەشتەم، ئەوا لیژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرە دابرێژرێت:**

**{پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنی پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن}.**

**نۆیەم: ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی دەیەمی پرۆژەکەوە هەیە، ئەوا لیژنە پێشنیاز دەکات هەڵبوەشێتەوە و لابرێ و ئەم ماددەیەی خوارەوە لە شوێنی و بە ژمارەی ماددەی نۆیەم دابنرێ:**

**ماددەی نۆیەم:{ یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ژمارە (7)ی ساڵی 1992 و هەموارکردنەکەی هەڵدەوەشێتەوە}.**

**دەیەم: لیژنە پێشنیاز دەکات ماددەیەکی دیکە بخرێتە پاڵ پرۆژەکە بە زنجیرە ماددەی دەیەم و بەم جۆرەی خوارەوە:**

**ماددەی دەیەم:{کار بەهیچ دەقێکی یاسایی بان بڕیارێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت}.**

**یازدەم: ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی یازدەمی پرۆژەکەوە هەیە ئەوا ژمارەکەی خۆی دەمێنێ و لیژنە پێشنیار دەکات بەم شێوەیە دابرێژرێتەوە :**

**ماددەی یازدەم:{ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.**

**لە کۆتاییدا ئەوەی پەیوەستە بە هۆیەکانی دەرچوونی یاساکە کە لە پرۆژەکەدا هاتووە. لیژنەی یاسایی پشتگیری هەمووی دەکات، چونکە مەبەستی پێویست لە دەرچواندنی یاساکە دەردەبڕێ.**

**تکایە ئاگاداری بفەرموون ودەقی ئەصلی پرۆژەکە وڕای لیژنەی یاسایی لە بارەیەوە بخەنە بەردەم ئەنجومەن بۆ وتووێژکردنی ودەربڕینی ڕای گونجا ولەسەری لەگەڵ ڕێزماندا.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس، ئێستا مامۆستا سعد الدین راپۆرتی لیژنەی ئەوقاف دەخوێنێتەوە.**

**بەڕێز ملا سعدالدین ملا عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**قامت لجنتنا بدراسة مشروع قانون وزارة الاوقاف والشؤون الدينية حسب الكتاب الموجه الينا من قبل رئاسة المجلس الوطنى الكوردستانى بتاريخ 2007/3/29 وبعد القراءة والمناقشة بحضورجميع اعضائها تقدم اللجنة تقريرها و توصياتها واقتراحاتها باجماع الاراء واجراء بعض التعديلات والتغيرات في صياغة بعض بنوده والتي ستظهر لاحقاً من خلال هذا التقرير كما يلي :-**

**اولاً: فيما يتعلق بالمادة الاولى: تقترح اللجنة تبديل كلمة( التعابير) بكلمة ( المصطلحات ).**

**ثانياً: وما يتعلق بالمادة الثانية تقترح اللجنة وتوصى بما يلي:-**

**تبديل كلمة (جوهر) بكلمة ( المبادء) من الفقرة الاولى ضمن المادة الثانية.**

**وبخصوص الفقرة الثانية ترى اللجنة تبديل كلمة ( الاحسن ) بكلمة( اللازم ).**

**وتقترح اللجنة الغاء الفقرة الخامسة ضمن المادة الثانية لان ذلك يتعارض مع الانظمة المالية المختصة بميزانية الوزارات .**

**وبخصوص الفقرة السادسة والسابعة والثامنة فتؤيدها اللجنة كما هي.**

**وبخصوص الفقرة التاسعة من المادة الثانية تبديل ( تحقيق التماس ) بـ ( الاتصال و التنسيق )**

**اما بخصوص الفقرة الحادية عشرة اضافة العبارة ( بموجب القانون) بعد عبارة (وضبط ممتلكاتها).**

**أما الفقرة الخامسة عشرة حذف العبارة ( العناصر ذات مستوى علمي عالي و وعي كاف ).**

**أما بخصوص الفقرة السابعة عشرة فتقترح اللجنة أضافة عبارة ( بفتح دورات تاهيلية لهذا الغرض بشرط ان لاتقل عن ستة اشهر) في اخر الفقرة.**

**وترى اللجنة زيادة فقرة وهو ( تشكيل وزارة هيئة بأسم بعثة الحج و العمرة للاشراف على شئوون الحجاج والمعتمرين سنوياً)**

**ثالثاً: أما بخصوص المادة الثالثة المتعلق بصلاحية الوزير فتوصي اللجنة اعادة صياغة الفقرة الاولى بزيادة عبارة(عقد وابرام العقود واجراء جميع التصرفات القانونية وعقد الاتفاقيات مع الجهات ذات العلاقة من الداخل والخارج بما يؤمن تحقيق اهداف الوزارة) بعد كلمة ( بمهام الوزارة ) ثم تأيد ماتبقى من الفقرة الى اخره بعد التعديل .**

**رابعاً: وفيما يتعلق بالمادة الرابعة توصي اللجنة بما يلي :-**

**عدم ذكر المديريات والاكتفاء بالمديريات العامة و ذلك لتنسجم مع القوانين الاخرى الصادرة في برلمان كوردستان, ثم استحداث مديرية عامة بأسم المديرية العامة للمدارس والمعاهد ومديرية عامة للحج والعمرة.**

**وترى لجنتنا ايضاً ضرورة جعل كل من دوائر الاوقاف التابعة للمحافظات مديريات عامة و يكون لكل محافظات الاقليم مديرية عامة يرأسها موظف حاصل على شهادة البكالوريوس ودمج الفقرتين الخامسة والسادسة معهما.**

**ويكون المديريات العامة التابعة لوزارة الاوقاف كما يلي:**

**أ- المديرية العامة للديانة المسيحية يترأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة البكالوريوس وما يعادلها.**

**ب - المديرية العامة للديانة اليزيدية : يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة البكالوريوس**

**د - المديرية العامة للمدارس والمعاهد الاسلامية يرأسها موظف حاصل على شهادة البكالوريوس.**

**هـ - المديرية العامة للحج و العمرة يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة البكالوريوس وله خبرة و ممارسة .**

وبخصوص الفقرة الرابعة من المادة الرابعة تقترح اللجنة الغائها لتعارضه مع عدد المستشارين الواردة في المادة الثالثة ويفضل أن يكون هيئة أو مديرية للتفتيش ويكون ضمن صلاحيات الوزارة.

خامساً: فيما يتعلق بالمادة الخامسة من المشروع المتعلق بالمجلس الاعلى للاوقاف والشئوون الدينية اضافة وكيل الوزير عضواً ضمن المجلس و يرأس عند غياب الوزير .

وتقترح اللجنة أيضاً أضافة رئيس أتحاد علماءالدين ضمن الاعضاء.

سادساً: وبخصوص المادة السادسة ترى اللجنة الغاءها. لان ذلك يكون ضمن صلاحيات المديرية العامة للحج والعمرة ويدرج ضمن مهام الوزارة.

سابعاً: اما بخصوص المادة السابعة والذي ستصبح برقم المادة السادسة ترى اللجنة زيادة عبارة(على ان لا يزيد عددهم عن سبعة أشخاص) في اخر المادة.

ثامناً: اما بخصوص المادة الثامنة والتاسعة فليس للجنتنا أي ملاحظات عليها.

تاسعاً: اما بخصوص المادة العاشرة حذف جميع العبارة و تبديلها كالقوانين الاخرى بـ (لايعمل بأي نص يتعارض مع هذا القانون )

عاشراً: وبخصوص المادة الحادية عشر تبديل كلمة ( الجريدة الرسمية ) بـ ( وقائع كوردستان ).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێستاش داوا لەلیژنەی یاسایی دەکەم مادده بەمادده کوردی و عەرەبیەکە بخوێننەوە و رای خۆشیان پێش ئەوەی بیخەینە موناقەشەوە دەربڕن، فەرموون.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای پێشنیارکراوی وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی

ماددەی یەکەم: مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە لەم یاسایەدا:-

1) هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

2) وەزارەت: وەزارەتی ئەوقافوکاروباری ئایینی هەرێم.

3) وەزیر: وەزیری ئەوقافوکاروباری ئایینی.

4) بریکاری وەزیر: بریکاری وەزارەتی ئەوقافوکاروباری ئایینی.

5) ئەنجومەن: ئەنجومەنی باڵای ئەوقافوکاروباری ئایینی.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قانون وزارة الاوقاف و الشؤون الدينية المقترح

المادة الاولى: يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:

1-الاقليم: اقليم كوردستان ـ العراق.

2- الوزارة: وزارة الاوقاف والشؤون الدينية للاقليم.

3- الوزير: وزير الاوقاف والشؤون الدينية.

4- وكيل الوزارة: وكيل وزارة الاوقاف والشؤون الدينية.

5- المجلس: المجلس الاعلى للاوقاف والشؤون الدينية.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لیژنەی یاسایی بەس کەلیمەی تعابیری گۆڕیوە، کردیتیە مصطلحات، تاکو ئینسیجام بکات لەگەڵ یاسای وەزارەتەکانی تر، کە لەپەرلەمانی کوردستان دەرچووە هیچ مولاحەزاتی ترمان لەسەری نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە وەکو هەموو پرۆژە یاساکانی تر ئەو دوو گۆڕانکارییەی بەسەردا دێت، تعابیر دەبێتە مصطلحات (1،2،3)یەکە دەبێتە، اولاً و ثانیاًو ثالثاً، تەشکیلەکە وەکو هینە، پێم وایە قابیلی موناقەشەو شتی وا نیە، فەرموو گەلاوێژ خان.

**بەڕێز گەلاوێژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ناوی وەزارەتەوە، ئەگەر بەشێوەی ئەو ناوەرۆکەی کەلەناو قانونەکەدا هاتووە، من پێشنیار ئەکەم ناوی وەزارەتەکە بکرێتە وزارة الاوقاف والشؤون الاسلامية، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەناوەڕۆکەکەدا مودیریەی عامە هەیە بۆ کاروباری مەسیحی و بۆ کاروباری ئێزیدی، جگە لەوەش لە زۆر جێگادا لیژنەی قانونی بەپێشنیارەکانی دەوڵەمەندیان کردووە، کە لەگەڵ ناوی وەزارەتەکەدا بگونجێتن، ئەگەر کەس مولاحەزەی تری هەیە، فەرموون، کاك عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە بۆ ئەوەی گەلاوێژ خان کە وزارة الاوقاف والشؤون الاسلامية، کە دەڵێیت ئیسلام بەعام بەشمولی هاتووە، زۆربەی ماددەو بڕگەکانی ئەم یاسایە باسی ئیسلام ئەکات، جاران ئەنجومەنی وەزیران مودیریەتێکی عامی هەبووە، بۆ کاروباری ئایینی مەسیحی، ئەگەر ئەو مودیریەتە عامانە بەو شێوەیە بێت، بکرێتە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی، ئەوەش دەگونجێت کەجارانیش هەر وا بووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی لە ئەساسدا ناوی وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئیسلامی بووە، بەڵام لە 2004هەموار كراوە، مەسەلەی دین لەو وەختەوە، دیارە ئەسبابی موجیبەی هەبووە، ئێستاكەش ئەو ئەسبابی موجیبەیەش هەر مەوجودە، ئەنجومەنی وەزیران ئیقراری كردووە، كێی تر قسەی هەیە كاك خۆرشید، فەرموو.

**بەڕێز خۆرشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەئیدەن بۆ قسەی جەنابت، پێشتر ناوی ئەو وەزارەتە وزارة الاوقاف والشؤون الاسلامية بووە، چەند ساڵێك، بەڵام پاش لێكدانەوەو كۆمەڵێك مولاحەزات، بۆ وەزارەتی ئەوقاف و ئەنجومەنی وەزیران، كە وەزارەتی ئەوقاف ئیقتراح كرا كە ناوی وەزارەت وەكو زۆربەی وەزارەتەكانی تری وڵاتانی ئیسلامیش ئەوكاتە وەزارەتی ئەوقافی حكومەتی عێراقی وزارة الاوقاف و الشؤون الدينية بوو، پێشی رووخانی رژێم، بۆیە وەزارەتی ئەوقاف پێشنیاری كرد بۆ ئەنجومەنی وەزیران، كە ناوی وەزارەتەكە بگۆڕن، برادەرێك ئیشارەتی بەوە دا كە مودیرییەی عامەی مەسیحی هەبوو پێشتر لەوەزارەت، نەخێر نەبووە لە 2005 لە وەزارەتی ئەوقاف دوو پێشنیار تەقدیم كرا بۆ ئەنجومەنی وەزیران كە دوو هەیئەت نەك مودیریەت بكرێتەوە یەكێكی بۆ كاروباری مەسیحی و یەكێكی كاروباری ئێزیدی، لێرە كۆنفرانسێك گیرا، لە زمنی قەراراتی كۆنفرانسەكە بوو، بەڵام ئەنجومەنی وەزیران جوابی نەدانەوە، هەرمایە ئێستاش ئەوراقەكە لە ئەنجومەنی وەزیرانە، لەبەر ئەوە ئەو ناوە پڕ بەپێستێتی كە بمێنێت، وزارة الاوقاف و الشؤون الدينية، ئێستاش احداث ی ئەو دوو مودیریەتە كەكراوە پڕ بەپێستێتی، لەجێی خۆیەتی، تەمسیلی هەموو لایەكی دەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ئیحسان ئامێدی.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت ئەوان زاراوە، وەكی لە هەمی یاسایا دیت، دەستەواژە زاراوە نەهاتیە، لەكۆنبوینە دی بووینە زاراوە، هەمیشە بووبیتە دەستەواژە، بەڕەئی من ئەمەش ببیتە دەستەواژە باشتر دەبیتن، لە قانونەكانی دیكە هەمووی دەستەواژە هاتیە، ئەوە یەكەم، ئەگەر یاسای وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئایینیە دەبێ دەستنیشانی ئەرك ودەستەڵاتی مودیریاتی شئونی ئێزیدی و مەسیحیەكان بكرێتن، چونكە لە

تەفاسیلەکەدا نەهاتیە، هەمووی گرێدایە بەکاروباری ئیسلامی و تەرتیباتی ئەوانە، یەعنی شتێکی گرنگ بۆکاروباری ئێزیدی و ئاینی مەسیحیەکان، تێدا نەهاتیە تەفاصیلی ئیش کردن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە ئەو خوشکەی کە پێشنیاری کرد کەناوی وەزارەتەکە بگۆڕدرێت بۆ وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی، مەبەستی ئەو پێشنیارە نەبووە، بەڵکو مەبەستی پێشنیار بووە بۆ گۆڕینی ماددەکە، ئەوە یەك لە ناوەرۆکەکەی پێم وایە ئەگەر ناوەکەی بگۆڕین بۆ وزارة الاوقاف والشؤون الاسلامیة ئەمە کارێکی خراپە، زیان دەگەیەنێت بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام و ئاینەکانی تر، لەبەر ئەوەی هەم ئاینەکانمان لێك دەترازێن وەکو مەسیحی و ئیسلام و ئەوانی تر، پێشم وایە دەعمیشە بۆ صراعی ئەدیان، ئێمە نامانەوێت ئەو شتە ببێت، خاڵێکی تر ناوی ئەو وەزارەتە لەهەموو دوەلی ئیقلیمیش هەر بەو ناوی هاتووە، الاوقاف والشؤون الدینیة، پشتگیری لە پرۆژەی حکومەت دەکەین بەو ناوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا بەشێك لە قسەکانی من کاك سەردار کردی، سەبارەت بە پێشنیارەکەی خاتوو گەلاوێژ، چونکە ئەو مەبەستی ناوەرۆکەکەیە کە ئەبێت بگۆڕێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ ناوەکەدا بگونجێت، خاڵی پێنجەمیش نووسراوە الهیئة هیئة الطوائف والادیان، خۆی عادەتی وایە هیئەی ئەدیان و ئینجا تەوائف، تەوائف پێش دیانەت نابێت، ئەدیان فراوانترە، ئەبێت چاك بکرێت هیئة الادیان والطوائف، چونکە تەوائف بچوکترە، ئەدیانەکان گەورەترن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو پرۆژە هاتووە، یەکێکیان لە 2006 هاتووە، ئەوی تریان لە 2007 هەیئەی تێدانیە مجلسە، ئەوە خەلەلێکە دەبوایە حکومەت ئەوەی پێشووی سەحب بکات ئینجا ئەوی تر بنێرێت، بەڵام ئێمە لەبەر ئەوەی دواوە خوێنراوەتەوە، لیژنەی یاسایی و لیژنەی ئەوقاف لەبەر رۆشنایی ئەو پرۆژەیە راپۆرتەکانیان نووسیوە، هیئە نیە مجلسە، ئەگەرنا مولاحەزەکەت بەجێیە، دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی ناوی یاساکە، پێویستە ناوەکەی بەو شێوەیە بێت، یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەرێمی کوردستان، ئەوەی نوقسانە پێویستە بوترێت، چونکە ئەمە هی هەرێمی کوردستانە، ئەمە یەك،

ئەو تێبینیەی کە خوشکە گەلاوێژ نیشانی دا، تەبعەن پێش ئەوەی کە دانیشتنەکە دەست پێبکات، ئەو تێبینیەیان بەهەندێك لە ئێمە گەیاند، ئەوان مەبەستیان ئەوەیە لە ناوەرۆکەکەدا وەکو پێویست باسی ئایینەکانی تر نەکرابێت، باسی مەسیحیەت و یان بایەخدان بەمەسیحیەت و بەئێزیدی و ئایینەکانی تر نەدرابێت لەم یاسایەدا، لەبەر ئەوەیە ئەگینا ناوی یاساکە من پێم وایە زۆر دروستە، لەگەڵ ئیزافەکردنی هەرێمی کوردستان بخرێتە سەری، خاڵی سێیەم الوزیر یان دووەمی الوزارە: وزارە الاوقاف والشؤون الدینیە للاقلیم. لەکوردیەکەی و عەرەبیەکەی بکرێتە هەرێمی کوردستان، چونکە ئیقلیم مەعلوم نیە، ئەمە یەکەمجارە ناوەکەی دێت، بۆیە ناوی وەزارەتەکە وەکو خۆی بێت، بە کاملی بێت، ئینجا دوایی لەوەکانی تر ئەڵێین وەزیر یان ئیقلیم، ئەبێ وەکو خۆی بێت لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەقسەکانی دکتۆر ناصح فەقەرەی یەکەم الاقلیم: اقلیم کوردستان العراق. باسی لێ دەکات، پێی ناوێت دووبارە تکرار بێت لە بڕگەکانی دیکە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مەوزوعە جارێکی پێشتریش موناقەشە کراوە، مادام قانونەکە قانونی ئیقلیمی کوردستانە، لە کوێندەر ئیقلیم بێتن مەبەستی ئیقلیمی کوردستانە، فەرموو کاك ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاك عونی ئەیڵێت لەگەڵ رێزمدا، ئەو تەعریفی ئیقلیم ئەکات نەك تەعریفی وەزارەتەکە، لەبەر ئەوە پێویستە تەعریفی وەزارەتەکە بکرێت، ئیقلیم جودایە، کە تەعریفی ئیقلیم کرا ئەبێت تەعریفی وەزارەتەکەش بکرێت، لەگەڵ رێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمن جوابی دەدەمەوە، یەکەم نووسرایە الاقلیم: تەعبیرەکەی دەڵێت اقلیم کوردستان العراق، لەو قانونەدا لەکوێندەر ناوی ئیقلیم هاتبوو یەعنی ئیقلیمی کوردستانی عێراق، ئەوە تەحصیل حاصلە لە قانونەکانی تریشدا هەروابووە، من داوای لێبووردن ئەکەم لەوانی تر کەداوای قسەکردنیان کردیە، لەبەر ئەوەی ئەوەلەن ئەم قانونە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتیە، دواییش ئێمە متمانەمان داوەتە ئەو حکومەتە، ئەو وەزارەتە بەو ناوەیە، یەعنی ناوەکەی ئەوەیە، وزارة الاوقاف و الشؤون الدینیة یەعنی لێرە مەترەح نیە، نەناوەرۆکەکەی موناقەشە بکەن حەقی خۆیەتی، دەنگیشمان بۆداوە، لەبەر ئەوە ئێستا دەیخەمە دەنگەوە ماددەی یەکەم، بەو تەعدیلاتەی لیژنەی قانونی داویەتی کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند

بكات تكايه، فەرموون كێی لەگەڵدا نیه، یەك دوو، سێ، چوار، پێنج كەسی لەگەڵدا نیه بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا تكایه ماددەیەكی تر.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم: وەزارەت بۆ ئەم ئامانجانەی خوارەوە كار دەكات:-

1 -گەشەپێدانی وشیاری موسوڵمانیەتی وبلاّوكردنەوەی ڕۆشنبیری موسوڵمانیەتی وگەوهەری پەیامە شكۆمەندیەكەی.

2 -چاودێری كردنی كاروباری شوێنە پیرۆزەكان وڕێكخستنی بەڕێوەبردن وپاراستنیان.

3- ڕێكخستنی كاروباری حەجكردن وعەمرە بۆ موسوڵمانان، بە شێوەیەك دادپەروەری لە دەستنیشانكردنی ئەوانەی حەجكردن دەیانگرێتەوە دابین بكرێ، وپێداویستیەكانی سەفەركردن ومانەوەو خزمەتگوزاریە كارگێڕیەكانی گونجاو بە حاجیان دابین بكرێ، بە جۆرێك ئاسایش دابین بكرێ وكارەكان بە باشترین شێوە بپەڕێندرێ بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەكان.

4-ڕێكخستنی كاروباری بەڕێوەبردنی ئەوقافو سەرپەرشتیكردن وچاودێریكردنی بە جۆرێك مەرجەكانی وەقفەكان بە باشترین سوود بۆ وەزارەت دابین بكات.

5- كردنەوەی حیسابێكی تایبەتی بۆ وەزارەتی ئەوقاف لە بانكەكانی پشت پێبەستراو، بۆ سپاردنی داهاتەكانی وەقف وخەرجكردنی بە شێوەیەك خزمەت بە مەرجەكانی خاوەن وەقف وسوودی وەزارەت ولەگەڵ پلانی گەشەپێدانی هەرێمدا كۆك بێت.

6- بایەخدان بە تایبەتی پاكی ئیسلام وكەلتورەكەی وڕێزگرتنی زانایانی ئایینی ئیسلام وپاراستنی پایەی كۆمەلاّیەتیان وچاككردنی باری گوزەرانیان ودابین كردنی پێداویستیەكانی چالاكی ئایینی ونیشتیمانی ونەتەوەیی وكۆمەلاّیەتی.

7- بە هێزكردنی پەیوەندی لە نێوان جۆرەها ئایین وڕێبازو تایەفەكانی هەرێمی كوردستان.

8- نۆژەنكردنەوەی مزگەوت وشوێنە ئایینەكانی دیكە ودابینكردنی پێداویستیەكانیان وبیناكردنیان لەو شوێنانەی كە پێویستن ودابینكردنی خانوو بۆ ئیمام و وتاربێژەكان لەو مزگەوتانەی كە بینا دەكرێن.

9- ئاگاداربوون لە ڕێڕەوی بیری ئیسلامی لە جیهاندا، وهەماهەنگی كردن لەگەڵ زانا ودەزگا ڕۆشنبیری وزانستیەكاندا، بۆ سوود وەرگرتن لە زانیاری ئیسلامی وناساندنی جیهان بە گەلی كورد.

10-بە دواداچوونی پەرەسەندنی پرۆگرامەكانی خوێندنی ئیسلامی بە جۆرێك ببێتە هۆی وەلانانی بیری تەكفیری وتوندوتیژی ئایینی وتیرۆر لە هەموو قۆناغەكانیدا ودابینكردنی قوتابخانەی گونجاو لە لایەنی بیناو وكارگێڕی وماموٚستاو دابینكردنی پێداویستیەكانی خوێندن.

11- چاودێریكردنی كاروباری ئایین وتایەفە وڕێبازەكان لە هەرێمدا،بە جۆرێك گیانی لێبوردەیی لە نێوان ئایینەكان پەیوەندی لەگەڵیاندا دابین بكات، وبایەخدان بە شوێنەكانی خواپەرستی لە كلێسا ودێرەكان

وهاوشێوەیان ودەستنیشانکردنی موڵکەکانیان وبە دواداچوونی پێداویستیەکانیان وکارکردن بۆ کەمکردنەوەی کۆسپەکانی بەردەمیان.

12- کارکردن بۆ ئامادەکرنی نەوەیەك لە زانایانی موسوڵمان، خاوەن ئاستێکی زانستی وئایینی بەرزبن لە چوارچێوەی بیروباوەڕی موسوڵمانیەتی دوور لە توندوتیژی وزێدەڕۆیی وبیری تەکفیری وبە ڕۆشنبیریەکی فراوان و بە گیانێکی نەتەوەیی بەرگری لە دەستکەوتەکانی گەلی کورد بکات.

13- ئامادەکردنی هەموو ئامرازەکانی خزمەتگوزاری لە هۆڵ وپێداویستیەکانی بۆنە ئایینی وکۆمەڵایەتیەکان، بە جۆرێك لەکاتی پێویستیدا باشتر ین خزمەتگوزاری پێشکەش بە کۆمەڵگا بکات.

14- بەردەوامبوون لە کردنەوەی خولەکانی پێویست بۆ بەهێزکردنی ئیمام و وتاربێژەکان لە هەرێمدا، هەروەها کردنەوەی خول بۆ قوتابیانی بچووك بۆ فێرکردنی قورئانی پیرۆز لە پشووی هاویندا، بۆ سوود وەرگرتن لە کاتی بێکاریاندا وفێکردنی قورئانی پیرۆز هەر لە منداڵیاندا.

15- وەرگرتنی دەرچووانی ئامادەیی وپەیمانگا وکۆلیژە ئیسلامیەکان لە فەرمانگەکانی وەزارەتی ئەوقاف، بۆ ئەوەی سوودیان لە شوێنە پێویستەکان لێوەرگرن، بەهۆی کەسانێك خاوەنی ئاستی زانستی بەرزو وشیاری نەتەوەیی تەواوەوە.

16- پەسند نەکردنی بڕوانامەی دەرچووانی قوتابخانە ئیسلامیە ئەهلیەکان بە هەموو ئاستەکانیانەوە کە لە لایەن وەزارەتی ئەوقافەوە یان لە لایەن وەزارەتی فێرکردنی باڵاوە یان هەر لایەنێکی سەرپشك کراو لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان دانیان پێدانەنراوە، بەجۆرێك نابێ لەگەڵ بڕیارەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان (کۆك نەبێت) یان پێچەوانە بێت.

17- پەرەسەندن وداهێنانی ئاستەکانی خوێندنی ئایینی لە پەیمانگاو خوێندنی باڵاوە، بەجۆرێك دەرچووانی زانایانی خاوەن توانا لە وتاربێژی وڕێنمایی ئایینی وفەتوای شەرعی دابین بکات.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية: تعمل الوزارة على تحقيق الاهداف الاتية:

1- تنمية الوعي الاسلامي ونشر الثقافة الاسلامية وجوهر رسالتها السامية.

2- رعاية شؤون الاماكن المقدسة وتنظيم ادارتها وصيانتها.

3- تنظيم امور الحج والعمرة للمسلمين بشكل يؤمن العدالة في اختيار المشمولين بالحج وتأمين متطلبات السفر والاقامة والخدمات الادارية اللائقة بالحجاج وبما يحقق الامان والاداء الاحسن وبالتنسيق مع الوزارات والجهات ذات العلاقة.

4- تنظيم شؤون ادارة الاوقاف والاشراف عليها ومراقبتها وبما يؤمن تحقيق شروط الواقفين والفائدة القصوى للوزارة.

**5- فتح حساب خاص لوزارة الاوقاف في البنوك المعتمدة لايداع ايرادات الوقف وصرفها على وجه يخدم شروط الواقف ومنفعة الوزارة وبالانسجام مع خطة التنمية في الاقليم.**

**6- الاهتمام بالدين الاسلامي الحنيف وتراثه واحترام علماء الدين الاسلامي والحفاظ على مكانتهم الاجتماعية وتحسين اوضاعهم المعاشية وتوفير ما يلزم لممارسة نشاطاتهم الدينية والوطنية والقومية والاجتماعية.**

**7- توثيق الروابط بين مختلف الديانات والمذاهب والطوائف في اقليم كوردستان.**

**8- تعمير المساجد والجوامع ودور العبادة الاخرى وتأمين متطلباتها وانشائها في الاماكن اللازمة وتأمين دور للائمة والخطباء في الجوامع التي ستتم انشاؤها.**

**9- مواكبة مايستجد في الفكر الاسلامي في العالم وتحقيق التماس مع علمائها ومؤسساتها الثقافية والعلمية لاستزادة المعرفة الاسلامية وتعريف العالم بالشعب الكوردي.**

**10- متابعة تطوير المناهج الدراسية للدراسات الاسلامية وبما يؤدي نبذ الفكر التكفيري والتطرف الديني والارهاب بمختلف مراحلها وتأمين المدارس اللائقة بها من حيث البناء والادارة والاساتذة وتأمين مستلزمات الدراسة.**

**11- رعاية شؤون الاديان والطوائف والمذاهب في الاقليم وبما يحقق روح التسامح بين الاديان وتأمين الاتصال معها والاعتناء بدور العبادة من كنائس و اديرة وما شابه وضبط ممتلكاتها ومتابعة احتياجاتها والعمل على تذليل الصعوبات التي تواجهها.**

**12- العمل على تهيئة جيل من العلماء المسلمين يتميزون بمستوى علمي ديني عال ضمن اطار العقائد الاسلامية السمحاء وبعيدين عن التطرف والغلو والفكر التكفيري، وبثقافة واسعة ومتحلين بالروح القومية ومدافعين عن مكاسب الشعب الكوردي.**

**13- تهيئة كافة وسائل الخدمات من القاعات والمتطلبات اللازمة للمناسبات الدينية والاجتماعية بشكل يؤمن تقديم افضل الخدمات للمجتمع عند الحاجة.**

**14- ادامة الدورات اللازمة لتقوية الائمة والخطباء في الاقليم وكذلك فتح دورات للتلاميذ الصغار لتعليم القران الكريم في العطل الصيفية لاستغلال اوقات فراغهم وتعليمهم القران الكريم منذ الصغر.**

**15- استيعاب خريجي الثانويات والمعاهد والكليات الاسلامية ضمن دوائر وزارة الاوقاف للاستفادة منهم في الاماكن اللازمة بعناصر ذات مستوى علمي عالي ووعي قومي كاف.**

**16- عدم الاعتبار لشهادات التخرج من المدارس الاسلامية الاهلية وبكافة مستوياتها الغير معترف بها في وزارة الاوقاف او من وزارة التعليم العالي او من اية جهة مخولة ضمن حكومة اقليم كوردستان على ان لاتتعارض ذلك مع القرارات الصادرة من المجلس الوطني.**

**17- تطوير واستحداث مستويات للدراسات الدينية من معاهد وكليات والدراسات العليا وبما يؤمن تخريج علماء مقتدرين في الخطابة والارشاد الديني والفتاوي الشرعية.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی تكایە. كاك عونی پێم باشە فەقەرە فەقەرە، بخوێنرێتەوە ئەگەر فەقەرەیەك گۆڕانكاری بەسەردا كرا، پێویستی بەتەصویت هەبوو، تەصویت دەكەین ئەگەر ناپێویست بەتەصویتی نەكرد، دوایی تەصویت لەسەر هەموو ماددەكە دەكەین، ئەویش شمول دەكاتن بەڵام ئەو فەقەرەیەی كە گۆڕانی بەسەردا دێتن، تەصویتی لەسەر دەكەین فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لیژنەی یاسایی هیچ مولاحەزەیەكی نیە بەنیسبەت فەقەرەی ( 1، 2،3).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك ملا سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملاسعدالدین ملا عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەخصوصی فەقەرەی یەكەم، لیژنەی ئەوقاف پێی وایە كە كەلیمەی وجوهر رسالتها السامیة. ببتە ومبادیء رسالتها السامیة. بەنیسبەت فەقەرەی دووەم هیچ مولاحەزەمان لەسەر نیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەقەرەی یەكەم لیژنەی ئەوقاف جوهەرەكە دەیەوێت بیكاتە مبادیء ئەگەر جەنابی وەزیر رەئی هەیە لەسەری جەوهەرەكە بكرێتە مبادیء موافقن، كەس قسەی هەیە لەسەر فەقەرەی یەك، جەنابی وەزیر پێی باشە جەوهەرەكە بكرێتە مبادیء، لیژنەی یاسایی پێی وایە ئەو فەقەرەیە باش هاتووە، كاك ئارام نوقتەی نیزامی چیت هەیە فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە فەقەرە بەفەقەرە موناقەشە ئەكەین یان هەموو ماددەكە بەگشتی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەقەرە بەفەقەرە، لەبەر ئەوەی جیاوازی هەیە، ئەگەر فەقەرە بەفەقەرە نەكەین، تۆزێك ئاڵۆزی پەیدا دەبێت، لەموناقەشەكەدا لەبەر ئەوە فەقەرەی یەكەم ئێستاكە ناو دەنووسم، فەرموو كاك عوسمان نوقتەی نیزامت هەیە.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

فەقەرە بەفەقەرە زۆر زۆری پێدەچێت، ماددە بەماددە بێت باشترە، وا بزانم ئەندامانی پەرلەمانیش هەموویان رایان وایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر هەر فەقەرەیەك 50 كەس بیەوێت قسە بكاتن، ئەوە ئەو قسەیە زۆر راستە، یەعنی ئەو فەقەرەیە ئەوەندە هەڵناگرێتن، من 50 ناوی بۆ بنووسم باشە دەیكەینە، هەموو ماددەكە موناقەشەی دەكەین، كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

موناقەشەی مادده بەپێی بەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، دەبێ مادده بەمادده بكرێت نەك فەقەرە بەفەقەرە، بەڵام ئێمە گوتمان خۆمان سكوت كرد، با بڕوات بەئاسانی بەڵام برادەران زۆریان دەیانەوێت لەسەر ئەو فەقەرەیە قسە بكەن، ماناى وایە پرۆژەكە بە 2، 3 مانگی تر تەواو نابێت، مادده بەمادده بێت و ناحیەی قانونیش تەواوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەواتە رەئی لیژنەی قانونی لەسەر ماددەكە بخوێنەرەوە رەئی لیژنەی یاسایی دوایی رەئی لیژنەی ئەوقاف، تكایە مولاحەزەی رەئی لیژنەی قانونی بكەن، كە رەئی دەدەن رەئێك مەدەن كە لیژنەی قانونی مولاحەزەی كردبێ، یان پەسەندی كردبێ یان گۆڕانكاری كردبێت، مولاحەزەی بكەن ئێستاكە، بۆ ئەوەی ئەگەر خیلافی ئەوەش بوو ئینجا قسەی بكەن، فەرموون.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ثانياً ـ فيما يتعلق بالمادة الثانية من المشروع تقترح اللجنة و توصى بما يلي :-

1- دمج الفقرتين (4و5) و صياغتها كالآتي :

{تنظيم شؤون ادارة الأوقاف و الاشراف عليها و مراقبتها بما يؤمن تحقيق شروط الواقفين و الفائدة القصوى للاستثمار و ايداع ايرادات الوقف أو اية ايرادات أخرى في حساب خاص باسم الوزارة و صرفها على وجه يخدم شروط الواقفين و منفعة الوزارة}.

2- حذف كلمة (كوردستان) من اخير الفقرة (7) منها واضافة (الالف و اللام ) الى اقليم.

3- صياغة الفقرة (8) منها كالآتي :

{انشاء و تعمير المساجد و الجوامع و دور العبادة الأخرى و تأمين متطلباتها في الاماكن اللازمة و تأمين دور للائمة و الخطباء في الجوامع التي ستتم انشاوءها}.

4- اضافة ما يلي الى اخير الفقرة (9) منها (و دوره في الدفاع عن الاسلام و نشره و اغناء تراثه الثقافي و الحضاري).

5- دمج الفقرتين (10 و 17) و صياغتها كالآتي :

{ متابعة تطوير المناهج الدراسية للدراسات الاسلامية بما يؤدي الى نبذ الفكر التكفيري و الالحادي و التطرف الديني و الارهاب في مختلف مراحلها و تأمين المدارس اللائقة بها من حيث البناء و الادارة و الاساتذة و تأمين

مستلزمات الدراسة و استحداث مستويات للدراسات الدينية من معاهد و كليات و الدراسات العليا بما يؤمن تخريج علماء مقتدرين في الخطابة و الارشاد الديني و الفتاوى الشرعية}.

6- صياغة الفقرة (11) كالآتي :

{ رعاية شؤون الأديان و الطوائف و المذاهب في الاقليم بما يحقق روح التسامح بين الأديان و تأمين التواصل معها و الاعتناء بدور عباداتهم}.

7- تبديل كلمة (الشعب الكوردي) من اخير الفقرة (12) الى كلمة (شعب كوردستان).

8- حذف الجملة الاخيرة من الفقرة (14) المبتدأة من (استغلال ...الخ) لجمالية الصياغة.

9- اضافة كلمة (في الاقليم) الى ما بعد و الكليات الاسلامية في الفقرة (15) و حذف كلمة (بعناصر) من بعد كلمة (اللازمة) منها.

10- الغاء و حذف الفقرة (16) منها لعدم ورود ادراجها ضمن اهداف الوزارة و تعالج ضمن التعليمات التي تصدر من الوزارة عند البت في مثل هذه القضايا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بەکوردیەکەی خوێندتانەوە پێشتر، بەعەرەبیەکەش لیژنەی ئەوقاف خوێندوێتیەوە، ئەگەر پێویستیتان پێیەتی جارێکی تر بیخوێنێتەوە، ئەگەر نا ئەو ماددەیە، دەیخەمە موناقەشەوە، کێ دەیەوێت قسەی بکاتن، بەخوا وابزانم هەموو ئەندامان داوا دەکەن قسەی بکەن، ناو دەنووسم فەرمووو کاک احسان.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەڤ یاسایە لەبەندی دوویا هاتیە، پتر دەربڕینێ یاسای وەزارەتەکا ئەوقافا ولاتەکی ئیسلامی دکەت وەکو ولاتەکی دیموقراتی من دەبینم تەجروبەی دیموقراتینە، هەمی مەفاهیم وبەندا تێدا هاتینە خوارێ، پتر بۆ ئاڤاکرنا شەخصیەتەکا ئیسلامیە کوردستانێ، نەك شەخصیەتەکا تەساموحیە، راستە لە هامیشیدا بەحسی تەساموحی و پیکڤە ژیانی کری، بەس خۆ بخۆ فکری ئیسلامی دیتو بلاوڤکەیەوە، بەر هەندێك بیرکردنەکا دی بکەینەڤە کو بگونجیت لەگەل بنەمایا دیموقراتیەتێ دە باشتر بیتن، ئەڤە یەك، دوو ئەز دەبێژم هەمیا ئەو ماف و ئازادیا کو بۆموسولمانا هەی لە جڤاکی کوردستانا بلاڤ بکەن، حەقێکی سروشتی هەبت بۆ ئاینی دیتر، ئیشارەت تێدا هەبت بۆ ئاینی دیتر، ژ ئەو ماف هەبتن، ئەوان بیرو باڤەڕێت خۆ بلاڤ بکەنەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، پێش ئەوەی قسە بکەن شەرت نیە بەتەسەسول بیخوێنمەوە، لەبەر ئەوەی لەدەرەوە بێتن ناویم خوێندبێتەوە، لەدەرەوە بێتن دەسووتێت ناوی باشە، فەرمووو کاک ئارام.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سەرەتای قسەکانم لە پێشنیارێکەوە دەست پێدەکەم بۆ بەڕێز جەنابی وەزیر، پێمان باش بوو هەوڵ بدەن، بۆ ئەوەی ئەگەر بکرێت ناوی مزگەوتەکان لە ناوی عەرەبییەوە بگۆڕن بۆ ناوی کوردی، بەتایبەتی پێم وایە بۆ جیلی ئاینده، ئەوە تەئسیرێکی زۆری دەبێت لەهەمان کاتدا، پێشنیاری ئەوە دەکەم کە وەزارەت هەوڵ بدات، کتێبخانەیەکی ئایینی بە زمانی کوردی دابمەزرێنێت، بۆ دەوڵەمەند کردنی ئایینی ئیسلام و سەرجەم ئایینەکانی تریش، لەگەڵ کەلتورو زمانی کوردەواری، لە بڕگەی شەشەم پێشنیاری ئەوە دەکەم، لە جێگای وشەی ئیسلام، ئایین دابنرێت بۆ ئەوەی ئەو ئیمتیازاتانەی کە بۆ زانایانی ئایینی ئیسلامی دەستەبەر دەکرێن، بۆ کەسایەتیە ئایینیە کانی تریش بەهەمان شێوە جێی بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبداللە احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی تەئیدی قسەکانی کاك ئیحسان و ئینجا مەسەلەی گۆڕینی ناوی مزگەوتەکانیش هی کاك ئارام ئەکەم، دەستیان خۆش، بەڕاستی من لە بڕگەی یەکەم حەزەکەم و هیوادارم برادەران بەهەڵە لێم تێنەگەن، تنمية الوعي الاسلامي لە وڵاتەکەی ئێمە هەموو جارێك ئەڵێین لە 90٪ی زیاتر موسوڵمانە، کەواتە وەعی ئیسلامی هەیە لەناو ئێمەدا، تەنمیە یەعنی چی، رەنگە لێکدانەوەکە، تەفسیرەکە، خراپ لێك بدرێتەوە، لۆ ئاینده لۆ مەسەلەی بەکار هێنانی ئەوە یەك، دوو نشر الثقافة الاسلامیة کەمن عەرەبییەکەم لەلایە، دیقەت بدرێت بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری ئیسلامی رەنگە وەکو ئەو بڵاوکردنەوەیە ئەو رۆشنبیریە نەبێت کەبرایانی یەکگرتوو، یان کۆمەڵ لێرە بڵاوی ئەکەنەوە رەنگە بەجۆرێکی تر لەدوا رۆژدا، ئەم مەسەلەیە بڵاوبکرێتەوە، لەبەر ئەوە حەزەکەم دیقەت بدەین، من ئەو خاڵە بەزیادە دەزانم، بەتەوەقوعاتی ئێمە موسوڵمانەو ئەوەی هەیە، یەك، دوو لێرە لە خاڵی هەشتەم، باسی ئەوە دەکات خانوو بۆ ئیمام و خەتیب وئەوانە دروست بکرێت، دیارە حەق نیە ئێمە جیاوازی بکەین لەگەڵ وەزارەتەکانی تر، ئایا وتیتمان پێویستە وەزارەتەکان خانوو بۆ فەرمانبەر، وەزارەتی تەندروستی بۆ دکتۆر، بۆ ئەوە دروست بکات، ئەمە لەلایەك یەعنی نابێ جیاوازی دروست بکرێت، بەڕای من ئەوە بەکارێکی باش نازانم، دوو بەدڵنیاییەوە سبەینی ئەو قانونە دەربچێت، رۆژی کەبڵاوکرایەوە هەموو مەلایەکان دەچنە سەری مامۆستا شێخ محمد دەڵێن کوا خانوو ئەوە قانون دەرچووە کە خانوومان بۆ بکەن، ئەویش تووشی بەڵاو ئەو شتانە دەبێت، خۆشمان ئیمکانیەتی وڵاتی خۆمان دەزانین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەو مولاحەزەیە بەجێیە، بەڵام من ئەگەر جەنابی وەزیر، ئیجازە بدەی لە یەکەم فەقەرەدا، کە جەوهەرەکە موافەقەتت کرد ببێتە مبادیء بۆ ئەوەی تەفسیرات نەبێتن، نەیوروژێنێتەوە، من پێم وایە مبادیء رسالتها السمحاء لەجیاتی رسالتها سمحاء بۆ ئەوەی سامیەکە هەندێك مەعنای تریش دەگرێتەوە،

رەنگە ئەگەر رازی بێت، چونکە  ئەگەر سمحاءەکە دابنێن، دینی ئیسلام مەبادیئی سەمحایە بۆ ئەوەی ئیشارەت بێتن کە پێکەوە ژیانە لەگەڵ ئەدیانەکانی تردا، ئەو مولاحەزەیە جەنابی وەزیریش موافقە بۆ ئەوەی تیکراری نەکەنەوە لە قسەکانتانا، کاک ئەندریۆس.

**بەڕێز اندراوس یوخنا گورگیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئامانجێ وەزارەتێ ئەوقاف لەم یاسا بەشێوەی تایبەتمەندی بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام هاتووە، لۆیە ئێمە داوا دەکەین کە بەشێوەیەکی گشتی بێن، بۆ نموونە لە خاڵی یەکەم دەڵێت تنمية الوعي الاسلامي بابێتە تنمية الوعي الديني ونشر الثقافة الدينية نەك تەنها ئیسلامی، لە خاڵی شەشەم، الاهتمام بالدين الاسلامي الحنيف وتراثه واحترام علماء الدين الاسلامي والحفاظ على مكانتهم، نەك تەنها ئیهتیمام بەدینی ئیسلامی یان عولەما لەخاڵی نۆیەم دەڵێت: مواكبة مايستجد في الفكر الاسلامي بابێتە مايستجد في الفكر الديني بەگشتی لە خاڵی دەهەم، متابعة تطوير المناهج الدراسية للدراسات الاسلامية ببتە دينی، چونکە مەدارسی دینی مەسیحیش هەنە، وا بزانم ئیزیدیش هەنە، خاڵی دوازدەم (العمل على تهيئة جيل من علماء الدين، يتميزون بمستوى علمي ديني عال ضمن اطار العقائد الديينيه)، وەئاخری خاڵ کوردی بابێتە کوردستانی لیژنەی یاسایش ئاماژەی پێکرد، لە خاڵی چواردەم، ادامة الدورات اللازمة لتقوية رجال الدين جگە لە الائمة والخطباء وكذلك فتح دورات للتلاميذ الصغار لتعليم الكتب الدينية في العطل الصيفية لاستغلال اوقات فراغهم لەخاڵی پازدەم، خريجي الثانويات والمعاهد والكليات الدينية، لێرەش کولیاتی مەسیحی هەنە، نەك تەنها ئیسلامی کولیەی بابل لێرە هەنە لە دهۆك هەنە، ئاخر شت لە خاڵی شازدەم، عدم الاعتبار لشهادات التخرج من المدارس الدينية، نەك الاسلاميه، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخ جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پێشنیارم هەیە، ئەگەر بەخوا گوێبگرن باشە، بەس گوێ ناگرن، یەکێکیان نەهاتووە لە یاساکەدا، ئەوی لەماددەی دوو بڕگەی شەش خاڵێکی وەکو بڕگەی شەش بنووسرێت بۆ ئەدیانەکانی کە، یەعنی بڕگەیەکی کە زیاد بکرێت وەکو بڕگەی شەش، ئەمە یەك دوو یەك موشکیلە هەیە، لە کوردستان تەکیەیەکی زۆر هەیە جەنابی وەزیر ئەزانێت، ئەو تەکیانە تا ئێستا هەموو رەبتن بەمودیریەتێکی عام لە بەغدا، ئەبێ ئەو تەکیانە لەخاڵێکدا لێرەدا جێگەیان بکرێتەوە، کە رەبت بن بەوەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی، ئەگەر ئەو تەکیانە رەبت نەکرێت، ئیلتیزامات بەوەزارەتی ئەوقافەوە ناکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری پێشنیارەکانی کاك ئەندریۆس ئەکەم، بە ڕاستی بۆ ئەوەی کە هەموو ئێمە سیستەمێکی دیموکراسی لەکوردستان پەیڕەوی بکەین ودایبمەزرێنین، پێویستە لایەنێك زەق نەکەینەوە بەسەر لایەنەکانی تر، ئێمە لێرە کۆمەڵێك ئایین و ئایینزا لەکوردستاندا هەن، با هەر هەموومان بەپێکەوە ژیانێکی دیموکراسیانەو بەگیانێکی لێبووردەییەوە لەگەڵ یەکدا بین، ئەو زەقکردنەوانە لە صالحی ئێمەدا نیە، هەرچەندە کاك خۆرشید کۆمەڵێك مەعلوماتی داینێ منیش سەبارەت بەشئونی کەنیسەی مەسیحی کەلەلایەن پاپای ڤاتیکانەوە ئەو شتانە جێبەجێ ئەکرێت، بەڵام لەزۆر حاڵەتدا، ئەتوانین ئێمە چارەسەری بکەین، بۆ نموونە لەخاڵی یەکدا، تنمية الوعي الديني بێت، لە خاڵی شەشەمدا، ، الاهتمام بالاديان بێت سەبارەت بەخاڵی هەشتەم من ڕەئێکی کەم هەیە، ڕاستە دروست کردنی کەنیسەو مەعابیدەکان کە ڤاتیکان سەرپەرشتی ئەکات، بەڵام مەتران و قەشەکانی کەلێرەن، سەرپەرشتی کەنیسەکان ئەکەن، فەرقیان نیە، لەگەڵ هی ئێزیدییەکانیش بەهەمان شێوە، کاتێ کەتۆ ئەو شوێنی عیبادانە دروست ئەکەیت، جێگا بۆ ئەوانیش بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەقەکەت تەواو سوپاس کاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیرکاملا سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە برادەران زۆربەی قسەکانی منیان کرد، تەنها من دەمەوێت تەئکید لەیەك شت بکەمەوە، مەسەلەی جگە لەدینی ئیسلام ئەو ئایینانەی کەلەکوردستان هەن، بۆ مەبەستی پاراستنی تەبایی بۆ مەبەستی ئەو کێشەو گرفتانەی کەئێستا ڕووبەڕووی خەڵکی کوردستان دەبێتەوە بەتایبەتی لە ناوەندی جیهانیدا، کە زۆر موزایدات دەکرێت، زۆر مەشاکیل دەکرێت بەناوی ئەوەی کە گرنگی بەبرایانی مەسیحی یان ئێزیدی وەکو ئەو گرفتانەی کەئەو چەند ڕۆژەی ڕابردوو دیتمان، بەمەبەستی ئەوە کەتەماشای ناوەڕۆکی یاساکە دەکەین، هیچ گرنگیەکی بەدینەکانی تر نەداوە، تەنها تەرکیزی کردۆتە سەر دینی ئیسلام، بۆیە من پێشنیار دەکەم هەموو ئەو وشانەی کە باسی موسوڵمانێتی و ئایینی ئیسلامی تێدایە، ئەوە بکرێتە پیاوانی ئایینی زائیدەن بکرێتە ئایینی، ئەوەی کەلە فەقەرەی (1-2-8-14) کەلەمانەدا هاتووە، من بەشێوەیەکی گشتی پشتیوانی لەڕای برادەرانی پێشوو دەکەم، زیاتر بەمەبەستی پاراستنی ئەو تەباییەو یەکخستن و یەك هەڵوێستی سیاسی، بەتایبەتی لەوڕۆژا کە ڕووبەڕوو بووینەوە، من پێم باشە ڕەچاوی ئەوە بکەینەوە، تەنها تەرکیز نەکرێتە سەر دینی ئیسلام بەشێوەیەکی گشتی لە ئامانجەکانی وەزارەت دەڵێم، بۆیە جارێکی تر تەئکید دەکەمەوە، مەسەلەی موسوڵمانێتی و ئیسلامی بەتەنها نەبێت، ببێتە ئایینی و پیاوانی ئایینی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جمال فەرمو.

**بەڕێز جمال شمعون ایلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادام ناوی وەزارەتەکە هەر وەکو خۆی مایەوە، مەنتقیەن ئەبێت ناوەڕۆکەکەشی بگونجێت لەگەڵ ناوەکەی، بۆ ئەم مەبەستە من پێشنیار ئەکەم، ئیقتراحێکم هەیە، ئەهدافەکان بکرێتەوە بەسێ بەش، فیما یتعلق بالديانة الاسلامية، (1-2-3-4) فيما يتعلق بالديانة المسيحية، (1-2-3-4) فيما يتعلق بالديانة ئيزيدية ئەویش ئاوها، بۆ ئەم مەبەستە ئەم ماددەیەی ئێستا دوابخرێت، نوێنەرێك لە برایانی مەسیحی و یەکێکیش لە برایانی ئێزیدی، لەگەڵ لیژنەی یاسایی وجەنابی وەزیر دابنیشن، ئەو ماددەیە بەو شێوەیە رێك بخرێت، ئەگەر هەر وەك خۆی مایەوە، پێویستە بڕگەکان بەشێوەیەکی عام هەروەکو برادەران باسیان کرد، ئەوە مەنتقیەن وایە دەبێ وابێ، بەنیسبەت بڕگەی یازدە، موستەلەحێك نووسرایە وضبط ممتلكاتها بەڕاستی ووشەیەکی زۆر قورسە، ئەوە ناکرێت سیستەمێکی دیانەتی مەسیحی، وەقفی کەنیسی سیستەمێکی تایبەتی خۆی هەیە، ئیرتیباتی هەیە بە بەتریقیەی بەغدا، لەوێشەوە پەیوەندی هەیە بە ڤاتیکانەوە، ئەمە چۆن دەکرێت بە ممتلکاتی وەقفی کەنەسی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جمالی تر فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من لەفکرما بوو برادەران باسیان کرد، تەنها یەك تێبینی ئەڵێم، لە ئەهدافەکاندا بیر لەوە بکرێتەوە، کە لەگەڵ ناوەرۆکی یاساکەدا بگونجێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، مامۆستا حەسەن فەرموو.

**بەڕێز حسن بابکر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی دەقەیەك زۆر کەمە من هەندێك شتم هەیە کە بۆ برادەران دەمانەوێت زیاتر روونی بکەینەوە، ئێمە کە باسی ئیسلام ئەکەین، شتێکی تازە نیە، ئێمە لەکوردستاندا باسی ئیسلام بکەین، لە 98٪ی خەڵکەکە موسوڵمان بێت، یەعنی ئەو یاسایە کە دەردەچێت باگرنگی بەهەموو دینەکان بدرێت، بەڵام هەر دینەی بەپێی ئەندازەی خۆی، مەسەلەی ناوی عەرەبی و ئەوشتانە، لە کوردستاندا ناوی ئینگلیزی زۆریش

هەیە، بۆ نموونە بازاڕ، دوکان، مەسەلەن زۆر شتی تریش، ئەگەر ئەو ناوە ئەجنەبیانە لابرێن وبکرێنە کوردی ئەوە شتێکی زۆر باشە، لە بڕگەی یەکدا گەشەپێدانی وشیارێتی موسوڵمانێتی بکرێتە وشیاری ئیسلامی باشترە، بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری موسوڵمانێتی بکرێتە رۆشنبیری ئیسلامەتی، وەکو تەرجومە کردن، فەقەرە سێ رێکخستنی کاروباری حەجکردن و عەمرە، بکرێتە حەج وعەمرە کردن، لە فەقەرەی هەشت، دروست کردنی مزگەوت زیاد بکرێت، دروست کردن و نۆژەنکردنەوەی مزگەوت و شوێنە ئاینیەکان، چونکە بەڕاستی ئێستا لەهەولێردا، شتێك بڵاوە دەڵێن کەوەزارەتی ئەوقاف لە هەندێ گەڕەکی هەولێر دروستکردنی مزگەوتی قەدەغە کردووە، بۆ نموونە گەڕەکی شادی، سەروەران، هەڤالان، هەولێری تازە، نۆی وەزیران، زیاتر لە 15 هەزار ماڵ دەبێت، یەك مزگەوتی لێ دروست نەکراوە، بەبیانووی ئەوەی کەلەگوندەکان مزگەوت نیە، با دەوڵەمەندەکان بچن لەگوندەکان مزگەوت دروست بکەن، لە فەقەرەی نۆدا، ناساندنی جیهان بەگەلی کورد، کورد جیهان دەناسێت بکرێت ناساندنی گەلی کورد بەجیهان، لە فەقەرەی دە بەدواداچوونی پەرەسەندنی پرۆگرامەکانی خوێندن، بکرێتە بەرەو پێش چوونی پرۆگرامەکانی خوێندن، فەقەرە شازدەش، وەکو سەلاحیەتێکی وەزارەت ئەوە لابرێت وەکو لیژنەی یاسایی ئاماژەی پێدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماموستا زۆر سوپاس، کاك پیر خضر.

**بەڕێز خضر سليمان خليل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەك دیدا من هەبوونا دوو بەڕێوەبەریا گشتیا بۆ کاروباریا ئیزیدیا ئەز باسی ئێزیدیا دکم، یان کریستینا عایدی وانە، سەربە وەزاریا بودجەیا وەزاریا، نەوەکی پێکتیڤیا، وەکو بەڕێوەبەریا گشتیا ئێزیدیا، سودێ وێ ژێ وەربگرێ، تو کەرمکە مە دەرد هەنە، وەزارەتا ئەوقاف و کاروباری دینی، بەس ئێکسانی لەناو هەر سێ دیانەتدا نینە، لە هەڤالێ خۆ ئەندامی پەرلەمانی دبیستم، دەڵێن موسوڵمان ئەکسەرییەتەو، ئەمە دیموقراتیەتە، کە دیموقراتیەتە و ئەوان ئەکسەرێتن، ئێمە چوو ناڤێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس دەقەکەت تەواو بوو، ئێستا کاك دکتۆر کەمال ناوی نووسیوە فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکوکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە حەقیقەت هەموو دینێك موقەدەسە بۆ ئەوانەی کە ئیعتیقادیان پێی هەیە، ئیتر ئەو دینە ئیسلام بێت یان مەسیحی یان ئێزیدی بێت، بۆیە من پێشنیارێکم هەیە، بۆ پەرلەمانتارانی بەڕێز ئەگەر موافەقەت بکەن، ئەوەی کەلەم 17 خاڵەدا هاتووە هەمووی گرنگ و پیرۆزو باشن بکرێ، بەڵام شمولی هەر سێ دینەکە

بکات، بۆ ئیسلام، بۆ مەسیحی، بۆ ئێزیدی، ئەگەر ئەمە ببن واز لە موناقەشەکە بێنین و دەنگی بۆ بدەین زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بەوردی مولاحەزەی ئەهدافەکانی ماددەی دوو لە پرۆژەکەدا بکەین، دەبینین 7 بڕگە بەتەواوی باسی ئەدیانەکانی تر دەکات، لەوانە بڕگەی(2-7-8-11-13-17)بێجگە لەوەش هەندێك لەبرادەران دەڵێن بەعەدالەت تەوزیع نەکرایە، مودیریاتە عامەکان، ئەگەر مولاحەزەی ئەویش بکەین، یەك مودیریەی عامە هەیە بۆ شئونی ئیداری ومالی ئەویش تەمسیلی هەموو ئەدیان دەکات، یەك مودیریەی عامە هەیە تەنها بۆ حەج وعمرە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عەونی تەنها لەسەر ماددەی دوو مولاحەزە بدە، تکایە دوایی دێینە سەر مبادیئەکان کەی هاتینە وێندەر باسی دەکەین، ئەگەر ئیجازە هەبێتن من داوا دەکەم جەنابی وەزیر رەئی لەسەر ئەو بۆچوونانە بداتن، رەئێك کە حکومەت تەمسیل بکاتن، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز شێخ محمد شاکەلی/ وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئایینی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەمەوێت عەرزتان بکەم، ئەو مەسەلەیەی کە باسی ئەکەن ئێستا، ئەو دەزگایەی کەباس لەیاساکەی ئەکەین ئێستا، بەڕاستی جیاوازە لەگەل هەموو دەزگا حکومیەکان، وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی جیاوازە لە هەموو وەزارەتەکانی تر، لەگەڵ مەسەلەیەکی زۆر حەساس و هەستیار وگرنگدا تەعامول دەکەین، ئێمە رۆژانە تەعامول دەکەین لەگەڵ خەڵکێکدا کە پیوەندیان بە ژیان وپاش ژیانیشەوە هەیە، بە مەسائیلی ژیان و مادییشەوە هەیە، ئەمەی ئەمڕۆ ئەم بەیانیە رووبدا زۆر پەیوەندی بە وەزارەتی ئەوقافەوە هەیە، لەبەر ئەوە تکا ئەکەم لە برایانی بەڕێزی ئەندامانی پەرلەمان زۆر بە وردەکاری تەعامول بکەن لەگەڵ ئەم مەوزووعەدا، دێمە سەر باسی دووەم/ بەحەقیقەت سەرجەم کەنیسەو قەشەو پیاوی ئایینی هەروا مەسیحیەکان ئێزیدیەکان کاکەییەکان، بۆ خۆیان دەزگای دینییان هەیە، ئێمە هیچ پەیوەندیەکمان نیە لە شئونی مالیان، لە داڕشتنی بەرنامەکانیان، بەڵام بەنیسبەت پیاوانی ئایینی موسوڵمانەوە، مزگەوت، ئیمام جومعەو جەماعەت هەمووی لە 100٪ لەژێر کۆنترۆڵی وەزارەتدایە، یەعنی ئێمە ناو بەناو هەفتەی پێشوو بە ئیمامەکانی هەموو کوردستانمان ڕاگەیاندووە کە مەسەلەی ئەو کارەساتەی کە رووی داوە قسەی لەسەر مەکەن، بۆ ڕاگرتنی ختورەتی وەزعەکە بۆ ڕاگرتنی ئەمن و ئاسایش لەکوردستان، هەموویان بەقسەیان کردین، بە سوپاس و تەقدیرەوە، وتمان تەتەروف مەدەن بەو مەوزوعە،

چونكە لەوانەیە ئیسارەی خەڵك بكرێت، مەشاكیل دروست ببێت، ئەگەر دامەزراندنی مامۆستای ئایینی ئیمام وخەتیب تەرفیعیان، خانوویان مەنهەجی دیراسیی مزگەوت، بانگدانیان، هەمووی ئێمە كۆنترۆڵمان كردووە، بەڵام بەنیسبەت كەنیسەو بەنیسبەت جێگەی ئایینی برایانی مەسیحی و ئێزیدیەوە، ئێمە بە هیچ شێوەیەك ئاگامان لێیان نیە، نە تەدەخول ئەكەین میزانیەی تایبەتی خۆیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە وەكو وەزارەتی ئەوقاف، وەكو حكومەتی هەرێم كراوەین، بەنیسبەت ئایینەكانی ترەوە، ئامادەین هاوكاریان بكەین وە ئامادەش بووینە، دوو مودیریەت دامەزراوە، تا ئێستا بارەگاكانیان لە سلێمانیە، لە دیوانی وەزارەت نیە، ئەو مودیریەتانەش كەلە قانونەكەدا هاتووە، ئەوەیە كە موقتەرەحە، دەستەڵاتیان بۆ دیاری بكرێت، كاروباریان بۆ دیاری بكرێت چی بكەن چۆن كار بكەن، دوای ئیقرار كردنی ئەو قانونە ئەو مودیریاتانە ئەكەونە سەر سكەی كار كردنی خۆیان، ئەوە نوقتەی دوو من پشتگیری لە پێشنیارەكەی كاك دكتۆر كەمال ئەكەم، لە هەرشوێنێكدا كە هەیە مەسائیلی ئایینی وەكو ئایین سەیر بكرێ، یەعنی كە باسی پیاوانی ئایینی ئەكەین، ئێمە زمنەن ژمارەیەكی زۆر موسوڵمان هەیە لەكوردستاندا، بەڵام خەڵكی تریش هەیە ریعایەتیان بكەین، لەبەر ئەوە باس كردنی پیاوانی ئایینی مومكینە هەندێك لە مەسائیلەكانمان چارەسەر بكات، سێ: بەنیسبەت مزگەوت قەدەغەكردنەوە مامۆستایەكی بەڕێز باسی كرد، بینای مزگەوت قەدەغەنەكراوە، بەعەكسەوە رێكخراوە بە قانونێك مزگەوت دروست كردن رێكخراوە لە شاری هەولێردا 318 مزگەوت هەیە، هەندێ گەڕەك هەیە مزگەوتێك لە مزگەوتێكی ترەوە دەمەتر دوورە بانگی ئەم تێكەڵاوی ئەوی تر ئەبێت، لەبەر ئەوە تەنزیم كراوە، لە 6/1 وە دەست كراوە بە پرۆژەیەك بۆ چۆنیەتی بیناكردنی مزگەوت لە هەموو كوردستاندا، لە شارەگەورەكان و لەقەزاكاندا، بەنیسبەت گۆڕینی ناوەوە، ئێمە ئێستا بەرنامەیەكمان هەیە بەڕاستی هەندێك ناو هەیە ناگونجێت لەگەڵ واقیعی كوردایەتی ئەمڕۆماندا، ناوی پیاوی ئایینی هەیە، ناوی عالمی كورد هەیە، ابن حاج هەیە، ابوبكری مسەنیف هەیە، كاك ئەحمەدی شێخ هەیە، عبدالسلامی بارزانی هەیە، ئەم ناوانە لەگەڵ هەندێك ناوی نەشازە لەگەڵ موجتەمەعی كوردیدا لیژنەیەكی پسپۆڕمان داناوە بۆ گۆڕینی هەندێك ناو كە ناگونجێن، ئەوە كاری پێئەكرێ و خەریكن جێبەجێی ئەكەن، بەنیسبەت كردنەوەی دەورات بۆ ئایینەكانی تر هەندێك لەبرادەران باسیان كرد، خۆیان ئەو دەوراتانە ئەكەنەوە وەكو باسم كرد، خصوصیاتی كەنائیس و ئەدیرەو جەوامیع و ئەدیانەكانی تر، ئێمە تائێستا پەیوەندیمان پێیانەوە نەبووە، كاریشمان پێیانەوە نیە، بۆخۆیان دەورە ئەكەنەوە ناتوانین دەورەیان بۆ بكەینەوە، ئەگەر ئەوان بێنە ژێر كۆنترۆڵی وەزارەتی ئەوقافەوە وەكو دینی ئەوانەی پەیوەندیان بەدیینی پیرۆزی ئیسلامەوە هەیە، ئێمە هەموو شتێكیان بۆ ئەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس كاك خۆرشید.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا جەنابی سەرۆك غەدرت لەمن و جەنابی وەزیر کرد، ئەگەر ئیجازەم بدەیە زۆر یارمەتی خوشك وبرایان دەدەم، بۆ چەند دەقەیەکی قسە ناکەم، چونکە من مەعلوماتی باشم هەیە و یارمەتیشتان دەدەم، ئەگەرنا داوای لێبووردن ئەکەم، وەڵڵاهی داوای لێبووردن ئەکەم، بە دەقەیەك تەواو نابم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خەمان خان فەرموو.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لەقسەکانی کاك ئەندریۆس و دکتۆر کەمال ئەکەم، دووش لە تەوزیحاتی جەنابی وەزیر بەڕاستی من زۆرتر نیگەران بووم، ئەویش ئەوەیە لەقسەکان پێدەچێت، ئەو وەزارەتی بۆ شئونی ئیسلامی بێت نەك بۆ شئونی دینی، بەلگەشم بۆ ئەوە من پرسیارێکیشە ئاراستەی وەزیری ئەکەم، بۆ نموونە مەجلسی رۆحانی ئێزیدیەکان کەلە پرۆژەی دەستووریش هاتووە، بەیانی چۆن رێك دەخرێت لەگەڵ کاروباری یەعنی لەگەڵ کاروباری ئەو وەزارەتەدا، یەعنی پەیوەندی نێوان مەجلسی رۆحانی و لەگەڵ وەزارەتی کاروباری ئایینی چۆن رێك دەخرێت ئەگەر بە درێژی بۆمان باس بکەن، بۆ ئەوەی تێبگەین ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە، پرسیارێکی تریشم هەیە لە وەزیر، دەکرێ وەزیر رۆژێك بێت وەزیری کاروباری شئونی دینی، ئیسلام نەبێت، دەکرێ مەسیحیەك یان ئێزیدییەك بکرێت بەوەزیر، چوارەمیش پێشنیار دەکەم، ئیزافەی ماددەیەك بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە ماددەکە بکرێت بەدابین کردنی ئازادی دین و بیروباوەڕ لە کوردستان کە ئەمە رێك ئەو ماددەیە کەلەدەستووری عێراقیش هاتووە، کە پێم وایە لەگەڵ هەموو موعاهەدات و مافەکانی مرۆڤیشە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمن مولاحەزەم لەسەر فەقەرەی پێنج هەیە، کە دەڵێت حساب بکرێتەوە حسابێکی خاص في البنوك المعتمدة بکرێتە، المصارف الحكومية، لەبەر ئەوەی البنوك المعتمدة هی شەریکاتی ئەهلی هەیە، موعتەمەدە، خوا نەکات کە تەعەرووزی ئیفلاس دەبێت، بەقەرارێکی مەحکەمە کۆتایی بەهەموو شتێك دێت، بڕگەیەکیش زیاد بکرێتن، للوزارة إستثمار اموالها وفق برنامج معدة من قبلها و مصادقة مجلس الوزراء لەبەر ئەوەی ئەو پارەیەی کە هەیەتی لەبانق لەخۆی زیادە، دەتوانیت لەخودی بانقەکەی بەوەدائیع سابتە دایبنێت، ساڵی لە 6٪ فەوائید وەربگریت، بۆ ئەوەی ئیراداتی بەقوەت بێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس مامۆستا شێخ فتاح نەقشەبەندی.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی من هەستی پێئەكەم برادەرانی مەسیحی و ئێزیدی، لەهەندێ وشەی ناو پرۆژەكە نیگەرانیان هەیە، جا بۆیە من داوا ئەكەم كە ئەڵێت رعاية شؤون الاماكن المقدسة یەكێك لەبرادەران باسی كرد وتی كە دەڵێت رعایە خۆ خێرمان پێناكەن، من پێم باشە بیكەینە تأمین خدمات شؤون الاماكن المقدسة، لە زۆر شوێنی دیكە ئەو رعایە هاتیە، ئەگەر رعایەتەكە لابچێت، حەلی موشكیلە ئەكات، دووم/ كاك ئاریێز بوو وابزانم باسی فەقەرەی هەشتی كرد، كە ئەڵێت خانوو بكرێت بۆ ئیمام وخەتیبەكان، ئەوە لەوەزارەتەكانی دیكە نیە، ئێمە پێشەكی زۆر زۆر سوپاسی جەنابی وەزیر ئەكەین، كە ئەوە ئیقتراحی ئەوە، چونكە ئێمەی خوتەبا لە كوردستان عەدەدێكی كەمە، ئەگەر هەموو وەزارەتەكانی دیكە بكرێن، بەشێوەی وەزارەتی ئەوقاف حەقی خۆیانە، بەڵام چونكە وەزارەتی ئەوقاف مونتەسیبی وەكو ئیمام وخەتیبی كەمە، جێی تەقدیریشە ئیمام و خەتیب تەقدیر بكرێن، هەرچەندە من خۆم مەلا نیم، ئیشم نیە، مزگەوتم نیە، پێویستیشم بەخانووی مزگەوت نیە، بەڵام حەقیقەتەكە لێرەیە، پێم وایە ئەو ئیقتراحە نەخرێتە باس باشە، جێی خۆیەتی رعایەی ئیمام وخەتیب بكرێت لە مزگەوتەكەدا، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆرە رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە هەر بڕگەیەك،لەهەر شوێنێك باس لەئیسلام كرایە، الادیان اخری، زیاد بكەین، هەروەكو لە ئەسباب موجیبەدا هاتیە، مەبەست لەداڕشتنی ئەو یاسایە، محبة بین الادیان، لەهەر بڕگەیەك لەپرۆژەی ئەو یاسایە، باس لە دور العبادة كرایە، پێویست ناكات نموونە بهێنینەوە، وەك جامع و كەنیسەو دور العبادة، بەموتڵەقی هەموو دەگرێتەوە، چونكە لەبڕگە هەشت هاتیە، تعمیر المساجد والجوامع، المساجد والجوامع پێكەوە هاتیە، كە عیبادە دەیگرێتەوە، بڕگە شەش و دوازدە لێك بدرێت، پێم باشە، چونكە باس لە علما دەكات، بڕگە حەڤدەش تنسیق مع وزارتی التربیة والتعلیم العالي زیاد بكرێت، لە بڕگەی كۆتایی ئەو ماددەیە، بەنیسبەت بڕگە دەش متابعة تطویر المناهج الدراسیة، با قوتابیان، نەوەی نوێ زانیاریان لەسەر هەموو ئایینەكان هەبێت، تەنها تەركیز نەكرێت لەمەنهەجی دیراسی لەسەر ئایینی ئیسلامی پیرۆز، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك رۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من زۆر بەخێرایی تەئكید دەكەمەوە، لەسەر ئەوەی كە ناوو ناوەڕۆكی یاساییەكە لەگەڵ یەك ناگونجێت، دوو ئێمە داوا دەكەین، كە بەمەبدەئی موشارەكە، چۆن ئێمە موشاركین لەبنیادنانی كوردستان و پێكەوە ژیان، لە

رووی ئایینیشەوە هەروابێ، سێ ئەو قسەیەی کەسۆزان خان لەدەمی کاك خۆرشید شێرە باسی کرد، من حەزەکەم کە ئێوە بزانن کەهەموو کەنیسەکان، سەر بەرۆما نین، کە لەخاڵی یازدەدا هاتووە، لەهەمان خاڵدا کەلیمەی رعایە، بەڕاستی من زۆر دژی کەلیمەی رعایەم، کەلە دەستوور و لەیاسا و لەمێژوودا، ئەنووسرێت، چونکە زەمانێکی تێدا نیە، لەسەر قسەکەی شێخ فەتاحیش، کەباسی کرد، من بووم کەباسی خێرم کرد، بەڵام بەو شێوەیە نەبوو، وتم رعایە لێرەدا، وەکو ئەوە وایە کەخێر کرابێت بەخەڵك، بۆیە من داوا دەکەم بگۆڕێت، قسەکانی جەنابی وەزیریش زۆر راستە، کە هەموو شتێك کراوە بۆ ئایینی مەسیحی و ئێزیدی لە ئاوەدانکردنەوەو بنیادنان ودروست کردنی کەنیسەو شتەکانی تر، بەڵام تا ئەو لەحزەیەی کەئەم یاسایە دەر ئەکرێت، هەموو ئەم شتانە ئەبێ بگۆڕێت لە رووی یاساییەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەواو وەختت کاك رۆمیۆ، کاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم هەموو سەرۆکی لیژنەکان کە ڕاپۆرت دەخوێننەوە، وەکو لیژنەی یاسایی بەزمانی کوردی وبەزمانی عەرەبی هەیان بێت، چونکە هیچ سەرۆك لیژنەیەك لە پەرلەمانی عێراقی ئەگەر سەرۆکی لیژنەکە کوردیش بێت، بەزمانی کوردی ڕاپۆرتەکەی ناخوێنێتەوە، لێشی قبوڵ ناکەن، دووەم لەسەر ماددەی دوو بڕگەی سێ داواکاریم هەیە لە بەڕێز وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئایینی، لەو شوێنانەی کە شوێنی پرسەی تێدا نیە، شوێنیان بۆ دروست بکەن، بەڕاستی ئەمە دەبێتە هۆی پاراستنی مزگەوتەکان و خەڵکەکە زۆر سوودی لێ دەبینێت، هیوادارم ئەوە بەهەند وەربگری، لەخاڵی دووەم لەماددەی دووەم پێشنیار دەکەم، لە ماددەی دوو رێکخستنی کاروباری حەج وعەمرە بۆ موسوڵمانان، پێویستە ناردنیان بۆ ماڵی خوا بە تیروپشك بێت، بەڵام نەك ئەو تیروپشکەی کە تاوەکو ئێستا پەیڕەوی کراوە، پێشنیار ئەکەم هەر لەمساڵەوە ناردنی حاجیان بۆ حەج وعەمرە، بەم شێوەی خوارەوە بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زرار تەواو بوو وەختەکەت ئەتوانی ئەوە بە نووسراو بینێریت، زۆر سوپاس، سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو برادەران لەگەڵ بەکارهێنانی وشەی ئایینم بەگشتی، لەو شوێنانەی کە گشتیە، لە خاڵی (7-11) باس لە تایفە کراوە، لە هەردوو جێگا وشەی تایفە لابرێت، چونکە دین نیە تایفە، لە خاڵی هەشت کەباسی دابین کردنی خانوو بۆ ئیمام و وتار بێژەکان دەکرێ لەو مزگەوت وشوێنە ئایینیانەی کە بینا دەکرێن، بەنیسبەت خاڵی 13 باس لە ئامادەکردنی هەموو ئامرازەکانی خزمەتگوزاری لە هۆڵ وپێداویستیەکانی

بۆنە ئایینی وکۆمەڵایەتیەکان، دیارە ئەوە مەبەستی پرسەش دەگرێتەوە، کە کێشەی پرسەکان چارەسەر دەکات بۆ ئەوەی لەمزگەوت نەبێت، لەهەمان کاتدا پێشنیار دەکەم، تایبەتمەندی بارودۆخی ژنان لەدروست کردنی هۆڵەکاندا لەبەرچاو بگیرێت، چونکە هۆڵی پرسەی ژنان زۆر کەمە لە کوردستان، پشتگیری خەمان خان دەکەم، لەزیاد کردنی برگەیەك بۆ ئازادی ئایین و بیرورا لەکوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بۆزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو خۆشەویستیمان بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام، ئاینەکانی تریش وەکو حرصمان لەسەر پاراستنی ئەو ئایینانە، داوا دەکەین کەوا هەتا بکرێتن ئەو ئایینانە دوور بخرێنەوە لە دەستەلأت، لەبەر ئەوەی تێکەڵکردنیان بەدەستەلأت وبەسیاسەت وا دەکات، کە ئەو ئایینانە تەحەمولی غەڵەتەکانی سیاسەت بکەن، کە بێگومان لەکاتی مومارەسە کردنی سیاسەت غەڵەت ئەنجام دەدرێت، ئەوە یەك، دەبێ هەولێش بدەین لەهەموو یاساکان یەکسانی تێدا بێت نابێ هیچ تائیفەیەك، هیچ ئایینێك هەست بەغوبن بکات، غوبن کارێکی زۆر خەتەرە، بەکورتی لەفەقەرەی یەك پێشنیار دەکەم، ئیزافەی ئەوە بکرێت وتنمية الوعي الديني ونشر الثقافتها، لەفەقەرە شەش یان بکرێتە الاديان كافة واحترام علماء الدين، لێرە شتێکی زۆر باشە کەدەڵێت واحترام علماء الدين  وتحسين اوضاعهم المعاشية، ئەدی قەشەکان، پیاوانی ئێزیدی و ئەوانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەقیقەکەت تەواو کاك سەردار، کاك محمد حکیم.

**بەڕێز محمد حكيم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلاهی بەداخەوە بووە بەصیراعی ئەفکار، یەعنی شتەکان زۆر تێکەڵ بوون، دیموکراتیەت و ئیسلام و مەسیحیەت و ئێزیدیەت، پیاو نازانێت لەکوێوە دەست پێبکات، من جارێك لەسەر قانونەکە هەندێك شت ئەڵێم، خاڵی شەشەم پێم باشە ئەو تحسين اوضاعهم المعاشية نەوترێت، چونکە جوان نیە بۆ مامۆستایان، وە العلمیە، زیاد بکرێت، موستەلزەماتی مەسائیلی ئەنتەرنێت، با تەنها بۆ وەزارەتەکانی تر نەبێت بۆ ئەوقافیش هەبێت، مامۆستایان ئیستیفادەی لێ بکەن، لە خاڵی دەیەم، تنميه الجانب العلمى، واتە مەبەستم غەیر لە مەدارسەکان تنميه الجانب العلميش بکرێت، بەس قەزایەی شەرعی نەکرێت، هەندێ علومی تریش بوترێت، هەندێك خاڵ ئیزافەم هەیە، یەکەم، داوا دەکەم وەزارەت نەخشەیەی نوێی هەبێت، بۆ ئەو کارە هاوکاری مامۆستایان تەقلیدی نەبن، دووەم خاڵێك ئیزافە بکرێت، توثيق دور العلماء الكورد السابقين في لخدمة الاسلام على مر العصور سێیەم، السعي للحصول على الفتاوى من العلماء المعتبرين، على الصعيد العالمي بما يخدم القضايانا القومية، وە خاڵێکیش بنووسرێت ئەم وەزارەتە هەموو محاوەلەتێك بکات بۆ

ئەوەی  کە تەفریقە نەخرێتە بەینی ئەدیانەوە، من یەك پێشنیارم هەیە جەنابی سەرۆك ئەویش ئەوەیە گەرچی من لام ئاساییە ئەم وەزارەتە هەرنەبێت ئیعتیادیە، کە ئەم وەزارەتە هەر نەبێ، کە ئەم هەموو کێشەیەی هەر لێ دروست ئەبێت، ئەگەر هەیشە ئیحترامەن بۆ رەئی برایانی مەسیحی پێم باشە هی ئەوان جیا بکرێتەوە، با هەیئەتێك بۆ مەسیحیەکان هەبێت، بە شئونی خۆیان هەڵبستێت، با ئێزیدیەکان هەیئەتێکیان هەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە وەخت تەواو بوو، ئەو موفتەرەحەشت گەیشت زۆر سوپاس، فەرموو دکتۆرە شوکریە.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن لەبەڕێزت، ئایا دەبێت  سەرۆکی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری دینی بەتەنها راپۆرتێك بنووسێت، بەناوی خۆیەوە یان دەبێت بنووسێت لیژنەی ئەوقاف و ئەوشتانە، ئەمە پرسیاری یەکەم، پرسیارەکانی ترم بەڕاستی من هەست بەجیاوازییەك و ناعەدالەتیەکی زۆر دەکەم، لەم یاسایەدا کە پێشنیاز کراوە، لەبەر ئەوە من قسەکەی دکتۆر کەمال دووبارە دەکەمەوە، لیژنەیەکیش پێك بێت لەبرا مەسیحی و ئێزیدیەکان و هەروەها کلدو ئاشور بۆ ئەوەی لەگەڵ لیژنەی قانونی سەرلەنوێ پێیدا بچنەوە، ئەمە خاڵێکم، دووش هاوڕام لەگەڵ خەمان خان و ئەو خوشکەی تر بۆ دابین کردنی ئازادی ئایین لە کوردستاندا، هەروەها داوا لەوەزیری ئەوقافیش ئەکەم، دیاری ئەو ژنانە بکرێت کەلە پرسەکاندا قورئان دەخوێنن و وەزعی خەڵکەکان دائەدەن، چونکە خۆم چەندین وتارم نووسیوە لەوبارەیەوە، بەڕاستی دوورە لەئایینی ئیسلامەوە، زۆر خورافات ئەخەنە ناو قسەکانیانەوە، کە پێویست ناکات من لێرەدا باسی بکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەقەکەت تەواو بوو دکتۆرە شوکریە، فکرەکەشت گەیشت زۆر سوپاس، کاك هیوا فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ڕاستیدا ئەم بابەتە بابەتێکی ئاو کێشە، زۆر قەزیە تەداخول ئەکات، من بەشەکەی خۆم لەگەڵ ئازادی بیروڕاو ئایین ئەوە حەقێکی ئینسانە کەخوای گەورە پێی داوە، بەڵام زۆرجار پیادەکردنی یەکسانی، عەدالەت زایع ئەکات، ئێمە لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزداین بۆ برا مەسیحیەکان و ئێزیدیەکان، بەڵام بمانەوێت ونەمانەوێت، ئەم وەزارەتە وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی بووە، ئێستا ئەمە هەندێ مولابەساتە وای لێکراوە، حەتاوەکو ئەو برا وتی ئێمە ئەگەر وەزارەتی ئەوقافیش نەبێت، ئاساییە، عەدالەت بەو شێوەیە پیادە دەبێت حەتا لەسەر ئاستی عێراق، ئێستا وەقفێك هەیە، وەقفی سونیە، وەقفێك هەیە، وەقفی شیعەیە، لەبەر ئەوە ئەم مادەدە لیژنەیەك دابنیشن سەرلەنوێ دایبڕێژنەوە، خاڵێکی تریش لەفەقەرەی هەشت، باسی قەزیەی وەقف ئەکات، ئەبێ ئەوە دیاری بکات وەزارەتی ئەوقاف، سەرچاوەکانی داهاتی

**وەزارەتی ئەوقاف بەشێکی وەقفە و بەشێکی لە بودجەی هەرێمە، بەشی وەقف نابێت دەستکاری تێدا بکرێت، ئیلا بۆ ئەو لایەنەی کە دیاری کراوە دەبێ، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس، نازناز خان فەرموو.**

**بەڕێز نازناز محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕای من فەلسەفەی دروست بوونی ئەو وەزارەتە، زۆر وازح نیە لە ئەهدافەکانیدا، خۆی بەوبارو زروفەی کە کوردستان تێیدا تێپەڕیوە ئێمە زۆر داکۆکیمان کردووە لەسەر ئەوەی کە ئایین لەخزمەتی نەتەوایەتی ونیشتیمانی بێت، وەزعی کوردستانیش وەزعێکی تایبەتە، بۆیە پێم وایە خاڵێك ئەبێت ئیزافە بکرێت زۆر بەروونی لە خاڵە یەکەمەکانی بێت بەکوردانەدن کردنی ئایین بێت، ئایین لەخزمەتی نەتەوەو نیشتیمان بێت، ئەوە دەبێتە هۆی هەم گەشەکردنی ئایین بەشێوەیەکی نوێ و مۆدێرن، هەم پێشکەوتووکردنی تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێمەش، دووەمیشیان خاڵی (10-17) کە هەردووکی پەیوەستە بەمەسەلەی پەروەردەو خوێندنی باڵا، مەعاهد و دراساتی ئیسلامی و ئایینی لە زانکۆکانیش بەهەمان شێوە، پێم وایە ئەم دوو خاڵە نابێ لە ژێر چاودێری وەزارەتی ئەوقاف بێت، با یەك سەرچاوە هەبێت بۆ داڕشتنی مەنهەجی خوێندن.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەڵێ زۆر سوپاس، کات تەواو بوو نازناز خان، کوێستان خان فەرموو.**

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من پشتگیری رەئیەکەی کاك ئەندریۆس و دکتۆرکەمال ئەکەم، ئەم پێشنیارانەشم هەیە، چوارو پێنج دەمج بکرێت، پشتگیری ئەو رەئییەی لیژنەی قانونی ئەکەم، حەوت و یانزە دەمج بکرێت، دەو دوانزە و حەڤدە دەمج بکرێت، بەپێی ئەو تێڕوانینانەی کاك ئەندریۆس و ئەو هەڤاڵانە، پانزەو شانزە لابرێن، چواردە تەنها ریزی یەکەمی بمێنێت، دووەم و سێیەم نەمێنێت، چونکە خوێندکار لەخوێندنگاکەی لە یەکی سەرەتاییەوە تا ئەچێتە جامیعە قورئان ئەخوێنی، هیچ پێویست ناکات لەهاویندا قورئان بخوێنێت، دوو بڕگە زیاد بکرێت یەکێکیان ئەوەی خەمان خان دابین کردنی ئازادی بیروڕا، خاڵێکی تر وەزارەت رێگر بێت لەبەردەمی ئەوەی کە شوێنە پیرۆزەکان بەکار بهێنرێن بۆ کاروبار و ئامانجی سیاسی سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك بەڵێن فەرموو.**

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە بەشێك لەقسەكانی من كرا، بەس تەنها یەك مولاحەزەم هەیە، دیارە ئەو وەزارەتە بۆ كاروباری دینە، بە تەئكید ئەوەی لێرە بۆ دینیی ئیسلام نووسراوە، پڕ بەپێستی خۆیەتی، بەڵام بەڕاستی لەو شوێنانەی مەفروزە بۆدین، بۆ دیانەتەكانی تریش بنووسرێت، ئەو حقوق وگرنگی دانەی بۆ دینی ئیسلامی هاتووە بۆ ئەوانیش وابێت، بۆ نموونە لەفەقەرەی شەشەم، كاتێك دەڵێت الاهتمام بالدين الاسلامي الحنيف وتراثه واحترام علماء الدين الاسلامي، یەعنی چ دەبوو ئەگەر بۆ علمای دینەكانی تریش بووایە، مەسەلەن لە خاڵی پازدەم استيعاب خريجي الثانويات والمعاهد والكليات الاسلامية ئەمەش چی دەبوو ئەگەر بۆ خەریجی دیانەتەكانی تریش هەمان حقوق بووایە، لەبەر ئەوە بەڕاستی من تەئیدی ئەو برادەرانە دەكەم كە هەرسێ دیانەتەكە بەجیا لەوەی كە كاك دكتۆر كەمال پێشنیاری كرد، پشتگیری لەو رەئیە دەكەم كە حقوقی هەموویان یەكلایی بكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من كۆمەڵێك تێبینیم هەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی لەماوەی دەقیقەیەكدا، هەر تەنها ئەتوانم یەك، دوو تێبینی بخەمە بەردەم جەنابتان، یەكەم/ من پشتگیری لە بۆچوونی جەنابی وەزیر دەكەم لە روونكردنەوەكەیدا، لەكوردستاندا دامەزراوەی تایبەتی هەیە بە هەموو ئایینەكان، بەڵگەشم ئەوەیە كەوا قانونی تایبەتی هەیە، بۆ باری كەسایەتی بۆ موسوڵمانان، بۆ مەسیحیەكان و بۆ ئێزیدیەكان، ئەوە بەڵگەی ئەوەیە كەوا پێویستە بەچاوێكی تایبەتیەوە تەماشای هەموویان بكرێت، تێبینی دووەم/ لەبارەی بڕگەی پێنجەمی راپۆرتی لیژنەی قانونیە، پشتگیری لە بۆچوونەكەیان دەكەم، بەڵام پێشنیاز دەكەم بەشێوەیەكی كورت تر دابڕێژرێتەوە، بەم شێوەیە، بەرەو پێشخستنی بەرنامەی خوێندن، لە هەموو قۆناغەكانی خوێندندا لە پێناو ریسواكردنی بیروڕای توند رەویی و بەكافركردن لەگەڵ دابین كردنی قوتابخانەی شیاو بۆ پەیمانگاو كۆلێژو خوێندنی باڵا، تابتوانن زانایانی ئایینی بەتوانا دەربچووێنن لە هەموو بوارەكاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس موفتەرەحەكەت بەنووسین تەقدیمی لیژنەی یاسایی بكە دوایی، كاك حاتم.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی منیش زۆر خاڵم لا كاكڵە بوو، بەڵام دیارە زۆری ئەو بەڕێزانە باسیان كرد، تەنها یەك دوو خاڵێك هەیە رەنگە ئەویش لە تەعلیماتی وەزارەتدا هەبێت، بەڵام من لێرە حەزەكەم ئیشارەتی پێ بدەم، یەكێك

لەوانە بەحەقیقەت بەنیسبەت وتارەکانەوە، یەکێك لەو بەڕێزانە ئیشارەتیان پێدا، حەقە لە بۆنە مەئساویەکانی ئێمەی میللەتی کورد، وەکو ئەنفال و جینۆسایدو کۆڕەو ئەوانە، ئیشارەت بدرێ پێیی و بیرە نەتەوایەتیەکەشی تێکەڵ بکرێت، یەعنی ئەوە شتێکی زۆر زەروریە لەو کاتانەدا خەڵکیش گوێی لێ ئەگرێت، بەحەقیقەت چاوەڕێشی ئەکات، ئەوە یەك، دووش، خاڵی تر ئەگەر لەگەڵ بڕگەی سیازدە، لە هەمان ماددە دەمج بکرێت، ڕێکبخرێت، ئەویش ڕێکخستنەوەی پرسەکانی ئێمەیە لە هەرێمی کوردستاندا، بەحەقیقەت تەعزییەکان بەتایبەتی لە سلێمانی شێوەیەکە لە دهۆك شێوەیەکە لە گەرمیان شێوەیەکە، ئەم دوو سەعاتە ئەو سەعاتێکە ئەو دوو رۆژە ئەو چوار رۆژە، بەحەقیقەت ئەگەر ئەوەش لەگەڵ بڕگەی سیازدە ڕێکبخرایە زۆر چاك بوو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك تەلعەت فەرموو.

**بەڕێز طلعت محمد صالح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داوا دەکەم یەکەم دابین کردنی کارەبا بۆ هەموو مزگەوتەکان، مزگەوتێك کارەبای هەیە یەکێکی تر نیەتی، دووەم/ بایەخدان بەمەزارەکان، یەك لەوانە مەزاری مەلافەندی لە هەولێر، پێشان باخ و باخچە بوو ئێستا بینیتان چی لێهاتیە، سێیەم/ زیاد کردنی قەبرستان لە هەولێر قەبرستانەکان پڕ بووە، حەز دەکەم لە ڕێگای کەسنەزان بێت وە بەحرکەو قەتەوی، ئەوی دی تەوحید کردنی کاتی بانگدان لە مزگەوتەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە بەس هەر مولاحەزەیە، وەزارەتی ئەوقاف تەنها هەر هی هەولێر نیە، هی هەموو کوردستانە، ڕێگای کەسنەزان دەبێ شمولیاتی هەبێ بەهەر حاڵ کاك عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت بڕگەی سێ کاروباری حەج، پێشنیار دەکەم کەوا خول بۆ مورشیدەکان بکرێتەوە، کە هەندێك خاڵی جیاواز هەیە لە سەفەری حەجدا نەمێنێت، هەروەها مەناسیکی حەج بەکوردی دەربچێت، لەبەر ئەوەی کەمەرکەزێتێك بۆ حاجیان پەیدا ببێت، لە بڕگەی پازدە بۆ تەوزیف کردن لە وتار بێژو قورئان خوێن سونەتە لە ئیسلامدا کابرا دەنگی خۆش بێت بلەرێتەوە، فەساحەتی هەبێت، بەڵام ئێستا هەندێ خەڵکی بەتەمەن وپیرو کەم توانا هەن، جەنابی وەزیر و وەزارەت پێداچوونەوە لەو مەسەلانە بکات، شتێکی باشە، بۆ محتەوای بڕگەکانی ئەم ماددەیە، من عەرزی بەڕێزان ئەکەم، کە پێکهاتەکانی وەکو پێکهاتەی کوردستان هاتووە، لە رووی ئایینەوە، من هیچ خیلافێك لە بەینی ئایینەکان نابینم لەکوردستان، بەتایبەت هەندێك حاڵەتی نائاساییش روودەدەن، زۆر بەشێوەیەکی ئاسایی هەموو لایەك مەوقیفی دەبێت

و چارەسەر دەبن، جەنابی وەزیریش تەوزیحاتی باشی دا، ئەگەر بەهەند وەربگیرێت، کە ناوی ئایینی ئیسلام لەهەندێك برگە لە خوارەوە هاتووە، ئایینەکە ئایینی ئیسلامە، تۆ ناکرێت بڵێیت ئایینی موسوڵمانان، تەفسیری جیاوازیش بۆ برگەکانی ئەم ماددەیە، ماددەکە بەنوقسان دەردەچێت زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان احمد فەرموو.

**بەرێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی دووەم فەقەرەی یەك/ جوهر بگۆرێت بە مبادیء، دووەم/ تا ئێستا لە کوردستاندا گرفتی ئایینی نەبووە بەراستی ئەگەر دروست نەکرێت، تا ئێستا گرفتی ئایینی لەبەینی موسوڵمانان و مەسیحیەکان، ئێزیدیەکان و هیچی دیکە نەبووە، ئەگەر عەمدەن دروست بکرێت ئەوە باسێکی دیکەیە، باشترین دەلیلیش برایانی مەسیحی کە ماونەو کاتی خۆشی کە جولەکەش و ئێزیدیش هەبووە، بەراستی نەهاردراون و زۆریش رێزیان لێگیراوە، لەمەو دوا کە بەمەبەستێك دروست بکرێت ئەوە شتێکی دیکەیە، پێشنیار دەکەم لە ئامانجەکانی وەزارەت، ئامانجێکی تر زیاد بکرێت، وەکو چۆن وەزارەتی ژینگە هەر کارخانەو شەریکەیەك دروست بکرێت، پێویستە بە موافەقەی وەزارەتی ژینگە بێت، بۆ ئەوەی ژینگە پیس نەکات و نەیشێوێنێ، پێشنیار دەکەم ئامانجێکی دیکە زیاد بکرێت، ئەویش ئەوەیە وەزارەت یەك لە ئامانجەکانی ئەوە بێت، ئاراستە کردنی دام و دەزگاکانی راگەیاندنی هەرێم بەشێوەیەك لەگەڵ پەیامی پیرۆزی ئیسلام و نەریتە رەسەنەکانی کۆمەڵگای کوردستاندا بگونجێت، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان بانی مارانی:

**بەرێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادام لەکورستان پێکهاتەی کوردستان وا هەڵکەوتووە، چەندین ئەدیان و ئەقوامی جیاجیای تێدایە، هەموو ئەدیانەکانیش پێیان وایە، بەتایبەتی ئەوانەی موسوڵمانەکانیش یان بڵێین حزبە ئیسلامیەکانیش لەگەڵ ئەوەنە ئازادی دین هەبێت، حەقی خۆیتیان ئەدیانەکانی تریش کە ئەو یاسایە دەردەچێت، تەعبیر لەوانیش بکات رەنگێك لەوانیش بداتەوە، بۆ نموونە لە برگەی دە باسی پەروەردەی خوێندن دەکات، بۆ ئیسلامەکان، حەقە بۆ مەسیحیەکان و بۆ ئێزیدیەکانیش ئەو پەروەردەیە، ئەو مەسروفە و ئەو تێچوونە عەینی ئەوانیش بگرێتەوە، ئەوانیش فیعلەن خۆمان لەکوردستان ناڵێین، کورد نشین ئەڵێین کوردستان چونکە خەڵکی تریشی تێدایە، لە دینیش دیارە هەمان رەنگدانەوەی هەیە، دینەکانیش ئەوەی جەنابی وەزیر باسی کرد، زۆر راست دەکات حەقە تەنزیم بکرێت، لیژنەیەك دابنرێت کە دینەکانی کە نایانەوێت

بێنە ناو ئەو وەزارەتە، حەقیش نیە گلەییان هەبێت، بەڵام ئەگەر دێنە ناو ئەو وەزارەتە دەبێ هەموو مافەکانی چۆن دینی ئیسلام هەیتی، ئەبێ ئەوانیش هەیان بێت لەوێ و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عزەدین فەرموو.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا بزانم هەموو برادەر موتەفقن لەسەر مەبدەئی ئەساسی بۆ پێکەڤە ژیان و یەکسانیا هەموو ئەدیانا لکوردستانێ، ئەمە چ دڤێتن، صیاغە فەقەرە فەقەرە، ئەز داخوازیا دکەم کو دەنگ نەیەتە دانان هەتاکو صیاغا هەر فەقەرەیەکی بێتە دروستی و پشتگیریا رەئی دکتۆر کەمال و دکتۆرە شوکریاش دکەم، ئەڤ شتە هەمووی بێتە کرن و بێتە دارشتن، صیاغەی فەقەرە دەبێتە صیاغە کرن، هەتا دروست بت، چوکوم هەمی نەزەری دەئاخاڤن، بەڵام عەمەلیەن بێتە صیاغە کرن، هەریەکەو جارێکی دی حەقی وی لە هەڵسەنگاندنێ، ئەگەر وبت بۆ هەر فەقەرا، ئەوا هەروا باشە کو هەرفەقەرەیە دەنگی لەسەر نەدەین تاکو صیاغە نەیەتە کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک زانا.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من زۆر سوپاسی ئەو ئەندام پەرلەمانە موسوڵمانانە دەکەم، کە دیفاعی باش دەکەن لە ئاییینەکانی تر، چاوەڕێی ئەوەم کەبرایانی دیکەش دیفاعی وا لە ئیسلام بکەن، من لەگەڵ هیچ مەغدوریەك نیمە کە خاوەن ئاییینەکانی تر هەستی پێ بکەن، هەر غوبنێك، مەغدوریەکە هەستی پێ بکەن، عەرزی بکەن تا بۆیان چارەسەر بکرێت باشە، بەڵام لەگەڵ ڕێزم، من لەگەڵ ئەوە نیمە ئاییینەکان هەموویان یەکسان بکرێن، یەکسانی هەندێ جار عەدالەتی تێدا نیەو زوڵمە، جەوهەری دیموکراسیەتیش ئەقەلیەو ئەکسەریە، ئێمە لەو پەرلەمانەی کە شتێك یەکلا ئەکەینەوە، بە ئەقەلیەو ئەکسەریە یەکلا دەکرێتەوە، پێکهاتەی کوردستانیش ئەوڕۆ ئەقەلیەو ئەکسەریەی تێدایە، دەبێ موراعاتی هەمووان بکرێت، بە حەجمی خۆی ڕوونکردنەوەکەی جەنابی وەزیر، زۆر زۆر چاك بوو، ئەگەر ئەو قانونە دەربچێت بەو شێوەیە، دەبێ بەڕاستی تەعین کردن و نقڵ کردن وفەصڵ کردن و راتب و ئەوقاف ومەناهیجی دیراسی هەموو ئاییینەکان بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی ئەو یاسایەوە، بۆ ئەو یاسایە تەنها لەسەری مەلا فەقیرەکان و مزگەوتەکان و مەناهیجی دیراسی ئیسلامی تەتبیق بکرێت، بەس ئەوانی تر تەواوی حوڕیاتیان هەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، خاتوو نەسرین.

**بەڕێز نسرین محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من خاڵەکەم باسکرا، بەس حەز ئەکەم تەوزیحێ بدەم، ماددەی دوو خاڵی سێیەم/ لەسەر کاروباری حەج کردنەکە، کە هەموو ساڵێك ئەو حەجە ئەکرێتەوە، زۆر دادپەروەری تێدا نیە، هەندێك کەس ناوی ئەنووسرێت، فۆڕمیش پڕ ئەکاتەوە، کەچی دوایی ناوی نایەتەوە، ئەبینین چەند کەسێك، چەند جارێك، حەجەکەی دووبارە بووەتەوە، یان ئەوانەی کاتێك کە حەج ئەکەن، گلەییەکی زۆریان هەیە لەکاتی گەڕانەوەیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح( دیلمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشەکی پرسیارێك لە جەنابی وەزیر دەکەم، پێی دەڵێم ئەگەر مەسیحیەکان و ئێزیدیەکان هیچ پەیوەندیان بەوەزارەتەوە نەبێتن، ئایا دوو مودیریەی گشتی بۆ چینە، یەك بۆ مەسیحی و یەك بۆ ئێزیدی ئەو دوو مودیریانە هەڵبەت وەعی و سەقافەتی دینی مەسیحی و وەعی و سەقافەتی ئێزیدی بڵاو دەکەنەوە، موتابەعەی ئموری مەسیحی و ئێزیدی دەکەن، راستە زۆرینەی کوردستان موسڵمانن، بەڵام وەزارەت دامەزراوێکی دەستووریە، لەسەر ئەساسی هاووڵاتی بوون دروست بوویەو، ئەبێ مامەڵە بەپێی هاووڵاتی بوون تەعامل لەگەل هەموو ئەتباعی ئەدیانی دیکە بکەتن، لەبەر ئەوە دەتوانێتن وەزارەت لە بودجەکەی زیاتر بۆ مزگەوتەکان و ئەماکنی عیبادەت سەرف بکەت، چونکە لە هەموو دیهاتەکان و شارەکان مەسیحی یان ئێزیدی نین، بەڵام لەهەموو دیهات و شارەکان مزگەوت هەنە، دوو سێ مولاحەزەی دی هەنە، لێرەدا تنمية الوعي الاسلامي ببێتە الدينى فيعلەن، چونکە ئەوە دروستە، ثقافة الديني دروست ترە، حەتا الرسالة السامية ببتە الرسالة الانسانية، چونکە سەقافەتی ئیسلامی جەوهەری خۆی دەرخستیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا دەقەکەی خوتت تەواو کرد، زۆر سوپاس فکرەکەت گەیشت، دکتۆرە هالە.

**بەڕێز د. هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمن پرسیارم هەیە لەجەنابی وەزیر، کە تەنسیقیان هەیە لەگەڵ وەزارەتی کۆمەڵایەتی بۆ سەردانی زیندانەکان، بەتایبەتی زیندانی ژنان وئەحداس بۆ وشیاری کردنەوەیان، لە خاڵی دووم تەئکید لەوە دەکەمەوە، کە مزگەوت بەکار بێت بۆ وشیار کردنەوەی خەڵك وتار بێژەکان هانی خەڵك بدەن بۆ دوورکەوتنەوە لە دیاردە کۆمەڵایەتیەکان، کە دژی پرەنسیپی هەموو ئایینەکانە، وەکو ئیرهاب و کوشتنی ژنان بەدافعی شەرەف و تەعەسوب وڕێز گرتن لەیاسا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس خاتوو مریەم فەرموو.

**بەڕێز مریم حسن ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەز پشتگیری راستی بۆ دکتۆر کەمال و جەنابی هەمی خوشك وبرایەدی دکەم، ئەز باوەڕ کەم کاك عزەدین و کاك عوسمان ئەو هەموو دیار کرن، چی من هەبی بەس هەندەك تەوزیح و ئیزافەن من هەبوو بۆ سەر هەندەك بڕگەکان، یا یەکێ تنمية الوعي الاسلامي دینی هیچ بەس مە محاوەلە نەکەین تەغیر کەینە بەینی دینی و ئەوی دی، بەس وکذلك نشر ثقافة الاديان الائزيدية و المسيحية والسابئة هەیە، بڕگەی یازدە، الاهتمام بالرجال و علماء هذه الاديان. تائەویا، بڕگەی حەڤدە واستحداث معاهد خاصة بالاديان الاخرى بالاتفاق مع مراجعها الدينية، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس دکتۆر ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی یەك دەقیقە بەش ناکات، بەڵام دیارە جەنابت هەر سوری لەسەر ئەوەی ئەو دەقیقەیە بێت، بەنیسبەت ئەم ماددەیە، ئەم ماددەیە، زۆر ئەکێشتێت، دیارە وتوو وێژی زۆری لەسەر کراوە، کۆمەڵێك تێبینی لەسەرە، جارێ بەنیسبەت ئەوانەی کەباسی ئیسلام ئەکەن، هەر لەئیسلامەکە تۆزێك خەلەل هەیە، مەسەلەن ئەڵێین المساجد والجوامع، بەڵام باسی حوسینیات ناکەین ئێمە وا ئەزانین تەنها باسی هەولێر ئەکەین، نەخێر ئێمە باسی هەموو کوردستان ئەکەین، مەفروزە حوسینیەکەشی تێدا بێت، باسی عولەمای دینی ئیسلامی ئەکەین بەڵام حەزەکەین بزانین لە دیانەتەکانی تر پێیان ناوترێت عولەمای دین، پێیان ئەڵێن رجال الدين المسيحيه، یان پیاوانی ئایینی ئێزیدین، مەفروزە ناوەکان بەو شێوەیە بێن، بۆیە من پێم وایە چۆن لێرەدا کە بایەخێکی باش دراوە بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام بە هەمان شێوە بێت بۆ ئەوەی ئەوانیش مەغدور نەکەین، بایەخێکی تایبەتیان پێ بدرێت، بەپێی ئەو رێژەیەی کەوا لێرەدا هەن، بەڵام لەهەمان کاتدا من داوا لە جەنابتان ئەکەم ئەم ماددەیە تەئجیل بکرێت، بەڕاستی ئەمڕۆ ئێمە ناتوانین موناقەشەی ئەم ماددەیە بکەین، لەگەڵ رێزمدا ئەگەر تەئجیلی بکەی بۆ ئەوەی زیاتر دیراسەت بکرێت و بەوەعیەکی باش ئەم ماددەیە تێپەڕ ببێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گەلاوێژ خان فەرموو.

**بەڕێز گەلاوێژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشەکی دەمەوێت ئەوەی لێرە دەیڵێینەوە، ڕەنگدانەوەی ئەوەی چەند برادەرێك ئیشارەتی پێدا، دژایەتی نەبێتن، بەعەکسەوە ئەوە ئێمە چەندەها ساڵە بەیەکەوە لێرە دەژین، بەیەکەوە هیچ گیروگرفتی وامان نەبووە، بۆ زیاتر روونکردنەوە جەنابی وەزیر ئەوە ئیشارەتی پێدا، کە رجالی دینی مەسیحی تا ئێستا لە ژێر دەستەڵاتی وەزارەتی ئەوقافدا نین، ئایا بۆ ناکرێت ئێمە لێرەدا ئێمە بڕیارێك دەربهێنین مودیریەی عامەی تایبەتیمان هەبێت سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بێت، ئیستنادەن لەسەر ئەو قسانەی کە برادەران کردیان، کە تایبەتمەندی خۆی هەبێت، چونکە ئێمە بمانەوێت و نەمانەوێت، ئەو وەزارەتە تەنها کاروباری زیاتر پەیوەستە بەدینی ئیسلامیەوە، ئەگەر بشکرێت ئەوەش نەبێت مودیریە عامە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەواو بوو کاتەکەت، دەقەکەت تەواو بوو، گەلاوێژ خان، کاك محمد فرج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من ئەڵێم ئەم ئیشە لەئەصڵدا مەعالەجە بووە، بەمەبدەئی ئیسلامی، یەعنی بەحەدیسێکی صەحیح کە (پێغەمبەر سەلامی خوای لێبێت) ئەفەرمووێت: (لهم مالنا، وعليهم ما علينا) یەعنی ئەوەی کە بۆ ئەوان هەیە بۆ ئێمەش هەیە ئەوەشی لەسەر ئێمە هەیە لەسەر ئەوانیش هەیە، مەعنای وایە وازحە مساواتەکە نەك بە عەدالەتیش بووەتە مساوات، واتە مساواتەکە بەقوەت ترە، لە عەدالەت دووەم/ هەر مەبادئی دیموکراتی ئەوانە لەئەوروپاش وەکو ئێستاش لە دیموکراسی ولەئازادی ئەکوتین، وازحە ئەبێ هەمیشە رێز لەزۆرینە بگرێت، ماف کەمینەش پارێزراو بێت، یەعنی یەکێك لەپرەنسیپە ئەساسیەکانی دیموکراسی ئەمەیە، بەزۆری خۆت چۆن ئەکرێت ئەم هەمووە بکەیت بەیەك، ئەبێ ئەو زۆرینە رێز لێ بگرین، دووەم من پێم وایە ئەمە موعالەجەتی باش ئەکرێت، ئەوەی کە کاك جمال وتی لە پێشەوە، یەعنی ئێستا برایانی مەسیحی، مجلسی کەنائیسی عالەمی دەعمیان ئەکات، خۆیان و موئەسەسەیان و هەموو کەسیان، یەعنی ئایا ئامادەن بکەونە ژێر کاری وەزارەتی ئەوقاف، من ئەڵێم ئەگەر وەزارەتی ئەوقاف ببێتە بڕیارێك، هەم ئێزیدیەکان هەم مەسیحیەکان هەموو شتەکانیان، بە مومتەلەکاتەوە، بە مەعاشەوە بە یارمەتیەوە، هەمووی بێتە ئەوقاف، وەکو ئێستا چۆن دینی ئیسلامی وایە، ئەبێتە شتێك، دوو لەسەر پرۆژەکە یەك خاڵم هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆت هەیە بۆمان بنووسیت مامۆستا، چونکە کاتت نەماوە دوایش ئەڵێن جیاوازی دەکاتن، خاتوو گێلاس.

**بەڕێز گێلاس محی الدين محمد غريب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت خاڵی یەکەوە، من پێشنیار ئەکەم یان هەر نەمێنێت لەبەر ئەوەی خۆی هەیە، یان لەگەڵ خاڵی شەشدا دەمج بکرێت، چونکە لەیەکەوە نزیکن، هەروەها خاڵی دوو لەگەڵ خاڵی هەشت، دەمج بکرێت ئەو دوانەش زۆر لەیەکەوە نزیکن، پشتیوانی لە پێشنیارەکەی خاتوو ساراش ئەکەم بۆ کردنەوەی هۆڵی پرسەی ژنان، وەزارەتی ئەوقاف بیگرێتە ئەستۆی خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک ئارێز با بزانین نوقتەی نیزامی چیت هەیە.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک شێخ فتاح ناوی منی هێنا من نەم وتووە با خانوو بۆ مەلاکان دروست نەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە نوقتەی نیزام نیە کاکە، کاک رۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسی کەنائیسی عالەمی کرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە ئەوەش نوقتەی نیزامی نیە، ئەوە من خۆم قەرار دەدەم، لەبەر ئەوەی تاکە دەستەڵاتم هەیە من لێرەمە بەکاری دێنم، قسە زۆر کرا دوو سەعات وچارەکێك دەبێت لەسەر ئەو ماددەیە دەرۆین، قسەش زۆر هەڵئەگرێت، هەندێك مەبادئی عام هەیە، کەهەندێك لە موداخەلاتەکاندا لەبیرمان ئەچێت، مەبادیئی عامەکە ئەوەیە ئێمە لە وڵاتێکی موسوڵمانین، زۆرینەی خەڵکیش موسڵمانە، عەفووم دەکەن نەك بەو مانایەی کە کاك زانا وتی، بەمانای دەنگ نەدان، زۆرینە، حەقی نیە، دەنگ بدات لەجیاتی کەمینە، هەمووجار تەئکید لەوە دەکەینەوە، ئێمە لەکوردستاندا کورد زۆرینەیە، بەڵام حەقمان نییە لەجیاتی تورکمان قەرار بدەین، لەعێراقیشدا عەرەب زۆرینەیە حەقی نیە لەجیاتی کورد قەرار بدات، تائیفە شیعە زۆرینەیە حەقی نیە لە جیاتی سونە قەرار بدات، زۆرینەو کەمینە دەستوور مافەکانیانی دیاری کردووە، دەڵێت لە مەسەلەیەك کە پەیوەندی بە مافەکانیان هەبێت، بە حقوقەکانیانەوە هەبێت، ئەبێت رەچاوی ئەم راستیانە بکرێتن، فەرز نەکرێت بەقەرار ئەوە یەك، دوو/ زۆرینەش نابێت ئیستغلالی زۆرینەیاتی خۆی بکات، بۆ فەرزی ئیرادەی خۆی لەسەر کەمینە، لە عەینی کاتیشدا بەواقیعیەت بڵێین، یەکسانی کامل لە هیچ شوێنێکدا نیە، هەندێك زەواهری عام هەیە، زۆرینەو تاریخ و ئەوانە دیاری دەکات، وەزارەتی ئەوقاف تازە دوو ساڵە، سێ ساڵە وشەی ئایینی دیاری کردووە، پێشتر هەر کاروباری ئیسلامی بووە، رەنگە لە ئایندەدا بگۆڕێت، ئەو موداخەلاتانەی کەکران، دوورن لەیەکتر بەڕاستی، یەعنی هەندێك موداخەلات لەو پەڕی بابڵێین بۆچوونێکی تایبەتە، موداخەلاتەکەشی عەکسەکەی وەرگرتووە، بۆیە لێرەدا من پێم وانیە

بتوانین بەموناقەشات حەسمی بکەین، دەبێ جارێکی تر لێرە رەئی ئێمە موناقەشەی بکەین، هەندێك رەئیش وادرا، لیژنەی یاسایی لەگەڵ لیژنەی ئەوقاف لەگەڵ جەنابی وەزیر، دابنیشنەوە، ئەو مولاحەزاتانەی لێرەدا، بیستیان کە زۆرینە تەئکیدیان لێ کردەوە، خاڵەکان دابڕێژن جارێکی تر بەو شێوەیەی کە هەم بگونجێت لەگەڵ دەستووری عێراقی کە دەنگمان بۆ داوە، هەم بگونجێت لەگەڵ ئەو پرۆژە دەستووریەی کەدەمانەوێت بۆ کوردستان دایبنێین، هەم بگونجێت لەگەڵ عەدالەت، لەگەڵ سەماحەت، لەگەڵ یەکسانی، لەگەڵ ئەوەی ئەو قانونە دەبێت ببێتە هۆی ئەوەی ئەدیان لەیەکتر نزیك ببنەوە، ببێتە هۆی ئەوەی موسوڵمانان و مەسیحیان و ئێزیدیان وەك برابن، من تەئکید لەو قسەیەی کاك محمد فرج دەکەمەوە، ئەو حەدیسە شەریفە حەلێکە بۆ هەمووان و هەموو شتێك (لهم مالنا، وعليهم ما علينا)ئەوە لەبەردەم ئەو لیژنەیەدا دائەنێین، پێمان وایە دوای بخەین، بۆ دانیشتنێکی تر تا دووشەمە ئومێد دەکەین تا ئەوکاتە، سەعات 11 ئەو لیژنەیە بتوانن، ئەوەیەکلا بکەنەوە، نوقتەی نیزامی چیە فەرموو کاك عزەدین.

**بەڕێز عزالدين سليم خديدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبێ مومەسیلی ئێزیدیەکان و مەسیحیەکانیش لەو لیژنەیەدا بن لەگەڵیان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەزانی چی ئەمە لیژنەی تازە نیە ئەندامی پەرلەمان ئێزیدی بێت، مەسیحی بێت، موسوڵمان بێت، بۆی هەیە لەو لیژنەیەدا ئامادە بێت، بەڵام خۆ لێرە لیژنەیەکی تازەمان دانەناوە، لیژنەی یاسایی هەیە، لیژنەی ئەوقاف هەیە لەگەڵ جەنابی وەزیر دادەنیشن، هەر ئەندامێکی پەرلەمان، بۆی هەیە لەو کۆبوونەوەیە حازر بێت، دەنگ دەدەین کێ لەگەڵ ئەوەدایە کەوا دوا بخرێت، بۆ رۆژی دووشەممە سەعات 11، تکایە دەستی بڵند بکات فەرموون، کێی لەگەڵدا نیە، بەزۆرینەی دەنگ دواخرا.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (16)**

**دوو شەممە رێكەوتی 14\5\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (16)

## دوو شەممە ڕێکەوتی 2007/5/14

کاتـژمێر (11)ی سـەر لـە بـەیانی ڕۆژی دوو شـەممە ڕێکـەوتی 2007/5/14 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتانی عێـراق بـە سـەرۆکایەتی بـەڕێز عـدنان ڕشـاد مفـتی سـەرۆکی ئەنجومـەن و, بـە ئامـادەبوونی بەڕێزمحمـد قـادر عبـدالله(د.کمـال کـەرکووکی) جێگـری سـەرۆك و, بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (16)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتانی عێـراق, دەسـتەی سـەرۆکایەتی ئەنجومـەن بڕیـاردرا دانیشـتنی ژمـارەی (16)ی خولی گرێدانی یەکەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبـژاردنی دووەمـی پەرلـەمانی کوردسـتان – عێـراق, بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئـاینی لـە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (16)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2007/5/14دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لە سەر خستنەروو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە هەرێمی کوردستان.

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز کاك محمد شاکەلی وەزیری ئەوقاف و بەڕێز کاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، بەڕێز کاك جمال ڕاوێژکاری وەزارەتی ئەوقاف، کە هاوڕێی وەزیرە بەخێرهاتنیان ئەکەین، هەروەها بەخێرهاتنی برایانی بەڕێز کاك کەندالّ نەزان سەرۆکی ئەنستوێتی کوردی لەپاریس، برایانی هاوڕێی کە لەگەڵی هاتوون بۆ کۆنفرانسێك لەسەر زمانی کوردی لە سەدەی بیست ویەك بەرەوکوێ، چەند ڕۆژێك میوانمان دەبن لە کوردستان، ئەمەش چوارەمین کۆنفرانسە کەئەیبەستن، بۆ ئەوەی کە باس بکەن لەسەر زمانی کوردی ئومێد دەکەین سەرکەوتوو بن لە جهودەکانیان، بۆ ئەوەی زمانی کوردی بەرەوپێشەوە بڕوات، لەوەی کە لەکۆتاییدا بگەینە زمانێك لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا وەکو یەك لێی تێبگەین وئیتیفاقمان لەسەر هەبێتن، لە خزمەتی زماندا بین، ئومێد دەکەین سەرکەوتوو بن، هەروەها بەخێرهاتنی کاك بەهرۆز گەلاڵی دەکەین، نوێنەری یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لەئەنقەرە، کە بەسەردان

لەپەرلەماندا بوو ئەویش حەزی کرد بەشدار بێت، بەخێر بێن سەرچاو، سەرەتا پێش ئەوەی دەست بەکۆبوونەوە بکەین، دیارە دوێنێ هەمووتان بیستتان لەو تەقینەوە تیرۆریستیەی کە لەمەخمور روویدا، پێش چەند رۆژێکیش لەهەولێر تەقینەوەیەك روویدا، بەهەمان کاری تیرۆریستی، ئێمە دووبارە تەئکیدی هەڵوێستی پەرلەمان دەکەینەوە، لە ئیدانە کردن و ریسوا کردنی ئەم کارە تیرۆریستیانە، کە ئامانجیان تێکدانی ژیانە، ئامانجیان مرۆڤە، ئامانجیان دژایەتی دیموکراتیەتە، دژایەتی ئینسانیەتە، دژایەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە، شێواندنی ئەخلاقە، تێکدانی ریزەکانی گەلە، لەبەر ئەوە بەتوندی ئیدانەی دەکەین و پێمان وایە ئەوانەی ئەو کارە تیرۆریستیانە دەکەن، ئەوانەی پشتگیریان دەکەن، ئەوانەشی کە پێیان خۆشە ئەو کارە تیرۆریستیانە، دەچنە دوزِ جەهەنەم، خوای گەورە رێگایان نادات سەرکەوتوو بن، گەلەکەشمان ریزەکانی پتەوتر دەبێت، ریزەکانی بەقوەتتر دەبێت، هاوکار دەبێت لەگەڵ دامو دەزگاکانی حکومەت، بۆ ئەوەی بەزووترین کات کۆتایی بەو دیاردەیە بێنێتن کە بەڵایەکە بەسەر گەل و میللەت ونیشتمان و ئایینیش، سەرەخۆشی لەکەسوکاری شەهیدان دەکەین، کە بوونە قوربانی ئەو کارە تیرۆریستیە، خودا لەبەهەشتی بەرینی خۆی جێگایان بکاتەوە، ریسوای تیرۆریستان و بکوژیان بکات، ئومێد دەخوازین بریندارەکان بەزووترین کات چاك ببنەوە، گەلەکەشمان بگاتە ئەو رۆژەی کە ژیانێکی باش بێتن بێ تیرۆر و تیرۆریستان، وەکو هەمیشە پێش ئەوەی لیژنەکان ئامادە بن لە شوێنی خۆیان، داوا دەکەم بۆ گیانی پاکی شەهیدانی مەخمور و بۆ شەهیدانی هەولێر و هەموو شەهیدانی قوربانیانی تیرۆریستی و شەهیدانی گەلەکەمان، دەقیقەیەك بوەستن، فەرموون، داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ئەوقاف دەکەم، بێن لەشوێنی خۆیان دابنیشن، ئێمە پێشتر لەو شوێنەی کەراوەستاین، داوامان کرد لە لیژنەی یاسایی ولیژنەی ئەوقاف لەگەڵ جەنابی وەزیر و هەر ئەندامێکی تریش کە حەز بکاتن، لەو کۆبوونەوەیە ئامادە بێتن دابنیشن، بۆ ئەوەی بتوانن بگەنە چەند شتێکی هاوبەش، ئەگەر گەیشتنە چەند شتێکی هاوبەش لێرەدا، لەبەر ئەوەی کە موناقەشەکان، جیاوازی تێدا بوو بۆچوونی جیاجیای تێدابوو، پێویستی بەوە دەکرد زیاتر بەدوای مەسائیلی هاوبەش بگەرێن، داوایان لێ دەکەم گەیشتوونەتە چ ئەنجامێك ئاگاداری ئێوەی بەرێز بکەنەوە، فەرموو کاك عەونی.

**بەرێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رێزداران ئەندامانی پەرلەمانی بەرێز، ئێمە راپۆرتێکی هاوبەشمان ئامادە کرد، سەبارەت بەو تەکلیفەی کە لەدانیشتنی رۆژی 2007/5/9 لە هەردوو لیژنەی یاسایی و ئەوقاف کرا، ئێستا راپۆرتەکەتان بۆ دەخوێنمەوە.

بۆ/ سەرۆكايەتی ئەنجومەنی نیشتیمانیی كوردستان ـ عێراق

ب/ راپۆرتی هاوبەش

سەبارەت بەو پێشنیازانەی كە لە دانیشتنی ڕۆژی 2007/5/9ی پەرلەمان وروووژێنران بۆ دووبارە لێكۆڵینەوە لە ماددەی دووەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی ئەوقاف وكاروباری ئایینی و لەبەر ڕۆشنایی ئەو وتوویژانەی لە بارەیەوە وروووژێنران و بڕیاردانی پەرلەمان بەدواخستنی دانیشتنەكە، سەبارەت بەو هۆیە و ڕوولێنانی هەردوو لیژنەی یاسایی و ئەوقاف وكاروباری ئایینی بەم ئەركە بەمەبەستی ئاسانكردنی وتوویژو دەنگدان لە پەرلەمان و ئالۆز نەكردنی و پشت بە حوكمەكانی ماددەكانی 6/39، 40، 46، 4،3/71 لە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتیمانیی كوردستان ـ عێراقدا.

هەردوو لیژنەكە لە ڕۆژی 2007/5/10 لەگەڵ وەزیری ڕوولێنراو بە وەرگرتنی هەگبەی وەزارەتەكە و ئەو شاندەی لە گەڵیدابوون بۆ ڕاگۆڕینەوە و تاوتووكردن لە بارەی بابەتەكەوە وگوێ لە ڕای ئامادەبوانی بەڕێز ڕاگیرا و لەناویاندا ئەندامی پەرلەمان خاتوو گەلاوێژ شابا جەجی وبەڕێز عزەدین باقەسرێ وەك نوێنەری برا مەسیحیەكان وئێزیدییەكان یەك لەدوای یەك، ئینجا كۆبوونەوەی دووەم لە ڕۆژی 2007/5/13 بۆ لێكۆڵینەوەی ئەو ڕاو هزرانەی پێشكەش كرابوون بەسترا.

لەبەر ئەوەی سیاسەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان جەخت كردنە لەسەر گیانی لێبوردەیی وبەیەكەوە ژیانی ئاشتیانە لە نێوان ئایین وئایینزا جیاوازەكان لە هەرێمدا بەردەوام بوون لەگەڵی داو كاركردن لەسەر گەشەپێدانی ئەو گیانە و بەرجەستەكردنی لە پێناو فراوانكردنی بوار لەبەردەم وەزارەت و دەزگاكانی بۆ پێشكەش كردنی خزمەتگوزاریەكانی بۆ هەموو ئایین وئایینزاكان لە كوردستاندا و،لەدوای لێكۆڵینەوە لە ماددەكە و ئەو پێشنیازانەی كە لە بارەیەوە لە نوێ پێشكەش كراون و دوابەدوای دوو ڕاپۆرتەكەی هەردوو لیژنەكەمان لە ڕۆژانی 2007/4/30 و 2007/5/8دا لەبارەیەوە پێشكەش كران، ئەمانەی خوارەوە ڕادەسپێرین وپێشنیاز دەكەین:-

**1**- جەخت كردن لەسەر ئەوەی كە لە هەردوو ڕاپۆرتە ئاماژەپێكراوەكانماندا هاتبوو داڕشتنەوەی بڕگە (1) بەم شێوەیەی خوارەوە بێ:

{گەشەپێدانی هۆشیاری ئیسلامی وبلاوكردنەوەی ڕۆشنبیری ئیسلامی وپرنسیپەكانی پەیامە لێبوردەییەكەی} .

**2**- داڕشتنەوەی بڕگە (2) بەم شێوەیەی خوارەوە بێ:

{چاودێری كردنی كاروباری شوێنە پیرۆزەكانی هەموو ئایینەكان و ڕێكخستنی بەڕێوەبردنیان} .

**3**- داڕشتنەوەی بڕگە (6) بەم شێوەیەی خوارەوە:-

{گرنگی دان بە ئایینی پاكی ئیسلام و ئایینەكانی دیكە وبە كەلەپور و ڕێزگرتنی زانایان و پیاوانی ئایینی وپاراستنی پایەی كۆمەلایەتی و باشكردنی باری ژیانیان، تاكو بتوانن چالاكی ئایینی ونیشتیمانی ونەتەوەیی و كۆمەلایەتی بە جۆرێكی وا ببینن كە خزمەتی كۆمەلگای كوردستان بكات} .

4- داڕشتنەوەی برگە (7) بەم شێوەیەی خوارەوە :

{ پتەوکردنی پەیوەندییەکان لە نێوان ئایین و ئایینزا و تایفە جیاجیاکان لە کوردستانی عێراقدا}.

5- دارشتنەوەی برگە (11) بەم شێوەیەی خوارەوە :

{ گرنگیدان بە کاروباری ئایین و تایفە و ئایینزاکان لە هەرێمدا بە جۆرێکی وا کە گیانی لێبووردەیی لە نێوان ئایینەکان و بەردەوامی بە یەك گەیشتنی نێوانیان دابین بکات}.

6- ئەو ڕستەیەی خوارەوە بخرێتە سەر بڕگەی (13) :

{ و کردنەوەی هۆڵی تایبەت بە بۆنەی کۆمەڵایەتی ئایینی بۆ ئافرەتان }.

7- داڕشتنەوەی بڕگە (14) بەم شێوەیەی خوارەوە :

{ کردنەوەی خولی پێویست بەجۆرێکی بەردەوام بۆ بەهێز کردنی پێش نوێژ و وتاربێژ و پیاوانی ئایینی لە هەرێمدا}.

8- پێشنیاز دەکەین بڕگەیەکی دیکە بخرێتە سەر ماددەکە و زنجیرەکانی بەم پێیە هەموار بکرێن و بەم جۆرەی خوارەوە:-

{هاندانی بەستنی کۆنگرە بۆ پتەوکردنی ڕۆشنبیری دایەلۆگ و بەیەکەوە ژیانی ئاشتیانە لە نێوان ئایینەکاندا}.

تکایە ئاگاداری بفەرموون وپێشنیاز و ڕاسپاردە پێشکەش کراوەکان لە لایەنیانەوە لەبارەی ماددەی دووەم بخرێنە بەردەم ئەنجومەن بۆ وتووێژ لەسەرکردن و دەربڕینی ڕای گونجاو لە بارەیانەوە، ئینجا وتوێژکردن لەسەرماددەکانی دیکەی پرۆژەکە بەردەوام بێ بە پێی ئەوەی کە لە هەردوو ڕاپۆرتەکانی پێشوودا هاتبوون. لەگەڵ ڕێز و سوپاسماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە زمانی عەرەبیش بیخوێننەوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الى/ رئاسة المجلس الوطني لكوردستان-العراق

م/ تقرير مشترك

بناء على المقترحات المثارة في جلسة البرلمان المؤرخة في 2007/5/9 بإعادة دراسة المادة الثانية من مشروع قانون وزارة الأوقاف والشؤون الدينية على ضوء المناقشات المثارة بشأنها وموافقة البرلمان على تأجيل الجلسة لهذا السبب وتكليف اللجنتين القانونية والأوقاف والشؤون الدينية لذلك بهدف تسهيل المناقشة والتصويت في البرلمان وعدم تعقيدها.

وأستناداً لأحكام المواد 6/39، 40، 46، 3/71،4 من النظام الداخلي للمجلس الوطني لكوردستان-العراق.

أجتمعت اللجنتان بتاريخ 2007/5/10 مع السيد الوزير المكلف بحقيبة الوزارة والوفد المرافق له للتشاور والمداولة حول الموضوع وتم الأستماع الى آراء السادة الحضور ومن ضمنهم عضوا البرلمان السيدة گەلاوێژ شابا حجي والسيد عزالدين باقسرى ممثلين عن الأخوة المسيحين واليزيدين على التوالي ثم عقدتا أجتماعاً ثانياً بتاريخ 2007/5/13 لدراسة ماتم تقديمه من أراء وأفكار.

وبما أن سياسة حكومة أقليم كوردستان-العراق هي التأكيد على روح التسامح والتعايش السلمي بين الأديان والطوائف المختلفة في الأقليم والتواصل معها والعمل على تنمية هذه الروحية وتجسيدها لأفساح المجال للوزارة ومؤسساتها لتقديم خدماتها لجميع الأديان والطوائف في كوردستان وبعد دراسة المادة والمقترحات المقدمة بشأنها مجدداً والحاقاً بتقريري لجنتينا المؤرخين في 2007/4/30 و 8/ 5 /2007 المقدمتين بشأنها نوصي ونقترح مايلي:-

1- التأكيد على ما ورد في تقريرينا المشار إليهما وجعل صياغة الفقرة (1) كالآتي:- تنمية الوعى الاسلامي ونشر الثقافة الاسلامية ومبادئ رسالتها السمحاء.

2- إعادة صياغة الفقرة (2) كالآتي:-

{رعاية شؤون الأماكن المقدسة لكافة الأديان وتنظيم ادارتها}.

3- إعادة صياغة الفقرة (6) كالآتي:-

{الأهتمام بالدين الأسلامي الحنيف والأديان الأخرى وتراثها وأحترام علماء و رجال الدين والحفاظ على مكانتهم الأجتماعية وتحسين أوضاعهم المعاشية لمارسة نشاطاتهم الدينية والوطنية والقومية والأجتماعية بما يخدم المجتمع الكوردستاني}.

4- إعادة صياغة الفقرة (7) كالآتي:-

{توثيق الروابط بين مختلف الديانات والمذاهب والطوائف في كوردستان-العراق}.

5- إعادة صياغة الفقرة (11) كالآتي:-

{الأهتمام بشؤون الأديان والطوائف والمذاهب في الأقليم بما يحقق روح التسامح بين الأديان وتأمين التواصل فيما بينها}.

6- أضافة جملة {وفتح قاعات خاصة للمناسبات الأجتماعية الدينية للنساء الى نهاية الفقرة (13)}.

7- إعادة صياغة الفقرة (14) كالآتي:-

{إقامة الدورات اللازمة وأدامتها لتقوية الأئمة والخطباء ورجال الدين في الأقليم}.

8- نقترح اضافة فقرة اخرى الى المادة وتعديل التسلسلات تبعاً لذلك وكالآتي:-

{تشجيع عقد المؤتمرات لتكريس ثقافة الحوار والتعايش السلمي بين الأديان}.

راجين التفضل بالأطلاع وعرض المقترحات والتوصيات المقدمة من قبلنا بشأن المادة الثانية على المجلس للمناقشة وأبداء الرأى المناسب بصدده ثم الأستمرار في مناقشة بقية مواد المشروع وفقاً لما ورد في تقريرينا

السابقين. لدى السيدة گلاوێژ شابا حجي عضو لديها تحفظ و اطلب تشكيل هيئة لشؤون المسيحين مرتبطة بمجلس وزارء أقليم كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ لیژنەی هاوبەش، ماندووبونێکی باشیان کردووە، سوپاس بۆ جەنابی وەزیریش کە لەگەڵ پسپۆڕانی وەزارەتی ئەوقاف کە بەشداریان کرد، لە گەیشتن بەو خاڵە هاوبەشانە، پێم وایە زۆر شتی پێکاوە ئەو ئیتفاقیەی کە کراوە، ئینجا پێم باشە خاڵ بەخاڵ چی بەسەر هاتووە بیخوێننەوە، ئەگەر ڕەئیەکانی ئێوە وەرگیرابێتن بۆ ئەوەی بەردەوام بین لە موناقەشەکان، بگەڕێنەوە سەر ئەصڵی مەشروعەکە، بەپێی موقتەرەحتان چی لێهاتووە، ئەصڵی مەشروعی وەزارەتی ئەوقاف، ئەصڵەکە چۆنە و ئێستا بەپێی قەراری دوێنێتان هی لیژنەکە چی لێهاتووە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم: وەزارەت بۆ ئەم ئامانجانەی خوارەوە کار دەکات:-

1- گەشەپێدانی وشیاری موسوڵمانیەتی وبڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری موسوڵمانیەتی وگەوهەری پەیامە شکۆمەندیەکەی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر نیزامی نەبێت قەتعت ئەکەم، فەرموو دەی.

**بەڕێز گەلاوێژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر لەتەقریرەکەش هەروەکو مامۆستا خلیل ئیشارەتی پێدا، تەحەفوزمان هەبووە لەسەر ماددەی دوو، داوای تەشکیلی هەیئەتێکمان کرد، برادەرانیش لەگەڵم هەنە، واتە تەنها ڕەئی خۆم نیە، حەزەکەم ئەگەر ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر دەنگمان نەهێنا بۆ ئەوەی شێوازی موناقەشەو دەنگدانەکە دیاری بکرێت، سوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە تۆ تەحەفوزی خۆتت نیشان داوە ئەتوانی کاتێ هاتینە سەری دیسان باسی بکەیتەوە، ئەوە نوقتەی نیزام نەبوو، چونکوم خۆیان باسیان کرد، ئەگەر نەیان وتبا وات وتووە ئەوا ئەوکات نوقتەی نیزام ئەبوو، بەڵام خۆیان لە ڕاپۆرتەکەدا نووسیویانە، کە تۆ چیت وتووە، بۆیە زیاد بوو ئەو قسەیە، جارێ ئەوە ڕەئیەکی خۆتە، خۆ ناتوانین تەصویتی لەسەر بدەین.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم: وەزارەت بۆ ئەم ئامانجانەی خوارەوە کار دەکات:-

1- گەشەپێدانی وشیاری موسوڵمانیەتی وبلاّوکردنەوەی ڕۆشنبیری موسوڵمانیەتی وگەوهەری پەیامە شکۆمەندیەکەی. بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، ئەو بڕگەیە لیژنە هاوبەشەکە گەیشتە ئەو صیغەیەی کە وای لێبکرێت، گەشەپێدانی هۆشیاری ئیسلامی وبلاّوکردنەوەی ڕۆشنبیری ئیسلامی وپرەنسیپەکانی پەیامە لێبوردەییەکەی}.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەرەبیەکەی بخوێننەوە.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية: تعمل الوزارة على تحقيق الاهداف الاتية:

1- تنمية الوعي الاسلامي ونشر الثقافة الاسلامية وجوهر رسالتها السامية. راي اللجنة المشتركة، اصبحت تنمية الوعى الاسلامي ونشر الثقافة الاسلامية ومبادئ رسالتها السمحاء.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لەبەر ڕۆشنایی مولاحەزاتی دوێنێتان سامیەکە گۆڕاوە کراوە بە السمحاء دووەم تکایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چاودێری کردنی کاروباری شوێنە پیرۆزەکان وڕێکخستنی بەڕێوەبردن وپاراستنیان. لیژنەی هاوبەش دایڕشتۆتەوە بەو شێوەی خوارەوە، {چاودێری کردنی کاروباری شوێنە پیرۆزەکانی هەموو ئایینەکان و ڕێکخستنی بەڕێوەبردنیان}.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رعاية شؤون الاماكن المقدسة وتنظيم ادارتها وصيانتها. راي اللجنة المشتركة إعادة صياغة الفقرة (2) كالآتي:-

{رعاية شؤون الأماكن المقدسة لكافة الأديان وتنظيم ادارتها}.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمەش دیسان مولاحەزەی ئێوە وەرگیراوە، کە شؤون الاماكن المقدسة زیاتر تەوزیح بکرێتن، مەقسەد بەتەنیا مزگەوت و شوێنەکانی ئیسلامی نیە، بەڵکو بۆ شوێنەکانی ئاینی مەسیحی و ئێزیدیەکانیشە، نووسرایە لكافة الأديان بۆ تەوزیحە، سێیەم.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

3- ڕێکخستنی کاروباری حەجکردنوعەمرە بۆ موسوڵمانان، بە شێوەیەك دادپەروەری لە دەستنیشانکردنی ئەوانەی حەجکردن دەیانگرێتەوە دابین بکرێ، وپێداویستیەکانی سەفەرکردن ومانەوەو خزمەتگوزاریە کارگێڕیەکانی گونجاو بە حاجیان دابین بکرێ، بە جۆرێك ئاسایش دابین بکرێ وکارەکان بە باشترین شێوە بپەرێندرێ بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتولایەنە پەیوەندیدارەکان. بەنیسبەت لیژنە دەستی لەو بڕگەیە نەداوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام گۆڕانکاری تێدا نەکراوە عەرەبی پێویست ناکات بیخوێننەوە بڕۆن بۆ چوارەم.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

4- ڕێکخستنی کاروباری بەڕێوەبردنی ئەوقافو سەرپەرشتیکردنوچاودێریکردنی بە جۆرێك مەرجەکانی وەقفەکان بە باشترین سوود بۆ وەزارەت دابین بکات. ئەمەش دیسان دەستی لێ نەدراوەو وەکو خۆی ماوەتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو فەقەرەیەش دوێنێ زۆر موناقەشەی لەسەر نەکرا، بۆیە ئەویش شتی تازەی تێدا نیە، بڕۆن بۆ پێنجەم.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

5- کردنەوەی حیسابێکی تایبەتی بۆ وەزارەتی ئەوقاف لە بانکەکانی پشت پێبەستراو، بۆ سپاردنی داهاتەکانی وەقف و خەرج کردنی بە شێوەیەك خزمەت بە مەرجەکانی خاوەن وەقف و سوودی وەزارەت و لەگەڵ پلانی گەشەپێدانی هەرێمدا کۆك بێت. ئەوەشیان هیچ خیلافمان لێی نەبووە، لەبەر ئەوە هەر وەکو خۆی مایتەوە. شەشەمان گۆڕانی تێدایە.

6- بایەخدان بە تایبەتی پاکی ئیسلام وکەلتورەکەی وڕێزگرتنی زانایانی ئایینی ئیسلام وپاراستنی پایەی کۆمەلایەتیان وچاککردنی باری گوزەرانیان ودابین کردنی پێداویستیەکانی چالاکی ئایینی ونیشتیمانی ونەتەوەیی وکۆمەلایەتی. بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن ئەوە لیژنەی هاوبەش بەو جۆرەی دارشتیتەوە:{گرنگی دان بە ئایینی پاکی ئیسلام و ئایینەکانی دیکە وبە کەلەپور و ڕێزگرتنی زانایان و پیاوانی ئایینی وپاراستنی پایەی کۆمەلایەتی و باشکردنی باری ژیانیان، تاکو بتوانن چالاکی ئایینی ونیشتیمانی ونەتەوەیی کۆمەلایەتی بە جۆرێکی وا ببینن کە خزمەتی کۆمەلگای کوردستان بکات}.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

6- الاهتمام بالدين الاسلامي الحنيف وتراثه واحترام علماء الدين الاسلامي والحفاظ على مكانتهم الاجتماعية وتحسين اوضاعهم المعاشية وتوفير ما يلزم لمارسة نشاطاتهم الدينية والوطنية والقومية والاجتماعية. راي اللجنة المشتركة للفقرة (6) كالآتي:-

{الأهتمام بالدين الأسلامي الحنيف والأديان الأخرى وتراثها وأحترام علماء و رجال الدين والحفاظ على مكانتهم الأجتماعية وتحسين أوضاعهم المعاشية لمارسة نشاطاتهم الدينية والوطنية والقومية والأجتماعية بما يخدم المجتمع الكوردستاني}.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو فەقەرەیەش گۆڕانكاری بەسەردا هاتووە، بەتەنها پێشتر نووسرابوو، الأهتمام بالدين الأسلامي الحنيف والأديان الأخرى ئیزافەكراوە، وتراثه واحترام علماء الدين الاسلامي كراوە بە وتراثها وأحترام علماء و رجال الدين، عام هەموویان دەگرێتەوە، یەعنی ئەو گۆڕانكاریەی تێدا كرایە، بۆ ماددەی تر.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

7-بە هێزكردنی پەیوەندی لە نێوان جۆرەها ئایین وڕێبازو تایەفەكانی هەرێمی كوردستان. لیژنەی هاوبەش بەو جۆرە ئەو برگەی داڕشتۆتەوە، { پتەوكردنی پەیوەندییەكان لە نێوان ئایین و ئایینزا و تایفە جیاجیاكان لە كوردستانی عێراقدا}.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەش دیسان عێراقەكەی ئیزافەكراوە، ئەویش لەسەر مولاحەزاتی ئێوە بووە، ماددەی تر تكایە.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

7-{توثيق الروابط بين مختلف الديانات والمذاهب والطوائف في كوردستان-العراق}.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەشت و نۆ وەدە وەكو خۆی مایەتەوە، بڕۆن بۆ فەقەرە یازدە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

11 -چاودێریكردنی كاروباری ئایین وتایەفە وڕێبازەكان لە هەرێمدا،بە جۆرێك گیانی لێبوردەیی لە نێوان ئایینەكان و پەیوەندی لە گەڵیاندا دابین بكات، وبایەخدان بە شوێنەكانی خواپەرستی لە كلێسا ودێرەكان وهاوشێوەیان ودەستنیشانكردنی موڵكەكانیان وبە دواداچوونی پێداویستیەكانیان وكاركردن بۆ كەمكردنەوەی كۆسپەكانی بەردەمیان. لیژنە بەو جۆرەی داڕشتۆتەوە، { گرنگیدان بە كاروباری ئایین و تایفە و ئایینزاكان لە هەرێمدا بە جۆرێكی وا كە گیانی لێبووردەیی لە نێوان ئایینەكان و بەردەوامی بە یەك گەیشتنی نێوانیان دابین بكات}.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

11-رعاية شؤون الاديان والطوائف والمذاهب في الاقليم وبما يحقق روح التسامح بين الاديان وتأمين الاتصال معها والاعتناء بدور العبادة من كنائس و اديرة وما شابه وضبط ممتلكاتها ومتابعة احتياجاتها والعمل على تذليل الصعوبات التي تواجهها. راى اللجنة إعادة صياغة الفقرة كالآتي:- {الأهتمام بشؤون الأديان والطوائف والمذاهب في الأقليم بما يحقق روح التسامح بين الأديان وتأمين التواصل فيما بينها}.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەم ماددەیە گۆڕانكاری بەسەردا هاتووە، لەبەر ڕۆشنایی موداخەلەی هەندێك لە بەڕێزان بەتایبەتی ئەو برا مەسیحیانە، ئەو شتە لادراوە كە ئیعتزازیان لەسەر گرت، وضبط ممتلكاتها بەو ئیعتیبارەی كە هەندێك مومتەلەكات هەیە ڕەنگە عائیدی ڤاتیكان بێتن، لە دەستەڵاتی ئەوان نەبێتن، لابرایە، ئیختیصار كراوە، بەصیغەیەكی زۆر باش، لەبەر ڕۆشنایی ئیعتیرازاتتان، واتە الأهتمام بشؤون الأديان والطوائف والمذاهب بما يحقق روح التسامح بين الأديان وتأمين التواصل فيما بينها موختەسەر موفیدە، ناچێتە ناو ئەو تەفصیلاتەی كە ئیعتیرازتان لەسەر گرت، فەرموو بۆ ماددەی تر.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بڕگەی دوانزە گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، تەنها بڕگەی سیازدە گۆڕانی بەسەردا هاتووە ئێستا دەیخوێنمەوە، 13-ئامادەكردنی هەموو ئامرازەكانی خزمەتگوزاری لە هۆڵ وپێداویستیەكانی بۆنە ئایینی وكۆمەڵایەتیەكان، بە جۆرێك لەكاتی پێویستیدا باشترین خزمەتگوزاری پێشكەش بە كۆمەڵگا بكات. لێرە لیژنەی هاوبەش بڕگەیەكی هاویشتۆتە سەری، و كردنەوەی هۆڵی تایبەت بە بۆنەی كۆمەڵایەتی ئایینی بۆ ئافرەتان.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

13- تهيئة كافة وسائل الخدمات من القاعات والمتطلبات اللازمة للمناسبات الدينية والاجتماعية بشكل يؤمن تقديم افضل الخدمات للمجتمع عند الحاجة. راي اللجنة المشتركة، أضافة جملة {وفتح قاعات خاصة للمناسبات الأجتماعية الدينية للنساء الى نهاية الفقرة (13)}.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەش داواكاری چەند ئەندامێكی پەرلەمان بوو كە قاعاتی تایبەتیش بۆ ژنان هەبێتن، بۆ موناسەباتی دینی و تەعزێ و شتی وا، ئەوەش ئیزافە كراوە، ماددەی تر.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

14-بەردەوامبوون لە کردنەوەی خولەکانی پێویست بۆ بەهێزکردنی ئیمام و وتاربێژەکان لە هەرێمدا، هەروەها کردنەوەی خول بۆ قوتابیانی بچووك بۆ فێرکردنی قورئانی پیرۆز لە پشووی هاویندا، بۆ سوود وەرگرتن لە کاتی بێکاریاندا وفێکردنی قورئانی پیرۆز هەر لە منداڵیاندا. لیژنەی هاوبەش بەو جۆرە ئەم بڕگەی دارشتۆتەوە،{ کردنەوەی خولی پێویست بەجۆرێکی بەردەوام بۆ بەهێز کردنی پێش نوێژ و وتاربێژ و پیاوانی ئایینی لە هەرێمدا}.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

14- ادامة الدورات اللازمة لتقوية الائمة والخطباء في الاقليم وكذلك فتح دورات للتلاميذ الصغار لتعليم القران الكريم في العطل الصيفية لاستغلال اوقات فراغهم وتعليمهم القران الكريم منذ الصغر. راي اللجنة المشتركة، إعادة صياغة الفقرة (14) كالآتي:{إقامة الدورات اللازمة وأدامتها لتقوية الأئمة والخطباء ورجال الدين في الأقليم}.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش ئیختیصار کراوە بۆ ئەوەی لە تەفصیلاتەکاندا ئیختیلاف هەبوو، شتێکی عمومیات نووسراوە، بۆ هەموو رجال الدين، بەس ئەو کەلیمەیەی لتقوية زیاد نیە کاك عونی، ئەگەر ئینتیباهی بکەن، وأدامتها الأئمة والخطباء ورجال الدين، لتقوية نازانم، بەڵێ کاك خلیل.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی موشتەرەك، وەکو بیرا من جەماعەتیش ڤێرەیە، فەقەت ورجال الدين زیاد بووە، فتح دورات بۆ ئەوان یەعنی بۆ وان ژی ئیقامەتی دەورات، ئەمان فتح دورات للتلاميذ الصغار لتعليم القران الكريم ئەوە وەکی خۆیتی، ژێ نەچوویە، سوپاس.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنە دیارە بەڕێز کاك خلیل مولاحەزەی نەکردیە، ئیتیفاقمان کرد ئەو جملە لە ئەخیری فەقەرەکە نەمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ملاسعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئالێرەدا لەمابەین لیژنەی هاوبەش کەمێك تێنەگەیشتنێك هەیە، فەقەت رجال الدين ئێمە لێرەدا موافەقەمان کردیە کە زیاد بکرێت، ئەوی تر فەقەرەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەزانی چی عەفوو، لێرە لە ڕاپۆرتەکەدا نووسراوە، إعادة صياغة الفقرة (14) یەعنی کەئەنەهوو ئەو صیاغەی کە نووسیوتانە ئەوە بەدیلی هەموو جوملەکەیە، إقامة الدورات اللازمة وأدامتها لتقوية الأئمة والخطباء ورجال الدين في الأقليم. یەعنی ئەوە جێگای هەمووی گرتیتەوە، ئەوە شامل ترە، چونکە تۆ بڵێیت تعليم القران الكريم مەسیحیەکە دەڵێت ئەی ئینجیل، ئێزیدیەکە دەڵێت مەصحەفی ڕەش، لەبەر ئەوە ئەو جومەلەیەی کە هاتیە، شامل ترە و باشترە، ئەوە بۆ ئەوقاف مەعلومە بەرنامەی ئەوقاف چیە.

**بەڕێز ملاسعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێنجا ئەو بدرێتە بەر ڕەئی ئەندامانی پەرلەمان، چونکە ئێمە وەکو لیژنەی ئەوقاف ڕەئیمان وانیە، ڕەئیمان ئەوەیە تەنها رجال الدين زیاد بکرێت، ئەگینا ئەوی تر بابدرێتە تصويت، کە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا خاڵەکەی تریش بخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ دەستکاریمان لە بڕگەکانی تر نەکردیە، بەڵام پێشنیارێکی تر کرایە، کە بڕگەیەك بۆ ئەو ماددەی زیاد بکرێت، وەکو ئەوەی خوارەوە، {هاندانی بەستنی کۆنگرە بۆ پتەوکردنی ڕۆشنبیری دایەلۆگ و بەیەکەوە ژیانی ئاشتیانە لە نێوان ئایینەکاندا}.

**بەڕێز خليل ابراهيم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راي اللجنة المشتركة، للاقتراح اضافة فقرة اخرى الى المادة وتعديل التسلسلات تبعاً لذلك وكالآتي:-{تشجيع عقد المؤتمرات لتكريس ثقافة الحوار والتعايش السلمي بين الأديان}.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس وەڵڵا من پێم وایە، لیژنەکە کاری زۆر باشیان کردووە، دەست خۆشیان لێ دەکەم، زۆریش دیارە کە ماندوو بووینە، بە حازری بۆیان هێناوین، بەڵام من موتەئەکیدم کە زۆر موناقەشەیان کردووە، ئیختیلافەکەش وازحە ئەوەی ئیختیلافی هەیە یان ڕەئێکی هەیە، ڕێزی لێ دەگیرێتن، بەڵام ئێمە لەبیرمان نەچێتن، ئەم وەزارەتە ناوەکەشی تازەیە، ناوەرۆکەکەشی تازە دەبێت، جاران وەزارەتی ئەوقاف بوو، تەنها دینی ئیسلامی پیرۆز بوو، ئێستاکە وشؤون الدينية، دینی مەسیحی و دینی ئێزیدیشی تێدایەو تێکەڵ بووە، لەبەر ئەوە دەبێ قانونی وەزارەتیش ڕەچاوی ئەوە بکات، ڕاستە ئەکسەرێتی کوردستان موسوڵمانە، ئەوە حەقیقەتێکە، وەزارەتیش بەتەئکید ئەولەوێتی بە تەسەلسول دێتن، بەڵام ناکرێتن ئێمە ناوێك دابنێین،

وەزارەتێك دابنێین، کاروباری ئایینی دیانەتەکانی تریش تێکەڵ بکەین، رەچاوی ئەو تەفصیلاتانە بکەین، بۆیە ئەو صیاغاتانەی کە ئیعادەی کراوە، لە لیژنەی هاوبەشدا، زۆری مەسائیلی هاوبەشن، قاسمی موشتەرەکی پەیدا کردووە، فەقەت ئەو فەقەرەی حەوتەم نەبێتن، ئەوەی کە دەڵێن ئیختصار کراوە، لیژنەی ئەوقاف دەڵێتن دەمانەوێت وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەوەش قابیلی باسە، قابیلی موناقەشەیە، رەئی گەلاوێژ خانیش هەر جێی ئیحترامە، بەڵام ئێمە وتمان وەکو قاسمی موشتەرەك دەبن، ئەگەر رەئی تەنها دینی ئیسلامی وەربگرین،وا دەنووسرێت ئەگەر رەئی برا مەسیحیەکان وەربگرین نەوعێکی تر دەنووسرێت، هەروەها برا ئێزیدەکانیش بەهەمان شێوە، بۆیە دەبێت هەمووومان بیر بکەینەوە، کە ئەوە بەتەوافوقە، بۆ بەرژەوەندی هەموو لایەکە، لە پێش هەموویانەوە ئەو خاڵەی کە ئیقتراحیان کردووە، دوایش دەیخەینە تصویت کە خاڵێکی زۆر چاکە، لە دوایدا ئیزافەیان کردووە، تشجیع عقد المؤتمرات لتکریس ثقافة الحوار والتعایش السلمي بین الأدیان. من پێم وایە مبادیئی پیرۆزی ئایینی ئیسلام و مەبادیئی مەسیحی و ئێزیدی هەمووی داواکاری ئەوەیە، پێکەوە ژیانە، رێزگرتنە لەیەکتر، ئەگەر کەسێك هەیە دەیەوێت موناقەشەی بکاتن، من ناویان دەنووسم، چوار کەس نوقتەی نیزامی نووسیوە ئەگەر نیزام نەبێت ئەڵێم نیزام نیەو قسەکەی پێ دەبڕم، فەرموو کاك زانا.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە موناقەشەی تەواوی لەسەر کرا، ئێستا ناکرێت دووبارە موناقەشە بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ئێمە موناقەشەی تەواومان کرد بەڵام لەکۆتاییدا داوامان کرد، کەئەو لیژنەیەمان پێك هێنا ئێستاکە تەبیعیە رەئی لیژنەکەش موناقەشە بکرێت، کاك کریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی منیش هەمان بۆچوونی کاك زانام هەیە، ناکرێت ئەو ماددەیە دووبارە موناقەشە بکرێتەوە، چونکە ئەوە لە لیژنەی موشتەرەك موناقەشە کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر هەمان رەئیت هەبوو دەبوایە بتوتایە هەمان رەئیم هەیە، بەس ئێمە دەنگمان نەدایە بۆ ئەوەی کەحسم بێت، بەس کۆتایی پێنەهات، بۆیەداوامان لێکردن ئەو لیژنەیە تەشکیل بکرێت، چونکە ئیختلاف هەیە، لەسەر ئەو ماددەیەی کە لیژنەی ئەوقاف ئەندام بووە، ئێستا موعتەریزە، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێش ئەوەی دەست بکەین بەموناقەشە، ئەبێت ئەوەمان لا روون بێت، کە ڕاپۆرتی پێشووی لیژنەی یاسایی کە لێرەش تەئکید ئەکەنەوە، کە سوورن لەسەر راپۆرتەکەی پێشوویان، کە چەند خاڵێکی گرنگیان تێدایە، دەمج کردنی بڕگەی (4-5) بڕگەی (10 -17) ولابردنی بڕگەی(16) ئایا ئەوە وەك پێشوو ئەمێنێتەوە، وەکو هی راپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی، یان ئێستا موناقەشە ئەکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی نەیان گۆڕیووە وەکو پێشوو ئەمێنێتەوە، کە موناقەشەشی لەسەر کرا، مولاحەزاتی ئەوتۆی لەسەر نەبوو، مانای وایە هەر پێیان وایە، موناقەشەی ناکەن و هەر وەکو خۆی دەمێنێتەوە، کاك محمد حکیم.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارم وایە، چونکە شتەکە وترا لەلایەن کاك زاناوە، ئەگەر ئەغلەبیەمان پێمان باشە کە ئەوە بڕوات بەبێ موناقەشە، ئەوە بیخەیتە دەنگەوە، چونکە قسە زۆر هەڵئەگرێت بەحەقیقەت، ئەوەی نە نووسرایە جێی رەزامەندی هەموو لایەکمان نیە، ئەوە حەقیقەتێکە، ئەگەر دەرگای موناقەشەش ئەکەنەوە ئەوە قەیناکە، هەموومان موناقەشەی تێدا ئەکەین، بەڵام من پێم وایە بۆ شتێکی موشتەرەکە، هەر بەرێژەیەکەوە بیخەیتە دەنگەوە بزانی کێ لەگەڵیدایە، ئەگەر ئەغلەبیەیە ئیتر بۆ قسەی لەسەر بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو موقتەرەحەی کاك محمد حکیم، فەرموو کاك دکتۆر ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ رێزمدا بۆ ئەو بۆچوونانەی کەباسیان کرد، کە گوایە ئێمە پێویست ناکات موناقەشەی بکەین، ئێمە دەنگمان لەسەر نەداوە لەبەر ئەوە بەعەکسەوە پێویستی بەموناقەشە کردن هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە دەنگمان بۆ نەداوە، کە سێ کەس، چوار کەس پێی وایە کە موناقەشەی ناوێت، ئێمە تەکلیفی ئەو لیژنەیەمان کردووە، دەنگ بدەین بۆ ئەو موقتەرەحاتانەیان یان دەنگ نەدەین، ئەوە لەبەر ئەوەی سێ کەس، چوار کەس، داوا دەکەن کە پێیان وایە موناقەشەکە دابخرێتن، ئەو موقتەرەحەی لیژنەی هاوبەش کە خوێنرایەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کەموناقەشەکە دابخەین، دەنگ لەسەر ماددەکە بدەین، دەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون نوقتەی نیزام کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوە نیزامی نیە ئەو دەنگدانە، لەبەر ئەوە لە نیزام داخلی سەرۆکایەتی تەخویلە لۆ ئەوەی کە موناقەشە بکرێتەوە یان نەکرێتەوە، چونکە ئەو ماددەیە دەنگی بۆ نەدراوە، کە دەنگی بۆ نەدراوە ئەندام

پەرلەمان حەقی موناقەشەی هەیە، یەعنی حەق نیە هەر پێشنیارێك بێت لێرەدا بخرێتە دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر عەینی شتە كاك ئارێز بڵێ عەینی شتە، فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

عەینی شتە، بەڵام تۆ ڕەئی ئێمەشت وەربگرتایە، تا بزانی ئێمە قایلین بەوە یەكسەر دەخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو، ملا سعدالدین.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

فەقەرەی حەفتەم ئەوە نەكرایە ئەو خیلافەی مابەینی فەقەرەی حەفتەم حەسم نەبووە، یەعنی وەكو لیژنەی ئەوقاف رجاشم لەئەندامانی پەرلەمانە، بەرەو عەقارێكی تری نەبەن، یەعنی عەقاری صیراعی ئەدیان و صیراعی قەومی، نەخێر وانیە، كاك ئارێز بەبێ روخسەت لەجەنابی سەرۆكیش قسە مەكە تكایە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە كە موناقەشەی ئەو خاڵەمان كرد، ئەو ڕەئیەی كاك ملا سعدالدین، ئەویش بەنەزەری ئیعتیبار وەرنەگیرا، یەعنی كە دەڵێین موناقەشە نەكرێت، یەعنی ڕەئی ئەویش وەرناگیرێت، چونكە لیژنەی قانونی، لیژنە هاوبەشەكە، ئەو صیغەیەی نووسیوەو ئەو موعتەریزە لەسەری، یەعنی ماناى وانیە كە ئێمە دەنگماندا بۆ ڕەئی ئەو، یەعنی ئەوەی ئەویش موناقەشە ناكرێتن، كە موقتەرەحی ئەوە، بەڵكو ئەوە موافەقەت كراوە لەسەری، كە دەڵێت: إقامة الدورات اللازمة وأدامتها لتقوية الأئمة والخطباء ورجال الدين في الأقليم. یەعنی صیغەكەی پێشوو نەماوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە كەوا موناقەشە بكرێت، دەباشە دەی موناقەشە ناكرێتن، چیە قسەمان كرد خۆ قسەكانمان بەزمانی فەرەنسی نەكردووە، سێ كەس نوقتەی نیزامی داوە، وتی ئێمە موناقەشەی زۆرمان كرد، داوامان كرد لەو لیژنە هاوبەشە، صیغەیەكی موشتەرەكمان بۆ پەیدا بكات، یەك كەس نەبوو تا سەرۆكایەتی بەنەزەری وەرنەگرێت، سێ كەس هەمان نوقتەی نیزامیان هەبوو، بۆیە ئەو بۆچوونە، كە دەڵێت ئێمە موناقەشەمان كردووە، وەداوامانەتە ئەو لیژنەیە تا صیاغەی ئەو موناقەشاتانەمان بۆ بكات، ئەوەی بووە هێناویەتیە ئێرە بە موافەقەتی خۆمان بووە، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە وتمان موناقەشە نەكرێتن، بەو ئیعتیبارەی كە موناقەشە كراوەو تەكلیفی ئەو لیژنەیە كراوە، ئەو لیژنەیە هاتوون خولاسەی ئەو موناقەشەیە، وتیشمان لێرەدا هەموو ئەندامێكی پەرلەمان بۆی هەی بچێت بەشدار بێت لەوێندەر، ڕەئیتاندا بەئەكسەریەت كەموناقەشە نەكرێت، ئەقەلیەتەكە وتی باموناقەشە بكرێتن، لەبەر ئەوە تەواو بوو ئەو مەوزوعە، ئەو لیژنەیەش لەبەر ڕۆشنایی قەراری ئێوە دانراوە، لەبەر ڕۆشنایی

موناقەشەکان تەکلیف کران، بچن صیاغەی نیهائیمان بۆ بکەن، گوتیشمان ئەو لیژنەیە لیژنەی قانونیە، لیژنەی ئەوقافە، جەنابی وەزیرە، وە هەرئەندامێکی تریش دەتوانێت حازر بێت لەوێندەر، لەبەر ئەوەیە کە کۆتایی پێهات، ماددەکە بەهەموویەوە، دەیخەمە دەنگەوە، فەرموو کاك عزەدین.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم موناقەشە ناکەین لەسەر ناوەڕۆکی پرۆژەی ماددەی دویە، بەلام موناقەشە لەسەر ئەو لیژنە دەکەین کەهاتیە تەشکیل کرن، موشتەرەك چونکە ئەوان فەقەرا پێنج - إعادة صياغة الفقرة (11) {الأهتمام بشؤون ئەو فەقەرا یەعنی شەترا دویە هەمووی راکریا لە راپۆرتا لیژنا قانونیشا هاتیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو صیغەیەی کەلەلای کاك عزەدین باقەسریە، ئیتیفاقی لەسەر نەکرا، گۆڕیمان تەبعی نوێ کرا، ئەوە ئاخر تەبعەیە کەپێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا، دەتوانن وەربگرن لێیان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە مەوزوعی ئەوەی موناقەشەی بەتصویتی خۆتان داتان خست، تەواو بڕایەوە، ئەوە موناقەشە ناکرێتن تەواو، پێشم وایە ئەو صیغەیەی کە لیژنەی هاوبەش پێی گەیشتووە، صیغەیەکی موشتەرەکە،ئەوە یەك/ وەصیغەیەکە ڕەچاوی بنەما ئەساسیەکانی کردووە، بەلام ئەوە کۆتایی دونیا نیە خۆ، ئەگەر لە رووی عەمەلیەوە، سبەینێ صیغەکەتان پێ عەمەلی نەبوو، چ برا مەسیحیەکانە چ برا ئێزیدیەکانە، رێگای ئصولی و قانونی هەیە، پرۆژەی یاسایی تەقدیم بکەن بۆ تەعدیلی ئەو پرۆژەیە، هەر موقتەرەحێکی تریش بێت، بۆ ئەم پرۆژەیە ئەگەر دەربچێت بەیانی نەنیهایەی دێتن بە پرۆژەی ئەوقاف و بەردەوام بوونی دیالۆگ لە مابەینی مەسیحی و ئێزیدی و موسوڵماندا، نە شتێکیشە لەگیرفانی خۆمانمان دەرهێنایە، ئەمە هەموو مەبادیئی پیرۆزی ئایینی ئیسلام و ئایینی مەسیحی و ئایینی ئێزیدیە، کە هەر سێکیان پێیان وایە دەبێ پێکەوە بژین، پێکەوە بەردەوام بین، پێکەوە خزمەتی گەلەکەمان بکەین، پێکەوە عیبادەتی خوای پەروەردگار بکەین، رێگامان ئەوەیە ئەو کۆمەڵگامان کۆمەڵگایەکی مەدەنی بێتن، رێز لەئایین بگرێتن رێز لە مافی مرۆڤ بگرێتن، ئەگەر بمانەوێت، شتێکی هاوبەش بێتن ئەوەیە، ئەگەر بشمانەوێتن بیروڕای بەتەنها ئیسلامی بێتن، ئێستاکە برادەرانی کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی و وەزارەتی ئەوقاف، رەئێکی تایبەتیان هەیە، بەلام ئایا دەکرێت فەرزی بکەین لەسەر برا مەسیحیەکان، ناکرێتن چونکوم ئێمە گوتومانە لە دەستووریشدا هاتووە، هەندێ مەسائیل کەپەیوەندی هەیە، بە نەتەوەکانی تر، بە ئایینەکانی تر ئەبێ بەتەوافوق بێت، بۆیە ئەو مەسائیلانە بەتەوافوق ئەو لیژنەیە ڕەچاوی ئەوەی کردووە، من دووپاتیشی دەکەمەوە، ئەوە کۆتایی هین نیە، برا مەسیحیەکان، برا ئێزیدیەکان، برا

**موسوڵمانەکان، هەمووما‌ن یان موسوڵمانین یان مەسیحین یان ئێزیدین، لە ئایندەدا چ فکرەیەکی باشتر هەبێت، چ لەلایەن پیاوانی ئایینی ئیسلامی پیرۆز، چ لەلایەن پیاوانی ئایینی مەسیحی پیرۆز چ لەلایەن برا ئێزیدیەکان رۆحانیەکانیان، پێشکەشی بکەن، مەنتقی تێدابێت، قانون رێگا بداتن، ئەم قانونە هەموار دەکرێتەوە، قانونی تر دەردەچێت، بەڵام لە پێناوی ئەوەی کە ئەو ئەدیانانە پێکەوە بژین و پێکەوە خزمەتی گەل ونیشتیمان بکەن، خزمەتی ئینسان بکەن، باشە فەرموو دەی.**

**بەڕێز خضر سليمان خليل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**گەلێك باش هاتیە دارشتن، وە من گەلین بەس پێشنیارەکا برگە سێ ببتە، (أ-ب) أ بۆ حەجیەت موسوڵمانا، ئەمن گەلین، ب حەجیەت ئیزیدیا جوڤێت ئێزیدیش لە دەرەڤەی کوردستانێ دێنە لالش و جەنابت ئاگادار بویت دوو تەیارە هاتن، با ئەم خاڵەش زیاد کەین، بۆ رەچاڤ کردنا تایبەتمەندیاو دلا وان خۆش بت، ئەگەر دەستوور دەوێت ڤان رزا وەفکا بابەتا سێ بکەینە (أ وب) لێ زیاد بکەین، رێکخستنا کاروبارێ حەجێن ئێزدی ئەڤیش دەرەڤەی کوردستانێ تێنە لالشێ و ئاسانکرنا.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس، یەعنی حەج شتێکی تایبەتە، بەتەئکید ئەگەر سبەینێ، قودسیش بکرێتەوە بۆ برا مەسیحیەکان ئەو وەختە، دەتوانن شتێك بکەن، بەڵام کە دەڵێین حەج ئەشکالاتی حەج نیسبەتی حەج، بەتەیارەو ڤیزەی حەج، ئەنواع و ئەشکال کێشەی لەپێشە، لەبەر ئەوە ئەو تایبەتمەندیەی دەدرێتێ، بەڵام بۆ چوونە سەر لالش شتێکی داخلیەو هەرچی وەزیرو وەزارەت بۆتان دەکاتن، حەزەکەی پرۆژەیەکی بۆ تەقدیم بکەن، بۆ وەزارەت بۆ چۆنیەتی تەنزیم کردنی سەردانی لالش و جێگا پیرۆزەکانی ئایینی تر، وەزارەت دەتوانێتن بەقەرارێك دەری بکاتن، بەڵام لێرە تایبەتمەندیە فیعلەن تایبەتمەندیەکی خۆی هەیە، وەفەوزایەك هەیە من بەموناسبی ئەزانم داوا لەوەزارەتی ئەوقاف بکەم، بۆ حەجی ئەمساڵ نیزامێکی باشتر دابنێن، کە زیاتر عەدالەتی تێدا بێتن، زیاتر رەچاوی بنەماکانی یەکسانی بکەنەوە، فەرق وجیاوازی نەبێتن، واسیتەی تێدا نەبێتن، یەکێك لەوانە خۆمم ئەوەدووساڵە رەفزم کرد، کە پەرلەمانیش نیسبەیەك وەربگرێتن بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمانیش بچنە حەج، پێشیان ناخۆش بوو، ئەوە هەر لەپێناوی ئەوەی کە وەزارەت رۆژێك لە رۆژان، بەعەدالەتی بکاتن، ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگەوە، لەبەر رۆشنایی ئەوە کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە، بە زۆرینەی دەنگ قبوڵکرا، زۆر سوپاس، برۆ بۆ ماددەی تر.**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی سێیەم:**

**یەکەم: وەزیر: سەرۆکی باڵای وەزارەتە وبەرپرسیارە لە کارەکانیدا وئاڕاستەکردنی سیاسەتەکەی ولە خۆیەوە دەردەچێ وبە چاودێری ئەوەوە هەموو بڕیار وفەرمان ورێنمایی ولە هەموو ئەو کارانەی پەیوەندیان بە ئەرکەکانی وەزارەت ودامەزراو و دەسەڵاتەکان وگشت کاروبارەکانی هونەری ودارایی وکارگێری ورێکخستنەوە بە پێی حوکمەکانی یاسا جێبەجێ دەکرێ.**

**دووەم: برێکاری وەزارەت: لە ئاراستەکردنی وەزارەت وچاودێرێکردنی کاروبارەکانی بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێی دراوە یارمەتی وەزیر دەدات ودەبێ خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت.**

**سێیەم: ڕاوێژکاران: ژمارەیان لە چوار کەس تێناپەرێت، دەبێ خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بن ودەبێ شارەزاو خاوەن ئەزموون بن. رای لیژنە سێیەم ـ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەکانی سێیەم و چوارەم و شەشەم لە پڕۆژەکەدا هەیە، لیژنە پێشنیار دەکات بخرێتە ناو ماددەی سێیەم لە ژێر ناونیشانی (پێکهاتەکانی وەزارەت) بنووسرێ و بەم جۆرە دابڕێژرێ :-**

**پێکهاتەکانی وەزارەت**

**ماددەی سێیەم: وەزارەت لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێك دێ.**

**یەکەم: وەزیر: سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە بەرێوەبردنی کارەکانی و سەرپەرشتی و چاودێری چالاکییەکانی و لەوەوە ئەو بڕیار و فەرمان و رێنماییانە دەردەچێت کە پەیوەندیان بە ئەرکەکانی وەزارەت و پێکهاتەکانی و دەسەڵات و هەموو کاروبارە هونەری و دارایی و کارگێڕی و رێکخستن بە پێی حوکمەکانی یاسا هەیە و لە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران بەرپرسە و بەو ناوەی کە ئەندامێکی هاوکارە لەو ئەنجومەنەدا و بۆی هەیە هەندێك لە دەسەڵاتەکانی بدات بە برێکاری وەزارەت و بەڕێوەبەرە گشتییەکان یان هەر کەسێکی بە شیاو دەزانێ لە وەزارەتەکەدا.**

**دووەم: بریکاری وەزارەت: یارمەتی وەزیر دەدات لە ئاراستەکردنی کار و باری وەزارەت و سەرپەرشتی کارەکانی لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانەی کە وەزیر پێی دەدات و دەبێ بڕوانامەی بەرایی پسپۆری زانکۆی هەبێت و خاوەن شارەزای و کارامەیی بێت لە کارەکەیدا.**

**سێیەم: نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕیوەبەر سەرۆکایەتی دەکات و بەڕیوەی دەبات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت وچەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.**

**چوارەم: نووسینگەی بریکاری وەزارەت: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.**

**پێنجەم: راوێژکاران: ژمارەیان لە چوار ڕاوێژکار زیاتر نابێ و دەبێ بڕوانامەی بەرایی زانکۆیان هەبێت وخاوەن شارەزایی و کارامەیی بن لە کارەکانیاندا.**

**شەشەم: پشکنێری گشتی لە وەزارەت: بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی دەبێ و وەزیر دەیپاڵێوێ و دەبێ بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت لە کارەکانیدا.**

حەوتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری کارگێڕی و دارایی: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و خاوەن شارەزایی و کارامەیی و پسپۆڕ بێت.
هەشتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی حەج و عەمرە: بەرێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و خاوەن شارەزایی پسپۆری بێت.
نۆیەم: بەڕێوەیەرایەتی گشتی ئایینی مەسیحی: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و خاوەنی شارەزایی و پسپۆڕی بێت لە کارەکەیدا.
دەیەم: بەرێوەبەرایەتی گشتی ئایینی ئێزدی: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و خاوەنی شارەزایی و پسپۆڕی بێت لە کارەکەیدا.
یازدەم: بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکانی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە پارێزگاکانی هەرێمدا: هەر یەك لەوانە بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت وخاوەن شارەزایی وپسپۆڕی بێت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثالثاً: أما فيما يتعلق بالمواد الثالثة و الرابعة و السادسة من المشروع تقترح اللجنة دمج جميعها ضمن المادة الثالثة و بعنوان تشكيلات الوزارة و صياغتها كالآتي :

( تشكيلات الوزارة )

المادةالثالثة: تتألف الوزارة من التشكيلات التالية :-

أولاً: الوزير/ هو الرئيس الأعلى للوزارة و المسؤول عن أعمالها و توجيه سياستها و الاشراف و الرقابة عليها و تصدر عنه و تنفذ باشرافه جميع القرارات و الأوامر و التعليمات في كل ماله علاقة بمهام الوزراة و تشكيلاتها و صلاحياتها وسائر شؤونها الفنية و المالية و الادارية و التنظيمية وفق احكام القانون و يكون مسؤولاً أمام مجلس الوزراء باعتباره عضواً متضامناً فيه و له تخويل بعض من صلاحياته الى وكيل الوزارة و المدراء العامين أو من يراه مناسباً في الوزارة.

ثانياً: وكيل الوزارة/ يساعد الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها ضمن الصلاحيات التي توكل اليه من قبل الوزير على ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية اولية اختصاصية ومن ذوي الخبرة والممارسة .

ثالثاً: مكتب الوزير/ يرأسه ويديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية ويعاونه عدد من الموظفين.

رابعاً: مكتب وكيل الوزارة/ يرأسه ويديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية ويعاونه عدد من الموظفين.

خامساً: المستشارون/ لا يزيد عددهم عن اربعة و على ان يكونوا من حملة شهادة جامعية أولية و من ذوي الخبرة و الممارسة.

سادساً: المفتش العام في الوزارة/ ويكون بدرجة مدير عام يتم ترشيحه من قبل الوزير على أن يكون حاصلاً على شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.

سابعاً: المديرية العامة للشؤون الادارية والمالية/ يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرة والممارسة والاختصاص.

ثامناً: المديرية العامة للحج و العمرة/ يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرة و الاختصاص.

تاسعاً : المديرية العامة للديانة المسيحية/ يراسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.

عاشراً: المديرية العامة للديانة الأيزدية/ يراسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.

حادي عشر: المديريات العامة للأوقاف والشؤون الدينية في محافظات الاقليم/ يرأس كا منها مديرعام حاصل على شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دیارە ماددەی(3-4-6)بە موقتەرەحی لیژنەی قانونی دەبێتە یەك ماددە، باشتریش داڕێژراوە، جا كێ لەگەڵ ئەو سێ ماددەیە ببێت بەیەك با دەستی بڵند بكات تكایە، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە، زۆر سوپاس، ببورن پێم وایە لیژنەی ئەوقافیش موافقە بۆ ئەم دەمجە، بەڵام كەهەموو موافق بوون وام زانی تۆش موافقی فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

قەزیەی حەج و عەمرە لەدەست ئەنجومەنی وەزیران بوو، ئێستا ئێمە مودیریەتێكی عاممان خاص بۆ كردۆتەوە، لە زمنی وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئاینی، جا لەماددەی شەش باسی ئەوە نەهاتیە كەوا من صلاحیات الوزیر عقد و ئیبرامی عقود لەگەڵ شەریكات بكات، بەنیسبەت هاتووچۆی حەجێ موتەعەلیق بەصلاحیاتی وەزیر، ئەو فەقەرەمان زیاد كردیە، عقد وابرام العقود واجراء جمیع التصرفات القانونیة وعقد الاتفاقیات مع الجهات ذات العلاقة من الداخل والخارج بما یؤمن تحقیق اهداف الوزارة)

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نانا ئەوە تەحصیل حاصلە، ئەوە موشكیلە نیە، كێ دەیەوێت قسە بكات لەسەر ئەم ماددەیە ناوی دەنووسم تكایە، كاك ئیسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمودعبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

له ماددەی سێیەمدا لە خاڵی سێیەمدا، دەڵێت: چوار راوێژکار دەبێت، پێشنیار دەکەم ئەو چوارە ببێت بەپێنج، یەکیان هی برا ئێزیدیەکان بێت یەکێکیان هی برا مەسیحیەکان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە هەموو وەزارەتەکان راوێژکار چوارن، بەڵام لێرەدا دەکرێتن لەو چوارە یەکێکیان مەسیحی ویەکێکیان ئێزیدی بێتن، دووش موسوڵمان بێتن، بەڵام مولاحەزەکەت بەجێیە، بەڵام بۆ ئەوەی جەنابی وەزیر ئاگادار بێتن لەو چوارە یەکێکیان مەسیحی ویەکێکیان ئێزیدی بێتن، ئەوە رەچاو بکاتن، کاك ئەندریۆس.

**بەڕێز اندراوس یوخنا گۆرگیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری بۆچوونی کاك ئیسماعیل دەکەم، چونکە بەڕاستی قەناعەتمان وایە، وەزیری ئەوقاف لەسەدا سەد ئیسلامە، قەت تەوەقوع ناکەین رۆژێك لە رۆژان وەزیری ئەوقاف مەسیحی بت، یان ئێزیدی بت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام دووکەس قسەی کرد، داوا لە جەنابی وەزیر ئەکەم قسە بکاتن، موستەشارەکان ئاماژە پێبکاتن، یەکێکیان مەسیحی بێت، یەکێکیشیان ئێزیدی بێت، ئەگەر جەنابی وەزیر موافقە لیژنەی یاسایی ئەوە رەچاو بکات.

**بەڕێز شێخ محمد شاکەلی/ وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئایینی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێمان باشە ئەو پێشنیارەی بەڕێزتان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە جەنابی وەزیر ئەو پێشنیارەی قبوڵ کرد، ئەو برادەرەی کە ئەو مولاحەزەی هەیە، بانەیڵێتەوە، کاك جعفر.

**بەڕێز جعفر مصطفی معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان پێشنیارم هەبوو، بەڵام بەنوعێکی کە، من ئەڵێم پێنج کەس کەمە ببێت بە هەشت کەس، هەر پارێزگایەك راوێژکارێکی هەبێت وەکو ئیسلام، راوێژکارێك لە برا ئێزیدی ومەسیحیەکانیش زیاد بکەی ببن بەهەشت کەس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من زۆر نیگەرانم لەم چەند ڕۆژەی دوایی، بەتایبەتی لە یەکەم دانیشتنی یاسای وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی، چونکە دەنگۆیەك یاخود قسەکردنێکی وا هەیە، کە دەبێتە تێکچوونی شیرازەی پێکەوە ژیانی ئایینی لە کوردستاندا، من زۆر بەتوندی ڕەدی ئەمە دەدەمەوە، ئەوەی مولاحەزات و تێبینیەکی هەبێت، یان شتێك حەقی خۆیەتی، زۆریش حەقی خۆیەتی، ئەگەر موسوڵمان بێت یان ئێزیدی بێت یان مەسیحی بێت، یان ئەوانی تریش کە ئێمە باسیان ناکەین، ئەوانیش حەقی خۆیانە بەتەواوی باسی شتی خۆیان بکەن وبۆچوونی خۆیان بگەیەنن، ئەمە لەلای منەوە ئەم یاسایە وەکو دەستوور وایە، وەکو مێژووش وایە، هەر شتێك لەم یاسایە نووسرا، وەکو دەستوور ڕۆژێك دادێ، ئێستا شەڕی هەموارکردنی دەستووری عێراقە، ئەبووایە پێش چەند مانگێك تەعدیل کرابا، بەس ناکرێت، جا ئێستا هەر شتێك کە بنووسرێت، ئەم یاسایە دەبێت بەڕەزامەندی هەموو ئەندامانی پەرلەمان و هەمووخەڵکی کوردستان بنووسرێت، ئەبێ من ئاسوودەبم کە بەشێك لەم یاسایە بنووسرێت، لە دوا ڕۆژدا من نیگەرانیم نابێت، دژی ئەوەشم کە باس بکرێت، مەسەلەکە ئەکەوێتە، نێوان دوو ئایینەوە، بۆ نموونە مەسیحی و موسوڵمان، ئەم شتە نەبووەو ئێستاش نابێت لەدوایشدا نابێت، لە نزیك و داهاتوو دوریشدا نابێت، جا من مەبەستم ئەوەیە، کە ئەم یاسایە یاسای ئەوقاف وکاروباری ئایینیە، بۆ هەموو ئایینەکانە، بەڕاستی منیش تەئکید لەقسەکانی برادەرانی پێش خۆم دەکەمەوە، کە بۆ وەزیر زیاتر لە وەکیل وەزیرێکی نەبێت، بۆ نموونە هەروەها موستەشارەکانیش ئەبێت تەحدید بکرێت، مەسیحی و ئێزیدیشی تێدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان احمد.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵلا من هەر لەسەر ماددەی سێ لەسەر باسی وەزیر، لە تەرجومەی عەرەبیەکەی و کوردییەکەی، لە کوردییەکەی داڕشتنەکەی زۆر لاوازە، پێشنیار دەکەم، داڕشتنەکەی بەم شێوەیە لێ بکرێت.

یەکەم/ وەزیر، سەرۆکی باڵای وەزارەتەو بەرپرسیارە لە کارەکانیداو بە چاودێری ئەو هەموو بڕیارو فرمانێك دەردەچێت و جێبەجێ دەکرێ و هەموو ئەو کارانەی کە پەیوەندیان هەیە بە ئەرکەکانی وەزارەت و پێکهاتەکانی و دەسەڵات و هەموو کاروبارە هونەری و دارایی و کارگێڕی و ڕێکخستن بە پێی حوکمەکانی یاسا جێبەجێ دەکرێن، ئەوە داڕشتنەکەیە جا ئەگەر داڕشتنەکە بنێرم بە نووسین بۆ لیژنەی یاسایی، ئەوی تریش قسەی لەسەر کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە تەشکیلاتی ئیداری وەزارەت رێك کراوە، بەڵام زۆربەی ئەهدافەکانی وەزارەت پێویستە، بەڕای من لە مودیرێتێکدا کۆ بکرێنەوە، ئەگەر هەر ناوێك هەڵبگرن، مديرية الاندماج الوطني والتعايش الديني بۆ تەشجیع کردنی گیانی حیوارو برایەتی و خستنە گەڕی مەسەلە ئایینیەکان، بۆ مەسەلەی قەومی و پتەو کردنی گیانی بەهاووڵاتی بوون و بۆ دەوڵەت، من پێم وایە دەبێ هۆبەیەك یان مودیریەتێك بۆیان زیاد بکرێت، شئونی ئیداری وماليان بەناوی مديرية الاندماج الوطني والتعايش الديني کە هەڵسێت بەکارەکانی ئەو ئەهدافانەی کەوەزارەت ئەیەوێت ئیهتیمامیان پێ بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك پير خدر فەرموو.

**بەڕێز خضر سليمان خليل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس پێشنيارا من هاتە وتن، دەربارا راوێژکارا بوو، ئەمن دیسان سوپاسا جەنابی وەزیر دکەم، لە تەلارا پەرلەمانێ بە ئامادە بوونێ ئەندامێ پەرلەمانێ و سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ و دونیا کرن وتی بلا، هیڤیدارم سەرووی سۆزێ بمێنێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس قسەکانم دووبارەیە بۆ قسەی برادەران.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس دکتۆرە شوکریە.

**بەڕێز د. شكريه رسول ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەکەم پێشنیازێکم هەیە، ئەوە لێرەشدا سێ ئێزیدی دانیشتوون، هەر وشەیەکی یەزیدی کە بێت بکرێت بە ئێزدی، ئێزدی لەیەزدان پەرستنەوە هاتووە، ئەمە خاڵی یەکەم، دوومیش بەنیسبەت خاڵی چوارەمەوە، ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی کە ریزکراون، کەم بکرێتەوانێ، من پێشنیاز دەکەم بەڕێوەبەرایەتی مزگەوتەکان، لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی بنیادنان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گوڵاڵە خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزيز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پشتگیری لەڕاكەی كاك عوسمان ئەكەم بەڕاستی ئەو شەرحە درێژە بۆ كاروبارەكانی وەزیر درێژە، من دەڵێم وەزیر سەرۆكی باڵای وەزارەتەو بەرپرسە لەبەڕێوەبردنی كارەكانی و سەرپەرشتی و چاودێری ئەو بڕیار و فەرمانانە دەكات، كە لەوەوە دەردەچێت، ئیتر ئەو هەموو درێژییەی ناوێت، دووەم پرسیارێكم هەیە ڕەنگە بیكەمە پرۆژەیەكی بەدوادا چوون، بۆ هەموو وەزارەتەكان، راوێژكار رۆڵی چیە لەخزمەتی ئیش؟، هیچ ئینتاجێكی راوێژكارمان نەبینیوە، لەم وەزارەتەدا شەشەم پشكێنەری گشتی، دەوری چی ئەبێت؟، پرسیاری پشكێنەری گشتی لە وەزیر ئەكەم، هەرچەندە لەماددەی پێشوو تێپەڕیوە، وەرگرتنی زانیاری ئیسلامی، ناساندنی جیهان بەگەلی كورد، بەڕاستی ئەوانە هەندێ شتن، ئەبنە مێژوو لەناو نووسینەكەدا، هیچ پەیوەندیەكی بەزمانی كوردییەوە نیەو عەكسی مەوزوعە، ئەو پرسیارەم بۆ جەنابی وەزیر و پشكێنەری گشتی رۆڵی چیەو ئەگەر بشكرێت ئەو شەرحەی وەزیریش كورت بكرێتەوە، راوێژكاریش ئەیكەمە پرۆژەیەكی بەدواداچوون لەمان باتێپەڕێت، بەڵام نازانم راوێژكار ئیشی چیە لەوەزارەتەكاندا؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەڵلا عەلئەقەل كە تۆ نازانی، بەڵام ئێمە ئەزانین، وەزیریش دەزانێت راوێژكار ئیشی چیە، ئەگەر گوێیان لێ دەبێت لەو رەئیەت، دوو، سێ مولاحەزەی بەجێ درا تەبعەن، جاری یەكەم بۆ مەسەلەی ناوی یەزیدی ئەوە ئێزیدیەو ئەبێ ئەوە لە نووسیندا رەچاو بكرێت، بەس موشكیلەكەی تەلەفوزە، دووەمینیش من مولاحەزەیەكم هەیە، ئەویش دەڵێت دەبێ بنووسرێت بەڕێوەبەری دەكاتن، واتە بەڕێوەبەر بەڕێوەبەرایەتی دەزگاكە دەكات، نەك سەرۆكایەتی، ئەگەر دەزگا بێت یان وەزارەت بێت یان مەجلس بێت، ئەوجا سەرۆكایەتی دەكاتن، بەڕێوەبەر كە خۆت وتت بەڕێوەبەر نابێ بڵێیت سەرۆكایەتی دەكاتن، بەڵكو بەڕێوەبەراتی دەكاتن، ئەوە چاك بكەنەوە تكایە، فەرموو كاك سعدالدین.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەمە رەئیمان لەگەڵ ئەوەیە كەوا مودیریەتێكی عام لەبۆ تەفتیش هەبێت، ئیشی تەفتیش بەرەئی لیژنەی ئەوقاف، بەمودیریەتێك پێك دێت، لەبەر ئەوەش كە مودیریەتی عام زۆر نەبێتن، چونكە ئەوە تەئسیر دەكاتن ئەو هەموو مودیریەی عامە هەبێ، ئیكتیفا بەمودیریەتێك بكرێت باتەفتیش لەزمنی صلاحیاتی وەزارەتدا بێتن، چونكە مودیریەتی عام زۆر دەكاتن، مودیریەی عام لۆ مدارس ولۆ حەج وعومرە، ئەو مودیریە عامانە هەموویان پێویستیان بە مەعاشێكی باش دەبێتن، پێویستی بە جێگاو ئەبنیە دەبێتن یان ئەگەر دەشبێتن، با ئیكتیفا بدرێتە ئەو مودیریەتی عامە هەر لەناو بینایەی وەزارەتدا بێتن، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر مولاحەزاتت لەسەر ئەو تێبینیانەو موقتەرەحاتی تازەش کەباسکرا.

**بەڕێز شێخ محمد شاکەلی/ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە سنووری هەرێمی کوردستان چوار هەزار مزگەوتمان هەیە، ئەم مزگەوتانە نیوەی یەعنی دوو هەزارو قسوری نوێژی جومعەی تێدا دەکرێت، جگە لە حەفتاو سێ کەنیسەو ژمارەیەکی زۆر تەکیەو خانەقاو شوێنی عیبادەتی برا ئێزیدیەکان، مەدارسی دینیشمان هەیە، کۆلێژێکیشمان هەیە بەناوی کۆلێژی کوردستان بۆ وتار بێژی، لەگەڵ چەند مەعهەدێکدا لە هەولێر و سلێمانی، لە ئاکرێش، ئەمانە پێویستیان بەسەرپەرشتی راستەوخۆی وەزارەتی ئەوقاف هەیە، لەرێگەی دەزگایەکەوە کە ئێمە ناومان ناوە تەفتیشی گشتی، بەناوی موشریفێکەوە سەرپەرشتی ئەو دامودەزگایانە بکات، لەماوەی ئەو یەك ساڵەی رابردوودا، بەحوکمی تاقیکردنەوەمان، بۆمان دەرکەوتووە کە مودیریەتێك ناتوانێت، ئەو ئیشە ئەنجام بدات، یەکەم لەبەر ئەوەیە کەصلاحیاتی کەمە، دووەم لەبەر ئەوەی کەسێکمان ئەوێت شارەزاو بەتوانابێت، بتوانێ رادەی جێبەجێکردنی ئەو تەعلیمات ورێنماییانەی کە وەزارەتی ئەوقاف ئەیدات، وگونجانی لەگەڵ رۆحی تەعایوش و پێکەوە ژیان چەندە، نەیتوانیوە جێبەجێی بکات، جا لەبەر ئەوە پێشنیاری ئەوەمان کرد، کە کەسێکی شیاو لەلایەن وەزیری ئەوقافەوە دەستنیشان بکرێت، بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەو عەمەلیە، عەمەلیەی ئیشراف و چاودێری جێبەجێکردنی بڕیارەکانی وەزارەتی ئەوقاف، ئەوە مودیریەت نیە، وەکو مامۆستا سعدالدین باسی کرد، بەڵکو شەخصێتێکی هەیە، چەند یاریدەدەرێك هاوکاری ئەکات، لە دیوانی وەزارەتیشە، ئەبێ لەژێر چاودێری وەزیریشدا بێت، مەبەست لەو پشکێنەرە ئەوەیە، ئەو دەزگایە کە ئەو ئالیەتە کەدامانناوە، بەنیسبەت ئەو پرسیارەی گوڵاڵە خان، راوێژکار ئەهەمیەتی چیە، هەموو وەزیرەکان ئەزانن ئەهەمیەتی زۆریان هەیە، ئێستا ئێمە پەسەندمان کردووە، دوو راوێژکارمان هەبێت یەکێك لە برا ئێزیدیەکان و یەکێکی برا مەسیحیەکان، بەراستی من پێویستیم بەراوێژکارێکی مەسیحی هەیە زۆر زۆر وەبەیەکێکی ئێزیدیش، پێویستیم بە دوو راوێژکاری موسوڵمانیش هەیە، چونکە هەندێك مەسائیل هەیە من شارەزا نیم، لێی نازانم ئەو راوێژکارە زیاتر روونی ئەکاتەوە، زیاتر ئەینێریت بۆ شوێنێك، نوێنەری خۆتە، وردەکاریت بۆ ئەکات، لەبەر ئەوە راوێژکار بۆ وەزیر زۆر گرنگە، دەوری خۆی هەیە، ئیشوکاری وەزارەت، ئاسان ئەکات، موشکیلەکانی حەل ئەکات، بەنیسبەت ئەو مودیریاتانەی فەرعیشەوە، هەمووی لاچوو، باستان کرد، مودیریەتەکانی خوارەوە نەماووە لاچووە، ئێمە سێ مودیریەتی عاممان هەیە، یەکێك لە دهۆك، یەکێك لەسلێمانی، یەکێکیش لە هەولێر، ئەوە لەباتی مودیریات ئەبێت مودیریاتی عام ئەبێت و کارەکان جێبەجێ ئەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەو شەرحەش تەوازنی خۆت نواند، نموونەت زۆر بێت لەناو وەزیرەکان و بەرپرسان، کە دەڵێیت موحتاجی راوێژکارم، جوابی گوڵاڵە خانیشت دایەوە، دەمێنێ لەسەر ئەوەی کە ئیقتراحەکە، کە لەوەسفی

وەزیردا، ئایا ئەو صیاغەیە هەمان صیاغەیە لەهەموو وەزارەتەکاندا، وەڵامی ئەوەی سعدالدینت دایەوە، بەڵام لێرەدا نووسرایە، موفتشی عام، بدرجە مدیر عام، باشە کە موفەتیش عامە بوو، پرسیارەکەی ئەوەیە بۆ مودیریەی عامە نەبێت، نازانم جەنابی وەزیر ڕەئی چیە لەسەر ئەوە.

**بەڕێز شێخ محمد شاکەلی/ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ من مەبەستم ئەوە بوو، ئەو شەخصە ئەبێ، توانای ئەوەی هەبێ بتوانێ، چاودیری ئەو کارە بکات، مودیرەتی عام وەکو مامۆستا سعدالدین باسیکرد، زۆر ئەکەوێت لەسەرمان، یەعنی مودیریەتێکی عامی بۆ دابنێین، دەرەجەی مودیر عام بێت، صلاحیاتی هەبێت، سیفاتی تایبەتی تێدابێت، کە بتوانێت ئەوکارە جێبەجێ بکات، نەك مودیریەتی عام، ئەرکێك سووکتر ئەبێت، چەند کەسێك یارمەتی ئەدەن و زیاتر ئێمە مەبەستمان ئەوەیە بینێرین بۆ شوێنەکان، بۆ شوێنە دوورەکان، سەرپەرشتی ئەو ئیشانە بکات کە پێویستە جێبەجێ بکرێن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەو ماددەیە، دەیخەمە دەنگەوە فەرموو نوقتەی نیزام.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مودیر عامەکاندا باس لەمودیریەتی شئونی قانونی نەکرا، ئایا ئەم وەزارەتە پێویستی بە شئونی قانونی نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مودیریەی عامە نیە، شئونی قانونی شوعبەیە، شوعبەش دەستەڵاتی وەزیرە، دەتوانێت لەتەشکیلاتی وەزارەت تابعی مەکتەبی خۆی بکات یان تابعی دیوانی بکات، ئەو ماددەیە، دەیخەمە دەنگەوە وەکو موقتەرەحی لیژنەی قانونی بەئیزافەی ئەوەی کە لە موستەشارەکان چوار موستەشار، کاك بارزان فەرموو نوقتەی نیزامت هەیە.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە زۆربەی ئەهدافەکانی وەزارات من باسم لێوەکرد، بەبێ سەرپەرشتی ئەمێنێتەوە، ئەی تەشجیعی حیوار بەچی ئەکرێت، تەشجیعی حیوار لەبەینی ئەدیاندا بەچی ئەکرێت غەیر ئەبێت مودیریەتێك هەبێت سەرپەرشتی بکات، زۆربەی ئەهدافەکانی وەزارەت لەخاڵی شەشا، لەخاڵی حەوتا، لە خاڵی یازدەدا، لەو خاڵانەدا بەبێ سەرپەرشتی ئەمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك بارزان ئەوە نوقتەی نیزام نیە، ئەی ئەو مەجلسەی وەزارەت چیە، مجلسی وەزارەت کە وەزیرە جێگرەکەیەتی، چوار موستەشارە، غەیر ئەو بەرنامەیە جێبەجێ ئەکەن، دا ئەنیشن عەقدی نەدوەیەك ئەکەن، عەقدی موئتەمەرێك ئەکەن، ئەوان پێی هەڵئەسن، موقتەرەحی لیژنەی قانونی بەو تەغیرەی کەجەنابی وەزیریش موافەقەتی لەسەر کرد، چوار راوێژکارەکە یەکێکیان برایەکی مەسیحی بێت، ئەوی تریان برایەکی ئێزیدی بێت، دەیخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ قبولکرا، تکایە بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم: ئەنجومەنی باڵای ئەوقاف وکاروباری ئاییینی:

1- لە دیوانی وەزارەتدا ئەنجومەنێك بە ناوی (ئەنجومەنی باڵای ئەوقاف وکاروباری ئاینی دادەمەزرێت پەیوەندی بە وەزیرەوە دەبێت ولە مانەی خوارەوە پێك دێت:-

أ- وەزیر/ سەرۆك.

ب- نوێنەرێك لە وەزارەتی شارەوانیەکان بە پلەیەك لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت/ ئەندام.

ج- نوێنەرێك لە وەزارەتی دارایی وئابووری بە پلەیەك لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت/ ئەندام.

د- نوێنەرێك لە وەزارەتی کشتوکاڵ بە پلەیەك لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت/ ئەندام.

هـ- نوێنەری وەزارەتی داد بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی / ئەندام.

م- بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەت/ ئەندام.

و- نوێنەری وەزارەتی فێرکردنی باڵا / ئەندام.

ی- بەڕێوەبەرەگشتیەکانی پارێزگاکانی هەرێم/ ئەندام.

ز- چوار لە گەورە زانایانی ئاییینی ئیسلامی وەزیر بۆ چوار ساڵ هەڵیاندەبژێرێ/ ئەندام.

2- بە پیّ ی داوا کردن لە وەزیر، ئەنجومەن لە کاتی پێویستیدا بۆی هەیە پشت بە شارەزاو پسپۆڕان ببەستیّ.

3- تایبەتمەندیەکانی ئەنجومەن بە پیّ ی سیستەمێکی تایبەت دەستنیشان دەکریّ.

4- ئەنجومەن بە سەرۆکایەتی وەزیرو جێگرەکەی گرێدەدریّ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حاصل علی شهادة جامعیة أولیة و من ذوي الخبرة و الاختصاص.

أما فیما یتعلق بالمادة الخامسة من المشروع و التي ستصبح برقم المادة الرابعة حسب مقترح لجنتنا :

**تقترح اللجنة صياغتها كالآتي :**

**المادة الرابعة {المجلس الأعلى للأوقاف و الشؤون الدينية}:**

**أولاً : يشكل في ديوان الوزارة مجلس يسمى بـ(المجلس الأعلى للأوقاف و الشؤون الدينية) و يتألف من :**

**1- الوزير/ رئيساً**

**2- وكيل الوزارة/ عضواً و يرأس المجلس في حالة غياب الوزير.**

**3- المدراء العامين للوزارة/ أعضاء**

**4- ممثلي وزارات العدل والتعليم العالي والبحث العلمي والتربية والمالية والاقتصاد والبلديات والزراعة بدرجة لا تقل عن مدير عام / أعضاء**

**5- اربعة من كبار علماء الدين الاسلامي يختارهم الوزير لمدة ثلاث سنوات/ أعضاء**

**ثانياً: للمجلس الأستعانة بالخبراء والأختصاصين عند الحاجة وبطلب من الوزير.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**یەعنی ئەوانەی كە ئیشارەتان پێ نەكردیە دەمێنێت، یان هەر ئەوەندەیە، ئەوە لە ئەصڵی پرۆژەكەدا نیە، بەس نازانین جەنابی وەزیر رەئی چیە؟ ئەو مەجلسە دەبێت موستەشارینیشی تێدا بێتن، بۆ ئەوەی مەسیحی وئێزیدیشی تێدا بەشدار بن.**

**بەڕێز شێخ محمد شاكەلی/ وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئایینی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**نوێنەری برا ئێزیدی ومەسیحیەكان وەكو مودیریەی عام تێیدان، بەڵام من پێم باشە، دوو موستەشاریشی تێدا بێت، ئیتر ئەوە لێگەڕێن بۆ خۆمان دەستنیشانی بكەین، بۆ ئەوەی تەوازنێك دروست بكەین.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**موقتەرەحی لیژنەی قانونی كە دەڵێن: المدراء العامین للوزارة حەقە ئەوە بنووسرێت المدراء العامین والمستشارون، بۆ ئەوەی لە ماددەی پێشوودا، چوار موستەشارەكە كە ئاماژەمان پێكردووە، یەكێكیان مەسیحی، یەكێكیان ئێزیدی بێتن، لێرە بەشداری بكەن، سێیەم ئەگەر موافق بێت جەنابی وەزیر، المدراء العامین والمستشارون للوزارة، جەنابی وەزیر موافقە ئیزافەی بكەن، فەرموو كاك سعدالدین.**

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**لەسەر ئەوەی كە موختەسە بە ماددەی پێنجەم، لیژنە پێی وایە كە ئیقتراح دەكات، لە وەزارەتەكان وەزارەتی ئیعلامیشی تێدا بێت، واتە عضوی وەزارەتی ئیعلامیشی تێدا بێت، دووەم/ ئیزافەی سەرۆكی ئیتحادی عولەمای دین زمنی اعضابێت.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەزانی ئەوە چۆنە، کاکە پێنجەم کە وتت اربعة من کبار علماء الدین ئەویش دەگرێتەوە، یەکێکیان ئەو دەبێتن، بەڵام تۆ تەحدیدی مەکە بۆ ئەوەی هین نەبێت، بە تەئکید یەکێکیان ئەو دەبێت، پێم وایە ئیعادەی صیاغەی باش کراوە لەلایەن لیژنەی قانونیەوە، ئەو شتەشمان کە ئیزافە کرد، سێیەم المدراء العامین والمستشارون، ئەوە وا دەکاتن لەو مەجلیسەدا، نوێنەری برا مەسیحیەکان و ئێزیدیەکانی تێدا بێتن، چوارەم کە لیژنەی قانونی پێیان وایە، نوێنەری وەزارەتی رۆشنبیریشی تێدا بێتن، بەڵێ کاك احسان.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من ئەگەر وەزارەتی داخلیەی لەگەڵ بێت، چونکە کۆمەڵێك کێشە هەیە، مەسەلەن ئاسایشە، پۆلیسە ئەوانەیە لەگەڵ نەبێ، لەوانەیە تووشی کێشە ببن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەزارەتی رۆشنبیری تێدا بێتن ئەگەر پێویستی کرد، ئەوکات وەزیر دەتوانێ داوا بکاتن، تەحصیل حاصلە، بەڵام با رۆشنبیریشی تێدابێتن پەیوەندی پێوە هەیە، وەکو لیژنەی یاساییش داوای کردیە، ئەگەر بڵێین ناوخۆ پێشمەرگەش ئەبێ تێیدا بێتن، ئەگەر ئەوە بێت ئەبێ هەموو وەزارەتەکانی تێدا بێت، چونکە هەموو وەزارەتەکان پەیوەندی پێوە هەیە، ئەو وەزارەتانەی کەنووسرایە پەیوەندی پێیانەوە هەیە، تربیە پەیوەندی پێوە هەیە، مالیە پەیوەندی پێوە هەیە، بلدیاتە پەیوەندی پێوە هەیە، رۆشنبیریش هەروەها پەیوەندی پێوە هەیە، ئەگەر پێویستی کرد بەوەزارەتی تر ئەوە داوای دەکاتن، کەواتە لێرەدا وەزارەتی رۆشنبیری بۆ زیاد بکەن، ئەگەر کەس قسەی لەسەر ئەو ماددەیە نیە، بەو تەعدیلەی کە کرا، کاك عبدالرحمن فەرمووو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی چوار دەڵێت: ئەنجومەن: بەسەرۆکایەتی وەزیر و جێگرەکەی گرێ دەدرێت، دیاری نەکراوە کۆبوونەوەی مانگانەیە، دەوریە لەکاتی پێویستدا، ئەوەی بۆ زیاد بکرێت زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە شوکریە فەرمووو.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم لە جەنابی وەزیر هەیە، دەڵێت ئەو نوێنەرانەی کەلە وەزارەت وەری دەگرێ، ئایا ئەو پلەیە خۆی لەوەزارەت هەیەتی، یان بەڕێزی پێی دەبەخشێت، ئەگەر بەڕێزی پێیان دەبەخشێت بەڕاستی ئەوەنە بەڕێوەبەری گشتیمان هەیە، ئەوەنەمان هەیە، ئەمە خەسارەتێکی گەورەیە لەوەزارەتی دارایی، ئەم هەموو

پارەیە سەرف بکەی بۆ بەڕێوەبەری گشتی، ئەمە یەکەم، دوو لە عەرەبیەکەدا نووسراوە بۆ سێ ساڵ هەڵیان دەبژێرن، لە کوردیەکە نووسراوە بۆ چوار ساڵ ئەمە کامیان راستە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عزەدین فەرموو.

**بەڕێز عزالدين سليم خديدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەقەرە (ز)ئیما ئیلغا بکرێت پشتی ئیزافەی موستەشارین، یان ژ أضافة اربعة من كبار علماء الدين الاسلامي وممثلي من كل الديانات الاخرى، یان ژ فەقەرا زیادەیە پشتی موستەشارین ئیزافە کرن ئەو ژی هەر دیانەتێك ممثلي تێدا بیت دگەل وان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەزانی چی کاک عزەدین ئەوەلەن ئەو مەجلسیە هەر بۆ کۆبوونەوە کۆ دەبێتەوە، بەڵام موستەشارەکە کە یەکێکی مەسیحیە، یەکێکی ئێزیدیە، لەو مەجلیسەشدا ئەندامە، یەعنی مودیری عامەکانیش لەو مەجلیسەدا ئەندامن، یەعنی لێرەدا مەوزوعەکە بۆ ئەوەیە، هەماهەنگی هەبێتن لە بەینی وەزارەتی ئەوقاف و بەینی ئیتیحادی علمای دیینی ئیسلامی و مزگەوتەکان و ئەوانە، بەنیسبەت برا مەسیحیەکان و برا ئێزیدیەکان، هەر موستەشارەکە حەڵەقەی وەصڵە، دەشکرێت ئەگەر وەزیر لە موستەقبەلدا زانی پێویست دەکاتن، تێکەڵیان بکات موقتەرەح بکاتن، ئیزافەی دەکەین و تەعدیل دەکرێ یان هەمواری دەکەین، کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعيل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان مولاحەزەم لەسەر خاڵی(ز) هەیە، لە کوردستان گەورە زانای زۆر هەیە، لە دیینی پیرۆزی ئیسلام، دەست نیشانیش کراوە بۆ چوار ساڵ، حەق نیە ئەوە مەرج بێت با بیکەینە یەك ساڵ، لەیەك ساڵدا بتوانین دەست نیشانی ئەو چوار کەسە بکەین، لەبەر ئەوەی شەرت نیە ئەو چوارکەسە کە دابنرێن هەتا ئەو چوار ساڵە هەر ئەوان ئەو گەورە زانایانە بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر ئەگەر مودەکەی تێدا نەبێت باشتر نیە، بۆ ئەوەی حوریەتی خۆت بێت لەئیختیارەکە.

**بەڕێز شێخ محمد شاکەلی/ وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئایینی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارەکەی کاك اسماعیلم پێ خراپ نیە بەڕاستی، یەعنی ئەو چوار ساڵە زۆرە، سێ ساڵیش زۆرە، لە دوو ساڵ زیاتر نەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر جەنابت موافق بیت، یختارهم الوزیر کافیە، بۆیە ئەگەر ساڵێکیش بێت جەنابت بەدڵت نەبوودەیگۆڕین، پێویست ناکات بۆ سێ ساڵەکە، ئەگەر شەتبی بکەن، کەواتە ئەوەش بوو بە یختارهم الوزیر بەبێ ساڵەکە، بۆ ئەوەی ئەگەر خراپ بوون، سوودیان نەبوو بتوانێ بیان گۆڕێتن، یاخود پێویستی کرد، ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگەوە بەو دوو مولاحەزەیەی کە وەرگیرا، لەگەڵ موقتەرەحی لیژنەی قانونی کێ لەگەڵ ئەو ماددەیەدایە با دەستی بلند بکات تکایە؟ فەرموون، کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس، بڕۆن بۆ ماددەی تر تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوتەم: ئەنجومەنێکی زانستی لە وەزارەت دادەمەزرێ و بەتەمەنترین زانا دەبێتە سەرۆکی ئەنجومەن وپەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بریکارەوە دەبێ، دامەزراو و تایبەتمەندیەکانی بەپێی سیستەمێکی تایبەت دەستنیشان دەکرێ.رای لیژنە ئەوەی پەیوەندی بەماددەی حەوتەمی پرۆژەکەوە هەیە، کە دەبێتە ماددەی پێنجەم بە پێی پێشنیازی لیژنەکەمان، ئەوا لیژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

ماددەی پێنجەم:- ئەنجومەنێکی زانستی لە وەزارەت دادەمەزرێت و ڕاستەوخۆ بە بریکاری وەزارەتەوە دەبەسترێتەوە وپێکهاتەو تایبەتمەندییەکانی بە پێڕەوێکی تایبەتی دەستنیشان دەکرێن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خامساً: أما فیما یتعلق بالمادة السابعة من المشروع والتی ستصبح برقم المادة الخامسة حسب مقترح لجنتنا، تقترح اللجنة صیاغتها کالآتي:

{المادة الخامسة: یشکل مجلس علمی في الوزارة ویرتبط بوکیل الوزارة مباشرة ویحدد تشکیلاته وأختصاصاته بنظام خاص} .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر من پرسیارێکم هەیە، بۆ ئیرتیباتی بە وەکیلی وەزارەتە، ئەگەر وەکیل وەزیر ئێستا نیتانە و نەبوو.

**بەڕێز شێخ محمد شاکەلی/ وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئایینی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیرتیباتی بەوەزیرو وەکیل وەزیرەوە ئەبێت، چونکە ئێستا وەکیلی وەزیرمان نیە حالیەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەگەر عەفووم بکەی، ئەگەر وای لێ بێتن، یشکل مجلس علمی في الوزارة ویحدد تشکیلاتە وأختصاصاتە بنظام خاص. پێویست ناکات بیڵێیت تەحصیل حاصلە.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنە پێی وایە کە ژمارەیان دیاری بکرێت، کە لە حەفت کەس زیاتر نەبێتن، لایزید عددهم عن سبعة أشخاص.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لە نیزامدایە بەهین وەری بگرین ئەو مولاحەزەیە لەوەندە زیاتر نەبێتن، کەس مولاحەزەی نیە، کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو مەجلسە ئێمە مەهامەکانی نازانین، ئەگەر جەنابی وەزیر بۆمان روون بکاتەوە خراپ نیە، یەعنی مەهامی ئەو مجلسە چیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو مامۆستا شێخ فتاحی نەقشەبەندی.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵاهی ئەو یشکل مجلس علمی في الوزارة ویکون اکبر العلماء سناً رئیساً ویرتبط بالوزیر من پێم وایە بە وەکیل نەبێ، یەعنی یەکسەر مورتەبیت بێت بەوەزیر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەلمان کردووە ئەوە، فەرموو کاك شێخ جوابی ئەو پرسیارەی کاك بەڵێن.

**بەڕێز شێخ محمد شاکەلی/ وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئایینی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مەجلیسە علمیە تەنها بۆ تاقی کردنەوەیە، تاقی کردنەوەی مامۆستایانی ئایینی کە شهادەی عیلمیان هەیە، یان پێویستە پێش بخرێت بۆ دەرەجەیەکی عیلمی تر، لە قاریئەوە بۆ وتار خوێن، لەوتار خوێنەوە بۆ ئیمام، ئەو شتە مەجلسی عیلمی قەراری لەسەر دەدات، چونکە خەڵکی پسپۆڕو شارەزان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس ماددەکە هەمووی ئەخەمە دەنگەوە بەو موقتەرەحەی لیژنەی قانونیەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەدایە با دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ قبوڵکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی هەشتەم:

1- دامەزراوەکانی وەزارەت بە پێی سیستەمێك دەستنیشان دەکرێت.

2- وەزیر بۆی هەیە لە کاتی پێویستدا بەڕێوەبرایەتی و بەشەکان سەر لە نوێ دابمەزرێنێ، یان یەکیان بخات یان هەڵیانوەشێنێتەوە.

3- وەزیر بۆی هەیە بە پێی ڕێنماییەکانی لە وەزارەتی داراییەوە دەرماڵە وپاداشت سەرف بکات.

4-وەزیر بۆی هەیە لیژنەکانی هەمیشەیی یان کاتی لە وەزارەت دابمەزرێنێ، وئەرکەکانی تایبەتی پەیوەست بە چالاکی وجموجۆڵەکانی پێیان دەسپێرێ، بە پێی حوکمی یاساکانی پەیڕەو کراو وپێڕەو وڕێنماییەکانی دەرکراون دەتوانێ پشت بە شارەزاو پسپۆڕانی ناوەوەی هەرێم ودەرەوەی ببەستێت.

رای لیژنەی یاسایی:

شەشەم: ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی هەشتەمی پرۆژەکەوە هەیە کە دەبێتە ماددەی شەشەم، لیژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە:-

ماددەی شەشەم: {یەکەم: کاروئەرك وتایبەتمەندیەکانی پێکهاتەکانی وەزارەت بە پێڕەو دەستنیشان دەکرێت.

دووەم: وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی یان بەش یان هۆبە یاخود هەر یەکەیەکی کارگێڕی دیکە لەناو پێکهاتەکانی وەزارەت لە نوێ دابنێ یان لێکیان بدات یان هەڵیان وەشێنێتەوە بە پێی پێویستی کار لەکاتی پێویستی دا.

سێیەم: وەزیر بۆی هەیە لیژنەی هەمیشەیی یان کاتی لە وەزارەت پێك بێنێ وکاری تایبەتیان پێ بسپێرێ کە پەیوەندیان بە چالاکی وخیتابی وەزارەت بە پێی یاسا کارپێکراوەکان وپێڕەوو ڕێنماییەکانی کە بەپێی ئەو یاسایانە دەرچوون هەبێ و، بۆیشی هەیە پشت بە شارەزای پسپۆڕ لە نێو هەرێم ودەرەوەی دا ببەستێ}.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فيما يتعلق بالمادة الثامنة من المشروع والتى ستصبح برقم المادة السادسة تقترح اللجنة صياغتها كالآتي:

المادة السادسة:

{أولاً: يحدد بنظام مهام وأختصاصات تشكيلات الوزارة.

**ثانياً: للوزير أستحداث أو دمج أو إلغاء مديريات أو أقسام أو شعب أو اية وحدات إدارية أخرى ضمن تشكيلات الوزارة وفق متطلبات عملها عند الأقتضاء.**

**ثالثاً: للوزير تشكيل اللجان الدائمية أو الوقتية في الوزارة يعهد إليها مهام خاصة تتعلق بأنشطة وفعاليات الوزارة وفقاً لأحكام القوانين المرعية والأنظمة والتعليمات الصادرة بموجبه وله الأستعانة بالخبراء الأختصاصين داخل الأقليم وخارجه} .**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس بەس كاك فرسەت مولاحەزەیەكیدا زۆر باشە. (( للوزير استحداث او دمج او إلغاء مديريات او اقسام او شعب (أو اية وحدات إدارية) ئەو زیادە لەبەر ئەوەی بۆ تەفسیر نەكرێتن ئەوە ناحیەو قەزاو شتی وایە، ئەوە مولاحەزەیەكی باشە، پێم وایە شتب بكرێت باشترە، ئەگەر موافقن، أو اية وحدات إدارية شەتب بكرێت، او شعب اخرى ضمن تشكيلات الوزارة. ئەم ماددەیە وەكو ماددەكانی ترە، فەقەت ئیزافەی هینێكی كردووە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**وحداتی ئیداری لێرەدا هاتیە، یەعنی هەیئاتی تر لەزمنی وزارە شەرت نیە، شوعبە بێت، ئەقسام بێت، مودیریەت بێت، یەعنی وەحداتی ئیداری نەك قەزاو ناحیەو ئەو شتانە.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**وەكو موستەڵەح وا دەگرێتەوە، ناحیەو قەزا دەگرێتەوە، بەس ئێمە وتوومانە (( إلغاء مديريات أو أقسام أو شعب)) یەعنی اقسامی وزارەت دەگرێتەوە، یەعنی ئەویش هەر عایدی وەزارەتە، پێم وایە ئەمەش وەكو وەزارەتەكانی ترە، ئەگەر كەس مولاحەزەی نیە دەیخەمە دەنگەوە، مولاحەزەتان هەیە، كاك بەڵێن فەرموو.**

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**خوبەراو ئیختصاصی لە دەرەوەی ئیقلیم لە هەموو وەزارەتەكانی تر بە موافەقەتی ئەنجومەنی وەزیران بووە، بەس لێرەدا نەهاتووە.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**لیژنەی قانونی لەوەزارەتەكانی تردا چۆنە؟ دەباشە با صیاغەكەی وەكو وەزارەتەكانی تری لێ بكرێتن، كاك شوقی.**

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**نەفسی مولاحەزەم هەبوو، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ماددەکە دەخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە با دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ قبوڵکرا، سوپاس بۆ ماددەی تر.**

**بەڕێز عبدالکريم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**پێش ئەوەی ماددەی نۆیەم دەست پێبکەین لیژنە ئیقتراحی ماددەیەکی تر دەکات، لیژنە پێشنیاز دەکات ماددەیەکی تر بخرێتە پاڵ پرۆژەکە وبکرێت بە ماددەی حەوتەم وبەم شێوەیەی خوارەوە:**

**ماددەی حەوتەم: {وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ}.**

**بەڕێز عونی کمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**تقترح اللجنة اضافة مادة اخرى الى المشروع وبتسلسل المادة السابعة و بالصيغة التالية:-**

**المادة السابعة {للوزير إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون}.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەوەش تەحصيل حاصلە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیەیە کە ئیزافە بکرێت با دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ ئەویش بەکۆی دەنگ وەرگیرا فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.**

**بەڕێز عبدالکريم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی نۆیەم: پێویستە وەزیرە تایبەتمەندەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن. رای لیژنە هەشتەم ـ ئەوەی پەیوەندی بەماددەی نۆیەمی پرۆژەکەوە هەیە دەبێتە ماددەی هەشتەم، ئەوا لیژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرە دابڕێژرێت:**

**{پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنی پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن}.**

**بەڕێز عونی کمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**أما فيما يتعلق بالمادة التاسعة من المشروع والتي ستصبح برقم المادة الثامنة تقترح اللجنة صياغتها كالآتي:**

**{على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون}.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەوەش وەکو ماددەکانی ترە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەدایە با دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە بۆماددەیەکی تر.**

**بەڕێز عبدالکريم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی دەیەم: هەموو یاسا وپێڕەو وبڕیارەکانی ئێستا بەرکارن وتایبەتن بە ئەوقاف ولەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك نین، کاریان پێ دەکرێ، تاوەکو یاسایەك دەردەچێ شوێنیان دەگرێتەوە یان هەڵدەوەشێنرێتەوە. رای لیژنە ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی دەیەمی پرۆژەکەوە هەیە، ئەوا لیژنە پێشنیاز دەکات هەڵبوەشێتەوەو لابرێ و ئەم ماددەیەی خوارەوە لە شوێنی وبە ژمارەی ماددەی نۆیەم دابنرێ:**

**ماددەی نۆیەم:( یاسای وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی ژمارە(7)ی ساڵی 1992و هەموارکردنەکەی هەڵدەوەشێتەوە).**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**تاسعاً: أما فيما يتعلق بالمادة العاشرة من المشروع تقترح اللجنة الغائها وحذفها واحلال المادة المبينة أدناه محلها وبرقم المادة التاسعة.**

**المادة التاسعة {يلغى قانون وزارة الأوقاف والشؤون الدينية رقم 7لسنة 1992 وتعديله}.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەو موقتەرەحەی لیژنەی یاسایش بەموافەقەتی وەزیرە، شتێکی تەبیعیە، کە ئەو قانونە تازەیە قانونەکەی پێشوو ئیلغا بکاتەوە، دەیخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەتێکڕای دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەیەکی تر تکایە.**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**پێش ئەوەی بچینە ماددەی دەیەم، لیژنە پێشنیاز دەکات ماددەیەکی دیکە بخرێتە پاڵ پڕۆژەکە بە زنجیرە ماددەی دەیەم و بەم جۆرەی خوارەوە:**

**ماددەی دەیەم :{کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت}.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**تقترح اللجنة اضافة مادة اخرى الى المشروع وبتسلسل المادة العاشرة وكالآتي:-**

**المادة العاشرة {لا يعمل بأى نص قانونى أو قرار يتعارض مع أحكام هذا القانون}.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمەش دەخەمە دەنگەوە، كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە؟ فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟ بەتێكڕای دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەیەكی تر تكایە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی یازدەم: ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاْوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیەوە جێبەجێ دەكرێ. رای لیژنە یازدەم ـ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی یازدەمی پڕۆژەكەوە هەیە ئەوا ژمارەكەی خۆی دەمێنێ و لیژنە پێشنیار دەكات بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە :

ماددەی یازدەم:{ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەكرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی كوردستان) بلاْودەكرێتەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

فيما يتعلق بالمادة الحادية عشرة من المشروع ستحتفظ برقمها تقترح اللجنة صياغتها كالآتي:-

المادة الحادية عشرة: ينفذ هذا القانون أعتباراً من تاريخ إصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو قەوسە زیادە ئەوەی یەكەم، پێویست ناكات، ئەوەش وەكو یاسای وەزارەتەكانی تر دەیخەمە دەنگەوە، كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە؟ فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟ بەتێكڕای دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەیەكی تر تكایە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هۆكارەكانی دەركردنی ئەم یاسایە

ئەم یاسایە دەركراوە بۆ هەماهەنگی كردن لەگەڵ ئەو بارودۆخە پەرەسندووە وگشتگیرەی گەلی كودرستانی عێراق، دوای بە دەستهێنانی ئەو دەسكەوتە نەتەوەیی ونیشتیمانیە وبوونی ئەنجومەنی نیشتیمانی هەڵبژێردراو وحكومەتی هەرێمی كوردستانی عێراق كە هەموو پارت ولایەنەكانی نیشتیمانی ونەتەوەیی وئایینەكانی لە خۆ گرتووە.

لە پێناو هێنانەدی پەیامی پیرۆزی ئیسلام وقولكردنەوەی پەیوەندی ڕاست ودروست ویەكتر ویستن وخۆشەویستی لە نێوان ئایینزاو ڕێبازەكان وئامادەكردنی نەوەیەك لە زانای بە توانا وهۆشیار وچەكدار بە وشیاری ئایینی ونەتەوەیی ونیشتیمانی دژ بە بیری تەكفیری وتوندوتیژی، وخاوەن ڕۆشنبیریەكی گشتی فراوان، ولە پێناو پێشكەش كردنی باشترین خزمەتگوزاری بۆ شوێنەكانی خوا پەرستی وبەڕێوەبردنی

کاروباری وەقف وبەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئاییزناو ڕێبازەکان وپاراستنی کەلتوری زانستی زانایانی کورد کە بە بەشێکی گرنگی کەلتوری ئیسلامی جیهانی بە درێژایی مێژوو دادەنرێت، هەروەها تێکەڵاوکردنی هۆکارەکانی فێرکردنی نوێ وسوود لێ وەرگرتنی وبەکارهێنانی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی، وپێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری بۆ گەلی هەرێمی کوردستان لە جۆرەها بۆنە ئایینەکاندا.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە هۆیەکانی دەرکردنی یاساکە بەڕێز مامۆستا خلیل بەعەرەبی بۆمان دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الاسباب الموجبة

تم اصدار هذا القانون انسجاماً مع حالة النهوض الشاملة لشعب كوردستان العراق بعد انجاز مكاسبه القومية والوطنية ووجود المجلس الوطني المنتخب وحكومة اقليم كوردستان العراق التي ضمت جميع الاحزاب والاطياف الوطنية والقومية والدينية.

ولغرض تحقيق اداء الرسالة الاسلامية السمحاء وترسيخ الروابط الصحيحة والتالف والمحبة بين الاديان والمذاهب وتهيئة جيل من العلماء مقتدر وواع ومتسلح بالوعي الديني والقومي والوطني والنابذ للفكر التكفيري والتطرف وممتلك للثقافة العامة الواسعة. ولتقديم أفضل الخدمات لدور العبادة وادارة شؤون الوقف وتقوية الروابط بين الاديان والمذاهب. وللحفاظ على التراث العلمي لعلماء الكورد والذي يعتبر جزءاً مهما من التراث الاسلامي العالمي عبر التاريخ. وكذلك مزج وسائل التعليم الحديثة والاستفادة منها وتسخيرها لرفع المستوى العلمي، وتقديم افضل الخدمات لشعب اقليم كوردستان في مختلف المناسبات الدينية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازانم وەڵا من پێم وایە ئەو سێ دێڕەی ئەوەلی وەکو ئینشایە یا شێخ، دوو دێڕو نیوەکەی ئەوەلی ئەویتریش للفکر التکفیری ارهابي والتطرف وممتلك للثقافة العامة الواسعة ئەوی تر باشە، موافقن نازانم، جەنابی وەزیر موافقە لیژنەی یاسایی نازانم ئێوە چی دەڵێن، چونکە دوو دێری ئەوەلی هەمووی ئینشایە بەحەقیقەت، واوەکەش لابەن لغرض تحقيق اداء الرسالة الاسلامية السمحاء ئەوەش سامیەکە نەماوە، ولغرض تحقيق اداء الرسالة الاسلامية السمحاء وترسيخ الروابط الصحيحة والتالف والمحبة بين الاديان والمذاهب وتهيئة جيل من العلماء مقتدر وواع ومتسلح بالوعي الديني والقومي والوطني والنابذ للفكر التكفيري والتطرف وممتلك للثقافة العامة الواسعة. ولتقديم أفضل الخدمات لدور العبادة ئەگەر ئێوەش

**موافقن لیژنەی یاسایی و کاك سعدالدین، ئێستا یاساکە بەو گۆڕانکارییەش کەلە ئەسباب موجبە کرا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەو پرۆژەیە کە ببێتە یاسا؟ کێی لەگەڵدا نیە؟ یەك کەسی لەگەڵدا نیە، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، سوپاس.**

**زۆر سوپاس بۆ هەموو ئەو ئەندامە بەڕێزانەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ئەوقاف و جەنابی وەزیر ئومێد دەکەین کەوا ئەو یاسایە ببێتە هاندەرێك بۆ ئەوەی بەرنامەی وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی بەرنامەیەك بێتن، بۆ ئەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، ئایینی پیرۆزی مەسیحی، ئایینی پیرۆزی برا ئێزیدیەکان، لە خزمەتی مرۆڤدا بن، لە خزمەتی پێکەوە ژیاندا بن، رێز لەیەکتر بگرن، پێکەوە بتوانین خزمەتی گەلەکەمان بکەین، فەرموو جەنابی وەزیر ئەگەر قسەت هەیە.**

**بەڕێز شێخ محمد شاکەلی/ وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئایینی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من بەناوی هەموو هاوکارانم لە وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی و بەناوی خۆمەوە، زۆر سوپاسم هەیە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان ولیژنەی یاسایی و بۆ هەموو ئەو خوشك و برایانەی کە یاساکەیان وا لێکرد بەشێوەیەکی وا کۆتایی پێ بهێنرێت، کە خزمەت بەپرۆسەی پێکەوە ژیان بکات لەکوردستاندا، ئومێد دەکەم هەموو لایەك سەرکەوتوو بن، بەدڵنیاییەوە وەزارەتی ئەوقاف لەو یاسایە کەلەرۆژێکی وەکو ئەمرۆدا، بڕیاری لەسەر درا لەلایەن بەڕێزتانەوە، باشترین سودی لێ وەرئەگرێت بۆ ئەوەی خزمەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و ئایینەکانی تر لەکوردستاندا بکرێت و رێبازی پێکەوە ژیان لەکوردستاندا ببێتە رێبازێکی بنەڕەتی و بیسەلمێنین کە کورد وەکو نەتەوە لەکۆنەوە تاوەکو ئیمرۆ خەڵکێکی موتەسامیح بوونە، ئامادەبوونە پێکەوە لەگەڵ خەڵکی ترو مکەوناتی تردا پێکەوە بژین، سوپاستان ئەکەم سەرکەوتوو بن.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس دوو دەقیقە ئیجازەمان بدەن بۆ ئەوەی رێك بکەوین لەسەر دانیشتنی داهاتوومان و بەرنامەی کاری داهاتوومان، کاك شێروان فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕاستی تووشی هەڵەیەکی یاسایی دەبین بەقەناعەتی خۆم، هەڵەکەش ئەوەیە چۆنیەتی ئیش کردنی لیژنەکان، بەگوێرەی ئیش کردنە، یەك/ بەگوێرەی ماددەی (39)لە نیزام داخلی، دوو/ بەگوێرەی ماددەی( 46) لە نیزام داخلی پەرلەمان، کە دیاری کرایە، بەنیسبەت ماددەی (39) لیژنە هاوبەشەکان عادەتەن، میکانیزمەکەی دیاری کرایە، پێش ئەوەی راپۆرت تەنزیم بکاتن، بۆیان هەیە دوو لیژنە کۆببنەوەو**

**راپۆرتەکە پێشکەش بە پەرلەمان بکەن، بەڵام بەنیسبەت ماددەی (46) ئەگەر هاتوو لیژنەی هاوبەش بوو، مەفروز وایە یان سەرۆکی پەرلەمان سەرۆکایەتی لیژنەکە بکات، یان جێگری سەرۆکی پەرلەمان سەرۆکایەتی لیژنەکە بکات، لەو حاڵەتەش بەحەقیقەت لەوانەیە ئێمەش بەهەڵە چووبین، رجا دەکەین لە ئاییندەدا ئەوە راست بکرێتەوەو سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**وەڵڵا من خۆم جوابی دەدەمەوە، ماددەی(46) وا دەڵێت راستە، بەڵام کە قەرارێك پەرلەمان دای ئەو قەرارە گرنگە، ئەو قەرارەی ئەو رۆژە دامان، دەنگی بۆ درا کە لیژنەیەکی هاوبەشمان دانا، پەرلەمان دەنگی بۆدا ئەوەش دەگونجێت لەگەڵ ماددەکەدا، بۆیە من پێم وایە تەواوە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لیژنەی هاوبەش ئەو لیژنەیەیە کە سەرۆکی پەرلەمان یان جێگرەکەی سەرۆکایەتی دەکات.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**شەرت نیە ئەوە، بەڵام مادام دەنگی بۆدرا، ئەوەش دەکرێت وەکو لیژنەکانی تر فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**دەنگ بۆ ئەوە درایە کەئیحالەی لیژنەی هاوبەشی بکرێت، بەڵام چۆنیەتی میکانیزمی بەڕێوەبردنی کاری هاوبەش بەو شێوەیە کەلە ماددەی (46) هاتیە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**فەرموو کاك عونی.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕای من بۆچوونی بەڕێز کاك شێروان حەیدەری هەڵەیەکی یاسایی تەواوە، چونکە ماددەی (46)ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، بە وازحی موعالەجەی کێشەکەی کردیە، من ئێستا بۆ بەڕێزتانی دەخوێنمەوە:**

**المادة(46): اذا كان المشروع او الاقتراح مدخل في اختصاص اكثر من لجنة فلرئيس المجلس ان يدعو اللجان ذات العلاقة الى اجتماع مشترك بينها برئاسته او برئاسة نائبه لدراسته ووضع تقرير واحد بشأنه اما اذا كانت كل لجنة قد درسته على حدة ورأت الرئاسة تبايناً في النصوص المقترحة قد تؤدي الى تعقيد في المناقشة والتصويت في المجلس وجب اجتماع اللجان المختصة كلجنة واحدة برئاسة رئيس او نائبه لإعادة دراسته**

ووضع تقرير موحد عنه ولرئيس المجلس ان يعرض اي موضوع على اللجان المشتركة حسب قناعته او بناءاً على طلب خمسة اعضاء على الاقل. للجان وضع الاقتراحات او إصدار التوصيات اللازمة.
ئەمە ماددەی چل و شەش بوو، بەڵام ماددەی (39) بڕگەی 6 دەڵێت: يجوز عقد اجتماع مشترك بين لجنتين او اكثر للنظر في المواضيع التي تستوجب ذلك وعندها يكون اكبر رؤساء اللجان واكبر نوابهم واكبر مقرر لهم سناً رئيساً ونائباً و مقرراً لها. واتە ئەو ماددەی پشتگیری ماددەی (46) دەکات، دێڕەکانی ئەخیریشی ئەو صلاحیەتەی دایتێ بەتایبەتیش لێرە لەپەرلەمان تەصویت لەسەر ئەو فەقەرەیە کرا، بەبڕیاری پەرلەمان ئەو قەرارە درا کە ئیحالەی دوو لیژنە بکرێت لەگەڵ وەزیر و هەر ئەندامێك کە دەیەوێت ئامادە بێت، لە نەتیجەی کۆبوونەوەکەمان ئەو راپۆرتەمان نووسی کە راپۆرتێکی قانونیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە هەبێت خۆی ئەوەی کاك شێروان وتی وەکو نەصێك راستە، ئەوەی کاك عەونیش وتی تەفسیری ئاخر فەقەرە زۆر راستە، بەڵام کەلێرە قەرار درا دەنگی بۆ درا، ئەگەر ئەو مولاحەزەیە لەیەکەمی دانیشتنەکەدا بووترایە، ئەوا ئەبوو بەهەرحاڵ موهیم ئەوەیە لیژنەکان بەبێ موشکیلە ئیشەکانیان بەڕێوە بردووە، راپۆرتێکی مەوەحەدیان تەقدیم کردووە، سەرۆکایەتیش پێش ئەوەی بێینە کۆبوونەوەکە، ئاگادار کراو رازی بووین بەو شتانەی کەلە راپۆرتەکەدا هاتووە، بۆیە هاتە ئێرەو خوێنرایەوە، یەعنی عەمەلیەن وا دەکاتن کە من سەرۆکایەتیم کردووە، چونکە ئاگادار کرام کە گەیشۆتە نەتیجە، رازیش بووم کەڕاپۆرتەکەیان لێرەدا بخوێننەوە، لەبەر ئەوەی نەتیجەکەی ئیجابی بوو، بەڵام لە ئاییندەدا ئەگەر خەلەلێك هەبێتن، بەدواداچوون یان هەموارکردنی پرۆژەی ناوخۆی خۆمان زیاتر دەوڵەمەندی دەکەین، بۆ ئەوەی زیاتر وازح بێتن کۆبوونەوەکەمان کۆتایی هات، عەفوو کاك شێروان من لەجیاتی تۆ تەوزیحم دایە موهیم نەتیجەکەیە ئیختیلافیش با هەبێت ئەوە شتێکی باشە، دەی فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەڵەکە لە ئێمە چووە هەموومان، نەم گوتیە کەکەس هەڵەی کردیە یان نەیکردیە، من هەڵەیەکی گەورەم نەکردیە وەکو کاك عونی دەڵێت، بیلعەکس من دەمەوێت تەوزیحی ئومورەکە بکەم، لۆ ئەوەی لەسەر مەساری سەلیمی خۆی بڕوات، عەرزی لیژنەی موشتەرەك کێیە سەرۆکایەتی ئەو لیژنە موشتەرەکە دەکات، ئەوەی کە کاك عونی دەیلێت، ئەو لیژنە موشتەرەکەیە کەسەرۆکی پەرلەمان یان جێگرەکەی سەرۆکایەتی دەکات، کێیە ئەو لیژنە موشتەرەکەی کەلە ماددەی (46) هاتیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با كاك فرسەت رەئيێكى قانونيمان بداتیٚ.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

من ئيحتيمال هەيە لەگەڵ رەئى كاك شێروان بم، ئەگەر ئەصڵى موشكيلەكە لەمابەينى هەردوو ليژنەكە بێت، ليژنەى ئەوقاف و ليژنەى قانونى، بەس موشكيلەيان نەبوو هەردوو ليژنە، چونكە لێرەدا ئەڵێت اما اذا كانت كل لجنة قد درسته على حدة ورأت الرئاسة تبايناً في النصوص المقترحة، واته النصوص المقترحة من قبل اللجنتين، تەباينەكە لێرەدا نەبوو ئەصڵى موشكيلەكە برادەران ئەندامانى پەرلەمان، زۆر پێشنياريان هەبوو، بۆئەوە بوو هەردوو ليژنە رەئيەكە گەڵاڵە بكەن، ئيستيناد بدەنە سەر رەئى ئەندامان، من لێرە خيلافم لەگەڵ كاك شێروان ئەوەيە، چونكە ئەصڵى موشكيلەكە لەمابەينى ئەوقاف و قانونى نەبوو، لە مابەينى هەردوو ليژنەو ئەندامان بوو، موشكيلەش نەبوو بەڕاستى، هەندێ رەئى وبۆچوون هەبوو لەمەسڵەحەت ئەو ڕاو بۆچوونە، ديراسەت بكرێن، صياغەتەكە لەسەر ئەساسى ئەوانە، لەبەر ئەوە ئيحتيمال هەيە من زۆر مەيلى رەئى كاك شێروان نەبم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

ئێستا ئەوە هەموو ئەيانەوێت قسە بكەن بەنوقتەى نيزاميش من ئەگەر ئيجازەم هەبێتن، پێم باشە كۆتايى بەدانيشتنەكە بێنم، سبەينێ سەعات 11 پرۆژەى ياساى وەزارەتى تەندروستى دێتە باسكردن وموناقەشە كردن، تكايە ئامادەبن لێرە، بۆ ئەوەى ئەگەر سبەينێ تەواويشى نەكەين، دووسبەى ئەو قانونەش تەواو بكەين، بەزووترين كات قانونى وەزارەتەكان يەكلايى ببێتەوە، بۆ ئەوەى بێينەوە سەر بەرنامەى رەسمى خۆمان، هەمواركردنى پەيڕەوى ناوخۆ و دەستوور، كە دەبێ لەو چەند مانگى داهاتوودا كۆتايى پێ بێنين، كۆتايى بەدانيشتنەكەمان دێنين زۆر سوپاس بەخێر بێن سەرچاو.

فرست احمد عبدالله　　　محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى)　　　عدنان رشاد مفتى

**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان – عێراق**

**جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان – عێراق**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان - عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (17)**

## سێ شەممە ڕێکەوتی 15\5\2007

## خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (17)

## سێ شەممە رێكەوتی 2007/5/15

كاتـژمێر (11)ی سـەر لـە بـەیانی رۆژی سـێ شـەممە رێكـەوتی 2007/5/15 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سـەرۆكی ئەنجومـەن و, بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سـكرتێری ئەنجومـەن, دانیشتنی ژمارە (17)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق, دەسـتەی سـەرۆكایەتی ئەنجومـەن بڕیـاردرا دانیشـتنی ژمـارەی (17)ی خولی گرێدانی سێیەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمـی پەرلـەمانی كوردسـتان – عێـراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەروو وگفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی كوردستان.

2- خستنەروو وگفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی لە هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (17)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2007/5/15دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەروو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان.

2- خستنەروو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان.

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز کاك عدنانی حمەی مینا وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و بەڕێز کاك سعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، هەڤاڵانی بەڕێز راوێژکارەکان لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دەکەین  کە لەگەڵ جەنابی وەزیر هاتوون، بەخێر بێن سەرچاو، ئەندامانی بەڕێز دوێنێ کە ئیعلانی ئەم دانیشتنەمان کرد، بڕیار بوو یاسای وەزارەتی تەندروستی لەهەرێمی کوردستاندا موناقەشە بکەین، بەڵام وەزیر عوزرێکی تایبەتی هەبوو داوای لێ کردین کەناتوانێت حاز بێت، وە داوای لێکردین، دوای بخەین بۆ چەند رۆژێکی تر، بۆیە ئێمەش دانیشتنەکەمان ئیعلان کردبوو، ئێوەش عەزێتتان کێشابوو مابوونەوە لەهەولێر و سەفەرتان نەکردبوو، نەمان ویست دانیشتنەکە هەر بۆ ئەو پرۆژەیە بێت، دوایش ئیعلانی بکەین، وتمان با پرۆژەی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیش بخەینە بەرنامەوە بۆیە من ئیقتراح دەکەم خاڵی 1- خستنەروو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان دوا بخەین، لەم دانیشتنەدا موناقەشە نەکرێت، داوا دەکەم دەنگی بۆ بدەن کێ لەگەڵ ئەو ئیقتراحەیە کەدوای بخەین بادەستی بڵند بکات تکایە، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە، سوپاس ئەوە بە ئەکسەریەتی دەنگ وەرگیرا شەش کەس موعتەریز بوو، بەهەرحاڵ بە  ئەکەسەریەتی دەنگ دواخرا، خاڵی دووەم/خستنەروو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان، فەرموو کاك غفور.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت بڕگەی دوو لەبەرنامەی کاری ئەمرۆدا، کەس نەپرۆژە یاساکەی لایە، نە ڕاپۆرتەکانیشی لایە، نە لەبەرنامەی کاریشدا بووە، حەق وابوو 24 سەعات لانی کەمی پێش ئەو دانیشتنە ئەندامانی پەرلەمان ئاگادار بکرانایە کەئەوە لە کارنامەی ئەمرۆدایە، ئەگەر نا ئێستا گفتوگۆ لەسەر چی بکەین، کە یاساکەمان لەبەردەستدا نەبێت و راپۆرتمان نەبێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم دانیشتنەکە دوا بخرێتن ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی وەختی خۆی ئەوەلەن بەرنامەی کارە، نووسراوە بەرنامەی کار، راستە دوێنێ کە ئیعلانمان کرد، ئیعلانی ئەوەمان نەکرد، بەڵام لەبەرنامەی کار نووسراوە، وا نەبێت نەنووسرابێت، دووش کە خوێندنەوەی یەکەمی کراوە، مەفروزە هەریەکە لەئێوە موتابەعەی هەبێتن و راپۆرتەکەی خۆی لابێت، یەعنی هەر رۆژێك بێت موعەرەزن، خۆ ئێمە دوێنێ وتمان پرۆژەی یاسای وەزارەتی تەندروستی موناقەشە ئەکەین فەرموو.

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی مەعنی کەلیژنەی تەندروستی و کۆمەڵایەتین ئامادەی خۆمان بۆ موناقەشەی وەزارەتی تەندروستی کردبوو لەڕاستیدا، دوێنێش جەنابت ئاماژەت بەو خاڵەدا کە خاڵی دووم ئیزافەی خۆتانە بۆ ئەمرۆ، ئەندامان وابزانم کەس ئامادەیی نیە، و لیژنەش ئیستعدادی نیە بۆ موناقەشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حا ئەگەر ئەو لیژنەیە فەقەت دوێنێ کە ئیعلانمان کرد، ئەوجا خۆیان ئامادە کردبێت، مانای وایە کارەساتێکە، بەڕاستی بەرۆژێکا لیژنەیەك خۆی حازر بکات، یان بەرۆژێکا خۆی حازر نەکات، ئەمە قیرائەی یەکەم کراوە، مەفروزە دوای ئەوەی ئیحالەی لیژنەکان کرا، ماوەیەکی زۆری دراوەتێ، لیژنە مەفروزە راپۆرتی خۆی حازر کردبێت، نەك ئەو لەحزەیەی کە دەڵێن سبەینێ کۆبوونەوە هەیە، داوا لەلیژنەی یاسایی دەکەم فەرموون بێن دابنیشن، موناقەشەی بکەن، مەفروزە هەر ئەندامێکی پەرلەمان و لیژنەکە موناقەشەی کردبێ، رەئیشی حازر کردبێتن، راپۆرتیشی حازرکردبێتن چونکە وەختێکی باشی بەسەردا رۆشتووە، هەر وتمان سبەینێ کۆبوونەوە هەیە، راپۆرتەکەیان حازر بێت، نەك ئەو لەحزەیەی کە تەحدیدی کۆبوونەوەکەی دەکەین، ئینجا بچێت کۆببێتەوە، لیژنەی یاسایی فەرموون بۆ شوێنی خۆتان، صەبریە خان باجوابێکی باشترت بدەمەوە، دیارە ئاگادار نیت چاوەڕێ بکە با جوابت بدەمەوە باشترە، ئەو راپۆرتەی لیژنەی یاسایی راپۆرتێکی هاوبەشە دیارە ئاگات لەو راپۆرتەش نیە، کە ئەو ئیعترازەت گرت، ئەی ئەوەتە ئەو راپۆرتە چۆنە کەتۆ دەڵێیت حازر نین، ئێستا راپۆرتێکی هاوبەشە لە نێوان لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی وکۆمەڵایەتی کەواتە هەردوو لیژنەکە راپۆرتیان حازرە، بە موەحەدی راپۆرتەکە ئامادەیە، ئێستا داوا دەکەم راپۆرتە هاوبەشەکە بخوێننەوە تکایە، کاك دکتۆر فوادیش فەرموو نوێنەری لیژنەکە کێیە کێ جێگری لیژنەی تەندروستیە، فەرموو دانیشە، نوقتەی نیزام نەبێت موقاتەعەت دەکەم.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر یەکێك راپۆرتەکەی پێ نەبێت سەیری چی بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو راپۆرتەتان پێ نیە، مەفروز نیە هەریەکەو لە مەکتەبی خۆی نوسخەی هەبێت؟، هەریەکەو جانتای خۆی هەیە و ئۆفیسی خۆی هەیە، پرۆژەکان لەبن دەستێتی، ئەما ئەگەر پرۆژەکە لەماڵ بەجێ بهێڵێت لێرە بتەوێ من نوسخەت بدەمێ ئەوە نابێت، فەرموو کاك شێروان، راپۆرتەکە بخوێننەوە، فەرموو کاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە دەنگۆیەك لەنێوان ئەندامانی پەرلەمان هەیە، حا ئەگەر بکرێت باشتر وایە ئەو دانیشتنە دوا بخرێت، یان بیخەیتە دەنگەوە بۆ ئەوەی ئیستمراریەتی هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**من پێم وایە ئەو یاسایە یاسای وەزارەتێکە هەموو ئەندامانی پەرلەمان خبرەیان هەیە لەبارەی موناقەشە کردنی ئەو جۆرە یاسایە، خوێندنەوەی یەکەمیشی بۆ کراوە، ئێوەش ئەرکتان کێشاوە ماونەتەوە، پێویست ناکاتن وەخت بەهەدەر بدەین، وەختمان کەمە، پرۆە یاسای وەزارەتەکانمان هێشتا تەواو نەکردووە، چەندین پرۆژەی تریش هەیە، پێویست دەکاتن پەلە بکرێتن، تا تەواوی بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا مادام هین دەکەن، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو پرۆژەیە دوابخرێتن، با دەستی بڵند بکات تکایە؟، کێی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ بەردەوام دەبین، فەرموو کاك شێروان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێستا دەقی راپۆرتی هاوبەشی نیوان لیژنەی یاسایی و لیژنە تەندروستی لەلایەن بەڕێزان کاك عونی و مامۆستا کاکە بەکوردی و عەرەبی دەخوێنرێتەوە بابفەرموون.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان ـ عێراق**

**ب/ ڕاپۆرتی هاوبەش**

**پشت بە حوکمی ماددەکانی 39/6و71/3،4 لە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان ـ عێراق، لیژنەی یاسایی بە هەموو ئەندامەکانیەوە لەگەڵ لیژنەی تەندروستی وکاروباری کۆمەلآیەتی کۆبووە ولە لیژنەی تەندروستی دکتۆر فوئاد أحمد بابان ودکتۆرە هالە سهیل وادی و دکتۆرە ڕۆژان دزەیی ئامادەبوون بۆ لێکۆلینەوە لە پرۆژەی یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەلآیەتی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق کە لە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (26)ی ڕۆژی 2007/1/8ی پەرلەمان بۆمان هاتووە و وەزیری ڕوو لێنراو بە وەرگرتنی هەگبەی وەزارەتەکە ئامادەبوو و دوای وتووێژ وتاوتووکردن ڕاپۆرتە هاوبەشەکەمان بە ڕاسپاردە وپێشنیارەکانمان لە بارەی پرۆژەکەوە بە تێکڕای دەنگی ئامادەبووان بەم جۆرەی خوارەوە پێشکەش دەکەین:-**

**بە شێوەیەکی مەبدەئی پشتگیری پرۆژەکە دەکەین وپێشنیار دەکەین ماددەکان دەروازەیان بۆ دابنرێت وبڕگەکانیان ڕێك بخرێن و زنجیرە ڕەنوسیەکان بکرێن بە نووسین وهەندێ هەموارکردن وگۆڕانکاریی لە هەندێ لە ماددەکانی بکرێ وەك ڕێبازی یاساکاری پەیڕەوکراو لە دەرچوواندنی یاساکانی پێشتر دەرچوێنراون بۆ وەزارەتەکان وهەندێ چەمك وڕاو ماددەی تری بخرێتە سەر، کە لەمەودوا لەم ڕاپۆرتەدا دەردەکەوێت:-**

**یەکەم/ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی یەکەمی پرۆژەکەوە هەیە، پێشنیار دەکەین وشەی گوزارە (تعبیر) بگۆڕدرێ بە وشەی (زاراوە) و(بۆ مەبەستی ئەم یاسا)یەی بخرێتە سەر ڕستەی یەکەمی.**

**دووەم/ ئەوەی پەیوەندیی بە ماددەی دووەمی پرۆژەکەوە هەیە، ئەوا پێشنیار دەکەین:**

**1- بڕگەی دووەم بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:-**

{فەراهەم کردنی دەرفەتی یەکسان بۆ کارکردن بۆ هەر کەسێکی توانای کارکردنی هەبێ بەو ناوەی کار مافو ئەرکێکە پێویست دەکات بەشداری لە بنیاتنانی کۆمەڵگا و پەرەپێدانی بکات لە پێناوی نەهێشتنی بێ ئیشی دا}.

2- دارشتنەوەی بڕگە (7)ی بەم شێوەیەی خوارەوە:

{شیاندنی منداڵ وخاوەن پێویستی تایبەتی لە بواری پەروەردەیی و پیشەیی وکۆمەڵایەتی بە جۆرێکی وا بەشداریکردنیان لە پرۆسەی گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوە و لادانی کاریگەرییە سایکۆلۆجی وکۆمەڵایەتیەکان دابین بکات}.

3- دارشتنەوەی بڕگە (8)ی بەم شێوەیەی خوارەوە:

{گرینگیدان بە خێزانی قوربانیەکانی پرۆسەکانی ئەنفال و بوردومانی کیمیایی ودابین کردنی چاودێری کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجی پێویست بۆیان کە لەگەڵ ئەو کارەساتانەی بەسەریاندا هاتووە بوەشێتەوەو ئەمەش بە هاوئاهەنگی کردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان دەبێت.

4- پێنج بڕگە بخرێتە سەر ماددەکە و زنجیرەکانی بەم شێوەیە تەواو بکرێن:

11- پێدانی مۆڵەتی تایبەتی بە کردنەوەی دایەنگە ودەزگای چاکەخوازیی بە هەموو کەرتەکانیەوە لەگەڵ سەرپەرشتی کردنیان بە پێی مەرجی تایبەت بەوانەوە.

12- گرینگی دانی پێویست بە منداڵی تازە پێگەیشتوو وهەموو وزەیەکیان دابین بکرێ بۆ خزمەتی کۆمەڵگا بە هاوئاهەنگی کردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە.

13- هاوئاهەنگی کردن لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵگای شارستانی کە کۆشش دەکەن لە پێناوی بەدیهێنانی هەمان ئامانجەکانی وەزارەت و بەدواداچوونی چالاکی وکارەکانی.

14- گرنگیدان بە دەزگاکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی بە جۆرێکی وا ببنە دەزگای ڕاستکردن وچاکسازیی وکارکردن لە پێناوی چاودێری خێزانی گیراوەکانی ناو خانەی چاکسازی کۆمەڵایەتی بە جۆرێکی وا تووشی خراپەکاری نەبن.

15- هاندانی لێکۆلینەوەو باسی تایبەت بە جۆرەها دیاردەی کۆمەڵایەتی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکاندا.

سێیەم/ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەکانی (3،4 8،9،10،11،12،13،14)ی پرۆژەکەوە هەیە، پێشنیار دەکەین هەموویان لەناو ماددەی سێیەم لێك بدرێن لە ژێر ناونیشانی (پێکهاتەکانی وەزارەت) و بەم جۆرە دابڕێژرێ:-

پێکهاتەکانی وەزارەت

ماددەی سێیەم: وەزارەت لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێك دێت:-

یەکەم: وەزیر: سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی کارەکانیدا وسەرپەرشتی وچاودێری کردنی چالاکییەکانی و، لەوەوە ئەو بڕیارو فەرمان و ڕێنماییانە دەردەچن کە پەیوەندییان بە ئەرکەکانی وەزارەت و پێکهاتەکانی و دەسەلات وهەموو کاروباری هونەریی و دارایی وکارگێڕی ورێکخستن بە پێی

حوكمەكانی یاسا هەیە وبەرپرسە لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران بەو ناوەی کە ئەندامێکی هاوکارە لەو ئەنجومەنەداو بۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی بدات بە بریکاری وەزارەت یا بەڕێوەبەرە گشتیەکان یاخود هەر یەکێکی بە شیاوی دەزانێ، لە وەزارەتدا.

دووەم: بریکاری وەزارەت: یارمەتی وەزیر دەدات لە ئاراستەکردنی کاروباری وەزارەت و سەرپەرشتی کردنی کارەکانی لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەی کە وەزیر پێی دەدات ودەبێ بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت.

سێیەم: نووسینگەی وەزیر : فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات وبەڕێوەی دەبات بە پلەی بەڕێوەبەر کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت وچەند فەرمانەبەریك یاریدەی دەدەن.

چوارەم: نوسینگەی بریکاری وەزارەت: فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات وبەڕێوەی دەبات بە پلەی بەڕێوەبەر کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت وچەند فەرمانەبەریك یاریدەی دەدەن.

پێنجەم: ڕاوێژکارەکان : ژمارەیان لە چوار زیاتر نابێ و دەبێ خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆبن وشارەزایی وکارامەییان لە کارەکەدا هەبێت.

شەشەم: پشکێنەری گشتیی: بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی دەبێ وچەند فەرمانبەرێکی خاوەن شارەزایی وپسپۆڕی یاریدەی دەدەن و ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە وەزیرەوە و پشکنینی فەرمانگەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی وتۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی و پەناگەکانی دەوڵەت وچاکسازی کۆمەڵایەتی دەگرێتە ئەستۆ.

حەوتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری کارگێڕی ودارایی: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت وخاوەن شارەزایی وکارامەیی بێ لە کارەکەیدا.

هەشتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروبیمی کۆمەڵایەتی: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت وخاوەن شارەزایی وکارامەیی بێ لە کارەکەیدا.

نۆیەم: بەڕێوەبەرە گشتییەکانی چاودێری وگەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە پارێزگاکانی هەرێمدا: هەریەکەیان بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت وخاوەن شارەزایی وکارامەیی بێت.

دەیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازیی کۆمەڵایەتی: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات، و پاشماوەی ناوەڕۆکی پڕۆژەکە وەکوخۆی دومێنێتەوە.

چوارەم/ ئەوەی پەیوەندی بەماددەی پێنجەم و شەشەم و حەوتەمی پڕۆژەکەوە هەیە، هیچ تێبینیەکمان لەسەر نیەو زنجیرەیان دەبێتە ماددەکانی چوارەم و پێنجەم و شەشەم بە پێی پێشنیاری هەردوو لیژنەکە.

پێنجەم/ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی پازدەمی پڕۆژەکەوە هەیە، کە بە پێی پیشنیاری هەردوو لیژنەکەمان دەبێتە ژمارەی ماددەی حەوتەم، ئەوا پێشنیار دەکەین شوێنی زنجیرەکانی دووەم و سێیەم بگۆڕدرێ و سێیەم پێش دووەم بخرێت و بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:-

{وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی نوێ و مەبەڵبەندی لێکۆڵینەوەو باس و بەش و هۆبە بەپێی پێویستی کاری وەزارەت لەکاتی پێویستدا دابمەزرێنێ یان لێکیان بدات، یان هەڵیانوەشێنێتەوە}.

**شەشەم/ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی شازدەمی پڕۆژەکەوە هەیە، ئەوا پێشنیار دەکەین ناوەرۆکەکەیان بخرێتە دوو ماددەی سەربەخۆو بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە لەژێر زنجیرەی ماددەکانی هەشتەم و نۆیەمدا بنووسرێن:-**

**ماددەی هەشتەم: {کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ}.**

**ماددەی نۆیەم: {پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن}.**

**حەوتەم/ پێشنیار دەکەین ماددەیەك دابڕێژرێ بە ژمارەی ماددەی دەیەم و بەم شێوەیەی خوارەوە :-**

**ماددەی دەیەم : {یاسای وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (34)ی ساڵی 2004 هەڵدەوەشێتەوە}.**

**هەشتەم/ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی حەڤدەمی پڕۆژەکەوە هەیە کە دەبێتە ماددەی ژمارە یازدە، پێشنیار دەکەین بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە:-**

**ماددەی یازدەم: {ئەم یاسایە لە رۆژی دەرکردنیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) بلاو دەکرێتەوە}.**

**نۆیەم/ لە کۆتایدا پێشنیار دەکەین هۆیەکانی دەرچوواندنی یاساکە بەم شێوەیەی خوارەوە بنووسرێتەوە**

**هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە**

**لە پێناو بەدیهێنانی ئەو پەرەپێدان و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیانەی کە لەکوردستانی عێراقدا لە سایەی سیستەمی فیدڕاڵی ڕوویان داوە و بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو پەرەپێدانەی کە لەم ڕووەوە دروست بووە و بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە بازاڕی کار و بەرزبوونەوەی ئاستی تەکنەلۆجیا و ڕۆشنبیری و ئابووری چینی کرێکار لە هەرێمدا بگونجێ و هەروەها لە پێناوی پێویستی فراوان کردن و پەرەپێدانی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و بەهێزکردنی چالاکیە پەیوەندیدارەکان بە سیاسەتە کۆمەڵایەتیەکان و پتەوکردنی چەمك و ناوەڕۆکی دیموکراتی و مافی مرۆڤ و دانانی سنوورێك بۆدیاردەی هەژاری و بێ کاری و بۆ گەشە پێکردنی دەرامەت و داهاتی مرۆڤ و بۆ دابین کردنی مافەکانی خاوەن پێویستیەکان، ئەم یاسایە دەرچووێنرا.**

**تکایە ئاگاداری بفەرموون ودەقی ئەصلی پڕۆژەکە و ڕای هەردوو لیژنەکەمان لە بارەیەوە بخەنە بەردەم ئەنجومەن بۆ وتووێژ لەسەرکردنی ودەربڕینی ڕای گونجا ولەبارەیەوە.لەگەڵ ڕێزماندا.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**لەبەر کەمی وەخت پێویست ناکات عەرەبیەکە بخوێننەوە، لەکاتی موناقەشەدا ماددە بەماددە بیخوێننەوە، ئیستا بچنە سەر ئەصڵی پڕۆژەکە، ماددە بەماددە ئەصڵی پڕۆژەکە بخوێننەوە، دوایی بەکوردی وعەرەبیش بخوێنرێتەوە، ئەوجا موناقەشەی ئەکەین.**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق**

**ماددەی یەکەم: ئەم دەستەواژانەی لە خوارەوە هاتوون ئەم واتایانەی بەرامبەریان دەگەیەنن:**

1- هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.

2- وەزارەت: وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی.

3- وەزیر: وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی.

4- بریکاری وەزارەت: بریکاری وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی.

5- ئەنجومەن: ئەنجومەنی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الاولى: يقصد بالتعابير الاتية المعاني المبينة ازاءها:**

1-الاقليم: اقليم كوردستان – العراق.

2- الوزارة: وزارة العمل والشؤون الاجتماعية.

3- الوزير: وزير العمل والشؤون الاجتماعية.

4- وكيل الوزارة: وكيل وزارة العمل والشؤون الاجتماعية.

5- المجلس: مجلس وزارة العمل والشؤون الاجتماعية.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ گۆڕانکاریەکی وا نەکراوە، لەسەر ماددەی یەکەم، تەنها وەکو وەزارەتەکانی تری لێهاتیە، بەنیسبەت گۆڕینی هەندێك وشە وەك مصطلحات و وەکو لاغرض هذا القانون کە ئیزافە کرایە، ئێمە دەقی ماددەکە پەسەند دەکەین وەکو هەردوو لیژنەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە وەکو مادەکانی هەموو وەزارەتەکانی تر تعابیر بووەتە مصطلحات وە پاشان المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون. بۆ ئەو قانونە زیاد دەبکرێ، یەك ودوو سێیەکە دەبێتە اولاً وثانياً وثالثاً، وەکو قانونەکانی تر ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەدایە با دەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا، فەرموو نوقتەی نیزامیت چیە.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من زوو دەستم بڵند کرد، بەڵام تۆ ئاگات لێ نەبوو داتە تەصویتیش خاڵی چوارەم، بریکاری وەزارەت بریکاری وەزیر نا بریکاری وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

عەرەبیەکە وەکیل وەزارە نووسرایە، ئەو ئەساسە کوردیەکە ئەبێت چاك بکرێتەوە، دائیمەن ئەگەر خیلاف نەص هەبوو قانونیەن دەگەڕێینەوە سەر عەرەبیەکە، ماددەی دووەم تکایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم: وەزارەت ئەم ئەرکوفرمانانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێ:

1-بەرجەستەکردنی نرخی مرۆیانەی کارکردن و پشتیوانی لێکردن وسەرپەرشتی کردنی بەو باوەڕەی کۆمەڵگەیەکی بنچینەییە لە هێنانەدی ئەو پەرەسەندنەی کە لەهەموو بوارەکانی هەرێمدا دەبیندرێ.

2- کارکردن لەپێناوی ئەوەی بیمەی کۆمەڵایەتی هەموو کرێکاران بگرێتەوە، وچاودێری کۆمەڵایەتی پێویست خۆیان و خێزانەکانیان بگرێتەوە.

3- ماوەی کارکردنی یەکسان بۆ هەموو خاوەن توانایەکی کارکردن دابین بکرێ، بەو باوەڕەی کە کارکردن ماف وئەرکە و پێویستە بۆ بەشداریکردن لەبنیاتنانی کۆمەڵگەو پەرەسەندنی.

4- بڵاوکردنەوەی هۆشیاری پیشەیی، بەجۆرێك شوێنی کارکردن ومرۆڤ وکەرەستەکان بپارێزێ بۆ ئەوەی سنوور بۆ کارەسات وبریندarبوون بەهۆی کارکردن و نەخۆشیەکانی پیشەیی دابندرێ، وبەشداری کردن لە ئامادەکردنی کادری پیشەیی بەپێی پێداویستیەکانی بازاڕی کار.

5- ئەو پەڕی بایەخدان بە پرۆسەی خۆپاراستن لەلاساری، وچاودێریکردنی ئەو خێزانانەی کە گیروگرفتی کۆمەڵایەتیان هەیەو دەست گرتنیان تاوەکو بارودۆخەکەیان ڕێك دەخرێ، بەجۆرێك بتوانن لە بنیاتنانی کۆمەڵگە بەشداری بکەن بەهۆشیاری و دڵسۆزیەوە.

6- پەرەپێدانی کۆمەڵگە بەجۆرێك بەشداری کاریگەرانە لە پرۆسەی گواستنەوە بەرەوقۆناغی دیموکراسی دابین بکات، وڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرێت لەڕێگەی گۆڕینی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیانەی ڕێگا لەپەرەسەندنی کۆمەڵایەتیەوە دەگرن.

7- بایەخدان بەچاودێریکردن وئامادەکردنی نەوجەوانان وپەککەوتەکان لەلایەنی پەروەردەیی وپیشەیی وڕەوشتەوە بەجۆرێك لە پرۆسەی بووژاندنەوەو بنیاتنانی هەرێمدا هاوبەشکردنیان مسۆگەر بکات ولابردنی هۆکارەکانی دەروونی وکومەڵایەتی کە ڕێگا لەو کارە دەگرن.

8- دابینکردنی چاودێری کۆمەڵایەتی و دەروونی بۆ خێزانەکانی قوربانی پرۆسەکانی ئەنفال و چەکی کیمیاوی ودابینکرنی چاودێری کۆمەڵایەتی ودەروونی وئابووری پێویست بەجۆرێك هاوسەنگ بێت لەگەڵ هەموو ئەو کارەساتانەی کە ڕووبەروویان بووەتەوە.

9- ئامادەکردنی هاووڵاتیان لە لایەنی پیشەیی وکۆمەڵایەتیەوە لەمیانەی یارمەتیدانیان بۆ دامەزراندنی پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی خێزانی.

10- کارکردن بەهاوکاری هۆیەکانی ڕاگەیاندنی هەمە جۆرەوە لەپێناو وشیارکردنەوەی کۆمەڵگاو بڵاوکردنەوەی پرێنسیپەکانی مرۆییانە لەڕێگای کردنەوەی خول وسەردانی خێزانەکان.

11- کارکردن لە پێناو نەهێشتنی دیاردەی هەژاری ونەداری لەهەرێمدا لەڕێگای پێشکەش کرنی هاوکاری دارایی پێویست بۆ ئەو نەدارانەی کەتوانای کارکردنیان نیە.

12- بەشداریکردن لەسەر ئاستی عێراقی و نێودەوڵەتیەوە لە جموجوڵەکانی پەیوەست بە تایبەتمەندیەکانی وەزارەتەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية: تتولى الوزارة المهام التالية:

1-تجسيد القيمة الإنسانية للعمل ودعمه ورعايته باعتباره ركناً أساسيا في تحقيق النهضة التي يشهدها الإقليم في كافة الميادين.

2- العمل على شمول جميع العمال بالضمان الاجتماعي وتأمين الرعاية الاجتماعية اللازمة لهم ولأسرهم.

3- توفير فرص عمل متكافئة لكل قادر عليه باعتبار العمل حق وواجب تستلزمه ضرورة المساهمة في بناء المجتمع وتطوره.

4- نشر الوعي المهني، بما يكفل حماية الإنسان ومحل العمل وصيانة الآلة للحد من حوادث وإصابات العمل، والأمراض المهنية والمساهمة في اعداد الكوادر المهنية وفق متطلبات سوق العمل.

5- ايلاء الاهمية القصوى لعملية الوقاية من الجنوح ورعاية الاسر التي تعاني من المشاكل الاجتماعية والاخذ بيدها بما يكفل جعلها في وضع مناسب بحيث تستطيع الاسهام في بناء المجتمع بوعي واخلاص.

6- تنمية المجتمع بما يكفل المساهمة الفعالة في عملية التحولات الديمقراطية واحترام حقوق الانسان عن طريق تغيير الظواهر الاجتماعية التي تحول دون تطور المجتمع.

7- الاهتمام برعاية وتأهيل الاحداث والمعوقين تربوياً ومهنياً وسلوكياً بما يضمن مساهمتهم في عملية التنمية واعمار الاقليم وازالة المؤثرات النفسية والاجتماعية التي تحول دون ذلك.

8- تأمين الرعاية الاجتماعية والنفسية لعوائل ضحايا عمليات الانفال والقصف الكيمياوي وتأمين الرعاية الاجتماعية والنفسية والاقتصادية اللازمة لهم بما يتناسب مع ما تعرضوا له من ويلات.

9- تأهيل المواطنين مهنياً واجتماعياً من خلال مساعدتهم لاقامة مشاريع انتاجية اسرية.

10- العمل على توعية المجتمع ونشر المبادىء والقيم النبيلة عن طريق اقامة الدورات والزيارات الميدانية للعوائل وبمساهمة وسائل الاعلام المختلفة.

11- العمل على القضاء على ظاهرة الفقر والعوز في الاقليم عن طريق تقديم المساعدات المالية اللازمة للمحتاجين من غير القادرين على العمل.

12- المشاركة على المستويين العراقي والدولي في نشاطات ذات العلاقة باختصاصات الوزارة.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی لەگەڵ جەنابی وەزیر دانیشتین، لەبەر ئەوەی ئەوە ماددەیەکی گرنگە بەتەفصیل ئێمە موناقەشەمان کرد، هاتینە ئەو قەناعەتەی کە ئەو گۆڕانکاریە لەسەر ئەو ماددەیە بەم شێوەیە بێت.

یەك/ ئیعادەی صیاغەی فەقەرەی (3-7-8) لەو ماددەیە بەو شێوەیەی کەلە راپۆرتی لیژنەی یاساییدا هاتووە، و خوێندرایەوە، دوو/ زیاد کردنی پێنج فەقەرە لەو ماددەیە، واتە ئەصڵی فەقەرەکان 12 فەقەرە بوو، پێنج فەقەرە ئیزافە بووە، بووە 17 فەقەرە ئەو ماددەیە، ئەو ئیزافاتانەش بە تەنسیق لەگەڵ وەزیرو لیژنەی تەندروستی ئیزافە کران، ئێمەش هیچ مانعێکمان نەبوو لە ئیزافەکردنی، سێیەم/ مەسەلەی سجون زۆر باسی لێوە کرا، ئێمە چ وەکو لیژنەی یاسایی کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ لیژنەی قانونی ئەنجومەنی وەزیراندا ئەنجام داوە، لەگەڵ جەنابی وەزیریش دانیشتین، پێیان باش بوو کە سجون وەکو دەزگایەکی چاکسازی چ کبار بێت چ احداس بێت چ هی ئافرەتان بێت، حالی حازر هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە، وە مەربووت بێت بەوەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەمە بەحەقیقەت مولاحەزەکانی هەردوو لیژنە بوو لەسەر ئەم ماددەیە، ئێمە فەقەرەکانی تر هەمووی پەسەند دەکەین، جگە لەو فەقەرانەی کەوا دەستکاریمان کردووە، دوا رەئیش رەئی ئێوەی بەڕێز و ئەندامانی پەرلەمانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەئی لیژنەی هاوبەش لەسەر ماددەی دوو بخوێننەوە تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فيما يتعلق بالمادة الثانية من المشروع تقترح اللجنتين مايلي:

1- اعادة صياغة الفقرة (3) منها بالشكل الآتي :

{ توفير فرص عمل متكافئة لكل شخص قادر عليه باعتبار العمل حق و واجب تستلزمه ضرورة المساهمة في بناء المجتمع و تطوره بغية القضاء على البطالة}

2- اعادة صياغة الفقرة (7) منها بالشكل الآتي :

{تأهيل الأحداث و ذوي الاحتياجات الخاصة تربوياً و مهنياً و اجتماعياً بما يضمن مساهمتهم في عملية التنمية و الاعمار و ازاله المؤثرات النفسية و الاجتماعية التي تحول دون ذلك }.

3- اعادة صياغة الفقرة (8) منها بالشكل الآتي :

{ الاهتمام بعوائل ضحايا عمليات الانفال و القصف الكيمياوي و تأمين الرعاية الاجتماعية و النفسية اللازمة لهم بما يتناسب مع ما تعرضوا له من الويلات بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة }.

4- اضافة خمس فقرات الى المادة و تكملة تسلسلاتها وفق المنوال المبين أدناه :

13- منح التراخيص الخاصة بفتح دور الحضانة و المؤسسات الخيرية بقطاعاتها المختلفة و الاشرا ف عليها وفق ضوابط خاصة بها.

14- ايلاء الأهمية اللازمة بالناشئة و تسخير كامل طاقاتها لخدمة و تنمية المجتمع بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة.

15- التنسيق مع منظمات المجتمع المدني التي تسعى لتحقيق نفس أهداف الوزارة و متابعة نشاطاتها و فعالياتها.

16- الاهتمام بمؤسسات الاصلاح الاجتماعي بما يجعلها مؤسسات تقويمية اصلاحية تأهيلية و العمل على رعاية اسر نزلاء الاصلاح الاجتماعي بما يضمن عدم جنوحها.

17- تشجيع البحوث و الدراسات الخاصة بمختلف الظواهر الاجتماعية مع الجهات ذات العلاقة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبەر ئەوەی بەکوردی خوێنرایەوە پێشتر، ئێمە ئێستا 12 خاڵی ماددەکە کەلەئەصڵەکەوە هاتووە، ئەیخەینە موناقەشەوە، دواتر کەتەواومان کرد ئەو خاڵانەی کەوا ئیقتراح کراوە، خاڵ بەخاڵ دەنگی بۆدەدەین و دەیخەینە ماددەکەوە، کێ دەیەوێت لەسەر ئەو 12 خاڵەی ماددەکە قسە بکات، نوقتەی نیزام فەرموو.

**بەڕێز جمال شمعون ایلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەمەبەستی ئاسانکردنی موناقەشەی ئەم پرۆژەیە، دووەم لەبەر ئەوەی تەقریری موشتەرەك تەقریرێکی موتەکاملە، داواله بەڕێزتان دەکەم بیخەنە دەنگەوە، تا ببێتە ئەساسی موناقەشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە نوقتەی نیزام نیە، ئەوە رەئیەکە، فەرموو کێ دەیەوێت قسە بکات، فەرموو تاڤگە خان تۆ ئەوەل کەسی.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵەکان جوان هاتوون بەڵام من لەسەر خاڵی هەشتەم دابین کردنی چاودێری کۆمەڵایەتی ودەروونی، بۆ خێزانەکانی پرۆسەی ئەنفال، ئەوە شتێکی زۆر جوانە، بەڵام ئێمە بیرمان نەچێت چینێکی تریشمان هەیە، بەدەر لەئەنفال و چەکی کیمیاوی، ئافرەتن کەزۆر جار بەر هەڕەشەی خێزانی دەکەون، ئەو ئافرەتانەی کەبەر هەڕەشەی خێزانی دەکەون هەمیشە روو لەماڵێك دەکەن، کە بێکەسن، مەسەلەن ئەو ئافرەتانەی

کەکەسیان نیەو روو لەماڵێك دەکەن کە ناتوانن بەڕاستی ئەمن وئاساییشیان بۆ دابین بکەن، بۆیە من دەڵێم ئەگەر بێتو، هەر بەهەمان خاڵ، یان خاڵێکی کە بێ، دابین کردنی بنکەی چاودێری کۆمەڵایەتی بۆ ئەو ئافرەتانەی کەتووشی هەڕەشەی خێزانی دەبن و لانەی خێزانیان نیە، ئەوە خاڵێك خاڵێکی تریشم/ هەندێك هەیە کە ژێری لەدەستداوە، لەبوارەکانی وەزارەتی تەندروستی جێگای بووەتەوە، ئەوانەی ژیریان لەدەستداوە، بەڵام هەندێك هەن کەدەروونیان شێواوە، ئەگەر بێتو ئەو وەزارەتە ئەوەش بگرێتە خۆی، ئەویش بەدابین کردنی بنکەی چاودێری کۆمەڵایەتی بۆ ئەوانەی کە تووشی دەروون شێواوی بوون بەعام، ئەو دوو خاڵە پێشنیار دەکەم ئەگەر بەخاڵێك یان بەئیزافەیەك لەخاڵی هەشت، ئەوە زۆر سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس ئەگەر جەنابی وەزیر مولاحەزەکان بنووسێت دوایی جوابیان بداتەوە، دکتۆرە ئاریان.

**بەڕێز د. ئاریان خالص شێخ جواد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتەکە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیە، بەڵام هیچ پێناسەیەکی تایبەتی نەهاتیە بۆ کار، جا من پێم باشە کار پێناسە بکرێت، ئەگەر لەماددەی یەکەم بێت یان لەماددەی دووەم باسی بکەین، هەروەها تەشریعاتی تایبەتی بکرێت بۆ تەنزیمی عیلاقە لەمابەینی کارو کرێکار، العمل والعمال، تەشریعاتی تایبەتی بکرێت بۆ هەندێك کاری تایبەتی کەنابێ ئافرەتی دووگیان بیکات، چونکە ترسناکە لەسەر ئافرەتی دووگیان، دەبێ دیاری بکرێت لەیەکێك لەمەهامەکانی وەزارەت، هەروەها تەبەنی خوتەتێك کەپێی دەڵێن تنمیەت موارد بەشەریە، ئەویش زۆر بڵاوە لەعالەمدا وبەکاریشی دەهێنن، پێم باشە ئەگەر وەزارەتی کار ئەوەش رەچاو بکات، الموارد البشریە لەگەڵ جیهاتی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تا ئێستا دوو مولاحەزەی قەیم درا لەلایەن دوو کەسەوە، کاك جمال.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەقەرە 3 توفیر فرص عمل متکافئة لێرە ئیزافەیەك ئەگەر بکرێت، لەسەر ئەوە ((منح سلف مالیة للمشاریع الصغیرة بالتنسیق مع وزارة العمل والشؤون الاجتماعیة في بغداد))، ئێستا ئەوان هەیانە ئەو مەشاریعە بچووکانە سولفەیان دەدەنێ، ئەگەر ئەوەش ئیزافە بکرێت سولفەی مالی محدد دیاری بکرێت، بدرێت بەمەشاریعی بچووك، ئەوە بەڕاستی عملی باشتر دابین دەکات، فەقەرەی 6- تنمیة المجتمع بما یکفل المساهمة الفعالة في عملیة التحولات الدیمقراطیة واحترام حقوق الانسان عن طریق تغییر الظواهر الاجتماعیة، الظواهر الاجتماعیة خراپ هەیە، ئەگەر موحارەبە بکرێت، التي تحول دون تطور المجتمع،

فەقەرەیەکی تر، بەنیسبەت فەقەرەی 11- العمل على القضاء على ظاهرة الفقر والعوز في الاقليم عن طريق تقديم المساعدات المالية اللازمة للمحتاجين من غير القادرين على العمل. دەکرێ ئەمڕۆ لەکوردستان بیری لێ بکەینەوە، کەئەوەی بێکارە ئەمڕۆ، چۆن لەدەرەوە هەیە لە ئەوروپا مبادئێك بۆ ئەوە دابنرێت، سۆسیال هەبێت لەکوردستان، ئەو هەموو موەزەفەمان هەیە کەبێ ئێشەو بەتاڵەی موقەنەعەیە، چاودێری کۆمەڵایەتی هەبێت بەقانون، تەنزیم بکرێت ئەو حاڵەتە، سەرووی ملیۆنێك موەزەفمان هەیە، بەناوی موەزەف بەڕاستی بەتاڵەی موقەنەعەیە، ئەوە تەنزیم بکرێت بە ڕەئی من زیاتر ئیستیفادە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حاتم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە هەموو وەزارەتێك بەقەدەر ئەرك وکارەکانی خۆی پێویستی بەوە هەیە، کەئامارێکی هەبێت بۆ بەرچاو روونی خۆی، بۆیە من پێشنیاری ئەوە ئەکەم خاڵێکی تر زیاد بکرێت، بۆ ماددەی دوو کە 11 بڕگەیە، ئەویش ئەوەیە بوونی ئامارێکی پێویست بۆ سەرجەم ئەو خێزان وکەسانەی کەپێویستە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی لە ژێر چاودێری خۆی دایانبنێت وکاریان بۆ بدۆزێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ڕەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوا دەکەم بڕگەیەك زیاد بکرێتن، اعداد دراسة جدوى الاقتصادية للاستثمار اموال الوزارة داخل الاقليم وفق التعليمات، چونکە بەنیسبەت وەزارەت دوو جۆرە ئیمکانیەت هەیە، ئیستسماری عقاراتیش ئەتوانێت بیکات، وە نقودیش دەتوانێ بیکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری ئەم سێ خاڵە ئەکەم، 1- دابین کردنی چاودێری کۆمەڵایەتی و دەروونی بۆ کەم ئەندامان و پەککەوتەو بەساڵا چووان و ئەوانەی تووشی نەخۆشی دەروونی بوون، 2- بەهاوکاری کردنی دەزگاکانی پەیوەندیدار کار بکرێت بۆ بنەبڕکردنی کاری منداڵان و کار بکرێت بۆ دابین کردنی پێویستیەکانیان، دیاری کردنی تەمەنی کار کردن، کەتاچەند تەمەنی هەبێت بۆ کارکردن، پشتگیری ئەوەی کاك جمالیش

ئەکەم، بەڕاستی بۆ بوونی سۆسیال بۆ ئەوەی ئەو کێشانە چارەسەر بکرێت، کە ژمارەی زۆری کرێکارو موەزەفی بێکار هەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دلێر فەرموو.

**بەڕێز د. دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، یەکێکە لەوەزارەتە زۆر گرنگەکان، کاتی خۆی ئێمە هەر لەگەڵ وەزارەتی تەندروستیدا، یەك وەزارەت بووە، هەندێك لەو تێبینیانەی کە من ویستم بیخەمە روو برایان پێش من باسیان کرد، من ئەمەویٚ جەخت بکەمە سەر ئەو لایەنە کەزۆر گرنگەو لێرە لەبەر کارو فرمانەکانی وەزارەتدا جەختی کراوەتە سەر، کەخاڵی یەکەمە، بەرجەستەکردنی کارە وەکو پێداویستیەکی مرۆڤ، بەڕاستی لەکۆمەلگای ئێمەدا، یەکێك لەو مەترسیانەی کەهەڕەشە لە کۆمەلگاکەمان دەکات، ئێمە کۆمەلگایەکی مشەخۆرین، ئێمە کۆمەلگایەکین نرخی کار نازانین وکار نەبووە بەپێداویستیەکی رۆژانەی مرۆڤ لەلای ئێمە، ئەمە لایەنێکی زۆر زۆر گرنگە، جگە لەوە پێم خۆش بوو باسی بکەم ودەست خۆشیان لیٚ بکەم، جگە لەوە لەخاڵی دووەم و لەگەڵ خاڵی هەشتەمدا، پێم چاکە کاتێك نووسراوە کارکردن لەپێناو ئەوەی بیمەی کۆمەڵایەتی هەموو کرێکاران، لەدوای کۆمەڵایەتی، تەندروستیش ئیزافە بکرێت، بەهەمان شێوە لە خاڵی هەشتەم دابین کردنی چاودێری کۆمەڵایەتی و دەروونیەکە ئەتوانرێت لابرێت وبکرێت بە تەندروستی، یەعنی زەمانی صحی یەکێکە لەو پێداویستی ویەکێکە لەو شتە گرنگانەی کەپێویستە لەوڵاتی ئێمەیا هەبێت، ئێمە هەموومان ئەزانین کاروباری نەخۆشخانەکان زۆر شپرزەیە، یەکێك لەو کێشانەی کە نەخۆشخانەکانی ئێمە ناتوانێت پێداویستیەکان وکارگوزاری تەندروستی پێشکەش بە خەڵك بکات، ئەوەیە کە بیمەی تەندروستی نیە، بۆیە چ ئێستاو لە ماو چ لە وەزارەتی تەندروستی کە لە ئایندەدا دێینە سەری مەسەلەی بیمەی تەندروستی و دابین کردنی تەندروستی کارێکی زۆر زۆر پێوستەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەوەی سیٚ، چوار مولاحەزەو پێشنیاری گرنگ دران، داوا لەجەنابی وەزیر دەکەم، رەئی بدات لەسەری، بۆ ئەوەی ئەگەر ئیتفاقمان لەسەر هەبێت، تیکرار نەبێتەوە مولاحەزاتەکان، ئەگەر تێبینیەکت هەبێت لەسەری، ئەگەر تەسجیلت کردبیٚ موقتەرەحەکان، جواب بدەرەوە فەرموو.

**بەڕێز عدنان محمد قادر/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەوەی تاڤگە خان باسی کرد، ئافرەتی بێکەس روو لەکویٚ بکەن، ئێمە بنکەمان هەیە، بنکەی نەوامان هەیە، لە دهۆك هەمانە، لە هەولێریش هەمانە، ئەو ئافرەتانەی کەکێشەیەکیان هەبێت، ئەگەر

کێشەکەیان بەردەوام بێت ئەوا هەر لەوێ ئەمێننەوە، ئێمە شوێنمان هەیە بۆیان تا ئەوکاتەش کە کێشەکەیان چارەسەر دەبێ شوێنمان هەر هەیە، لەبەر ئەوە ئەوە لەنیزامەکەماندا هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەبێ ئەو شتانە تەسبیت بکرێت، لەبەر ئەوەی موفتەرەحێکی باشە ئەوە، ئەگەر مانعت نەبێ با لەقانون تەسبیت بکرێت و بەقوەت بکرێت.

**بەڕێز عدنان محمد قادر/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دکتۆرە باسی ئەوەی کرد، کە تەشریعی قانونێك بکرێت لەبەینی عامل وعمل دا، ئەوە لەقانونی عەمەلدا هەیە خۆی، دیاری کراوە ئەوانە، باسی تەنمیەی مواردی بەشەری کرد، ئەوەش ئێمە دائیرەیەکمان هەیە، گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، هەمانە لەوێ بەشی مناڵی هەیە بەشی ژنانی هەیە، ئەوەی کاك جمال باسی کرد، قەرزی بچووك وئەوانە، ئێمە قەرزی بچووك بەفیعلی هەمانە، لەفەقەرەی نۆش نووسراوە، ئەو ماددەیە باسی کرد، دوای ئەوە لەفەقەرەی هەشت ئێمە چاودێری کۆمەڵایەتی و شەبەکە، ئەوە هەردووکیان یەکن ئەوە جێبەجێ ئەکرێن، لە قانونی 126ی چاودێری کۆمەڵایەتیساڵی 1982 ئەو دیاری کراوە ئەوانەی کە پێویستیان بەیارمەتی و هاوکاری هەیە ئەگەر چی مەبلەغەکەی کەمە تەبعەن، 30 هەزارە، رەنگە بۆ ئەمرۆش کەم بێت، ئەکرێ ئەوە بەنیزام لەئەنجومەنی وەزیران زیاد بکرێت، ئەوە دەچێتە زمنی ئەوەوە، شەبەکەی حیمایەی ئیجتماعی لەعێراق هەیە، ئەگەر چی لەگەڵ عێراقیش تا ئێستا موشکیلەمان هەیە، پارەکەیان نەداوە بەئێمە، قەرارە من ودکتۆر ئیدریس هادی بچینە بەغدا بۆ ئەوە، ناچمە ناو تەفاصیلەوە، کاك حاتم باسی ئاماری کرد، دیارە ئێمە بۆ خۆمان لەوەزارەت مودیریەتێکمان هەیە مودیریەتی ئامار ئیشی ئەوانە ئەکات، لەوەزارەتی پلانیش پلانێکی سەرجەم هەیە بۆ کوردستان، ئاماری هەموو هینەکانی کردووە، کاك رەشاد باسی ئەوەی کرد اعداد دراسە الجدوی الاقتصادی و ئەوانە ئێمە مجلسی ئیدارەمان هەیە، مجلسی ئیدارەی عەمەل نوێنەری کرێکارانی تیایەو نوێنەری ژووری بازرگانیشی تێدایە، ئەتوانین ئەو پارەی کەهەمانە ئیستسماری بکەینەوە لەمەجلسی ئیدارە قەراری لەسەر ئەدرێت، کاك جوتیار باسی تەمەنی نەوجەوانی کرد ومناڵی بێکارو ئەوانە، لە مونەزەمەی عەمەلی دەولی تەحدیدی سنی نەوجەوانی کردووە، لە 15 بۆ 18 ساڵ، لەلای ئێمەش هەمان شتە، وەختی خۆی قەرارێك درا لەعێراق، تەمەنی مناڵی دیاری کردبوو بە 12 ساڵ، ئێمە پێشنیارمان کرد لەئەنجومەنی وەزیران و هاتەلای ئێوە، بەڕێزتان خۆتان قەرارتان لەسەری دا، ئیلغای ئەو قانونەکرایەو کرا بە 15 ساڵ، لەبەر ئەوە لەوە کێشەیەکمان نیە، کاك دلێر باسی زەمانی صحی کرد، ئێمە لەقانونەکە ئیشارەتمان پێداوە، بە زەمانی ئیجتیماعی بەڕای ئێمە زەمانی صحیش بەشێکە لەزەمانی ئیجتماعی، چونکە شاملە، زەمانی صحیش لەناو لەزەمانی ئیجتماعیدا جێگای ئەبێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی مولاحەزاتەکان تەئیدی ئەو شتانە دەکەن، هەندێ شت هەیە کە ئەمە قانونی تازەیە دەردەچێت دەبێ هەبێت، هەندێك مەسائیل باسکرا، لەپرۆژەی دەستووری هەرێمیشدا موفتەرەحە، لەبەر ئەوەی تەئکید لە قانونەکانی وەزارەتەکاندا ئەو ئەهدافانەی کە لە دەستووردا هەیە دەبێ لەوێش تەئکید بکرێتەوە، پاش موناقەشە دوایی ئەو موقتەرەحاتانە کۆدەکەینەوەو دەیخەینە دواتر، کاك سعدالدین.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە فەقەرەی هەشتەم دەڵێت: تأمین الرعایة الاجتماعیة والنفسیة لعوائل ضحایا عملیات الانفال، لێرۆکانا لعوائل الشهداء زیاد بکرێت، لۆ بەس عەمەلیات و قەسفی کیمیاوی، شهدا لەگەڵ وی زیاد بکرێت، یەك لەو مولاحەزانەی تر، لە فەقەرەی یازدە، دەلێت: العمل علی القضاء علی ئەو عەلایە لێرەدا زیادە، ظاهرة الفقر والعوز في الاقلیم عن طریق تقدیم المساعدات المالیة، لۆ کێش للمحتاجین من غیر القادرین علی العمل.یەعنی قضاء لەسەر ظاهرەی فقر ناکرێتن بەتەقدیمی مساعداتی مالی، ئەوە لە فەقەرەیەکی سەربەخۆ بێتن کە موساعەداتی ئەوانەی کە توانای کار کردنیان نیە، نوقتەیەکی تر ئەوەیە، ئێستاکە ئێمە موچەخۆرێکی یەکجار زۆرمان هەیە، زۆریش بێ ئیشن لەوەزارەتەکان، ئەوە لەسەر وەزیری پەیوەندیدار ئەوەیە ئەو موەزەفانەی کەوا بێکارن لەوەزارەتەکان بەگەڕیان بخاتن، لەوەزارەتەکانی تر کەزۆر وەزارەت هەیە، ئێستاکە موەزەفی نیە، سایەقی نیە، بەگەڕیان بخات لەوێدا، لە مزگەوتەکان مینبەری هەر مزگەوتێك ئیعلامە یەعنی بڵاوکردنەوەی وشیاری کۆمەڵگا دەتوانرێت بەمینبەری مزگەوتەکان بێت کەوا بەهەماهەنگ کردن لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف، یەعنی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایەتی هەماهەنگی بکات لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف، دەتوانێ لەوێندەرێ وشیاری کۆمەلایەتی بەوێندەر دەکرێت، نوقتەیەکی تر ئەوەیە کەئێستاکە دیاردەیەکی زۆر ناشیرین هەیە لەشاری هەولێر، لە ڕێی کوران و بن قەلات کۆمەڵە عەمەلەیەك هەیە، کە هەموویان خڕ دەبنەوە سبەینان لەوێ، هیچ جێگایەك و بنکەیەك نیە، وەکو ئەو بنکانەی کەوا لەدەوڵەتان هەیە، کەوا کۆیان بکاتەوەو بیانێرێت بۆ ئیش، دەبینی کەهەموو غار دەدەن لە بۆ ئیش، زۆر زۆر دیاردەیەکی ناشیرینە، ئەویش لەسەر وەزیری پەیوەندیدارە کەوا چارەسەری ئەو دیاردە ناشیرینە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ئیختیصار بکەن، سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبڕگەی سێ باس لەماوەی کارکردنی یەکسان بۆ هەموو خەڵکی خاوەن توانایەکی کارکردن بێجیاوازی ڕەگەز ئەگەر تەئکیدی لێ بکرێتەوە باشترە، یەعنی ئەوە زیاد بکرێت بێ جیاوازی ڕەگەز، لە بڕگەی حەوت، باس لەبایەخدان بەچاودێری وئامادەکردنی نەوجەوانان وپەککەوتەکان و منداڵانی سەر شەقام،

مەبەست منداڵانی سەرشەقام دەكات، ئەوانەن كەلەبەر نەداری خێزانەكانیان ناچاردەبن بەكاركردن، وەك بۆیاخچی وكاری دەست گێڕی یان منداڵانی ناو زبڵ، ئەوانەی كەلە زبڵدا دەگەڕێن وشت كۆدەكەنەوە، ئەگەر ئەوانە چاودێری بكرێن چونكە بەپێی یاسا منداڵ نابێت كار بكات، لەبڕگەی هەشت، دابین كردنی چاودێری كۆمەڵایەتی و دەروونی بۆ خێزانەكانی قوربانیانی پرۆسەكانی ئەنفال وشەهیدانی چەكی كیمیاوی ئەوە لەپێناسەی شەهیدیشدا كاتی خۆی باسم كرد لەبەرچاو نەگیرا، چونكە لێرەدا كەتۆ تەحدیدی دەكەیت دەڵێیت پرۆسەی ئەنفال و چەكی كیمیاوی ئیتر قوربانیانی حاڵەتەكانی تر وەكو تۆپباران یان حاڵەتەكانی دی بەچەكی تر كەدەكوژرێن، ئەگەر بنووسرێت چەكی كیمیاوی، كۆمەڵكوژی و كارەساتەكانی جەنگ، یەعنی كۆمەڵكوژی و كارەساتەكانی جەنگی بۆ زیاد بكرێت، بۆ ئەوەی شمولی هەموو قوربانیەكان بكات، لە بڕگەی نۆیەم، باس لەدامەزراندنی پرۆژەی بەرهەمهێنانی خێزانی دەكات، ئەوە ئەگەر بكرێت بەپرۆژەی بچووكی بەرهەمهێنان شەرت نیە، چونكە ئەو پرۆژانە تایبەت بن بەخێزانێك، جاری وا هەیە پرۆژەی بچووك بۆ كۆمەڵێك ژن، بۆ كۆمەڵێك خەڵك لەگوندێك دەكەیەوە، كە ئیشی دەست دەزانن، شەرت نیە خێزانی بێت، ئەگەر بگوترێت پرۆژەی بچووكی بەرهەمهێنان، بەنیسبەت پێشنیارەكانی لیژنەی هاوبەش، لەگەڵیاندام كە ئەو بڕگانەیان زیاد كردووە كە دەڵێت گرنگی دانی پێویست بەمنداڵی تازە پێگەیشتوو یەعنی ئەو موستەڵەحە وەكو پێویست نیە، منداڵی تازە پێگەیشتوو مەبەستی چیە، منداڵ هەر منداڵە ئەگەر تازە پێگەیشتووش بێت، ئەبێ بڵێین نەوجەوان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس لە قسەكردندا مولاحەزەی ئەوە بكەن، كە پرۆژەكە هەیەو موقتەرەحی لیژنەی هاوبەشیش هەیە، یەعنی هەندێ موقتەرەحات دەكەن لە لیژنەی هاوبەش موعالەجە كراوە، یەعنی لەسەر ئەساسی پرۆژەكە تیكراری هەندێ شت مەكەنەوە، كە موعالەجە كراوە و موقتەرەحی تازە تەقدیم كراوە، بڵێ پشتگیری موقتەرەحی لیژنەی یاسایی دەكەم، جوملەیەك بدۆزێتەوە لەخاڵی هەشتەم سێ جار تكرار دەبێتەوە، كە زەحایەی هەموو ئەوانەی جینۆساید بگرێتەوە، لەجیاتی ئەنفال وقەصفی كیمیاوی زەحایەی جینۆساید هەمووی دەگرێتەوە، وەكو لەقانونی وەزارەتی شەهیداندا ئەوەمان دۆزیەوە، كاك شێروان ئینتیباه بكەن ئەو جوملەیە بدۆزنەوە، لەخاڵی یازدە، العمل على القضاء ئەوە باسیشیان كرد، هەر یەكسەر بكرێتن بە تقديم المساعدات المالية اللازمة للمحتاجين من غير القادرين على العمل، ئەوە كافیە بەبێ ئەوەی، چونكە القضاء على ظاهرة ئەوە شتێكی قورسە، ناشكرێتن، تقديم المساعدات المالية اللازمة للمحتاجين من غير القادرين على العمل، خاڵێكی كەش باس لەوەی دەكات بەبێ جیاوازی رەگەزی نەشنووسرێت عەینی مەفهوم دەگەیەنێت، زۆر بەوازحی هاتووە، دەڵێ ئەوانەی كەموحتاجن، فەرق و جیاوازی ناكرێتن لە موحتاجدا، ئەوانەی كەپێویستیان بەئیش وكار هەیە، كاك سەردار.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەشێکی زۆری قسەکانی من دووبارەیە بۆ قسەی برادەران بۆیە دووبارەی ناکەمەوە، تەنها دوو تێبینیم هەیە، ئەوەی یەکەمیان لەسەر بڕگەی 5 پێم وایە ئەگەر ئیعادەی صیاغە بکرێتەوە، بگوترێت العمل على وقاية المجتمع من الجنوح نەك ايلاء الاهمية القصوى ئەوە یەك، دوو بڕگە 10 دەڵێت: عن طريق اقامة الدورات والزيارات الميدانية للعوائل وبمساهمة وسائل الاعلام المختلفة. پێم وایە زۆر وەسائیلی دیکە هەیە زۆر بەقوەتە، دەتوانێ ئەو هەدەفە جێبەجێ بکات، بۆ بڵاوکردنەوەی مبادىء وقيم نبيلە یان ئەگەر ئەوە هەمووی حەزف بکرێت، عن طريق اقامة الدورات والندوات بوترێت بكافە الوسائل المتاحە وسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو موقتەرەحەی کاك سەردار بەجێیە پێم وایە جەنابی وەزیر، لەجیاتی ايلاء الاهمية بوترێت العمل على وقايە المجتمع من الجنوح، تەکمیلەی صیاغەکەی بکرێتەوە، دکتۆرە شوکریە.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من چەند تێبینیەکم هەیە، با سەرەتا لەخاڵی پێنجەوە دەستی پێبکەم، لێرەدا ئەوپەڕی بایەخدان بەپرۆسەی خۆپاراستن لەلاساری، لەزمانی کوردیدا یەعنی هاروهاج یەعنی عەجول، جا لەبەر ئەوە وا پێشنیاز ئەکەم، ئەگەر لادان بێت زۆر جوانترە، ئەم وشەیە دابنرێت، خاڵێکی تریشم هەروەکو جەنابتان ئاماژەتان پێکرد، لەخاڵی هەشتدا لەجیاتی قوربانیانی ئەنفال و چەکی کیمیاوی وەکو بەڕێزتان ئاماژەتان پێکرد، خاڵی دوازدە بەشداری کردن لەسەر ئاستی عێراقی و نێودەوڵەتی، هەروەها ناوچەیش بگرێتەوە، چونکە زۆرجار ئێمە ئەو بەشداری کردنە لەدوەلی وەکو ئوردن، وەکو تورکیا، وەکو ئێران ئەو شوێنانەش ئەبێت، بۆیە باناوچەیش بێت، بەڕاستی بێمە سەر ناوەڕۆك وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی ئەرکێکی کۆمەڵایەتی گەورەی لەسەر شانە، ئینجا بۆ ئەوەی من پشتگیریی خوشکە تاڤگە ئەکەم، کەئەو پێشنیازەی کرد بۆدابین کردنی خانەی تایبەت بەو خێزانانەی بەتایبەتی ژنان کەکێشەیەکی کۆمەڵایەتیان هەیە، لەدەست مێردەکانیان هەڵدێن، یاخود زۆر رۆژ نیە ئێمە لەجەریدەو رۆژنامەکاندا، نەیخوێنینەوە ئەم ژنانە چۆن دووچاری لیدان و کوشتن وئەتك کردن دەبن، بەدەست پیاوەکانیانەوە، من پێشنیازێك ئەکەم، شان بەشانی ئەمەش خانەیەکیش بکرێتەوە بۆ ئەو پیاوانەی کەوا کێشەی کۆمەڵایەتیان هەیە، زۆر پیاو هەیە شەرم ئەکات بچیتە ماڵێکەوە کەخێزانەکەی دەری کردووە، من ئێستا دەیان نموونەشم لایە، ئەمە یەك، دووش بەڕاستی پێویستە ئێمە خاڵێکی دیاری کراو دابنێین، بۆچی پێتان شەرمە، کاك عبدالرحمن لێرەبووایە دوێنێ باسی چی کرد ژنەکە چی لەپیاوەکەی کردووە، پێویستە خاڵێك زیاد بکرێت جەنابی سەرۆك ئێمە ئێستا کێشەیەکی گەورە هەیە، بۆ کوشتنی ژنان، بۆ ئەتك کردنی کچان، بۆ فرۆشتنی کچان، پێویستە ئێمە ئاوڕێکی تایبەتی بدەینەوە، سزا بۆ ئەو بکوژانە دیاری بکرێت کەئەو کچانە والێ ئەکات، یان

ئەو ژنانە دەكوژێت، لەهەمان كاتیشدا، وەكو ئاماژەم پێكرد، جەخت بكرێت لەسەر ئەوەی كەشوێنێكی تایبەتیش بۆ ئەو ژنانە دابنرێت، خاڵێكی ترم پێویستە هەماهەنگی بكرێت لەبەینی وەزارەتی كۆمەڵایەتی وزانكۆی سەلاحەدین بەشی كۆمەڵناسی و هەموو زانكۆكانی تر، كە زیاتر سوود لەوبەشە وەربگرن، كەبەڕاستی گرنگیەكی تایبەتی هەیە، هەروەها پێویستیشە ئەم وەزارەتە شوێنی نیشتەجێ بوون بۆ خەڵك دابین بكات، ئەوانەی كەنەدارن، ئەوانەی كەوا ئیمكانیەتیان كەمە، هەروەها ئاسانكاری بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری، ئەمە لێرەدا بەتایبەتی دەبێتە هۆی كەمكردنەوەی كێشەی قەیرەیی، بەڕاستی ئەگەر ئێمە ئەم وەزارەتە ئاسانكاری تایبەت دابنێت وزۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تەبعەن ئێمە لەبەر رۆشنایی موداخەلەكان پێشنیاری تازە دێتە پێشەوە، ئەوەندەی بۆمان بكرێتن مولاحەزەكان ئەنووسین، وەنەبێتن ئیهمالمان كردبێتن، دەیخەینە دەنگەوە پاش رەئی جەنابی وەزیرو لیژنەی قانونی دەیخەینە دەنگەوە دواتر، كاك تەلعەت.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی راستی بێت تێبینیەكەی من تاڤگە خان باسی كرد بەدوورو درێژی پێویستی بەدووبارە كردنەوە ناكات، منیش پشتیوانی لێدەكەم وزۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

منیش سوپاست دەكەم، هەمووجاریش دەیڵێمەوە ئەمسالت زیاد بێت، كاك عوسمان احمد.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەسەر برگەی پێنج ایلاء الاهمیة القصوی لعملیة الوقایة بەڕاستی من داوا دەكەم لعملیه العلاج من الجنوح، بێت چونكە چارەسەركردنی لاساری بۆخۆی شتێكی ترە، برگەی حەوتەم، نووسراوە الاهتمام برعایة وائەزانم ئەوە مەنتق نەبێت الاهتمام ورعایة واتە بایەخدان و چاودێری كردن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازەم بدەی لیژنەی قانونی بۆ برگەی حەوت صیاغەیەكی تری تەقدیم كردووە، تازە وتم ئەو صیاغەیە ئەگەر رەئیت لەسەری هەیە، چونكە جەنابت دەڵێیت لەموفتەرەحی لیژنەی قانونی موعالەجە كراوە.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیاری ئەوە كرا لەلایەن یەكێك لەبرایان وابزانم مامۆستا جمال بوو پێشنیاری ئەوە كرا، كە راپۆرتە موشتەرەكەكە بكرێتە ئەساس، بەڵام نەكرا منیش لەسەر ئەو ئەساسە قسەم كردووە، دەنا ئەوەی لیژنەی

موشتەرەك جێگای خۆیەتی، كاك حاتم باسی ئاماری كرد، جەنابی وەزیریش ئیشارەی پێدا كەوا لەوەزارەت خۆی دائیرەیەكی ئامار هەیە، بەڵام من پێم وایە لەو ماددەی دووەدا دەبوایە، وەكو ئیهتیمام زیاتر دان، چونكە بەڕاستی لەسەر ئەساسی ئامارێكی ڕاست دەتوانرێت وەزارەت پلانەكانی سەركەوتوو بێت، بۆ ئەو ئیشەی كەهەیەتی، خاڵێكی دیكەم مەبەستە، دەروەزە بابڵێین شتێكی قەدیم وجەدیدە، بەڵام دەروەزە هەیە كەسێك فەقەیرە، بۆیە دەروەزە دەكات، ئێستە دەروەزە كردن بووەتە دەروەزەكاری، واتە كاری دەروەزەكردن، ڕەنگە ئەو كەسەی كەدەروەزە دەكات هەژار نەبێت، بۆتە پیشەیەكی ناشیرینی كۆمەڵایەتی لەكوردستاندا، كێشەو گرفتی كۆمەڵایەتیش دروست دەكات، بەڕاستی ئەوە جێی خۆیەتی وەزارەت بەهاوكاری لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی ئەوقاف زۆر جێی خۆیەتی مامۆستا سعدالدین باسی كرد، هەماهەنگیەك هەبێت لەنێوان ئەو سێ وەزارەتەدا بۆ چارەسەری ئەوباسانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، هەربۆ تەعلیقدان لەسەر ئەوەی كەكاك جمال ئیقتراحی كرد، خۆی پرۆژەكە هەیەو راپۆرتی لیژنەی هاوبەشیش هەیە، بەڵام پرۆژەی هاوبەش ناتوانین بیكەینە هەمووی، چونكە هەندێ خاڵی وەكو خۆی هێشتوەتەوە، تەئیدی هەندێ خاڵی كردووەو دەستی لێنەداوە، هەندێ خاڵیشی تەعدیل كردووە، هەندێ موقتەرەحی تازەشی هێناوە، لەبەر ئەوەی كەمونافەشە ئەكەینەوە، ئەو خاڵانەی كەرەئی لەسەر نیە، دێینەوە سەر ئەصڵی پرۆژەكە رەئی لەسەر ئەدەین، ئەو خاڵانەی هەمواركراوە، لەسەر هەمواركردنەكە رەئی ئەدەین، ئەو خاڵانەی پێشنیاریش كراوە، دواتر موناقەشەی لەسەر ئەكەین، لەبەر ئەوە دەبێ تۆزێك دیقەتمان هەبێت، لەوخاڵانەی كەرەئی لەسەر ئەدەین، كاك عوسمان بانی مارانی.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا دیارە زۆربەی قسەكانی من كرا، قسەكانی كەكردیان دەستیان خۆش بێت برادەران بەڵام لە بڕگەی یازدە، قسەیەكم هەیە، باسی نەهێشتنی هەژاری دەكات، ئایا ئەو كەسانەی لەبڕگەی 11 هاتیە، نەهێشتنی هەژاری ئەو كەسانەی كەناتوانن كار بكەن، مەقسەد لەوانە كەم ئەندامە یان بەتەمەنە، ئەگەر كەم ئەندامە ئەوە لە شوێنی خۆی مووچە وەردەگرن، ئەگەر بەتەمەنە بكرێت بەیاسایەك، كە ئەو كەسانەی كەتەمەنیان لەسەرووی 60 ساڵە یان 65 یان چەندە، بەیاسا دەربچێت، هەموو كەسێك لەو تەمەنە مووچەی بدرێتێ، من پێم وایە ئێستا نازانم ڕەنگە جەنابی وەزیر خۆی بزانێت، ژمارەیەكی یەكجار زۆر خەڵك مووچە وەردەگرن وكار ناكەن لەسەر وەزارەتی كۆمەڵایەتی، حەقە جەنابی وەزیر ژمارەكەی ئیعلان بكات لێرەدا، تا بزانین چەندە، من بۆ ئەو مەسەلەیە پێشنیار دەكەم، كار بدۆزرێتەوە بۆ ئەو كەسانەی كەوا مووچە وەردەگرن وكار ناكەن، لە حكومەت یان ئەو كۆمپانیانە كەئێستا ژمارەی كۆمپانیا لە

کوردستان زۆر زیادی کردووە، یەعنی یەکجار زۆرە هەر لەبەر ئەوەی کارەبایان بەلاشە، هەرکەس ئوتێلەکەی خۆی یان خانووەکەی خۆی دەکاتە کۆمپانیا، لۆ ئەوەی کارەبای فولی بدرێتێ، بۆیە حەقە ئەو کەسانە، هەموو کاریان بۆ بدۆزرێتەوە بەیاسایەك لەبەینی کۆمپانیاو حکومەت، کارمەندەکان رێك بخرێن وتەنزیم بکرێن، خەڵك حەرەکەی بکەوێتە ناو بازارو خەڵك مشەخۆر نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆخۆتان ئاگادارن زۆربەی بەڕێزانیش ئاگادارن، مەسەلەی کارکردن ئێستاکە زۆر کۆمپانیا پەیدابوونە کرێکار لەدەرەوەی وڵات دێنن و لێرە کاریان پێدەکەن، هەر لەماوەی رابردووشدا، لەهەولێر شارەوانی بەشێکی زۆری کرێکارەکانی لاداو دایە کۆمپانیایەك بۆ پاککردنەوەی هەولێر، بەداخەوە خەڵکەکە بێکار بوو، لەو رووەوە، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم برگەیەك زیاد بکرێتن، لەو ماددەیە هەلی کارکردن زیاتر بدرێت بەکرێکاری ناوخۆ، نەك کرێکاری بیانی ئەوە خاڵێك، خاڵێکی تر مەسەلەی کارکردن بەمنداڵان، بەشێوەیەکی وابێت هەر قەدەغەبکرێتن، یەعنی بنووسرێت لەبڕگەکە کارکردن بەمنداڵان قەدەغەیە، یان قەدەغەکردنی کارکردن بەمنداڵان، لە بڕگەی 10پێم باشە ئیزافەی ئەوە بکرێتن، لە کۆتایی بڕگەکە ئەو ئیزافەیە بکرێتن، دابینکردنی چاودێری کۆمەڵایەتی بۆ گوند نشینەکان، بەتایبەت گوند نشینەکان بەڕاستی لە زۆرخزمەتگوزاری بێبەشن، حەقە ئەوانیش چاودێری کۆمەڵایەتیان بۆدابین بکرێت، ئەوە یان لەکۆتایی بڕگەی 10 ئیزافە بکرێتن، یان برگەیەکی تایبەتی بۆدابنرێتن، مەسەلەی سواڵکردنیش کەکاك عوسمانیش باسی کرد، من لەپێشنیارەکانی خۆم نووسیومە باسی بکەم، ئەمڕۆ لەکوردستان کەباس لەوە دەکەین ئێمە بەگوێرەی ئەو یاسایە بیمەی کۆمەڵایەتی تەئمین بکەین بۆ هەژارونەدارانی کوردستان، یان بۆ ئەوانەی کەکاریان نیە، حەقە لێرەدا یەکێك لەئامانجەکانی وەزارەت نەهێشتن وبنبڕکردنی دیاردەی سواڵکردن بێت لەکوردستاندا، لەبەر ئەوەی بەڕاستی دیاردەیەکی زۆر ناشارستانیە، لە زۆربەی شاروشارۆچکەکانی کوردستان خەڵك دەبینین رۆژانە خەریکی سواڵکردنن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو ڤیان دزەیی.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر باشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵەکانم زۆر باسکرا، بەڵام ئەوەی کەمن دەمەوێت تەئکیدی لەسەر بکەم، خاڵی چوارەمە هۆشیاری پیشەیی لەگەڵ خاڵی دەیەم، کارکردن بەهاوکاری هۆیەکانی راگەیاندن، ئەو دووخاڵە یەکتری دەگرنەوە، چونکە ئەگەر بێتوو سیاسەتی هۆشیاریەکی پێویست بەبەرنامەیەکی درێژخایەندا دابڕێژین، ئەمەش

لەڕێگای ڕۆژنامەو رادیۆو تیڤی، ئەم سیاسەتە وەها رێك بخرێت، کەوا ئەنجامێکی وەها بەسوود بداتە دەستەوە بەشێوەیەك هۆشیارییەکە لەڕێگای ڕاگەیاندن بێت، کەرۆڵێکی پۆزەتیڤی هەبێت کەبەرپرسیاریەتی خەڵکەکە پیشان بدات، بەڕەئی من ئەو هۆشیاری پیشەییە لەگەڵ خاڵی دەیەم راگەیاندنەکە بەو شێوەیە کەمن ئاماژەم پێکرد، بەرنامەیەکی درێژخایەنی بۆ دابڕێژرێت، لەڕێگای رۆژنامەو رادیۆو تیڤی، ئەوە خاڵێك، خاڵێکی تریشم لێرە باسکرا لەپێناو بیمەی کۆمەڵایەتی، لێرە من پێشنیاز دەکەم، ئەوەشی بۆ زیاد بکرێت کەوا دەرماڵەی ترسناکی، مخصصات خطورة زیاد بکرێت لە بۆ ئەوانەی کە ئیش دەکەن، ئایا نەخۆشن یان منداڵن یان دووگیانن، لەگەڵ هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتی دارایی، لەخاڵی شەشەمیش پەرەپێدان بەکۆمەڵگا بەجۆرێك بەشداری کاریگەرییانە بکرێت لەپرۆسەی گواستنەوە، ئەوەش دانیشتن بکرێت بەرێك وپێکی لەنێوان وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی ووەزارەتی پەروەردە، لۆ ئەوەی شتێکی وا لۆ بەرەو پێش بردنی قۆناغی دیموکراسی و رێز لەمافەکانی مرۆڤ بگیرێ، خاڵێکی تریش کەلێرە هەمانبوو، ئەوەی کەئاماژەیان پێکرد، من لەگەڵ کوێستان خان چووین، سەردانی وەزیرمان کرد بۆ کردنەوەی ئەو خانەیە بۆ ئەو ئافرەتانەی کەوا لە بەندینخانە هیچیان لەسەر نیە، هیچ شوێنێکیشیان نیە کەوا لێی بحەوێنەوە، ماڵە بابە یان ماڵی هاوسەریتیان، بۆ شتێکی وا چووینە لای وەزیر، ئیتر نازانم بەچی ئەنجام گەیشتیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو ڤیان سلێمان.

**بەڕێز ڤیان سلێمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا من یەك پێشنیارم هەیە، پێشنیارەکەشم ئەوەیە کردنەوەی خولی شیاندن و راهێنانی پیشەیی لەبوارە جیاوازەکاندا، بەهاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە، چونکە بەڕاستی ئێمە پێویستیەکی زۆر زۆرمان هەیە، کە خەڵکی خۆمان فێری پیشە بکەین، ئەوە یەك دووەمیش دەستنیشانکردنی تەمەنی کارکردن، کە پێش منیش کاك کریم ئیشارەتی پێدا، وگرنگیەکەی دیسان ئاماژەی دەدەمێ، کە پشتیوانی رەئیەکەی بکەم، هەروەها گرنگیدان بەشیاندن وراهێنانی ژنان لەبوارە جیاوازەکاندا ودۆزینەوەی هەلی کار بۆیان، چونکە بەڕاستی دوو لەسەر سێی کۆمەڵگەی ئێمە ژنە، ژنی ئێمەش هەر ئەزانین رادەی نەخوێندەواری لەنێوان ژناندا زۆرە، ژمارەیەکی زۆر کەم ژن هەیە، کارمەندە یان مامۆستایە ئیش دەکات، ئەوانی دی هەمووی خانەنشینن، دەبێ گرنگیەکی زۆری بدرێتێ، ئەوان فێری ئیش بکرێن و هەلی کارکردن بۆیان بدۆزینەوە، بۆ ئەوەی بتوانێ پێش بکەوێت کۆمەڵگاکەمان، خاڵێکی دیکەشم هەیە ئەوە نازانم لێرە چۆن باسی بکەم، بەڵام بەنیسبەت ئەو پێشنیارەی تاڤگە خان ئیشارەتی پێدا، خانەی حەواندنەوەی ژنەکان، وابزانم ئەوەی کەمن ئاگادارم شوێنی حەوانەوەی ژنەکان هەیە ئەوانەی کێشەی کۆمەڵایەتیان،

هەیە بەڵام ئەگەر بەیاسا بخرێتەوە سەر وەزارەتی کاروباریی کۆمەڵایەتی، لە دهۆك هەیە وابزانم لە هەولێریش هەیە، ئەگەر بەیاسا بخرێتەوە سەر وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو شیرین فەرموو.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەتا من پرسیارا بەنیسبەت سجنی ئەحداسا، بەس لەمەرکەز محافەزە هەیە، ئەز پرسیارا ژ جەنابی وەزیرا دکەم، لە مەرکەز محافەزە بتەنێ، سجنی ئەحداس هەیە، هاتن وچون گەلەك زەحەمەتە، هەنوکە بۆ حەڵکێ مە هاتووچون بکەن، لە دەڤەرێ دی هەبت لەزاخۆ ئەوە هەبتن، مەفروزە نە تەنها لەمەرکەزێ محافەزە هەبتن، بەلکی مەفروزە لەدەڤەری بتر هەبتن وەکی باژێرێ زاخۆش ژ هەبتن، لەبەر هاتوو چون گەلێك زەحەمەتە، هەروەسا ئەحداسا لە مەرکەزا گەلەك جارا، دەبێ لەوێ بەصمە بسەنن، بەس بۆ مقابەلە دگەل باحسی اجتماعی هەبتن، گەلەك جارا ئەو مقابەلە نابتن، ئاریشە گەلەك زۆرە، موشکیلە گەلەك زێدە زێدەنە، من حەز دکەم بنگەهێن تایبەت هەبتن، لەدەڤەرە دیتر وەکی قەزاکێ زاخۆ، قەزای دی ژی بۆ چارەسەریا ڤان موشکیلە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشەکی تەئکید دەکەمەوە سەر ئەو خاڵەی کە کاك غفور مەخموری لەسەری وەستا، زۆر بوونی کۆمپانیاو هێنانی کرێکاری بیانی، بەڕاستی داوا دەکەین کەمکردنەوەی کۆمپانیا یاخود یان نەهێشتنی ئەو کۆمپانیایانەی کە کرێکاری بیانی ئەهێنن، بەڵکو ئیهتیمام دان یاخود گرنگی دان بەکرێکاری خۆمان، دوو من لەخاڵی 14ی پێشنیار کراو، یاخود زیاد کراو، لەلایەن هەردوو لیژنەکانەوە، باسی دەزگاکانی چاکسازی یاخود کۆمەڵایەتی دەکرێ، خێزانی ئەو خەڵکانە کەچاکسازی دەکرێ، کەچی باسی ئەو خەڵکە نەکراوە، من پێم باشە باسی ئەوان بکرێت، باسی پێداویستیەکانی ئەوان بکرێ، باسی لایەنی ماڧ مرۆڤی ئەوانەی کەلەو چاکسازییەدان بکرێت، جامن سیغەیەکم نووسیوە، ئەگەر ماوە بدرێت بۆتانی بخوێنمەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا بۆمانی بنێرە باشترە، ئەوە دوو برادەر قسەیان کرد لەسەر هێنانی کرێکاری بیانی، لەبەر ئەوە ناکرێت ببێتە موفتەرەحێك، هێنانی کرێکار ناکرێ بخرێتە قانون، ئەوە ئیتقراحێکی موەقەتە، بەقەرارێك ئیزن دراون، بەقەرارێکیش ئیزنەکە لادەبرێتن، نابێتن داخلی ئەوەی بێت، ئەوە تەنزیمە بەتەعلیماتێك دەبێتن، بەتەعلیماتێکیش لادەچێتن، خاتوو کوێستان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەرمەسەلەی کەم ئەندامی شۆڕشی گەلەکەمان، دیارە کاك جوتیار شتێکی باس کرد، لەسەر کەم ئەندام، بەلاّم ئێمە لەکاتی موناقەشەکردنی یاسای شەهیدان وئەنفال، وتمان کەم ئەندام خراوەتە سەر وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلاّیەتی، بەلاّم لێرە ئیشارەتی پێنەدراوە، ئەمانەی کەوا لەمەودوا لێرە مووچە وەرئەگرن، داواکاری وپێویستیەکانیان لەسەر ئەم وەزارەتەیە، پێویستە بەتەنها بڕگەیەك هەبێت، ئیشارەت بەماف وداواکاریەکانی هەموو کەم ئەندامەکانی شۆڕشەکانی میللەتەکەمان بدات، مەسەلەیەکی تر کەمن پێشنیار ئەکەم لێرە جێگای بکرێتەوە، مەسەلەی زیندانەکانە کە کاك شێروان باسی کرد، کە ئەنجومەنی وەزیران زیندانیەکانی داوەتەوە بەوەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلاّیەتی، بۆیە پێویستە لێرە بڕگەیەك هەبێت، کە باسی زیندانیەکان بکات، چۆن ئەو زیندانانە هاوچەرخ بکەین، ئەو زیندانانە شوێنی چاککردنی لایەنی کۆمەلاّیەتی زیندانیەکان بێت، لەسەر ئەو پێشنیارەی تاڤگەخان باسی کرد، کە ئێمە پێشتر وەکو لیژنەی داکۆکیکردن لەمافەکانی ژنان، وەکو ڤیان خان باسی کرد، پێشنیارمان دابوو بە کاك عدنان، ئەوەی ئێمە ئاگادارین، حکومەتی هەرێم تەنها سەنتەرێکی هەیە سەنتەری نەوا کەوا بۆ هەموو هەرێمە وەچەند سەنتەرێکی ناحکومیش هەیە، بۆیە من پێشنیار ئەکەم خالّی پێنج لەئەخیرەوە، ئەوەی بۆ زیاد بکرێت، حکومەت هەولّی کردنەوەی سەنتەری تایبەتی بدات بۆ دالّدەدانی ئەو ژنانەی کەوا رووبەرووی توندوتیژی ئەبنەوە وهاوکاری سەنتەرە ناحکومیەکانیش بکات، مەسەلەیەکی تری گرنگ هەیە، هەرچەندە لەراپۆرتی هاوبەشدا باسی لێوە کراوە، بەلاّم من پێشنیارەکە ئاوا ئەکەمەوە، ئەو دایەنگانەی کەوا وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلاّیەتی سەرپەرشتیان ئەکات، دیارە دایەنگایەکی زۆر هەیە لەهەرێمی کوردستان، بەلاّم ئەو دایەنگایانە، تا ئێستا بەڕاستی دایەنگای هاوچەرخ وپێویست نین، پێویستە پێش بخرێن ئەم دایەنگایانە، بۆ هاوکاری کردنی ژنانی فەرمانبەر، زیاد کردنی دایەنگایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازانم جەنابی وەزیر بەنیسبەت کەمئەندام، کەم ئەندامیش عایدی وەزارەتی ئێوەیە.

**بەڕێز عدنان محمد قادر/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەلاّیەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لای ئێمە لە وەزارەتی کاروباری کۆمەلاّیەتی(51)هەزار کەم ئەندام مووچە وەردەگرێت، بەلاّم ئەوانە هی سەنگەر نین، هی ئەوانەن کەلەکارەسات و تۆپبارانددا کەم ئەندام بوون، یان بەهۆی لوغمەوە ئەوانە هاوولاّتین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، خاتوو نازناز فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت فەقەرەی سێ ماوەی کارکردنی یەکسان پێم باشە ئەم عیبارەتەش زیاد بکرێت، وە ڕەخساندنی هەلی یەکسان، بۆ دۆزینەوەی کار، بۆ هەموو خاوەن توانایەکی کارکردن، دابین بکرێت و تەئکید بکرێتەوە لەسەر یەکسانی ڕەگەزی لێرەدا، هەروەها خاڵێکی تر زیاد بکرێت، لە نەتیجەی گفتوگۆکانی کاك غفور و کاك عوسمان، هەر بەم شێوەیە بێت، کارکردن بۆ نەهێشتنی کلتوری تەمبەڵی و سواڵکەر پەروەری، چونکە ئێمە لەناو کلتورماندا هەیە، دائیمەن بەزەیمان بە سواڵکەر دێتەوە بەمەش ئەوان تەشجیع دەکەین کە سواڵکەر پەیدا ببێت، خاڵێکی کە زیاد بکرێت، چاودێری کردنی ئافرەتی کرێکار بەمەبەستی پێش گرتن لە ئیستغلالی ئەوان لەماوەی کارکردنیان، ئەمە دیاردەیەکی جیهانیە لە زۆر شوێن ئیستغلالی ئافرەت دەکرێت بەهۆی حاڵەتە جنسیەکەیەوە، بۆ ئەمەش دەبێ موراقەبە هەبێت لەلایەن وەزارەتێکی هەرێم بۆ ئەوەی لەو شوێنانەی کەئافرەت کاردەکەن بەتایبەت ئافرەتی کرێکار، پێویستە ڕێگە بگیرێت لە ئیستغلالی ئەوان، هەروەها فەقەرەیەکی تر زیاد بکرێت، چاودێری کردنی جێبەجێکردنی یاسای ڕێگە گرتن لەکارکردنی منداڵان، چونکە ئەمە لەدەستووری عێراقیشدا هاتووە، بەپێی ئەو ڕێکەوتننامانەی نێودەوڵەتی نابێ منداڵ کار بکات، ئەمە ئەرکی وەزارەتە کەوا ئالیەت ببینێتەوە بۆ ئەوەی ڕێگە بگرێت لە کار کردنی منداڵان، بۆیە لێرەدا منیش ئەڵێم خاڵی دوانزە کەوا لیژنەی هاوبەش داویەتی بەنیسبەت منداڵانی تازە پێگەیشتوو، زۆر ناوازحە، مەفهەم نیە، نازانین ئێمە لێرە مەبەستیان کاریان بۆ بدۆزرێتەوە یان ڕێگە بگیرێ لەکارکردنیان و وزەکانیان بەشێوەیەکی تر سوودی لێوەربگیرێت، خاڵی دوازدەهەمی موقتەرەحی وەزارەتیش کەدەڵێت بەشداریکردن لەسەر ئاستی عێراقی ونێودەوڵەتی لە جموجوڵەکانی پەیوەست بەتایبەتمەندیەکانی وەزارەت، بەڕای من ئەمە زۆر زیادەیە، چونکە ئێمە هەرێمین بەشێکین لە عێراق ، پێویستە بەشدار بین لەهەندێ شتی هاوبەشی نێودەوڵەتیش، ئەمە تەحصیل حاصڵە، بەپێی ئەو ڕێکەوتننامانەی کەلەدەستوریش ئیقرارکراوە، ئێمە دەبێ لەمەسەلەی ئەنتەرناشوناڵ دانەبڕێین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد فرج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا زۆرێك لەقسەکانم کرا، خاڵی سێیەم پێم وایە لەبەینی پرۆژەکەو لەبەینی ئەو ڕاپۆرتە هاوبەشەدا تەنها رؤية البطالة ئەم تەوفیری عەمەلە لکل قادرين على العمل، وا بزانم ئەوە پاڵ ئەنێت بەتاڵەوە یەعنی تەحصیل حاصڵ ئەبێت، بەڵام من تەمەنا ئەکەم، وەزارەت دروشمێك بۆ خۆی دروست بکات، کار بۆ کارگەر، کار بۆ ئەو کەسەی کە ئەیەوێت کار بکات، کە ئێستا بەپێی ئەو ئامارەی کەوا لەلای ئەو هەیە، خەڵکێکی زۆر مەعاش وەردەگرێت، بەڵام کار ناکات، خاڵی حەوتەم لە پرۆژەکەدا وا هاتووە، الاهتمام برعاية، بەڵام لە

راپۆرتە هاوبەشەکەدا، تأهيل احداث فەقەرەیەکی بۆ زیاد بکرێت، واعمار الاقلیم بما لایتعارض و قانون تحدید سن العمل، ئێمە پێشتر قانونێکمان دەرکردوە بەداخەوە ئەبوایە تۆزێك موراعاتمان بکردایە، یەعنی 15 ساڵمان داناوە، نابێ لە15 ساڵ کەمتر بەهیچ جۆرێك منداڵ کار بکات، لەبەر ئەوە لێرەدا پێویست بەوە ئەکات، ئاماژەیەك بەو خاڵە بکەین، لەخاڵی هەشتەم تأمین الرعایة الاجتماعیة والنفسیة لعوائل ضحایا عملیات الانفال والقصف الکیمیاوي، وا ئەزانم ئەم ئیهتیمامە کاری وەزارەتی شەهیدانە، بەڵام ئەگەر ئەم ئەیەوێت بیکات بەکاری خۆی، تەنها ئەوەی بۆ زیاد بکات، تأمین الاهتیمام بۆ ئەو عەوائیلانە، واتە تەنها ئیهتیمامەکەی لەدابین کردنی بیمەی کۆمەڵایەتی و ریعایەتەوە بێت، لە خاڵی نۆیەم، پێم باشە فەقەرەکە بەم جۆرەی لێ بێ، تشجیع الاستثمار والانتاج الاسري، بەڕاستی لەکوردستاندا ئەمە هەیە پێشتر لەگوندەکاندا ئەم حاڵەتە زۆر بوو، تأهيل المواطنين مهنياً واجتماعياً بگۆڕێت بۆ تشجيع الاستثمار والانتاج الأسري وذلك من خلال مساعدتهم لاقامة مشاريع انتاجية اسرية. تەئیدی ئەو خوشك وبرایانەش ئەکەم، کەباسی زیندانەکانیان کرد، جێگەی خۆیەتی ئەم وەزارەتە لەم یاسایەدا جێگەی چاکسازی و زیندانەکان بکاتە چاکسازی، یەعنی خاڵێك لەم یاسایەدا زیاد بکات پەیوەندی بەزیندانەکانەوە هەبێت، بەرامبەر بە کەم ئەندامەکان من پێم وایە ئەبێ ئێمە لەمەودوا بیر لەوە بکەینەوە، قسە لەگەڵ هاووڵاتیدا بکەین، ئیتر ئەو هاووڵاتیە پێشتر پێشمەرگە بووە، هەر کەسێك بووە، یەعنی ئەچێتە ژێر هەر شێوازێك، ئەچێتە ژێر موەزەف ئەچێتە ژێر کەم ئەندام، ئەچێتە ژێر شەهیدان، ئەبێ ئێمە لەمەودوا، کار لەسەر ئەوە بکەین جیاوازی چینایەتی دروست نەکەین، یەعنی وابزانین ئەم شۆڕشە هەر بۆ ئەو بووە، چونکە لەوانەیە ئەو هاووڵاتیەش کوڕی شەهید بێت، کوڕی پێشمەرگەیە، کەم ئەندامی پێشمەرگەیە، لەبەر ئەوەی لەمەودوا کەئەڵێین کەم ئەندام هەمووی بەجارێ وەکو یەك بگرێتەوە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی پشتگیری لەڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش ئەکەم، دوو تێبینیم هەیە، یەکێکیان لاوەکیەو ئەوی تریان سەرەکیە، تێبینیە لاوەکییەکە تایبەتە بەبەکارهێنانی وشەی بیمە، وشەی بیمە وشەیەکی فارسیە، پێم خۆش نیە بکەوێتە ناو زمانی کوردییەوە، وشەی ئینشورەنس ئەمڕۆ کە بووە بەوشەیەکی نێودەوڵەتی دەتوانین ئەوە لەجیاتی بەکار بهێنین، تێبینی سەرەکیم سەبارەت بەزیندانیەکانی کوردستانە، دەمەوێت هەندێك خاڵی گرنگ هەیە، روونی بکەمەوە بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لە عێراقدا تاکو حوکمی برێمەر زیندانیەکانی لەژێر دەسەڵاتی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بوون، برێمەر بڕیارێکی دەرهێنا، زیندانیەکانی خستە سەر وەزارەتی داد، ئێستاش لەعێراقدا لەژێر چاودێری وەزارەتی داددایە، ئەوە سیستەمی ئەمریکیە، ئەو سیستەمە لەعێراقدا ناڕوات، سیستەمی عێراقی سیستەمی فەرەنسیە

لەسەرەتاوە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی ئەو بەرپرسە لەسەرپەرشتی کردنی زیندانیەکان، ئێمە ئەم خاڵە بەدوورو درێژی لەگەڵ جەنابی وەزیر ولەگەڵ جەنابی وەزیری دادو لەگەڵ ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن کۆ بووینەوە، باسی ئەو خاڵەمان کرد، وەزیری داد رازیە کەوا ئەو دەستەڵاتە بدرێتە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، جەنابی وەزیری کۆمەڵایەتیش رازی بوو بەڵام بەمەرجێك کەوا بودجەی تایبەتی پێ بدرێت، من لەگەڵ ئەوەدام کەوا سەرپەرشتی کردنە سەر زیندانیەکانی کوردستان بدرێتە وەزارەتی کۆمەڵایەتی، من هەندێك شارەزاییم هەیە لەو بابەتەدا، چونکە تێزی ماستەرەکەم لەسەر رۆڵی دادگای چاودێری کردنی سزایە لەناو زیندانیەکان لە قانونی فەرەنسیدا، بەو شێوەیە ئێمە دەتوانین هاوکارییەك دروست بکەین لە نێوانْ و وەزارەتی داد و وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیدا، دادوەرێك بەتایبەتی دابنرێت بۆ ئەوەی کەوا دەسەڵاتی زۆری پێدەدرێ لەناو زیندانیەکاندا، هاوکاری وەزارەتی کۆمەڵایەتی دەکات، لەهەمان کاتیشدا دەسەڵاتێکی قانونی هەیە، ئامادەیی خۆشم پیشانداوە بۆهاوکاری کردنی هەردوو وەزارەتەکە، هەرکاتێ ئەگەر هاتو ئەو زیندانیانە کەوتنە ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیەوە، بۆ ئەوەی کەوا ئەو سیستەمە نوێیە لەکوردستانی ئازاددا پەیرەوی پێوە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو نەسرین فەرموو.

**بەڕێز نسرین محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەخاڵی حەوتەمدا بایەخدان بەچاودێری کردن وئامادەکردنی نەوجەوانان، پێشنیاری من بۆ وەزارەتەکە ئەوەیە، مەبەستم زیندانیەکانی ئەحداسە، یەکەمیان مەرجی ئەو بینایەی کەهەیانە شیاو نیە بۆ ئەو زیندانیانەی کەوا تێیدا بن، دووەم، ئەو منداڵانەی کەوا ئەگیرێن لەزیندانەکاندان، پاش ئەوەی کەبەر ئەبن هەمان کێشە ئەکەنەوەو دەگەڕێنەوە بۆ زیندانەکان، پێویستە چاکسازیەکی چاك بکرێت لەو زیندانانەدا، وا پەروەردە بکرێن بکرێن بەمرۆڤێك کەوا سوودیان بۆ خۆیان وبۆ کۆمەڵگاش هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو صبریە قسەت هەبوو فەرموو.

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ ئەو بەڕێزانە بەڕاستی زیاتر یاساکە دەوڵەمەند کرا، بەس منیش سێ خاڵم هەیە، ئەگەر جەنابتان بەهەند سەیری بکەن، یەکێك لەوانە مەسەلەی توێژەری کۆمەڵایەتیە، تەبعەن کۆمەڵگای ئێمە هەتاکو ئێستا ئیش کردن لەسەر بواری کۆمەڵایەتی ئەتوانین بڵێین لەهەنگاوە بەراییەکانە، یەکێك لەوانەی کەوا مەحرومە وتا ئێستا حەقی پێنەدراوە، مەسەلەی توێژەری کۆمەڵایەتیەو جۆری فەعال کردنیەتی

ودابەزاندنی بۆناو کۆمەڵگا، خاڵێکی تر کە ئێستا خاڵێکی هەرە زەقە لەناو کۆمەڵگادا، پێویستە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بەهەند بیگرێ و خاڵێکی سەربەخۆش بێت، بوونی کۆمەڵێ نەریتی نادورستی کۆمەڵایەتی کە هۆکاری چەوساندنەوەی ژنانە، مەسەلەی ژن بەژن، گەورە بە بچووك، شیربایی ئەمانە ئەبێ بەخاڵێکی سەربەخۆ ئیشارە پێ بدرێت، خاڵێکی تریشم بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا ئێستا پێویستە لەکۆمەڵێ کەناڵی جیاجیا ئیشی لەسەر بکرێت، ئەمەش بەچی ئەکرێت، بەکردنەوەی سەنتەرو بنکەی کۆمەڵایەتی فراوان، لەبواری چاکسازی خێزان و چۆنیەتی دروست کردن یاخود بنیاد نانی ژیانی هاوسەرێتی لەوە ئەچێ ئێستا جەنابی وەزیر و ئەو بەڕێزانەش بزانن، رێژەی تەڵاق رۆژ لەرۆژ لەناو کۆمەڵگای ئێمە زیاد دەکات، هۆکاری زیاد بوونی ئەم رێژەی تەڵاقەش بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە گەنجی ئێمە تەنها ژیان دروست ئەکات وهیچ بنکەو سەنتەرێکی تایبەت نیە، سەقافەی بۆ دروست بکات، کەئیدامەی ژیانی چۆن ئەبێت وەچۆن بەسەر لەمپەرەکانی ژیانی هاوسەرێتی تێپەڕ بکات وگوزەر بکات وچارەسەری گرفتەکانی بکات، بۆیە پێم باشە ئەو سێ خاڵەش زیاد بکرێتە سەر ئامانجەکان و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس خاتوو شمسە بەس بەشەرتێك قسەی شوکریە نەبێت فەرموو.

**بەڕێز شمسە سعید محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی حەوتەم بایەخدان بە چاودێری کردن و ئامادەکردنی نەوجەوان و پەککەوتەکان، من ئەمەوێ قسە لەسەر پەککەوتەکان بکەم، کەلێرەدا بایەخدانەکە یاخود تأهیلەکە تەنها لەرووی پەروەردەیی وپیشەیی و رەوشتیەوەیە، ئێمە ئەمڕۆ ئەزانین، بەهۆی پەرەسەندنی کۆمەڵگاوە بەڕاستی ئێمە یەعنی خێزانی کوردی بەرەو خێزانی نەوەوی ئەوچێت، یەعنی تەنها ژنەکەو پیاوەکە، ئەمڕۆ ئەگەر من خۆم موەزەفە بم، مێردەکەم موەزەف بێت، دایکمان یان باوکمان کەسێك نیە ئەرکی دایك یان نەنك یان باوك بەڕێوەبەرێت، یان ئەرکی بەخێوکردنیان بگرێتە ئەست،ۆ ڕاستە ئێمە خەڵوەتگەمان هەیە، لە سلێمانیش هەمانە، ئەندامی داکۆکی کردن لەمافەکانی ژنان و ئافرەتان چوون سەردانیان کردووە، سەردانی خەڵوەتگەی پیریمان کرد، بەڕاستی خێزان مادام بەرەو ئەو فراوانیە ئەچێت، ئەو خەڵوەتگەیە زۆر گرنگە لەرووی بنکەوە بەرفراوان بکرێت، بنکەی زیاتریان بۆ بکرێتەوە، من حەز ئەکەم کەوا لەخاڵەکاندا کردنەوەی ئەو بنکەیە زیاد بکرێت ، لێرەدا بەقانون، بەیاسا تەسبیت بکرێت، لەرووی پێداویستیەکانیشەوە تەنها پیشەیی وپەروەردەیی نەبێت، زیاتر گرنگیان پێ بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزتان پرسیارێکتان لەجەنابی وەزیر کرد، سەبارەت بەکەم ئەندامی شۆڕش، ئەگەر سەر بەوەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی نیەو سەر بەوەزارەتی شەهید وئەنفال نیە، ئەی چیان لێیەت ئەو کەم ئەندامانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕیارێکی ئەنجومەن هەیە سەبارەت بە موعالەجە کردنی کەم ئەندامان، بەنیسبەت پێشمەرگەکان، کە وەزارەتی پێشمەرگە سەرپەرشتی ئەکات، بەڵام ئەوەی کەجەنابی وەزیر ئیشارەتی پێدا، ئەوە ریعایەی ئیجتیماعیە، عیلاقەی بەو مەسەلەیە نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا نیزامە و نیزامیش نیە سەرۆکی ئەنجومەن، یەعنی بەڕاستی ئێمە لێرە سێ سەعات و نیو دائەنیشین، جۆری دانیشتنەکان،لە پۆلێکی سەرەتایی نین، لە کولیە نین، لە کولیەش قونابی ئازاد دائەنیشێت، ئێوە لێرەدا رێگاتان داوە بەو رۆژنامە نووسانە، سەیری خوارەوەمان ئەکەن، کە رەسم ئەگرن زۆر بەشێوەیەکی ناشیرین، ئەمە هیچ ئازادی نیە، نە ئازادی بیروڕایە، نەئازادی دەربڕینە، نە ئازادیەکی تریشە، لەبەر ئەوە من داوا لەبەڕێزت ئەکەم، ئەگەر ئەوان ئەیانەوێت چاوپێکەوتن لەگەڵماندا بکەن لەدەرەوە بیکەن، نەك بێت لەقتە بەلەقتە لەسەر زاویەکە سەیری تۆ ئەکات، بزانێ تۆ سەیری ئەکەیت یان نا، ئێمە لێرەوە تەماشای ئەکەین ئەو بەهەموو شێوەیەکی ناشیرین رەسم ئەگرێت، تکات لێ ئەکەم وەکو سەرۆك، رێگە مەدەن بەو جۆرە دیاردانە کەبڵاو ببێتەوە، لەجریدەی شەقام، لە جەریدەی کە، جوان نیە بەڕاستی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزامەکەت بەجێیە، بەڵام دەبوایە لەبیدایەتی دانیشتنەکە بیڵێیت، ئەوە یەك، دووەمینیش ئەوە موعالەجە ئەکەین، ئینشا الله ئالیەتێك دائەنێین، بەڵام ئەگەر خۆشمان هەندێك شت موراعات بکەین، ئەوانیش ئەو فرسەتەیان نابێت لەجەریدەکاندا باسمان بکەن، نەك تەعلیق بدەن، کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی من پشتیوانی لە ئیقتراحەکانی لیژنەی هاوبەش ئەکەم، بەڵام لەسیاقی قسەکاندا بەعزێ شتم هاتە پێش چاو کە لەگەڵ وەزعی کۆمەڵگای مەدەنی ناگونجێت، کە باسی کەم ئەندام ئەکەین یەکسەر بیر لەوە ئەکەینەوە، ئەبێ مەعاشی بۆ ببڕینەوەو لە ماڵەوە دایبنێین، کەم ئەندام ئینسانە هەرکاتێك تۆ ئەو کەم ئەندامە هەست بکات کەتۆ عەتفی بەرامبەر بەکار ئەهێنیت، لە شەخصیەتی دائەبەزێنیت، کەم ئەندام ئەبێ گرنگی پێدەیت، بیکەی بەمینبەرێکی ئەکتیف، یەعنی بەکەسێکی فەعال لە کۆمەڵگای مەدەنیدا، لەبەر ئەوە حەقە ئەو بیرەمان بگۆڕین، محاوەلە بکەین ئەوانیش بخەینە ئیشەوە، چونکە خەڵکیان هەیە زۆر بەتوانان، قەیناکە قاچی نیە، بەڵام ئەتوانێت زۆر شتی تر بکات، مێشکی بەقوەتە بەهەزاران محامی زۆر زۆر شارەزاو بەتوانا هەیە کەم ئەندامن، لەبەر ئەوە ئێمە فیکرەکەمان بگۆڕین، بەنیسبەت سواڵکەر داوا کرا کەوا ئیشیان بۆ بدۆزرێتەوە، مومکین نیە بتوانیت بەئیش سواڵکەر لەسەر جادە دوور بخەیتەوە، چونکە هیچ ئیشێك دەخلەکەی بەقەدەر ئەوە نابێت کە ڕۆژانە پەیدای ئەکات، لەبەر ئەوە ئەبێت ئێمە بیر بکەینەوە کەوا پارە نەدەین بەسواڵکەر هەرکاتێك کەپارە نەدرا بەسواڵکەر، ئەوسا سواڵکەر ئەچێت ئیش پەیدا ئەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەفوو کاك جمال دانیشە، کاتت تەواو بوو، ئەوەلەن تۆ جەنابت لەجیاتی ئێمە قسە ئەکەیت، تۆ پێشتر داوای قسەت بکردایە، تەعلیق لەسەر قسەی ئەندامانی پەرلەمان ئیشی ئێمەیە، یەعنی تەقیم کردنی و قبوڵ کردنی و تەعلیق کردنی، خۆت داوای قسە بکەو تەعلیق بدە، تەبیعی زۆر موناقەشاتی تێرو تەسەل کرا، هەندێ مولاحەزات و موقتەرەحی بەجێش درا، تیکراریش بووەوە، بۆیە ئەگەر لیژنەی یاسایی و لیژنەی هاوبەش لیژنەی تەندروستی ئەوانە ئینتیباه بکەن، ئەو موقتەرەحاتانەی کەئێستا لەبەر ڕۆشنایی قسەکان هاتە پێشەوە، هەندێك کەلیمات و شتی وا زیاد کرا، ئاگاتان لێ بێ پێویست ناکات ئیعادەی بکەینەوە، مەسەلەن لەماددەی سێدا شخص قادرو لەکۆتاییەکەیدا بغیة القضاء علی البطالة، ئیزافە کرا، لەماددەی چواردا، بالتنسیق مع الوزارات المختصة ئیزافەکرا، لە ماددەی پێنجدا اهتمامەکە لادرا، بووە العمل وەکو کاك سەردار داوای کرد، ماددەی حەوت خۆی لیژنەی یاسایی موقتەرەحی کردبوو، تەعدیلی کردووە وباش هاتووە، داوامان کرد کەکەلیمەی جینۆساید بۆ ماددەی هەشت ئیزافەبکرێتن، بۆ ئەوەی زەحایەی جینۆساید دەبێت، ماددەی یازدە، العمل علی القضاء ظاهرة ئەوە لەبەر ڕۆشنایی موناقەشاتی ئێوە داوامانکرد، کە بیگۆڕین بیکەن بە تقدیم المساعدات اللازمة للمحتاجین والمعوزین لغیر القادرین علی العمل ممن لیس لهم وسائل اخری للعیش، ئەوە ئیزافە بکرێت، لەبەر ڕۆشنایی موناقەشەکانتان، موقتەرەحاتی تازە هاتە پێشەوە، کە زۆربەتان داتانە ئێمە ترکیزمان کردووە لەسەر چەند خاڵێك دەیخوێنینەوە بۆتان، بۆ موناقەشە نیە، بۆ ئەوەیە ئەگەر جەنابی وەزیر موافق بوو، دەیخەینە دەنگدانەوە، یەك، تأمین مأوی لمن فقد الامان الاجتماعیة والاسریة من النساء، بۆ ژنان کەداواتان کرد، دوو، تنظیم العلاقة بین العمال وارباب العمل، والعمل الاقتراح التشریعات اللازمة لذلك، ئەوەی دکتۆرە ئاریان وتعریف العمل هەروەها هی کار، سێ

العمل على تبني المشاريع الاستثمارية لتنمية موارد الوزارة وإيجاد المصادر لتمويل هذه المشاريع، ئەوەش صياغە بكرێت، چوار، التنسيق مع الجامعات والمراكز الاجتماعية بما يحقق أهداف الوزارة، پێنج العمل على مكافحة ومعالجة ظاهرة التسول، ئەوەش كەداواتان كرد، شەش لەفەقەرەی سێدا كەهاتووە، توفير فرص عمل متكافئة لكل قادر عليه باعتبار العمل حق وواجب تستلزمه ضرورة المساهمة في بناء المجتمع وتطوره.
لەوێدا ئیزافە بكرێت، ومعالجة ظاهرة البطالة بەتاڵەش ئاماژەتان پێكرد، زۆر قسەكرا، بۆ ئیهتیمام دان بە نوزەلا لە مەئەسەساتی چاكسازی كۆمەڵایەتی موفتەرەحێكی لیژنەی هاوبەش هەیە، كە ئیزافەی كردووە دوایی ئەیخوێنمەوە، لەبەر رۆشنایی ئەو موداخەلانەتان ئەو فەقەرەی كەوا ئەوان ئیقتراحیان كردووە، دەبێ دەوڵەمەند بكرێت، بۆیە كەهاتینە سەری ئەویش باس دەكەین، دكتۆرە ئاریان مولاحەزەیەكی هەبوو رەنگە ئەوەی كەمن (وتم تنظیم العلاقة) ئەوە هاتووە لە فەقەرەیەكدا، لە قانون عمل هاتووە لەبەر ئەوە لێرەدا پێویست ناكات، بەس شتێكت داوا كردبوو جیبیە تەحدیدەن.

**بەڕێز عدنان محمد قادر/ وەزیری كارو كاروباری كۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە لەقانونی عمل بەندێكی خاص هەیە بۆ حمایەی ئافرەتی حامیلە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو موفتەرەحاتانەی كە صیاغەمان كرد، لیژنەی قانونی موافقن ئیزافە بكرێت، تكایە دەنگی بۆ بدەن، كێ موافقە بەو موفتەرەحاتانەی كەوا بە موداخەلەی خۆتان من موفتەرەحاتەكانم خوێندەوە، ئەگەر جەنابی وەزیر مولاحەزەی لەسەر نەبێت، فەرموو.

**بەڕێز عدنان محمد قادر/ وەزیری كارو كاروباری كۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆ ئیستسماری پارەی وەزارەت، وەزارەت پارەی لەكوێ بوو، فەقەت دائیرەی عەمەل پارەی هەیە، ئەویش لەمجلسی ئیدارە خۆیان ئەتوانن دیاری بكەن، لەبەر ئەوە ئەوە ئیزافەیە، زاهیرەی سواڵكردن، بەڕاستی ئێمە لەبەردەستمانە ئیشی لەسەر ئەكرێت، وەزارەتی ئەوقاف هەر مامۆستا محسن خۆشی لێرەیە وەزیر بووە كاتی خۆی ئەوە كراوە، وەزارەتی داخلیە ئاگادار كراوەتەوە، ئەوە بەتەوعیە ئەكرێت بە قەرار سواڵكردن مەنع ناكرێت، ئێمە لێرە نوقتەیەكمان باس كردووە، لەسەر پەیداكردنی ئیش بۆ هەموو كەسێك كە بتوانێت ئیش بكات، ئەوە خۆی بەشێكە لەوە، بەڵام وەكو باسیشكرا میهنەیەكی باشە خەڵك هەروا بەئاسانی وازی لێ ناهێنێت، ئیلا بەتەوعیە نەبێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر هەتانە بخرێتە ناو قانون دەبێ بخرێتە ناو قانون ئەوە، هەتانە کافی نیە، نەشتان بێت دەبێ هەر بخرێتە ناو قانون، ئەمڕۆ ناتوانن رەنگە 5 ساڵی تر بتوانن، قانون هەیە لەئەمریکا دەردەچێت وەزارەت ناتوانێ جێبەجێی بکات، 12 یان 10 ساڵی کە لەو رۆژانەدا مەقالەیەکم خوێندەوە قانونێك پێش 15 ساڵ دەرچووە تازە بەتازە لەئەمریکا توانیویانە جێبەجێی بکەن، بەڵام کەتۆ موفتەنعی لەرووی عەدالەت ولەرووی قانونی ئەبێ ئێستا دای بنێیت، کەی توانیت جێبەجێی بکەیت، ئەهدافە خۆ ناڵێت، سبەینێ برۆ جێبەجێی بکە، وەکو ئەهدافی حزبێك کەدای دەنێت، پاش سی ساڵ تازە نیزامی بەغدا توانیومانە ئیسقاتی پێ بکەین، مەواردیش مەواریدتان ئەبێت، یەعنی ئێستا نیتە، سبەینێ دەتبێت، بەڵام قانونەن رێگایەکت هەبێت، ئەگەر مەواردت هەبوو رێگات هەیە قانونیەن ئیستسماری بکەی، یەعنی دەڵێیت العمل بیکە بەمادەیەك کەرێگا بۆخۆت خۆش دەکەیت پارە پەیدا بکەی، تەبەروعاتت بۆ دێتن، بۆ ئەوەی مەشاریعی ئیستسماری بکەیتەوە، لە مەسڵەحەتی وەزارەتە ئەو ماددەی تێدا بێت، لە ئەغڵەبی وەزارەتەکانیشدا ئەوە هەیە قازانجی خۆتە، تەسەولیش بەهەمان شێوە، بەقودرەتی قادر کەس ناتوانێت وەکو مولاحەزەش درا، کە قازانجیان زیاترە، بەڵام قانونەن ئەبێ مەنع بکرێت، دەبێ وەزارەتیش یەکێك لەئەرکەکانی بێت، بەتەنها ئەویش نیە وەزارەتی داخلیەشە، بەڵام ئێوە لێرە وەکو ئەهدافێك قانونی عقوبات کەموعاقەبەی دەکات، ئێوە وەکو هەدەفێك دەتانەوێ مجتمع تەسەولی تێدا نەبێت، بەڵێ دکتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د. هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ظواهر اجتماعية تەنها تسول نیە، ئێستا تعاطي مواد المخدرات هەیە، جنوح الاخلاقیە هەیە، پێم باشە ئاماژە بەوە بدەین، للظواهر الاجتماعیە قەوسەك و ئەوانەشی تێدابێت، لەفەقەرە 17- تشجیع البحوث و الدراسات الخاصة بمختلف الظواهر الاجتماعية مع الجهات ذات العلاقة. هەمووی دەگرێتەوە (تسول، تعاطي مخدرات، جنوح الاخلاقي) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك تەلعەت فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سيف الدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستم الظواهر السلبية في المجتمع نەك الظواهر الاجتماعية، چونکە لایەنی چاك وخراپیشی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

الظواهر المضرة، السلبية نا عەلاكولين، ئێمە ئەو موقتەرەحاتانەی کەخوێندمانەوە، هێشتا نەهاتووینەتە سەر موقتەرەحاتی لیژنەی هاوبەش، ئەویش تەعدیل دەکرێت، بەڵام ئەوەی کەخوێندمانەوە وەکو مبدء

موافقن لیژنەی هاوبەش لەگەڵ جەنابی وەزیر دوایی ئەوەی ڕێکی بخات، وەکو ئەهداف تەنزیمی بکات، ئەگەر لەخاڵێکدا هاتووە ئیزافەی بکات، یان خاڵی تازەی بۆ پەیدا بکات، بەڵێ دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەی سەرپەرشتی کردنی زیندانیەکان، چونکە هەردوو وەزارەت ڕێك کەوتوون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئەوەمان وتووە، ئەوە خاڵێکی ترە دێینە سەر موناقەشەی، بەڵام ئەم موقتەرەحاتانە ئێوە داتان و ئێمەش خوێندمانەوە، موافقن ببێتە ئەهداف بەڵێ کاك عدنان فەرموو.

**بەڕێز عدنان محمد قادر/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەم موقتەرەحات ئیزافە بکرێت، زۆر برادەرانیش باسیان کرد کرێکاری بێگانەو ئەوانە دێتە کوردستان، ئەم فەقەرەیە ئیزافە بکرێت بۆ سەری منح تراخیص للشرکات التي ترغب بأستخدام العمال الاجنبیة وفقاً للتعلیمات الخاصة بهذا الصدد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لەقانونی استثماردا هەیە، ئەوە ماڤ ئەوانە ئەوە یەك، ئەگەر هەر مەبەستت سوقی عەمەل بێت ئەوە دەتوانین بڵێین تنظیم سوق العمل، ئەوە دەکرێت، نەك تراخیص و ئەوانە، تنظیم سوق العمل بما یضمن حقوق العمال المحلیین، شتێکی ئاوا مەسەلەن کاك دکتۆر کەمال مولاحەزەیەکی هەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت دوو خاڵ، یەکێك ئەوەی بەڕێز جەنابی وەزیر فەرمووی بۆ کرێکاری بیانی کەدێن لێرە ئیش ئەکەن، لەو کارانەدا لازمە نیسبەتێك هەبێت کە خەڵکی وڵات بێت، خەڵکی هەرێمی کوردستان بێت، نەك هەمووی ئەجنەبی بێت، ئەمە ئەگەر باش دیراسەت بکرێت، تەحدید بکرێت، بەنیسبەت ئەوەی تسول یەعنی دیاردەی سواڵکەری، ئەمە ئەم زاهیرەیە هەر بۆ میسال ئەیڵێم لە فەرەنسا چەند ساڵە موناقەشە ئەکرێت، کەئەوان زۆر زۆر دەوڵەتێکی دیموکراتی و پێشکەوتوون، ناتوانن لە پەرلەمان بڕیارێك دەربکەن مەنعی ئەو دیاردەیە بکەن، چونکە ئەڵێن ئەمانە تەعەدا ناکەن، بەزۆر لەکەسی وەرناگرن، بەڵام ئێمە ئەتوانین لێرە بڵێین کاری بۆ ئەکەین، یەعنی کاری بۆ بکرێت بۆ نەهێشتنی بەرێگایەکی باشتر بەڵام سەد لەسەد مەنعی بکەیت، لەخاڵی دژی ئازادی تاك بەکار ئەهێنرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عونی هیچ مولاحەزەیەکت هەیە لەسەر ئەوەی سوق العمل، ئەوە ئەوە ناگەیەنێت، ئەوە مەقسەدی ئەوەیە حقوقی کرێکارانی ناوخۆ نەسووتێ، دەتوانین بڵێین و تنظیم سوق العمل بما یضمن حقوق العمال

المحليين، ئەوە بەنیسبەت ئەوەوەیە کاك عدنان ئەگەر پێتان باش بێت، وتنظيم سوق العمل بما يضمن حقوق العمال المحليين وتقديم المقترحات اللازمة لتنظيم ذلك.

**بەڕێز عدنان محمد قادر/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە فەرقی هەیە، بۆ کرێکاری ناوخۆ، چونکە ئەمە شتێکی تازەیە لەوڵاتی ئێمەدا، هەرکەسێك هاتە ئەم وڵاتە ئیشی کرد، ئەبێ قانونی عەمەلی لەسەر تەتبیق بکرێت، جا ئیتر استسمار دەعوەتی ئەکات یان شەریکەیەك ئەی هێنێت، کەلە برایم خەلیل هاتە ئەم دیوەوە ئەبێ قانونی عەمەلی لەسەر تەتبیق بکرێت، ئەوە قانونە ئەمە شتێکی تازەیە لەوڵاتی ئێمەیا، ئەبێ حسابێکی بۆ بکەن، یەعنی حەسری مەکەن بە کرێکاری ناوخۆ، چونکە ئێستا ئێمە لیژنەیەکی هاوبەشمان هەیە، لە وەزارەتی ناوخۆ، استسمار، ئێمە تەعلیماتمان دەرکردووە، بۆ تەنزیم کردنی ئەو ئیشە، لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی هەموومان بەیەکەوە، ئەبێ حسابێکی ئەوەش بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەزانی چی بۆ ئەوەی تێکەڵی نەبێت لەو مەوزوعە فەرموو جەنابت ئەوەلەن قانونی عەمەل هەیە، دوو قانونی ئیستسمار هەیە، بەڵام ئەهدافی وەزارەتی ئێوە وەکو هەندێك لەبرادەران ئاماژەیان پێکرد، مافی کرێکارانی ناوخۆی خۆمان نەفەوتێ بەوەی دەرگا بەو ئاسانیە بکرێتەوە کرێکار لە هەر شوێنێك دێت و مونافەسە دەکات، لەڕاستیدا ئەسبابی مونافەسەی ئەوان، زۆر زۆرە ئەگەر بێتو ئێوە وەکو وەزارەت نەیکەنە هەدەفێك بۆ حیمایەتی ئەو کرێکارانە، ئەو کرێکارانە حەقیان لەناحیەیەك دەخورێت، بۆیە وەکو هەدەفێك بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ ئەهدافی وەزارتەکانی تر، لەگەڵ قانونی ئیستسمار بڵێین وتنظيم سوق العمل بما يضمن حقوق العمال المحليين وتقديم المقترحات اللازمة لتنظيم ذلك. ئەم ئیقتراحە ئەگونجێت لەگەڵ ئەوەدا.

**بەڕێز عدنان محمد قادر/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە باسی ئەو شەریکاتانە ئەکەین کەوا کرێکاری ئەجنەبی دێنن، بەڵام حقوقی کرێکاری ناوخۆ لەقانونی عەمەل مەحفوزە، لەقانونی عەمەل دیاری کراوە، کرێکاری ئەجنەبی کاتێ دێتە ئەم وڵاتە ئەگەر خۆمان ئەو میهنەیەمان نەبێت، ئەویش مولزەمە لەفەترەی ئیشکردنەکەیدا دوو تاسێ کەس بۆ ئێمە فێری میهنەکەی بکات تا ئەگەڕێتەوە، ئەوە لەقانون هەیە، بەڵام ئێمە باسی شەریکات ئەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك عدنان، جەنابی وەزیر ئەمە ئەهدافی وەزارەتە هەدەفی وەزارەت ئەوەیە، تۆ تەنزیمی سوقی عەمەل بکەیت، چونکە تۆ جانبە ئیجتماعیەکەت واجبت ئەوەیە، دیفاع لەپێکهاتەکانی کۆمەڵگا بکەیت، یەك لەپێکهاتەکانی کۆمەڵگا تۆ موهتەمی پێی کرێکارە، بۆیە ئەو جوملەیە بەو شکلە دەنووسین، وەکو ئەهدافی وەزارەت، نەك وەکو ئەوەی تۆ مستەسمری، بەڵام تۆ وەکو وەزارەت مفاتەحەی جیهاتی موختص بکەی، بڵێی ئەوە حقوقی کرێکارانی محەلی دەفەوتێنێت، مەقایسێك دابنێن، بچیت قسە بکەی لەگەڵ ئەو وەزارەت و مجلسی وزەرا بۆ ئەوەی وەکو ئەهدافێك مافی کرێکارانی ناوخۆ ون نەبێت و نەفەوتێت، ئێمە دیفاعیان لێ بکەین، واجب و هەدەفی ئێوەیە دیفاعیان لێ بکەن، جا من ئێستا موقتەرەحێکم بۆ هات پێش ئەوەی بچینە سەر موقتەرەحاتەکانی تری لیژنەی هاوبەش، ئەو قسانەی کەئێوە کردتان، وە ئێمە کردمان، دواتر کە تەواوی دەکەین لەسەر ئەو خاڵانەی کە لیژنەی هاوبەش ئیقتراحی کردووە، لیژنەی هاوبەش لەگەڵ جەنابی وەزیر دابنیشنەوە، هەموو پێکەوە ئیتفاق بکەن و بڕوات، ئەگەر موافقن لەسەر ئەو موقتەرەحاتانەی کەوا دیاریمان کرد، ئەوەی کە خوێنرایەوە، ئەو سێ و چوار موقتەرەحەی کەوا لەبەر رۆشنایی موداخەلاتی ئێوە خوێنرایەوە، بەس تەنزیم کردنیان دەدەینە ئەوان، ئەگەر موافقن لەسەر ئەصڵەکەی کە خوێندمانەوە، فکرەکان، ئەهدافەکان، سێ، چوارێکمان خوێندەوە، تکایە دەستی بۆ بەرز بکەنەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدا نیە، کاك شێروان با ئەو موقتەرەحاتانە لاتان بێت، لەگەڵ ئەوەی خۆتان کەئێستا دەیخوێننەوە، ئێستا دێینە سەر ئەو موقتەرەحاتانەی کەتازە لیژنەی هاوبەش ئیقتراحیان کردووە، خاڵ بەخاڵ لەبەر ئەوەی تازەیە دەنگی بۆ دەدەین، ئەگەر رەئێکتان هەبوو لەسەری موناقەشەی ئەکەین، بیخوێننەوە تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

4- پێنج برگە بخرێتە سەر ماددەکە و زنجیرەکانی بەم شێوەیە تەواو بکرێن:

13 پێدانی مۆڵەتی تایبەتی بە کردنەوەی دایەنگە ودەزگای چاکەخوازیی بە هەموو کەرتەکانیەوە لەگەڵ سەرپەرشتی کردنیان بە پێی مەرجی تایبەت بەوانەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

1 - منح التراخيص الخاصة بفتح دور الحضانة و المؤسسات الخيرية بقطاعاتها المختلفة و الاشرا ف عليها وفق ضوابط خاصة بها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە هەندێکی ئێوە خۆشتان ئاماژەتان پێکرد، خاڵێکی باشەو ئەگەر موناقەشەتان لەسەری نیە دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵ ئەم موقتەرەحە تازەی لیژنەی هاوبەشە، زۆر سوپاس کێی لەگەڵدا نیە، بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا، خاڵی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

14- گرینگی دانی پێویست بە منداڵی تازە پێگەیشتوو وهەموو وزەیەکیان دابین بکرێ بۆ خزمەتی کۆمەڵگا بە هاوئاهەنگی کردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

2- ایلاء الأهمية اللازمة بالناشئة و تسخير كامل طاقاتها لخدمة و تنمية المجتمع بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵاهی نازانم پێم وایە ئەو خاڵە زیادە، ئەوە وەزارەتی شەباب هەیە، هەموو وەزارەتەکان پەروەردە واجبیەتی هەموو وەزارەتەکان واجبیانە، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز عدنان محمد قادر/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو خاڵە ئێمە زۆر بەگرنگی ئەزانین بۆ ئێستەی وولاتی ئێمە، لەبەر ئەوە خۆتان واقیعی ئەم ولاتەی ئێمە ئەزانن، منالْ لە نۆ ساڵەوە بۆ پانزە ساڵ کەس لێی ناپرسێتەوە، فەترەی مەکتەبیش سێ تا چوار سەعاتە، ئەوانە ئەچنە کۆلانی تووشی ئەنواع ئینحرافات ئەبن، ئێمە هەدەفەکەمان لەوە ئەوەیە مەراکیزیان بۆ بکەینەوە، وەکو ئەوەی لەهەموو دونیا هەیە، بۆ کاتی فەراغی منالْ، مەراکیزیان بۆ ئەکرێتەوەو لەوێ پەروەردە دەکرێن، هەم دەرسەکانی مەکتەبیان لەوێ دووبارە ئەکرێتەوە، هەم ئیهتیمام ئەدرێت بەئارەزووەکانیان، لەبەر ئەوە من بەگرنگی ئەزانم بۆ ئەمڕۆی ولاتی ئێمە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا باشە خۆ ئەگەر بۆتان بکرێت، بەڵام بەدەرەجە یەك کاری وەزارەتی پەروەردەیە، بەدەرەجە دوو کاری وەزارەتی لاوانە، گەنجانە ئینجا هی ئێوەیە، یەعنی تەربیە واجبی ئەساسی ئەوە، ئەوەش باشە خۆ زەرەری نیە، با بێتە هەدەفێکی ئێوە، زەرەری نیە، قەیناکە موعتەرز نین، زەرەری نیە، مادام ئێوە پێتان باشە، ئەهدافێکە تەمەنا ئەکەم بتوانن بیهێننە دی، ئەگەر کەس ئیعتزازی نیە، دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵ ئەوەدایە تکایە دەستی بڵند بکات؟ فەرموون، کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ قبوڵ کرا، فەرموون بۆ خاڵێکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

15 - هاوئاهەنگی کردن لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵگای شارستانی کە کۆشش دەکەن لە پێناوی بەدیهێنانی هەمان ئامانجەکانی وەزارەت و بەدواداچوونی چالاکی وکارەکانی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی بیخەینە دەنگەوە کەس قسەی هەیە، فەرموو کاك بارزان.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم خاڵەی کە ئەوان ئیزافەیان کردووە دەڵێت التنسیق، ئەی کێ موتابەعەی چالاکیان بۆ بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ڕاست ئەکات تەنیسقەکە بکرێت بە العمل مع منظمات المجتمع المدني، یەکسەر کار بکەن، یان العمل والتعاون، بەڵێ صبریە خان.

**بەڕێز صبریه غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ڕێکخراوانە ڕێکخراوی ئازادن، ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنین، وەزارەت ناتوانێت، کۆنترۆڵیان بکات یان لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات، بەڵام ئێستا کۆمەڵگا پریەتی لەم ڕێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی هەریەکەیان بەئاراستەیەك ئیش ئەکەن، ئەگەر بتوانن تەنسیق لەگەڵ وەزارەتدا بکەن، پێکەوە بەهەماهەنگی دەتوانن زیاتر بەدەم شتەکانەوە بن، لەبواری تەنسیقدا نەك بە ئەمرو ئەوامرو سەرپەرشتی کردن، چونکە ئازادن ڕێکخراوەی (ئێن، جی، ئۆ)و ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی بەس تەنسیقە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

التعاون باشە، لەجیاتی تەنسیقەکە فەرموو کاك دکتۆر کەمال قسەی هەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەم خاڵە وەزارەت بۆی هەیە لەگەڵ هەرلایەك تەنسیق بکات، بۆ ئیشی باش، بەڵام هەر نووسینەکەشی زیادە، لە ڕاستیدا پێویست ناکات خۆی دەتوانێ هەر وەزارەتێك بۆ ئیشێکی موعەیەن تەنسیق بکات لەبەژەوەندی مجتمع بێت، بەڵام ئەگەر بیکەیتە بەندو بینووسی بەڕای من ئەوە زیادە، بەڵام مانیشی زەرەر نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی هەدەفێکە ئەو تەعاونە بەڵێ کاك عدنان.

**بەڕێز عدنان محمد قادر/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستمان لەو تەنسیقە ئەوەیە، چونکە ئەو ڕێکخراوانە زۆربەیان سولفە لەحکومەت وەردەگرن، کە پارە لە حکومەت وەرئەگرن ئەبێ ئەهدافەکانیان لەزمنی ئەهدافەکانی وەزارەت بێت ئەوەی کە عیلاقەی بەئیشی ئێمەوە هەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**خۆی ئەگەر بێینە سەر راستی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، دەبێ سەربەخۆ بێت، پارەش وەرنەگرێت ئەگەر پارەشی وەرگرت، وە نابێ ئەو پارەیە تەئسیری لێ بکات، بەڵام التعاون مع منظمات المجتمع المدني وابزانم تەعاونەکە باشە، فەرموو.**

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لەڕاستیدا ئەو تعاون وئاگالێ بوونە زۆر پێویستە، چونکە ئاقاری کۆمەڵگا وریا نەبێ ئەو ڕێکخراوانە هەریەکە بەمیزاجێکی ئەبا، یەعنی ئەرقام ئەخەنە سەر کۆمەڵگا، دیاردە بەم شێوازە، بەم حاڵەتە رووی داوە، ئەگەر تەنسیقێکی بەقوەتیان لەگەڵ وەزارەتدا نەبێت، کۆنترۆڵێکی ئەو مەجالە نەکرێت، لەرووی تەنسیق و هەماهەنگی ئەو کاتە لەسەر میزاجی ئەو ڕێکخراوانە تەقیمی کۆمەڵگا ئەکرێت، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەو رەئیەت عەمەلی نیە بەڕاستی، چونکە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی یەکەم سەربەخۆن، دووەمینیش ئەگەر تەنسیق هەبێت لەگەڵ وەزارەتێك یان وەزیرێك هەیە، ناوی وەزیری هەرێمە بۆ کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی، لەبەغدا وەزارەتێك هەیە ناوی وەزارەتی کۆمەڵگەی مەدەنیە، ئەوە ئەرکی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی نیە، لەبەر ئەوە بۆیە تعاونەکە کافیەو پڕ بەپێستی خۆیەتی، تەنسیقەکە بکەنە تەعاون، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە تنسیق بکرێتە تعاون تکایە دەستی بڵند بکات، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە، بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**16- گرنگیدان بە دەزگاکانی چاکسازیی کۆمەڵایەتی بە جۆرێکی وا ببنە دەزگای ڕاستکردن وچاکسازیی وکارکردن لە پێناوی چاودێری خێزانی گیراوەکانی ناو خانەی چاکسازیی کۆمەڵایەتی بە جۆرێکی وا تووشی خراپەکاری نەبن.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**16- الاهتمام بمؤسسات الاصلاح الاجتماعي بما يجعلها مؤسسات تقويمية اصلاحية تأهيلية و العمل على رعاية اسر نزلاء الاصلاح الاجتماعي بما يضمن عدم جنوحها.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەم خاڵە لەکاتی موناقەشەکانتان زۆر ئاماژەتان پێکرد، پێویست بەوە دەکات تۆزێك صیاغەکە دەوڵەمەند بکەین، صیاغەیەکمان داوەتە لیژنەی قانونی ئەگەر بیخوێنێتەوە.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الاهتمام بالنزلاء والمودعين في مؤسسات الاصلاح الاجتماعي وتأمين المستلزمات الضرورية لهم بما يتوافق الدولية وحقوق الانسان والعمل على تأهيليهم لاعادة إندماجهم للمجتمع بالتعاون مع المراكز ذات العلاقة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەم خاڵە لەبەر رۆشنایی موداخەلاتەكانتان بوو، معایری دوەلی و مافی مرۆڤ وئەوانەی كەكرا، كێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحە تازەیە بادەستی بڵند بكات تكایە؟ فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟ بەكۆی دەنگ قبوڵ كرا، بۆ خاڵی 17 ببورە كاك عدنان قسەی هەیە.

**بەڕێز عدنان محمد قادر/ وەزیری كارو كاروباری كۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ببورە بۆ ئەوەی سجنەكان، دكتۆر نوری باسی مەوزوعێكی كرد، لای ئێمە قانونی عقوباتی عێراقی، رەنگە تا ئێستا دەستكاری نەكراوە، دیارە دەستكاریش ناكرێت بەم زوانە، بەڵام مەوزوعێك هەیە، من تەئیدی ئەوەی دكتۆر نوری ئەكەم، وەزارەتی عەدل تەنسیقێك بكات لەگەڵ ئێمە لەسجندا حاكمێكیان هە بێت، هەندێ قەزایە هەیە، مەسەلەن منداڵێك غەڵەتێك ئەكات، من نموونەیەكتان بدەمێ حەزەكەم، منداڵێك لەدهۆك چووەتەماڵێكەوە، پاپراخێكی خواردووە، نازانم چەند ساڵ حوكم دراوە، ئەگەر ئەمە حاكمێك بێت لەسجندا مەسەلەن موراقەبەی سلوكی بكات، بزانێ باش بووە دەستكاری حوكمەكەی بكات، یان منداڵێك چووە كۆترێكی دزیوە، پێنج ساڵ حوكمیان داوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەستكاری قەزا، ئێمەش ناتوانین دەستكاری بكەین، ئیلا بەپرۆژە نەبێت، بەعەفوو نەبێت، دەكرێ ئێوە پرۆژەی عەفویەك تەقدیم بكەن، عەفوی خاص، لە حاڵەتێكی تایبەتی وادا.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

17- هاندانی لێكۆڵینەوە و باسی تایبەت بە جۆرەها دیاردەی كۆمەڵایەتی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكاندا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەش خاڵێكی تازەیە جەنابی وەزیر موافەقەتی بۆ كردووە، ئەگەر كەس قسەی لەسەر نیە، دەیخەمە دەنگەوە كێ لەگەڵیەتی؟ فەرموون، كێی لەگەڵدا نیە؟ ئەو خاڵەش بەكۆی دەنگ ئیزافە كرا، ماددەكە هەمووی دەخەمە دەنگەوە فەرموو كاك سەردار.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دوو،سێ پێشنیار  هەیە لەسەر ئەم وەزارەتەی كاروباری كۆمەڵایەتی كە زیندانیە سیاسیەكانیش بگرێتە خۆی، هەندێك فەقەرات ئیزافە بكەین لەسەر زیندانیە سیاسیەكان كە گفتوگۆمان نەكرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە شتێکی تەبیعیە، ئەو فەقەرەیە ئیمکان نیە داخڵ بکرێت، کاك سەردار ئێمە مەفروزە زیندانی سیاسییشمان نەبێت، بەپێی قەوانین کەوا لەناوماندا هەیە، زیندانی سیاسیمان نیە، ئەوەشی کەگیراوە بەتۆمەتی ئیرهاب گیراون یان بەتۆمەتی تر گیراون، ئەگەر غەڵەتیشی تیدا بێت ناتوانم بڵێم ئەغلاتی تێدا نیە، بەڵام ناکرێت ئەو رستەیە بخرێتە ئەوێ ئیقرارێك کەوا تۆ زیندانی سیاسیت هەیە، یەعنی حریەی فکر نیە، هەموو ماددەکە دەخەمە دەنگەوە تکایە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات؟ فەرموون، کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس ماددەی سێیەم تکایە، ئەگەر ئیجازە هەبێت ئەمانەی تر زۆربەیان وەکو وەزارەتەکانی ترە، لەبەر ئەوە موقتەرەحی لیژنەی قانونی بخوێنرێتەوە، ئەگەر شتێکی زۆر تایبەت نەبێت، بۆ ئەوەی تەصویتی لەسەر بکەین، هەموو وەزارەتەکان عەینی شتە تەقریبەن، عەرەبیەکەی بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابێینە سەر 3 یەم کە دەمجەکەی تێدایە جەنابی سەرۆك، پاشان تشکیلاتی وەزارەت دەخوێنمەوە.

ثالثاً/ أما فيما يتعلق بالمواد (3، 4، 8، 9،10، 11، 12، 13، 14) من المشروع نقترح دمج جميعها ضمن المادة الثالثة تحت عنوان (تشكيلات الوزارة) وصياغتها كالآتي:-

( تشكيلات الوزارة )

المادة الثالثة: تتألف الوزارة من التشكيلات التالية:-

أولاً: الوزير: هو الرئيس الأعلى للوزارة والمسؤول عن أعمالها وتوجيه سياساتها والإشراف والرقابة عليها وتصدر عنه و تنفذ باشرافه جميع القرارات و الأوامر و التعليمات في كل ماله علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والإدارية والتنظيمية وفق احكام القانون ويكون مسؤولاً أمام مجلس الوزراء باعتباره عضواً متضامناً فيه وله تخويل بعض من صلاحياته الى وكيل الوزارة أو المدراء العامين أو من يراه مناسباً في الوزارة.

ثانياً: وكيل الوزارة: يساعد الوزير في توجيه الوزارة والإشراف على شؤونها ضمن الصلاحيات التي توكل اليه من قبل الوزير على أن يكون حاصلاً على شهادة جامعية أولية.

ثالثاً: مكتب الوزير: يرأسه و يديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية أولية و يعاونه عدد من الموظفين.

رابعاً: مكتب وكيل الوزارة : يرأسه ويديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية أولية ويعاونه عدد من الموظفين.

خامساً: المستشارون: لايزيد عددهم عن أربعة على أن يكونوا من حملة شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرة والممارسة.

**سادساً: المفتش العام: يكون بدرجة مدير عام و يعاونه عدد من الموظفين من ذوي الخبرة والإختصاص يرتبط بالوزير مباشرةً ويتولى تفتيش دوائر الرعاية الإجتماعية وشبكة الحماية الإجتماعية ودور الدولة والإصلاح الإجتماعي.**

**سابعاً: المديرية العامة للشؤون الإدارية والمالية: يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرة و الممارسة.**

**ثامناً: المديرية العامة للعمل والضمان الأجتماعى: يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرة والممارسة.**

**تاسعاً: المديريات العامة للرعاية والتنمية الأجتماعية في محافظات الاقليم : يرأس كل منها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرة والممارسة.**

**عاشراً: المديرية العامة للأصلاح الأجتماعي : يرأسها مدير عام ... وتبقى بقية مضمون المشروع كما هي.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئەوە بەنسیبەت ئەو ماددانە بوو كە لەبڕگەی یەك داوای دەمجمان كردبوو، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس، من پێش ئەوەی هەر دەمجەكە بخەمە دەنگدانەوە لەجیاتی یرأسها بیكەنە یدیرها كوردیەكەش تەبعەن، چونكە مودیریەتە، وەكو قانونەكانی وەزارەتەكانی ترە تەشكیلاتەكەی تەوحید كراوە، نوقتەی نیزامت هەیە، لەسەر دەمجەكە قسەت هەیە، ئێمە جارێ موقتەرەحی لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی وكارو كاروباری كۆمەڵایەتی رەئیان ئەوەیە ئەو مەوادانە (3، 4، 8، 9،10، 11، 12، 13، 14) لە ئەصڵی مەشروعەكە تەوحید بكرێت بە مادەی سێ وەكو خوێندیانەوە، كێ موافقە لەسەر ئەوە دەمجە بادەستی بڵند بكات تكایە؟ فەرموون، كێی لەگەڵدا نیە؟ بەكۆی دەنگ ئەو ماددانە بوو بەماددەی سێ لەسەر تەشكیلاتەكە كاك كریم قسەی هەیە فەرموو.**

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەڕاستی من تەنها لەسەر عاشراً ئەوەی المدیریة العامة للأصلاح الأجتماعي، بەڕاستی من پێم باشە المدیریة العامة لأصلاح الاحداث بێت، اصلاح كبار سەر بەوەزارەتی داد بێت، لەبەر ئەوەی هەتا نەسەقێك هەبێت لەبەینی ئێمە ولەبەینی مەركەز حكومەتی ئیتحادی، هەروەها زۆربەی وڵاتانی دونیای پێشكەوتوو، ئیصلاحی كیبار سەر بەوەزارەتی دادە، وەزارەتی داد لێوەی نزیك ترە، بۆ ئەو مەسەلەیە پێم باشە حەتا لە پرۆژەی وەزارەتی دادیش بەو شێوەیە هاتووە، كە سەربەوانە ،سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**وا بزانم دكتۆر نوری ئەو مەوزوعەی باسكرد، كەوا دوو سیستەم هەیە، جواب درایتەوە، بەڵام جەنابت لە لیژنەی قانونیت، مادام نەت توانیوە ئەوان ئیقناع بكەی، جەنابی وەزیر ئیقناع بكەی دەتەوێ ئێمە ئیقناع**

بكەی، ئەگەر كەسێك تەئیدی دەكات و رەئی هەیە لەسەری، نەشت نووسیوە تەحەفوز دەكەم، بەهەرحاڵ ئێستا ئەو ماددەیە، ماددەی سێ دەخەمە دەنگەوە كێی لەگەلدایە بادەستی بلَند بكات تكایە؟ فەرموون، كێی لەگەڵدا نیە؟ یەك كەس لەگەڵیدا نیە، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس ماددەی دواتر تكایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رابعاً/ أما فيما يتعلق بالمواد الخامسة والسادسة والسابعة من المشروع فلا توجد أية ملاحظة عليها وتكون تسلسلاتها المواد الرابعة والخامسة والسادسة حسب مقترح اللجنتين.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ماددەی پێنج لەهینەكەدا تەحەفوزیان لەسەری نیە، ئەویش وەكو وەزارەتەكانی ترە، مەجلسی وەزارەت كەناویان ناوە مجلس العمل والشؤون الاجتماعية، دەبوایە بوترایە مجلس وزارة العمل والشؤون الاجتماعية نەك مەجلسی عەمەل، مەجلسی وزارەتی عەمەل وەزارەتەكە زیاد بكرێت، مجلس وةزارة العمل والشؤون الاجتماعية، نەك مجلس العمل والشؤون الاجتماعية ويتكون اولاً بلّێن یەك ودوو بیكەن بە اولاً، ثانياً، ثالثاً وەكو ئەوانی تر، المدراء العامين في الوزارة اعباء مؤثرة في كل من وزارات العدل، تربية، تعليم عالي، حقوق الانسان، ممثل عن اتحاد العمال وممثل عن اتحاد الغرف الصناعيةو ممثل عن اتحاد النساء في اقليم كوردستان، ممثل عن اتحاد المعوقين، ثلاثة من ذوي الاختصاص، كەس قسەی هەیە لەسەر ئەوە، كاك رشاد وكاك حاتم، كەسی تر قسەی نیە، باشە كاك رشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئیقتراح دەكەم وەكیلی وەزارەت ئیزافە بكرێت لەو مەجلیسە، چونكە لەحالّەتی غیابی جەنابی وەزیر وەكیل ئەبێتە نائیبی، ئەوەیەك، دووەم وەزارەتی صناعە ئیزافە بكرێت، لەسەر وەزارەتەكان كەئامادە دەبن لەو كۆبوونەوەیە، لەو مەجلیسە، بڕگەی هەشتیش ئیلغا بكرێت، چونكە ئەو سێ كەسە زەرووری نیە، لەبەر ئەوەی چوار موستەشار هەیە ئەساسە، لایەنی پەیوەندیدار لە دائیرەكان هەموویان بەشدارن، لەبەر ئەوە برگە هەشت زیادە، پێم باشە ئەوە ئیلغا بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك حاتم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبڕگەی هەشتی ماددەی دوودا، ناوی كارەساتی ئەنفال وجینۆسایدی میللەتەكەمان هاتووە، من پێم باشە پێشنیار ئەكەم، كە نوێنەری وەزارەتی شەهیدان وئەنفاكراوەكانیشی تێدا بێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر لەسەر ئەو دوو موقتەرەحە رەئیت چیە، یەکێکیان ئەوە دەبێت ببێت وەکیل وەزیر دەبێ هەبێت وەکو وەزارەتەکانی تره تەبیعیە، ئەوە وەکیل وەزیر ئیزافە بکرێت، داواش دەکات کەوا وەزارەتی صناعە بێت، جگە لەوەش کاك حاتم دەڵێت نوێنەری وەزارەتی شەهیدان وئەنفاکراوەکانیشی تێدا بێت.

**بەڕێز عدنان محمد قادر/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە مەناعەتمان نیە، تا لیژنەکە دەوڵەمەند بکرێت ئێمە ئیشمان باشتر ئەڕوات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو موقتەرەحەی تر کەدەڵێت هەشتەم زیادە، ثلاثة من ذوي الخبرة.

**بەڕێز عدنان محمد قادر/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە خۆمان بەپێویستی ئەزانین، چونکە رەنگە جاری وا پێویست بکات، مامۆستایەکی زانکۆ بێت لەگەڵمان هاوکار بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ئەو ماددەیە دوو مولاحەزەکەی، فەرموو کاك رشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نوێنەری خوێندی باڵای تێدایە هی جامیعە، لە وەزارەتەکان تێیدایە لەو مەجلیسە، لێرە بۆ دووبارە بکرێتەوە، بڕگەی هەشت زیادە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوێنەر شتێکە کاك رشاد خبیریش شتێکی ترە، نوێنەر تەمسیلی وەزارەت دەکات، خبیر جەنابی وەزیرو وەزارەت تەقدیری دەکەن ئەو خبیرەیان موحتاجە لەو وەزارەتانە، ئەوەش فەرقی هەیە، من قسەت ئەدەمی بەس یەك رجام هەیە بۆ ئێستاو بۆ داهاتووش، کە ناومان نووسی ئەوانە هەڵدەسێنم نەك لەبەر رۆشنایی موناقەشەکان یەکێك دێتە بیری قسیەك بکات، جلسە بەو شکلە بەرێوە ناچێت، فەرموو گەلاوێژ خان، ئاخر جارە دەی.

**بەڕێز گلاویژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم جار داوای لێبووردن ئەکەم نەمزانی ناوت نووسیوە، بەنیسبەت ماددەی پێنجەوە، نووسرایە ممثل عن اتحاد النساء في الاقلیم، ئێمە وەکو دەزانین ممثل عن نقابات العمال هەیە، لە ئاستی هەرێمە، بەڵام تا ئێستا رێکخراوێکی ئافرەتان لەسەر ئاستی هەرێم نەبووە، کام نوێنەر دادەنرێت لێرەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا مولاحەزەیەکی بەجێیە، سوپاست دەکەین، یەکێتی ئافرەتانمان هەیە، ژنانمان هەیە، خوشکانمان هەیە، خانمانمان هەیە، کامەیانە کاک عدنان.

**بەڕێز عدنان محمد قادر/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش دەزانین ئەوان ڕێکخراویان زۆرە، لە لیژنەی قانونیش موناقەشمان کرد، نابێ تیایدا نەبێ، هیوادارین ئەوانیش لەموستەقبەلدا یەك بگرنەوە، چونکە ئەمە قانونە، ڕەنگە 10 ساڵی تر ئەو نوێنەرە ببەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێم باشە بڵێین ممثل عن الاتحادات النسوية، دوایی انشاء الله یەك دەگرنەوە، لەبەینی خۆیان تەنسیقیان هەیە، ممثل عن الاتحادات النسوية في الاقليم، فەرموو دکتۆرە شوکریە.

**بەڕێز د. شكريه رسول ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەیەکی ناوەندی هاوبەش هەیە ئێستا لە هەولێر، کەتەمسیلی هەموو یەکێتی ئافرەتان و یەکێتی ژنان وخوشکان و هەمووڵایەکی تێدایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێ منیش وا ئەڵێم ممثل عن الاتحادات النسوية ئەوە دەگرێتەوە، بەڵام لەقانوندا ناتوانین ئێستا بڵێین ئەو لیژنەیە هەیە، ئەو مولاحەزاتانەی کەوا جەنابی وەزیر قبوڵی کرد، لەگەڵ ئەوەی لەجیاتی ممثل عن اتحاد النساء ئەویش دەیخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی تر.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة:

1- ينعقد المجلس برئاسة الرئيس او نائبه عند غيابه وبحضور ثلثي الاعضاء.

2- يعقد المجلس اجتماعاً اعتيادياً كل ثلاث اشهر وللرئيس دعوته للانعقاد بصورة استثنائية كلما دعت الحاجة الى ذلك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پاش ثلاث اشهر على الاقل، حد الاعلى، اجتماعاً اعتيادياً كل ثلاث اشهر كحد ادنى، یەعنی دەکرێت مانگی جارێکیش داوا بکات، بەڵام نابێت سێ مانگ تێپەڕێ، رئیسەکەش بکە بە وەزیر، للوزير، کاك عومەر نوقتەی نیزامت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن على:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من پێم وایە ئەوە تەعلیماتی وەزیر خۆی ئەتوانێ دەریبکات، بەنیزام دەری بکات ئیتر بۆ لەو قانونەدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەزانی چیە لەقانوندا هەبێت، بۆ ئەوەی مولزەم بێت پێی، لەقانوندا نەبێ بەکەیفی خۆی بیکات دەڵێت پێویست ناکات، خۆم هەموو شتێکم، کاک غفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وای دەبینمەوە کەوا ماددەی پێنجەم وشەشەم وحەوتەم، کە هەمووی هەریەك ئیشە، پێکهاتەی ئەنجومەنەکەیە، کۆبوونەوەکانیەتی ودەسەڵاتەکانیەتی، هەمووی بکرێت بەیەك ماددە، اولاً، ثانیاً، ثالثاً، بۆ دیاری بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان کاك عەونی ئێوە وەکو لیژنەی قانونی وەزارەتەکانی تر چۆنە؟

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو حاڵەتانەی کەوا لێرە لەڕاپۆرتەکەماندا هاتووە، تەئیدی دەکەین ماددەکان بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، خصوصیەتێکی تایبەتی هەیە، بۆ ئەوەی زیاتر وازح بێت ئیشەکانیان، لەبەر ئەوەی رای لیژنەی هاوبەش وابوو ماددەکان هەروەکو خۆی بمێنێتەوە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس قسەی نیە، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵاهی من وەکو بەبیرم بێت، لە لیژنەی هاوبەش ماددەی شەش و حەوت بچێتە نیزام، لە مولاحەزەش لای خۆم نووسیومە، یحال الی النظام، وەك هەموو وەزارەتەکانی تر واباشترە بچێتە نیزام، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە وەزارەتەکانی تردا ئەهداف مجلس هاتووە، تەشکیلاتی وەزارەت لەمودیریات و شعەب، بەنیزام دیاری دەکات، صلاحیاتی مجلس لەهەموو وەزارەتەکان، تەحدید کراوە بەقانون بۆ ئەوەی ملزەم بێت پێی، بەهەرحاڵ یەعنی من دەیخەمە دەنگەوە ماددەی حەوت کەبووە بەشەش، بەهەموو گۆرانکاریەکان، کل ثلاث اشهر، رەئیسەکەش دەبێتە وەزیر، للوزیر کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرمووون، کێی

لەگەڵدا نیە؟، بە زۆرینە وەرگیرا یەك كەسی لەگەڵدا نیە، ماددەی حەوت كەبووەتە شەش تكایە بیخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السادسة: يمارس المجلس الصلاحيات التالية:

1-رسم السياسة العامة للوزارة وبيان اهدافها في ضوء احكام هذا القانون وتحديد الاسس الادارية والفنية والاقتصادية والمالية التي يرى اتباعها في الوزارة بما يخدم تحقيق اهدافها.

2- مناقشة الخطة الاولية القصيرة والمتوسطة والبعيدة المدى التي تعدها دوائر الوزارة وابداء الرأي فيها وتقديم ما يراه بشأنها من توصيات.

3- اقتراح تنظيم استثمار الفائض من رؤوس اموال الدوائر التابعة للوزارة وبيان أوجه الاستثمار وفق مقتضيات المصلحة العامة ووفق القوانين المرعية والتعليمات المالية.

4- رقابة تنفيذ الخطة دورياً وابداء ما يراه في هذا الشأن من ملاحظات وتوصيات.

5- دراسة مشاريع القوانين التي تنوي الوزارة اقتراحها.

6- مناقشة التقرير الدوري العام، عن اعمال الوزارة الذي تعده دائرة التخطيط والمتابعة وبيان ما يراه في هذا الشأن من ملاحظات وتوصيات.

7- دراسة كل ما يعرض عليه الوزير وبيان الرأي فيه وتقديم ما يراه من مقترحات وتوصيات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی هیچ مولاحەزەی نیە لەسەر ئەو ماددەیە، ئەگەر كەس مولاحەزەی نیە دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵ ئەو ماددەدایە بادەستی بڵند بكات تكایە؟، فەرموون، كێی لەگەڵدا نیە؟، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، فەرموو بۆ ماددەی تر تكایە.

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێنجەم/ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی پازدەمی پڕۆژەكەوە هەیە، كە بە پێی پیشنیاری هەردوو لیژنەكەمان دەبێتە ژمارەی ماددەی حەوتەم، ئەوا پێشنیار دەكەین شوێنی زنجیرەكانی دووەم و سێیەم بگۆڕدرێ و سێیەم پێش دووەم بخرێت و بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:-

{وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی نوێ و مەبەڵبەندی لێكۆڵینەوە و باس و بەش و هۆبە بە پێی پێویستی كاری وەزارەت لەكاتی پێویستدا دابمەزرێنێ یان لێكیان بدات، یان هەڵیان وەشێنێتەوە} .

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خامساً/ أما فيما يتعلق بالمادة الخامسة عشرة من المشروع والتى ستصبح برقم المادة السابعة وفق مقترح اللجنتين، نقترح تبديل أماكن التسلسلين ثانياً وثالثاً بتقديم ثالثاً على ثانياً واعادة صياغتها كالآتي:-

{للوزير استحداث أو دمج أو الغاء مديريات ومراكز للدراسات والبحوث واقسام وشعب حسب متطلبات عمل الوزارة عند الاقتضاء}.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر موناقەشەتان نەبێ ئەوەیش وەكو قانونەكانی تری وەزارەتەكانە، كێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەدایە بادەستی بڵند بكات تكایە؟، فەرموون، كێی لەگەڵدا نیە؟ بەكۆی دەنگ قبوڵكرا، حەقە ئەو ماددەیەی كە ئەهدافە بیخەینە ئەخیری كاتەكە، سەعات دوو، ئەو وەختە ئاسانتر ئەڕوات، تكایە ماددەیەكی تر.

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

شەشەم/ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی شازدەمی پرۆژەكەوە هەیە، ئەوا پێشنیار دەكەین ناوەرۆكەكەیان بخرێتە دوو ماددەی سەربەخۆ و بەم شێوەیەی خوارەوە دابرێژرێتەوە لەژێر زنجیرەی ماددەكانی هەشتەم و نۆیەمدا بنووسرێن.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سادساً/ أما فيما يتعلق بالمادة السادسة عشرة من المشروع نقترح جعل مضمونها في مادتين مستقلتين وصياغتهما كالآتي وتحت تسلسل المادتين الثامنة والتاسعة:-

المادة الثامنة: لا يعمل بأى نص قانونى أو قرار يتعارض مع أحكام هذا القانون.

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی هەشتەم :{كار بەهیچ دەقێكی یاسایی یان بڕیارێك ناكرێت گەر لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە ناكۆك بێ}.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سەرەتا دەیخەمە دەنگەوە كە ئەو ماددەیە ئیقتراح كرا بكرێتە دوو ماددە، كێ موافقە لەسەر ئەوە بادەستی بڵند بكات تكایە؟ كێ موافق نییە؟ بەكۆی دەنگ قبوڵكرا، ماددەی هەشتەم خوێنرایەوە، المادة الثامنة: لا يعمل بأى نص قانونى أو قرار يتعارض مع أحكام هذا القانون. وەكو قانونەكانی ترە، كێی لەگەڵدایە تكایە دەستی بڵند بكات تكایە؟ فەرموون، كێی لەگەڵدا نییە؟ بەكۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی دواتر تكایە.

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی نۆیەم :{پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن}.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة: على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش وەکو ماددەکانی تری قانونی وەزارەتەکانی ترە، کێی لەگەڵدایە تکایە دەستی بڵند بکات؟ فەرموون، کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەوتەم/ پێشنیار دەکەین ماددەیەك دابڕێژرێ بە ژمارەی ماددەی دەیەم و بەم شێوەیەی خوارەوە :-

ماددەی دەیەم: {یاسای وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (34)ی ساڵی 2004 هەڵدەوەشێتەوە}.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سابعاً/ نقترح صياغة مادة برقم المادة العاشرة وبالشكل الآتي :-

المادة العاشرة: {يلغى قانون وزارة العمل والشؤون الاجتماعية لأقليم كوردستان ـ العراق رقم 34 لسنة 2004}.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی موقتەرەحی تازە لەلایەن لیژنەی قانونیەوە کە دەبێتە ماددەی دەیەم، ئیلغای قانونی پێشوو دەکات، کێی لەگەڵدایە تکایە دەستی بڵند بکات؟، فەرموون، کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەشتەم/ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی حەڤدەمی پڕۆژەکەوە هەیە کە دەبێتە ماددەی ژمارە یازدە، پێشنیار دەکەین بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە:- ماددەی یازدەم: {ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرکردنیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە}.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثامناً/ أما فيما يتعلق بالمادة السابعة عشرة من المشروع و التي ستصبح برقم المادة الحادية عشرة فنقترح صياغتها كالآتي:-{ينفذ هذا القانون أعتباراً من تأريخ إصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان)}.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم ماددەیەش وەکو ماددەی قانونەکانی تره، وەکو وەزارەتەکانی تره، کێی لەگەڵدایە تکایە دەستی بڵند بکات؟ فەرموون، کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ئەسبابی موجیبە تکایە.

**بەڕێز د. هاله سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**( الأسباب الموجبة)**

**تحقيقاً للتطورات والتحولات الاجتماعية في كوردستان العراق تحت ظل النظام الفدرالي ومواكبة للتطور الحاصل في هذا المضمار واستجابة للتغييرات الحاصلة في سوق العمل ورفع المستوى التقني والثقافي والاقتصادي للطبقة العاملة في الاقليم وكذلك لضرورة توسيع وتطوير الخدمات الاجتماعية وتعزيز الأنشطة ذات الصلة بالسياسات الاجتماعية وترسيخ مفاهيم الديمقراطية وحقوق الانسان والحد من ظاهرة الفقر والبطالة وتنمية الموارد البشرية وتأمين حقوق ذوي الاحتياجات فقد شرع هذا القانون.**

**بەڕێز صبریه غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە**

لە پێناو بەدیهێنانی ئەو پەرەپێدان و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیانەی کە لەکوردستانی عێراقدا لە سایەی سیستەمی فیدراڵی ڕوویان داوەو بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو پەرەپێدانەی کە لەم ڕووەوە دروست بووە و بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە بازاڕی کار و بەرزبوونەوەی ئاستی تەکنەلۆجیا و ڕۆشنبیری و ئابووری چینی کرێکار لە هەرێمدا بگونجێ و هەروەها لە پێناوی پێویستی فراوان کردن و پەرەپێدانی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و بەهێزکردنی چالاکیە پەیوەندیدارەکان بە سیاسەتە کۆمەڵایەتیەکان و پتەوکردنی چەمك و ناوەڕۆکی دیموکراتی و مافی مرۆڤ و دانانی سنوورێك بۆدیاردەی هەژاری و بێ کاری و بۆ گەشە پێکردنی دەرامەت و داهاتی مرۆڤ و بۆ دابین کردنی مافەکانی خاوەن پێویستیەکان، ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس ئەوەش بە ئیتفاقی هەردوو لیژنە بووە، پاش ئەوەی جەنابی وەزیر موافەقەتی بۆ کردووە، تحتەکە بکەنە فی لە عەرەبیەکە، (في ظل النظام الفدرالي نەك تحت ظل النظام الفدرالي)، پرۆژەکە هەمووی دەیخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە کەوەکو قانون دەربچێت تکایە دەستی بڵند بکات؟ فەرموون، کێی لەگەڵدا نییە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس ئومێد دەکەین دەرچوونی ئەم قانونە ببێتە هۆی ئەوەی کە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بەئامانجەکانی بە ئەهدافەکانی خۆی هەڵبسێت وجێبەجێی بکات ولەخزمەتی ئەو کەسانە دابێت کە لەپێناویدا ئەم وەزارەتە دامەزراوە، بۆ خزمەتکردنیان بەرەو پێشەوە بڕوات، هەم وەکو وەزارەت پێداویستی تەشکیلاتی خۆی تەواو بکات، هەم ئەرکەکانیشی جێبەجێ بکات، زۆر سوپاس کاك عدنان ئەگەر قسەت هەیە فەرموو.

**بەڕێز عدنان محمد قادر/ وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاسی جەنابتان و دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی وكاروباری كۆمەڵایەتی و هەموو ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەكەم، كە یاساكەیان دەوڵەمەند كرد، كەم وكورتیەكانیان نەهێڵا، هیوادارم ئێمەش بتوانین لەچوارچێوەی ئەو یاسایە ئەركەكانمان جێبەجێ بكەین وبتوانین خزمەتی ئەم وڵاتە بكەین، زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس كۆبوونەوەی داهاتوو ئاگادارتان دەكەینەوە، لێرەدا كۆتایی بەكۆبوونەوەكەمان دێنین، زۆر سوپاس بەخێر بێن سەرچاوان.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (18)**

**یەك شەممە رێکەوتی 27\5\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (18)

## یەك شەممە رێکەوتی 2007/5/27

کاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی رۆژی یەك شەممە رێکەوتی 2007/5/27 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز

محمد  قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (18)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (18)ی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای رێكخستنی خۆپیشاندان وكۆبوونەوەكانی گشتی لە هەرێمی كوردستان.

2- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی بڕیاری تایبەت بە خانەنشین كردنی سەرپەرشتیاری دادی لەهەرێمی كوردستان.

3- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی بڕیارێك سەبارەت بە كەسوكاری ئەنفاكراوەكان لەهەرێمی كوردستان.

4- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای یەكەم هەمواركردنی یاسای رێكخستنی موڵكیەتی كشتوكاڵی ژمارە(90)ی ساڵی 1975.

5- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای داواكاری گشتی لەهەرێمی كوردستان.

6- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەكێشان لەهەرێمی كوردستان.

7- خستنەروو وگفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی داد لەهەرێمی كوردستان.

8- خستنەروو وگفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی تەندروستی لەهەرێمی كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (18)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی یەك شەممە رێكەوتی 2007/5/27دا بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای رێكخستنی خۆپیشاندان وكۆبوونەوەكانی گشتی لە هەرێمی كوردستان.

2- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی بڕیاری تایبەت بە خانەنشین كردنی سەرپەرشتیاری دادی لەهەرێمی كوردستان.

3- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی بڕیارێك سەبارەت بە كەسوكاری ئەنفاكراوەكان لەهەرێمی كوردستان.

4- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ڕێکخستنی موڵکیەتی کشتوکاڵی ژمارە(90)ی ساڵی 1975.

5- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای داواکاری گشتی لەهەرێمی کوردستان.

6- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان لەهەرێمی کوردستان.

7- خستنەروو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی داد لەهەرێمی کوردستان.

8- خستنەروو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی تەندروستی لەهەرێمی کوردستان.

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێزان کاك فاروق جمیل وەزیری داد وکاك صلاح یعقوبی سەرۆکی دادگای تەمییز دەکەین، هەروەها میوانی هەمیشەییمان کاك سعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، زۆر بەخێر بێن سەرچاوان، دیارە بڕیار بوو کاك فرست وبرادەرانی تر لە سەفەرەکەیان بگەڕێنەوە، کە لەئەڵمانیان، دەبوایە دوێنێ بهاتنایەتەوە، بۆیە لێرە نین، دەبێ بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، سکرتێرێك هەڵبژێرین وەکو جارانی پێشووش کە کاك فرست غایب ئەبوو برادەرێکمان هەڵدەبژارد، من ئەگەر مانعتان نەبێت کاك عونی بەزاز تەرشیح دەکەم بۆ ئەو مەنسەبە ئەگەر کەسێك ئیعترازی نیە، یان خۆی تەرشیح ناکات حەزەکەم ئەو ئیقتراحەی خۆم دەخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ قبوڵکرا، زۆر سوپاس کاك عونی فەرموو وەرە ئێرە دابنیشە، داوا لەلیژنەی یاسایی دەکەم بێن لەشوێنی خۆیان دابنیشن، نوقتەی نیزامیت هەیە فەرموو دکتۆرە شوکریە.

**بەڕێز د.شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو عادەتی هەمیشەیی سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزت هەموو کاتێ کەشتێکی هەڵاوساو یاخود کارەساتێکی دڵتەزێن ڕوودەدات، بەڕێزت ئاماژەی پێئەکەیت ئەو کارەساتەی لەمەندەلی ولەوگوندەی حەمی شەفیت ڕوویدا، حەزمان کرد هەروەکو ئەوانەی پێشوو بەشێکن لەمیللەتی کوردو دونیای خۆیان هەژاند کەئێستا ئەمریکیەکان نایەڵن حەقی خۆیان بسەنن‌ەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕاستە ئەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئیدانەمان کرد، بەتەسریح وبە قسەکردن لەسەر مەسەلەکان من بەناوی پەرلەمانەوە لەپاش ڕووداوەکە هەمان ڕۆژ یان ڕۆژی دواتر بوو لە میدیاکاندا بەناوی پەرلەمانەوە ئیدانەم کرد، وەختی بەسەردا چوو ئەگینا لەبیرمە، ئەگەر دوێنێ ڕووی دابا ئەمڕۆ پێش ئەوەی هەڵوێستێك وەربگرین بەناوی هەمووتانەوە لێرە باسمان ئەکرد، بۆیە باسم نەکرد، ئەگینا ئێمە هەمیشە ئیدانەی هەموو کارێکی تیرۆریستی دەکەین، کە دژی گەلی عێراق وگەلی کوردستان لەلایەن تیرۆریستانەوە ئەنجام دەدرێن، بەتوندی ئیدانەی ئەکەین سەرەخۆشیش لەکەسوکاری شەهیدان،دەکەین ئومێدی چاکبوونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازین، دووپاتی دەکەینەوە کە ئەو کارە تیرۆریستیانە قەت لەئیرادەی گەل کەم ناکاتەوە، میللەتی عێراقیش هەر سەردەکەوێت، بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی دیموکرات وفیدراڵ وئازاد، داوا لەلیژنەی

**یاسایی دەکەم کە برگەی یەکەم: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسایی رێکخستنی خۆپیشاندان وکۆبوونەوەکانی گشتی لە هەرێمی کوردستان. بخوێنێتەوە.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**پرۆژەی**

**یاسای رێکخستنی خۆپیشاندان و کۆبوونەوە گشتییەکان**

**ماددەی یەکەم: مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە لە هەرشوێنێك هاتن ماناکانی بەرامبەریانە لەم یاسایەدا:**

**وەزیر: وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان.**

**سەرۆکی یەکەی کارگێڕی: پارێزگار – قایمقام – بەڕێوەبەری ناحیە.**

**کۆبوونەوەی گشتی: ئەو کۆبوونەوەیە کە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو ساز دەدرێ کە شێوەیەکی گشتی هەبێت.**

**خۆپیشاندان: کۆبوونەوەیەکی رێکوپێکە یان نیمچە رێکوپێکی خەڵکە بە شێوەیەکی ئاشتیانە لە مەیدان و شەقام و شوێنی گشتی دەڕۆن بە مەبەستی خوڵقاندنی رایەکی گشتی یەکگرتوو بۆ بەدیهێنانی مەبەستێکی دیاریکراو.**

**لایەنی پەیوەندیدار: ئەو لایەنەیە کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە داخوازییەکانی خۆپیشاندەر یان کۆبوونەوەکانەوە هەیە.**

**ماددەی دووەم:**

**1- وەزیر دەسەڵاتی مۆڵەتدانی کۆبوونەوەی گشتی و خۆپیشاندانی هەیە.**

**2- وەزیر بۆی هەیە هەموو یان هەندێك لە دەسەڵاتەکانی کە بەپێی ئەم یاسایە پێیدراوە بدات بە سەرۆکەکانی یەکەی کارگێڕیی هەریەکەیان لەناو یەکەی کارگێڕیی خۆی بە فەرمانێکی وەزاری.**

**3- ناشێ کۆبوونەوەی گشتی یان خۆپیشاندان رێك بخرێ بەر لە پێشکەش کردنی داواکارییەك بۆ وەزیر یان ئەوەی دەسەڵاتی پێدەدات و وەرگرتنی ڕەزامەندی بەنووسین.**

**4- وەزیر یا ئەو کەسەی دەسەڵاتی پێدەدات بۆی هەیە داواکاریەکەی رێکخستنی کۆبوونەوە گشتییەکە یان خۆپیشاندانەکە رەت کاتەوە، ئەگەر بەڕاستی بۆی دەرکەوت زیان بە سیستەم و ئادابی گشتی دەگەیەنێ و ڕاگەیاندنی قەدەغەکردنەکەش بە نووسین دەبێت.**

**5- لیژنەی رێکخستنی کۆبوونەوەی گشتی یاخود خۆپیشاندانەکە بۆی هەیە تانە لە بڕیاری وەزیر یا ئەوەی دەسەڵاتی پێدەدات لەلای دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی پەیوەندیدار بدات لەماوەی (3) سێ رۆژ لەرۆژی پێڕاگەیاندنی و بڕیاری دادگاش یەکلاکەرەوەیە.**

6- دەرچوونی خەڵکەکە بەشێوەی تاك تاك یاخود بەکۆمەڵ بۆ مەیدان و شەقام و شوێنی گشتی لە بۆنەی نیشتمانیی و نەتەوەیی و ئایینی بەپێی داب و دەستوری خۆجێیەتی باو بەدەر دەبن لە وەرگرتنی ڕەزامەندی تەنیا بۆ مەبەستەکانی سەرەوە.

ماددەی سێیەم:

1- داواکاریی ڕێکخستنی کۆبوونەوەی گشتی یان خۆپیشاندان لەلایەن لیژنەیەکەوە پێشکەش دەکرێ کە نوێنەریان بن و لە (3) سێ کەس کەمتر نەبن و لەڕووی یاساییەوە شیاوبن، ئەمەش بەر لەوادەی دیاریکراو دەبێت بە لانی کەم بە (48)چل و هەشت کاتژمێر و دەبێ لەمەش ڕۆژانی پشووی فەرمی ڕەچاوبکرێن.

2- داواکارییەکە دەبێ ناو وناونیشان واژۆی لیژنەی سەرپەرشتیکاری ڕێکخستنی کۆبوونەوە گشتییەکە یاخۆ پیشاندانەکە بگرێتە خۆ لەگەڵ دەرخستنی ئامانجیان لەوکارەدا ودەبێ ڕێڕەو وکات وشوێنی دیاریکراو دەربخرێن.

3- ئەگەر وەڵامی ئەو داواکارییەی کەلەلایەن لیژنەی ناوبراو لەبڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە دوای تێپەڕبوونی چل و هەشت کاتژمێر لە ڕۆژی پێشکەش کردنی داواکارییەکەوە نەدرایەوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە ڕەزامەندی لەسەر ڕێکخستنی کۆبوونەوە گشتیەکە یا خۆپیشاندانەکە نیشاندراوە.

ماددەی چوارەم:

1- حزبە سیاسیەکان و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و سەندیکاو یەکێتی و کۆمەڵەکان ... هتد لە ڕێکخراوە مۆڵەتدراوەکان بەشێوەیەکی یاسایی و کەسەکان بۆیان هەیە خۆپیشاندان و کۆبوونەوەی گشتی بکەن دوای وەرگرتنی ڕەزامەندیی بە نووسین.

2- پێویستە لەسەر هێزی ئاسایشی ناوخۆ گرنگی بەپاراستنی خۆپیشاندەران و کۆبوونەوەکان بدەن.

3- پێویستە لەسەر لایەنی پەیوەندیدار گوێ لە داخوازییەکانی خۆپیشاندەرو کۆبوونەوەکان بگرن بۆ دۆزینەوەی چارەسەری شیاو بۆیان.

ماددەی پێنجەم: وەزیر، یان ئەو کەسەی دەستەڵاتی پێدەدات دەبێ هەموو کارێکی پێویست ئەنجام بدات بۆ پارێزگاری کردن لە سیستەم و ئادابی گشتی و پاراستنی کەسەکان و ماڵ و سامانی گشتی و تایبەتی لە کاتی ڕێکخستنی کۆبوونەوەی گشتی یا خۆپیشاندان دا.

ماددەی شەشەم:

1ـ هەڵگرتن و هەبوونی چەك، یان ماددەی تەقینەوە و ژەهراوی، یان سووتێنەر لە لای بەشدار بووان لە کاتی ڕێکخستنی کۆبوونەوە گشتیەکە یا خۆپیشاندانەکە بە تەواوی قەدەغە دەکرێت.

2ـ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دەبێ ڕێگە لە هەر کەسێك بگرن کە چەکیان بە ئاشکرا هەڵگرتبێ یا بە نهێنی، یان هەر ئامێرێکی بریندارکەر، یاخود ئەو ماددانەی کە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە داهاتوە هەڵبگرێت و بچێتە ناو ڕێکخستنی کۆبوونەوە گشتییەکە، یان خۆپیشاندانەکە و مافی ئەوەیان هەیە هەموو کارێکی یاساییان لەبارەیانەوە ئەنجام بدەن.

ماددەی حەوتەم:

1- نابێ کۆبوونەوەی گشتی، یان خۆپیشاندان تاکو دوای رۆژئاوابوون، یان ئەو کاتەی کە بۆی دەستنیشان کراوە بەردەوام بێت.

2- وەزیر، یان ئەوەی دەستەڵاتی پێدەدات، بۆی هەیە فەرمان بدات بە بڵاوە لێکردنی خۆپیشانەکە، یاخود کۆبوونەوە گشتیەکە، لەکاتێکدا کە لەچوارچێوەی گشتی ئەو مەبەستەی بۆی سازدراوە، یاخود ئەو کاتەی کە بۆی دەستنیشان کراوە دەرچوو.

ماددەی هەشتەم: ئەگەر هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە بڵاوەپێکردنی کۆبوونەوەکان، یان خۆپیشاندەرەکان لەگەڵ ئەوەی کە داوایان لێکراوە بڵاوەی لێ بکەن وەهەر مکوورِ بوون لەسەری، بۆیان هەیە ئەم کارانەی خوارەوەیان لەبارەیەوە ئەنجام بدرێ:-

1- رشاندنیان بە سۆندەی ئاو.

2- بەکارهێنانی ماددەی فرمێسك رژێن، یاخود هۆی تایبەتی دیکە کە شێوەیەکی شارستانی هەبێت بۆ بڵاوە پێکردنی خۆپیشاندەران و بەشداربووانی کۆبوونەوە گشتییەکان.

3- گرتنی ئەو کەسانەی ئاژاوە بەرپا دەکەن لەکاتی کۆبوونەوەی گشتی، یان خۆپیشاندان، لەگەڵ ئەنجامدانی کاری یاسایی لەبارەیانەوە.

ماددەی نۆیەم: ئەگەر لە کاتی کۆبوونەوەی گشتی، یان خۆپیشاندان باری ئاسایش و سیستەم و ئادابی گشتی تێکدرا، یاخود زیان بە خەڵکی تر و بە ماڵ و سامانی گشتی، یان تایبەتی گەیشت، یان خۆپیشاندان، یاخود کۆبوونەوە گشتییەکە بەکاری ئەو کەسانەی پێی هەڵساون لە ئامانجی خۆیان لایاندا ئەوا داواکارانی رێکخستنی کۆبوونەوە گشتیەکە یان خۆپیشاندانەکە بەرپرسیەتی تەواوی یاساییان دەکەوێتە ئەستۆ بە هاوکاری و دەستەبەر کردن لەگەڵ ئەو کەسانەی بوونەتە هۆی روودانی ئەو زیانانە، دەبێ قەرەبووی ئەو زیانانەی کە لێیان کەوتووە بکەنەوە و کاری یاسایی لە حەقیان بگرنەبەر بەپێی یاسا کارپێکراوەکان.

ماددەی دەیەم:

1۔ هەر کەسێکی سەرپێچی حوکمەکانی ئەم یاسایە بکات سزا دەدرێت بە بەند کردن بۆ ماوەیەك لە شەش مانگ زیاتر نەبێت، یان بە غەرامەیەك لە پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێ و لە پێنج سەد هەزار دیناریش زیاتر نەبێ، یاخود بە هەردوو سزاکە.

2۔ لە باری بەکارهێنانی توندوتیژی، یان هێز، یان زیان گەیاندن بە کەس و موڵك و ماڵی گشتی و تایبەتی لەلایەن بەشداربووانی کۆبوونەوەی گشتی، یاخود خۆپیشاندانەکە، ئەوا سەرپێچی کەر بە پێی یاسای سزاکانی کارپێکراو و بە گوێرەی بارەکە حوکم دەدرێت.

ماددەی یازدەم:

1. لەو بارەی کە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ سنووری بەکارهێنانی دەستەلاْتیان بەزاند بە بەکارهێنانی هێزی لەڕادە بەدەر لە دژی کۆبووەوەکان یان خۆپیشاندەران، ئەوا کاری یاساییان لە حەق دەکرێت بە پێی یاسا کارپێکراوەکان.

2. حکومەت دەبێ قەرەبووی ئەو زیان لێکەوتووانە بکاتەوە کە لە ئەنجامی تێپەڕاندنی هێزەکانی ئاسایشی گشتی لە سنووری ئەرکی پێ سپێردراویان تووشیان بووە و بە پێی بڕیارێك کە لە دادگای تایبەت دەردەچێ جێبەجێ دەکرێت.

ماددەی دوازدەم: حوکمەکانی ئەم یاسایە لەسەر هەموو بارەکانی مانگرتن و پەناگیریی پیادە دەکرێت لەکاتی دەرچوونیان بۆ مەیدان و شەقامە گشتیەکاندا.

ماددەی سێزدەم: نابێ هیچ کۆبوونەوەی گشتی یا خۆپیشاندانێك بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە رێك بخرێت.

ماددەی چواردەم: پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

ماددەی پازدەم: وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

ماددەی شازدەم: ئەم یاسایە لە رۆژی بلاْوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی(وەقائعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێ.

هۆیە پێویستەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە

سەبارەت بە نەبوونی یاساکارییەکی تایبەت تاکو بارەکانی خۆپیشاندان وکۆبوونەوەی گشتی ومانگرتن وپەناگیریی رێك بخات وبۆ دابین کردنی هێنانەدی ژیانی دیموکراتی ولەپێناوی گۆڕانکاریی بەرەو کۆمەلگای شارستانی ورێزگرتنی ئازادی ومافەکانی مرۆڤ ولەپێناو دەربڕینی ڕای جەماوەر ودەرخستنی داواکارییە ڕەواکانی بەشێوەیەکی ئاشتییانە وڕاستەوخۆی دوور لەهەلگیرساندنی ئاژاوە وبۆ پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی وتایبەتی لە هەموو زەرەرو زیانێك و ڕەچاوکردنی پرەنسیپە دەستووریەکان لە هەرێمی کوردستان و پرەنسیپ و رێسا دەولەتیەکانی پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ، ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسای و لیژنەی ماڧ مرۆڤ ولیژنەی ناوخۆ دەکەین، بۆ ئەوەی دیراسەتی بکەن و راپۆرتی خۆیان ئامادە بکەن، هەموو ئەندامانی بەڕێزیش پێویستە پێش ئەوەی موناقەشە بکرێت دیراسەتی بکەن، پرۆژەیەکی گرنگە بۆ ئەوەی دەولەمەندی بکەن لەکاتی کۆبوونەوەدا، خالّی دووەم: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری تایبەت بە خانەنشین کردنی سەرپەرشتیاری دادی لەهەرێمی کوردستان.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان ـ عێراق**

**بڕیار**

**پشت بە حوکمی بڕگە (1)ی ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو وبەپێی پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق، ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان- عێراق لە دانیشتنی ژمارە ()ی ئاسایی خۆی لە ڕێکەوتی //2007 ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:-**

**ماددەی یەکەم: سەرپەرشتیاری دادیی کە تەمەنی شەست و پێنج ساڵی تەواوکرد خانەنشین دەکرێ ومووچەی خانەنشین کردنەکەشی کۆی ئەو مووچە و دەرماڵەیە دەبێ کە وەریدەگرێت، لە ڕۆژی خانەنشین کردنیدا.**

**ماددەی دووەم: ئەگەر سەرپەرشتیاری دادیی لەکاتی خزمەت کردندا کۆچی دواییکرد یان بەهۆی باری تەندروستیەوە خانەنشین کرا، ئەوا حوکمەکانی بڕگەی ((یەکەم))ی سەبارەت بە بڕی مووچەی خانەنشینەکەی بۆ پیادە دەکرێت.**

**ماددەی سێیەم: کار بەهیچ دەقێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم بڕیارە ناکۆك بێ.**

**ماددەی چوارەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بلاَوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێ.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس ئەم پرۆژەیەش ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی وئابووری دەکەین، بۆ دیراسەت کردنی و پێشکەش کردنی راپۆرتی تایبەت، خاڵی سێیەم: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیارێك سەبارەت بە کەسوکاری ئەنفاکراوەکان لەهەرێمی کوردستان.**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بڕیار**

**پشت بە حوکمەکانی بڕگە(1)ی ماددە(56)و(53)لە یاسای ژمارە(1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو ولەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق، لە دانیشتنی ژمارە ()ی رۆژی / / 2007یدا بڕیاری دەرچوواندنی ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:**

**1- یاسای ژمارە(3)ی ساڵی 1999 هەموو بوارەکانی ئەنفال وکێشەکانی ئەنفالکراوەکان دەگرێتەوە.**

**2- کەسوکاری ئەنفالکراوەکان کە بەرژەوەندییەکیان هەبێ، بۆیان هەیە لەلای دادگاو لایەنە تایبەتمەندەکان تانە لەو بڕیارانە بدەن، کە لەبارەیانەوە دەرچوون ولەگەڵ یاساکەی سەرەوەدا ناگونجێن وداوای راستکردنەوەی بارەکەیان بکەن.**

1-هەموو ئەو کەس وخێزانانەی کەمندالی ئەنفاکراوەکانیان بەناوی خۆیان تۆمارکردووە لە لێپرسینەوەی یاسایی دەبووردرێن و سەر لەنوێ بەناوی دایك وباوکی شەرعییان بەپێی داواکارییەك کە لەلایەن خاوەن بەرژەوەندیی یاخود داواکاری گشتی پێشکەش کرابێ تۆماردەکرێن.

2- پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

3- کار بەهیچ دەقێك ناکرێت گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم بڕیارە ناکۆك بێت.

4- ئەم بڕیارە لەرۆژی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی( وەقائیعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی ولیژنەی مافی مرۆڤ ولیژنەی پێشمەرگە دەکرێت کەپەیوەندی هەیە پێوەیەوە، بۆ هەمان مەبەست وەکو پرۆژەکانی پێشوو، خالی چوارەم: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای رێکخستنی مولکیەتی کشتوکالی ژمارە(90)ی سالی 1975.

**بەڕێز قادر سعید خضر( زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕیار

پشت بەحوکمی بڕگە(1)لە ماددەی (56)لە یاسای ژمارە(1)ی سالی (1992)ی هەموارکراو، ولەسەرداوای وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری و رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق، لە دانیشتنی ژمارە ()ی رۆژی //2007یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دەرچوواند:

دەقی ماددەی هەشتەم لە یاسای ژمارە (90)ی سالی 1975، یاسای رێکخستنی مولکایەتی کشتوکالی لە ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆمی بەم شێوەی خوارەوە هەموار دەکرێت:

ماددەی هەشتەم: هەرکەسێکی گوتی مافی تەسەروفم لە زەوی ئەمیریی کشتوکالی دا هەیە، کە تەسویە نەکراوە، یان بڕیارەکانی چەسپاندنی مافی تەسەروفی پلەی یەکلاکەرەوەی وەرنەگرتووە بەپێی یاسای چاکسازی کشتوکالی یان ئەوەی بڕیارەکانی تەسویەی هەلوەشاوەتەوە ودەرکەوتیش تەسەروفی کردووە، بەپێی مامەلەی کشتوکالی بۆ ماوەی پێنج سالی پێش جێبەجێکردنی یاسای سەرەوە، ئەوا ئەو ڕووبەرەی کە لەژێر تەسەروفیەتی بەناوی دەولەت تۆماردەکرێ و ئەو کەسە بۆ هەیە تەسەروفی بکات بەمەرجێك لەیەکەی دابەش کردنی لەو ناوچەیەدا رەت نەکات وئەمانەی خوارەوە لەمە بەدەردەبن:

1-زەوی وزاری کشتوکالی و ئەو باخانەی کەمولکی دەولەتن بەپێی بەلگەنامەی تاپۆی باوەڕپێکراو، دەبنە مولکی سرف.

2- ئەو زەوی وزار وباخانەی بەتەواوی وقف کراون، بەپێی سەنەدی تاپۆ یان بەلگەی وەقفی باوەڕپێکراوی یاسایی.

3- ئەو زەوییانەی ماوەیەکە درەختیان تێدا روێنراوە کەلە(10)سالْ کەمتر نەبێ وتێکڕای ژمارەی ئەو درەختانەش لە دۆنمێك دا لە(40)درەخت کەمتر نەبێ.

4- ئەو زەوی وباخانەی کە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ژمارە(702)ی ساڵی 1973دەیان گرێتەوە.

دووەم: کارکردن بە بڕیاری(1571)ی ساڵی 1978 رادەگیرێ.

سێیەم: ئەو زەویانەی کەوتوونەتە ناو نەخشەی بنەڕەتی شارەوانیەکان کە تەسویە نەکراون یان بڕیارەکانی رادەی یەکلاکەرەوەیان وەرنەگرتووە وەك موڵکی سرف بەناوی شارەوانی پەیوەندیدار تۆمار دەکرێن.

چوارەم: پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکات.

پێنجەم: وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆیان هەیە رێنمایی پێویست بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم بڕیارە دەربکەن.

شەشەم: کار بەهیچ دەقێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم بڕیارە ناکۆك بێ.

حەوتەم: ئەم بڕیارە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی( وەقائیعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێ.

هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە

سەبارەت بە ئەنجام نەدانی تەسویەو چەسپاندنی ماف تەسەروف و عەینی بە هۆی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردی، لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان و دانانی ئەو ناوچانە بەمەحزووری ئیداریی وئاسایشی وکردنیان بەزەوی ئەمیری سرف وبێ بەش کردنی جوتیاران لەوەبەرهێنانی زەوی وزارەکانیان و بۆ لادانی زەرەرو زیان لەسەر ئەم توێژەی کۆمەڵگا وپێدانەوەی مافە زەوتکراوەکان بەخاوەنەکانیان وبۆ فراوان کردنی بوار لەبەردەم شارەوانیەکان بۆ بەکار هێنانی ئەو زەویانەی کەوتوونەتە نێو سنوورەکانی بۆ پرۆژەی وا کەبەپێی نەخشەی بنەڕەتی سوودی گشتی هەبێ، بۆیە ئەم بڕیارە دەرچوێنرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی ولیژنەی کشتوکاڵ ولیژنەی دارایی وئابووری و لیژنەی شارەوانی دەکەین، بۆ هەمان مەبەست پێم باشە ئەوەمان لەبیر بێت ئەگەر بکرێت لیژنەکان پاش ئەوەی راپۆرتی خۆیان بنووسن کۆبوونەوەیەك بکەن، بۆ یەکخستنی راپۆرتەکەیان، کارەکەیان ئاسان دەبێت، ئەگەر رێك نەکەوتن ئەو وەختە هەریەکەو راپۆرتی خۆی ئیحتیفاز پێوە بکات وبیخوێنێتەوە، بڕگەی پێنجەم: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای داواکاری گشتی لەهەرێمی کوردستان.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەی یاسایی داواکاری گشتی ژمارە(59)ی ساڵی 1979

ماددەی (1): ئەندامانی داواکاری گشتی ئەوانەی لە خزمەتکردندا بەردەوامن بە پێی پلە و پۆلین و کۆنی ئەو پۆستەی تێیدایە، لە کاتی دەرچوونی ئەم یاسایە بە دادوەر دەژمێردرێن، هەمان ئەو حوکمانەی بەسەر دادوەراندا پیادە دەکرێ دەیانگرێتەوە، کەڵك لە هەموو ماف و تایبەتکاریەکانی دادوەران بە هەمان شێوە وەردەگیرێ.

ماددەی(2): ساڵانی خزمەتکردنی ئەندامانی داواکاری گشتی کە دەکەونە ژێر حوکمی ماددەی(1)ی ئەم یاسایە و پۆلین و پۆستەکانیان و کۆنییان، بۆ مەبەستی پیادەکردنی حوکمەکانی یاسای دەسەڵاتی دادوەریی هەرێمی کوردستان ژمارە(14)ی ساڵی 1992، کاری پێ دەکرێ.

ماددەی(3): ئەندامانی داواکاری گشتی ئەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە لە کارەکانیان بەردەوام دەبن کە لە دەقی یاسای داواکاری گشتی ژمارە 159ی ساڵی 1979 هاتووە.

ماددەی(4): بڕگەی یەکەمی ماددەی(1)ی ئەم یاسایە هەمواردەکرێ بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

پاراستنی سیستەمی هەرێمی کوردستان و ئاسایش و دەزگاکانی و پێداگرتن لەسەر دیموکراسیەت و بەرژەوەندیە باڵاکانی گەلی کوردستان، پاراستنی سامانی هەرێم.

ماددەی(5): بڕگەی دووەم لە ماددە(1)ی ئەم یاسایە هەمواردەکرێ و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

پشتگیری کردنی سیستەمی دیموکراتی هەرێمی کوردستان و پاراستنی بنەما و چەمکەکانی لە چوارچێوەی رێزگرتن لە مەشروعیەت و رێزگرتن لە پیادەکردنی یاسا.

ماددەی(6): بڕگەی سێیەم لە ماددە(1)ی ئەم یاسایە هەمواردەکرێ بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

بەشدارکردن لە گەڵ دەسەڵاتی دادوەری و لایەنەکانی تایبەتمەند لە ئاشکرا کردنی بە پەلەی کارە تاوانکاریەکان و کارکردن لە سەری بە خێرایی و دوایی پێهێنانی دۆزەکان (کێشەکان) و دورکەوتنەوە لە داخستنی بەبێ هۆی دادگایی کردنەکلن، بە تایبەتی ئەو تاوانانەی کە ئاسایش و سیستەمی دیموکراتی هەرێم دەگرێتەوە.

ماددەی(7): بڕگەی دووەم لە ماددەی (42)ی ئەم یاسایە هەمواردەکرێ و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

ئەندامانی داواکاری گشتی کارکانیان ئەنجام دەدەن دوای ئەوەی بەم شێوەیەی خوارەوە سوێند دەخۆن:

بە خوای گەورە سوێند دەخۆم کارەکانی فەرمانبەرێتیەکەم بە باشترین شێوە جێبەجێ بکەم و لە نێوان خەڵکدا بە هەق و دادەورانە دادوەری بکەم و یاساکان بە ئەمانەت و دەستپاکی و بێلایەنەوە پیادە بکەم و خودا لەوەی کە دەیڵم ئاگادارە.

ماددەی(8): بڕگەی شەشەم لە ماددە(49)ی ئەم یاسایی هەڵدەوەشێتەوە.

ماددەی(9):

یەکەم: زاراوەی ئەنجومەنی میللەتان و رێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان لە هەر کوێیەکی ئەم یاسایە هاتبێت دەکرێت بە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

دووەم: ئەم دەستەواژانەی لە خوارەوە هاتوون لە هەر كوێیەكی ئەم یاسایە دا هاتبێت لا دەبردرێت (ئامانجەكانی شۆرش، كەرتی سۆشیالیستی، ئەنجومەنی داد، ئەبی غرێب).

ماددە(10): ئەم یاسایە لە رۆژی بلاوكردنەوەی لە رۆژنامەی وقائیعی كوردستان جێبەجی دەكرێ.

هۆیەكانی دەركردن

لەبەر ئەوەی یاسای داواكاری گشتی ژمارە (159)ی سالی 1979 لە ژێر سێبەری رژێمی بەسەر چوو دەركراوە، بنەما و چەمكەكانی رژێمی ئاماژە بۆ كراو دەردەبرێ و لەگەل بنەما و چەمكەكانی سیستەمی فیدرالی كوردستان ناگونجێت و لەپێناو ئەوەی ئەندامانی داواكاری گشتی رۆلی گاریگەری خۆیان بەرێكی و یەكسانی لەگەل دادوەراندا لە پرۆسەی دادوەریدا و یاساكان پیادەبكرێ و دەولەتی یاسا بنیاتبنرێ، و ئەو پرەنسیپ و ئامانج و بنەماكانی ئەم یاسایە لەگەل بەرژەوەندی و ئاسایشی هەرێم كۆك بێت ، و لە پێناو پاراستنی سیستەمی فیدرالی و بۆ هێنانە دی لێكچوونی ئەندامانی داواكاری گشتی و دادوەراندا وەكو لە دەقی یاسای دەسەلاتی دادوەری هەرێمی كوردستانی ژمارە(14)ی سالی 1992 و یاسای داواكاری گشتی ژمارە (159)ی سالی 1979 دا هاتووە لەبەر ئەوەی توانا لە هەردوو لایەندا هەیە بۆ ئەوەی كاری ئەویدیكەی ئەنجام بدات لە پێناو رێگەدان بە ئەندامانی داواكاری گشتی بۆ ئەوەی پۆستە دادوەریەكان بگرنە ئەستۆ وەكو لە دەقی یاسای دەسەلاتی دادوەریدا هاتووە، و لە پێناو ئامادەكردنی زەمینەیەكی لەبار بۆ ئەوەی هەر یەكێكیان لە كاتی پێویستدا بتوانن كاری ئەویدیكە بگرنە ئەستۆ ، لەبەر ئەو پرەنسیپەی كە لە بەشی زۆری یاساكانی دەولەتان كاری پێ دەكرێ ولە پێناو هێنانە دی ئەمانە ئەم یاسایە دانراوە.

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەم پرۆژەیەش ئاراستەی لیژنەی یاسایی ولیژنەی ناوخۆو لیژنەی دارایی وئابووری دەكەین بۆ هەمان مەبەست كەلە پرۆژەكانی تر ئیشارەتم پێداوە، خالی شەشەم: خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەكێشان لەهەرێمی كوردستان. كەلەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە فەرموون.

**بەرێز قادر سعید خضر( زانا):**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پرۆژەی یاسایی بەرەنگاربوونەوەی جگەرەكێشان لە هەرێمی كوردستان ـ عیراق

لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامنی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عیراق، ئەنجومەنی نیشتمانیی لە دانیشتنی رۆژی / /2007 یدا بریاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا

ماددەی یەكەم: هێنان یا دروست كردن یا فرۆشتنی هەر جۆرێك لە جۆرەكانی بەروبوومی تووتن قەدەغە دەكرێ لە هەرێم، ئەگەر لە پێكهاتەكانی ماددەی وای تێدابوو زیان بە تەندروستی و ئەقل بگەیەنێ و مەبەستیش لە ماددەی زیان بەخش بە تەندروستی و ئەقل هەر ماددەیەكی كیمیایی یا سروشتی بێ و كار لە ئەقل یا خود كۆئەندامی دەماری مرۆڤ بكات.

**ماددەی دووەم:** نابێ جگەرە یا تووتن لە دەرەوە بهێنرێ یان بەرهەم بهێنرێ یا خود پیشان بدرێ یان بفرۆشرێ یان خەڵك هەبێ بە نیازی فرۆشتنی . ئەگەر لەگەڵ مەرج و پێوەرەکانی کە وەزارەتی تەندروستی بە هاوئاهەنگی لەگەڵ هەردوو وەزیری پیشەسازی و ژینگە لە هەرێمدا دایان دەنێن رێك نەکەون.

**ماددەی سێیەم:** وەزارەتەکانی ژینگە و تەندروستی لایەنی تایبەتن بە چاودێری کردن لەسەر رادەی رێك دەرچوونی جگەرە و هەموو جۆرەکانی تووتنی و ناوخۆ و هاوردە لەگەڵ مەرجەکانی کە لەم یاسایەدا و لە رێنماییەکانی کە بۆی دەرچوون، بەمەرجێ هیچ ناتەواوییەك بە حوکمەکانی یاسا کارپێکراوەکان نەگەیەنێ.

**ماددەی چوارەم:** هەرکەسێکی کاری هێنانی جگەرە یان تووتن و بەربوومەکانی یاخود فرۆشتنی و عەرزکردنی بۆ فرۆشتن یان هەبوونی بە نیازی فرۆشتنی یان عەمبار کردنی بێ، دەبی مۆڵەتی ئۆسوولی لە وەزارەتی تەندروستی وەرگرێ، لەگەڵ، رەچاو کردنی مەرجەکانی کە لەم یاسایەدا هاتوون.

**ماددەی پێنجەم:** هەر کەسێکی تووتن یا بەروبوومەکانی یاخود جگەرە بە هەموو جۆرەکانیەوە لە دەرەوە بێنێ، دەبێ نووسراوەکەی بەر لە گەیشتنی بارەکەی بۆ هەرێم بەر لە هەفتەیەك بەلانی کەم بداتە وەزارەتەکانی ژینگە و تەندروستی بۆ پشکنینی لە کاتی گەیشتنیان و بۆ جەختکردن لەسەر مەواسەفات و مەرجە پێوەریە پشت پێ بەستراوەکانی هێنان لە دەرەوە، یاخود بەرهەم هێنانی جگەرە یان تووتن و خستنەرووی بۆ فرۆشتن یان هەبوونیان بە مەبەستی فرۆشتن، قەدەغە دەکرێت ئەگەر لەگەڵ پێوەرەکانی کە وەزارەتی ژینگە دایان دەنێ بە هاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی رێك نەکەوێ.

**ماددەی شەشەم:** بڕیارێك لە ئەنجومەنی وەزیران لەسەر پێشنیازی وەزیری ژینگە دەردەچێ بە دەسنیشان کردنی بڕی قەتران و نیکۆتین کە ڕێ دەدرێ لە جگەرەیەکدا هەبن، بەمەرجێك لە مانەی خوارەوە ڕەت نەکات:

1. 10ملم قەتران.
2. (0,6)ملم نیکۆتین.

**ماددەی حەوتەم:** لەگەڵ رەچاو کردنی مواسەفاتی پێوەری بەکار هێنراویشدا، پێویستە لەسەر هەر پاکەتێکی تووتن وبەروبووم، یان جگەرە لە شوێنێکی دیار ئەم زانیارییانەی خوارەوە بنووسرێن.

1. مێژووی بەرهەمهێنان و تەواوبوونی بە مانگ و ساڵ.
2. ئەم گوزارە ئاگادارکەرەوەی خوارەوە.:

ئاگادار کردنەوەی تەندروستی: جگەرەکێشان هۆیەکی سەرەکییە بۆ تووش بوون بە شێرپەنجە و نەخۆشیەکانی سی و دڵ و بۆڕییەکانی خوێن.

3. دەبێ رەنگی نووسینی ئاگادارییەکە هەمان رەنگی ناوی نیشانە بازرگانیەکە بێ.
4. دەبێ نووسینی ئاگادارییەکە لەسەر رووی وێنەکە بێت.

5. له بارەی پاکەتەکانی جگەرەکانەوە، ناواخنی هەر جگەرەیەك لە ڕێژەی قەتران و نیکۆتین دەربخرێت.

ماددەی هەشتەم:

1. فرۆشتن و خستنە رووی هەر چەندییەکی تووتن و بەروبوومەکانی قەدەغە دەکرێن گەر ماوەی بە کارهێنانیان بە تێپەروونی ساڵێك بەسەر بەرهەمهێنانیان بەسەر چوو بوو.

2. ریکلام کردن بۆ جگەرە یا تووتن یان بەربوومەکانی بەمەبەستی برەوپێدان و هاندان بۆ کێشانیان لە هەرێم قەدەغە دەکرێت و، ئەمەش لە هەموو جێگایەك و لە هەموو هۆیەکی راگەیاندن پەیڕەو دەکرێت.

ماددەی نۆیەم: پێویستە لەسەر ئەو شوێنانەی کە جگەرە و تووتن یان بەروبوومەکانی دەفرۆشن لە شوێنێکی دیار لە ناو دوکان و شوێنەکانیان و بە نووسینێکی خوێنراوەی گەورە لە تابلۆیەکی دیکەی بە دەرەوەدا گوزارەی ئاگادارییەکەی کە لە ماددەی ( حەوتەم)ی ئەم یاسایەدا هاتووە بنووسرێت.

ماددەی دەیەم:

یەکەم : جگەرەکێشان لە شوێنە گشتیە داخراوەکانی خوارەوە قەدەغە دەکرێ:

1. هۆیەکانی هاتوچۆی گشتی.

2. قوتابخانە و مەڵبەندی فێرکردن و راهێنان و زانکۆ و نەخۆشخانە و مەڵبەندە تەندروستیەکانی دیکەی وەك دەزگای فێرکردن و دەزگاکانی تەندروستی.

3. وەزارەتەکان و دەزگا حکومەتیەکانی دیکەو دەستەو دەزگا گشتییەکان و یانە وەرزشیەکان و بارەگای کۆمەڵەکان و شوێنە گشتیەکان و لە ناو ئەسانسێر و هۆڵەکانی سینەما و شانۆدا.

4. دەزگا پیشەسازییەکان و مەڵبەندەکانی ناردنی کەل و پەلی بازرگانی.

5. چێشتخانە و شوێنی دیکەی کە خواردن و خواردنەوە بە جەماوەر دەفرۆشن.

دووەم: دەشێ بەبڕیاری وەزیری ژینگە دوای وەرگرتنی رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران شوێنی دیکە بخرێتە سەر ئەو شوێنانەی کە جگەرەکێشانی لێ قەدەغەیە.

سێیەم: بەدەر لە قەدەغەکردنی ناوبراو، دەشێ شوێنی داخراو بۆ جگەرە کێشان لەو شوێنانەی کە لە بڕگەی یەکەمدا لەم ماددەیە داهاتوون تەرخان بکرێ، بەلاّم لە چێشتخانەکاندا، و ئەو شوێنانەی کە خواردن و خواردنەوە بە جەماوەر دەفرۆشن دەشێ ئەو شوێنانەی کە بۆ جگەرکیشان تەرخان دەکرێن بە تەواوی داخراوە نەبن.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یازدەم: وەزارەتەکانی ژینگە و تەندروستی کاری گونجاو بۆ هوشیار کردنی تەندروستی و نەهێشتنی جگەرەکێشان بە هەموو هۆیەك ئەنجام دەدات.

ماددەی دووازدەم: هەر کەسێکی جگەرە یان تووتن یاخود بەروبوومەکەی یان رێگەی دا جگەرە لە ئەو شوێنانە بکێشرێ کە قەدەغەیە بە غەرامەیەك سزا دەدرێت کە لە ( ) هەزار دینار کەمتر نەبێ و لە ( ) هەزار دیناریش زیاتر نەبێ. ئەگەر دووبارە شی کردەوە ئەوا سزایەکەی بەند کردن بۆ ماوەیەك کە لە 3 سێ مانگ کەمتر نەبێ یان بە غەرامەیەك بکاتە ( ) هەزار دینار.

ماددەی سێزدەم: هەر کەسێکی سەرپێچی حوکمەکانی ئەم یاسایەی کرد، لەگەڵ زیان نەگەیاندن بە هەر سزایەکی توندتر، ئەو کەسە بە بەندکردن بۆ ماوەیەك کە لە ( ساڵێك ) زیاتر نەبێ و غەرامەیەك لە ( ) هەزار دینار کەمتر نەبێ و لە ( ) هەزار دیناریش زیاتر نەبێ سزا دەدرێ و لە کاتی دووبارە کردنەوەی سەرپێچیەکەشی سزاکەی بەند کردن و ئەو غەرامەیە دەبێت کە لەم ماددەیەدا هاتوون.

ماددەی چواردەم: پێویستە وەزیری ژینگە و تەندروستی رێنمایی پێویست دەربچوێنن بۆ ئاسانکاریی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

ماددەی پازدەم: ئەم یاسایە دوای رەت بوونی نەوەد رۆژ لە رۆژی بلاّوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێ.

هۆیە پێویستەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە

لە پێناو بەرژەوەندیی گشتی و پاراستنی مرۆڤی کوردستانی لە مەترسیەکانی کە تووشی دەبێ لە ئەنجامی جگەرکێشان و لە پێناوی کۆمەلگایەکی کوردستانی تەندروستی بێ جگەرکێشان و ژینگەیەکی پاك و دروست بۆ هاوولاّتیان و بۆ دانانی مەرجی بەرزەفت بۆ نەهێشتنی جگەرەکێشان و قەدەغەکردنی لە شوێنە گشتییە داخراوەکاندا و قەدەغە کردنی ریکلامکردن بۆ تووتن و بەروبوومەکانی، ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس ئەم پرۆژەیە پەیوەندی بە زۆر لیژنەوە هەیە، لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ ولیژنەی تەندروستی و لیژنەی ژینگەو لیژنەی مافی مرۆڤ ولیژنەی شارەوانیەکان ولیژنەی پەروەردە، ئومێد دەکەم ببێتە هۆی ئەوەی هەندێك جگەرەکێش وازی لێ بێنن، قازانجیشی بۆ کۆبوونەوەکانمان هەیە، لەمەو دوا ئیجازە نادەین بەوانەی کەوا بۆ جگەرەکێشان دەچنە دەرەوە، چونکە قەدەغە دەکرێت، ئومێد دەکەین سوودی هەبێت، زۆر سوپاس. خاڵی حەوتەم: خستنەروو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی داد لەهەرێمی کوردستاندا، ئێستا پرۆژەکە بەکوردی وعەرەبی بخوێننەوە پاشان رای لیژنەی یاسایی.

**بەرێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رەشنووسی پرۆژەی یاسای وەزارەتی داد

ماددەی یەکەم: مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:-

1- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

2- وەزارەت: وەزارەتی دادی هەرێم.

3- وەزیر: وەزیری دادی هەرێم.

4- ئەنجومەن: ئەنجومەنی وەزارەتی داد.

5- بریکاری وەزارەت: بریکاری وەزارەتی داد.

ماددەی دووەم: ئامانجی وەزارەت هێنانەدی داد و پاراستنی مافەکانی هەرێم و هاوولاتیيانە لە رێگەی پەرەپێدان و ئامادە کردنی یاساکان و رێزلێنان لە ناوەرۆکیان بە جۆرێکی وا پارێزگاری لە مافەکانی مرۆڤ بکات کە لەگەڵ جارِی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و پەیمانە نێو دەوڵەتیە پەیوەندیدارەکان پێیانەوە بگونجێ.

ماددەی سێیەم: وەزیر سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی کارەکانیدا و هەموو بڕیارو فەرمانێك لە چوارچێوەی ئەرکەکانی وەزارەت و پێکهاتە و دەستەڵاتەکانی و هەموو کاروبارە کارگێڕی و هونەرییەکان لەنێو سنووری ئەم یاسایەو یاسا کار پێکراوەکان لەوەوە دەردەچێ و بەرپرسیشە لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران بەو ناوەی کە ئەندامێکی هاوکارە لەو ئەنجومەنەدا.

ماددەی چوارەم: وەزارەت بریکارێکی هەیە, یارمەتی وەزیر دەدات لە بەڕێوەبردنی کاروباری وەزارەت و جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانی و بەرپرسە لەو پێکهاتانەی کە وەزیر پێی دەسپێردرێ و هەندێ لەو دەستەڵاتانە دەگرێتە ئەستۆ کە وەزیر پێیدەدات.

ماددەی پێنجەم: وەزارەت لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێکدێن:

یەکەم: نووسینگەی وەزیر: بەڕێوەبەرێك بەڕێوەی دەبات, کە خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆبێت.

دووەم: نووسینگەی بریکاری وەزارەت: بەڕێوەبەرێك بەڕێوەی دەبات, کە خاوەنی بڕوانامەی زانکۆ بێت.

سێیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی داد: بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات و لەم بەڕێوەبەراتییانەی خوارەوە پێکدێ:

1-بەڕێوەبەرایەتی تاکەکان: بەڕێوەبەرێك بەڕێوەی دەبات, کە خاوەنی بڕوانامەی زانکۆ بێت.

2- بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری: بەڕێوەبەرێك بەڕێوەی دەبات, کە خاوەنی بڕوانامەی زانکۆ بێت و خاوەن پسپۆڕیی بێت و ئەمانەی پێوە دەلکێ:

أ-بەشی ژمێریاری.

ب- بەشی ورد کاری.

3- بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاری: بەڕێوەبەرێك بەڕێوەی دەبات, کە خاوەنی بڕوانامەی زانکۆ بێت و بەشی کۆگاکانی پێوە دەلکێ.

4- بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیە دادی و یاساییەکان: بەڕێوەبەرێك بەڕێوەی دەبات, کە خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریوس بێ لە یاسا, یان هاوشانی بێ و لەم بەشانەی خوارەوە پێك دێت:

أ-بەشی پەیوەندییە دادییەکان.

ب- بەشی پەیوەندییە یاساییەکان.

ج- بەشی راگەیاندن.

5- بەڕێوەبەرایەتی  پلان و بەدواداچوون: بەڕێوەبەرێك بەڕێوەی دەبات, کە خاوەنی بڕوانامەی زانکۆ بێت و لەم بەشانەی خوارەوە پێکدێت:

أ-بەشی پلاندانان.

ب- بەشی بەدواداچوون.

ج- بەشی ئامار کردن.

د- بەشی بیناکان.

ماددەی شەشەم:

یەکەم: دەزگاکانی داد لەمانەی خوارەوە پێکدێن:

1-ئەنجومەنی راوێژکاریی بالاّ.

2- داواکاری گشتی.

3- دەستەی سەرپەرشتی دادی.

4- بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمار کردنی خانووبەرە.

5- بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگە دادییەکان و ئەمانەی پێوە دەلکێ:

أ-بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردن.

ب- فەرمانگەکانی دادنووسەکان.

ج- بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاودێری ناکامەکان.

6- بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی گەورەو منداڵاّن.

دووەم: دەزگاکانی داد بەپێی یاسای تایبەت بەخۆی کارو ئەرك و تایبەتمەندییەکانی جێ بەجێ دەکات بەمەرجێك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك نەبێت.

ماددەی حەوتەم:

یەکەم: ئەنجومەنێك لە وەزارەت پێکدێت پێی دەگوترێت (ئەنجومەنی وەزارەتی داد)و لەمانە پێك دێت:

1-وەزیر: سەرۆکە.

2- بریکاری وەزارەت: جێگری سەرۆکە.

3- سەرۆکی ئەنجومەنی راوێژکاری گشتی: ئەندامە.

4- سەرۆکی داواکاری گشتی: ئەندامە.

5- بەڕێوەبەری گشتی داد: ئەندامە.

6- بەڕێوەبەری گشتی تۆمار کردنی خانووبەرە: ئەندامە.

7- بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگە دادییەکان: ئەندامە.

8- بەڕێوەبەری گشتی چاکسازی گەورەو منداڵان: ئەندامە.

دووەم: مەرجە بەڕێوەبەری گشتی خاوەن بڕوانامەی زانکۆ بێت لە یاسا, یان هاوشانی و خاوەن شارەزایی و خزمەتێك بێت لە (15)ساڵ کەمتر نەبێت.

سێیەم: ئەنجومەن مانگانە لەسەر بانگهێشتی سەرۆك جارێك کۆ دەبێتەوەو لە کاتی نەهاتنیشی جێگرەکەی جێی دەگرێتەوە.

چوارەم: نیسابی بەستنی ئەنجومەن بە ئامادە بوونی دوو لەسەر سێی ئەندامانی تەواو دەبێت و بڕیارەکانی بە زۆرینەی دەنگی ئەندامە ئامادە بووەکان دەدرێت و لە کاتی یەکسانی بوونی دەنگەکانیش ئەو لایەنە پەسند دەکرێت کە سەرۆکی لەگەڵدایە.

پێنجەم: ئەنجومەن سکرتێرێکی دەبێت کە خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت لە یاسا و کاروباری ئەنجومەن ڕێك دەخات.

ماددەی هەشتەم: ئەنجومەن ئەم ئەرکانە دەگرێتە ئەستۆ:

1-دانان و وتووێژ کردن لەسەر ئامانجی گشتی پلانی ساڵانەی وەزارەت و بڕیاردان لەسەری.

2- ئامادە کردنی بودجەی وەزارەت و میلاکی.

3- لێکۆڵینەوە لەو پێشنیازانەی کە تایبەتن بە دامەزراندن, یان هەڵوەشاندنەوە, یان لێکدانی فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەت.

4- لێکۆڵینەوە لەو بابەتانەی کە وەزیر بۆی دەنێرێ.

ماددەی نۆیەم: وەزیری داد بۆی هەیە روو لە ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێم بکات بۆ ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر ئینتیدابی دادوەر و دادوەری دادگای تەمییزیشی لەگەڵدا بێت بۆ سەرۆکایەتی یەکێك لە دەزگاکانی وەزارەتی داد.

ماددەی دەیەم:

1-ئەرك و تایبەتمەندی و پێکهاتەکانی وەزارەت بە پێڕەو دەست نیشان دەکرێ.

2- وەزیر بۆی هەیە لە کاتی پێویستدا بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبە لە نوێ دابنێ, یان لێکیان بدات.

3- وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی بۆ ئاسانکاریی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

ماددەی یازدەم: کارمەندانی دادگاکانی پێداچوونەوە (ئیستئناف) لە هەرێم بەستراونەتەوە بە وەزارەت جگە لە دادوەرەکان, بە مەرجێك لە رووی کارگێڕییەوە لە ژێر سەرپەرشتی سەرۆکەکانی دادگا ناوبراوەکان بن.

ماددەی دوازدەم: یاسای ژمارە (12)ی ساڵی 1992ی وەزارەتی دادی هەرێمی کوردستانی عێراق هەڵدەوەشێتەوەو پێڕەو و ڕێنماییەکانی بەپێی ئەو یاسایەی دەرچوون کاریان پێدەکرێ, کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك نەبن, تاکو پێڕەو و ڕێنمایی تر جێیان دەگرنەوە.

ماددەی سێزدەم: دەبێ وەزیرە تایبەتمەندەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**ماددەی چواردەم: ئەم یاسایە لە رۆژی بلاْوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقائیعی کوردستان)دا جێ بەجێ دەکرێت.**

**هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە**

**لە پێناوی چەسپاندنی بنچینەی جیاکردنەوەی دەستەلاْتەکان و سەربەخۆیی دادوەریی و رێز لێنان لە ماف و ئازادی و لە پێناو پەرەپێدانی دەزگاکانی داد کە بەرپرسیەتیەکی زۆریان بۆ هێنانەدی دادوەری هەیە, پێویست وا دەخوازێ هەیکەلی وەزارەتی داد لەسەر بنچینەیەکی زانستی دابمەزرێتەوە, تاکو بتوانێ کارو ئەرکە یاسایی و دادوەری و جیاکردنەوەی ئەرکە دادوەرییەکان لێیانەوە ئەنجام بدات, بەو ناوەی بەشێکە لە دەستەلاْتی جێ بەجێ کردن و لەبەر رۆشنایی و رابەری ئامانجە ناوبراوەکان و بۆ دابین کردنیان ئەم یاسایە دەرچوێنرا.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس وەڵڵا من پێم وایە عەرەبیەکە پێویست ناکات بیخوێننەوە، ئێستا راپۆرتی لیژنەکەتان خاڵ بەخاڵ بخوێننەوە بەکوردی وبەعەرەبی، ئینجا موناقەشەی لەسەر ئەکەین، فەرموون.**

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی یەکەم: مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:-**

1- **هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.**

2- **وەزارەت: وەزارەتی دادی هەرێم.**

3- **وەزیر: وەزیری دادی هەرێم.**

4- **ئەنجومەن: ئەنجومەنی وەزارەتی داد.**

5- **بریکاری وەزارەت: بریکاری وەزارەتی داد.**

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**راپۆرتی لیژنەی یاسایی ئەوەی پەیوەندی بەماددەی یەکەمی پرۆژەکەوە هەیە، پێشنیاز دەکەین، وشەی گوزارە (تعبیر) بگۆڕدرێ بە وشەی زاراوە(مصطلحات) و برگەی (1) بکرێت بە هەرێمی کوردستان - عێراق، لەگەڵ جێگۆڕکێی برگەکانی (4و5) و لە دارشتنی دا برگەی (5) بکرێت بە (بریکاری وەزارەت) لە جیاتی (بریکاری وەزیر). یەعنی ئەوە لێرە هیچ شتێك نەگۆڕایە تەنها ئەوە نەبێت، هەرێم هەرێمی کوردستانی عێراقە، ئێمە گۆڕیتمان داشێکمان بۆ زیاد کردووە، وەکو وەزارەتەکانی دیکە، هەروەها بریکاری وەزیر نووسرابوو، کردمانە بریکاری وەزارەت، برگەی چواریش خراوەتە خوارەوەو برگەی پێنج چویتە جێگای، تەنها ئەوەنەیەو بۆ صیاغەیە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**عەرەبیەکەش بخوێننەوە کاك محمد صالح.**

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**أولاً/ فيما يتعلق بالمادة الأولى من المشروع نقترح تبديل كلمة (التعابير) بكلمة (المصطلحات) و جعل الفقرة (1) اقليم كوردستان ـ العراق و تبديل (اماكن الفقرتين) (4و5) وجعل صياغة الفقرة (5) وكيل الوزارة بدلاً من (وكيل الوزير).**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەمەش هەروەکو مادەکانی پرۆژە یاسای وەزارەتەکانی ترە، تەنها تەسەلسولەکە ئەگۆڕێت، وەکیل وەزیریش دەبێتە وەکیل وزارە، لەگەڵ جێگۆڕکێی ڕەقەم چوار وپێنج، کێ لەگەڵ ئەو تەعدیلاتەی لیژنەی یاساییە با دەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟. بەکۆی دەنگ وەرگیرا، فەرموون بۆ ماددەی دوو.**

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی دووەم: ئامانجی وەزارەت هێنانەدی داد و پاراستنی مافەکانی هەرێم و هاووڵاتییانە لە ڕێگەی پەرەپێدان و ئامادە کردنی یاساکان و ڕێزلێنان لە ناوەرۆکیان بە جۆرێکی وا پارێزگاری لە مافەکانی مرۆڤ بکات کە لەگەڵ جاڕی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و پەیمانە نێو دەوڵەتیە پەیوەندیدارەکان پێیانەوە بگونجێ.**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی دووەمی پرۆژەکەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەکات ئەوکارانەی کە وەزارەت دەیگرێتە ئەستۆ بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی و بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە:-**

**ئامانج و ئەرکەکانی وەزارەت**

**ماددەی دووەم**

**یەکەم: ئامانجی وەزارەت بەدیهێنانی دادپەروەری و پاراستنی مافی هەرێم و هاووڵاتیانە لە ڕێگەی پەرەپێدانی پیادەکردن و ئامادەکردنی یاساکان و ڕێزگرتن لە ناوەڕۆکەکانیان بە جۆرێکی وا بەرگری لە مافی مرۆڤ بەدیبێنێ و لەگەڵ جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ و عەهد و پەیمانە نێودەوڵەتیەکانی پەیوەندیدارن پێیەوە بگونجێ.**

**دووەم : وەزارەت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم ئەرکانە دەگرێتە ئەستۆ:**

**1- بە یاسا کردن و سەیرکردنی ناکۆکییە کارگێڕی و دادوەری کارگێڕی و دەستەبەر کردنی یەکێتی یاساکاریی و دەربڕینی بیروڕا لەبارەی کاروباری یاسایی بۆ کوردستانی عێراق و دەزگاکانی.**

**2- تۆمارکردنی تەسەروفی خانووبەرە و حوکمەکانی دادوەریی لەبارەی مافی عەقاری و ڕیکخستن و بەهێز کردنی تەسەروفی یاسایی و چەسپاندنی ئەو مافانەی لێیەوە دروست دەبن و سیفەتی فەرمیان بخرێتە سەر.**

**3- چاودێری کردنی کاروباری ناکامان له ڕووی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و مرۆڤایەتیەوە بە هەماهەنگی کردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکاندا.**

**4- پاراستنی دەسکەوتەکانی مافەکانی هەرێم و مافی هاووڵاتیان و ئاسانکاریی کردنی کاری جێبەجێ کردنی حوکمەکان و بڕیارەکان.**

**5- ئامادەکردنی پلانی تایبەت بە وەزارەت و بەدوا داچوونی جێبەجێ کردنەکەی.**

**6- دەرکردن و بلاوکردنەوە و دابەشکردنی رۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بۆ دابین کردنی ئاگاداری فەرمانگە و دەزگاکانی هەرێم و هاووڵاتیان لە یاساکارییە دەرچووەکاندا.**

**7- ئامادەکردن و شیاندنی دادوەر و ئەندامانی داواکاری گشتی و شیاندنی کادیری یاسایی بۆ کارمەندانی وەزارەت و فەرمانگە و دەزگاکانی دیکەی هەرێم.**

**8- پێداچوونەوە و وردەکاریی و پشکنینی تۆمارەکانی وەزارەت و هەموو فەرمانگەکانی بۆ دابین کردنی دادوەریی و دەستپاکی و شیاویی لە جێبەجێ کردنی کارو چالاکیەکانی دا.**

**9- بەستنی کۆبوونەوە لە گەڵ دادوەرەکان بە دادوەرەکانی دادگای تەمییز و کارمەندانی فەرمانگەکانی دیکەی دادەوە بۆ دەستەبەرکردنی بەدیهێنانی ئامانجەکانی وەزارەت.**

**10- هەماهەنگی کردن لە گەڵ ئەنجومەنی دادوەریی و لایەنە پەیوەندی دارەکان بە مەبەستی پیادەکردنی یاساکان و بەدیهێنانی دادپەروەریی و ئامانجەکانی وەزارەت.**

**11- بەشداریکردن لە نرخاندنی یاسای کارپێکراو بۆ زانینی ڕادەی گونجانی لەگەڵ واقعی پەرەسەندوو و پەیوەندیی بە مافی گشتی و بەرژەوەندی کۆمەڵگای کوردستانییەوە.**

**12- لێکۆڵینەوە لە دیاردە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان و بەشداریکردن لە چاودێری کردنی دیاردەی تاوانکردن و ناکۆکیەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان بە هاوکاریکردن لە گەڵ فەرمانگەکانی دیکەی پەیوەندیدار لە هەرێمدا.**

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**اما فيما يتعلق بالمادة الثانية من المشروع تقترح اللجنة اضافة المهام التي تتولاها الوزارة لتحقيق اهدافها و صياغتها كالآتي:-**

**اهداف ومهام الوزارة**

**المادة الثانية:**

**أولاً: تهدف الوزارة الى تحقيق العدالة وحماية حقوق الاقليم والمواطنين عن طريق تطوير تطبيق واعداد القوانين واحترام مضامينها بما يحقق الدفاع عن حقوق الانسان و ينسجم مع الاعلان العالمي لحقوق الانسان والعهود والمواثيق الدولية المتعلقة بها.**

**ثانيا: تتولى الوزارة لتحقيق اهدافها المهام الآتية:-**

1-التقنين و النظر في المنازعات الادارية و القضاء الاداري و ضمان وحدة التشريع وابداء الرأى في الامور القانونية لكوردستان ـ العراق واجهزتها.

2- تسجيل التصرفات العقارية و الاحكام القضائية على الحقوق العقارية و تنظيم وتوثيق التصرفات القانونية وتثبيت الحقوق الناشئة عنها واضفاء الصفة الرسمية عليها.

3- رعاية شؤون القاصرين من النواحي الاجتماعية والثقافية والتربوية والانسانية بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة.

4- حماية مكتسبات حقوق الاقليم و حقوق المواطنين و تبسيط اجراءات تنفيذ الاحكام و القرارات.

5- اعداد الخطط الخاصة بالوزارة ومتابعة تنفيذها.

6- اصدار ونشر وتوزيع الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) باللغتين الكوردية و العربية لتأمين اطلاع اجهزة و مؤسسات الاقليم والمواطنين على التشريعات الصادرة.

7- اعداد وتأهيل القضاة واعضاء الادعاء العام وتأهيل الكوادر القانونية لمنتسبي الوزارة و أجهزة و مؤسسات الاقليم الأخرى.

8- مراجعة وتدقيق و تفتيش سجلات الوزارة واجهزتها كافة لضمان العدالة و النزاهة والكفاءة في اداء اعمالها ونشاطاتها.

9- عقد الاجتماعات مع القضاة بما فيهم قضاة محكمة التمييز ومنتسبوا اجهزة العدل الأخرى بما يكفل تحقيق اهداف الوزارة.

10- التنسيق مع مجلس القضاء و الجهات ذات العلاقة بهدف تطبيق القوانين و تحقيق العدالة و اهداف الوزارة.

11- الاسهام في تقييم القوانين النافذة لمعرفة مدى مطابقتها للواقع المتطور و مساسها بالحق العام و مصالح المجتمع الكوردستاني.

12- دراسة الظواهر الاجتماعية المختلفة و الاسهام في رصد ظاهرة الاجرام و المنازعات و كيفية معالجتها بالتعاون مع الأجهزة الأخرى ذات العلاقة في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس موقتەرەحی لیژنەی یاسایی پاش کۆبوونەوەو دانیشتن، لەگەڵ جەنابی وەزیری داد ڕێککەوتن، ئەم موقتەرەحەیان پێشکەش کردووە، مهامەکەیان تەحدید کردووە، یەکەم وەکو باسی کردووە عەدالەت وحیمایەتی حقوقی مواتین، دووەمینیش هەدەفی ئەو دوانزەیەی ژماردووە، کێ دەیەوێت قسە بکات لەسەر ئەو ماددەیە ناوتان دەنووسم، کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا من دەستخۆشی لەلیژنەی یاسایی دەکەم بەوەی کەکۆمەڵێك ئەرك وئامانجیان بۆ وەزارەت دەستنیشان کردووە، کە کاری وەزارەتە، بەلاّم لە پرۆژە ئەصڵیەکەدا نەهاتووە، من هەر بەکورتی سێ خاڵم

هەیە کەوا باسی لێوە بکەم، پێم وابی ئێمە ئێستا لەهەرێمی کوردستان گرفتێکی گەورەمان هەیە، ئەوەیە کەزۆرجار تاوانکاران یاخود ئەوانەی کەگومانی ئەنجامدانی تاوانێکیان لێ دەکرێت، هەوڵ دەدەن هەرێم بەجێبهێڵن، ئیتر لەناوچەیەکی تر لەناو عێراق یان ناوچەیەکی تر لەدەرەوەی عێراق، بۆیە بەپێویستی دەزانم ببێت بەبەشێك لە ئەرکو ئامانجەکانی وەزارەت یاخود فەرمانگەیەك یاخود حەتا دادگایەك هەبێت، بۆ وەرگرتن وتەسلیم کردنی تاوانباران کەلەناوچەکانی تری عێراقن یاخود لە دەرەوەی وولات، ئەمە یەکەم دووەم ئەوەی کەمن پێم باشە لێرەدا ئەگەر بکرێت لەئامانجەکاندا باسی لێوە بکەین، فەرمانگەکانی چاکسازییە واتە سجنەکانمان ئێمە پێشتریش لەم پەرلەمانەدا گوێمان لە وەزیرە بەڕێزەکان بووە کەوتوویانە ناوەندەکانی چاکسازی ئێمە بەڕاستی بەو شێوەیە تەنزیم نەکراون، کە چاکسازی بێت بۆ ئەو سجنانە یاخود ئەو تاوانبارانەی کە دەچنە ئەوێ، پێمان باش بوو لێرە ناوەندەکانی چاکسازی وەکو ئەرکێك وواجبێکی وەزارەتی داد، لە ئەستۆگیرابایە بۆ ئەوەی کەوا ناوەندی چاکسازی دەوری خۆی ببینێت، خاڵی سێیەم، مەسەلەی هاوکاری یاسایی بۆ گرتنی پارێزەر بۆ ئەو تاوانانەی کەوا ئەنجام دەدرێن بەتایبەتی تاوانەکانی جینائی کەواتە، پێم وابێ ئەو برەپارەی کەوا دەدرێت بۆ پارێزەران کە نوێنەرایەتی یاخود پارێزەری تاوانبارێك کەوا مەبلەغەکەی زۆر کەمە، بۆیە زۆرجار دەبینین پارێزەران وەکو پێویست ناتوانن کاتی خۆیان یان حەقی خۆیان بدەن، بۆیە داوا دەکەین ئەو برە پارەیە لە ئایندەدا ئەگەر بکرێت چاوێکی پێدابخشێنرێتەوەو چاکبکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من تێبینی ئەکەم لە مەسەلەی دانانی وەزیر، من تێبینیەکی تایبەتیم هەیە، لەسەر مستەوای دانانی وەزیرێك بۆ بەڕێوەبردنی عەدالەت، لە سیستەمی سەردەم و لەکۆمەڵگای مەدەنی وەزیر نیە سەرپەرشتی دادگا بکات، لیژنەیەکی یاسایی هەیە کە قەزا ئەبات بەڕێوە، ئەمە عەدالەت ئەبات بەڕێوە، تەبیعی حەزەکەم لەشوێنێکەوە بەڕاستی ئێمە نزیك ببینەوە لەکۆمەڵگای مەدەنی من ئەزانم کە پرۆژەیەکە لە وەزارەتەوە هاتووە، کە تێبینی ئەکەم، هیچ کارێك لەم کارانە ئیشی وەزیرێك یان شەخصێك نیە، ئەمە وەکو وەزارەتێکی تر نیە، لەبەر ئەوە من پێشنیازێك ئەکەم کە ئەم مەوزوعە فراوانتر دیراسە بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانین سیستەمێکی عەدالەت دابنێین، عادەتەن مەسەلەن وەکو لە ولایەتە یەکگرتووەکان ئەمەریکا هەیە، سیستەمێك هەیە جەستس دیپارتمێنت، ئەمانە کۆمەڵێکن حەوت کەس هەڵ ئەبژێردرێت لەناو ئەو خەبیرانەی عەدالەت کەهەن، ئەمانە هەتا هەتایی ئەبن، هەتاکو ئەمرن، ساڵانە تازە ناکرێنەوە، وەکو وەزارەتی تر نییە، ئەمانە ئیشرافی عەدالەت ئەکەن، ئیشرافی محاکم ئەکەن، قانون دائەنێن، شوێنی تریش هەیە کەوا مدعی عام بەشداری تێدا دەکات، ئەم مەوزوعە هەرچەند من

سەیری ئەکەم، ناگونجێت لەگەڵ یاسا و ناگونجێت لەگەڵ ئەمەدا، خۆزگە بیر بکرایەتەوە بەشێوەیەکی فراوانتر ئەم مەوزوعە چارەسەربکرایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشەکی بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر ئەکەم، پێشم وایە وەزارەتی عەدل، لە هەندێك دائیرەی تایبەتی پێکهاتووە، وەکو لەیاساکەشدا باسی لێوەکراوە، پێویستیشە زیاتر تەفعیل بکرێت، بەڵام لە بەشی مهامی ئەو وەزارەتەدا، من سێ خاڵی تێدا ئەبینم ئەو سێ خاڵە، زیادن لە ئیشوکارەکانی وەزارەتدا وەکو خاڵی یەکەم وەزارەت سەیری مونازەعاتی ئیداری وقەزای ئیداری و ئیبدائی رەئی بکات، ئەگەر مونازەعاتی ئیداری یەعنی ئەو نیزاعاتانەی لەبەینی دەوائیری دەوڵەتدا یاخود فەرد و دەوڵەتدان، ئەمە رەبتی بەقەزای ئیدارییەوەیەو قەزای ئیداریش لە کاتی خۆیدا محکمەی دەستووری ئیشرافی ئەکات وئەیبات بەرێوە، ئیبدائی رەئی قانونیش ئەوە هەر لەناو وەزارەتدا دائیرەیەکی بۆ دروست بووە، دائیرەی مەجلسی شورای پێ ئەڵێن، ئەوە زیاتر موتەخەسیسە بەوەوە، تەبیعەتی ئەم دائیرانەی ناو وەزارەتی عەدل هەر دائیرەیەك قانونی خۆی و نیزامی خۆی هەیە، بەنیسبەت فەقەرەی سێ، رئیعایەی شئونی ئیجتیماعی وسقافی و تەربەوی و ئینسانی دەکات، هەر خۆی قانونی ریعایەی قاسرین هەیە، بەڵام زیاتر ئەو قانونەی کەهەیە، پارێزگاری ئەموالی قاسر ئەکات، نەك ریعایەی ئیجتیماعی ونەفسی وتەربەوی، ئەوە موتەخەسیسە بەوەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، نەك بەوەزارەتی عەدل، بەنیسبەت فەقەرەی حەوتیەوە، کە باس لە اعداد وتأهیل القضاة دەکات من پێم وایە، ئەوە شتێکی زۆر باشە، بۆ وەزارەت، بەڵام ئەگەر بکرێت لەرێگەی معهدی قەزائیەوە بێت، معهدێکی قەزائی دروست بێت و وەزارەت ئیشرافی ئەو معهدە بکات بۆ ئەوەی ئیعدادی کەوادیری قەزائی پێشکەوتوو لە ادعای عام و قچاە دروست بکات، بە نیسبەت فەقەرەی یازدەشەوە، کە باس لە (الاسهام في تقییم القوانین النافذة لمعرفة مدى مطابقتها للواقع المتطور) پێم وابێ ئەوەش هەر لە زمنی ئیختصاصەکانی مجلسی شورایە، کە یەکێکە لەدائیرەکانی ناو وەزارەتی عەدل، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد فرج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سێ تێبینیم هەیە، خاڵی یەکەمیان تحقیق العداله، یەعنی باشتر وایە بڵێین (لضمان حقوق الاقلیم والمواطنین)، هەرچەند لەگەڵ ئیقلیمەکە نیم، یەعنی زەمانی حقوقی ئیقلیم بەوەزارەتێك ناکرێت، ئەوە ئیشی دەسەڵاتی گشتیە لە سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان ودەسەڵاتی جێبەجێکردن، من پێم وا نیە ئیشی وەزارەتی ئەوان بێت، هەر بنووسرێت (تحقیق العدالة لضمان حقوق المواطنین)، دوو کاراکردنی دەزگای ادعای عام، یەعنی ئێمە هەمووومان ئیقراری ئەوە ئەکەین، کە دەزگای ئیدعای عام دەوری خۆی نەبینیوە، تەمەنا ئەکەم وەزارەت ئەمە بکاتە بەندێك یان ماددەیەك لە قانونەکەی خۆیدا کە ئەم دەزگایە لەمەو بەدوا بەیاسا کاربکات، نەك بەئەوامری وەزارەت، سێیەم، ئەبوو لەم وەزارەتەدا باسی زەمانی حقوقی سوجەنا بکرێ، کە رەئیەکی وەهاش هەیە کە زیندانەکان بخرێنە سەر وەزارەتی داد، ئەگەر نەشخرێت یەعنی باش وابوو، بڕگەیەکی وا هەبێت (العمل علی ضمان حقوق السجناء)، مادەم زۆربەی بڕیارەکان کەوەزارەتی داد سەرپەرشتی دەکات هی دادگاکان، پەیوەندن بەخەڵکێکەوە کە تحقیق هەبێ ئەچێتە زیندان، ئەگەر سەرپەرشتی کار بکات بۆ سەرپەرشتی ئەوە، وابزانم یەکێکە لە ئیشەکانی وسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ملا سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت تەقریری لیژنەی یاسایی لە فەقەرەی دووەم کە دەڵێت تسجیل التصرفات العقاریة پێم باشە لە ئەخیری ئەوەی بۆ زیاد بکرێت، وضمان حمایة المعاملات التي تنضم وتوثق من قبلها والمصادقة علی الوکالات والترجمة، بەنیسبەت سێیەم هەر رەئیەکەی کاك عومەرم هەیە، کە دەڵێت رعایة شؤون القاصرین من النواحي الاجتماعیة والثقافیة والتربویة ئەوە زۆر گرنگ نیە بەس ئەوەندەی بۆ زیاد بکرێت، والاستثمار اموال القاصرین في ضوء التغییرات الاقتصادیة، یەعنی حیمایەی ئەموالی ئەو قاصرینانە بکرێت، لە فەقەرەی نۆیەم، پێم باشە لە ئەخیری ئەوە زیاد بکرێت، وتنضم العلاقات العدلیة مع الحکومة الاتحادیة والدول العربیة والاجنبیة، یەعنی باسی عدلی نەکرایە، لەمابەینی چ حکومەتی ئیتیحادی چ حکوماتی ئەجنەبی لەپاشان لە خاڵی دوازدە کەباسی دراسة الظواهر الاجتماعیة دەکات، ئەم فەقەرەیە چ بەفەقەرەیەکی سەربەخۆ زیادبکرێت چ ئەو فەقەرە ئاوها بێت، والاشراف علی کل مایتعلق بملف التعویضات کما تتولی دراسة العقود التي تکون وزارة العدل طرفاً فیها، یەعنی یەك، باسی تەعویزات بکرێت کە ئەو تەعویزاتەی کەئێستا لەگەڵ حکومەتی بەغدا دەکرێت، دووەمینیان ئەو عەقدانەی کە وەزارەتی عەدل تەرەفە تێیدا، ئەوەش ببێتە یەکێك لەمهامەکانی وەزارەتی عەدل، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر جەنابی وەزیر لەسەر ئەو رەئیانە هەندێکیان پێشنیارە هەندێکیان پێویستی بەتەوزیحە ئەو بەڕێزانە ئەو پێنج ئەندامە قسەیان کرد، ئەگەر تەوزیحێکت هەبێت یان هەندێك ئیقتراحاتیان هەیە رەئێکت هەبێت، لەگەڵ لیژنەی قانونی رەئیەك بدەن تا بچینە سەر رەئی ئەندامانی تر.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەنیسبەت تێبینی بەعزێك لە برادەران کە هەندێکیان پەیوەندی بە شکلی ولوغەوی وئەو شتانەوە هەبوو، برادەری یەکەم باسی دانانی دادگایەکی تایبەتی کرد کە عیلاقەی بەگرتنی خەڵك وئەو مەسائیلانەوە هەبێت کە عیلاقەی بەدەرەوەی هەرێم هەبێت، ئەو مەسەلەیە پێم وایە زیاتر ئیجرائاتی تەنفیزیە، یەعنی پێویست بەمەحکەمەی تایبەت ناکات، هەر جەریمەیەك کە دەکرێت، کەدێت حاکمی تەحقیق هەیە ئەو تەحقیق دەکات، ئەو خەڵکانەی ئەگەر لە دەرەوەی هەرێم بن رێگای تایبەتی بۆ دانراوە، بەواسیتەی وەزارەتی داخلیەوە یان وەزارەتی کە دەتوانن داوا بکەنەوەو تەسلیم بکرێت، لەدەرەوەی هەرێمیش ئەوە رێگای دبلۆماسی هەیە، ئەنتەرپۆڵ هەیە، ئەوە بەو رێگایانە دەبێت پێویست ناکات، لەهیچ شوێنێکی ئەو دادگایەدا نیە بۆ ئەو مەوزوعەی، بەنیسبەت مەسەلەی چاکسازی، یەعنی سجن وئەو شتانە، یەك دوو برادەر باسی کرد، مەسەلە بڕاوەتەوە درایتە وەزارەتی کار، عیلاقەی بەسەر وەزارەتی دادەوە نەمایە، بۆیە پێویست ناکات لێرەدا باس بکرێت، ئەو برادەرە باسی گرتنی پارێزەری کرد، تەبیعی ئەوە عیلاقەی بە قانونی وەزارەتی عەدلەوە نیە، ئەوە لەقانونی اصولی محاکمات جزائی و ئەوانە قانون رێگای بۆ داناوە، چۆن پارێزەر دەگیرێت، لەسەر حیسابی دەوڵەت، ئەو متهمانەی کەوا پارێزەریان نەبێ، ئەویش بەرِەئی من پێویست ناکات، کاك جمال باسی مەسەلەی سەرپەرشتی وەزارەتی دادی کرد لەسەر دادگاکان، لە حەقیقەتدا ئەوە وەها نیە بەو شێوەی کەئەو برادەرە بۆی چووە، مەسائیلێ عیلاقەی بە دادوەران هەبێت، بەدامەزراندنیان، بەنقڵیان و بە سەرپەرشتیەوە، ئێمە مەجلسی قەزامان هەیە، تەبیعی مجلسی قەزا سەرپەرشتی ئەوە دەکات، تەبیعی قانونی تەنزیمی سوڵتەی قەزائیش ئەوە مەشروعێکە دانرایە، دوایی پاشی قانونی وەزارەتی داد باسی لێوە دەکرێت و دێتە پەرلەمان و قسەی لەسەر دەکرێت، وەزارەتی عەدل دادوەران هەموو ئیشوکارەکانیان لەرێگای ئەنجومەنی قەزائیەوە دەبێت و سەربەخۆن وتەنها ئێستا کە باسی ئەوە دەکەین هەندێ مەسائیلی ئیداری وەزارەتی داد بەتەعاون یان بە موافەقەتی سەرۆکی ئەنجومەنی قەزا ئەوە بۆ تەسهیلی موهیمەتی ئەنجومەنی قەزائیە، بۆ ئەوە نیە ئێمە کە وەکو وەزارەتی داد، بەعەکسەوە ئێمە وەکو وەزارەتی داد پێمان باشە قەزا بەتەواوەتی سەربەخۆ بێت، برای بەڕێز کاك عومەر بەعزێ حاڵی باسکرد یەك لەوانە مەسەلەی مونازەعاتی ئیداری بوو کە بەپێی قانونی وەزارەت داد نیە، راستە ئێستا لەکوردستان محاکمی ئیداری نیە، بەڵام ئەو مەجلیسەی کە وەعد وایە دابمەزرێت، مجلسی ئیستشاری پێ دەڵێین، مەشروعی بۆ دانرایە وە پێم وایە لەقانونی ئێستای وەزارەتی دادیش مودیریەتێکی سەربەخۆییە، یان دەزگایەکی سەربەخۆیە، بەپێی قانونی ئەو دەزگایە ئەو وەختە مەحکەمەی ئیداری بۆ

دادەنرێت، ئەو مەحکەمەی ئیداریە ئیختیصاصی بەپێی قانونێك دیاری دەکرێت، کە ئەو مونازەعاتەی لەمابەینی دەوڵەت ولەمابەینی ئەشخاص هەیە، تەبیعی ئەو مەحکەمەیە دەکرێتەوە پاش ئەوەی کە ئەو قانونە پەسەند کرا لەلایەن پەرلەمانەوە، برادەرێکی تر باسی اعدادی کەوادیری قەزائی کرد، تەبیعی هەر کاك عمر باسی کرد، بەپێی قانونی وەزارەتی عەدل مودیریەتێکی تایبەت دەکرێتەوە مودیریەتی عامەی معهدی قەزائی، ئەوە دوایی نیزامێکی بۆ دادەنرێت، بەپێی ئەو نیزامە معهدی قەزائی دەوری خۆی دەبینێت لەمەودوا ئەو معهدە خەڵکمان بۆ تەئهیل دەکات بۆ مەسەلەی هەم ادعای عام، هەم بۆ مەسەلەی حاکمایەتی، کاك محمد فرج لەسەر مەسەلەی تەفعیل کردنی ادعای عام قسەی کرد، تەبیعی ادعای عام لە جیهازە گرنگەکانە، ئەوە بەڕاستی منیش لەگەڵ ئەو رەئیەمە، پێویستە تەفعیل بکرێت، ئەو تەعدیلەی کە ئەمڕۆ لەپەرلەمان خوێنرایەوە و قیرائەی بۆ کرا و بڕیارە موناقەشەی لەسەر بکرێت، ئەوە ئەگەر تەصدیق بکرێت لە موستەقبەلدا بەڕاستی ئەوە دەوری ادعای عام باشتر تەفعیل دەکات، ئەو مولاحەزاتانەی کەوا پێویستی بە جوابە ئەوەبوو کە من دەیبینم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو ڤیان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داوای زیاد کردنی بڕگەیەك دەکەم، لێرە دووپاتی دەکەمەوە لەسەر وەزارەتی داد ئاگاداری وبەدواداچوون بکات لەسەر دادگاکانی سەر بەوەزارەتی داد، بە جووڵاندنەوەی ئەو داواکاریانەی کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردە دەکرێت بۆ لێکۆڵینەوەو دادگایی کردنی ئەو شهادە تەزویرانەی کەوا دەکرێت، داوای ئەو بڕگەیە دەکەم، دووەمیش ئەو پێشنیازە دەکەم کەوا نوێنەری وەزارەتی داد هەبێت لە ناو لیژنەی باڵای راگەیاندنی پەروەردە، کە ئەندامانی هەبێت لەپاڵ نوێنەرانی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکانی پەروەردەو رۆشنبیری وکاوباری کۆمەڵایەتی، پێشنیاری ئەوە دەکەم کەوا وەزارەتی دادیش نوێنەری هەبێت بۆ لێکۆڵینەوەو توێژینەوە، زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە هالە فەرموو.

**بەڕێز د. هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

له فەقەرە سێ کەلیمەی ناکام بەکارهاتووە، وەکو تەرجومەیەك بۆ قاصر لە بواری پزیشکی ناکام یان تەخلوف عقڵیە، یان کەم ئەندامە نەمانزانیوە قاصرە، پێم باشە هەروەکو خۆی هەر بەقاصری بمێنێتەوە، یان وشەیەکی تری بۆ بەکار بێت وسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو پەخشان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من موناقەشەی تەقریرەکەی لیژنەی یاسایی ئەکەم، لە أولاً : تهدف الوزارة الى تحقيق العدالة وحماية حقوق الاقليم والمواطنين، پێم باشە بووتری تحقيق العدالة في الاقليم وحيماية حقوق المواطنين، هەر لەهەمان خاڵ ينسجم مع الاعلان العالمي لحقوق الانسان والعهود والمواثيق الدولية، لەدواي والمواثيق والاتفاقيات ئیزافە بکرێت، یەعنی العهود والمواثيق والاتفاقيات الدولية، سەبارەت بەماددەی حەوت منیش ئەو پرسیارەم هەبوو سەبارەت بەمعهدی قەزائی واشی تێگەیشتووم کە معهدی قەزائی سەر بەمجلسی قەزایە، سەبارەت بەخاڵی نۆ و دە، نازانم من شارەزاییم نیە، بەڵام ئەمە تاچ ڕادەیەك گونجاوە ئایا وەزارەتی عەدل لەگەڵ مجلسی قەزاو ئەو نەوعە تەنسیقە، یان لەگەڵ مەحکەمەی تەمییز و کۆبوونەوە، باش تێی ناگەم، یەعنی چەند ئەگونجێت لەگەڵ جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان وهەتا دوایی ئەوە پرسیارە، سەبارەت بەخاڵی دوانزە، دراسة الظواهر الاجتماعية تا کۆتایی، بەڕاستی هەمووومان ئەزانین کە ئێستا دیاردەیەکی زۆر نامۆ لە کوردستاندا هەیە، ئەویش دیاردەی کوشتنی ژنە بەبیانووی شەرەف پارێزی، کە لەخودی ئەم پەرلەمانەوە یاسا دەرچووە کە ئەوە نابێتە عوزری موخەففەف، لەبەر ئەوە لێرەدا من بەپێویستی ئەزانم، کە لەم خاڵەدا ئیزافەیەك بکرێت بۆ تەشدید لەسەر ئەو حاڵەتانە، کە ئەو یاسایە پێشێل ئەکرێت، یەعنی یاسای وەزارەتی عەدل بەتایبەتی تەئکید بکات لەسەر حاڵاتی قەتل و بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بەغسل العار هەتا کۆتایی، من دڵە ڕاوکێم هەیە کاك ئارام پێش من باسی کرد، ئەوانەی کەئەو تاوانانە ئەنجام دەدەن، زۆرجار بۆ ماوەی چەند مانگێك ون ئەبن ویەعنی دوایی هەست ناکەین ناڵێم ناکرێت، هەست ناکەی ئیجرائات کراوە بەرامبەریان، ڕەنگە کرابێ بەڵام هەستی پێناکەین، باشە ئیجرائات بەرامبەر بەو نەوعە تاوانانەی کە زەجە ئەنێنەوە لەناو کۆمەڵگادا، هەندێ جار وازح بێت، دیار بێت تا خەڵك بیزانێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر کەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەهداف و مهامی وەزارەت کەدانراوە لە وەزارەتەکەی کەم کردۆتەوە، چونکە ئەرکی وەزارەتەکە ئەوەیە تەتبیقی قەوانین بکات، تەتبیقی ئەو قانونەی کەوا لە پەرلەمانەوە دەردەچێت، بۆ گشت ئیقلیم، بۆ گشت کوردستان، بۆ گشت وەزارەتەکان دەبێ تەتبیقی بکات، بەشێوەیەکی جوان، نەك هەندێ شت بۆخۆی دابنێت وئەوەی تری لەبیر بکات، مەسەلەن هەر لەفەقەرەی یەکەم أولاً : تهدف الوزارة الى تحقيق العدالة وحماية حقوق الاقليم والمواطنين عن طريق تطوير، تطوير نا عن طريق تطبيق القوانين ولاحترام مضامينها، لێرەدا وەزارەتەکە لەخەتی قانونی خۆی دەرنەچێت بەڕەئی ئێمە باشترە، مولزەم بێت بەتەتبیقی ئەو قانونانەی کەوا لەم پەرلەمانەوە بۆ گشت ئیقلیم دەردەچێت، ئەو مەجموعە ئەهدافانەی کەوا دانراوە بەڕەئی من زیادە، یەعنی لەمهامی وەزراەتەکە کەم دەکاتەوە، حەصری ئەکات بەهەندێك شت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مولاحەزاتانەی دوایی کەدرا جەنابی وەزیر هیچ رەئیەکت هەیە لەسەری، دواییش رەئی لیژنەی قانونی وەردەگرین.

**بەڕێز فاروق جميل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو شتانەی کەوا باسکرا عیلاقەی بەبەعزێ مەسائیلی تەنزیم کردنی اهداف وەزارەتەکەوە هەیە، بەڵام ئەوەی کە عیلاقەی هەبێت پەخشان خان کە ئیسارەی کرد، دەڵێ من نازانم عیلاقە لەمابەینی مجلسی قەزا لەگەڵ وەزارەتی عەدل چیە، تەبیعی ئەنجومەنی قەزائی ئەنجومەنێکی باڵایە پێك دێت لە سەرۆکی دادگای تەمییز وهەردوو جێگرەکەی ومودیری عەدلی عام وسەرپەرشتیاری دادی، ئەوانە ئیشوکاریانە هەر ئیشێك عیلاقەی بە مەسائیلی محاکمەوە هەبێت کەلەوکاتەی کە دادەمەزرێت، لە تەرفیعی ولە صنفی ونقڵ کردنی وهەمووی مەجلسی قەزا دەیکات، عیلاقەی بە وەزارەتی عەدلەوە نیە، وەزارەتی عەدل تەنها لەسەر داوا کردنی سەرۆکی محکمەی استئناف ئیقتراحاتەکان بەرزدەکاتەوە، بۆ ئەنجومەنی قەزائی وئەنجومەنی قەزائی ئەو مەجلسەی کەباسمان کرد، کۆبوونەوەی خۆی دەکات بەپێی مەسڵەحەتی قەزا چی بوو ئەوە بڕیار دەدات، ئەوەیە مەوزوع، بۆیە وەزارەتی عەدل عیلاقەو تەداخول ناکات لەکاروباری حاکمەکان، ئەوە ئیشوکاری مەجلسی قەزایە حەز ئەکەم ئەوە بزانێت، دووەمین باسی ئەوەی کرد، تشدیدی عقوبە لەسەر مەسائیلی قەتل وغسل العار وئەوانە، ئەوە عیلاقەی بەسەر قانونی وەزارەتی عەدلەوە نیە، ئەوە عیلاقەی بەقانونی عقوباتەوە هەیە، پێویست ناکات لە قانونی وەزارەتی عەدل باس بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی قانونی ئێوە مولاحەزەتان لەسەر مولاحەزەی ئەندامانی پەرلەمان هەیە؟

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی جەنابی وەزیر هەمووی وەڵام دایەوە و شتەكانیشی زۆر ڕێك بوون، بەڵام بەنیسبەت ئەو كەسانەی كەوا تاوانكارن، ئەوانەی كە دەڕۆن هەموو كەس ئاگای لێیە، شورتەی ئەنتەرپۆلی دەولی دەوری هەیە دائیمەن لەڕێگەی وەزارەتەوە، وەزارەت بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنیش داوا لە شورتەی ئەنتەرپۆل دەكات لەهەر جێگایەك بێت ئەو تاوانبارانە بگیرێن وبنێرێنەوە، ئەوە شتێكی زۆر ئاساییە، بەنیسبەت تەتبیقی قەوانین ئەویش لەلایەن محاكمەوە دەبێت نەك لەلایەن وەزارەتی دادەوە، وەزارەت بەس تەنسیقەو ئیدارییە لەو مەوزوعەو حەقی نیە لەسەر تەتبیق، تەنفیزیش لەلایەن سوڵتەی تەنفیزییەوە دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، وەڵڵا من جارێ یەكەم مەقسەدی كاك ئارام تاوانبارانی دەرەوەی عێراق نەبوون، دەرەوەی عێراق ئەنتەرپۆلە بەس لەناوەوە ئەگەر خاڵێك هەبێت، لە زمنی مهامەكان، (التعاون مع الجهات العدلية في الدولة الاتحادية لتسليم المجرمين)، ئەوە ئەگەر ئیزافە بكرێت، ئەگەر بكرێت ئەو مولاحەزەیە وەربگرن، چونكە ئەوە هی ئەنتەرپۆل نیە، دووەم ئەوەی وەڵام درایەوە ئەوە وازح بوو شتەكان، هەندێك شت روونكرایەوە، بەڵام لەفەقەرە یەكی هەدەفەكەدا ئەوەلەنەكە هاتووە دوو، سێ ئەندامی پەرلەمانیش ئاماژەیان پێكرد وكاك كمالیش ئاماژەی پێكرد، من خۆشم نازانم تطوير تطبيق یەعنی چی، ئەوە لە نەصی عێراقیش وەرگیرایە بەڵام حەتا ئەگەر لەوێندەریش بێت، ئێمە ئەگەر نەصێك لێی تێنەگەین حەقە موناقەشەی بكەین، تطوير تطبيق تطوير اعداد، یەعنی تطبيق واعداديش هەیە، تطوير تطبيقةكة حەزەكەم ئەگەر شەرحی بكەن، ئەگەر موافەقەت بكەن لەبەر رۆشنایی موداخەلەكان وە بۆ باشتر صیاغەكردنی بۆ ئەوەی بگونجێت وشەكان دیاری دەكەم، تحقيق العدالة في اللاقليم وحماية حق المواطنين، ئەوە باشتر دەگونجێت لەوەی لەصیغە ئەصڵیەكە هاتووە، تەتویرەكەش ئەگەرلای ببەن یەكسەر بڵێن تطبيق واعداد القوانين، یان تطویرەكەمان بۆ شەرح بكەن، یەعنی چی لەقانونە عێراقیەكەشدا هاتووە، بەس نابێ ئێمەش تێبگەین، تا لە قانون دایبنێین، یان تێمان بگەیەنن، یان شەتبی بكەن، ئەگەر موافقن وشەتبی دەكەن، تەتویرەكە شەتب بكەن وجومەلەی یەكەمیش تهدف الوزارة الى تحقيق العدالة في اللاقليم وحماية حق المواطنين، ئەو وشەیەی كە پەخشان خانیش ئیشارەتی پێدا المواثيق والاتفاقيات، ئەوەش ئیزافە بكەن لەوێندەر، ئەوە دەوڵەمەندی دەكات، ئاخر عهد هەیە دەولیە و ئیتیفاقیشیان نەكردووە بەڵام موئەیدی پێی، معهدی قەزائیەكە مادەم لەتەشكیلاتدا هەیە، مهام وشت دوایی بەنیزام وەزارەت بۆی جێبەجێ دەكات، یەعنی ئەو هەدەفە دەپێكێت كە ئاماژەتان پێكرد وداواتان كردووە، یەعنی لەبڕگەی حەوتیش ئاماژەی پێكراوە، هەندێكی كەنووسراوە زۆربەی زۆری خۆیان جێبەجێیان كردووە، پێی هەڵدەستن، بەڵام بۆ ئەوەیە بەقانونی مولزەم بن پێی هەڵبستن، پێم وایە ئەو فەقەرەیە ئیزافە بكرێت كەباسم كرد لەگەڵ ئەو تەعدیلەی فەقەرەی یەك، ئەو ماددەیە دەوڵەمەند كرا بەو سێ خاڵەی كە ئیشارەتم پێدا، داوا لەجەنابی كاك صلاحیش دەكەم ئەگەر تێبینیەكی هەبێت پێش ئەوەی بیخەمە

دەنگەوە، ئەگەر قسەیەکت هەبێت بیکەیت وەکو سەرۆکی دادگای تەمییز، من بۆم هەیە داوات لێ بکەم ڕەئی بدەیت.

**بەڕێز صلاح احمد یعقوبی/ سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابت دەزانی مەبدەئی فەصلی سولّتات هەیە، سولّتەی تەشریعی و تەنفیزی و قەزائی، دەستوور فەصڵی کردووە لەبەینیان، دەبێ فعلەن ناحیەی عەمەلی ئەو مەبدەئە تەتبیق بکرێت، من بەس دوو مولاحەزەم هەیە لەسەر قانونی وەزارەتی داد، یەك لەوانە دەڵێت یرتبگ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەوانەی ئەوە پێویست نەکات تەحصیل حاصلە، بەڵام هاتووە ئەوە تەئکیدە، کاك کمال مولاحەزەیەکی هەیە لەسەر فەقەرەی یازدە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا دەڵێت الاسهام في تقییم القوانین النافذة، قەوانین کەلە پەرلەمان دەردەچێت هەرکەسێك، هەر جیهەتێك بۆی هەیە ئەگەر مولاحەزەیەکی هەبێت بۆمان بنووسێت، بەڵام ئەگەر لێرە بخرێتە دەستوورەوە تەقییم ئەکرێت، ئەگەر بەیانی بڵێن خراپە ئەبێ بگەڕێتەوە، یەعنی بەڕەئی من ئەمە لێرە نوقتەیەکە، من نازانم بەموناسبی نازانم، جەنابتان یاسا زانن باشتر لیژنەی قانونی ئەگەر ڕەئیەك لەو بارەوە بدەن من سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرمووو مامۆستا کاکە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عادەتەن لە هەندێ دەوڵەتی پێشکەوتوو محاکم خۆی تەتویری قوانین دەکات لەوەختی تەنفیزی، کە دەبینێت مەسەلەن نەقسێك هەیە لە حاڵەتێکی موعەیەن، لەو حاڵەتەدا تەعدیلی قانون دەکات بۆ ئەوەی تەتویری پێبکات، لێرەش محاکمی ئێمە دائیمەن کە تەنفیزی قانونێك دەکەن، کەتازە دەرچووە مولاحەزاتی خۆی لەسەر دەدات و دەینێرێت بۆ وەزیری عەدل، وەزیری عەدل دەیداتە مەجلسی شورا، لەوێ سەرلەنوێ ئیعادەی نەزەر دەکەنەوە لەو قانونەی کەدەرچووە، بۆ ئەوەی تەتویری پێ بکەن و تەعدیلەکە بهاوێنە سەری مع واقع الکوردستاني، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم هەیە یەکێکیان سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی ئەو قانونانەی کەوا ئێستا کاریان پێدەکرێت، لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بەتایبەتی لەفەرەنسادا، هەر قانونێك، هەر بڕیارێك دەربچێت هەموو قانون ناسێك بەتایبەتی مامۆستایانی قانون لە گۆڤارە تایبەتیەکاندا هەڵسەنگاندنی خۆیان سەبارەت بەو قانونانە بڵاودەکەنەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کەوا وەزارەتی داد ئەگەر ئەو بۆچوونانەی لاپەسەند بوو، وەکو پرۆژەیەك ئامادەی دەکات ودەینێرێت بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی هەمواری ئەو قانونە بکرێت، خاڵی دووەم سەبارەت بە سەرپەرشتی کردنی سەر زیندانەکان لە کوردستاندا، لەکاتی تاوتوێکردنی قانونی وەزارەتی کار پێشنیازی ئەوە کرا کەوا بەتایبەتی جەنابی هەردوو وەزیر ڕێك کەوتبوون لەسەر ئەوەی کەوا زیندانیەکان لەژێر چاودێری وەزارەتی کاردا بێت، ئێستا موعەلەق ماوەتەوە لەپرۆژەی قانونی وەزارەتی داد ئەوە تائێستا هیچی تێدا نیە، ئاماژەیەکی پێنەکراوە لەو لاشەوە ئێمە قانونی وەزارەتی کارمان پەسەند کرد، بەبێ ئەوەی کەوا باسی ئەو بارە بکەین ویەکلایی بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەو حەسم بووە کاك دکتۆر نوری، سجون عائیدی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتیە، حەسم کرا، لەقانونی ئەوان حەسم کرا، کاك محمد فرج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زیندانیەکان لە عێراقی فیدڕاڵدا سەر بەوەزارەتی دادە، یەعنی ئەبێت لەهەرێمی کوردستانیش ئەو تەنسیقە هەبێت، یەعنی مەعقول نیە لەهەرێمی کوردستاندا زیندانیەکان سەر بە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بێت و لەعێراقی فیدڕاڵیشدا سەر بەوەزارەتی داد بێت، بۆیە من لەپێشەوە حەزم کرد بەڕێز جەنابی وەزیر وەڵامی ئەوە بداتەوە لەسەر زیندانیەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مەوزوعە حەسم بوو، مامۆستا لەقانونی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ئەوە حەسم بوو، درا بەوان، ئەوە خیلافێکە ئێستاش هەر بەردەوامە، لەبەغداش هێشتا بەتەواوەتی حەسم نەبووە وهەزار ڕەئی موختەلیف دەدەن، ئەگەر بیشی گۆڕین دەبێ پرۆژەیەکمان بۆ بێت لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ هەموارکردنی یاساکە، ئەو گۆڕانکارییەی کە ئاماژەم پێکرد، واتە لەخاڵی یەکەمدا اولاً: تهدف الوزارة الى تحقيق العدالة في الاقليم وحماية حق المواطنين، ئەوە تەعدیل کرا بەوە، خاڵێکی تریش ئیزافە کرا، ئینجا التعاون مع الجيهات العدلية في تسليم المجرمين، ئێستا ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی سێیەم.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی سێیەم: وەزیر سەرۆكی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی كارەكانیدا و هەموو بڕیارو ڕێنمایی وفەرمانێك لە چوارچێوەی ئەركەكانی وەزارەت و پێكهاتە و دەستەڵاتەكانی و هەموو كاروبارە كارگێڕی و هونەرییەكان لەنێو سنووری ئەم یاسایەو یاسا كار پێكراوەكان لەوەوە دەردەچێ و بەرپرسیشە لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران بەو ناوەی كە ئەندامێكی هاوكارە لەو ئەنجومەنەدا.**

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**سێیەم/ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەكانی سێیەم و چوارەم و پێنجەمی پرۆژەكەوە هەیە، لێژنە پێشنیاز دەكات هەموویان لێكبدرێن لە ناو ماددەی سێیەمدا و لە ژێر ناونیشانی پێكهاتەكانی وەزارەت و بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە.**

**پێكهاتەكانی وەزارەت**

**ماددەی سێیەم: وەزارەت لەم پێكهاتانەی خوارەوە پێكدێ:-**

**یەكەم: وەزیر: سەرۆكی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە كارەكانی و ئاراستەكردنی سیاسەتەكانی و سەرپەرشتی و چاودێری كردنیان و بە سەرپەرشتی ئەویش هەموو بڕیار و فەرمان و ڕێنماییەكی بە هەرچی پەیوەندی بە ئەركی وەزارەت و پێكهاتەكانی و دەسەڵات و هەموو كاروبارە یاسایی و هونەریی و دارایی و كارگێری و ڕێكخستنەوە هەیە جێبەجێ دەكرێن بە پێی حوكمەكانی یاسا و، بەرپرسیشە بەرامبەر ئەنجومەنی وەزیران بەو ناوەی كە ئەندامێكی هاوكارە لەو ئەنجومەنەدا و، بۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەكانی بداتە بریكاری وەزارەت یان بەڕێوەبەر گشتیەكان یاخود ئەوەی بە گونجاوی دەزانێ لە وەزارەتدا.**

**دووەم: بریكاری وەزارەت: یارمەتی وەزیر دەدات لە ئاراستەكردنی وەزارەت و سەرپەرشتی كردنی كاروباری یاسایی و هونەریی و دارایی و كارگێریی و ڕێكخستن لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەی كە لە لایەن وەزیرەوە پێی دەدرێ، بە مەرجێك دەبێ دادوەر بێ و مافەكانی خۆی و سیفەتی دادوەریشی هەردەمێنێ.**

**سێیەم: نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات كە بڕوانامەی بەرایی زانكۆی لە یاسا هەبێت و چەند فەرمانبەرێكیش یاریدەی دەدەن.**

**چوارەم: نووسینگەی بریكاری وەزارەت: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات كە بڕوانەمەی بەرایی زانكۆی هەبێت لە یاسا و چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.**

**پێنجەم: بەڕیوەبەرایەتی دادی گشتی: بەڕێوەبەرێكی گشتی بەڕێوەی دەبات كە دەبێ دادوەر بێت و بەلایەنی كەم دەبێ لە سنفی دووەم بێت.**

**شەشەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ پەیمانگەی دادوەری: بەڕێوەبەرێكی گشتی بەڕێوەی دەبات كە دەبێ دادوەر بێ لە سنفی یەكەم.**

**بەڕێز محمد صالح اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ثالثاً/ اما فيما يتعلق بالمواد الثالثة والرابعة والخامسة من المشروع فتقترح اللجنة دمج جميعها ضمن المادة الثالثة وتحت عنوان تشكيلات الوزارة وصياغتها كالآتي:-

(تشكيلات الوزارة)

المادة الثالثة: تتألف الوزارة من التشكيلات التالية:-

أولاً: الوزير: هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤل عن اعمالها وتوجيه سياساتها والاشراف والرقابة عليها وتصدر عنه وتنفذ باشرافه جميع القرارات والاوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها القانونية والفنية والمالية والادارية والتنظيمية وفق احكام القانون ويكون مسؤولاً امام مجلس الوزراء باعتباره عضوا متضامنا فيه و له تخويل بعض من صلاحياته الى وكيل الوزارة او المدراء العامين أو من يراه مناسباً في الوزارة.

ثانيا: وكيل الوزير: يساعد الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها القانونية والفنية والمالية والادارية والتنظيمية ضمن الصلاحيات التي توكل اليه من قبل الوزير على ان يكون قاضيا ويحتفظ بحقوقه وصفته القضائية.

ثالثاً: مكتب الوزير: يديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية أولية في القانون ويعاونه عدد من الموظفين.

رابعاً: مكتب وكيل الوزارة: يديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية أولية في القانون ويعاونه عدد من الموظفين.

خامساً: مديرية العدل العامة: يتولى إدارتها مدير عام على أن يكون قاضياً من الصنف الثاني على الأقل.

سادساً: المديرية العامة للمعهد القضائي: يتولى إدارتها مدير عام على أن يكون قاضياً من الصنف الأول.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس موقتەرەحی لیژنەی قانونی ماددەی سێ وچوار وپێنج، كە تەشكیلاتی وەزارەتە، موقتەرەحێكیان هەیە كە بكرێنە یەك ماددە، بەناوی تشكیلاتی وزارە، كێ لەسەر ئەو موقتەرەحە موافقە ئەو سێ ماددەیە بكرێتە یەك ماددە، كێ ڕازییە تكایە دەستی بڵند بكات؟ فەرموون، كێ رازی نیە؟ بەكۆی دەنگ بوو بەیەك ماددە، ئەو تەشكیلاتی وەزارەتە كە بەو شێوەیە هاتووە زۆربەی وەزارەتەكانیش هەروابووە، كەس مولاحەزەی هەیە لەسەری كاك كریم بحری فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر خاڵی دووەم وشەشەم هەیە، خاڵی دووەم كەدەڵێت پانیا : وكيل الوزير من تەحەفوزم هەبوو لەلیژنەی یاسایی لەسەر ئەو خاڵە، بۆیە لێرەدا باس دەكەم، لە ئاخری دەڵێت (على ان يكون قاضيا)ً

یەعنی وەکیل وەزیر، مانای وایە ئێمە لەپەرلەمان خۆمان شەرعیەت دەدەین بەوەی کە دەبێ قازی سیاسی بێت، واتە سەر بەلایەن بێت، یەعنی وەکیل وەزیر، دائیمەن پۆستێکی سیاسیە، لایەنێك دەست نیشانی دەکات لەلای ئێمە وەکیل وەزیر سیاسیە سەربەحزبێك نەبێت حزبێك بەوەکیل وەزیری دانانێت، بۆیە داواکارم بڵێن قانونی بێت یان یاسایی بێت، کە پسپۆڕە، محامیەك 10 ساڵ، 15 ساڵ، 20ساڵە موحامیە توانای هەیە ئیختصاصی هەبێت بۆ ئەو کارە، فراوانتر بکرێت لەوەی کە ببەسترێتەوە بەس قازی، ئەوە یەك، دوو، ئەوەی معهدی قەزائی بەڕاستی بۆ دەبێت هەر قازی بێت، شەخصێکی قانونی، بێت خەریجی قانون بێت، ممارەسەیەکی زۆری هەبێت لە بواری قانوندا دەتوانێت معهدی قەزائی بەڕێوە بەرێت، بۆیە من تێبینیم لەسەر ئەو دوو خاڵە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا تێبینیەکان من خۆم ئەوەی یەکەمت جواب دەدەمەوە، وەکیلی وەزیر مەنصەبێکی سیاسی نیە، بەعەکسەوە فەنیە جا حزب ئیختیاری دەکات دەبێ بۆ وەزارەتی ئەشغال نابێت کەسێك ئیختیار نەکات وەکیل وەزیر بۆ وەزارەتی دارایی نابێت یەکێك بێت خەریجی ئیدارەو ئیقتیصاد ئیختیار نەکات، فەنیە دەبێت لەکارەکەی بزانێت، بۆیە وەکیلی وەزارەتی داد دەبێ ئاماژە بکرێت دەبێتە هاوکاری، شەرت نیە وەزیر بیت، ئەگەر وەزیر قانونی نەبێت، دەبێ وەکیلەکەی قانونیەکی زۆر باش بێت، دەرەجەیەکی زۆر باشی هەبێت، کاك فاروق تۆ ڕەئیەکت هەیە؟ ئەی ئێوە لیژنەی یاسایی هیچ رەئیتان هەیە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە موسڕین لەسەر ڕەئی خۆمان کە موناقەشەشمان کردووە وەختی خۆی رەئی ئێمە وەکو کاك فاروق دەفەرمووێت، مادام مودیر عام قازی بێت مەفروزە بەتەریقەی ئەو لا وەکیل وەزیریش قازی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

معهدەکەش هەر ناوەکەی معهدی قضاة، بە هەرحاڵ یەعنی تۆ رەئیت ئەوەیە کەنووسرایە لە ڕاپۆرتەکەدا، ئەو ماددەیە پاش ئەوەی کەتەوحید کرا تەشکیلاتی وەزارەتە، دەیخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ قبوڵکرا، بڕۆن بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم: دەزگاکانی داد لەمانەی خوارەوە پێکدێن:

1-ئەنجومەنی راوێژکاریی باڵا.

2- داواکاری گشتی.

3- دەستەی سەرپەرشتی دادی.

4- بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمار کردنی خانووبەرە.

5- بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگە دادییەکان و ئەمانەی پێوە دەلکێ:

أ-بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردن.

ب- فەرمانگەکانی دادنووسەکان.

ج- بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاودێری ناکامەکان.

6- بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی گەورەو منداڵان.

دووەم: دەزگاکانی داد بەپێی یاسای تایبەت بەخۆی کارو ئەرك و تایبەتمەندییەکانی جێ بەجێ دەکات، بەمەرجێك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك نەبێت.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چوارەم/ بەلاّم ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی شەشەمی پرۆژەکەوە هەیە و دەبێتە ژمارەی (ماددەی چوارەم) بەپێی پێشنیاری لێژنە، بەم جۆرە دابرِێژرێتەوە.

یەکەم: دەزگاکانی داد لە مانە پێکدێ:

1- ئەنجومەنی شوورای هەرێم.

2- دەستەی سەرپەرشتی دادوەری.

3- داواکاری گشتی.

4- بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە.

5- بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد: بەڕێوەبەرێکی گشتی خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ و خاوەن شارەزایی و کارامەیی بەرێوەی دەبات و ئەمانەی خوارەوەی پێوە دەلکێن:

أ- بەرێوەبەرایەتیەکانی جێبەجێ کردن (تنفیذ).

ب- فەرمانگە دادنووسیەکان.

ج- بەرێوەبەرایەتییەکانی چاودێری ناکامەکان.

د- بەرێوەبەرایەتی رۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان).

دووەم: دەزگاکانی داد ئەرك و تایەبتمەندیەکانی خۆیان بەپێی یاسا تایبەتیەکانیان جێبەجێ دەکەن بەجۆرێکی وا کە لە گەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك نەبن.

**بەڕێز محمد صاڵح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رابعاً/ أما فيما يتعلق بالمادة السادسة من المشروع والتى ستصبح برقم (المادة الرابعة) حسب مقترح اللجنة نقترح صياغتها كالآتي:-

**المادة الرابعة:**

**أولاً: تتألف أجهزة العدل من:-**

**1- مجلس شورى الاقليم.**

**2- هيئة الأشراف العدلي.**

**3- الأدعاء العام.**

**4- مديرية التسجيل العقاري العامة.**

**5- المديرية العامة للدوائر العدلية: يتولى ادارتها مديرعام حاصل على شهادة جامعية أولية و من ذوي الخبرة و الممارسة وترتبط بها:-**

**أ- مديريات التنفيذ.**

**ب- دوائر كتاب العدل.**

**ج- مديريات رعاية القاصرين.**

**د- مديرية الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).**

**ثانياً: تمارس أجهزة العدل مهامها وأختصاصاتها وفق القوانين الخاصة بها بما لايتعارض مع أحكام هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئەو ماددەیەش گۆڕانكاری بەسەردا هاتووە، بەو شێوەی كەلیژنەی قانونی خوێندیەوە، كێ مولاحەزەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟، فەرموو كاك دكتۆر دلێر.**

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاوەیس:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**من پێم وابێ سەبارەت بە خاڵی یەكەم ئەنجومەنی شورای هەرێم، بۆ ئێمە لە هەموو وەزارەتێكدا ئەنجومەنێكی راوێژكاریمان هەیە، بۆ ئەمیش وەكو وەزارەتەكانی تر ئەنجومەنێكی راوێژكاری نەبێت، دووەم بۆ ناوی هەرێم بێت بۆ ناوی وەزارەت نەبێ؟ ئەگەر هەرێم بێت بۆچی سەر بەسەرۆكایەتی هەرێم نەبێت ئەو ئەنجومەنە، ئەمە یەك لەلایەكی ترەوە خاڵی پێنجەم بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەكانی داد، تەفاصیلی دراوەتێ، بەڕێوەبەرە گشتیەكانی تر ئێمە لە هیچ وەزارەتێكدا تەفاصیلمان نەداوەتێ، لەسەر ئەساسی ئەوەی كەوا وەزیر خۆی صەلاحیاتی هەبێت وگۆڕانكاری تێدا بكات، ئەگەر لەیاساكەدا بینووسین رەنگە ئەوە تۆزێك زەحمەت بێت، بۆیە بەتەصەوری من ئەو تەفاصیلەش نەمێنێت ئاسانتر دەبێ ولەئایندەدا كاری جەنابی وەزیریش ئاسانتر دەكات، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**پێم باشە لیژنەی یاسایی جواب بدەنەوە چونكە دوو خاڵی گرنگی تەرح كرد.**

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەنجومەنی شورای هەرێم کە باسی دەکەین فەرقی هەیە، لەگەڵ ئەنجومەنی ئیستیشاری، چونکە ئەگەر تەماشا بکەین لەدواوەوە ئەو ئەنجومەنە هەر هەیە وپێکهاتووە لەماددەی پێنجەم، ئەمە شتێکی ترە کە دەتوانین بڵێین مهامی زۆری هەیە، یەکەم تەدوینی قانونە، دووەم ئیستیفتایە، سێیەم محکەمەیەکی ئیداری تێدایە ئەوە شتێکەو ئەوی تریش شتێکی ترە، فەرقیان زۆرە، ئەوە شبە محکەمەشە، نەك هەر ئەوەندە ئەوە یەکیان، ناوەکەشمان لەئیستیشاری کردە شورا، چونکە ئیستیشاری مانای ئەوەیە مولزیم نیە، وە بەئیعتیبار مجلسی شورا پتر مەفهومی دەگەیەنێ، ئیستیشاری مولزیم نیە ئەحکامەکانی، بەینەما ئەحکامی ئەو مەجلسەی مولزیمە ئەوە لەلایەك، پاشان جەنابی کاك دکتۆر فەرمووی بۆ لەهەموویان عادەتەن خول نەکراوەتەوە، بۆ لەمودیریەی عامەی دادیەکان، فەرمانگە دادیەکان خول کراوەتەوە، ئەوە لەبەر ئەوەیە چونکە ئەو فەرمانگانە قابیلی تەغیرنیە، وەزیر بتوانێ بیگۆڕێ ودەمجی بکات وزەمی بکات ودەمجی بکات، ئەمانە لەدەستی ئەو نیە، شتی خاص وتایبەتن هەریەکە نەك ئەوە قانونی خۆشی هەیە، لەبەر ئەوە ناتوانین ئەوە بگۆڕین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من تەنها پرسیارێکم هەیە سەبارەت بەبڕگەی شەش، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی گەورەو منداڵان. کە لەپرۆژە ئەصڵیەکەدا هاتووە، بەڵام لەپێشنیاری لیژنەی یاساییدا تێیدا نیە، دیارە ئەمە لادراوە لەبەر ئەوەی پەیوەندی بەو وەزارەتەوە نیە، یاخود ئیشکالێکی تر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەڕاستی لەسەر خاڵی یەکەم لە کەلیمەی شوورا، من پێم وایە ئەوەی مامۆستا کاکە وتی لەرووی محتەواوە راستە، بەڵام پێم وابێ هیچ تەئسیر ناکات لەناوەکە وەکو مصتەلەحەکە، باشترە هەر مجلسی استشاراتی عولیا بێت نەك شورا، ئێمە ئەصڵەن لەکوردستاندا تاکو ئێستا کەلیمەی شوورامان بەکار نەهێناوە بۆ هیچ حاڵەتێکی قانونی یان دەزگایەك کە پەیوەندی بەو ناوەڕۆکەوە هەیە کەوا مامۆستا باسی کرد، لەبەر ئەوە من بەش بەحاڵی خۆم پێم وایە لە ئەصڵی پرۆژەکەدا کەلەوەزارەتەوە هاتووە، ئەوە باشترەو گونجاوترە ومەفهومێکی واقعی ترو گونجاوترە لەرووی قانونیەوە، شوورا زۆرتر بۆ حاڵاتی دینی

ووەقفی دینی وئەوانە لەولآتی ئێمە بەکاردێت زیاتر بەتایبەتی لە دینی ئیسلامیدا شوورا کەلیمەیەکە بۆ ئەو هەیئەتانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر ئەگەر بکرێت تۆزێك ئەوەمان بۆ روون بکەیتەوە، چونکە لەلای منیش زۆر روون نیە، مجلسی شوورای ئیقلیم، جارێ ئەوەلەن مجلسی شوورای وەزارەتە، نەك ئیقلیم ئەوە یەك، دووەمینیش شووراکە ئەگەر بۆمان روون بکەیتەوە.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەختی خۆی پرۆژەکەمان کردە مجلسی ئیستیشاری بەوئیعتیبارەی کەوا زیاتر ئیشوکارەکانی زیاتر ئیستیشاریە لەوەی کەوەکو شوورا بێت وەکو ئەو برادەرە باسی کرد، شوورا زیاتر کەلیمەیەکە بۆ بەعزێ مەسائیل کە عیلاقەی بەمەسائیلی دینیەوە هەبێت دوترێت، بەڵام دوایی لەکۆبوونەوەی لیژنەی قانونی کە ئێمەش حازر بووین دیاربوو برادەران زۆرینەیان رەئیان ئەوە بوو کە مجلسی شوورا بێت، ئەگەرنا ئێمە پرۆژەکەمان ئیستیشارییە، ئاواشمان بەباش زانی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا من پێم باشە وبرادەرانیش ئاماژەیان پێکرد، مجلسی ئیستیشاری ئیقلیمەکەشی لێ لاببەن، چونکە ئیقلیمەکە ئەوە هی وەزارەتە، مجلس ئیستشاری ئەگەر جەنابی وەزیر موافقە ئەوە هەر وابێت المجلس الاستشاری بێ ئیقلیم، ئەگەر جەنابی وەزیر موافق بێت المجلس الاستشاری الاقلیم کوردستان عائیدی وەزارەتە ئەو مجلیسە.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پرۆژەکەمان مجلسی استشاری اعلی بوو بەڵام پێم وانیە تەئسیر بکات، مجلسی ئیستشاری اعلی بێت، چونکە کە تۆ وتت مجلسی ئیستشاری هەرێم، مانای وایە دەبێتە هەرێمی کوردستان یەعنی شتێکی تایبەت بەڵام سەر بەوەزارەتی عەدلە، مجلسی استشاری اعلی بێت وناوەکەی ئیتر کیفایەتە ئەوە مجلسێکە سەر بەوەزارەتی عەدل، خۆ ئەوە نیە تاکەلیمەی هەرێمی پێوە بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد فرج.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وائەزانم کەلیمەی شوورا لەشەرقدا رەبتی نیە بەبەکارهێنانی دینیەوە، چوەتە ناو قەوانینیشەوە ئەو ولآتانەی کەوا دوو غورفەیان هەیە لەپەرلەماندا غورفەیەکیان ناوی شورایە، مجلسی شورا لەمصر هەیە، لە

جزائير هەيە، لە مەغريب هەيە، يەعنى رەبتى نيە بەوەى كە ئێمە هەر بڵێين بۆ مەجالى دينى بەكار دێت، دوو وەزارەتى عەدل خۆى بەرهەمهێنەرى ياسايى نيە، عەفوو ئەحكام نيە، بەڵكو كۆمەڵێك مجلسى هەيە وەكو (مجلس القضاء العليا) وەكو مەسەلەن محكەمەى تەمييز ئەوانە مەجليسەكەن ئەوانە مەجليسەكە پێك ئەهێنن، لەبەر ئەوە دەبێ قەرارەكانيشيان مولزيم بێت، يەعنى غەيرى ئەوە ئيستيشارى لەدوواوە هاتووە، لەماددەى دواى ئەوە هاتووە، كەوا بوو كەليمەى شووراكە بۆ ئەوەيە قەراراتەكانى مولزيم بێت، مجلسى ئەعلاى قەزاى تيايە، محكەمەى تەمييزى تێدايە، لەوانەيە محكەمەى ئيستيئنافى تێدا بێت، راستە سەر بەوەزارەتى عەدلن لەرووى ئيدارييەوە، بەڵام لەرووى بەرهەمهێنانى ئەحكامەوە ئەوان ئەبێ قەراراتيان مولزيم بێت.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

بۆ ئەوەى لاى منيش هين نەبێت ئێستا تۆزێك روونترە، ئێستا قسەتان پێدەدەم بەس با تەوزيحەكە بدەم، پرۆژەيەك هەيە لەحكومەتەوە هاتووە پێشتر، پرۆژەكە بۆ قانونێكە بۆ دامەزراندنى مەجلسێكى ئيستيشارى باڵا لەهەرێمى كوردستان، ئەو مەجليسە سەر بەوەزارەتى عەدل دەبێت، جا ئێمە هێشتا پرۆژەكە لەلايەن پەرلەمانەوە دەرنەچووە، خوێنراوەتەوە، واتە خوێندنەوەى يەكەمى بۆ كراوە، ئەم قانونەى وەزارەتى عەدل لەبەر ئەوەى ئەو پرۆژەيەى كە هەيە ببێتە قانون و ئەو مجلسەش دادەمەزرێت، ئەو مەجلسە مەسئوليەتەكەى عائيدى وەزارەتى عەدل دەبێت، بۆيە ئەو ئيلتيباسە لامان روون بێت ئەو مجليسە هەر ئەو ئيستشاريە نيە، كە لەوەزارەتەكانى تردا دامان ناوە، هەيئەتێكە بەقانون دادەنرێت تەشكيلاتى دەبێت، سەرۆكى دەبێت، جێگرى دەبێت مەجلسى دەبێت، ئەمە تەشكيلاتێكە سەر بەوەزارەتى عەدلە، لەبەر ئەوە ئەو تەوزيحە زۆر برادەر ليێ تێكەڵ بووە، لاى منيش وابوو، بەڵام ئێستاكە كەپرۆژەكەم ديت لە ئەساسەوە، بۆيە وامان لێكرد تەنها ئەوەندەيە كەناوەكە دەمێنێتن، پرۆژەكە ئەصڵى كەهاتووە دەڵێت قانون المجلس الاستشارى الاعلى لاقليم كوردستان، پرۆژەكە ئاوا هاتووە، يەعنى شوورا نيە لەبەر ئەوە من پێم باشە لەباتى مجلس شورى للاقليم هەروەكو ئەوەى حكومەت بێت، قانون المجلس الاستشارى الاعلى لاقليم كوردستان، ئاوا بڕوات تەبيعيەو پرۆژەكەش دەبێت وجێگاى دەكەينەوە، كاك كاكە زەحمەت نەبێ چونكە ئەو پرۆژەيە هێشتا ئيقرار نەكراوە وتەشكيلاتەكەش نەبووە، بەڵام ئيقرار دەكرێت نازانين چۆن ئيقرار دەكرێت، ناوەكەى چۆن دەبێت، بەڵام لاى كەمى ناوە ئەساسيەكە هەر دەمێنێ، المجلس الاستشارى الاعلى لاقليم كوردستان ئەگەر ئاوا ئيقرارى بكەين دەبێتە عائيدى ئەنجومەنى وەزيران، لەبەر ئەوە بنووسرێت المجلس الاستشارى ئەو قانونە دوايى چۆن دەرچوو ئەوە مەفهومە كەمەقسەدمان ئەوەيە، واتە لەباتى مجلسى شوورا المجلس الاستشارى، بێت، ئەوەيە ئيتر بڕايەوە هەمواركردنى قانونەكە، چونكە ئەگەر بڵێين لاقليم كوردستان، بە ڕەئى خۆم دەبێت و عائيدى ئەنجومەنى وەزيران بێت، ئەگەر اقليم كوردستانەكەت دانەنا ئەوە جياوازە، كاك سعدالدين فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدين عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها یەك پرسیار دەکەم، ئەو کەسەی کە دەڵێت با شوورا نەبێت استشاری بێت فەرق لەمابەینی شووراو استشاری چیە؟، استشارە یەعنی تەڵەبی مەشورەت، یەعنی بۆ ئەوەی لەو مەجلس ئیستیشاریە مولزەم نەبێت، بە شوورا، ئەوە یەعنی مەشورەت، ئیحتیمالی ئەوەشی تێدایە لەکۆتاییدا بگەنە نەتیجەیەك، ئەوە فەرقەکەیەتی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەزانی چی دوو فەرقی هەیە، فەرقێکی قانونیە، ئێمە قانونی هەموو وەزارەتەکانمان بە ئیستیشاری داناوە، ناکرێت لەوەزارەتی ئەوقاف یان وەزارەتی عەدل فەقەت بیگۆڕین، دوو ئیستیشاری ئەوەیە بەئەکسەریەت وئەقەلیەت لێرە شەرت نیە وابێ، مومکینە کەلیمەکە ئیستیشارە وەربگرێت، بەڵام من مەسئولم دە موستەشارم هەیە، دەیەکە بێن ئەکسەریەت وەربگرن وفەرزی بکەن لەسەر من، کەلیمەکە لێرەدا هینە بەڵام شوورا بەمەفهومە دینیەکەی، بەمەفهومی مەنتقەکەش شوورا ئەوەیە کێ بەئەکسەریەت رەئیاندا دەبێ هەموویان مولزەم بن پێوەی، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علي:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە وەکو مەشروعە ئەصڵیەکەی خۆی بمێنێتەوە چونکە ئەمە وەختی خۆی لەقانونی پێشوودا دیوانێك هەبوو پێی ئەوترا دیوانی تەدوینی قانونی، ئەم مجلسی ئیستیشاریە کە ئێستا دانراوە جێگای ئەو دەگرێتەوە، فەتاوی قانونی دەردەکات، ئەو شتانەی کەوا غموزی هەیە لە ناحیەی قانونی ئەو تەوزیحی لەسەر دەردەکات وەمولزەمیشە بۆ هەموو لایەکانی کە، هەرچەندیشە ئەمە دائیرەیەکی موستەقیلە ئەو دائیرە موستەقیلە خاصە بەو ریعایانەی کە تیایدا دەردەکرێت، من پێم وایە مەجلسی ئیستیشاراتی عولیای ئیقلیم بمێنێتەوە، ناوێکی موناسیبە بۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شێخ فتاح نەقشەبەندی فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەو شوورایە نەبێت باشە، چونکە بۆنی برادەرەکانی تری لێدێت زیاتر، ئەگەر ئیستیشاری بمێنێتەوە چ موشکیلەی نیە، ئەگەر نەمێنێتەوە مجلس الاعلی لوزارە العدل ئیقلیمەکەی لاببەین لاعلایەکەی بۆ وەزارەتی عەدل چ موشکیلەی نیە ئیلا ئیستیشاری بێت موشکیلەی نیە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا کاك فاروق من رەئیەکت دەدەمێ، ئەمن پێم وایە ناوەکە غەڵەتە، مجلس استشاری هەر ناوەکە غەڵەتە چونکە جێی تەدوینی قانون ناگرێتەوە، ئەو موهیماتەی کەپێی سپێراوە لەقانون ولەو شتانە بەحەقیقەت هیچی ئیستیشاری نابێت، ناوێکی ترتان لێ بنایە.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشێکی ئیشەکانی ئەوەی دیوانی تەدوینی قانونی دەیکات وەکو ئێستا کاك عومەر ئیشارەتی پێدا، بەشێکی تریشی مەسائیلی مەحاکمی ئیداری وئەوانەیە،کە دادەمەزرێت، بۆیە ئەو ئیشەی کەوا عیلاقەی بەمەسائیلی قانونیەوە هەیە، کە جێگای تەدوینی قانونی پێشان دەگرێتەوە، ئەوە مەجلسی ئیستشاریە ئەو مەجلسە، بۆیە من پێم وایە ناوەکەی ناوێکی باشە مجلسی ئیستشاری، بەڵام ئەعلاشی لەگەڵ بێت، بەڵام هەرێمی ناوێت، چونکە ئەو مجلسە هی وەزارەتی عەدلە وەزارەتی عەدلیش بۆخۆی عائیدی هەرێمی کوردستانە، پێویست ناکات ناوی بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك نوری فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو ناوە لەساڵی 1992دا بەبڕیاری ئەم پەرلەمانە دەستەیەك دروستکرا بەناوی دەستەی قانونی باڵا، ئەرکی سەرەکی ئەو دەستەیە ئەوە بوو کەوا پرۆژەی قانونەکان بۆ پەرلەمان ئامادە بکەن، لەهەمان کاتیشدا وەکو ڕاوێژکارێك بێت بۆ حکومەت وپەرلەمان، بەڵام ئێستا ئەرکی ئەم دەزگا نوێیە ئەوەیە پرۆژەی قانون بۆ وەزارەتی عەدل ئامادە بکات، کە لەهەمانکاتیشدا ئەرکی قەزای ئیداریش ئەبینێت، کەواتە ئەبێ ناوێکی بۆ بدۆزینەوە کە بگونجێت لەگەڵ ئەو دوو ئەرکە تازەیە، دیوانی تەدوینی قانونیە لەهەمانکاتیشدا ئەرکی قەزای ئیداریش ئەبینێت، ناکۆکی لەبەینی وەزارەتەکان ڕوو دەدات، لەنێو هەندێك وەزارەت لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەندا ئەم دەستەیە بڕیاری لەسەر ئەدات ویەکلایی ئەکاتەوە، بۆیە وا ئەزانم ئەگەر ناوی دەستەی یاسایی بێت، ئەوە وابزانم کافیە ئەتوانین بڵێین بەهەردوو ئەرکەکە هەڵدەستێت، ڕاوێژکاری وەزارەتە وپرۆژەی قانونەکان ئامادە دەکات، لەهەمان کاتیشدا ئەرکی وەزارەت ئەرکی قەزای ئیداریش ئەبینێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا حەلێکی وەسەت ئەوەیە ناوەکەی مجلسی ئیستیشاری بێت، دوایی کە قانونەکەمان موناقەشە کرد، چ ناوێکی وەرگرت لەکۆتاییدا خاڵێکی تێدا دەبێت، قانون وەزارەتی عەدل دەبێت بڕگەی ئەوەندە، ئەو ناوەی دەخەینە ناو، لەبەر ئەوە ناوەکەی دەکەینە المجلس الاستشاری بێ ئیقلیم وئەو شتانە بێ ئەعلاش، دوایی لەقانونەکە کەموناقەشەمانکرد صیغەی نیهائی چی وەرگرت، ئەوەش هەمواردەکرێتەوە، کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من پێشنیار دەکەم ناوی ئەو هەیئەتە بکرێتە المجلس القانونی الاعلی، هەم ئینزیبات ئیداری لەخۆ دەگرێت، هەم ئەوەی کە دکتۆر نوری باسی کرد، یەعنی کە هەیئەتێکی راوێژکاری بوو، چۆن قەزای ئیداری تێدایە، بەڵام مجلس قانون الاعلی پێم وابێ هەمووی لەخۆ دەگرێ، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەزانی چۆنە ئێمە پرۆژەیەکمان بۆ هاتووە لەلایەن حکومەتەوە کەی ئەو پرۆژەیەمان موناقەشە کرد، چ ناوێکمان لێنا ئەو ناوە تەسبیت، دەبێت ئەو قانونەی ئێستا هەمواردەکرێت، کاك بارزان چیت هەیە فەرموو.**

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لەعێراقدا پێم وابێ مجلسی شووراى دەولەی پێ ئەڵێن، ئەوەی کەبەو ئەرك ومهامە هەڵدەسێت، ئەکرێ لەسەر هەمان ناو بێت.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەهەرحاڵ هەر شتێکی عێراق هەبێت دەکرێ ئەوە، هەر ئەمرۆ دوو شتمان دۆزییەوە کە خەلەلی تێدا هەیە، بەهەرحاڵ مجلسی ئیستشاری ناو لێ دەنێین هەتاکو قانونەکەی تر ئیقرار دەکەین ئەو کاتە دەیگۆڕین، بەو گۆڕانکارییەی کەلەسەر ئەو ناوەی کردمان واتە مجلس شووراکە دەبێتە المجلس الاستشاری دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێ لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە بۆ ماددەیەکی تر.**

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی حەوتەم:**

**یەکەم: ئەنجومەنێك لە وەزارەت پێکدێت پێی دەگوترێت (ئەنجومەنی وەزارەتی داد)و لەمانە پێك دێت:**

1-وەزیر: سەرۆکە.

2- بریکاری وەزارەت: جێگری سەرۆکە.

3- سەرۆکی ئەنجومەنی راوێژکاری گشتی: ئەندامە.

4- سەرۆکی داواکاری گشتی: ئەندامە.

5- بەڕێوەبەری گشتی داد: ئەندامە.

6- بەڕێوەبەری گشتی تۆمار کردنی خانووبەرە: ئەندامە.

7- بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگە دادییەکان: ئەندامە.

8- بەڕێوەبەری گشتی چاکسازی گەورەو منداڵان: ئەندامە.

دووەم: مەرجە بەڕێوەبەری گشتی خاوەن بڕوانامەی زانکۆ بێت لە یاسا, یان هاوشانی و خاوەن شارەزایی و خزمەتێك بێت لە (15) ساڵ کەمتر نەبێت.

سێیەم: ئەنجومەن مانگانە لەسەر بانگهێشتی سەرۆك جارێك کۆ دەبێتەوەو لە کاتی نەهاتنیشی جێگرەکەی جێی دەگرێتەوە.

چوارەم: نیسابی بەستنی ئەنجومەن بە ئامادە بوونی دوو لەسەر سێی ئەندامانی تەواو دەبێت و بڕیارەکانی بە زۆرینەی دەنگی ئەندامە ئامادە بووەکان دەدرێت و لە کاتی یەکسانی بوونی دەنگەکانیش ئەو لایەنە پەسند دەکرێت کە سەرۆکی لەگەڵدایە.

پێنجەم: ئەنجومەن سکرتێرێکی دەبێت کە خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت لە یاسا و کاروباری ئەنجومەن ڕێك دەخات.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێنجەم/ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی حەوتەمەوە هەیە لە پرۆژەکەدا و کە دەبێتە ژمارە (ماددەی پێنجەم) لێژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

ماددەی پێنجەم:

یەکەم: ئەنجومەنێك لە وازارەت پێکدێ پێی دەگوترێ (ئەنجومەنی وەزارەتی داد) و لە مانە پێکدێ:-

1- وەزیر: سەرۆك.

2- بریکاری وەزارەت: ئەندامە و لە کاتی ئامادەنەبوونی وەزیر سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەکات.

3- سەرۆکی ئەنجومەنی شوورای هەرێم : ئەندامە.

4- سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتی داد: ئەندامە.

5- سەرۆکی داواکاری گشتی: ئەندامە.

6- بەڕێوەبەری دادی گشتی: ئەندامە.

7- بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەکانی داد: ئەندامە.

8- بەڕێوەبەری گشتی پەیمانگەی دادوەری: ئەندامە.

9- بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی خانوو بەرە: ئەندامە.

دووەم: ئەنجومەن لە مانگێکدا جارێك کۆبوونەوەیەکی ئاسایی دەبەستێ و سەرۆك بۆی هەیە بە شێوەیەکی نائاسایی داوای بەستنی بکات هەر کاتێك پێویستی بەوە هەبوو.

سێیەم: ئەنجومەن بە سەرۆکایەتی سەرۆك یان جێگرەکەی لە کاتی ئامادەنەبوونی و بە ئامادەبوونی دوو لەسەر سێی ئەندامان کۆدەبێتەوە و بریارەکانی بە زۆرینەی دەنگی ئەندامە ئامادەبووەکان دەردەچێ و لە کاتی یەکسانی بوونی دەنگەکان ئەو لایەنە پەسەند دەکرێ کە سەرۆکی لە گەڵدایە.

**چوارەم: ئەنجومەن سکرتێرێکی دەبێ کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی لە یاسادا هەبێ، کاروباری ئەنجومەن ڕێك دەخات و خشتەی کارەکانی ئامادە دەکات و بە ئەندامەکانی ڕادەگەیەنێ و پوختەی ئەو قەزییانە دەکات کە خراونەتە بەردەمی لە گەڵ گەیاندنی بڕیارەکانی داو چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.**

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**خامساً/ أما فيما يتعلق بالمادة السابعة من المشروع والتى ستصبح برقم المادة الخامسة فتقترح اللجنة صياغتها كالآتي:-**

**المادة الخامسة:**

**أولاً: يشكل في الوزارة مجلس يسمى بـ(مجلس وزارة العدل) و يتكون من :**

1- **الوزير/ رئيساً.**

2- **وكيل الوزارة: عضواً و يرأس المجلس في حالة غياب الوزير.**

3- **رئيس مجلس شورى الاقليم - عضواً.**

4- **رئيس هيئة الاشراف العدلى ـ عضواً.**

5- **رئيس الأدعاء العام – عضواً.**

6- **مدير العدل العام – عضواً.**

7- **مدير عام الدوائر العدلية – عضواً.**

8- **مديرعام المعهد القضائى – عضواً.**

9- **مدير عام التسجيل العقارى – عضواً.**

**ثانياً: يعقد المجلس أجتماعاً أعتيادياً مرة واحدة في الشهر وللرئيس دعوته للانعقاد بصورة أستثنائية كلما دعت الحاجة الى ذلك.**

**ثالثاً: ينعقد المجلس برئاسة الرئيس أو نائبه عند غيابه وبحضور ثلثي أعضائه ويتخذ قراراته بأغلبية الأعضاء الحاضرين وعند تساوى الأصوات يرجح الجانب الذي فيه الرئيس.**

**رابعاً: يكون للمجلس سكرتير حاصل على شهادة جامعية أولية في القانون، ويتولى تنظيم أعمال المجلس وتحضير جدول أعماله و تبليغها الى الأعضاء وتلخيص القضايا المعروضة عليه وتبليغ قراراته و يعاونه عدد من الموظفين.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەوەلەن سێیەم دەبێتە رئيس مجلس شورى الاقليم بەپێی ئەوەی تەعدیلمان کرد، ئەمەش دەبێتە رئيس مجلس الاستشارى، چاکی بکەن لای خۆتان ئیزافەی مديرعام المعهد القضائى کرایە، رئيس هيئة الاشراف العدليش ئەوەش ئیزافە کراوە، ئەگەر کەس قسەی لەسەر نیە دەیخەمە دەنگەوە، فەرموو جەنابی وەزیر.**

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت مدیریەی عەدلی عام تەرجومەی حەرفی کراوە بووبە مدیری گشتی ئیدارە بەڵام پێم وایە بەڕێوەبەری دادی گشتییە، خۆی مەفروزە بوترێت بەڕێوەبەری گشتی داد، ئەگەر چاك بكرێت پاش وپێشی تێدایە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو گەلاوێژ خان.

**بەڕێز گەلاوێژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەهەموو وەزارەتەكان راوێژكارمان داناوە تەنها لەوەزارەتی داد نەبێ ناوی هیچ راوێژكارێك نەهاتووەو دیاریش نەكراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە بەو ئیعتیبارەی كەوا هەموویان قانونین، ئەگەر كەس قسەی نیە موفتەرەحی لیژنەی قانونی دەخەمە دەنگەوە كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات؟ فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟ بەكۆی دەنگ وەرگیرا تكایە بۆ ماددەی دوایی.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی هەشتەم: ئەنجومەن ئەم ئەركانە دەگرێتە ئەستۆ:

1-دانان و وتووێژ كردن لەسەر ئامانجی گشتی پلانی ساڵانەی وەزارەت و بڕیاردان لەسەری.

2- ئامادە كردنی بودجەی وەزارەت و میلاكی.

3- لێكۆڵینەوە لەو پێشنیازانەی كە تایبەتن بە دامەزراندن, یان هەڵوەشاندنەوە, یان لێكدانی فەرمانگەكانی سەر بە وەزارەت.

4- لێكۆڵینەوە لەو بابەتانەی كە وەزیر بۆی دەنێرێ.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

شەشەم / ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی هەشتەمی پرۆژەكەوە هەیە كە دەبێتە ژمارەی (ماددەی شەشەم) بەپێی پێشنیازی لێژنەكەمان، پێشنیاز دەكەین بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

ماددەی شەشەم: ئەنجومەن ئەم كارانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ :-

1- دانانی سیاسەتی گشتی وەزارەت و دەرخستنی ئامانجەكان و پلانی ساڵانەی لەبەر رۆشنایی حوكمەكانی ئەم یاسایە و دەستنیشانكردنی بنەما یاسایی و كارگێڕیی و دارایی و ئابووری و هونەری كە دەیەوێ لە وەزارەتدا پەیرەو بكرێت بە جۆرێكی وا سیاسەتی حكومەتی هەرێم دەربڕێ و ئەوەی بە باشی دەزانێ لە راسپاردەكان لە بارەیەوە پێشكەش بكات.

2- ئامادەكردنی بودجەی وەزارەت و میلاكەكانی و پێشكەش كردنی ئەو راسپاردانەی بە باشی دەزانێ لە بارەیانەوە.

3- لێكۆڵینەوە لە پێشنیازی تایبەت بە لە نوێ دانان یا هەڵوەشاندنەوەی یاخود لێكدانی فەرمانگەكانی سەر بە وەزارەت بۆ باشكردنی توانای كاركردنی وەزارەت.

4- پێكهێنانی لیژنەی هەمیشەیی یان كاتی لە ناو ئەندامانی ئەنجومەن بۆ لێكۆڵینەوە لە پێشنیازەكان و ئەو كێشانەی كە رێگە لەبەر دەم كاری دەزگاكانی وەزارەت و فەرمانگەكانی دەگرن یاخود بۆ ئەنجامدانی هەندێ لەو كارانەی كە پێی سپێردراوە.

5- لێكۆڵینەوە لەو كێشانەی كە وەزیر دەیان نێرێ.

6- لێكۆڵینەوە لەو پرۆژە یاسایانەی كە وەزارەت پێشنیازیان دەكات.

**بەڕێز محمد صاڵح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سادساً/ أما فيما يتعلق بالمادة الثامنة من المشروع والتى ستصبح برقم المادة السادسة حسب مقترح لجنتنا، نقترح صياغتها كالآتي:-

المادة السادسة يتولى المجلس المهام التالية:-

1-رسم السياسة العامة للوزارة وبيان أهدافها والخطة السنوية في ضوء أحكام هذا القانون وتحديد الأسس القانونية والإدارية والمالية والأقتصادية والفنية التى يرى أتباعها في الوزارة بما يحقق وسياسة حكومة الاقليم وتقديم ما يراه من توصيات بشأنها.

2- إعداد موازنة الوزارة وملاكها وتقديم مايراه من توصيات بشأنها.

3- دراسة المقترحات الخاصة باستحداث أو إلغاء أو دمج الدوائر التابعة للوزارة لتحسين كفاءة أداء الوزارة ودوائرها.

4- تشكيل لجان دائمة أو موقتة من بين أعضاء المجلس لدراسة المقترحات والمشاكل التى تعترض عمل أجهزة الوزارة ودوائرها أو للقيام ببعض المهام الموكلة اليها.

5- دراسة القضايا التى يحيلها اليه الوزير.

6- دراسة مشاريع القوانين التي تنوي الوزارة اقتراحها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، وەڵلا من پێش ئەوەی موناقەشە بكەین پێم وایە سێیەم زیادە، چونكە لەشوێنێكی تردا هەیە، بۆ وەزارەت هەیە استحداث أو إلغاء أو دمج بكات ئەوە ئەگەر شەتبی بكەن باشە، ئەگەر موافقن بۆ شەتبی لیژنەی قانونی چوارو پێنجیش تەوحید بكرێت، بە ئیزافەی ئەخیری لە چوارەمدا، دراسة القضايا التى يحيلها اليه الوزير، پێویست ناكات تۆ فەقەرەیەكی تایبەت دابنێیت، ناكرێت دەبێ لەگەڵ فەقەرەی چوار بێت، ئەگەر موافقن یەعنی چوار وپێنج یەك دەگرێتەوە، سێش نامێنێت بۆ ئەوەی زۆر موناقەشەی لەسەر نەكرێت، كەس مولاحەزەی هەیە بێجگە لەو مولاحەزاتانەی كە لەجیاتی ئێوە وتم، بەو دوو مولاحەزەیە واتە سێیەم لیژنەی قانونی سەحبی كرد پێویست ناكات بیخەمە دەنگەوە، چوارەم وپێنجەمیش تەوحید

کران، بۆ ئەوەی لەچوارەمدا بنووسرێت دراسة القضايا التى يحيلها اليه الوزير، ئێستا ماددەکە بەهەموو ئەو تەعدیلەوە دەخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵدایە؟ کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بڕۆن بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسایی لەگەڵ جەنابی وەزیر کە کۆبووەوە مولاحەزەی کرد کە ماددەی یازدەم دەبێ ببێتە ماددەی حەوتەم، بۆیە ئێمە ئێستا ماددەی یازدەم دەخوێنینەوە بۆ ئەوەی موناقەشە بکرێت کە جێگەکەی غەڵەت بوو گۆڕیمان هێنامانە ژمارە حەوتەم، ئەگەر ئەمر بکەن ئاوەها دەیخوێنینەوە.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یازدەم: کارمەندانی دادگاکانی پێداچوونەوە (ئیستئناف) لە هەرێم بەستراونەتەوە بە وەزارەت جگە لە دادوەرەکان, بە مەرجێك لە رووی کارگێڕییەوە لە ژێر سەرپەرشتی سەرۆکەکانی دادگا ناوبراوەکان بن.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەوتەم/ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی یازدەمەوە لە پڕۆژەکە هەیە، کە دەبێتە ژمارەی (ماددەی حەوتەم)، لێژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە:

ماددەی حەوتەم: {سەرۆکەکان و دادەورەکانی دادگای تێهەڵچوونەوە (استئناف) لە هەرێمدا لە رووی کارگێڕیی و رێکخستن بە وەزارەتەوە دەبەسترێنەوە بە مەبەستی رێکخستنی کاروباری کارگێڕیی و دادگاکان و دەزگا دادییەکان و هەماهەنگی لەم بارەیەوە لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری دەکرێت}.

**بەڕێز محمد صالح اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سابعاً/ أما فيما يتعلق بالمادة الحادية عشرة من المشروع و التي ستصبح برقم المادة السابعة تقترح اللجنة صياغتها كالآتي :- المادة السابعة {يرتبط رؤساء و قضاة محاكم الاستئناف في الاقليم بالوزارة من الناحية الادارية و التنظيمية بهدف تنظيم امور ادارة المحاكم و الاجهزة العدلية و يتم التنسيق بشأن ذلك مع رئيس مجلس القضاء}.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو موقتەرەحەی لیژنەی یاسایی زیاتر شەرحی کردووە، ماددەی یازدەم دەبێتە ماددەی حەوت، کەس مولاحەزەی لەسەری هەیە، کاك صلاح سەرۆکی مەحکەمەی تەمییز رەئیت لەسەری هەیە فەرموو.

**بەڕێز صلاح احمد يعقوبی/ سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی حەڤدەم لە قانونی سوڵتەی قەزائی ژمارە (14)ی ساڵی 1992 تەحدیدی سەلاحیاتی سەرۆكی محكەمەی ئیستیئنافی كردووە، یەك لەسەلاحیەتەكانی (ادارة اعمال المحكمة)یە، ئەو ماددەیە بەو نەوعە صیاغەكەی بێت یرتبگ رۆساو و فچاە محاكم الاستئناف فی الاقلیم بالوزارە من الناحیە الاداریە و (التنظیمیة)، موناقیزە لەو قانونەی كە ئێستا مەفعولە، یەعنی صیاغەتەكەی بگۆڕن باشترە وە تەكریسی مەبدەئی سوڵتەی قەزائی دەكات، ئیستقلالیەتی سوڵتەی قەزائی لە سوڵتەی تەنفیزی دەكات، لەقانونی سوڵتەی قەزائی سەلاحیەتی سەرۆكی محكمە رەقەم حەڤدە، ئەوە موناقیزی ئەو ماددەیە، ئەگەر بەو نەوعە صیاغەی بكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

موفتەرەحت چیە كاك صلاح.

**بەڕێز صلاح احمد يعقوبی/ سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵلا من ئێستا كەخوێندیانەوە مولاحەزەی ئەوەم كردووە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو مامۆستا كاكە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستاكەش لەناحیەی ئیدارییەوە هەموو موەزەفینی محاكمی ئیستیئناف لەڕێگەی سەرۆكی محكمەی ئیستیئنافەوە رەبتە بەوەزارەتی عەدلەوە، تەنها محاكم وشتەكان رەبتە بەمەجلسی قەزاوە، بەڵام ئەوانی تر هەموویان رەبتن بەوەزارەتی عەدلەوە لە ڕێگەی محكمەی ئیستیئنافەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من هەر لەسەر تێبینیەكەی پێشووم، ئێستا ئەم نوقتەیە تەبیعی لەمحاكمی ئەمریكی ئموری ئیداری و فەنی ئەو حاكمانە ئەیبەن بەڕێوە كە تەعین كراون، عادەتەن ئەوانە پێیان ئەوترێت، ماجستریك، ماجستریك ناتوانێت لەمەحكەمە دەوری محاكم ببینێت، تەنها ئوموری مەحكەمەی ئیداری وفەنی ئەوانە ئەیبەن بەڕێوە، لە واقیعدا ئسلوبەكەیان هی ئەوەیە كەوا عەدالەت شێوەی خۆی وەربگرێت، ئەو كەسانەش

کەدەور ئەبینن لەمەوزوعەکەدا زیاتر حاکمن، تەبیعی حاکمی تەعین کراون کە ئەو دەورە ئەبینن، حاکمی تەبیعی جەج ئەوە دەوری مەحکەمەو ئەو شتانە ئەبینن هەر تەنها وەکو تێبینیەك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر شتێکی تەوفیقیمان بدەیە ڕێك بکەون لەسەری.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وانیە تەناقوزێکی وا هەبێت لەو مەسئەلەیە، هەروەکو ئێستا جەنابی مامۆستا کاکە فەرمووی سەرۆکی مەحکەمەی ئیستیئناف هەموو ئیشی ئیداری بەڕێوەدەبات چ لەنەقڵی موەزەفین وەی حوکام وئەو شتانە بەبێ ئەوەی ڕێ لەوەزارەتی داد بگیرێتن، مەسەلەی کاروباری دادوەرانیش ئەوە بەتەئکید عائیدی ئەنجومەنی قەزائیە، تەنها ئەو ماددەیە بۆ ئەوە هاتووە، کە ڕەبتێکی هەبێت لە رووی ئیداری وتەنزیمیەوە بەو مەسائیلانەی کەوا وەزارەتی داد بتوانێ سەرپەرشتی بکات، بەڵام نەلە دەسەڵاتی ئەنجومەنی قەزائی کەم دەبێتەوە نە لەدەسەڵاتی سەرۆکی مەحکەمەی ئیستیئناف، ئێستاش هەروایە، یەعنی سەرۆکی مەحکەمەی ئیستیئناف لەزمنی مەشروعی پێشەوەو لەزمنی ئەم قانونەی ئێستاش کەهەیە، دەسەڵاتی خۆی بەتەواوەتی بەکار دەهێنێت، لەو مەحاکمانەی کەلەژێر دەستێیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس مولاحەزەی نیە کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی من پێشنیاری ئەوە دەکەم کەوا تەنها سەرۆکەکان ودادوەرەکانی لێ لابچێت وبەناوی دادگای پێداچوونەوە واتە ئیستیئناف بڕگەکە دابڕێژرێتەوە، تەنها خودی وشەی سەرۆکەکان ودادوەرەکانی لێ لابچێت لە بڕگەکەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا کاکە چ موقتەرەحتان نیە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستاکە تەبعەن دەسەڵاتی دادوەری پرۆژەکەی لەبەردەستدایە، کاتێ کەپرۆژەی دەسەڵاتی دادوەری گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، تەبعەن ئیستیقلالی تەواویان دەدرێتێ کەوا ڕەبتیان نامێنێ لەگەڵ وەزارەتی عەدل، ئەو کاتە دەتوانین هەموو شتێك بکەین ورەبتیان نەهێڵین بە موەزەفینیشەوە، بەڵام ئێستاکە حالیەن ڕەبتیان هەیە ناتوانین لێکیان جیاواز بکەینەوە، چونکە ناتوانن ئیدارەکە ئەوە بکەین، تەنها دەبێ تەنزیماتێکی تایبەتیان بۆ بکرێت، ئەوجا دەتوانن ئەو ڕەبتە نەمێنێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك صلاح ئەگەر ئەو جوملەیە ئیزافە بکەین لە ماددەکە دەیخوێنمەوە: يرتبط رؤساء وقضاة محاكم الاستئناف في الاقليم بالوزارة من الناحية الادارية والتنظيمية بهدف تنظيم امور الادارة والمحاكم والاجهزة العدلية ويتم التنسيق بشأن ذلك مع رئيس مجلس القضاء مع ضمان استقلالية القضاء.

**بەڕێز صلاح احمد يعقوبی/ سەرۆکی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لۆ بالتنسيق مع رئيس مجلس القضاء بێت، دەبێ (بالتنسيق مع رئيس محكمة استئناف) بێت، یەعنی سەرۆکی محکەمەی مختص ئەو مەعلوماتی زیاترە لە موەزەفینی خۆی وە لەناحیەی ئیداری وتەنزیمی مەحکەمەکەی خۆی، یەعنی بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی قەزا مەشغول بکەین بە ئیشی دی، خۆی ئیشی زۆرە سەرۆکی مەجلسی قەزا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر جەنابی وەزیر موافق بێت خۆ ئەوە راستە خۆمان وتوومانە رؤساء وقضاة محاكم الاستئناف. فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی چ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ، بەڵام ئێمە ویستمان هەیبەتی مەجلسی قەزا بەڕاستی لەو مەسەلەیە زیاتر دەربکەوێت، ئەوەیە مەوزوعەکە ئەگەرنا بەتەئکید ئێمە وەکو وەزارەتی عەدل هیچ وەختێك هیچ ئیشێك ناکەین ئەگەر لەزمنی ئیشەکانی سەرۆکی مەحکەمەی ئیستیئناف بێت، ئەگەر مشاوەرەی پێ نەکەین و لەوێوە ئیقتراحەکانمان بۆ نەیەت، ئێمە وەکو وەزارەتی داد حەق نادەینە خۆمان حەتا ئەگەر لەقانونیش دەقمان هەبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئیمانمان بەمەبدەئی ئیستقلالیەتی قەزا هەیە، ئەو حەقە نادەینە خۆمان تەداخول لە ئیشوکاری قەزا بکەین، هەر ئیشێکیش بکەین ئێستا بەتەنسیق لەگەڵ سەرۆکی محکەمەی ئیستیئناف دەیکەین، دائیمەن ئیقتراحاتەکە لەوانەوە دێت، ئێمە ئیستیشارەیان پێدەکەین، بەڵام ئێمە کە دەڵێین مجلسی قەزا مەقسەدمان ئەوە بوو زیاتر هەیبەت بدەینە شتەکە، بەنیسبەت ئێمە هیچ موشکیلەیەکمان نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو پێشنیارەی کەوا دەگوترێت یرتبط رؤساء وقضاة محاكم الاستئناف بالوزارة وەدەڵێن تەنیسقیش هەر لەگەڵ رؤساء محاكم الاستئناف پێم وایە ئەوە جۆرێك لەگەڵ داوای لێبووردنم تەناقوزی تێدایە، یەعنی خۆی ئیرتیباتی پێوە دەکات، دوایی خۆشی تەنیسیقی لەگەڵ دەکات، ئەوەناکرێت دوایی حەز دەکەم سەرنجی برادەران رابکێشم بۆ خاڵێك، ئەویش ئەوەیە دەڵێت من الناحية الادارية والتنظيمية، ئموری تر یەعنی تەعین کردنی قازی، تەرقیە پێکردن وعقوبەدان هەر لەمەجلسی قەزا دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك صلاح ئەگەر بڵێین (من الناحية الادارية والتنظيمية بهدف تنسيق وتنظيم الامور بالاتفاق مع رؤساء وقضاة محاكم الاستئناف)، ئەوا بزانم داواکاریەکەی تۆ ئەوە دەکات جەنابی وەزیر، ئەگەر ئەو هینەت پێباش بێت پێم وایە ئەوە صیغەیەکی باشە بهدف تنسيق وتنظيم الامور الادارية بالاتفاق مع رئيس مجلس القضاء، يرتبط رؤساء وقضاة محاكم الاستئناف في الاقليم بالوزارة من الناحية الادارية والتنظيمية بهدف تنظيم امور الادارة والمحاكم وبالاتفاق مع رئيس مجلس القضاء. ئەوە داواکارییەکەی کاك صلاح دەگەیەنێت بۆ ئەوەی ئیستقلالیەتی مەجلسی قەزا بپارێزرێت، کێ لەگەڵ ئەو تەعدیلەیە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بڕۆن بۆ ماددەی تر.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی نۆیەم: وەزیری داد بۆی هەیە روو لە ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێم بکات بۆ رەزامەندی دەربڕین لەسەر ئینتیدابی دادوەر و دادوەری دادگای تەمییزیشی لەگەڵدا بێت بۆ سەرۆکایەتی یەکێك لە دەزگاکانی وەزارەتی داد.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەشتەم/ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی نۆیەمی پرۆژەکەوە هەیە و کە دەبێتە ژمارەی (ماددەی هەشتەم)، لێژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

ماددەی هەشتەم: {وەزیری داد بۆی هەیە دادوەر ئینتیداب بکات بە دادوەری تەمییزیشەوە بۆ سەرۆکایەتی یەکێك لە دەزگاکانی وەزارەتی داد ئەویش دوای راوێژ کردن دەبێ لە گەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری لەهەرێمادا}.

**بەڕێز محمد صالح اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ثامناً / أما فيما يتعلق بالمادة التاسعة من المشروع والتى ستصبح برقم المادة الثامنة فتقترح اللجنة صياغتها كالآتي:- المادة الثامنة : {لوزير العدل انتداب القاضي بما في ذلك قاضي في محكمة التمييز الى رئاسة احدى اجهزة وزارة العدل بعد التشاور و التنسيق مع رئيس مجلس القضاء في الاقليم}.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**کەس قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، دکتۆرە شوکریە فەرموو.**

**بەڕێز د. شكريه رسول ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**بەڕاستی من لەسەر یەك وشە تێبینیم هەیە، ئەویش وەزیری داد بۆی هەیە روو لە ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێم بکات بۆ رەزامەندی دەربڕین لەسەر ئینتیداب، ئینتیداب خۆ ئەمە ئینتیدابی بەریتانی نیە، با بڵێین لەدیاری کردنی یان دابین کردنی.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئەوە موصتەڵەحێکی قانونیە، کاك صلاح تۆ مولاحەزەت هەیە لەسەر ئەو ماددەیە.**

**بەڕێز صلاح احمد يعقوبى/ سەرۆكی دادگای تەمییز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**وابزانم ئەوە بموافقته التحريرية ئەوە دەبێت، یەعنی عزوێك لەمەحکەمەی تەمییز ئینتیداب بکرێت بۆ وەزیفەیەك لە وەزیفەکان کاری ئیداری وەزارەتی عەدل، ئەگەر خۆی رازی نەبێت لێرە موتڵەق ئەو نەصە، موتڵەقی سەلاحیەتی داوە بەوەزیر کەیفی لێ بێت نەقڵی دەکات، بەبێ وەرگرتنی موافقەت، من وا بە جوانی ئەزانم ئەمر بکەن صیاغەکەی وا لێ بکەن.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئەگەر جەنابی وەزیر موافق بێت ئەوە موقتەرەحێکی باشە.**

**بەڕێز فاروق جميل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**وەڵڵا من پێم وایە باشترین شت ئەوەیە وبموافقه رئيس مجلس القضاء، ئەوە باشترە لەوەی بە موافەقەتی خۆی، ئیحتیمالی هەیە جاری وا پێویست ئەکات، بەڵام ئەو خۆی موافەقەت ناکات، بەڵام دەسەڵاتەکە لەوەزیری بسەندرێتەوەو موافەقەتی سەرۆکی ئەنجومەنی قەزایی لەگەڵ بێت، ئەوە شتێکی چاکە، یەعنی بەموافەقەتی وەزیری وسەرۆکی ئەنجومەنی قەزا، لەگەڵ ماددەکەی پێشتریش دەگونجێت، ئەوویشمان هەر والێکرد.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**کاك عومەر فەرموو.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە وەزیری عەدل بێ لەوەی کە ئیتنیدابی حاکم بکات، بۆ ئەو ئەجهیزانەی وەزارەتی عەدل، ئەتوانێ ئینتیدابی قازی بکات و هەندێ هەیئاتی تریش کە داوای لێ بکرێت بەئیشراڤی قازی سەرۆکایەتی ئەو هەیئەیە بکرێت، پێم وایە تەنها هەر وەزارەتی عەدڵ نەبێت، سەلاحیەتی وەزیری تەوسیع بکرێت لەوەدا، هەروەکو لەقانونی سوڵتەی قەزائی پێشووشدا هەبووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێم وایە لەبەر رۆشنایی ئەو مولاحەزەی سەرۆکی دادگای تەمییز و رەئی لیژنەی یاسایی و جەنابی وەزیر پێم وایە باشتر وایە لەگەڵ ماددەکەی پێشوویشدا بگونجێت، وای لێ بکەین لوزیر العدل انتداب القاضي بما في ذلك قاضي في محكمة التمييز الى رئاسة احدى اجهزة وزارة العدل وبموافقة رئيس مجلس القضاء في الاقليم. نەك تشاور وتنسيق، ئەوە باشترە وەکو لەگەڵ ماددەی پێشوودا دەگونجێت، کێ لەگەڵ ئەو تەعدیلەدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دەیەم:

1- ئەرك و تایبەتمەندی و پێکهاتەکانی وەزارەت بە پێڕەو دەست نیشان دەکرێ.

2- وەزیر بۆی هەیە لە کاتی پێویستدا بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبە لە نوێ دابنێ, یان لێکیان بدات.

3- وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی بۆ ئاسانکاریی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نۆیەم/ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی دەیەمەوە لە پرۆژەکەدا هەیە کە دەبێتە ژمارەی (ماددەی نۆیەم)، لیژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

یەکەم: ئەرك و تایبەتمەندیەکانی پێکهاتەکانی وەزارەت بە پێڕەو دەسنیشان دەکرێن.

دووەم: وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی دیکە یان بەش یاخود هۆبەی وەزارەت لە نوێ دابنێ یاخود لێك بدات یاخود هەڵوەشێنێتەوە بە پێی پێویستی کارەکان لە کاتی پێویستدا.

سێیەم: وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ. ئەوەش هەر وەکو وەزارەتەکانی دیکەمان لێ کردووە.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تاسعاً/ اما فيما يتعلق بالمادة العاشرة من المشروع و التي ستصبح برقم المادة التاسعة فتقترح اللجنة اعادة صياغتها كالآتي:-

أولاً : تحدد بنظام مهام و اختصاصات تشكيلات الوزارة.

ثانياً : للوزير استحداث أو دمج أو الغاء مديريات أو اقسام أو شعب الوزارة حسب متطلبات عملها عند الاقتضاء.

ثالثاً : للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس ئەوە موفقتەرەحی لیژنەی قانونی وەکو هەموو وەزارەتەکانی ترەو ئەو ماددەشی هەموارکردووە، مهام واختصاصاتی وەزارەتە، ئەگەر کەس مولاحەزەی نیە دەیخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دوازدەم: لەئەصڵی پرۆژەکە.

یاسای ژمارە (12)ی ساڵی 1992ی وەزارەتی دادی هەرێمی کوردستانی عێراق هەڵدەوەشێتەوەو پێڕەو و ڕێنماییەکانی بەپێی ئەو یاسایەی دەرچوون کاریان پێدەکرێ, کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك نەبن, تاکو پێڕەو و ڕێنمایی تر جێیان دەگرنەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەیەم/ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی دوانزەمەوە لە پرۆژەکە هەیە کە دەبێتە ژمارە (ماددەی دەیەم)، لێژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە: {یاسای(وەزارەتی دادی هەرێمی کوردستان-عێراق)ی ژمارە 12ی ساڵی 1992و هەموارەکانی هەڵدەوەشێتەوەو پێڕە و ڕێنماییەکانی کە بەپێی ئەو یاسایە دەرچوون دەمێننەوە بەجۆرێك کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك نەبن تاکو دەرچواندنی ئەوەی جێیان دەگرێتەوە، یان هەڵوەشاندنەوەیان} .

**بەڕێز محمد صاڵح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عاشراً/ اما فيما يتعلق بالمادة الثانية عشرة من المشروع و التي ستصبح برقم المادة العاشرة فتقترح اللجنة صياغتها كالآتي :- يلغى قانون وزارة العدل لأقليم كوردستان ـ العراق رقم 12 لسنة 1992 و تعديلاته و تبقى الأنظمة و التعليمات الصادرة بموجبة نافذة بما لا يتعارض و احكام هذا القانون لحين اصدار ما يحل محلها أو الغائها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس ئەم ماددەیەش ماددەیەکی پێویستە بۆ ئیلغا کردنی قانونی پێشوو وتەعدیلاتی و نیزامەکانی ئەوانە بەردەوام دەبێت ئەگەر ئیلغا نەکرابێت، هەتاکو ئەو قانونە دەردەچێت جێگای بگرێتەوە، کێ لەگەڵ موفتەرەحی لیژنەی قانونیە بادەستی بلَند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا تکایە بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنە پێشنیازی ماددەیەکی نوێی کردووە کە پێویست دەکات ماددەیەکی نوێ بخرێتە سەر پرۆژەکە، بە ژمارەی ماددەی یازدەم، بەم شێوەیە بێت: {کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لە گەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت} ئەوەش لەهەموو وەزارەتەکانی تر عەینی شتمان بەکار هێناوە.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حادي عشر / تقترح اللجنة اضافة مادة جديدة الى المشروع و برقم المادة الحادية عشرة و بالصيغة التالية: {لا يعمل باي نص قانوني أو قرار يتعارض مع أحكام هذا القانون}.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش صیغەیەکی پێویستە لە هەموو یاسایەکی وەزارەتەکاندا هەبێت، موفتەرەحی لیژنەی یاساییە کە ئیزافە بکرێت کێی لەگەڵدایە بادەستی بلَند بکات تکایە؟ کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێزدەم: دەبێ وەزیرە تایبەتمەندەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوازدە/ لێژنە پێشنیاز دەکات ماددەی سێزدەمی پرۆژەکە کە دەبێتە ژمارەی (ماددەی دوازدە)، بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە: {پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن}، ئەوەش هەروەکو یاسای وەزارەتەکانی ترە.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثاني عشر/ تقترح اللجنة اعادة صياغة المادة الثالثة عشرة من المشروع و التي ستصبح برقم المادة الثانية عشرة كالآتي :{على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون }

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێی لەگەڵ موفتەرەحی لیژنەی یاساییە بۆ ئەو ماددەیە، بادەستی بڵند بکات تکایە؟ کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چواردەم: ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقائیعی کوردستان)دا جێ بەجێ دەکرێت.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی چواردەمی پرۆژەکەوە هەیە، کە دەبێتە ژمارە (ماددەی سێزدەم)، لێژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە: {ئەم یاسایە لە رۆژی دەچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) بلاْودەکرێتەوە} .

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثالث عشر/ اما فيما يتعلق بالمادة الرابعة عشرة من المشروع و التي ستصبح برقم المادة الثالثة عشرة، فتقترح اللجنة صياغتها كالآتي: {ينفذ هذا القانون اعتبارا من تأريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موفتەرەحی لیژنەی قانونی بۆ ماددەی سیازدەم دەیخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند؟ بکات تکایە کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە**

لە پێناوی چەسپاندنی بنچینەی جیاکردنەوەی دەستەڵاتەکان و سەربەخۆیی دادوەریی و رێز لێنان لە ماف و ئازادی و لە پێناو پەرەپێدانی دەزگاکانی داد کە بەرپرسیەتیەکی زۆریان بۆ هێنانەدی دادوەری هەیە, پێویست وا دەخوازێ هەیکەلی وەزارەتی داد لەسەر بنچینەیەکی زانستی دابمەزرێتەوە, تاکو بتوانێ کارو ئەرکە یاسایی و دادوەری و جیاکردنەوەی ئەرکە دادوەرییەکان لێیانەوە ئەنجام بدات, بەو ناوەی بەشێکە لە دەستەڵاتی جێ بەجێ کردن و لەبەر رۆشنایی و رابەری ئامانجە ناوبراوەکان و بۆ دابین کردنیان ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی پەیوەندی بە هۆیە پێویستەكانی دەرچوونیەوە هەیە، لێژنە پێشنیاز دەكات بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

هۆیە پێویستەكانی دەرچواندنی ئەم یاسایە

لە پێناو پتەوكردنی پرەنسیپی جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكان و سەربەخۆیی دادوەری و ڕێزگرتن لە ماف و ئازادیەكان و، بە مەبەستی پێویستی پەرەپێدانی دەزگاكانی داد سەبارەت بەوەی كە بەرپرسیەتی لە ئەستۆ دایە بۆ بەدیهێنانی دادوەریی. بۆیە پێویستی وای خواست دووبارە هەیكەلی وەزارەتی داد لەسەر بنەمایەكی نوێ دابمەزرێتەوە تاكو بتوانێ ئەركە یاسایی و دادیەكانی خۆی بگرێتە ئەستۆ و كاری دادوەری لێ جیابكاتەوە بەو ناوەی بەشێكە لە دەسەڵاتی جێبەجێ كردن لەگەڵ دۆزینەوەی جۆرێك لە هەماهەنگی و پەیوەستی لە نێوان وەزارەت و دەسەڵاتی دادوەریی و بە مەبەستی دابینكردنی پرەنسیپی سەروەری یاسا و پەرەپێدانی پیادەكردنی یاساكان و لەسەر ڕێنمایی ئامانجەكانی سەرەوە بۆ دابین كردنی ئەمانە، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز محمد صالح اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

واخيراً فيما يتعلق بالأسباب الموجبة فان اللجنة تقترح اعادة صياغتها كالآتي:-

الأسباب الموجبة

بغية ترسيخ مبدأ الفصل بين السلطات و استقلال القضاء و احترام الحقوق و الحريات وانطلاقاً من ضرورة تطوير الأجهزة العدلية نظراً لما تتحمله من مسؤولية في تحقيق العدالة فقد اقتضت الضرورة اعادة هيكلة وزارة العدل على أسس حديثة لتكون قادرة على القيام بمهامها القانونية و العدلية و فصل المهام القضائية عنها باعتبارها هي جزء من السلطة التنفيذية مع ايجاد نوع من التنسيق و الترابط بين الوزارة و السلطة القضائية بغية تأمين مبدأ سيادة القانون و تطوير تطبيق القوانين و على هدى الأهداف المتقدمة و لتأمين ذلك فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس پرۆژەی یاسای وەزارەتی داد بە تەعدیلاتەكانیەوە دەیخەمە دەنگەوە كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە؟ كێی لەگەڵدا نیە؟ بەكۆی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس ئومێد دەكەم ببێتە هۆكارێك بۆ ئەوەی وەزارەتی داد بتوانێ بە باشترین شێوە ئەهدافەكانی جێبەجێ بكات، عەدالەت دابین بكات؟ بەڕاستی سەروەری یاسا بێت، بگاتە هەموو شوێنێك و سەربەخۆیی قەزاش هەمووومان مەبەستمانە، سەربەخۆ بێت بەمانای كەلیمە، قسەش دەدەم بەكاك فاروق ئەگەر قسەیەكی هەبێت.

**بەڕێز فاروق جميل صادق/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی بەناوی وەزارەتی داد سوپاسی سەرۆکایەتی ئەنجومەن ولیژنەی یاسایی و سوپاسی برایانی ئەندامانی پەرلەمان دەکەین، کە بەڕاستی ئەرك وماندوو بوونێکی باشیان کێشا، موناقەشەیەکی زۆر تێروتەسەل کرا، توانیان مەشروعەکە دەوڵەمەند بکەن، هەرچەند ئارائی زۆر چاك هەبوو وەئێمەش دڵنیاتان دەکەینەوە، وەکو وەزارەتی داد هەموو ئامانجمان ئەوەیە کە کاربکەین بۆ ئەوەی قانون بچەسپێت، وەزارەتەکەمان وەکو ناوی بەخۆیەوەیە، بەڕاستی ببێتە وەزارەتی داد وببینە پێشڕەو بۆ وەزارەتەکانی دیکەش کە تەنها وتەنها قانون جێبەجێ دەکرێ و هەمووشمان بەرامبەر بەقانون وەکو یەك بین، چونکە هەر بەجێبەجێکردنی قانون سەرکەوتوو دەبین، پیم وایە پیشکەوتنی میللەتانیش هەر بەوەوە دەبیت کە دەبینن چەند قانون جێبەجێ دەکرێت، جێبەجێکردنی قانونیش یەك لەهەرە مەرجە گەورەکانی چەسپاندنی دیموکراتیەتە، دووبارە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆکاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر بەباشی دەزانم پرۆژەی یاسای رۆشنبیریش بخرێتە کارنامەکە، من ئەمڕۆ ئیتیصالیان پێوە دەکەم، بەتەئکید لەبەر ئەوەی وەختەکە زۆر کافی نیە ئیستا بۆ بەیانی، بەڵام ئەگەر ببێتە موناقەشەی هەردوو پرۆژەکە ئەوە هەوڵ دەدەین هەرچۆنێك بێت یەکێك لەو دوو وەزیرە بەڕێزانە ئامادە بکەین بۆ موناقەشەی پرۆژەکانیان بۆ سبەینێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی سبەینێ دانیشتنەکە داوای لێبووردن ئەکەم لەکاك محمد حکیم، دوایی قسەی لێ دەکەین داوای کردبوو قسە بکات، بەڵام تەواو بوو لەسەر قانونەکە قسە دەکەی، ئێستا قسەت دەدەمێ بەیانی سەعات 11 کۆ دەبینەوە بەرنامەی کارمان. 1- پرۆژەی یاسای هەموارکردنی یاسای باجی داهات، خوێندنەوەی یەکەمە، 2- پرۆژەی یاسای هەموارکردنی یاسای باجی خانووبەرە، 3- پرۆژەی یاسای هەموارکردنی یاسای زەوی بەتاڵ، 4- پرۆژەی یاسای دەستەی خۆپاراستن لەتیشك، ئەو چوارە سبەینێ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ ئەکەین، لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی ورۆشنبیری، کامەیان ئامادە بوون ئەوەیان موناقەشە ئەکەین، کاك محمد حکیم پێش ئەوەی کۆتایی بەدانیشتن بێنین داوای قسەی کردبوو فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسێ مەسەلە قسە ئەکەم یەکەمیان: ماددەی 140 مشتومڕێکی زۆر هەیە کەوا دوا ئەخرێت، من پێم باشە پەرلەمانی کوردستان کەنوێنەری میللەتی کوردین پەیامێك ئاراستەی هەموو لایەك بکەین، کە ئێمە لەگەڵ دەستکاری کردنی ئەو ماددەیە نین، هەرکات دەستکاری بکرێت ئێمە هەڵوێستی خۆمان وەردەگرین، ئەوە یەك، دوو سەبارەت بە بودجە، ئەوەش هەر مشتومڕی لەمیدیاکان لەسەرە، مەسەلەی بودجە وەزیری دارایی ئەڵێت گەیشتۆتە پەرلەمان جەنابت ئەڵێیت نەگەشتووە، ئەوەش پێمان خۆشە وەکو پەرلەمان ئێمە داوا ئەکەین کە بگات بەپەرلەمان وبێتە پەرلەمان، چونکە ئەوە ساڵی 2007 نیوەی تەواو بوو، مەسەلەی سێیەم ئەو یاسایانەی کەوا ئێمە زۆر پەلە ئەکەین لەدەرکردنی بەداخەوە زۆر درەنگ ئەگات بەمەحکەمەکان، یاسای تیرۆر من یەك دوو جار لەگەڵ برادەرانی لیژنەی یاسایی باسم کرد پاش شەش مانگ ئینجا گەیشتۆتە مەحکەمەکانی گەرمیان، ئێستاش یاسای عەفوو کە ئێمە دەرمان کردووە پێمان وایە مانگێك زیاترە نەگەیشتۆتە مەحکەمەکان، ئەوەش وەکو سەرۆکایەتی لێپێچینەوەی لێ بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەرچەند لەبەرنامەی کار نیە، ئەو قسانەی کەوا کردت، بەڵام ئێمە پێش ئەوەی کۆتایی بەدانیشتنەکەمان بێنین ماجالمان دا بە بەڕێزت کەوا قسە بکەیت، منیش لەجیاتی دکتۆر کەمال و سەرۆکایەتی وەڵامت ئەدەمەوە، یەکەم پەیامی پەرلەمان بەردەوام هەیە لەسەر ماددەی 140، بەردەوام رۆژانە هەم کاك کەمال وەکو سەرۆکی لیژنەی ماددەی 140 هەم خۆمان وهەم ئێوەش هەمووتان قسەی لەسەر ئەکەن، یەعنی مانای وایە پەرلەمان مەوقیفی هەیە، ئەو ماددەیە پشتگیریمان کردووەو نەگۆڕە، قبوڵیش ناکەین بیگۆڕن بەهیچ شێوەیەك، مادەیەکی دەستووریە، هیچ کەسێك لەئێمە گومانی لەوەدا نیە، ئەگەر داواشتان کرد بە 10 ئەندام دەیخەینە بەرنامەی کارمان وموناقەشە دەتوانین لەسەری بکەین، دوو مەسەلەی بودجە نەگیشتۆتە پەرلەمان، کاك بایز وای وتووە ئەو رەنگە مەقسەدی ئەوە بێت ناردوویەتی بۆ ئەنجومەنی وەزیران، لەوەزارەتی دارایی ئەوەندەی من بزانم چووەتە ئەنجومەنی وەزیران، لەوێندەریش ئێمە داوامان لێکردوون پەلەی لێ بکەن، وەزیری دارایی لەوێ نیە سەرۆکی حکومەت لەوێ نیە چەندین وەزیر لەوێ نین، دەبێ ئەنجومەنی وەزیران کۆببێتەوە ئیقرار بکەن تاوەکو بۆمان بنێرن، بۆیە تەئخیریش ئەوە بووە، یاسا کەئێمە دەریدەکەین مەسئولیەتی جێبەجێکردنەکەی دەکەوێتە سەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن، دەرهێنانەکەی سەرۆکایەتی هەرێمە، ئەگەر لە 15 رۆژدا دەریشی نەهێنێت یەعنی ئەو جێبەجێ ئەکرێت و تەواو حوکمی نیهائی وەر ئەگرێت، دەمێنێتە سەر ئەوەی وەزارەتی عەدل و ناوخۆ و ئەنجومەنی وەزیران تەعمیم بکات قانونەکە بۆ سەر هەموو ئەو لایەنانەی کەوا پەیوەندیدارن، مەسئولیەتی سەر ئەوانە لە ڕەخنەش مەترسێن هەموو رەخنەکانیشتان مەهاوێنە سەر سەرۆکایەتی پەرلەمان وەکو مولاحەزەمان کردووە، هەمووی دەڵێن ناردوومانە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەوان کەمتەرخەمن جێبەجێ ناکەن، لەکۆڵی خۆی دەکاتەوە هەرکێ قسە ئەکات دەڵێت ناردوومە سەرۆکایەتی پەرلەمان جوابی نەداوەتەوە، سەرۆکایەتی پەرلەمان وای کرد رۆژێکی تەحدید دا ئەنێین هەموو ئەو برا بەڕێزانە ئەوانەی یەك بەیەك

موناقەشەی ئەکەین کەلە تەلەفزیۆنەوە قسەیان کردووە، لە ڕادیۆ قسەیان کردووە، ڕەخنەیان لەسەرۆکایەتی گرتووە، ڕەخنەکەیان بنێرن ورەخنەش بگرن، جوابیان ئەدەینەوە، بەڵام لەوێندەر خۆیان تەحەمولی مەسئولیەتەکەی خۆیان لادەدەن دەیهاوێنە سەر ئێمە بەڵام موستەعیدین جواب بدەینەوە، بەڵام با لێرەوە جواب بدەینەوە ئێوە خۆشتان حەقی ئەوەیە هەریەکەتان دیفاع لەپەرلەمان بکەن، هەر یەکە واجبی ئەوەیە دیفاع لەپەرلەمان بکەن قسەیەك لەسەر ئێوە بکرێت من دیفاع بکەم، قسەیەك لەسەر ئێمە بکرێت ئێوە دیفاع بکەن، گلەیشتان هەبوو وەرن لێرە بیکەن، نەك هەریەکەو خۆی وا نیشان بدات کە هیچ کەمتەر خەمی نیە فەقەت سەرۆکایەتییە، پەرلەمانیش وای لێهاتووە ئەمڕۆ برادەران لەمنیان پرسی وتم کاکە پەرلەمان لەبەر ئەوەی نەپۆلیسی هەیە، نە ئاساییشی هەیە، نە ڕەقابەی لەسەر تەلەفۆنی دادەنێت، نە کەس دەگرێت، هەموو دونیا دەمی لە ئێمە کردۆتەوە، دوو ڕەخنەی هەبێت دەیکاتە پێنج وپەرلەمان وای کردو وای کرد، کەس بەدوایدا ناچێت، سوپاستان ئەکەم کۆتاییی بەدانیشتنەکە دێنین، سبەینێ سەعات 11 کۆ دەبینەوە.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) | عدنان رشاد مفتی |
| سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (19)**

**دوو شەممە رێکەوتی 28\5\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (19)

## دوو شەممە ڕێکەوتی 2007/5/28

کاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2007/5/28 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (19)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (19)ی خولی گرێدانی یەکەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق, بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژەی یاسای هەموارکردنی یاسای باجی داهات ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموارکراو.

2-خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژەی یاسای هەموارکردنی باجی خانووبەرە ژمارە (162)ی ساڵی (1959)ی هەموارکراو.

3- خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژەی یاسای زەوی بەتاڵ ژمارە (26)ی ساڵی 1962ی هەموارکراو.

4- خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژەی یاسای دەستەی خۆپاراستن لەتیشك.

5-خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای وەزارتی رۆشنبیری لەهەرێمی کوردستان.

6-خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پڕۆژەی یاسای وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەینەوە, بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (19)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات(11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2007/5/28دا بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژەی یاسای هەموارکردنی یاسای باجی داهات ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموارکراو.

2-خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژەی یاسای هەموارکردنی باجی خانووبەرە ژمارە (162)ی ساڵی (1959)ی هەموارکراو.

3- خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژەی یاسای زەوی بەتاڵ ژمارە (26)ی ساڵی 1962ی هەموارکراو.

4- خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژەی یاسای دەستەی خۆپاراستن لەتیشك.

5-خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای وەزارتی رۆشنبیری لەهەرێمی کوردستان.

6-خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پڕۆژەی یاسای وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان.

سەرەتا بەخێرهاتنی برای بەڕێز کاك فەلەکە دین کاکەیی وەزیری رۆشەنبیری, برای بەڕێز کاك سعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان, برای بەڕێز کاك مسعود کە لەگەڵ جەنابی وەزیر هاتووە بەخێرهاتنیان دەکەین بەگەرمی, زۆر بەخێر بێن. داوا لە لێپرسراوی لیژنەی یاسایی و لیژنەی رۆشەنبیری دەکەم بێن لەشوێنی خۆیان دانیشن, سەرەتا من تێبینیەکم هەیە, ئەگەر چی ئێمە هەمووجار ناوی غائیبەکان ناخوێنینەوە, بەڵام تۆمار دەکرێ, بەڵام ئەوەی سەرنجی راکێشاین, هەندێ ئەندام لەجیاتی ئەوان ئیمزایان کردووە, بەڵام داوا دەکەم کەوا ئاخیرجار بێت, کردەوەیەکی خراپە چ عوزری هەبێ, چ عوزری نەبێ, ناوەکان ناخوێنمەوە, بەڵام ئومێد دەکەم ئەوە ئاخیرجار بێت, داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم خاڵی یەکەم یاسای باجی داهات ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموارکراو بەکوردی بخوێنێتەوە, فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشت بەو دەسەلاتەی بەپێی برگەی (3)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (10)ی ساڵێ 1997 پێمان دراوە بەپێی ئەو یاسایەی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان- عێراق, لەدانیشتنی رۆژی / / 2000 دایناوە بڕیارمان دا ئەم یاسایەی خوارەوە دەربکەین:

یاسای ژمارە ( )ی ساڵی 2006

یاسای هەموارکردنی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموارکراو ڕادەگیرێ.

1-کارکردن بەبڕگە (10/ج) لەماددەی (1)ی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982 دا هاتووە, رادەگیرێ.

3-ئەم برگەی خوارەوە بۆ مادده (1)ی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982 ی هەموارکراو زیاد دەکرێ ئەم برگە (10/ج) (ئەو هاووڵاتیانەی لە رۆڵەکانی هەرێمی کوردستان کە لەدەرەوەی عێراق نیشتەجێن, مەبەستەکانی یاسای باجی دەرامەت دەیانگرێتەوە.

ماددەی دووەم:

1- کارکردن بەبڕگە (4)ی مادده (2) لەیاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982 ی هەموارکراو رادەگیرێ.

2- کارکردن بەبڕگە (2) لە بڕیاری ژمارە (520)ی ساڵی 1987 ی رادەگیرێ.

3-کارکردن بە بڕگە (20)ی مادده (7)ی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982 ی هەموارکراو رادەگیرێ.

4-بڕیاری ژمارە (73)ی ساڵی 2000 هەڵدەوەشێتەوە.

5-ماددەی (2) لەبڕیاری ژمارە (86)ی ساڵی 2000 هەڵدەوەشێتەوە.
6-ماددەی (3) لەیاسای باجی دەرامەتی ژمارە (5)ی ساڵی 1999 هەڵدەوەشێتەوە.
7-ماددەی (4) لەیاسای باجی دەرامەتی ژمارە (5)ی ساڵی 1999 هەڵدەوەشێتەوە.
8-ئەمانەی خوارەوە شوێنیان دەگرنەوە

بڕگەی (4) لەماددەی (2)ی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113) ساڵی 1982 بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

1-باجێك بەرێژەیەكی بەرزبوونەوە لەبەهای خانووبەرەكە دەبڕدرێتەوە, یان مافی دەستكاری كردنی خەملێندرابێت, بەپێی حوكمەكانی یاسای خەملاندنی بەهای خانووبەرەو قازانجەكانی ژمارە (85)ی ساڵی 1978, یان نرخەكەی و هەر كامەیان بەسەر خاوەن موڵك پتر دەوەستێ, یان خاوەنی مافی دەستكاری كردنی تیایدا لەكاتی گواستنەوەی موڵكداریەكە, یان بەدەست هێنانی مافی دەستكاری كردن, یان گواستنەوە وەكو (فرۆشتن, گۆڕینەوە, سوڵح كردن, لێخۆش بوون, بەخشین, لابردنی كۆبەشی, پاكۆكردنی وەقف و بانەوانی) و, مامەڵە لەگەڵ كرێچی وەكو خاوەن موڵك دەكرێ كاتێ خانووبەرەیەك بەكرێ دەگرێ, دەكەوێتە ژێر دەستی بەگرێبەستی بانەوانی (مساطحة) و بەم شێوەیە حیسابی بۆ دەكرێ:

1-20,000000 بیست ملیۆن دیناری یەكەم لەبەهای خانووبەرە یان نرخەكەی لەباج دەبووردرێت و ئەم بڕە پارەیە لەسەر هاوبەشەكانی بەپێی بەشەكانیان دابەش دەكرێ ئەگەر خانووبەرەكە كۆبەش بێت.

2-ئەوەی لەبڕی پارەی لێبووردراوەكەی لەدەقی بڕگە (1/أ)ی ئەم بەندە زیاتر بێت باج بەم رێژەی خوارەوە دەیگرێتەوە:

أ-3٪ تا دەكاتە 30,000000 سی ملیۆن دینار.

ب-4٪ ئەوەی زیاتر بێت لە 30,000000 سی ملیۆن دینار تا دەگاتە 60,000000 شەست ملیۆن دینار.

ت-5٪ئەوەی زیاتر بێت لە 60,000000 شەست ملیۆن دینار تا دەگاتە 90,000000 نەوەد ملیۆن دینار.

پ-6٪ ئەوەی زیاتر لە 90,000000 نەوەد ملیۆن دینار.

ب-ئەگەر گواستنەوەی ملكداری خانووبەرەكە لەسەر چەند پشكێك لەخانووبەرەكە بوو, باجەكە بەپێی حوكمەكانی ئەم بڕیارە لەسەر هەموو خانووبەرەكە بەگشتی حیساب دەكرێ و بەگوێرەی پشكەكانی گوازراونەتەوە بۆ هەموو خانووبەرەكە بەگشتی وەردەگیرێ.

ج-نابێ مۆڵەتی ئەو مامەڵانەی دەكەونە بەر حوكمەكانی ئەم بڕیارە لەسەر رێكارەكانی پشكنین و گەڕان لەسەر پێچەكانی باجی بەر لەجێبەجێ كردن ئەم بڕیارە هەڵبپەساردرێ.

د-حوكمەكانی ئەم بڕیارە پیادە دەكرێ بەر لەو لێخۆشبوونانەی كە لەدەقی بڕگە (1/أ) هاتووە, دەرهەق بەو مامەڵانەی گواستنەوەی موڵكداری خانووبەرە یان مافی دەستكاری كردنی, پێش ئەم بڕیارە تەواو بووە و باجەكانیان نەدراوە.

هـ-حوكمەكانی ئەم بڕیارە پیادە ناكرێت لەسەر لێخۆشبوونەكانی باج كە بەپێی هەردوو برگە (23, 25)ی ماددەی حەوتەم لەیاسای باجی دەرامەت یان بڕیاری تایبەت.

ماددەی سێیەم:

1-ماددەی (1) لەیاسای باجی دەرامەتی ژمارە (5)ی ساڵی 1999 هەڵدەوەشێتەوە.

2- ماددەی (1) لەبڕیاری ژمارە (219)ی ساڵی 2001 هەڵدەوەشێتەوە.

ئەمانەی خوارەوە شوێنیان دەگرێتەوە:

تاكی نیشتەجێ ئەم لێبووردنانەی خوارەوە لەخەملاندنی هەر ساڵێكدا دەیگرێتەوە لەسەر بنچینەی حاڵەتی لەساڵی ئەشێرەیی دەرامەتدا.

أ-(2500000) دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دیناری عێراقی بۆ باجدەر خۆی (ئەگەر ژن بێت شووی نەكردبێت), (بێوەژن و تەلاَقدراو نەبێت یان داهاتەكەی لەگەڵ داهاتی هاوسەرەكەی تێكەلاَو نەكرابێ).

ب- (2000000) دوو ملیۆن دینار عێراقی بۆ ژنەكەی یان ژنەكانی ئەگەر ژنی ماڵێ بێت و داهاتی نەبێت یان ئەگەر داهاتەكەی لەگەڵ داهاتی هاوسەرەكەی تێكەلاَو كرابێ یان لێكدرابێ.

ج-(200000) دوو سەد هەزار دیناری عێراقی بۆ هەریەك لە منداڵەكانیان بە چاوپۆشین لەژمارەیان.

د-(3200000) سێ ملیۆن و دووسەد هەزار دیناری عێراقی بۆ بێوەژن یان تەلاَقدراو خۆی و (200000) دوو سەد هەزار دیناری عێراقی بۆ هەر منداڵێك بەشێوەیەكی یاسایی لەژێر چاودێری ئەو دابن و بە چاوپۆشین لە ژمارەیان.

هـ-باجدەر لێبووردنێكی زیادەی پێئەدرێ بە بڕی (300000) سێ سەد هەزار دینار عێراقی, ئەگەر لە تەمەنی شەست و سێ ساڵی تێپەڕ بووبێت, جگە لەو لێبووردنانەی دیكە كە بڕیاری لەسەر دراوە لە بەشەكانی دیكەی ئەم ماددەیەدا.

و-باجدەر لێبووردنی دەربارەی ئەو منداڵانەی كە هەژدە ساڵیان تەواو كردووە, داهاتێكی سەربەخۆیان هەیە لە (200000) دووسەد هەزار دیناری عێراقی ساڵانە زیاترە, هەتا ئەگەر لەسەر خوێندن بەردەوامیش بن, پێ نادرێ.

ماددەی چوارەم:

1- كاركردن بەبڕگە (2) لەماددەی (13)ی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982 ی هەمواركراو, ڕادەگیرێ.

2-ماددەی (2) لەیاسای باجی دەرامەتی ژمارە (5)ی ساڵی 1999 هەڵدەوەشێتەوە.

3-ماددەی (3) لەبڕیاری ژمارە (219)ی ساڵی 2001 هەڵدەوەشێتەوە.

4-بڕگە (6, 7) لەبڕیاری ژمارە (294)ی ساڵی 1999 هەڵدەوەشێتەوە.

ئەوەی خوارەوە شوێنی بڕگەی (2) لەماددەی (13) لەیاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113) ی ساڵی 1982 ی هەمواركراو دەگرێتەوە:

باج بەسەر باجدەرکان دا دەسەپێ لەهەر ساڵێکی خەملێنراو بەپێی ئەم ڕێژانەی خوارەوە:

أ-داهاتی تاکی نیشتەجێی دوای پێدانی لێبووردنی یاسایی بەم شێوەیەی خوارەوە:

3٪ تاوەکو (250000) دوو سەدو پەنجا هەزار دیناری عێراقی.

5٪ (250000) پتر بێت تاوەکو (500000) پێنج سەد هەزار دیناری عێراقی.

10٪ لە (500000) پتر بێت تاوەکو (1000000) ملیۆنێك دیناری عێراقی.

15٪ لە (1000000) ملیۆنێك دیناری عێراقی پتر بێت.

داهاتی تاکی نیشتەجێ نەبوو.

هەمان ڕێژەی نیشتەجێ و لێبووردنی یاساییش نایگرێتەوە:

ج-داهاتی کۆمپانیای بەرپرسیاریەتی سنووردار بەڕێژەی نەگۆڕ بڕەکەی بە 15٪ دیار دەکرێ.

ح-داهاتی کۆمپانیای تایبەتی پشکدار بە ڕێژەی نەگۆڕ بڕەکەی بە 15٪ دیار دەکرێ.

خ-داهاتی کۆمپانیای تێکەڵاوی پشکدار بەرێژەی نەگۆڕ بڕەکەی بە 15٪ دیاردەکرێ.

دداهاتی کۆمپانیای بیانی لەعێراقدا تۆمارکراون یان بەپێچەوانەوە خاوەن دەزگایەکی بەردەوامبێ لە عێراقدا ملکەچی باج دەبن بە ڕێژەی نەگۆڕ بەبڕی 15٪ لەسەر ئەو داهاتەی لەعێراق پەیدای دەکەن.

ماددەی پێنجەم: کار بە ماددەی (40)ی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982 ی هەموارکراو رادەگیرێ, ئەمەی خوارەوە شوێنی دەگرێتەوە:

1-بڕیاری لیژنەکانی تێهەڵچوونەوە بنبڕە, ئەگەر بڕیاری پارەی باجەکە (150000) هەزار دینار کەمتر نەبێت.

2-ئەگەر بڕە پارەی باجەکە لەپارەکەدا بۆ دەسەڵاتی دارایی لە (150000) سەد و پەنجا هەزار دینار پتر بوو, باجدەر مافی دەربڕینی ناڕەزایی هەیە لەمیانەی (15) ڕۆژدا هەر لەرۆژی ڕاگەیاندنەوە و لەبەردەم دەستەی تایبەتی پیاداچوونەوە بەسەرۆکایەتی دادوەرێ لە دادگایی پێداچوونەوە و دوو ئەندام لە بەڕێوەبەرە گشتیەکان لە وەزارەتی دارایی و یەکێکی دیکە لە یەکێتی پیشەسازیەکانی عێراق, دادەمەزرێ و ئەوەش بەبەیانێك وەزیری دارایی دەریدەکات و لە ڕۆژنامەی فەرمیەوە بلاۆدەکرێتەوە.

3-دەستەی پێداچوونەوەکە بۆی هەیە بڕیارەکە هەڵوەشێنێتەوە یان پەسندی بکات یان هەمواری بکات و بڕیارەکەی بنەبڕە.

4-پێویستە ئەو باجدەرەی ئارەزووی تانەگرتنی هەیە لە بڕیاری لیژنەی تێهەڵچوونەوە, ڕەسم بە سندوقی فەرمانگەی باجی دەرامەتی پەیوەندیدار بدات, بڕی ئەو ڕەسمە بەرێژەی (1٪)ی بڕە پارەی باجەکەیە لەو بڕیارەی تانەی لێ دراوە و ڕادەی زۆری ئەو بڕە پارەیە (50000) پەنجا هەزار دینارە, دەبێتە داهاتێکی کۆتایی بۆ گەنجینەی گشتی.

5-دیاریکردنی پاداشت بۆ دەستەی پێداچوونەوە و لیژنەی تێهەڵچوونەوە بەپێی ئەو ڕێنمایانەی دەبێت کە وەزیر دەریدەکات.

**ماددەی شەشەم: یەکەم:**

**1-بڕیاری ژمارە (83,65,112)ی ساڵی 2003 هەڵدەوەشێتەوە.**

**2-بڕیاری ژمارە (192)ی ساڵی 1996 هەڵدەوەشێتەوە.**

**3-بڕیاری ژمارە (4210)ی ساڵی 2003 هەڵدەوەشێتەوە.**

**4-بڕیاری ژمارە (32)ی ساڵی 1997 هەڵدەوەشێتەوە.**

**5-کارکردن بەبڕگە (21) لەماددەی (7) لەیاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982 ی هەموارکراو رادگیرێ.**

**دووەم: بڕگە یەك بۆ ماددەی (2) لەیاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982 ی هەموارکراو زیاد دەکرێت و دەبێتە بڕگە (7) بۆ ئەوە:**

**7-کێڵگەکانی پەلەوەر و تروکاندنی هێلکە و کارگەکانی دروستکردنی ئالیك.**

**سێیەم: چەند بڕگەیەك بۆ ماددەی (7) لەیاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982 ی هەموارکراو زیاد دەکرێت کە ئەم بڕگانەن (27, 28):**

**(27) ئۆتۆمبیلەکانی تەکسی (5) نەفەر و پاسەکانی گواستنەوەی نەفەر لەناو شارەکان بەدەر لەپاسی نێوان شارەکان.**

**(28) مەکینەکانی کێڵانی زەوی (تراکتۆر).**

**ماددەی حەوتەم: بڕگە (2) لەماددەی (27) لەیاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982 ی هەموارکراو, هەمواردەکرێ و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**(دەبێ هەموو کەسێك تۆمارکرابێ و تۆمارنەکرابێ داهاتێکی هەبێت ملکەچ بێت بۆ باج, راپۆرتێك دەربارەی داهاتەکەی پێشکەش بکات بەر لەرۆژی یەکەمی مانگی تەمووز لە خەملاندنی ساڵانە, ئەگەر داوای لێنەکرابێ پێشکەشی بکات بەهۆی ئاگادارکردنەوەی نووسراو یان بەهۆی یەکێك لەرێگاکانی بلاوکردنەوەدا.**

**ماددەی هەشتەم: کار بەهیچ دەقێك ناکرێ کەپێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت.**

**ماددەی نۆیەم: وەزارەتی دارایی و ئابووری لەهەرێمدا بۆیان هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربکەن.**

**ماددەی دەیەم: کار بەیاسا و بڕیارەکانی باجی بەرکار دەکرێ, ئەوانەی پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە نین.**

**ماددەی یازدەم: پێویستە وەزیرە تایبەتمەندەکان حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.**

**ماددەی دوازدەم: ئەم بڕیارە لەرۆژی دەرکردنیەوە و بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی وەقائعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس ئەم پڕۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و ئابووری دەکەم, بۆ ئەوەی دیراسەتی بکەن و, راپۆرتی لەسەر بنووسن, دیقەتی دەوێ و وردەکاریشی دەوێ و, هەموو ئەندامێکی پەرلەمان دیراسەتی بکات, بۆ خۆی بچێتە ناو تەفصیلاتەکە بۆ رۆژی موناقەشەکە ئامادە بن, کە موداخەلەیەك دەکەن, موداخەلەکە لەبەر رۆشنایی خوێندنەوە بێت و زانینی تەفصیلات بێت, خاڵی دووەمی بەرنامەی کارمان (خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژەی یاسایی هەموارکردنی باجی خانووبەرە ژمارە (162)ی ساڵی (1959)ی هەموارکراو), داوا لەلیژنەی یاسایی دەکەم بیخوێننەوە بەکوردی, فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشت بەو دەسەلأتەی بەپێی بڕگە (3)ی ماددەی دووەم یاسای ژمارە (10)ی ساڵی 1997 پێمان دراوە و, بەپێی ئەو یاسایەی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان- عێراق لە دانیشتنی رۆژی / /2000, بڕیارمان دا ئەم یاسایەی خوارەوە دەربکەین:

یاسای ژمارە ( )ی ساڵی 2000

یاسای هەموارکردنی یاسای باجی خانووبەرەی ژمارە 162 ی ساڵی 1959 ی هەموارکراو

ماددەی یەکەم:

کارکردن بەماددەی (2) لەیاسای باجی خانووبەرەی ژمارە (162)ی ساڵی 1959 ڕادەگیرێ, ئەمانەی خوارەوە جێیدەگرێتەوە:

یەکەم: رێژەی 10٪ لەداهاتی ساڵأنەی هەر خانووبەرەیەك دادەگیری وەکو خەرجی چاککردنەوە و نۆژەنکردنەوە بەر لە حیسابکردنی باجەکە.

دووەم: باجی بنەڕەتی دادەسەپێ و وەردەگیرێ بەبڕی 10٪ لە داهاتی ساڵأنەی هەموو خانووبەرەکان, دوای داگرتنی بڕگە (1)ی سەرەوە.

دووەم: زیادکردنی بڕگەیەك بۆ ماددەی (4) لە یاسای باجی خانووبەرەی ژمارە (162)ی ساڵی 1959 ی هەموارکراو, بڕگە (3) دووبارەیە.

بڕگە (3) دووبارەیە: باڵەخانەکانی نیشتەجێبوون و بازرگانی کە لەسێ نهۆم پتڕن جگەلە لەژێر زەمین کە سەر لەنوێ بنیاتدەندرێتەوە, لەباجی بنەڕەتی دەبووردرێت بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە رۆژی تەواو بوونی بنیاتنانەکەیان کە لیژنەی خەملأندن دەست نیشانی دەکات.

ماددەی دووەم: کارکردن بە ماددە (11) لەیاسای باجی خانووبەرەی ژمارە (162)ی ساڵی 1959 ی هەموارکراو ڕادەگیرێ, ئەمەی شوێنی دەگرێتەوە:

ماددەی (11): کاتێ خانووبەرە کۆبەش بێت لەنێوان دوو کەس یان زیاتر ئەو رێوشوێنەی خوارەوە وەردەگیرێت:

هەر هاوبەشێك بەرپرسە لە دانی باج بە خۆبەشەكەی خۆی, بەمەرجێ دەبێ بەزنجیرەیەكی تایبەتی بەخۆی تۆمار كرابێ.

ماددەی سێیەم: بڕگەی (1) لەبڕیاری (520)ی ساڵی 1987 بەم شێوەی خوارەوە هەموار دەكرێ:

بڕگەی (1) باجی خانووبەرە لە خانوویەكی نیشتەجێبوونی یان شووقەیەكی نیشتەجێبوون دایك و باوك یان منداڵێكی خاوەن خانووی تێدابێ, دەبووردرێت بەمەرجێ ئەو كەسەی لەناو خانووەكە دانیشتووە خانوویەك یان شووقەیەكی نیشتەجێبوونی سەربەخۆی نەبێت.

ماددەی چوارەم: كار بەهیچ دەقێك ناكرێ كە پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم بڕیارە بێت.

ماددەی پێنجەم: وەزارەتی دارایی و ئابووری لەهەرێمدا بۆیان هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانكردنی جێبەجێ كردنی ئەم یاسایە دەربكەن.

ماددەی شەشەم: كار بەیاسا و بڕیارەكانی باجی بەركار دەكرێ, ئەوانەی پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم بڕیارە نین.

ماددەی حەوتەم: پێویستە وەزیرە تایبەتمەندەكان حوكمەكانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بكەن.

ماددەی هەشتەم: ئەم بڕیارە لە رۆژی دەركردنیەوە و بلاْوكردنەوەی لەرۆژنامەی وەقائعی كوردستان جێبەجێ دەكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس ئەم پڕۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و ئابووری دەكەم, بۆ تاوتۆكردن لەسەری و راپۆرت بنووسن لەسەری, بڕگەی سێ (خوێندنەوەی یەكەمی پڕۆژەی یاسای زەوی بەتاڵ ژمارە (26)ی ساڵی 1962ی هەمواركراو), داوا لەلیژنەی یاسایی دەكەم بەكوردی بیخوێننەوە, فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پشت بەو دەسەلاْتەی بەپێی بڕگە (3)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (10)ی ساڵی 1997 پێمان دراوە وە بەپێی ئەو یاسایەی ئەنجومەنی نیشتیمانیی كوردستان_عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی / /2000، بڕیارمان دا ئەم یاسایەی خوارەوە دەربكەین:

یاسای ژمارە ( )ی ساڵی 2000

یاسایی هەمواركردنی یاسای باجی زەوی بەتاڵی ژمارە 26ی ساڵی 1962ی هەمواركراو

ماددەی یەكەم:

1- كاركردن بە بڕگە (1/ أ ) لە ماددەی (4) لە یاسای باجی زەوی بەتاڵی ژمارە (26)ی ساڵی 1962 ڕادەگیرێ.

2- كاركردن بە بڕیاری ژمارە(96)ی ساڵی 1974 ڕادەگیرێ.

3- كاركردن بە بڕیاری ژمارە (483)ی ساڵی 1981 ڕادەگیرێ.

4- ئەمانەی خوارەوە شوێنیان دەگرێتەوە:

5- (زەویەکی بەتاڵ لە باجی بنەڕەتی هەر باج دەرێك دەبوردرێت ئەگەر رووبەرەکەی یان کۆبەشەکەی لە (800)مەتر دووجا پتر نەبێت و ئەوەندەی لەو رووبەرە پتر نەبێت باجی لێ وەردەگیرێت، باج دار بۆی هەیە ئەو زەویە بەتاڵە یان ئەو بەشەی دەیەوێ لە باج ببوردرێت دەستنیشان بکات.

ماددەی دووەم: کار بەهیچ دەقێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت.

ماددەی سێیەم: وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێمدا بۆیان هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەر بکەن.

ماددەی چوارەم: کار بە یاسا و بڕیارەکانی باجی بەرکار دەکرێت, ئەوانە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە نین.

ماددەی پێنجەم: پێویستە وەزیرە تایبەتمەندەکان حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

ماددەی شەشەم: ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرکردنیەوە و بلاّوکردنەوەی لە رۆژنامەی( وەقائعی کوردستانن) جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم پڕۆژەیەش وەکو پڕۆژەکانی پێشوو ئاراستەی لیژنەی یاسایی و دارایی و ئابووری دەکرێ بۆ هەمان مەبەست, خاڵی چوارەمی بەرنامەی کارمان (خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژەی یاسای دەستەی خۆپاراستن لەتیشك), تکایە لیژنەی یاسایی بەزمانی کوردی بیخوێننەوە, فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەستەی خۆپاراستن لە تیشك لەهەرێمی کوردستان

ماددەی یەکەم:

دەستەیەك بۆ خۆپاراستن لەهەرێمی کوردستان دادەمەزرێ و سەر بە وەزارەتی ژینگە دەبێ, فەرمانبەرێکی پسپۆڕ لەمەیدانی خۆپاراستن لە تیشکی ئەیۆنی و لەبەکارهێنانەکانیدا و کاریگەری تیشك لە سەر کەرەستە و پێکهاتەکانی جەستەی مرۆڤ شارەزا بێ سەرۆکایەتی دەکات.

ماددەی دووەم: دەستە کەسایەتیەکی سەربەخۆی هەیە و بۆ سوودی گشتییە و چاوی لە قازانج کردن نییە و لە مەیدانەکانی بەکارهێنانی تیشکی ئەیۆنی دەست و برد دەکات لەپێناو پاراستنی مرۆڤ و ژینگە لەتیشکەکاندا.

ماددەی سێیەم: دەستەی خۆپاراستن لەتیشك لەهەرێمدا هەوڵدەدات بۆ مسۆگەرکردنی سوود وەرگرتن لە تەکنۆلۆژیای تیشك لە مەیدانەکانی تەندروستی و پیشەسازی و مەبەستەکانی ئاشتی دیکەوە لەگەڵ پاراستنی مرۆڤ و ژینگە لەمەترسیەکانی ئێستا و ئایندەی.

دەستە ئەم گرینگانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

1- ئامادەکردنی پێشنیاری یاسایەك بۆ خۆپاراستن لە تیشك, لەئامادەکردنیدا راسپاردە و رێنمایەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتی بۆ وزەی ئەتۆمی IAWA یان رێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO و رێکخراوی پاراستنی ژینگەی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان UNEP و دەستەی عێراقی بۆ کۆنترۆڵکردنی کەرەستە تیشکدەرەکان لەبەرچاو دەگرێ, جگە لە لایەنە جیهانیەکانی پەیوەندیدار.

2-ناساندنی تیشکی ئایۆنیدار و پۆلێنکردنی دروستکەر و سەرچاوەکانی تیشکەکە و دەرکردنی روونکردنەوەی پەیوەست پێیەوە و هۆکارەکانی خۆپاراستن لە تیشك و ناساندنی یەکەکانی پێوانەکردنی چالاکی تیشکدانەوە و بڕی تیشك و دەستنیشانکردنی کەمترین رادەی رێگا پێدراو بۆ کارگەران و نەخۆش و دانیشتوان بەگشتی و ژینگەدا, لەدانانی راسپاردە و رێنماییەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی IAWA و رێکخراوی جیهانی WHO و رێکخراوی پاراستنی ژینگەی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان UNEP و دەستەی عێراقی بۆ کۆنترۆڵکردنی کەرەستە تیشکدەرەکان, لەبەرچاو دەگرێ جگە لە لایەنەکانی دیکەی جیهانی پەیوەندیدار.

3-دەرکردنی مۆڵەتی رەزامەندی نواندن لەسەر هاوردن و دانانی ئامێرە تیشك دەرەکان و سەرچاوە تیشکدەرەکان و دەست نیشانکردنی شوێنی دامەزراندن و عەمبارکردنی لەگەڵ دەرکردنی رێنمایی تایبەت بە هەرایەکەیان.

4-دیاریکردنی ئەو تایبەتمەندیانەی کە پێویستە لەشوێنەکانی سەرەوە دابینبکرێ بەپێی جۆر و وزەی ئەو تیشکەی لێیەوە دەردەچێت, بەجۆرێك ساغی و تەندروستی مرۆڤ و ژینگە مسۆگەر بکات.

5-پۆلێنکردنی ئەو کارمەندانەی لەمەیدانی بەکارهێنانی تیشکی ئەیۆنی کاردەکەن بەپێی بەرزەفتکاری تایبەت و بەپێی وەرگرتنی ئەو بڕە تیشکەی کە رووبەڕووی دەبنەوە و, سەپاندنی رێگاکانی خۆپاراستن کە پێویستە بۆ پاراستنیان لەمەترسیەکانی تیشك پەیرەوی بکەن و بەدواداچوون بۆ پابەندبوون پێیەوە.

6-سەرپەرشتی کردنی جێبەجێکردنی ئەو رێنماییانە لەلایەن خاوەن مۆلیدەکان و سەرچاوەکانی تیشك و پابەندبوون پێیەوە و, چاودێریکردنی هەموو ئەو کارمەندانەی لەکێڵگەکانی تیشك کاردەکەن و وەرگرتنی رێکارەکان بۆ وەستاندنی بەکارهێنانی و, دەست بەسەرداگرتنی سەرچاوەکان لەو حاڵەتانەی کەپابەند نەبن پێیانەوە.

7-چاودێری کردنی دامەزراندن و کارپێکردنی دروستکەر و سەرچاوەکانی تیشك, لەهەموو مەیدانەکانی ئاشتی, بەتایبەتی تەندروستی بۆ دەست خستنی هەموو پێداویستیەکانی خۆپاراستن لە تیشکدانەوە لەو باڵەخانانەی لێی دادەمەزرێ و لەبەکارهێنانی لەپێناو مسۆگەرکردنی سەلامەتی بەکارهێنانی و سوود وەرگرتن لێی بەباشترین شێوە, لەلایەن خۆپاراستن لەکەوتنە بەر ئەو تیشکەی لێیەوە دەردەچێت, یان پێیەوە پیس دەبێ, هەروەها بۆ دیاریکردنی دروستکەر و ئەو سەرچاوانەی وەبەر مۆڵەت دەکەون, یان ناکەون لەگەڵ بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامە فەرمیەکان لەهەرێمدا.

8-دەرکردنی بەرزەفتکاری و ڕێنماییەکانی کە ڕێوشوێنەکانی خۆپاراستن کە پێویستە بگرێتە بەر بۆ ڕێگەگرتن لەڕوودانی ڕووداوە خۆجێییەکان, یان گشتییەکان و هەروەها دانانی پلانەکان بەدوورودرێژی بەسە بۆ کۆنتڕۆڵکردنی ئەو جۆرە ڕووداوانە ئەگەر ڕوویدەن.

9-ئاگادارکردنەوەی خاوەنی دروستکەر و سەرچاوەکانی تیشك, کەتەنها خاوەن تواناکان بۆ کارکردن لە کێڵگەکانی تیشکدانەوە دابمەزرێنن و مسۆگەرکردنی پشکنینی یەکەم و بەردەوام, بۆ هەر یەکێکیان بەپێی ڕێنماییەکان و لەسەر خەرجی خاوەنەکەی.

10-ئامادەکردنی هۆیەکانی پێوانی بڕی تیشکدانەوە کە تووشی هەر کەسێکی کارمەند دەبێت, لەمەیدانی تیشکدانەوە لەسەر خەرجی خاوەن دروستکەرەکان و سەرچاوەکانی تیشکدانەوە و دانان و خوێندنەوەی بەردەوامی دوای گۆڕین و ئاگادارکردنەوەی خاوەنەکەی و تاك لەهەر تێپەڕاندنێك لەو سنوورەی لەسەری ڕاهاتوون, یان ڕێگەی پێدراوە و جێگیرکراوە بۆ ڕێنماییەکانی یاسای خۆپاراستن لە تیشکدانەوە و یارمەتیدان بۆ دوورکەوتنەوە لەڕوودانی ئەم حاڵەتانە و وەرگرتنی ڕێکارەکانی پێویست بۆ ڕوونەدانی و لەگەڵ دەست بەسەر داگرتنی سەرچاوەکانی لەحاڵەتی پابەندنەبوون پێیەوە.

11-هەماهەنگی کردن لەگەڵ ئاژانسی نێودەوڵەتی بۆ وزەی ئەتۆمی و دەستەی عێراقی بۆ کۆنتڕۆڵکردنی سەرچاوە تیشکدەرەکان و ئەو تاقیگانەی لەلایەنی جیهانیەوە دانیان پێدانراوە بۆ مەبەستی ڕاهێنان و ئامادەکردنی زانستی و فێرکاری بەتایبەتی بەر لەدامەزراندن و بەکارخستنی مولیدەکانی تیشکی خاوەن وزەی بەرز بۆ مەبەستی لەناوبردنی بۆ وێنە وەرەمەکانی شێرپەنجە......

ماددەی چوارەم: دەستە ئەنجومەنێکی دەبێ کە لەمانە پێك دێت:

1-سەرۆکی دەستە/ سەرۆك.

2- نوێنەرانی وەزارەتی تەندروستی/ ئەندام.

3- نوێنەرانی وەزارەتی ژینگە/ ئەندام.

4- نوێنەرانی وەزارەتی بازرگانی/ ئەندام.

5- پزیشکێکی پسپۆڕ بۆ خۆپاراستن لە تیشك و شارەزا لە بەکارهێنانی تیشك, بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکان/ ئەندام.

6- نوێنەرانی وەزارەت و لایەنەکانی دیکەی سوودمەند لە تیشکدان, بەمەرجێك شارەزابن لە فیزیای تیشکدانەوە و بەکارهێنانەکانی تیشك و خۆپاراستن لێی/ ئەندام.

پشت بەستان بە شارەزا و ڕاوێژکارانی........پسپۆڕ.

ماددەی پێنجەم: سەرۆکی دەستە بە پلەی تایبەت و دەسەڵاتی دەست خستنە ناو مەیدانەکان و شوێنی دروستکەرەکان و سەرچاوەکانی تیشکدانی هەیە بۆ مەبەستی خۆپاراستن لێی.

ماددەی شەشەم: دەستە لەمانە پێك دێت:

1-بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی و دارایی و ئەمانەی پێوە دەلکێ:

أ- بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی و فەرمانبەران: بەڕێوەبەرێك سەرۆکایەتی دەکات کە هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت.

ب- ژمێریاری و وردبینی: کاروباری دارایی و ئامادەکردنی بودجە و وردبینیکردنی دەگرێتە ئەستۆ.

2-بەڕێوەبەرایەتی یاسایی و چاودێریکردن: ئەرکەکانی دەرکردنی ڕێنماییەکانی پەیوەندیدار بەخۆپاراستن لە تیشکدانەوە و مۆڵەتپێدان و وەرگرتنی ڕێکارە یاساییەکان لەکاتی پێویستدا زۆری دیکەش لەکاروبارە یاساییەکانی دیکە.

3-پەیوەندیەکان و بلاّوکردنەوە: ئەرکەکانی هەماهەنگ کردن لەگەڵ لایەنەکانی پەیوەندیدار, لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم و ڕێکخراوە عێراقی و جیهانیەکان و بلاّوکردنەوەی زانیاریەکان دەستە دەری دەکات.

4-بەڕێوەبەرایەتی کاروباری هونەری: ئەرکەکانی ئامادەکردنی هەموو هۆیەکانی فێرکردن و پێگەیاندن و بەلگەنامەکانی تایبەت بە خۆپاراستن لەتیشکدانەوە و ستاندارەکانی جیهانی پەیوەندیدار و ئاسانکردن لە سوود لێوەرگرتنی بە باشترین شێوە.

5-بەڕێوەبەرایەتی خزمەتە تەکنۆلۆژیەکان: ئەرکەکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریە زانستیەکان و تەکنۆلۆژیەکان لەکاتی بەکارخستنی ئاسایشی دروستکەرەکان و سەرچاوەکانی تیشکدانەوە و لەکاتی ڕووداوەکاندا.

6-بەڕێوەبەرایەتی تاقیگەکان: تاقیگەکانی بەرکەوتنی کەسی و تاقیگەکانی عەمبارکردنی تیشکدانەوە و تاقیگەکانی چاودێریکردنی ژینگە لەپیسبوون بەکەرەستەکانی تیشکدەر و ڕادەی تیشکدانەوە تیایدا و تاقیگەکانی پشکنینی کەرەستەکانی خواردەمەنی دەگرێتەوە, تاقیگەکانی بەرکەوتنی کەسی هۆیەکانی پێوانەی بڕی تیشکدەری هەر تاکێکی کارمەند لەکێلگەی تیشکدانەوە ئامادە دەکات و بەسەریاندا دابەش دەکات و دەیانگۆڕێ و دەیانخوێنێتەوە و, بەشێوەیەکی بەردەوام لەسەر خەرجی لایەنە سوومەند دەبێ.

ماددەی حەوتەم: ئەنجومەنی دەستە دەسەلاّتی سەرلەنوێ دامەزراندن و هەڵوەشاندنەوەی بەڕێوەبەرایەتی و بەشەکانی بەپێی پێویست دەبێ.

ماددەی هەشتەم: بودجەی دەستە سەربەخۆیە.

ماددەی نۆیەم: دەسەلاّتەکانی دەستە و پەیوەندیەکانی لەگەڵ خاوەنی دروستکەر و سەرچاوەکانی تیشکدانەوە (لایەنەکانی سوودمەند لە تیشکدانەوە) بەپێی یاسای خۆپاراستن لە تیشکدانەوە دیاری دەکرێ.

ماددەی دەیەم: پێویستە دەستە ڕێنمایی ئاسانکردنی جێبەجێکردنی حوکمەکانی یاسای خۆپاراستن لە تیشکدانەوە دەربکات دوای ئەوەی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بڕیاری لەسەر دەدرێ.

ماددەی یازدەم: بۆ خۆپاراستن لە ئەگەرەکانی کەوتنەوەی ڕووداوەکانی ئەتۆمی و تیشکدانەوە, دەستە بۆی هەیە پلانی خزمەتگوزاری و ڕاهێنانی تیپەکان ئامادەبکات, بۆ حاڵەتەکانی ناکاوی, وەکو ڕووداوەکانی ئەتۆمی و ڕووداوەکانی پەیوەندیدار بەکەرەستە تیشکدەرەکان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و تەندروستی و کۆمەڵایەتی دەکەم, تاوتۆی لەسەر بکەن و راپۆرتی خۆیان بنووسن لەسەری, خاڵی پێنجەم لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان (خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای وەزارتی رۆشنبیری لەهەرێمی کوردستان), داوا دەکەم دەقی پرۆژەکە بە کوردی بخوێننەوە, دواتر خاڵ بەخاڵ رای لیژنەی یاسایی و لیژنەی رۆشنبیری و پرۆژەکە و کردنەوەی دەرگا بۆ موناقەشە, فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشت بە حوکمی بڕگە (1) لەماددەی (56) لەیاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992 ی هەموارکراو, لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان- عێراق, ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان- عێراق لەدانیشتنی ژمارە ( )ی رۆژی / /2007 خۆیدا, بڕیاری دانانی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:

**یاسای ژمارە ( )ی ساڵی 2007**

**یاسای وەزارەتی رۆشەنبیری**

**ماددەی یەکەم: مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە, ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:**

1-هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

2-وەزارەت: وەزارەتی رۆشەنبیری هەرێم.

3-وەزیر: وەزیری رۆشەنبیری هەرێم.

4-بریکاری وەزارەت: بریکاری وەزارەتی رۆشنبیری هەرێم.

**ماددەی دووەم: وەزارەت ئەم کارانەی خوارەوەی دەکەوێتە ئەستۆ:**

1-پاراستنی رەسەنایەتی رۆشنبیری کوردی و کارکردن لەپێناوی پەرەپێدانی بەشێوەیەکی وەها کە لەگەڵ بەها رەوشتییەکانی کۆمەڵگای کوردی و جیهانی بگونجێ.

2- یارمەتیدان و پشتگیریکردنی بزووتنەوەی دانان و وەرگێڕان و بلاْوکردنەوە لەهەرێمدا و یارمەتیدانی نووسەر و ئەدیب و شاعیر و هونەرمەند و رۆژنامەنووسان لە رێگەی چاپ و یاریدەدانی چاپکردنی بەرهەمەکانیانەوە.

3- گرنگی دانێکی بابەتییانە بە رۆشنبیری منداڵان لەهەموو روویەکی ئەدەبی و هونەرییەوە.

4- دامەزراندنی کتێبخانەی نیشتمانی لەهەرێمی کوردستاندا و رێکخستنی بەپێی پێڕەوێك.

5- هاندانی بەهرەی ئەدەبی و هونەری و زانستی داهێنەر.

6- هاندانی بزووتنەوەی شانۆیی و هونەرە میللیەکان و پەرەپێدانی پیشەی سینەما.

7- یارمەتیدان و هاندانی کارو چالاییەکانی یەکێتی و رێکخراو و مەڵبەند و تیپە رۆشنبیری و ئەدەبی و هونەری و زانسییەکان.

8- سازدانی میهرەجان و بەیەکگەشتن و کۆبوونەوەی رۆشنبیری و ئەدەبی و رێکخستنی پیشانگای هونەری شێوەکاری بەهەموو جۆرەکانیانەوە.

9- بووژاندنەوەی کەلەپووری نەتەوەیی میللی لەهەموو بوارەکانی (ئەدەبی و هونەری- تیپە میللیەکان) و دامەزراندنی مۆزەخانەی تایبەت بەوانە.

10- دەرچوواندنی رۆژنامەیەکی حکومەتی.

11- یارمەتیدانی هونەرمەند و ئەدیب و نووسەران لە کوردستاندا.

12- رێزلێنانی رۆژنامەنووس و ئەدیب و هونەرمەندان و رێکخستنی ئەمەش بە پیرەو دەبێت.

ماددەی سێیەم:

1- وەزیر: سەرۆکی بالأی وەزارەتەو بەپرسە لە ئاراستەکردنی کارەکانی و سەرپەرشتی و چاودێری کردنی چالاکییەکانی و ئەو بریار و فەرمان و رێنماییانەی لەبارەی هەرشتێکی پەیوەندی بە ئەرکی وەزارەت و پێکهاتەکانی لەهەموو روویەکی یاسایی و کارگێری و هونەرییەوە هەیە لەوەوە دەردەچن لەچوارچێوەی ئەم یاسایە و یاساو پێرەو و رێنماییە کار پێکراوەکانی دیکە و بەرپرسیشە لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران بەو ناوەی کە ئەندامێکی هاوکارە لەو ئەنجومەنەدا.

2- بریکاری وەزارەت: ئەو کارو ئەرکانە دەگرێتە ئەستۆ کە وەزیر پێی دەسپێری.

ماددەی چوارەم: وەزارەت لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێکدێ:

یەکەم: مەڵبەندی وەزارەت:

1-نووسینگەی وەزارەت: بەڕێوەبەرێك بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.

2- نووسینگەی بریکاری وەزارەت: بەڕێوەبەرێك بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.

3- راوێژکاران: ژمارەیان لە چوار زیاتر نابێ و دەبێ خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بن و شارەزایی و کارامەییان هەبێت.

4- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری کارگێڕیی و دارایی: ئەم بەڕێوەبەرایەتییانەی خوارەوەی پێدەلکێ:

أ- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کارگێڕی و دارایی.

ب- بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری.

ت- بەڕێوەبەرایەتی وردبینی.

پ- بەڕێوەبەرایەتی نەخشەکێشان و بەدواداچوون.

ج- بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان.

ح- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی.

خ- بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاری.

د- بەڕێوەبەرایەتی خیوەتگای رۆشنبیری.

دووەم: ئەو فەرمانگایانەی خوارەوە بە وەزارەتەوە لکاون:

1- بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر لەپارێزگاکاندا و ئەمانەی پێوەدەلکێ:

- بەڕێوەبەرایەتی هونەری و شێوەکاری.
- بەڕێوەبەرایەتی شانۆ.
- بەڕێوەبەرایەتی کەلەپووری کوردی.
- بەڕێوەبەرایەتی هونەری موزیکی.
- بەڕێوەبەرایەتی کۆشکی هونەر.
- بەڕێوەبەرایەتی مەڵبەندەکان و کۆمەڵە رۆشنبیرییە هونەرییەکان.
- بەڕێوەبەرایەتی چالاکییەکانی رۆشنبیری و هونەری.
- بەڕێوەبەرایەتی مەڵبەندەکانی مافووری دەستکرد.
- بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری و هونەری تورکمانی.
- بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری و هونەری سریانی.

2- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان و ئەمانەی پێوە دەلکێ:

- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە لە پارێزگای هەولێر.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە لە پارێزگای سلێمانی.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە لە پارێزگای دهۆك.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە لە گەرمیان.

3- بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆژنامەنووسی و بلاّوکردنەوە.

- بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەکان لەپارێزگاکان.
- بەڕێوەبەرایەتی دانان و وەرگێڕان.
- بەڕێوەبەرایەتی دابەش کردن و بلاّوکردنەوە.

4- بەڕێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن و ئەمانەی پێوە دەلکێ:

- بەڕێوەبەرایەتی پەخشی رادیۆ.
- بەڕێوەبەرایەتی پەخشی تەلەفزیون.
- بەڕێوەبەرایەتی ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان.
- بەڕێوەبەرایەتی ئامادەکردن و ڕاهێنان.

5- بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەما و ئەمانەی پێوە دەلکێ:

- بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕیی و خۆیەتی.
- بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری و وردبینی.

- بەڕێوەبەرایەتی کارە هونەرییەکان.

ماددەی پێنجەم:

وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی یا بەشی تازە لە نوێ دابمەزرێنێ یان لێکیان بدات یاخود هەڵیانوەشێنێتەوە, لەکاتی پێویست لەناو پێکهاتەکانی وەزارەتدا.

ماددەی شەشەم:

هەیکەلی ڕێکخستنی پێکهاتەکانی وەزارەت و تایبەتمەندییەکانی بەپێڕەو دەستنیشان دەکرێن.

ماددەی حەوتەم:

وەزیر بۆی هەیە هەندێ دەسەڵاتەکانی بداتە ئەو کەسەی کە شیاوە لەناو کارمەندانی وەزارەتدا.

ماددەی هەشتەم:

کار بەهیچ دەقێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

ماددەی نۆیەم:

پێویستە وەزیرە پەیوەندیدار و تایبەتمەندەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی دەیەم:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێ.

-هۆیە پێویستیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە

سەبارەت بەو پەرەسەندنەی کە لەبوارە هونەرییەکاندا کە لەهەرێمی کوردستانی عێراق لەرووی چەندی و چۆنیەوە هاتۆتە ئاراوە و لەپێناوی فەراهەمکردنی پێویستی ویستە بنچینەییەکان بۆ درێژەدان بەو پەرەسەندنە و کاراکردنی و بەرەو باشتر چوونی و بۆ ڕۆیشتن لەگەڵ ئارەزووی حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق شان بەشانی بزووتنەوەی ڕۆشنبیری لە دەوڵەتە دراوسێکان بەتایبەتی و جیهان بەگشتی, ئەم یاسایە دەرچوێنرا.....

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێم باشە بۆ ئەوەی وەختەکە هین نەکەین, ئێستا مادده مادده لەئەصڵی مەشروعەکە بخوێنینەوە, ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی لەسەر ماددەکە و لیژنەی ڕۆشنبیری, ئینجا بیخەینە موناقەشە, فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یەکەم: مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە, ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

1-هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

2-وەزارەت: وەزارەتی ڕۆشەنبیری هەرێم.

3-وەزیر: وەزیری ڕۆشەنبیری هەرێم.

4-بریکاری وەزارەت: بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى: يقصد بالتعابير التالية المعانى المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:

1-الاقليم: اقليم كوردستان العراق.

2- الوزارة: وزارة الثقافة للاقليم.

3- الوزير: وزير الثقافة للاقليم.

4- وكيل الوزارة: وكيل وزارة الثقافة.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم/ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی یەکەمی پرۆژەکەوە هەیە, پێشنیاز دەکەین وشەی گوزارە (تعبير) بگۆڕدرێت بە وشەی (زاراوە = مصطلحات) و بڕگەی (1) بکرێت بە (هەرێمی کوردستان- عێراق).

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا من حەز دەکەم روونکردنەوەیەك بدەم, دیارە ئەو پرۆژە یاساییە گفتوگۆمان لەسەر کردیە ئەوە نییە, کە ئێستا خوێندمانەوە, لەبەر ئەوەی هەندێ گۆڕانی تێدایە, ئەوا هەردوو پرۆژە یاسایەکەم لەبەردەست دایە, ئەوە ئێستا گەیشتۆتە بەر دەستی ئێمە, حەز دەکەم ئەم حەقیقەتە بزانن, لەبەرئەوەی لەموناقەشەکردن رەنگە ئەو راپۆرتەی خۆمان کەتەقدیمی ئێوەمان کردووە گۆڕانکاری تێدابێ, پشتیوانی لە لیژنەی یاسایی دەکەین, بەڵام من یەك پێشنیاری ترم هەیە, بۆچی لەجیاتی بنووسین وەزارەتی رۆشنبیری هەرێم, نەیکەینە وەزارەتی رۆشنبیری کوردستان یەعنی حکومەت و پەرلەمانمان لەسەر ئەساسی نیشتیمانە, نەك لەسەر ئەساسی هەرێم, رەنگە هەرێمی تر دروست بێت, لەبەر ئەوە ئێمە وا بەباشی دەزانین کە کوردستان- عێراق ناوی هەرێمەکەمانە لەبەر ئەوە ئێمە وابەباشی ئەزانین هەرێم بکرێتە کوردستان, لەجیاتی وەزیری هەرێم, وەزیری رۆشنبیری کوردستان, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم مولاحەزەیەت ناکرێ لەبەر ئەوەی هەموو یاساکانی تریشمان هەروا هێن کردووە, قانونەکانیشمان وایە حکومەتی هەرێمی کوردستانە, وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان, هەموو وەزارەتەکان بەم شێوەیە, بەڵام مولاحەزەکانی تر کە لیژنەی یاسایی دای, وەك تعابیر دەبێتە موصتەڵەحات, کوردستانەکە داشەکەی ئیزافە دەکرێ, یەك و دوو سێ دەبێتە (یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم), وەکو هەموو یاساکانی ترە, کێ لەگەڵ موفتەرەحی لیژنەی یاسایە, تکایە دەستی بڵند بکات؟ فەرموون, کێ لەگەڵ نییە؟ تکایە دەستی بڵند بکات, فەرموون, بە کۆی دەنگ ماددەی یەکەم تەواو بوو, فەرموو بۆ ماددەی دووەم.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی دووەم: وەزارەت ئەم كارانەی خوارەوەی دەكەوێتە ئەستۆ:**

**1-پاراستنی ڕەسەنايەتی ڕۆشنبيری كوردی و كاركردن لەپێناوی پەرەپێدانی بەشێوەيەكی وەها كە لەگەڵ بەها ڕەوشتييەكانی كۆمەڵگای كوردی و جيهانی بگونجێ.**

**2- يارمەتيدان و پشتگيريكردنی بزووتنەوەی دانان و وەرگێڕان و بڵاوكردنەوە لەهەرێمدا و يارمەتيدانی نووسەر و ئەديب و شاعير و هونەرمەند و ڕۆژنامەنووسان لە ڕێگەی چاپ و ياريدەدانی چاپكردنی بەرهەمەكانيانەوە.**

**3- گرنگی دانێكی بابەتييانە بە ڕۆشنبيری منداڵان لەهەموو ڕوويەكی ئەدەبی و هونەرييەوە.**

**4- دامەزراندنی كتێبخانەی نيشتمانی لەهەرێمی كوردستاندا و ڕێكخستنی بەپێی پێڕەوێك.**

**5- هاندانی بەهرەی ئەدەبی و هونەری و زانستی داهێنەر.**

**6- هاندانی بزووتنەوەی شانۆيی و هونەرە ميللييەكان و پەرەپێدانی پيشەی سينەما.**

**7- يارمەتيدان و هاندانی كارو چالاكييەكانی يەكێتی و ڕێكخراو و مەڵبەند و تيپە ڕۆشنبيری و ئەدەبی و هونەری و زانسييەكان.**

**8- سازدانی ميهرەجان و بەيەك گەيشتن و كۆبوونەوەی ڕۆشنبيری و ئەدەبی و ڕێكخستنی پيشانگای هونەری شێوەكاری بەهەموو جۆرەكانيانەوە.**

**9- بووژاندنەوەی كەلەپووری نەتەوەيی ميللی لەهەموو بوارەكانی (ئەدەبی و هونەری- تيپە ميللييەكان) و دامەزراندنی مۆزەخانەی تايبەت بەوانە.**

**10- دەرچوواندنی ڕۆژنامەيەكی حكومەتی.**

**11- يارمەتيدانی هونەرمەند و ئەديب و نووسەران لە كوردستاندا.**

**12- ڕێزلێنانی ڕۆژنامەنووس و ئەديب و هونەرمەندان و ڕێكخستنی ئەمەش بە پيڕەو دەبێت.**

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة الثانية: تقع على عاتق الوزارة تنفيذ المهام التالية:**

**1-المحافظة على اصالة الثقافة الكوردستانية و العمل على تطويرها بشكل ينسجم و البهاء الاخلاق للمجتمع الكردی و العالم.**

**2- مساعدة وتشجيع حركة التاليف و الترجمة و النشر في الاقليم و مساعدة الكتاب و الادباء و الشعراء و الفنانين و الصحفين عن طريق طبع و تعضيد نتاجاتهم.**

**3- الاهتمام الموضوعی بثقافة الطفل في كافة النواحي الادبية و الفنية.**

**4- تاسيس المكتبة الوطنية في اقليم كوردستان و تنظيمها بنظام.**

5- تشجيع المواهب الادبية و الفنية و العلمية المبدعة.

6- تشجيع الحركات المسرحية و الفنون الشعبية و تطوير صناعة السينما.

7- مساعدة و تشجيع عمل نشاطات الاتحادات و المنظمات و المراكز و الفرق الثقافية و الادبية و الفنية و العلمية.

8- اقامة مهرجانات و لقاءات و اجتماعات الثقافية و الادبية و تنظيم المعارض الفنون التشكيلية بكافة انواعها.

9- احياء التراث القومي الشعبي في كافة المجالات (الادبية و الفنية- الفرق الشعبية) و تأسيس المتاحف الخاصة بهم.

10- اصدار صحيفة حكومية.

11- مساعدة الفنانين و الادباء و الكتاب في كوردستان.

12- تكريم الصحفيين و الادباء و الفنانين و تنظيم ذلك بنظام.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی پەیوەندی بەماددەی دووەمی پرۆژەكە هەیە, لیژنە پێشنیاز دەكات:

1- بڕگەی یەكەمی بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە:

(پارێزگاری رەسەنایەتی رۆشنبیریی كوردستانی و كاركردن لە پێناوی پەرەپێدانی بەجۆرێكی وا كە لەگەڵ بەها رەوشتیەكانی كۆمەڵگای كوردستانی و گەشەپێدانی گیانی بەیەكەوە ژیانی و برایەتی نێوان ڕۆڵەكانی گەلی كوردستاندا بڕوات بەڕێوە و, پەیوەندی رۆشنبیری لەنێوان گەلی كوردستان و گەلانی ناوچەكە و جیهاندا ببەسترێ.

2- گۆڕینی وشەی (و یارمەتی) كە بەر لە(نووسەر) لە بڕگەی (2) هاتووە بە ( پشتگیری كردن).

3- داڕشتنی بڕگە (4) بەم شێوەیەی خوارەوە بێ:

(دامەزراندنی كتێبخانەی نیشتیمانی لەهەرێمی كوردستانی عێراق.

4- گۆڕینی وشەی (حركات= بزووتنەوەكان) بە وشەی (بزووتنەوە) لە بڕگەی (6).

5- داڕشتنەوەی بڕگە (10) بەم شێوەیە (دەرچواندنی رۆژنامە و گۆڤاری حكومی.

6- لێكدانی هەردوو بڕگەكانی (11, 12) لەناو بڕگەی (11) دا و بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە:

(پشتگرتن و رێزلێنانی نووسەر و ئەدیب و شاعیر و هونەرمەند و رۆژنامەنوسان).

7- شەش بڕگە بخرێتەسەر ماددەكە و زنجیرەكانیان بەم شێوەیە تەواوبكرێن:-

12- دامەزراندنی ئێستگە بۆ ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لە هەرێمدا.

13- دامەزراندنی ئاژانسی دەنگوباسی كوردستان ـ عێراق.

14- پێدانی مۆڵەت بۆ هۆیەكانی ڕاگەیاندن بەهەماهەنگی كردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكاندا.

15- کارکردن له پێناوی دابینکردنی بەشداریی کردنی هەرێمی کوردستان له چالاکیەکانی ڕۆشنبیری و هونەری و ڕاگەیاندن لەسەرئاستی نیشتیمانیو هەرێمی و جیهانی.

16- ڕوواندنی چەمکەکانی دیموکراتیەت و ڕێزلێنانی مافەکانی مرۆڤ و ڕۆشنبیریی لێبوردەیی و فرەیی و خۆشەویستی نیشتیمان و چەسپاندنی گیانی ئینتیمای کوردستانی له نێوان ڕۆڵەکانی گەلی کوردستاندا.

17- ئامادەکردنی پلانی تایبەتی به وەزارەت و بەدواداچوونی جێبەجێکردنی و پێشنیازکردنی پڕۆژەی ئەو یاسانەی که پێیەوە پەیوەستن.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ثانياً / أما فيما يتعلق بالمادة الثانية من المشروع فتقترح اللجنة مايلي :-**

1- صياغة الفقرة (1) منها كالآتي :-

{المحافظة على أصالة الثقافة الكوردستانية و العمل على تطويرها بما يتماشى مع القيم الخلقية للمجتمع الكوردستاني و تنمية روح التألف و التأخي فيما بين أبناء شعب كوردستان و اقامة العلاقات الثقافية بينه و بين شعوب المنطقة و العالم}

2- تبديل كلمة (و مساعدة) الواردة قبل (الكتاب) من الفقرة (2) بكلمة (و دعم).

3- صياغة الفقرة (4) كالآتي :-

{تأسيس المكتبة الوطنية في اقليم كوردستان ـ العراق}.

4- تبديل كلمة (الحركات) بكلمة (الحركة) من الفقرة (6).

5- اعادة صياغة الفقرة (10) كالآتي : {اصدار صحف و مجلات حكومية}

6- دمج الفقرتين 11و12 ضمن الفقرة (11) و صياغتها كالآتي :-

{11- دعم و تكريم الكتاب و الأدباء و الشعراء و الفنانين و الصحفيين}.

7- اضافة ست فقرات الى المادة و تكملة تسلسلاتها وفق المنوال المبين أدناه :-

12- تأسيس محطات للاذاعة و التلفزة في الاقليم.

13- تأسيس وكالة أنباء كوردستان ـ العراق.

14- منح اجازات وسائل الاعلام بالتنسيق مع الجهات ذات العلاقة.

15- العمل على ضمان مشاركة اقليم كوردستان في النشاطات الثقافية و الفنية و الاعلامية على المستوى الوطني و الاقليمي و العالمي.

16- غرس المفاهيم الديموقراطية و احترام حقوق الانسان و ثقافة التسامح و التعددية و حب الوطن و ترسيخ روح الانتماء الكوردستاني بين ابناء شعب كوردستان.

17- اعداد الخطط الخاصة بالوزارة و متابعة تنفيذها و اقتراح مشاريع القوانين المتعلقة بها.

**بەڕێز ئاریز عبداللە احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتیوانی لەزۆربەی هەرە زۆری ئەو پێشنیارانەی لیژنەی یاسایی دەکەین کە ئێستا لێرە هاتوونە و, منیش پێشنیارەکانی لیژنەکانی خۆمان دەخوێنمەوە, رەنگە شتێك هەبێ لەبەرئەوەی ئەو پرۆژەی کە ئێمە موناقەشەمان لەسەر کردیە, ئەو پرۆژەیە نییە کەئێستا لەبەردەستمان دایە,

خاڵی یەکەم: بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە: پاراستنی کولتورو پەرەپێدانی رۆشنبیری کوردستانی.

خاڵی دووەم: لەهەرێمدا پێویست ناکات, چونکە خۆی پێناسەی وەزارەتەکە کرایە, (پارمەتیدان و پشتگیری کردنی بزووتنەوەی دانان و وەرگێڕان و بلاَوکردنەوە لەهەرێمدا) لەهەرێم پێویست ناکات, مەعلومە ئێمە سەر بە کوردستان- عێراقین.

خاڵی سێیەم:بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە, (دامەزراندن و پەرەپێدانی دەزگاکانی چاپ و رۆژنامەنووسی و بلاَوکردنەوە و دابەش کردن.

خاڵی چوارەم: دامەزراندنی کتێبخانەی نیشتیمانی (وشەی هەرێم پێویست ناکات).

خاڵی پێنجەم: کە لە پرۆژەی یەکەم هاتووە, نازانم هاندان و هونەری جیاوازیەك هەیە, ئیتر هیچ مولاَحەزەمان لەسەر نییە.

خاڵی شەشەم: هەردوو وشەی وەرزش و زانست, ئەوە لەپرۆژەکە بووە, ئیتر ئەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

خاڵی حەوتەم: بایەخ دان بە بوارەکانی رۆشنبیری و هونەری و منداڵان, وابزانم لێرە لەهاندانی کارو چالاکییەکانی یەکێتی و رێکخراو و مەڵبەند و تیپە رۆشنبیریی و ئەدەبی و هونەری وزانسییەکان, نەهاتووە ئێمە داوامان کردیە, واتا بایەخ دان بەبوارەکانی رۆشنبیری و هونەری منداڵان.

خاڵی سێزدەم: بکرێ بە دوو بڕگە:

أ- دامەزراندنی ئێزگە و تەلەفزیون و کردنەوەی پێگەی ئەنتەرنێت.

ب- مۆڵەتدان بە دەزگاکانی راگەیاندن.

خاڵی چواردەم: دامەزراندنی ئاژانسی دەنگوباسی (کوردستان) واتە کوردستانی بۆ زیاد بکرێ.

خاڵی پازدەم: ئێمە داوامان کردیە ئەو خاڵە زیاد بکرێ:

بایەخدان بەهونەر و ئەدەبی ژنان هاندان و پشتگیری کردنی ژنان لەو بوارانەدا, یان بکرێتە خاڵێکی تایبەت لە زنجیرەکان جێگای بۆ بکرێتەوە.

خاڵی شازدەم: ئەمەش زیاد بکرێ, دامەزراندن و پەرەپێدانی کتێبخانەی گشتی و خانە هونەریەکان لەشارو شارۆچکە و گوندەکان, لەوێ هاتووە, بەلاَم بەم شێوەیە نەهاتووە, ئەوەش یەکێکە لە ئەرکەکانی.

خاڵێکی تر زیاد بکرێ: دەستگرتن و هاندانی خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان لە بوارەکانی رۆشنبیری گشتی و ئەدەبی و هونەریدا, بکرێتە خاڵی نۆیەم, داوامان کردیە زیاد بکرێ بۆ کەم ئەندام و ئەوانەی خاوەنی پێداویستی تایبەتن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی دیارە لەگەڵ جەنابی وەزیر ئیتیفاقی کردووە, لەسەر ئەو تەعدیلاتانەی کە کراوە, هەروەها شەش خاڵی تازەیان ئیزافەکردووە, جگە لەو موڵاحەزاتانەی لیژنەی رۆشنبیری, زۆربەشیان کەم کردنەوەی هینە, بەشێکیان زمانی کوردیە, لەگەڵ موفتەرەحێکی تازەیە, ئەوەیش ئەدەبی تازە و هونەری تازەی ژنان, نازانم هەیە شتی وا, پێش ئەوەی داوا لە جەنابی وەزیر ئەکەم تەعلیقێك لەو موڵاحەزاتانە بدات, فەرموو.

**بەڕێز فلك الدین کاکەیی/ (وەزیری رۆشنبیری):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرێزان, بێگومان ئێمە لەگەڵ لیژنەی یاسایی موناقەشەمان کردووە, ئێمە پشتگیری لەو پێشنیارانەی بەرێزانی لیژنەی یاسای دەکەین, لەگەڵ دوو تێبینی کە لە لیژنەی رۆشنبیری هات, ئەسڵەن مەسەلەی ئەنتەرنێت ئەگەر ئیزافە بکرێ, خراپ نییە لە جێگایەك, مەسەلەی ژنان بەحقیقەت ئەدەبی ژنان نییە, ئەگەر بڕگەیەك ئیزافە بکرێ, بڵاوکردنەوەی ئەو کەلتورەی کە دژ بە مافی ئافرەتانە یان کەلتووری لێبووردەیی, بۆ ئەوەی توند و تیژی دژی ئافرەتان رابگیرێ, بەم شێوەیە ئێمە ئەتوانین زیاتر ئەوە بکەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دەرگای موناقەشە ئەکەینەوە, فەرموو د0 نوری.

**بەڕێز نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە راپۆرتی لیژنەی قانونی ئەکەم, بەڵام هەندێك تێبینیم هەیە سەبارەت بە داڕشتنی ئەو بڕگانەی کەوا لێرە هاتوون بەتایبەتی بڕگەی (14), پێشنیار دەکەم بنووسرێ (موڵەتدان بەهۆیەکانی راگەیاندن و هەماهەنگی کردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکاندا), لەبڕگەی (15) بنووسرێ (کارکردن بۆ بەشداری کردنی هەرێمی کوردستان لە چالاکی رۆشنبیری و هونەری و راگەیاندن لەسەر ئاستی عێراق و ناوچە و جیهاندا), لەبڕگەی (16) بنووسرێ (بڵاوکردنەوەی چەسپاندنی چەمك و پرنسیپی دیموکراسیەت و رێزلێنان لەمافەکانی مرۆڤ و گیانی لێبووردەیی و فرەیی و خۆشەویستی نیشتیمان و پابەندبوون بە بەها کوردستانیەکان لەنێو خەلقی کوردستاندا), زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د0 نوری تۆ خۆت لەسەر ئەو پێشنیارانەی لیژنەی یاسایی تەوقیعت کردووە.

**بەڕێز نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی لەداڕشتنە کوردیەکە هەڵە زۆرە, من بە کاك عەونیشم وتووە من بەبەردەوامی کوردیەکان ئیمزا ناکەم, سوپاس.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم باشە ئەوەی کە لیژنەی رۆشنبیری ئیقتیراحی کردووە بەم شێوەیە بێت بەنیسبەت مەسەلەی ئافرەتان, هەروەك ئەو خاڵەی سێیەمی ئەصڵی پرۆژەکە (گرنگیدانێکی بابەتییانە بە رۆشنبیری منداڵان لە هەموو رووپەکی ئەدەبی و هونەرییەوە), ئێمە بڕگەیەك زیاد بکەین بەم شێوەیە (گرنگیدانێکی بابەتییانە بە رۆشنبیری ئافرەتەوە لەهەموو روویەکی ئەدەبی و هونەریەوە و ئالیەتێکی گونجاو بۆ چالاکردنیان لەم بوارانەدا) و, هەروەها لەخاڵی شەشەمی پرۆژە یاساکە دەڵێ (هاندانی بزووتنەوەی شانۆیی و هونەرە میللیەکان و پەرەپێدانی پیشەی سینەما), من وام پێ باشە لەجیاتی پەرەپێدانی پیشەی سینەما بنووسین (بلاْوکردنەوەی فەرهەنگی سینەما), چونکە لەولاْتی ئێمە فەرهەنگی سینەما و ئیهتیمام دان بە سینەما وەکو بەهایەك لەناو موجتەمەعی ئێمەدا نییە و, هەروەها لەفەقەرەی (7), (یارمەتیدان و هاندانی کارو چالاکییەکانی یەکێتی و کۆمەڵە و سەندیکا و رێکخراو و مەڵبەند و تیپە رۆشنبیری و ئەدەبی و هونەری و زانستیەکان بێت) واتە کۆمەڵە و سەندیکاشمان هەیە کە پەیوەستە بەو مەوزوعە و, لەفەقەرە (10) پرۆژە یاساکە (دەرچوواندنی گۆڤارو رۆژنامە و رادیۆ تەلەفزیون هەمووی ببێتە یەك, تا بەریز ناویان بێت, خاڵێکی تر ئیزافە بکرێ (هەماهەنگی کردنی پەیمانگاو کۆلێژی هونەرە جوانەکان), زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنیا ئیزافەم هەیە, پێم خۆشە ئەم خالاْنە ئیزافە بکرێ لەیاساکە, جارێ خاڵی یەکەم ئەو یاسایەی پێشوو لابردرێت, یەعنی بڕیار بدەین یاسای پێشووی وەزارەتی رۆشنبیری هەڵبوەشێتەوە, ئینجا بێینە سەر ئەمە, ئەوانەی کە ئیزافە بکرێ:

1-دیکیۆمێنت کردنی ئەو دیکیۆمێنتە رۆشنبیریانەی بزووتنەوە کوردیەکان, بزووتنەوەکانی کورد و هی قەومەکانی تریش, لەڕووی ئەو وەسائیقە سەقافیانەی کە هەیە, دیکیۆمێنت بکرێن.

2- دروست کردنی پەیوەندی لەنێوان وەزارەت و ئەو مولحەقە سەقافیانەی کە لە سەفارەتەکانا هەن لەدەرەوە, مەسەلەیەکی زۆر گرنگە بۆ کارا کردنی رەهەندی رۆشنبیری کوردستانی لەمەهجەر.

3- هاندان و ئاسانکاری بۆ نەوەی نوێ, نەك بۆ منداڵ بۆ نەوەی نوێ, ئەوانەی توانایان هەیە دڵخۆشیان بکەین, یەعنی مێژووی نەتەوەکەی خۆیان, کەلتووری نەتەوەکەی خۆیان, بەهای پێبدەن, گرنگی پێبدەن, ئاسنکاری و یەعنی هاندانیان.

4- هەروەها باحسین و دارسین گرنگی پێبدەین لەجامیعە, لەڕووی مێژووەوە, لەڕووی کەلتوورە, لەڕووی کەلەپوورەوە, بێن سەر لەنوێ دیراسەتێکی بۆ بکەن, یەعنی دەوڵەمەندکردنی, پێم وایە قەزایەی ئەدەبی و توراسی لەکوردا مەسەلەیەکی زۆر گرنگە لەکوردستاندا, گرنگی پێبدرێ.

5- پاراستنی توراسی قەومی شالاوێکی سەقافەی توند و تیژی لە ئەخلاقی شتێك بکا ناخوا, بۆ ئەو میللەتەی ئێمە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمەش نووسرایە ببوورە, ئەگەر بەنووسین بۆمان بنێری, گێلاس خان, فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وا هەست دەکەم کە بیروباوەڕ و هەستی نەتەوایەتی بەرەبەرە بلاوبۆتەوە و, لەم جیلە و رەنگە لەجیلەکانی تر هەر نەمێنێت, کە ئێشتا لە نیوەی رێگای خەباتی خۆمانین, بۆیە بەپێویستی ئەزانم ئەم وەزارەتە گرنگی زۆر بابدات بەو بوارە و, پێشنیار ئەکەم خاڵێکی تری بۆ زیاد بکرێ, (گرنگیدان بەبیروباوەڕو هەستی نەتەوایەتی) ئیتر چۆن دائەڕێژرێ ئەوە ئارەزووی خۆیانە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری راپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی ئەکەم, بەو مولاحەزەی نازناز خانەوە کە سەتەلایت و تەلەفزیۆن بچێتە سەر خاڵی (د) و, پێشنیار ئەکەم بڕگەیەکی تر زیاد بکرێ, (وەزارەت هەوڵ بدات بۆ دروست کردنی بیناو هۆڵ و تەلاری گەورە بۆ ئەو ڤیستیڤالانەی کە لە پرۆژەکەدا هاتووە, یەکێ لە کێشەکانی ئێمە نەبوونی ئەو هۆڵ و تەلارانەیە بەتایبەتی لەسلێمانی, بەداخەوە ئێستا تازە پرۆژەیەکی گەورە کرا بە پرۆژەی هونەری بازرگانی, سوپاس.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو پێشنیارم هەیە, لەخاڵی سێیەم (گرنگی دانی بابەتیانە بە رۆشنبیری منداڵان و سنێلان), سنێلانی بۆ زیاد بکەین, بەڕاستی ئێمە چینێکا زۆر مەیا هەیانە, بەینی 12 ساڵە حەتا 18 ساڵە, ئەو نە مناڵە وەکو ڤێگا ڤێ لەهەرێمی کوردستانە دێتە دیتن, ئیهتیمامە دێتە بەر رۆشنبیری منداڵە, بەس کیش منداڵە حەتا تەمەنی 10 ساڵە بەرگرێ تەڤە, چینێکی وەکو هین بێژنێ هەرزکارە, سنێل تێشەیە کرن, ئەو ژنەڤا بێتە دانابێ, بێتە زیاد کرن, ژ بەر هەندێ خودا ئیهتیمام مەوزوعی هەبێ بۆ سنێلاژی, ژ لای وزارەتە رۆشنبیریە, نسبەتێ ئافرەتا ژێ ئەز پێشنیار ئەکەم گرنگیدانی بابەتیانە بەرۆشنبیری ئافرەتیانە و کاراکردنی رۆڵیان لەبوارە جیاوازەکانی رۆشنبیری هونەریدا, ئەڤ خاڵە بێتە زیاد کرن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لێرە خاڵێکم هەیە, خاڵی 12 لە لیژنەی یاسادانان و دامەزراندنی ئیزگە بۆ رادیۆ و تەلەفزیۆن, من پێشنیاری کەناڵێکی تیڤی ئاسمانی پەروەردەیی دەکەم, کە دابین کردنی میلاك و پێداویستیەکانی لێرەوە ئەو پێشنیارە دەکەم کە نیوەی ماوەی پەخشی کەناڵی ئاسمانی نەورۆز تیڤی بەش بکرێ, وەزارەتی رۆشنبیری بیکا بە شێوەیەك بیکا با لە ئەمڕۆوە ئەو کەناڵە بکات بۆ ئەو بڕیارە, ئەوە یەك, دوو/ لێرە لەم خاڵە بڕگەی (5) دەرچوونی رۆژنامە و گۆڤاری حکومی, بەڵکو گۆڤار و رۆژنامەکانی و لەگەڵ پەروەردیەکان لەگەڵ گۆڤار و رۆژنامەکانی منالاًن, رۆژنامەی خوێندکاران و قوتابیان زیاد بکرێ, خاڵێکی ترم هەیە لێرە, خاڵی (16) رواندنی چەمکەکانی ئەوە زیاد بکرێ پەروەردە و رۆشنبیری دیموکراتیەت و, رێز لێنانی مافەکانی مرۆڤ و رۆشنبیری و, لێرە ئەوەش زیاد بکرێ هۆشیارکردنەوە بۆ کەمکردنەوەی رێژەی منالْ, بەرنامەیەك دابڕێژرێ بۆ کەمکردنەوەی رێژەی منالْ, بۆ ئەوەی زیاتر بایەخ بدرێ بەمناڵەکان لەڕووی تەربیەوە و تەندروستی, چونکە زیادبوونی رێژەی منالْ وای کردووە کەوا زیادبوون بێ لە توند و تیژی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر ئەکەم, من یەك پێشنیارم هەیە داوا ئەکەم لە بەڕێزتان و جەنابی وەزیر, کوردستان مەڵبەندی علم و زانست بووە, کۆمەڵێکی زۆر کتێبی مەختووت, دەست خەت لەزۆربەی مەکتەبەکان لەکوردستاندا هەیە, بۆیە داوا ئەکەم ئەگەر جەنابی وەزیر لیژنەیەك دروست بکات, لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف, لەگەڵ چەند کەسێك لەو مەکتەبە کۆنانەی کە لەکوردستان هەنە ئەو مەختوتانە کۆبکرێتەوە, تەبع بکرێ شتێکی زۆر چاك و پیرۆزە, حورمەت گرتنە بۆ ئەو شەخصانە و ئەو رۆشنبیر و عولەمائانە کە لەکوردستان هەیە, بۆ ئەوەی کە دەستەواژەکەیان بزر نەبێ, شتێکی زۆر بەباشی ئەزانم, پێم باشە کە داوا لەبەڕێزتان و جەنابی وەزیر ئەکەم کە ئەو هاوکاریە بکرێ, بۆ گەڕانەوەی ئەو مەختوتانە بۆ ئەوەی بزر نەکرێ و تەبع بکرێ, لەمەکتەبەکانا دابنرێ, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت بڕگەی یەکەمی ماددەی دووەم, پشتگیری لیژنەی یاسایی دەکەم, هەروەها بەنیسبەت بڕگەی دووەم کە دەڵێ (یارمەتیدان و پشتگیری کردنی بزووتنەوەی دانان و وەرگێڕان و بلاْوکردنەوەی لەهەرێمدا و یارمەتیدانی نووسەر و ئەدیب و شاعیر و هونەرمەند و رۆژنامەنووسان لەرێگەی چاپ و یاریدەدانی چاپکردنی بەرهەمەکانیانەوە), ئەوە لێرە باس لەوەرگێڕان ئەکات بەشێوەیەکی گشتی, بەداخەوە ئێمە تا ئێستا هەوڵی ئەوەمان نەداوە کە بەرهەمی ئەدیب و نووسەرانی کوردستان وەربگێڕینە سەر زمانە

زیندووەکانی جیهان, بۆیە دەبێ ئەوە یان وەکو بڕگەیەك زیاد بکرێ, یان لە کۆتایی ئەوەدا بنووسرێ بایەخ دان بە وەرگێڕانی بەرهەمی ئەدیب و نووسەرانی کورد بە زمانی میللەتانی تر, ئەوەی بکرێـتن بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین کەلتوری خۆمان بە میللەتانی تر بناسێنین, بەنیسبەت بڕگەی شەشەمەوە کە باس لەهاندانی هونەری شانۆ و تیپ و هونەرە میللیەکان و پەرەپێدانی پیشەی سینەما دەکات, بەڕاستی مەسەلەی سینەما, ئەمرۆ لەهەموو دنیا زۆر گرنگە و, دەتوانین لە ڕێگەی سینەما ئێمە کێشەی خۆمان بگەیەنینە هەموو میللەتانی تر, حەقە بڕگەیەکی سەربەخۆ بێت, پەرەپێدانی پیشەی سینەما بڕگەیەکی سەربەخۆ بێت, نەوەك پەراوێزی بڕگەی شەشەم بێت, خاڵێکی تر کە پێویستە ئاماژەی پێبکرێ, حەقە ئەوەش لێرە جێگای بکرێـتەوە, کە تەنزیمی ئیشی ئەو دەزگایانە بکرێ, تەماشا ئەکەین لە ڕووی ئیمکانیەتیشەوە, لەوەزارەت بە ئیمکانیەت ترن, ئێمە داوا ئەکەین کۆمەڵگاکەمان, یەعنی هەموو دەزگاکانی بە موئەسەساتی بکەین, ئەگەر بەم شێوەیە بێتن, بەڕاستی وەزارەتی رۆشنبیری بەقەناعەتی من لەپەراوێز ئەمێنێتەوە, بۆیە ئەبێ کار بکرێ بۆ تەنزیم کردنی ئەوانە, خاڵێکی تر پشتگیری پێشنیارەکەی برای بەڕێزم کاك فتاح دەکەم, بەڕاستی دار مەختوتە لەکوردستان زۆر زۆر پێویستە, بۆ پاراستنی ئەو هەموو دەست نووسەی کەئەمرۆ لەکوردستان هەیە, هەم چاپکردنەوەیان, هەم کۆکردنەوەشیان, لەزۆر وڵات دار مەختوتات هەیە, ئێمەش پێویستە هەمان بێ لەکوردستان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عثمان احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم پرسیار دەکەم لە لیژنەی یاسایی, تەمەنی منداڵان دیاری کراوە, یەعنی تەمەنێکی دیاریکراو بۆ منداڵان لەچەندەوە بۆ چەند, مەسەلەن ئەو تەمەنە پێی دەوترێ منداڵ, بەنیسبەت بڕگەی (3 و 5) وابزانم ئەم دوو بڕگە بکرێـتە یەك بڕگە و, بەم شێوەیەی لێبێـت (هاندان و گرنگی پێدانی بابەتیانە بە بەهرەی ئەدەبی و رۆشنبیری منداڵان و مێرد منداڵان), چونکە مێردمنداڵ دوای تەمەنی منداڵییە, دوای ئەوەش تەمەنی لاویەتیە, خاڵی سێیەم, بەنیسبەت ئەوەی کە کوێستان خان باسی کرد, پشتگیری لێئەکەم بەڕاستی هۆڵی رۆشنبیری مۆدێرن نە لە شارە گەورەکان, لەشارو شارۆچکەکان لەمەودوا لەگوندەکانیش باشە بکرێـتەوە, چونکە رۆشنبیری و هونەری لە گوندەکانیش هەیە, ئێستا لەپشدەر گوندێك هەیە, لەپشتی قەڵادزێ یەك ژووری گەورەیان دروست کردووە, کتێبخانەیەکیان لێداناوە, یەعنی کەواتە حەرەکەیەکی رۆشنبیری هەیە, ئەوە جێی خۆیەتی وەزارەتی رۆشنبیری ئیهتیمامی پێبدات, سوپاس.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە جەخت کردنەوە لەبایەخ دان بە هونەر و ئەدەبی ژنان, لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی رۆشنبیری هاتووە, شێوەیەك هاتووە, بەڕاستی لە ئەدەب و هونەر و شانۆگەریی و لەو تەمسیلایانەی کە لە کوردستاندا عەرز ئەکرێ, دایم ئافرەت بە کەسیەتێکی زەعیف وەسف ئەکرێ, کەسیەتێکی لاواز بۆ ئافرەتان نمایەش ئەکرێ

**له كوردستان, زۆرترین ئەدەب و هونەر و ئەو شانۆگەریانەی كە ئەنووسرێن ئەو تەمسیلیانە, بۆیە ئێمە پێمان وایە تایبەتمەندیەك بدرێ بە هونەر و ئەدەبی ئافرەتان لەكوردستان, یان ژنان هانبدرێن و پشتگیریان لێبكرێ, بۆئەوەی بتوانن بەشێوازێك تەعبیر بكەن كە كەسیەتی ئافرەتی تێدا رەنگ بداتەوە بەواقعی, خاڵێكی تر كە ئێمە جەختی لێئەكەینەوە, دەست گرتن و هاندانی خاوەن پێداویستیە تایبەتیەكانە, بەفعلی خاوەن پێداویستیەكان كەم دەرئەكەون, بۆیە خەڵك, كۆمەڵگا ئاشنا نین پێی, ئەگەر بێتو هانبدرێن و دەستیان بگیرێ لەبواری ئەدەب و هونەر و شانۆگەریی و سینەما و تەمسیلا, ئەو كاتە ئەتوانین بڵێین رەنگدانەوەیەك لە كۆمەڵگا ئەكرێ و, بە شتێكی نامۆ سەیر ناكرێ, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز طلعت محمد صالح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**مامۆستا پرسیارەكەم لە وەزیری رۆشنبیریە, ئەو شوێنە كۆنە ئاسەوارەكان, سەر بەوەزارەتی رۆشنبیری مانە یان نا, چونكە ئێستا لێرە هیچ باسی لێوە نەكرایە و مۆزەخانەكانیش, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئەمانە چوونەتە سەر وەزارەتی سیاحە, قانونمان بۆ دەرهێنا, د0 شوكریە.**

**بەڕێز د.شكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**من چەند تێبینی و چەند زیادكردنێكم هەیە بۆ ئەو خاڵانە, حەز ئەكەم وەزارەتی رۆشنبیری خەڵاتی ئەو ئەدیب و ئەو هونەرمەندانە بكات, كەوا بەهرەی نموونەیی پێشكەش ئەكەن, ئەتوانن وەكو پێشبڕكێیەك دابنێن, وەكو چۆن لە وڵاتان ئەكرێ, پشتگیری لەلای خۆشم نووسیبووم رایەكەی شێخ فەتاح ئەكەم بۆ ئەو دەست نووسانە, ئێستا خۆم لەلای خۆم 12 دەست نووسی 200 ساڵ لەمەوبەرم هەیە, كە بەداخەوە چاپی ناكەن و, بەهۆی كاری شەخصیەوە پشتگوێیان خستووە, خاڵێكی ترم ئەوەیە, بەڕاستی دەربارەی رۆشنبیری ئافرەتان و بڵاوكردنەوەی فەرهەنگی, پشتگیری ئەم خاڵە ئەكەم, ئێمە ئەدەبی ژنانمان نییە, شعور یەك شعورە, یەك مێشكین, یەك هەستین, هەمووومان یەك ئەدەبمان هەیە, ئەوەیش پێی ئەڵێین ئەدەبی كوردی, ئەدەبی فارسی, ئەدەبی سریانی, ئەدەبی ئاشووری, لێرەدا نابێ جیای بكەینەوە, بەس ئەتوانین گرنگی بەقەڵەمی ژنان و ئافرەتان بدەین, لەبوارە جیاجیاكاندا گرنگیان پێبدەین, لەبواری مەسرەحی, لەبواری هەڵپەڕكێ و شایی و ئەو دوو خاڵەمان نییە, خاڵێكی ترم بەڕاستی گرینگی بەسروودی نیشتیمانی بدرێ, خاڵێكی تر ناردنی كادێری تایبەت لەوەزارەتەوە بۆ دەرەوەی وڵات, بۆ ئەوەی سوودیان لێوەربگرین لەم خاڵانە, خاڵێكی ترم هەیە, گرینگی بە چاپ كردنی بەرهەمی ئەدیب و هونەرمەندانی كوردستان بەبێ جیاوازی بدرێ, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سهام انور ولی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەئییدی قسەكانی نازناز خان دەكەم و پێشنیاریشی دەكەم بە شكلی عام ئیهتیمام بە سەقافەی كوردستان بدرێت, چونكە ئەو وەزارەتە زۆر موهیمە و تەنها بۆ نەتەوەی كورد نییە, بەڵكو بۆ هەموو ئەو نەتەوانەیە كە لە كوردستاندا پێكەوە دەژین, جگە لەوەش كلتووری هەموو نەتەوەكانی كوردستان لەیەك نزیكن, بۆیە بەڕای من ئەگەر وا پیادە بكرێت ئەو كلتورە و ئەو وەزارەتەش زیاتر پێش دەكەون, سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لە زۆربەی خاڵەكان پشتگیری لە لیژنەی یاسایی دەكەم, بەڵام یەك, دوو ئیقتیراحم هەیە, ڤیستیڤاڵی زانستی و هاندانی زانستی كاری زانكۆكانە, چونكە وەزارەتی رۆشنبیری ناتوانێ, نە پەرەی پێبدات نە هانی بدات, سازدانی میهرەجان تكایە بكرێتە ڤیستیڤاڵ, چونكە ئێمە ئێستا ئیتیفاقمان كردووە كە میهرەجان بكرێتە ڤیستیڤاڵ, لەگەڵ ئەو ئیقتیراحەی بەڕێز وەزیر, بڵاوكردنەوەی رۆشنبیری و كەلتوری دژی توند و تیژی, بەڵام تەنها حەز دەكەم لەپەرەپێدانی پیشەی سینەما, ئەگەر خۆم سینەمام نەبێ, خۆم نەچمە ناوێ سەیری فلیمە كوردیەكە نەكەم, پەنجا فلیم ئەگەر رۆژانە دەری بكەن هیچ ئیستیفادەیەكی نییە, ئێستا سینەماكان ئەرووخێندرێن و, ئەكرێن بە باڵاخانە و مەراكزی تیجاری, بەداخەوە یەعنی من بیرم دێت لەحەفتاكان سینەما هەبوو, ئێمە ئەچووین سەیری فلیممان ئەكرد, سەبارەت بە مەكتەبەی نیشتیمانی, دامەزراندنی كتێبخانەی نیشتیمانی, من دوو رۆژە برادەرانی كتێبخانەی گشتی لە وەزارەتی پەروەردە پەیوەندیان پێوە كردم, ئەوانیش پرۆژەیەكیان هەیە بۆ كتێبخانەی گشتی, ئیتر نازانم ئێوە ئیتیفاق دەكەن لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە بۆ ئەوەی كامتان بیكەنەوە یاخود نا, یەك شتم ماوە رجاتان لێئەكەم ئەو یارمەتیە و ئەوەی كە بۆ هونەرمەند و ئەدیب و نووسەر ناوبنێن رێز لێنان و یارمەتیدان, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەر خۆی رێزلێنانە, یارمەتیدان نییە, كاتت تەواو بوو, پەخشان خان فەرمووو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگیری راپۆرتەكەی لیژنەی یاسایی ئەكەم, لەبڕگەی یەك من تێبینیەكەم هەیە, لەجیاتی (مع القیم الخلقیە), یەعنی تەعبیری ئەوها دیارە مەبەستی قیەمی ئەخلاقییە, لەجیاتی ئەوە بووترێ (القیم الانسانیە للمجتمع الكوردستانی), سەبارەت بە بڵاوكردنەوەی رۆشنبیری دژە توند و تیژی, پشتگیری رایەكەی جەنابی وەزیر ئەكەم, بڵێین دژە توند و تیژی بەتایبەتی دژی ژنان و, ناڕەوایی و جیاكاری بەینی ئافرەت و پیاو و, هەروەها بڵاوكردنەوەی رۆشنبیری سەبارەت بە بەڵگە نامە و رێككەوتنامەكانی نێودەوڵەتی كە پەیوەندیان بەمافی مرۆڤەوە هەیە, سەبارەت بە ئەدەبی ژنان, منیش رەنگە ئەو تەعبیرەی

ئەدەبی ژنان لەقسەکانی تاڤگە خان کە خۆی لە لیجنەی رۆشنبیریە, مەبەست لەوە نییە کە ئەدەبێکی تایبەت بدات بە ژنان, منیش لەگەڵ ئەوە نیم, بەلاّم ئەو وشەی کە تاڤگە خان باسی کرد, سەبارەت بە ژن دەرخستنی لە ئیعلام بەم شێوەیە کەهەیە, یەعنی ئەوە بەدیقەت بایەخی پێبدرێ و, هەروەها دەعمی ژنان لەنووسین و لەمەسەرح و لەو بووارانە و, من تەئیدی ئەوەم لەگەڵ لیجنەی رۆشنبیری سەبارەت بە بایەخ دان بە ئەوانەی خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکانن, لەبواری ئەدەب و فەن و هەموو بوارێکدا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز ملا سعدالدین ملا عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بایەخ دان بەئەدەبی ژنان هەبێ, با بەئەدەبی پیاوانیش هەبێ, لەپاشان پێشنیار دەکەم دوو خاڵ زیاد بکرێ, یەکەم: موتابەعەی صەحافە و هەندێك جەرائید بکرێ, یەعنی مەعلوماتەکەی کە دەچێتە لایان هەندێ موەسەق بێت, دووەم/ وەکو لەقانونەکەی هاتووە هەمووی هەر پاراستن و دامەرزاندن و هاندانە, هیچ ئەوەی تێدا نییە کەباسی مۆڵەت بکات, چونکە مۆڵەت شتێکی زۆر زەروریە بۆ کوتاب, یان ئەوانەی کە دەنووسن, شتی وا نەنووسن کە تەئسیر بکاتە سەر موقەدەساتی کوردی, هەیە شت دەنووسێ تەئسیر لە ئەمنی قەومی کورد دەکات, پاشان خڕکردنەوەی موسەقەفەکانی کورد، یان کوتابەکان ئەوە شتێکی زۆر زەروریە لەم کاتەدا بکرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان تێبینی پەخشان خانم هەبوو, ئەو قیم ئەخلاقیە شتێکی غەڵەتە و راست نییە, قیم خوڵقی بۆ ئینسان بەکاردێت یان بۆ کەسێك بۆ موجتەمەع, هەرچەندە پێم وایە ئەوە هەمووی زیادە نمایشە, لەبەر ئەوە پێم وا نییە کە رۆشنبیری هیچ میللەتێك یان کۆمەڵگایەك نەگونجێ لەگەڵ بەها رەوشتیەکانی ئەو کۆمەڵگایە, بەتایبەتی بەکارهێنانی وشەی ئەصالە, رەسەنایەتی, بەهەمان پێوەر پێم وایە پاراستن و پەرەپێدانی ئەو ئەساڵەتە ناکرێ نەگونجێ لەگەڵ بەها رەوشتیەکان, بۆیە پێم وایە ئەوە هەمووی زیادەیە, لەخاڵی یازدەش پێشنیار دەکەم مساعدە بگۆڕدرێ بۆ دەعم, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاّحەزە بکەن بەشێك لەقسەکانتان لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی موعالەجە کرایە, هەمووی نا, سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیروت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت خاڵی یەکەم, پێم باشە ئەوەی بۆ زیاد بکرێ, (ناساندنی کەلتوری کوردستان بەتایبەتی کارەساتەکانی بە ولاّتەکانی تر), یەعنی بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین کەلتوری نەتەوەکەمان بە جیهان بناسێنین و بەجیهانیی بکەین, خاڵی دووەم/ پشتیوانی کردن لە بیری نوێ, کۆمەڵگا بەرەو گۆڕانکاریە, یەعنی حەقە

پشتیوانی لەفکری نویٚ بکەین, لە ئامانج و مەهامی نویٚ, پشتیوانی لەبیری نویٚ و ئاشناکردنی رۆشنبیری کوردستان بە بزووتنەوەی رۆناکبیری جیهان و, دانەبڕان لە رەوشتی کەلتووری نەتەوەیی, پیٚشنیاریٚکی دیکەم هەر بۆ خاڵەکان ئەوەیە, پتەو کردنی پەیوەندی وەزارەت لەگەڵ رۆشنبیرە دیارەکانی کوردستان و, کۆکردنەوەی رۆناکبیرە جدیەکان, بەداخەوە لەهەموو تاریخی وەزارەتی رۆشنبیری کەتەماشای بکەین, رۆناکبیری جدی یان رۆشنبیری جدی, وەزارەتی رۆشنبیری بە هی خۆیان نایزانن, یەعنی دەکریٚ جاریٚکی تر کار لەسەر ئەوە بکات, ئەو رۆشنبیرە جدیانە, ئەو کەسانە پەیوەندیان پیٚوە بکریٚتەوە, بەهەر ریٚگایەك کە وەزارەت پیٚی باشە, چونکە بۆ ئەوەی چی دیکە وەزارەت پاشکۆ نەبیٚ, بۆ رۆشنبیری, پیٚشنگی رۆشنبیری بیٚت, بەنیسبەت خاڵی سیٚیەم, لەگەڵ رەئیی مامۆستا عوسمانم کەدەڵیٚ رۆشنبیری میٚر منداڵ, بەڕاستی شاغیریٚکی گەورە هەیە لە ئەدەبی منالآن, منداڵ کەدەگاتە عومری منداڵیٚ نازانی چ بخویٚنیٚتەوە, سوپاس.

**بەڕیٚز باپیر سلیمان کاملا:**

**بەڕیٚز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەخاڵی دووەمی ئەصڵی پرۆژەکەدا (یارمەتیدان و پشتگیری کردنی بزووتنەوەی دانان و وەرگیٚڕان), من پیٚم باشە دانان و وەرگیٚڕانی کتیٚب و دوبلاجی فلیمی لەگەڵ بیٚت, کتیٚب زۆر گرنگی پیٚنەدراوە لەکوردستان و ئیٚمە بیٚ بەشین لەو فلیمانەی کە دەوڵەتانی تر دەری دەکەن, ئەگەر هەبیٚ زیاتر سوودمەند دەبین, خاڵیٚکی تر لە برِگەی حەوتەم هاتووە (یارمەتیدان و هاندانی کارو چالآکییەکانی یەکیٚتی و ریٚکخراو و مەڵبەند و تیپە رۆشنبیریی و ئەدەبی و هونەری و زانستییەکان), ئەوەش زیاد بکریٚ (ئاڕاستە کردنیان بەئامانجی بەرپابوونی بزووتنەوەیەکی رۆشنبیری), ئەوە ئیزافە بکریٚ, هەرچەند لیژنەی یاسایی برِگەی (11و 12)ی ریٚك خستووە, بەلآم من پیٚم باشە بلیٚ (پشتگرتن و سالآنە ریٚزلیٚنانی نووسەر و ئەدیب و شاعیر و رۆژنامەنووسان, نەك بەدائیمی کە ئەو ریٚزلیٚنانە بۆتە شتیٚکی دائیمی, بۆتە مایەی ناڕازیبوونی هونەرمەند و رۆشنبیران, هەریەکی مەقالەیەکی نووسیبیٚ کە بیستساڵ لەمەو پیٚش, هەریەك کە بەردەوامیش ریٚزلیٚنانیٚکی بەردەوامی هەیە, کە لە مووچەی مامۆستایەکی ئاسایی زۆر زیاترە, 300000 دیناری پیٚئەدریٚ, بەگران دەکەویٚ, سوپاس.

**بەڕیٚز جعفر مصطفی معروف:**

**بەڕیٚز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر خاڵی دووەم دوو تیٚبینیم هەیە, خاڵی چوار تەنها ئەوەندە بەس نییە کەنووسراوە (دامەزراندنی کتیٚ`خانەی نیشتیمانی لەهەریٚم و ریٚکخستن و پەرەپیٚدانی), بەرەئیی من زیاد بکریٚ سەرپەرشتی کردنی بەردەوامی, گرنگی پیٚبدات پەرتووکی پیٚویست و شایستە تیایدا کەسوودی بەتایبەتی لەلایەن قوتابیانی دیارە, چونکە کتیٚبخانە کراوەتەوە, بەلآم بیٚ بینا ئەبیٚ, بیٚ تەنزیمە, بیٚ سەروبەرە بەڕاستی, هەیە ئیٚستا لەکوردستان ئەو نەوعانە هەیە, خاڵیٚکی تر پیٚشنیار دەکەم زیاد بکریٚ, هەرچەندە لەلیژنەی یاسایی شتیٚکیان زیاد کردووە, بەلآم من مەبەستم ئەوە نییە موراقەبەی لەسەر بیٚ, خاڵیٚك زیاد بکریٚ بووتریٚ,

ئاگاداربوون لەهەموو بەرنامە جۆربە جۆرەكان بۆ ئەوەی بەكار نەیەت بۆ دژایەتی كردنی هەستی نەتەوایەتی، چونكە هەر كەسێ ئەچێ شتێك ئەنووسێ كە هەستی نەتەوایەتیمان ئەدات، رەقابەی لەسەر بێ لەسەر رۆشنبیری، بەس ئەگەر ئەوە بكرێ چاكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز جمال یوسف بوتانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دەست بەوە ئەكەم، پێشنیارێكم هەیە لە مەركەزی سەقافی زانكۆكانی كوردستان، چ تەنسیقێكمان هەیە، وەكو وەزارەتی رۆشنبیری لەگەڵ ئەو مەركەز سەقافیانەی كە لە زانكۆكانی كوردستان هەنە، حەقە ئەو تەنسیقە، ئەو تەعاونە هەبێ زیاتر دەعم بكرێ ئەو تەنسیقە بۆ گەشە كردنی رۆشنبیری، بەنیسبەت خاڵی سینەما، ئەو خاڵە ئەگەر بكرێ صیاغەم كردووە (صناعة و انشاء دور سینما كوردیة معاصرة و الترویج لها)، سینەمای كوردی نییە، هۆڵی زۆر گەورە دروست دەكەین، كەچی سینەمەمان نییە، بەداخەوە حەقە خاڵێكی سەربەخۆ بێت، سینەما ئیهتیمامی پێبدرێ و بەڕێگای سینەما سەقافەت بەرەئیی من بلاْو دەبێ، بەنیسبەت مەكتەبەی مەركەزی هەرێم، من پێم وایە لە قەزا و ناحیەكانیش مەكتە بە هەبێ، نەك هەر ئیهتیمام بە مەكتەبەی گشتی بدەین لە مەركەزی عاصیمە، بەلاْم لە قەزاكان و ناحیەكان ئیهتیمامیان پێبدەین، بەڕەئیی من خاڵێكی ئیزافە بكەین، ئەوەشی لەگەڵ بێت، ئیهتیمام بەمناڵ و سەقافەتی مناڵ و تەنشیئەی مناڵ لەگەڵ روحی ئەو سەردەمە بگونجێ، گەنج پەروەردە بكرێ بەسەقافەتی ئێستا و دوا رۆژ، سوپاس.

**بەڕێز د0ئاریان خالص شیخ جواد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی روون و ئاشكرایە، رۆشنبیری لە هەر كۆمەڵگایەك دوو بیرورا ئەگرێتەوە، رایەكی مەعنوی و رایەكی مادی، رایە مەعنویەكە دین و ئەخلاق و ئەدەبیات دەگرێـتەوە، لایانی مادی كە باكووری عەقڵی سەقافەتی شەخصیەتی كۆمەڵگایە، ئەوەیش لایەنی تەكنەلۆژیا و علم و زانست و حەزارەت دەگرێتەوە، ئەوەی روون و ئاشكرایە لەوەزارەتی رۆشنبیری هیچ دەعمێك نییە بۆ زانایان، بۆیە پێم باشە ئەگەر ئەو خاڵەی خوارەوەی بۆ زیاد بكەین (دعم العلماء والادباء والمثقفین والفنانین وتكریمهم وتشجیعي مواهب الناشئة ومنح الجوائز التقدیریة و التشجیعة)، هەروەها لەخاڵی (5) (تشجیع المواهب الادبیة)، ئەگەر هاتوو بەم شێوەیەی خوارەوەی بیرەخسێنین (توفیر المناخ المناسب للأبداع في المجالات الثقافیة والفنیة وتحدید معاییر التمییز والابداع في مختلف حقول الانتاج الفكري والثقافي والفني، بما یترتب بمستوى المعاییر الحدیثة وكذلك دعم انشاء شبكات الانترنیت للبحوث والمعلومات في المجالات الثقافیة)، هەروەها ئەو سەدەی هەزاری سێیەم بەس حەوالی سەقافاتە، ئەوەی دەڵێ (الالفیة الثالثة الالفیة، حوال الثقافات)، پێم باشە ئەگەر هاتوو (تفاعل وتواصل مع الثقافات الانسانیة الاخرى من خلال استعمال شبكات الانترنیت وبمختلف اللغات لتعریف العالم بالشخصیة الكوردستانیة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەماددەی دوو خاڵی نۆ، من نازانم بووژاندنەوەی کەلەپوری نەتەوەیی کە ئەعمالی یەدەوی ئەگرێتەوە هی پیشەسازی و شاڵ چنین و کلاش چنین و ئەوانی تر، پێم وایە ئەرکی وەزارەتی رۆشنبیرییە بیپارێزێت، چونکە ئەوە بەشێکە لە کەلەپووری کورد لەبەرامبەر رووبەروو بوونەوەی ژیان، وەکو ئێستا ئێمە سەقافەتمان لە صین وەرگرتیە، لەوڵاتێکی وەکو یابان ساڵانە لە سەدا حەفتا کاری دەستی کەلتوری ئەکرێ و مەعرەزی بۆ ئەکرێتەوە، جائیزەیان ئەدرێتێ بۆ ئەوەی کەلتوری خۆیان لە فەوتان بپارێزرێن، بۆیە من پێم وایە ئەوەش ئەرکێکە لەمهامەکانی وەزارەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من ئەمەویست بیڵێم سۆزان خان ئیشارەتی پێدا و باپیر کاملاش باسی کرد، مەسەلەی ئەو رێزلێنانەیە، ئەو رێزلێنانە بەڕاستی هونەرمەندان و ئەدەیب و رۆشنبیران بە شتێکی تر سەیر ئەکرێ، ئەوەی یەك گۆرانی وتبێ دوو سەد، سێ سەد هەزار دیناری بۆ بڕایتەوە، مەعاشی تریشی هەیە، بەڕاستی حەقە ئەوە عیلاج بکرێ بەم شێوەیە نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاك جمال دەکەم، مەسەلەی کتێبخانەی نیشتیمانی، بەڕاستی ئەوەی من تێگەیشتم کە باس لە کتێبخانە دەکەین تەنها هەر سێ موحافەزە دەگرێتەوە، یەعنی لێرە شارو شارۆچکەکانی کوردستانی بۆ زیاد بکرێ، بەڕێز شێخ فەتاح باسی کرد، مەسەلەی مەختوتاتی کۆکردنەوە، بەڕاستی مەسەلەی ئەرشیف تا ئێستا باسی لەو پرۆژەیەك نەهاتووە، ئەرشیف لایەنێکی گرنگە، من پێشنیار دەکەم فەقەرەیەکی بۆ زیاد بکرێ، لەفەقەرەی شەشەمیش هاتووە پیشەی سینەما، من پێم وایە هونەری سینەمایە، من وای تێگەیشتووم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە لەئەرکەکانی وەزارەت زۆر گرنگی بە هونەری و رۆشنبیری و ئەدەبی و ئەوانە دراوە، ئەم لایانانە زیاتر شارە گەورەکان ئەگرێتەوە، هەندێ قسە لەسەر ئەوە کرا، ئەوانەی کەوتوونەتە کەناری قەزا و ناحیەکان، زۆر بایەخیان پێنادرێ تاڕادەیەك دوا خران، بۆیە من پێشنیار ئەکەم بڕگەیەك زیاد بکرێ، بنووسرێ بایەخدان بە ناوەندەکانی رۆشنبیری و هونەری و ئەدەبی لە قەزاو ناحیەکان، دروست کردنی هۆڵ و شوێن بۆ کارو چالاکیەکانیان، خاڵێکی تر رێکخستنی گەشتی هونەری و ئەدەبی بۆ دەرەوەی وڵات،

بۆ رۆشنبیران بەپێی پێویست بۆ بەشداری کردنیان لە ڤیستڤاڵ و کۆبوونەوە جیهانییەکان و, وەرگرتنی ئەزموونی نوێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا زۆربەی خاڵەکانمان وتران, تەئکید لەسەر هەندێکیان ئەکەمەوە, لەبەر گرینگی مەسەلەی رۆشنبیری ئافرەتان, لەبەر ئەو زوڵم و چەوساندنەوە لەبەرامبەر ژن ئەکرێت, نزمی ئاستی رۆشنبیریە, بۆیە پێویستە لەم چەمکە زیاتر رۆشنبیری دەوری خۆی ببینێ, خاڵێکی تر تەنسیق و هاوکاری زیاتر لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکرێ, کە لەبواری رۆشنبیری ئیش دەکەن, رێکخراوی (ئێن- جی- ئۆ) لەگەڵ وەزارەتەکان تەنسیق بکات, بۆ ئەوەی بەیەك ئاڕاستە خزمەت پێشکەش بکەن, خاڵێکی تر تەئکیدە و زۆر گرنگە بەڕاستی, بووژاندنەوە و گرنگی پێدانی زیاتر لەبواری رۆشنبیری و پێداویستی بەشوێنە زیانلێکەوتووەکان, یەعنی ببێتە خاڵێکی سەربەخۆ, ئەچیتە بەعزێ قەزا و هەڵەبجەی شەهید, رانیە, بەڕاستی هۆڵ نییە, تۆ بتەوێ ئەوەی هەیە پێشکەشی بکەیت و, هۆڵی وا هەیە لەبەر دەنگە دەنگ هیچ ئیستفادەیەك بەو خەڵکە ناگەینێت, بۆیە شوێن بەپلەی یەکەم ئینجا پێداویستیەکانیان, خاڵێکی ترم هاوکاری و دەعم, بەشێویەکی دادپەروەرانە و یاسایانە بێت, پێم وایە سیاسیەن مامەڵە زۆر لەگەڵ ئەو مەسەلەیە کراوە, مەسەلەی کردنەوە و پێشەکەش کردن, ئەوە ببێتە یاسایی و دادپەروەرانە, ئاخیر خاڵ, سوود وەرگرتن لە هەموو چەمکێکی رۆشنبیری سەردەم لە چوارچێوەی پاراستنی رەسانایەتی خۆمان دابێ, نەك توانا و کەلتووری خۆمان, سوپاس.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا من پشتگیری لەو خاڵەی پێشنیارکراوی لیژنەی رۆشنبیری دەکەم سەبارەت بەخاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان, خاڵی دووەمیش بە شێوەی گلەیی ئاڕاستە جەنابی وەزیر دەکەم, لەچوار, پێنجی مانگی رابووردا, من چوار, پێنج جار لە رێگای تەلەفۆن لەگەڵ نووسینگەی جەنابی وەزیر, کە جەنابیان مەوعیدێکمان بۆ دەست نیشان بکەن, کە پێنج, شەش دەقەی لە کاتی بگرین, ئیشی شەخصیشمان نەبوو, تایبەت بوو بە کاروباری رۆشنبیری, بەلآم دیارە جەنابیان مەجالیان نەبوو, سوپاس.

**بەڕێز اسعد شاکر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستی من دوو پێشنیارم هەبوو, یەك/ لەسەر مەختوتە, دوو/ لەسەر ئەرشیف, هەردووك باس کرا لەلایەن برادەران, سوپاس.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو برادەرانە دیارە زۆر نوقاتیان باس کرد, لەسەر ئەو راپۆرتەی لیژنەی یاسایی, بەرەئیی من وەکو هەمووومان ئەزانین وەزارەتی رۆشنبیری مەهامی سەرەکی سەقافەی نەشری دیموکڕاتیەتە, نەك کۆنترۆڵی رۆشنبیری لەوڵاتا, بەنیسبەت دووەم برگەی (11), باس لە یارمەتیدان و پشتیوانی و دەعمی ئەدیبان و نووسەران و رۆشنبیران ئەکات, من پێشنیار ئەکەم کە لیژنەیەکی پسپۆڕ دابنرێ, بۆ تەقیم کردنی ئەدیب و نووسەر و رۆشنبیر, بۆ ئەوەی بتوانن دەرفەتێك لەبەردەم هەموویان بەیەکسانی بۆ هەموو ئەو رۆشنبیر و نووسەرانە هین بکرێ, وەزارەت بتوانێ بەڕێك و پێکی ئەوانەی کە خاوەنی بەهرەن یارمەتیان بدات, خلاّتیان بکات, رێزیان لێبنێ, نوقتەی دووەم ئەوەی کەباسیشم کرد نەشری سەقافەیە, بەڕاستی پەخشان خانیش باسی کرد, ئەبێ نەشری سەقافەی دژی توند و تیژی لەبەرنامەی وەزارەتی رۆشنبیری زۆر بەئاشکراو بە روونی دەرکەوێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس, ئەندامانی بەڕێز هەمووتان قسەتان کرد و, دەهێنێ قسان بکەین, چونکە وەزارەتی رۆشنبیری وەزارەتێکی زۆر گرنگە, ئەهمیەتی زۆری هەیە, قسەکانتان مولاّحەزاتی زۆری تێدابوو و, دەکرێ هەمووومان موهتەم بین بە رۆشنبیری و وەزارەتی رۆشنبیری, چونکە قسەیەك هەیە, لەدنیادا هەیە, قسەیەکی فەلسەفیە, ئەڵێ میللەتێك نییە خراپ بێت, میللەتێکیش نییە باش بێت, بەڵکو رۆشنبیریە خراپ هەیە و, رۆشنبیری باشیش هەیە, ئەو رۆشنبیریە ناسنامەی میللەتەکە پیشان ئەدات, ئەگەر رۆشنبیریەکە رەگەز پەرستی بێت, میللەتەکە سیفەتی وای تێدا دەرئەکەوێت, رۆشنبیریەکی کراوە بێت, خۆشەویستی بێت, دیموکراتی بێت, ئەوا میللەتەکە بەوە دەناسرێ, بۆیە هەمووومان بە پەرۆشین کە گەلەکەمان چۆن ناسراوە بە رۆشنبیریەکی بەرز, کە پڕە لە خۆشەویستی و پڕە لە رێزلێنان لەیەکتر و لەخەڵکی تر, لەبەر ئەوە ئەم یاسایە کە موناقەشە ئەکرێ ئەهمیەتی زۆری هەیە, من سوپاستان دەکەم, چونکە هەمووتان بەپەرۆش بوون بۆ بەرز راگرتنی ئەو لایانانەی کە رۆشنبیریەتی جوان نیشان ئەدات, خزمەتی رۆشنبیری پاك دەکاتن, دوورمان دەخاتەوە لە رۆشنبیری رەگەز پەرستی و دژایەتی و نادیموکراسی و دیکتاتۆریەت, داوا لەجەنابی وەزیر ئەکەم, ئەو رەئیانەی کەدران, دیارە هەموویان تەئیدی راپۆرتی لیژنەی یاسایان کرد, هەندێ خاڵی تازە هاتە پێشەوە, پێش ئەوەی بیکەینە قەرارێك حەز دەکەم جەنابی رەئیی بدات, دواتر لیژنەی یاسایی, لیژنەی رۆشنبیری ئەگەر قسەیەکیان هەبوو دەتوانن بیکەن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز فلك الدین کاکەیی/ (وەزیری رۆشنبیری):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر خۆشحاڵ بووم بەتێبینیەکانتان, هەروەك گوتم ئێمە بەگشتی پشتگیری لیژنەی یاسایی دەکەین لەو پێشنیارانە, لەهەمان کاتدا ئەو شتانەی کە دراسە کراوە بەکورتی باس کرا, دوو جۆرە, یەکەمی دەربارەی

یاسایی بوو, چونکه یاسا خۆی کورت دائەنرێ, پوخت دائەنرێ, بەس لەیاساکە هاتووە بەحقیقەت, زۆر زەحمەتە بچین بەسەر هەموویان, بەلاّم من ئەوەی دەڵێم زۆربەی زۆری ئەو خالاّنە هاتووە, بەس بەتەعبیری تر هاتووە, لێرە تەعبیر بگۆڕێ, لێرە تەعبیری کوردی بۆ عەرەبی, لە عەرەبی بۆ کوردی, یان تێگەیشتن لەکەلیمەکە, مەسەلەن سینەما, ئایا سینەما صناعەیە پیشەیە, بەس موهیم تەتویر سینەما, تەتویر سینەما زۆر شت ئەگرێتەوە, پشتگیری سینەما ئەگرێتەوە, هۆڵ ئەگرێتەوە, هەموو شت ئەگرێتەوە, لێرە هەست ئەکەم تێبینی بەکورتی, بۆ نموونە زۆر بایەخ بەکتێبخانەی نیشتیمانی, بەڵێ کتێبخانەی نیشتیمانی گرنگە زۆر, کتێبخانەی نیشتیمانی جیاوازە, کتێبخانی گشتیش جیاوازە, ئێمە ئێستا 42 کتێبخانەی گشتیمان هەیە لەهەرێمدا, لەم دواییەشدا کەچووم بۆ ناوچەی گەرمیان, بەحقیقەت کتێبخانەی باش کراوەتەوە, تازەش کراوەتەوە و, زۆریش رێك و پێکە بڕیارمان وایە کە ئێمە لەهەر قەزایەك کتێبخانەیەکی نوێ بکەینەوە, ئەوانەی کە نەکراوەتەوە, بەس کتێبخانەی نیشتیمانی جیاوازە, برادەران باسیان کرد, کتێبخانەی نیشتیمانی زۆر ئەساسە نیمانە لەهەرێمدا, کتێبخانەی نیشتیمانی لەیەك جێگا دەبێت, ئەوەیش لە پایتەختی هەرێم دەبێت و, هەموو شتێك ئەگرێتەوە, ئەوە پەیوەندی نییە بە پارێزگایەکەوە, ئەوە هەموو مەختوتات ئەوەی شێخ وتی و لەگەڵ برادەران باسی مەختوتاتیان کرد, هەروەها ئەرشیف ئەوانە هەموو لەکتێبخانەی نیشتیمانی حەفز ئەکرێ, نە بەس ئەوە, بەڵکو حەتا کەل و پەل و هەندێ کەرستەی گرنگی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردان, بۆ نمونە ئەو رۆژە هەزار و چوار سەد و چل کتێبی پێشەوا قازی محمد لە کتێبخانەکەی مابوو, عەرزمان کرد یەعنی داوامان کرد کە لەوێ هەڵیبگرین, لەو کتێبخانەیە لەوێ دایبنێین و, هەروەها شتێکیش کە پەیوەندی بە کەلوپوری کوردیەوە هەیە, کتێبخانەی نیشتیمانی زۆر گرنگە و, وەزارەتی رۆشنبیری پێی تەکلیف کراوە و, تا ئێستا تا ئەم لەحزەیە کە قسە ئەکەم, شتەکە لەنێوان سەرۆکایەتی حکومەت و وەزارەتی رۆشنبیریە بۆ کتێبخانەی نیشتیمانی, ئەگەر بۆ وەزارەتی پەروەردە بڕیارە, نازانم یەعنی هیچ موشکیلەیەکمان نییە کە چ وەزارەتێك دەیکات, موهیم کتێبخانەیەکی نیشتیمانی هەبێ بەلای ئێمە, ئێمە ریقابە نین و محاربیش نیین, بڵێین نەخێر هەر ئەبێ وەزارەتی رۆشنبیری بیکات, نەخێر ئێمە ئەڵێن کتێبخانەیەکی نیشتیمانی هەبێ لەژێر چاودێری سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم بێت, جا راستەوخۆ وەزارەتی رۆشنبیری بەر پرس دەبێ یان وەزارەتی تەربیە, لەهەمان کاتدا هەندێکی لەو ئەرکانە سپێدراوە بەکۆڕی زانیاری کورد, بە زانکۆکان, هەموو ئەو پرسیارەی ئەکەن کە ئایا لەگەڵ زانکۆکان پەیوەندیمان هەیە, بەڵێ پەیوەندیمان هەیە, هەندێ جار هەماهەنگیشمان هەیە لەگەڵیان, بەلاّم ئەبێ بزانین ئەم خالاّنەی کەباس کران زۆر پەیوەندی بەکاری رۆژانەی وەزارەتەوە هەیە, یەعنی یاسایی نییە, بەلاّم پەیوەندی بەیاساکەوە هەیە, یەعنی وەکو بڵێی شەرحی یاساکەیە, ئێمە جگە لەم یاسایە, نیزامی هینمان داناوە تەعلیمات و بابڵێین نیزامی تایبەتی, رێسا هەندێ لەمانە ئیستیفادەی لێدەکەین, نووسیمانە هەر هەمووی ئەوەی لەوێ دانەنراوە لەوێ ئیستیفادەی لێدەکەین و, گرنگتر لەوەی من عەرزی پەرلەمانی دەکەم, ئێمە شتی ترمان هەیە دەینێرین بۆ پەرلەمان,

یەکیٚ لەوەی ئەگەر حکومەت بەرنامەکەی ڕێك بخات, بەرنامەی وەزارەتی ڕۆشنبیریش هەیە, ئێمە وەکو وەزارەتی ڕۆشنبیری نەخشە و پلانمان هەیە, نەخشە و پلانمان داوە بە ئەنجومەنی وەزیران, ئەبیٚ بینێریٚ بۆ بەڕێزتان, هەروەها بودجەمان هەیە, من حەز دەکەم ئەو وەختە ئەو بەڕێزانە قسە دەکەن, من دڵنیام ئەوانەی کە باسیان کرد هەمووی لەنەخشە و پلانی ئێمە دا هەیە, هەر هەمووی هاتووە, بەلاّم موهیم ئەوەیە ئێوە پشتیگیریمان بکەن, لە ڕەزامەندی لەسەر ئەو بودجەیەی کە پێشنیارمان کردووە بۆتان, ئەوە گرنگە, یەعنی ئەگەر ئێمە داوای ڕۆشنبیری منالاًنمان کرد, ئێوە پشتیگیریمان بکەن, ئێمە چیمان پێشنیار کردووە, تەبعەن بەپێی توانا, بەپێی ئەوەی کە پێمان دەکریٚ, بەپێی وەزعی دارایی هەرێم, پشتیگیریمان بکەن, بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین ئەرکانمان جێبەجیٚ بکەین و, زۆر لەمانە مەسەلەن ڕۆشنبیری منالٚ بێت, بێگومان بۆ ئاگاداری برادەران ناحیەکی مەعریفیە, ڕۆشنبیری منالاًن دەگرێتەوە, چونکە سیٚ تەمەن دائەنریٚ لە کتێبی منالاًن, ئەڵیٚ لە (أ, ب, ج), (أ) لە پێنج یان شەش سالٚی دەست پێدەکات, سیٚ بڕگە ماوە لەمنالٚەوە تا مێرد منالٚ, تەبعەن هەندیٚ ئەرکی وەزارەتی تەربیە و بێگومان وەزارەتی پەروەردەیە بەحقیقەت, ئەوەمان داناوە بۆ خۆمان, بۆ ئەوەی بایەخ بە مێر مندالٚ بدەین, ڕۆشنبیری منالاًن لای ئێمە ئەوەش دەگرێتەوە, مەسەلەی مۆڵەتدان هاتووە, مۆڵەتدان بۆ هەموو هۆیەکانی ڕاگەیاندن, هاتووە لە پڕۆژەکە, کەواتە تەلەفزیۆن هەمووی دەگرێتەوە, گرنگ ئەوەیە لەو پڕۆژەیە کە دیٚت بۆ جەنابتان, نەخشەو پلانی وەزارەت, هەموو وەزارەتێك نەخشە و پلانی هەیە, لەویٚ تێبینی بکەن, ئێمە ئەو خالاًنەی کە باس کرا هەموومان نووسی, هەمووشی بایەخ پێئەدەین, بەلاّم ئەوکات ئاگاداری بکەمەوە, بۆ قەزا و ناحیەکان زۆر باس کرا و, زۆریش گرنگە بەڕاستی, وەکو وتم چل و دوو کتێبخانەمان هەیە, ئەمەویٚ بۆ هەر قەزایەك کتێبخانەیەکی مۆدێرن بکرێتەوە و, ئەوە یەك, کە لە پلانەکەمان هەیە, دووەمیش ئەوەیە کە لێرە لەپڕۆژەکەدا خالێك هەیە, بەڕێوەبەرایەتی کۆشکی هونەر, ئەو خاڵە ڕوونکردنەوەی دەویٚ, ئەو خاڵە پەیوەندی بەوەی هەیە, لەهەر شارێکی گەورە, لەهەر قەزایەك کۆشکی هونەر بکەین, کۆشکی هونەر چی دەگرێتەوە, هۆڵی شانۆ, هۆڵی سینەما, هۆڵی سیمینارات, هۆڵی فلیم پیشاندان و, کافتریایەك بۆ گەنجەکانیش, ئەوانە هەمووی لە پڕۆژەکانمان هەیە, کەداوامانە بە ئەنجومەنی وەزیران, لەویٚ بەیەك یاسا یان یەك جوملە عەرزی کردووە, کەوا بەڕێوەبەرایەتی کۆشکی هونەر لێرەدا هاتووە, مەسەلەن هەمانە هی کەلەپوور, هەمانە هی منالاًن, یەعنی کەواتە هەمووما ئەوانەمان نووسیوە, لەوەش گرنگتر ئێمە ئێستا دامان ناوە, ئەو پڕۆژەی کە لێرە هاتووە لەهەر پارێزگایەك بەڕێوەبەرێکی گشتی هونەرو ڕۆشنبیریمان دەبیٚ کە ئەمە توانای ئێمە زیاد دەکات, یان متمانە دەدات کە ئەم ئەرکانە زیاتر جێبەجێی بکەین, یەعنی لامەرکەزیەت ئەدات بەکاری ئێمە, چونکە کاری ڕۆشنبیری لامەرکزیەتی زیاتری دەوێت, دەربارەی ئەدەب و هونەر زۆر باس کرا, ناچمەوە سەری, دەربارەی شوێنەوار پرسیارێك هەبوو, تەبعەن شوێنەوار ئێستا سەر بە وەزارەتی گەشت و گوزارە, وەزارەتی گەشت و گوزارو شوێنەوار, ئەو خاڵەی دەربارەی وەرگێڕان هاتووە, زۆر ئاشکرایە هەموو شتێك ئەگرێتەوە, ئێمە خۆمان لە پلانەکەمان دامانناوە وەرگێڕان هەم لەزمانەکانی

تر بۆ کوردی, هەم لەکوردیش بۆ زمانەکانی تر, ئەوە جوزئێکە لە ڕێسای ئێمە, لەو کارەی کەوا دامانناوە کە بکرێ, بەنیسبەت هاندانی داهێنەران و فەقەرەیەکمان هەیە, برادەرێك باسی کرد (هاندانی داهێنەری هونەری و رۆشنبیری و زانستی) نووسیومانە, بێگومان لە یاسا وانانووسرێ, بەلاّم تەفصیلات ئەکەوێتە سەر وەزارەت, مانای چییە داهێنانی زانست, یا هونەری چییە؟ رۆشنبیری چییە؟ شعر چییە؟ برادەرێك پێشنیاری کرد, صحف و مجلات حکومیە باللغتین, ئیحتیرامم هەیە بۆ ئەو پێشنیارە, بەلاّم من ئەڵێم بۆچی بەلوغەتین بێت, بۆچی بەئەربع لوغە نەبێ یەعنی بەهەموو لوغات, ئێمە ئێستا گۆڤارمان هەیە بە تورکمانی, بەسریانی, بەعەرەبی, بەکوردی, بەڕاستی ئێمە بایەخ نادەین بە عەرەبی منالأن, بەلاّم بۆ عەرەبی بۆ خۆیان هەزار و دەیان موجەلەی عەرەبی و مەرکەزی سەقافیان هەیە, لەبەرئەوە ئیهیمالی دەکەین, بەلاّم ئەوە ئیشی ئێمە نییە, بایەخ بدەین لەسەر حیسابی ئەدەبی کوردی, ئێمە هینی رۆشنبیری کوردی, رۆشنبیری سریانی, رۆشنبیری تورکی, بایەخ زیاتر بەمانە ئەدەین, چونکە زیاتر لەمانە مەحروم بووینە, ئەوان کەناڵ و هینیان زۆرە, لەهەمان کاتیشدا هەمانە پرۆژەی ئەوەشمان هەیە کە بەعەرەبی دەربچێت, تەقەریبەن ئەمەیە خاڵەکان, من نەمویست زۆر بە زیاد لەسەری برۆم, بەلاّم هەندێ لەو پێشنیارانە بۆ ئێمە زۆر گرنگە, هەندێکی بۆ کاری وەزارەتە نەك بۆ یاسا, بەلاّم لەهەمان کاتدا زۆر زۆر گرنگە, زۆر سوپاسی بەرێزان دەکەم کە پرۆژەکەیان دەوڵەمەند کرد, ئەو پرۆژەی کە دامان نا بۆ کاری ناوەخۆی وەزارەت, ئیستیفادەی لێدەکەین, ئەوە تەفصیلی ئەو خالأنەیە کە هاتووە, ئومێدەوارم ئەو برگانە پەسند بکرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیتان هەیە لەسەر ئەو قسانەی کە وەزیری رۆشنبیری کردی, فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی سوپاسی خوشك و برایانی پەرلەمانتار دەکەم, بەڕاستی راو بۆچوونی جوانیان پێشکەش کرد, بەلاّم دەبێ ئێمە ئەوەش لەبیر نەکەین, کەوا وەزارەتی رۆشنبیری ئەرك و فرمانێکی ئێجگار زۆری هەیە, ئەگەر بێ ئەمانە هەمووی کۆبکەینەوە هەمووی بە چوار پەڕیش تەواو نابی, یاساش خۆی تەبیعەتی ئەوەیە ئەبێ موجەز بێ, ئەوەی ئێمە هێنایتمان بەم حەڤدە ماددەیە, ئەگەر ئێمە دیقەتی بدەینێ هەر هەمووی دەگرێتەوە, ئەگەر شتێکی وەها پێتان وایە نەقصێکی تیایە, ئێمە ئامادەین بیخەینە ناو ئەو حەڤدە فەقەرەیە, سوپاس.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە سێ خوشك ئەمەیان روونکردەوە, مەبەستی ئێمە لەئەدەبی ژنان, ئەدەبی ژنانە نەبوو, مەبەستمان لە ژنان بوو, یەعنی ژن وەکو ژن, رەنگە لێرە بەجۆرێك دارێژرابێ وا لێك بدرێتەوە, ئێمە هەر

بۆ ئەوەی تەئکید بکەینەوە, ئێستا لە پەرلەمان لیژنەیەکمان هەیە, لیژنەی داکۆکی ژنان, لە عێراق وەزارەتێك بەناوی وەزارەتی مافی ژنان هەیە, لە حکومەت وەزیرێك هەیە, دیارە نا هاوسەنگیەك هەیە, تایبەتمەندیەك هەیە, ئێمە ئەو تایبەتمەندیە ویستمان لێرە لەبەر چاو بگیرێ, نا هاوسەنگی لە بواری ئەدەبی و رۆشنبیری هەیە, واتە ئێمە دەمانەوێ وەزارەت چۆن هاوکاری, یاخود تایبەتمەندی منالآن لەبەرچاو دەگریت و گرنگی پێئەدات, خاوەن پێشنیارەکان, پێشنیارەکانیان لەبەرچاو دەگرێ, ئەوهاش هی ژنان لەبەرچاو بگیرێ, وەکو لیژنەی رۆشنبیری سورین لەسەر ئەوەی کە ئەو پێنشارەمان کردیە و, دارشتنەکەمان کە بەشێوەیەکە کە باش لێی تێبگەیندرێ, بایەخدانێکی تایبەت بە هونەرمەندانی ژنان, ئەدەیب و یەعنی پشتیگریی کردنە لەو خالآنەدا بەم شێوەیە, واتا هونەرمەندانی ژن, واتا ئەدیبانی ژن, بۆ ئەوەی هاوسەنگی دروست بێ بۆ ئەوەی کۆمەڵەکەمان ببێتە کۆمەڵەیەکی رۆشنبیری, ببێتە رۆشنبیری هەموو لایەك, بەبێ جیاوازی, ئەمە یەك, دوو/ ئێمە داوای خاڵێکی زیادەمان کردبوو, پێمان وایە زۆر قسەی لەسەر کرا, داوا کرا وەکو جەنابی وەزیر فەرمووی کتێبخانەی نیشتیمانی زۆر فەرقی هەیە لەگەڵ کتێبخانە گشتیەکان, ئەو کتێبخانە نیشتیمانیەی کە دەکرێتەوە بەلای ئێمە کردنەوەی کتێبخانە گشتیەکان و خانەوادەی هونەریەکان لەشار و شارۆچکە و گوندەکاندا, ئێستا لەزۆر لەگوندەکانی کوردستاندا وەکو مامۆستا عوسمان باسی کرد کتێبخانەی گشتی هەیە, بەلآم ئەو کتێبخانانە پەرەپێبدرێ و, ئەگەر شوێنی تر هەیە کتێبخانەی نییە, بۆی بکرێتەوە, ئێمە داوامان کردیە وەکو خاڵێك ئەو مەسەلەیە لەبەرچاو بگیرێت و, ببێتە بەرنامەی کاری وەزارەتی رۆشنبیری, ئەوە هەموو بگرێتەوە هەم شار, هەم شارۆچکەکان بگرێتەوە, هەندێك هەیە, ئەوەی لێیەتی پەرەی پێبدرێ, ئەوەی نییەتی بۆی دروست بکرێ, خاڵی سێیەمان/ دیسان پێ لەسەر ئەوە دائەگرین, من هونەرمەندێك ئەناسم لە ملی بەخوارەوە تەنیا دوو پەنجەی ئیش دەکات, کەچی باشترین نیگار کێشی رەواندزە, ئێمە دەمانەوێ پشتگیری ئەوانە بکەین, هونەرمەندێك دەناسم هەردوو دەستی نییە, بەلآم لەگەڵ بەهەمەنی قوبادی لە سینەما بەشداری کردیە, خۆتان دیوتانە, ئێمە ئەمانەوێ ئەوانەی خاوەن پێداویستی تایبەتن, ئەوانە دەستیان بگیرێ, لەبەرئەوەی پێمان باشە وەزارەتی رۆشنبیری ئەو مەسەلەیە بکاتە یەکێ لەئامانجەکانی خۆی, بەو شێوەیەش نووسیمانە (دەستگرتن و هاندانی خاوەن پێداویستیەکانی تایبەت لەبوارەکانی رۆشنبیری و ئەدەبی و هونەریدا), ئێمە زۆر بەپێویستی دەزانین بەراستی ئەوە لایەنێکی ئینسانییە, کە پێویستە ئێمە هەموو لایەکمان ئاوەڕی لێبدەینەوە, چونکە لایەنێکی گەشەپێدانی هونەرە, گەشەپێدانی سەقافەی ئەوانەشە, ئەوانیش جۆرە موعاناتێك و جۆرە موشکیلەیەکی خۆیان هەیە, یەعنی لەجەستەیان, لە لەشیان کەم و کوڕیان هەیە, ئیتر بەهۆی سروشتەوە بێ, یان بەهۆی کارەساتەکانەوە بێ, لەبەر ئەوە گرنگە ئەمە بکرێ, ئێمە خاڵێکی تر کە جێگای جیاوازی بوو لەسەری, خاڵی یەکەمان بەشێوەیەك دارشتووە و سادەمان کردبۆوە, ساکارمان کردبۆوە, ئێمە وامان دارشتبوو, خاڵی یەکەم, ئامانجی یەکەم, پێمان وایە هەمووی دەگرێتەوە پاراستنی کەلتور و پەرەپێدانی رۆشنبیری کوردستان, سورشین لەسەر پەرەپێدانی رۆشنبیری کوردستان, لەبەرئەوەی

له كوردستان رۆشنبیریەكی تایبەت بە كورد نییە, لەكوردستان رۆشنبیریەكە تێكەڵە لەگەڵ رۆشنبیری ئاشووری, لەگەڵ رۆشنبیری توركمانی, لەگەڵ رۆشنبیری عەرەبی, لەگەڵ هەموو ئەو خەڵكانەی كە لەكوردستان دەژین, لەبەرئەوە لەسەر ئەم ئەساسە ئێمە پێشنیارمان كرد, ئەگەر دەرفەتم بدەی وەكو خۆم, وەكو ئەندامێكی پەرلەمان, نەك وەكو لیژنە پێشنیارێكی ترم هەیە, بیكەم, پرۆژە یاسایەكەی ئێمە گفتوگۆمان كرد گۆڕانكاری بەسەردا هاتبوو, ئەوەی لەوێ دانەبووە, گفتوگۆكەشم یەك پێشنیارە سەبارەت بە رێزلێنان, بەڕاستی منیش تەئكید لەسەر ئەوە دەكەمەوە, ئەوەی چەند ساڵە دەكرێ بەشێكی رێز شكاندنی هونەر و ئەدەب بووە, نەك رێزلێنان بووە و, بەڕاستی تێكەڵیەكی زۆر هەبووە, حەقە ئەو مەسەلەیە لەبەرچاو بگرین, من پێم وایە خاڵی (11, 12) بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە (بە پێوەرێكی دیاریكراو یارمەتی ئەدەبیان و رۆژنامەنووسان و رۆشنبیران بدرێ), بەم شێوەیە پێوەرەكە دیار بێ, كەس نەتوانێ تەجاوزی ئەو پێوەرانە بكات, بەپێی یاسا, یان بەپێی بڕیارێك وەزارەتی رۆشنبیری دەریبكات, هەموو كەسێك روون و ئاشكرا بێت پێم وایە كێشەكەمان چارەسەر دەبێ, ئەوە لەجیاتی خاڵی (11 و 12), ئەمە رەئیی خۆمە, سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, وەللا خۆ ئەگەر هەموو تێبینیەكان وەربگرین, وەكو برادەرێك ئاماژەی پێكرد, رەنگە كتێبێك دروست بكرێ, لەسەر ئەهدافی رۆشنبیری, بەلأم دەكرێ ئەو هەموو تێبینیانە جەنابی وەزیر و راوێژكاری وەزارەت بە نەزەر وەربگرن, وەكو بەرنامەی كاری وەزارەت بێ, بەلأم ناكرێ و ناتوانین, هەموو تێبینیەكان, لەبەرئەوەی هەمووی بەجێبێنە و بیخەینە بەرچاو, تەنیا چەند خاڵێك هەیە زیاتر لەبرادەرێك ئاماژەیان پێكرد و, لەراپۆرتی لیژنەی یاسایش نەهاتبوو, حەقە ئیزافە بكرێ, جارێ وەكو هین موستەڵەحات و چاكردنی تیایە, قیمەكە لەخاڵی یەكەم هاتووە بكرێتە بە قیەمی ئینسانی, ئەوە تەعدیل بكرێ باشترە لەوەی كەنووسراوە, لەقیەمی خولقی, دوو/ زیاتر لەئەندامێك ئاماژەیان پێكرد كە پێویستە بڕگەیەك هەبێ لەسەر مەختوتات, ئەوە ئیزافە بكرێ, سێ/ وشەی ئینتەرنێت ئیزافە بكرێ لەو شوێنەی كە ئاماژەیان پێكرد, لە بڕگەیەك هاتووە ئینتەرنێتیش ئیزافە بكرێ, چوار/ سینەما بایەخی زیاتر پێبدرێ, بكرێتە بڕگەیەك, چونكە سینەما فیعلەن فەنێكی تایبەتە و, پێویستی بە تەتوریر هەیە, لێرە لابردرێت, بكرێتە خاڵێكی تایبەت, ئەوەی كەلەسەر ژن باسكرا, باس لە سەقافەتی ژنان كرا, زۆر باس كرا, لەجیاتی هەمووان موفتەرەحێكی باش هات, ئەوەی پەخشان خان ئاماژەی پێكرد, (بلأوكردنەوەی رۆشنبیری تەواو بۆ دژایەتی توند و تیژی, بەتایبەتی توند و تیژی دژی ژن), ئەو بڕگەیە ئیزافە بكرێ, لە پاشان (پشتگیری تایبەت بۆ دەعمی سەقافە و موبدعین لە ژنان, لەجیاتی سەقافەی ژنان بڵێین موبدعینی ژنان ئیهتیمامی تایبەتی پێبدرێ), ئەوە مولأحەزەكەی لیژنەی رۆشنبیری دەگرێتەوە كە ئیقتیراحی كردبوو, هەمیش زیاتر لە ئەندامێك, هەروەها پشتگیری كردن لەو كەسانەی كە رۆشنبیر و هونەرمەندن, ئیحتیاجاتی تایبەتیان هەیە, یەعنی با بڵێین كەم ئەندامن, یان ئەوەی كە لیژنەی رۆشنبیری ئاماژەی

پێکرد, جگه له رۆشنبیری چەند برادەرێك ئاماژەی پێکرد, ئەوانە ئیهتیمامی تایبەتیان پێبدرێ, خاڵێکی تر ئەگەر چی یەك برادەر ئاماژەی پێکرد, بەلاّم من پێم وایە گرنگە (پتەوکردنی پەیوەندی یان پەیوەندکردن لەگەڵ سەفاراتی عێراقی, بەشی رۆشنبیری لەگەڵ سەفاراتی عێراقی بۆ ئەوەی هەم سەقافەتی کوردی بگاتە ئەو ولأتانە هەم سوود وەربگرین و, پەیوەندی لەگەڵ مەراکزی سەقافی لەو ولأتانە بەقوەت بکەین, پێم وایە ئەگەر بێتو ئەو موڵاحەزاتانە وەربگرین و, ئەو قسانەی تر کە لەلایەن ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانەوە کرا و, زۆریش بە نووسین هاتووە بۆ ئێمە و, هەمووشی بەنرخن بەڕاستی دەیدەینە جەنابی وەزیر, بۆ ئەوەی لەبەرنامەی کاری وەزارەت بە هەند وەربگیرێت و, بیخاتە بەرنامەی کار و, ئەو شتانەش کە ئێستا باسم کرد لەسەر نەصی ماددەکە جێگای بکرێتەوە موڵاحەزەکان, تەبعەن بێجگە لەوە د0 کمال موڵاحەزەیەکی دا بە ئێمە, مەکاتبی حکومەتی ئیقلیمیش دەبێ, لەبەرئەوەی تەبیعیە لەگەڵ ئەوان پەیوەندی باش دەبێ, من مەبەستم بەڵکو لەسەفارەتیشدا بەشی سەقافی هەیە و, ئێمە بەپێی دەستووری عێراقی لەسەفارەتدا بەشمان دەبێ, مەکتبی ئیقلیم دەبێتن, بۆیە دەبێ لەگەڵ ئەو مەکتەبە, لەگەڵ ئەو بەشە سەقافیەکەی وەزارەتەکە ئەو پەیوەندیە ئاماژەی پێبکرێ, لەبەر رۆشنایی قسەکانی ئێوە بوو, ئیزافە دەکرێتە سەر ماددەکە, ئەگەر جەنابی وەزیر موافقەت بێ فەرموو.

**بەڕێز فلك الدين كاكەیی/ (وەزیری رۆشنبیری):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس, ئەو تێبینانەتان زۆر بەجێیە, منیش پشتگیری لێدەکەم, تەنها یەك روونکردنەوەم هەیە, بۆ بەڕێز کاك ئارێز, ئێمە بۆ ژنان نۆ بەڕێوەبەری ژنمان هەیە لەهەرێمدا و, لەدیوانی وەزارەت رێژەی ئافرەت و پیاو وەك یەکە, ئەگەر ئافرەت زیاتر نەبێ, کەمتر نییە و, بەرەسمی من سێ جار پێشنیارم کردیە بەناوی وەزارەت و, لەئەنجومەنی وەزیران داوام کردیە, ئەگەر بریکار دادەنێن ئافرەت دابنێن, بریکاری وەزیری رۆشنبیری ئافرەت بێ و, لەئایندەش ئەگەر ئەوە پەسند کرا ئەم یاسایە, تەبعەن بەڕێوەبەرایەتی ترمان دەبێ, پێشنیارم کردیە بەلایەنی کەم 30٪ یان 40٪ ئەو بەڕێوبەرایەتییە گشتیانەش ئافرەت بن, لەبەر ئەوەی بەڕێوەبەری گشتی ئافرەتمان نییە, ئەوە پێشنیاری رەسمیە کردوومە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئاگاداریتان و, مەبدەئیەن پێیان باشە پێشنیارەکە, ئیتیفاقاتی دەوێ, بەلاّم من مەبەستم ئەوەیە دەوردان بە ئافرەت زۆر زۆر لەسەری دەڕۆین, رێزلێنان و ئەوانە زۆر موناقەشەمان لەسەر کرد, بەحقیقەت زۆر رازی نیین لەو شێوە رێزلێنانە, چونکە پێوەری هەبوو, بەلاّم بەبێ پێوەرکان نەکراوە, ئێستا ئێمە لیژنەیەکمان هەیە پێدائەچینەوە, مەسەلەن بۆ نموونە هەر ئەم هەفتەیە تەقریبەن حدودی حەفتا کەسمان دەرکرد, وردە وردە دەریان دەکەین, ئەوانەی کەوا رەنگە بەبێ پێوەرن و وردە وردە خەریکین لەگەڵ یەکێتی نووسەران و یەکێتی هونەرمەندان, چونکە ئەبێ یارمەتیمان بدەن هەموو لایەك, چونکە تەنها ئیشی ئێمە نییە ئەوە, کەکێ هونەرمەندە, کێ نووسەرە؟ بۆ ئەوەی بتوانین شتەکان بکەین, ئێمە وەعد ئەدەین بۆ ئەوەی بتوانین ئامادەی بکەین, ئەو پێشنیارە زۆر باشە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەیازدە بۆ ئەوەی تەكریم و هینەكە بەپێی پێوەرێك، ئەوە ئیزافە بكرێ، ئاخیرەكەی ئیزافە بكرێ لەسەر ڕۆشنایی قسەكانتان بەپێی پێوەرێكی تایبەت، فەرموو ڤیان خان نوقتەی نیزامت هەیە.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە سێ ئەندام باسی مەرحەلەی مێرمندالێمان كرد، بەڕاستی فەراغێكی زۆر گەورە لە ئەدەبی كوردستان، یان بڵێین لەمەجالی ڕۆشنبیری هەرزكار دەبینرێ، تا ئێستا هیچ گۆڤارێكمان نییە لەهەرێمی كوردستان كە تایبەت بێ بەهەرزەكاران، تەنیا یەك گۆڤار نەبێ كە بەناوی نێجەوان كە لەدهۆك دەرئەچێ، ئەویش لەلایەن ئابووریەوە، لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیریەوە........

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە نوقتەی نیزام نەبوو، بەڵام لەئەصڵی پڕۆژەكە مەكتەبێك هەیە، مەكتەبی ڕۆشنبیری مناڵ، جەنابی وەزیر وەڵامی هەموو موداخەلاتەكانی داوە، لیژنەی یاسایی ڕەئیی خۆی دا، لیژنەی ڕۆشنبیری ڕەئیی خۆی دا، ئێمەش ئەو نوقاتانەی كە دەكرێ ئیزافە بكرێن، ڕوونمان كردەوە لەسەر ڕۆشنایی قسەكانی ئێوە، نەك ڕەئیی خۆمان بێ و، ئەوانی تریش خۆی وتی بەنەزەری ئیعیبار وەردەگیرێ، موڵاحەزاتەكان هەمووی بەجێنە، ناكرێ بكرێتە نوقات، لێرە مەكتەبێك هەیە بەناوی مەكتەبی ڕۆشنبیری مناڵ، یەعنی ئیهتیمامێكی تایبەتی پێدراوە و، پەیوەندی موباشریشی بە وەزیرەوە هەیە، یەعنی ئەمەش بایەخێكی تر، ئەو ماددەیە بەو موڵاحەزاتانەی كە ئاماژەمان پێكرد و جەنابی وەزیر موافەقەتی كرد، لەڕووی زمانیشەوە دەوڵەمەند دەكرێ، دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵیەتی، تكایە دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون، كێ لەگەڵدا نییە، تكایە دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون، بەكۆی دەنگ ئەو ماددەیە وەرگیرا، فەرموو.

**بەڕێز بكر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت پێوەرەكە كە لەلایەن لیژنەیەكەوە بەس ئیزافە كردنێكە، لەلایەن لیژنەیەكی پسپۆڕ لەو بوارەدا هین بكرێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وتوومانە تایبەت، من پێم وایە ئەوەش وەكو وەزارەتەكانی ترە، موقتەرەحەكەتان بخوێنەوە بۆ تەوحیدەكە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، ماددەی سێ و چوار لەهەموو وەزارەتەكان تەشكیلاتی وەزارەتە موقتەرەحی لیژنەی قانونی ئەوەیە هەردوو ماددە دەمج بكرێ، یەكەم موقتەرەحتان ئەو دوو ماددەیە دەمج بكرێ و، تەشكیلاتی وەزارەتە، من دەیخەمە دەنگەوە كێ موافیقە ئەو دوو ماددەیە دەمج بكرێ، دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون، كێ موافیق نییە، دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون، بەكۆی دەنگ ئەو دوو

ماددەیە دەمج دەکرێ, ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم با بیخوێننەوە بۆ ئەوەی موناقەشەی بکەین, فەرموون.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم:

1- وەزیر: سەرۆکی بالآی وەزارەتە و بەرپرسە لە ئاراستەکردنی کارەکانی و سەرپەرشتی و چاودێری کردنی چالآکییەکانی و ئەو بڕیار و فرمان و ڕێنماییانەی لەبارەی هەر شتێکی پەیوەندیی بە ئەرکی وەزارەت و پێکهاتەکانی لەهەموو ڕوویەکی یاسایی و کارگێڕی و هونەرییەوە هەیە, لەوەوە دەردەچن لە چوارچێوەی ئەم یاسایە و یاساو پێڕە و ڕێنماییە کار پێکراوەکانی دیکە و, بەرپرسیشە لە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران بەو ناوەی کە ئەندامێکی هاوکارە لەو ئەنجومەنەدا.

2- بریکاری وەزارەت: ئەو کارو ئەرکەکانە دەگرێتە ئەستۆ کە وەزیر پێی دەسپێرێ.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة:

1- الوزير: هو الرئيس الاعلى للوزارة و المسؤول عن توجيه اعمالها و الاشراف و الرقابة على فعالياتها و تصدر عنه القرارات و الاوامر و التعليمات في كل ماله علاقة بمهام الوزارة و تشكيلاتها من النواحى القانونية و الادارية و الفنية ضمن حدود هذا القانون و القوانين و الانظمة و التعليمات النافذة الاخرى, و يكون مسؤولا امام مجلس الوزراء بصفته عضوا متضامنا فيه.

2- وكيل الوزارة: يتولى المهام التى يوكلها اليه الوزير.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سێیەم: ئەوەی پەیوەندی بە ماددەکانی سێیەم و چوارەمەوە هەیە, لیژنە پێشنیار دەکات لەناو ماددەی سێیەمدا لێك بدرێن لە ژێر ناونیشانی (پێکهاتەکانی وەزارەت) و بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە:

پێکهاتەکانی وەزارەت

ماددەی سێیەم: وەزارەت لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێك دێ:

یەکەم: وەزیر: سەرۆکی بالآی وەزارەتە و بەرپرسە لە ئاراستەکردنی کارەکانی و سەرپەرشتی و چاودێری کردنی چالاکییەکانی و, ئەو بڕیار و فەرمان و ڕێنماییانەی لەبارەی هەر شتێکی پەیوەندی بە ئەرکی وەزارەت و پێکهاتەکانی لەهەموو ڕوویەکی یاسایی و کارگێڕیی و هونەریەوە هەیە, لەوەوە دەردەچن بەپێی حوکمەکانی یاسا و بەرپرسیشە لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران بەو ناوەی کە ئەندامێکی هاوکارە لەو

ئەنجومەنەدا و بۆی هەیە هەندێك لە دەسەلاَتەكانی بدات بە بریكاری وەزارەت یا بەڕێوەبەرە گشتیەكان یان هەریەكێكی بەشیاوی دەزانێ لەوەزارەتدا.

دووەم: بریكاری وەزارەت: یاریدەی وەزیر دەدات لە ئاڕاستەكردنی وەزارەت و سەرپەرشتی كردنی كاروبارەكانی لەچوارچێوەی ئەو دەسەلاَتانەی كە وەزیر پێی دەدات و دەبێ بڕوانامەی پسپۆڕی زانكۆی هەبێت و خاوەن شارەزایی و كارامەیی بێت.

سێیەم: نوسینگەی وەزیر فەرمانبەرێك بەپلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات كە بڕوانامەی زانكۆی هەبێت و چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.

چوارەم: نوسینگەی بریكاری وەزارەت: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات كە بڕوانامەی زانكۆی هەبێت و چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.

پێنجەم: راوێژكاران: ژمارەیان لە چوار راوێژكار زیاتر نابێت, كە بڕوانامەی پسپۆڕیی زانكۆیان هەبێت و خاوەن شارەزایی و كارامەیی بن و پسپۆڕییەكەیان لەلایەن وەزیرەوە دەست نیشان دەكرێ.

شەشەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی كاروباری كارگێڕی و دارایی: بەڕێوەبەرێكی گشتی بەڕێوەی دەبات كە بڕوانامەی زانكۆی هەبێت و خاوەن شارەزایی و كارامەیی بێت.

حەوتەم: بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەكانی رۆشنبیری و هونەر لەپارێزگاكان: هەریەك لەوانە بەڕێوەبەرێكی گشتی بەڕێوەی دەبات كە بڕوانامەی زانكۆی هەبێت و خاوەن شارەزایی و كارامەیی بێت.

هەشتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتیەكان: بەڕێوەبەرێكی گشتی بەڕێوەی دەبات كە بڕوانامەی پسپۆڕی زانكۆی هەبێت و خاوەن شارەزایی و كارامەیی بێت.

نۆیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆژنامەنووسی و چاپكردن و بلاَوكردنەوە: بەڕێوەبەرێكی گشتی بەڕێوەی دەبات كە بڕوانامەی پسپۆڕی زانكۆی هەبێت و خاوەن شارەزایی و كارامەیی بێت.

دەیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن: بەڕێوەبەرێكی گشتی بەڕێوەی دەبات كە بڕوانامەی پسپۆڕی زانكۆی هەبێت و خاوەن شارەزایی و كارامەیی بێت.

یازدەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەما: بەڕێوەبەرێكی گشتی بەڕێوەی دەبات كە بڕوانامەی زانكۆی هەبێت و خاوەن شارەزایی و كارامەیی بێت.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەماددەی چوارەمدا: هەردوو بەڕێوبەرایەتی رۆشنبیری سریانی و توركمانی بكرێن بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی, یەعنی دوو بەڕێوەبەرایەتی تر بكرێتەوە, یەكێكیان بۆ توركمان و ئەوەی تر بۆ سریانیەكان, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە موقتەرەحێكی تازەیە جەنابی وەزیر, پێم وایە رەئیی خۆتان بلێن لەسەر ئەو موقتەرەحە, فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز فلك الدين كاكەیی/ (وەزیری ڕۆشنبیری):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو پێشنیارە وەكو یەكەم یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری لەو پەرلەمانەوە دەرچووە, بەندە بەشداربووم لەپێشكەش كردنی یاساكە, بۆ پەرلەمان ئەو كاتە, بایەخی زۆرمان داوە بە ڕۆشنبیری توركمانی و, ڕۆشنبیری سریانی كە بەناوی ڕۆشنبیری سریانی بوو ئەوكاتە, بارەگایان هەیە, مەقەڕیان هەیە, هەرچی كراوە بۆ ئەوانیش كراوە, گۆڤاری وەرزیان هەیە, لەدەزگای ڕاگەیاندن چ چالاكیەك هەبێ بەپێی توانا یارمەتیمان داون, وەكو بەڕێوەبەرایەتیەكی وەزارەت و, بێگومان لەوەش زیاتر ئازاد بوونە لە بەكارهێنانی ڕۆشنبیری و زمانی خۆیان لەهەر بوارێك بێت, كەواتە وەزارەتی ڕۆشنبیری حكومەتی هەرێم لەسەرەتاوە بایەخی داوە, ئێستا لێرە دوو خاڵ هەیە, ئەوەی لە لیژنەی ڕۆشنبیری پەرلەمان ئیقتیراحی كردووە, ئەوە بابەتێكە كە لێرە هاتووە, لەپڕۆژەكەی ئێمە هاتووە, بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر لە پارێزگاكاندا, ئێمە ئەگەر خوردی بكەینەوە لەوەزارەت, تەبعەن ئێمە وامان داناوە ئێستا لێرەش ئصوڵەكەی لەبەردەستمە, یەكێك لەوانە دەبێتە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری هونەری توركمانی و, بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری سریانی, واتە لەجیاتی ئەوەی ئێستا یەك بەڕێوەبەری ڕۆشنبیریمان هەیە هی توركمانی, یەك بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری سریانیمان هەیە, ئەو كات دەبێتە چوار یان سێ, بەپێی پێویستی خۆیان, مەسەلەن لە كەركووك ڕۆشنبیری توركمانی دەكەینەوە, چونكە بێگومان توركمان لەوێ زۆرە, سریانیش هەیە بێگومان سریانیش لەوێ زۆرە, بۆیە لەوێش دەیكەینەوە, لەسلێمانیش ئەگەر هەبوو دەیكەینەوە, بەپێی ڕێژەی دانیشتوانیان دەبێ, لە دهۆكیش دەكرێتەوە و, لەهەولێریش دەكرێتەوە, یەعنی لەجیاتی یەك بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری هەبێ, چواری بۆ دائەنرێ, ئێمە فكرەكەمان ئەوها داناوە لە ئەصلاً, دیسان ئەو پێشنیارەی بەڕێز لیژنەی ڕۆشنبیری جێگای ڕێزە, ئێمە لەسەرەتادا لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران گفتوگۆمان كرد لەگەڵ لیژنەی حكومەتی هەرێم, كە حقیقەت چوار بەڕێوبەری گشتیمان داوا كردبوو, یەكێ لەوانە بەڕێوبەری گشتی ڕۆشنبیری مناڵە, كە ئێستا زۆر باس كرا, ئەوە دیارە حكومەتی هەرێم پەسندی كرد, تەنها ئەو بەڕێوبەرایەتییە بمێنێتەوە, یەكێ لەوانە بەڕێوبەرایەتی گشتی نەخشە و پلانە, نەخشە و پلان زۆر گرنگە لەهەر وەزارەتێك, ئەوەش وتیان هەتانە لە جێگای تر بەشێوەی تر باشە, بەڕێوەبەری گشتی توركمانی, بەڕێوبەری گشتی سریانی, ئێمە تەبعەن پێشنیارەكەمان دانا سریانی بێ, دوای موناقەشە لەگەڵ زۆربەی ئەو برادەرانەی كەبەسریانی قسە دەكەن, ڕۆشنبیریەكەیان سریانی بێ باشترە, وەكو ڕۆشنبیری توركمانی لەسەر زمانەكە, ڕۆشنبیری كوردی لەسەر زمانە, ڕۆشنبیری عەرەبیە, ڕۆشنبیری ئینگلیزیە, هەروەها ڕۆشنبیری سریانیش با زمانەكان ببێتە ئەساسی ڕۆشنبیریەكە, ڕەنگە ئەوە بۆ هەموو لایەك ئاسنتر و بۆ خۆشیان باشتر بێ, بەهەر حاڵ ئێمە ئێستا ئەو پێشنیارەمان هێناوە بەم شێوەیە, ئەو پێشنیارەی كە كراوە ببێتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی, بێگومان ئەوە دەسەلاتی من نییە, حەقیقەت چونكە ئەبێ حكومەتی هەرێم موافەقت بكات و, موافەقەتەكەش بنێرێ بۆ ئێرە, بۆیە

دامەزراندنی بەڕێوەبەری گشتی دەسەلأتی وەزارەت نییە, دەسەلأتی ئەنجومەنی وەزیرانە, جا من پێشنیارم وایە ئەگەر ئێوە بەپەسندی دەزانن وەکو پەرلەمان, ئەتوانن بەزووترین کات داوای ئەو خالە بکەن, بینێرن بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی وەلأممان بداتەوە و, موافەقەت بکات لەسەری, ئەمە خالێك, خالی دووەمیش ئەوەیە لێرە موناقەشەی لەسەر بکرێ, بڕیاری لەسەر بدرێ, من لێرە هەر ئەتوانم دیفاع لە پڕۆژەی ئەصلی خۆمان بکەم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بڕیارەکە خۆی بۆ پەرلەمان دەگەڕێتەوە, لەڕاستیدا ئەگەر قەناعەتیان پێکرد, هەرچەندە ئەو ماددەیە شتێکی تەبیعیە وەکو پڕۆژەکانی تر, بەلأم ئەو موقتەرەحە کە لەلایەن لیژنەی رۆشنبیری کراوە, لە خودی پڕۆژەکە مودیریات هەیە, مودیریەی تورکمانی و مودیریەی سریانی, فەرموو ئەوەی دەیەوێ قسە بکات, کاك اسعد فەرموو.

**بەڕێز اسعد شاکر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی لیژنەی رۆشنبیری, بەڕێوەبەرایەتی تورکمانی و بەڕێوەبەرایەتی سریانی, هۆکارەکانیش زۆرە, یەکێ لەوانە بلێین یەکێتی ئەدەبانمان نییە, داوای یەکێتی ئەدیبانمان کردووە, چونکە لێرە یەکێتی نووسەرانی کورد هەیە, بەو بیانووە ئێمەیان رەت کردەوە کەوا دەبێتە ئیتیحاد لە کوردستان, ئەوە یەك, تەنها یەك سەنتەرمان هەیە ئەویش سەنتەری شەهابەیە, چەند تەڵەباتی سەنتەرات دەکەین ناکرێتەوە, مودیریەی سەقافەی تورکمانی کە جەنابی وەزیر ئاماژەی پێکرد, زۆر کاری هەیە کە دەنێرێتە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەپەیوەندی بەتورکمان نییە گشتییە, لەوێ کارەکان ئیعاقە دەکرێ, من ئاگام لێیە ئەوە سێ حەفتیە, چوار حەفتیە ناردیتیانەوە عەلا ئەساس گلەیی کرایە لەوەزارەت نەشاتیان نییە بۆ مەسرەحیەك, بۆ بودجە دانانەکە, بودجەی دادەنێن چارەگی بودجەکە موافەقەت دەکەن, ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی تورکمان یان سریانی هەبێت, هەموو شتیان بەدیراسەت دەبێ, ئیشەکانیان بەتەواوی دەڕوات, بۆیە رجا دەکەم کە ئەو مودیریە گشتیە هەبێت, سوپاس.

**بەڕێز طلعت محمد صالح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس, لەکۆبوونەوەیەك لەگەڵ وەزیری رۆشنبیری و لەگەڵ برادەرکان دانیشتبووین لای ئێمە لەگەڵ لیژنەی رۆشنبیری, خۆی داوای کرد بەرێوبەرایەتی گشتی بۆ تورکمان و سریان بکرێ, خۆی وا دانیشتووە, دووەم/ چەند بەڕێز مام جلال و کاك مسعود داوا دەکەن دەڵێن مافی تورکمانەکان لەکوردستان ئەبێ زیاتر بێ لە عێراق, زۆر سوپاس.

**بەڕێز كرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە سوپاسی لیژنەی ڕۆشنبیری دەكەین, كە خۆشم ئەندامێكم لەو لیژنەیە بۆ ئەوەی ئەو دوو بەڕێوبەرایەتییە, وەكو بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەسبیت بكرێ لەیاساكە, ئەوەی دەمویست بیلێم كاك سید تەڵعەت وتی, لەكۆبوونەوەكە ئێمەش ئامادە بووین, جەنابی وەزیر خۆی جەختی كرد كە دەبێ بەڕێوەبەرایەتی گشتی توركمان و سریانی بكرێتەوە, هەرچەندە ماوەكە زۆر كەمە ناتوانم تەعبیر بكەم لە دەقیقەیەك, هەموو دنیا باسی ماددەی 140 و كەركووك و توركمان دەكات, ئێستا ئێمە لەجیاتی ئەوەی بچینە سەر ئەوەی كە زیاتر مافی توركمان دابین بكەین بۆ ئەوەی بتوانین خەڵكی دیشی پێ ئیقناع بكەین, دەتوانین پێگەی خۆمان زیاتر بەقوەت بكەین, كەچی ئێستا بەڕێوەبەرایەتیەكی گشتیمان پێ ڕەوا نابینن, ئەوە جێگای داخە بەڕاستی و, خۆشتان دەزانن لەهەمان وەزارەت كابینەی پێنجەم لە وەزارەتی پەروەردە بەڕێوەبەرایەتی گشتی توركمانی دانرابوو, نازانم سەبەبەكە چییە لەوەزارەتی ڕۆشنبیری دانەبێ, كەچی جەنابی وەزیر لەنزیكەوە ئاگامان لێكترە زۆر بە پەرۆشە بۆ دابین كردنی مافی توركمان و سریان و خەلاكانی تر, بۆیە پێمان وایە ئەو شتە لێرە بكرێ, بۆ ئەوەی بتوانین ئێمەش لەدەرەوە لە میدیاكان هەتا بتوانین قسەی لەسەر بكەین, بتوانین خەڵكی تری پێ ئیقناع بكەین, مافەكانمان لێرەدا چەسپاوە, هەتا ئەوانیش وەكو ئێمە بیر لە مەسەلەكان بكەنەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تۆ جارێك مەڵێ جێگای داخە, خۆ هێشتا نەبوویتە قانون, جەنابی وەزیریش نەی وتووە موافیق نیمە, بەڵكو بەعكسەوە موئەیدە, بەلام پڕۆژەكە هی ئەوێیە, یان ئەبێ ئەوان موافەقەتی بكەن, یان ئەبێ پەرلەمان موافەقەت بكەن, ئەوانی تریش هی هەرێمە, خۆ نەوتراوە مودیریە عامە لە بۆ سەقافەی كوردی, هەمووی هی هەرێمە, بەلام تایبەتمەندیەكان هینی خۆی هەیە, خاتوو سوهام فەرموو.

**بەڕێز سهام انور ولی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی مودیریەتی سەقافەی توركمانی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری هەیە و پێمان خۆشە هەر خۆی بكرێتە مودیریە عامەی سەقافەی توركمانی, چونكە بەم شێوەیە هیچ زەحمەت نابێ, تەنها ناوەكە دەگۆڕین و, ئێمە پێشتریش لەكاتی گفتوگۆكردنی یاسای وەزارەتی تەربییە, كە ئەویش بەڕاستی وەزارەتێكی زۆر موهیمە و تەنها مودیریەتی دیراسەی توركمانی تێدابوو. لەكاتی گفتوگۆكردن داوامان كرد بكرێتە مودیریە عامەی و زۆر بە ئاسانی سەری گرت و لەیاساكەدا چەسپا, بۆیە لێرەش داوا دەكەین ئەو مودیریە بكرێتە مودیریە عامەی ڕۆشنبیری توركمانی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز گەلاویژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش تەئکید دەکەمە سەر قسەکەی کاك تەلعەت، بێجگە لەوەی جەنابی وەزیر خۆی رایەکەی وا بوو کە مودیریەکی گشتی دابنرێ بۆ تورکمان و سریانی، تەنها نوێنەری جەنابی وەزیر لەیەکێك بۆنەکان کە لە هۆڵێك پێش دوو ساڵ دانیشتبووین، رایگەیاند و قەولی دا کە وەزارەت بەنیازە بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری ئاشووری بکاتەوە، هەروەها وابزانم مافێکی شەرعیشە کە مودیریەتێکی تایبەت بەخۆمان هەبێ، کە لەهەر پارێزگایەك مودیریەتێك دەکرێتن، دەبێ سەر بە موردیریەتێکی عام بێت، سوپاس.

**بەڕێز جمال شمعون ایلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەکید پشتگیری پێشنیاری لیژنەی پەیوەندیەکان دەکەم، بەلاّم لە نوقتەی دووەم/ ئیقتیراح دەکەم ئالیەتێك هەبێ، یان لیژنەیەك یان مودیریەتێك، بۆ پەرەپێدانی دیالۆگ لەناو سەقافەتی کوردستان هەبێ، راستە هەر نەتەوەیەك تایبەتمەندی خۆی هەیە لە سەقافەت، بەلاّم چەند نوقاتێکی هاوبەش هەیە، پێویستە بەئالیەتێك پەرەپێبدرێ بۆ پتەو کردنی هێزی گەلەکەمان، سوپاس.

**بەڕێز خضر سلیمان خلیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەصلێکی برای ئاشووری و تورکمانا باس ناکم، ئەز من رەنگێکی دیم، ئەن کوردین و میللەتێکی کەسی ناکەین، بەلێ تایبەتمەندیا مە خڕکەیینەوە خەلکێ مە بێتە بەر، تایبەتەمەندیا مە دینی، یان ژ کەلتوری گەلێ جار بێتە قوربانییە کوردیا مە، بەحزوری سەرۆکایەتی پەرلەمانی و، ئەندامانی پەرلەمان و جەنابی وەزیریش گەلێك پشتەڤانی مە دکات، دانانە رێڤەبەرایەتی گشتی یان رێڤەبەرایەتی رۆشنبیری قەزای شنگار و قەزای شێخان بلە خەلکێ مە بن، خودان شیان بەهەرەمەندی مە حزکەن بێ سۆزی، جەنابی وەزیر بەحزوریایە پەرلەمانە بێتو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با من لەجیاتی جەنابی وەزیر وەلاّمت بدەمەوە، کاك پیر خدر، یەعنی سەقافەت و رۆشنبیری ئێزیدیە هی کوردانە، لەبەرئەوە نابێ جیابکرێتەوە، دوایی جەنابی وەزیر ئەڵێ مودیریەتێکی عامەش بۆ کاکەیەکان دابنرێ، لەبەر ئەوە خۆتان جیا مەکەنەوە، من پرسیارێك لەبرا بەڕێزەکان دەکەم، لەناوەکەی پێش ئەوەی موناقەشە بکەین، ئایا ئەو ناوە کە لەمودیریاتەکە هاتووە، لەو ناوەی هاتووە، دەڵێ مودیریەی سەقافی و فەنی سریانی، خیلافتان هەیە لەسەر ئەو ناوە، هەموو موافیقن، بەس ئەگەر کەسێك ئیعتیرازی هەیە لەسەر ئەو قسانەی کەکرا، یەعنی ئیعتیرازی هەیە لەسەر ئەوەی کە پتشگیری لەسەر پێشنیارەکەی لیژنەی رۆشنبیری دەکات، کە دوو مودیریە عامە هەبێ، یەکێکیان بۆ رۆشنبیری تورکمانی، ئەوەی تر بۆ رۆشنبیری سریانی، کەس ئعتیڕازی هەیە، فەرموو کاك تەڵعەت، نوقتەی نیزامت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سيف الدين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنيارێكم هەبوو و بۆ جەنابتم ڕەوان كرد, من ئەڵێم لەجياتی ئەو دوو موديريەتە, يەك موديريەت بێت (مديرية الثقافة للقوميات الكوردستانية), سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, بەهەر حاڵ من حەز دەكەم جەنابی وەزيرش موافيق بێ خۆی, خۆی شەخصی موافيقە, قەراری پەرلەمانيش مولزەمە بۆ حكومەت, دەبێ موافيق بێ, فەرموو.

**بەڕێز فلك الدين كاكەيی/ (وەزير رۆشنبيری):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاستان دەكەم, بۆ ئەو تيشكەی خرايە سەر ئەو بابەتە گرنگە, بەڕاستی مەسەلەی بايەخدان بە رۆشنبری توركمان و سريانی, شتێكی زۆر ئەساسيە بەلای من هيچ كەمتر نييە لە رۆشنبيری كوردی, يان رۆشنبيری هەر ميللەتێكی تر, بەڵكو زۆر زۆر گرنگە, وەكو گوتم ئێمە وەكو وەزير پابەندم بەو پێشنيارەی كە لەلايەن حكومەتەوە هاتووە, بەلأم لێرە وەكو قەراری پەرلەمان, بێگومان ئەگەر پەرلەمان خۆی بڕيار بدات, من رێزی لێدەنێم و, حكومەت مەجبوور دەبێ جێبەجێی دەكات, من بەشخصی خۆم, هەروەك برادەران تەعبيريان لە رەئيی من كرد, من بۆ خۆم بڵێم بەڵی لەگەڵ پێشنيارەكەی ليژنەی رۆشنبيری پەرلەمانم, كەببێتە رۆشنبيری گشتی, وەكو وەزارەت لاريمان نابێ, بێگومان ئەگەر پەرلەمان بڕيار بدات, ئێمە پيرۆزبايی دەكەين لە رۆشنبيرانی توركمانی و رۆشنبيرانی سريانی, پيرۆزباييان لێئەكەين, چونكە مافێكی زۆر گرنگە بۆيان, چونكە بەڕێوەبەرايەتی گشتی دەسەلأتی زياتری دەبێت, لەڕووی مالی و لەڕووی ئيداريش و, ئێستا خۆی بەڕێوەبەرايەتيەكە هەيە, ئەتوانين ئێمە پێشی بخەين و تەتوێری بكەين, پێشنيارێكی بچووك و لەو پێشنيارانەی كەمن تەئيدی دەكەم, ببێتە بەڕێوەبەرايەتی رۆشنبيری و هونەری, يەعنی وەكو هی كوردەكەش هەر وايە, يەعنی بەڕێوەبەرايەتی رۆشنبيری و هونەری توركمانی, يان بەڕێوەبەرايەتی رۆشنبيری و هونەری سريانی و, پيرۆزبايی لە رۆشنبيرانی توركمانی و سريانی دەكەين, ئەگەر پەرلەمان موافەقەت بكات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, فەرموو گەلأوێژ خان نوقتەی نيزامت چييە؟ فەرموو.

**بەڕێز گەلاويژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ناوی وەزارەت تەنيا وەزارەتی سەقافەيە, ئێمە تەبعەن سوپاسی جەنابی وەزير دەكەين ئەگەر رۆشنبيری و هونەر بێت باشترە, بەس من لەبيدايەت دەمويست موداخەلەيەك بكەم, جەنابت رەئسەن داتە دەنگدان

رەئیی لیژنەی یاسایی، ناوی وەزارەت تەنیا وەزارەتی سەقافەیە، ئەگەر لێرە بکرێتە رۆشنبیری و هونەر تەناقوز نابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە مودیریەتە، ئەگەر بێتو مودیریاتەکان بەناوی وەزارەت بێت، مانای مودیریەی عامەی مەکتەباتمان نابێ، مودیریەی عامەی تیباعە و صەحافەشمان نابێ، مودیریە عامەی ئیعلامان نابێ، ئەوانە هەمووی ناوی موختەلیفن، لەبەرئەوە وەزارەت ناوی وەزارەتی سەقافەیە، کە مودیریەتت دانا , مودیریەتەکە تەرکیزە، ئیعلامە (المديرية العامة للاعلام)، لەبەرئەوە سەقافە و فەنە بەشێکە، فەنیش بەشێکە، ئەو موقتەرەحەی لیژنەی رۆشنبیری پشتگیری کرا لەلایەن ئەو برادەرانەی کە قسەیان کرد، لەلایەن ئەو کەسانەی کە قسەشیان نەکرد پشتگیریی کرا، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو دوو مودیریە ئیزافە بکرێ (المديرية العامة للثقافة و الفن التوركمانى) و (المديرية العامة للثقافة و الفن السريانى)، دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون، کێ لەگەڵدا نییە، دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون، بەکۆی دەنگ ئیزافە کرا، لەسەر ماددەکە کەس ئیعتیرازی نییە، نوقتەی نیزامت هەیە، فەرموو د0 دلێر.

**بەڕێز دلێر اسماعیل حەقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەنگماندا بۆ زیادکردنی دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی، بەناوی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری تورکمانی لەگەڵ سریانی)، بەڵام هەندێ تێبینی تر هەیە دەربارەی ئەو ماددەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ ماددەکەمان موناقەشە نەکردووە، کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر ماددەی سێیەم، یەکەم/ وەزیر لەسەر موقتەرەحەکەی لیژنەی یاسایی کە لەماددەی حەوت تەئکید کراوەتەوە، وەزیر بۆی هەیە هەندێ لەدەسەلاَتەکان بدات بە بریکاری وەزارەت، یان بەڕێوبەرە گشتییەکان، یان هەریەك بە شیاوی ئەزانێ لەوەزارەت، من پێشنیار ئەکەم ئەو بڕگەی ئەخیر (هەریەك بەشیاو ئەزانێ لەوەزارەت) لابېردرێت، چونکە لەوانەیە ئەو کارمەندەی کە کەفائەی شەخصیشی هەبێ، لەوانەیە لەڕووی مەکانەی یاسایی و ئیداریەوە رێگای ئەوەی نەبێ بتوانێ مومارەسەی صلاَحیەتەکانی وەزیر بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د0 ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشەکی دەستخۆشی دەکەم لە دامەزراندنی ئەو دوو بەڕێوەبەرە گشتییە کە تەسبیت کرا لە یاساکە، چونکە بەڕاستی جێی خۆیەتی منیش هەمان رەئیم هەبوو، بەڵام پێویستە بەنیسبەت بەڕێوەبەر، بۆ

شارەکانیش ئەبێ بەڕێوەبەرایەتی هەبێ کە پەیوەندی هەبێ پێی، یان پەیوەندی بەو بەڕێوەبەرە گشتیانە هەبێ، ئەوەش ئەبێ ئیزافە بکرێ، چونکە لەناو ماددەکە ئەبێ ئەوە ئیزافە بکری، ئەمە یەك، دوو/ بەنیسبەت، نازانم ئەصڵی یاساکە بەکوردی هاتۆتە پەرلەمان، یان بەعەرەبی هاتووە، چونکە هەردوو دەقەکە جیاوازی زۆریان تێدایە، جا من نازانم دەقە عەرەبیەکەی ئەساسە یان کوردیەکەی ئەساسە، بەنیسبەت وەزیرەوە تۆزێ جیاوازی هەیە لەو نووسینەی کەوا بەعەرەبی هەیە لەگەڵ کوردیەکەی، نازانم من کامەیان موناقەشە بکەم، عەرەبیەکەی یان کوردیەکەی، چونکە رەئیم هەیە لەسەری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مودیریات، دەسەڵاتی خۆیەتی، هەر پرۆژەیەك کە ئیختیلاف بوو، عەرەبیەکە ئەساسە، فەرموو.

**بەڕێز د0 ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت وەزیر، عەرەبیەکەی لەگەڵ کوردیەکەی یەك ناگرێتەوە، جا من عەرەبیەکەی ئەخوێنمەوە (الوزير: هو الرئيس الاعلى للوزارة و المسؤول عن توجيه سياستها و الاشراف و الرقابة على نشاطها) نەك (عليها)، ئەمە چۆن دەبێ، رەقابە لەسەر کوێ ئەکات، لەسەر نەشاتاتی دەکات، نەك لەسەر وەزارەت، (و تصدر عنه و تنفيذ باشرافه جميع القرارات و الاوامر و التعليمات في كل ماله علاقة بمهام و تشكيلات و صلاحيات الوزارة)، یەعنی (وەزارەت) دەکەوێتە دوای (صلاحيات)، (و سائر شؤونها الفنية و المالية و الادارية و التنظيمية وفق احكام القانون و القوانين و يكون مسؤولا امام مجلس الوزراء باعتباره عضوا متضامنا فيه، و له تخويل بعض من صلاحياته الى وكيل الوزارة او المدراء العامين او من يراه مناسبا من الموظفين في الوزارة)، لەگەڵ رێزمدا بۆ کاك بارزان، ئەوەی موزەفەکە یان ئەو کەسەی کە غەیر وەکیل وەزیرە، بۆ داخلی وەزارەت نییە، لەوانەیە وەزیر بۆ شوێنێکی تری بێت بینێرێت، ئەتوانێ دەسەڵاتی خۆی بداتێ، زۆر تەبیعیە، بەس موەزەفین باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەگەر موناقەشەکە لەسەر ئەو تەعدیلەیە کە لیژنەی یاسایی کردوویەتی، ئەوا من موڵاحەزەم هەیە، ئەگەر لەسەر ئەصڵی پرۆژەکەیە، ئەوا موڵاحەزەم نییە، موڵاحەزەکەشم لەسەر بەڕێوەبەرە بەڕێزەکانە، بەڕێوەبەرەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکان، بەڕاستی ئێمە لێرە لەزۆربەی زۆری وەزارەتەکان ئەگەر لێی وردبیبینەوە، بەڕاستی زوڵم کراوە لە پارێزگای سلێمانی و لە گەرمیانیش، چونکە بەهەموو قیاسێك ئێمە شتی خەدەمی و شتی سەقافی، هەندێ جار رەت دەکەینەوە، رووەدەکەینەوە مەسەلەی سیاسی و ماددەی 140 ەوە، یەعنی بەڕاستی لەهەموو وەزارەتەکان وایە، ئێمە ئەگەر بێتو لەسەر ئاستی پارێزگا حیساب بکەین، ئەوا گەرمیان ئەبێ لە حصەی سلێمانی ببات، گەرمیانیش خۆی بۆ خۆی پێنج قەزا و تەقریبەن 13 ناحیەیە، یەعنی بەڕاستی ئەگەر بێتو ئێمە بەڕێوەبەرایەتێکی گشتی نەکەینەوە بۆ گەرمیان، ئەوا

هەم لە سلێمانی غەدر کراوە, هەم لەگەرمیانیش دەکرێ, بۆیە من داوا ئەکەم, کە دەوترێ پارێزگا, حەق وایە بوترێ بەڕێوەبەرایەتێکی گشتی رۆشنبیری بۆ گەرمیان بکرێتەوە, لەبەر ئەوەی من بە دووسەری ئەیزانم, گەرمیان ئەبێتە پاشکۆی سلێمانی, هەم دەبێ لەحصەی ئەوانیش لەهەموو شتەکان شریك ئەبێ و, خۆشی بێ بەش ئەبێ و, ئەگەر تەماشای دانیشتوانیش بکەین, تەقریبەن 450 هەزار کەس لە و سنوورەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عثمان احمد حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەماددەی سێ بڕگەی (1), کە باسی وەزیر دەکات, صیاغەکە (ویکون مسؤولا امام مجلس الوزراء), ماناکای تەواو دەبێ, (او بصفته عضوا متضامنا فیه) بەڕاستی زیادە, تەبعەن لەتەرجومە کوردیەکەشی (بەو ناوەی کە ئەندامێکی هاوکارە لەو ئەنجومەنەدا), ئەوە زیادە, خۆ ئەگەر بەزیاد نەزانرێ ئەوا تەرجومەکەی غەڵەتی تیایە (بصفته عضوا متظامنا فیه), (هاوکار) موتەزامن نییە,

هاوکار موتاعاوینە, بەلاَم (ویکون مسؤولا امام مجلس الوزراء) تەواو, یەعنی ماناکای تەواو دەبێ, لە باسی پارێزگاکان کاك عادل باسی گەرمیانی کرد, بەلاَم بەڕاستی لەقەزاکاندا, چی بۆ دیاری کراوە کە سەر بە بەرێوەبەرایەتیەکان بێ, یەعنی صیفەتێکی ئیداری بدرێ بە دەزگایەك لە قەزاکان, بۆ ئەوەی ناحیە و گوندەکان سەر بە قەزاکان, قەزاکانیش سەر بە پارێزگاکان, بەم شێوەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەوەی تێبینیەکانتان تیکرار نەبێتەوە, لە پڕۆژەی هەموو یاساکاندا بەرێوەبەرایەتی گشتی لەپارێزگاکان تۆمار کراوە, یەعنی نەگوتراوە گەرمیان یان شوێنی تر, لەبەرئەوەی ناوی کەرکووکمان نەهێنا, چونکە ناتوانین بڵێین هەولێر و سلێمانی و دهۆك, چاوەڕوان دەکەین ماددەی 140 جێبەجێ بکرێ, بۆیە وتوومانە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوەی ناوی هاتووە لەپارێزگاکان و, گۆڕانکاریش دەکرێ لە قەزا و ناحیەکان, ئەوەی تریش (باعتبارە عضوا متضامنا), ئەوە لەهەموو هینەکان هاتووە, لە پڕۆژەکانی تریش هەر وایە, یەعنی تەبیعیە کەهاتووە, سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتییە و هونەریانە, هەرچەندە ئێمە موناقەشەی ئەمە ناکەین, بەلاَم وەکو مولاَحەزەیەك هەمە, بەڕێوەبەرایەتی مەڵبەندەکانی مافوری دەستکرد, مەفروزە ئەوە ئیشی دەست بێت, ئەگەر بەڕێز وەزیر هینی ئەکات, یەك خاڵی تریش هەیە, بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکان لەخاڵەکان کە روونکراوەتەوە, کراوە بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە, بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە لە هەولێر لە سلێمانی, ئەوە هەڵەیە, کە ئەوساڵ لەقانونەکە جارێکی تر بەهەڵە هین ئەکرێتەوە, تەفسیر ئەکرێتەوە, خاڵی سێیەمیشم ئەوەیە, ئەڵێ بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەما, یەعنی ئەم هەڵدەستێ بە ئیش و کاری

سینەما, کەچی هی تیایە, ئەڵێ بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕیی و خۆیەتی, بەڕێوەبەرایەتی وردبینی و ژمێریاریی, کە ئەوانە نابێ سەر بەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیە بن, تەنها ئەوانەی کە حەقیان هەیە بەسەر کاری سینەمایەوە, ئەگینا ئەوە لەوێ هەڵەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د0 دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەستخۆشی لە لیژنەی رۆشنبیری دەکەم, بۆ زیاد کردنی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکە, چونکە بەڕاستی ئەوە کەلتووری کوردستانی بەهێز تر دەکات, بۆیە پێم خۆشە جارێکی تر جەختی بکەینە سەر, بەلای منەوە خاڵەکانی هەشتەم و نۆیەم, ئێمە دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان هەیە, یەکەمیان/ بەناوی بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان, دووەمیان/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆژنامە نووسی و چاپ و بلاْوکردنەوە, ئەم دوو بەڕێوبەرایەتییە گشتییە, ئێمە ئەتوانین لابەرین, ئەمانە لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی تر جێگایان ئەبێتەوە, لەبەر ئەوە یەکێ لە ئەرکە سەرەکییەکانی وەزارەت دامەزراندنی کتێبخانەی نیشتیمانییە, بۆ ئەوەی ئەو ئەرکە سەرەکییە ببێتە ماڵ بەسەر وەزارەتەوە, رەنگە لە ئایندە جەنابی وەزیر لەو پۆستەی خۆی نەمێنێ, وەزیرێکی تر وەکو پێویست گرنگی نەدات بەو لایەنە, بەو خاڵە, بۆیە من پێشنیاز دەکەم لە جیاتی ئەو دوو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە, بەڕێوبەرایەتێکی گشتی تر پێك بهێنرێ, بەناوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەی نیشتیمانی, ئەوکاتە بەشێك لەو ئەرکانەی ئەو دوو بەڕێوەبەرایەتییە دەچێتە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانەی نیشتیمانییەوە و, کەسێکیش راستەوخۆ دەست نیشان دەکرێ, بۆ ئەوەی بەو ئەرکە هەڵبستێ, یەکێ لە ئەرکە سەرەکییەکانی وەزارەت دامەزراندنی کتێبخانەی نیشتیمانییە, ناکەوێتە پەراوێزەوە, بۆیە من پێم چاکە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی کتێبخانە و رۆژنامەنووسی و چاپ و بلاْوکردنەوە نەمێنێ, لەجیاتی ئەوە یەك بەڕێوەبەرایەتی گشتی دروست بکرێ, بەناوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەی نیشتیمانی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو خاڵم هەبوو, خاڵێکیان تەقریبەن کاك عادل و ئەو برادەرانە گوتیان, بەلاْم لە خاڵی دووی ماددەی سێ, بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان هاتووە, ئەویش ئەوەی وەکو ناوی پارێزگاکان هاتووە, جا لەبەر ئەوە حەقە رەچاوی ئەوە بکرێ, ناوی پارێزگاکان نەیەت, بەم شێوەیە بێ کردنەوەی کتێبخانە گشتییەکان لە گشت پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و, ئەو جێگایانەی کە پێویستە, ئێستا گەرمیانیش پێویستە, لەم ماوە جەنابی وەزیر سەردانی گەرمیان و کەلار و هەموو ئەو شوێنانەی کرد, کۆمەڵێ ئیشی باشی کرد لەم بوارە, کتێبخانەی گەرمیان دانراوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د0شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەی سێ بڕگەی (4), بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکان, لێرە نووسراوە بەڕێوەبەرایەتی گشتی زانستی, ئێمە سەیری وەزارەت دەکەین, وەزارەت گرنگی بەلایەنی رۆشنبیری, بەلایەنی ئەدەبی, بەلایەنی هونەری دەدات کەچی لێرە چاودێری زانیستیە, حەزم کرد وەزیری رۆشنبیری ئەو لایەنەمان بۆ روون بکاتەوە, هەروەها خاڵێکی تر لە ژێر بەڕێوەبەرایەتییەکە نووسراوە فەرمانگەی رۆشنبیری منالآن, ئەو فەرمانگەیەش بکرێتە بەڕێوەبەرایەتی جوانترە, لێرەدا بەڕێوەبەرایەتی کەلەپووری میللی, لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی خانەی جل و بەرگی کوردی, ئەمە پێم جوانە نەمێنێ, خانەی جل و بەرگی کوردی هەر بچێتە ژێر کەلەپووری میللییەوە, چونکە بەپێی پسپۆڕی خۆم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان, کە من پسپۆڕیم لە کەلەپوور هەیە, دوو جۆرە کەلەپوور هەیە, کەلەپوورێکی سەر زاری, ئەوەیە کە پەندی پێشینان و حەیران و لاوك و ئەم لایەنانە, کەلەپوورێکی دیکە لایەنی ماددیە, جل و بەرگە, پیشەیەکانە, خانووی کۆنە, نەخش و نیگاری سەر دیوارەکان و هەموو ئەو لایەنانە دەگرێتەوە, ئینجا پێویستە لێرە هەمووی دەمج بێ جوانە, هەمووی بچێتە ژێرە بەڕێوەبەرایەتی کەلەپووری میللی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم, بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆژنامەنووسی و بلاّوکردنەوە نەمێنێ, ئەوە ببێتە بەڕێوەبەرایەتییەك کە لەجیاتی ئەوە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دانان و وەرگێڕانمان هەبێ, بەڕاستی لێرە لەبواری کتێب دانان و وەرگێڕان, ئێمە پێویستیمان هەیە, نەك وەکو بەڕێوەبەرایەتیەك بێت, بەڵکو بەرێوەبەرایەتی گشتی بێت, بۆ ئەوەی بتوانێ لەگەڵ کارەکان لەڕووی دانانی کتێب, هەروەها بەتایبەتی لەوەرگێڕانی کتێب کارەکە تەسبیت بکرێ, بۆ ئەوەی بزانرێ مەکتەبەی کوردستان پێویستی بە چ جۆرە کتێبێك هەیە لەبوارە جیاوازەکانی رۆشنبیری و زانیستیدا, ئەو کتێبە وەربگێڕن, یان ئەو کەسانە رابسپێرن کتێب دابڕێژن, بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردستان, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو تێبینیانەی کە قسەیان لەسەر کرا لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان, حەز دەکەم جەنابی وەزیر هەرچ مولاّحەزەیەکی هەیە لەسەری, لەسەر کامیان موافیقە, لەسەر کامیان تێبینی هەیە هەڵبسێ و رەئیی خۆی بدات, فەرموو.

**بەڕێز فلك الدین کاکەیی/ (وەزیری رۆشنبیری):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان, تەبعەن هەندێ خاڵ هەیە شت ناگۆڕێ, ئەگەر جل و بەرگ بێ, ئەگەر ئەوانەی تابعی کەلەپوور بێ هەر عەینی شتە, چونکە هەر بەخۆی ئەم شتە ئەکات, ئێمە لاریمان نییە لەسەر ئەوە, بەس لێرە باسی

مافوور كرا, مافووری دەستی بەخۆی كاتی خۆی سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری بوو هەشت, نۆ ساڵ, پاشان درا بە وەزارەتی پیشەسازی, پاشان لە وەزارەتی پیشەسازی گەڕاندیەوە بۆ وەزارەتی رۆشنبیری و, ئەمە دامەزراوە بۆ ئەوەی كۆمەڵێك منالْ فێربن, فێری كاری هونەری بن, خۆی مەسەلەكە هونەرە, فەرش و هونەر فێربن, كە گەورە دەبن رەنگە لەمالْ یارمەتی بدرێن و ئیش دەكەن و ئەیفرۆشن بەهەر حالْ, حیكەمەتێك هەبوو لەوە و, ئێستا لە ئارادایە كە وەزارەتی شەهیدان داوای دەكات, لەسەر ئەساسی ئەوەی كە منداڵی شەهیدان ئیستیفادە بكەن لەو مافوورانە, ئێمەش لاریمان نەبووە, تەنیا رۆتینی بەینی وەزارەتەكان و موافەقەتی ئەوان, بەهەر حالْ مەسەلەی مافوور لەویٚ شتێكی تەحصیل حاصڵە كە لەویٚ دانراوە, یەعنی سەر بەوەزارەتی پیشەسازی, وەزارەتی پیشەسازی تەحویلی ئێمەی كردووە چەند مانگێك پێش ئێستا وەكو جاران, بەنیسبەت كتێبخانەكان, ئێستا كتێبخانەی گشتی هەیە, ئەڵێ بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان, ئەمە بەحەقیقەت چوار بەڕێوەبەرایەتی نووسراوە, ئێمە تەنها یەك بەڕێوەبەرایەتیە گشتییمان پێشنیار كردووە, بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانەكان, واتە كتێبخانە گشتییەكان فەرقی نییە, گشتییەكە لێرەجیایە لەگەڵ گشتییەكەی یەكەم, بەبیٚ ئەوەی تەفصیل بدەین وەكو لیژنەی یاسایی باسی كردیە, ئەمە خۆی بەخۆی كاری خۆیەتی چەند بەڕێوەبەرایەتی دەكاتەوە, نەك چوار بەڕێوەبەرایەتی هەبیٚ, رەنگە لەگەرمیان دە كتێبخانە بكەینەوە و, یەك بەڕێوەبەرایەتییان هەیە, رەنگە لەكەركووك دوو بەڕێوەبەرایەتی هەبیٚ, لێرە لەناو هەولێر هەمانە رەنگە لەرواندزیش بكەینەوە, رەنگە لەسۆران و لە شەقلاوەش, لەبەرئەوە پێشنیاری ئێمە ئەوەیە كە بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان, پێویست ناكات هیچی پێوە بلكێنین, چونكە بۆخۆی زۆرترە لەمە و, ئەوە ئێمە دەبەستێتەوە, 42 كتێبخانەمان هەیە ناتوانین, دەبیٚ ئێستا دیراسەت بكەین, چۆن چۆنی ئەوانە بەڕێوە ببین, خاڵەكانی تر كە باس كرا هیچ تێبینیەكمان نییە, هەر دەگەڕێینەوە سەر ئەوەی ئەوانەی دانراوە, وابزانم مەسەلەی كتێبخانەی گشتی هەڵەیەكی چاپی تیابیٚ, چونكە نووسراوە بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە, لەبەرئەوە ئیلتیباسێك بووە, لەبەرئەوە ئەوە چاك بكریٚ, ئەوانەی تر تێبینیمان نییە, بەپێی كتێبخانەكانە, دەزانین چەند بەڕێوەبەرایەتی دادەنێین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عادل, بەنیسبەت گەرمیان وەرقەیەكت نووسیوە, گەرمیان وەكو عەرزم كرد, ئەگەر مەبەستیان تەقسیمی ئیداری بیٚ وەك هەموو وەزارەتەكان, ئێمە ئیتیفاقێكمان هەیە دەنووسین مودیریە عامە بۆ فلانە شت لەپارێزگاكان, ئەگەر مەقصەدیشمان رۆشنبیری تایبەت بیٚ بە گەرمیان, ئەوە ناكرێتن, چونكە ئەوكات دەبیٚ رۆشنبیری تایبەت هەبیٚ بە هەورەمان, بە شێخان, بە سینجار, وەكو ناوچە ناكرێتن, جەنابیشت بەتەنیا قسەت كرد ناتوانم بیخەمە دەنگدانەوە, نە پرۆژەی لیژنەی یاسایە, نە ئیقتیراحی لیژنەی رۆشنبیرشە, نە چوار, پێنج كەس قسەی كردووە بەهەمان شێوە, تاكو بیخەمە دەنگەوە, جەنابی وەزیر قسەی هەیە, فەرموو.

**بەڕێز فلك الدين كاكەیی/ (وەزیری رۆشنبیری):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت هەر ناوچەیەكی تر خۆی هاتووە, ئێمە وتوومانە بەڕێوەبەرایەتی گشتی هونەر و رۆشنبیری لە پارێزگاكان, لەهەر پارێزگایەك لەویٚ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئۆتۆماتیكی دەكەینەوە, ئەگەر ئەوانە بوون بە پارێزگا, ئەوا ئۆتۆماتیكی بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر دەكەینەوە, یەعنی مەبەستم ئەوەیە چەند وەحدەی ئیداری زیادبووە بەپێی صلاحیات, دەكرێتەوە, ئیتر پێویست ناكات ئەوە بڵێین, چونكە ئەگەر ناو لێبنێین زۆر لەسەرمان گران رادەوەستیٚ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان, ئەوە لەكوردیەكان چاك بكەنەوە, وابزانم كە ئەو دوو مودیریەتەمان دانا كارێكی زۆر گەورە بوو, ئەوانی تر مولاحەزاتەكان جوابی داوە كاك فەلەكە دین (وەزیری رۆشنبیری), فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبەرئەوەی لەراپۆرتەكە نەهاتووە, لەسەرەتا من بەناوی خۆم قسە دەكەم, ئەگەر بۆم هەیە, لەوەزیر لەدێری ئاخیر هاتووە, دەڵیٚ (حوكمەكانی یاسا بەپرسە لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران بەو ناوەی كە ئەندامێكی هاوكارە لەو ئەنجومەنەدا و بۆی هەیە هەندێك لەدەسەڵاتەكانی بدات بە بریكاری وەزارەت, یان بەڕێوەبەرە گشتیەكان, یان هەریەكێكی بەشیاوی دەزانی لەوەزارەتەدا), من پێم وایە بەڕێوەبەرە گشتییەكان دەسەڵاتەكانی دیاری كراوە, وەكو وەزیر بەتایبەت صلاحیەت ئەدات بە بەڕێوەبەرێكی گشتی, رەنگە بەڕێوەبەری گشتی كێشەی زیاد بكات, لەبەرئەوە من ئەوە بەزیاد دەزانم, تەنیا وەكیل وەزیر صلاحیەتی بەپێی قانون دیار نییە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز فلك الدين كاكەیی/ (وەزیری رۆشنبیری):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

حەقیقەت ئێمە لەوەزارەت یەكەم جار پێش شەش, حەوت ساڵ دەسەڵاتمان ئەدا نەك بە بریكار, بەڵكو بە بریكار و بەڕێوەبەرەكانیش, حەتا بەڕێوەبەرەكانیش تەحدیدمان كردووە, خۆی رەنگە ئەمە باشتر بیٚ, لەیاسادا نییە بەڕێوەبەر دەسەڵاتی چییە, یەعنی لەیاسا نانووسریٚ, وەزیر بۆی هەیە بەپێی ئەنجومەنی وەزیران دادەنیشن دەسەڵات دادەنێین, رەنگە بەیانی دەسەڵات بگۆڕیٚ, ئەبیٚ ئەو دەسەڵاتە بمێنیٚ نەختێك بۆ ئەوەی بەپێی پێویستیەكان دیاری بكریٚ, خۆی لە یاسا نەنووسراوە بەڕێوەبەر چ دەسەڵاتێكی هەیە, بەڵام وەكو گوتم ئێمە لەتەعلیمات لەوەزارەت هەمانە و, بڵاومان كردۆتەوە, دەسەڵاتی بریكارمان داناوە, دەسەڵاتی بەڕێوەبەری گشتی و دەسەڵاتی بەڕێوەبەرەكانیشمان دیاری كردووە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزام كاك بارزان هەیەتی, فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەصەحافە خوێندمەوە, وەزارەتی رۆشنبیری صلاحیەتی داوە بە موستەشارێك ئەصڵەن ئیشی ئیستیشاریە, دانرابوو بۆ ئیشی تەحقیقی, بەم نەصە ئەم حاڵەتە دووبارە دەبێتەوە, موستەشارێك ئیشی ئیستیشاری بێت, چۆن دەبێ بۆ ئیشی تەحقیقی دابنرێ لەوەزارەت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر حالەتێكی وا هەبوو, وەزیر تەحەمول دەكاتن, قانون ناتوانێ لەبەر حاڵەتێكە روودەدات لە جەریدەیە, یان شتێك دەنووسرێ, قانون تەحەمولی ناكات, وەزیری خۆی تەحەمول دەكاتن, ئەگەر دەسەلاتەكەی بدات بەیەكێك كە شیاو نەبێ, بەلام قانون وەكو وەزارەتەكان وایە, لەكاتی عەمەلی لەوانەیە بیدات بە یەكێك موستەحەقی ئەوەی نەبێ, ئەوە لێرە دەردەچێ خۆی لەتەقیمدا تەحەمولی بڕیاری خۆی دەكاتن, فەرموو كاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یەكێ لەئامانجەكانی وەزارەت كردنەوەی كتێبخانەی نیشتیمانییە, لەبەرئەوەی پێم وایە كتێبخانەی نیشتیمانی پێویستە بەڕێوەبەرایەتێكی گشتی هەبێ, ئەوە زیاد بكرێ, بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانەی گشتی, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كتێبخانەی نیشتیمانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانەی گشتییە كان دەبێ, فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەوە پشتیوانی لە رەئیی ڤیان خان و كاك دكتۆریش دەكەم, كە ئەو بەڕێوەبەرایەتی گشتی و چاپ و بلاوكردنەوە نەمێنێ, بەڵكو بەڕێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن و چاپ كردن, پێم وایە هەندێ وردە كاریش دەگرێتەوە, یەعنی ئەو دوو بەڕێوەبەرایەتیە ئەبن بەیەك و, خۆشم پرسیارم هەیە لەوەی ئایا سینەما وای لێهاتووە دەزگایەك, یان بەڕێوەبەرایەتێكی گشتی هەبێ, یەعنی ئەوە پرسیارە لەلای من, بەلام تێكەڵ كردنەوەی ئەو دوو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە, بەپێویستی دەزانم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو مولاحەزەی دوایت حەق نەبوو, لەبەر ئەوەی زۆر لەئەندامانی پەرلەمان ئەهمیەتیان دا بەسینەما, بڕگەیەكی تایبەتیان بۆ دانا, وەكو مەهامی وەزارەت ئیزافەیان كرد, لەبەر ئەوە كەلەوێ ئیزافە كرا, ئەو

بەڕێوەبەرایەتییەش لەسەر مەهامی وەزارەت زۆر دەگونجێتن, مودیرییەی عامە بۆ صەحافە و نەشر, لەهەموو ولأتاندا بایەخێکی زۆری پێدراوە, مودیریە عامەی هەیە, لەبەر ئەوە ئیلغاکردنی بۆشایەك پەیدا دەکاتن, ئەی ئەو هەموو ئیشە زۆرە کێ بیکاتن و, هەندێ تایبەتمەندی خۆی هەیە, ئەگەر موناقەشە نەما, تەواوبوو ماددەکە بەو تەعدیلاتەی کە کرا, دوو مودیریە عامەش ئیزافە کرا, دەیخەمە دەنگەوە, یەعنی موفتەرەحی لیژنەی یاسایی, کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا, زۆر سوپاس, بڕۆ سەر ماددەی تر, فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی بچینە سەر ماددەی پێنجەم, لیژنەی یاسایی ماددەیەکی وەکو وەزارەتەکان دیکە, پێشنیاری کردیە کە زیاد بکرێ, ئەگەر ماوەم بدەن بۆتان بیخوێنمەوە:

لیژنە پێشنیاز دەکات ماددەیەك بخرێتە سەر پرۆژەکە بەزنجیرەی ماددەی چوارەم و بەم جۆرەی خوارەوە:

وەزارەت ئەنجومەنێکی راوێژکاری دەبێت و لەمانە پێك دێت:

1-وەزیر: سەرۆکە.

2- بریکاری وەزارەت: ئەندامە و لەکاتی ئامادەنەبوونی وەزیر سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەکات.

3- راوێژکاران: ئەندامن.

4- بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەت: ئەندامن.

5- هەر شارەزایەکی پسپۆڕی شیاو لەناو وەزارەت یا دەرەوەی وەزیر هەڵێ دەبژێرێ: ئەندامە.

6- نوێنەری وەزارەتەکانی پەیوەندیدار لەسەر بانگهێشتی وەزیر: ئەندامن.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تقترح اللجنة اضافة مادة الى المشروع بتسلسل المادة الرابعة كالآتي:

1-الوزير: رئيسا.

2- وكيل الوزارة: عضوا ويرأس المجلس في حالة غياب ا لوزير.

3- المستشارون: اعضاء.

4- المدراء العامين في الوزارة: اعضاء.

5- اي خبير اختصاصى مناسب من داخل الوزارة او خارجها يختاره الوزير: عضوا.

6- ممثلي الوزارات ذات العلاقة بدعوة من الوزير: اعضاء.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە لەلایەن لیژنەی یاسایی موفتەرەحە, لەپرۆژەی یاسای هەموو وەزارەتەکان ئیزافەی لەسەرکرا, دانانی مەجلسی ئیستیشاریە, هەموو وەزارەتەکان وا هاتووە, تەنیا ئەوە نەبێ کە وەزارەتەکان تەحدید

نەكراوە, بۆ ئەوەی ئەو دانیشتنە وەزیر تەحدیدی دەكات, كام وەزیر پەیوەندیدارە, ئەگەر قسەی لەسەر نییە, دەیخەمە دەنگەوە, ئەو موقتەرەحەی لیژنەی یاسایی, بۆ زیاد كردنی ئەو ماددەیە, كێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەیە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵ نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆی دەنگ قبوڵ كرا, برۆ سەر ماددەی دواتر, فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنجەم:

وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی یا بەشی تازە لە نوێ دابمەزرێنێ یان لێكیان بدات یاخود هەڵیان بوەشێنێتەوە لەكاتی پێویست لەناو پێكهاتەكانی وەزارەتدا.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێنجەم/ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەكانی پێنجەم و شەشەمەوە هەیە، ئەوا لیژنە پێشنیاز دەكات لێك بدرێن لەناو یەك ماددە دا و بە زنجیرەی ماددەی پێنجەم و بڕگەیەكی تری بخرێتە سەر و بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە:-

ماددەی پێنجەم

یەكەم: كاروتایبەتمەندیەكانی پێكهاتەكانی وەزارەت بە پێڕەو دەستنیشان دەكرێن.

دووەم: وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی یان بەش یان هۆبەی وەزارەت لە نوێ دابنێ یان لێكیان بدات یاخود هەڵیانوەشێنێتەوە بە پێی پێویستی كارەكانی وەزارەت لەكاتی پێویست دا.

سێیەم: وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانكاری جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربچووێنێ.

بەڕێزان ئەوەش وەكو هەموو وەزارەتەكانی تر كردوومانە بەیەك ماددە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەكەم/ لێژنەی یاسایی ئیقتیراح دەكات, هەردوو مادەكە بێتە یەك ماددە, وەكو هەموو وەزارەتەكان, چونكە مودیریەتەكان دەسەڵاتی وەزارەت خۆیەتی نامێنێ, دووەم/ وەزیر بۆی هەیە دەمج و هینەكان بكاتن و, تەعلیمات دەربهێنێ, وەكو هەموو وەزارەتەكانە, باوەڕناكەم كەس موناقەشەی هەبێ, دەیخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەیە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵ نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بەكۆی دەنگ وەرگیرا, ئەو دەنگدانە لەسەر دەمج كردنی هەردوو ماددە بوو, ئێستا ماددەكە خۆی دەخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵ نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, ماددەكە بەكۆی دەنگ قبوڵ كرا, برۆ ماددەی تر, فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی حەوتەم: وەزیر بۆی هەیە هەندێ لە دەسەلاَتەکانی بداتە ئەو کەسەی کە شیاوە لەناو کارمەندانی وەزارەتدا.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی حەوتەمەوە هەیە لە پڕۆژەکەدا، ئەوا لیژنە پێشنیاز دەکات هەڵوەشێتەوە چونکە زیادە و چەمکەکەی لە داڕشتنە نوێیەکەی پێناسەکردنی وەزیر لە ماددەی سێیەمی ئەم ڕاپۆرتەدا هاتووە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەو ماددەیە موقتەرەحی لیژنەیە, قانونە ئیلغا بکرێ, لەبەرئەوەی بۆتە بڕگەیەك لە ماددەی پێشوو تر, ئەو موقتەرەحە دەخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ ئەوەش ئیلغا کرا, بڕۆ ماددەی دواتر, فەرموو.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لێژنە پێشنیاز دەکات ماددەیەك بە زنجیرەی ماددەی شەشەم بخرێتە سەر یاساکە و بەم شێوەیە دابرێژرێتەوە:**

**ماددەی شەشەم:**

**یاسای ژمارە (11)ی ساڵی 1992ی وەزارەتی رۆشنبیری و هەموارکردنی یاسای ژمارە (6)ی ساڵی 1998ی هەڵدەوەشێتەوە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئەمە تەبیعیە, تەحصیل حاصڵە, ئەم یاسایە کە دەرئەچێت, یاسای پێشوو هەموار کرایە, بە قانون کرایە ئیلغا بکاتەوە, موقتەرەحی لیژنەی یاسایی بۆ ئیلغای قانونی وەزارەتی سەقافەی ژمارە (11)ی ساڵی 1992, تەعدیلەکەشی رەقەم (6) ساڵی 1998, کێ لەگەڵ موقتەرەحی لیژنەی یاساییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, ئەوەش بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا, فەرموو بۆ ماددەی دواتر.**

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**کار بەهیچ دەقێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی هەشتەمی پڕۆژەكەوە هەیە، كە دەبێتە ژمارە ماددەی حەوتەم، لیژنە پێشنیاز دەكات بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە :-

ماددەی حەوتەم:

كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یان بڕیارێك ناكرێ ئەگەر لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە ناكۆك بێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەم ماددەیەش وەكو ماددەی پڕۆژەكانی وەزارەتەكانی تر كە پەسند كرا, ئەو موقتەرەحی لیژنەی یاسایی بەم شێوەیەی كە خوێندرایەوە دەیخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵ دا نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بە كۆی دەنگ قبوڵ كرا, بڕۆ سەر ماددەی دواتر, فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی نۆیەم:

پێویستە وەزیری پەیوەندیدار و تایبەتمەندەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی نۆیەمی پڕۆژەكەوە هەیە كە دەبێتە ژمارەی ماددەی هەشتەم، ئەوا لیژنە پێشنیاز دەكات بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە :-

ماددەی هەشتەم: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

موقتەرەحی لیژنەی قانونی لەسەر ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵ دا نییە, دەستی بەرز بكاتەوە؟ فەرموون, بە كۆی دەنگ قبوڵ كرا, بڕۆ ماددەی تر, فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاْوكردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی كوردستان) جێبەجێ دەكرێ.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی دەیەمی پڕۆژەكەوە هەیە كە دەبێتە ژمارەی ماددەی نۆیەم ئەوا لیژنە پێشنیاز دەكات بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە:-

ماددەی نۆیەم:

ئەم یاسایە لەڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەكرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی كوردستان) بلأودەكرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

موقتەرەحی لیژنەی قانونی بۆ ماددە نۆ دەخەمە دەنگەوە, كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵ دا نییە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, بە كۆی دەنگ قبوڵ كرا, ئەسبابی موجبەكەی بخوێنەوە, فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هۆیە پێویستیەكانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە

سەبارەت بەو پەرەسەندنەی كە لە بوارە هونەرییەكاندا لەهەرێمی كوردستانی عێراق لە رووی چەندی و چۆنیەوە هاتۆتە ئاراوە و لە پێناوی فەراهەمكردنی پێویستی و یستە بنچینەییەكان بۆ درێژەدان بەو پەرەسەندنە و كاراكردنی بەرەو باشتر چوونی و بۆ رۆیشتن لەگەڵ ئارەزووی حكومەتی هەرێمی كوردستانی عێراق شان بەشانی بزووتنەوەی رۆشنبیری لە دەوڵەتە دراوسێكان بەتایبەتی و جیهان بەگشتی ئەم یاسایە دەرچووێنرا....

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە دوایشدا ئەوەی پەیوەندی بە هۆیە پێویستیەكانی دەرچوونی یاساكەوە هەیە ئەوا لیژنە پێشنیاز دەكات بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە :-

هۆیە پێویستیەكانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە

سەبارەت بەو پەرەسەندنانەی كە لە بوارەكانی رۆشنبیری و هونەری و ڕاگەیاندن لە هەرێمی كوردستان-عێراق ڕوویانداوە و لە پێناوی فەراهەمكردنی پێویستیە بنەڕەتیەكانی بۆ بەردەوام بوونی ئەو پەرەسەندنانە و كاراكردنیان بەرەو باشتر و بۆ ڕۆیشتن لەگەڵ هیوا و ئاواتی گەلی كوردستان لە خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو بوارانەی لە ناوچەكەدا بەشێوەیەكی تایبەتی و جیهان بە شێوەیەكی گشتی و سەبارەت بە لێكردنەوەی فەرمانگەكانی وەرزش و لاوان و شوێنەوارەكان لە وەزارەت و بۆ دووبارە

ڕیکخستنەوەی پێکهاتە و تایبەتمەندییەکان و ئەرکەکانی وەزارەت، وای خواست ئەم یاسایە دەربچووێندرێت.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

واخيراً فيما يتعلق بالأسباب الموجبة، تقترح اللجنة صياغتها كالآتي:-

الأسباب الموجبة

نظراً للتطورات الحاصلة في المجالات الثقافية و الفنية و الاعلامية في اقليم كوردستان ـ العراق، و بغية توفير المستلزمات و المتطلبات الأساسية لادامة هذه التطورات و تفعيلها نحو الأفضل و تماشياً مع تطلعات شعب كوردستان في مواكبة المجالات المذكورة في المنطقة بشكل خاص و العالم بشكل عام و لفك ارتباط دوائر الرياضة و الشباب و الآثار من الوزارة و لاعادة تنظيم تشكيلات و اختصاصات و مهام الوزارة فقد اقتضى تشريع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پڕۆژەکە لەگەڵ هۆکارەکانی دەرکردنی، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ پڕۆژەی یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیریە، دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ نییە، دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون، بەکۆی دەنگ قبوڵ کرا، زۆر سوپاس، ئومێدەوارم کە دەرکردنی ئەم یاسایە ببێتە هۆکاری ئەوەی وەزارەت بەرەوپێش بچێ بتوانێ ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، لە خزمەتی گەل و نیشتیمان و ڕۆشنبیری تازە بێت، بەشێوەیەك گەلەکەمان بەرەوپێش بچێ، ڕووبەڕووی هەموو ناکۆکییەك ببێتەوە، کۆمەڵگا هێشتا لێی دەناڵێنێ، ئەمەش پاشماوەی ڕۆشنبیری ڕژێمی بەعسە، ڕۆشنبیری دژایەتی مافەکانی ئافرەتانەو ژنانە، ڕۆشنبیری پێکەوە ژیانە، کە پاشماوەی بەعسە، ئومێد دەکەین کە وەزارەت بە ئەرکەکانی هەڵبستێ، سەرکەوتوو بێت، دڵنیاشم لەوەی کە لەدەستێکی ئەمین دایە و، برایەکی خۆشەویست لەلای ئێمە، ڕۆشنبیریێکی گەورەی گەلەکەمانە جەنابی وەزیر، من مەدحت ناکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی تاریخێکی دوورودرێژی لە تەبیعەتی خۆم دەرئەچم، هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم، تەنیا داوام لێی ئەوەیە کە هەوڵ بدات بۆمان یاسای کاری ڕۆژنامە نووسی کە لەلایەن سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و، چەندین کەسی پسپۆڕمان بۆ هاتبوو ناردوومانە بۆ حکومەت، حکومەتیش داویەتی بە وەزارەتی ڕۆشنبیری پەلە بکاتن، بەزووترین کات ئەو پرۆژەیە بۆمان بێت، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو یاسایە دەربکەین، فەرموو جەنابت ئەگەر قسەت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فلك الدین کاکەیی/ (وەزیری ڕۆشنبیری):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر خۆشحاڵم و، سوپاسی بەڕێزتان دەکەم بۆ ئەو بایەخەی کە بە یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری داوتانە، کە وجودی بەڕێزتان و هەموو سەرۆکایەتی پەرلەمان، بووە هۆی ئەوەی کە سەرکەووین ئەمڕۆ لە دانانی پڕۆژەیەکی زۆر گرنگ، کە یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیریە، هەروەها زۆر سوپاسی هەموو ئەندامانی پەرلەمان

دەکەم, بەهەستێکی بەرزەوە یاساکەیان دەوڵەمەند کرد, زانیاریەکی زۆریان دا بە ئێمە, ڕێنمایی زۆریان بە ئێمە دا, کەئەتوانین ئیستیفادەی لێبکەین لە ژیانی رۆژانەماندا, زۆر سوپاسی لیژنەی یاسایی دەکەین, بەڕاستی چەندین جار لەگەڵیان دانیشتین زۆر هەوڵیان دا کەوا بیروڕاو بۆچوونەکانیان لێك نزیك بکەنەوە, بووەهۆی ئەوەی کە بەزووترین کات یاساکە بە ئەنجام بگات, هەروەها لیژنەی رۆشنبیری پەرلەمان کە ئەوانیش چەندین جار دیمانە, بەلاّم رەنگە بەتەفصیلی باسمان نەکردبێ, بەلاّم لەهەمان کات یارمەتی ئێمەیان داوە, ئەمڕۆش ئەم تێبینیانەیان پێشان دا, یاساکە دەوڵەمەند بوو, بەتایبەتی بە دانانی ئەو دوو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە تازەیە, کە رۆشنبیری و هونەری تورکمان, رۆشنبیری و هونەری سریانی بوون, پیرۆزبایی لە هەردوو نەتەوە دەکەم, کە ئومێدەوارم بەمە بتوانین خزمەتی زیاتریان بکەین و, دڵنیاتان دەکەینەوە کە وەکو ئێوە چاوەڕوانن, وەزارەت پابەندی یاساکان بن, پابەندی ڕێنمایەکان بن, هەروەها خزمەتی میللەتەکەیان بکەن, ئێمە بەو ڕێگایە دەڕۆین تا رزگاری کۆتایی و, ئومێدەوارین کەوا لە ئایندەش پڕۆژەی یاسای راگەیاندن و, پڕۆژەی کاروباری راگەیاندن لەئەنجومەنی وەزیران پێمان گەیشتووە, ئێمە پێتان رادەگەینین, دوای دیراسەتێکی قوڵتر, بێگومان کەمایەسی زۆر هەیە لەکاروباری رۆژنامەنووسی, پێویستمان بە یاساکە هەیە, تەنانەت ئەم یاسایەی ئەمڕۆش کەوا پەسەند کرا, زۆر کێشەمان بۆ چارەسەر دەکات, کێشەمان هەیە لەوەزارەت لەسەر مەسەلەی ئیداری, لەسەر هەیکەل, ئەمە وامان لێدەکات کە بتوانین ئەم کێشانە چارەسەر بکەین بەزووترین کات, چونکە هەندێ ئیجرائات نەمان دەزانی چی دەبێ, هەیکەلی ئیداری چۆن دەبێ, ئەمە پشتگیریمان دەکات کەوا بتوانین ئەو کێشانە چارەسەر بکەین و, بەتایبەتی ئەو پڕۆژانەی کە بۆ ڕێکخستنی کاروباری رۆژنامەگەری زۆر گرنگە, وەزارەتی رۆشنبیری بەهاوکاری سەندیکا بیکات, ئێمە پشتیوانی لێدەکەین لەو پڕۆژەیە, لەناوەڕۆکەکەی بێگومان دەقەکەی بۆ بەرچاوی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کە ئەوان بڕیاری نیهائیی لەسەر بدەن, ئێمە بەگشتی لەگەڵ ئەو پڕۆژانەین, دوو پڕۆژەیە, پڕۆژەیەکی بۆ راگەیاندنی هەرێمی کوردستانە, زۆر گرنگە بۆ ڕێکخستنی رادیۆ و تەلەفزیۆن و دەزگا ئەساسیەکانە, ئەوەی تر بۆ کاروباری رۆژنامەگەرییە, کەدیسان کێشەمان زۆرە, کە لێرە باسمان کرد, لەو تێبینیانەی کە باس کرا, هەندێ مەسەلەی ڕێزلێنان, ئەوانی تر, ئەوانە هەمووی پەیوەندی بەو کارانە هەیە, ئەمڕۆ بەلای منەوە کارێکی زۆر گرنگ کرا, بۆ بزووتنەوەی رۆشنبیری لەکوردستان و, ئەتوانرێ ئەو خاڵانەی کە چەسپا لە یاساکە, زۆر گرنگە ئەگەر ئێمە بتوانین وەزیری بەڕێزان کە دێن دوای ئەوە, یان ئیدارەتی بەڕێوەبەرە گشتییەکان کە دادەمەزرێن, بتوانن پێڕەوی بکەن, دەتوانن زۆر شتی گرنگ ئەنجام بدەن, جارێکی تر سوپاسی گەرمی خۆم بە بەڕێزتان و بە هەموو سەرۆکایەتی پەرلەمان, بە بەڕێزانی لیژنەی یاسایی, لیژنەی رۆشنبیری, هەموو ئەندامانی پەرلەمان دەگەیەنم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرنامەی کاری بەیانی سەعات 10:30, پرۆژەی تایبەت بە کار نەکردن بە بڕیاری ژمارە 25 ساڵی 1997, واتە مەسەلەی خانەنشینی مامۆستایان, تەمەنەکەی گۆڕینی, دووەم/پرۆژەی یاسایی وەزارەتی تەندروستی لەهەرێمی کوردستان سەعات 10:30, کاک سعد فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی بەهۆکاری ئەوەی کە وەزیری تەندروستی سەفەری دەرەوەی وڵاتی کردیە, بۆیە داوا دەکەین نەخرێتە بەرنامەی کار, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, کەواتە ئێمە بەرنامەی کاری بەیانیمان خوێندنەوی چەند پرۆژەیەك دەبێ, خوێندنەوەی یەکەمی چەند پرۆژەیەك دەبێ, لەبەر ئەوەی نامانەوێ زۆر وەختمان بچێ, کەواتە سەعات 11:00 جەلسە دەست پێدەکات, ئێستا کۆتای بەدانیشتینەکەمان دەهێنین, بەخێربێن سەرچاو, فەرموون.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (20)**

**سێ شەممە رێكەوتی 29\5\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (20)

## سێ شەممە رێكەوتی 2007/5/29

كاتـژمێر (11)ی سـەر لـە بـەیانی رۆژی سـێ شـەممە رێكـەوتی 2007/5/29 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق بـە سـەرۆكایەتی بـەڕێز عـدنان رشـاد مفـتی سـەرۆكی ئەنجومـەن و, بـە ئامـادەبوونی بەڕێزمحمـد قـادر عبـدالله(د.كمـال كـەركووكی) جێگـری سـەرۆك و, بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (20)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتانی عێـراق, دەسـتەی سـەرۆكایەتی ئەنجومـەن بڕیـاردرا دانیشـتنی ژمـارەی (20)ی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبـژاردنی دووەمـی پەرلـەمانی كوردسـتان – عێـراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆردنی پرۆژەی بڕیاری راگرتنی كاركردن بە بڕیاری ژمارە (25)ی ساڵی 1997.

2- خسـتنەڕوو و گفتوگـۆكردنی پـرۆژەی بڕیـاری راگرتنـی مـەرجی شـووكردن بـۆ دامەزرانـدنی داواكـاری گشتی.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی بڕیاری خانەنشین كردنی سەرپەرشتی دادیی.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی تەندروستی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (20)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات(11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2007/5/29دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆردنی پرۆژەی بڕیاری راگرتنی كاركردن بە بڕیاری ژمارە (25)ی ساڵی 1997.

2- خسـتنەڕوو و گفتوگـۆكردنی پـرۆژەی بڕیـاری راگرتنـی مـەرجی شـووكردن بـۆ دامەزرانـدنی داواكـاری گشتی.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی بڕیاری خانەنشین كردنی سەرپەرشتی دادیی.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی تەندروستی.

دیاره دوێنی بڕیار وابوو, خوێندنەوەی یەکەمی چەند پڕۆژەیەك بکەین, بەڵام بەداخەوە لێرە, هەم کارەبا نەبوو و کۆمپیتەرەکان ئیشی نەکردووە زۆریش بوو, یەعنی هەریێکە 30 لاپەڕە, بۆ ئەوەی ئامادەیان بکەن بۆتان, بۆیە خوێندنەوەی یەکەمی ئەو پڕۆژانە دواخرا بۆ دانیشتنێکی تر تا حازر بێت و, ئەمانە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە, زۆریشیان کورتن و زۆر ناخەینێ, بۆ ئەوەی بیخەینە بەردەمتان, گفتوگۆی لەسەر بکەین و بڕیاری لەسەر بدەین, داوا لە لیژنەی یاسایی و لێپرسراوی لیژنەی پەروەردە دەکەم بێن, لەشوێنی خۆیان دابنیشن, کاك فاروق قسەی هەیە, فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/(وەزیری داد):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس, من پێم باش بوو تەعدیلەکان ئیدیعای عام هەمووی بەیەکەوە, بەجارێك بیکەین, چونکە دوو تەعدیلە, یەکێکیان ئەوەی ئێستا جەنابت باست کرد, ئەوەی تریان ئەو تەعدیلەی کە لە ئەسنای مودیر عام کرد وەکو قەزا بێتن, ئێستا پێدەچی پڕۆژەکەی دووەمی لەگەڵ نەبێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەفوم بکە, با خاڵی یەکەم تەواوکەین, وەکی گەیشتینە خاڵی دووەم ئینجا هینی دەکەین, خاڵی یەکەم (خستنەڕوو و گفتوگۆردنی پڕۆژەی بڕیاری راگرتنی کارکردن بە بڕیاری ژمارە (25)ی ساڵی 1997), ئەمە کورتیشە, سەبرت لەگەڵمان هەبێتن, داوا لەلیژنەی یاسایی دەکەم, دەقی پڕۆژەی قەراڕەکە کە لەلایەن حکومەتەوە هاتووە بۆ ئێمە, سەبارەت بە راگرتنی کارکردن بەبڕیاری ئەنجومەنی نیشتیمانی رەقەم (25) رابگیرێت, پاشان راپۆرتی هەردوو لیجنەکە بیخوێنەوە, فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕیار

پشت بە حوکمەکانی برگەی یەکەمی ماددەی (56)ەم لەیاسای ژمارە (1) ساڵی 1992 بەپێی پێشنیارکردنی وەزیری پەروەردە و رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران, ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستانی عراق لەدانیشتنی رۆژی / /2007 بڕیاری دەکردنی ئەم بڕیارەیدا:

1- راگرتنی کارکردن بەبڕیاری ئەنجومەنی نیشتیمانیی ژمارە (25)ی ساڵی 1997.

2- لەسەر وەزارەتە تایبەتمەندیەکانە حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

3- ئەم بڕیارە لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی وەقائیعی کوردستان جێبەجێ دەکرێ.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قرار

استنادا الى احكام الفقرة الاولى من المادة السادسة و الخمسين من القانون رقم (1) لسنة 1992 و بناء على ما عرضة وزير التربية ووافق عليه المجلس الوزارء, قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /2007 اصدار القرار الاتي:

1- ايقاف العمل بقرار المجلس الوطنى الكوردستاني رقم (25) لسنة 1997.
2- على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القرار.
3- ينفذ هذا القرار اعتبارا من تاريخ نشره في جريدة وقائع الكوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی لیژنەی یاسایی تەقریرەكەی بخوێنێتەوە, تەنیا بۆ ئەوەی لەلای روون نییە قەراری (25) چییە و, ئێمە داوا دەكەین ئیلغای بكەین, قەراری (25) لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەرچووە, تەمەنی خانەنشینی تەحدید دەكات بە (68) ساڵ, لەجیاتی (63) ساڵ بۆ مامۆستایان و موشرفینی تەربەوی, فەقەرەیەكیش لەمەشروعەكە تەقدیمی مەجلسی وزەرای كردووە, كە تەمەنی خانەنشینی تەخوییلی مەجلسی وەزرا كراوە, لە 63 ساڵەوە بیكاتە 68 ساڵ, بەنیسبەت فەرمبەرانی تر, غەیری ئەوانەی كە ئاماژەمان پێكرد, ئەو قەرارە داواكراوە ئیلغا بكرێ, داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم رەئیەكەی خۆیان بخوێننەوە, فەرموو.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆ/ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتیمانیی كوردستان- عێراق

ب/ راپۆرتی لیژنەی یاسایی

لیژنەكەمان هەستا بەلێكۆڵینەوەی پرۆژە بریاری لەكارخستنی بریاری ژمارە (25) ی ساڵی 1997ی ئەنجومەنی نشتیمانیی كوردستان- عێراق, كە دوای خوێندنەوەی یەكەمی لە پەرلەمان لە 2007/3/27 بۆمان هەواڵەكرابوو, دوای گفتوگۆ و راگۆڕینەوە, لیژنە تەئییدی پرۆژەكە دەكات و, راسپاردەشی ئەوەیە ئەو بریارە لەكاربخرێ, تەمەنی خانەنشینی ئیجباری بۆ مامۆستایانی سەرەتایی و مودەڕیس و سەرپرشتیاری پەروەردەیی گۆڕی لە 63 ساڵەوە كردبووی بە 68 ساڵ, چونكە تەمەنی 63 ساڵ لەبارترین تەمەنە بۆ خانەنشینی كادێری پەروەردە تا ماوەیەك هەبێ بۆ حەوانەوە و سەقامگیری و ژیانی ئاسوودەیی بۆ برەخسێ, رەحەت بێ و دووربێ لە بەرپرسیارەتی و ئیلتیزام, ئەمەش رێزلێنانێكە لەخۆیان و لەو خزمەتە گەورەی بەپەروەردە و فێركاریان كردووە, كە هەمیشە هەر شایەنی ئەم رێزە بوون, لەلایەكی دیكەوە بوار بۆ كادیرە لاوەكان دەرەخسێ كەجێگایان بگرنەوە, ئەو ئەرك و وەزیفانە بگرنە ئەستۆ, تكایە تەماشای پێشنیازەكەمان بفەرموون و ئەصڵی پرۆژەكە بخەنە بەردەمی ئەنجومەن.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

الى/ رئاسة المجلس الوطني لكوردستان- العراق

م/ تقرير اللجنة القانونية

قامت لجنتنا بدراسة مشروع قرار ايقاف العمل بقرار المجلس الوطني الكوردستاني المرقم 25 سنة 1997 المحال اليها بعد القراءة الاولى له في البرلمان بتاريخ 2007/3/27 وبعد المناقشة و المداولة تؤيد اللجنة المشروع و توصي بايقاف العمل بقرار جعل سن التقاعد الاجباري بالنسبة الى المعلمين و المدرسين و المشرفين التربويين الاختصاصيين 68 بدلا من 63 الذى هو انسب الاعمار للاحالة على التقاعد بغية منح الكوادر التربوية فترة راحة و استقرار و العيش بامان بعيدا عن المسؤوليات و الالتزامات وفي ذلك تقدير لهم و

لخدماتهم الجليلة في خدمة التربية و التعليم و الذين كانو دائما جديرين بهذا التقدير و من جهة اخرى ان ذلك يفسح المجال لحلول الكوادر الشابة محلهم في وظائفهم و واجباتهم.
راجين التفضل بالاطلاع و عرض أصل المشروع و رأي اللجنة القانونية بشأنه على المجلس للمناقشة و ابداء الرأي المناسب بصدده.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی تەربیە فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم داواكاریە لەلایەن لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵاوە ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی پەروەردە كرا, بۆ ئەوەی تەمەن لە 68 ساڵ بكرێت بە 63 ساڵ, لەبەر ئەوە ئێمە لەگەڵین بەهەموو شێوەیەك, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی بیدەینە تەصویت, تۆزێ روونكردنەوەی دەوێت, چونكە قەراری (25) دوو فەقەرەیە, فەقەرەی یەكەم/ ئەوەی كە ئاماژەی پێكرا, باسمان كرد لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردەش بەنیسبەت فەقەرەی یەكەمەوە, دەڵێ تەمەنی خانەنیشینی ببێتە 63 ساڵ, ئەوە تەسبیت دەكرێ, فەقەرەی دووەم/ لە وەختی خۆی رەفز كراوە, داوای دەسەڵاتیان كردبوو, ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتیان بدرێتێ, بۆ ئەوەی هەموو فەرمانبەران لە 63 ەوە, دەسەڵاتی هەبێتن خانەنشینی بكرێتە 68, ببێتە دەسەڵاتێكی ئەنجومەنی وەزیرانی حكومەتی هەرێمی كوردستان, وەختی خۆی كە رەفز كراوە, ئێستا بەس تەسبیتی فەقەرەی یەكەم دەكەین, ئەوەی تریش نامێنێ, یەعنی ئیشارەتی پێنادەین, تەنیا ئەو بڕیارەمان بۆ مامۆستایان و مودەرسین و موشرفینی تەربەویە, كەتەمەنی خانەنشینی لە 63 ساڵ ببێتە 68 ساڵ, عەفوو ئیلغا بكرێ, یەعنی 68 ببێتە 63 ساڵ, ئەوەی دەیەوێ قسە بكات, ناویان دەنووسم, فەرموو كاك جمال.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕەئیی من داوایەكی رەوایە, بەڵام لەكۆمەڵگای مەدەنی (63) نییە (65)ە, ئەوە ستاندەرە تەقریبەن لەهەموو عالەم, بەمەرجێ خەرج نەبێ, مەسەلەن یەكێ بووبە (65) ساڵ راستەوخۆ تەقاعودی بكەی, چونكە زۆر كەس هەیە كە ئەبێتە (65) ساڵ خەبیرەی زۆری هەیە, توانای زۆری هەیە, لەناحیەی صەحی توانای هەیە, یەعنی خواستەكەی هی خۆی بێت, خۆی ئەگەر ویستی تەقاعود بێ, با تەقاعود بێ, ئەگینا تا ئەو كاتە بێت كە توانای هەیە دەور ببینێ, لەهەموو شوێنێك وایە, ئەم نوقتەیە بۆیە باس ئەكەم, چونكە ئێستا لەوەزارەتی داخلی ئەمریكیان دەركردووە, هەركەسێ عومری ئەگاتە ئەو تەمەنە, بەبێ ئەوەی بیر لەتەمەنی بكەیتەوە, بیر لەصەحەتی بكەینەوە, بیر لەوەی بكەنەوە كە زۆر فەعالە, زۆر بەتوانایە و ئستیفادەی زۆری لێدەكرێ, یەكسەر تەقاعودی دەكەن و ئەینێرنەوە ماڵەوە, ئەوە شتێكی خراپە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من (63) ساڵ زۆرە, بەڕاستی سنی تەقاعود لەلای هەموو جیهان وایە, بەڕاستی خوێندکارێك کە مەعهەدی مامۆستاتان تەواو دەکات, لەتەمەنی 22 ساڵی تەواوی دەکات, یەعنی 40 ساڵ بەردەوام لە مەدرەسە دەرس بە تەڵەبان بڵێ, ئینجا دەگاتە سنی تەقاعودی, یەعنی 40 ساڵ گەلێك زۆرە, لەبەرئەوە سنی تەقاعودی 60 ساڵ بێت, 63 ساڵی سنی ئیجباری بێت, یەعنی تەقاعودیەکە وەك ئەوەی کاك جمال باسی کرد, مودەی ئەوەی هەبێ کە ئەگەر خۆی داوای کرد سێ ساڵەکەش بەردەوام بێت, یەعنی 63 ساڵەکە ئیجباری بێت, بەلاَم 60 ساڵەکە سنی تەقاعودی بێت و, حەقی ئەوەی هەبێت تەقاعود بێت, سوپاس.

**بەڕێز سارا خضر پیروت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لابردنی (63) ساڵەکە زۆر گونجاوە, لەبەرئەوەی ئێمە لەبەر نزیکیمان لە توێژی مامۆستایان و تەتبیق کردنی ئەو بڕیارە, هەتا ئێمە دەڵێین (63)کە حەقی خۆیەتی کە لاببردرێت, بەلاَم 68 ەکە ببێ لەگەڵ ئەوەدا ئارەزووشی تێدابێ, چونکە تەمەنی کارکردن و چالاکی لەبواری پەروەردە بەڕاستی پەیوەندی بە پەروەردە نییە, لەوانەیە مامۆستا هەبێ تەمەنی (30) ساڵ بێت, بەلاَم روحی پیرە و توانای ئیش کردنی نییە, یەعنی چالاکی پەیوەندی بەتەمەنەوە نییە, با ئارەزووشی تێدابێ (68)ەکە باشە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆئەوەی جارێکی تر شەرحی بکەمەوە, منیش لام گران ببوو, خۆی لەئەساسدا (63) ساڵ بووە, پەرلەمان لەبەر رۆشنایی بڕیارێکی خۆی بەرەقەم (25) کردوویەتی بە (68), حکومەت ئێستا دەڵێ ئەو قەرارەمان بۆ ئیلغا بکەوە و, بیکەوە (63), یەعنی حکومەت ئێستا داوا دەکات ببێتەوە (63), یەعنی ئێستا موناقەشەکەتان ئینتیباه بکەن, چونکە من بەعەکسەوە تێگەیشتبووم, کاك غفور, فەرمووو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خوای گەورە و میهربان, بەنیسبەت ئەو بڕیارە ئەم ساڵ, ساڵی خوێندن دەستی پێکرد, کۆمەڵێك مامۆستا خانەنشین کران و, هەموویان نارەزاییان دەربڕی, ئەوە بوو هاتنە پەرلەمان بەخۆم چووم لەگەڵیان بۆلای سکرتێری پەرلەمان, یاداشتەکیان دا بەسەرۆکایەتی پەرلەمان, لەگەڵ ئەوە نەبووم, بەڕاستی ئەو (63) ساڵە و (68) ساڵەیان پێ زۆر بوو, لەهەمان کاتدا ئێمە پێویستیمان بەشارەزایی ئەوان دەبێت, بۆیە من لەگەڵ ئەوە نیم کە (63) بێت, (68) ساڵەکە باشترە و, لەبەرژەوەندی مامۆستایان دایە و, خۆشیان بڕیارەکە بۆ ئەوان دەردەکرێ, وەکو رێزگرتنێکە لەوان, ئەوان خۆیان ئەو شتەیان ناوێ, ئەوان (68) ساڵەکەیان ئەوێ, چونکە (63) ساڵەکە زۆر کەمە, بۆ خانەنشینیان, ئێمە ئەگەر بمانەوێ خزمەتی

مامۆستایان بکەین, توێژی مامۆستایان بکەین, دەبێ گوێ لە راو سەرنجەکانیان رابگرین, هیچ نا دەبوایە ئێمە تەماشای ئەو یاداشتەمان کردبا کە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرزکرابۆوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موناقەشەکە ئەگەر تێگەیشتن موناقشەکە کورت بکەنەوە, یان بڵێن باشە, یان بڵێن خراپە, ئێستاکە تێگەیشتن, ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەم کە تەمەنی 63 ساڵ بمێنێ, بەلاّم نەك بەمەرجی ئیجباری بێت, بەمەرجی ئارەزوو بێت, ئەو کەسەی کە رەغبەتی هەیە لە 63 ساڵ خۆی تەقاعود بکات, ئەو کەسەی کە رەغبەتی نییە و, توانای کارکردنی هەیە با بەردەوام بێت تا تەمەنی 68 ساڵ, ئەوە بەڕای منەوە زۆرینەی مامۆستایەکان, لەنزیکەوە ئاگاداریانین ئەو رایەیان بەدڵ بووە, پەسندیان بووە, بەلاّم داواکاریەکی ترم هەیە لێرە, بەڕاستی لەدوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە وەکو دروست بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان, کۆمەڵێك مامۆستا لە خیلالی ئەم ساڵە خانەنشین کراوە, لەهەولێر و دهۆك, راتبیان زۆر کەمە, لە ناوچەی سلێمانی راتبیان زۆرە, ئەوجا یاداشتێکیان هێنابوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەوزوعێکی ترە, ببوورە لەمەوزوع دەرچووی, فەرموو ڤیان دەزیی.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان رەئیی ڤیان خانم هەیە, لە 63 ساڵ ئیختیاری بێت, بەلاّم لە 68 ساڵی ئیجباری بێت, ئەمە یەك, دوو/ ئێستا ئێمە لەنزیکەوە چەند مامۆستایەکمان دیتووە و مامۆستای خۆمان بووە, داوای ئەوە دەکەن هەندێکیان سەڵتن, ئێستا کاتی ئیش کردن و نەشاتدانیتیان و, راتبەکەشیان بەڕاستی لە 2003 ەوە بوویتە راتب, خێریان لێدیتوە و, تارادەیەك ئستیفادەیان لێکردووە, پێشتر بەڕاستی راتبەکە ئەوها نەبوو, ئێستا حەز دەکەن لە ئیش کردن بن, کەواتە با 63 ساڵەکە ئیختیاری بێت, بەلاّم 68 ساڵەکە ئیجباری بێت, ئەگەر بێتو لە 63 ساڵ بێت, زۆر پرۆفیسۆری وامان هەیە لەزانکۆ دەیانگرتەوە, ئەو پرۆفیسۆرانە بەعلم و خیبرەدارن, یەعنی لەجامیعەکان پرۆفیسۆرمان هەر نامێنێ و, لەلایەنی قانونی دەبوایە پێش دەست بەکارکردنی ئەو یاسایە, دەبوایە بەکتابێکی رەسمی لە ئەنجومەنی وەزیران بهاتبایەوە ئەم یاسایەی رەتکردباوە, ئینجا دەست بەکار بوایە, ئێمە لەگەڵ نینە کە لیژنەی پەروەردە هەموومان لەگەڵ نەبووینە, وەختی خۆشی من نارەزاییم هەبووە و لەگەڵ نەبوومە, 63 بەئختیاری بێت, 68 بەئیجباری بێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستای زانکۆ شمولی ناکات, مامۆستای سەرەتایی, دواناوەندی, موشرفی تەربەوی, باسی ئەو سێیەیە, پرۆژەی قەرارەکە کە لەلایەن حکومەتەوە هاتووە دەڵێ, ئەو قەرارە ئیلغا بکەن, لەبەرئەوەی قسەکانتان موافیقە لەسەر ئەو پرۆژەیە, یان نا, ئەوە هین بکەن, مامۆستا کاکە تەوزیحت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوشك و برایان, هەندێکیان باسی ئەوەیان کرد, گوایە لە 63 ئیختیاری بێت, لە 68 ئیجباری بێت, پێم خۆشە ئەوەتان بۆ روون بکەمەوە, قانونی خدمەی تەقاعودی مەدەنی خۆی لە 25 ساڵ خدمە, ئیختیاری داوە بە مۆزەف داوا بکات و, حەقێکی خۆیەتی کە تەقاعود بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی ئیختیارەکە دائیمی هەیە, هەتا لە 60 ساڵیش هەر هەیەتی, فەرموو سوزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ بەرچاو روونی هەمووتان, لەگەڵ بەستنی کۆنگرەی پەروەردەیی بڕیاری نوێ بوونەوە و تازەکردنەوەی سیستەم, زۆری ئەو مامۆستایانەی کە چاویشمان پێکەوتووە پێیان باش بووە, تەمەنەکە بکرێتە 63 ساڵ, لەگەڵیان بووینە, ئێمە بەڕاوێژ کردوومانە, کاتێك کە هینەکەمان کردووە, کتابەکە بۆ ئەنجومەنی وەزیران, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری ئەوە دەکەم, فیعلەن 63 ساڵ تەمەنێکی زۆر باشە بۆ خانەنشین کردن, خەڵکی خۆشمان لێڕابینین بەڕاستی هەتا لەولاتی خۆمان ئەوەی جێی باش بێت بەجێیی ناهێڵێت, هەتا ئەگەر ببێتە سەد ساڵیش, بۆیە ئەوە بکەینە نەریتێك 63 ساڵ بەئیجباری خانەنشین بکرێن, پاشان ئەوانەی فیعلەن ئیختیصاصیان هەیە عەقد بکەن لەگەڵ حکومەت, توانایان هەیە بابێن بەعەقد لەگەڵ حکومەت ئیش بکەن, ئەگەر لە 63 ساڵی خانەنشین بووە قاعیدە, ئەوا جێگا بۆ گەنجەکانی تریش چۆڵ دەبێت بێنە پێشتر, لە 63 ساڵی بەتایبەتی لەلایەنی پەروەردە خەڵك تاقەتی نامێنێ, زاکیرەی باش نابێ, ئێمە دەمانەوێ بەتایبەتی لە جیلی تازە شتی تازەی پێگەیشتووان بڕێژین, بۆ ئەوەی چینێکی نوێ بێتە پێشەوە, بۆیە من پێشنیار دەکەم 63 ئیجباری بێت, بەبێ ئیستسنا هەموویان خانەنشین بکرێن, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د0ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ڕێزمدا, بۆ ئەو بەڕێزانەی کە دەڵێن 63 ساڵ بێت, بەلام ئەوان حیسابی باری ژیانی ئەمڕۆی مامۆستایان ناکەن, بەپێچەوانەوە من ئەڵێم با ئەو (68)ە بمێنێتەوە, چونکە بەداخەوە کەس ناچێتە

کۆلێژی پەروەردە, کەس نابێ بەمامۆستا, کەس ناچێتە مەعهدی مامۆستایان, چونکە مووچەی مامۆستا کەمە, ئێمە رۆژ بەرۆژ ژمارەی مامۆستایەکانمان زیاد ناکات, زۆریش پێویستیمان بەمامۆستا هەیە, بەتایبەتی لە دەرەوە, ئەگەر ئەتانەوێ عیلاجی ئەوە بکەن, کە ژیانی مامۆستا باش بێت, ئەوا قەیناکە ئەو وەختە بیکەرە 63, بەلاّم بە مەرجێك ئەبێت مووچەی مامۆستا زیاد بکرێ, چونکە ئێستا چەند ساڵ خزمەتی هەبێ, ئینجا ئەگاتە حەوت سەد هەزار دینار, یەعنی تۆ تەصەوڕ بکە چەند ساڵ خزمەت بکەی, تازە بگاتە حەوت سەد هەزار دینار, لەگەڵ ڕێزمدا هەندێ کار هەیە ناوی کەس نایەنم, بەلاّم خەڵکێك هەیە روبعی ئەوان ئیش ناکات و خزمەتی نییە, ئینجا سێ سەد یان چوار سەد هەزار دینار, یان پێنج سەد هەزار دینار وەرئەگرن, ئەوانیش کە تازە دائەمەزرێن مووچەیەکی کەم وەرئەگرن, لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەم ئەو 68 ساڵە با بمێنێ, کەی مووچەی مامۆستامان زیاد کرد, ژیانی مامۆستامان باشتر کرد, ئەوکاتە حەقی خۆیانە وەکو خەڵکی تر بیکەینە 63 ساڵ, سوپاس.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمان دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیرێ رەئێ د0 ناصح دکەم, راستێ هەکارە صەحب کرن, هەناکە نیسباکێ, نیسباکێ خوێندنێ, کوردستانێ حەمی ئەم صەحب کرن, ئەو سەبەبێ نیسبەیا رەئیسی مامۆستانە, ئەز دگەل (63)مە, چونکی بیخۆن ناشرین کرن, یەعنی مامۆستا بەێمە کرن هەنوکە پەیتڤی مامۆستانە, پەیتڤی سەرپرشتیارن و, پرسیاری ژ هەروەسەما هەیە, نیسبەت گەلك ژ خەڵك هاتنە کرن, هاتنە تەقاعود کرن و, عومری ئەوان نوکەیی نەگەیشتیە 63, سەبب چییە, ئەز نزانم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مەوزوعە نازانم رەغبەتە, یان علمیە, مەسەلەن خەڵك لەو مەنتیقەیە تەمەنی چەند ساڵە, لەسەر ئەوە حیساب کراوە, یاخود لەسەر مەوزوعەکە, من پێم وایە (68) ساڵەکە بمێنێ, بەلاّم 63 ساڵەکە رەغبەت بێت, ئەگەر رەغبەتی خۆی بوو, ئەوا 63 ساڵەکە بێت, بەلاّم 68 ساڵەکە بمێنێت, بەلاّم بۆ هەر لەسەر مامۆستایان بێت, ئەگەر مەسەلەی جێچۆڵ کردن بێت بۆ گەنجەکان, با پەرلەمان فەرمانبەرەکانیش بگرێتەوە, با وەزارەتەکانیش بگرێتەوە, با هەمووی بگرێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی بۆ هەموو فەرمانبەران (63)یە, بەلاّم بەو قەرارەی (25) کراوەتە 68 ساڵ, فەرموو د0 دلێر.

**بەڕێز دلیر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بیرو بۆچوونەکانی من وتران, ئەوە هی وەی نییە بلێیت بەڵێ یان نا, چونکە لایەنی ئیجابی و لایەنی سلبیشی هەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز خضر سلیمان خلیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆچوونا لیژنە یاسایی, وەكو ڕێزلێنانە بۆی, ئەگەر باری ژیانیشی ڕەچاڤ كردبانە, بەلاّم وەكی جەنابێ د0 ناصح گوت ئەوەی خەڵكێ كوردانە نایانەوێ تەقاعود بكرێن, وە گازەندێ خۆ بگەینە مە, لەبەر بارێ ژیانەوانە, تەنگاڤ دەبن, پشتی چەند ساڵ خزمەت و, باری ژیانی وان بە مووچەیەكی كەم, بۆیە من دگەل 68 ساڵم, یەعنی 63 گەلێ گازندە هەنە, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د0كمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەڕاستی لەولاّتی ئێمە عومر زوو پیر دەبێ, یەعنی وەكو ولاّتان كۆمەڵگای مەدەنی نییە, لەبەر ئەو زروفە, ئینسان زوو تاقەتی ئەكەوێ, بۆیە كە گەیشتە 68 تاقەتی ئیش كردنی نامێنێ, باری تەندروستی تەواو نابێتن, ئیحتیاجی بە ئیسراحەت هەیە, لەو ڕووەوە ئینسان ئەبێ ڕەچاوی بكاتن, بۆیە دیارە وەزارەتی پەروەردەش سەرژمێری خۆی كردووە, چەند قوتابی هەیە, چەند مامۆستا هەیە, چەند كەمە, چەند زیادە, هەرچەندێك بوو نوسخەیەكمان بۆ بنێرێ, بەلاّم لەگەڵ ئەوەش مادەم پێشنیاری ئەوانە, ئەویش پەسندە, ڕەئیی من ئەوەیە (63)یەكە زۆر موناسیبە, ئەگەر (60)ش بوایە باشتر بوو, ئینسانیش كەمێك ئیستیراحەت بكاتن, تەقاعودبوون كەم كردنەوە نییە لە ژیانی ئەو برادەرە, بەڵكو پاداشتێكە بۆی كە بتوانێ ژیانێكی باشتری هەبێت, بەمێشكێكی ئیستیراحەت ژیانی خۆی بباتە سەر, ئەوەی باس كرا كە ئیختیاری بێت, نەخێر ئەبێ ئیجباری بێت, بەلاّم لەحاڵەتێك ئەگەر پەروەردە پێویستی بە برادەرێك هەبوو, ئەتوانێ عەقدی لەگەڵ بكات, یان بەشێوەیەكی تر ئیستیفادەی لێبكات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز طلعت محمد صالح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگیر لە قسەكانی ڤیان خان و د0 ناصح دەكەم, بەس لەكاتێكی زۆر نا لەبار ئەو قەرارە دەرچوو پار, دەبوایە لەكاتی پشوو ئەو قەرارە دەربچێ, چونكە شێواندن زۆر دروست دەكاتن لەقوتابخانەكان و, منیش تەئكید دەكەم كە لە تەمەنی 68 ساڵ خانەنیشین بكرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دیارە دوو ڕەئیی هەیە, یەكێكیان لەگەڵ داواكاری حكومەتە, ئەو قەرارەی پەرلەمان ئیلغا بكرێ و, بگەڕێتەوە 63, ئەوەی تریان, بكرێتە 68, بۆیە من ئەو موقتەرەحە لەلایەن لیژنەی قانونی هاتووە, پشتگیری لە داواكاری حكومەت دەكاتن, بە ئیلغاكردنی قەراری پەرلەمانی ژمارە (25), واتە گەڕاندنەوەی تەمەنی خانەنیشینی بۆ مامۆستایانی سەرەتایی, مامۆستایانی دواناوەندی, موشرف تەربەوی ئیختیصاصیین, لە (68)ەوە بۆ (63) ساڵ, كێ لەگەڵ ئەو پرۆژەیە, قەراری (25) ئیلغا بكرێ, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵ ئەوەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە, دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, زۆرینە

پشتگیری له پرۆژەی موقتەرەحی لیژنەی قانونی کرد, واته ئیلغای قەراری پەرلەمان رەقم (25) دەکاتەوە, فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە نەخرا دەنگدان, (63)ەکە ئازاد بێت, له (68)ەکە ئیجباری بێت, سوپاس.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەرجی بەئارەزووی لەلایەن چەندین ئەندام پەرلەمان داخرا, بەلأم ئەوە نەخرا دەنگدان, ئەو پێنج ساڵە ئارەزوو بێت, یان ئارەزوو نەبێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو دانیشه, نوقتەی نیزامەکەت ئەگەر تەفسیرەکەی مامۆستا کاکه تێگەیشتبای, ئەو نوقتە نیزامەتان نەدەگرت, چونکه مامۆستا کاکە زۆر تەفسیری کرد, بۆ خانەنیشین کردن لە 50 ساڵی دەتوانی داوای خانەنیشینی بکەی, لەبەرئەوەی پێویست ناکات رابوەستی و, له 60 ساڵی داوای بکەیت, خدمەی هەبێتن, ئەگەر 25 ساڵ خدمەی هەبێت, مومکینه له 20 ساڵی تەعیین بووبێ, لەوانەیە له 40 ساڵی دەتوانێ خۆی خانەنیشین بکاتن, فەرموو ڤیان خان.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەك پرسیارم هەیە لەلیژنەی قانونی, ئەو قسەیە من تێنەگەیشتم ئایا ئەوەی دوای 25 ساڵ داوای خانەنیشینی دەکات, هەمان ئیمتیازاتی هەیە بەهەمان شێوەیە, وەکی ئەوەی کە لە تەمەنی 63 ساڵی خانەنیشین دەکرێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ هەیەتی, فەرموو ڤیان دەزیی.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داواکارین, ئەگەر به 63 ببێت خزمەتیان له 30 ساڵ بێت, بەکامل راتب بێت, راتبی کاملیان هەبێتن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

که خزمەتی 25 ساڵی زیاتر بوو, ئەوکاته راتبی چەنده بەپێی قانونەکە دەیگرێتەوە, وەکو ئەوانی تر, کاکه صیغەیەکی موعەین بنووسن وازح بێت, وەکو دەنگیان بۆدا فەقەرەی یەکەم ئیلغا دەکەین, بەس

فەقەرەی یەکەم, فەقەرەی دووەم وەکو خۆیەتی, بڕگەی دووەم لەبەرنامەی کاری ئەمڕۆمان (خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پڕۆژەی بڕیاری راگرتنی مەرجی شووکردن بۆ دامەزراندنی داواکاری گشتی), بەڵێ کاك غەفور.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەنگمان لەسەر تەمەنی 63 ساڵەکە دا, بەلاّم پڕۆژەی بڕیارەکە بەتێکڕایی نەخرا دەنگدان, حەقە بخرێتە دەنگدان, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەمووی یەك فەقەرەیە, موفتەرەحی لیژنەی قانونیمان خستە دەنگدان, کاك غفور موقتەرەحی لیژنەی قانونی دەڵێ قەراری 25 ئیلغا بکرێ, ئەوە موافەقەتی لەسەر کرا, قەرارەکەش وازحە, دوو فەقەرەیە, هەموو جوابیان دا لەئاخیرەکەی بۆیان تەوزیح دەکەین, دەڵێن ئەو فەقەرەیە هین کرا, کە ئیلغا کرا فەقەرەی دووەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە, بۆیان تەئکید دەکەینەوە, بەلاّم ئەگەر جانبی پڕۆتۆکۆڵی دەڵێی, راست دەکەی, فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەن پڕۆژەی بڕیارەکە سێ بڕگەیە, یەکەم/ راگرتنە, دووەم/ لەسەر وەزیرەکان, سێیەم/ بلاّوکردنەوەیەتی, خۆی پڕۆتۆکۆلییەن هەمووی بخوێندرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە وایە, ئەگەر مەبەستت ئەوەیە, راست دەکەی, فەقەرەی دوو لەپڕۆژەکە بیخۆێنەوە, لەسەر وەزارەتە تایبەتمەندیەکانە حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن و, ئەم بڕیارە لەڕۆژی بلاّوکردنەوەی لە رۆژنامەی وەقائیعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت, دووەمیان دەخەمە دەنگەوە, کە رۆتینە لەهەموو بڕیارێك و قانونێك هاتووە, کێ لەگەڵ ئەو فەقەرەیە (لەسەر وەزارەتە تایبەتمەندیەکانە حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن), دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, پێنج کەس لەگەڵدا نییە, صیاغەکە وەکو یاساکانی تری لێدەکەین, (سێیەم/ ئەم بڕیارە لەڕۆژی بلاّوکردنەوەی لە رۆژنامەی وەقائیعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت), کێ لەگەڵ ئەو بڕیارەیە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەئەکسەریەت ئەم بڕگەیە وەرگیرا, بڕیارەکە بەهەر سێ خاڵیەوە دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ ئەوەیە, ئەو بڕیارە دەربچێ لەپەرلەمان, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەئەکسەریەت بڕیارەکە وەرگیرا, 12 کەس لەگەڵدا نەبوو, خاڵی دووەم/ خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پڕۆژەی بڕیاری راگرتنی مەرجی شووکردن بۆ دامەزراندنی داواکاری گشتی, بۆ وەلاّم دانەوەی جەنابی وەزیر, پڕۆژەکە وامان بۆ هاتووە لەلایەن حکومەتەوە, بەنووسراوەێکی تایبەت هاتووە, داواکاریەکە ئێستا

دەیخوێنینەوە, بەم شێوەیە ناتوانین بیگۆڕین, بەڵام ئەگەر هەر ڕەئیەکت هەبێ بەپرۆژە دەیخەینە بەردەم پەرلەمانەوە, بەس لەراگرتنی ماددەی 41 لەقانونی ڕەقەم (1) ساڵی 1992 هەموارکراو, قانونی ئیدیعا ڕەقەم (59), کاك کاکە ئەصڵی قەرارەکە بیخوێنەوە وەکو لە ئەصڵی پرۆژەکە هاتووە, بەهەردوو زمان, پاشان ڕەئیتان بڵێن, فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕیار

پشت بە حوکمەکانی بڕگەی (1) لەماددەی (56) لەیاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992 ی هەموارکراو بەپێی پێشنیاری وەزیری داد و ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران, ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان- عێراق لەدانیشتنی رۆژی //2007 بڕیاری دەرکردنی ئەم بڕیارەیان دا:

یەکەم: ڕاگرتنی کارکردن بە مەرجی (هاوسەربوون) کە لە دەقی بڕگەی یەکەمی مادده (1) لە یاسای داواکاری گشتی ژمارە 109 سەبارەت بە ئافرەتان هاتووە.

دووەم: کار بەهیچ دەقێك ناکرێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت.

سێیەم: پێویستە وەزیری داد حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکات.

چوارەم: ئەم بڕیارە لەرێکەوتی بلاْوکردنەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قرار

استناداً لحكم الفقرة (1) من المادة (56) من القانون رقم (1) لسنة 1992 المعدل و بناءً على ما عرضه وزير العدل ووافق عيله مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ //2007 تشريع القرار الآتي :-

أولاً / ايقاف العمل بشرط الزواج المنصوص عليه في الفقرة (أولاً) من المادة (41) من قانون الادعاء العام رقم(159) لسنة 1979 بالنسبة للأناث.

ثانياً / لا يعمل بأي نص يتعارض أحكام هذا القرار.

ثالثاً / على وزير العدل تنفيذ أحكام هذا القرار.

رابعاً / ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی

لیژنەکەمان گفتوگۆی لەسەر پرۆژەی بڕیاری تایبەت بە ڕاگرتنی کارکردن بە مەرجی شووکردن کرد لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (41)ی یاسای داواکاری گشتی ژمارە (159)ی ساڵی 1979 دا هاتووە و ، کە خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە ڕۆژی 2007/3/27 بۆ کراوە و ، پاش گفتوگۆ و بیرو ڕا گۆڕینەوە، لیژنە ڕاپۆرت و ڕاسپاردەکانی بەزۆرینەی دەنگ بەم شێوەیە دخاتە ڕوو :-

لیژنـەی یاسا پرۆژەکـە ڕەتدەکاتـەوە، چـونکە برگـەی یەکـەم لـە ماددەی (41) دەڵێ {مەرجـە ئـەوەی لـە دەزگای داواکاری گشتی دادەمـەزرێ پـاش جێبـەجێ کردنـی ئـەم یاسایە، عێراقـی بێت و خێزانـدار بێت و دەرچووی پەیمانگای دادوەری بێت} .

لەبەرئـەوەی پـەیمانگای دادوەری لـە هـەرێمی کوردسـتاندا نییـە و ئەگـەر بوونیشـی هـەبێت واتـای ئەوەیـە مێیینە لە پەیمانگای دادوەری وەرناگیرێت ئەگەر شووی نەکردبێت.

هەروەها (لەبەرئەوەی ئەرکە بنەڕەتیەکانی داواکاری گشتی پاراستنی ژینگەی کۆمەڵایـەتی و وەدیهێنـانی داد پەروەرییە، ئەمەش لە ڕێگای بەشـدار کردنیـەوە لەگـەڵ قـەزا و لایەنـە پسـپۆڕەکان بـۆ ئاشـکرا کردنـی کردەوەی تاوانکاری و دانـی سـزای برِیـار لێدراو بـۆی و، لەبـەر ئـەوەی دەزگایـەکی بنەڕەتیـە بـۆ چاودێری ڕەوایەتی و ڕێز گرتنی جێبـەجێ کردنـی یاسا و، لەبـەر ئـەوەی پسپۆڕایەتیەکانی داواکاری گشتی یاسایی فراوان بۆتەوە و جگە لە پسپۆڕایەتیەکانی لە ئیش و کارە سزاییەکان، داکۆکی کردنـە لـە مافی گشتی لـەو داوا مەدەنیانەی کە دەوڵەت لایەنێکیەتی، هەروەها لە هەندێك لە داواکانی باری کەسی بۆ پاراستنی خێزان و منداڵیەتی کـە لـە مـاددە (13)ی یەکەمـدا سـەبارەت بـە ناکـاو دەسـەڵات بەنـدکراوان (المحجور علیهم) و نادیار و بزربووان و تەڵاق و جیابوونەوە و ڕێگا پێدانی فرە ژنی و بە جێ هێشتنی خێزان و بەڕەڵابوونی منداڵان و هەر داوایەکی دیکە کە داواکاری گشتی بە پێویسستی بزانێ لە پێناو پاراسـتنی خێـزان و منـداڵ تەدەخول بکات. لەبەر ئەمە ئەم حاڵەتانە وا دەخوازێ ئەوەی ئەم پایەیەی هـەبێت خـاوەن خێـزان بێـت چ نێر چ مێ بۆ ئەوەی شارەزایی زیاتری لەبابەتەکانی وەکو باوکایەتی و دایکایەتی و ژیانی خێزانی تێناگات.

لەبەر ئەم هۆیانە لیژنە بەباشی دەزانێ پرۆژەکە ڕەتبکاتەوە، چونکە پێویستە ئەوەی ئەو پایەیەی هـەبێت چ نێر چ مێ خێزاندار بێت.

تکایـە ئاگـاداری بفـەرموون و دەقـی ئەسـڵی پرۆژەکـە و رای لیژنـەی یاسـایی لـە بارەیـەوە بخەنـە بـەردەم ئەنجومەن بۆ وتووێژ لەسەر کردن و دەربڕینی ڕای گونجاو لەبارەیەوە.

لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الى رئاسة المجلس الوطني لكوردستان_ العراق

م/ تقرير اللجنة القانونية

قامت لجتنا بدراسة المشروع القرار الخاص بأيقاف العمل بشرط الـزواج المنصوص عليـه في الفقـرة اولا مـن المادة 41 من قانون الادعاء العام رقم 159 لسنة 1979 بالنسبة للأناث المحال اليها بعد القـراءة الأولى لـه في البرلمان بتاريخ 2007/3/27 و بعد المناقشة و المداولـة تقـدم اللجنـة تقريرهـا و توصـياتها بشـأنه بأغلبيـه الاراء و كما يلي:

أن اللجنة القانونية ترى رفض المشروع لأن المادة (41) (اولاً/ تـنص علـى انـه يشـترط في مـن يعـيين في جهاز الادعاء العام بعد نفاذ هذا القانون ان يكون عراقيا بالولادة متزوجا و متخرجا من المعهـد القضـائي و بمـا أن المعهد القضائي غير موجد في اقليم كوردستان و في حال وجوده معناه لا يقبل الأناث في المعهد القضائي ما لم تكون متزوجة, كما ان المهام المركزى للأدعاء العام هـي حمايـة البيئـة الاجتماعيـة و تحقيـق العدالـة و الجهـة المختصـة في الكشـف عـن ألافعـال الاجراميـة و في ايقـاع العقوبـات المقـررة لهـا و لكونـه جهـاز اساسـية لمراقبـة المشروعية و احترام تطبيق القانون و بمان ان اختصاصات الادعـاء العـام القانونيـة قـد توسـعت بحيـث شملـت

اضافة الى اختصاصاته في الامور الجزائية الدفاع عن الحق العام في الدعاوى المدنية الذى تكون الدولة طرفا فيها و كذلك في بعض دعاوى الاحوال الشخصية لحماية الاسرة و الطفولة المنصوص عليها في المادة 13 (اولا: فيما يتعلق بالقاصرين و المحجور عليهم و الغائبين و المفقودين و الطلاق و التفريق و ألاذن بتعدد الزوجات و هجر الاسرة و ترشيد الاطفال و هيئة الدعاوى الاخرى, يرى الادعاء العام ضرورة تدخله فيها لحماية الاسرة و الطفولة لذا فان هذه الحالات تستوجب فيمن يمارس هذا المنصب ان يكون متزوجا سواء ان كان ذكرا ام إنثى, لكي يكون لديه المام أكثر بمثل هذه الحالات و ان الغير متزوج مفتقر الى تلك المعلومات ولا يلم بمعانات الحياة العائلية كما ينبغى, لأنه لم يعايش ظروفها ولايتفاهم بشكل كامل مثل الابوة و الامومة و الحياة الاسرية ولهذه الأسباب ترى اللجنة رفض المشروع, لأنه ينبغي ان يكون ممن يمارس هذا المنصب متزوجا ذكراً كان أم أنثى.

راجين التفضل بالاطلاع و عرض أصل المشروع و رأي اللجنة القانونية بشأنه على المجلس للمناقشة و ابداء الرأي المناسب بصدده.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

داوا لە خاتوو كوێستان دەكەم, ئەگەر تێبینیەكی هەبێت لەسەر ئەو قەرارە, وەكو لیژنەی داكۆكی كردن لە مافی ئافرەتان و ژنان, فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رِاپۆرتی لیژنەی داكۆكی كردن لە مافی ئافرەتان و ژنان

لیژنەی داكۆكی كردن لەمافی ئافرەتان و ژنان لەكۆبوونەوەی 2007/4/10 پڕۆژەی بڕیاری راگرتنی كاركردن بە بڕگە (1)ی ماددەی (41) لەیاسای داواكاری گشتی ژمارە (159) ساڵی 1979 كە لە 2007/3/27 خوێندنەوەی یەكەمی بۆكراوە و, خستراوە بەر گفتوگۆ, ئەو ئەندامانەی كە ئامادەی كۆبوونەوەكە بوون (پەخشان عبدالله زەنگەنە/ سەرۆكی لیژنە, كوردستان پیرداود/ بڕیاردەری لیژنە, سارا فقی خدر, نەسرین محمد صاڵح, فەخریە مستەفا, ڤیان دزەیی, مریم حسن, كریم بحری, شمسە سعید, ئەندامانی لیژنە ئامادەی كۆبوونەوەكە بوون, پاشان رای كوێستان محمد عبدالله و كاك شوقیش وەرگیرا, گشت ئەندامانی لیژنەكەمان جگە لە بەڕێزان شەمسە سەعید و كاك شوقی, پشتگیری لە پڕۆژەكە دەكەین, ئەو مەرجە بە پێویست نازانین, بەڵكو پسپۆڕی و كارامەیی مرۆڤەكە مەرجە, كارامەیی و پسپۆڕیش پەیوەندی بە هاوسەرگیریەوە نییە, بۆیە لەگەڵ ئەوەین كە ئەو مەرجە بۆ ژن و پیاو نەمێنێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بۆ ئەوەی كەمێك توڕەیی ئەندامانی پەرلەمان ئافرەتان كەم بكەمەوە, من خۆم ئیجازە ئەدەم بەخۆم تا قسەی بكەم, جارێك پێش هەموو شتێك ئەو بڕیارە كە لەلایەن حكومەتی عێراقەوە لە ساڵی 1979 دەرچووە, كە مەرجی داناوە دەبێ ژن بێت, ژن بێت یان پیاو بێت, بەلاّم مەرجی خێزانداری داناوە بۆیان, بڕیارێكی زۆر دواكەوتووە, نەلەگەڵ ئایین دەگونجێ, نەلەگەڵ پێشكەوتن دەگونجێ, نە لەگەڵ رێزلێنان

دەگونجیّ, نە لەگەلّ عەدالەت دەگونجیّ, ئاماژەش بەوە دەکەم, ئەوە لەڕووی دینیەوە تەئکید دەکەمەوە لە هیچ نەصێکی قورئانی پیرۆزدا نییە, ئەو شتەی تێدا بیّ, بتوانی تۆ فتوا بدەی لەسەر شتی ئەوها, گەورە و زانا و مامۆستایانی دنیا, هەر لە ئێران بگرە تا دەگاتە مصر, لەم دواییەدا فتوایان داوە کە بەئیمکانیەتی ئەوەی ژن ببێتە حاکمیش, هەر پێش چەند رۆژێك لەمصر 30 ژن کران بە حاکم, ئێمە باسی حاکم ناکەین, لەئێران موناقەشەکرا گوتیان مەرج نییە شووی کردبیّ تا مەنصەبی وای پێبدریّ, قەرەزاوی گوتی هیچ مانعێك نییە لەلای دین, رێگا بگرێت لە کچێك شووی نەکردبیّ و مەنصەبی بدرێتیّ, جگەلەمەش ئێمە دوو ئیدارەمان هەبووە, لە ئیدارەی سلێمانی ئەوکات بەئیمزای سەرۆکی هەرێم (مام جلال) بووە, شروتی داناوە و, ئەوەی تێدا نییە, لەبەر ئەوە دەکریّ حاکمیش, دەتوانیّ بیّ ئەوەی شووی کردبیّ ببێتە حاکم, هەروەك قەرارەکە, قەڕاری 218 لە 31/ کانونی یەکەم/ 2001 جێبەجیّ کراوە لەنیوەی کوردستان, لێرەشدا ئەوە نییە قەرارێکی تایبەتە لەپەرلەمانە بلێی ئەوە ناکرێتن, قەراری حکومەتی عێراقە, دەیان قەراری نا بەجیّ و عونصری و دواکەوتووی دەرهێناوە, لەگەلّ ئەم زەمانە ناگونجیّ, بۆیە ئەم قەرارەی ئێمە منەتێك نییە بە هین بکەین, جگەلەمەش موجتەمەعی دنیا گۆڕاوە, تەتەوڕی موجتەمەع وادەکات ئەو مەرجە نیهائیەن باس نەکریّ, نامەنەویّ بچینە ناو تەفاصیل, بۆیە ئەوە هین دەکەم, تاکو تورەیتان کەم بکەمەوە, روون کردنەوەیەك دەربارەی دینەوە, یەك ئایەتی پیرۆز نییە ئەو مەرجەی تێدابیّ, فتوای مامۆستایانی ئاینی بەرەو ئەوەیان داگرتووە کە هیچ مانعێك نییە, ئەگەر خیلافی ئەوە لێرە هەنە, خیلافی ئەوەنە دەتوانن هین بکەن, بۆیە ئێستا دەرگا دەکەمەوە, لەبەر ئەوە موداخەلەم کرد, چونکە لیژنەی قانونی بەئەکسەریەت ئەو قەرارەی داوە, گوتم نەوەك تەئسیرتان لێبکاتن, ئەوە لیژنەی قانونی بەئەکسەریەت رەئیی داوە, بەلاّم ئەو رەئیە مانای نییە, قانونیەن و دینیەن و فقهییەن وایە, د0 کمال قسەی هەیە, فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د0 کمال کرکوکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشەکی ئەمەویّ ئەوە ئیشارەت پێبدەین, ئێمە لەوڵاتێکی دیموکراتی ئەژین, هەموو هێزمان ئیمڕۆ لەسەر ئەم زەمینە, دیموکراتیەتە و بەوەش ئیلتیزامان کردووە, ئەمە یەکەمین نوقتەیە, ئەیانەویّ لەپەرلەمانی کوردستان کە باسی دیموکراتیەت دەکات, مافی مرۆڤ پێشلّ دەکات, یەعنی ئەمە دژی مافی مرۆڤ دەکات و, دژی پرەنسیپی دیموکراتیشە, ئینسان ئازادە, بۆ خۆی شوو ئەکات, یان ژن دێنێت, مانای ئەوە نییە هەر دەبیّ ژن بێنێت, ئەگەرنا بۆی نییە لە هیچ مەرحەلەیەك لە ژیان بچێتە پێشەوە, لەبەر ئەوە خۆی بۆ خۆی بەتاڵە, یەعنی قانونێکی دژ بە پرەنسیپی دیموکراتی, دژ بەمافی مرۆڤە و, لەهەمان کات لیژنەی یاسایی ئەبوو ئیشارەت بەوە بکەن, مەسەلەیەك هەیە لەمەنتیقەی کەرکووك دەلّیّ (پیاو شێت بێت دەچێت بۆ ئۆمەرمەندان, ئەگەر ئۆمەرمەندان شێت بێت بۆ کویّ بڕوا), ئێمە چیمان لێبقەومیّ ئەچین بۆ لای لیژنەی یاسایی, لیژنەی یاساییش وازی لێهێناوە, تکامان ئەوەیە قۆلّتر بیری لێبکەنەوە, بۆیە من پێشنیار دەکەم هەر لەبیدایەت بەبیّ موناقەشە رەفزی بکەین, ئەگەر موافقن, سوپاس.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەلیژنەی یاسایی, من و چەند برادەرێکی تر, لەگەڵ پرۆژەکەدا بووین, بەڵام زۆرینە لەگەڵ ئەوەبوون کە ڕەفز بکرێتەوە, بۆیە حەق وایە بەم شێوەیە زوڵم لە لیژنەی یاسایی نەکرێ, لیژنەی یاسایی ئیرادەی نەبووە, یان دەنگی نەبووە لە مەسەلەکەدا, ئەمە یەك, دوو/ ئێمە وامان بەپەسەند زانیوە, ئەگەر بێتو مەسەلەکە ئیلغا بکرێتەوە, هەر بۆ ئەوە نەبێت بۆ ئافرەتە, بۆ ژن و پیاوە, ئەگەر ئیلغا بکرێ بۆ هەردووکیان ئیلغا دەکرێ, چونکە مەسەلەکە پێکەوەیە, هەردوولا مەحروم دەکرێ لەم بارەیەوە, بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوە دایەن, فەقەرەکە ئەگەر ئیلغا بکرێتەوە و پەرلەمان دەنگی لەسەر بدات, دەنگ لەسەر فەقەرەکە هەمووی بدات, ئیلغا بکرێتەوە, نەك تەنها بۆ ئافرەتان و ژنان, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەوەی زیاتر روون ببێتەوە, ئەصڵی ماددە کە رژێمی پێشوو دەریهێناوە, ماددەی 41 دەڵێ شەرتی دامەزراندن لە ئیدعای عام, دەبێت عێراقی بێت بە ویلادەت لەداك و باوکێکی عێراقی بێت, خەریجی مەعاهدی قەزائی بێت و خێزاندار بێت, بۆ پیاو و بۆ ژنیشە, پرۆژەکە کە بۆمان هاتووە, دەڵێ ئەم قەرارە ئیلغا بکەن, بزانین لەبەر رۆشنایی موناقەشاتی ئێوە, قەسەی لەسەر دەکەین, د0 شوکریە نوقتەی نیزامت هەیە, فەرموو.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا بەڕێزت و د0 کمال شتێکی جوانتان خستە بەر چاوی ئێمە, ئەگەر هەمووی بخەیتە دەنگدان, چونکە ئێستا گرژیەك دروست بوو, ئەگەر بیخەیتە دەنگدان, کێ لەگەڵ ئەوەیە رەفز بکرێت, کێ لەگەڵ ئەوەیە موناقەشە بکرێت باشترە, سوپاس.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/(وەزیری داد):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو رۆژەی کەباسی مەشروعی قانونی وەزارەتی عەدل کرا, رای لەسەری درا, خوێندنەوەی تەعدیلێکی تری قانونی ئیدیعای عام خرا بەر دەستان, ئەوەش ئەوەیە کە صیفەتی قازی بدرێتە ئیدیعای عام, من پێم وایە ئەم مەسەلانە بەیەکەوە رەبتە, ئێمە ئەگەر بمانەوێ تەعدیل لەقانونی ئیدیعای عام بکەین, بەیەکەوە دەبێ باس بکرێ, بەتایبەتی ئەگەر ئەو پرۆژەیە موافەقەتی پەرلەمانی لەسەر کرا, مانای وایە ئیدیعای عام صیفەتی قازی وەردەگرێ, هەرچەندە لە دامەزراندنیشیان هەمان شرووتیان هەیە, یەعنی ئەو شرووتانەی کە داوا دەکەی لە دامەزراندنی دادوەر, هەمان شەرتە کە بۆ ئیداعای عامیش قانون دایناوە و, ئەو پرۆژەی کە ئەو رۆژە خوێندرایەوە, ئەگەر بێتە دەنگدان و پەرلەمان موافەقەتی لەسەر بکات بەتەواوەتی ئیدیعای عام صیفەتی قازی وەرئەگرێ, بۆیە ناکرێ لە ئیدیعای عام جۆرە صیفەتێك هەبێت بۆ دامەزراندنیان و لەقازیش جۆرە سیفەتێك هەبێتن, من پێم باشە ئەم مەسەلەیە دوابخرێ تا بەجوانی لەو مەسەلەیە

دەكۆڵدرێتەوە, بزانین ئایا پەرلەمان موافەقەت دەكات لەسەر ئەوەی كە صیفەتی قازی بدرێتە ئیدیعای عام, یان موافەقەت ناكات, ئەگەر صیفەتی قازی درا ئیدیعای عام, ئەوكات بەیەكەوە موناقەشە بكرێ بەنیسبەت حاكم و ئیدیعای عام, یان هەمووی هەڵبگیرێ یان هەڵنەگیرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مولاحەزەكەت جێی خۆیەتی, بەلاَم جوابەكەی بەم شكلەیە, ئێمە ناتوانین تەئجیلی بكەین لەبەر رۆشنایی پرۆژەیەك كە هێشتا موناقەشە نەكراوە, ئیمكان هەیە ئیدیعای عام صیفەتی قازیاتی بدرێتێ، ئەم پرۆژەیە هاتە موناقەشە كردن، دەتوانین بڵێین ئەو كۆسپە هەیە، ئیدیعای عام صیفەتی قازیاتی بدرێتێ، ئێمە ئەمەمان ئیلغا كردۆتەوە، ئەوكات موفتەرەحێك بۆ حاكمیش، بۆ قازیش ئیلغا بكەین, ئێمە ئێستا لەبەر ئەوەی ئەو پرۆژەیە لەپێشە، هێشتا ئەو قانونەی جەنابت دەیفەرمووی نەهاتۆتە پێشمان تاكو قەراری لێبدەین، ئێمە قەرار دەدەین لەسەر ئەو قانونەی كە ئێستا هەیە، قەرارەكە لێرە درا ئیدیعا عام وەكو قازی صیفەتی قازی پێبدرێ، ئەوكات ئەو نوقتەیە رەچاو دەكرێ و، موناقەشەی لەسەر دەكرێ، فەرموو كاك كریم.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر بێتو بڕگەكە ئیلغا بكرێتەوە، رەفز بكرێتەوە، یان ئەوەتە وەكو خۆی بمێنێتەوە, هەم قازی دەگرێتەوە، هەم ئیدیعا دەگرێتەوە، چونكە مەرجی قبوڵكردنە لە مەعهەدی قەزائیی، ئەو مەرجە، بەلاَم لەپرۆژەكە هاتووە بەس بۆ ئیدیعا عام، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەرگا دەكەمەوە بۆ قەسەكردن, ناوەكان دەنووسم, فەرموو تاڤگە خان.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

راستە لەیاساكە هەردوو رەگەز دەگرێتەوە, بەلاَم من پێم وایە لەو یاسایەی كە هاتۆتە پەرلەمان, باس لەوە دەكات، سەبارەت بە ئافرەت، بڕگەی سەبارەت بە ئافرەتی تیایە، دیارە ئیحصایەك لەلای وەزارەتی داد هەیە، بەوەی كە ئافرەتان ئەوانەی كە زۆرتر ماونەتەوە و شوویان نەكردووە، من چونكە پێم وایە بەهۆی ئەو بوارە ناهەموارەی بەسەر عێراق هاتووە، زۆرێك لەو ئافرەتانە، بەتایبەتی لەساڵانی 60 تاكو 70 ئەوانە زۆر ماونەتەوە، هۆكارێك هەبووە بۆ شوونەكردنیان، دیارە شەڕە یەك لە دوای یەكەكان, پیاوەكان زۆربەیان خێزانیان پێك نەهێناوە، ئەوە خاڵێك، خاڵێكی تر/ ئێمە پێمان وایە پشتگیری لە راپۆرتەكەی لیژنەی ئافرەتان و ژنان دەكەین، نەوەك قەزایا و مەسەلەی ئیدیعای عام, بەڵكو ئیختیلاف هەیە سەبارەت بە ویلایە عامە, بۆ ئافرەت, ئیبن حەرب ئیشارەت بەوە دەكات, ئافرەت بۆی هەیە ببێتە وەلی عامیش، كە

سەرۆك جمهوری دەگرێتەوە، ئەوكات رەفزی كولی هەبووە, ئەو كات ویلایەی عامە تەنها كەسێك تەنفیزی دەكرد, بەلاَم ئێستا شامل بووە, بەهۆی ئەقزیە و نەواحی, بەهۆی بوونی موحافز و بوونی ئەو دەزگایانە، ئێستا ئیختیلافێك هەیە، زۆریان پاڵپشتی دەكەن لەوەی كە ئافرەت پۆستی ویلایەی عامە وەربگرێ، لەهەموو قەزا و پۆستەكانی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە موئەیدین و، دەستخۆشی لەقسەكانت دەكەین، بەلاَم لێرە مەبەستمان جیاوازی لەنێوان ژن و كچ، ئەوەیە پەخشان خان، فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی بۆ وەرگرتنی هەر بەرپرسیارەیەتییەك, ئەو مەرجە كەنەك هەر لەمانە, لەهەر شتێكی تر كە ئینسان مولاَحەزەی دەكات، ئەبێ ئەو كەسە خۆی لەو وەزعە ژیابێ یاللە موئەهەلە ئەو بەرپرسیاریەتە وەربگرێ، لام وایە ئەبێ ئەو نەزرەیە نەمێنێ، هەموو ئینسانێك كە تەجروبەیەكی هەبوو، كارامایەكی هەبوو، موئەهەلە بۆ ئەو پۆستەی كە لە میهنەی خۆیەتی، ئەبەد هاوسەرگیری عامیلێك نییە بۆ حیكمەت و كارامەیی ئینسان، بەڕاستی لەسەر راپۆرتەكەی لیژنەی یاسایی لەگەڵ ئەو پەڕی رێزم زۆر موناقەشە هەڵئەگرێ، باس لە مەسەلەی منداڵ و قاسڕین......هتد, باشە ئەگەر ئەو هاوسەرگیریە حاڵی نەبوو، باس لە فرە ژنی ئەكات، كێ فەرەژنی ئەكات، پیاوی ژندارە، ئێمە وەكو راپۆرتەكەی لیژنە داكۆكی لە مافی ئافرەتان و ژنان دەكات, لەگەڵ ئەوەین ئەو مەرجە نەمێنێ بۆ ئافرەتان و پیاوان، لەسەدا سەد من تەئیدی قسەكانی جەنابت و كاك د. كمال دەكەم، بۆیە درێژەی نادەمێ، زۆر سوپاس،

**بەڕێز بكر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من بەڕاستی بەتوندی و تیژی مامەڵە لەگەڵ راپۆرتی لیژنەی یاسایی, كە بە ئەكسەریەت دەنگیان لەسەر داوە، چونكە ئەوە پێشەلكردنێك، وەكو د. كمال ئیشارەتی پێدا و كاك عدنانیش بە درێژی باسی كرد، ئەوە پێشەڵكردنێكی رەوای مافی مرۆڤە، چونكە كارەمایی موهیم ترین شتە بۆ ئەو پۆستە، پێم وایە ئێمە نابێ لەم زروفە دەنگ بدەین، بۆ ئەوەی بڕیارێك دەربكەین، یان یاسایەك دەربكەین كە مافی مرۆڤ پێشێل بكات لەم ڕووە و, ناشمەوێ قسەكانی پەخشان خان دووبارە بكەمەوە و, تەئیدی دەكەم, سوپاس.

**بەڕێز باپیر كاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە راپۆرتەكەی لیژنەی داكۆكی مافی ئافرەتان دەكەم، و رای ئەوەشم كە لە راپۆرتی لیژنەی یاساییدا لەگەڵ رێزم بۆیان، بۆردەكان زۆر لاوازن و، موقنیع نین، خۆتان ئەزانن شیرازەی خێزان ئەوەندە تێك نەچووە، ئەوانەی كە دەمێنێنەوە, یان مامی خەڵكن، یان خاڵی خەڵكن، یان لایەنێكی خێزان، یەعنی

دەزانن كاروبارى خێزان چۆن بەڕێوە دەچێت، ئەوە دەچێت چۆن ئەوەیە، ئەمە لایەك، لایەكی تر كە بەراورد كەی ئەوانەی كە ژنی نەهێناوە، یان ئەوانەی كە شوویان نەكردووە، با هەردووكیان بگرێتەوە، نەك ئەوە, ئەی ئەگەر لە حاڵەتێكدا كەسێك نێرەمووك بوو, چۆن دەبیٚ؟ بەڕاستی یەعنی ئەو لەو مافە بێبەشە، ئەوە موعالەجەی لەكوێ بۆ دەدرۆزێتەوە، لیژنەی یاسایی كە ئەمە دەكاتە موبەڕیر، بۆیە مەسەلەی هاوسەرگیری نابیٚ ببێتە مەرجێك، سوپاس.

**بەڕێز ئاریٚز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتیوانی لە لیژنەی یاسایی ناكەم و, پشتیوانی لە لیژنەی ژنان دەكەم و, بەڕاستی پێویستە لەمەو دوا هەڵوێست لەسەر ئەمانە وەربگرین, بەتایبەتی برادەرانی لیژنەی یاسایی, لە لیژنەی لێپرسینەوەی دەستوور, لە لیژنەكانی تر قسەكانیان, بۆچوونەكانیان جێی نەزەرە, بەتایبەتی سەرۆكایەتی پێویستە ئەوانیش هەڵوێستێك لە خۆیان بكەن لەو مەوقیفەی كە ئەمڕۆ كردوویانە, لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز ئارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم بڕیارە لەساڵی 1979 دەرچووە, ئاشكرایە ئەمەش یەكێكی ترە لەو بڕیارانەی ڕژێم, بۆ ئەوەی نەهێڵیٚ كۆمەڵگای عێراق بەرەو پێش بچیٚ, خۆشبەختانە ئەمڕۆ گۆڕ بەگۆڕ بووە, حەقی خۆیەتی ئەو بڕیارەش بەهەمان شێوە, بۆیە من بەتەواوەتی پشتگیری لەوە دەكەم, كە ئەم بڕیارە رابگیریٚ و كاری پێنەكریٚ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د0 رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو حەجەتانەی كە لەراپۆرتی لیژنەی یاسایی هاتووە, بەداخەوە ئەو قوەتەیان نییە, كە قەناعەت لەلامان دروست بكاتن, لەبەرئەوەی ئیستیناد لەسەر مەرجێك دەكات, ئەو مەرجە خۆی لەخۆیدا پێچەوانەی ئەو پرەنسیپانەیە كە لەدەستوور هەیە, كاتی خۆی بۆ ئەوەی ئافرەت لەمەعهەدی قەزایی وەرگیرابا, فیعلەن دەبوایە لەگەڵ فۆرمەكەی كە پێشكەشی دەكرد, بڕوانامەی عەقدی زەواجی پێشكەش كردبا, ئەو مەرجە پێچەوانەی پرەنسیپی یەكسانییە, كە مەرجێك پێچەوانەی پرەنسیپی دەستوور بوو, لەبەرچی لیژنەی قانونی ئیستینادی لەسەر دەكاتن, ئەمە یەك, دوو/ بەڕێزان, ئەگەر مرۆڤێك خاوەن بڕوانامە بوو, ماوەیەك كاری كردبیٚ لە بواری خزمەتی یاسایی و شارەزایەكی هەبیٚ, نازانم شووكردن چ لە كەفائەت و ئەهلیەت و قودرەت و توانا و شارەزایی ئەو مرۆڤە زیاد دەكات, یان كەم دەكات و كاریگەری چەند دەبێت؟ حجەتی سێیەمی لیژنەی یاسایی, باس لەوە دەكات, ئەگەر یەكێك خێزاندار نەبێت, هەست بە ئێش و

ئازاری خێزان ناکات, ئایا تاچەند ئەوە راستە؟ ئەوە موتڵەق نییە, ئەو شتە, زۆر کەس هەیە, زۆر بێگانە هەیە هەستیان بە ئێش و ئازاری کورد کردیە, نە کوردن, نە تووشی ئەو کێشانە بووینە کە کورد تووشی بووە, نە بەکیمیایی لێدراون,نە هەڕەشەیان لێکراوە, نەتووشی قەتلی عام بووینە, زۆر داکۆکیان لەمافی کورد کردیە, زۆریش هەستیان بە ئێش و ئازاری ئێمە کردیە, لەبەر چی مەرجە خێزاندار بیت, تاکو هەست بەو کێشەو ئازارانە بکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز خەمان زرار اسعد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری تەواو لە بۆچوونەکەی بەڕێزت و کاك د0 کمال و راپۆرتەکەی لیژنەی مافی ئافرەتان دەکەم, بەڕاستی کاتی ئەوە هاتووە هەموو یاساکانی خۆمان, ئەوانەی لەسالأنی رابردوو هاتووە, ئەبێ جارێکی تر پێیدا بچینەوە, لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەناو کۆمەڵگای ئێمە دروست بووە, لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەدەستووریش دروست بووە, لەبەر ئەوە ئێمە کۆمەڵێك پرەنسیپمان هەیە کەباس لە مەدەنیەت و دیموکراتیەت دەکات, بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی یاسایی, بەڕاستی هەر ئەوەندە نییە, تۆ بووچوونی خۆت لەگەڵ چی, بەلأم ئەبێ پرەنسیپیش هەیە کە ئێستا باس لە مەدەنیەت و دیموکراتیەت دەکات, دەبێ ئەوانە لەبەرچاو بگیرێن, ئیتر بەڕاستی هەڵویستی لیژنەی یاسایی جێگای ئەوەیە کە ئێمە جارێکی تر لەسەریان بوەستین, هەم لە پرۆژەکەی دەستووری هەرێم, هەم ئەمجارەش لەم پرۆژەیە, یەعنی لێرە بۆمان ئیسپات دەکەن, یەعنی فڕتان بە دیموکراتیەت و مەدەنیەت نییە, بەداخەوە, بەلأم بەڕاستی ئەوها نابێ ئەبێ سەرۆکایەتی پەرلەمانیش بەدوای ئەم مەسەلەیەدا بچێتەوە, بزانێت لیژنەی یاسایی کۆمەڵێك پرەنسیپیان بۆ دیاری بکرێ, مەسەلەکە هەر بۆچوونی شەخصی نییە, ئەبێ کۆمەڵێك پرەنسیپ هەبێ کە ئەبێ لەسەری کار بکەن و قسە بکەن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من نازانم پێم وایە, ئەوەی قسەی کردووە هەر هەموویان لەگەڵ موفتەرەحی لیژنەی یاسایی نین, لەبەر ئەوە کێ تەئیدی موفتەرەحی لیژنەی یاسایی دەکات, قسەتان هەیە, باشە, فەرموو کاك حاتم.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم جەنابتان و جەنابی دکتۆریش و, زۆر لەو بەڕێزانە باسیان کرد, ئێمە بۆ ئەو بابەتە, ئێستا ئەمانەوێ زیاتر بەرەو دیموکراتیەت بچین لە کۆمەڵگای مەدەنی, زیاتر بۆ پاراستنی مافی تاکەکەس بچین, من لەم بوارە قەناعەتم وایە بگەڕێینەوە سەر پسپۆڕی و کارامەیی ئەو کەسە, نەك ئەوەی کە ژنی هێناوە و, ئەوەی کە شووی نەکردووە, بۆیە لەگەڵ راپۆرتی لیژنەی یاسایی نییم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تـەبیعی پـڕاو پـڕ پشـتیوانی ڕایەکـەی سـەرۆکی ئەنجومـەنی نیشـتیمانی و جێگـر و ڕاپـۆرتی لیژنـەی ژنـان دەکەم, لە هەمان کات زۆر خەفەت ئەخۆم کە لەدام و دەزگای عەدالەت, بۆ دەسـت نیشـان کـردن و تـەعیین کردنی مودەعی عام تەنها دوو خاڵە, یەکەم/ عێراقـی بێـت, دووەم/ متـەزەوج بێـت, چـونکە ئـەوەی تریـان تەحصیلی حاصڵە, ئەبێ دەرچووی ئەو پەیمانگایە بێت, لـە شـوێنان لـە کۆمـەڵگای مـەدەنی ئەگـەر یـەکێك بیانەوێ بیکەنە حاکم, یان بە مـودەعی عـام بـە تـاریخی ڕابـردوو دەیخوێننـەوە, ئیمکانیـەتی لەمەحکەمـە, مستەوای بردنەوەی لەو دەورانەی کە بینیویـەتی لـەناو دادگـا, تێبینـی وەجهـی نـەزەر, ئەمـە زۆر موهیمـە لەسەر مادده ئەساسیەکان, من گرنتی بە برادەرانی لیژنەی یاسـایی و ئـەو کۆمەڵـەی ئـەم قانوونـەی دانـاوە ئەدەم, ئەو وەجهە نەزەرە لە کۆمەڵگای ئەمریکا بخرێتە ڕوو, ئـەو برادەرانـە بـە حـەیاتیان ئیشـیان دەسـت ناکەوێ لە دام و دەزگای عەدالەت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز جعفر مصطفی معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـن بەعەکسـی بـرادەرانم, بـەڵام ئـەبێ سوپاسـی لیژنـەی یاسـایی بکـەین, ئـەوە دوو سـاڵە بەقـەدەر هـەر هەمووومان ماندووین, ئیشی چاکمان بۆ ئەکەن, ئەگەر ئەمـەش کـەم و کورپـەکی تیـابێ نـابێ ئـەم ڕەخنانـە بگرین, ئەمە یەك, دوو/ شووکردن و ژنهێنان, ئینسان خۆی لەدەست خـۆی نییـە, زۆربـەی زۆری نیسـبییە, ئەوەی کە ناتوانێ شوو بکات, یان ناتوانێ ژن بهێنێ نابێ ئەو مەعامەلەی لەگەڵ بکرێ, بەعکسەوە ئەوانەی خێزاندار بن مەشاکیلیان زۆرترە لەوانەی کە خێزاندار نییـە, بـۆ مەسـائیلی مـەحاکم, بۆیـە مـن پشـتیوانی لەڕایەکەی جەنابتان دەکەم, لەگەڵ ڕایەکەی لیژنەی ئافرەتان و ژنانم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من جوابی کاك جەمال ئەدەمـەوە, ئێمـە لێـرە تـەقییمی ئـەو ڕاپۆرتـەی لیژنـەی یاسـایی دەکـەین فەقـەت, ئەگینا تەقییمی لیژنەی یاسایی فەقەت لەوە بکەین زوڵمێکی گەورە لەخۆمان و لەوانیش دەکـەین, لیژنـەی یاسایی لەو دوو ساڵەی ڕابـردوودا زۆر مانـدوو بووینـە, کـاری باشـیان کـردووە و, باوەڕپشـتان هـەبێ ئەگـەر لیژنەی یاسایی نەبا, ئەو پڕۆژانە لە حکومەتەوە وەکو خۆی دەماوە, فلتەرێکی زۆر بەقوەتە قانونـەکان کـە دەرئەچن ڕێك و پێك بن, گلەییمان نێتە سەر, لەبەرئەوەی لەناحیەی کەفائەت لیژنەکە موتڵەقەن جێگـای بـاس نییـە, بـەڵام ئـەم بۆچـوونەیان, ئـەوەیش بـە ئەکسـەریەتە, ئحتیرامـی ڕەئیەکـەیان دەگـرم, بـەڵام ڕائیەکەیان لەگەڵ زۆربەی زۆری ڕای ئەندامانی پەرلەمان ناگونجێ, بۆیە موناقەشە دەکەین و, هەرکەسـێك ئازادە لە دەربڕینی ڕەئیی خۆی, فەرموو صبریە خان.

**بەڕێز صبریە غفار امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستی من پێم وایە هەموو یاسایەك ئەسبابی دانانی خۆی هەیە, لـەکاتی خـۆی ئەسـبابی ئەمـە چـیبووە, ئەمە بۆچی هاتووە, من پێم وایە لەهەموو شتەکان ئەگەر سەیری نصوصی قورئان بکەین, ئەسـبابی نـزولی

بۆ هەر شتێکی و, بەڕێوەبردنی کار ئەصڵی کەفائەی و لێهاتنە لە ئینسانەکان, یەعنی رەگەز کەمتر ئەخوێندرێتەوە, ئەمەش تووشی خیلافات بووە, دوایی قسەی تری لەسەر هەیە و قسەی تر هەڵئەگرێ, بەلاّم من بە رەد فعلیش لەگەڵ ئەمە مامەڵە ناکەم, ئێمە ئەگەر بوترێ کچێك, کوڕێك زەواجی کردبێ خیبرەی زیاتر دەبێ, یان تێگەیشتنێکی زیاتر بێت, تەبیعیە ئەمە ئەدیلەی ئەوە نییە, ئەگەر بەرامبەرەکەی کچێك شووی نەکردبێ, یان کوڕێك ژنی نەهێنابوو کەمتر تێگەیشتووە, خیبرە بەهۆی کەفائە و موومارەسە لە ئیشەکە نەك رەگەز و فەرز کردنی شرووتێك کە لە دەسەلاّتی خۆیان نییە, ئەوەیش مەسەلەی زەواجە بەڕاستی ئینسانەکان لە دەسەلاّتی خۆیان نییە, بۆیە کەفائە ببێتە مەرج, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر بۆ تەکید لەسەر هەندێ قسە کرا, ئەوەی کاك جمال باسی کرد, شرووت تەنیا هەر ئەوە نییە, یەعنی لەو قەرارەی کە جەنابی مام جەلال لە ژمارە 218 لەئیدارەی سلێمانی پێشوو دەریکردووە, کۆمەڵێك شرووتی داناوە, نۆ شەرتی داناوە و, ئەگەر داشنەنێت مەنتیق وا دەڵێ, وەزارەتی عەدل کە ئەو کەسەی ئەو مەسەلەیە دەیانگرێتەوە, بەتەئکید ئەو پرەنسیپانەش ئەبێ هەبێ, لێهاتوویی و کەفائەتی و دەست پاکی و کۆمەڵێك شت هەیە, دەبێ هین بێ, خیبرە دەبێ متەوەفر بێت, هەرئەوەندە نییە تەمەنی ئەوەندە بێت و خەریجی کولیەی قانون بێت, ئەوە تەنها بۆ تەئکیدە لەئەصڵی قەراری حکومەتی عێراق هاتووە, کاك فتاح نقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە زۆربەی برادەران غەدەر لە لیژنەی قانونی دەکەن, چونکە لیژنە قانونی لێرە مەبەستی ئەوە نەبووە, ئەوەی لیژنە قانونی نووسیویەتی رەچاو کردنە, بەزۆر مەصاڵحی دیکە کە لەناو یاساکە هەیە, لەبەرئەوە ئەوە شوێنە, شوێنی مەحاکم و قەزایە, شوێنێکی حەساسە, من داوا دەکەم و, پێشنیار ئەکەم راستە لەئاین وەکو جەنابتان باستان کرد شەرت نییە, بەلاّم دینیش ئەو کاتە تەواو دەبێ کە ژنی هێنا, ئەو شوێنە مەبەست ئەوە نییە مەسەلەی دینی بکەینەوە, لە ئاین شەرت نییە, بەلاّم ئێمە باس لە ئاین ناکەین, باس لەئایین بکەین ئەوکات دین تەواوە کە زەواج بکات, مەبەست لەدین ئەوەیە, مەصاڵحی رەچاو کردینە جێی سوپاسە, بەلاّم من پێشنیار ئەکەم ئەو شوێنە جێگایەکی پێویستە رەچاوی بکرێ, داوا ئەکەم تەمەنێك دابنرێ بۆ ئەو شوێنە, بۆ مەحاکم و بۆ قەزاوات, چونکە هەر یەکێك لە کوڕ و لە کچ کە تەخەڕوجی کرد, بەر لەهەموو شتێك بچێت لەوێ دابمەزرێ و ببێت بە قازی و حاکم, بەڕاستی من بەباشی نابینم, پێم باشە تەمەنێك تەقدیر بکرێ, داوا ئەکەم تەمەنێك دیاری بکری, وەکو وەزیرەکان, وەکو پەرلەمان بۆ ئەو شوێنە و شتێکی پیرۆزە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەموو ئەوانە شروتی خۆیان هەیە, بەلأم تەعلیقێکی بچووکم هەیە لەسەر قسەکانی جەنابت, دین بەتەنیا بەپێك هێنانی هاوسەری تەواو نابیٚ, کۆمەڵێك شروت هەیە بۆ تـەواو کردنـی ئیمـان, کۆمـەڵێك شـت هەیـە ئەگەر موتەوەفر نەبیٚ تەواو نابیٚ دیندار, یەعنی حەریصە, ئەوەی درۆ بکات دیندار نییە, رەوەشتی خراپ بێت دیندار نییـە, زوڵـم بکـات دینـدار نییـە, دوو, سیٚ ژن بێنـیٚ و عەدالـەت پـەیرەو نـەکات دینـدار نییـە, زۆربەی خەڵکیش ئێستا دوو ژن زیاتری هەیە, لەبەر ئەوە ئەگەر نەصی قورئانی نەبێتن, مانای وایە خـۆت و خوا لە قیامەت دەرئەکەوێت کە ئیمانداری یان نا, فەرموو کاك شەوقی.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە لەنێو کۆمەڵگا زۆر شت هەیە, دەکریٚ چاوپۆشی لەکەم و کورتییەکانی بکـریٚ, بـەلأم دوو شـت هەیە ناکریٚ چاوپۆشی لەکەم و کورتیەکەی بکریٚ, یان هەوڵ بدەین کەمترین رێژەی کەم و کورتی تێـدابیٚ, ئەوەیش علم و حوکمە, بەنیسبەت ئەو حاڵەتەش پەیوەندی بەحوکمەوە هەیـە, پەیوەنـدی بەچارەنووسـی خەڵکی تـر هەیـە, چونکە ئەگـەر کـەم و کـورتی تێـدابیٚ حاڵەتـەکانیان, تەئسیری بەسـەر حـەق و حقـوقی خەڵکی دیکە دەبێت, ئێمەش موجتەمەعێکی رێك وەکو موجتەمەعی ئەوروپی نییـە, رەنگـە پێمـان خـۆش بێـت, ئێمـەش بـەرەو کۆمەڵگایـەکی مـەدەنی, بـەرە و کۆمەڵگایـەکی شارسـتانی بچـین, بـەلأم ئێمـە رێـك ئیستنساخی ئەوان نیین, فـەرقێکی زۆر هەیـە لـە حاڵەتـەکان, پـێم وایـە بـۆ ئـەوەی تەئسیر لـە حاڵەتـەکان نەکات, سیٚ شت هەیە زۆر بەتەئسیرە بۆ ئینسانەکان, یەکەم/ مەنصەب, دوو/ پارە, سیٚ/ ئـافرەت, لـەحیاتی ئینسان بۆ ئەوەی لەحیاتی تەبیعی خۆیان لانەدەن, لە بڕیاری چارەنووسی کە پەیوەندی بەحەق و حقوقی خەڵکی تر هەیە, کە موشەرعیش ئەوەی دانـاوە, لەکۆنـەوە لـە قـانونی عێـراقیش باشـەتب نەکـەین, پێمـان وابی ئەوەی کە رژێم دایناوە ئـیتر هـەمووی شـەتب بکـەین, لـەڕووی سیاسـیەوە, لـەڕووی قەومیـەوە دژ بـە مافەکانی ئێمـە بـووە, بـەئاگر و ئاسـن مامەڵەی لەگـەڵ ئێمـە کردیـە, بـەلأم لـەڕووی ئیـداری و قانونیـەوە, بەڕاستی زۆر بەدیقەتەوە دارێژراوە و, پێم وایە ئەو مەرجەش یەکێکە لەو مەرجانـەی کـە ئێمـە پێویسـتە بیهێڵینەوە, رەچاوی بکەین لەبەر ئەوەی موجتەمەعی ئێمە فـەرقی هەیـە لەگـەڵ موجتەمـەعی ئـەوروپی, ئەو حاڵەتە رەنگە تەئسیری خۆی هەبێتن لەسەر بڕیارەکان, بۆیە پشتگیری لەوە ئەکەم, ئەو شـەرتە بمێنـیٚ و, هەروەها حاڵەتێکیشە بۆ ئەوەی تەفەهومی ئەو حاڵەتـە ئیجتیماعیانـە بکات, کـە لەموجتەمـەعی ئێمـە روودەدات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لام وایـە نەصـەکە گرفتـی لـە مەسـەلەکە دروسـت کردیـە, ئـەڵیٚ شـووکردن, عەرەبیەکـەم لا نییـە, دەبوایـە هاوسـەرگیری بنووسـریٚ, بـۆ ئـەوەی کـوڕو کـچ بگرێتـەوە, لەبـەر ئـەوە داوا ئەکـەم لـەم رەشنووسـە ئـەوە چارەسەر بکرێت, ئەمە یەك, دوو/ زەواج شـەئنێکی ئیختیاریـە, یـەعنی نـابیٚ موداخەلـە لـە هـیچ شـئنێکی ئیختیـاری بکـەیت, مـادەم خـوا موشـەرعی زەواجـە, یـەعنی شـتێکی دینـی لەئەساسـەوە, وا داینـاوە کـە

ئارەزوومەندی تێدابێ، مەگەر یەکێ لەخۆی بترسێ، ئەگەر ناتوانێ کەس ئیجباری بکات، بەڵێ ئەبێ وا بکەیت، خۆی هەست بەوە بکات کە پێویستی پێیەتی ئینجا ئەچێتە قالبێکی تر، ئەگینا ئینسانەکە ئیختیاری خۆیەتی هیچ کەسێك ناتوانێ ئەوە بسەپێنێ بەسەریدا، بەلاّم ئەمەی بکەینە مەرجێك بۆ دابین کردنی شتێك، ئەوە بەحسێکی ترە، من پێم وایە ئەو قسەی کە کردیان، لەگەڵ ئەوەشم شێخ فەتاح لەجیاتی زەواج تەمەن بکەین، لەقانون لەپۆستە موهیمەکان هی سەرۆك کۆمارە، سەرۆك هەرێمە، پەرلەمانتارە، وەزیرە، هی هەر شەئنێك هەیە تەمەن کراوە بەمەرج، لەبەر ئەوە ئێمەش پشتی پێ ببەستین لێرە شتێکی باشە، تەمەنێك دیاری بکرێت، ئەگەر نا وا فەرز بکەین، حاکمێك لەتەمەنی 25 ساڵی ژن و منداڵی هێناوە، یەعنی مانای وایە ئیستعدادی هەیە بێتە ئێرە، باشە لەم تەمەنە کوا خیبرە، کوا تەجروبەیان، شێخ جەعفەر باسی کرد، ئەوانەی کە ژن و مێردیان کردووە، یەعنی پێم وایە زۆریان گرژی هەیە لە پەیوەندیەکان، لەبەر ئەوە پێم باشە ئەو تەمەنە بکەینە مەرج، سوپاس.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم هەیە، جەنابت یەکەم کەس بووی قسەت کرد لەو مەوزوعە، ئەگەر قسەکانی خۆت تەئجیل کردبا باش تر بوو، بەتایبەتی کە حوکمەت دا بەسەر ئەو رەئییە بەدواکەوتووت وەصف کرد، ئەندامانی پەرلەمان ئەو قانونەی کە حکومەت دەریکردووە، بەدواکەوتووت وەصف کرد، ناتوانین دیفاعی لێبکەین نەوەکو بڵێین دواکەوتووە، ئەوە یەك، دوو/ لیژنەی قانونی کە ئەو پێشنیارەی کردیە  هێرشێکی زۆر کرایە سەر، بەهەر حاڵ ئێمە وەکو میهەنی، وەکو قانونی فکرمان کردتەوە و، پرسیشمان کردووە لە مودەعیی عامەکان و بەو خەڵکەی کە لەسەر سلکی قەزا ئیش دەکات، بەقەناعەتی خۆمان قانونی وامان پێباش بوو، ئەگەر نا ژن هیچ تاوانەکی لەسەرە ئەوە نییە کە شوو ناکات، ژن کوا تاوانبارە، داك و باوك و کەس و کار تاوانبارە، مەسەلەیەك نییە، من پشتگیری لە رەئیی وەزیر دەکەم، ئێمە پرۆژەیەکی ترمان بۆ هاتووە، بۆ تەعدیلی هەمان یاسا، بۆ ئەوەش نەکەینە یەکێك لەو تەعدیلاتانە، ئەوکاتە موناقەشەی لەسەر بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من کەوتم دواکەوتوویی، مەبەستم ئەوە نەبوو هەموو فیکرەکە دوا کەوتووە، فکرەکە هەندێك مونتەڵەقی دینیە، هەندێکی دواکەوتووە، هەندێك مونتەڵەقی سەقافیە، هەندێکیشی ئیجتیماعییە، هەر یەکێك بەپێی مونتەڵەقی خۆی هینی دەکات، سێ وەصفی دەتوانی بکەیت، مونتەڵەقی دینی تیایە، مونتەڵەقاتی ئیجتیماعی تیایە، مونتەڵەقی سەقافی تیایە، لە مونتەڵەقاتی سەقافی گەورە دەبێت، ئەو جۆرە رەئیەی بۆ پەیدا دەبێت کە زۆربەی لیژنە داویانە، من رەنگە ئەگەر زۆر سەفەرم نەکردبا، تەجروبەی دنیام نەدیبا، لەماڵێکەوە تەربیەکرابام رەنگ بوو، منیش لەگەڵ ئەوانە دەنگم بۆ دابا، پێم وایە هینەکە جانبی زۆری تیایە، مونتەڵقاتی جیاوازیشی تیایە، توهمەش نییە بۆ هیچ یەکێکتان، ئەگەر وا تێگەیشتوون تکام وایە راستی بکەنەوە، ئەو توهمە حەقم نییە بڵێم ئەوە دواکەوتووە، بەلاّم هەندێك کەس لە بیری دواکەوتوویە، هەندێك کەس لەدینەوە وا تەصەوڕ دەکات، هەندێك کەس لەبەر موحافز کاری خۆی هین دەکات، پەروەردەی خۆی، خۆ ئێمە ئێستاکە هەر هەموومان رەئیەکمان هەیە لە مافەکانی ئافرەتان دەکەین، بەلاّم

هەر یەکە کە دەگاتە سەر زاتی خۆی وەکو ئـەوە نییـە کـە قسـە دەکـات, کەواتـە ئـەو سـەقافەتە دوو هـەزار ساڵییە هـەر لـەدڵمان مـاوە, بـەڵام ئـەوەی خراپـە دەبـێ بیگـۆڕین, مەبەسـتمان لـە موناقەشـەکردنی هـەر یاسایەك, هەر ئەفکارێك ئەوەیە, فەرموو ڤیان خان.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ رەئیەکەی لیژنەی ژنانم, لەگەڵ رەئیی سەرۆکایەتیمە, کەوا شـەرت نییـە مـەرجی هاوسـەرایەتی هەبێت, ئەمە یەك, دوو/ لە راپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی دەڵێ (زانیاریان کەمە و ئازارەکانی ژیانی خێزانـی و شـارەزایان نییـە لـەبارو دۆخەکـە نـەژیاون بەشـێوەیەکی تـەواو شـارەزایی زیـاتری لەبابەتـەکانی وەکـو باوکایەتی و دایکایـەتی و ژیـانی خێزانـی تێناگـات), مـن لەڕوانەگـەی خـۆم تەماشـای دەکـەم, دەڵـێم ئەگـەر بێتوو هاوسەرگیریشی نەکردبێ, بەعکسەوە کچ زیاتر پابەندە بەدەوامەکەی, زیاتر فکرەکەی صافە و زیـاتر لەگـەڵ ئیشـەکەی داکـۆك دەکـات و, زیـاتریش لـەبارۆخ و وەزعەکـەی تێگەیشـتووە و, زیـاتر لـەدوای ئیشەکەیەتی, بەعکسەوە ئەگەر هاوسەرگیری بێت عاتیفەکەی دابەش بووە, لایەك بۆ منـداڵ, بـۆ هاوسـەری و بۆ ماڵـەوەی, مـن لەگـەڵ ئـەوەدا نیـیم, بـەڵام مـەرجێك هـەبێ بـۆ کـچ یـان کـوڕ هاوسـەرگیری نـەکردبێ, تیکستێك هەبێ لەسەر بنەمایەکی زانستی بکرێ, پاش 10 ساڵ لە خزمـەت, ئـەوکات حـەقی خۆیـەتی ئـەو پۆستە بگرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حقیقەت ئەو مەوزوعە هیچ عیلاقەی بەژنان نییە, یەعنی دەبینم مەوزوعەکە وەها چووە کـە داکـۆکی لەمافی ئافرەت دەکات, خۆی وا نییە, ئەو پرۆژە کە هاتووە بەشێوەیەکی غەڵـەت هاتییـە, مـن پـێم سـەیرە ئەو پرۆژەی ناردووە, یەعنی بۆ ژن دەربکرێ لەوە, ئەوە تەمییزە دژی ئەوانەش, لەقسەی برادەرانیش دیار بوو کە عیلاقەی نییە بە ژنان, عیلاقەی نییە بەدین, وەکو شێخ فەتاح شەرحی کرد و, هـەروەها عیلاقـەی نییە, بەوەی کە پێشکەوتووخوازێك یان نا, یەعنی ئەوانـەی لەگـەڵ ئـەو پرۆژەیـەن مانـای ئـەوە نییـە, کـە پێشکەوتووخوازن, ئەوانەی کە لەگەڵی نـیین مانـای ئـەوە نییـە کـە رەجعـین, هـەموو مەوزوعەکـە ئەوەیـە مەعیارێکی ئەکادیمییە, هیچی تر نییە, هەندێك کەس لەگەڵ ئەو مەعیارەیە, هەنـدێك کـەس لەگـەڵ ئـەو مـەعیارە نییـە, پۆسـتی قـەزا و پۆسـتی ئیـدیعای عـام, پـێم وایـە پۆسـتێکی زۆر حەساسـە و, بـەڕەئیی مـن حەساس ترە لەوەزیفەی ئەندام پەرلەمان, من لێرە وەکو ئەنـدام پەرلـەمان دەمـەوێ موتمـەئین بم لـەمافی هاووڵاتی کە دەچێتە بەردەم دادگا, بەردەم داواکاری گشتی, نەك هەر تـەنیا رەچاوی بەرژەوەنـدی چـینێك بکەم, ئەوانەی کە دەیانـەوێ ببنـە داواکـاری گشـتی, بۆیـە مـن دەستخۆشـی لـە لیژنـەی یاسـایی دەکـەم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەتەئیکد ئەو قسانەی کەکاك سردار لەگەڵ هەندێ لە برادەران باسیان کرد, هەر تایبەتە بە ژنانەوە, بەڵام با ئێمە بگەڕێینەوە سەر قانونی سوڵتەی قەزائی, بەنیسبەت پیاوانەوە کە شەرتێکی ئەساسی تیایە, ئەوەش کاتی خۆی هاتە بەردەم پەرلەمان کە ئەبێ پیاو متەزەوج بێ ئینجا ئەبێتە حاکم, ئەمە هەرچەندە خاصە بە ئیدیعای عام, بەڵام هەروەك جەنابی وەزیر ئیشارەی پێدا, پێرێ یاسایەکمان خوێندەوە ئەو یاسایە دەسەڵاتی ئیدیعای عام دەکاتە دادوەر, کەبووە دادوەر یەعنی خاوەن قەرار, خاوەنی قەرار وەزیفەیەکی حەساسە و گرنگە, من لەمافی ئافرەتان کەم ناکەمەوە بەنیهائیی, پێم باشە وەکو پرۆسەیەکی دیموکراتی کە ئێمە هەمووومان پیادەی دەکەین, هیچ فەرقێکی موحتەمەل نییە, لەوانەیە ژنەکان زۆر بەکافەئەت تر و زۆر زیرکتر و زۆر بەقابیلەتر بن, بەڵام ئەو رەئیەی کە لیژنەی یاسایی داویەتی لەسەر ئافرەتان بەتایبەت, من پێم وایە ئەو رەئییە جانبێکی ئیجابی زۆر گەورەی تیایە, چونکە ئیدیعای عام صیفەتی حاکم وەرئەگرن لەو قانونە تازەی کە لەدەست پەرلەمان دایە, لەقانونی سوڵتەی قەزائیی یەکێ لەشەرتەکانی دادوەر ئەوەیە ئەبێ متەزەوج بێت بەنیسبەت پیاو و بەنیسبەت ژن, ئەگەر بێتو لێرە ئێمە لەم ئیدیعا عامە بەتەنیا ئافرەتانمان دەرکرد, ئەی حاڵ چی ئەبێ بەنسبەت پیاوەکانەوە, چونکە لەقانونی سوڵتەی قەزائی لایەزال بەشی پیاوان ماوە بە متەزەوجی, بەرامبەر بەمە ئیزدیواجیەك دەبینین لەیەك قانون, ئەم یەك قانونە هی یەك موئەسەسەیە, لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەگەر پەرلەمان ئەمە راگیر بکات, هەتا وەکو ئەو یاسایەی کە سلاًحیەتی جێگیری داواکاری گشتی دەکات بە دادوەر, بۆ ئەوەی ئیزدیواجیەت لەیەك قانون نەبێت کە لەیەك موئەسەسدا ئیش ئەکات, ئەگەر ئەوە ناکات, من پێم وایە رایەکەی لیژنەی یاسایی رەئیەکی زۆر صائیبە و لەشوێنی خۆی دایە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د0 هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من کاك عومەر کردی, بەڕاستی داواکردنی ئەو راگرتنە ناعەدالەتی پێوە دیارە بەنیسبەت ئەوەی کە تەفزیل دەدرێتە ژنان لەسەر پیاوان, یەعنی مانای وایە راگرتنەکە تەنیا ژنان دەگرێتەوە, بەنیسبەت ژنان رەفز دەکرێتەوە و, بەنیسبەت پیاوان هەر دەمێنێ, پێم باشە ئەگەر بەنیسبەت پیاوانیش رەفز بکرێ, عەدالەتی زیاتر پێوە دیار دەبێ, یەکسانی زیاتر پێوە دیار دەبێ, هەر مەرجی زەواج بەنیسبەت هەردووکیان وەکو یەك حیساب بکرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز ملا سعدالدین ملا عبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بیدایەتەن قەزیەکە عیلاقەی بەدینەوە نییە, چونکە خوای گەورە باسی بەڵقیسە دەکات, کە بەڵقیسە یەك مەملەکەتی لەدەست بوو, مەلیکە بوو, عیلاقەی بەهەردوو رەگەزەوە هەیە, نێریشی تیا نووسراوە, عیساش پێغەمبەر بوو ژنی نەبوو, ئەوە جانبێك, بەعەکسەوە ئەو قەزییە زیاتر خزمەتی ئافرەت دەکات

لەمـەحاكم, چـونكە ئێسـتا قەزیـەی ئێمـە لەمـەحاكم زیـاتر مەشـاكیلی ئافرەتـە, زیـاتر مەشـاكیلی غـەدر لێكردنی ئافرەتە, ئیحتیمالی هەیـە ئـەو ژنـەی كەشـووی كردیـە, زیـاتر مولیمـە بەقەزایـەی زەواج و منـداڵ لێستاندن, یان منداڵەكـەی لـەلای كـێ بمێنێتـەوە زیـاتر دیفـاع لەقەزییـەی ئـەو ئافرەتـەی دەكـاتن, جـا مـن پشتیوانی لە لیژنەی یاسایی دەكەم, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەنها تەعلیقم لەسەر ئەوە هەیە, بۆچی شووكردن بووەتە مـەرج, بـۆ تـەنهاش بـۆ ژن ئیلغـا بكرێتـەوە, تكام وایە بەچاوی یەكسانی سەیر بكرێ, بۆ كوڕ و كچیش بەهەمان شێوەبێت, لەگەڵ ئەوەم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د0 شكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەڕووی زمانەوە و, لەناو قەواعیدی میللەتیشدا كە دەڵێی شووكردن, بـۆ كچـە یـەكێ ئـەڵێ شـووتكردووە و, شووش لە شەوهەرەوە هاتووە, شەوهەری فارسی كورت كراوەتـەوە بۆتـە شـووكردن, تایبـەت بـەكچ, بـەپیاو ئـەڵێن ژنـت هێنـاوە, جـا لەبـەر ئـەوە مـن پـێم بـاش بـوو مـەرجی شـووكردن و ژنهێنـان دابنـرێ هـەردوو رەگەزەكەی دەگرتەوە, ئەمە خاڵی یەكەم, خاڵی دووەم/ بەڕاستی لەبەر ئەوەی تەشەنوجاتی تێكەوت حەزم نەكرد, ئەم جۆرە تەشەنوجاتە بێت, لەگەڵ قابلیەت و لێهاتوویی هەموو خاڵەكانی ترم, بۆ كوڕ, بۆ كچیش قەدەر وای خواستووە ئەو كوڕە ژن نەهێنێ, یان ئەو كچە شوو نەكات, یـان زۆر دانـە حاڵاتی ترمـان هەیـە, ئێستا ئافرەتی وا لێهاتوومـان هەیـە لـەزانكۆ دكتۆرایـان هەیـە لەیاسـا, گوناحـە بـەیانی مـن ئەمـە نەیكەمـە مودەعی عام و, سوودی لێنەكەم و هی واشمان هەیە لەكولیەی قانونە, پیاو سوێند دەخوات بۆ زیرەكی ئەو, كەچی ژنیشی نەهێناوە, لێرەدا من دوو جۆرە هەستی پێدەكەم, لایەنێك توندڕەوی, لایەنێكی میانڕەوی, با ئێمە رەچاوی لایەنە میانڕەویەكە بكەین, بۆ هەموو داڕشتنێك لەم جۆرە كەمن مەبەستم لیژنـەی قـانونی نییە, مەبەستم بیرو بۆچوونی ئێمەیە لەگەڵ ئەم سەردەمەدا, زۆر سوپاس.

**بەڕێز نەسرین محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

داواكارم كە ئەم مەرجە نەبێ, ئەگەر ئەم مەرجە هەبێ كچان بێ بەش دەبن لەو پۆستە, با لەسەر ئەساسی پسپۆڕ و توانا و لێهاتوویان بێت, لەهەمان كـات قسەكانیشـم زۆر كـران نامـەوێ دریـژەی پێبـدەم, پشـتگیری لیژنەی ژنان دەكەم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د0ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی منیش لەگـەڵ ئـەو بۆچوونەم, مـەرجی شـووكردن و ژنهێنـانی تێـدا نـەبێ, مـن پێمـوا نییـە ئـەو حوجەتەی كەوا باس دەكات, حوجـەتێكی گـەورە بێـت, مـن پـێم وا نییـە ئیـدیعای عـام, یـان مامۆسـتایەتی حەساسترە و كاریگەرتر بێت لە ئەندامی پەرلەمان و لەوەزیر و لە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆك

کۆمار, بەداخەوە بۆ مامۆستا رۆیی کە 68 کەمان قبوڵ نەکرد, یەعنی سەرۆك کۆمارێك, ئێستا سەرۆك کۆمارێك هەیە کە عومری 85 ساڵە, وەك عەدنان پاچەچی, ئێمە چووین بۆ مامۆستایەتی 68 ەکەشیان بە قابیل نەزانی, هەروەها بەنیسبەت ئێرە ئەندام پەرلەمان حەساسترە یان ئیدیعای عام, ئێمە چارەنووسی میللەتێکمان لەبەردەستی دایە, رۆژانە موناقەشەی میللەتێك دەکەین, کامەیان موهیم ترە, لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەم ئەو مەرجەی کەوا دیاری کراوە, لەگەڵ رێزمدا بۆ لیژنەی یاسایی, من هەردەم پشتگیریانم کردووە, بەلأم من لێرە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی ئەواندا نییم, پێم وایە مەرجی ژنهێنان و شووکردن لابردرێت باشترەو, باسی تەمەن کرا, ئەگەر بۆ تەمەن 30 ساڵەکە دابنرێ باشترە, پێم وایە 30 ساڵ زۆر باشە ئەوکاتە, ئەو موشکیلەشمان نامێنێ, لەو تەمەنە ئەبێتە خاوەن تەجروبەیەك, لەگەڵ رێزو سوپاسم.

**بەرێز محمد قادر عبدالله(د0 کمال کەرکووکی):**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان, لەراستیدا ئەو تەشەنوجەی روویدا کە ئەمر کرا شەتب بکرێ, ئێمە هەمووومان خوشك و برای یەکین وەکو یەك عائیلە لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستان کار دەکەین, کەسیش نییە تووشی هەڵە نەبێ لە قەرارێك, لە بریارێك, لە هەموو شتێك, بۆیە ئەم بەرێزانەی کە لەلیژنەی یاسایی کار دەکەن ئەوانیش وەکو ئێمە بەشەرن, ئێمە زۆربەی جار تووشی هەڵە ئەبین, ئەوانیش تووشی هەڵە دەبن, ئیحتیماله بە بۆچوون و بیری خۆیان ئەم مەرجەیان بە بەرژەوەندی زانیبێ, ئەمە رەئییێکە و, ئیحتیرامی هەموو رەئیەکیش پێویستە بگیرێت, بۆیە ئێمە بەپەسندی ئەزانین ئەو بریارەی حکومەت کە ئیلغای ماددەکەی 41 دەکاتن, یەعنی شتێکی باشە لێرە ئەڵێ (ایقاف العمل بشرط الزواج المنصوص عیله في الفقرة الاولی من مادة 41), یەعنی ئیشی پێنەکرێ, یەعنی ئەو شتە خراپەی کە ئەبینێ مافی مرۆڤی پێشل کردووە, ئەوە لابچێ ئەم بەرێزانە لەلیژنەی یاسایی بەشکلێکی تر ئیحتیمالە لەبەرژەوەندی ئیجتیماعیان بینیبوو, رەئیی ئاخیریش بۆ ئێوەی بەرێزە, ئەخرێتە دەنگدانەوە, ئەگەر ئەندامانی لیژنەی یاسایی موفتەرەحی خۆیان سەحب کرد, سوپاسیان دەکەین, ئەگەر سەحەبیشیان نەکرد هەر سوپاسیان دەکەین, بەلأم رەئیی رەئیی پەرلەمانە, زۆر سوپاس.

**بەرێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ رێزم بۆ مامۆستا کاکە, ئەو وشەی لێرە بەکاری هێنا لەم ژوورە ناوەشێتەوە, لەو ژوورەی کە دانیشتووە, داوا دەکەم سەحبی ئەو وشە بکاتەوە, وشەکی جوان نەبوو بەکاری هێنا, سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من خۆم وتم کە رەئیس پەرلەمانم, قەرارم دا شەتبی بکەن, بەقسەی من دەکەن, ئەویش دەنگی نەکرد, یەعنی موافیقە, لەپەرلەمان کە سەرۆکایەتی داوای کرد شەتب بکرێ, شەتب دەکرێ, قەرارەکە یان قسەکە قبوڵ نەکرایە بۆیە شەتب دەکرێ, ئێستا پێم وایە لیژنەی یاسایی موفتەرەحەکەیان زۆر قسەی لەسەر کرا, هەروەها لەسەر پرۆژەکەش, دەوڵەمەند کرا و, بۆچوونی جیاوازیش هەبوو و, زۆر مەعلوماتیش لای هەموومان روون بۆوە, پێش هەموو شتێك پرۆژەی موفتەرەحی لیژنەی یاسایی دەخەمە دەنگەوە, کێ

لەگەڵ موقتەرەحی لیژنەی یاسایە, بەوەی کە رەفزی رەئیی حکومەت دەکات, یەعنی لیژنەی قانونی تەقریری نووسیوە, لەسەر ئەو پرۆژەی کە لەلایەن حکومەتەوە هاتووە, حکومەت پرۆژەیەکی ناردووە دەڵێ ئەو قەرارەی حکومەتی عێراق ساڵی 1979 دەرچووە, شەرتی داناوە بۆ ئەو وەزیفەیە, مەرجی شووکردن بۆ کچان, لیژنەی یاسایی رەفزی ئەو موقتەرەحەی حکومەتی کردووە, یەعنی موافیق نییە بە ئیلغا کردنی ئەو قەرارە, کێ لەگەڵ موقتەرەحی لیژنەی یاساییە, رەفزی پرۆژەی حکومەت بکرێ, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, 24 دەنگ, کێ لەگەڵ موقتەرەحی لیژنەی ژنانە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, 40 دەنگ, کەواتە موقتەرەحی لیژنەی یاسایی رەت دەکرێتەوە, دێینە سەر پرۆژەکە, لەئەصڵی پرۆژەکە کە هاتووە بەعەرەبییەکەی فەرقی هەیە لەگەڵ کوردیەکەی, لەکوردیەکەی چەند مولاحەزەیەك درا لەلایەن چەند ئەندامانی پەرلەمان, دەبێ بەتەنیا ژن نەگرێتەوە, پیاویش بگرێتەوە, لەکوردیەکەی وا هاتووە دەڵێ (راگرتنی کارکردن بەمەرجی هاوسەر بوون واتە ژن و پیاو), کەواتە عەرەبیەکەش دەبێ وابێتن, دەبێ ببێتە (للاناث والذکور), ئەگەر پرۆژەکە بەکوردی هاتبێ, پێویست بە تەعدیل ناکات, ئەگەر بەعەرەبیش هاتووە, دەبێ عەرەبییەکە بکرێتە (بالنسبة للاناث والذکور), کێ لەگەڵ ئەوەیە (ذکور)ەکەش بخرێتە سەر ئەصڵی مەشروع, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, تەنیا لەعەرەبیەکەی, کوردیەکە تەواوە, کێ لەگەڵ نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ, تەبعەن پرۆژی حکومەت ئەکسەریەتی وەرگرت, کەقبوڵ بکرێ بۆ موناقەشە, موقتەرەحێك جەنابی وەزیر ئاماژەی پێکرد و, دوو, سێ برادەریش ئاماژەیان پێکرد, کێ لەگەڵ ئەم موقتەرەحەیە کە ئەم قەرارە دەنگی بۆ نەدەین ئێستا, تەئجیلی بکەین, فەرموو جەنابی وەزیر چ موقتەرەحێکت هەیە.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/(وەزیری داد):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش هەموو شتێك, من روونکردنەوەیەکم هەیە, وا پێدەچی برادەرانی پەرلەمان هەندێکیان وا تەصەوڕ دەکەن, ئەوەی کۆلێژی یاسای تەواوکرد دەست بەجێ, ئەگەر ژنی هێنا یان مێردی کرد, توانای هەیە ببێتە مودەعی عام, تەبعیی شتی وا نییە, دەبێ 10 ساڵ خدمەی قەزائیی هەبێ, یەکێ ئەگەر کولیەی تەواو کردبێ, عومری 22 ساڵە, بەنیسبەت حاکم دەبێ 10 ساڵ خدمەی قەزائی هەبێ, بەنیسبەت مودەعی عامیش هەشت ساڵ, مانای وایە بەلای کەمی دەبێ 32 ساڵی تەواو کردبێ, ئینجا حەقی هەیە تەڵب تەقدیم بکات, مومکینە بەساڵێك, بەدوو ساڵ, بەسێ ساڵ قبوڵ دەکرێ ببێتە حاکم, یان مودەعی عام, پێم خۆش بوو ئەو روونکردنەوەی بکەم, یەعنی هەر ئەوە نییە خەڵك کولیەی تەواو کردبێ, دەتوانێ ببێتە حاکم, یان مودەعی عام, دووەم/ من هەروەك پێشتر کە لەسەرەتاوە باسم کرد, یەعنی دەرکردنی قانون لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە شتێکی ئاسان نییە, یەعنی حەقە دراسەت بکرێ لەهەموو لایانێکیەوە, چونکە ئەوە مەشاکیلی هەیە, ئاساری هەیە, قەرارات بەعاتیفە و تەسروع نەکرێ لەو مەسەلانە, بۆیە من پێم وایە دەرکردنی قەرارێکی ئەوها کۆمەڵێك مەشاکیل بۆ وەزارەتی داد دروست دەکات, پێم باشە ئەو مەسەلەی کە رەبتی هەیە بە مەسەلەی قانونی سوڵتەی قەزائیی وەك کاك عومەریش جەنابی ئاماژەی

پێکرد, هەمووی ڕەبت بکرێ و بەیەکەوە موناقەشە بکرێ, ئەوکاتە هەرکەسەو ڕەئیی خۆی بدات, ئینجا ئەوەی کە پەسندە, پەسند بکرێ, ئەوەی کە پەسند نییە ئەوکات پەسند نەکرێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس جەنابی وەزیر, بۆ ڕوونکردنەوەکەت, بەتەئکید ئەندامانی پەرلەمان دەزانن شەرتی حاکمیەتی, یان ئیدیعای عام کەوتت خیبرەی ئەوەندە ساڵەی هەبێ, ئیتر یەعنی 10 ساڵ بێ, 8 ساڵ بێت, یەعنی ئۆتۆماتیکیەن تەمەنیان لە 30 ساڵ کەمتر نییە, خەڵك کە کولیە تەواو دەکات تەمەنی 22 ساڵ, 23 ساڵە, هەشت ساڵیشی بخەرە سەر, ئەوە دەبێتە 31 یان 32 ساڵ, ئەوە مەعروفە, بەڵام ئەو پرۆژە دیراسەت کراوە بەڕاستی, ئەو پرۆژە لەلایەن حکومەتەوە هاتووە, مەنتیق وا دەڵێ, جەنابیشت موافیق بووی, بەئیمزای جێگیری سەرۆك حکومەتەوە بۆمان هاتووە, ئەمە یەك, دوو/ نیوی کوردستان کە دوو ئیدارە بوون, ئیدارەی سلێمانی, ئەم شەرتەی لابردووە, بەقەراری سەرۆکی هەرێمی ئەوکات (مام جلال) ئیمزای کردووە, نۆ شەرتی تێدایە بۆ دامەزراندن, ئەو شەرتەی تێدا نییە, کەواتە لە ئیدارەی سلێمانی جێبەجێ دەکرا ئەو قانونە, لێرەشدا لیژنەی قانونی دیراسەتیان کردووە, لیژنەی داکۆکی کردن لەمافی ئافرەتان و ژنان دیراسەتیان کردووە, ئەندامانی پەرلەمان پاش خوێندنەوەی یەکەم, بیریان لێکردۆتەوە, لەبەرئەوە هین کراوە, من هەرئەوەندە موقتەرەحەکەی جەنابت چەند ئەندامێکی پەرلەمان پشتگیریان لێکرد, بۆیە بووە موقتەرەح, کێ لەگەڵ ئەوەیە تەئجیلی بکەین, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, فەرموو د0 ناصح.

**بەڕێز د0ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو موقتەرەحەی جەنابی وەزیر هی ئێستا کە وتی, تازە پەیدا بوو, ئەمەش نیزامی نییە, ئێمە مادام موناقەشەمان کرد, ئەو مەشروعە هین بکرێ, لەبەر ئەوەی بۆچوونەی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د0 ناصح عەفوم بکە, جەنابی وەزیر کە ڕەئیی وت نابێتە موقتەرەح, ڕاستە, بەڵام هەندێك لەئەندام پەرلەمانەکان لە قسەکردنیان ئیشارەتیان بە قسەی جەنابی وەزیر کرد, بۆیە کە چوار ئەندام شتێکی وت شتێکی تازە, دەبێتە موقتەرەحی هەندێك لەئەندامانی پەرلەمان, جەنابی وەزیر ئیشارەتی پێکرد, فەرموو کاك ئیحسان.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پرۆژەیە لای حکومەتی هاتییە, دوو لیژنە, دوو تەرحی تەرح کری, ئەکسەریەت کری, یەك لیژنەی مافی ئافەرتییە, یەك لیژنەی یاساییە, لیژنەی مافی ئافرەت پشتگیری پرۆژەی حکومەت دەکاتن و, پەسندی کردیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە, ئەوە نوقتەی نیزام نییە, وەکو پرۆژەی حکومەت موناقەشە بکرێ, دەنگمان دا کە لیژنەی ئافرەتان پشتگیری لە لیژنەی یاسایی ناکات, پشتگیری لە حکومەت دەکاتن, دەنگماندا کە پرۆژەی حکومەت ببێتە ئەساس, هێشتا پرۆژەی حکومەتمان موناقەشە نەکردیە, نوقتەی نیزامەکەت, نوقتەی نیزام نەبوو, فەرموو پەخشان خان.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەو صیغەی کە پرۆژەی حکومەت پێیهاتووە, لیژنەی داکۆکی کردن لەمافی ئافرەتان و ژنان پشتگیری ئەمەی نەکردووە, چونکە لێرە ئەڵێ سەبارەت بەئافرەتان هاتووە, ئێمە ئەڵێین با هەردووکیان بگرێتەوە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەنگمان بۆداوە, ئەمەش نوقتەی نیزام نەبوو, دیارە ئینتیباهت نەبوو, ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە تەئجیل بکرێ, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, 27 کەس, کێ لەگەڵ ئەوەیە تەئجیل نەکرێ, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, 40 کەس, بەئەکسەریەتە, ئێستا پرۆژەکە بەو شێوەیەی کەباسمان کرد, لەحکومەتەوە هاتووە, ئەو تەعدیلاتەی دێتە سەر کە دەنگتان بۆدا, لەعەرەبیەکە هاتووە (للاناث و الذکور), (ذکور)ەکەی بۆ ئیزافە دەکرێ, دەنگتان بۆدا, بەکوردیەکەی بۆتان دەخوێنینەوە:

یەکەم/ راگرتنی کارکردن بەمەرجی هاوسەربوون, کە لەدەقی بڕگەی (1)ی ماددەی (41)ی یاسای داواکاری گشتی ژمارە (159) ساڵی 1979 هاتووە, سەبارەت بەئافرەتان هاتووە, پرۆژەکە کە قبوڵ کرا, پرۆژەی حکومەتەو, لیژنەی ژنان و ئافرەتان قبوڵتان کرد, تەعدیلمان کرد, وتمان بەتەنیا ئافرەت نەبێتن, پیاوانیش بگرێتەوە, کێ لەگەڵ ئەو تەعدیلەیە کە لەلایەن لیژنەی ئافرەتان و ژنانەوە خوێندراوە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بە ئەکسەریەتە.

دووەم/ کار بەهیچ دەقێك ناکرێ کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت.

یەعنی ئەوەش دەبێ تەعدیل بکرێ, وەکو هینەکانی تر صیغەکەی چاك بکرێ, یەعنی (لا یعمل بأی نص یتعارض مع احکام هذا القرار), کێ لەگەڵ ئەو بڕگەیەیە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, ئەوەش بەئەکسەریەت, سێیەم/ دەبێ بکرێتە (علی مجلس الوزراء), وەکو قەوانینەکانی تر (علی مجلس الوزراء تنفیذ احکام هذا القانون), فەرموو کاك سەردار نوقتەی نیزامت چییە؟

**بەڕێز سەردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە دەبێ بەم شێوەیە بێت (علی مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفیذ احکام هذا القانون), چونکە ئەوانەی کە سوێند دەخۆن دەچن بۆ لای سەرۆکی هەرێم, بەپێی قانونی سەرۆکایەتی هەرێم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وایە, ئێمە گوتمان ئەو صیغانەی لە قەوانین و قەرارات هەیە, صیغەکە لێرە نەنووسرایە, (ذات العلاقة)یش دەگرێتەوە, بۆیە ئەو صیغەی کە بۆتە رۆتین, ئەو هین دەکرێ.

چوارەم/ ينفذ هذا القرار اعتبارا من تاريخ نشره في جريدة (وقائع كوردستان).

ئـەوەش وەكـو قەوانينــەكانی تــر، صــيغەكەی چــۆنە وا دەنووســرێ، كــێ لەگــەڵ ئــەم بڕگەيــە، دەســتی بەرزبكاتەوە؟ فەرمووون، كێ لەگەڵ نييە، دەستی بەرزبكاتـەوە؟ فـەرمووون، بـەكۆی دەنـگ، ئێسـتا قەرارەكـە بەگشتی دەخەمە دەنگەوە، كێ لەگـەڵ ئـەو قەرارەيـە، دەسـتی بەرزبكاتـەوە؟ فـەرمووون، كـێ لەگەڵـدا نييـە، دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرمووون، 15 كەس لەگەڵ نييە، بەئەكسـەريەت قەرارەكـە قبـوڵ كـرا، دوو بڕگـەمان مايە، ئەگەر موافيقن هەردووكيان دوا دەخەم، بۆ جەلسەی بەيانی نا، دوو بـەيانی، بـەيانی تـەواو دەكـەين، بەيانی سەعات 11:00، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمان علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە يەك فەقەرەی زۆر موهيمان ماوە، پێش ناچێ زۆر وەختی بوێ، با نيوسەعاتی تريشی بخەينە سەر و، تەواوی بكەين.

**بەڕێز بكر فتاح حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم باشە، ئەو فەقەرەيە تەئجيل بكەين بۆ ئێوارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەمڕۆ تەواوی دەكەين، بڕگەی سێ موناقەشە دەكـەين، كـە (خسـتنەڕوو و گفتوگۆكردنی پـڕۆژەی بڕيـاری خانەنشينی سەرپەرشتی داديە)، فەرموو.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەناوی خوای گەروە و ميهربان

بەناوی گەلەوە

ئەنجومەنی نيشتيمانيی كوردستان- عێراق

بڕيار

پشت بە حوكمی بڕگەی (1) لـەماددەی 56 لەياسـای ژمـارە (1)ی سـاڵی 1992 هـەمواركراو، لەسـەر داوای وەزيـری داد و ڕەزامەنـدی ئەنجومـەنی وەزيـران، ئەنجومـەنی نيشـتيمانيی كوردسـتان- عێـراق لەدانيشـتنی ژمارە ( )ی ڕۆژی (//2007)يدا بڕياری دەرچواندنی ئەم بڕيارەی خوارەوەی دا:

مـاددەی يەكـەم: سەرپەرشـتی داديـی كـە شەسـت و پێـنج سـاڵی تەمـەنی تـەواوكرد خانەنشـين دەكـرێ و مووچـەی خانەنشـينيەكەی بريتـی دەبـێ لـەكۆی ئـەو مووچـە و دەرماڵانـەی كـە وەريـدەگرێت لـەڕۆژی خانەنشين كردنيدا.

ماددەی دووەم: ئەگەر سەرپەرشتی دادی لەكاتی خزمەتيدا كۆچی دوايی كرد، يان بەهۆی باری تەندروستی خانەنشين كرا، ئەوا حوكمەكانی بڕگەی (يەكەم)ی ئەم بڕيارەی بڕی مووچـەی خانەنشـينيەكەی بـۆ پيـادە دەكرێ.

**ماددەی سێیەم: کار بەهیچ دەقێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم بڕیارە ناکۆك بێ.**

**ماددەی چوارەم: ئەم بڕیارە لەرۆژی بلاوبوونەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێ.**

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بأسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**قرار**

**استنادا الى احكام الفقرة (1) من المادة (56) من القانون رقم (1) لسنة 1992 المعدل و بناء على ماعرضه وزير العدل ووافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المرقمة ( ) و المنعقدة / / 2007 إصدر القرار الآتي:**

**اولا/ يحال المشرف العدلي على التقاعد عند اكماله الخامسة و الستين من العمر ويكون راتبه التقاعدي مجموع ماكان يتقاضاه من راتب ومخصصات بتاريخ أحالته على التقاعد.**

**ثانيا/ أذا توفي المشرف العدلي اثناء الخدمة أو أحيل على التقاعد لأسباب صحية فتطبق بحقه أحكام الفقرة اولا من هذا القرار بخصوص مقدار الراتب التقاعدي .**

**ثالثا/ لا يعمل بأى نص يتعارض مع احكام هذا القرار.**

**رابعا/ ينفذ هذا القرار من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان- عێراق**

**ب/ ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی**

**لیژنەکەمان ئێوارە 2007/5/28 کۆبووە بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی بڕیاری خانەنشین کردنی سەرپەرشتیاری دادی لەکاتی تەواوکردنی شەست و پێنج ساڵەی تەمەنی کە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە (18) و لە رۆژی 2007/5/27 بۆی ڕەوانە کرابوو لەئەنجامی تاوتوێکردنی دا راپۆرت و پێشنیارەکانی سەبارەت بە پرۆژەکە بەکۆی دەنگی ئامادەبووان بەم جۆرە خوارەوە پێشەکەش دەکات:**

**1- لیژنەی یاسایی پشتگیری لە پرۆژەکە دەکاو هیچ تێبینیەکی لەسەر بڕگەکانی یەکەم و دووەمدا نییە لە ناوەڕۆك و دارشتنیانەوە.**

**2- پێشنیاز دەکات هەردوو بڕگەی ژمارە (3, 4) بەم جۆرە خوارەوە دابڕێژرێتەوە:**

**سێیەم/ کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە ناکۆك بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم بڕیارە.**

**چوارەم/ ئەم بڕیارە لەڕۆژی بلاوکردنەوەیەوە لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) کاری پێدەکرێت.**

تكايه بفەرموون بە ئاگاداری و دەقی پرۆژەكە ورای لیژنە بخرێتە بەردەم ئەنجومەنی نیشتیمانیی بۆ تاوتوێكردنی ڕای گونجاو لەم بارەیەوە.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

الى/ رئاسة المجلس الوطني لكوردستان- العراق

م/ تقرير الجنة القانونية

اجتمعت لجنتنا بتاريخ 2007/5/28 مساءا لدراسة مشروع قرار إحالة المشرف العدلي على التقاعد عند اكماله الخامسة و الستين من العمر المحال اليها بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (18) و المؤرخ في 2007/5/27 بعد المناقشة و المداولة تقدم اللجنة تقريرها و توصياتها بشأن المشروع بأجماع أراء الحاضرين كما يلي:

1- ان الجنة القانونية تؤيد المشروع مبدأيا ولا توجد لديها أي ملاحضات على الفقرتين (اولا و ثانيا) مضموناً و صياغة.

2- بينما تقترح صياغة الفقرتين (ثالثا و رابعا) على الشكل التالي:

ثالثا/ لا يعمل بأى نص القانونى أو قرار يتعارض واحكام هذا القرار.

رابعا/ ينفذ هذا القرار اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

راجين التفضل بالاطلاع و عرض أصل المشروع و رأي اللجنة القانونية بشأنه على المجلس للمناقشة و ابداء الرأي المناسب بصدده.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی پرۆژەكە وا هاتووە, بەلاّم حەز دەكەم جەنابی وەزیر, ئەگەر شتێكمان بداتێ, بۆچی 65 ساڵە و, پێشتر چۆن بووە, فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/(وەزیری داد):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی سەرپەرشتی داد وەزیفەیەكی زۆر گرنگە و, ئەوەی ئەو ئیشە دەكات دەبێ صاحب خیبەرەكی زۆر باش بێت لەمەسائیلی قانونی, چونكە سەرپەرشتی داد ئیشراف دەكات و, تەفتیشی ئیش و كارەكانی داد دەكات, هی دەوائیری تاپۆ دەكات, هی دائیرەی كاتب عەدل دەكات, هەموو دام و دەزگایەكی وەزارەتی عەدەل, ئیجهیزەی قەزائیی ئەوانەی لەژێر ئیشرافی عەدلین, ئیشرافی عەدلی تەفتیشی دائیرەكانیان دەكات, تەقریریان بۆ دەنووسی لەسەر ئەو دائیرانە, بۆیە پێم وایە وەزیفەیەكی گرنگە, موشریف عەدلی چەندی خیبرەی هەبێ ئەوەندە شتێكی باشترە, من پێم وایە 65 ساڵ تەمەنێكی باشە, بۆ ئەوەی موشریف عەدلی تیایدا تەقاعود بێت, ئەو ئیمتیازاتانەی كە وەریدەگرێت, ئەوانیش بەحەقێكی شەرعی خۆیان دەزانن, بۆیە من تەئیدی مەشروعە دەكەم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, هەم پڕۆژەکە 65 ساڵە, لیژنەی قانونیش بەهەمان شێوە, کەسێك رای موخالیفی هەیە, فەرموو کاك محمد.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنیا ئیستفسارێکە هەیتم, یاسای خانەنیشین لەهەموو ولأتێك گشتگیرە, هەموو لایەك ئەگرێتەوە, ئەگەر ئەمە ئیستسنایە بۆ؟ یەعنی ئەم شێوازە ئیستسنایانە گرفت زۆر دروست دەکەن لە کۆمەڵگا, ئەگەر ئەمە تایبەتمەندێکی هەیە, تایبەتمەندیەکە دیار بێ و, لەڕووی ئەوەوە ئەمەوە بکرێ, ئەگەر نا ئێمە لەم پەرلەمانە پێم وایە لەحقوقین زۆر شتمان بۆ کردووە, بۆچی هینەکانی تر بەم جۆرە نەبوون, مەسەلەن مامۆستایان قسەیان هەیە, هیچمان بۆ نەکردوون, پزیشکان هیچمان بۆ نەکردوون, موهەندسین قسەیان هەیە تاکو ئێستا هیچمان بۆ نەکردوون, تا ئێستا پێم وایە ئەمە چوارەمین پڕۆژەیە کە لەسەر حقوقیین ئێمە ئیمتیازاتیان بۆ دائەنێین, هەم لە خانەنشین , هەم لە حیسابکردنی ئیمتیازات, ئەگەر لێرە تایبەتمەندیەك هەیە شتێکی باشە, ئەگەر نا ئەوە شتێکی عمومی بێت, هەموو وەکو یەك سەیر بکات, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من جوابێکت ئەدەمەوە, خۆی جوابیدا جەنابی وەزیر, تایبەتمەندیەکە لەوەدایە ئەهمیەتی هەیە, خانەنیشینی تەقیمی ئەوەی تەمەنی وەزارەت دەیکات, ئەنجومەنی وەزیران دەیکات, حاکم نەوعێکە تەمەنەکەی کە پێویستە خانەنشین بکرێ, چەند پێویستە خیبرەی هەبێتن, 70 ساڵە, مامۆستا ماندوو دەبێت, هەردەم راوەستاوە قودرەتی ئەوەی نییە پاشی 68 یان 66 ساڵی بمێنێ, بۆیە وەزارەتی پەروەردە 64 ساڵ بێت, پێیان وایە ئەوەش لە حاکم تۆزێ هین ترە, 65 ساڵیان ئیقتیراح کردووە, فەرموو د0 هالە.

**بەڕێز د0 هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارم دەکەم, هیچ وەزیفەیەکی تر هەیە کە سەد لە سەد خانەنشینی بۆ حیساب بکرێ, وابزانم ئەوە یەکەم وەزیفەیە, کە سەدا سەد خانەنشینی بۆ حیساب دەکرێ, هەموو وەزیفەیەکیش تایبەتمەندی خۆی هەیە, ئایا دەکرێ ئێمە ئەو ئیمتیازاتە بدەینە یەك تەبەقە لە کۆمەڵگا, ئەوە پرسیارەکەم بوو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم لێرە و, لە زۆر لە ولأتانی دنیاش حاکم سەد لە سەدی خانەنیشینی بۆ حیساب دەکرێ, فەرموو پەخشان خان.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر هەمان پرسیارم هەبوو, ئێستا تێگەیشتم تەقاعودیەکە لە سەدا سەد, بەلأم دەرماڵەی چۆن دەبێ؟ چونکە وا تێگەیشتووم موخەصەصاتی بۆ بمێنێ, ئەمە پرسیارەکەمە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

حاكم بۆچی ئەو تایبەتمەندیەی داوتە خۆی, راستە ئەوانەی لەپەرلەمانن, یان لیژنەی قانونییە, ئەوانەی دیفاع بكەن, مومكینە وا تەصورِ بكەن بۆ خۆیەتی, بەلاَم حاكم كەسێكە كە ڕۆژانە حوكم دەدات بۆ جێبەجێ كردنی عەدالەت, بۆ حەسم كردنی خیلافات, لەبەر ئەوە دەبێ لەناحیەی مالی ئێستا و دوارِۆژیشی موتمەئین بێت, بەهیچ شێوەیەك كاری واستە و واستەكاری و هینی و ئەوانە تێنەكات, ئەو وەزیفەیە وەزیفەیكی زۆر حەساسە, بۆیە دەبێ قانونیەن ئەو ئیتمئنانەی پێبدرێ, ژیانی باش بێت, پاش تەواوكردنی ئیشیش ژیانی باش بێت, یەكێكە مەسئولە لە جێبەجێ كردنی قانون, ئەو تایبەتمەندیەی دراوەتێ, فەرموو كاك باپیر.

**بەڕێز باپیر كاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو پرسیارەی من دەمویست, لەمیانەی گفتۆگۆیەكە وەرمگرت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس, فەرموو ڤیان خان.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من پرسیارێك ئەكەم, چۆن ئەبێ لەخیلالی یەك ڕۆژ دوو یاسای خانەنشینی دەربكەین؟ لەتەمەندا جیاواز بن, ئایا ئەو تایبەتمەندیەی كە حقوقییەكان هەیانە, هەمان تایبەتمەندی مامۆستایان زانكۆیان هەیە, ئێستا لەتەمەنی 63 سالّی مامۆستای زانكۆ تەقاعود دەكرێ, ئێستا لە فەروعەكان فەراغێكی زۆریان هێشتووە, لەخوێندنی بالاّ, خوێندنی بالاّ لەزۆر لە بەشەكانی ناكرێتەوە, لەبەرئەوەی هەموو پرۆفیسۆرەكان لەتەمەنی 63 سالّی تەقاعود دەكەن, بەڕاستی ئەمە یان دەبێ هەمووی گشتگیر بێت, یان ئەوەی دیكەش چارەسەر بكرێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من خۆم شەرحم كرد, دوایش ئەو جیهەتەی كە تەقییم دەكات حكومەتە, حكومەت دەزانێ جامیعاتی چی هەیە, چەند مامۆستای هەیە, كاریان چۆنە, لە چ تەمەنێك ماندوو دەبن, ئەو تەقییم دەكات, ئێمە بۆمان هەیە موناقەشە بكەین, دەولّەمەندی بكەین, یان بەخیلافی بكەین, لە نەتیجەدا ئەكسەریەتمان تەئیدی دەكەین, یان تەئیدی ناكەین, یان ئەو جیاوازیە من و تۆ هینی ناكەین, فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمەش نوێنەری خەلّكین, زۆریش لەمامۆستایان دێن گلەیی لەلای ئێمە دەكەن, زۆریش دەنگی خۆیان بەئێمە دەگەینن و, زۆریش لە فەراغی جامیعات ئەبینین, بۆیە ئەم قسەیەم كرد.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئینجا جوابەکەی ئەوەیە, یەعنی تۆ رەئیی ماموٚستایان دیفاعی لێ بکات, کە پرۆژەیەك هات لەسەر ماموٚستایانی زانکۆ بوو, لەسەر تەمەنی ئەوان بوو, تۆ رەئیەکەی ئەوان تەرح بکە و, دیفاع بکە لەمافی ئەوان, تەبەنی بکە, زۆر تەبیعیە, ئەگەر توانیت ئەندامانی تری پەرلەمان ئیقناع بکەی, دیفاعیان بە ئەکسەریەت وەربگری, ئەوکات دەبێتە قەرار, فەرموو د0 ناصح.

**بەڕێز د0 ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دژی مەشروعەکەم, هیچ بەجیهەتێکی نازانم ئەم ئیمتیازاتە, وەکو ڤیان خانیش باسی کرد, ئەمڕۆ ئێمە دوو یاسای موتەناقز دەرکەین, یەکێکیان کەم بکەینەوە, ئەوەی تریان زیاد بکەین, من ئەبینم ماموٚستای سەرەتایی زۆر ئەرکی زیاترە نەك هەر لە موشریفی عەدل, بەڵکو لە ئەندامی پەرلەمانیش و, لەزۆربەی ئەوانەی فەرمانبەرن لە هەرێمی کوردستاندا, مەعقول نییە ئێمە هی ئەوان کەم بکەینەوە, هی ئەوانەش لەسەدا سەد بێت, یەعنی بۆچی لەسەدا سەد بێت, لەبەرئەوە من دژی پڕۆژەکەم, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا پاشی ئەو موناقەشانە مەجال ئەدەم بە جەنابی وەزیر, فەرموو.

**بەڕێز فاروق جمیل صادق/(وەزیری داد):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەمەوێ شتێك روون بکەمەوە, ئەم برادەرانە تێکەڵاویان کرد لەنێوان حقوقیان و موفەتیشی عەدلی, یەعنی ئێستا لەهەموو جیهازی تەفتیشی عەدلی کە لە وەزارەتی عەدل هەیە هەمووی 10 کەسمان نییە, خۆ ئێمە دەعوا ناکەین موخەصاصات, یان تەقاعودی بۆ هەموو حقوقیان ئەوهای لێبێ, فەرقی هەیە وەکو ماموٚستایان مەسەلەن مومکینە نزیکەی سەد هەزار کەس زیاتر بێت, هی حقوقینیش ئەگەر هەمووان بکەینێ, مومکینە نزیکەی بەدەیان هەزار کەس بێت, بەڵام موفەتیشی عەدلی یان حاکم ژمارەیان گەلێك کەمە, یەعنی بەهەموو حاکمانی کوردستان, بەهەموو موفەتیشە عەدلیەکانیشەوە ژمارەیان ناگاتە 250 کەس, حەز دەکەم ئەو تەوزیحە بدەم, سوپاس.

**بەڕێز د0ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ رێزم بۆ جەنابی وەزیر, بەڵام ئێمە بۆ دە کەسی ناکەین, بۆ شەریحەیەکی دەکەین, لەبەرئەوە ئەو پێشنیارەی ئەو لەگەڵ رێزمدا, لە جێی خۆی نەبوو, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە نوقتەی نیزام نییە, ئێستا موقتەرەحی لیژنەی یاسایی کە پشتگیری لە پرۆژەی حکومەت کردووە, فەقەرە, فەقەرە دەخەمە دەنگدانەوە, یەکەم/ دەڵێ موشریفی عەدلی خانەنیشن دەکرێ کەی 65 ساڵی تەواو کرد و, کۆی مووچەی خانەنیشنی ئەو پارەیەیە کە لەمووچە و موخەصەصاتی لەو رۆژەی کە تەقاعود دەکرێتن دەی درێتێ, کێ لەگەڵ ئەو فەقەرەیە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە,

دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, 24 کەس لەگەڵ نییە, زۆرینە قبوڵی کرد, کێ لەگەڵ ئەوەیە, ئەو فەقەڕەیەی کە خوێندمەوە, ئەو پڕۆژەی کە لەلایەن حکومەت هاتووە و, لیژنەی قانونی تەئیدی کردووە, کێ لەگەڵ ئەو فەقەرەیە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, 40 دەنگ بە 24 دەنگ, دووەم/ دەڵێ ئەگەر موشرفی عەدلی وەفاتی کرد لەکاتی کارکردن, یان لەکاتی وەزیفە, یان خانەنشین کرا لەبەر نەخۆشی, هەمان فەقەرەی یەك دەیگرێتەوە, کێ لەگەڵ ئەو برگەیە لەیاساکە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەزۆرینە قبوڵ کرا, خاڵی سێیەم/ صیاغەکە چاك دەکرێت (لا یعمل بأی نص یتعارض مع احکام هذا القانون), ئەمەش وەکو پڕۆژەکانی ترە, کێ لەگەڵ ئەوەیە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بەئەکسەریەت قبوڵ کرا, مادەیەکی تر دەبێ ئیزافە بکرێ, لیژنەی یاسایی ئینتیباهی نەکردووە, بەڵام وەکو هەموو یاساکانی تر, لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانە پێویستە ئەو یاسایە جێبەجێ بکەن, کێ لەگەڵ ئەو هینەیە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, ئەوەش بە ئەکسەریەت قبوڵ کرا, مادەی ئەخیر (ئەو بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونی و بلاوکردنەوەی لە وەقائیعی کوردستان جێبەجێ دەکرێ), کێ لەگەڵ ئەو برگەیە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ نییە, دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون, بە ئەکسەریەت قبوڵ کرا, قەرارەکە بووە بە پێنج خاڵ, هەموو قەرارەکە دەخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵیەتی, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵ نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموون, بە ئەکسەریەت قەرارەکە وەرگیرا, زۆر سوپاس, فەقەرەی دوای (خستنەڕوو و گفتوگۆی پڕۆژەی یاسای وەزارەتی تەندورستی), بۆ بەیانی سەعات 11:00 و, خوێندنەوەی یەکەمی چەند پڕۆژەیەکی تر, دێتە پێشمان, پێش ئەوەی کۆتایی بە دانیشتنەکە بهێنم, دکتۆرە شوکریە داوا دەکات قسە بکات, فەرموو.

**بەڕێز د0 شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاست دەکەم, رێگات پێدام هەندێ قسە بکەم, ئێمە هەموو ئێستا لەناو کوردستان دەژین, بەڕاستی دیاریدەیەکی زۆر ناشرینە لەبارەگا و لەناو کۆمەڵگایەکەمان هەیە, ئەوەیش مەسەلەی کوشتن و مەسەلەی هەتکردن, مەسەلەیەکی هەڵئاوساوی باری کۆمەلایەتی کە کاریگەریەکی زۆریشی کردۆتە سەر باری سیاسیمان, ئێستا من راپۆرتی یوئێنم پێیە, باسی ئەو دیاریدە ناشرینە دەکات, سەبارەت بە کوشتنی کچ و ژن, ئەم شتانە ئەوەتە دوێنێ منداڵێکی تر منداڵێکی 12 ساڵی پێلاوی باوکی ماچ ئەکات.

کە نەیکوژێ, ئینجا کوشتیەتی, بۆ ئەوەی کەوا کچی ئەوماڵە بیخوازێ, پیاوەکە باوکی منداڵەکە هەدەفی ئەوە بوو کچی ئەو ماڵە, کوڕەکەی کرد بە هەدەف, حەزی لە کەچەکەی کردووەو, حەزیشی لێنەکردووە, ئەمە مەوزوعی ئەو کچەیە, یەعنی ئەچیتە هەر مەوزوعێ, هەر گۆڤارێك, هەر رۆژنامەیەك, باسی ئەو مەوزوعانە دەکات, بەداخەوە هەندێ پیاو ناعەدالەتی دەکا, هەتا بەرامبەر بە ئەیرێژی بۆ منالەکەی, ناوی منالەکەی ناخاتە سەر خۆشی, بەڕاستی شتی وا ئەبیستین, شتی وا هەیە لەم کۆمەڵگایە ویژدان قبوڵی ناکات, تکا دەکەم با جەلسەیەکی تایبەتی ئەگەر بۆ ئیعلامیش بێت بیکەین, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باوەڕ ناکەم کەس خیلافی لەگەڵ قسەکانت هەبێت, هەموومان دژی ئەو تاوانانەین, بە تاوانێکی گەورەی دەزانین و, پێمان وایە بەهەموو شێوەیەك دەبێ موحارەبەی بکرێ, ئێمە واجبمان وایە لێرە بەقانون

ئەوەی بۆمان بکرێ, رووبەڕووی ئەو هینە ببینەوە, خۆتان ئەزانن چەند رۆژێك لێرە لێبوردنی گشتی ئـەو کەسە ناگرێتەوە, ئیزافەمان کرد کە تاوانێکی وا دەکاتن, لەبـەر ئـەوە بەنیسـبەتی ئـەوە دڵنیابـە لـەوە ئـەو قسانە قسەی هەمووماڵنە, بەهەر حاڵ کۆتایی بەدانیشتنەکەمان دەهێنین, تا بەیانی سـەعات 11:00 پـێش نیوەڕۆ, سوپاس بۆ کاك فاروق وەزیری داد کە لەگەڵەمان حازر بوو, زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) | عدنان رشاد مفتی |
| سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی | سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |